# ڕامان لە مێژووی سەت ساڵ ستەم لە گەلی کورد

دکتۆر ڕێباز جەلال ئەحمەد نانەکەلی

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٥

| | |
|---|---|
| **ناوی کتێب:** | ڕامان لە مێژووی سەت ساڵ ستەم لە گەلی کورد |
| **نووسینی:** | دکتۆر ڕێباز جەلال ئەحمەد نانەکەلی |
| **دیزاینی بەرگ:** | دیار سەعید شێخۆ پیرانی |
| **دیزاینی ناوەڕۆک:** | هێما ئەحمەد شێخۆ |
| **سەرپەرشتی چاپ:** | مستەفا نەجم فەیلی |
| **ساڵ و شوێنی چاپ:** | هەولێر-٢٠٢٥ |
| **چاپخانە:** | زانکۆی سەلاحەددین |
| **تیراژ:** | ١٠٠٠ |

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١٠٧) ساڵی ٢٠٢٥ پێدراوە.**

ئەوانەی مێژووی خۆیان لەبیردەکەن، لەچارەیان نووسراوە دووچاری هەمان مەرگەساتەکان ببنەوە

«جۆرج سانتایانا»

# ناوەڕۆک


پێشەکی..................................................................................................١٧

مێتۆدۆلۆژیا..............................................................................................٢٣

بۆچی پرسی خاک و زمان و نەتەوە ئەرکی خانەدانەکانە؟.........................................٢٥

کورد و ئەوانی تر.........................................................................................٣٠

ئەوە سەت ساڵە گەلی ئێمە سزا دەدەن، ئەرێ تێر نەبوون؟.......................................٣٣

کێشە بنەڕەتییەکان.......................................................................................٣٥

**بەشی یەکەم: ئاوڕێک لە مێژووی کۆن و سەرهەڵدانی کورد...............................٣٩**

ئاوڕێك لە سەرهەڵدانی نەتەوەی کورد.............................................................٤١

نەژادی گەلی کورد........................................................................................٤٣

کورد یان فارس – کامیان یەکەمینن؟...............................................................٤٦

نـــاوی فـارس – پـارس چۆن و کەی سەری هەڵدا؟.............................................٤٨

کەی ناوی پارس پەرەیسەند؟..........................................................................٤٩

هەخامەنش (ئەخمێنێس) کاربەدەستێکی سەر بە مــاد بوو......................................٥٣

ناوی کورد کەی پەیدا بوو؟.............................................................................٥٥

ئیمپڕاتۆریی مادەکان....................................................................................٥٩

شـاڵاوی کیاکسار بۆ سەر ئیمپراتۆریی ئاشوری....................................................٦٤

لە نەفرینی جیۆگرافیاوە بۆ نەفرینی مێژوو.........................................................٧٠

خوێندنەوەی مێژووی ئێمە و ناوچەکە لە دیدی ئەوانی تر.......................................٧٢

هـــــۆزە تورکەکان کێ بوون و لەکوێوە هاتوون؟...............................................٧٦

ئەدی عەرەبەکان کێن؟..................................................................................٨٦

**بەشی دووەم: کورتە مێژووی سێ ولایەتەکە لە سەروبەندی هاتنی بەریتانییەکان.........٩٣**

مێژووی سێ ولایەتەکە لە بەرەبەری ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی.................................٩٥

دوای ڕێککەوتنی ئەرزڕوم و گۆڕانەکان...................................................................١٠٣
دۆزینەوەی نەفت و هەژموونی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست – پێرسیا (ئیمپراتۆری فارس)...١١٢
مامەڵەکردن بە هۆز و خێڵە کوردییەکان لە لایەن زلهێزانەوە.................................................١١٦
زیانەکانی کورد لە جەنگە یەک لەدوای یەکەکان..................................................................١٢٠
ئاوڕێک لە جووڵانەوەی کوردانی عوسمانی.........................................................................١٢٦
**بەشی سێهەم: جەنگی یەکەمی جیهان – ڕێککەوتنەکان لەسەر دابەشکردنی کوردستان........١٣٧**
جەنگی یەکەمی جیهان – گرنگترین ڕووداوەکان..................................................................١٣٩
ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ..............................................................................................١٤٤
چۆن ولایەتی مووسڵ کەوتە دەست بەریتانیا؟......................................................................١٤٧
ڕووداوەکانی باشووری مێزۆپۆتامیا (باشووری عێراقی ئێستا)................................................١٥٠
پەیوەندی نێوان کورد و بەریتانییەکان – لە نێوان ڕاستگۆیی و تاکتیکدا...............................١٥٣
بەرەو ڕێککەوتننامەی سیڤەر...............................................................................................١٦٣
کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس...................................................................................................١٦٤
کۆنگرەی سان ڕیمۆ............................................................................................................١٧٠
ڕووداوەکان لە سەروبەندی پەیماننامەی سیڤەر....................................................................١٧٤
لە سیڤەرەوە تا لۆزان.........................................................................................................١٧٩
لۆزان – لەسێدارەدانی کورد................................................................................................١٨٤
ئەتاتورک و خەڵەتاندنی کورد..............................................................................................١٩١
کێ زووتر دەوڵەتی دروست کرد، کورد یان خێڵەکانی باشووری مێزۆپۆتامیا –عێراقی ئێستا؟....١٩٣
ئاوڕێک لە شۆڕشەکانی باکوور - شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران.............................................١٩٨
شۆڕشی ئاگری...................................................................................................................٢٠٢
جینۆسایدی گەلی زیلان........................................................................................................٢٠٨
شۆڕشی دەرسیم..................................................................................................................٢٠٩

کۆمەڵکوژ کردنی ئەرمەن و کورد بە دەستی عوسمانییەکان و تورکە لاوەکان.........................٢١١

پاکتاوی نەژادیی دژی کورد..................................................................................٢٢٠

ڕۆڵی کورد وەکو بکوژ یان ڕزگاکەر یانیش قوربانی گەلەکۆمەکێی تورک؟............................٢٢٦

مستەفا کەمال ئەتاتورک – ئەفسانەکەی تورکیا دروستکراوی دەستی ئینگلیزەکان بوو............٢٣٠

**بەشی چوارەم: دروستکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیا – سەردەمی پاشایەتی بنەماڵەی هاشمی لە عێراق..........................................................................................................٢٣٥**

بەرپرسیارێتی بەریتانیا لە دۆخی چارەنوسسازی کورد......................................................٢٣٧

عێراق وەکو دەوڵەتی لەناکاوی بەریتانی – گرفتی بەریتانییەکان چی بوو؟............................٢٤١

هاوردەکردنی پاشایەک لە حیجازەوە بۆ عێراق – قەیرانی سیمبولی نیشتمانی........................٢٤٣

کێشەی مووسڵ – ململانێی تورکیا و بەریتانیا – مامەڵەکردن بە دۆسیەی کورد لە لایەن تورک و ئینگلیزەوە....................................................................................................٢٤٥

یەکلایی کردنەوەی کێشەی مووسڵ لە بەرژەوەندی عێراق-فاکتەری کورد لە چارەسەری کێشەکەدا........................................................................................................٢٥٠

دیمۆگرافیای باشووری کوردستان و یەکلایی کردنەوەی کێشەی مووسڵ................................٢٥٨

خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ بێبەشکردنی کورد لە مافی سەربەخۆیی.......................................٢٦٣

**بەشی پێنجەم: شۆڕشەکانی بارزان و چەکەرەکردنی بزووتنەوەی نوێی ڕزگاریخوازی کوردستان.٢٦٧**

شۆڕشی بارزانییەکان – سەرهەڵدانی سەرکردەیەکی نوێ.................................................٢٦٩

ئاشوورییەکان یان نەستورییەکان – فەلە........................................................................٢٧١

سەرهەڵدانی سەرکردەی مەزن مستەفا بارزانی.............................................................٢٧٦

بارزانی و کۆماری کوردستان لە مهاباد.........................................................................٢٨٨

هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر کۆماری کوردستان.............................................................٢٩٤

دوا دیداری پێشەوا قازی محەمەد و جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی...........................................٢٩٨

لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و یاوەرانی...............................................................٣٠٠

دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کورد – پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق...........................٣٠٥

بارزانی مستەفا لە لایەک و پارتی دیموکراتی لە لایەکی تر.......................................... ٣٠٧
مەلا مستەفا بارزانی و هاوەڵانی لە تاراوگە........................................................... ٣١١
حزبی شیوعی عێراق و دۆسیەی نەتەوەی کورد...................................................... ٣١٥
**بەشی شەشەم: چواردەی تەمووز – سەردەمی کۆماری کودەتاکان.......................... ٣١٩**
چواردەی تەمووز و شۆڕشی نوێی کورد................................................................. ٣٢١
شۆڕشی مەزنی ئەیلوول......................................................................................... ٣٣٤
کودەتای شوباتی ١٩٦٣ و شۆڕشی کورد................................................................ ٣٤٥
کودەتای عەبدولسەلام عارف بەسەر بەعسییەکان.................................................. ٣٥٦
درزکەوتنە نێو ڕیزەکانی شۆڕش............................................................................ ٣٦٢
کودەتای دووەمی بەعسییەکان – ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام.............................. ٣٧٥
دەسپێکی دانوستان لەگەڵ بەعس – بەرەو ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار........................ ٣٨٣
ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ١٩٧٠.................................................................... ٣٨٩
هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی و ئیدریسی کوڕی.............................................. ٣٩٦
نزیکبوونەوەی بەعس لە یەکێتی سۆڤیەت - ناپاکیی بەعس....................................... ٤٠١
مەردایەتی کورد لە جەنگی نێوان عەرەب و ئیسرائیل............................................... ٤٠٦
پاشگەزبوونەوەی بەعس لە ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار............................................. ٤٠٨
درێژەدان بە دانوستان............................................................................................. ٤١١
ناوازەیی شۆڕشی ئەیلوول لەچاو هەموو جوڵانەوەکانی پێشوو................................... ٤١٥
دیسانەوە جەنگ - بەرەو ڕێککەوتننامەی شومی جەزائیر........................................... ٤١٩
ڕێککەوتننامەی شوومی جەزائیر............................................................................. ٤٢٧
هەڵسەنگاندنێکی خێرا بۆ شۆڕشی کوردستان........................................................ ٤٤١
دوای نسکۆی شۆڕش – سەردەمی قوڵبوونەوەی ناکۆکی ناوخۆیی.............................. ٤٤٣
کۆچی دوایی ڕێبەری شۆڕش مستەفا بارزانی.......................................................... ٤٤٦

**بەشی هەفتەم: گـێـهـێـنـنـا – دۆزەخی کورد - پاکتاوی نەژادی دژی گەلی کورد................٤٥١**

جینۆساید – پاکتاوی ڕەگەزی چیە؟.............................................................................٤٥٣

قۆناغەکانی جینۆسایدکردن...........................................................................................٤٥٧

بەرەو جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد.............................................................................٤٦٢

پەرچەکرداری مێژوونووسانی عەرەب چۆن دەبێت؟.............................................................٤٦٤

تێکدانی دۆخی دیمۆگرافیای کوردستان لە سەردەمی عوسمانییەکان.....................................٤٧٠

بەعەرەبکردنی کوردستان لە چوارچێوەی عێراق – سەردەمی پاشایەتی.................................٤٧٥

بەعەرەبکردن لە عێراقی کۆماریی – سەردەمی قاسم.........................................................٤٧٨

بەعەرەبکردن لە عێراقی کۆماریی – سەردەمی بەعسی یەکەم.............................................٤٨٠

بەعەرەبکردن لە عێراقی کۆماری – سەردەمی بەعسی دووەم.............................................٤٨٣

سەردەمی قڕکردنی سەرتاسەری.......................................................................................٤٨٧

کۆمەڵکوژیی بارزانییەکان...................................................................................................٤٩٣

پرۆسەی خاپوورکردن و ڕاگواستن پێش پەلاماری ئەنفال...................................................٤٩٦

پەلاماری ئەنفال – جینۆسایدی سەرتاسەری گەلی کورد....................................................٤٩٩

قۆناغەکانی ئەنفال و بەکۆمەڵبردن...................................................................................٥٠٣

کیمیابارانی هەڵەبجە بە چەکی قەدەغەکراو.........................................................................٥٠٧

دوا قۆناغەکانی بەعەرەبکردن و کۆمەڵکوژی......................................................................٥٢٠

**بەشی هەشتەم: دیمۆگرافیای باشووری کوردستان – ژمارەی دانیشتوان و کارەساتی مەزن....٥٢٣**

دیمۆگرافیا چیە؟..................................................................................................................٥٢٥

ژمارەی دانیشتوانی کوردستان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی................................................٥٢٧

دانیشتوانی باشووری کوردستان..........................................................................................٥٣١

حکومەتی عێراق و جەنگی دیمۆگرافیا دژی کورد...............................................................٥٣٥

کەی گۆڕان لە دیمۆگرافیا لەناوچوونی نەتەوەی لێدەکەوێتەوە؟..............................................٥٤٨

ئایا لە بێ دەوڵەتیدا وجودی نەتەوە دەمێنێت؟.......................................................٥٥٠
کارەساتی دیمۆگرافیا وەکو دەرەنجامێکی تراژیدیانەی بێدەوڵەتیی.........................................٥٥٢
گریمانەی یەکەم.............................................................................................٥٥٧
گریمانەی دووەم.............................................................................................٥٥٨
گریمانەی سێهەم.............................................................................................٥٥٩
گریمانە بۆ ژمارەی دانیشتوانی هەڵەبجە...........................................................٥٦١
بەراوردێک لە نێوان باشووری کوردستان و ئیماڕاتی عەرەبی.........................................٥٦٤
**بەشی نۆیەم: ڕووخانی ڕژێمی بەعس – سەردەمی عێراقی تایەفەگەری شیعە.................٥٦٧**
هەرێمی کوردستان دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١.....................................................٥٦٩
ڕووخانی ڕژێمی بەعس – سەرهەڵدانی کۆماری تایەفەگەری شیعە.................................٥٧٨
سەرەتای ناکۆکییەکانی کورد و بەغدا...............................................................٥٨٤
سەرهەڵدانی داعش.............................................................................................٥٩٣
ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی.....................................................................................٥٩٨
بەردەوامی تەنگژەکان دوای ساڵی ٢٠١٧.......................................................٦١٤
بەر لە پەیڤی کۆتایی.........................................................................................٦١٦
چۆن کورد بناسێنین؟ چۆن پێناسی ئەو نەتەوە مەزنە بکەین؟.......................................٦١٨
کەواتە نەتەوەی سروشتی چیە؟............................................................................٦٢٠
دوا پەیام.......................................................................................................٦٢٣
**سەرچاوەکان...................................................................................................٦٣١**

## ”ئەوە سەت ساڵە گەلی کورد سزادەدەن، ئەرێ تێر نەبوون؟“

**مەسعود مستەفا بارزانی**



**هەولێر، یاریگای شەهید فرانسۆ هەریری، ڕێکەوتی ٢٢-٩-٢٠١٧**

**کۆبوونەوەی جەماوەری بۆ پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستان، سێ ڕۆژ پێش ئەنجامدانی گشتپرسی سەربەخۆیی.**

# پێشەکەشە

- بە باوکی شەهیدم یاساناس ﴿جەلال ئەحمەد کەریم نانەکەلی دیبەگەیی﴾ و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان و گشت خەباتکاران لەو پێناوەدا.
- دایکی کۆڵنەدەرم ﴿سەبیحە مەلا حەسەن گەردی﴾ کە لە پێناو بەخێوکردنی منداڵەکانی لە پەنا عیشقی هەمیشەیی بۆ هاوسەرەکەی خۆی لە هەموو خۆشییەکی ژیان بوارد.

# پێشەکی

زارۆیەکی هەشت نۆ ساڵان بووم، کە شەوانە مۆتەکەی ئەنفال و هەڵەبجە ڕایدەچڵەکاندم. ڕۆژانم بە بیرکردنەوە لە کۆمەڵکوژیکردنی کورد بە دەستی دەسەڵاتی یەکبەدوایەکی عێراقی دەگوزەراند. لەم و لەوم دەپرسی، لە پەرتوکخانە جێماوەکەی باوکم بەدوای وەڵامێک دەگەڕام، ئاخۆ بۆچی بەعسی سەدامی باوکمی برد؟ بۆچی دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە دەستکردە هەزاران ڕۆڵەی نەتەوەکەمیان قڕکرد؟ بۆچی ئەوهایان لە گەلی کورد کرد و دەکەن؟ ئەوەی لە کتێبخانەی قوتابخانە دەستم نەدەکەوت، لە ڕۆژنامەکان و پەرتوکە مێژووییەکان بەدوای دەگەڕام. دێوانەئاسا شەیدای دیرۆکی نەتەوەکەم ببووم. گەرچی لە قۆناغەکانی خوێندنی ئامادەیی، بەشی زانستی سروشتیم تەواوکرد، بەڵام لەملاوە لەناو پەڕاوەکانی مێژوو دەژیام. بەدوای چارەنووسی گەلەکەم وێل و سەرگەردان بووم، ئەو گەلەی لە سەر خاکی خۆی زیندانی کراوە و زمانی خۆی لێ قەدەغە کراوە، خاکی لێ دابڕودۆبڕ کراوە، ئەو نەتەوەیەی حاشا لە بوونی دەکەن و چ ڕێگە و ئامراز نەماوە بۆ لەناوبردنی نەیگرنەبەر. بەڵێ ئەوها بوو ڕۆژگاری بەسەربردووی ژیانم، ژیانێک لە قوڵایی زامەکان و لە سوێ بوونەوە هەمیشەییەکان. ناخۆشترین هەستیش ئەوەبوو، کە ژمارەیەکی کەمم بەدی دەکرد لە تاکەکانی گەلەکەم بەرانبەر بەو هەموو تاوان و کاولکارییە هۆشیاربن کە بەسەریان هاتووە. ئەمانە و دەیان پرسیاری دیکە، کەسایەتییەکی نەتەوەییان لە من دروستکرد. ئەو پرسیارانە بەشێوەیەک پەنگیان لە مێشکم خواردبووەوە، لە چاوەڕوانی ڕۆژێک بوون بێنەدەر و بپەرژێنە سەر لاپەڕەکانی مێژوو.

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، هەمووومان ئەو باوەڕەمان هەبوو کە عێراقی نوێ جیاواز دەبێت و ئێمەی کورد باوەڕمان وابوو شیعەکان تەواو جیاوازن،

چونکە ئەوان وەکو کورد ستەمدیدە و ماڵوێران بوون، لەگەڵ کورد لە بەرەکان دژی بەعس جەنگابوون. بەڵام لە یادمان کردبوو کە کێشەکە لە بنەمادا کێشەی نەتەوەییە نەک شتێکی تر! دڵپاکیی کورد ئەوەی لەبیری هەمووان بردەوە کە ئێمە لە سەر بنەمای نەتەوەیی ماڵوێران کراوین. لە بیرمان کرد کە حاکمی عەرەبی لە بەغدا شیعە بێت یان سوننە بۆ کورد هەر وەکو یەکە. لەبیرمان کردبوو کە ئیرادەی نەتەوەیی ئاشتیخوازانەی کورد لەگەڵ عەقڵییەتی نەتەوەپەرستییانەی سیاسەتمدارانی عەرەبی پێکەوە ناچنە ناو جەوالێکەوە.

هەر ئەوەندە حکومەتی ساوای بەغدا تۆزێک کەوتە سەر پایەکانی خۆی، بە جۆرەها بیانووی نادروست پێش هەموو شتێک بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی. پاشان هاتنی گروپی تیرۆریستی داعش و ڕووداوەکان لە پەراوێز ی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و دواتریش داگیرکردنی کەرکووک لە لایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بە پاڵپشتی ئێران و گروپێکی ناپاکی ناوخۆی کوردستان، هەموو گومانەکانی کردە ڕاستی.

لە سەروبەندی ئەنجامدانی گشتپرسی سەربەخۆیی، بە وردی چاودێری ووتارەکانی سەرۆک مەسعود بارزانیم دەکرد کە لە شارەکانی کوردستان ئەنجامی دەدان. دیارترینیان ووتاری ڕێکەوتی ٢٢ی ئەیلوول/سێپتێمبەری ٢٠١٧ بوو (سێ ڕۆژ بەر لە ئەنجامدانی گشتپرسی)، کە لە ڕستەیەکدا دەڵێت: "**ئەوە سەت ساڵە گەلی کورد سزا دەدەن، ئەرێ تێر نەبوون؟**". ئەم ڕستەیە بووە هۆی هۆنینەوەی ڕایەڵەی ئەو مێژووە دڵسوتێنەرەی کە لە پەنهانیی ناخمدا ماوەی دەیان ساڵ بوو خۆی حەشاردابوو.

ڕێکەوتی ١ی تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری ٢٠١٧ دەستم کرد بە کۆکردنەوەی داتا و زانیاری و سەرچاوەکان. نووسینی تێزی دکتۆراکەم بووە لەمپەر لەبەردەم نووسینی ئەم پەرتوکە، بەڵام بێ ووچان بووم لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان، ڕۆژانە لە پەرتوکخانەی گەورەی زانکۆی وارشۆ لە شەقامی "دۆبرا" خەریکی نووسینی دکتۆرا و خوێندنەوە مێژووییەکان بووم. ڕێکەوتی ٩ی نیسان/ئەپریلی ٢٠٢١ دکتۆراکەم

تەواوکرد، مانگی هەفتی هەمان ساڵ دەستم کرد بە نووسینی ئەم پەرتوکە. هەموو ئەو بابەت و سەرچاوانەی بۆ ماوەی چوار ساڵ (لە نێوان ساڵانی ٢٠١٧ تاوەکو ٢٠٢١) کۆمکردبوونەوە، لە ماوەی یەک ساڵی ڕەبەق لە چوارچێوەی پەرتوکێکدا نووسیمەوە و ئێستا دەیخەمە بەر دەستی خوێنەری کورد.

ئەم ڤەکۆڵینەی لە چوارچێوەی پەرتوکێکدا خستوومە بەر دەستی خوێنەر، بریتییە لە "کۆپرس"[1] لەبارەی مێژوویەکی خوێناوی و سامناکی میللەتی کورد لە ماوەی سەت ساڵی ڕابردوودا، مێژوویەك کە دوێنی و ئەمڕۆ پێکدەبەستێت و ئەو هەموو وێکچوونە لەگەڵ ڕۆژگاری ئەمڕۆ دەخاتەڕوو. بەشێوەیەکی پوخت و کورتکراوە تیشك دەخاتە سەر کۆی دۆسیەکانی مێژوو، نەتەوە، سیاسەت، جیۆپۆلیتیکا و هەموو کارەساتە دیمۆگرافی و ئابوورییەکان کە لە باشووری کوردستان بە سەر گەلی کورد هاتوون. ئەم پەرتوکە وەکو کۆوانەیەک دێتە بەرچاو بە ئامانجی ئاشناکردنی تاکی کورد بە هەموو کارەسات و ماڵوێرانییەکان لە لایەن داگیرکارانەوە بەسەر میللەتی کوردیان هێناون. ئەم کارە بەپشت بەستن بە زۆرترین سەرچاوەی ئەکادیمی ئەنجام دراوە، بەشێوەیەک ڕێگەیەکی دوور و درێژم لەبەر دەمی خوێنەر کورت کردۆتەوە، تا بە زانیاری و فاکتە مێژووییەکانی گەلەکەی دەوڵەمەند بێت، هەروەها پەی بە پەیوەندی ڕووداوەکان لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا ببات.

لە خوێنەر خوازیارم سەرەتا و کۆتایی پەرتوکەکە پێکەوە گرێ بدات، بەو واتایەی هەمووی بخوێنێتەوە تاوەکو بتوانێت پەیوەندی لێکنەپچڕاو بدۆزێتەوە لە نێو ژێدەرە پەنهانەکانی مێژوو، بۆئەوەی بزانێت و تێبگات چۆن ڕووداوەکانی سەت ساڵ پێش ئێستا کاریگەرییان لەسەر ڕۆژگاری ئەمڕۆمان هەیە.

ئەم پەرتوکە خۆی لە پرسی براکوژی و شەڕی ناوخۆیی دەبوێرێت، لە هەمان کاتدا پەنجە دەخاتە سەر ڕاستییەکانی مێژوو. لە سۆنگەی پەرۆشیمان بۆ ڕووداوەکانی مێژوو، دەبێت بانگی ڕابردوو بکەین و بیکەینە تابلۆیەک لەبەر چاومان دایبنێین، بۆئەوەی چەوتی و هەڵەکان دەستنیشان بکەین و بەشێوەیەکی بابەتیانە وانەی

---

(١) سەرجەم پرس و دۆسیەکان.

مێژوویی لێ هەڵێنجین و لە ڕووی کردارییەوە هەڵە کوشندەکان دووبارە نەکەینەوە.

ئەم پەرتوکە بەرەچاوکردنی کرۆنۆلۆگیای ڕووداوەکانی سەت ساڵی بووری، خۆی لە نۆ بەش دەنوێنێت. بەشی یەکەمی بریتییە لە ئاماژەیەکی پێویست بۆ بوون و سەرهەڵدانی کورد. لەم بەشەدا پرسی ئێتنۆلۆگیای کورد دەخرێتە بەر توێژینەوەیەکی کورت، هەروەها باسێک لەبارەی مادەکان و پەیوەندیی ڕاستەقینەیان بە کورد تاوتوێ دەکرێت. دوای ئەوانەش پرسی جیۆگرافیا و مێژوو پێکەوە گرێ دەدرێت، کە بوونەتە هۆی گۆشەگیربوونی کورد.

لە بەشی دووەمدا باس لە ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و کاریگەرییەکانی بەسەر نەتەوەی کورد کراوە. هەروەها ئاماژەی گرنگ بە چۆنییەتی بەکارهێنانی هۆزە کوردییەکان و پارچە پارچە کردنیان و خەڵەتاندنیان بەناوی ئایین دراوە. لەپاڵ ئەوانەش کۆمەڵکوژیی ئەرمەن و کورد بە دەستی تورکە عوسمانی و تورکە لاوەکان شەنوکەو کراوە.

بەشی سێهەم تەرخان کراوە بۆ جەنگی یەکەمی جیهانی و دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەن هەریەک لە بەریتانیا و فەرەنسا و ڕوسیاوە. هەوڵەکانی کەسایەتییە کوردەکان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان لە چوارچێوەی پەیمانی سیڤەر و دواتریش ڕێککەوتنی ئەتاتورک لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان لە چوارچێوەی پەیماننامەی لۆزان خراونەتە بەرباس. دۆزینەوەی نەفت لە ناوچەکە وەکو سەرەتایەک بۆ بەدبەختی کورد و پێداگریی بەریتانیا لە سەر دروستکردنی وڵاتێک بۆ هۆزە عەرەبەکانی باشووری مێزۆپۆتامیا و بەزۆر لکاندنی کورد بەو وڵاتەوە، تاوتوێ کراوە.

بەشی چوارەم تایبەت کراوە بە دروستکردنی وڵاتێک بەناوی عێراق لە لایەن بەریتانیا و یەکلاکردنەوەی کێشەی ولایەتی مووسڵ لە بەرژەوەندی عێراق و پەراوێز خستنی ویستی نەتەوەیی کورد.

لە بەشی پێنجەمدا سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی بارزان و دروست بوونی ڕەوتێکی تازەی نەتەوەیی خراوەتە ڕوو. لەم بەشەدا ڕۆڵی گەورەی ڕێبەری کود مستەفا بارزانی وەکو

ئەستێرەیەکی گەشاوە لە ئاسمانی تاریکی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان دەردەکەوێت. هەروەها دروستبوونی کۆماری کوردستان لە مهاباد بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد و ڕۆڵی گرنگی لەشکری شۆڕشگێڕی بارزان بە فەرماندەیی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی هێنراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

گرنگترین باسەکانی بەشی شەشەم بریتین لە شۆڕش/کودەتای چواردەی تەمووز و هاتنەوەی مستەفا بارزانی لە تاراوگە، دواتر سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول و کودەتای بەعسییەکان، بەردەوامیی شۆڕش و ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار، دواتر ڕێککەوتننامەی شومی جەزائیر و لەباربردنی خەونی ئۆتۆنۆمی کورد.

لە بەشی هەفتەمدا جینۆسایدی گەلی کورد باس کراوە، کە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر، بەعسی سەدام دەست دەکات بە کاول کردنی کوردستان بە هەموو شێوازێک. جینۆسایدی کوردانی فەیلی و دواتر دەسپێکی جەنگی عێراق و ئێران و دیسانەوە کۆمەڵکوژیی کورد، سەرەتا جینۆسایدی بارزانییەکان پاشان ئۆپەڕاسیۆنەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەی کیمیایی دژی خەڵکی بێ تاوانی کوردستان.

بەشی هەشتەم تەرخان کراوە بۆ پرسێکی فرە گرنگ، ئەویش پرسی دیمۆگرافیا و ژمارەی دانیشتوانی باشووری کوردستانە. لێرەدا تیشک خراوەتە سەر هەوڵەکانی چۆنییەتی لەبنهێنانی گەلی کورد و پاکتاوکردنی کە چۆن بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی کورد لە باشووری کوردستان (لە کوردستانی عێراق).

بەشی کۆتایی بریتییە لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە عێراق و هاتنی گروپێکی شیعەی سەر بە ئێران بۆ حوکمڕانیکردنی وڵاتەکە. هەروەها بەشداری کردنی کورد لە دووبارە بونیادنانەوەی عێراق، دواتریش نووسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق. هەروەها پرسی سەرهەڵدانی داعش و هەرەسهێنانی سوپای عێراق لە مووسڵ، دواتریش بڕیاری کورد بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی. داگیرکردنی کەرکووک لە لایەن حەشدی شەعبی بە هاوکاری ئێران و هەڵسوکەوتی وڵاتانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لە بەرانبەر بڕیاری گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی، خراوەتە بەر چاوی خوێنەر.

لــە کۆتاییــدا ئــەوە ماوەتــەوە بڵێــم، هیــچ کارێــک بــێ کەموکورتــی نابێــت، بــەڵام بــە هیــوای ئەوەشــم ئــەم پەرتووکــە مەبەســت و ئامانجــی خــۆی پێکابێــت لــە ئاشــناکردنی نــەوەی نــوێ بــە ڕووداوە مێژووییەکانــی گەلەکەیــەوە و لــە بایەخــی خوێندنــەوەی مێــژوو تێبگــەن.

## مێتۆدۆلۆژیا

لە ڕووی مێتۆدۆلۆژیاوە ئەم کتێبە پشتی بە چەند مێتۆدێک بەستووە، لەوانە خستنەڕووی سەرچاوەکان و شرۆڤەکردنی ناوەڕۆکیان. لە نووسینی ئەم پەرتوکە سوود لە سەرچاوە و ژێدەرەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی و پۆڵەندی و فەڕەنسی وەرگیراوە، کە بەشێکی زۆریان وەرگێردراونەتە سەر زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی. توێژینەوەکە لە یەک کاتدا گێڕانەوەی دیرۆکی کوردە لە ماوەی سەت ساڵی ڕابردوو کە لە سەرچاوە جۆراوجۆرە جیهانییەکان گەڵاڵەکراون، هەروەها گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەشە کە نووسەر خۆی لەگەڵیان ژیاوە و بینیویەتی، واتا نووسەر لە هەندێ باردا وەکو تۆمارکاری ڕووداوەکان ڕەفتار دەکات. کەوایە لێرەدا دوو ئاڕاستە بەدی دەکرێن، یەکەمیان کاری مێژووناسی، دووەمیان کاری مێژوونووسی. مێژووناس دووبارە بە پشت بەستن بە سەرچاوەکان خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکان دەکاتەوە، کەچی مێژوونووس خۆی گەواهیدەری ڕووداوەکانە و تۆماریان دەکات.

دوابەدوای خستنەڕووی زانیارییە مێژووییەکان، نووسەر ڕاڤەی ڕووداوە مێژووییەکانی کردووە و بەشێوەیەکی گشتی هەوڵی دۆزینەوەی خاڵی هاوبەشی لە نێوانیان داوە. هاوکات سەرەنجی خوێنەر ڕادەکێشێت تاوەکو دیرۆکی سەت ساڵی باشووری کوردستان بگێڕێتەوە و ڕێگەی بۆ خۆش دەکات تاوەکو فێری مێژوو ببێت و وانەی لێ هەڵێنجێت. دەوڵەمەندیی لێکۆڵینەوەکەش بە سەرچاوەکان وادەکات خوێنەر بە ڕێگەیەکی کورت ئاشنای مێژووی نەتەوەکەی بێت.

جگە لەوانەش لە توێژینەوەکەدا مێتۆدی "پۆلێمیکا" بەکارهێنراوە، واتا ڕێچکەیەکی دژەئارگۆمێنتی مێژوویی بەکارهێنراوە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەندێ

لــە تێــزە مێژووییــەکان و لێــدوان و هەڵوێســتی سیاســەتمەدارانی بیانــی بڕیــاردەر لــە چارەنووســی کوردســتان. لــەم چوارچێوەیــەدا نیشــان دەدرێــت کــە دەرگای مێــژوو دانەخــراوە و هەرگیــز داناخرێــت، هەمــوو ســاتێك دەبێــت بەوپــەڕی ڕەخنەگرییــەوە ســەیری ڕابــردوو بکرێــت و فاکتــەکان بخرێنــە بەرانبــەری یەکــتر. دوای ســەت ســاڵ، بگــرە هــەزار ســاڵیش ڕووبەرانبــەر ڕووداوەکانــی مێــژوو دەوەســتین و پەنجــە لــە ســەر درۆ و چەوتییــەکان دادەنێیــن. پیشــانی دەدەیــن، کــە ئەوانــەی ســەرکەوتوو بــوون مێژوویــان نووســیوەتەوە، بــەڵام ئــەوان نیــن خــاوەن ڕاســتییەکان.

لــە میانــەی ڤەکۆڵینەکــەدا مێتــۆدی جیۆگرافــی بەکارهێــنراوە، لــە ڕێگــەی پیشــاندانی نەخشــە و پەنجــە خستنەســەر ڕووبــەری خاکــی کوردســتان شــوێنگەی جیۆگرافــی کوردســتان و ناوچەکانــی ژێــر هەژموونــی کــورد، هەوڵــدراوە ڕاســتییە مێژووییــەکان لــە ســەر بنەمــای خــاک - تێریتــۆری دەستنیشــان بکرێــن.

یەکێکــی دیکــە لــە مێتــۆدە گرنگــەکان لــە بــواری پرســە مێژووییەکانــدا بریتییــە لــە مێتــۆدی "ڕێترۆگرێســیڤ"[(1)]. ئــەو مێتــۆدە کاتێــک بەکاردێــت کــە پێشــتر دیاردەیــەک لــە ناوچەیــەک هەبووبێــت، بــەڵام دواتــر دیاردەکــە نەمابێــت. لێــرەدا گەڕانــەوە بــۆ داتــا و تۆمارەکانــی پێشــوو دەبێتــە هەوڵێــک بــۆ چەســپاندنی ڕاســتییە مێژووییــەکان. بەکارهێنانــی ئێمــە بــۆ ئــەو مێتــۆدە لــە چوارچێــوەی ئــەو ناوچــە کوردییانــەوە بەرجەســتە دەبێــت کــە بەعەرەبکــراون و ئاســەواری کوردیــان تێــدا نەمــاوە، یاخــود ئایــا ژمــارەی کــورد دەبــوو ئێســتا لــە عێــراق چەنــد بێــت.

یەکێکــی تــر لــە مێتــۆدەکان بریتییــە لــە بــەراوردکاری نێــوان فاکتــەکان و ژمــارەکان، بــەم مەبەســتەش خشــتەی جۆراوجــۆر بەکارهێــنراوە بــە ئامانجــی بەرچاوڕوونــی زۆرتــری خوێنــەر و بینینــی داتــاکان. لــە پــاڵ ئەوانــەش وێنەگەلــی کەســایەتییە مێژووییــەکان و سیاســییەکان نیشــان دراون، وێنــەی هەنــدێ کــەس و لایەنــی دژە کوردیــش خراونەتــە ڕوو، تاوەکــو ببنــە بەڵگــەی ڕەق و لەبیــر نەکرێــن.

---

(1) Jerzy Topolski, Metodologia historii, Warszawa: Państwowe Wydawnictwo Naukowe, 1968, s. 327.

## بۆچی پرسی خاک و زمان و نەتەوە ئەرکی خانەدانەکانە؟

پێش هەموو شتێك دەبێت تاوتوێی پرسی خاک و زمان بکەین وەکو دوو بنەمای ڕەسەنی دروستبوونی ئێتنۆس[1]. زمان بوونێکی زگماکی مرۆڤە لە لایەن خوداوە-سروشتەوە دراوە بە مرۆڤ. ئەوەتا خوا لە قورئان دەفەرموێ: وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ.

لەم ئایەتە دەردەکەوێت کە خودا لەپاڵ دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی، خالیقی جۆراوجۆرێتی زمانەکان و ڕەنگە جیاوازەکانیشە. کەوایە زمان شتێک نییە مرۆڤ لە هێروە پلانێکی بۆ دانابێت و بەشێوەیەکی ئامانجدار و لەناکاو دروستی کردبێت، بەڵکو پرۆسەیەکی درێژخایەنە کە ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لە بوونی گروپی ئێتنۆس لە ناوچەیەکی دیاریکراودا. سەرهەڵدانی زمان بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی کۆدەکانی فێربوون لە هزری مرۆڤدا بەشێوەیەکی بایۆلۆجیانە. بەڵام بۆ هاتنەکایەوەی فێربوونەکان، دەبێت سەرەتا ئەو زەمینەسازییە دەستەبەر بێت، تاوەکو زمان لە دۆخی پەنهانی و شاراوەییدا بێتە دەر و بێتە گۆ. لەوەدا دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە زمانی هەر ئێتنۆسێک وابەستەی ئەو کارو چالاکییە کۆمەڵایەتییانەیە کە مرۆڤەکانی ئەم ئێتنۆسە بەدرێژایی هەزاران ساڵ فێری بوونە و ئەنجامیان داوە. لەوەدا دەمانەوێ بڵێین کە زمان لە دەرەنجامی زەحمەتی و کۆششی سەختی مرۆڤەوە هاتۆتە گۆ. واتە هەلومەرجە سەختەکانی ژیاریی وایان لە مرۆڤ کردووە پەی ببات بە ڕووداوەکان و ناچاری بکات بۆ فێربوون. هەموو فێربوونێکیش زمان دەبزوێنێت.

لە لایەکی دیکە دەبینین وشەگەلی تایبەت هەن تەنها لە ناو ئێتنۆسێک سەریان هەڵداوە و تایبەتە بەوان و ئێتنۆسەکانی تر لێی تێناگەن. جا هەر ئێتنۆسێک

---

(١) ئێتنۆس: چەمکی ئێتنۆس ماوەی ٦٠ ساڵێکە لەناو چینی زانستخوازانی بواری ئێتنۆلۆگیا برەوی پێ دەدرێت. ئەم چەمکە وا پێناس دەکرێت کە بریتیە لە گروهێکی ئیتنی (هۆز، خێڵ، نەتەوە) کە بەبێ گوێدانە ژمارە و پلەی ڕێکخراوەیی ناوخۆیی و شوناسی ئیتنی، لە ڕێگەی چەند تایبەتمەندییەکی کولتوری گەشەکردوو لە گروهێکی دیکەی دراوسێ جیادەکرێتەوە. [ئینسکلۆپێدیای زانستیی پۆڵەندا].

تایبەتمەندیی زمانەوانی خۆی بەم شێوەیە وەرگرتووە کە دیرۆکی ژیاریی بۆی ڕەخساندووە. هەروەک چۆن میللەتی کورد شتێکی ئەوتۆ نازانێت لەبارەی دارخورما و جۆرەکانی و چۆنییەتی خزمەتکردنی و ئەو کەلوپەل و ناوانەی کە لە ئەنجامی ڕواندنی ئەم ڕووەکەوە هاتوونەتە کایەوە، بە هەمان شێوەش عەرەب شتێک لەبارەی ڕواندنی گوێز و بادەم و ئەو کەلوپەل و ناوانەش کە لە ئەنجامی ڕواندنی ئەو ڕووەکانە هاتوونەتە ئاراوە، نازانن. ئەنجا ئەم تایبەتمەندیی زمانییە هەموو کایەیەکی ژیاریی کشتوکاڵی و ئایینی و کولتوری دەگرێتەوە. کەوایە زمان ڕەهەندێکی مێژوویی نەپچڕاوی دوور و درێژی هەیە، تەمەنی بە قەد تەمەنی مرۆڤ درێژە. ڕەنگە ئەو پرسیارەش بێتە پێشەوە کەوا مرۆڤ زۆر دەمێك بوو هەبوو پێش ئەوەی زمانی چەکەرە بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەش قسەی نەزانیووە. وەڵامی مرۆڤناسان بۆ ئەم پرسە ئەوەیە؛ کە مرۆڤەکان پێش ئەوەی فێری قسەبن، هەڵگری کۆدی فێربوونەکان بوون، ئەنجا لە ڕێگەی دروستکردنی هێما و دەربڕینی دەنگی جیاواز وردە وردە پەرەی بە زمان داوە. بەڵگەش ئەوەیە کەوا ئاژەڵەکان بەر لە پەیدابوونی مرۆڤ هەبوون، بەڵام تا هەنوکەش نەیانتوانی گەشە بە زمان بدەن و نەیانتوانی فێری زمان بن، بەڵکو هەر لە ئاستی سنورداری خۆیان مانەوە، چونکە لە بنەڕەتەوە خاوەنی کۆدەکانی فێربوون نەبوون. کەوایە زمانی گەشەکردووی مرۆڤ بەشێکی سروشتیی خودی مرۆڤە و سروشت پێی بەخشیووە.

پرسی دووەم کە لێرەدا گرنگی پێ دەدەین پرسی خاکە. گرنگە لەم پرسیارەوە دەست پێبکەین،ئایا مرۆڤ کەی لە شوێنێک گیرسایەوە؟ کەی لە قۆناغی کۆچەرییەوە پەڕییەوە بۆ قۆناغی نشین - نیشتەجێبوون؟

وەڵام: ئەو کاتەی کە هزری بۆ دامەزراندنی شارستانی جوڵا. شارستانی لێرە نەک بە واتا فراوانەکەی، بەڵکو بە واتای دروستکردنی یەکەم یەکەی خێزانیی نیشتەجێی پارچەیەك زەوی. شارستانی بە زمانە لاتینییەکەی «سیڤیس» بە فۆرمێکی دیاریکراوی ژیانی پێکەوەیی مرۆڤ دەگوترێت؛ کولتوری مرۆڤ بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەوە؛ مێتۆدی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەمانە پێناسی سەرەتایی شارستانین.

کەوایـە ئـەوە مرۆڤـی نشـین بـوو لەسـەر پارچەیـەك خـاک دەسـتی بـە دروسـتکردنی شارسـتانی نـەک مرۆڤـی کۆچـەر و گـەڕۆک شارسـتانی کـرد. نشـینبوونی مـرۆڤ و دروسـتکردنی شارسـتانی بـەدەر نەبـوو لـە فێربوونـی کشـتوکاڵ و دەرکەوتنـی پەیامـە ئایینییـەکان. چونکـە هەمـوو شارسـتانییەک پێویسـتی بـە هەبوونـی پەیامێکـی پیـرۆز هەیـە بـۆ ڕێکخسـتنی ژیانـی کۆمەڵایەتـی، ئـەوەش هـاوکات لەگـەڵ فێربوونـی کشـتوکاڵ لـە لایـەن مرۆڤـەوە. کشـتوکاڵ پەیوەندیـی نێـوان خـاك و بژێـوی ژیـان دروسـت دەکات بـۆ مـرۆڤ. هـەر لـە سـەر ئـەم خاکـە مـرۆڤ یـادەوەری تۆمـاردەکات، تەرمـی نزیکانـی دەشـارێتەوە، دەبێتـە زێـدی بابوباپیرانـی. لـەوەدا خـاك واتایەکـی دیکـە بـۆ مـرۆڤ پەیـدا دەکات وەک لـەوەی تەنهـا شـوێنێکی ئاسـایی بێـت بـۆ نیشـتەجێبوون.

جێگـەی بایەخـە کـە پرسـی پیرۆزیـی و ناپیرۆزیـی خـاک بخەینـە ژێـر لێکۆڵینـەوە. ئایـا هیـچ پارچـە خاکێـک لـە پارچـە خاکێکـی دیکـە پیرۆزتـرە؟ یـان خاکێـک پیـرۆزە و خاکێکـی تـر نـا؟

پـاش ئـەوەی مـرۆڤ نیشـتەجێی خاکێـک دەبێـت، سـەرەنجام هۆگـری ئـەم خاکـە دەبێـت. هۆگـری بـوون تـاڕاددەی ئـەوەی کـە ڕووەکێکـی چیایـی ناتوانێـت لـە بیابانـەکان بڕوێـت، یـان ڕووەکێکـی بانـەکان ناتوانێـت لـە چیـاکان بڕوێـت. هاوشـێوەییەک هەیـە لـە نێـوان مـرۆڤ و ڕووەک. هەمـوو جـۆرە هەڵتەکاندنێکـی مـرۆڤ لـە خاکـی ڕەسـەنی خـۆی، دەبێتـە هـۆی لێـدان لـە دەروونـی خـودی مرۆڤەکـە. هیـچ مرۆڤێـک نییـە بـە ئـارەزووی خـۆی خاکـی خـۆی بەجێبهێڵێـت، ئەگـەر بـارودۆخ وای لـێ نـەکات بـۆ کـۆچ. کـۆچ کـردن ڕەوایـە، بـەڵام هیـچ کۆچێکیـش بـێ هـۆکار نییـە. هەمـوو کۆچێـك جۆرێـك زۆرلێکردنـی تێدایـە. ئەوانـەی دەچنـە هەنـدەران ناچـارن بـەو کۆچـە، چونکـە ڕادەکـەن لـە دەسـت ناهەمواریـی کۆمەڵایەتیـی و ئابـووری. تەنانـەت ئـەو کەسـەی کـە پەیامێکـی ئاسـمانی ناچـاری دەکات خاکـی خـۆی بەجـێ بهێڵێـت، کۆچەکـەی نابەدڵییـە. ئەوەتـا کاتێـک حەزرەتـی محەمـەد درودی خـوای لـێ بێـت شـاری مەککـە بەجـێ دەهێڵێـت لـە ڕێـگا ئاوڕێـک لـە شـاری مەککـە دەداتـەوە و دەڵێـت: ئەگـەر ئـەوە نەبوایـە کـە قورەیـش دەرم دەکـەن هەرگیـز تـۆم بەجـێ نەدەهێشـت! ئـەی

باشـە مەگـەر مەککـە پـڕی نەبـوو لـە بـت و شـوێنی بتپەرسـتی؟ لـە نـاو کەعبـە و دەوروبـەری زیاتـر لـە ٣٠٠ بـت و پەیکـەری پەرسـتن هەبـوون. بـەڵام خـودا دژکاری هەسـتی پێغەمبـەری نەکـرد و پێـی نەگـوت تـۆ کارێکـی هەڵـە دەکـەی وا بیـری شـاری مەککـە دەکەیـت. بۆچـی؟ چونکـە پەیوەنـدی نێـوان مـرۆڤ لەگـەڵ خـاک و شـوێنی لەدایـك بـوون دەچێتـە خانـەی ڕەمـەک (غەریـزە). هـەر بۆیـە خـودا دوای ئـەم ڕووداوە ئـەم ئایەتـە لـە سـورەتی القصـص دەنێرێـت: { إِنَّ الَّـذِي فَـرَضَ عَلَيْـكَ الْقُـرْآنَ لَـرَادُّكَ إِلَـىٰ مَعَـادٍ}، واتـا ئـەی محەمـەد ئـەو کەسـەی قورئانـی لەسـەرت فـەرز کـرد دەتگەڕێنێتـەوە زێـدی خـۆت، واتـا بـۆ مەککـە. دەردەکەوێـت کـە خـودا دژی ڕەمەکـی مـرۆڤ ڕەفتـار نـاکات، چونکـە خـودا خۆیەتـی خـاوەن و دروسـتکەری ئـەم ڕەمەکـە.

لـە بەرەنجامـی تێکهەڵکێـش کردنـی زمـان و خـاك شـتێک دێتـە کایـەوە، کـە پێـی دەگوترێـت میللـەت - نەتـەوە. ئەڵبـەت دەبێـت ئـەوەش بڵێیـن کـە زمـان بەبـێ هەبوونـی کەسـانێک کـە قسـەی پـێ بکـەن، هیـچ بوونێکـی نییـە، واتـا کەسـانێک دەبێـت هەبـن هەڵگـری ئـەم زمانـە بـن و ئاخاوتنـی پـێ بکـەن. لێـرەدا نەتـەوەی خـاوەن زمـان دەبێتـە بوونێکـی ژیاریـی و ڕاستەقینە. ئـەم بوونـە ژیارییـە بوونێکـی خوداییـە، چونکـە لێـرەدا مـرۆڤ دەبێتـە هەڵگـری هـزر و ئەخـلاق و یاسـاکان بـە هەمـوو لایەنەکانییـەوە، کـە ئەمـەش ئامانجـی خودایـە لـە بەرهەمهێنانـی مرۆڤـی بـاڵا. شـایانی گوتنـە کـە لێـرەدا ئێمـە تەنهـا توانیومانـە ڕوویەکـی بچووکـی ڕەهەنـدە جیاوازەکانـی ئـەم مرۆڤـە خوداییـە بخەینـە سـەر کاغـەز و باسـی بکەیـن. مرۆڤـی گەشـەکردوو خاوەنـی هەرسـێ توخمـی سـەرەتایی زمـان و خـاک و نەتەوەیـە، کـە دەچنـە چوارچێـوەی ڕەمەکـەوە. دوای ئەمانـەش پەیدابوونـی هـزر و پەیامـی ئاسـمانی (ئێتیـکا – ئەخـلاق بـە هەمـوو ڕەهەندەکانییـەوە) و یاسـاکان، مرۆڤـی گەشـەکردوو دەکـەن بـە مرۆڤـی بـاڵا. مرۆڤـی بـاڵا کۆتافۆڕمـە کـە خـودا ئامانجییەتـی دروسـت بـکات لـە سـەر زەوی. مرۆڤـی بـاڵا بـە یاسـای ئاسـمان پارێـزراوە و هـەر دەسـتبردنێک بـۆ ئازاردانـی، یـان بەنـزم سـەیرکردنی یـان تێکدانـی، دەسـتبردنە بـۆ پیرۆزییـەکان و خەلقـی خـودا.

سـەرەڕای ئـەوەش کـە نەتـەوە مافـی هەمـوو جـۆرە ڕێزلێگرتنێکـی هەیـە لـە لایـەن نەتەوەیەکـی دیکـەوە، بـەڵام لێـرەدا ئێمـە لـە دۆخێـک خۆمـان دەدۆزینـەوە کـە ستەمکراوە، خوێنـڕژاوە، نەتەوەیەکـی خـودا لـە لایـەن نەتەوەیەکـی دیکـە داپڵۆسـێنراوە و ئەشـکەنجە دراوە، تەنهـا لەبـەر ئـەوەی نەتەوەیەکـی تـرە و خـاوەن زمانێکـی دیکـە و خاکـی خۆیەتـی. ستەملێکراو ئاسایی مافـی خۆیەتـی بەرگری بـکات لـە خـود و مانـەوە، لـە کولتـور و زمـان، لـە خـاك و ئابـڕوو. لـەوەش زیاتـر ئـەو مافـە پـەرە دەسـەنێت کاتێـک دەبینیـن سـتەمکار هێشـتا وازی نەهێنـاوە لـە سـتەمکردن. نـەك هـەر وازی نەهێنـاوە، بەڵکو ڕەوایەتـی بـە سـتەمەکەی دەدات و لـە هەمـوو بارێکیشـدا پەنـا دەبـات بـۆ پەیامـە خوداییـەکان بـۆ بیانووهێنـان لـە بـەردەوام بـوون لـە سـتەمەکەی.

ئـا لێـرەدا بەرگـری کـردن لـە نەتەوەیـەک دەبێتـە ئەرکێکـی خودایـی. هەمـوو ئەرکێکـی خوداییــش ئەرکــی خانەدانەکانــە. هــەر وازهێنانێــک لــە بەرگــری کــردن لــە نەتــەوە خۆدزینەوەیـە لـە ئەرکـە خوداییەکـە، خۆدزینـەوەش لـە ئەرکـی خودایـی پیشـەی مرۆڤـە ناڕەسـەنەکانە.

## کــورد و ئەوانی تر

گرنگتریــن شــت کــە پێویســتە بگوترێــت ئەوەیــە، گەلــی کــورد خاوەنــی ناوازەتریــن ئەخلاقــە. گەلــی کــورد هەرگیــز نەیزانیــووە نەژادپەرستی چییــە. میللەتــی کــورد نــەك بــەس دۆســتایەتی، بەڵکــو برایەتــی گەلانــی بەرپاکــردووە، ئــەوەش ئــەدگاری مرۆڤــی باڵایــە. گەلی کــورد هەمــوو کات ئامــادەی برایەتییــە لەگــەڵ عــەرەب و فــارس و تــورک. بۆیــە گەلــی کــورد پێویســتی بــەوە نییــە فێــری تۆلێرانــس و لێبوردەیــی نێــوان گــەلان بکرێــت.

کــورد ئــەو نەتەوە مەزنەی کە خاوەنــی زووترین مێژووە، بەڵام نەنــووسراو، ئەو نەتەوە مێژووییــەی کــە لە چیاکانی زاگرۆس و تۆڕوســەوە بوونێکی نەپچــڕاوی هەیە، بەڵام درەنگ کەوتووەتــە داوی هەســتکردن بــە بــوون و بەخــودی خــۆی وەکــو ئێتنــۆس. کــورد وەکــو تــورک لــە ناوچەکانــی ئۆڕاڵــەوە نەهاتــووە، وەکــو عەرەبیش لــە نیمچە دوورگــەی عەرەبی و بەنــاوی ئیســلام نەهاتــووە، و بەرانبــەر فارســەکانیش، کورد گەلی ســەردار و سەردەســت بووە، کە ئەوســاکە لە چوارچێوەی ئیمپڕاتۆریی مـــادی مەزنەوە خۆی بەرجەســتەکردووە.

کــورد، ئــەو نەتەوەیــەی لــە هەمــوو نەتەوەکانــی ســەر زەمین زێــتر ناپاکی لەگــەڵ کراوە، لــە پشــتیەوە تیغی لــێ دراوە، ئەو نەتەوەیەی لــە گۆڕەپانی جەنگ شــێلگیرانە بەرانبەرەکەی ڕاماڵیــوە، بــەڵام نــەک بــۆ خــۆی، بەڵکو بــۆ ئەوانەی ئەمڕۆ لەســەر پشــتی کــورد و خاکەکەی، ســەردار و خــاوەن ماڵــن. نەبەردیی گەلی کورد لــە گۆڕەپانەکانی جەنــگ وایکردبوو تەنانەت نەتــەوە دوردەســتەکانیش چــاوی تێبــڕن، ئەوەتــا لــە نامەیەکــدا کــە لــە ڕێکەوتــی ١٨ی ئەپریل/نیســانی ١٨٥٤ لــە لایــەن خەباتــکاری پۆڵەنــدی "لودفیک زڤێیرکۆڤســکی" بــۆ "ئادام میچســکیێڤیچ" هۆزانڤانی پۆڵەندی نووسراوە، تیادا هاتووە کە جەنەڕاڵی ســوپا "ڤۆیــچێــخ خــشــانــۆڤــســکــی" داوای ٣٠ هــەزار جەنــگاوەری کــورد دەکات بــۆ ڕووبەڕووبوونــەوەی ڕوســەکان و تێکشــکاندنیان[1]. پۆڵەندییــەکان یەکەم و دواهەم نەتــەوە نەبوون کە ئاگاداریی چاونەترســی و ئازایەتــی گەلــی کوردبــوون، ئــەو گەلــەی بــووە چەکێکــی ئاشــکرا بە دەســتی عوســمانی و فارســەکان بــۆ تێرکردنی مەرامی سیاســی خۆیــان و دروســتکردنی وڵاتی دڕندە و

(1) Jadwiga Łuczakowa, Adam Mickiewicz w listach Ludwika Zwierkowskiego (Lenoira) do Władysława Zamoyskiego. Pamiętnik Biblioteki Kórnickiej Z. 6, Kórnik 1958, s. 362.

دڵڕەقی نەتەوەیی دوور لە هەموو پڕانسیپێکی مرۆڤدۆستی و دژ بە برایەتی نێوان گەلان.

کورد ئەو گەلەی دەبێت هەموو خولەکێک چاو بخشێنێتە مێژوو، بۆ یەک سات نابێت لێی بێ ئاگا بێت. دیرۆکی کورد گەواهی ئەوەیە کە چۆن و لە چ ماوەیەکی کورتدا دەیان جار فێڵی لێ کراوە. ئەوان لە گۆڕەپانی سیاسەت و جەنگدا هەموو شتێکیان بە مەردانە کردووە، وایانزانیوە دوژمنیش وەکو ئەوان مەرد و خاوەن بەڵێن و پەیمانە. لاپەڕەکانی مێژوو پڕن لە ناپاکی دژی کورد، کەچی هێشتا هەستی یەکبوون و یەکبیریی نەتەوەیی لای کۆمەڵانی کورد زۆر لاوازە.

گەلی کورد لە سەر خاکی خۆی گەورەترین ناپاکی و ستەمی لێکراوە، ئەو گەلەی دەبوو ئێستا دووەم گەورەترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت لەڕووی ژمارەوە، بەڵام هەروەک لەم توێژینەوەیە ڕوونی دەکەینەوە چی بەسەر هاتووە. هەر لەو پارچەیەی کەوتووەتە ناو عێراقی بەریتانییەوە لە لایەن حوکمڕانانی ئەم وڵاتە چ بەڵایەک بۆ کورد سازکراوە. بۆ نموونە کاتێک عەبدولکەریم قاسم دەسەڵات دەگرێتە دەست، دوای دوو ساڵ لە ئاشتی پەلاماری کوردستان دەدات و هەڵپاچین و پوکاندنەوەی نەتەوەی کورد دەست پێدەکات، کەچی لە هەمان کاتدا لە ناوەڕاست و باشووری عێراق دەیان قوتابخانە و یەکەی نیشتەجێ بوون و نەخۆشخانە بنیات دەنێت. ئەمەیان سیاسیە میانڕەوەکەیان بوو!

ئایا گەلی کورد دەبێت ئیتر کاتی ئەوەی نەهاتبێت بزانێت سیاسەت بکات و گومان لە هەموو نەتەوەیەک و کەس و لایەنی بێگانە بکات، بۆ هەموو دۆخێک پلانی زیرەکانەی هەبێت، نەك هەموو هێلکەکانی بخاتە سەبەتەیەکەوە و لە کۆتاییدا دوژمن هەموو ڕیسەکەی لێ بکاتەوە خوری؟

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە تەنها بیر لە یەکگرتوویی بکاتەوە؟ مێژووەکی برادۆستانە لەگەڵ خۆی تۆماربکات، چونکە مێژوو بەرانبەر کەس دلۆڤان نابێت و ڕاستییەکان وەکو خۆی بۆ نەوەکان دەگوازێتەوە؟

ئایا لاوانمان هێشتا درک بەوە ناکەن کە دوژمنان لە هەلێك دەگەڕێن تاوەکو ئەو قەوارە بچووکەی لە باشوور سازمان کردووە، لەناوی ببەن؟

## خــوێـنــەری بــەڕێــز

ئایا پـەی بـەوە دەبەیت، کـە سـەت سـاڵ زەوتکردنـی مافـە ڕەواکانـی نەتەوەکـەت چ کارەسـاتێکی جەرگبـڕی لێکەوتووەتـەوە؟ ئایا دەزانـی گەمـەی زلهێـزەکان چ بەڵایەکـی بـۆ کـورد هێنـاوە؟ ئایـا دەتـەوێ بزانیـت دیمۆگرافیـای کوردسـتان دووچـاری چ پاکتاوییـەک بووەتـەوە؟ ئایـا دەزانیـت کـە نەتـەوەی کـورد لـە ڕووی ژمـارەوە دەبـوو ئێسـتا لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دووەم گەورەتریـن نەتـەوە بێـت ؟ ئایـا دەزانیـت کـە نەبوونـی قـەوارەی سیاسـی-نەتەوەیی واتـا لەناوچوونـی نەتـەوە؟ واتـا لەناوچوونـی زمـان و لەناوچوونی کولتـور؟ ئایا دەزانیـت کە کـورد لەنێـو سیاسـەتی نەتەوەگەرایـی میللەتەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی وەکـو تـورک و عـەرەب و فـارس هەرگیـز پارێـزراو نییـە؟ کەواتـە، ئایـا لـە بێدەوڵەتیـدا ”نەتـەوە“ دەمێنێتـەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری تر لەم پەرتوکە دەدەینەوە.

**ئەوە سەت ساڵە گەلی ئێمە سزا دەدەن، ئەرێ تێر نەبوون؟**

کێـن ئەوانـەی ئـەو پەیڤانـە دەهێننـە گۆتـن؟ کێـن ئەوانـەی لـەم ڕسـتەیە تێدەگـەن؟ تەنهـا کەسـانێك کـە لەنـاو دیرۆکـی کۆمەڵکوژیـی و سـزادانی بەکۆمـەڵ و چەوسـانەوەی میللـەت و دەربـەدەری و ماڵویرانـی ژیـاون. ئـەو قسـەیە زۆر پەیوەسـتە بـە هـزری یادەوەریـی نەتـەوەی کـورد. ئـەو نەتەوەیـەی کـە هەمـوو ڕۆژ سـزا دەدرێـت تەنهـا لەبـەر ئـەوەی خـودا وەکـو کـورد دروسـتی کـردووە، ئـەو نەتەوەیـەی نکۆڵـی لـە سـادەترین مافـی دەکرێـت کـە خـودا پێـی داوە، ئـەو نەتەوەیـەی کـە مافـی بوونـی وەکـو نەتەوەیەکـی جیـاوازی لـێ قەدەغـە دەکرێـت و بـە چەنـدان نـاو و ناتـۆرەی قێـزەون وەسـفی دەکرێـت. ئـەو نەتەوەیـەی کـە هەمـوو سـاتێک باجـی کوردبوونـی دەدات، ئەنجـا لـە لایـەن کـێ؟ لـە لایـەن میللەتانێـک کـە بانگەشـەی ئیسـلام و موسـوڵمانێتی دەکـەن، لـە لایـەن میللەتانێـک کـە خۆیـان لـە سـەر خاکـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت نامـۆ و نوێـن و لەسـەر شـان و ملـی کـوردەوە خۆیـان چەسـپاندووە. ئـەو میللەتـە دووڕووانـەی کـە لـە کوشـتنی منداڵ و ژن و پیـر و لاو سـڵ ناکەنـەوە، لای ئـەوان تەنهـا ئـەو کاتـە کـورد مافـی ژیانـی هەیـە، کـە لـە هەسـتی نەتـەوە و لـە هەمـوو وێژگێکـی کوردبـوون داماڵرابێـت.

بۆئـەوەی لـەم ڕسـتەیەی سـەرەوە تێبگەیـن دەبـێ خۆمـان زامـدار بیـن بـە زامـی بـێ وڵاتـی و قوربانیـدان. ئـەوەی قسـەیەکی ئەوهـا دەکات لـە یەکـەم ڕۆژی چاوکردنـەوەی بـە دونیـا، زامـدارە بـە زامـی نەبوونـی نیشـتمان و زامـی دەربـەدەری و بـێ شوناسـیی، زامـی گریانـی دایـکان و بـاوکان، زامـی کۆرپـەی بەجێمـاو و خنـکاو بـە گازی کیمیایـی و خانـووی سـوتاو، زامـی دێهاتـی کاولـکراو. ئێسـتاش دوای ئـەو هەمـوو نەهامەتیـە، جێگـەی داخ و پەژارەیـە کـە ئـەو هەمـوو شـەهید و قوربانـی و کاولکاریـەی کوردسـتان نەبووەتـە هـۆی دروسـت بوونـی هەسـتی نەتەوەیـی لای بەشـێکی لاوەکانمـان. تـا وای لێهاتـووە ئەگـەر ماڵباتێـك شـەهیدێکی نەبێـت یـان تووشـی ڕاگواسـتن و ناخۆشـی نەبووبێتـەوە، ئـەوا زۆرجـار هەسـتی نەتەوەیـی لـێ بـەدی ناکرێـت. لاوان و تازەپێگەیشـتوانمان بـێ ئـاگان لـەوەی ڕابردوومـان

بریتــی بــووە لــە وێــران کردنــی گونــدەکان و ئەنفــال و کیمیابــاران، بریتــی بــووە لــە پاکتــاوی ڕەگــەزی لەســەر بنچینــەی نەتــەوە و ناســنامەی کوردبــوون. درەنــگ یــان زوو نــۆرەی هەمــوو مرۆڤێکــی کــورد دەهــات، تاکتیکــی حکومەتەکانــی بەغــدا ئەوهابــوو کــە کــورد بەگــژ یەکــدا بنێــن و هەندێکیــان بەکــرێ بگــرن، جینۆســایدی بەشــێکیان بکــەن و بەشێکیشــیان بکەنــە جــاش و بەکرێگیــراوی خۆیــان، تــا لــە کۆتاییــدا هەموویــان گورگانخــواردوو بکــەن.

## کێشە بنەڕەتییەکان

کـورد ئـەو نەتەوەیـەی لـە دوو لایەنـی جیۆگرافـی سـەرەتاییەوە کەوتۆتـە پەراوێـز و بووەتـە بەشـێکی دابـڕاوی مێـژوو. ئـەو دوو لایەنـە بریتیـن لـە نەبوونـی دەروازە بـە ڕووی دەریـا بـۆ گەیشـتن بـە جیهانـی دەرەوە، ئەمـەش گەلـی کـوردی لـە خاکێکـی داخـراو قەتیسـکردووە. لـە لایەکـی دیکـە خاکـی شـاخاوی و هەبوونـی ڕووبـارەکان وەکـو هۆکارێکـی جیۆگرافـی ناوخۆیـی بووەتـە هـۆی لێکدابڕینـی خێڵـە کـوردەکان بەدرێژایـی مێـژوو. هـەروەک کوردناسـی پۆڵەنـدی پڕۆفیسـۆر ئاندژێـی پیسـۆڤیچ دەڵێـت: ئـەو لێکدابڕینـە بـە یەکێـك لـە گەورەتریـن ئاریشـەکان دادەنرێـت لـە بـەردەم یەکگرتنـی ئـەو خێڵانـە و دروسـت کردنـی هەسـتی یەکیەتـی لـە نێوانیـان. دووری و نەبوونـی دەروازەیـەک بـۆ سـەر دەریـاش نەیهێشـتووە بەریەککەوتنـی بازرگانـی و کولتـوری لەگـەڵ جیهانـی دەرەوە ڕووبـدات، ئەمـەش کاریگـەری خراپـی هەبـووە لەسـەر فێربـوون و وانەگرتـن لـە ڕووداوەکانـی دەوروبـەر و ناسـینی ئەویـتری بێگانـە و هەسـتکردن بـە جیاوازییـە ئیتنییـەکان، سـەرەنجام وایکـردووە هـزری سیاسـی لای کـورد چەکـەرە نـەکات. هـەر بۆیـە پێموایـە کـورد هێشـتا نەبووەتـە نەتەوەیەکـی سیاسـی. سیاسیبوون واتا هەبوونی شوناسـی هاوبـەش لـە نێـوان تاکـەکان، کـە ئەمـەش بـە واتـای هەبوونـی هەسـتی یەکبـوون دێـت لە پارچـە خاکێکـی دیاریکـراودا. بەدیهاتنـی ئەمـەش ئەسـتەمە بەبـێ دروسـتبوونی دەوڵـەت. کـورد هێشـتا بـێ باکانـە سـەیری نەتەوەکانـی چـواردەوری خـۆی دەکات و وەک بڵێـی جیاوازییـەک نەبینێـت یاخـود وەکـو بـرای موسـوڵمان لێیـان دەڕوانێـت. بـرای موسـوڵمانی غەیـرە کوردیـش وەکـو گـورگ دەیـان جـار دەچێتـە پێسـتی مـەڕەوە، ئایـن وەکـو ئامـراز بەکاردەهێنێـت و هەمـوو جارێـک لەگـەڵ کـورد ئامانجـی ناپاکانـەی خـۆی دەپێکێـت.

لـە لایەکـی دیکـەوە، هەرچەنـدە جیۆگرافیـای کوردسـتان لـە ڕووی خاکـەوە یەکپارچەیـە، بـەڵام باڵادەسـتی و دەسـت تێوەردانـی هـەردوو ئیمپڕاتۆریەتـی فارسـی و عوسـمانی پارچـە پارچـەی کـردووە و درزی خسـتۆتە نێـو خاکـی کـوردان و لەسـەر بنەمـای خێـڵ و زۆرجاریـش مەزهـەب سـنورێکی دەسـتکردی بـۆ نەخشـاندووە. لێـرە بـە پلـەی یـەک مەبەسـتمان لـە دروسـتبوونی کوردسـتانی عوسـمانی و کوردسـتانی فارسـییە، ئـەوەش

دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی چاڵدێران لەساڵی ١٥١٤، لەو ساوە کوردستان دەبێت بە دوو بەش. ئەم دوو زلهێزەی ناوچەکە و پێشترین خەلافەتی ئومەوی و عەباسی، کوردیان لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرکێشا. چەندان هۆزی کورد خاکی خۆیان بەجێ هێشت و تێکەڵی فارس و تورک و عەرەب بوون، بە نموونە ئیبن خەلدون باس لە کۆچی سێ هۆزی کورد بۆ وڵاتی مەغریب و نیشتەجێ بوونیان لەوێ بۆ هەمیشە دەکات. لە وڵاتی ئێران بەشێکی زۆر گەورەی خێڵی زەنگەنە و کەلهوڕ لە شارەکانی شیراز و ئەسفەهان وەکو فارس خۆیان دەناسێنن، هەروەها هۆزی نانەکەلی لە شارەکانی کاشان و شارۆچکەکانی کرماشان بە هەمان شێوە. ئەوانە و چەندین هۆزی دیکەی کورد لە ناو فارس و تورک و عەرەب تواونەتەوە.

مێژوونووسی گەورەی کورد، شەرەفخان دەفەرموێ: سنوری کوردستان لە لێواری کەنداوی فارسیەوە دەست پێدەکات بە هێڵێکی ڕاست دەکشێ هەتا لە مەڵبەندی مەلاتیە و مەرەش دەبڕێتەوە. وڵاتی فارس و عێراقی عەجەم[1] و ئازەربایجان و ئەرمەنستانی گچکە و ئەرمەنستانی گەورە دەکەونە لای باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئەو هێڵەوە، مووسڵ و دیاربەکر دەبنە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، واتا شاری مووسڵیش شارێکی کوردیە و سنوری کوردستان دوای ئەو شارە دەست پێدەکات. عێراقی عەرەبیش دەکەوێتە باشووری ئەو سنورەوە.

لێ دۆخی کارەساتبار لە سەدەی بیستەم دەست پێدەکات، ئەمەش دوای بێبەشکردنی کورد لە مافی چارەی خۆنووسین، لەو ساوە خاکی کوردستان بە درێژایی سەت ساڵ، بەشێوەیەکی بێ ویژدانانە کەوتە بەر وێزەی داگیرکاری چوار وڵاتە داگیرکارەکە، کە دوانیان (عێراق و سوریا) بەهیچ شێوەیەك پێشتر بوونیان نەبووە، لە ڕێگەی پلانی درێژخایەن و بەرنامەڕێژی جۆراوجۆر تا ئەمڕۆش لە کورتکردنەوەی سنور و داپچڕینی گوند و دێهاتی کوردستان بەردەوامن و بە زۆر شێوەی جیاواز پلانەکان جێبەجێ دەکرێن، تاوێك لە ڕێگەی کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن، تاوێکیش لە ڕێگەی بەشارستانی کردنی فێڵبازانە (لە تورکیا)، بۆئەوەی نەتەوەی کورد بتوێننەوە

(١) عێراقی عەجەم یان عێراقی فارس مەبەست ناوچەکانی ئەهوازە.

و ئەسیمیلاسیۆنیان بکەن[١]. کاولکردنی پێنج هەزار گوندی باشووری کوردستان لە ساڵانی هەفتاکان و هەشتاکان لە لایەن ڕژێمی بەعسی عەرەبی و کاولکردنی سێ بۆ چوار هەزار گوندی باکووری کوردستان لەلایەن ڕژێمەکانی تورکیا لە ساڵانی هەشتا و نۆهەتەکان گەواهی ئەو ڕاستییەن. هەرچەند جیاوازییەك بەدی دەکرێ لە نێوان سیاسەتی هەردوو ڕژێم، ئەوەی عێراق پلانی لەناوبردنی هەموو کوردی هەبوو، ئەوەی تورکیا نیازی وابوو کوردەکان کۆچ بکەن بۆ ڕۆژئاوای تورکیا و لە شارەکان ببنە تورکی شارستان و زمان و کولتوری کوردی بە تەواوی لەبیر بکەن، ئەوەشی کە بیەوێت بەرپەرچی ئەو سیاسەتە بداتەوە، ڕاستەوخۆ لەناوببرێت.

ئەوە دەرەنجامی بێبەشکردنی کورد بوو لە دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە. مێژووناس حوسێن مەدەنی دەڵێ: ڕاکێشانی هێڵی سنور بەناو خاکی کوردستاندا، ئاکامی زۆر خراپی بەدوای خۆیەوە هێنا. دۆخی دێمۆگرافی و ئابووری شێواند، خێڵ و هۆزەکان سنوریان بەنێودا هات و بوونە لەت لەت، ماڵ و سامان و خاکیان دابەشکرا، شیرازەی یەکگرتوویی لێکهەڵوەشا، بازرگانی ناوخۆی کوردستان ڕووی لە کزی کرد. هیچ وڵاتێکی داگیرکراو وەکو کوردستانی بەسەر نەهاتووە، بەزۆر پارچەکردن و لکاندنی بەسەر وڵاتانی بێگانە، کورد لە خودان ماڵەوە بوو بە میوانێکی نەخوازراو. ئەوان دوای ئەوەی بەسەر پشت و بازووی کوردەوە گەیشتنە مەبەست، ئەنجا خۆیان لە بچووکترین مافی ئەو میللەتە بێ بەری کرد. لەوەش کارەساتبارتر، کوردستان هەرگیز وەکو وڵاتێکی کۆلۆنیاڵ (موستەعمەرە) ش تەماشا نەکرا، بەڵکو بووە وڵاتێکی لەبیرکراو و بەشێکی جیانەبووەوە لە نیشتمانی تورک و فارس و عەرەب. لەسەر ئەو دابەشکردنەش، چوار وڵاتە داگیرکارەکە ئامادە نەبوون ناوی خاکی کوردستان لەخۆبگرن، تەنانەت ئەو مافەشیان بۆ کورد ڕەوا نەبینی کە بڵێن کوردستانی ئێران، یان کوردستانی تورکیا، بە پێچەوانەوە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی بێ ویژدانانەیان لەدژی میللەتی کورد پەیڕەو کرد. لە ئێران بە کوردەکانی ئێران ناویان دەبەن و لە سوریاش وەکو نەتەوەی بێ نیشتمان سەیری کوردیان دەکرد، لە تورکیاش هەر شتێکیان نەهێشت بەناوی کورد و وشەی

(١) ئەسیمیلاسیۆن واتا تێکەڵ کردنی کورد بە نەتەوەی تورک و ڕەشکردنەوەی هەموو هەستێکی کوردبوون.

کوردستان قەدەغەکرا. هەرچی عێراقە لە ساڵی ١٩٧٠ دوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار و دان پێدانان بە مافە سەرەتاییەکانی کورد، بەڵام هەرگیز ئەو ڕێککەوتننامەیە نەچووە واری جێبەجێ کردنەوە، عێراق تەنانەت خۆی بوارد لە بەکارهێنانی چەمکی "کوردستانی عێراق" و لەجیاتی ئەوە ناویان نا شیمالی حەبیب. ئەو شیمالەی هەرگیز حەبیب نەبوو، بەڵکو مۆڵگەی تاقیکردنەوەی چەکی کیمیایی و ئەنفال و ڕاگواستن بوو.

لە مێژووی سەت ساڵی ڕابردوودا، دوای هاتنی هێزەکانی ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کوردستان وعێراق بوونەتە چەقی بایەخ و گرنگی پێدان لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. ئەو بایەخەش بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، یەکەمیان: بوونی سەرچاوەیەکی زۆری ووزە، دووەمیان: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگەیەکی جیۆپۆلیتیکای ستراتیژی هەیە، چەقی ناوەڕاست و پێکبەستی کیشوەرەکانە، لەمێژوودا ناوچەی تێپەڕبوونی گرنگترین ڕێگە بووە کە پێی دەگوترێت ڕێگەی ئاوریشم. لە پاڵ ئەو هۆکارانە، ڕۆژئاوا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە کۆنترۆڵی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات، نەوەک بکەونە ژێر هەژموونی ڕۆژهەڵات (وڵاتی چین یاخود ڕوسیا).

میللەتی کورد لەو نێوەندەدا بە درێژایی سەت ساڵی ڕابردوو بووەتە بارمتە بەدەست هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و بەدرێژایی ئەو مێژووە درێژە وەکو کارتی فشار بەکارهێنراوە. گەر سەرەنج بدەین هیچ یاسایەك یان پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە و هیچ کاتێك ئامادەیی نیشان نەدراوە بۆ تەنها جارێکیش دادپەروەرانە ڕەفتار لەگەڵ کورد بکەن و هەر هیچ نەبێت لەڕێگەی برگە یاساییەکەوە گەلی کورد بپارێزن لە چوارچێوەی ئەو چوار وڵاتە نەتەوەپەرستە. ئەوە نیشانی دەدات کە مرۆڤایەتی هێشتا لەو قالبە ئاژەڵیە دایە کە تیایدا یاسای جەنگەڵ پەیڕەو دەکرێت، هێشتا بە لۆژیکی هێز و فێڵ و گزی ڕەفتاردەکەن. ئەمڕۆ لە جیهانێکدا خۆمان دەدۆزینەوە کە بنەما بەرزە خوداییەکان و پاکیی ڕوح تەنها دروشمێکن ستەمکاران و داپلۆسێنەران بەوپەڕی بێ بڕواییەوە بۆ کۆنترۆڵکردن و نابوتکردنی میللەتانی بێ پشتیوان بەکاری دەهێنن.

# بەشی یەکەم
# ئاوڕێک لە مێژووی کۆن و سەرهەڵدانی کورد

## ئاوڕێك لە سەرهەڵدانی نەتەوەی کورد

سەبارەت بە مێژووی دێرینی کورد، ڤلادیمیر مینۆڕسکی لە کۆنگرێسی ڕۆژهەڵاتناسان لە ساڵی ١٩٣٨ لە برۆکسڵ دەڵێت: دەبێ ئەوە پەسند بکەین، کە کوردەکان تەنیا و تەنیا لە وڵاتی مادی گچکەوە گەشەیان کردووە و پەرەیان سەندووە[١]. زۆرینەی هەرە زۆری مێژوونوسانی بیانی و کورد و فارس هەمان تێڕوانین دووپات دەکەنەوە. شایانی باسە مێژووی مادەکان زۆر کۆنە، بەڵام یەکەم دەرکەوتنی بەهێزیان دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆرەکەیان لە سەدەی هەفتەمی پێش زایین.

یەکێك لە هەرە گرنگترین پرسەکان کە شایانی تێڕامانە، بریتیە لە بنەمای ئایینیی جموجۆڵیی مادەکان. پێویستە ئاماژە بدەین بەوە کە ناوی مادەکان لە پەرتووکی ئایینی "یودیت یان جودیت" هاتووە کە یەکێکە لە پەرتوکەکانی "بیبلیا"ی پەیمانی کۆن (الهعد القدیم). لە پەرتوکی "یودیت" لقی (١،١)[٢] هاتووە: "ئەرفەخسەد" پاشای مادای Madai لە ئێکباتان - هەمەدان دەسەڵاتدار بووە و لە سەر دەستی پاشای بابیلۆن نەبوخۆدنەسر لە جەنگ شکستی هێناوە. شایانی باسە ناوی ئەرفەخسەد لە پەرتوکی پەیمانی کۆن وەکو کوڕی سام کوڕی نوح هاتووە. بەو پێیە بێت مادەکان ڕاستەوخۆ دەگەڕێنەوە بۆ حەزرەتی نوح (د.خ). لە لایەکی دیکەوە لە فەرهەنگی ئایینی "بیبلیا" واهاتووە کە ئەو ناوە بنەچەی سامی-عیبریی نییە[٣].

مادەکان لە "بیبلیا" ی پەیمانی کۆن لە لایەن دوو لە چوار پێغەمبەرە گرنگەکانی نەوەی ئیسرائیل بە ئاشکرا ناویان هاتووە. یەکەمیان پێغەمبەر "إشعیا" (ئیشعیا) کە لە ساڵانی ٧٦٦-٦٨٦ پێش زایین ژیاوە. ئیشعیا لە سەردەمانێک پێشبینی هاتنی مادەکانی کردبوو کە هێشتا دوور بوون لە جڵەوی دەسەڵات. پێغەمبەری ناوبراو باس لە هاتنی مادەکان دەکات وەکو ڕزگارکەری جووەکان لە دەست ستەم و چەوساندنەوەی ئاشوریە بتپەرستەکان.

---

(١) مادی گچکە: ئەو خاکەی ئێستا تورکە ئازەرییەکانی لێ گیرساوەتەوە.

(2) Księga Judyty.

(3) David Noel Freedman, Eerdmans Dictionary of the Bible, Grand Rapids, p. 106.

دووەم پێغەمبەریش کە ناوی مادەکانی هێناوە ناوی "إرميا" (ئیرمیا) یە. ناوبراو لە ساڵانی ٦٧٠-٥٨٦ پێش زایین ژیاوە، لە کاتێکدا بووە کە مادەکان لەخۆئامادەکردن دابوون بۆ پەلاماردانی وڵاتی ئاشور. سەرچاوەکان دەڵێن ئیرمیا لە نەوەی یەعقوبی کوڕی ئیبراهیمە (د.خ)، سەرچاوەی دیکە دەڵێت لە نەوەی هارونی برای موسایە (د.خ).

**لە پەرتوکی ئیرمیا ژمارە ٥١، ١٠-١١ هاتووە:**

"خودا دۆسیەی ئێمە بە ڕەوا دەبینێت. با بچین لە سیۆن باسی کارە پەرچوویەکانی خودا بکەین، خودای خۆمان. تیرەکانتان تیژبکەن و قەلغانەکان بە ڕۆن سواق بدەن. خودا روحی پاشاکانی مادی بەخەبەر هێناوە، چونکە پلانی خودا لە دژی بابلییەکانە، تاوەکو تێکیان بشکێنێت. ئەوەیە تۆڵەی خودا، تۆڵەیە بۆ سەرخستنی ماڵ و پەرستگاکانی خۆی".

بەگوێرەی ئەم نووسراوە پیرۆزانە، مادەکان میللەتێکی خودایی خاوەن ئەرزشی ئاسمانی بوونە. لە هەڵسوکەوتی مادەکان بەرانبەر ئاشوریەکان دەردەکەوێت، کە ئەوان لە ڕێگەی پەیامێکی بەرزی خوداییەوە هاتوون بۆ لەناوبردنی ئاشوریەکان و ئەم کارەشیان بە ئەرکی خۆیان زانیووە، ئەرکێک کە بە فەرمانی ئاسمانەوە بووە. کەواتە لێرەدا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە مادەکان نوێنەرایەتی پەیامی خودایی و بەهای ئەخلاقی ئایینیان کردووە بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی دڕندە و بتپەرستی ئاشوری.

## نەژادی گەلی کورد

لەبارەی بنەچەی نەژادی کورد مێژوونووس محەمەد ئەمین زەکی پێی وایە میللەتی کورد لە دوو چینی سەرەکی پێکدێن، کە دەکرێت بەو شێوەیە پۆلێن بکرێن: هۆز و خێڵەکانی چیای زاگرۆس کە پێکدێن لە: لۆلۆیی، گوتی-گورتی، سوباری، میتانی، هوری و هتد[١]. مێژووی ئەو هۆزانە زۆر کۆنە، دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێهەم و دووەم پێش عیسا، لە ڕووی ئەنترۆپۆلۆگییەوە کارێکی گرانە کە بزانرێت ئاخۆ سەر بە چ گروپێکی ئیتنی – نەژادیی بوون. جێی ئاماژەیە، لێکۆڵیار و زانای گەورەی عەرەبی عێراقی "تەها باقر" لە پەرتوکی :مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة" لە بەشی دووەم لاپەڕەی ٤٣٢ دەڵێت: میتانییەکان لە دەوروبەری ١٤٠٠ ساڵ پێش زایین ئیمپراتۆریی گەورەیان بەناوی میتتانی دروست کرد، باوانی کورد پێک دەهێنن[٢]. هۆزەکانی دووەم پێیان دەگوترێت هیندۆ ئەوڕوپییەکان کە بریتین لە مادەکان و کاردۆخییەکان[٣]. مێژوو هیچ جەنگ و دوژمنداریتییەکی لە نێوان ئەم دوو چینەی سەرەوە تۆمار نەکردووە، وادەبینرێت کە ئەم دوو چینە لە ڕووی نەژادەوە درێژکراوە و تەواوکاری یەکتری بن. لە مێژووی ١٠ هەزار ساڵی پێش زایین چەند کۆچڕەوییەکی گروپە ئیتنییە هیندۆئەوڕوپییەکان بەرەو چیاکانی زاگرۆس و ئەناتۆڵیا و ناوچەکانی ئێرانی ئێستا و هیندستان و ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئەوڕوپا ڕوویانداوە، کە بە کۆچی مەزن ناسراون. کۆچی مەزن بەلای کەمەوە دووجار بۆ ناوچەکانی زاگرۆس و تۆروس ڕوویداوە. کۆچبەرانیش لە هەمان نەژاد بوونە و بەهۆکاری ژینگەیی و ژیاریی کۆچیان کردووە.

---

(١) ئەوە بۆچوونی ڤاسیلی نیکیتینە کە زانایەکی ئەنترۆپۆلۆگی و کۆنسوڵی ڕوسیا بووە لە شاری ئورمیە.

(٢) طه باقر، مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة، جزء الثاني، ص ٤٣٢.

(٣) پرسی ئاری بوونی مادەکان و کاردۆخییەکان جێگەی مشتومڕی زۆر توێژەرە. ئەم پرسە مێژوونووسانی دابەشکردووە بۆ سەر دوو چین. بەڵام بەشە گەورەکەی مێژوونووسان لەگەڵ ئەوەن کە مادەکان ئارین و ئەمەش بووەتە هۆی پۆلێنکردنی گەلی کورد وەکو لقێکی گەلانی هیندۆئیرانی و لە خێزانی هیندۆئەوڕوپی.

لـە سـەردەمە کۆنەکانـدا، ماڵباتـەکان، خانـەوادە دەسـڕۆکان جڵـەوی ڕێبەرێتـی هۆزێـك یـان کۆنفیدراسـیۆنی چەنـد هۆزێکیـان گرتووەتـە دەسـت، ئەنجـا قەوارەیەکیـان دروسـت کـردووە و نـاوی قەوارەکـەش بەنـاوی خانـەوادەی دەسـەڵاتدار ڕۆیشـتووە. بۆیـە ئاسـاییە هـەر سـەردەمێك ماڵباتێـک یـان سـەرهۆزێک حوکمڕانیـی گرتبێتـە دەسـت و تـەواوی ناوچەکـە، یـان وڵاتەکـە بـەو نـاوەوە ناونرابێـت. لـەوەوە دەبینیـن مێژوونـوس ئارشـاک سافراسـتیان کاردۆخیـەکان بـە گۆتیـەکان دەچوێنێـت و دەڵێـت نزیکـەی دە هەزاریـان بـەرەو لاپاڵـی چیـای حەمریـن چـوون و لـەوێ گیرسـانەوە،بەڵام لەگـەڵ گوتیـوم لـە پەیوەنـدی تـەواو دابـوون[1]. کەواتـە ئـەو بەریەککەوتنـەی هۆزەکانـی ئـەو وڵاتـە سـەرەتاییانە، سـەرەرای ئـەوەش کـە بـە نـاوی جیاجیـا دەرکەوتـوون، نزیکایەتـی و هاوخوێنیـی نێوانیـان دەسـەلمێنێت و لـە سـەدەکانی دواییـدا دەبنـە فاکتەرێکـی گرنـگ بـۆ بناغەگرتنـی نەتـەوەی کـورد.

زۆرجـار دوژمنـان بـۆ سەرلێشـێواندن پرسـیاری ئـەوە دەکـەن ئایـا کـورد مێژووەکـەی کـەی سـەری هەڵـداوە یاخـود کـورد لـە کوێـوە هاتـووە؟ وەک ئـەوەی نەتەوەکانـی دیکـە مێـژووی سـەرەتای سـەرهەڵدانیان دیاربێـت!؟ وەک ئـەوەی خۆیـان لـە ئەزەلـەوە لـە ئاسـمانەوە مێژوویـان دیاریکرابێـت.

جێـی تێڕامانـە ئەگـەر بگەڕێینـەوە بۆ دواوە بـۆ پشـکنینی سـەرەتای میللەتـان، دەبینین هەمـوو میللەتێـك سـەرەتایەکی هەیـە، وەلـێ ئەگـەر پرسـیاری ئـەوە بکەیـن ئـەدی پێـش ئـەو سـەرەتایە چـی بـوو؟ لـە کـوێ بـوو؟ لـە وەڵامـی ئـەوەدا دەچینـە نـاو نادیـار. چونکـە مـرۆڤ زۆر پێـش ئـەوەی فێـری نووسـین بێـت، ژیارێکـی سـەرەتایی گـەڕۆک و نەفامانـەی هەبـووە. مـرۆڤ درەنـگ فێـری نووسـین بـووە، لـەوەش هەورازتـر، زۆر درەنـگ پـەی بـردووە بـە تۆمارکردنـی مێـژووی خـۆی، چونکـە پـەی بـە ڕووداوەکان نەبـردووە و وانـە و دەرەنجامـی لـێ وەرنەگرتـووە. کەواتـە هەمـوو نەتەوەیەکـی سـەر ئـەم زەمینـە تەنهـا توانـای دەستنیشـان کردنـی ماوەیەکـی دیاریکـراوی مێـژووی خـۆی هەیـە و ئـەوەی تـر بـە نادیـاری دەمێنێتـەوە. پێویسـتە ئـەوەش بگوترێـت هەمـوو زانیارییەکـمان دەربـارەی

---

(1) Arshak Safrastian, Kurds and Kurdistan, The Harvill Press LTD., London 1948.

مێـژووی کۆنـی هـۆزە کوردیـەکان لـە تاشـەبەردین و نـووسراوی سـۆمەری و بابلـی و ئاشـوری و هەروەهـا پەرتوکەکانـی نـەوەی ئیسرائیـل و دواتریـش تۆمارەکانـی گریکـی و ڕۆمانـی بـۆ ماوەتـەوە. ئـەوەش پێـمان دەڵێـت کـە هـۆزە کوردیـەکان لـەو سـەردەمە کۆنـەدا نووسـینیان نەزانیـووە یـان پەییـان نەبـردووە بـە تۆمارکردنـی ڕووداوەکان، نـەک هـەر ئـەوان بەڵکـو فارسـەکانیش نووسـینیان نەزانیـوە، بگـرە وەکـو میللـەت هێشـتا هیـچ ئاسەوارێکیشـیان نەبـووە. ئـەوە باسـی عـەرەب و تـورک هـەر ناکەیـن چونکـە ئـەوان خەڵکـی ئـەم ناوچەیـە نیـن.

وەک دواتـر دەیسـەلمێنین، هەخامەنشـییەکان لـە دوای مـادەکان سـەریان هەڵـداوە، ئـەوان هۆزێکـی سـەر بـە مـاد بـوون. ئـەو ڕاسـتییە هیـچ لێڵییەکـی تێـدا نییـە کـە هـۆزی هەخامەنـش لەژێـر فەرمانڕەوایـی و دەسـەڵاتدارێتی مـادەکان لـە ناوچـەی پەراسـووی خـوارەوە لـە ئەنشـان ژیـاون. ئەمـەش لـە خـوارەوە چاکـتر ڕوون دەکەینـەوە.

**کورد یان فارس - کامیان یەکەمینن؟**

سەرەتا با لەو پرسیارە دەست پێبکەین، بۆچی لێرە تەنێ ناوی کورد و فارس دەهێنین؟ وەڵام ئەوەیە، چونکە لە دێر زەمانی کۆنەوە تەنها دوو میللەتی گەورە، تەنها دوو ئێتنۆس لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوون و تا ئێستاش ماونەتەوە، کە دیرۆکی نەپساویان هەیە هەر لە سەردەمانی پێش زایینەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ، ئەوانیش کورد و فارسن. شایانی باسە ئەرمەنەکانیش لە پاڵ ئەوان هەبوون، بەڵام بوونی ئەرمەن وەکو میللەتێکی بچووك کاریگەری بۆ سەر هاوکێشەی مێژوویی کورد نەبووە، هەربۆیە لێرەدا ئاماژەی پێ نادەین. هەرچی عەرەب و تورکە، هیچ بوونێکی کۆنیان لەم ناوچەیە نەبووە تاوەکو ململانێی مێژوویی لەسەر بکرێت. ململانێ لەسەر مێژووی دێرین گرنگی زۆری هەیە لە ڤەکۆڵینەکانمان، چونکە دەتوانین لە بەرەنجامدا ئۆباڵی چەواشەکاری و کورتبینی و گەمژەیی بخەینە ئەستۆی مێژوونووسانی فارس بە پلەی یەک. ئەڵبەت وەنەبێت مێژوونوسانی عەرەب بێ تاوان بن لەو پرسەدا، بەڵام ئەوەندەی گلەیی لە فارسەکان ڕەوایە، ئەوەندە لە عەرەبەکان ڕەوا نییە لەبەر دوو هۆکار. یەکەم: چونکە مێژوونوسانی فارس ڕاستییەکانیان دەزانی و خۆیان لێ لادەدا، یانیش کەوتبوونە ژێر کاریگەری متمانە بەخۆبوونی کوێرانە و ئاگایان لەوە نەبوو چ تاوانێکی گەورە لە بەرانبەر میللەتی کورد دەکەن. دووەم: چونکە مێژوونوسانی فارس هاوار دەکەن کەوا میللەتی کورد بەشێکی دانەبڕاون لە میللەتەکاتی هیندۆئێرانی. ئەی کە وایە، بۆچی نەتانهێشت ببێتە خاوەنی قەوارەی خۆی و ببێتە برایەکی بەهێزی مێژوویی لەپاڵ میللەتی فارس؟ مێژوونوسانی فارس دەیانتوانی مێژوو ئاڕاستە بکەن و کورد بکەنە برابەشی مێژوویی، بەڵام لە گەمژەیی و لوتبەرزی خول دەخۆنەوە. میللەتی کورد کۆڵەکەی هێشتنەوەی ڕەسەنایەتییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام فارسەکان خۆیان لەو ڕاستییە کەڕکرد، ئەوەش دەرەنجامی خراپی هەبووە و دەبێت.

شـتێکی سروشـتیە، کـە ئەوانـەی زووتـر فێـری نووسـین بـوون، زووتریـش فێـری چۆنییەتـی بەڕێوەبـردن و ڕێـکاری کارگێـڕی وڵات بـوون، سـەرەنجام زووتـر چوونـە قۆناغـی پێگەیشـتنی سیاسـی، زووتـر قـەوارەی ئیمپراتـۆری و دواتریـش دەوڵەتـی نەتەوەییـان دامەزرانـد. ئەوانـە بوونـە بـراوەی مێـژوو و بـە ئـارەزووی خۆیـان دیرۆکـی خۆیـان و ئەوانـی دیکەیـان نووسـیەوە. فارسـەکانیش ئاسـایی وەکـو میللەتێکـی زووهەڵکەوتـوو، خۆیـان کـردە سـەرەتا و ڕەسـەن، میللەتـی کوردیشـیان وەکـو بەشـێک لەخۆیـان زانـی، وەك ئـەوەی لـە منداڵدانـی فارسـەکانەوە لەدایـک بووبێـت. لـە بەرانبـەردا کوردیـش ئـەو مافـە بەخـۆی دەدات، کـە هەمـان گریمانـەی بوونـی خـۆی بخاتـە پێـش بوونـی فـارس، واتـە کـوردەکان بـاوان و پێشـینە بـن و فارسـەکانیش هۆزێکـی سـەربە کـورد بووبـن. ئـەو مشـتومڕییە قوڵـە بـەردەوام بوونـی هەیـە لـە نێـوان کۆمەڵانـی ئەکادێمـی کـورد و فـارس، هـەر یەکەیـان ڕاسـتی بـەلای خۆیـدا دەچەمێنێتـەوە.

ئـەو کێشمەکێشـەی مێژوونووسـان و مرۆڤناسـان (ئەنترۆپۆلـۆگ) و نەتەوەناسـان (ئێتنۆلـۆگ)ی کـورد و فـارس کۆتایـی پـێ نایـەت. هـەر بۆیـە زانسـتی مێـژووی کـۆن دەبێـت داوای هـاوکاری لـە زانسـتی ئەنترۆپۆلۆگیـا و ئێتنۆلۆگیـا بـکات، ئەوەشـیان بـۆ گەیشـتن بـە ڕێککەوتنێکـی زانسـتییانە لەسـەر پرسـەکە چاکتریـن ڕێگەیـە.

هەرچەنـدە دەخوازیـن بـێ لایەنانـە گفتوگـۆ لەسـەر پرسـی ڕەسـەنایەتی هەریـەک لـەو دوو میللەتـە بکەیـن، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئامـاژە مێژووییـەکان بەئاشـکرا بۆمـان دەسـەلمێنن کـە مـادەکان بنەماڵـەی سەردەسـت بـوون، بگـرە وەدیهێنـەری تـۆوی ئیمپراتـۆری هەخامەنشـی بـوون، پادشـاکانیان دەسـەڵاتیان بەسـەر هەخامەنشـییەکان هەبـوو لـە شـارەکانی پـارس و سـوزێ و پاسـارگارد. تـکا لـە خوێنـەر دەکـەم سـەرەنج بـدات کـە تـا سـەردەمێکی درەنـگ شـتێک نەبـوو بـە نـاوی میللەتـی فـارس. لـەو بارەیـەوە ئامـاژە بـە چەنـد خاڵێکـی گرنـگ دەدەیـن.

## نـاوی فـارس - پـارس چۆن و کەی سەری هەڵدا؟

پـارس ناوێکـی مادی-کوردیـە و بـە واتـای (پەراسـو، لاچـەپ، کەنـار) دێـت، بـەو پێیەی کـە ناوچـەی هەخامەنشـییەکان کەوتبـووە پەراسـوی ڕۆژئـاوای وڵاتـی مـادی هاوسـنور لەگـەڵ ئیمپراتۆریـی بابلییـەکان، کـە دەکاتـە ناوچەکانـی خوزسـتانی ئەمـڕۆ. مـادەکان بـەو دەڤەرەیـان گوتـووە پارسـا یـان پەراسـو وەکـو ئاماژەیـەک بـۆ ناوچـەی لاچـەپ یـان کەنـار. وشـەی پەراسـو لـە زمانـی کـوردی بـۆ بەشـێکی جەسـتەی مـرۆڤ بەکاردێـت، کـە شـوێنەکەی تایبەتـە و دەکەوێتـە کەنـاری لەشـەوە و بەرپرسـە لـە پاراسـتنی گرنگتریـن ئۆرگانەکانـی هەنـاوی مـرۆڤ. ئـەو نـاوەش چەنـد ڤاریانتێکـی هەیـە لەوانـە: پارسـوا، پارسـڤا، پارسـوا، پارسـا و پـارس. شـایانی سـەرەنجدانە کـە لـە زمانـی عەرەبیـدا پیتـی (پ) نییـە و لەجێـی ئـەوە (ف) بەکارهاتـووە[1]. ئـەو ڤاریانتانـەش هـەر یەکەیـان لـە زمانێکـەوە ناونـراون، ئەوەتـا ئاشـورییەکان گوتوویانـە: پارسـوا، لـە زمانـی پارتـەکان یاخـود ئەشـکانییەکان گوتـراوە پارسـەڤا. گریکـەکان بـە "پـارس" ناویـان بـردوون. کەچـی لـە ڕاسـتیدا خەڵکـی ئـەم ناوچەیـە هۆزێـک بـوون بەنـاوی باپیـری گەورەیـان "هەخامەنـش" بانـگ دەکـران، نـەک بـە نـاوی پـارس - فـارس.

لێـرەدا ڕوون دەبێتـەوە "پارسـا" ناوێکـی کـوردی مـــادییە و وەکـو ئامـاژە بـۆ ناوچەیەک بەکارهاتـووە نـەک هـۆز و میللـەت. ئێسـتا ڕوون بـووەوە کـە نـاوی پـارس لـە چییـەوە هاتـووە، ئـەی کـێ هەخامەنشـییەکانی بـە "پارسـا" ناوبـردووە؟ لەوەشـدا گرنگـە بزانیـن چـۆن و کـەی نـاوی پـارس بڵاوبووەتـەوە.

(١) باباطاهر نامە، پرویز اذکایی: چ، تاریخ ماد (زمانی فارسی).

## کەی ناوی پارس پەرەیسەند؟

داریوشی یەکەم ناسراو بە داریوشی گەورە، پاش گرتنەدەستی تەختی شاهەنشایی، شارێکی نوێی دروست کرد بەناوی "تەختی جەمشید"، کە لەلایەن گریکەکانەوە بە ناوی "پێرسۆپۆلیس Persopolis " ناوی دەرکرد. ئەم شارە واتایەکی بازرگانی و سیاسیی پەیداکرد، بۆیە گریکەکان لە تۆمارەکان ناویان برد، بەڵام بە چ ناوێك؟

وەک لە ناوە گریکیەکە دیارە، پاشگری "پۆلیس"ی پێوەیە کە بە واتای شار-دەوڵەت دێت لە زمانی گریکی کۆن. ئەم شارەش لە لایەن داریوشی یەکەم وەکو پایتەختی ئیمپڕاتۆری هەخامەنشینی دیاریکرا، لە پاڵ پایتەختەکانی پێشووی وەکو پاسارگارد و هەگمەتان (هەمەدان) و سوزێ (شوش) و بابل. لە نەریتی سیاسی و کارگێڕی گریکەکانەوە (یۆنانەییەکان) ئەوەمان دەست دەکەوێت، کە ناوی شار-دەوڵەت هاوشانی ناوی میللەت بەکارهاتووە.

نەریتی ناولێنانی شارەکان لە لایەن گریکەکانەوە (یۆنانییەکان)، ئەوها بووە، کە شار و دەوڵەت ئاماژە بووە بۆ هەمان شت، وڵات بە واتای شار هاتووە، شاریش بە واتای وڵات، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد. ئەنجا لەپاڵ ئەوەش، ناوی شار-دەوڵەت ئاماژە بووە بۆ ناوی میللەتی نیشتەجێی ئەو شار-دەوڵەتانە. خودی ناوی گریکیش دواتر پەیدابوو، ئەگەر نا هەموو شار-دەوڵەتەکان "Polis" ناوی جیای خۆیان هەبوو کە پێیەوە گاس دەکران. بۆ نموونە دەگوترا ئەثینایییەکان کە ئاماژەش بوو بۆ شاری ئەثینا، سپارتەکان، کە مەبەست شاری سپارتا بوو. لە توێژینەوەکانم لە بارەی مێژووی فارس، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە هەخامەنشییەکان بە خۆیان نەگوتووە پارس (فارس)، بەڵکو مێژوونووسانی گریکی (یۆنانی) و بابلییەکان بەم ناوە ناویان تۆمارکردوون. ئەدی باشە گریکەکان و بابلییەکان ناوی "پارس"یان لە کوێ هێناوە؟

پارس یان فارس ناوێکە پێشتر دەسەڵاتدارانی ماد بەو دەڤەرەیان گوتووە کە هۆزی هەخامەنشی تێیدا جێگیربوون. لە سەردەمێک کە مادەکان بۆ ماوەی ١٥٠ ساڵ حوکمڕان بوون، ئەم ناوە لە تۆماری ئاشوری و بابلی و گریکەکان جێی خۆی گرتووە، **واتا ئاشور و بابل و گریکەکان ئەو ناوەیان لە زاری**

**مـادەکـــانەوە دەسـت کەوتـووە**. کەواتـە مێژوونوسـانی کـۆن نـاوی "پـارس" لـە دەمـی مادەکانـەوە وەردەگـرن و بـەم شـێوەیە دەیخەنـە تۆمارەکانـی مێـژووەوە، پێـش ئـەوەی هەخامەنشـییەکان دەسـەڵات بگرنـە دەسـت و ئیمپڕاتۆریـی هەخامەنشـی دابمەزرێنـن.

لێـرەدا ڕاسـتییەکمان بـۆ ئاشـکرا دەبێـت، ئەویـش ئەوەیـە کـە هیـچ میللەتێـک نەبـووە بەنـاوی میللەتـی پـارس یـان فـارس، بەڵکـو ئـەوە ئـەم ناوچەیـە بـووە کـە مـــادەکان پێیـان گوتـووە پـارس و کـۆی هۆزەکانـی هەخامەنشـی تێـدا نیشـتەجێ ببـوون و پاشـان مێژوونووسـانی گریـک بـە نـاوی پـارس ناوزەندیـان کـردوون و لـە پـەڕاوی مێـژوو بـەم شـێوەیە تۆماریـان کـردوون. لێـرەدا سـێ خاڵـی گرنـگ کـورت دەکەینـەوە بـۆ بەرچاوڕوونـی خوێنـەر:

**یەکـەم/** نـاوی پـارس ناوێکـی مـــادیە و بـەو دەڤـەرە گوتـراوە کـە هۆزەکانـی هەخامەنشـی لـێ نیشـتەجێ ببـوون.

**دووەم/** گریکـەکان نـاوی "پارس"یـان لە زاری دەسـەڵاتدارانی مـادەکـــانەوە وەرگرتووە و هەخامەنشـییان بـەو نـاوە ناوبردووە.

**سێیەم/** هەخامەنشـییەکان هۆزێـک یـان چەنـد هۆزێـک بـوون، بەخۆیـان نەگوتـووە پـارس، بەڵکـو هـەر بـە نـاوی هەخامەنـش خۆیـان ناوهێنـاوە.

هەمـان شـت لەسـەر میللەتـی کـورد دەسـەپێت، گەرچـی ئەوسـا بـە ئێمـە نەگوتـراوە کـورد، سـەرەڕای ئـەوەش کـە درێژکـراوەی مـادەکان و میللەتانی چیـای زاگرۆسـین. نـاوی کـورد یـان کاردۆخـی دواتـر سـەری هەڵـداوە وەکـو ئاماژە بـۆ هۆزەکانـی مـــاد و چیاکانی زاگـرۆس. بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەش نـاوی کورد-کاردا-کاردۆخـی سـەدان سـاڵ پێـش نـاوی پـارس کەوتـووە. شـتێکی تـەواو ئاسـایی بـووە لـە مێـژووی گەشـەکردنی میللەتـان، کـە بەنـاوی خێـڵ و هۆزەکانیانـەوە بانگکـراون. ئـەو خێـڵ و هۆزانـەی کـە توانیویانـە ببنـە سـەردار و دەسـەڵاتدار، یـان بنەماڵەیـەک توانیویەتـی ببێتـە سـەردار و گـەورەی هەمـوو هۆزەکانـی تـر، دواتـر ناوەکـەی بووەتـە ناسـنامەی تـەواوی ئـەو میللەتـە. بـەڵام ئـەوەی لـە هەمـوو شـتێک گرنگـترە ئـەو بنەمـا قوڵەیـە کـە هۆزەکانـی کۆکردووەتـەوە، ئەویـش

بریتـی بـووە لـە زمانـی هاوبـەش و خاکـی هابـەش و ڕەگـەز و ڕەچەڵەکـی هاوبـەش.

لـەو دەرەنجامـەدا ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە، ئەگـەر بـە هەخامەنشـییەکان و ئەشـکانی و ساسانییەکان بگوترێت فارس، ئەوا نەزانی و ناتێگەیشتوویە، یانیش درۆ و چەواشەکارییە. شـایانی تێبینـی کردنـە کـە نـاوی میللەتی کـورد لـە ناوچەکە پێش نـاوی فـارس دەکەوێت. محەمـەد کـوڕی جریـر الطـبري لـە پەرتوکـی "تأریـخ الطـبري" بـاس لـە نامەیـەک دەکات کـە دواهەمیـن پاشـای ئەشـکانی "ئەردەوانـی پێنجـەم" بـۆ ئەردەشـێری کـوڕی پاپەکـی کـوڕی ساسـانی دەنێرێـت. ئـەو نامەیـە دوای ئـەوە دێـت کـە ئەردەشـێری کـوڕی پاپـەک خـۆی بـۆ جەنگێـک ئامـادە دەکات بـۆ لەناوبردنـی دەسـەڵاتی بنەماڵـەی ئەشـکانی. ئەردەشـێر خەڵـک کۆدەکاتـەوە و نامەکـە بـە ئاشـکرا دەخوێنێتـەوە، کە تیایـدا ئەردەوانی پێنجـەم نووسـیبووی: "تـۆ سـنوری خـۆت بەزانـد و مەرگـت بـۆ خـۆت هێنـا ئـەی کـوردی پەروەردەکـراو لـە ڕەشـماڵەکانی کـوردان، کێ مۆڵەتی پێ داویت کە تاجی پاشـایان لەسـەر بکەیت و دەستبەسـەر خاك و خەڵک دابگریت و دەسـەڵات بەسـەر پاشـایان بسـەپێنێت و شـار دروسـت بکەیت...."[1]. بەگوێرەی ئەم سـەرچاوەیەی مێژوونووسـی گەورەی ئیسلامی بێـت، ئـەوا ساسـانییەکان کوردن[2]، نـەک ئەوەندە و بەس، بەڵکو نـاوی کورد وەکو میللەت سـەدان سـاڵ پێـش نـاوی فارس وەکو میللـەت دەرکەوتـووە. هەموو ئەم مێـژووە قەبەیەی فارسـەکان بـۆ خۆیـان دروسـتیان کـردووە، تەمەنـی لـە ١٥٠ سـاڵ زێـتر بـڕ نـاکات، ئەمەش دوای دۆزینەوەکانـی شوێنەوارناسـانی بیانـی لـە ناوچەکانـی ئێرانـی ئەمڕۆ.

فارسـەکان نـاوی هەمـوو ئەوانـەی باسـمان کـردن لـە سـەرەوە، بـە ئێرانی بانـگ دەکەن، کـە لە ڕاسـتیدا هیـچ بەسـتەرێکی مێژوویانـەی نییە. ئەوە سیاسـەتی نەتەوەی سەردەسـتی فارسـە بـە ئـارەزووی خـۆی نەخشـە دەکێشـێت و مێـژوو ئاڕاسـتە دەکات. ئەوەش پێویسـتە بگوترێـت، کـە جێگرتنـەوەی نـاوی "ئێـران" لـە جێـگای "وڵاتـی فـارس" لەگەڵ هاتنـی "ڕەزا شـای پەهلـەوی" بـۆ سـەر تەختـی پاشـایی، دەگەڕێتـەوە بـۆ هەسـتکردن بـەو ڕاسـتییەی

(١) محمد ابن جرير الطبري، تأريخ الطبري. تأريخ الأمم و الملوك، الجزء الأول، ص ٤٧٨.

(٢) شـوێنەواری ئارکیۆلۆجـی ساسـانییەکان لـە باشـور و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان زۆرن، لەوانـە: تاقـی بوسـتان لـە کرماشـان، قـەسر شـیری، گـردی زەنـدان لـە شـارەبان و کۆشـکی شـا خـۆسرەو و هتـد.

کە ئەو وڵاتە تەنها شوێنی فارسەکان نییە و بۆئەوەی یەکبوونی نیشتمانی دروست بێت و شیرازەی نیشتمانی نەکەوێتە لەرزە، پێویستە ناوێکی ئەوتۆ لەم وڵاتە بنرێت کە هەستی نەتەوەیی هیچ لایەنێک نەروشێنێت. ناولێنانی "ئێران" کە بە واتای وڵاتی نەتەوە ئارییەکان دێت، ئەو مەبەستەی هەبوو کە گشت نەتەوەکانی ئەو وڵاتە بۆ یەک بنەچەی ئیتنی-هاونەژاد بگەڕێنێتەوە.

جێگەی سەرەنجە کاتێک کە هەخامەنشییەکان دەبنە سەردار و ئیمپڕاتۆر، چینی ئەرستۆکراتی مادەکان دەچنە پاڵ پشتیوانی بۆ کوڕشی مەزن. واتای ئەوەیە ئەوانە هەموویان هۆز و خێڵی وێکچوو و لێکنزیک بوون لە ڕووی نەژادییەوە. کێشەکان دواتر سەرهەڵدەدەن. تێپەڕبوون بە مێژوو و مەرجدارێتی جیۆگرافیا دوو نەتەوەی کورد و فارس دروست دەکەن و لێکیان جیادەکەنەوە. ناوچەی هۆزەکانی ماد لە چیاکانی زاگرۆس و تۆڕوس دەبێتە ناوچەیەکی دورە دەست و گۆشەگیر، دوور لە ڕێگەی دەریایی و بازرگانی. هۆزەکانی ماد و چیاکانی زاگرۆس بە حوکمی هەلومەرجی چیا سەختەکان، ناکەونە ژێر باڵی ئیمپڕاتۆری هەخامەنش، جگە لە چینی ئەرستۆکراتی نەبێت. ئەم هۆزانە لە منداڵدانی چیا و شاخەکاندا دەبنە نەتەوەیەکی جیاواز و خودان زمان و داب و نەریت و ئاکاری تایبەت، کە سەرەنجام نەتەوەی کوردیان لێ دەڕسکێ.

بەڵام ئایا کەس لێرەدا بێ تاوان نییە؟ بەڵێ تاوانێک کراوە و تاوانبارەکانیش مێژوونووسان و بەڕێوەبەرانی وڵاتی ئێرانن کە نەیانتوانی جیاوازی نەتەوەیی هەرس بکەن و نەتەوەبوونی کوردیان ڕەت کردەوە، بێ ئەوەی هەست بەو تاوان و گەمژەییە بکەن کە تێوەی گلاون و بە هۆیەوە چارەنووسی میللەتێکی گەورەی وەکو کوردیان خستە ژێر مەترسی لەناوچوون و پاکتاوی ڕەگەزی. ئەم قسەیەش لەوەدا سەرچاوەی گرتووە، کە ئەگەر فارسەکان ڕاست دەکەن و کورد بە بەشێك لە خێزانی هیندۆئێرانی دەزانن، دەبوو ڕێگربن لە بەسەرهاتنی ئەو هەموو کارەساتە بەسەر کورد، بەڵکو دەبوو ئەوان دەستپێشخەربن لە سەرخستنی دۆزی ڕەوای گەلی نەبەردی کورد.

## هەخامەنش (ئەخمێنێس) کاربەدەستێکی سەر بە ماد بوو

گەر سەرنجێکی قوڵ بدەین دەبینین دیاکۆی مەزن پادشای میدیا (مادەکان) بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی خوێنڕێژی سەدان ساڵەی ئاشوریەکان، بە دوای کۆکردنەوە و یەکخستنی هەموو هۆزەکانی خۆی بووە. وەکو پێشووتر ئاماژەمان دا بە گوفتاری دوو پێغەمبەرەکەی بەنو ئیسرائیل، مادەکان بە پەیامێکی خودایی ئەو ئەرکە مێژوویی و ئەخلاقییە دەگرنە ئەستۆ.

ئاشوریەکان یەکێک بوون لە خوێنڕێژترین میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هیچ ناوچەیەک و هۆزێکی دراوسێیان نەما پەلاماریان نەدەن و بەکۆیلەیان نەکەن. ئەوان لە خوێنڕێژی وێنەیان نەبووە و لە داهێنانی شێوازی ئەشکەنجەدانیش بێ هاوتا بوون. ئاشوریەکان بوون مرۆڤیان بە زیندوویی لە پێستی خۆی دادەکەلاند[١]. بەڵام ڕۆژیان لە سەر دەستی مادەکان تەواو دەبێت.

هۆزەکانی ماد کەسێکی دادپەروەر و جوامێر لەنێوان خۆیان هەڵدەبژێرن تاوەکو ببێتە چاوساخ و ڕێنماییکاریان. ئەو کەسەش کوڕی یەکێك لە هۆزە خانەدانەکان، "دیاکۆیە". دیاکۆی کارزان و بەتوانا دەست دەکات بە فراوانکردنی سنوری دەسەڵاتی و پلانێکی دوورمەودا دادەڕێژێت. دیاکۆ سەرۆکهۆزێک بەناوی هەخامەنش یان ئەخمین (بە گریکی: ئەخمێنێس) لە ئەنشان دەکاتە کاربەدەستی خۆی کە ناوچەیەکی پەراسوە و دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی میدیا، واتا نزیک ئوستانی خوزستانی ئێستای ئێران. هەخامەنش وەکو کاربەدەستێک یان دەرەبەگێک ملکەچی هەموو فەرمانەکانی پادشاکەی خۆی دەبێت و بۆ پشتیوانی سوپاکەی دیاکۆ هێز کۆدەکاتەوە بۆ بەرەنگاری سوپای ئاشوری لە سەردەمی سەنحاریب لە ماوەی ساڵانی (٧٠٠-٦٥٠ پێش زایین)[٢]. هەخامەنش سەرۆکهۆزێک بووە، دواتر بووەتە میری هۆزەکانی ژێردەستی خۆی. لەدوای خۆشی، کوڕەکەی و نەوەکانی

(1) Francis Joannes: Historia Mezopotamii w I. tysiącleciu przed Chrystusem, Wydawnictwo Poznańskie,2007.

(٢) عبدالعظیم رضایی، تاریخ ده هزار ساله ایران، ، چاپ ١٦، جلد اول، تهران.

دوای ئـەو بوونەتـە دەسـەڵاتدار بەسـەر هۆزەکانـی ئەنشـان. بەدرێژایـی دەسـەڵاتدارێتی مـــاد، کـوڕ و نەوەکانـی هەخامەنـش بەناوەکانـی: چیـش پیـش (تایسـپێس) و کوڕشـی یەکـــەم (سیروســـی یەکـــەم) و کامبوجیـــەی یەکـــەم (کامبیـــزی یەکـــەم)، مـــلکەچ و شـوێنکەوتووی مـادەکـــان بـوون. لەنێـوان بنەماڵەکانـی هەخامەنـش و مـــادەکان ژن و ژنخـوازی بەشـێوەیەکی ئاسـایی هەبـووە. ئەوەتـا ئاسـتیاگۆ دوا پاشـای مـــاد کچـی خـۆی دەداتـــە میـــری هەخامەنـــش و لـــەو هاوســـەرگیرییە کەسـێك دێتـــە دونیـــاوە بەنـــاوی کوڕشـــی مـــەزن. کوڕشـــی مـــەزن دەســـەڵات لـــە ئاســـتیاگۆی باپیـــری دەســـەنێت و دەبێتـــە یەکـــەم دامەزرێنـــەری ئیمپڕاتـــۆری هەخامەنشـــی یـــان ئەخمینـــی و کۆتایـــی بـــە دەســـەڵاتی ١٥٠ ســـاڵەی بنەماڵـــەی مـــــادەکان دێنێـــت.

**نەخشەی ١. سەرهەڵدانی مادەکان**



## ناوی کورد کەی پەیدا بوو؟

هەمـوو میللەتێـک لـە گـەڕان بـەدوای سـەرەتا و بنەچەکـەی تووشـی تەمومژاویـی دێـت، سـەرەنجام چەنـد گریمانەیـەک بـۆ پەیدابوونـی خـۆی دێنێتـە ئـاراوە. هەمـوو میللەتێـک کێشـەی نـاوی هەیـە، گەلێـک لـە میللەتانـی سـەر زەمینـمان نـاوی هاوبەشـیان هەیـە، زۆرێکیشـیان ناوەکانیـان گۆڕانیـان بەسـەرداهاتووە بەدرێژایـی مێـژوو تـا لـە کۆتاییـدا لـە سـەردەمی فێربوونـی نووسـیندا فۆڕمێکـی چەسـپاوی وەرگرتـووە. نـاوی کورد-یـش بـەدەر نییـە لـەو گۆڕانکارییانـە.

پێـش هەمـوو شـتێك بـا سـەرنج بدەینـە نـاوی هـەردوو میللەتـی کـورد و فـارس، جیاوازییـەک هەیـە لـە نێـوان دەرکەوتنـی نـاوی "کـورد" و دەرکەوتنـی نـاوی "فـارس". لـە توێژینەوەکـەم بـۆم دەرکـەوت، کـە کـورد وەکـو ئامـاژە بـۆ میللەتێـک بەکارهاتـووە، بـەڵام نـاوی "فـارس" وەکـو ئامـاژە بـۆ حوکمڕانێتـی شـارێک، ناوچەیـەك بەکارهاتـووە، کـە مەبەسـتمان شـاری "تەختـی جەمشـید" یـان "پێرسـۆپۆلیس"ە. وەک پێشـتر باسـمان کـرد، نـاوی پـارس لـە لایـەن مادەکانـەوە ناونـراوە. بـا بـە وردی سـەیربکەین، پێرسـۆپۆلیس لـە دوو بڕگـە پێکهاتـووە، پێـرس واتـە فـارس، پۆلیـس: لـە زمانـی گریکـدا بـە واتـای شـار یـان دەوڵەت-شـار دێـت. لـەوەدا پێرسـۆپۆلیس واتـای شـاری فـارس دەگەیەنێـت. کەوایـە پرسـی سـەرهەڵدانی نـاوی "فـارس" زۆر سـادەترە لـەوەی "کـورد". پـارس ناوچەیەکـە یاخـود شـارێکە، بـەڵام کـورد نـاوی میللەتێکـە و پەرتوکـی بیبلیـا لـە پەیمانـی کـۆن و ئیمپڕاتۆریـی ئاشـوری و بابلـی و شارسـتانی گریکـی وەکـو ئامـاژە بـۆ میللەتێـک بەکاریـان هێنـاوە. نـاوی کـورد زۆر کۆنـترە، هـەروەک بـە گوێـرەی بۆچوونـی "سـێر سیدنی سمیث" کـە دەڵێـت: کـورد وەکـو میللـەت زۆر لـە میللەتـی فـارس کۆنـترە و خاوەنـی زمانێکـی سـەربەخۆش بـووە[1]. نـاوی کـورد لـە نووسراوەکانـی سـۆمەر و ئاشـور بەشـێوەی جیـاواز و واتـای جیـاواز هاتـووە. هەریـەک لـە: کاردا، گورتـی، گوتـی، جـودی و بیـپ کاردا و هتـد ئامـاژەن بـۆ میللەتانـی نیشـتەجێی چیـا سـەختەکان، کـە هیـچ ئیمپراتۆریەتێـک نەیتوانیـوە خاکیـان داگیربـکات. وردبینـی لـەو پرسـە لـە لایـەن زۆر لێکۆڵیـار و مێژوونووسـی کـورد و

(١) محمد ئەمین زەکی بەگ، خلاصە تأریخ الکرد و کردستان، لا ٧٨.

فارسەوە ئەنجام دراون، لە پەراوێز دا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین[١]. ژمارەیەك لە لێکۆڵیار و نووسەری جیهان لە سەر ئەو بۆچوونەن کە "گوتی-Guti" بەشێکە لە پڕۆسەی دروستبوونی بنەچەی ئێتنۆسی کورد، واتا ئێتنۆگێنێزی کورد پێکدەهێنن[٢]. بە گوێرەی نووسراوەکانی بابیلۆنی کۆن وڵاتی "گوتیوم" لە چاخی ٢٥ واتە ٢٥٠٠ ساڵ پێش زایین لە چیاکانی زاگرۆس سەری هەڵداوە. گرنگە ئاماژە بدرێت بەوەی کاتێك کرۆنیکای پادشایانی ئاشوریەکان ناوی گوتیوم دەهێنن مەبەستیان ئاماژەیە بۆ میللەتانی ماد و مانییەکان، ئەوەش دوای ئەوەی هەموو ئەو ناوچانە کەوتنە دەست ئەو گروپە ئیتنییە بەهێزەوە[٣]. گوتییەکان کۆمەڵە هۆزێک بوون لە هورییەکان، بەڵام بە لێهاتوویی سەربازیی توانیان باڵادەست بن و باڵ بەسەر تەواوی زاگرۆس و سۆمەر بکێشن. سۆمەرییەکان لە تۆمارەکانیان گوتییەکان بە بەدبەخت و بەربەری ناودەبەن، بەوەی کە خوێندەواری و نووسینیان نەزانیوە[٤] (زانیاری شوێنەوارناسی (ئارکیۆلۆگی) لەو بارەیەوە زۆر کەمە). شتێکی ئاساییە شارستانییەتە پێشکەوتووەکانی ئەوسا کە نووسین و تۆمارکردنی مێژوویان زانیوە، هەموو ئەوانەی لەگەڵیان جەنگاون بە بەربەری ناویان بردوون. ڕاست بێت یان دروست هەر کەسێک مێژوو لە بەرژەوەندی خۆی دەنوسێتەوە، هەروەک کورد دەڵێت: تەور کلکی خۆی نابڕێتەوە. بەشێکیش لە مێژوونووسەکان سەرەتای کورد دەگێڕنەوە بۆ سۆمەرییەکان، یەکێك لەوانە توێژەری مێژووی کورد "سۆران حەمەڕەش"، ئەوەش پێویستی بە وردەکاری و توێژینەوەی زۆرتر هەیە.

لە سەدەی ١٧٠٠ پێش زایین هورییەکان پاشایەتی میتانی دروستدەکەن، مێژووی ئەوانیش تەمومژاوی زۆری تێدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی ناوی پادشاکان و خواوەندەکانیان

---

(١) سۆران حەمەڕەش، کورد کێیە. محمد ئەمین زەکی بەگ، خلاصە تأریخ الکرد و کردستان. ئەردەشێر خودادادیان، ئارياييەکان و مادەکان. عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد.

(٢) ئەو توێژەرانەی پێیان وایە گوتییەکان بەشێکن لە بنەچەی کورد ئەوانەن: جەیمی ستۆکس Jamie Stokes، دی پی ئێردبرینک D. P. Erdbrink، ڤۆن ئایکشتێدت von Eickstedt، ئەلێکساندەر میخایلۆڤیچ پرۆخۆرۆڤ Aleksander Mikhailovic Prokhorov.

(3) Marc Van De Mieroop, Gutians.

(4) Jack David Eller, Kurdish History and Kurdish Identity, p. 153.

نـاوی هیندۆئەوڕوپیـن، بۆیـە زێـتر وەکـو گروپێکـی هیندۆئەوڕوپـی دێنـە ناسـین. هـەر ئەوانیشــن کــە دەبنــە توخمێکــی زاڵ لــە دروســت کردنــی وڵاتــی ئورارتــو[1]. وڵاتــی میتانییـەکان شـاخەکانی کوردسـتان و بەرزاییەکانـی ئەرمینیـای دەگرتـەوە، لـە ڕۆژئـاوا دەگەیشـتە دەریـای سـپی و لـە ڕۆژهەڵاتیـش تـا نزیـک دەریاچـەی وورمـێ، لـە باکـورەوە سـنوری لەگـەڵ وڵاتـی هیتییـەکان و لـە باشـووریش سـنوری لەگـەڵ ئەکەدییـەکان هەبـوو. دواتـر سـوپای گریکـی کـۆن بـەو ناوچەیـە تێپـەڕ دەبێـت و زینەفـۆن لـە پـەڕاوی مێـژوو باسـیان دەکات و دەڵێـت ئەوانـە خەڵکانێکـی شـەڕکەری بەتوانا بوون و ناویـان "کاردۆخی" بـوو. لـەوە دەچێـت زینەفـۆن نـاوی کاردۆخـی لـە زمانـی ئەرمەنـی وەرگرتبێـت، چونکـە کارد-ۆخ دوو بڕگەیـە، پاشـگری "ۆخ" لـە زمانـی ئەرمەنـی بـۆ "کـۆ" بەکاردێـت. بـەو واتایـەی: کاردۆخ واتـا کـوردەکان.

هەریـەک لـە زانایانـی ڕوسـی وەکـو "مـــار" و "ڤلادیمیـر مینۆڕسـکی" و "ڤاسـیلی نیکیتیـن" ئـەو پرسـەی سـەرەوە بەشـێوەی جۆراوجـۆر پشتڕاسـت دەکەنـەوە. زانـای ڕوسـی "مـار" دەڵێـت: پەیوەنـدی زۆر هەیـە لـە نێـوان میللەتـی "کارت" کـە لـە چاخـی دوازدەهـەم پێـش زاییـن لـە ناوچەکانـی قەفقـازەوە درێـژ دەبوونـەوە تاوەکـو باشـووری ڕۆژهەڵاتـی تورکیـای ئێسـتا، کـە لـە زۆر ڕووەوە لەگـەڵ کوردەکانـی زاگـرۆس وێکدەچـن. زانــای ناوبــراو دەڵێــت: کوردەکانــی زاگــرۆس کۆنتریــن میللەتــی ناوچەکــەن و خاکــی کەسـیان داگیرنەکـردووە، بەڵکـو بەشـێوەیەکی ڕەسـەن لەوێـدا سـەریان هەڵـداوە[2]. لـە لایەکـی تـر کۆنسـوڵی ڕوسـیا لـە شـاری وورمـێ و زانـای ئەنترۆپۆلۆگیـا "ڤاسـیلی نیکیتیـن" لـە پەرتوکەکـەی بەنـاوی "کـورد لـە توێژینەوەیەکـی سۆسـیۆلۆگی و مێژوویـی"دا دەڵێـت: هەمـوو گـروپ و میللەتەکانـی چیـای زاگـرۆس لـە پێکهێنانـی ڕەگـەزی میللەتـی کـورد هاوبەشــن، مەبەســت لێــرە هورییــەکان و کوتییــەکان و کاشــییەکان و میتانییــەکان و تەنانــەت هیتییەکانیشــە[3].

(1) Georges Roux, Mesopotamia, p. 202.

(٢) محمد سيد طقوش، تأريخ الأكراد، ص ٢١.

(٣) ڤاسيلى نيكيتين، الكرد، دراسه سوسيولوجيه و تأريخيه، ص ٥٩.

جێـی بایەخـە ئامـاژە بدەیـن بـە نـووسراوی ئارامییـەکان کـە لـە ناوچەکانـی سـوریای ئێسـتا خاوەنـی شارسـتانی خۆیـان بـوون. ئـەوان بـەو ناوچانـەی کـە کـوردی لـێ دەژیـا دەگـوت "بیـث کاردا" واتـا "وڵاتـی کـورد".

لـەوەدا دەردەکەوێـت، کـە کـوردەکان وەکـو میللەتێـک لەنـاو دڵـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ، چ وەکـو میللـەت، چ وەکـو نـاو، چ وەکـو زمـان، زۆر لـە فـارس کۆنـتر و بناغەدارتـرن. ئـەوە باسـی تـورک و عـەرەب هـەر ناکەیـن، چونکـە هـەر لـە بنەمـادا لـەوێ بوونیـان نەبـوو. عـەرەب چەنـد هۆزێکـی نەخوێندەواربـوون لـە ناوچەکانـی یەمـەن، تورکەکانیـش مەغۆلسـتان مەنزڵگایـان بـوو. دواتـر لەسـەر ئـەو پرسـە زۆرتـر دەدوێیـن.

## ئیمپڕاتۆریی مادەکان

مادەکان یان میدیەکان یەکێك بوون لەو کۆمەڵە خێڵە هیندۆئەوڕوپییانەی کە لە زەمینی بنەڕەتەوە هەڵتەکان، واتا لە دەڤەری باکووری قەفقاز و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینای ئێستا، ئەنجا کۆچیان کرد بەرەو باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. کۆچی خێڵ و هۆزە هیندۆئەوڕوپییەکان بە زۆر ئاڕاستە بوو، گرنگترینیان بەرەو ئەوڕوپا و هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. مادەکانیش و هۆزەکانی پێش ئەوانیش یەکێك بوون لەوان و دەوروبەری هەزارەی سێهەم و دووهەمی پێش زایین پەیتا پەیتا بەرەو باشوور شۆڕبوونەوە. ئەوان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەریای خەزەرەوە بەرەو خوار هاتن و لە ناوچەکانی گورگانی ئەمڕۆ بەرەو ڕۆژئاوا ڕەویان کرد تا لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وورمێ گیرسانەوە، کە پێی دەگوترێت مادی بچووک. ناوچەکانی مادی بچووك ئێستا بووەتە ئازەربایجان، ئەوەش دوای پەلامار و داگیرکردنی ئەو ناوچانە لەلایەن گروپە تورکەکان و نیشتەجێ بوونیان لێی.

کۆچی گروپە هیندۆئەوڕوپییەکان و مادەکان بە یەکجار و لە یەک ساتدا نەبووە، بەڵکو پچڕ پچڕ و لەماوەیەکی زەمەنی درێژخایەن و یەک لە دوای یەکدا بووە. لەو ڕێڕەوەی کە لێوەی هاتوون، تاو نا تاو نیشتەجێ بوونە و جێپێی خۆیان بەجێ هێشتووە. لە سەر ئەو ڕێگایەی کە ئەوانی لێوە هاتووە، واتا تورکمانستانی ئەمڕۆ و گورگانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانی ئێستا، ئەشکانییەکان[١] پەیدا دەبن، کە دەشێ لە هەمان وەچەی مادەکان بووبن و پێشتر لەو ناوچانە جێنشین بووبن.

هۆکاری کۆچی مەزنی میللەتە هیندۆئەوڕوپییەکان ڕوون نییە، توێژەرانی بواری مرۆڤناسی هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ لایەنی ئابووری، چونکە ئەوان هۆزی ئاژەڵدار بوونە و بەدوای شوێنێکی لەبار گەڕاون بۆ بەخێوکردنی ماڵات، هەروەها گرنگی زۆریان بە بەخێوکردنی ئەسپ و ئەسپسواری داوە. هەندێک پێیان وایە بە هۆکاری کەشوهەوای سەخت و بەستەڵەکەوە بووە کە تەواوی خاکی بنەڕەتییانی داپۆشیوە و بە کەڵکی ژین

(١) ئەشکانییەکان یاخود پارتەکان، زنجیرەیەکن لە بنەماڵەی دەسەڵاتداری ئیمپراتۆری ئەشکانی، لە نێوان ساڵانی ٢٣٨ پ.ز تاوەکو ٢٢٦ی زایینی، واتا بۆ ماوەی پێنجسەد ساڵ فەرمانڕەواییان کرد.

و کارکردن نەماوە[١]. ئەو پرسە بۆ توێژینەوەیەکی تر بەجێ دەهێڵین.

گرنگە چەند هەڵوەستەیەک بکەین لەسەر پرسی دەستبەسەرداگرتنی شاخەکانی زاگرۆس لە لایەن ئەو میللەتە بەهێز و خۆڕاگرە. خاکی مادەکان بریتی بوو لە بەری ڕۆژهەڵاتی زاگرۆس، دواتر بە تێپەڕبوونی کات، هۆزەکانی ماد پەرە دەسێنن و زۆر دەبن و بەسەر چیاکان زاڵ دەبن. ئەوان کۆمەڵە خێڵێکی پەرت و بڵاوبوون وەکو هەموو میللەتە ئارییەکان[٢]. پاشان هۆکارێک دێتە پێشەوە بۆ یەکگرتنیان، ئەو هۆکارەش دوژمنایەتی و ستەمی ئاشوورییەکان بوو، کە دەستدرێژیان دەکردە سەر مادەکان و میللەتانی دەوروبەریان و سەرانەیان لێ دەسەندن و لاوەکانیان بەزۆر دەکردنە سەرباز. دواتر هەردوولا لە سەر ئەوە ڕێکدەکەون کە مادەکان ئەسپی چاک بدەن بە وڵاتی ئاشور لە بری ئەوەش پەیمانی ئاشتی لە نێوانیان هەبێت. ئەم ڕێککەوتنە بۆ ماوەیەک لە ئارادابوو.

مادەکان چەندین سەدە ژێردەستەی ئاشور بوون، پادشای ئاشوری تیگلات پیلێسساری یەکەم" (ساڵانی ١١٥٠-١٠٧٧ پێش زایین) هێرش دەکاتە سەر خاکی ماد و لاوانیان دەکاتە کۆیلە و سامان و ماڵاتیشیان لێ زەوت دەکات. یەکەم ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە مادەکان لە سەردەمی پاشا "شێلمانسەری سێهەم" بەدی دەکرێت لە ساڵی ٨٣٤ پێش زایین، کاتێک هەڵمەتێک دەکات بۆ سەر پاشای "نامری" لە باکووری زێی سیروان، لەوێ لەسەر ڕێگادا بەناو خاکی Madai مادەکان تێپەڕ دەبێت، کە دەکەوێتە چیای زاگرۆس[٣].

دیاکۆ یان بە زمانی گریکی "دیۆکێس" (واتا پیاوی ژیر - مێردی ژیر) کوڕی فرائۆرتیسی[٤] سەرۆکی یەکێك لە خێڵەکانی ماد، کەسێکی ژیر و دادپەروەر بوو.

---

(١) عومەر ئیسماعیل مارف، دەوڵەتی ماد، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی ٢٠١٠، ل١٥.

(٢) ژێدەرە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە میللەتە ئارییەکان بە گشتی بەوە ناسراون کە پەرت و بڵاو بوون و یەکگرتوو نەبوون، ئەو پرسە لە لایەن فەیلەسوفی ڕوسی "بیێردیایێڤ" گەڵاڵەکراوە.

(3) Herodot, Dzieje , wyd. Seweryn Hammer, Warszawa 2008.

(٤) فرائۆرتیس یان بە کوردی فراڤەرتیش. بۆ ئەوەی خوێنەر لێی تێک نەچێت. دیاکۆ کوڕی فرائۆرتیسە و کوڕەکەی خۆشی هەر ناوی فرائۆرتیسە. واتا دوو جار ناوی فرائۆرتیس دێتە بەر چاوی خوێنەر. یەکێکیان باوکی دیاکۆیە ئەوی تریش کوڕیەتی.

هۆزەکانی ماد کۆک بوون لەسەر ئەوەی دیاکۆ ببێتە سەرداری هەموویان. لەوەدا دیاکۆ دەبێتە یەکەمین پاشای ماد و یەکەم ئیمپڕاتۆریی هیندوئەوڕوپی دادەمەزرێنێت. لێکۆلیاری فارسی دکتۆر ئەردەشێر خودادادیان دەڵێت: لە مێژوودا مادەکان یەکەم میللەتی ئارین کە دەوڵەت پێکدەهێنن. ئارییەکان لە هیندستانەوە تا ناوەڕاستی ئەوڕوپا بڵاوببوونەوە، بەڵام تا ئەوساکە هیچ کیانێک یان دەوڵەتێکیان دانەمەزراندبوو، بەڵکو سەدان گروپ و خێڵی پەرتەوازە بوون و لە گەلێک باردا دەکەوتنە وێزەی یەکتر و جەنگی خۆبەخۆیی.

هۆز و خێڵەکانی چیای زاگرۆس جۆرێک لە فیدراسیۆن پێکدەهێنن، دیاکۆی کوڕی فراڤەرتیش (یان فرائۆرتێس) دەکەنە پێشەوای خۆیان. دیاکۆ شاری هەمەدان ڕۆدەنێت و کۆشک و تەلار و خانەی کۆبوونەوە و کارگێڕی تیا دروست دەکات. بە گوێرەی هیرۆدۆت، دیاکۆ لە ساڵانی ٧٠٠ تاوەکو ٦٤٧ پ.ز. دەسەڵاتدار بووە کە دەکاتە ٥٣ ساڵ، بەڵام هەندێک لە مێژوونووسانی دیکە پێیان وایە هیرۆدۆت هەڵەی کردووە، دەسەڵاتی دیاکۆ و فراڤەرتیشی کوڕی تێکەڵ کردووە، ئەگەر نا دیاکۆ تەنها ٢٢ ساڵ دەسەڵاتدار بووە. سەرچاوە ئاشوریەکانیش لە سەردەمی سەرگۆنی دووەم ئاماژە دەدەن بە ماوەی دەسەڵاتی دیاکۆ کە لە نێوان ساڵانی ٧٢٧ بۆ ٦٧٥ پ.ز. دەسەڵاتدار بووە[(١)].

مادەکان دەبنە یەکەم ڕکابەری دەوڵەتی ئاشوری کە پێشتر ڕووینەداوە، ئەو دەوڵەتەی کە چەندین سەدە بوو دەسەڵاتداری تاکڕەوی ناوچەکان بوو و لە ڕێگەی ستەم و داپڵۆسینەوە هەموو میللەتانی ناوچەکانی دەوروبەری خۆی بە کۆیلە کردبوو. بەڵام ئیدی مادەکان سەریان هەڵدا و بەو زووانە دەسەڵاتی ئاشور بۆ هەمیشە لەسەر زەوی دەسڕنەوە. جێی ئاماژە پێدانە، نزیکەی هەزار ساڵ دواتر، دەوروبەری ٣٥٠-٤٠٠ زایینی، خێڵە گێرمانەکان پەلاماری ئیمپڕاتۆری ڕۆمانی دەدەن، بە هەمان شێوەی مادەکان، جومگەکانی ئەو ئیمپڕاتۆرییە بەشێوەیەک دادەڕمێنن کە هەرگیز

(1) Bogdan Składanek: Historia Persji. T 1, Od czasów najdawniejszych do najazdu Arabów. Warszawa: Wydawnictwo Akademickie Dialog, 2004, s. 67 i 74.

جارێکی تر ناگەڕێتەوە دەسەڵاتی جارانی. مادەکان و گێرمانەکان لە چاوی ئاشور و ڕۆما بەربەری بوون، خێڵی دڕندە و کوژەر و ڕێگر بوون. ئاشور و ڕۆما بە مافی خۆیانیان دەزانی ئەو خێڵانە سەرکوت بکەن و سەرانەیان لێ وەرگرن و لاوەکانیشیان بەزۆرەملێ بکەنە سەرباز تاوەکو پلانی فراوانخوازی خۆیانی پێ جێبەجێ بکەن.

دووەم پادشای مادەکان، فرائۆرتیس یان فراڤەرتیش جێی دیاکۆی باوکی دەگرێتەوە. بە ئامانجی فراوانکردنی سنوری دەسەڵاتەکەی هەڵمەتێک دەهێنێت بۆ سەر ئاشور، بەڵام شکست دەهێنێت و لە یەکێک لە جەنگەکان دەکوژرێت. جێنشینی ئەویش پادشای سێهەم، "کیاکسارێس" یان "کیاکسار" یانیش "کیاخسار"[١]، کە ئەوکاتە لاوێکی هەرزەکار بوو، دەبێتە پادشای دەوڵەتی ماد. کیاکسار بەهێزترین پادشای ئەو دەوڵەتە بوو، لە سەردەمی ئەودا سنوری دەوڵەتی ماد گەیشتە ئەوپەڕی فراوانی خۆی. لە میانەی هەڵمەتەکانیدا، هەموو خێڵ و گروپە ئیتنییە هیندۆئەوروپییەکانی خستە ژێر ڕکێفی خۆی، لەوانەش وڵاتیماننا. لە ماوەی دەسەڵاتی کیاخسار هۆزە کۆچەرییە سکاتییەکان یان سکیتییەکان دەبنە لەمپەر لەبەردەم فراوانخوازییەکانی ماد و لەدژی کیاخسار دەبن بە هاوپەیمانی ئاشور. سکاتییەکان کۆمەڵە هۆزێکی جەنگاوەری هیندۆئەوروپی بوون، لە پەرتوکە مێژووییەکاندا بە میللەتی ئێرانی ناودەبرێن، پەیوەندی خوێن هەبوو لە نێوان ئەوان و سارماتەکان و ساکەکان. سکاتییەکان گەورەترین ناوچەکانی ئۆراسیایان لەژێر دەست بوو، لە سنوری هۆزە تورک و مەغۆلەکانی ڕۆژهەڵات تا دەگاتە ناوچەکانی ئۆکراینا و پۆڵەندای ئێستا و هەروەها لەگەڵ دەوڵەتی ماد هاوسنور بوون. هەڵمەتەکانی کیاکسار بۆ سەر ئاشور بەهۆی سکاتییەکان شکستی هێنا و بۆ ماوەیەک دەستبەستوو مایەوە. سکاتییەکان لە گۆڕەپانی جەنگ وێنەیان نەبوو، گالیسکەی ئەسپییان بەکاردەهێنا، کە بۆ ئاشوریەکانیش تەکنیک و هونەرێکی نوێ بوو. لەوە دەچێت مادەکانیش لەوانەوە فێری بەکارهێنانی گالیسکەی ئەسپی

(١) ناوی کیاخسار یان "کەی خوسرەو" لە زمانەکان بەو جۆرە هاتووە - گریکی: کیاکسارێس یان هڤاخشاترا، پارسی کۆن: ئوڤاخشاترا، ئەکەدی: ئوماکیشتار.

بووبــن، کــە دواتــر لــە جەنگــی دژبــە ئاشــوریەکان بــەکاری دەهێنــن.

مـــادەکان بــە ســەرکردایەتی کیاکســار ناچاربــوون دان بەخــۆدا بگــرن و خۆیــان بــۆ دەرفەتێکــی گونجــاو مــەڵاس بــدەن تاوەکــو بەســەر دۆخەکــە زاڵ بــن. کیاکســار خوانێکــی شــاهانەی ڕێکخســت و ماڵباتــی ئەرســتۆکراتی ســکاتییەکانی بانگهێشــت کــرد، کــە خــودی پاشــاکەیان "مادیــاس" ئامادەبــوو. پادشــای مـــاد فەرمانــی کــرد شــەرابێکی زۆر دابنرێــت تاوەکــو هەمــوویــان ســەرخۆش بــن. دوای ســەرگرتنی پلانەکــەی، تــەواوی ماڵباتــەکان و پادشــای سکاتییەکانیشــی خەڵتانــی خوێــن کــرد. بــەو شــێوەیە گەورەتریــن لەمپــەری بەردەم ئیمپراتۆرییەکــەی لەناوبــرد. دوای ئەنجامدانــی ئــەو کارە، کیاکســار ســەرلەنوێ گەڕایــەوە ســەر پلانەکانــی بــۆ ڕووبــەڕوو بوونــەوەی ئاشــور.

داخــی دڵــی مـــادەکان زۆر کــۆن بــوو، ئــەوان پێداگــر و خۆگــر بــوون لەســەر ئــەوەی کــە هیــچ پاشــگەزبوونەوەیەک نییــە لــە پلانیــان بــۆ لەناوبردنــی دوژمنــی هەمیشــەیی، چونکــە مانــەوەی ئاشــور هــۆکاری نائارامــی و هەڕەشــە بــوو بــۆ ســەر مـــاد. جگــە لــەوەش مێــژووی چەوســاندنەوە لــە لایــەن ئاشــوریەکانەوە بیــری تۆڵەکردنــەوەی لای مـــادەکان لــە ڕەگ داکوتابــوو.

## شاڵاوی کیاکسار بۆ سەر ئیمپراتۆریی ئاشوری

کیاکسار بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی دووهەزار ساڵەی ئیمپراتۆری ئاشوری، پەیمان لەگەڵ بابیلۆن دەبەستێت. ئەگەرچی لە ڕووی ئیتنییەوە بابلییەکان هاوخوێنی ئاشورییەکان بوون، بەڵام وادەردەکەوێت کە ئەوانیش تاڵی و ناخۆشییان بەدەست هەژموونی ئاشور چەشتبێت. دوای ڕێککەوتنی نێوان کیاکسار پادشای ماد و نابۆپڵاسسەر پادشای ئەککاد[١]، هەردوو لا بۆ دەستپێکی شاڵاوی سەرتاسەری هێزەکانیان دەخەنە ئامادەباشییەوە. سوپای مادەکان بە ژمارەیەکی زۆر و بەوپەڕی چاونەترسیەوە لە چیاکانی زاگرۆس دێنەخوار و بەرەو ڕۆژئاوا هەنگاو دەنێن، زوو هەردوو شاری ئاررابخا (کەرکووک) و ئەربیلا (هەولێر) لە ساڵی ٦١٦ پێش زایین دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان. وەک لە نەخشەی ٢ دیارە، دوو شاری گرنگی ئاشوریەکان ئامانجی سەرەکی بابیلۆن و مادەکان بوون، ئەوانیش "ئاشور" پایتەخی کۆن و هەروەها "نەینەوا" پایتەختی ئەوسای ئاشوریەکان بوون. ساڵی ٦١٥ پ.ز. بابلییەکان پەلاماری شاری "ئاشور"یان دا، بەڵام شکان و بۆ تکریت پاشەکشەکان کرد. جێی سەرەنجە کە وڵاتی ئاشور خاوەن سوپایەکی بەهێز و ئەزموونێکی جەنگی زۆر بوو، شکستپێهێنانیان کارێکی ساکار نەبوو. شاڵاوی مادەکان بە فەرماندەیی خودی کیاکسار بەردەوام بوو. لە کرۆنیکای[٢] بابیلۆن هاتووە: ساڵی ٦١٤ (پێش زایین) هەردوو هێزی ماد و بابیلۆن پلانیان بۆ ئابلۆقەدانی "ئاشور" دانا، بەڵام پێش گەیشتنی سوپای بابیلۆن، سوپای ماد بە فەرماندەیی خودی کیاکسار بەدرێژایی ڕوباری دیجلە بەرەو شارەکە هەنگاوی نا و داگیری کرد، ئاگری لە شارەکە بەردا و وێرانی کرد، لەوێدا لەگەڵ پادشای ئەککاد (بابیلۆن) بە یەک گەیشتن و دواتر گەڕانەوە شوێنی خۆیان[٣].

---

(١) پاشاکانی بابیلۆن خۆیان وەکو ئەکەدی (ئەککاد) ناودەبرد.

(٢) کرۆنیکا: تۆماری ڕووداوەکان.

(3) Piotrowicz Ludwik, Upadek Asyrii w Świetle nowo odkrytej kroniki babilońskiej, Kraków 1928.

**نەخشەی ٢. شاڵاوی مادەکان و بابیلۆن بۆ سەر وڵاتی ئاشور**




پاش گرتنی شاری ئاشور، ئەنجا نۆرەی گرتنی پایتەخت و خاڵی سەرەکی دەسەڵاتی ئاشوریەکان هات کە نەینەوا بوو. گرتنی نەینەوا ئاسان نەبوو، پێویستی بە کات و هەماهەنگی زۆرتر بوو. ساڵی ٦١٢ پ.ز. کیاکسار و نابۆپلاسسەر هێزەکانیان لە چەند قۆڵێکەوە بەرەو نەینەوا ئاراستە دەکەن. دوای سێ مانگ ئابلۆقەدان و گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوی دیجلە بۆ ژێر دیواری قەڵا و پەرژینەکان، سوپای ماد بە فەرماندەیی شازادە "ئارباسێس" و سوپای بابیلۆن بە فەرماندەیی قەشە "بێلێزیس" چوونە ناو شارەکەوە بە تەواوی خاپووریان کرد. شکستی گەورەیان بە سوپای ئاشوری و شاری نەینەوا گەیاند، خەڵکێکی زۆریان کوشت و هەرچی سامان و زێڕ و زیو و ئاژەڵ بوو بردیان[1]. مێژوونووسان باس لە قینی مادەکان دەکەن بەرانبەر نەینەوا، بە جۆرێک کە تا چەند سەت ساڵێک شارەکە بە کەڵکی ژیان نەهاتەوە. بەم شێوەیە ئیمپراتۆری ئاشوری کۆتایی پێهات کە ماوەی ٢٠٠٠ (دووهەزار) ساڵ دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر تەواوی ناوچەکە هەبوو.

کیاکسار دوا بەدوای فراوانکردنی سنوری وڵاتەکەی، پەلاماری وڵاتی "لیدیا"ی دا، پاش چەندین ساڵ لە جەنگ، هەردوو لا ڕێککەوتن بە نێوەندگیری پادشای بابیلۆن

(1) Ludwik Piotrowicz: Upadek Asyrii w Świetle nowo odkrytej kroniki babilońskiej. Kraków, 1928.

نەبۆخۆدنەسری دووەم ئاگربەست ڕابگەیەنن. کیاکسار کچی پادشای لیدیای خواست بە ناوی ئارێینا، هەروەها "ئامیتیا"ی کچی خۆشی دایە نەبۆخۆدنەسری دووەم. پادشای بابیلۆن باخچە هەڵواسراوەکانی بابیلۆنی بۆ دروستکرد، چونکە شازادەی ماد لە ناوچەیەکی پڕسەوزایی وەکو هەمەدانەوە هاتبوو و بە کەشوهەوای بیابان نامۆبوو. کیاکسار لە ماوەی ٦٢٥-٦٨٥ پ.ز. کە دەکاتە ٤٠ ساڵ، حوکمڕانیی کرد، دوای ئەو کوڕەکەی بەناوی "ئاستیاگۆ یان ئاستیاگێس" دێتە سەر تەختی شاهانە.

**نەخشەی ٣. فراوانخوازی ئیمپراتۆریی ماد**




ئاستیاگۆ پێچەوانی باوکی، لە بەڕێوەبردنی وڵات کەسێکی لێهاتوو و کارامە نەبوو، خەڵکی لێی ڕازی نەبوون، سوپا لێی بێ باک بوو. هارپاکی فەرماندەی سوپا ڕێکدەکەوێت لەگەڵ کچەزای پادشا بۆ لێسەندنەوەی جڵەوی دەسەڵات. ئاستیاگۆ پێشتر "ماندانا"ی کچی خۆی دابوو بە میری هەخامەنشی "کامبیزی یەکەم"، لەو هاوسەرگیرییە کوڕێک لەدایک دەبێت بەناوی کورش، کە دواتر بە کورشی مەزن یان کورشی دووەم ناوزەند دەبێت و دەبێتە دامەزرێنەری یەکێک لە گەورەترین ئیمپراتۆرییەکانی جیهان. لە هێڵکاری خوارەوە هاوسەرگیرییەکە چاکتر ڕوون دەکەینەوە.

جێی سەرەنجدانە، کە ناوی "کوڕش" ناوێکی کوردییە. بەگوێرەی توێژەری کورد ئەحمەدی مورادی و توێژەری فارس دکتۆر ناسر ئینقیتاع، ناوەکە لە دوو بڕگە پێکهاتووە: کوڕ + ئاشا. ئاشا لە زمانی ئاڤێستایی بە واتای بەهەشتی، سەرڕاست یان شایستە دێت(١). کەواتە کوڕش واتا کوڕی شایستە، کوڕی بەهەشتی، کوڕی سەرڕاست.

**هێڵکاری ژمارە ١. هاوسەرگیری کچی ئاستیاگۆ پاشای ماد لەگەڵ کامبیزی یەکەمی هەخامەنشی**




سەرچاوە: کاری توێژەر لە سەر بنەمای سەرچاوە مێژووییەکان.

فەرماندەی سوپا "هارپاک" لەگەڵ کوڕشی دووەم ڕێکدەکەوێت. لە شاری هەمەدان دوای ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی، ئاستیاگۆ دەسگیر دەکرێت. بەمەش کوڕش دەسەڵات لە باپیری دەسەنێت و هەمەدانیش وەکو پایتەختی خۆی دەهێڵێتەوە. جگە لەوەش، تەواوی میرەکانی ماد و خانەوادە ئەرستۆکراتەکان پێگەی خۆیان لەدەست نادەن، بەڵکو وەکو پێشوو خانەدان دەمێننەوە و دەبنە هاوکاری کوڕش بۆ دروستکردنی ئیمپڕاتۆری هەخامەنشی (ئەخمینی).

---

(١) دکتۆر ناصر انقطاع، توێژەری مێژووی فارس.

گرنگــە ئامــاژە بدەیــن بــە دوو خــاڵ، یەکەمیــان: بەبــێ ڕووخانــی ئاشــوریەکان دروســتبوونی ئیمپڕاتــۆری هەخامەنشــی مەحــاڵ بــوو، ئــەوە مـــادەکان بــوون بــەو کارە مێژووییــە هەســتان. دووەم: ئــەوەی ڕوودەدات لێــرە بریتییــە لــە گواســتنەوەی ســەنتەری دەســەڵات لــە شــوێنێکەوە بــۆ شــوێنێکی تــر. ڕاســتە هەمــەدان وەکــو یەکێــک لــە پایەتەختــەکان دەمێنێتــەوە، بــەڵام کــوڕش پەلامــاری پایەتەختــی بابیلــۆن دەدات و داگیــری دەکات و دەیکاتــە دووەم پایەتەختــی خــۆی. جیــاوازی لــە نێــوان کــوڕش و پاشــاکانی مــاد ئەوەیــە، کــە کــوڕش لــە بابلییەکانــەوە زۆر شــت فێــر دەبێــت، لەوانــە چۆنییەتــی تۆمارکردن و نووســینەوەی ڕووداوەکان، کــە تــا ئەوســاکە تەنهــا بابلــی و ئاشــوریەکان ڕووداوەکانیــان لــە تۆمــارەکان دەنووســییەوە. لێــرەدا نووســین و تۆمــاری ڕووداوەکان لــە فێرکردنــی نــەوەکان و ئاگادارکردنەوەیــان لــە ڕووداوەکانــی مێــژوو و یــادەوەری نەتەوەیــی ڕۆڵێکــی ســەرەکی دەبینــن. ئەنجــا شــێوەزاری ئەنشــان دەبێتــە زمانــی نووســین و زمانــی دەوڵــەت. لێرەدا جیاوازییــە ئیتنییــەکان چەکــەرە دەکــەن بــە تێپەڕبوونــی کات نەتەوە-زمــان دروســت دەبــن. بێجگــە لــەوەش، دەســەڵات لــە خــوارووی ئیمپراتۆریــی هەخامەنشــی بۆ هاموشــۆی بازرگانــی و تێپەڕبوونــی ڕێگــەی ئاوریشــم لــە نێــوان ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاوا ناوچەیەکــی لەباربــووە. بــە پێچەوانــەی چیــا ســەختەکانی کوردســتان، کــە خێڵــە کوردییەکانــی تێــدا لــە کەشــێکی گۆشــەگیر و دوور لــە جیهانــی دەرەوە دەگیرســێنەوە.

ســەبارەت بــە ئیمپڕاتۆرییەکــەی کوڕشــی دووەم، زۆرێــک لــە مێژوونووســان نــاوی ئیمپڕاتۆریەکــە بــە هەخامەنشی-مـــادی دەهێنــن. ســەرچاوە بیانییــەکان هەخامەنــش بــە هۆزێکــی مـــاد نــاو دەبــەن، دوای باڵادەســت بوونــی هەخامەنشــییەکان لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، تێپەڕبوونــی کات و فاکتــەری جیۆگرافیــا دەبنــە هــۆی دابڕانــی هۆزە مـــادەکان لــە هەنــاوی چیــاکان. بــەم شــێوەیە هەخامەنشــییەکان جڵــەوی دەســەڵات دەگرنــە دەســت و دەبنــە ســەردار و میللەتــی سەردەســت، مـــادەکانیش دەبنــە دوو بەشــی ســەرەکی، بەشــێکیان دەتوێنــەوە لەنــاو هەخامەنشــییەکان و بەشێکیشــیان لــە چیاکانــی زاگــرۆس سروشــتی دەبنــە نەتەوەیەکــی خــاوەن دابونەریــت و زمانــی ســەربەخۆی کــوردی. هەڵــە ناکەیــن گــەر بڵێیــن کرۆکــی هەمــوو نەتــەوە ئێرانییــەکان و دروســتبوونی ئیمپڕاتــۆری هەخامەنشــی و ئەشــکانی و ساســانی و ئێرانــی ئەمــڕۆ، زادەی ســەرهەڵدان و گەشــەکردنی

مـــادەکانە. ئـەوە مـــادەکان بـوون بـۆ یەکـەم جـار دەوڵەتـی شـاهانەیان بنیادنـا تاکـو دوایـی ئەوانـی تریـش شاگەشـکە بـن پێیـان و لاسـاییان بکەنـەوە.

شایانی باسە مـــادەکان ناویان لە ئینجیل "بیبلیا" هاتووە، وەک پێشووتر ئاماژەمان پێدا. گرنگـی ئـەوان لەوەدایـە کە بوونە هۆی لەناوبردنی ئاشـوری و ئەککادییە بت پەرسـتەکان و دوای ئەوەش ڕزگارکردنی جووەکان لەژێردەستی بابلییەکان. بەو پێیەی مـــاد و هەخامەنش ئایینـی زەردەشـتیان وەرگرتـووە، کـە پێغەمبەرێکـی یەکتاپەرسـت و خاوەن پەیامـی خودایی نزیـک لـە ئایینـی جـووەکان بـووە[1]، لێکچوونـی بنەمـای یەکتاپەرسـتی ئایینـی ڕەنگـە هۆکارێـک بووبێـت تاکـو "کوڕش" جـووەکان لـە کۆیلایەتی ڕزگاربـکات. ئـەوەش هۆکارێکە کـە هەندێـک لـە مێژووناسـان پێیـان وایـە کوڕشـی مـەزن هەمـان ئـەو "ژو القرنیـن"ە بێت کـە نـاوی لـە قورئـان هاتـووە. کوڕشـی مـەزن هیـچ کاتێـک نـاوی نەهاتـووە وەکـو پادشـای پارس، بەڵکو ئەو نازناوانەی خراونەتە پاڵی: شاهەنشـاهـ پادشـای پادشـاکان، پادشـای مـــاد، پادشـای بابیلـۆن، پادشـای سـۆمەر و ئـەککاد، پادشـای چـوار لای جیهان. کەواتە، نـاوی پارس لـە لایـەن گریکـەکان بـرەوی پێدەدرێـت و دەبێتـە پێناسـێک بۆ دانیشـتوانی ناوچەکـە، تا لە کۆتایـی دا دەبێتـە ناسـنامەی ئـەو میللەتـەی کـە ئەمڕۆ پێـی دەگوترێـت پارس-فارس.

---

(1) https://www.biblijny.org/4/282/artykul/.

## لە نەفرینی جیۆگرافیاوە بۆ نەفرینی مێژوو

بۆچوونی زۆربەی شارەزایانی مێژووی کورد لە سەر ئەوە کۆکە کە زەقترین هۆکاری نەهامەتییەکانی ئەمڕۆی نەتەوەی کورد بۆ فاکتەری جیۆگرافیا دەگەڕێتەوە. چیا سەخت و زنجیرەی شاخەکان، نەبوونی دەروازەی ئاوی دەریایی هۆکاری یەکەم بوون بۆ گۆشەگیربوونی نەتەوەی کورد لەناوەندی چیاکانی زاگرۆس و تۆروس. ڕووبارەکانیش ڕۆڵیان هەبوو لە جوداکردنەوەی هۆزەکانی کورد لە یەکتری و ڕێگربوون لە بەردەم دروستکردنی هەستی یەکیەتی نەتەوەیی.

بە گەڕانەوە بۆ باسەکانی سەرەوە لەمەڕ باڵادەست بوونی هەخامەنشییەکان، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە مێژوو-جیۆگرافیا هێڵێکی لێکنەپچڕاوی هەیە و هەموو ئەوەی ئێستا ڕوودەدات لەسەر زەمینی کوردستان ڕەگێکی قوڵی لە مێژووی هەزار ساڵ لەمەوبەر هەیە. وەک ئاماژەمان دا، گواستنەوەی سەنتەری دەسەڵات لە هەمەدانەوە بۆ تەختی جەمشید و پاسارگەرد و بابیلۆن، گرنگی و پێگەی ناوچەکانی کوردستانی کەم کردەوە. ڕێگەی بازرگانی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، شارەکانی وەکو شیراز و ئەسفەهانی دروستکرد و کردنی بە هێڵی پێکبەستنی بازرگانی جیهانی، کە دەکەوتنە دەرەوەی سنوری ناوچەکانی کوردستان. گەر بەوردی سەیری ڕووداوەکانی دواتر بکەین، دەبینین کە حوکمی ساسانییەکان دەرهاویشتەی پێشینەکانی خۆیەتی، پایتەختی ئیمپڕاتۆری ساسان دەچێتە "مەدائن" لە باشووری ڕۆژهەڵاتی بەغدای ئێستا. هێڵی نێوان ئەو ناوچەیە ئەوەندە گرنگە کە تەنانەت دوای هاتنی ئیسلامیش، عەرەبەکان لەو ناوچەیە شارێک دروست دەکەن بەناوی دار السلام (بەغدا) کە لە سەردەمی عەباسییەکان دەبێتە سەنتەری سیاسی و بازرگانی جیهانی. بەڵام گەر لە هەمان کاتدا ئاماژەیەک بدەین بە نموونە بە شاری هەولێر، گەرچی تەمەنی ئەو شارە بە شەش هەزار ساڵ زێتر دەخەملێنرێت، بەڵام لە مێژوودا هەرگیز نەبووەتە سەنتەری سیاسی و بازرگانی لە سەردەمەکانی خۆیدا، هیچ کاتێک هێڵ و ڕێگەی بازرگانیی پێدا تێپەڕ نەبووە. ڕێگەی ئاوریشم لە وڵاتی چین و هیندستان و پاکستانەوە بە ئێران تێپەڕ دەبێ و دەگاتە بەغدای پایتەختی عەباسی، لەوێشەوە بەرەو شام و دواتر بە ئاناتۆلیا تاکو دەگاتە کۆنستانتینۆپۆڵ (ئەستەمبۆڵ)، بەڵام دەبینین هیچ ناوچەیەک و

شارێکی کوردستان بەشێک نەبوون لەو ڕێگە بازرگانییە پڕبایەخ و چارەنوسسازە.

ئەو دورەپەرێزییە جیۆگرافی و سیاسییە سەرەنجام وادەکات هۆزە کوردەکان فێری زانستی ستراتیژی و حوکمڕانی نەبن، بەشداری نەکەن لە ژیانی بازرگانی و بەرەو کرانەوەی نێونەتەوەیی نەچن. کاری بازرگانی پێویستی بە پانتایی و خاکی کراوە هەیە، پێویستی بە ڕێگەی دەریایی هەیە، کوردستان لە هەردووکیان بێبەش بوو. نەبوونی دەروازەی دەریایی لە جیۆگرافیای کوردستان بووە هۆی گۆشەگیرکردنی هۆزەکانی کورد و قەتیس کردنیان لە خاکێکی داخراو. ئەو داخراوییە ڕێگربوو لەبەردەم ناسینی جیهانی دەرەوە، سەرەنجام ڕێگربوو لەبەردەم هەموو گەشەکردنێکی هزری سیاسی و حوکمڕانیکردن[1]. تێکەڵبوون بە جیهانی دەرەوە هەستکردن بە یەکێتی میللی و یەکێتی نەتەوەیی دروست دەکات، هۆزەکانی کوردستان لە بازنەی داخراودا نەیانتوانی لەوە تێبگەن و بزانن کە ئایا جیاوازی زمان و کولتور چیە و چۆن دەبێتە بنەمایەک بۆ جیاوازی نەتەوەیی. مرۆڤ تاوەکو لە خانەوادەی خۆی دوور نەکەوێتەوە و بێگانە نەناسێت، قەدری ماڵی خۆی و کەسانی هاوخوێنی خۆی نازانێت. تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان لای بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان ئەو ناسنامە نەتەوەییە وونە، جا لەم بۆشاییەدا تورک و فارس دۆخەکەیان هەڵقۆستۆتەوە لە خزمەتی نەتەوەکانی خۆیان، برەویان بە هەستی ئایینی لە ناو هۆزە کوردەکان داوە، بەمەش لای تاکی کورد ئایین بووەتە تاکە گۆشەنیگای بیرکردنەوە، بەڵام بیرکردنەوەیەکی تژی لە کەموکوڕی. ئەمەش سەرەنجام وایکردووە نەتەوەی کورد بە ئاسانی بکەوێتە ژێر هەژموونی نەتەوەی سەردەستی تورک و فارس، ئەنجا بە ئاسانی دەستخەروو بکرێت و بۆ مەرامی سیاسی بەکار بهێنرێت. ئەڵبەت ئایین کرۆکی سەرەکی پێکدەهێنێت لە بەرەوپێش بردن و گەشەی فرەڕەهەندی میللەتان، بەڵام لە بابەتی کورد، بووەتە ئامرازێک بۆ بەکۆیلەکردن و بازرگانی پێوەکردن. هیچ میللەتێک نییە لە جیهان لەژێر سایەی ئایینەوە سود و قازانجی نەکردبێت. ئایینەکان بۆ هۆشیاری گەلان و میللەتان هاتوون، بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی ژیانکردن و یاسادانان هاتوون. گەلی کورد بێبەش بووە لەم سوودوەرگرتنە.

---

(١) ڕێباز جلال ئەحمەد نانەکەلی، هەلومەرجەکانی هەناردەکردنی نەوت لە هەرێمی داخراو، هەرێمی کوردستانی عێراق بە نمونە. لاپەڕە ٦٨. (نامەی دکتۆرا).

## خوێندنەوەی مێژووی ئێمە و ناوچەکە لە دیدی ئەوانی تر

مێژوونووس یان مێژووناسانی بێگانەی عەرەب و فارس و تورک، کە هەرسێک خودان وڵاتی نەتەوەیی سیاسی و دەسەڵاتی فەرمانڕەوان بەسەر کوردەوە، هەمیشە ویستوویانە بنەچەی کورد سەرەنگوم بکەن و تەمومژاوی تیا دروست بکەن، بۆئەوەی تاکی کورد لە کاتی خوێندنەوەی دیرۆکی خۆی، سەری لێ بشێوێت. ئەو جۆرە پیشاندانەی کورد لە لایەن سێ نەتەوەی بێگانە بە ئامانجی پەکخستنی هەستی نەتەوەبوونە لای کورد، بە ئامانجی ئەوەیە تاکی کورد شەرم لەوە بکات بڵێت من لە ڕیشە و نەژادی نەتەوەی کوردم.

لە هەمان کاتدا ئەم سێ نەتەوە باڵادەستە بەشێوەیەک باسی سەرهەڵدانی نەتەوەکانی خۆیان دەکەن، وەک ئەوەی هەر ئەوان هەبن و هەر ئەوان دیرۆکیان هەبێت. ئەنجا لەسەر ئەم بنەمایە پەروەردەی منداڵانی کورد دەکەن، بەشێوەیەک وایان لێدەکەن سەرسام بن بە تورک، یان بە عەرەب و فارس، لە هەمان کاتدا شەرم بکەن لەوەی بڵێن کوردین. بە نموونە تورکەکان بنەچەی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ هاتییەکان کە لە ئەناتۆڵیای ئێستا دەژیان، یانیش سۆمەرییەکان کە لە مێزۆپۆتامیا دەژیان. مێژوونووسی پۆڵەندی پرۆفیسۆر داریوش کۆلۆجێیچک[1] لە سەر پرسی مێژووی تورک دەڵێت:

"ئەتاتورک لەخۆیەوە تێزێکی داهێنا کە گوایا تورکەکان نەوەی هاتییەکانن. ئەوەش دوای ئەوە هات کە ناوچەیەکی ژێر کۆلۆنیالیزمی فەڕەنسی لە سوریا کەوتە ژێر دەسەڵاتی تورکیا. تورکەکان ئەو ناوچەیان ناونا هاتای[2]. کاتێک تورکەکان دەڵێن ئێمە لە نەوەی هاتییەکانین، ئەوا دەبێ ئێمەی ئەوروپی بە گاڵتەوە پێیان پێبکەنین. جگە لەوەش کۆنترین بانک لە تورکیا ناوی لێنرا "هاتای" هەروەها بانکی "سۆمەر" وەک ئەوەی بیانەوێ نیشانی بدەن کە ئەوان نەوەی هاتییەکان و سۆمەرییەکانن.

---

(١) داریوش کۆلۆجێیچک: پرۆفیسۆری ئەکادێمیای زانستی پۆڵەندایە، ئوستادە لە زانکۆی وارشۆ. یەکێکە لە مێژوونووسە ناودارەکانی ئەو وڵاتە.

(٢) ئەو شارەی ئێستا پێی دەگوترێت هاتای لە بنەڕەتدا بەشێک بوو لە ناوچەی ئەلێکساندریا و ناوە مێژووییەکەی "ئەنتیۆکیا"یە و ئێستاش لە تورکیا پێی دەگوترێت ئەنتاکیا.

ڕەگـی ئـەو بیرکردنەوەیـە لەوەدایـە کـە تورکـەکان دەیانـەوێ بـە ئێمـەی ئەوروپـی بڵێـن سـەیربکەن ئێمـە لـە خـاک و ماڵـی خۆمانیـن. ئـەوەش نەخۆشـی خۆبەزلزانیـن و خۆبەڕەسـەن نیشـاندانی تورکەکانـە".

هەسـتی تورکـەکان بـۆ ئـەم پرسـە بـێ بنەمـا نییە، ئـەوان چـاک دەزانن کـە لـە بنەڕەتدا خەڵکـی بانەکانـی تـەک چیاکانـی ئۆراڵـن و لـە هۆزەکانـی تورکـە ئۆگوزەکانـن لـە هەمـان خێزانـی مەغۆڵـەکان یـان مەنگۆلییەکانـن. پڕۆفیسـۆری ناوبـراو دەڵێـت: مـن هەمیشـە بـە قوتابییەکانـم دەڵێـم ئـەو داتایـە ئەزبـەر بکـەن: سـاڵی (١٠٧١)، چونکـە ئەمـە ئـەو سـاڵەیە کـە هـۆزە تورکـەکان لـە جەنگێـک لـە باکووری دەریاچـەی ڤـان – وان بەسـەر ئیمپڕاتۆری ڕۆمانـی سـەردەکەون و دەپەڕنـەوە بـەرەو ئەناتۆڵیـا (ئەنـادۆڵ).

بەهەمـان شـێوە بـا عێراقـی نـوێ وەکـو نموونـە وەربگریـن. مێژووناسـانی عـەرەب لـەم وڵاتـە بەشـێوەیەك نـاوی عێـراق دێنـن وەک ئـەوەی ئـەم وڵاتـە درێژکـراوەی ئەکەدییـەکان یـان ئیمپڕاتۆریـی ئاشـوریەکان بێـت. بـە نموونـە پڕۆفیسـۆرێکی عێراقـی بەنـاوی ئەبـو ئەلسـوف بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ خەیاڵێکـی ژەهـراوی لای گەنجـی عەرەبـی عێراقـی دروسـت دەکات کـە جگـە لـە وەهمێـک چیتر نییـە. ناوبـراو دەڵێـت: :"ئیمپڕاتۆریی ئاشـوریی عەرەبیـمان لەسـەر دەسـتی مـادەکـان لەناوچـوو. مـادەکـان بەشـێوەیەکی زۆر دڕنـدە و بەربەرییانـە ئـەو ئیمپراتـۆرەی ئێمەیـان لەنـاو بـرد". ئەبـو ئەلسـوف دەیـەوێ وێنەیـەک لای گەنجـی عەرەبـی عێراقـی دروسـت بـکات کـە کـوردەکان دڕنـدەن و وێرانکـەرن، ووریـای خۆتـان بـن لێیـان. ئـەو بەنـاو پڕۆفیسـۆرە و هاوشـێوەکانی هـۆکارن لـە نەهامەتییەکانـی نەتـەوەی کـورد، چونکـە لەڕێگـەی ناوەنـدە ئەکادیمـی و زانسـتییەکانەوە بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ هانـی چینـی خوێنـەر و ڕۆشـنبیری عەرەبـی دەدەن کـە دژی کـورد ددانیـان لێکبخزێنـن و لـە ڕێگـەی پیشـاندانی وێنەیەکـی درۆئامێـز و ئاشـوبهێن لـە سـەر نەتـەوەی کـورد بیـری تۆڵەکردنـەوە بکەنـەوە.

ئـەوە هەمـان ئەو عەقـڵییەتەیە کە کاتی خۆی دەیویسـت وڵاتی کوێت بکاتە بەشـێک لـە عێـراق بـە گەڕانـەوە بۆ یەکـەی بەڕێوەبـردن و کارگێڕی عوسـمانییەکان، لـە کاتێکدا کە شـێخ مبـارک الصبـاح بیسـت سـاڵ پێـش دروسـتبوونی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٠٠ هەوڵەکانی

خۆی بۆ دروستکردنی کیانێکی سیاسی بۆ کوێت بەهاوکاری بەریتانییەکان خستبووەگەڕ [١]. دەوڵەتی عوسمانی ناوچەکەی دابەشکردبوو لەسەر بنەمای کارگێڕی (ئیداری) بەگوێرەی پێویستی دەوڵەت، کوێت و ڕیاز و قەتەر و چەندین ناوچەی تریش لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ولایەتی بەسرا بوون. دوای دروستبوونی عێراق، بڕیاربەدەستە تازەکانی ئەو وڵاتە دەیانووسیت بگەڕێنەوە بۆ سەر بنەمای ئەو یەکە کارگێڕییەی عوسمانییەکان تاوەکو کوێت بکەنە بەشێک لە عێراقی دروستکراوی بەریتانی.

ئاشکرایە لە سەروبەندی ڕووداوەکان، ڕووە ڕاستەقینەکان دەردەکەون. لە ساتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان، دەنگە نەیارەکان کەوتنە وێزەی کورد و تانەدان لە هەستی مرۆڤی کورد بەشێوەیەکی بێ بەزەییانە و بێ ڕێزانە. چەندانێک لە کەسە دیارەکانی شیعەی عێراقی لە تیڤییەکانەوە دەردەکەوتن، لەوانە وائل عبداللطیف، گویا دکتۆرای هەیە لە یاسا، کەچی درۆی ئەو مرۆڤە گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە بڵێ عێراقمان تەمەنی ١٠ هەزار ساڵە، کوردەکان چیان دەوێ؟ بۆچی یاری بە ئاگر دەکەن لەگەڵمان؟

سەیرکە ئەو مرۆڤە دڕندانە چۆن ڕاهاتوون لەسەر چاوسوورکردنەوە لە گەلی کورد! شتێکی نامۆ نییە، چونکە ئەوان وا پەروەردە کراون کە هەمیشە وەکو ئاغا بەسەر کوردەوە دەمشڕی بکەن، شۆڤینیزمی عەرەبی و بەعسی سەدامی وای فێرکردوون کە کورد مافی دەنگ هەڵبڕینی نییە، مافی ئەوەی نییە بڵێ من نەتەوە و زمان و خاکم هەیە، مافی ئەوەی نییە بڵێ منیش دەمەوێ سنوری وڵاتێکی نەتەوەیی خۆمم هەبێت! ئەوجا نەهامەتی گەورە ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە پێی وایە عەرەبی عێراقی دروستکراوی بەریتانی، میراتگر و وەچەی سۆمەری و ئەکەدی و ئاشورییەکان و بابلییەکانن! ئا لە وڵاتێکی ئەوها نارەسەندا، کورد هەمیشە خۆی لە ڕۆخی کۆمەڵکوژی و کاولکاری بە دەستی نەتەوەی سەردەست دەدۆزێتەوە.

لەوەش زێتر جێگەی سەرسوڕمان، سیاسەتی تورکەکانە. بیرمەندی گەورە ئیسماعیل بێشکچی لە پەرتوکە گرنگەکەیدا بەناوی "تیزی تورک بۆ مێژوو" بە تێروتەسەلی باس لە

(١) گفتوگۆکانی سیاسەتڤانی عێراقی فائق الشیخ علي لەگەڵ کەناڵی القبس.

سکانداڵی بەناو توێژەرانی تورک دەکات، کە چۆن لە کۆنگرەکانی مێژووی تورک لە ساڵانی سییەکان لە سەردەمی حوکمی ئەتاتورک، هەوڵی بەپلان لەناوبردنی زمان و کولتوری کورد دەدەن. سەیر لەوەدایە، نووسەرانی مێژووی تورک پێیان وایە کە بنەچە و ڕەگی سۆمەر و ئەککاد و ئاشور و هەموو شارستانی گریک (یۆنان) و ڕۆما لە ڕاستیدا تورکن! تێزەکانی مێژوونووسانی تورک ئەوەندە ئابڕووبەرن کە مرۆڤ بە شاگەشکە دەهێنن. لەسەر ئەو بنەمایە منداڵانی تورک فێردەکرێن کە کەس لە سەرووی تورکەوە نییە، فێریان دەکەن چۆن تەنها زمانی تورکی دەبێت باڵادەست بێت و جگە لە زمانی ئەوان هیچ زمانێکی تر بۆی نییە قسەی پێ بکرێت. لە فەرهەنگی زمانەوانی تورکیدا سەرچاوەی وشەکان گەڕێنراوەتەوە بۆ ڕەگە بنچینەییەکەی، لەبەردەم دەیان وشەی بە ڕەسەن کوردیدا نووسراوە فارسی یان عەرەبی. ئەوان زمانی کوردییان پێ زمان نییە، بۆیە سەدان وشەی کوردی بە فارسی یان عەرەبی ناوزەند دەکەن. لە نووسینەکانیان لەسەر زمانی کوردی، وەها بانگەشە دەکەن کە کوردەکان تورکن و بەڵام دواتر زمانی خۆیان گۆڕیوە بۆ فارسییەکی شکاو! تەواوی ئەو پرسە لە پەرتوکی نووسەری ناوبراو "بێشکچی" گەڵاڵەکراوە[١].

(١) ئیسماعیل بێشکچی، تێزی تورک بۆ مێژوو، وەرگێڕانی: ئاسۆس هەردی.

## هـــــۆزە تورکەکان کێ بوون و لەکوێوە هاتوون؟

پێشتر باسی فارسەکانمان کرد و نیشانمان دا کە چۆن و کەی هاتنە بوون، هەروەها ئاماژەیەکی کورتمان بە تورکەکان دا، بەڵام لێرە زێتری لەسەر دەڕۆین. تورکەکان خەڵکانێکی ڕەشماڵنشێن و شوانکارە بوون لە تۆرەمەی گروپە ئیتنییەکانی ئۆڕاڵ-ئاڵتایین، کە زنجیرە چیای ئۆڕاڵ سنوری نەژادیان دیاری دەکات. ئەوان هاوخوێنن لەگەڵ مەغۆلەکان (مەنگۆلییەکان) و ئویگورەکان و ئوزبەک و تاتار و تورکمان و کازاخ و قیرگیز و ئازەرییەکان. بەگوێرەی سەرچاوەکان لە سەردەمی هوونەکان (خوون)[1] کە لە ساڵی ٢٠٩ پ.ز. باڵادەست بوون، هۆزە تورکەکان سەرکردەیەکیان هەبووە بەناوی مەتەخان و خاوەن ڕێکخستنی سەربازی و سوپای خۆی بووە، بەڵام هەمیشە لە گێژاوی جەنگ و پشێوی دابوون لەگەڵ مەغۆل (مەنگۆل) و تونگوسەکان. ئەوانە هەموویان یەک تۆرەمەن و زمانەکەشیان سەر بەیەک خێزانی زمانە[2].

زنجیرە چیاکانی ئاڵتای خاکی ڕەسەنی تورك و مەغۆل و نەتەوە تورکزمانەکانە. ئەو ناوچەیە دەکەوێتە سەر سنوری مەنگۆلیای ئێستا و کازاخستان و باکوری وڵاتی چین. وەك لە سەرەوە ئاماژە درا مەغۆل و تونگوس و تورکەکان لە جەنگی ناوخۆیی خوێناوی دابوون. هەروەک ئاشکرایە مەغۆلەکان لە شەڕدا زۆر دڕندە بوون، جەنگە ناوخۆییەکان وای لە بەشێکی تورکەکان کرد ئاوارە بن و بە شێوەی گروپ گروپ ڕووەو ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوا ئاوارەبن. گرنگە ئاماژە بدەین، کە هۆکاری مانەوەی تورکەکان دوای ئەو هەموو جەنگی ڕەشەکوژی وماڵوێرانی و کۆچکردنەوە، دەگەڕێتەوە بۆ وێژگێکی تایبەتی ئەو گروپە ئیتنییە، ئەویش بەپیرۆزکردنی سەرکردە و پاشاکانیان و خاک و نیشتمانە. واتا لای مرۆڤی تورک پادشای وڵات و خاک دوو شتی پیرۆزن و سازشیان لەسەر ناکرێت. بە پێچەوانەی گەلی کورد کە ئەو تایبەتمەندییانەی نییە.

---

(١) هوونەکان یان خوونەکان گرۆپی ئیتنی کۆن بوون لە ناوچەکانی چینی ئێستا باڵادەست بوون، چەند جارێک هێرشیان بەرەو ڕۆژئاوا هێناوە.

(٢) گرنگترین سەرچاوە لەبارەی مێژووی کۆنی تورک، شاکاری مێژوونوس و جیۆگرافیناس و ئێتنۆلۆگ و ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسی "لێڤ گومیلۆڤ"ە بەناونیشانی: مێژووی کۆنی تورکەکان.

**نەخشەی ٤. نیشتمانی هۆزە تورکەکان لە ئاسیای ناوەڕاست**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان.

کۆچی هۆزە تورکزمانەکان بە زنجیرەیەکی پچڕ پچڕ و یەک لەدوای یەک دەست پێدەکات لە ماوەیەکی دوور و درێژدا. پێشتر تورکمانەکان لە دەوروبەری ساڵی ٦٢٧ (بیست ساڵ پێش هاتنی موسوڵمانەکان) بە مەبەستی داگیرکاری دوو جار پەلاماری چەند ناوچەیەکی قەوقاز و ساسانییەکان و تەفلیسیان دابوو. دواتر لە ساڵی ٨٠٠ی زایینی لە سەردەمی سامانییەکان هاتن و لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئیسلامی خۆیان مەڵاس دا. بە حوکمی ئەوەی خۆیان گروپی شپرزەی بتپەرست بوون و دەسەڵاتی ئیسلامیش لە لوتکەی دەسەڵاتی خۆیدا بوو، وایان بەچاک زانی ئایینەکە بێ مەرج وەربگرن. دوای ئەو دوو هێرشەی ساڵی ٦٢٧، مێژوو هەواڵی هیچ شەڕێکی تریانی تۆمار نەکردووە. لە سەدەی نۆیەم هەموو نەتەوە هاوچەشنەکانی ئاڵتای ژێر ئاسمانە شینەکە بە تایبەتی تورکمانەکان و (گوێك تورکەکان – ئۆغوزەکان) کەوتنە بەر هێرشی مەغۆلەکان. ئەوەبوو بە شێوەی

قـەرەج بـەرەو ڕۆژئـاوا کەوتنـەڕێ تـا سـەرووی ئێـران، هەندێکیـان گەیشـتنە دەوڵەتـی عەبباسـی وەکـو خزمەتـکار و سـەربازی نانـەزگ حەوێنرانـەوە. زۆربـەی تورکمانـەکان و عوسـمانییەکان بـە تورکـە سەلجوقیەکانیشـەوە ڕەگـەزی خۆیـان دەبەنـەوە سـەر گوێـك تورکەکان-ئۆغـوزەکان کـە گوایـا بەگـزادە و خانەدانەکانـی تورکـن.

تورکـە سـەلجوقیەکان سـاڵی ٩٨٥ بوونـە ئیسـلامی سـوننە مەزهـەب بـە پێچەوانـەی تورکمانـەکان و تورکـە ئـازەرەکان. ئـەو تورکمانـە قەرەجانـە بـۆ یەکـەم جـار لـە سـاڵی ١٠٠٩ هاتنـە باکـوری ئێـران و نزیـك سـنوری تورکیـای ئێسـتا ئیمارەتێکیـان دامەزرانـد بەنـاوی بەرخـەڕەش دوایـی بەرخەسـپی. تورکـەکان سـاڵی ٩٧٧ هاتنـە سـنوری دەوڵەتـی غـەزنەوی ئیسـلامی، کە سـنورەکەی ئەڤغانسـتان و باکوری هیند و خوڕاسـانی دەگرتەوە. کەوتنـە ناوکـۆڵ کـردن و ئاژاوەنانـەوە تاکـو لـە سـاڵی ١٠٣٠ لـە ڕێگـەی تێکدانـی سـەرچاوەکانی ژیـان و ژەهـراوی کردنـی ئـاو، تەنهـا لـە خوڕاسـان و نیشـابور دەهـەزار کەسـیان سـەربڕی، مـاوەی ١٠ سـاڵ بـێ ووچـان کەوتنـە کوشـتن و بڕیـن. تورکـەکان لەبـەر ئـەوەی خاکـی خۆیـان لـە دەسـت دابـوو بەشـێوەی قـەرەج دەژیـان، پێویسـتیان بـە شـوێنێك هەبـوو بیکەنـە نیشـتمانی خۆیـان. "سـەلجوقخان" دوای مردنـی باوکـی "دوکاکخـان" سـەرکردایەتی ئۆغوزەکانـی کـرد. ئەلـپ تیگـن کـە پێشـتر کۆیلـە بـوو لای سـامانییەکان، سـەرکردایەتی شـەڕەکەی لەشـکری تورکی کـرد دژی دەوڵەتـی غەزنەویەکان کـە بەنـاوی شـاری غەزنـەی ئەڤغانییـەوە ناونـراوە. لـە سـاڵی ١٠٤٠ لـە جەنگـی دانداقـان غەزنەویەکانیـان ڕووخانـد هەروەهـا سوڵتانەکەشـیان کـە نـاوی "مـەروێ" بـوو بـە دیـل گـرت و بـۆ عیـبرەت و چاوترسـاندن هەڵواسـی. خەلیفـەی عەبباسـی لـە بەغـدا کـە هەواڵـی سـەرکەوتنی تورکـە سـەلجوقیەکانی پـێ گەیشـت، نازنـاوی سـوڵتانی بەخشـی بـە توغـرول بـەگ کـە "باشـووکە شەل"-یشـیان پـێ دەگـوت. پـاش ڕووخانـی دەوڵەتـی غەزنەویـەکان سـەبوگ تیگـەن بـووە سەرلەشـکری سـەلجوقیەکان.

لێـرەدا قۆناغێکـی نـوێ دەسـت پێـدەکات لەمێـژووی ئـەو هـۆزە کۆچەرییانـە. وەک پێشـتر ئاماژەمـان بـە قسـەکانی پرۆفیسـۆری پۆڵەنـدی "کۆووۆجێیچـك" کـرد، سـاڵی ١٠٧١ سـاتی وەرچەرخـان بـوو لـە مێژووی تـازەی هـۆزە سـەلجوقییەکان، سـەرەتای دروسـتکردنی

نیشتمانێکی نوێ بوو لەسەر خاکی کورد و ئەرمەن و ڕۆمە بیزەنتییەکان. لە ساڵی ١٠٧١ سەرکردەیەکی تازە بە ناوی ئەلپ ئەرسلان زیاتر تورکەکانی ڕێکخستەوە و تا دەهات ناکۆکی نێوان شیعە و سوننەش لەبەرژەوەندی تورکەکان تەواو دەبوو. ئەوەبوو بە هەمان ڕێگەی غەزنەویەکان ئەلپ ئەرسڵان سودی لەو دۆخە وەرگرت و ڕووی کردە باکور کە سنوری بیزەنتیەکان بوو، لە دەریاچەی ڤانی باکووری کوردستان پەڕیەوە. لەوێ ١٥٠ هەزار شەڕکەری تورک بە خێزانەکانیانەوە لەناو دڵی گوند و دێهاتی کوردستان گیرسانەوە، گەلی کوردیش بەهۆی موسوڵمانێتی ئەو گروپە بەوپەڕی دڵگەورەییەوە پێشوازی لێیان کرد. لەو ساڵەدا لە جەنگی "مانزیکێرت" سەرکەوتنیان بەسەر ڕۆمە بیزەنتییەکان تۆمارکرد. تورکە سەلجوقییەکان بۆ ماوەی ٣١ ساڵ کەوتنە بنکۆڵ کردن و چاوترساندن لە ڕێگەی سەربڕین کە نەریتی خۆیان بوو، هەروەها لە ڕێگەی جەنگی دەروونی کە میتۆدی سەرەکییانە لە جەنگەکان. ئەوانەی بەدیلیان گرتن دابەشیان کردن بۆ سەر دوو گروپ، گروپێکیان سەربڕین و بە نامرۆڤانەترین شێوە ئەشکەنجەیان دان تا مردن، گروپەکەی تریشیان بەڕەڵا کرد بۆئەوەی ئەو هەواڵە مەترسیدارە بگەیەننە ڕۆژئاوای ئاسیای بچووك[1]. لە ساڵی ١١٩٠ تەواوی ئەناتۆلیا کەوتە دەست سەلجوقەکان.

ساڵی ١٢٩٩ کیانی عوسمانی لەسەر دەستی عوسمانی یەکەمەوە دامەزرا. بەڵام عوسمانییەکان لە ساڵانی ١٢٣٤ و ١٤٠٢ دوو جار کەوتنەوە بەر هێرشی سەختی مەغۆلەکان لە ناوچەی ئەنقەرەی ئێستا، ئەو کاتە دەوڵەتی عوسمانی دابڕودۆبڕ کرا، واتە لە سەردەمی سوڵتان بایەزید و کوڕەکانیدا بۆ ماوەی ١٩ ساڵ عوسمانییەکان لە پەلوپۆ کەوتن. دەوڵەتی عوسمانی دوای ئەو هێرشەی مەغۆلەکان تا هاتنی سوڵتان سەلیمی یەکەم ساڵی ١٥١٢ خۆی نەگرتەوە. سوڵتان سەلیم لاوازیی دەوڵەتی ئیسلامی قۆستەوە و توانی خۆی بکاتە خەلیفەی موسوڵمانان، هەر بۆیە سوڵتان سەلیم یەکەم فەرمانڕەوای عوسمانییە کە نازناوی أمیر المؤمنین-ی لێ نراوە. لە کۆی ٣٦ سوڵتان، ٢٦ یان لە مێژوودا بە خەلیفەی ئیسلامی ناوزەند کراون. یەکێک لە ناموترین

(١) ئاسیای بچووک، بە هەموو ئەو ناچەیە دەگوترێت کە ئێستا پێی دەڵێن تورکیا.

ئەدگارەکانی عوسمانییەکان ئەوەبوو کە لە هەردوو لاوە جەنگیان بەرپادەکرد. لە ڕۆژئاوا دژی کریستیانەکان و لە ڕۆژهەلاتیش دژی موسولمانان. بۆ جەنگی ڕۆژئاوا بەناوی جیهاد موسولمانانیان جۆش دەدا، فێلبازانە خەلکی ڕەشوڕوتیان کردبووە خەلوزی جەنگێک بەناوی ئیسلام، کە لە ڕاستیدا جەنگێک بوو بۆ بالادەستیی خودی ئالی عوسمان. ئەوان قەوارەیەکی بەهێزیان دروستکرد بەناوی "دەڤلەت-ئالی ئوسمان". ئەوان بەخۆیان نەدەگوت ئیمپراتۆری عوسمانی، بەلکو ئەو ناوە لە لایەن ئەوروپییەکانەوە هێنرایە کایەوە. ڕاستییەکیش هەیە، هەر کەسێک خزمەتی ئەوانی بکردایە جا با لە هەر میللەتێک بووایە، ئەوا شوێنی لە دەولەتەکە دەبووەوە. ئەوان کاربەدەستیان لەسەر بنەمای کاری ڕێکخراو و شارەزایی هەلدەبژارد نەوەک بنەمای نەژادی. ئەوە یەکێک بوو لە فاکتەرەکانی سەرکەوتنی ئەو دەولەتە.

سالی ١٣٣٠ لەشکری یەنیچەری لە لایەن مورادی یەکەمەوە دامەزرێنرا، تا سالی ١٨٢٦ گۆڕدرا بە عەساکیرەی مەنسورەی محەمەدیە. ئەو لەشکرە درە بەڕەلایە ٥٠٠ سال لەشکری ئەرکە قورسەکان بوون. شەڕە سەختەکان بە یەنیچەرییەکان دەکران، ئەگەر شوێنێك بە ئاسانی نەگیرایە، ئەوا یەنیچەرییەکانیان دەنارد بۆی. ئەوانە مندالی ڕفێنراو بوون دوای داگیرکردنی هەریەك لە ولاتانی هەنگاریا و بۆسنیا و ئەلبانیا سربیا و مەکدۆنیا، بەلام لە قوتابخانەی تایبەت تورکەکان خۆیان پەروەردەیان کردبوون. جا لە هەمووی سەیرتر کۆمەلکوژیی ولاتەکانی خۆشیان پێ دەکردن، کۆمەلکوژییەکانی ئەوروپا لە بەلکان بە دەستی یەنیچەرییەکان ئەنجام دران، سربەکانیان لە مەیدانی سەراییڤۆ بە دەستی ئەوان هەلواسی و چاوەکانیان دەرهێنان. هەر لەو سەردەمەدا کاتێك سولتانی عوسمانی دوای قەتل و عامی کۆسۆڤۆ لە سالی ١٧٩٣ سەیری گۆلە ئاوێك دەکات و دەبینێ چەند سەربازێکی تورکی تێدا کوژراوە و لە نیوەشەودا مانگی تێدا دەرکەوتووە، بڕیار دەدا ڕەنگی ئالاکە لە شینەوە بگۆڕن بۆ ڕەنگی سووری خوێنی. دواتر لە سالی ١٨٤٤ ئەستێرەیەکی بۆ زیاد کرا. گۆڕینی ڕەنگی ئالاکە بە فەرمانی سولتان سەلیمی سێهەم بوو، تورکیای کۆمارییش لە سالی ١٩٣٦ بە فەرمی گۆڕینی ڕەنگی ئالاکەی پەسند کرد.

بیزەنتیەکان تا سەدەی ١٣ چەند جارێك بە مەبەستی گێڕانەوەی ناوچەکانی خۆیان پەلاماری عوسمانییەکانیان دایەوە، بەڵام بێ سوود بوو. بۆ نموونە لە ساڵی ١١٧٦ لە نزیك شاری سمیرنا (ئیزمیر) و لە نزیک قەڵای میریۆکێفالۆن سوپای بیزەنتی دەکەوێتە بۆسەی سوپای قلیچ ئەرسلان. لە جەنگەکە سەلجوقەکان نیمچە سەرکەوتنێك بەدەست دەهێنن، بەڵام زۆر وانەی گرنگ وەردەگرن، لەوانە توانای بەرەنگاربوونەوەی سوپای بیزەنتی و پارێزگاریکردن لە ناوچە داگیرکراوەکان.

جێی سەرەنجە، کاتێك هۆزە سەلجوقیەکان گەیشتنە ئەو ناوچانە، ئاگاداری ئەوە بوون کە ئیمپراتۆری ڕۆمی بیزەنتی لە هەردوو دیوی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایدا کۆڵەکەی شارستانی ئەو سەردەمی پێکدەهێنا. هەر بۆیە یەکەم دەسەڵاتی سەلجوقی لە سەدەی یازدە و دوازدەی زایینی ناو لە خۆی دەنێت "سەڵتەنەتی ڕۆم". سەلجوقەکان خۆیان بە میراتگری ڕۆمە بیزەنتیەکان دادەنا لە دیوی ڕۆژهەڵات، واتا لە ئاسیای بچووک (تورکیای ئێستا). لە بەرانبەر موسوڵمانەکانیش، خۆیان بە سەردار و خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی ناوزەند دەکرد! ئەمەش ئەوپەڕی پلەی گەوجاندنی موسوڵمانانی عەرەب و کورد بوو. جێگەی سەرسوڕمانی زۆرە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان خەڵکی موسوڵمانی عەرەب و کورد پێیان وایە سوڵتانە عوسمانییەکان خەلیفەی موسوڵمان بوون و درێژکراوەی دەوڵەتی ئیسلامی بوون.

تورکەکان لە مێژوودا تاکە میللەتن کە بەم شێوەیە یاری بە ناسنامە بکەن، دووڕوویی ناسنامە هیچ نییە جگە لە نەبوونی ناسنامە!

ماوەی دووسەد ساڵی ڕەبەق جەنگی خوێناوی لە نێوان عوسمانییەکان و بیزەنتیەکان بەڕێوەچوو تا ساتی دەستپێکی شاڵاوی خاچپەرستەکان لە سەر بانگەوازی "ئوربانی دووەم" پاپای ڕۆما لە شاری لاتێران (هێشتا ڤاتیکان نەببووە بارەگای ئایینی). خاچپەرستەکان هەفت شاڵاوی سەرەکی و دەیان هێرشی دیکەی بچووك بچووکیان بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سەلجوق و خاکی پیرۆز ئەنجامدا[1].

(1) Paul Kennedy, The Rise and Fall of the Great Powers.

شایانی باسە لە سەدەی شازدەوە تاوەکو سەدەی نۆزدە وشەی "تورک" لەم وڵاتە بەکارنەدەهات، چونکە واتایەکی شەرمەزارانەی هەبوو. بە کەسێکی پلەنزمی گوندنشینی نەخوێندەوار دەگوترا تورک. بە کورتی، تورک بە واتای مرۆڤی "پاتاڵ" دەهات. عوسمانییەکان بە گوندنشینەکانی ناوەڕاستی ئەناتۆلیایان دەگوت تورک. گۆڕانی یەک لەدوای یەکی ناوی تورکەکان دەچێتە چوارچێوەی ئەو قەیرانە ناسنامەییەی کە ئەو گروپە نەژادییە لە دێر زەمانەوە هەیەتی. قەیرانی ناسنامە کێشەی لەبن نەهاتووی تورکە. ئەو قەیرانە دواتر دەبێتە ژێرخانی ڕقئامێزترین سیاسەت بەرانبەر نەتەوەکانی دیکەی سەر ئەم خاکە. لە ساڵی ١٩٢٤ مستەفا کەمال ئەتاتورک وڵاتێک دەتاشێت و ناوی دەنێت "تورکیا"، ئەنجا مێژووەکی تایبەتی بۆ دروست دەکات و ملیۆنەها کەسیش دەکاتە قوربانی بۆی. دروشمی تورکیای نوێ دەبێتە "بەتورککردن" و "مودێرنەکردن" و "دیمۆکراتیزەکردن"ی وڵات. وەک زانای پۆڵەندی دکتۆر زبیگنییێڤ دلێڤسکی" دەڵێت: "لەژێر ئەو دروشمانەدا قێزەونترین تاوان دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دران"[(١)].

مایەی تێڕامانە، هەروەک چۆن سەلجوقەکان و عوسمانییەکان خۆیان بە بەشێک لە شارستانی ڕۆمە بیزەنتیەکان دەچوواند، ئاواش ئەتاتورک خۆی بەرەو ئەوڕوپا خزاند و خۆی بێ بەری کرد لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی. چونکە پێویستیی ئەو سەردەمەی تورکەکان ئەوەی دەخواست کە خۆیان بە بەشێك لە شارستانیی ئەوڕوپا ئەژماربکەن. بەڵام چی لێرە گۆڕا؟ ئەدی ئێستا دوای سەت ساڵ لە دروستبوونی تورکیا چی گۆڕاوە؟ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بە چ ئامانجێك دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی ئیسلامی؟ کۆی پرسەکە تەنها یاری کردنە بە ناو و ناسنامە بۆ خزمەتی تورک. ئامانجی ئەوان تەنها و تەنها خۆی لە باڵادەستیی و هەژمونگەرایی تورک دەبینێتەوە، جا گرنگ نییە ئەگەر هەموو کورد و ئەرمەن و گریک و عەرەبیشی بۆ بکەنە قوربانی. مێژووی تورک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مێژووی قەیرانی ناسنامەیە، مێژووی خۆدروستکردنە لەسەر خاکێک کە هی ئەوان نییە.

---

(١) زبیگنییێڤ دلێڤسکی، تورکەکان، پاتاڵەکان لەبەر دەرگای ئێمەدا.
Zbigniew Dylewski, Turcy, czyli gbury u bram.

مێژووی تورک لەو ناوچەیە مێژووی لەناوبردنی میللەتە ڕەسەنەکانە. سەیریش لەوەدایە ئەوان تەنها لەنێو کوردان توانیان گەشە بکەن، چونکە میللەتێکی ڕاستگۆی وەکو کورد، میللەتێک کە بە ئەندێشەی دا نایەت پەیمان و بەڵێن بشکێنێت، میللەتێک کە بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە فەرمایشتەکانی ئایینی یەکتاپەرستی وەرگرتووە، کەچی لە لایەن کۆمەڵەکە هۆزێکی لەدوورهاتوو بەوپەڕی دڕندەیی و ساختەکارییەوە ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت و تیغی لەپشت دەدرێ. کەریم خانی زەند لە لایەن تورکمانە قاجارەکانەوە لە ساڵی ١٧٩٤ تیرۆر کرا. عوسمانییەکان زۆر بە ئاسانی توانیان کورد پەرتەوازە بکەن، ئەوەی نەیانتوانی لە ئێران لەگەڵ فارسەکان بیکەن، لەگەڵ کورد کردیان. هەموو تەمەنی عوسمانی کاری بۆ ئەوە کردووە کە کورد شەڕی خۆبەخۆ بکات. سوڵتانی عوسمانی توانی دەست بگرێت بەسەر تەکیە و خانەقا و شێخانی تەریقەت و بارگاویی کردن لە دژی پەرەسەندنی هەر هەستێکی یەکگرتن لە نێوان کورد یاخود هەر روحێکی نەتەوەیی لای کورد. میرە کوردەکانیان یان تیرۆر دەکرد یان ئەوەتا بە پارە دەیانکڕین. سوارەی حەمیدیەیان دامەزراند و وەکو سەگە هار بەریان دایە گیانی کورد، بێ لێپرسینەوە خەریکی کۆکوژی و ڕاوەدوونانی لاوانی کورد بوون. جا لە هەمووی سەیرتر سوارەی حەمیدیە خۆشیان کورد بوون ژمارەیان ١٠٠ تیپ بوو، زۆربەیان لە بنەماڵەی کوردە داداشەکانی ئەرزڕوم بوون و بەشێکی زۆریان دەروێشی حاجی بەکتاش بوون.

لە سەردەمی تورکیای کەمالیدا ناکۆکیەکان دوو ئەوەندە کران. کۆمەڵناسی تورك زیاگۆك ئەڵپ کە لە هەردوو سەردەمی تورکیای عوسمانی و کەمالیدا ژیاوە، لەبەر ئەوەی کورد چاك دەناسێت و دەزانێت کە میللەتێکی موسوڵمانی دیندارن، پێیان دەڵێت: ”ئەو کۆمارە مۆدێرنە پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانییە و هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پێش خۆی، تەنها ناوەکەی گۆڕاوە، دەسەڵاتەکەی هەر لای چینی کەمینەی خانەدانی ئالی کەماڵی تورکە“. تورك ناتوانێت دەستبەرداری سیاسەتی ناسیۆنالیستی نەژادگەرایی بێت و بێتە ناو دونیای مۆدێرن، ئەوان هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ شاردنەوەی ڕاستیەکانی

مێـژوو بـە نەوەکانیـان. لەبـەر ئـەوەی ڕاستیە تاڵەکـە ئەوەیـە کـە تـورك لـە بنەڕەتـدا خەڵکـی ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت نیـن. کۆمـاری تورکیـا هـەر دەوڵەتـە قەیراناویەکـەی ئالـی عوسـمان بـوو لەسـەردەمێکی نوێـتردا، تەنهـا ئـەوە نەبێـت کـە ئەتاتـورك خورافـات ومێتۆلۆژیـای میراتـی سـەردەمی مەتەخـان و سـەلجوقیەکان و عوسـمانییەکانی گـۆڕی بەخورافاتـی ڕەگەزپەرستی وتورکچێتـی مۆدێـڕن و خـۆی بـەدوا پاڵەوانـی ڕزگارکـەری کەلەپـوری تورکایەتـی ناوزەندکـرد. دەوڵەتـی دیموکراتیـك هەرگیـز پێویسـتی بەدەزگایەکـی داپڵۆسـێنەر و تۆقێنـەر نابـێ، بـەڵام ئەتاتـورك هـەر دوای کۆنگـرەی سـیواس وئـەرزڕوم گەورەتریـن دەزگای تۆقێنـەری دامەزرانـد بۆکپکردنـی دەنگـی کۆمەڵـگا و تەنانـەت خـۆی بەنـاوی نهێنـی (عاسـم ئـوز) هەمـوو سـوپا و وەزارەتەکانـی کۆمـارە نموونەییەکـەی و نزیکتریـن کەسـی لـە خۆیـەوە تۆقاندبـوو، عاسـم ئـوز گیانـی هـەزاران کەسـی دەکێشـا بـێ ئـەوەی کـەس بوێـرێ یـان بزانێـت ئـەم هێـزە تراویلکەییـە کێیـە. پـاش ٩٦ سـاڵ لەتەمەنـی ئـەم دەوڵەتـە عەلمانییـەدا تەنهـا یـەك دانـە سـیمای دیموکراتیـوون و مۆدێرنەبـوون بـەدی ناکـرێ جگـە لـە کرانـەوەی ئازادیـی تاکـە کەسـی و بەئەوڕوپـی بـوون.

تورکەکانـی سـەردەمی نـوێ خەریکـی داهێنانـی ناوێکـی دیکـەن بـۆ پڕکردنـەوەی هەسـتی نەسـاخیان، ئەویـش "تۆرانیـزم"ە. تۆرانیـزم: ئەوتێزەیـە کـە بانگەشـەکارانی هەوڵـدەدەن نەتـەوە تورکزمانـەکان و خزمەکانیـان یەکبگرنـەوە کـە گوایـا ئـەو نەتەوانـەی خـوارەوەن:

قیرگیـزەکان، قازاخـەکان، ئـازەرەکان، ئۆزبـەک، تورکمانـەکان و تورکەکانـی تورکیـا، هەروەهـا خزمەکانیـان کـە لەیـەك تۆرەمـەن، بەپێـی بۆچوونـی تۆرانییـەکان ئەمانـەن: نەتەوەکانـی "فیـن وئیگریـش" واتـا فنلەنـدی و هەنـگاری، هەروەهـا قەوقـازەکان، سـامۆی، ماندسـۆ، تونگـوس، چینییـەکان، ژاپۆنییـەکان، کۆرییایـەکان. ئایدیۆلۆژیـای تۆرانیـزم دەڵـێ "تـۆران واتـا ڕۆژهەڵاتـی دەریاچـەی قەزویـن، کـە گوایـا لانکـەی هەمـوو شارسـتانییەکانی مرۆڤایەتیـە بەشارسـتانییەتی سۆمەریەکانیشـەوە، چونکـە بـە قسـەی خۆیـان زمانـی سـۆمەری ئاڵتـای بەڕەچەڵـەك دەچنـەوە سـەریەك زمـان و

چەنـد هـەزار سـاڵێك لەمەوپێـش سـۆمەریە هاونەژادەکانیـان لـە دۆڵەکانـی کارپـات و چیاکانـی ئاڵتایـەوە هاتونەتـە ئـۆراڵ و سـیبیریا و ئێـران وهیندسـتان". تێـزی تۆرانیـزم هەمـوو گەلـی ئۆراسـیا و نەسـتوریەکانیش دەباتـەوە سـەر تـۆران.

بـەڵام لـە ڕەخنـە لـە تۆرانیـزم: "سـامویل نـواح کرامێـر" لـە پەرتووکـی "مێـژوو لـە سـۆمەرەوە دەسـت پێـدەکات[1]، بـرەوەدەران بـە بیـری تۆرانیـزم بـەدرۆ دەخاتـەوە و دەڵێـت سـۆمەریەکان خاوەنـی گەورەتریـن شارسـتانی کـۆن و داهێنـەری زانسـتی ئەستێرەناسـی و کشـتوکاڵ و بەکارهێنانـی کانـزاکان بـوون، بـە پێچەوانـەی تورکـەکان کـە کۆمەڵـە هۆزێکـی بەربـەری و ناشارسـتان و نەخوێنـدەوار بـوون، ئەمـە جگـە لـەوەی هیـچ پەیوەندییەکـی ئیتنـی و زمانەوانـی نیـە لەنێـوان سـۆمەر و ئاڵتـای دا، بەڵکـو تـەواو پێچەوانـەی یەکتریشـن، بەهەمـان شـێوەش فینلەنـدی و هەنگاریەکانیـش بەهیـچ شـێوەیەك ناچنـەوە سـەر ئاڵتـای و نەتـەوە تورکزمانـەکان، هەروەهـا چینـی و ژاپۆنـی و کۆرییەکانیـش لەتۆرانیـزم تـەواو دوورن.

لـە ڕاسـتیدا هەمـوو ئـەو هەوڵانـە بـۆ خۆلکانـدن بـە شارسـتانییەتەکانی دیکـەوە دەرهاویشـتەی هەسـتێکی قەیرانـاوی ناسـنامەی تورکەکانـە. وشـەی تـۆران بـۆ یەکـەم جـار لـە هەڵبەسـتە نەتەوەییەکـەی شـانامەی فیردەوسـیدا هاتـووە. لـە شـانامەدا بـەم شـێوەیە بـاس لـە تـۆران دەکـرێ: شـەڕ لەنێـوان ( ئێـران و تـۆران) واتـا شـەڕ لەنێـوان وولاتـی ڕوناکـی و وولاتـی تاریکـی. تـۆران بـە ولاتـی تاریکسـتان لـە مێـژوودا نـاسراوە. شـایانی باسـە تـورك و نەتـەوە تورکزمانـەکان ئەگـەر چـی نزیـك بـوون لـە نەتەوەکانـی چیـن و کۆرییـەکان، بـەڵام جیـاوازی زۆر هەیـە لـە شارسـتانییەتی هـەردوولا. وڵاتانـی وەکـو چیـــن و ژاپـۆن و کۆریـا خاوەنـی هەریـەك لـە کولتـوری کۆنفۆشـیۆس بوددیـزم و تـائـۆیزم بـوون، بـەڵام هـۆزە تـورك و مەغۆلـەکان بتپەرسـت بـوون و دژی ئـەو شارسـتانییەتانە جەنـگاون، هـەر بـە دڕندەیـی و بەربەریەتـی وەکـو مرۆڤـی سـەرەتایی ماونەتـەوە. چینییـەکان لـە هەوڵـی ئـەوەدا بوونـە کـە ئـەو هـۆزە دڕندانـە لەخۆیـان تـوڕە نەکـەن، ئامادەبـوون سـەرانەیان بدەنـێ و خۆیـان لـە هێرشـەکانیان بـەدوور بگـرن.

(1) Samuel Noah Kramer, The history begins at Sumer.

مێژوونوسـانی کۆنـی چینـی لـە باسـی ئـەم هـۆز و خێڵـە تورکانـە دەڵێـن: بەربەریەکانـی نیشـتەجێی بانـەکان وازناهێنـن لـە خواردنـی گۆشـتی خـاو و خواردنـەوەی خوێـن، لەبـەردەم خێـزان و خەڵکـی پیسـایی دەکـەن و ئەسـپێ لـە پرچیـان دەردەهێنـن و دەیخـۆن، ئـەو هۆزانـە لـە لایـەن خـوداوە بـە تـەواوی جێهێڵـراو و سـەرگەردان کـراون[1].

لەپـاڵ ئەوانـەش، ماکـس میولـەر زماننـاس و ڕۆژهەڵاتنـاس و بیرمەنـدی گـەورەی ئەڵمانـی بـاس لـە دوژمنداریێتـی نەتـەوەی تـورك دەکات لـە ئاسـت نەتـەوە ئارییـەکان و پێـی وایـە کـە تـورك خۆیـان بـە دوژمنـی ڕەگـەزی ئـاری دەزانـن[2].

(1) Frankopan P., Jedwabne szlaki. Nowa historia Świata. Warszawa 2015, s. 26-28: Huan Kuan, Yan Tie Lun: Y.-S. Yu, Trade and Expansion in Han China: A Study in the Structure of Sino-Barbarian Economic Relations, Berkeley 1967, s. 40.
(2) Friedrich Max Müller, German Philologist and Orientalist.

## ئەدی عەرەبەکان کێن؟

عەرەبی شاگەشکەبوو بە تەوژمی نەتەوەگەرایی ڕۆژئاوایی، کە لە عێراقی دروستکراوی بەریتانیا بزاوتی نەتەوەپەرستییان بەسەر کورد تاقی کردەوە، کێ بوون؟

بە گرنگی دەزانم لێرە دەستەواژەی ”زۆرداری کردن لە مێژوو“ بەکارببەم، وەکو هەوڵی نەزۆکی هەندێ بەناو مێژوونوس کە ئامانجیانە نیشانی بدەن هیچ نەتەوەیەک پێشی ئەوان نەبووە، ئەگەر هەبوویێتیش ئەوا کەس پێشی نەتەوەکەی ئەوان شارستانێتی دانەهێناوە. ئەو هەوڵە نەزۆکە لێکەوتەی زۆر جەرگبڕی بەدوای خۆیدا هێناوە. بەشێک لە مێژوونوسانی عەرەب، بە تایبەت عێراقی، هەوڵێکی زۆریان بەو ئاڕاستەیە دا، کە دەرەنجامێکی خراپی لەسەر دروستکردنی تاکی عەرەبی عێراقی هەبوو و هەیە.

عەرەبەکانی عێراق زۆر بەرز دەفڕن، خۆیان دەبەنەوە سەر شارستانییەتە کۆنەکانی سۆمەر و ئیلام و دواتریش ئاشور و بابیلۆن (بابل) و خۆیان بەمیراتگری ئەوان دەزانن. سەرەنجام لەگەڵ هەر عێراقییەک بێیتە گۆ، هاوار دەکات دەڵێت العراق العظيم بلد الحضارات. با بزانین عەرەبی عێراقی چ پەیوەندییان بە شارستانێتی مێزۆپۆتامیا هەیە.

پێش هەموو شتێك دەبێت لێرە دوو باس لێک جیابکرێنەوە،

**یەکەم:** عێراق چیە.

**دووەم:** عەرەبەکان کێن؟

سەبارەت بە وشەی عێراق، ئەوا لە بەشەکانی دیکەی ئەم ڤەکۆڵینەمان تیشکی دەخەینەسەر. لەم خاڵەدا باسی سەرهەڵدانی عەرەب دەکەین وەکو میللەتێک لەپاڵ هەر میللەتێکی دیکەی سەر ئەم زەمینە.

دوای لافاوە مەزنەکەی سەردەمی نوح (د.خ) نەوەی ئادەم بە تەواوی لەناوچوون، جگە لەو ژمارە کەمەی کە لەگەڵ پێغەمبەری ناوبراو سواری کەشتییەکە ببوون.

بەگوێـرەی پەرتوکـی "سـەرچاوەکان"[١] ی موسا (د.خ)، نـــوح چـوار کـوڕی هەبـووە بـە ناوەکانی "یافـێــت و ســـام و حـــام و کــەنـعـــان". کەنعان زوو مردووە و نەوەی نەبووە. "یـافـێـت" کـوڕی گـەورەی نـوح بـووە و لـە نەوەکانـی ئـەودا هەمـوو میللەتانی باکـوور (هیندۆئەوروپـی) سـەریانهەڵداوە. سـام کـوڕی دووەمـی پێغەمبـەر بـووە و بـە باوکـی جـووەکان و عەرەبـەکان دادەنرێـت. لـە کـوڕی سێهەمیش "حـام" میللەتـە ئەفریکییـەکان پەیدابـوون. ســـام پێـنج کـوڕی هەبـووە بەناوەکانـی: ئیـرەم (إرم) یـان ئـارام و ئاشـور و ئـەرفـەخـســەد و ئـیـلام و لـود (لوذ).

لـە پێشـینەدا بـۆ بەرچاوڕوونـی خوێنـەر پێویسـتە ئـەوە بڵێیـن، کـە پێـش هاتنـی ئیسلام، عـەرەب هیـچ گرنگییەکیـان نـەداوە بـە نووسـینەوەی مێـژوو، بـە هیـچ شـێوەیەک مێـژووی خۆیـان نەنووسـیوەتەوە، چونکـە لـە بنەڕەتـدا کۆمەڵـە هۆزێکـی نەخوێنـدەوار و کۆچـەر بـوون بـەلای خوێنـدن و نووسـینەوە نەهاتوون. مێژوونوسـانی عەرەبی ئیسـلامی لە سـەدەی دووەمـی کۆچییـەوە دەسـتیان بـە تۆمارکردنـی ڕووداوەکان و گێڕانـەوەی مێـژووی کۆنـی خۆیـان کـردووە. پۆلێنکردنـی نـاوەکان و بنەچـە و باوانـی عـەرەب نـە لـە تـەورات و نـە لـە سـەرچاوەکانی یـــودایزم (جـووەکان)، نـە لـە سـەرچاوەکانی سریانـی و ئاشـوری و نـە گریکـی، نەهاتـووە. مێژوونوسـانی عـەرەب خۆیـان ناوەکانیـان لـە سـەرچاوەکانی جـوو و گریکـی هێنـاوە و لەسـەر هۆزەکانـی یەمـەن و عومـان و حیجـاز جێبەجێیـان کـردووە. واتـا مێـژووی کۆنـی عـەرەب گریمانـەی خـودی مێژوونوسـانی عەرەبـە.

هـۆکاری ئـەوەی کـە بۆچـی عـەرەب ناوی نەهاتـووە لە سـەرچاوە کۆنـەکان دەگەڕێتەوە بـۆ هەبوونـی ئـەو بیابانـە زەبەلاحـەی کـە بووەتـە سـنورێکی پـان و بەریـن لە نێـوان ئەوان و ئیمپڕاتۆرییەکانـی بابیلـۆن و ئاشـور و دواتریـش ئیمپراتـۆری مـــاد و هەخامەنش، ئەوەش وایکـردووە هیـچ گرنگییەکیـان پـێ نەدرێـت و لە تۆمـارەکان ناویـان نەهێنرێـت. عەرەبەکان تـا سـەردەمی هاتنـی ئیسـلام خۆیـان نەناسـیوە وەکـو میللـەت، بەڵکـو هـۆز و خێڵـی پارچە پارچـە و دژبەیەکـی بـێ شارسـتانی بـوون. ئیمپڕاتۆرییەکانی سـەرەوە هیـچ گرنگییەکیان لێ

---

(١) پەرتوکی "سەرچاوەکان" بە گریکی: "گـێـنـێـسـیـس"، بە عیبری: "بـێـرێـشـیــت": یەکەمین پەرتوکی بیبلیا-یـە و سـەر بـە پەرتوکەکانی پەیمانی کۆنە، یەکێکە لـە پێنج پەرتوکەکەی تـۆرا یان تەورات.

بەدی نەکردوون، بۆیە هیچ هەوڵێکیشیان نەداوە بۆ داگیرکردنیان، یاخود ڕەنگە هەر هیچ شتێکیان دەربارەیان نەزانیبێت. لەبەر ئەوە ناویان نەچووەتە ناو ناوانەوە.

کەواتە جێگەی تێڕامانی تایبەتە، ئەوەی ئێستا لە خوارەوە دەیخەینەڕوو، تەنها گریمانەی مێژوونوسانی عەرەبە سەبارەت بە هەبوونی پەیوەندی نەژادی لەنێوان سامی کوڕی نوح و عەرەب!

بەگوێرەی مێژوونوسانی عەرەبی وەکو ئیبن ئیسحاق (٨٠-١٥١ی کۆچی) و ئیبن خەلدون (٧٣٢-٨٠٦ی کۆچی)، عەرەبەکان بۆ سەر سێ چین پۆلێن دەکرێن کە ئەوانەن: عەرەبی لەناوچوو (العرب البائدە) و عەرەبی عەرەب (العرب العاربە) و عەرەبی بەعەرەبکراو یان بەعەرەببوو (العرب المستعربە).

**چینی یەکەم/** عەرەبی لەناوچوو لە نەوەی میللەتی عاد و ثەمودن کە هەردووک ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ ئیرەم (إرم)ی کوڕی سامی کوڕی نوح. ئەوانە لە ئەحقاف لە نێوان یەمەن و عومان ژیاون و هاموشۆیان کردووە. میللەتی عاد و ثمود خوا غەزەبی لێ گرتوون و لەناوی بردوون.

**چینی دووەم/** ئەوانەی لە تورەیی خودا ڕزگاریان بووە، پێغەمبەر هود-یان (د.خ) لێ پەیدا بووە و لە نەوەی ئەویشدا کوڕێک لەدایک بووە بەناوی "یۆکتان". جێی باسە ناوی یۆکتان لە پەرتوکی "سەرچاوەکان"ی موسا هاتووە و عەرەب سودی لێ وەرگرتووە. مێژوونوسانی عەرەب لەخۆیانەوە "یۆکتان" دەکەن بە قەحتان (قحطان) و بە باوکی عەرەبی عەرەب (عرب العاربە) ناوزەندی دەکەن، واتا دەبێتە باوکی چینی دووەمی عەرەب. عەرەبی عاریبە فێری زمان دەبن و لەبەر پاراویی زمانیان پێیان دەگوترێت "عەرەب". بەو واتایەی کە وشەی عەرەب بەواتای زمان پاراوی و پاکیی دێت.

بەڵام لێرەدا بۆچوونێکی دیکەی خودی مێژوونوسانی عەرەب هەیە ئاماژە دەدات بەوەی کە عەرەبی لەناوچوو (البائدە) کەسیان نەماون و پێغەمبەر هود (د.خ) لەوان پەیدا نەبووە. ئەو گروپەی مێژوونوسانی عەرەب سود لەناوێک دەبینن کە

لە پەرتوکی "سەرچاوەکان" لە پەیمانی کۆنی موسا ناوی هاتووە بەناوی "هابێر یان ئێبێر" و پێیان وایە ئەوە پێغەمبەر "هود"ە و کوڕی شالخ کوڕی ئەرفەخسەد کوڕی سام کوڕی نوح پێغەمبەرە.

بۆ زانیاری زێتری خوێنەر، بەگوێرەی پەیمانی کۆن: "هابێر یان ئێبێر" بە باوە گەورەی هیبرییەکان-عیبرییەکان دادەنرێت و بەگوێرەی ئێڤانگێلی لوکاس: "ئەرفەخسەد" بە باپیرە گەورەی حەزرەتی "عیسا" دادەنرێت.

ئەنجا دووبارە هەمان چیرۆکی پێشوو سەبارەت بە پێغەمبەر هود دەست پێدەکات، کە لە نەوەی ئەودا کەسێک پەیدابووە بەناوی یۆکتان- ئەنجا عەرەب دەیکاتە یقطان-قحطان، کە هۆز و تیرەی لێ دروست بووە و هەردوو میللەتی عاد و پمود و هۆزەکانی جورهوم (جرهم) و تومەیم (گمیم) و عیملاقەکان و جاسم و هتد پەیدا بوون. مێژوونوسانی عەرەب دەڵێن: قەحتان کوڕێکی دەبێت ناوی لێ دەنێت "یەعروب" (یعرب)، ئەوەش سەرەتای پەیدابوونی ناوی عەرەبە. یەعروب کوڕێکی دەبێت ناوی دەنێت "یەشجوب" (یشجب) کە لە نەوەکانی ئەودا لە سەدەی دەیەمی پێش زایین (هەزارساڵ پێش زایین) مەملەکەتی "سبأ" دروست دەبێت (ئەوەی ناوی لە قورئان هاتووە). بەڵام جێی ئاماژەیە ئەوانە بە عەرەبی قسەیان نەکردووە، بەڵکو بە زمانێک قسەیان کردووە پێی دەگوترێت زمانی سەبەئی، بەڵام لەوانەوە زمانی عەرەبی گەشەی کردووە و بووەتە زمانێکی پاك و پاراو.

**چینی سێهەم/** ئەم چینە پێیان دەگوترێت عەرەبی بەعەرەبکراو (العرب المستعربه) لە نەوەی کەسێکن بەناوی "عەدنان" کە بە ٤٠ پشت دەگاتەوە پێغەمبەر ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم (د.خ) کوڕی "تێراخ" (تارح) کوڕی "ناخۆر" (ناحور) کوڕی "سێروگ" (ساروغ) کوڕی "ڕێو" (راعو) کوڕی "پێلێگ" (فالج) کوڕی "هابێر- ئێبێر" (عابر) کوڕی "شالخ" (شالح) کوڕی "ئەرفەخسەد" (أرفخشذ) کوڕی "سام" کوڕی "نوح" (د.خ)[١]. مێژوونوسانی عەرەب دان بەوە دەنێن کە ئیبراهیم زمانی عەرەبی نەزانیوە و لەگەڵ ئیسماعیلی کوڕی لە مێزۆپۆتامیاوە لە

(١) ناوەکانم بە هەردوو زمانی عیبری و عەرەبی نووسیوە بۆ ئاسانکاری زێتر بۆ خوێنەر.

سـەر فەرمانـی خـودا کۆچیـان کـردووە بـۆ ناوچـەی حیجـاز و لـە توهامـە جێگیربـوون، لەوێـش بیـری زەمزەمیـان هەڵکەنـدووە کەعبەیـان ڕۆنـاوە.

ئەنجـا لێـرەدا تێکەڵبوونـی نـەوەی ئیسـماعیل لەگـەڵ هـۆزە عەرەبـە گەڕۆکەکانـی یەمـەن دروسـت دەبێـت. هـۆزی جورهـوم لـە یەمەنـەوە بـەرەو حیجـاز کـۆچ دەکـەن و ئیسـماعیل کچێکـی هۆزەکـە دەخوازێـت. مێژوونوسـانی عـەرەب دەڵێـن، ئیسـماعیل لەگـەڵ ئـەو هـۆزە فێـری عەرەبیەکـی ڕەوان دەبێـت و لـە نـەوەی ئەویـش عەدنـان پەیـدا دەبێـت، لـە نـەوەی عەدنانیـش حەزرەتـی محـمـد (د.خ) لەدایـك دەبێـت. کەواتـە لێـرەدا ئـەوەش ڕوون دەبێتـەوە کـە حەزرەتـی محـمـد لـە عەرەبـی عاریبـە نییـە، بەڵکـو لـە عەرەبـی بەعەرەبکـراوە (المسـتعربە).

تۆزێـک بگەڕێینـەوە سـەرەوەی ئـەم بابەتـە، گوتمـان ئـەوە گریمانـەی پوختـی مێژوونوسـانی عەرەبـە، واتـا بەسـتنەوەی سـام بـە عەرەبـەکان تەنهـا و تەنهـا قسـەی مێژوونوسـانی عەرەبـە، کـە ڕەنگـە هیـچ بنەمایەکـی ڕاسـتەقینەی نەبێـت.

لەگـەڵ ئـەوەی کـە عـەرەب وەکـو میللەتێـک مێـژووی خـۆی دروسـتکردووە جێدەستیشـی لـە گۆڕینـی مێـژووی مرۆڤایەتـی هەیـە، گرنگـە پـەی بـەوەش ببرێـت کـە خاکـی ڕەسـەنی ئـەوان نیمچـە دوورگـەی عەرەبییـە و هیـچ پەیوەندییەکیـان نەبـووە بـە خاکـی مێزۆپۆتامیـا (باشـووری عێراقـی ئێسـتا). تێگەیشـتنی دروسـت لـە مێـژوو بـێ پەنابـردن بـۆ خۆزاڵکـردن و لوتبـەرزی بەسـەر میللەتانـی دیکـەدا کەلێنێکـی پەروەردەیـی و کولتـوری پڕدەکاتـەوە، کـە سـەرنجام دەبێتـە هـۆی ڕێزگرتنـی هاوبـەش و دروسـتکردنی برایەتـی نێـوان گـەلان. بـەڵام زۆرداری کـردن لـە مێـژوو و چەماندنـەوەی ڕاسـتییەکان، جگـە لـە نیشـاندانی ئاڵـۆزی دەروونـی و هەسـت کـردن بـە خۆبەکـەم زانیـن، کارەساتیشـی لـێ دەکەوێتـەوە. ئـەوەی لـە عێـراق دەگوزەرێـت زادەی ئـەو هەسـتە دروسـتکراوە پـڕ لـە گـرێ دەروونییەیـە، کـە وایکـردووە عەرەبەکانـی عێـراق لـە خەیـاڵات بگەوزێـن و بـەزۆر خۆیـان بکەنـە خاوەنـی شارسـتانی کۆنـی مێزۆپۆتامیـا.

**نەخشــەی ٥. خاکــی ســەرەتایی هــۆزە عەرەبــەکان لــە نیمچــە دوورگــەی عەرەبــی (یەمــەن و عومانــی ئێســتا)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە ژێدەرە مێژووییەکان.

# بەشی دووەم

# کورتە مێژووی سێ ولایەتەکە لە سەروبەندی هاتنی بەریتانییەکان

## مێژووی سێ ولایەتەکە لە بەرەبەری ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی

پێش قسەکردن لە مێژووی ئەو سێ ولایەتەی کە وڵاتێکی تازەی لێ دروستکرا، گرنگە ئاماژەیەک بدەین بە ناوی "عێراق"، ئەو ناوەی کە لە دەوروبەری سەدەی هەشتەمی زایینییەوە لە لایەن جیۆگرافیزانە عەرەبەکانەوە بەکارهاتووە. ئەو ناوە واتای جۆراوجۆری پێ بەخشراوە. عەرەبەکان پێیان وایە عێراق واتا کەناری ڕووباری گەورە لەگەڵ لەوەڕگاکانی دەوروپشتی. ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی ئێرنست هێرتسفێلد وای بۆدەچێ کە لە وشەی ئیراک-ەوە هاتووە واتا لێژی یان نزمایی یان باشوور. ئەو عێراقەی کە لە مێژوودا ناوی هاتووە هەرگیز سنوری چیای حەمرینی تێنەپەڕاندووە، بەڵکو لە نزیک بەغداوە دەستپێدەکات بەرەو باشوور و باشووری ڕۆژهەڵات تا دەگاتە خوارووی بەسرا و ناوچەکانی خوزستانی ئێران. لەوەوە ناوی عێراق هیچ پەیوەندییەکی بەو قەوارە سیاسیەی ئێستاوە نییە کە سنورێکی بۆ کێشراوە و کورد و عەرەبی تێدا ئاخنراوە. دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم بە بڕیارێکی تاکلایەنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان و بێ لەبەرچاوگرتنی ویستی گەلی کورد، بەشی باشووری کوردستان کراوەتە بەشێکی عێراقی تازە لەدایکبوو.

ئەو ناوچەیە پێشتر بریتی بوو لە گۆڕەپانی هەمیشەیی ڕکابەری نێوان عوسمانییەکان و فارسە سەفەویەکان، سوننەکان و شیعەکان. ئایین ڕۆڵی هەرە گەورەی بینیوە لە ململانێی نێوان هەردوو دەوڵەت کە زۆربەی کات خێڵە کوردییەکان سەری ڕم و خاکی کوردستانیش گۆڕەپانی خوێناویی جەنگەکان بوون لە یەکلایی کردنەوەی هەموو ململانێکان.

لە سەدەی هەژدەهەم بەدواوە دەسەڵاتی عوسمانی وردە وردە بەرەو لاوازی دەچوو. لەدوای دەستنیشانکردنی حەسەن پاشا لە ساڵی ١٧٠٤ وەکو فەرمانڕەوای بەغدا لە لایەن سوڵتانی عوسمانییەوە، قۆناغێکی نوێ لە مێژووی سێ ولایەتەکە دەست پێدەکات. لەوساوە تاوەکو ساڵی ١٨٣١ سوڵتانی عوسمانی تەنها بەناو دەسەڵاتی بەسەر ئەو ناوچانەدا هەبوو. دوای مردنی حەسەن پاشا، ئەحمەد پاشای کوڕی دەسەڵاتی ئەو سێ ولایەتە دەگرێتە دەست، دوای ئەویش مێردی کچەکانیان

کـە لـە مەمالیکـەکان پێکهاتبـوون. مەمالیکـەکان زۆربەیـان منداڵـی ڕفێـنراو بـوون لـە جۆرجیـاوە و لـە کۆشـکی پاشـا بەخێوکرابـوون. ململانێـی بـەردەوام لەگـەڵ فارسـەکان، سـێ ولایەتەکـەی زۆر لاواز کردبـوو، ئەحمـەد پاشـا کۆنترۆڵـی زیاتـری لـە ولایەتـی بەغـدا و بـەسرا هەبـوو تـا لـە ولایەتـی مووسـڵ. ولایەتـی مووسـڵ واتـا باشـووری کوردسـتانی ئێسـتا چەندیـن سـەدەبوو لـە کۆنترۆڵـی عوسـمانییەکان دەرچووبـوو، تاکوتـەرا دەسـەڵاتی سـەربازی بەسـەر کـوردەکان دەسـەپێنرا. لـە سـاڵی ١٧٨٠ سـلێمان پاشـا دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت. کێشـەی هـەرە گـەورەی بریتـی بـوو لـە هـۆزە کوردییـەکان لـە ولایەتـی مووسـڵ و هـۆزە عەرەبییـەکان لـە باشـوور، هەروەهـا هێرشـی وەهابییـەکان بـۆ سـەر ناوچـە شـیعەکان لـە کەربـەلا و نەجـەف. دوای مردنـی سـلێمان پاشـا، داود پاشـا وەکـو دواهەمیـن مەمالیـک دەسـەڵاتی سـێ ولایەتەکـەی لـە سـاڵی ١٨١٧ گرتـە دەسـت. لـە ڕێگـەی ئەنجامدانـی چەنـد هەڵمەتێـك لـە دژی هـۆزە کوردییـەکان لـە مووسـڵ و هـۆزە عەرەبییـەکان لـە باشـوور، توانـی کەمێـك بارودۆخەکـە کۆنـترۆڵ بکاتـەوە. هـەر لـەم کاتەدا لـە پایتەختـی عوسـمانییەوە (ئەسـتەمبۆل) دەنگـۆی دەسـپێکردنی چاکسـازی بڵاوبـووەوە. سـوڵتان سـەلیمی سـێهەم و سـوڵتان مەحمـودی دووەم دەیانویسـت لەسـەر شـێوازی ئەوروپییـەکان، چەنـد چاکسـازییەك ئەنجـام بـدەن، لەوانـە کۆتایـی هێنـان بـە حوکمـی مەمالیکـەکان، دروسـتکردنی سیسـتەمێکی نوێـی بەڕێوەبـردن، دروسـتکردنی یەکـەی شـارەوانی و قایمقامیـەت، ڕێکخسـتنەوەی سـوپا، دروسـتکردنی قوتابخانـە، گرنگـی دان بـە تەناهـی و ئاسایشـی خەڵکـی، نیشـتەجێ کردنـی گروپـە کۆچەرییـەکان و هتـد. شـایانی باسـە ئـەو چاکسـازییانەی حکومەتـی عوسـمانی هـاوکات بـوو لەگـەڵ هەوڵـە فراوانخوازییەکانـی ڕۆژئـاوا لـە کەنـداوی فارسـی و کردنـەوەی ڕێگـەی بازرگانـی بـۆ وڵاتـی هیندسـتان. لـە سـاڵی ١٨٨٠ بەریتانییـەکان کۆنسـوڵیان لـە شـاری بـەسرا دانـا، دوو سـاڵ دواتـر لـە سـاڵی ١٨٨٢ کۆنسـوڵخانەیان لـە بەغـدا کـردەوە. هـاوکات فەڕەنسـییەکانیش نوێنـەری خۆیـان لـەو شـارانە هەبـوو. جگـە لـەوەش وڵاتانـی ناوبـراو گرنگـی زۆریـان دا بـە ژێرخانـی ئابـووری و بازرگانـی، بـۆ نموونـە سـوودوەرگرتن لـە بەکارهێنانـی کەشـتی هەڵمی لـە گواسـتنەوەی دەریایـی لـە سـاڵی ١٨٣٦ ەوە و هێڵـی تەلەگـراف لـە سـاڵی ١٨٦١ ەوە، هەروەهـا دروسـتکردنی هێڵـی ئاسـنین لـە بەغـداوە بـۆ سـامەڕا لـە لایـەن کۆمپانیـای

ئەڵمانی لە ساڵی ١٩١٤ کە دەسەڵاتی عوسمانی مافی دامەزراندنی پێدابوون.

شایانی باسکردنە پڕۆفیسۆر حەسەن جەمشیر ئاماژە دەدات بەوەی لەو سێ ولایەتەی کە عێراقی ئێستای لێ دروست بوو، بەرژەوەندی بەریتانیا زاڵ بوو بەسەر بەرژەوەندی هەموو ئەو وڵاتانەی کە لەو ناوچەیەدا بوونیان هەبوو یاخود دەیانخواست بوونیان هەبێت. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم زۆرینەی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانی بەندەری بەسرا، واتا نزیکەی ٩٠٪ هەموو قازانجەکان لەدەستی بەریتانییەکان بوو. نوێنەری بەریتانییەکان لە بەغدا کە بەشێك بوو لە دەستەی سیاسی هیندستان و هەروەها کۆنسوڵیش لە بەسرا کە بەشێک بوو لە دەستەی کۆنسوڵخانەکانی شام، بەشێوەیەکی کاریگەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیایان دەپاراست لەم سێ ولایەتە، بەشێوەیەک کە ڕکابەری نوێنەرانی دیپلۆماتی هەموو زلهێزانی تری ناوچەکەیان دەکرد.

لەگەڵ پەیدابوونی تەوژمی ئینگلیزەکان لە کەنداوی فارسی، ئەڵمانییەکانیش دەستەوەستان دانەنیشتن و هەوڵیان خستەگەڕ بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتییان لەچوارچێوەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانی، کە ڕۆژ دوای ڕۆژ لاوازتر دەبوو بەهۆی جەنگ و تەنگ هەڵچنین لە لایەن ڕوسیای قەیسەری (سیزاری) لە لایەک و لەلایەن هێزەکانی ڕۆژئاوا لە لایەکی ترەوە. سەردانی تایبەتی سیزاری ئەڵمانی پادشا ڤیلهێلمی دووەم لە ساڵی ١٨٩٨ بۆ لای سوڵتان عبدالحمیدی دووەم و نکۆڵی کردنی لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان، بووە هۆی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی ڕێگەبدات بە ئەڵمانەکان وەبەرهێنان بکەن و ڕاهێنانی سەربازی بە سوپای عوسمانی بکەن بۆ جەنگی چاوەڕوانکراو. ڤیلهێلمی دووەم لە تەک گۆڕی سەلاحەددینی ئەیوبی جاڕی دۆستایەتی لەگەڵ موسوڵمانان دا. ڕێک دوای ئەوە کۆمپانیای ئەڵمانی "جۆرج سیمێنس" لەگەڵ دەسەڵاتی تورکی عوسمانی بۆ دروستکردنی هێڵی ئاسنینی بەغدا بۆ بەسرا گرێبەستی ئەنجامدا. ئەڵمانییەکان مافی ئەوەیان بەدەستهێنا کە لە دووری ٢٠ کیلۆمەتر لە هەردوو دیوی هێڵە ئاسنینەکە وەبەرهێنان بکەن لە هەر ماددەیەکی خاو یان کانزا کە هەبێت لەسەر خاکەکەی. ئەو ڕووداوانەش هەڕەشەی جددی بوون بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا.

بەڵام بەریتانییەکان ئەو کاتە بەهۆی جەنگی ئەفریکا کە بە جەنگی بورەکان ناسراوە، توانای ئەوەیان نەبوو بەرەیەکی تری ناکۆکی و جەنگ بکەنەوە لەگەڵ ئەڵمانییەکان، بۆیە پەنایان برد بۆ هەنگاوی دیپلۆماتی و تاکتیکی سیاسی. بۆ ئەو مەبەستە ڕێککەوتننامەیان مۆرکرد لەگەڵ شێخی دەڤەری کویت، هەروەها پیشاندانی نمایشی سەربازی لە کەنداوی فارسی بۆ چاوترساندن. لە کۆتاییدا توانییان بەسەر قۆرخکارییەکانی ئەڵمانیا لەسەر هێڵی نێوان بەغدا و بەسرا زاڵبن [1].

عوسمانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەرەو ئەفریکا دەسەڵاتیان بەسەر پانتاییەکی فراوان هەبوو، هەروەها بەسەر وڵاتانی ئەوروپا وەکو مەکدۆنیا، بۆسنیا، بولگاریا، دوورگەکانی گریک و کرێت و ئەلبانیا. چەوساندنەوەی نەتەوە ژێردەستەکانی عوسمانی گەیشتبووە ترۆپکی خۆی. لەسەروبەندی چاکسازییەکان لە ساڵی ١٩٠٩ تورکە لاوەکان شۆڕشیان بەسەر دەسەڵاتی ئەستەمبوڵ ئەنجامدا و عبدالحمیدی دووەمیان لادا. سەرەتا پڕۆگرامی چاکسازی تورکە لاوەکان بەڵێنی زۆری تێدابوو بۆ نەتەوە ژێردەستەکان، بە تایبەتی بۆ عەرەب، لەوانە لادانی باج و سەرانە، ئازادکردنی گیراوەکان و هەڵوەشاندنەوەی دەزگای سیخوڕی عوسمانی، دانەوەی زەوی زەوتکراوی جوتیاران هتد. بەڵام هەڵوێستی تورکە لاوەکان گۆڕا لەدوای ئەوەی کە زیانی زۆریان بەرکەوت لە جەنگە یەک لەدوای یەکەکان و هەست کردنیان بەوەی کە سنوری دەوڵەتی پێشوویان لە بچووکبوونەوە دایە. ئەمەش دوای دۆڕانیان لە جەنگەکانیان و هەوڵی سەربەخۆیی هەریەک لەو وڵاتانەی لە سەرەوە باسیان کرا و هەروەها داگیرکردنی لیبیا لە لایەن ئیتاڵیا لە ساڵی ١٩١١. لەوەوە تورکەکان پاشگەزبوونەوە لەو مافانەی کە بە نەتەوەی عەرەبیان دابوو. هەمان سیاسەتی سەرکوتکاری و شۆڤینیزمی عوسمانی سەری هەڵدایەوە، هەموو دەنگێک کە داوای سەربەخۆیی بکات، کپ دەکرا، پڕۆسەی بەتورککردن شێوازێکی تازە و نوێتری وەرگرت، تەنانەت قەدەغە بوو زمانی عەرەبی ببێتە زمانی فەرمی و لە قوتابخانەکان تەنها زمانی تورکی زمانی خوێندن بوو. بەم شێوەیە گرژییەکان تا دەهات زۆرتر دەبوون، لاوانی عەرەبی

(1) Hasan Jamsheer, historia nowoczesnego Iraku, Dialog, Warszawa 2007, s. 16.

لەژێر کاریگەری هەریەک لە چالاکوانانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئایینی وەکو رافع ئەلتەهتاوی، محەمەد عبدو و عەبدولرەحمان ئەلکەواکیبی[١]، هۆشیاری نەتەوەیی و ڕزگاریخوازییان پەیداکرد و ئامادەی ڕاپەڕین بوون دژی دەسەڵاتی تورک[٢]. لە هەمان کاتدا لەناوچە کوردییەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و لەساتی کۆتایی پێهێنانی میرنشینە کوردییەکان، شەپۆلێکی ناڕەزایی و یاخیبوون دەستی پێکرد دژی سیاسەتەکانی بەتورککردن. هەر لەو ساتەدا چەندین گروپ و ڕێکخراوی کوردی دامەزران لە ئەستەمبۆل و دیاربەکر و مووسڵ و بەغدا، کە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندەواران و چینی بیرمەندانی کورد بەڕێوەیان دەبردن. بەشێکی زۆریان لە وڵاتانی ئەوروپا لە فەڕەنسا و سویسرا خوێندنیان تەواوکردبوو. بەڵام وەک هەمیشە شێخ و سەرۆکی هەندێک لە عەشیرەت دژکاریان بوون یاخود بە گومان لە کاری گەنجە شۆڕشگێڕەکانیان دەڕوانی. لە ساڵی ١٩٠٩ دەسەڵاتی ناوەندی لە ئەستەمبۆل قەدەغەی هەموو کارێکی کرد کە ئامانجی خوێندن و نووسین بێت بە زمانی کوردی. جگە لەوەی گروپ و ڕێکخراوە کوردییەکان لەگەڵ یەک ناتەبا بوون لەسەر پرسە نەتەوەییەکان، حکومەتی تورکە لاوەکانیش لە لایەکی تر دەستی کرد بە ڕاگواستنی ئەوانەی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەوڵەت نابن، لێرەوە پڕۆسەی ڕاگواستنی زۆرەملێی کوردان بەرەو ڕۆژئاوای تورکیا لە ساڵی ١٩١٥ دەستپێکرد.

هەرچی جووڵانەوەی کوردە، دوای نەمانی میرنشینەکانی سۆران و بادینان و بابان و سڕینەوەیان لە لایەن هەریەک لە عوسمانییەکان و فارسەکان، دەکرێ بڵێین پرسی نەتەوەیی کورد بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، هاوکات لەگەڵ پەرشبوونی هزرمەندان و خوێندەوارانی کورد لەناو سەنتەرە گرنگەکانی ئەوکاتی جیهانی بە تایبەتیش ئەستەمبۆڵ و قاهیرە و هتد. لە ناوخۆی کوردستان لە ساڵی ١٩٠٧ شێخ عەبدولسەلام بارزانی وەکو پێشەنگ دەردەکەوێت بۆ داواکردنی هەندێ مافی سەرەتایی کولتوری کوردی، ناوبراو لەگەڵ کۆمەڵێك سەرۆک هۆز و خێڵی کوردی لە ماڵی شێخی بریفکان

(١) بەپێی هەندێك ژێدەر، عبدالرحمان الكواكبي كورد بووە.
(2) Bielawski J., Historia literatury arabskiej. Zarys, Wrocław 1968, s. 413.
بیێلاڤسكی: مێژووی ئەدەبی عەرەبی، پوختەیەک. ڤرۆچواڤ ١٩٦٨، لا٤١٣.

داوایـەک دەنوسـنەوە و ئاڕاسـتەی سـوڵتانی عوسـمانی دەکـەن، تیایـدا دەخـوازن قوتابخانـە بکرێتـەوە و خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی بێـت، کاربەدەسـتانی ناوچـە کوردنشـینەکان کـورد بـن، لـە بونیادنـان و دروسـت کردنـی ژێرخانـی ئابـوری خزمەتـی ناوچەکـە بکرێـت [1].

سـوڵتانی عوسـمانی ئەو داخوازییە ڕەوایـەی بە یاخیبوون ئەژمارکـرد و پەلاماری ناوچەی بارزانـی دا، دوای دوو مانـگ بەرگری، شـێخ عەبدولسـەلام بارزانی ناچاربـوو ناوچەکە بەجێ بهێڵێـت. سـەربازانی عوسـمانی هەمـوو گوندەکانـی بارزانیـان سـوتاند و مـاڵ و سـامانیان بەتـاڵان بـردن[2]، خەڵکـی ناوچەکـەش دەسـگیرکران کـە مابوونـەوە، لەوانە مسـتەفا بارزانی کـە ئـەوکات تەمەنـی سـێ سـاڵان بـوو، لەگـەڵ خانەوادەکـەی بـۆ مـاوەی سـاڵێک لـە بەندینخانـەی مووسـڵ زیندانی کران. دوای سـاڵێک، شـێخ دەگەڕێتەوە زێـدی خۆی و لەگەڵ هێزێکـی کـە خـۆی ئامادەی کردبوو، پەلاماری سـەربازانی عوسـمانی دەدات و بەسـەریان دا سـەردەکەوێت و ژمارەیەکیشـیان لـێ بەدیـل دەگرێـت. سـوپای عوسـمانی داوای وتووێـژ و ڕێککەوتـن دەکات، شـێخ دیلـەکان ئازاد دەکات و لە بەرانبەردا عوسـمانییەکانیش قەرەبووی زیانـەکان دەکەنـەوە[3]. دواتـر لـە سـاڵی ١٩١٣ والـی عوسـمانی لـە مووسـڵ دووبـارە هێرش دەکاتـەوە سـەر ناوچەکانـی بارزان، دیسـان دەبێتەوە هـۆی دەربەدەربوونی خەڵک و شـێخ عەبدولسـەلام پەنـا دەباتـە بـەر گونـدی ڕاژان لـە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان.

ئەگـەر سـەیری داخوازییەکانـی شـێخ عەبدولسـەلام بکەیـن، دەبینیـن کـە مافـی سروشـتی هەمـوو مرۆڤێکـە لـە سـەر زەوی، بـێ ڕەچاوکردنـی ڕەنـگ و نـەژاد و ئاییـن، کەچـی ئەوانـەی لافـی ئیسـلامەتی و برایەتـی ئایینـی لێدەدەن بەسـەر کـوردەوە، هیچ کاتێـک ڕێزیـان بـۆ بچووکتریـن فەرمایشـتی ئیسـلام نەبـووە. کـوردەکان هەمیشـە بـە ئاییـن گیـراون، دوژمـن هەمیشـە بـە کۆتوبەنـدی ئایینـی و بەنـاوی برایەتـی نێوان موسـوڵمانان میللەتـی کـوردی دەمکـوت کـردووە، بـەڵام کـە کار گەیشـتۆتە مافـی کـوردان، ئـەوا بـە ئاگـر و ئاسـن وەڵامـی دراوەتـەوە.

---

(١) مەسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد، بەرگـی یەکـەم ١٩٣١-١٩٥٨، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، لا ٢٠؛ مەسـعود بارزانـی، بـۆ مێژوو، چاپخانـەی ڕۆکسـانا، هەولێـر ٢٠٢٠، لا١٨.
(٢) سلام ناوخۆش، احتلال و تقسیم کردستان، هەولێر ٢٠٠٢، لا ٥٠.
(٣) هەمان سەرچاوی پێشوو.

**وێنەی (١)**



شێخ عەبدولسەلامی بارزانی

گرنگە ئاماژە بە هەڵوێستێکی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بدەین. گەڕیدەی ئینگلیز "ویگرام" لە کتێبەکەیدا باس لە ناڕەحەتییەکانی شێخ دەکات بەهۆی تێکچوونی دۆخی کۆمەڵایەتی ناوچەکە و نەمانی سیستەم و داد و دەگێڕێتەوە: شێخی بارزان بە ناوبراو دەڵێت: "ئێوە چوون بۆ وڵاتی هیندستان لەگەڵ ئەوەش کە ئێوەیان ناوێت، بۆچی نایەن بۆ ئێرە کە خەڵکەکەی حەزدەکەن لێتانەوە فێری شت بن"[1]. شێخ عەبدولسەلام لاوێکی زیرەک و لێهاتوو بوو، حەزی بە پێشکەوتن کردووە و ئاگاداری پێشکەوتنی ئەوڕوپییەکانیش بووە. لێرەدا بە دەرفەتی دەزانین ئەو تۆمەتە بێ بنەمایانە ڕەت بکەینەوە، کە باس لەوە دەکرێت گوایا سەران و پیاوانی ئەوسای کورد هەموو وەکو یەک بێ ئاگاو ناشارەزابوون لە ڕووداوەکانی جیهان. ئەگەر بەشێکی زۆری سەرخێڵ و هۆزەکان نەخوێندەوار و داردەستی ئەم و ئەو بووبن، بەڵام پیاوە زراڤ و ژیرەکانیشمان ژمارەیان کەم نەبوو.

---

(1) Wigram William. A., Edgar T. A. Wigram, The Cradle Of Mankind: Life In Eastern Kurdistan, CreateSpace Independent Publishing Platform, Princeton New Jersey 2013.
ویلیام ویگرام، ئدگار ویگرام، مهد البشريه. الحياه في شرق كردستان، ترجمه فتح الله جرجيس، لاپەڕە ١٢٢.

گەڕیدەی ناوبراو لە درێژەی قسەکانی دەڵێت، شێخ کە زانی ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ بەریتانیا، ئامادەیی خۆی دەربڕی کە بە شاندێک یاوەریمان بکات تاوەکو خۆی داوا لە سەرۆکی کاردیناڵەکانی "کانتێربری" بکات بۆ کردنەوەی قوتابخانە لە ناوچەکەیان و دوای ئەوەش چاوی بکەوێت بە پادشای ئینگلیزەکان "جۆرجی پێنجەم" و دۆخی کوردستان و پرسی سەربەخۆیی لەگەڵ گەلاڵە بکات. جگە لەوەش لە ساڵی ١٩١٤ شێخ عەبدولسەلام لە ڕێگەی ئەرمینیاوە بە یاوەری مار شەمعون و پادشای ئەرمینیا دەچن بۆ شاری تەبلیسی پایتەختی جۆرجیا و چاویان دەکەوێت بە سیزاری ڕوسیا (قەیسەری ڕوسیا) و داوای هاوکاری دەکەن لێی بۆ ڕزگاربوون لە ستەم و داپڵۆسینی عوسمانی، پێشنیاری دەوڵەتێکی فیدراڵی تێکەڵ لە کورد و ئەرمەن و ئاشورییان خستەبەردەمی. هەرچەندە ڕووسەکان بەڵێنی هاوکارییان دا، بەڵام دەسپێکردنی جەنگی جیهانی و ڕێککەوتنەکانی پشت پەردە، مەبەست سایکس-پیکۆیە، هەروەها سەرباری هەمووی، بەرپاکردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری بۆلشێڤییەکان بە سەرۆکایەتی ڤلادیمیر لینین لە ساتەوەختێکی ناوادە بۆ چارەنووسی کورد، هەموو پلانەکانی سەربەخۆیی کورد و ئەرمەنەکانی سەرانگوم کرد.

دوای گەڕانەوەی شێخ لە تەبلیسی، بە پیلانگێڕییەک و ناپاکی کەسێک بەناوی "سۆفی عەبدوڵا" کە چاوساغی کرد بۆ عوسمانییەکان، دەسگیرکرا. والی عوسمانی سلێمان نەزیف، کە کەسێکی کورد بوو و سەر بە تورکە ئیتیحادییەکان بوو، لە زیندان بە شێخ دەڵێت: حکومەت دەسەڵاتدارە هەر زیانێکی بەرکەوێت دە ئەوەندە تۆڵەی دەسەنێتەوە، بەڵام هەر زیانێک بە تۆ بکەوێت قەرەبوو نابێتەوە و چاری حکومەتیش بە تۆ ناکرێت. شێخ لە وەڵامدا دەڵێت: من لە پێناو ئازادی گەلی کورد هەموو ئازارێک دەچێژم، بۆچی حەقی کورد نادەن؟[1] شێخ عەبدولسەلام لەگەڵ سێ لە هاوڕێکانی، بێ ئەوەی دادگایی بکرێن، لە مانگی دیسێمبەری ١٩١٤ لەسێدارەدران. دوای شەهیدکردنی شێخ عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەدی برای جڵەوی ناوچەکە و بنەماڵەکەی دەگرێتە ئەستۆ[2].

---

(١) لازاریف، کێشەی کورد، بەرگی یەکەم، لا ٣٧٩.

(٢) مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر ٢٠٢٠، لا٢٤-٢٥.

## دوای ڕێککەوتنی ئەرزڕوم و گۆڕانەکان

گرنگە پاشخانێك لە دیرۆکی پێشوو باس بکەین، تاوەکو چاکتر لە نەخشەی ڕووداوەکان تێبگەین. پاش جەنگی چاڵدیران لە نێوان فارس و عوسمانییەکان، گۆڕانێک تارادەیەک لە بەرژەوەندی کورد دێتە پێشەوە، بەڵام گرنگە ئاماژە بە پەیوەندی فارس-کورد-عوسمانی بدەین. ئیمپڕاتۆریی سەفەوی هەڵەی کرد کە پەلاماری ناوچەکانی کوردستانی دا، بە نیازی ئەوەی کوردەکان بەزۆر بخاتە ژێر هەژموونی خۆی و مەزهەبی شیعەیان بەسەر بسەپێنێت. عوسمانییەکان زیرەکانە خێڵە کوردەکانیان بەلای خۆیان دەستخەرۆ کرد. ئەو ناوچانەی کورد کە چیا سەختەکان بوون لەمدیو و ئەودیوی زنجیرەکانی زاگرۆس، جگە لە کوردەکان بە کەس کۆنترۆڵ نەکراوە. تەنانەت دەگوترێت کە ئەلێکساندەری مەکدۆنی پەلاماری ئیمپڕاتۆریی فارس دەدات، سوپاکەی لە هەولێرەوە بەرەو قوڵایی وڵاتی فارس دەجولێنێت، کاتێک دەگاتە چیا سەختەکان، بڕیاری گۆڕینی ڕێگاکە دەدات بە ئاڕاستەی ناوچەیەکی نزمایی.

عوسمانییەکان ئەو ڕاستییە دەزانن، کە کۆنترۆڵی چیاکان بە کوردەکان نەبێت بە هیچ کەس ناکرێت، بۆیە سوڵتان سەلیمی عوسمانی لەگەڵ مەلا ئیدریس لەسەر جۆرێك لە نیمچە ئۆتۆنۆمی لە ناوچە کوردییەکان بەشێوەی لامەرکەزی ڕێکدەکەون. بەرەنجامی ئەمەش ئەوە بوو کە زۆرینەی کورد بەلای عوسمانییەکان بایان دایەوە. هەر ئەوەشە دەبێتە هەوێنی پەیدابوون و دروستبوونی میرنشینەکانی ئەردەلان و بادینان و بابان و سۆران. ئەو دۆخی نیمچە ئۆتۆنۆمییە نزیکەی چوارسەت ساڵ دەخایەنێت. بەڵام دوای ئەوەی سوڵتان مەحمودی دووەم دەگاتە دەسەڵات لە ساڵی ١٨٠٨ ئەو ڕێککەوتنە دەشێوێنێت، دەیەوێت ئیمپراتۆری عوسمانی هاوشێوەی وڵاتە نەتەوەییە تازە دروستبووەکانی ئەوڕوپا فۆڕمەڵە بکات[١]. سوڵتانی عوسمانی دەستوری لامەرکەزیی لە کوردستان هەڵوەشاندەوە. دوابەدوای ئەوەش ڕێککەوتنی ئەرزڕوم لە نێوان فارس و ئالی عوسمان و گەڵاڵەکردنی پرسی سنورەکانی نێوانیان بە ئامانجی کەمکردنەوەی توانای کوردەکان کە بۆ ئەوان ببوونە کۆسپ و لەمپەر، لە

(١) صلاح بدرالدين، غرب كردستان، لا ١٦ – لە: سلام ناوخۆش، احتلال و تقسيم كوردستان، لا ٣٦.

ساڵی ١٨٢٣ مۆرکرا[١]. هەردوولا ڕێککەوتن کە کۆتایی بە دەسەڵاتی خۆجێیی کوردان بهێنن و هەر کەسێکیش ڕایکرد بۆ لای ئەویتر، دەستبەجێ بەدەستەوە بدرێت. سوڵتان مەحمود لە کوردان دەهری ببوو، چونکە گەنجە کوردەکان باجیان نەدەدا و سەربازیشیان نەدەکرد. گەنجە کوردەکان لە دۆخێکی ناهەموار دەژیان، چونکە لە تەمەنێکی زوو ژنیان دەهێنا و منداڵ و وەچەیان دەخستەوە، بۆیان سەخت بوو ژن و منداڵ بەجێ بهێڵن و بڕۆن بۆ سەربازی.

سوڵتان مەحمود دۆڕانی جەنگی میسری خستبووە ئەستۆی کورد. لە ساڵی ١٨٣٤ فەرمانی کرد هێرش بکرێتە سەر میرنشینی سۆران. سەربازەکانی عوسمانی بە هەر ناوچەیەکدا تێپەڕدەبوون دەیانسوتاند، شاری جزیرەیان کاولکرد. لە زۆر شوێندا کورد و ئەرمەنییەکان هاوشانی یەکتر بەرەنگاری عوسمانییەکان ببوونەوە، بەڵام بێ سود بوو[٢].

لە هەموو ڕووداوەکان نوشوستی کوردان لەوەدابوو کە میر و بەگ و ئاغاکان بەجیا تێدەکۆشان و بەرەیەکی یەکگرتوویان پێکنەدەهێنا، لە زۆر باردا دانیان بە هێز و بازووی یەکتری نەدەنا. هەر کەسە و خۆی پێ ئاغا و دەسەڵاتداربوو. سەرەنجام توانای هەموویان بەفیڕۆ دەچوو. بەشێک لە میر و ئاغاکان شێخەکان چاوساغ و داردەستی عوسمانییەکان بوون، گەلێک جار لەدژی یەکتر پاڵیان وەپاڵی عوسمانی دەنا، خەڵکی نەخوێندەواریش کوێرانە دوای ئاغا و شێخەکانیان دەکەوتن. هەروەک شێخ سەعیدی نورسی دەڵێت: ئەرمەنەکان ئامادەن بۆ نەتەوە خۆیان بەخت بکەن، بەڵام کوردەکان ئامادەن بۆ شێخەکانیان خۆیان بەخت بکەن.

پێویستە لێرە ئاماژە بە پەڕاوێکی مێژوویی گرنگ بدرێت و وەکو خۆی باسی بکرێت کە حوسێن مەدەنی لە کتێبی (یاداشتەکەی سوپاسالار و فەرماندەی ئەڵمانی فێڵدمارشاڵ[٣] "هێلموت کارڵ بیرنارد ڤۆن مۆڵتکێ") ی "ئەحمەد خواجە" وەرگرتووە. فێڵدمارشاڵ ڤۆن مۆڵتکێ لەسەر داوای سوڵتان مەحمود لە ساڵی ١٨٣٨

(١) مرتضی نصیری، اسناد و مکاتب تاریخ ایران دوره قاجار، لا ٤٣.
(٢) حوسێن مەدەنی، کوردستان لە ستراتیژی دەوڵەتان، لا ١٣١.
(٣) فێڵدمارشال: بەرزترین پلەی سەربازییە لە سوپای ئەڵمانیا.

دێت بۆ پتەوکردنی دامەزراوەی سەربازی عوسمانی و بەشداری دەکات لە هەڵمەتی سەربازی دژی کوردان لە میرنشینی سۆران. بەڵام ناوبراو لە یاداشتەکانی ئاماژەیەکی ویژدانپەروەر بە کوردان دەدات و دەڵێت:

"بەخۆشحاڵییەوە بەشداریم کرد لەگەڵ سەربازانی عوسمانی لە جەنگی کوردان، چونکە حاڵی بووم لەوەی تورکەکان بەناوی ئیسلامەوە جۆش درابوون بۆ جەنگ، بەشێکی تریشیان چاویان بڕیبووە ماڵ و سامان و بێ بەزەییانە دەستیان دابووە کوشتنی کورد بۆ تاڵانکردنی ماڵەکانیان. سەربازان دوای کۆمەڵکوژی، سەر و گوێچکەی بڕاو و دیل و برینداری لەش خوێناوی، ژن و منداڵی بێ ئەنوا و تینوویان لەگەڵ خۆیان بە دیاری بۆ پادشای عوسمانی دەبردەوە، ئەویش لە پاداشتی ئەو ستەمە گەورەیەدا پەنجا تا سەت قروشی بە دیاریی پێدەدان. لە ڕێگادا هەر کوردێک بکەوتایە بەردەستیان پارچە پارچەیان دەکرد، گوندەکانیان دەسوتاندن. سەیر لەوەدایە لەبەرچی وا بەو شێوە دڕندەیە ژن و منداڵی کوردان دەکوژن، ئایا بۆ پارە و تاڵانە یان لەبەر ئەوەیە کە لە ڕەگەز و نەژادی تورک نین؟! تورکەکان هەزاران سەربازییان بەردابووە گیانی کورد. بۆ گرتنی قەڵایەک چوار هەزار سەربازی تورک کوژران، ژنە کوردەکانیش چەکیان لەدەست بوو لە ڕیزی پیاوان دەجەنگان. لە جێگایەک ٥٠٠ لاوی کورد کوژرابوون، ٦٠ ژنیش بەدیل گیرابوون، ژنەکان لە دەرفەتێکدا بەکۆمەڵ خۆیان خستە ناو ڕووبارەوە بۆئەوەی بخنکێن و نەکەونە دەست سەربازانی تورک و دەستدرێژییان نەکرێتەسەر. بینیم تورکەکان ٦٠٠ کەسیان بە ژن و منداڵەوە هێنان و بە یەخسیری، زۆربەیان بە قۆنداخە تفەنگان کوشتن، ڕێیان نەدا پێش مردن قومێ ئاویش بخۆنەوە. کوردەکان جگە لە تفەنگەکانیان هیچی تریان نەبوو، کەسیان نەبوو، هیچ پارێزگارێکیان نەبوو، فەرمان و ئەخلاق و ڕەفتار و خوی کوردەکان لەگەڵ تورکەکان زۆر جیاواز و لێک دووربوو، بەڕاستی لە هەموو بارێکەوە کوردەکان بە پێچەوانەی تورکەکان بوون"[(١)].

(١) ئەحمەد خواجە، چیم دیت؟ یاداشتەکانی سوپاسالار و فەرماندەی ئەڵمانی فێڵدمارشاڵ هێلموت ڤۆن مۆڵتکێ، لا ١٦٢-١٧٠.

فێڵدمارشاڵ مۆڵتکێ خۆی بۆ هاوکاری و ڕاهێنانی سوپای عوسمانی هاتبوو، بەڵام کە ئەوەی بەچاوی خۆی بینی، ویژدانی بێدار دەبێتەوە و ڕاستی ڕووداوەکان لە یاداشتەکانی دەخاتەڕوو. لە کۆتاییدا بەو شێوەیە لەبارەی کوردان دەنوسێت:

”خۆزگە ئەو گەلی کوردە ئازا و ڕووخۆش و میواندۆستە لە چنگی داگیرکەرانی ڕووڕەشی بێگانە ڕزگاریان دەبوو، ئەو خاکە جوان و ڕەنگینە بە کانیاوە سارد و ڕووبارە سازگارەکانییەوە لە دەستی دوژمنان دەردێنێ، خۆزگە منیش هاوژیانیان بام، ناتوانم باسی ئازایی و دلێری و چاونەترسییان بە نووسین بکەم، ئەوانەی دەتوانن زۆر باش لە قسەکانم تێبگەن، دەتوانن گەشتێک بەناو هەرد و چیاکانی ئەو گەلە بکەن کە شانازی بە هێز و بازووی خۆیان دەکەن، تاکو بە چاوی خۆیان میوانداری و ڕەفتاری مەردانەیان ببینن کە چۆن وەک پڵنگ لە پێناوی ڕزگاری نیشتمانەکەیان و لەناو سەنگەردا خۆیان قایم کردووە، لەوەش گرنگتر بۆ پاراستنی شەرەف و ناموسیان سینگیان کردووەتە قەلخانی گوللەی دوژمن و سەربەرزانە گیانیان بەخت دەکەن، بەڵام تەنیا داخم ئەوەیە کورد لە نێو خۆیاندا یەک نین، بە دەستی بێگانەوە دژی یەکتر وەکو گورگی هار وان“[1].
لە شوێنێکی دیکە فێلدمارشاڵ دەڵێت: ئەگەر کورد قسەیان یەکبخەن، ئەستەمە کەس بتوانێت بەسەریان زاڵ بێت“[2].

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٧٣-١٨٧.
(٢) گونتێر دێشنەر، کورد، گەلی لەخشتەبراو، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: عبدالسلام بەرواری، بۆ کوردی: حەمە کەریم عارف، چاپی دووەم، سلێمانی ١٩٩٩، لا ٧.

**وێنەی (٢)**



فێڵدمارشاڵ هێلموت کارڵ بیرنارد ڤۆن مۆڵتکێ

Helmut Karl Bernard von Moltke

فێڵدمارشاڵ مۆڵتکێ لە ڕوویەکی ترەوە سەرسام بووە بە کورد و سروشتی خۆڕسکی کوردستان، ئەو دڵبەندیی خۆی ناشارێتەوە کاتێک دەگاتە چیا سەخت و دۆڵ و نشێوەکان و کانیاو و گوڵستانی دڵرفێن. لە ڕێکەوتی ١٨ی مایس/ئایاری ١٨٣٨ نووسیویەتی: کاتێك لە ڕووباری دیجلە دەپەڕینەوە، لەپڕ چاومان دەکەوێت بە شاخ و لە لوتکەی بەفرگری ئەو شاخانەوە، جۆگەڵە و کانیاو بە قەد پاڵی ڕکی چیا دارستانییەکانەوە دێنە خوارێ بۆ ناو دۆڵی تژی لە دار و درەختی هەنجیر و ترێ و گوێز، بە دەم ڕێگاوە ئەو ئاوە دەگاتە باخ و بێستانەکان و ئاویان دەدا. ئەو سروشتە گوڵڕەنگینە وەکو ڕایەخی ڕەنگاوڕەنگ وایە، دەستی مرۆڤ نەیتوانیوە بیگۆڕێت[1]. فێڵدمارشاڵ کەسێکی سەربازی بوو، لەبەر ئەوە زێتر

(١) گونتێر دێشنەر، کورد، گەلی لەخشتەبراو...، لا ٥٠.

تامـەزرۆی جەنگاوەریـی و شـەڕی فەرهادانـەی کـورد بـوو. ئـەو لـە زۆر ئـەدگارەوە کـورد لـە عـەرەب و تـورک جیادەکاتـەوە، بـەڵام لـەوەدا نەبێـت کـە حـەز بـە تـاڵان دەکـەن. دەڵێـت: هەرچەنـدە ئـەوان تـاڵان دەکـەن، بـەڵام وەکـو عـەرەب دزی و خەنجـەر لـە پشـت نـادەن، بەڵکـو جەنگاوەرانـە پەلامـار دەدەن. کـورد زێـتر حـەز بـە ڕووبەڕووبوونـەوە و جەنـگ دەکات تـا کشـتوکاڵ و ئارامگرتـن لـە دەشـتاییەکان، ڕەنگـە ئـەوەش هـۆکار بووبێـت کـە هـەر لـە چیـا ڕکـەکان ماونەتـەوە و لـە دەشـتەکاندا هیـچ قـەڵاو شـاری گەورەیـان ڕۆنەنـاوە. کـورد حـەز بـە شـەڕی پیـادە دەکـەن، شـەڕکەری بـێ وێنـەن و نیشـانە شـکێنی لێهاتـوون، ئـەوان حەزیـان لـە تفەنـگ و چەکـە و لـە باوانیانـەوە بۆیـان دەمێنێتـەوە، بۆیـە شـانازی پێـوە دەکـەن[١].

فێڵدمارشـاڵ ڤـۆن مۆڵتکـێ لـە چوارچێـوەی ئەرکـە سـەربازییەکەی لـە وڵاتـی عوسـمانی دەرفەتـی هەبـوو گەڕانێکـی زۆر بـە نـاو کوردسـتان بـکات. لەمیانـەی ئامـادەکاری بـۆ هێرشـکردنە سـەر یاخـی بوونەکـەی محەمـەد عەلـی لـە میسـر، چاودێـری ئەوەبـوو کـە چـۆن یەکـەی سـەربازی تـورک پەلامـاری گوندەکانـی کوردسـتانیان دەدا و بـە زۆر جوتیارەکانیـان ڕاپێچـی جەنـگ دەکـرد، ئـەوەی بیتوانیایـە ڕابـکات بـۆ چیـاکان لەگـەڵ مـاڵ و منداڵـی دەربـازی دەبـوو کـە ئەسـتەم بـوو، ئـەوەی تـر دەبوایـە ڕووبـەڕووی سـوپای چەکـداری تـورک ببێتـەوە، لـە کاتێکـدا کـە جوتیـارە کـوردەکان هیـچ چەکێکیـان لـە دەسـت نەبـوو، هـەر کوردێـک فەرمانـی ڕەت بکردایەتـەوە ئـەوا خـۆی و خانەوادەکـەی کۆمەڵکوژ دەکـران. تورکـەکان جوتیـارە کوردەکانیـان وەکـو کۆیلـە دوو دوو بـە کەلەپچـە دەهێنـان بـۆ سـەربازگە لـە شـاری خارپـوت و ئامـەد، بـە نیگایەکـی پـڕ لـە قیـن سـەیری ئێمەیـان دەکـرد. ئەوانـەی ڕایـان دەکـرد سـەگیان تێبـەر دەدان، یـان لـە ئەسـپ ڕایـان دەکێشـان تـا سـەربازگەکە، وەکـو خراپتریـن ئـاژەڵ مامەڵەیـان لەگـەڵ جوتیـارە کـوردە بـێ تاوانـەکان دەکـرد. ژمارەیەکـی زۆر لـەو کوردانـە منـداڵ بـوون، هیـچ وشـەیەک لـە ئەفسـەرە تورکـەکان تێنەدەگەیشـتن، بـە لێـدان و ئەشـکەنجە دەیـان خسـتنە ڕیـزی سـوپاوە بـەرەو

(١) هەمان سەرچاوە، لا ٥٢.

پێشـەوەی بەرەکانـی جەنـگ ڕاپێچیـان دەکـردن. ڤـۆن مۆڵتکـێ لـە یادەوەرییەکانـی بـاس لـە زۆر چیرۆکـی دڕنـدە و جەرگبـڕی تورکـەکان دەکات، کـە لـەو پەرتوکـەی ئێمـە جێگـەی نابێتـەوە. کـوردەکان لـە پـاڵ ئـەوەی کـە بـە زۆر بـۆ سـەربازی دەهێـنران و لـە جەنگیشـدا پاڵـەوان و پێشـەنگ بـوون خۆیـان لـە جەنـگ نەدەدزیـەوە، لـە کاتێکـدا کـە تورکـەکان خۆیـان لـە شـەڕەکان دوادەخسـت و کوردەکانیـان دەکـردە قەلغانـی مـەرگ. دەگێڕێتـەوە: دوو سـەربازی کـورد کـە بـرا بـوون، لـە ژێـر دەروازەیەکـدا کەوتبـوون کـە یەکیـان برینـدار بـوو، پزیشـک بـە هانایانـەوە نەدەچـوو. مۆڵتکـێ پزیشـکێک دەهێنێـت بۆئـەوەی چارەسـەری بـکات. کاتێـک پزیشـکە تورکەکـە دەگاتـە لایـان بـە ڤێـزەوە دەڵێـت هیـچ نییـە کـوردە!!! پزیشـکە تورکەکـە چەنـد جارێـک ئـەو دەسـتەواژەی لەبـەر خـۆی دووبـارە کـردەوە و ڕۆیشـت[١].

لـە نامەکانـی دیکـەی فێڵدمارشـاڵ کـە بـۆ دۆسـتێکی خـۆی ناردووە لـە ئەڵمانیـا، تیایـدا هاتـووە: هیـچ ئیرەییـمان پـێ نەبـەن، ئێمـە بەشـداری شـەڕێک دەکەیـن کـە جێگـەی شـانازی نییـە. ئەمـڕۆ تورکـەکان هـەزاران سـەر وڵاخ و ماڵاتیـان لـە گونـدە کـوردەکان بـە تـاڵان هێنابـوو لەگـەڵ ٦٠٠ زیندانـی کـە زۆربەیـان ژن و منـداڵ بـوون. منداڵەکانیـان بـە قەمـە و قۆنداخـی تفەنـگ بریندارکردبـوو. منداڵـە شیرەخۆرەکانیان زەفـت کردبـوو، هـەر کەسـێک منداڵەکـەی دەوێتـەوە دەبێـت ٥٠ لیـرە بـدات ئەوجـا دەیدەنـەوە. هـەر ئەمـڕۆ یـەک تورەگـەی گـەورە لـە کەللـە سـەری بـڕاو و گوێچکـە و لوتـی بڕاویـان هێنایـە سـەربازگەکە وەکـو شـانازی کـردن و گەواهـی بـۆ ئەفسـەرەکانیان. ئـەو هەڵسوکەوتە لەگـەڵ ئاژەڵیـش ناکـرێ. مولتکـێ دەڵێـت، ڕەنگـە ئـەو سیاسـەتەی تـورک بـۆ ماوەیەکـی کـورت سـودی هەبێـت، بـەڵام کـوردەکان بـە ئاسـانی ناکەونـە ژێـر ڕکێفـی هیـچ دەسـەڵاتێکی بیانـی کـە بەسـەریان دا دەسـەپێنن. لـە کۆتاییـدا فێڵدمارشـاڵ ڤـۆن مۆڵتکـێ بـە ئاخێکـی قوڵـەوە دەڵێـت: ئەگـەر کـورد خۆیـان یەکبخـەن مەحاڵـە کـەس بتوانێـت بـە سـەریان سـەرکەوێت[٢].

---

(١) سەرچاوی پێشوو، ل٥٣-٥٤.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٥٣-٥٤.

لەپاش ئەو ڕووداوانە، ڕێککەوتنی ئەرزڕومی دووەم و ڕێککەوتنی زەهاو لە نێوان فارسەکان و ئالی عوسمان بۆ زێتر تۆخکردنەوەی سنوور و لەتکردنی کوردستان ئەنجام دران. هۆز و خێڵە کوردییەکان لەدێر زەمانەوە سروشتی ژیانیان وابووە کە لە ناوچە چیاییەکان هاموشۆیان کردووە بە گوێرەی هەبوونی لەوەڕگا و فەراهەمبوونی ژیان، بۆ ئەوان شتێکی نامۆبوو کە ڕێگرییان لێ بکرێت لە ناوچەکانی خۆیان بە ئازادی لەمبەری چیا بۆ ئەوبەری چیا کۆچ بکەن، بە تایبەت ئەو خێڵە کوردییانەی کە لە هەردوو دیو هەبوون و خزمی خوێنی یەکتربوون، بۆ نموونە خێڵ و هۆزەکانی لەک و زەنگەنە و کەلهوڕ و مەلەکشاهی و زەند و جاف و وەند و گۆران و هەرکی و نانەکەلی و دەیانی تر، ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە هەردوو دیوی ئێران و عێراق، عێراق و تورکیا دەژین، کە لە ناکاو سنورێکی ڕەگەزپەرستانە لێکی جیاکردنەوە.

لە سەردەمی ناسرەددین شای قاجار جیۆگرافیناسی فەرەنسایی هێنری بیندەر Henry Binder دێتە کوردستان. لە شاری تەبرێز دەچێتە کۆنسوڵخانەی عوسمانی بۆئەوەی مۆڵەتی گەشتێکی لێ وەربگرێ و بچێتە کوردستانی عوسمانی. کۆنسوڵ دەیەوێ لەو گەشتە پەشیمانی بکاتەوە، چونکە دەترسا لەوەی تاوان و کاولکاری عوسمانییەکان تۆماربکات و بیگەیەنێتە ئەوروپا. کۆنسوڵ پێی دەڵێت: ئێمە ناتوانین گیانی ئێوە بپارێزین، چونکە کوردەکان لەژێر کۆنترۆڵی هیچ دەسەڵاتێک نین، تەنیا لە ڕێگەی تالان و ڕێگرییەوە ژیان بەڕێوە دەبەن[1]. تەنانەت کونسوڵی ئینگلیزیش لە تەبرێز دژی گەشتی جیۆگرافیناسەکەیە و پێی دەڵێت: هەر لەبەر ترس و ڕق و دەمارگرژی خەڵکەکە نییە، بەڵکو ڕەنگە عوسمانییەکانیش لێت بەگومان بکەون و ڕێگرەکان بەکرێ بگرن بۆ لەناوبردنتان. کوردەکان لەو شاخانەدا هەمیشە جەنگیان هەیە لەگەڵ عوسمانییەکان و کەس ناتوانێ زەفەریان پێ ببات، کوردەکان دەسەڵاتی عوسمانییان لا پەسند نییە و لە ئێمەی ئەوروپیش

(1) Henry Binder, Au Kurdistan: En Mesopotamie Et en Perse (1887), Kessinger Publishing, 2010.
(سفرنامەی هینری بیندر، کوردستان بین النهرین و ایران، ترجمە کرامت الله افسر،)

بێـزارن. بـەڵام هێـنری بینـدەر لەسـەر گەشـتەکەی مکـوڕ دەبێـت و بـەرەو کوردسـتانی عوسـمانی بـەڕێ دەکەوێـت. هێـنری لـە گەشـتەکەیدا لـە دیـداری لەگـەڵ هـۆز و خێڵـە کوردییـەکان بـەو شـێوەیە لـە یاداشـتەکانی دەنوسـێت: کـوردەکان بـێ ئومێـد بـوون لـەوەی عوسـمانییەکان سـەربەخۆییان پـێ بدەنـەوە و لـە چنگـی تورکـەکان ڕادەکـەن. تورکـەکان لـە بەرژەوەندییانـە ئـەو گەلـە تێکۆشـەر و زرنگـە بەچۆکـدا بـدەن، بۆئـەوەی جارێکـی تـر ئـەو سـەربەخۆییەیان نەبێـت کـە پێشـتر لەناوچەکانـی خۆیـان هەیانبـوو. لـە وەڵامـی دڕندەیـی کـوردەکان، هێـنری بینـدەر دەڵێـت: "کـوردەکان یـەک دوای یـەک، جـوان و لاشـە بەهێـز و بـەژن ڕێکـن، بێتـو زەمانێـك شارسـتانییەت ڕوویـان تێبـکات و ئاوەدانییـان پێبـگات، لـە دراوسـێ تـورک و فارسـەکانیان زۆر لەسـەرووتر دەبـن"[١].

دوابـەدوای ئـەم ڕێککەوتنانـەی سـەرەوە دەرەنجامـی ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت کـە هـەردوو وڵاتـی فـارس و عوسـمانی خاکـی کوردسـتان زێـتر لەتکـرد و بارودۆخـی میللەتـی کوردیـان تووشـی قەیرانـی ئابـووری و تەندروسـتی کـرد. هەمـوو هەوڵێکـی کوردیـان ڕەتکـردەوە بـۆ ئۆتۆنۆمـی و مافـی بوونیـان وەکـو نەتـەوەی ئـازاد لـێ زەوت کـرد. ئـەم دۆخـە بـەو شـێوەیە مایـەوە تـا سـاتی پەیدابوونـی هەژموونـی ئینگلیـز لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و دۆزینـەوەی سـامانی نەوت. ئەمـەش خاڵـی داهاتـوو گەڵاڵـە دەکەیـن.

(١) هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو، لاپەڕەکانـی ٨٠، ١٣١، ١٥٠: (حوسـێن مەدەنـی، کوردسـتان لـە سـتراتیژی دەوڵەتـان، لا ١٥٠).

## دۆزینەوەی نەفت و هەژموونی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست - پێرسیا (ئیمپراتۆری فارس)

پیتەر فرانکۆپان، پرۆفیسۆری زانکۆی ئۆکسفۆرد زۆر بە وردی باس لە سەرەتاکانی دۆزینەوەی نەفت و گەشەکردنی ڕووداوەکانی سەبارەت بەو سەرچاوەی ووزەیە دەکات. لەو بەشەدا لەسەر بنەمای ژێدەرەکانی پرۆفیسۆری ناوبراو بەخێرایی باسێک لەو بارەیەوە دەگێڕینەوە[1].

ویلیام نۆکس دی ئارسی[2] لەگەڵ خانەوادە دەوڵەمەندەکەی بەریتانیایان جێهێشت و لە وڵاتی ئوسترالیا نیشتەجێ بوون. لەوێ خوێندنی بەشی یاسای تەواوکرد و بوو بە پارێزەر لە شاری رۆکهامپتۆن. لە ساڵی ١٨٨٢ سێ برا کە نازناویان مۆرگان بوو، ویستیان دەست بکەن بە گەڕان بەدوای سەرچاوەی زێڕ لە نزیک شاری ڕۆکهامپتۆن، داوایان لە ویلیام نۆکس کرد کە ببێتە وەبەرهێنەر و ئەرکی پارەدارکردنی دەستپێشخەرییەکە لە ئەستۆ بگرێت. دوای گەڕانێکی زۆر و خەرجکردنی سامانێکی زۆر، لە چیایەک کە دواتر بە چیای مۆرگان ناوی دەرکرد، سەرچاوەیەکی زۆری زێڕ دۆزرایەوە، ویلیام نۆکس یەک لەسەر سێی پشکی بەرکەوت و بووە یەکێك لە دەوڵەمەندترین پیاوی دونیا لەو سەردەمەدا. دوای ئەو سەرکەوتنە لە بواری دۆزینەوەی کانزای بەنرخی وەکو زێڕ، بە شانازی و ناوبانگی مەزنەوە گەڕایەوە زێدی خۆی لە بەریتانیا. کەسانێکی زۆری خاوەن کار و بزنس ڕوویان تێدەکرد بۆ پشتیوانی دارایی و وەبەرهێنان. یەکێك لەوانە ئەنتۆین کیتابگی کە کاربەدەستێکی ئیمپراتۆری فارس بوو لە ڕێگەی نوێنەری بەریتانیا لە تاران سێر هێنری درومۆند-وۆلف لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٠ پەیوەندی بە ویلیام نۆکسەوە کرد.

---

(١) بۆ خوێندنەوەی ووردی هەموو ڕووداوەکان، ڕێنمایی خوێنەر دەکەم کە بگەڕێتەوە بۆ سەر پەرتوکی فرانکۆپان لەژێر ناونیشانی: ڕێگا ئاوریشمییەکان. مێژووی نوێی جیهان. بەشی ١٧ بە ووردی ڕووداوەکان دەخاتەڕوو.

(2) William Knox D’Arcy.

شایانی باسە لەو سەردەمەدا لە وڵاتی فارس، شا مزەفەرەددینی قاجاری[١] دەسەڵاتدار بوو، کە یەکێک بوو لە گەندەڵترین پادشاکانی وڵاتی فارس. لە سەردەمی ئەودا وڵات بە تەواوی بەرەو داڕوخان دەچوو، جوتیاران و کرێکاران لە برسێتی و قات و قڕی ڕۆژ و شەویان بەڕێ دەکرد. شا و دەستوپێوەندەکانی هەر خەریکی وەرگرتنی بەرتیل بوون لە وڵاتان و کاربەدەستانی وڵاتان لە پای ڕاهی کردنی هەر کارێکی بازرگانی یان دیپلۆماتی. بە حوکمی ئەوەی وڵاتی فارس پێگەیەکی گرنگی جیۆستراتیژی هەبوو، بازرگانان و بزنسمانان و سیاسەتوانان بەهەموو شێوەیەک ئامادەبوون خۆیان لەگەڵ کولتور و داب و نەریتی وڵاتی فارس و کاربەدەستانی بگونجێنن.

ئەنتۆین کیتابگی پێشنیاری کارێکی گرانبەها و چەوری خستە بەردەم ویلیام نۆکس، بەڵام ئەوجارەیان پرسەکە زێڕی ڕەش بوو. شتێکی نهێنی نەبوو کە لەژێر خاکی وڵاتی فارس سەرچاوەیەکی گەورەی نەفتی خاو بوونی هەیە. هەروەک مێژوونوسانی سەردەمی ڕۆمانییە کۆنەکان باسی "ئاگری سوتێنەری مادەکان" دەکەن، کە لە ماددەیەکی نەفتی پێکهاتبوو و مادەکان لەسەردەمەکانی پێش زایین لە جەنگەکان بەکاریان هێناوە[٢]، (ئەو ماددەیەش سەرچاوەکەی لە خاکی ئیمپراتۆریی مادەکان بوو). توێژینەوە جیۆلۆجییەکان، لەنێویشیان ڕاپۆرتی زانایانی جیۆلۆجی فەڕەنسی، شەنوکەوی دەڤەرەکەیان کردبوو، سەرەداوی ئەوەیان دەستکەوتبوو کە سەرچاوەیەکی نەفتی خاوی زۆر هەیە. نوێنەری بەریتانیا لە تاران داوا لە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دەکات کە نوێنەری تایبەتی خۆی بەناوی "ئەلفرێد ماریۆت" بە نامەیەکەوە بنێرێت بۆ کۆشکی شاهانەی وڵاتی فارس. نامەی وەزیری دەرەوە بە واژووی خودی وەزیر ئەو واتایەی لەخۆ دەگرت کە حکومەتی بەریتانی لەپشت دەستپێشخەرییەکەی ویلیام نۆکس دی ئارسی-یە. لێرەدا ڕێوشوێنەکان بۆ ڕاهی کردنی کارەکان بەبێ پێدانی بەرتیل تێنەدەپەڕین، دەبووایە لە بچووکترین کاربەدەست تا دەگاتە بەرزترین کاربەدەستی کۆشکی شاهانە دەمیان بە بڕە پارەیەک شیرین بکرێت.

(١) مزەفەرەددین شای قاجار لە ساڵانی ١٨٩٦ تاکو ١٩٠٧ دەسەڵاتدارێتی وڵاتی فارسی دەکرد.
(2) Partington J. A History of Greek Fire and Gunpowder, Cambridge 1960, s. 1-41.
(لە هەمان سەرچاوەی پێشووەوە).

دوای ماوەیەکی کورت، بێ ئاگادارکردنەوە، لە کۆشکی شاهانە ڕاگەیاندنێک بڵاوبووەوە تیایدا هاتبوو: شای قاجاری ڕێککەوتننامەکەی واژووکرد. بڕی بەرتیل بۆ خودی شاهـ بریتی بوو لە بیست هەزار پاوەند (بە بەهای ئەو سەردەم) لە ساتی دەسپێکردنی کارەکان، هەروەها ١٦٪ قازانجی ساڵانە. ویلیام نۆکس ئیتر مافی تەواوی هەبوو بۆ ماوەی ٦٠ (شێست ساڵ) لە گەڕان و دۆزینەوە و بەکارهێنان و فرۆشتن و ناردنە دەرەوەی نەفت لە وڵاتی فارس، جگە لەوەش دامەزراندنی بۆڕی نەفت و پاڵاوگە و وێستگەی ناردن[1].

گرنگە بگوترێت کە وڵاتی ڕوسیا بەو ڕووداوە ناڕەحەت بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٠٧ ڕێککەوتنێک لەنێوان هەرسێ زلهێزی ئەو سەردەمە: بەریتانیا و فەڕەنسا و ڕوسیا لەسەر پرسی دابەشکردنی ناوچەکانی هەژموون ئەنجامدرا، بۆ یەکەمجار بوو لە مێژوودا هەرسێ زلهێز لەسەر ئەو پرسە کۆك بن. ئەو ڕێککەوتنە کە بەبێ ئاگاداری شا مۆرکرابوو، ناوچەکانی باکوور و ناوەڕاستی وڵاتی فارسی پێشکەشی ڕوسیا کردبوو[2]. لەوەش گرنگتر ئەوەبوو، شاری ئەستەمبوڵ و گەرووی بۆسفۆر و داردەنێل-یش بخرێنە سەر ڕوسیای سیزاری. ئەو ڕێککەوتنەش بڕیاربوو دوای کۆتایی هاتنی شەڕ بخرێتە واری جێبەجێ کردنەوە. گرنگە بزانرێت کە ڕوسیای سیزاری هێشتا تا ساڵی ١٩١٢ پلانی هەبوو دەست بەسەر ئەو شوێنە گرنگ و ستراتیژییە دابگرێت و بیکاتە بەشێک لە ڕوسیا، بەڵام جەنگی جیهانی یەکەم و شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕێڕەوی ڕووداوەکانیان بەرەو لایەکی تر برد.

پێش ئەو ڕێککەوتنەی سەرەوە، ویلیام نۆکس هەموو شتێکی کرد بۆئەوەی گرژی و هەستیاری ڕوسیا نەروژێنێت، نیشانی دا کە وەبەرهێنانەکان بەشی باکووری وڵاتی فارس ناگرنەوە. بەڵام لە لایەکی تر دوچاری کێشەی جۆراوجۆری تر بوویەوە. لە لایەک کارەکان لە گەڕان بەدوای نەفت زۆر بە سستی دەچوون بەڕێوە، وڵاتی فارس لە قەیران دابوو، ڕێگاوبان بوونی نەبوو، کەشوهەوا لەبار نەبوو. ویلیام نۆکس توشی کێشەی دارایی بوو و داوای لە لۆرد و دەوڵەمەندەکانی بەریتانیا کرد تاوەکو لەو پڕۆژە گرنگە هاوکاری بکەن. هەواڵ گەیشتە هێزی دەریایی و خودی "سێر جۆن فیشەر" و لە بەیاننامەیەکدا

(1) Ferrier R., Bamberg J. The History of British Petrolum, p. 33-41

(لە سەرچاوەی سەرەکی پرۆفیسۆر فرانکۆپان-ەوە).

(٢) حوسێن مەدەنی: کوردستان و ستراتیژی وڵاتان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠٠٩، لا٢٠٦-٢٠٨.

هانی هەموو لایەکی دا بۆ بەشداری کردن لە سەرخستنی پرۆسەکە، باسی بایەخی گرنگی نەوتی کرد لە بەرەوپێش بردنی کەشتیگەلی دەریایی سەربازی لە جەنگەکان و لە کۆتاییدا بانگەواز دەکات و دەڵێت: "لە خەو ڕابە بەریتانیا!"

لەماوەی ساڵانی ١٩٠١ تاکو ١٩٠٨ پرۆسەی بیرلێدان و گەڕان بەردەوام بوو، تاوەکو لە ڕێکەوتی ٢٦ مایسی ١٩٠٨ کاژمێر چواری بەیانی لە ناوچەی "مەسجد سولەیمان" نەفت فڕگەی کرد بۆ ئاسمان بە یەدەگێکی زۆرەوە. لە ساڵی ١٩٠٩ کۆمپانیای ئەنگڵۆ-فارس (Anglo-Persian Company) پشکەکانی خستەڕوو، وەبەرهێنەرێکی زۆر ڕوویان تێکرد. دۆزینەوەی نەفت لە مەسجد سولەیمان سەرەتایەک بوو بۆ سەرچاوەگەلێکی زۆری تر، نەک هەر لە وڵاتی فارس، بەڵکو دواتر لە کەرکووکی کوردستان و باشووری مێزۆپۆتامیاش.

چکەی کاژمێر بەرەو جەنگێکی چاوەڕوانکراو لێیدەدا، وینستۆن چەرچل ئەو کات یەکێک بوو لە لۆردی ئەدمیرالەکان لە هێزی دەریایی بەریتانی (Royal Navy) لە پەرلەمان گوتارێکی پێشکەش کرد لەسەر بایەخەکانی نەفت لە پێشخستنی کەشتیگەلی دەریایی و خێراکردنی پرۆسەی گواستنەوە. داوای کرد حکومەت خۆی دابینی سەرچاوەکانی نەفت بکات و لەوەش گرنگتر، ڕایگەیاند نابێت متمانە بکەین بە بازاڕی ئازاد بۆ دابین کردن، بەڵکو دەبێت حکومەت خۆی هەستێت بە کۆکردنەوەی یەدەگی نەوت. ئەوەبوو حکومەتی بەریتانیا ٥١٪ لە پشکەکانی کۆمپانیای ئەنگڵۆ-فارسی کڕیەوە.

دۆزینەوەی نەفت سەرەتایەک بوو بۆ پەلهاویشتنی ئینگلیزەکان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکە. گرژییەکانی ئەوروپا کاریگەرییان لە سەر کۆی ڕووداوەکانی جیهان هەبوو، بە تایبەتی ئەو ناوچانەی دەوڵەمەند بوون بە سەرچاوە سروشتییەکان. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بووە دڵی ئابووری بەریتانیا و فەڕەنسا و ڕوسیا، کە دواتر لە سەر ئەوە ڕێکدەکەون تەواوی ناوچەکە دابەش بکەن. بڕیار دەدەن دەوڵەتی عوسمانی بڕوخێنن. ڕکابەرێتی نێوان وڵاتانی ئەڵمانیا و هەردوو وڵاتی بەریتانیا و فەڕەنسا زەنگی مەترسی هەڵگیرساندنی جەنگێك لێدەدەن، نەفتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە شکاندنەوەی تەرازووی هێز بەلایەکدا. دواتر لەسەر ئەو پرسە زێتر دەمودوو دەکەین.

## مامەڵەکردن بە هۆز و خێڵە کوردییەکان لە لایەن زلهێزانەوە

چەند دەیەیەک پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، ناوچەکانی کوردستان جۆرێک ئۆتۆنۆمییان بەخۆیەوە دیتبوو. هۆز و خێڵە کوردەکان چیتر لەژێر فەرمانڕەوای عوسمانی و فارسی نەبوون، سنوری ئیمپراتۆری فارس و عوسمانیان بەزاندبوو. کوردەکان تاڕاددەیەک ببوونە جێگەی بایەخی وڵاتانی زلهێزی دەرەکی، بەڵام کێشەی هەرە گەورەی کورد نەبوونی چەترێکی نەتەوەیی-سیاسی بوو کە هەموویان لەخۆ بگرێت و کۆیان بکاتەوە. پێویستە ئەوە بگوترێت کە خاکی کوردستان بۆ ڕوسیا تایبەتمەدی هەبوو، چونکە کوردستان لە باکورەوە پێیەوە لکابوو، بەپێچەوانەی بەریتانییەکان، کە لە دورەوە هاتبوونە ناوچەکە. هەروەها دوای ڕێککەوتنی ساڵی ١٩٠٧ لەنێوان ئینگلیز و ڕوسەکان لەسەر ناوچەکانی باکووری ئێران، دەستی ڕوسیای زێتر لە کوردستان واڵاکردبوو. جگە لەوەش کوردستان وەکو پانتاییەکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بۆ ڕوسیا گرنگی زۆری هەبوو. ناوچەی ساباڵغ ببوو بە سەنتەری بازرگانی لەنێوان ڕوسیا و دەڤەرەکانی تری کوردستان. گرنگترین شتومەکەکانی بازرگانی نێوانیان بریتی بوون لە: پێستی ئاژەڵ، کەتیرە، مازوو، گوێز، کشمیش، مێوژ، لە ڕوسیاشەوە قەند، کوتاڵ، نەفت و پێڵاو دەهات[1].

وڵاتانی ئەوڕوپا دەیانووسیت پێگەی خۆیان لە کوردستان دروست بکەن، ئەویش لە ڕێگەی ناردنی مۆژدەدەرەکان "مسیۆنێر"ی کریستیانی بۆ ناوچەکە، بە تایبەت لەو ناوچانەی کە کریستیانی زۆری لێ بوون. مۆژدەدەرەکان پارەیەکی زۆریان خەرج دەکرد لەپێناو بەدەستهێنانی سۆزی خەڵکی ناوچەکە. بێجگە لەوەش، کردنەوەی کۆنسوڵخانەی وڵاتانی وەکو بەریتانیا و فەڕەنسا لە شارە گەورەکانی کوردستانی وەکو ئەرزڕوم، ڤان، مووسڵ، ئامەد. ئامانجی سەرەکی ئەو کۆنسوڵخانانە سیخوڕی بوو، جگە لەوەش لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵکی کورد و دەستەیەکیش خەریکی پشکنینی بواری

---

(١) لازارێف، کێشەی کورد، بەرگی یەکەم، ل٧١-٧٤

جیۆلۆجـی - زەویناسـی بـوون[١]. ناوچـە کوردنشـینەکان ببوونـە مەیدانـی ململانێـی نێـوان زلهێـزان، لـە هەموویـان چالاکـتر بەریتانیـا بـوو، بـە وردی چاودێـری جموجـۆڵ و هەڵسـوکەوتەکانی ڕوسـیایان دەکـرد، ئەگەرچـی ڕێککەوتنیشـیان لەگەڵیـان هەبـوو.

ڕۆشـنبیرانی کـورد، ئەوانـەی جیهانـی دەرەوەیـان دیتبـوو لـە شـارەکانی وەکـو ئەسـتەمبۆل و تـاران و ڕۆمـا ژیابـوون و خوێندنیـان لـەوێ تـەواو کردبـوو، بزاوتـی نەتەوەیـی وڵاتپارێزییـان دەسـتپێکرد. ئـەوان لەژێـر کاریگـەری نەتـەوە ژێردەسـتەکانی تـری وەکـو ئەرمـەن و عـەرەب بـوون کـە عوسـمانییەکان مافـی شوناسـی لـێ زەفـت کردبـوون. سـەرکاروانی ئـەو ڕووناکبیـرە کوردانـەش مەدحـەت بەدرخـان بـوو کـە لـە سـاڵی ١٨٩٨ لـە قاهیـرە ڕۆژنامـەی "کوردسـتان"ی دەرکـرد. ڕۆژنامـەی کوردسـتان ببـووە تاکـە دەلاقـە بـۆ پرژاندنـی ڕووناکـی لەمـەڕ دۆسـیەی نەتەوەیـی کـورد و بانگـی لاوان بـۆ خەبـات و تێکۆشـان لـە پێنـاوی ئازادیـی کوردسـتان.

لەنـاو جەرگـەی دەوڵەتـی عوسـمانیدا کـوردەکان بـە سـاویلکەیی خۆیـان و بـێ ئەزموونییـان لـە پرسـی سیاسـی و ڕێکخراوەیـی، لەگـەڵ تورکـەکان کۆمەڵـەی "ئیتیحـاد و تەرەقـی" یـان لـە سـاڵی ١٨٨٩ پێکهێنـا. ئـەو کۆمەڵەیـە چەنـد سـەرکردەیەکی ڕووناکبیـری کـوردی تێدابـوو بەناوەکانـی د. عەبـدوڵا جـەودەت و شـێخ عەبدولقـادر شـەمدینی و عەبدولرەحـمان بەدرخـان و حیکمـەت بەدرخـان. لـە سـاڵانی دواتـر بەشـداری کـورد لـە کۆمەڵـەی ناوبـراو پـەرە دەسـێنێت، لـە سـاڵی ١٩٠٨ کـە تورکـەکان شـۆڕش دەکـەن، کـوردەکان بەژمـارە و هێـزەوە بەشـدارییان لەگـەڵ دەکـەن، ئـەوەش بـە هاندانـی تورکـەکان و بەڵێنـی گـەورە بـەوەی هەمـوو مافەکانـی کـورد دوای شـۆڕش دەسـتەبەر دەکـەن و سـەربەخۆییان پـێ دەدەن. کـوردەکان بـە دەیـان گـروپ و ڕێکخـراوەوە بەشـداربوون لـە شۆڕشـی تورکـە لاوەکان[٢]. عوسـمانییەکان هێشـتا هـەر لـە دەسـەڵات بـوون، شۆڕشـی تورکـە لاوەکان هێشـتا جێپێـی خـۆی نەگرتبـوو.

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) حوسێن مەدەن، کوردستان لە ستراتیژی دەوڵەتان، ل ٢١٨.

کاتێـک جەنگـی جیهانـی هەڵگیرسا، فارسـەکان لـە ڕووی سـەربازی و ئابووریـیـەوە زۆر لاوازبـوون، زۆر ناوچـەی کوردسـتانیان لەدەسـت دابـوو، عوسـمانییەکانیش تاکـە هێـزی گەورەیـان لـە کوردسـتان بزواندنـی ئایینی بـوو. سـوڵتانی عوسـمانی مـحـمـدی پێنجـەم (محەمـەد ڕەشـاد) کـە خـۆی بـە خەلیفـەی موسـوڵمانان و پارێـزەری ئیسـلام دەزانـی، بـۆ جیهـاد دژی بێگانـە و ئەوروپییـە بـێ دینـەکان بانگـەوازی دەرکـرد. توانـی سـۆزی سـەرۆک خێـڵ و مـەلا و شـێخەکان بـۆ لای خـۆی ڕابکێشـێت. کوردسـتان بـووە گۆڕەپانـی پێکدادانـی هەرچـوار زلهێـزی ڕوسـی و بەریتانـی و عوسـمانی و ئەڵمانـی، بەهـەر چواریـان خاکـی کوردسـتانیان وێـران کـرد. عوسـمانییەکان و ئەڵمانییـەکان کوردسـتانی ئێرانیـان کردبـووە قەڵایـەک دژی پەلکێشـی ڕوسـیا لـە باکـوور و بەریتانیـا لـە باشـوور. ئەڵمانییـەکان خەریکـی کڕینـەوەی سـەرۆک خێڵـەکان بـوون و عوسـمانییەکان لەڕێگـەی ئایینـەوە خەڵکـی سـاکاری کوردسـتانیان جـۆش دەدا[1]. لەکاتـی دەسـپێکی جەنـگ، سـوپای حەمیدییـە لەگـەڵ هـۆزە کوردییەکانـی ناوچەکـە بەرگـری گەورەیـان کـرد، سـوپای ڕوسـیایان لـە سـابڵاغەوە تـا تەورێـز بەدەرنـا. تاکـە ناوچـەی کـورد کـە بەدەنگـی عوسـمانییەکانەوە نەچـوون، شـاری کرماشـان و دەوروبـەری بـوو، چونکـە شـیعە بـوون و زێـتر گوێڕایەڵـی وڵاتـی فـارس بـوون. هاوکێشـەکە وابـوو، کـوردە سـوننەکان پشـتیوانی عوسـمانییەکان بـوون، کـوردە شـیعەکانیش بـێ دەنـگ یـان پشـتیوانی فارسـەکان بـوون، هەرچـی ئەرمەنـی و ئاشـوورییەکانن، ئـەوا پشـتیوانی ڕوسـیا بـوون. ڕوسـەکان بـۆ تۆڵەکردنـەوە لـەو شکسـتەی کـە لـە سـابڵاغ و تەورێـز دیتیـان، هێرشـێکی بەربڵاوییـان بـۆ سـەر ناوچـە کوردییـەکان دەسـتپێکرد. هەمـوو ناوچەکانیـان بەدەسـتهێنایەوە، لەخاکـی کـوردان کۆمەڵکوژییەکـی بـێ وێنەیـان ئەنجامـدا، لـە ناوچـەی موکـری لـە هەریـەک لـە شـارەکانی سـابڵاغ و شـنۆ بـێ بەزەییانـە ماڵێکیـان بەپـاوە نەهێشـت.

دوای گرتنـەوەی ناوچـە کوردییـەکان لـە لایـەن ڕوسـیا و گرتنـی بەغـدا لەلایـەن بەریتانیـا لـە سـاڵی ١٩١٧، لـە ڕوسیا شۆڕشـێک ئەنجامـدرا لـە لایـەن حیزبـی کۆمونیزمـی ڤلادیمـیر لـێـنیـنـەوە کـە کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی بەسـەر تـەواوی ڕووداوەکان

(١) لازاریف، سەرچاوی پێشوو.

هەبــوو. ســەربازانی ڕوســیا لــە ناوچەکــە شــڵەژانیان تێکــەوت، دەســتە دەســتە یەکــە ســەربازییەکانیان جێدەهێشــت. ئــەوە بــۆ تورکــەکان ڕووداوێکــی دڵخۆشــکەر بــوو. جەنگــی ڕوســیا پشــتی کــوردی لەناوچەکــە شــکاند، کــورد بوونــە قوربانــی جەنگێکــی بــێ هــودە، ناوچەکــە بــۆ تــورک لــە دوژمــن خاڵــی بــووەوە ، جــا ئــەو دوژمنــە کــورد بێــت یــا ڕوس. لــە لایەکــی دیکــە ڕقــی بێســنور لــە وڵاتانــی ڕۆژئــاوا، ڤلادیمیــر لێنینــی وورکردبــوو، چاوەکانــی لــە ئاســت تاوانەکانــی دەوڵەتــی عوســمانی بەســتبوو، تەنانــەت چاوپۆشــی بەرانبــەر ئــەو تاوانــە گەورەیــە کــرد کــە لــە بەرانبــەر ملیۆنێــک و نیــو ئەرمەنــی کــرا. ڕوســیای کۆمونیســت لــە ڕقــی ڕۆژئــاوا و وڵاتانــی ســەرمایەدار پشــتی لــە نەتــەوە ژێردەســتەکانی دەوڵەتــی عوســمانی کــرد. کۆتایــی بــە جەنــگ دژی عوســمانییەکان هێنــا و بگــرە دەســتی هاوکاریشــی بــۆ درێــژ کــردن.

ڕاڤەکردنــی دۆخــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی ئەوســای کوردســتان و بەراوردکردنــی بــە دۆخــی ئەمڕۆمــان، کۆمەڵێــک گریمانــە و لێکدانــەوە لەخــۆ دەگرێــت، ئەمــەش بــۆ خــودی خوێنــەر بەجــێ دەهێڵیــن.

## زیانەکانی کورد لە جەنگە یەک لەدوای یەکەکان

نەبوونـی وڵاتـی نەتەوەیـی و نەبوونـی سـنوری سیاسـی - جیۆگرافـی، گەلـی کـوردی خسـتە دەسـت قـەدەر و گیانـی هـەزاران و سـەدان هـەزاری ئـەو نەتەوەیـەی کـردە کاڵایەکـی هـەرزان بـە دەسـتی دوژمنـان. کوردسـتان کـە ببـووە گۆڕەپانـی جەنگـی نەبـڕاوەی تورکـە عوسـمانی و فارسـەکان، بـە درێژایـی چەندیـن سـەدە مەیدانـی جەنگـی وێرانکـەر بـوو، ئەنجـا خەڵکەکەشـی خەڵوزێکـی ئاسـان بـوون بەنـاوی ئاییـن و خـوداوە، کـە لـە لایـەن بەنـاو خەلیفەکانـی ئالـی عوسـمان و پاشـاکانی فـارس، بەوپـەڕی بـێ ویژدانییـەوە بەکاردەهێـنران.

جەنگـی یەکەمـی جیهانـی تەنهـا ڕوویەکـی مەرگەسـاتەکانی گەلـی کـورد بـوو. پێشـتر بەدرێژایـی پێنـج سـەدە لـە جەنگەکانـی تـورک لەگـەڵ ڕوسـیای سـیزاری و ئەوڕوپـا، کـوردەکان باشـترین و بەهێزتریـن چەکـدار بـوون. بۆئـەوەی مـاڵ و منداڵـی تـورکان پارێزراو بێـت دەبوایـە ماڵـی کـورد وێـران بکرایـە و منداڵـی کـورد بـێ بـاوک بمایـە، دەبوایـە لاوانـی کـورد خوێنیـان ببەخشـن و گیانیـان بەخـت بکـەن. چـش دەبـا میللەتێکـی ئـاوا بـێ سـوود هـەر بـۆ لەناوبـردن و شـەڕپێکردن بەکاربهێنیـن. تورکـەکان ئاوهایـان دەگـوت!

لـە جەنگـدا وێنەیـان نەبـوو، لـە مـردن سـڵیان نەدەکـردەوە، تاوێـک بـۆ مـاڵ و سـامان، تاوێکیـش بەنـاوی ئاییـن. بـە هـەر ناوێـک بێـت، بـە درێژایـی مێـژوو، ئـەو میللەتـە ئـەو هەمـوو توانـا جەسـتەیی و سـەربازییەی خسـتۆتە خزمەتـی بێگانـەکان و دوژمنانـی خـۆی. ئـەوەش دەرەنجامـی بێخاوەنیـی و نەبوونـی سـەرکردە بـوو. لـە پـاڵ هەمـوو فاکتـەرە سیاسـی و جیۆگرافـی و ئابورییەکانـی دیکـە، هەمـوو میللەتانـی سـەر زەمیـن سـەرەتا لـە ڕێـی سـەرکردەیەکی بەهێـزەوە ئاراسـتەکراون، ئەنجـا توانیویانـە یەکێتییـەك یـان کیانێـک پێکبهێنـن. لـە مێـژووی هەمـوو میللەتـان بوونـی سـەرکردەی کاریزمـا بووەتـە سـەرەتایەک بـۆ هۆشـیاری و ڕزگاری نەتەوەیـی و دواتریـش دامەزراندنـی قـەوارەی سیاسـی. کـورد پێچەوانـەی تـورک، لەژێـر یـەک چەتـر و یـەک سـەرکردایەتی کۆنابێتـەوە، کەچـی تورکـەکان لـە هەمـوو بارودۆخێکـدا پشـت لـە سـەرکردەی خۆیـان ناکـەن و بەرگـەی هەمـوو تەنگـژە و ناسـۆرییەک دەگـرن.

لـە باسـی زیانەکانـی گەلـی کـورد لـە جەنگـی جیهانـی یەکـەم، لـە توانسـت دا نییـە هەمـوو زیـان و مەینەتییـەکان بخرێنـەڕوو، لەبـەر فرەییـان و نەبوونـی داتایەکـی تـەواو ورد، بـەڵام ئامـاژە بـە هەندێکیـان دەدەیـن کـە گەواهیـدەران لـە سـەربازان و ئەفسـەران و گەڕیـدەکان تۆماریـان کـردووە کاتێـک لـە کوردسـتان بەشـداری جەنگیـان کـردووە یاخـود بەوێـدا تێپەڕیـوون.

هێڵـی درێـژی جەنگـی نێـوان ڕوس و تـورک لـە موکرییـەوە بـۆ ئـەرزڕوم و ئەرزنجـان، لـە خانەقینـەوە تـا دەگاتـە قـارس و ڤـان و ئـامەد، درێـژ دەبوونـەوە. وەک سێر "پێرسـی کاکـس" و "گوسـتاڤ دیمۆرنیـی" ئامـاژە دەدەن، هەمـوو کوردسـتان، بەشـی فارسـی و عوسـمانی گۆڕەپانـی جەنگـی بێوەسـتانی لایەنـەکان بـوو[1]. جەنگـەکان بوونـە هـۆی نابوتکردنـی هێـزی مرۆیـی گەلـی کـورد. ئـەو میللەتـە لـە ڕۆژگاری ئەمـڕۆ دەبووایـە لـە ڕووی ژمـارەوە دوای عـەرەب دووەم گەورەتریـن نەتـەوەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بێـت، وەک دواتـر لـە بەشـی دیمۆگرافیـا ڕوونـی دەکەینـەوە. لێـرەدا ئامـاژە بـە کۆکردنـەوەی سـەرچاوەکان لـە هەمبـەر ئـەو پرسـە دەدەیـن، کـە لـە لایـەن توێـژەری مێژوونـاس "وەدیع جویـدە" لـە پەرتوکەکـەی بەنـاوی "الحرکـه القومیـه الکردیـه" نـووسراوە.

کوردسـتان گۆڕەپانـی جەنگـەکان، کـوردەکان گەنـج و لاوەکانیـان سـەربازن و خاووخێزانەکانیشـیان قوربانـی جەنگـی خاپـورکار و دەربـەدەری و برسـێتی و نەخۆشـی و تاڵانکردنـن. مێژوونووسـی کـورد، محەمـەد ئەمیـن زەکـی بـەگ، کـە ئەفسـەرێکی باڵابـوو لـە سـوپای عوسـمانی، بـەم شـێوەیە تابلـۆی ڕووداوەکانمـان بـۆ دەنەخشـێنێت. ئـەو دەڵێـت: هـەردوو لەشـکری یازدەهـەم کـە بارەگاکـەی لـە خارپـوت و لەشـکری دوازدەهـەم کـە بارەگاکـەی لـە مووسـڵ بـوو، هەموویـان لـە سـەربازانی کـورد پێکهاتبـوون. هەروەهـا زۆربـەی ئەفسـەران و سـەربازانی سـوپای نۆیـەم لـە ئـەرزڕوم و سـوپای دەهـەم لـە سیواس کـورد بـوون. جگـە لەوانـەش کـوردەکان سـەرکردایەتی و سـەربازییان بـۆ ١٣٥ لەشـکر و تیپـی سـوارەی سـوپای عوسـمانی دەکـرد. لـە پـاڵ

(١) پیرسـی کاکـس، تأریـخ بـلاد فارس.گوسـتاڤ دیمۆرنیـی، المسـأله الفارسـیه والحـرب، التنافس الأنکلو-روسي في بـلاد فـارس.

ئەوانیش بەشێکی زۆر گەورە لە هێزەکانی پاسەوانی سنورەکان لە کورد بوون[١]. عوسمانییەکان وەک هەمیشە، چەکی بەهێزی بەردەستیان "جیهاد" کردن بوو لە پێناوی پاراستنی خەلافەتی موبارەکی ئیسلامی و جەنگ دژی کافرانی مەسیحی.

زەکی بەگ ژمارەی قوربانیانی کورد لە ڕیزەکانی سوپا بە ٣٠٠ هەزار کەس مەزندە دەکات، هەروەها ژمارەی خەڵکی ئاسایی کوردیش کە بوونە قوربانی ڕاستەوخۆی نێوان هێزە شەڕکەرەکان، بە ژمارەیەکی گەورەتر لەوەی پێشوو مەزندە دەکات. کارەساتی گوند و دێهاتەکان لە برسێتی و قات و قڕی و نەخۆشی لە لایەک، هەروەها هەر سوپایەک کە دەستی دەگەیشتە گوندەکان، بۆ سڵەمینەوە پەلاماری هەرچی ئازوخە و خۆراکە دەدا، ڕوسەکان کە وەکو دوژمن پەلاماریان دەدان و ئەتکی خەڵکیان دەکرد، بەڵام تورکەکان دەهاتن تاڵانکاری و دزینی ماڵ و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی کوردیان تەواو دەکرد. لە سەروبەندی کۆتایی جەنگ لە ساڵی ١٩١٧ سوپای عوسمانی کەوتە گێژاوی برسێتی و نەخۆشی، پەلاماری هەموو شتێکی دەدا کە دەستی بکەوتایە. گوند و دێهاتی جوتیارە کوردەکان باشترین دەرفەت بوون بۆیان. هەریەک لە لەشکرانی سێ و چوار و شەشی تورک بە تەواوی لەناوچوون. نەخۆشی تیفۆ تاکە سەربازێکی بە پاوە نەهێشتەوە. لە هەمان ساڵدا قات و قڕی شاری سلێمانی گرتەوە، بە گوێرەی سەرچاوەکان ٧٠٪ هەموو دانیشتوانی شارەکە لەناوچوون. مێجەر سوان دەڵێت: ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی لە نۆڤێمبەر/تشرینی دووەمی ١٩١٤ نزیکەی ٢٠ هەزار کەس بوو، تاکو هاتنی بەریتانییەکان لە نۆڤێمبەری ساڵی ١٩١٨ ئەو ژمارەیە کەم بووەوە بۆ ٢٥٠٠ کەس. نەخۆشی و برسێتی گیانی خەڵکیان لە سەر شەقامەکان دەکێشا[٢].

مێژوونوسان چەند نموونەیەکی جەنگە خوێناوییەکانی کوردستان دەخەنەڕوو، خۆ ئەگەر وێنەی هەموو شار و لادێکانی کوردستان لە کاتی جەنگەکان تۆمار

---

(١) وديع جويده، الحركه القوميه الكرديه، ص ٣٠٨، خلاصه تأريخ الكرد و كردستان.

(2) Major E. B. Soane (Great Britain Office of the Civil Commisioner). Notes on the Tribes of Southern Kurdistan. Baghdad: Government Press, 1918.

بکرابایـە، ئـەوا مـرۆڤ تووشـی واق وڕمـان دێـت. لـە ناوچەکانـی بایەزیـد و شـاری ڤـان، ڕوسـەکان بـە هـاوکاری ئەرمەنییـەکان پەلامـاری گوندەکانـی کوردسـتان دەدەن، ژێـدەرەکان دەڵێـن لـە بایەزیـد تەنهـا ١٠٪ خەڵکـی شـارەکە قوتاریـان بـوو، ئەوانـی تـر هەموویـان کۆمەڵکـوژ کـران. هەمـان شـت دووچـاری ئـەرزڕوم و بەدلیـس و مـوش بـووەوە. لێـرەدا بـە گرنگـی زۆری دەزانیـن سـەرەنج بدەینـە سـەرانی تـورک کـە بەرپرسـیارن لـە کۆمەڵکـوژی ئەرمەنـەکان و کـوردەکان و گریکـە پۆنتییـەکان، بـە تایبـەت مەبەسـت لـە "جەمـال پاشـایە" وەکـو یەکێـک لـە سـێ ئەفسـەرە تاوانبـارە گەورەکـەی تورکیـای عوسـمانی و دواتریـش تورکـە لاوەکان. گەرچـی گەلـی کـورد ڕەتـی کـردەوە بەشـداری بـکات لـەو کارەسـاتە مێژووییـە قێزەونـە، ئەمجـارە سـەرانی تـورک هەمـوو هەوڵێـک دەدەن مێـژووش بشـێوێنن و نـاوی هـەردوو میللەتـی کـورد و ئەرمـەن بزڕێنـن. ئەوەتـا جەمـال پاشـا بـۆ قوڵکردنـەوەی ڕق و دوژمنداریێتـی نێـوان کـورد و ئەرمـەن دەڵێـت: ئەرمەنـەکان یـەک ملیـۆن و نیـو کوردیـان کوشـتووە[1]. کەچـی هـەر لـەو سـەردەمە لـە ئەوڕوپـا بـە تایبەتـی لـە فەڕەنسـا، کاربەدەسـتانی تـورک بەوپـەڕی ڕوو قایمـی و بەدڕەوشـتییەوە ئۆباڵـی کۆمەڵکـوژی ئەرمەنەکانیـان خسـتبووە سـەر شـانی کـورد. دەوڵەتـی تورکیـا مێژوویەکـی گـەورەی هەیـە لـە شـێواندنی ڕاسـتیەکانی مێـژوو و چەواشـەکردن. لـە بەشـەکانی داهاتـوو فرەتـر لـەو پرسـە دەنووسـین.

لـە چەنـد نموونەیەکـی دیکـەی ماڵوێرانـی کـوردان، لـە ناوچەکانـی نێـوان شـەمدینان و ڕوانـدوز، لـە ١٠٠ گونـدی هۆزەکانـی باڵـەک، تەنهـا سـێ بـۆ چـوار گونـد ڕزگاریـان ببـوو، ئەوانـی تـر گشـتیان سـوتێنران. لـە ٣٠ گونـدی ناوچەکانـی برادۆسـت تەنانـەت یـەک پیـاو و ژن و زارۆک ڕزگاریـان نەببـوو. لـە ڕوانـدوز تورکـەکان لـە کـۆی هەشـتا گونـد، پەنجـاو دوو گوندیـان بـە تـەواوی خاپـور کـرد و ئـەوەی مایـەوە تـاڵان کـرد. ژمـارەی خێزانـەکان لـە ١٠٨٠ خێزانـەوە کـەم بـووەوە بـۆ ١٥٨ خێـزان. ئـەوەی بەخـت یـاوەری بـوو توانـی هەڵبێـت ئـەوەی تـر کەوتـە ژێـر وێـزەی قڕکـردن. هـۆزی گـەوڕک

(1) Ahmed Emin Yalman, Turkey in the World War, New Haven, Yale University Press 1930. Cemal Ahmad Pasha, Memories of the Turkish Statement, 1913-1919, Hutchinson, London 1922.

پێش جەنگ لە ١٥٠ خێزان پێکهاتبوون، لە ساڵی ١٩١٩ تەنها ٧ خێزانیان دەرباز ببوو. لە کۆی ٢٥٠ ماڵ لە نەهری تەنها ٧ ماڵ بە تەناهی دەرچوون. لە ٢٠٠٠ خێزانی ڕواندوز تەنها ٦٠ خێزان دەربازیان ببوو[1].

نموونەیەکی دیکە کە مرۆڤ لە ئاستیدا شاگەشکە دەبێت، داگیرکاری ڕوسەکان بوو بۆ خانەقین و گوندەکانی دەوروبەری پێش هاتنی ئینگلیزەکان. دوای ڕاوڕووتی خانەقین لە لایەن سوپای ڕوسیا لە ساڵی ١٩١٧، هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بووە هۆی پاشەکشەی سوپا لەو ناوچانە، لە جێی ئەوان سوپای تورک گەڕایەوە خانەقین، بەڵام لە بری هاوکاری کردنیان کە گوایا خەڵکی موسوڵمانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانین، کەچی پرۆسەی دزی و تاڵانی ڕوسەکانیان تەواوکرد. کاتێک بەریتانییەکان دەگەنە ناوچەکە و تورکەکان ئەوێ جێدەهێڵن، دەبینن هیچ ئاسەوارێکی ژیانی تێدا نەماوە. سەبارەت بە کوردستانی فارسی، "گێرترود بێڵ" چیرۆکی هاوشێوە دەگێڕێتەوە. دەڵێت ڕوسەکان هەر شوێنێک کە پێیدا تێپەڕین، هەرچی خێر و بێر هەبوو لەگەڵ خۆیان ڕاماڵی، تەنانەت داری بنمیچی خانوەکانیشیان هەڵتەکاند وەکو خەڵوز بۆ گەرمکردنەوە بەکاریان دەهێنا[2]. ڤاسیل نیکیتین، کۆنسوڵی پێشووی ڕوسیا لە ئێران و نووسەری پەرتوکێک لەسەر کورد، دەڵێت، پاش جەنگ هەزاران کورد لەبەر برسێتی و نەخۆشی ڕوویان کردە باکوور بەرەو شاری وورمێ. لەوێ ئەرمەنیی و کریستیانەکان سەرەڕای ئەوەی کە دوژمنیشیان بوون، بەڵام ڕەوشی کوردەکان میهرەبانیی هەمووانی وروژاند، ئەوەبوو بە هانای کوردەکانەوە چوون. تەنانەت جێی خێزانە کوردەکانیان لە ماڵەکانی خۆشیان کردەوە و داوای هاوکارییان لە ئەمریکییەکان کرد کە کۆمەکی

(1) Major Noel. Special Duty in Kurdistan, from June 14 to September 21 1919. Basra, Government Press, Iraq 1920. Great Britain. Report to the Council of the League of Nations on the Administration of Iraq for the Year 1929, H.M. Stationary Office, London 1930. Kenneth Mason, Central Kurdistan, Geographical Journal 54, no 6 (1919): 329-47.
(2) Gertrude Bell, (Great Britain, Office of the Civil Commisioner, Iraq), Review of the Civil Administration of Mesopotamia, 1914-1920. H.M. Stationary Office, London 1920.

مرۆیــی کــورد بکــەن[١]. مێــژووی ڕاســتەقینەی نێــوان کــورد و ئەرمــەن بریتیــە لــە مێــژووی پێکەوەژیانــی ئاشــتی و لێبوردەیــی، بــەڵام ئالــی عوســمان ویســتی ئــەو مێــژووە لەباریــەک هەڵوەشــێنێت و بیانکاتــە دوژمنــی یەکــتری.

ســەرباری ئــەو مەرگەســاتانە، هێشــتا دەوڵەتــی داپڵۆســێنەری عوســمانی بــەوەش ناوەســتێ، ســوڵتان محەمــەد ی پێنجــەم خەلیفــەی موســوڵمانان پلانــی ڕاگواســتنی کــورد دەدات لــە شــار و دێهاتەکانــی کوردســتانەوە بــەرەو شــارە تورکییــەکان بــەو مەرجــەی ژمــارەی کــوردان لــە هــەر شارێکی تورکــی لــە ٥٪ (پێنــج لــە ســەت) زێــتر نەبێــت، ئەمــەش بۆئــەوەی کــورد لەنــاو ڕەگــەزی تــورک بتوێتــەوە و لەنــاو بچێــت. پارچــە پارچــە کردنــی کــورد ئەوســاتە دەســتی پێکــرد کــە زانــرا ئیــتر گاڵتــە کــردن بــە کــورد بەنــاوی ئیســلام لــەوە زێــتر بــڕ نــاکات. چونکــە ســەرانی هەندێــك هــۆز و شــێخانی وەکــو شــێخ ســەعید و پیاوانــی بنەماڵــەی بەدرخــان و ڕۆژنامەنوســان ســەریان دەرکــردووە و خەریکــن کــورد بەهــۆش دەهێننــەوە. مێژوونــووس "بلــەچ شــێرکۆ" دەڵێــت: لــە ســەروبەندی جەنگــی جیهانــی یەکــەم ٧٠٠ هــەزار کــورد لــە ڕەگــی خۆیــان هەڵتەکێــنران و بەپــێ بــەرەو ڕۆژئــاوای تورکیــا ڕاپێــچ کــران. لــەو کۆچــە مەزنــە، زۆرینەیــان لــە ڕێــگادا لــە برســێتی و تینوێتــی خنــکان و مــردن[٢]. ئــەوە بــوو حوکمــی خەلافەتــی ئیســلامی تورکــی عوســمانی!

(1) Basile Nikitine, Les Kurdes: Etude sociologique et historique. Imprimerie Nationale Librairie C. Klincksieck, Paris 1956.

(٢) بلـەچ شـیرکۆ، المسألە الکردیـە، ص ٢٣-٣٣. مێجـەر نۆئیـل، تێبینـی لەسـەر ڕەوشـی کـورد (سـەرچاوە بـە زمانـی ئینگلیـزی).

## ئاوڕێک لە جووڵانەوەی کوردانی عوسمانی

مەبەست لە کوردانی عوسمانی هەموو جوڵانەوەکانی کوردستان دەگرێتەوە، جگە لە کوردستانی ئێران، تا هاتنی بەریتانییەکان و جیاکردنەوەی ولایەتی مووسڵ لە بەشەکانی تری ژێر هەژموونی عوسمانی.

لە ترۆپکی قوڵبوونەوەی گرفتە ئابووری و سیاسییەکانی عوسمانی، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم ئۆپۆزسیۆن سەری هەڵدا. گروپێکی تورکی دروستبوو بەناوی ئیتیحاد و تەرەقی، ژمارەیەک لە کوردانی ناودار لەوانە دکتۆر عەبدوڵا جەودەت[1] و هاوڕێکانی لە دامەزرێنەرانی بوون. کۆمەڵەکە چەند بارەگایەکی لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات کردەوە و لە یەکەم کۆنگرەیان لەجێی دەوڵەتی عوسمانی جاڕی دەوڵەتێکی دەستورییان دا. لەو کۆنگرەیەدا هەریەک لە کوردان د. عەبدوڵا جەودەت بەڕێوەبەری گۆڤاری عوسمانی کە زمانحاڵی ئیتیحاد و تەرەقی بوو، دکتۆر ئیسحاق سکوتی و عەبدولرەحمان بەدرخان سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان، دوای ئەوانیش بە شێوەیەکی نهێنی شەریف پاشای خەندان پەیوەندیان بە کۆمەڵەکە کرد. جێی ئاماژەیە ئەمجارە لە پاریسی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٠٢ لە ژێر ناوی "کۆنگرەی ئازادیخوازانی عوسمانی" کوردانی دیکە بەشدارییان کرد لە کۆنگرەی ئیتیحاد و تەرەقی، ئەوانیش هەریەک لە عەبدولرەحمان بەدرخان و حیکمەت بابان بوون. دوای شۆڕش ژمارەیەک لەو کوردانە پلەی پۆستی وڵاتیان کەوتە دەست، لەوانە ئیسماعیل حقی بابان کە پۆستی وەزارەتی پەروەردەی گشتی وەرگرت، هەروەها سلێمان نەزیف کە کرایە والی بەغدا و دواتریش والی مووسڵ. سلێمان نەزیف ئەگەرچی بە ڕەگەز کورد بوو، بەڵام دەمارگیربوو بۆ بەتورککردنی کوردستان[2]. (پێشتر ئاماژەمان دا کە بە هێزێکەوە هێرشی بردە

---

(١) دکتۆر عبدالله جەودەت: پزیشک و هۆزانڤان، بیرمەندی سیاسی، لە ساڵی ١٨٦٩ لە خێزانێکی کوردی ناوچەی ئارابگیر لەدایکبووە. دکتۆر عبدلله جەودەت پڕپەرهەمترین نوسەری تورکیای نوێ بوو. بۆ زانیاری زۆرتر بگەڕێەوە سەرچاوەی: کارڵ سوسهایم، عبدلله جودت في الموسوعه الإسلامیه، مجلد ٩، الملحق ٥٥-٦٠.

(٢) ودیع جویده، الحركة القومیه الكردیه، نشأتها و تطورها، دار الفارابي بیروت- ئاراس هەولێر، ٢٠١٣، لا ٢٥٥.

سـەر بـارزان و بڕیـاری لەسـێدارەدانی شـێخ عەبدولسـەلامی بارزانیـی دا).

لـە سـاڵی ١٩٠٧ کۆمەڵـەی ئیتیحـاد و تەرەقـی بـۆ پلاندانـان بـۆ کودەتـا دژی سـوڵتان عبدالحمیـد خەریکـی بەرنامەڕێـژی سیاسـی و سـەربازی بـوو. دروشـمی کۆمەڵەکـە بریتـی بـوو لـە دادپـەروەری، یەکسـانی و برایەتـی، بەرنامەشـیان ئەوەبـوو سـنورێک بـۆ سـوڵتانی عوسـمانی دابنێـن. خەڵکێکـی زۆریـان لـە خۆیـان کۆکـردەوە، تەنانـەت لـە نـاو ئۆرگانەکانی دەوڵـەت و سـوپا، ئەندامانـی ئیتیحـاد و تەرەقـی جمەیـان دەهـات. خۆپیشـاندان تـەواوی ئەسـتەمبۆڵی گرتـەوە، سـوڵتان لـەکار لادرا، لەجێـی ئـەو محەمـەد ڕەشـاد کرایـە سـوڵتان، بـەڵام دەسـەڵاتەکەی هـەر بەنـاو مابـوو. لێـرەدا هەمـوو پایەکانـی دەوڵـەت کەوتـە ژێـر دەسـتی سـێ کەسـی بەهێـزی تـورک کـە ئەوانـە بـوون: ئەنـوەر پاشـا وەزیـری جەنـگ، تەلعـەت پاشـا سـەرۆکی ئیتیحـاد و تەرەقـی و وەزیـری ناوخـۆ (دەستپێشـخەر و پلاندانەری تاوانــی کۆمەڵکــوژی ئەرمەنــەکان و کــورد)، هەروەهــا جەمــال پاشــا وەزیــری هێــزی ئاسـمانی و فەرمانـدەی سـەربازی پایتەخـت[1].

سـەرەتا ئیتیحادییـەکان نیـازی نەژادپەرسـتیان دەشـاردەوە، بـە حوکمـی ئـەوەی دامەزرێنەرانـی شـانەی یەکـەم لـە لایـەن کوردەکانـەوە بـوو، دوای ئـەوە نەتەوەکانـی تریشـی هاتەسـەر لـە ئەرمـەن و چەرکیـس و لاز و جـووەکان. ئیتیحادییـەکان توانیـان شـێخ سـەعیدی نورسـیش بهێننـە بـاوەڕ، کـە ئـەوان نیازیـان دامەزراندنـی وڵاتێکـە کـە ڕاوێـژی بـە هەمـوو لایـەک بکرێـت و دادپـەروەری و مافـەکان بـۆ هەمـوو لایەنـەکان بەرقـەرار بێـت. ئیتیحادییـەکان دەبووایـە بیـری پان-تورکیـزم بشـارنەوە و دوایبخـەن بـۆ دوای یەکلایـی کردنـەوەی پرسـە گرنگـە دەرەکییـەکان کـە بڕیاردەربـوون لـە قەبـارە و توانسـتی ئـەو وڵاتـەی ئێسـتا پێـی دەگوترێـت تورکیـا. کـوردەکان ئایدیـای عوسـمانیزم ووڕی کردبـوون، بـەو ئومێـدەی بتوانـن وڵاتێکـی ڕووبـەر گـەورەی فیدڕاڵـی لـە دەوڵەتـی داڕوخـاوی عوسـمانی بەرهـەم بهێنـن، تیایـدا هەمـوو نەتـەوە و گروپـە ئیتنییـەکان بتوانـن بـە ئـازادی و سەربەسـتی تـەواوەوە بژیـن و ویسـتی نەتەوەیـی و ناوچەییـان دابیـن بکـەن. لێـرەدا گوتەیەکـی مێژوونووسـی گـەورەی کـورد محەمـەد ئەمیـن زەکـی دێتـە پێشـەوە

(١) سلام ناوخۆش، احتلال و تقسیم کوردستان، لا٤٠.

کە دەڵێت: کوردەکان نەیانگوت ئێمە کوردین هەتاکو تورکەکان نەیانگوت تورکین و عەرەبەکانیش نەیانگوت عەرەبین. بەو واتایەی کوردەکان کاتێک داوای مافی نەتەوەیی خۆیان کرد کە تورک و عەرەب دەستپێشخەریی قەوارە و وڵاتی نەتەوەیی خۆیان خستە پێش وڵاتی ئایینی (عوسمانی).

دکتۆر عبدللە جەودەت لە ساڵی ١٩٠٤ ەوە پەی بردبوو بە نیازی ئیتیحادییەکان، بۆیە گۆڤارێکی داهێنا بەناوی "الإجتهاد". دوای کودەتای ١٩٠٨ ئیتیحادییەکان بۆ ماوەیەکی کاتی کاریان بە دەستوری عوسمانی کرد، لەو ماوەیەش کەسایەتییە کوردەکان کەشێکیان بۆ ڕەخسا تاکو دەستبکەن بەکاری سیاسی. لەوەوە لە ڕێکەوتی ٢٥-٩-١٩٠٨ شەریف پاشا لەگەڵ هەریەک لە ئەمین عالی بەدرخان و شێخ عەبدولقادر شەمزینی و داماد و ئەحمەد و ذوالکفل پاشا کۆمەڵەی جەمعیە و تەرەقی کوردییان دانا و ڕۆژنامەیەکیشیان بەناوی "کورد تعاون و ترقی غرەتەسی) دەرکرد کە شاعیری گەورە و ناودار "پیرەمێرد" بووە سەرنووسەری. لە هەمان کاتدا ئەحمەد ثورەیا بەدرخان گەڕایەوە ئەستەمبۆڵ و ڕۆژنامەیەکی بەناوی "کوردستان" بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی دەرکرد. لە پاڵ ئەوانیش مەلا سەعید کوردی کۆمەڵەیەکی دامەزراند بە ناوی "الوحدە المحەمەد یە" داوای یەکگرتوویی دەوڵەتی عوسمانی دەکرد لەژێر دروشمی "دادپەروەری، یەکسانی، برایەتی". جگە لەوانەش کۆمەڵێکی دیکەی ڕۆشنبیرانی کوردی لە شاری ئەستەمبۆڵ گۆڤار و نووسراوی جۆراوجۆریان بڵاو دەکردەوە، بۆ نموونە: جمعیە نشر المعارف الکوردیە و قوتابخانەی "دەستوری".

باڵی سەرەکی ئیتیحادییەکان (تورکی)[1] لە کەسایەتی توندڕەوی پشتیوان لە پان-تورکیزم پێکهاتبوون، ئەوانیش بریتی بوون لە ئەحمەد ڕەزا، تەلعەت پاشا، ئەنوەر پاشا و جەمال پاشا کە دەسەڵاتی سەربازییان لەدەست بوو. ئەوانە ئایدیۆلۆژی ستراتیژی دوورمەودایان هەبوو و بانگی "ئێمە تورکین و قیبلەمان تۆرانە" لێدەدا[2]. نیازی تورکەکان لەوساوە دیاربوو، ئەوان دەیانویست وڵاتێک دروستبکەن نەک تەنها

(١) تێبینی/ خوێنەر ئاگادار بێت کە ئیتیحادو تەرەقی تورکی و ئیتیحاد و تەرەقی کوردی لێك جیابکاتەوە.
(٢) هیوا ئەمین، ناسیۆنالیستی تورک، لا٢٧؛ سەلام ناوخۆش، احتلال و تقسیم کردستان.

تورکەکانی ئەناتۆڵیا لەخۆبگرێت، بەڵکو تێڕوانینیان بۆ دوورتر دەچوو، بە کورتی هەموو نەتەوە تورکزمانەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە ژێر یەک دروشم یەکبخەن. دوای ئەوەی تورکە لاوەکان جێ پێی خۆیان گرت لە وڵات، ئەنجا نیازی شۆڤێنییان دەرکەوت. لە ساڵی ١٩٠٩ دکتۆر نازم یەکێک لە سەرکردەی ئیتیحادییەکان ئامانجی شۆڕش ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت:

"ئێمە بۆچی شۆڕشمان کرد؟ ئایا بۆئەوەی سوڵتانی عوسمانی لە تەخت لابدەین؟ نا پێم وانییە. من نامەوێ لەسەر ئەو خاکە کەسانێک بژین جگە لە تورک، ئەوەی تر با هەمووی لەناو بچێت (بە هەلاکەت بچێت) جا هەر چ دینێک و هەر چ میللەتێک بن. بۆیە دەبێت ئەو خاکە پاک بکەینەوە لە هەموو توخمێکی بێگانە. دەبێت دروشمی هەموو تورکێك ئاڵای پاکتاوی نەژادی بێت. گرنگیش نادەم بە ئایین، چونکە ئایینی من تۆرانە"[1]. ئەوە قسەی ئەم تورکە نەژادپەرستە بوو.

تورکەکان بە درێژایی سەت ساڵی ڕابردوو کاریان بۆ ئەمە کردووە. بە گرنگی دەزانم باسی مێژوویکی گەواهیدەری خۆم لەو بارەیەوە بکەم.

"لە ساڵی ٢٠١٤ چەند قوتابییەکی ئوزبەکستان هاتن بۆ خوێندن و لە بەشی ناوخۆیی سەر بە زانکۆی وارشۆ گیرسانەوە. دوای دروستبوونی دۆستایەتی و پەیوەندی، ئاشنایەتیم لەگەڵ زمانەکەیان پەیداکرد، تێکەڵەیەک بوو لە وشەگەلی فارسی و عەرەبی و تورکی، بەڵام وەکو فۆنەتیک زێتر مەیلی بۆ سەر زمانی تورکی دەچوو. دەیان وشەی کوردی لە زمانەکەیان بەدی دەکران، لەوانە جگەر، دل، خودا، شێرزاد، دلشاد و سەدانی تر هتد. یەکێکیان ناوی عەبدوڵا[2] بوو، دۆستێکی بە ئەمەک بوو. پەیوەندیمان تاڕادەیەک بەهێزبوو، هەموو بابەتێکی لەگەڵ باس دەکردم. باسی قوتابخانە تورکییەکانی لە وڵاتەکەی خۆی دەکرد، وەک ئەوەی لە کوردستان بە ناوی قوتابخانەی ئیشق هەیە (هەبوو). عەبدوڵا دەیگوت لە قوتابخانە تورکییەکان

(١) فارس عوسمان، الكرد والأرمن. العلاقات التأريخيه، لا ١٣٠-١٣١.

(٢) شایانی باسە ناوی تەواوی کەسەکە بە نهێنی دەهێڵمەوە لەسەر داوای خۆی. لە میانەی ئاخافتنەکانمان پێیم ڕاگەیاندبوو کە ڕۆژێک ئەو قسانە دەنوسمەوە، بۆیە داوای کرد کە ناوی تەواوی نەهێنم.

جگـە لـە گرنگیـدان بـە ماتماتیـک و بابەتـە زانسـتییەکان، کـە ئامانجیـان دروسـتکردنی کەسـانی (ئیلێـت) دەسـتەبژێرە لـە بوارەکانـی ئەندازیـاری و پزیشـکی، هەروەهـا زمانـی تورکـی و پـەروەردەی نەتەوەیـی بوونـی هەیـە، کـە داوای یەکگرتنـی هەمـوو نەتـەوە تورکزمانـەکان دەکات. ڕاشـکاوانە گوتـی، سـەرۆکی وڵاتـی ئوزبەکسـتان لەنـاکاو بڕیـاری ڕاگرتنـی هەمـوو قوتابخانەکانـی دا، چونکـە هەسـت بـە نیازێکـی تێکدەرانـە کـرا لـە نێـوان نەتـەوە جیاوازەکانـی وڵاتـی ئێمـە، گوتـم بـۆ؟ گوتـی لەبـەر ئـەوەی لـە ئوزبەکسـتان زۆر نەتـەوەی جیـاواز بوونیـان هەیـە، لەوانـە کوردێکـی زۆر لای ئێمـە هـەن، تـا ئێسـتا کێشـەی ئیتنـی و ڕەگـەزی نەتەوەیـی لای ئێمـە بوونـی نەبـووە". ئەوەیـان گەواهییەکـی ڕاسـتەوخۆ بـوو کـە مـن لـە دۆسـتێکی ئۆزبەکیـم بەدیکـرد.

***

لـەوەش زێـتر مایـەی سەرسـوڕمان، دکتـۆر بەهائەددیـن شـاکر فیـگان، هاوەڵـی دکتـۆر نـازم و سـەرکردە لـە کۆمیتـەی ئیتیحـاد و تەرەقـی بەوپـەڕی بـێ ڕێـزی و گاڵتـەوە پێغەمبـەران دەکاتـە نموونـەی بـەراورد و دەڵێـت:

"کاتێـک ووتاربێژێکـی زمـان لاڵـی وەکـو موسـا، گەڕۆکێکـی وەکـو عیسـا، هەتیوێکـی وەکـو محەمـەد ، هەڵدەسـتن بـە دامەزراندنـی ئایینـی مـەزن لـە جیهـان، بۆچـی ئێمـەی بیرمەندیـش هەڵنەسـتین بـە بڵاوکردنـەوە و سـەپاندنی بیـری تۆرانـی؟ ئێمـەی تورکانـی شۆڕشـگێر، دەبـێ درێـژە بدەیـن بـە ژیانـی نەوەکانمـان لـە ڕێگـەی خوێـن. بـا ئـەو نەتەوانـەی کـە وەکـو ڕووەکـی ژەهـراوی لـە نێـو ئێمـەدا دەژیـن، لـە ڕەگـەوە بیانبڕیـن و خاکمـان پـاك بکەینـەوە لێیـان. ئەوەیـە ئامانجـی شۆڕشـمان"[1].

دوای سـاڵێک لـە کودەتـای ١٩٠٨ و دروسـتبوونی جەنگـی بەلقـان، ئیتیحادییـەکان نیـازی ڕاسـتەقینەیان دەرکـەوت، دەسـتیان کـرد بـە ڕاوەدوونانـی هەمـوو ئەوانـەی لەگـەڵ ئایدیـای پان-تورکیـزم نیـن. هێرشـی شـۆڤینی تـورکان دەسـتی پێکـرد بـە تایبـەت بـۆ سـەر کـورد و ئەرمـەن، چونکـە هـەر ئـەو دوو گەلـە سـتەملێکراوە لەژێـر

(١) توریگیان شاوارش، القضیه الأرمنیه، لا ٥١ – فارس عوسمان، الکرد والأرمن .... لا ١٣١.

دەسـتی تـورکان مابوونـەوە، یۆنـان (گرێسـیا) و مەقدۆنیـا و گەلانـی تـری بەلقـان زوو سـەربەخۆیی خۆیـان وەرگـرت. هەریـەک لـە جەنـەڕاڵ شـەریف پاشـا و ئەمیـن عالـی بەدرخـان توانیـان خۆیـان لـە هەوڵێکـی تیرۆرکـردن دەربازبکـەن و ئـەو وڵاتـە بەجـێ بهێڵـن. هەریـەک لـە ئەحمـەد ثورەیـا و شـێخ سـەعید نورسـی دەسـگیرکران. شـەریف پاشـا دەگەڕێتـەوە پاریـس لـەوێ پارتێـك دادەمەزرێنێـت بەنـاوی "پارتـی ڕادیکاڵـی عوسـمانی"، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی بـڕوای بـە دەوڵەتێکـی شـێوە فیدڕاڵـی عوسـمانی هەبـوو، بەهیـچ شـێوەیەک نـاوی کـورد لـە بەرنامەکـەی نەهاتبـوو.

ڕووداوەکان هـەر تەنـێ لـە پانتایـی سیاسـی و کولتـوری قەتیـس نەبـوون، لـە گۆڕەپـان و مەیدانـی سەربازیشـدا لـە لایـەن کـوردەوە ڕووبەڕووبوونـەوەی زۆر هەبـوون دژ بـە ستەم و زۆری تورکـە لاوەکان. بـۆ نموونـە ئیبراهیـم پاشـا کـوڕی مەحمـود تیـماوی سـەرۆک هـۆزی مەیـلان بـە حوکمـی دەسـتوری ئیتیحادییـەکان قایـل نەبـوو، هەربۆیـە جووڵانـەوەی دژی تورکـە لاوەکان دەسـت پێکـرد، بـەڵام سـوپا دەسـتی گەیشـتێ و لەنـاوی بـرد. هـەر لـەو ماوەیـەدا هێـرش کرایـە سـەر ناوچـەی بـارزان کـە پێشـووتر باسـمان کـرد بـە درێـژی.

گروپێکـی تـر لـە تێکۆشـەرانی کـورد گردبوونەوەیەکـی سیاسـییان پێکهێنـا، کـە پێکهاتبـوون لـە شـێخ عەبدولقـادر و مـەلا سـلیم بەدلیسـی و شـهاب الدیـن و حاجـی موسـا. سـوپای تـورک لـە پەلامارێکـدا توانیـان مـەلا سـلیم بەدلیسـی بگـرن، بـەڵام شـهاب الدیـن بـە هێزێکـی چەکـدارەوە توانـی ڕزگاری بـکات. مـەلا سـلیم دواتـر لـە نێـوان سـاڵانی ١٩١٠ - ١٩١٣ گـڕی شۆڕشـی فـراوان کـرد و توانـی ناوچەیەکـی زۆر لـە دەسـتی سـوپای تـورکان دەربهێنێـت. بـەڵام دواتـر پەلامـاری تـورکان شـاری بەدلیسـی گرتـەوە، مـەلا سـلیم و هێـزە چەکدارەکـەی پەنایـان بـرد بـۆ کۆنسـوڵخانەی ڕوسـیا. لـە سـاڵی ١٩١٤ کـە جەنگـی جیهانـی هەڵگیرسـا، یەکـەم کاری تورکـە ئیتیحادییـەکان پەلاماردانـی کۆنسـوڵی ڕوسـیا بـوو لـەو شـارە، مـەلا سـلیم دیسـانەوە دەسـگیرکرا، بـەڵام ئەمجـارە ڕاسـتەوخۆ خـۆی و هاوڕێکانـی گوللەبـاران کـران. دوای شـەهیدبوونی مـەلا سـلیم، عبدالـرزاق بەدرخـان باڵوێـزی پێشـووی دەوڵەتـی عوسـمانی لـە پترسـبۆرگی ڕوسـیا، داوا لـە ڕوسـەکان دەکات بـۆ دامەزراندنـی قەوارەیەکـی کـوردی لـە کوردسـتان

هـاوكاری بكـەن. لـە سـاڵانی ١٩١٢-١٩١٣ خـۆی گەیانـدە سـمكۆی شـكاك لـە وورمـێ و لەگـەڵ ڕوسـەكان كۆبـووەوە، گۆڤارێكـی دەركـرد بـۆ بـرەودان بـە هۆشـیاری نەتەوەیـی كـوردی لـە كوردسـتان، كـە هێشـتا دەوڵەتـی نەتەوەیـی شـتێكی نەزانـراو بـوو. بـە هـاوكاری ڕوسـەكان عبدالـرزاق بەدرخـان لـە ناوچـەی چاڵدێـران توانـی یەكەیەكـی خۆبەڕێوەبـەری دروسـت بـكات. ڕۆژنامەكانـی تـورك لـە ئەسـتەمبوڵ بەنـاوی "وقـف صبـاح" و "تصویـری افـكار" هاواریـان لـێ هەسـتا، ئـەو كارەیـان بـە خیانـەت و كوفـر ناوزەندكـرد. ناوزەندكردنـی كارێـك بـە كوفـر بـە ئامانجـی بزواندنـی روحـی كوێرانـەی ئایینـی كـورد و تـورك بـوو، بۆئـەوەی زۆرتریـن پشـتیوان بـۆ ڕەوایەتـی بڕیارەكانیـان كۆبكەنـەوە. لـە ڕاسـتیدا ئیسـلام و توركـە لاوەكان وەكـو ئاسـمان و ڕێسـمان لێـك دووربـوون. لەولاشـەوە هاتنـی بۆلشـێڤییەكان بـۆ دەسـەڵات لـە ڕوسـیا لـە سـاڵی ١٩١٧ خەونـی عبدالـرزاق بەدرخانـی لـە گـڵ نـا. جەنگـی نێـوان ڕوسـیا و توركیـا كۆتایـی هـات، عبدالـرزاق بەدرخـان ناچاربـوو ناوچەكـەی بەجـێ بهێڵێـت، دواتـر لـە باشـووری كوردسـتان بـە پلانێكـی توركـە لاوەكان تیرۆركـرا(١).

[بڕوانـە، كـوردەكان شـەیدای دەوڵەتێكـی ئیسـلامی گشـتی بـوون، كـە دەیانخواسـت تیایـدا لەگـەڵ تـوركان ژیانێكـی برایانـە گوزەربكـەن، بـەڵام نەهامەتـی هـەرە مەزنـی كـوردان نەبوونـی سەرڕاسـتێكی هاوبـەش و سیاسـەتێكی هاوبـەش بـوو. گرفـت ئـەوە نییـە كـە ئـەوان حـەز بـە دەوڵەتێكـی هاوبەشـی ئیسـلامی دەكـەن، گرفتـی دڵسـوتێنەر ئەوەیـە كـە توانـای دروسـتكردنی فیدراسـیۆنێكی یەكگرتوویـان نەبـوو بـۆ ئـەو كارە. ژمارەیەكـی كەمـی ئیتیحادییـەكان (توركـە لاوەكان) توانیـان ژمارەیەكـی ئاوهـا مەزنـی كـوردان ورد و خـاش بكـەن و لـە مێـژوودا بیانسـڕنەوە. ئەوەیـە دەگوترێـت: گروپێكـی ڕێكخـراوی بچـووك توانـای كۆنترۆڵكردنـی گروپێكـی گـەورەی ناڕێكخـراوی هەیـە].

جووڵانـەوەی كـورد لـە ڕووی سیاسـی و سـەربازییەوە لـە جەنگـی جیهانـی یەكەمـدا سسـت ببـوو، بـەڵام دوای كۆتایـی جەنـگ بە گەرمـی دەسـتپێكردەوە. لە ڕووی سیاسـییەوە بنەماڵـەی بەردخانەییـەكان ڕۆڵـی سـەرەكییان گێـڕا. ئـەوان لەنـاو دام و دەزگای حكومـەت و

---

(١) هیوا ئەمین، ناسیۆنالیستی تورك، لا٣٠-٣٢.

سوپای عوسمانی جێپێی خۆیان لەمێژبوو داکوتابوو. لەپاڵ ئەوانیش محەمەد شەریف پاشا ناسراو بە شەریف پاشای خەندان، ڕۆڵی زۆر بەرچاو و لێهاتووانەی گێڕا لە نزیککردنەوەی بیروڕای هاوپەیمانان لەسەر پرسی نەتەوەیی گەلی کورد.

لە مانگی دیسێمبەری ١٩١٤ جەنەڕاڵ شەریف پاشا کۆششێکی زۆری کرد بۆئەوەی لەگەڵ بەریتانییەکان بگاتە لێکتێگەیشتنێک لەسەر داهاتووی کوردستان. تەنانەت ئامادەبوو خزمەتەکانی خۆی پێشکەشی سوپای بەریتانیا بکات بۆ ڕازی کردنیان لەسەر پرسی سەربەخۆیی، بەڵام داواکەی بەهەند وەرنەگیرا. لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا، ناوبراو بێدەنگی هەڵبژارد و چاوەڕێی یەکلاییبوونەوەی دۆخی جەنگاوی دەکرد و تا بزانێت تەرازووی هێز بە چ لایەکدا دەچەمێتەوە. لە مانگی یۆنیۆی ساڵی ١٩١٨ هێشتا ئەنجامەکانی کۆتایی جەنگ دەرنەکەوتبوون، شەریف پاشا پەیوەندی کرد بە سێر پێرسی کۆکس گەورە ئەفسەر و کۆمسیاری باڵای ئینگلیز لە مێزۆپۆتامیا، پێشنیاری کرد کە بەریتانیا سیاسەتێکی دلێرانە و نوێگەرانە بگرێتەبەر لەبارەی کورد. پێشنیاری کرد بەریتانیا گەرەنتی خۆسەرێتی بداتە کوردانی باشوور لەژێر چاودێری و پاراستنی بەریتانییەکان و نوێنەریش دابنێن بۆ کاروباری بەڕێوەبردن و چاودێری سامان. داوایکرد ئەو شتانە ئەنجام بدرێن پێش کۆنگرەی ئاشتی و هانی ئینگلیزەکانی دا کە ئەوە بۆ کورد بکەن وەك چۆن وا خەریکن بۆ عەرەبەکانی دەکەن[1].

---

(١) ودیع جویده، الحرکه القومیه الکردیه، لا ٣٢٠-٣٢١.

**وێنەی (٣)**



جەنەڕاڵ محـمـد شەریف پاشا، ناسراو بە شەریف پاشا

لـە ئۆکتۆبـەری ١٩١٨ شـەریف پاشـا نامەیـەک بـۆ دەسـەڵاتدارانی بەریتانیا دەنوسـێت و ئاگاداریـان دەکاتـەوە لـە تێکچوونـی پەیوەندییەکانـی نێـوان هـەردوو میللەتـی کـورد و ئەرمـەن بـە هـۆی ئاشـوب و ئاژاوەنانـەوەی تـورکان. ئامـاژەی کردبـوو کـە دەبێـت ئاشـتەوایی لـە نێـوان ئـەو دوو میللەتـە وەدی بهێنرێـت. شـەریف پاشـا لـە کۆکردنـەوەی سـەرانی کـورد و ئەرمـەن لـە کۆنگـرەی ئاشـتی پاریـس سـەرکەوتوو بـوو. شـەریف پاشـا لـە لایـەن هەمـوو ئـەو ڕێکخـراو و کۆمەڵانـەی ئەوسـاکە نوێنەرایەتـی کوردییـان دەکـرد، وەکـو نوێنـەری کـورد بـۆ کۆنگـرەی ئاشـتی دیاریکـرا. دۆخەکـە بەهـۆی کۆمەڵکوژیـی ئەرمەنـەکان زۆر دژوار بـوو، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا چەند دەسـکەوتێکیش بـەدی هاتن. شـەریف پاشـا بەوپـەڕی لێزانـی و جوامێـری هاتـە بەرگـری کـردن لـە نەتـەوەی کـورد، بـە ژیربێـژی و لێهاتوویـی خـۆی توانـی ڕوانگـەی ئەرمـەن و وڵاتانـی ڕۆژئـاواش بگـۆڕێـت و ڕاسـتییەکان ڕوون بکاتـەوە. پێشـتر شـەریف پاشـا توانیبـووی لەگـەڵ هەریـەک لـە

نوێنەرانی ئەرمەن "بوگوس نوبار پاشا" و "ئاڤێتیش ئاهارۆنیان" بگاتە ڕێککەوتن[١].

هەوڵەکانی شەریف پاشا لە کۆنگرەی ئاشتی، هەوێنی سەرهەڵدانی پەیماننامەی سیڤەر بوون. لەگەڵ هەبوونی گومانی زۆر و کەڵەکەبوونی کێشەکان، لە لایەکی دیکە دەستوەردانی تورکەکان لە چینی کۆمەڵایەتی کوردەکان بۆ پەرتەوازەکردنیان و خۆڵ کردنە چاویان، بەڵام توانرا لە مانگی ئۆگەست/ئابی ١٩٢٠ لایەنەکان بگەنە ڕێککەوتنێك، ئەویش پەیماننامەی سیڤەر بوو و بناغەی دانانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی لەخۆی هەڵگرتبوو، بەڵام تورکە لاوەکان توانیان ئەو هەوڵەی کورد لەبارببەن و لەجێی ئەو، پەیماننامەی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ واژوو بکەن.

پەیماننامەی سیڤەر لەگەڵ ئەوەی سەربەخۆیی کوردستانی گەرەنتی کردبوو، بەڵام زۆر خاڵی لاوازیشی تێدابوو، لەوانە: چوارچێوەی جیۆگرافی کوردستان ئەوەندە بچووک کرابووەوە، کە بەشێکی زۆری ولایەتەکانی بەش بەش کرابوون و درابووە هەریەک لە ئەرمینیا و ئیتاڵیا و فەڕەنسا و ڕوسیا. ئەوەی دەمایەوە ناوچەیەکی ووشک و بێ خێروبێر کە توانای ئەوەی نەدەبوو لەڕووی ئابوورییەوە خۆی بژیێنێت. هەروەها دەبووایە ماوەی شەش مانگ بۆ ساڵێک چاوەڕێ بکەن کە ئایا کوردەکان حەز دەکەن سەربەخۆییان هەبێت یان نا، ئەو هەڵسەنگاندنەش بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان جێهێڵرابوو.

ڕێکارەکە وابوو دوای یەکلاییبوونەوەی سەربەخۆیی، ئەوساکە داوا لە کوردەکانی مووسڵیش بکرێت کە ئایا حەز دەکەن خۆیان بلکێنن بەو وڵاتەوە یان نا، ئینجا دیسان کۆمەڵەی نەتەوەکان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرد. هەموو ئەو مەرج و کارسەختیانە لەبەردەم دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان واتای ئەوەبوو کە وڵاتانی هاوپەیمان حەزناکەن هیچ بۆ کورد بکەن. کەچی دامەزراندنی عێراقێک تومەز لە بەرژەوەندی بەریتانیا بوو، بێ پرسوڕا، بێ مەرج کردیان بە دەوڵەت. وشەی عێراق پێشتر لەهیچ ئەدەبیاتێکی سیاسی

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٢٢.

بەکارنەهێنراوە، ئینگلیزەکان بەزۆر لە کۆبوونەوە و نووسراوەکان بڵاویان دەکردەوە تاوەکو ببێتە ناوی وڵاتێک کە بەریتانیا سەپاندوویەتی. کەچی ناوی "کوردستان" ماوەی چەند سەدەیەک لە نەخشەکان هەبوو و وەکو نیشتمان و نشینی کوردەکان ئاماژەی بۆکرابوو، بەڵام ئەمڕۆ پارچە پارچەیان کرد و کردیان بە کۆیلەی دەست چەند وڵاتێکی ناڕەسەن[١].

بێجگە لەوەش بەریتانییەکان هەرگیز ڕازی نەدەبوون بەوەی ولایەتی مووسڵ بکەوێتە سنوری وڵاتی کوردستان، لەبەر سامانی نەوت و شوێنگە جیۆستراتیژییەکەی. ئینگیزەکان ووشیاری ئەوەیان هەبوو کەعێراق بە بێ مووسڵ هیچ واتایەکی گرنگی نامێنێت، مووسڵیش بەبێ عێراق ئەو سودەی بۆ بەریتانیا نابێت، کە بتوانێت بە ئاسانی بۆڕی نەفتی لێ ڕابکێشێت بەرەو کەنداوی فارسی و لەوێ کەشتی دەریایی لێ پڕ بکات بۆ وڵاتی بەریتانیا. لە لایەکی تر شتێکی تەواو ئاشکرایە، ئەگەر کوردستان لەو بەشەی باکوور دروست بووایە، ئەوا بێگومان کوردانی باشووریش داوای چوونەپاڵی ئەوانیان دەکرد. جیالەوەش، بەریتانیا نەیدەویست ناوچەی هەژموونی هاوسنور بێت لەگەڵ ڕوسیا[٢].

---

(١) حوسێن مەدەنی، کوردستان لە ستراتیژی دەوڵەتان، ل٢٥١-٢٥٥.

(٢) هەمان سەرچاوە.

# بەشی سێهەم

# جەنگـی یەکەمـی جیهـان - ڕێککەوتنـەکان لەسـەر دابەشـکردنی کوردسـتان

## جەنگی یەکەمی جیهان - گرنگترین ڕووداوەکان

پێکداپژانی بەرژەوەندی هەریەک لە زلهێزەکانی وەکو بەریتانیا و ڕوسیا و ئەڵمانیا لە لایەک و فارسەکان و عوسمانییەکان لەلایەکی تر، لایەنەکانی بۆ مامەڵەی سیاسی فێڵبازانە و قۆستنەوەی دۆخەکە بە چاکەی خۆیان ناچاردەکرد. گومان لەوەدا نییە، لەناو ئەو تێکەڵبوونەی بەرژەوەندی وڵاتان، بەریتانیا خێراتر لە هەموویان جێگەی خۆی لە ناوچەی ستراتیژی نەوت و ڕێگا گرنگەکانی گواستنەوەی بازرگانی قایمکرد و نەیدەویست پرۆشکی جەنگ بکەوێتە ئەوێ. تەقینەوەی جەنگ ڕووداوێکی چاوەڕوانکراو بوو، پەلەکردنی بەریتانییەکان لە دروستکردنی ناوچەی هەژمون و هاوپەیمانێتی بێ هۆ نەبوو. نەخشەی دۆستایەتی و دوژمنداریێتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر ئاڵۆز بوو. بەریتانیا توانی لەگەڵ ڕوسەکان بگاتە جۆرێک لە لێکتێگەیشتن، بەتایبەت دژی دەسەڵاتی عوسمانی و هەروەها لەسەر دابەشکردنی ناوچەی هەژمون و کاریگەریی لە نێوانیان لەسەر وڵاتی فارسیش. بەریتانیا و ڕوسیا هەردوو دژی سیاسەتی فراوانخوازی ئەڵمانیاش بوون، سیاسەتی فەڕەنساش زێتر لەگەڵ سیاسەتی ئیمپیریالیزمی بەریتانیا هاوئاهەنگ بوو. سیاسەتمەداران تاوتوێی ئەوەشیان دەکرد کە ئەوەی ئێستا دۆستە، دوور نییە سبەی ببێت بە دوژمن.

کاتێک لە بەلجیکا و باکووری فەڕەنسا یەکەم تەقەی جەنگی جیهانیی کرا، ئەستەمبوڵ نەیدەزانی چ ڕۆڵێک لەو جەنگە بگێڕێت، بەڵام ئاسایی لە هەموو حاڵەتێکدا دەبووایە ببێتە پشتیوانی ئەڵمانیا، چونکە ماوەیەکی زۆربوو هێزە سەربازییەکانی ئەڵمانی ڕاهێنانیان بە سەربازانی عوسمانی دەکرد، جگە لەوەش بە ئاشکرا دژی دەوڵەمەندبوونی بەریتانیا بوون، کە لە هیندستان سامانێکی زۆر و دواتریش لە وڵاتی فارسەوە تەنکەرەکانی پڕ نەفت دەکرد و لەڕێگەی کەشتی دەریایی بەرەو بەریتانیا بەڕێ دەکەوتن. ئەنوەر پاشا وەزیری جەنگی عوسمانی پەیوەندی دەکات بە هێزەکانی لە بەغدا و ئاگادارییان دەکاتەوە لە جەنگێکی چاوەڕوانکراو لە دژی بەریتانیا و داوا لەپیاوانی ئایینی دەکات جیهاد بکەن و با

خێڵـە عەرەبـەکان دژی ئینگلیـزەکان ڕاپـەڕن. هەرچەنـدە وڵاتـی عوسـمانی سـەرەتا بـێ لایەنـی خـۆی نیشـان دا، بـەڵام ڕێکەوتـی ٢٩ی ئۆکتۆبـەری سـاڵی ١٩١٤ دوو مانـگ دوای دەسـپێکی جەنـگ، پەلامـاری هێـزی دەریایـی ڕوسـیای دا. بەمـەش ئاشـکرا بـوو کـە عوسـمانییەکان هاوپەیمانـی وڵاتانـی چەقـن (دول المحـور)، واتـە هاوپەیمانـی ئەڵمانیـا و ئاوسـتریا (نەمسـا) و هەنگاریـا و بولگاریـا و چەنـد وڵاتێکـی تـر.

ڕێکەوتـی ٥ی سـێپتێمبەری سـاڵی ١٩١٤ بەریتانیـا جـاڕی جەنگـی دژی عوسـمانییەکان دا، هێزێکـی لـە بۆمبـای هیندسـتانەوە بـەرەو کەنـداوی فـارس نـارد بـۆ پاراسـتنی ناوچـە نەفتییەکانـی عەبـادان، هەروەهـا لـە ٢٢ی هەمـان مانـگ شـوێنێکی سـتراتیژی ئێجـگار هەسـتیاری داگیرکـرد، ئەویـش بـەسرا بـوو. لێـرەدا "سـێر پێرسـی کۆکـس" ئـاڵای بەریتانیـا هەڵـدەکات و بەیانێـک بـۆ خەڵکـی ناوچەکـە دەخوێنێتـەوە و دەڵێـت: لێـرەدا ئیـتر هیـچ پاشـماوەیەکی دەسـەڵاتی تورکـەکان نامێنێتـەوە، لێـرەدا لەژێـر ئـاڵای بەریتانیـا ئـازادی و خۆشـگوزەرانی ڕووتـان تێـدەکات. دوای سـەرکەوتنە یـەک لـەدوای یەکـەکان لـە سـاڵی ١٩١٥ شـاری کـوت دەگـرن، وەزیـری بەریتانیـا بـۆ کاروبـاری هیندسـتان داوا لـە سـوپای بەریتانیـا دەکات نەوەسـتن لـە هێرشـەکانیان لـە مێزۆپۆتامیـا و بـڕۆن بـەرەو بەغـدا. لـە خـوارووی بەغـدا هێزەکانـی بەریتانیـا تووشـی بەرگرییەکـی سـەختی هێزەکانـی عوسـمانی دەبنـەوە کـە "ڤـۆن دەر گۆڵتـز" - جەنەڕاڵـی سـەربازیی ئەڵمانـی فەرماندەیـی دەکـرد. ئینگلیـزەکان بـۆ فراوانکردنـی بـەرەی جەنـگ، هانـی شـەریفی مەککـە حوسـێنی کـوڕی عەلی-یـان دا بـۆ ڕاپەڕیـن دژی عوسـمانییەکان، بەڵێنیـان پێـی دا کـە دوای سـەرکەوتن بەسـەر تـورکان، دەسـەڵاتی پاشـایەتی نیمچـە دوورگـەی عەرەبـی پـێ بـدەن و بیکـەن بـە خەلیفـە[1]. پێشـتر شـەریف حوسـێن لەگـەڵ ئەفسـەری بەریتانـی ماکماهـون نامەیـان گۆڕیبـووەوە لەسـەر ڕاپەڕیـن دژی عوسـمانییەکان. لـە سـاڵی ١٩١٦ شـەریف حوسـێن لـەدژی تـورکان لـە حیجـاز ڕاپـەڕی، لەگـەڵ کوڕەکانـی سـەرکردایەتی

(١) شـایانی باسـە بەریتانییـەکان هەرگیـز ئـەو بەڵێنـەی کـە دابوویـان بـە شـەریف حوسـێنی کـوڕی عەلـی، نەبـردە سـەر.

چەنـد بەرەیەکـی جەنگییـان دەکـرد. لـە مانگـی مارسـی ١٩١٧ سـوپای بەریتانیـا بـە هێزێکـی گـەورە کـە لـە ١٦٠ هـەزار سـەرباز پێکهاتبـوو بـەرەو بەغـدا پێشـڕەوی کـرد و توانـی بەغـدا بـە تـەواوی لەژێـر دەسـتی سـوپای عوسـمانی بهێنێتـە دەرەوە. هـەر بـە گوێـرەی ڕێککەوتنـەکان سـوپای ڕوسـیا لـە قۆڵـی باکووری ڕۆژئـاوای وڵاتـی فـارس (ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان) هێرشـی هێنـا بـەرەو کرماشـان، دوای کشـانەوەی هێزەکانـی تـورک بـەرەو شـارۆچکەی کفـری، ڕوسـەکان قـەسر شـیرین و خانەقینیـان گـرت و لـەوێ لەگـەڵ هێزەکانـی بەریتانیـا بەیـەک گەیشـتن.

لـە مایسـی ١٩١٨ هێزەکانـی بەریتانیـا بـەرەو باکـووری مێزۆپۆتامیـا هەڵکشـان و دواتریـش شـاری کفـری و تـوز خورماتـوو و کەرکووکیـان گـرت. ئینگلیـزەکان بـێ کات بەفیـڕۆدان ئەفسـەرە بـە ئەزموونەکانیـان نـاردە ناوچـە کوردییـەکان و پەیوەندییـان لەگـەڵ سـەرۆکخێڵە کوردییـەکان بەسـت. بـە گشـتی بارودۆخـی کوردسـتان لەبـار بـوو بـۆ پێشـوازی کـردن لـە ئینگلیـز، کـوردەکان بـۆ مـاوەی چەندیـن سـەدە ببوونـە قوربانـی و خەڵـوزی ئاگـری عوسـمانی و فارسـەکان، ئارەزوویـان دەکـرد ئیـتر لـەم ژێردەسـتەییە قوتاریـان بێـت. ئینگلیـزەکان نەیاندەوسـیت کات بەفیـڕۆ بـدەن لـە هەرچـی زووتـر دەرکردنـی تورکـەکان لـە ناوچەکـە، خێڵـی هەمەوەنـد و کەسـایەتی و پیـاو ماقولانـی سـلێمانی و دەوروبـەری بـە سـەرکردایەتی شـێخ مەحمـودی بەرزنجـی پێشـوازییان کـرد لـە بەریتانییـەکان، کـە لـە نێوەنـدە ئایینـی و کۆمەڵایەتییەکانـی کوردسـتان ڕێـز و پایـەی زۆری هەبـوو. سـەرۆکخێڵ و پیاوماقولانـی باشـووری کوردسـتان لەسـەر دامەزراندنـی حکومەتێکـی کاتـی بـە سـەرۆکایەتی شـێخی بەرزنجـی و پەسـندکردنی لـە لایـەن بەریتانییـەکان ڕێککەوتـن، هەروەهـا بـۆ بەدەنگەوەهاتنیـان بانگەوازییـان بـۆ هەمـوو هـۆز و خێڵەکانـی کوردسـتان کـرد. هەمـوو ئـەوەش ئاسـانکاری زۆری کـرد بـۆ هێزەکانـی بەریتانیـا بـۆ ڕاماڵینـی سـوپای عوسـمانی لـە ناوچەکانـی باشـووری کوردسـتان لـە ولایەتـی مووسـڵ. ئـەو دۆخـە خۆگـر نەبـوو لەبـەر ئـەوەی کـوردەکان هەسـتیان کـرد کـە داگیرکارانـی نـوێ مەبەسـت و مەرامـی خۆیـان هەیـە، بـە تایبەتـی دوای ئـەوەی نیـازی ئەفسـەرانی بەریتانیـا دەرکـەوت لـەوەی دەیانووسـیت هێـزە کوردییـەکان کۆبکەنـەوە و بـۆ جەنگـی تـر بەکاریـان بهێنـن. کـوردەکان زانیـان

دیسانەوە دەکرێنە ئامرازی جەنگ و لە لایەکی تریشەوە ناکۆکی نێوان هەندێ هۆز و ناتەبایی لەگەڵ شێخ مەحمود، هەر زوو خەونی دروستکردنی قەوارەیەکی خۆگری لەباربرد. ئەوەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ دیسانەوە هاتنەوەی تورکان بۆ ناوچەکە و دروستکردنی ئاژاوە و لێکترازانی کورد. لە کۆتایی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ هێزێکی گەورەی بەریتانیا هێرشێکی دیکەی برد بەرەو ناوچەکانی ولایەتی مووسڵ، کە بووە هۆی شکست پێهێنانی سوپای عوسمانی بە تەواوی[1].

لە سەروبەندی واژووکردنی ڕێککەوتنی ئاگربەست لەگەڵ تورکەکان لە مودرۆس (Mudros) لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨، هێزەکانی بەریتانیا گەیشتنە دەوروبەری مووسڵ، ئەوان ئاگاداری ئەوە بوون کە لەو دەڤەرە سەرچاوەی نەفتی خاو بوونی هەیە. بۆیە بەگوێرەی ماددەی شازدەی ڕێککەوتنەکە کە پشتیوانی لە بەرژەوەندی وڵاتانی هاوپەیمان دەکات، داوا لە هێزەکانی عوسمانی کرا لەماوەی ١٠ ڕۆژ لە هەموو ولایەتی مووسڵ بکشێنەوە. باکووری کوردستانیش کەوتە سەر سنوری داگیرکاری بەریتانیا، بە تایبەت دوای ئەوەی سوپای ڕوسیا لە هەموو ناوچەکان پاشەکشەی کرد بەهۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە سەرۆکایەتی ڤلادیمیر لینین و پاشگەزبوونەوەی ئەو وڵاتە لە هەموو ڕێککەوتنەکانی پێشوو کە لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی بەریتانیا و فەڕەنسا ئەنجامی دابوو.

بەریتانییەکان لە ئەوڕوپاش سەرکەوتنی بەرچاویان بەسەر وڵاتانی ناوەند بەدەستهێنابوو، ترسیان هەبوو کە سەرکەوتنی خێرا بەسەر ئەڵمانیا دەبێتە هۆی ئەوەی بەربەرەکانێی نوێ لە نێوان بەریتانیا و ڕوسیا دروست بێت. هەربۆیە پرسی ئەستەمبۆل و گەرووی بۆسفۆر و داردەنێل لە بەرژەوەندی ڕوسیا یەکلایی کراوە، وەکو بەشێک لە پلانی دابەشکردنی وڵاتی عوسمانی لەنێوان خۆیان. دەریای ڕەش تاکە ڕێگەی ئاویی ڕوسیایە کە بەستەڵەکی تێدا نییە و بەدرێژایی ساڵ دەکرێ ئاڵوگۆڕی بازرگانی لێوە بکرێت، بۆیە وەکو شادەماری ستراتیژی تەماشای دەکرا لە لایەن ڕوسیاوە، بە تایبەتی بۆ گەیاندنی دانەوێڵە لەناوچەکانی باشووری

(١) لازاريف، المسألە الكورديە، لا ٤٣-٤٤.

ڕوسـیاوە بەڕێگـەی دەریـای سـپی ناوەڕاسـت بـۆ هەمـوو جیهـان. بەریتانییـەکان ئەژمـاری ئەوەشـیان کردبـوو کـە فەڕەنسـا دەسـتی بەسـەر ناوچـەی شـام گرتـووە و دەبێـت لەگـەڵ ئەوانیـش ڕێکبکـەون. کاتێـك بڕیـار لەسـەر ئایینـدەی ئەسـتەمبۆل و داردەنێـل و بۆسـفۆر درا، ئەوجـا نـۆرەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت هـات.

دابەشـکردنی ئـەو نێچیـرە گەورەیـە کـە هاوپەیمانـان ڕاویـان کردبـوو، ئەوەنـدە سـاکار نەبـوو. پاشـماوەی دەوڵەتـی عوسـمانی دەیـان ناوچـەی سـتراتیژ و دەوڵەمەنـدی پـڕ نەوتـی تێدابـوو، ڕازی بوونـی هەمـوو لایەنـەکان لەسـەر پشـکەکان ئەرکێکـی زۆر سـەختگیر بـوو. جیـا لـەوەش، ئـەو دابەشـکردنە لەسـەر هەژمـاری گەلانێـک کـە تـا هەنوکـە ژێردەسـتە بـوون، گەلانێـک کـە ببوونـە قوربانـی جەنگـە یـەک لـەدوای یەکـەکان، لـە سـەرویانەوە کـورد، ئینجـا ئەرمـەن و عەرەبیـش. کوردسـتان لـە هەموویـان زێـتر ئـازار و نەهامەتـی چەشـت. سـنوری داگیـرکاری عوسـمانی و فارسـی لـە لایـەک، عوسـمانی و ڕوسـیا، دواتریـش عوسـمانی و ئینگلیـزەکان، هەمـووی لەسـەر گیـان و خوێنـی سـەدان هـەزار کـوردی بەشـمەینەت بـوو.

## ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ

لە کۆتایی ساڵی ١٩١٥ و سەرەتای ١٩١٦ چەند کۆبوونەوەیەک لە نێوان مارک سایکس Mark Sykes نوێنەری متمانەبەخۆ کە لە لایەن وەزیری جەنگی بەریتانیا لۆرد کیچێنەر ڕاسپێردرابوو هەروەها دیپلۆماتکاری لوتبەری فەڕەنسی فڕانسۆ گیۆرگێس پیکۆ Francois Georges Picot ئەنجامدران. ئەم دووانە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان بەتەواوی دابەشکرد، وەک لە نەخشەی ژمارە ٦ پیشانمان داوە، بەم شێوەیە: شام بۆ فەڕەنسا، مێزۆپۆتامیا و فەلەستین و کەناڵی سوێس بۆ بەریتانیا. شاری ئەستەمبوڵ و گەرووەکانی بۆسفۆر و داردەنێل و پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ڕووسیا بێت و ئیتاڵییەکان باشوور و ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیایان بەرکەوێت، هەرچی یۆنانە (گرێسیا) شاری ئیزمیری بۆ بگەڕێتەوە. فەڕەنسییەکان و بەریتانییەکان دڵنیایان دا بە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بۆ حەزی خۆپەرستانە و چاوچنۆکانەی خۆیان ئەو ناوچانە دابەش ناکەن، بەڵکو بۆ ئەوەیانە گەلانی ژێردەست مافی چارەنووسی خۆیان و شوناسیان دیاریبکەن. هەردوولا وایان نیشان دا کە جوامێرانە هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ دۆسیەکە، وەک ڕۆژنامەی لەندەن The Times دەنوسێت: "دەخوازین گەلانی ژێردەستی دەوڵەتی چەوسێنەر و خوێنڕێژی تورک ڕزگاربکەین". بەڵام دوای ئەوەی ئێدوارد هاوس Edward House ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەمریکا بۆ پرسە نێودەوڵەتییەکان بەو هاوپەیمانێتییە نهێنییەی زانی، ڕایگەیاند: "هەموو شتێک خراپە. فەڕەنسییەکان و بەریتانییەکان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەنە سەرچاوەی جەنگەکان لە ئاییندەدا"[1].

(1) Seymour J. The Intimate Papers of Colonel House, Cambridge, MA 1928, V. 3, p. 48.

## نەخشەی ٦. نەخشەی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە نەخشەی دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەرچاوە بیانییەکانەوە.

ئاشکرایە کە تاکە بزوێنەری زلهێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنێ کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکانی دەوڵەمەند بە سەرچاوەکانی نەوت بوو، چارەنووسی گەلانی ژێردەست واتایەکی لاوەکیی هەبوو. بەریتانییەکان بۆ داهاتوویەکی دوور دەیانڕووانی، ئاگاداری خۆڕێکخستنەوەی دوژمنانیان بوون. دەیانزانی کە جەنگێک کۆتایی دێت، بەڵام جەنگێکی تر خۆی لە منداڵدانی دوژمنداریتی کۆن هەڵگرتووە. هەر بۆیە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە بارەگاکەی خۆی دەڵێت "بۆ من گرنگ نییە چۆن، بەڵام دەبێت بەهەر شێوەیەک بێت کۆنترۆڵی تەواومان هەبێت بەسەر بیرە نەوتەکان. ئەوە پرسێکی فونداەمێنتاڵە". وینستۆن چێرچڵی وەزیری جەنگ و دواتر سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ڕادیکاڵانە دەڵێت: "ئەگەر خێڵە عەرەبەکان لە نیمچەدوورگەی عەرەب لەگەڵمان ڕێکنەکەون لەسەر پرسی نەوت، ئەوا ژەهربارانیان بکەن".

ساڵێک پێش تەواوبوونی جەنگ، لە ساڵی ١٩١٧ بارودۆخەکە بەرەو گۆڕان

چـوو، ئـەوەش دوای هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری ڕوسـیا بەسـەرکردایەتی ڤلادیمیـر لێنیـن. دوای شـۆڕش، ڕوسـیای سـۆڤیەتی ڕێککەوتننامـەی لەگـەڵ ئەڵمانیـا بەسـت و هەمـوو ڕێککەوتنـە ژێربەژێرەکانـی لەگـەڵ وڵاتانـی هاوپەیـمان لەبـارەی تورکیـای عوسـمانییەوە هەڵوەشـاندەوە. لێـرەوە گۆڕانـە نوێـکان هاو**کێشـەی** ڕێککەوتنەکانـی پێشـووی لـەق کـرد. دەبێـت ئـەوەش بگوترێـت کـە ڕوسـیای سـیزاری بـە هەمـوو شـێوەیەک پشـتیوانی سـەربەخۆیی گەلانـی ژێردەسـتەبوو، لـە نێویشـیان گەلـی ئەرمـەن و کـورد، بـەڵام بارودۆخـی سیاسـی ئـەم وڵاتـە دوای شـۆڕش بـە تـەواوی گۆڕانـکاری بەسـەر دا هـات، چونکـە گۆشـەنیگای سیاسـی لـە ئیمپیریالیزمـەوە گـۆڕا بـۆ کۆمونیـزم، کـە بـڕوای بەداگیرکردنـی وڵاتـان نەبـوو و دژی بەرژەوەنـدی و ویسـتی وڵاتانـی ئیمپیریالیزمـی وەکـو بەریتانیـا و فەڕەنسـا وەسـتایەوە. لەبـەر ئـەوە پشـتیوانی بـۆ تورکـەکان نیشـان دا و چـەک و جبەخانـەی بـۆ نـاردن. جگـە لـەوەش ڕوسـیا دوای شـۆڕش لـەڕووی ئابوریـیـەوە پەکـی کەوتبـوو، تـەواوی سیسـتەمی ئـەو وڵاتـە فراوانـە لەژێـر چاککـردن و دووبـارە دامەزراندنـەوە دابـوو. بەشـێوەیەکی گشـتی گۆڕانەکانـی ڕوسـیا لـە پاشـایەتی سـیزارییەوە بـۆ سیسـتەمی کۆمونیـزم سـوودێکی زۆری بـە تورکـەکان گەیانـد و چارەنووسـی گەلـی کوردیشـی خسـتە بـەر وێـزەی جینۆسـاید.

## چۆن ولایەتی مووسڵ کەوتە دەست بەریتانیا؟

هێشتا چیرۆکی سایکس-پیکۆ تەواو نەبووە. چەند ساڵێک زووتر حکومەتی لەندەن بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی تایبەت بە ناوچە نەوتییەکان شاندێکی بە یاوەری ئەدمیراڵ سلەید Slade نارد، کە دواتر بووە یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای نەفتی ئەنگلۆ-فارس. لە ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی ئەدمیراڵ هاتبوو:

”بەهیچ شێوەیەك نابێت ڕێگەی ئەوە بدەین هیچ بیرە نەفتێک لەدەست ئێمە دەربهێنن، مەبەستمان هەموو دەڤەرەکەیە. ئاماژەمان لە دەستە کە بڕێکی یەکجار زۆری نەفت لە ناوچەکانی: مێزۆپۆتامیا، کوێت، بەحرەین و عەرەبستان هەیە. بەوپەڕی ڕژدیەوە دەبێت بەریتانیا زۆرترین ئەو خاکانە بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە کە بۆنی هەبوونی نەوتی لێ دێت، نابێت هیچ وڵاتێکی تری زلهێز دەستی بیانگاتێ“[1].

ئەوە بوو لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨، چەند هەفتەیەک پێش تەواوبوونی جەنگ، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ”داڤید لیۆلد جۆرج“ باوەڕی بە هاوتا فەڕەنسییەکەی ”ژۆرج کلێمینسو“ هێنا تاوەکو ڕازی بێت بە ئەنجامدانی هەندێک ڕاستکردنەوە لە پەیماننامەکە سەبارەت بە مووسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری. سەرۆکوەزیرانی فەڕەنسی لە ترسی ئەوەی بەریتانیا ڕێگری لێ نەکات لە ناوچەکانی هەژموونی لە شام، بە داواکارییەکە ڕازی بوو.

لەکاتی سەردانی سەرۆکوەزیرانی فەڕەنسا بۆ لەندەن ئەم وتووێژە لە نێوان هەردوولا بەڕێوەچوو[2]:

ژۆرج کلێمینسو: چیت دەوێ؟

داڤید لیۆڵد جۆرج: مووسڵ.

---

(1) Slade, The Political Position in the Persian Gulf at the End of the War, 4 November 1916, CAB 16/36.

(2) Hankey Papers, Churchill Archives Centre, Cambridge 2018; Fitzgerald E.P., France's Middle Eastern Ambitions, The Sykes-Picot Negotiations and The Oil Fields of Mosul, 1915-1918, "Jornal od Modern History" 66.4 (1994), p. 6940725.

ژۆرج کلێمینسو: باشە بۆ ئێوەیە. چیدیکە ماوە؟

داڤید لیۆڵد جۆرج: بەڵێ، ئۆرشەلیم-یش.

ژۆرج کلێمینسو: ئەویش بۆ ئێوە.

بەم شێوە سادەیە تەواوی ولایەتی مووسڵ بوو بە پرۆتێکتۆراتی بەریتانیا. فەڕەنسا دەستبەرداری ولایەتی مووسڵ بوو بێ ئەوەی خۆی هیچی دەست بکەوێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ترسی فەڕەنسا لەوەی نەوەکو بەریتانیا لە بواری دیکە دژایەتیی بکات. هەربۆیە مێژوونوسان پێیان وایە، کە بەرپرسیارێتی تەواوی کێشەی کورد لەم ساتەدا ئیتر لە ئەستۆی بەریتانییەکانە، چونکە دوای ئەو دانوستانە، چیتر بەولاوە فەڕەنسا پەیوەندی بە ولایەتی مووسڵ نەما و دەسەڵاتی کرداری کەوتە دەست ئینگلیزەکان. ولایەتی مووسڵ کە دەکەوێتە بەشی باکووری مێزۆپۆتامیا، گرنگیی ستراتیژی سەربازیی هەبوو، لە لایەکی تریش ئەگەری هەبوونی سەرچاوەی نەوتی لێ بەدیدەکرا. هەرچی ناوچەکانی فەڵەستینە، ئەوا لەساڵی ١٨٨٨ ەوە بەریتانیا کۆنترۆڵی کردبوو، لەڕووی جیۆگرافییەوە نزیک بوو لە کەناڵی سوێس کە شادەماری بازرگانی بوو بۆ بەریتانییەکان. کاتێک سوپای بەریتانیا مارشی بەرەو بەغدا ئەنجام دەدا، لقێکی سوپا بەرەو فەڵەستین کەوتەڕێ بۆ کردنەوەی ڕێگەیەکی بازرگانی نوێ کە ناوچە نەوتییەکان لەڕێگەی کەناراوەکانی فەڵەستین بگەیەنێت بە دەریای سپی ناوەڕاست. بۆڕی نەفت بۆ فەڵەستین هەزاران کیلۆمەتری ڕێگای کەم دەکردەوە. ئەگەر نەفتی مێزۆپۆتامیا بە بەندەری حەیفا لە ڕێگەی بۆڕییەوە ببەسترایەوە ئەوا پێویستی بەوە نەدەکرد ڕێگای کەنداوی فارس بەرەو دەریای عەرەب و دواییش دەریای سور بەرەو کەناڵی سوێس بەکاربهێنرێت.

هۆکارێکی تریش هەبوو بۆ بەریتانییەکان تاوەکو گرنگی بدەن بە فەڵەستین، ئەویش کۆچی بەکۆمەڵی جووەکان بوو بۆ بەریتانیا، بە تایبەت کاتێ شاڵاوی کۆچ کردن لە ڕوسیاوە لە ساڵانی ١٨٨٠ - ١٩٢٠ بۆ پێنج ئەوەندە بەزر بووەوە. لە ساڵی ١٩١٧ ڕۆژنامەی لەندەنی The Times ناوەڕۆکی نامەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ئارپەر بەلفۆر ئاشکرا دەکات کە ئاڕاستەی لۆرد ڕۆتشیلدی کردووە و تیایدا هاتووە:

”حکومەتـی شـاهانەی بەریتانیـا لاری نییـە لـە دامەزراندنـی بارەگایەکـی نەتەوەیـی بـۆ جـووەکان لـە فەڵەسـتین“. ئـەوە بـوو بەڵێنـی ئارثـەر بەلفـۆر[1].

پێویسـتە لەمـاوەی پێـش و دوای جەنگـی جیهانـی یەکەمیـش ئاماژەیەکـی تایبـەت بدرێـت بـە ڕووداوەکانـی کوردسـتان و باشـووری مێزۆپۆتامیـا، چونکـە لـە هەنـاوی ئـەو ناوچەیـەدا وڵاتێکـی تـازە دروسـت دەکرێـت کـە پێـی دەگوترێـت عێـراق. ئـەو وڵاتـەی کـە پڕۆفیسـۆر فڕانکۆپـان لـە پەرتوکەکەیـدا نـاوی دەنێـت ”بوکەڵـەی بەرژەوەنـدی بەریتانیـا“.

(1) Lord Balfour, House of Lords, 21 June 1922, “Hansard”, 50, p. 1016-1017.

## ڕووداوەکانی باشووری مێزۆپۆتامیا (باشووری عێراقی ئێستا)

دوای دابەزینی سوپای بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٤ و پێشڕەوی کردنیان بۆ سەرەوە و بانگەوازی جیهادی سوڵتانی عوسمانی، خێڵە عەرەبەکانیش دەستیان بە جووڵانەوەی چەکداری دژی بەریتانییەکان کرد. بۆ ئەمە شیعەکانیش پێویستییان بەوە بوو فتوایەکی ئایینی پاڵپشتیان بێت. مەرجەعی ئەوکات لە نەجەف بە ناوی سید محەمەد کازم ئەلیەزدي فتوای جیهادی دەرکرد. پێکدادان لەنێوان خێڵە عەرەبەکان و سوپای کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز ڕوویدا، کە بە شکستی خێڵەکان کۆتایی هات. دەسترۆیشتوویی ئینگلیز وایکرد مەرجەعی نەجەف ئامۆژگاری خەڵک بکات کە وازبێنن و چیتر جەنگی دۆڕاو نەکەن. خێڵە عەرەبەکانی باشووری مێزۆپۆتامیا کۆمەڵێکی نارێکخراو و بێ ئەزموون بوون، بە پێچەوانەوە سەرکردە کوردەکان کە بە چەندین پلە لەوان تێگەیشتووتر بوون لە پرسی وڵات و دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوە. ڕاستی ئەوە لە هەوڵەکان و شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید دەردەکەوێت لە ساڵانی ١٩١٧ و ١٩١٩. شێخ مەحمودی بەرزنجی دونیادیدە بوو، ئەستەمبۆڵ و تاران و قاهیرەی دیتبوو. کوردەکان بە ژمارەیەکی زۆرەوە لە تەختی سوڵتانی عوسمانی و وەزارەتەکان و سوپای عوسمانیدا کاریان کردبوو، ئەوەندە پیاوی زیرەک و لێزانیان تێدابوو، نیو ئەوەندە لە نێو عەرەبدا بوونی نەبوو. عەرەبەکانی باشووری مێزۆپۆتامیا لەماوەی شەش ساڵ، واتە لە دوای شکستیان لە ساڵی ١٩١٤ تاکو ساڵی ١٩٢٠ لە پێناوی ئازادی یاخود کیانی سیاسی هیچ خەباتێک یان کردەیەکی هاوشێوەیان ئەنجام نەدا.

بەڵام پێویستە لە پەنجەرەی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە سەیرێکی دۆخی ناوچەکە بکەین. کۆلۆنیالیزمی بەریتانی سیستەمی ئابووری ئەوسای بە سیستەمێکی تا ڕاددەیەکی زۆر جیاوازتر لەوەی سەردەمی عوسمانی جێگۆڕکێ کرد. گرنگترینیان ئەمانە بوون: دامەزراندنی سیستەمی دارایی کە بریتی بوو لە هێنانی پارەی ڕوپیەی هیندستانی، هەروەها زەفتکردنی زەوی کشتوکاڵی بۆ بەرژەوەندی شێخی هۆز و خێڵەکان. لەڕووی کارگێڕییەوە سیستەمی دادوەری خێڵەکی لەگەڵ دەزگای

پۆلیس لەسەر هەمان پەیڕەوی دەسەڵاتدارێتی هیندستان پێکهێنا. جگە لەوانەش بەکارخستنی هێڵی ئاسنین و بەندەری بەسرا، لەوەشەوە بەگەڕخستنی بازرگانی نێودەوڵەتی، ئەوانە گۆڕانی بنچینەیی بوون، بە تایبەت بۆ کۆمەڵگەیەک کە ئەو گۆڕانانە تازە بوون بۆی. عوسمانییەکان باجی سەرەتاییان لە گەنم و جۆ و ئاژەڵ وەردەگرت، بەڵام بەریتانییەکان ویستیان سیستەمێکی هاوشێوەی ڕۆژئاوا دابنێن، کە زێتر گرنگی بە ژیانی شار و کەم کردنەوەی بەرهەمی دێهات بدات. لە لایەک نرخەکان بەرەو بەرزبوونەوە چوون، بە تایبەت گەنم و جۆ و برنج و شەکر،لە لایەکی تریش باج لەسەر جوتیاران زۆرتر دەبوو. ئەوانە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ڕاپەڕینی خەڵک دژی سیاسەتی بەریتانیا. لە لایەکی تریش، بەریتانییەکان کۆنترۆڵی بازرگانی دەرەکییان کردبوو، ئەوەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر بەرژوەندی چینی بۆرجوازی کە سەرچاوەی داهاتی بەشێکی زۆریان لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو. ڕێژەی هاوردەکردنی کاڵا بۆ ناوچەکانی مێزۆپۆتامیا لەسەردەمی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانیا بۆ نزیکەی ٦٠٪ بەرزبووەوە، ئەوەش واتە شێواندن و کەمکردنەوەی بەرهەمی خۆماڵی بە هەموو جۆرەکانییەوە.

شایانی باسە، لە باشووری مێزۆپۆتامیا چینی خوێندەوار و تێگەیشتوو تەنها لە مەرجەع و پیاوانی ئایینی و شێخی هۆزەکان خۆی دەدیتەوە، لە کاتێکدا لە کوردستان چینێکی ڕۆشنبیر و دونیادیدە دەمێک بوو سەریان هەڵدابوو، هەر بۆ نموونە بنەماڵەی بەدرخانییەکان، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە خەریکی کاری ڕۆژنامەگەری و هۆشیارکردنەوە بوون لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان. بەڵام شایانی ئاماژەشە لەماوەی ساڵانی ١٩١٤-١٩٢٠ لەنێو عەرەبەکان بیری نەتەوەیی و دروستکردنی وڵات سەری هەڵدا، بەگشتی عەرەب لەو سەردەمەدا لە زەریای ئەتڵەسییەوە تا کەنداوی فارس بەرەو دەوڵەتی نەتەوەیی هەنگاویان دەنا، عەرەبەکانی مێزۆپۆتامیاش بەدەر نەبوون لەو کاریگەرییە. سەرەنجام ڕاپەڕینی سەرتاسەری ڕوویدا کە ناوی نرا شۆڕشی بیست (ثوره العشرین)، ڕاپەڕیوانیش لە چینی جوتیار و بێکار و بۆرجوازی و شێخ و سەرۆکهۆزەکان پێکهاتبوون. محەمەد ئەلتەقي ئەلشیرازی- مەرجەعی شیعەکانیش فتوای دا بۆ جیهاد. دەکرێ بڵێین

پاڵنــەری ســەرەکی هۆزەکانــی باشــووری مێزۆپۆتامیا هــۆکاری برســێتی (ئابــووری) بــوو نــەک سیاســی. لــە کاتێکــدا پاڵنــەری شــێخ مەحمــود و بنەماڵــەی بەدرخانییــەکان و شــێخانی نەهــری و ســمکۆی شــکاک پرســی نەتەوەیــی بێگــەرد بــوو.

بەریتانییــەکان بەتونــدی توانییــان ســەرکوتی ڕاپەڕینەکــەی عەرەبــان بکــەن و هــەزاران کەسیشــیان لــێ بکــوژن. هێزەکانــی بەریتانیــا بــە فەرماندەیــی جەنــەڕاڵ هاڵدەیــن Haldane ژمارەیــان شەســت هــەزار و دووســەد ســەرباز بــوو، کــە ٧٢٠٠ ئینگلیــز و ٥٣٠٠٠ هینــدی بــوون، هەروەهــا چەکداربــوون بــە زرێپــۆش و فڕۆکــەی هێــزی ئاســمانی شــاهانە RAF. هەرچــی ڕاپەڕیوانــی مێزۆپۆتامیایــە، ژمارەیــان ســەروی ١٣١ هــەزار کــەس بــوو وەك جەنــەڕاڵ هاڵدەیــن ئامــاژەی پێــدەدا. حکومەتــی بەریتانیــا فەرمانــی دەرکردبــوو کــە دەبێــت ڕاپەڕینەکــە بەتونــدی ســەرکوت بکرێــت، بەهیــچ شــێوەیەک دەســتبەرداری ناوچــەی نەفــت نابیــن. لــە بروســکەیەک بــۆ هێزەکانــی ئینگلیــز وینســتۆن چێرچــڵ، کــە ئــەوکات وەزیــری جەنــگ بــوو، هاتبــوو: "بــە دەرفەتــم زانــی پیرۆزبایــی گەرمتــان لــێ بکــەم بــە بۆنــەی ئــەو ســەرکەوتنەی تۆمارتــان کــردووە. پێتــان ڕادەگەیەنــم کــە کابینــەی حکومــەت دامرکاندنــەوەی ڕاپەڕیــن بــە پێویســت دەزانێــت. منیــش هەمــوو شــتێک دەکــەم بــۆ دابینکردنــی هەمــوو پێداویســتییەکی ئێــوە. ســوپا و فڕۆکــە کــە داواتــان کردبــوو، وا لــە ڕێگــەن بــۆ هاوکاریتــان، وەزارەتــی ئێمــە بەهەمــوو توانایــەوە لەگەڵتاندایــە". هــەر بەگوێــرەی جەنــەڕاڵ هاڵدەیــن، ژمــارەی قوربانیانــی ڕاپەڕینەکــە هەشــت هــەزار و چوارســەد و پەنجــا کــەس بــوو، لەگــەڵ ســوتاندن و تێکدانــی دەیــان گونــد[1].

(1) Hassan Ali Jamsheer, Współczesna historia Iraku, Dialog, Warszawa 2007. P.49-57.

## پەیوەندی نێوان کورد و بەریتانییەکان - لە نێوان ڕاستگۆیی و تاکتیکدا

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، کوردەکان بە گشتی پێشوازییان لە داگیرکاری نوێ کرد ، خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بۆ کۆتاییهێنان بە داپڵۆسینی تورکانی عوسمانی. هەروەک لە بەهاری ١٩١٨ شێخ مەحمود بەرزنجی لە نووسراوێکدا دەڵێت: گەلی کورد دەخوازێت لە نێو هەردوو لای سنوری عوسمانی و فارسی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئینگلیزەکانەوە، یاخود لە ڕێگەی نوێنەرەکانیان و لەژێر سایەی ئاڵای بەرزی بەریتانیا دەسەڵاتێک چێبکات. هەروەها دەنوسێت: گەلی کورد سەرسامە بە چەکە پێشکەوتووەکانی بەریتانیا و داوا لە ئینگلیز دەکات کە بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بە گەڕانەوەی تورکەکان نەدەن بۆ ئەو ناوچانە[1]. سەرەڕای ئەوەی کورد و سەرکردایەتییەکەی بە گومانی زۆرەوە لە ئینگلیزەکانیان دەڕوانی، دەرکردنی لێدوانی لەو جۆرەش تەنها بۆ هاندانی ئینگلیزەکان بوو دژی تورک.

پەیوەندییەکان بەرەو هەڵدێر چوون کاتێک ئینگلیزەکان توشی قورسایی بوونەوە لە بەرەکانی جەنگ و پێویستیان بە هاریکاری کورد بوو، بەڵام کوردەکان بە دەمیانەوە نەچوون. کورد لە سروشتیەوە ئازادیخوازە، نایەوێت کەس دەسەڵاتی بەسەردا بسەپێنێت، نەیاندەویست بنەوە داردەستی داگیرکارێکی دیکە کە لە ڕێگایەکی دورەوە شەپۆلی هێناوە. سەرەڕای ئەوە هەندێک سەرکردەی کورد لە ناوەخۆی کوردستان و لە دەرەوە ئامادەبوون بۆ دانوستان و ڕێککەوتن، لەوانە شەریف پاشا و سەید تەهای شەمدینی[2]. کێشەی شەریف پاشا ئەوەبوو لە ناوخۆی کوردستان ناسراو نەبوو، ئەو باڵوێزی پێشووی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە سوێد، کەسێکی دونیادیدە بوو، بیرکردنەوەی تەواو جیاواز بوو لە هۆز و خێڵە کوردەکان، کە لە دەسەڵاتی عوسمانی زێتر چیتریان نەدیبوو. هەرچی سەید تەهای شەمدینی بوو، لەگەڵ سەرۆکهۆزەکان و کەسایەتییەکانی تری کورد لە کێشە دابوو، لەناو گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی سەنگێکی گەورەی نەبوو.

---

(1) Arnold Wilson, Mesopotamia, 1917.1920: A Clash of Loyalties. A Personal and Historical Record, London 1931.

(٢) سەید تەهای شەمدینی، یان سەید تەهای نەهری، کوڕەزای شێخ عبیدللەی نەهری بوو.

گرنگترین دوو کاربەدەستی سیاسی بەریتانیا کە لەگەڵ کورد لە پەیوەندی دابوون بریتی بوون لە هەریەک لە سەرهەنگ (کۆلۆنێل) ئارنۆڵد ویڵسۆن کە سەرەتای پەیوەندییەکانی لەگەڵ شێخ مەحمود و یاوەرانی دەستپێکرد، دوای ئەویش سێر پێرسی کۆکس ئەفسەری باڵا و دواتریش کۆمسیاری باڵای بەریتانیا لە بەغدا. جگە لەوانیش چەندین ئەفسەری دیکە کە ئەرکی سەرکوتکردن و هێرشی سەربازییان لە ئەستۆ بوو، لە نێویشیان مێجەر نۆئێل کە زێتر ڕۆڵی دانوستانکاری دەگێڕا و وەکو شاند سەردانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی کردبوو، هەروەها هاوسۆز بوو بۆ داخوازییەکانی کورد بۆ پرسی سەربەخۆیی.

بەریتانییەکان ڕازی بوون بەوەی کوردستان لە لایەن خودی کوردەکان ببرێت بەڕێوە، سەرکردە کوردەکان بکرێنە کاربەدەستی شار و دێهاتەکان لەژێر چاودێری و دەسەڵاتی بەریتانیا، ئاغا و سەرۆکهۆز و خێڵەکان بکرێنە حوکمداری دەڤەرەکانیان، هەروەک ئەو نموونەیە لە بەڕێوەبردن لە وڵاتی هیندستان نموونەیەکی سەرکەوتوو بوو. بەشێوەیەکی سەرەتایی کوردەکان بەوە ڕازی بوون، بەڵام لەوەش زێتریان دەویست، شێخ مەحمود یاداشتێکی پێشکەشی ئارنۆڵ ویڵسۆن کرد کە واژووی ٤٠ کەسایەتی و سەرۆکهۆزی تێدابوو، ڕازی بوون بەوەی شێخ مەحمود ببێتە حوکمداری کوردستان و لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیا، ناوچەکانی ولایەتی مووسڵ لە ڕووباری سیروانەوە تا دەگاتە زێ گەورە بکەوێنە ناو سنوری قەڵەمڕەوی ئەو دەسەڵاتە. مێجەر نۆئێل وەکو ئەفسەری سیاسی بەریتانیا لە سلێمانی دامەزرا، لە ڕێکەوتی ١ی نۆڤێمبەری ساڵی ١٩١٨ بڕیاری دەرکرد بە دەستنیشانکردنی شێخ مەحمود وەکو (نوێنەری ئێمە لە سلێمانی)، واتە نوێنەری بەریتانیا، هەروەها هەمان کاری هاوشێوە لە کەرکووک و چەمچەماڵ و هەڵەبجە کرد، فەرمانبەری تورک و عەرەب لابران و لەجێی ئەوان فەرمانبەری کورد دامەزرێنران. مێجەر نۆئێل پێی ڕاگەیاندن کە بێگانەکان کارگێڕی لەسەر ئێوە ناکەن و دەسەڵاتێکی کۆنفیدڕالیتان بۆ دەستەبەر دەکەن، سیستەمی باج دەسکاری دەکەین و بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیتان باش دەکەین. ئەو ڕووداوانە دەنگی دایەوە نەك هەر لە ناو خێڵەکانی باشووری کوردستان، بەڵکو پەلی هاویشت بۆ ناو خێڵە کوردەکانی سنوری فارس و باکووری کوردستان.

لـە دیسـێمبەری سـاڵی ١٩١٨ ئارنۆڵـد ویڵسـۆن بـە سـەردانێک گەیشـتە سـلێمانی و لـە میانـەی کۆبوونەوەیەکـی فراوانـی لەگـەڵ ٦٠ کەسـایەتی و سـەرکردەی کـورد لـە هەمووشـیان دیارتـر شـێخ مەحمـود ئەنجامـدا، گفتوگۆیەکـی دوورودرێژیـان پێکـەوە ئەنجامـدا. کـوردەکان لەسـەر یـەک شـت کۆکبـوون ئەویـش نەگەڕانـەوەی تـورک بـۆ ناوچەکـە و هەروەهـا ڕازی نەبـوون بـەوەی بکەونـە ژێـر ڕکێفـی دەسـەڵاتی عەرەبـی کـە بەریتانییـەکان خەریـك بـوون پلانیـان بـۆ دادەنـا.

گەرچـی هەتـا ئێسـتا ڕووداوەکان بـۆ بەرژەوەنـدی کـورد دەچـوو بەرێـوە، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا هەنـدێ لـە خێڵـە کـوردەکان دژی ئـەوە بـوون بەریتانییـەکان ببنـە چاودێـر و پارێـزەر بەسـەریانەوە، هەندێکـی تـر لـە سـەرخێڵەکان ناکـۆک بـوون لەگـەڵ شـێخ مەحمـود و دەیانویسـت ڕاستەوخۆ لـە لایـەن بەریتانیـاوە دەسـەڵاتیان پـێ بدرێـت. حـەزی سـەرۆکهۆزەکان و شـێخەکان بـۆ دەسـەڵات و فرەیـی براگەورەیـی هۆکارێکـی کەمەرشـکێن بـوو. لـە لایەکـی تـر، ئینگلیـزەکان تێبینـی ئەوەیـان کـرد کـە گیانـی نەتـەوە پـەروەری وردە وردە لـە نـاو کـوردەکان گەشـە دەکات، ئـەوەش ئەگـەری پەلهاویشـتنی پریشـکی بیـری نەتەوەگەرایـی بـۆ ناوچەکانـی تـری کوردسـتان لـە بەشـی ڕۆژهـەڵات (ئیمپراتـۆری فـارس) و بەشـی باکـووری کوردسـتان زۆردەکات. ئەفسـەرە سیاسـییەکان لێکدانـەوەی جیاوازییـان هەبـوو بـۆ پرسـەکە، تەمومـژاوی ئاییندەی ناوچەکـە مەترسـی و دڵەڕاوکێـی لا دروسـت کردبـوون.

ئامانجـی بەریتانییـەکان لـەو کردارانـە ئـەوە بـوو ناوچەکـە بـۆ مەبەسـتی قۆسـتنەوەی سـەرچاوە سروشـتییەکان بـە تـەواوی داگیربکـەن، کوردسـتان بکەنـە بنکەیەکـی سـەربازی بـۆ سیاسـەتی فراوانخـوازی بـەرەو باکـوور و ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا لـە داهاتـوودا، هەروەها دروسـتکردنی بزووتنەوەیەکـی کـوردی لـە باکـوور لـە بەرانبـەر بزووتنەوەیەکـی عەرەبـی لـە باشـووری مێزۆپۆتامیـا. شـێخ مەحمودیـش کـە ڕازی بـوو بـەوەی کوردسـتان بەڕێـوە ببـات لەژێـر چاودێـری و پاراسـتنی بەریتانییـەکان (بـە شـێوەی پڕۆتێکتـۆرات) ئامانجـی دوورتـر دەڕوانـی، ئـەو مەبەسـتی دروسـتکردنی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ بـوو لـە ئاییندەدا. کوردسـتانێک کـە جگـە لـە ولایەتـی مووسـڵ، بەشـەکانی ڕۆژهـەڵات لـە ئێران

و باکووری کوردستانیش بگرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە شێخ مەحمود بۆ جارێکی تریش هەمان داوای خستە بەردەم کاربەدەستانی بەریتانیا لە ناوچەکە. بەڵام وادیار بوو کە ڕوانگەی بەرژەوەندی بەریتانیا لە لەندەن لەگەڵ ئەوە یەکی نەدەگرتەوە. ئەوان تەواوی ئێرانیان لەژێر چەپۆکدابوو، نەیاندەویست پرسی کوردەکانی ئێران بوروژێنن و شای فارس زویر بکەن. لە لایەکی تر پرسی یەکلاکردنەوەی ولایەتی مووسڵ ئاڵۆزابوو، هێشتا فەڕەنسا نیگەران بوو لەوەی هیچی دەستنەکەوتووە، کێشەی تورکە لاوەکانیش بە والایی مابووەوە. کێشەی ئاشوورییەکانی مووسڵ و ئەرمەنەکانی باکووری کوردستان بە تایبەت هەوڵی دروستکردنی وڵاتی گەورەی ئەرمینیا هاوسەنگیی سیاسیی لەق کردبوو[١]. هەر بۆیە لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨ دژبەرێتی پەیدابوو لە نێوان خواستی کورد بە سەرکردایەتی شێخ مەحمود و جیهانبینی بەریتانییەکان لەسەر چۆنییەتی دەرەدان و دەسەڵات لە ناوچەکانی کوردستان.

لەو ماوەیەدا بۆچوونی جیاواز و پێشنیاری جۆراوجۆر لە لایەن ئەفسەرانی سیاسی و سەربازی بەریتانی دەگەیەنرانە لەندەن سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کوردستان. لە هەموویان پڕبایەختر پێشنیاری مێجەر نۆئێلە، کە پێی وایە دەوڵەتی کوردستان دەبێتە بەربەستێکی باش و کاریگەر لە نێوان مێزۆپۆتامیا و قەفقاس. بە بۆچوونی ئەو، گرەو کردن لەسەر کورد بۆ بەریتانیا باشترە. نۆئێل پشتیوانی ئەوە بوو کە یەکێتی کۆنفیدراڵی کوردستان دابمەزرێت لەژێر چاودێری بەریتانیا، بەڵام دەبێت تەواوی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەدەست خودی کوردەکان بێت و ڕێگە نەدرێت تورکەکان پشکداربن، هەروەها هەموو ڕێنمایی و فەرمانەکان بە زمانی کوردی بن، کوردەکان خۆیان سیستەمی باج بەڕێوەببەن، بەڵام پێویستە بەگوێرەی پێداویستیەکانی سەردەم لەژێر چاودێری بەریتانیا ئەوە بکرێت[٢].

بەریتانیا خۆی لەم خواستەی کورد دەدزیەوە. بەمەش یەکەم ڕاپەڕینی کورد لە بەهاری ١٩١٩ دەستی پێکرد، سەرەتا گرژییەکان لە زاخۆ سەریان هەڵدا،

(١) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٦٠-٦٥.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٧٤.

دوای ئەویش شێخ ئەحمەدی بارزان دژی بەریتانییەکان ڕاپەڕی. بەڵام لە سلێمانی ڕەوشەکە تەقییەوە. شێخ مەحمود بڕیاری دا تاکلایەنە سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت و بەریتانییەکان چەک بکات و دەریان بکات. ئاڵای کوردستانی هەڵکرد، حکومەتی بە سەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادری برا بچووکی پێکهێنا، کەسێکی کریستیانی بەناوی عەبدولکەریم عەلەکە (کەریمی عەلەکە) کردە وەزیری دارایی، حاجی مستەفا پاشا وەزیری فێرکردن، ساڵح زەکی بەگ فەرماندەی سوپا. جگە لەوەش ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"ی دەرکرد، پارە و پولی پۆستەی چاپکرد[1].

شێخ مەحمود خۆی وەکو شێخێکی ناوچەیی (لۆکاڵی) نەدەبینی، بەڵکو وەکو پادشای هەموو دەوڵەتی کوردستان کە سلێمانی ناووکی ئەو دەوڵەتە بوو. دەستبەجێ پەیوەندی کرد بە هەریەک لە سەید تەهای شەمدینی (کوڕەزای شێخ عبیدللەی نەهری ناودار) و سمکۆی شکاک سەرکردەی کورد لە ڕۆژهەڵات. شایانی باسە پەیوەندی نێوان ئەو سەرکردانە لەگەڵ یەک ئاڵۆزبوو[2]، هەر یەکەیان بیروڕای جیاوازی هەبوو لەوی تر، هەر ئەوەش بوو ئاسانکاری کرد بۆ زوو سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شێخ مەحمود لە لایەن ئینگلیزەوە.

بەریتانییەکان توڕەبوونی خۆیان بە ناردنی هێزێکی گەورە خاڵی کردەوە. جەنەڕاڵ "فریزەر" بە ژمارەیەکی زۆر سەرباز و بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی شاهانە پەلاماری سلێمانی دا. هیچ بەراوردێک لەنێوان هێزەکانی کورد و هێزەکانی بەریتانیا نەبوو، لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نابەرابەردا شێخ مەحمود لە دەربەندی بازیان شکا، شێخ ئەحمەدی بارزانی هێزێکی سوارەی بۆ هاوکاری نارد، بەڵام کار لە کار ترازابوو. بەو شێوەیە لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩١٩ تەواوی ڕاپەڕینی کورد خامۆشکرا.

بەسود وەرگرتن لە ناکۆکییەکان، تورکەکان هاتنەوە ناو گۆڕەپان، دەستیان کرد بە هاندانی هۆزەکان دژی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا، دووبارە بەکارهێنانەوەی سۆزی ئایینی. پەیوەندییان کرد بە هۆزە کوردەکانی دەڤەری شرناخ و دەوروبەری و چەند گروپێکی

(١) ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا. لازاریف، المسأله الکردیه، لا ١١٤.
(2) Stephen Hemsley Longrigg, Iraq, p.102.

بەرەنگاربوونەوەیان لێ پێکهێنان، بەڵام بێ سوود بوو. لە هەمان کاتدا پەیوەندییان کرد بە بەدرخانییەکان و دکتۆر عەبدوڵا جەودەت، بەڵام ئەوانە ژیرانە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئینگلیزەکان نەپچڕاند، دەیانویست هاوسەنگییەک هەبێت لە سیاسەتی کوردی. لە لایەکی تر و لە هەمووی کاریگەرتر، تورکە لاوەکان دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لەناو کورد بە گەڕانەوەی ئەرمەنییەکان کە لەمێژ نەبوو کۆمەڵکوژ کرابوون، تورکەکان ئۆباڵی ڕەشەکوژی ئەرمەنییەکانیان خستبووە سەر کورد، تەنانەت ئەنوەر پاشا لە گفتوگۆی لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان کوردی تاوانبار کردبوو بەوەی کۆمەڵێکن لە یاسا دەرچوون، حکومەتی تورکیا بەهۆی جەنگەوە لە توانای نەبووە تەمبێیان بکات لەپای ئەو کارە خراپەی کە کردوویانە! لە لایەکی تر حیزبی تاشناکی ئەرمەنی سیاسەتێکی هەرزە و کورتبینانەی گرتبووەبەر، بەوەی ئەرمینیای گەورە دادەمەزرێنن کە سنورەکەی لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە درێژبێتەوە تا دەریای ڕەش. ئەو سیاسەتەش بێ هۆ نەبوو، هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاڵپشتی سەرهەڵدانی وڵاتێکیان بۆ ئەرمینیا دەکرد، بەڵام ئەو بانگەشەیە سەرەنجام بۆ ئەرمەنییەکان و کوردەکانیش ئەنجامێکی خراپی هەبوو، چونکە ترس و ڕقی لە نێوان هەردوولا تژی کرد. کوردەکان مافی خۆیان بوو تووشی دڵەڕاوکێ بن، خۆیان لە دۆخێکی ئاڵۆز و پڕ لە مەترسی دەبینییەوە، بەجۆرێک سەریان لێ شێوابوو نەیاندەزانی پاڵ بدەنە بەر کام لایەن و کام وڵات.

ئەرمەنییە تاشناکییەکان لەیادیان کردبوو کە زەمەن گۆڕابوو، ئەوان چیتر لەسەر ئەو خاکە زۆرینە نەبوون، دوای ڕەشەکوژییەکە بە دەستی تورکە عوسمانی و تورکە لاوەکان ژمارەی ئەرمەنییەکان تا ئاستێک کەم ببووەوە کە لە تەواوی ناوچەکانی باکووری کوردستان بەشێوەی تاک تاکە هەستیان پێ دەکرا. بەریتانییەکان حەزیان لە ململانێی دیکە نەبوو، ئەوان دژی ئەوەبوون دەوڵەتێک دروست بکرێت بۆ ئەرمەنییەکان کە دانیشتوانەکەی زۆرینە کورد بن، هەر بۆیە لە مایسی ١٩١٩ ئاڕنۆڵد ویڵسۆن ڕایگەیاند کە ناوچە کوردییەکان بەدوور دەبن لە بانگەشە و داواکانی ئەرمەنییەکان.

بەریتانییەکان لەناو کورد سەنگی خۆیان لە دەست دابوو، نەیاندەتوانی متمانەی کورد بەدەست بهێننەوە، کەسێکی واشیان نەبوو کە جێگەی متمانەیان بێت و بە تەواوی پشتی پێ ببەستن. هەوڵیان دا لە سەید تەهای شەمدینی نەهری نزیك ببنەوە، کە ئەویش پەیوەندی خراپ بوو لەگەڵ شێخ عەبدولقادری مامی. بەریتانییەکان ئەژماری ئەوەیان نەکردبوو کە بزووتنەوەی کوردی ڕێچکەیەکی تری گرتووەتەبەر و بەشێوەیەکی تر بیردەکاتەوە، کورد حوکمڕانی ناوچەیی لەسەر شێوەی دەرەبەگایەتی نەدەویست، بەڵکو داوای سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد. ئەوەتا دانوستانەکان لەگەڵ سەید تەهای شەمدینی کە لە سەرەتای مایسی ساڵی ١٩١٩ لە بەغدا ئەنجامی دا، ئەو ڕاستییەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە. ناوبراو داوا دەکات کوردستان لە هەردوو بەشی عوسمانی و ئێران لە ژێر چاودێری و پاراستنی بەریتانیا سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت، بەڵام بەریتانییەکان بە توندی دژی ئەو پێشنیارە وەستانەوە[1]. سەید تەها گوێی نەدایە فەرمایشتەکانی ئینگلیز. لە دانوستانەکان بەڵێن درا بە سەید تەها کە بکرێتە حوکمداری ناوچەکانی نەهری، ڕەواندوز، شەمدینان، دواتر بۆ سەر دەڤەرەکانی جۆڵەمێرگ و هیڤار و ئۆرما، بەڵام بە مەرجێک لە فەرمانی ئینگلیزەکان دەرنەچێت و دەستوەرنەداتە مووسڵ و هیچ پەیوەندییەکیش دروست نەکات لەگەڵ ناوچەکانی کوردستانی ئێران. جگە لەوەش بەڵێنیان پێدا مانگانە ٢٠ بۆ ٣٠ هەزار ڕوپیەشی پێ بدەن، بەڵام ڕەتیان کردەوە کە هیچ جۆرە چەکێکی بدەنە دەست. سەید تەها نەکەوتە ژێر باری سیاسەت و فەرمانەکانی بەریتانیا، هەستا بە دروست کردنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ سمکۆی شکاک و داڕشتنی سیاسەتی هاوبەش بۆ داهاتووی کوردستان و گەڕاندنەوەی ئاشوورییەکان بۆ زێدی خۆیان. هەموو ئەو کردەوانە دەیسەلمێنن کە گەلی کورد گەیشتبووە ئاستی بیرکردنەوەی نەتەوەیی دوورمەودا. گەرچی خەڵکی ئاسایی و هۆزەکان دواکەوتوو بوون و هیچ بیرۆکەیەکیان نەبوو لەسەر دەوڵەتی نەتەوەیی، بەڵام سەرکردەکان بە تەواوی درکیان بە گۆڕانەکانی جیهان کردبوو.

(١) ئەرشیفی سیاسەتی ڕوسیا، لازاریف، لاپەڕە ١٢٤.

جێـی سـەرەنجە کـە گەلـی کـورد یەکـەم نەتـەوەی ناوچەکـە بـوو دژی داگیـرکاری ئینگلیـزەکان ڕاپـەڕی[١]. ئـەوەش شـتێکی ناوازەبـوو، چونکە پێشـتر ئینگلیـزەکان ڕووبەڕووی بەرهەڵسـتی لـەو جـۆرە نەببوونـەوە. جیـاوازی کـورد و نەتەوەکانـی تـر ئـەوە بـوو، کـە کـورد هەرگیـز کۆیلایەتـی و ژێردەسـتەیی قبـوڵ نەکـردووە. ئەگـەر ڕەچـاوی حوکمـی چەند سـەدەی عوسـمانییەکان بکەیـن، ئـەوا تەنهـا ناوچـە کوردییـەکان نیمچـە سـەربەخۆییەکیان هەبـوو، کـە لەسـەردەمی سـوڵتان سـلێمانەوە چەسـپابوو. کـوردەکان بەهـۆی ئـەوەی مرۆڤـی پێداگـرن و لەناوچـەی چیایـی سـەخت دەژیـن، توانیـان لەگـەڵ سـوڵتان سـلێمان بگەنـە جۆرێـک لـە ڕێککەوتـن بـۆ نیمچـە ئۆتۆنۆمـی، لـە بەرانبـەردا خێڵـە کـوردەکان باجیـان دەدا و سـەربازییان بـۆ دەوڵەتـی عوسـمانی دەکـرد. بـەڵام ناوچەکانـی تـری ژێـر دەسـەڵاتی عوسـمانی، ئـەو ژمـارە زۆرەی عـەرەب و لـە جیۆگرافیایەکـی ئەوەنـدە فراوانـدا، بـە تـەواوی کەوتبوونـە ژێـر هەژموونـی تورکـە عوسـمانییەکان وەکـو کۆیلـە ڕاپێـچ دەکران.

ئـەو تایبەتمەندییانـەی کـە نەتـەوەی کـوردی لەوانـی تـر جیادەکـردەوە، بریتـی بـوو لـە نزیکایەتـی و دراوسـێیەتی لەگـەڵ پایتەختـی دەوڵەتـی عوسـمانی – ئەسـتەمبۆڵ. کوردەکان ئاسـانتر دەسـتیان دەگەیشـتە پایتەخـت و لـەوێ فێـری شـتی نـوێ دەبـوون. بەشـێکی زۆریـان دەبوونـە ئەفسـەری بـاڵا و سـەرکردایەتی جەنگیـان دەکـرد، هەندێکیشـیان لـە دامەزراوەکانـی دەوڵـەت دەسـتبەکار دەبـوون.

جووڵانـەوەی کـوردەکان دژی ئینگلیـزەکان زۆر وێژگـی تریشـی هەبوو. لەنێـو کوردەکان چینـی بورجـوازی گەشـەی نەکردبـوو، بەڵکـو بەشـێوەیەکی گشـتی سـێ دەسـەڵات لەنـاو کۆمەڵانـی کـورد بوونیـان هەبـوو، ئەوانیـش دەسـەڵاتی خێـڵ و شـێخ و دەرەبـەگ بـوون. لـە شـۆڕش و جووڵانـەوەی کـورد، ئـەو سـێ دەسـەڵاتە ڕۆڵـی کارایـان هەبـوو، گەلێـک جـار بەرژەوەندیـان دژی یەکـتر بـوو، کـە دەرەنجامێکی خراپی بۆ سـەر پرسـی نەتەوەیی هەبوو. زۆر جاریـش یەکگرتـوو بـوون و پێکـەوە سـەرکەوتنی بەرچاوییـان تۆمارکـردووە. "گێرتـرود بێـڵ" دەڵێـت: "سـەرۆکخێل و شـێخ و دەرەبەگـە کـوردەکان ئامانجیـان لـە بەدەسـتهێنانی دەسـەڵات تەنهـا بـۆ پـارە و سـامان و دزی بـووە". ئەو قسـەیەی خانمی ئینگلیـزی بە هەموو

(١) لازارێڤ، المسأله الکردیه.

شێوەیەک ڕەت دەکەینەوە، چونکە لە پێشەوە دەتوانین وڵاتەکەی ئەو بە هەمان شت تۆمەتبار بکەین کە لەوبەری زەریاوە هاتبوو بۆ داگیرکاری کوردستان و دزی و بەتاڵانبردنی سامان. لە لایەکی تر هەموو نەتەوەکان لە ساتی سەرهەڵدانیان لە لایەن کۆمەڵێک خێڵ و دەرەبەگی خاوەن هێز و توانا پێشەوایەتی دەکرێن و ئاسایی یەکێک لە ئامانجەکانیان دەستکەوتنی سامان و کاریگەرییە. مێژووی گەشەکردنی نەتەوە لە ئەوروپا ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکەن. هۆزەکانی بەریتانیا لە ڕێگەی دزی و تاڵانەوە گەیشتنە خۆدروستکردن و دەسەڵات سەپاندن. بەریتانییەکان ساڵانە بە بەهای ملیۆنەها پاوەند دارو درەخت و ئاژەڵ و زێڕ و زیویان لە هیندستان بەتاڵان دەبرد.

دەبێت ئاماژە بە چەند خاڵێکی دیکەی گرنگ بدەین. ئینگلیزەکان لە زاری لۆید جۆرج سەرۆکوەزیرانی ئەوسای بەریتانیا پاساوی ئەوەیان دەهێنایەوە کە کوردەکان لەناوخۆیان کۆک نین، هیچ سەرکردەیەکیان نییە تاوەکو پشتی پێ ببەستین و ببێتە داخوازیکاری مافی میللەتەکەی. هەروەها خێڵە کوردەکان لەگەڵ یەکتری لە جەنگ و دووبەرەکی بەردەوام دان.

ئێمە بە دوو خاڵ دژ بەو پاساوانە دەوەستینەوە و قسەکانی لۆید جۆرج وەکو درۆ بۆ مێژوو هەژمار دەکەین:

**یەکەم/** کاتێک باسی نەبوونی سەرکردەیەک دەکەن کە لە ناو کوردان خوازراو بێت و بەریتانیاش پشتی پێ ببەستێت، بەڵی هەبوو.

بۆ بەریتانییەکان ئاسان بوو کەسێکی دەرکراو لە سوریا بهێننەوە و بیکەنە پاشا بەسەر وڵاتێکی تازە لەدایکبوو بەناوی عێراق، کە تەنانەت خودی وشەی عێراق وەکو زاراوەیەکی جیۆگرافی سیاسی لە هیچ ناوەندێکی جیهانی ناوی نەهاتبوو و ناسراو نەبوو. ئەوە بەریتانییەکان بوون ڕەواجیان پێ دەدا و خستیانە ناو ئەدەبیاتی سیاسەتەوە و لە ڕۆژنامەکان وەکو کاڵا بانگەشەیان بۆ دەکرد. کەچی ناوی کوردستان لە دێر زەمانەوە هەبوو. لەناو کوردان ئەو سەرکردەیەش بوونی هەبوو کە بتوانێت دەوڵەتی کوردستان لە مست بگرێت و لە لایەن زۆرینەی خێڵە کوردەکانیشەوە دانی پێدانرابوو، خۆ ئەگەر چەند لایەنێک لە ئاغا و سەرخێڵەکان دژیشی بووبن، ئەوا دەکرا بە زەبری هێز یان لە

ڕێـی چارەسـەری سیاسـی پشـتیوانیان بۆ پرسـی نەتەوەیـی بەدەسـت بهێنرێت.

**دووەم/** گـەر باسـی ناکۆکـی نێـوان کـوردەکان دەکـەن، ئـەوا پشـکی شـێر لـە دروسـتکردنی ناکۆکـی نێـوان خێڵـە کـوردەکان و بەرکاهێنانیـان دژی شـێخ مەحمـود بـەر خـودی ئینگلیـزەکان دەکەوێـت. هـەروەک مێژوونووسـی گـەورە لازاریـڤ دەڵێـت: ئینگلیـزەکان شـارەزایی فێڵبازانەیـان هەبـوو لـە دروسـتکردنی دژکاری و دووبەرەکـی لـە نێـوان خێڵـە کـوردەکان دژی یەکـتری و دژی شـێخ مەحمـود. لـە لایەکـی تـرەوە، ئایـا خێلەکانـی باشـووری مێزۆپۆتامیـا کـە وڵاتـی عێراقیـان بـۆ دروسـتکرا، لـە کـورد خۆگرتـر و کۆکـتر بـوون؟ ئـەی ئایـا ئەوانیـش پەرتـەوازە و بـێ کـەس و بـێ ئەنـوا نەبـوون؟ بـەڵام بۆچـی بەریتانییـەکان توانیـان ئـەوان بـە زەبـری هێـز بێدەنـگ بکـەن و لەژێـر چەتـری پاشـایەکی هـاوردە کۆیـان بکەنـەوە؟

لەبـەر ئـەو هۆیـە ئێمـە پێمان وایـە بەریتانییـەکان لـەو دەربڕینەیـان لەبارەی کورد ڕاسـت ناکـەن، بەڵکـو پاسـاوێک بۆ مێـژوو دەهێننەوە ئەگەر چی لەسـەر هەژماری ویژدانیشـیان بێت.

پرسـێکی دیکـەی گرنـگ کـە شـایانی ئاماژەپێدانـە، ئەویش سیاسـەت و کەسـایەتی شـێخ مەحمـودی بەرزنجییـە. ناوبـراو لێهاتـوو و شـارەزابوو، پێگـەی کۆمەڵایەتـی بەهێـز و ناسراو بـوو، کەسێکی تاڕاددەیـەک تونـدڕەو بـوو، ئـەوەش بـۆ کەسـایەتییەکی سیاسـی نـەك هـەر ئاسـاییە، بەڵکـو نیازمەنـدە. سیاسـەتمەدار لـە دۆخـی سـەرهەڵدان و دروسـتکردنی دەوڵەتی نەتەوەیـی نابێـت سـڵ بکاتـەوە و نابێـت نەرمی بنوێنێـت. نەرمـی نوانـدن لـە دۆخـی چارەنوسـسازدا کارەسـات و نەهامەتـی دەهێنێـت بـۆ چەندیـن نـەوەی یەک لـەدوای یەک. دەتوانیـن بڵێیـن، تاکـە ئـەدگاری نەرێنـی شـێخ مەحمـود ئەوەبـوو، بێ ئۆقـرە بوو، بـێ ئارام بـوو لـە ئاسـت ڕووداوەکان، لە گۆڕەپانی سیاسـەت زیـرەک نەبوو. لەبری ئـەوەی لە قۆناغی یەکەمـدا بـەوە قایل بێـت کـە بەریتانیـا لەگەڵی ڕێککەوتـووە، گرنگـی بدات بـە چاککردنی دۆخـی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری، چاوەڕێ بـکات تـا سیسـتەم و دەسـەڵات خۆگر و چەسـپاو دەبـن، تاوەکـو متمانـەی ئینگلیـزەکان زۆرتر بەدەسـت بهێنێـت، پەلـەی کرد لـە ڕاگەیاندنی هەسـتی نەتەوەیـی و بانگـی سـەربەخۆیی کوردسـتانی دا. دەبووایـە بـە سیاسـەتی "مـار بە قسـەی خـۆش لـە کـون دەربهێنـە" ڕەفتـار لەگـەڵ ئینگلیـزە داگیـرکارەکان بکات.

## بەرەو ڕێککەوتننامەی سیڤەر

هیچ تاکێکی کورد نییە گوێبیستی ڕێککەوتننامەی سیڤەر (سیڤرێس) نەبووبێت[١] و ئەو بەندانەش نەزانێت کە باسی دروستکردنی وڵاتێک بۆ کورد دەکەن. ئێمە لێرە بە کورتی تیشک دەخەینە سەر هەموو ئەو ڕێکار و ڕووداوانەی کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی ڕێککەوتنەکە. گرنگترینیان کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی پاریس و کۆنگرەی سان ڕیمۆ بوون کە لە خوارەوە باسیان دەکەین، هەروەها دانوستان و دیالۆگەکانی نێوان وڵاتانی هاوپەیمان و بە تایبەتی بەریتانیا و فڕەنسا.

ڕێککەوتننامەی سیڤەر لە ١٠ی ئۆگوستی/ئابی ١٩٢٠ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و وڵاتانی هاوپەیمان واژووکرا دوای دۆڕانی عوسمانییەکان و وڵاتانی ناوەند (چەق) لە جەنگی یەکەمی جیهانی. گرنگترین ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە بریتی بوو لە دابەشکردنی تێریتۆری (ناوچەکانی) ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە نێوان وڵاتانی براوە و دانانی مەرجی توندی سەربازی بەسەر تورکەکان، هەروەها مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەموو نەتەوە ناتورکەکان. بەو پێیە تراکیا (تراسیا)ی ڕۆژهەڵات و ئادریانۆپۆل و نیمچە دوورگەی گاللیپۆلیا بۆ گریکەکان بڕایەوە لەگەڵ هەرێمی سمیرنا (ئیزمیر). باشوور و ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا بۆ فەڕەنسا و ئیتاڵیا، لە ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆڵیا لە دەریای ڕەشەوە تا دەگاتە دەریاچەی ڤان و سنوری فارس بۆ ئەرمینیا، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆڵیاش کوردستانی لێ دروست بکرێت. جگە لەوانەش تورکیا نابێت هێزێکی سەربازی پتر لە ٥٠ هەزار کەسی هەبێت و نابێت ببێتە خاوەنی چەکی قورس و چەند مەرجی تری توند. ئەوانە هەمان ئەو مەرجانە بوون کە بەسەر وڵاتی ئەڵمانیاش سەپێنران، بەڵام تورکیای نوێ بە سەرکردایەتی ئەتاتورک هاوکێشەکانی گۆڕی.

(١) سیڤەر – سێڤرێس: شارۆچکەیەکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای باشوری پاریس لە فڕەنسا، لەوێدا ڕێککەوتننامەیەک واژووکرا و بەناوی شارۆچکەکە کرا.

## کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس

کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس چەند مانگێکی خایاند، گفتوگۆی ئاڵۆز و بێووچانی لایەنە سەرکەوتووەکانی جەنگی گەڵاڵەکرد. پرسی کورد یان بڵێین ناوچەکانی نیشتەجێی کورد و کوردستان ببووە بابەتێکی ڕیالیستی (واقیعی) ناو کۆبوونەوەکان. گەرچی بە زەقی باسی سەربەخۆیی کوردستان نەدەکرا، بەڵام هەرچۆنێک ئاماژە بکرایە بە ئەرمینیا یان ولایەتی مووسڵ ئەوا بێگومان ڕاستەوخۆ کێشەی کوردیش دەهاتە گۆڕێ. بە کورتی کێشەی کورد بەند بوو بە ئەرمەنەکان و ولایەتی مووسڵ. ئەرمەنەکان دەیانویست وڵاتێک دروست بکەن لەسەر بنەمای مێژوویی کە لەسەر زەمین دا بوونی نەبوو، چونکە دوای کۆمەڵکوژی بە دەستی تورکە عوسمانی و دواتریش تورکە لاوەکان، ئیدی لەو ناوچانەی کە داوای دروستکردنی دەوڵەتیان دەکرد، ژمارەیان بە تەواوی کەم ببووەوە. هەرچی ولایەتی مووسڵە، بەریتانیا دەیویست بە باشترین شێوە بۆ بەرژەوەندی خۆی قۆرخی بکات، کێشەی کورد لێرەدا بایەخێکی لاوەکیی هەبوو بۆ ئینگلیزەکان و تەنها کارتێک بوو لە دانوستانەکان.

کۆنگرەی ئاشتی پاریس دوو تەوەری سەرەکی لەخۆ گرت، یەکەمیان یەکلایی کردنەوەی سنور و سەپاندنی مەرجەکان بوو بە سەر ئەڵمانیا و لە ڕێکەوتی ٢٨ی یۆنیۆی ١٩١٩ بە واژووکردنی ڕێککەوتننامەی ڤێرساڵ کۆتایی هات. دووەمیشیان یەکلایی کردنەوەی پرسی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی سیڤەر. لە کۆبوونەوەکان بێجگە لە بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتاڵیا و گریسیا (یۆنان) و یابان، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بەشداربوون، بەڵام کێشەی ئەمریکییەکان ئەوەبوو لە ناوچەکە هیچ هێزێکی سەربازییان نەبوو، لە دورەوە دەیانخواست پشکیان لە دابەشکردنی کێکەکە هەبێت. کاتێک سەرۆکی ئەمریکا "وودرۆ ویڵسۆن" دەگاتە کۆنگرەکە، لۆید جۆرج سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا پرسیاری لێدەکات کە ئایا کێ ئەرکی هێنانی دوو یەکەی سەربازی گەورە لە ئەستۆی خۆی دەگرێت بۆ پارێزگاری کردن لە ئەرمەنەکان. سەرۆکی ئەمریکا خۆی لە وەڵامی پرسیارەکە بوارد، دواتر گوتی "پێویستە چاوەڕێ بکەین تا ساتی دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الأمم)".

بۆ یەکەم جاری ناوی کورد وەکو پرسی نەتەوەیەک لە کۆنگرەی پاریس لە مانگی یەنایەری ١٩١٩ هات، کاتێک ئەندامی شاندی بەریتانیا کە ئەفسەرێکی پایەبەرز و کەسایەتییەکی سیاسی گرنگ بوو لە باشووری ئەفریکا جەنەڕاڵ سمیث ناوەڕۆکی بڕیارەکەی داڕشتبوو. ئەوەی جێی سەرەنجە سەرەتا ناوی "کوردستان" لەبیرکرابوو لە پڕۆژەکە، بەڵام دواتر بیری لۆید جۆرج هێنرایەوە و ئەنجا ناوەکە لە ڕێکەوتی ٣٠ی یەنایەری ١٩١٩ جێگیرکرا، ئەوەش لاریی هیچ لایەنێکی کۆبوونەوەکەی لێنەکەوتەوە. کرۆکی پڕۆژەبڕیارەکە ئەوە بوو کە دەبێت هەموو ئەو نەتەوانەی پێشتر لەژێر ستەم و ژێردەستەیی تورکەکان بوون، ڕزگار بکرێن و مافیان هەبێت لە دەستنیشان کردنی ئایندەی خۆیان. گرنگیی کوردستان لە ڕووی جیۆگرافیاوە ئەوەبوو کە دەکەوتە نێوان مێزۆپۆتامیا و ئەرمینیا، بە گوێرەی مێجەر نۆئیل هەبوونی کوردستان وەکو قەوارەیەکی نیمچەسەربەخۆ یان سەربەخۆ، گرنگی جیۆپۆلیتیکی بۆ بەرژەوەندی بەریتانیا دەبێت، چونکە دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم یەکێتی سۆڤیەت لە بەرانبەر عێراقی بەریتانی. هەر لە ڕۆژی ٣٠ یەنایەر بەشێوەیەکی سەرەتایی بڕیار درا هەریەک لە ئەرمینیا و کوردستان و سوریا و فەڵەستین و مێزۆپۆتامیا و نیمچەدوورگەی عەرەبی لە تورکیای عوسمانی بپچڕێنن(١).

ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز بۆچوونی زۆر جیاوازیان هەبوو لەسەر چۆنییەتی بەڕێوەبردن و پێدانی مافی سەربەخۆیی بە نەتەوە تازە ئازادبووەکان. بەشێکیان پێیان وابوو کە ئەو نەتەوانە لە ڕووی سیاسییەوە پێنەگەییوون، شارەزایی دەوڵەتداری و کارگێڕییان نییە، بە تایبەتی ئەوانەی کە سیستەمی خێڵ باڵادەستە لەنێویان، نەتەوەی کوردیش بێگومان یەکێک بوو لەوانە. لەو ماوەیەدا بەریتانییەکان بایەخی زۆریان بە پرسی دروستکردنی کورستان دەدا، جۆرج لۆید ئامانجی ئەوەبوو کوردستان بکاتە وڵاتێکی بەربەست لە نێوان ولایەتی مووسڵ و تورکیای تازە. ئاشکرایە کە ولایەتی مووسڵ (هەرێمی کوردستانی ئێستا) لە چوارچێوەی ئەو کوردستانە نەبوو کە بەریتانیا پلانی دانابوو دروستی بکات لە ڕێککەوتننامەی سیڤەر.

(1) Howard H., The Partition of Turkey: A Diplomatic History, 1913-1923, p. 221.

شـایانی وەبیرهێنانەوەیـە، پرسـی دابەشـکاری و مانـدات بەسـەر ناوچەکانـی ژێـر کۆلۆنیالیزمـی بەریتانیـا و فەڕەنسـا لـە سـەردەمی سـایکس-پیکۆوە تـا دوای تەواوبوونـی جەنـگ، گۆڕانـکاری زۆری بەخۆیـەوە بینـی. ڕوسـیای سـیزاری لـە ١٩١٧ هەڵوەشـایەوە و یەکێتـی سـۆڤیەتی تـازە دروسـتبوو کـە بەتـەواوی دژی داگیـرکاری و ئیمپریالیزمـی ڕۆژئاوایـی بـوو. دوای جەنگیـش گۆڕانـکاری زۆرتـر لـە ڕێککەوتنـەکان کـران. دوای ڕێککەوتنـە سـەرەتاییەکەی لـە سـەرەوە باسـکرا، دووبـارە پرسـی ناوچەکانـی کوردسـتان هێنرایـەوە بـەر دابەشـکاری نـوێ، کـە بەریتانیـا باشـوور و ڕۆژهـەڵات، ئەمریـکا باکـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان، هەرچـی فەڕەنسـایە بەشـێکی کەمـی کوردسـتان کـە هاوسـنور بـوو لەگـەڵ سـوریا، دەسـتبکەوێت. بـەڵام ئـەو بەشـەی کوردسـتان کـە دەکەوێتـە ژێـر باڵـی ئێـران، هیـچ گوفتـار و قسـەیەکی لەسـەر نەبـوو، چونکـە ئـەوە دەمێـک بـوو لەگـەڵ ئێرانـی شـاهانە یەکلایـی کرابـووەوە.

لـە چوارچێـوەی کۆبوونەوەکانـی پاریـس، شـاندی ئەرمەنـەکان کـە نوێنەرایەتـی حکومەتـی تاشـناکیان دەکـرد، خواسـتەکانی خۆیـان دەربـڕی. ئـەو وڵاتـەی ئەرمەنـەکان پێشـنیاریان دەکـرد ناوچەکانـی هەمـوو باکـووری کوردسـتانی بێجگـە لـە هـەکاری، لەخۆدەگـرت. گرنگـە سـەرەنج بدەیـن کـە نـاوی ئەرمینیـا بـۆ وڵاتانـی هاوپەیـمان ڕاسـتەوخۆ کوردسـتانی بیـر دەهێنانـەوە وەک پێشـتر ئاماژەمـان پێـدا. پێشـتر شـەریف پاشـا لەگـەڵ شـاندی ئەرمەنـەکان گەیشـتبوونە جۆرێـک لـە لێکتێگەیشـتن بـۆ پرسـی سـەربەخۆیی و هاوسـنوریی کوردسـتان و ئەرمینیـا. دواتریـش میـر فەیسـەڵ کـوڕی حوسـێن شـەریفی مەککـە گوتـاری خـۆی پێشـکەش کـرد و داوای وڵاتێکـی عەرەبـی کـرد کـە سـنورەکەی دەگەیشـتە ئامـەد، بـەڵام ئامادەبووانـی کۆبوونەوەکـە هیـچ بایەخێـک و گرنگییەکیـان پێـی نـەدا. هـەروەک دواتـر بۆچوونـی کوردیـش لـە لایـەن شـاندی شـەریف پاشـاوە لـە ٢٢ی ئادار/مارسـی ١٩١٩ خرایـەڕوو. پلانـی شـەریف پاشـا ڕووبـەڕووی پلانـی دامەزراندنـی وڵاتـی ئەرمینیـای گـەورە دەبـووەوە. بـە ئامـاژەدان بـە چـوارده خاڵەکـەی سـەرۆکی ئەمریـکا، شـەریف پاشـا داوای سـەربەخۆیی کوردسـتانی دەکـرد، کـە بەشـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانیش بگرێتەخـۆی. بـەڵام خواسـتی شـەریف پاشـا نەبـووە جێـی سـەرەنجی هیـچ لایەنێکـی کۆنگـرەی پاریـس، هـۆکاری سـەرەکیش

ئەوەبــوو، کــە کــورد هیــچ وڵاتێکــی هاوپەیــمان لــە پشــتیەوە نەبــوو[١]، لــە کاتێکــدا ئەمریــکا بــە هەمــوو توانایــەوە لــە پشــت ئەرمەنــەکان بــوو. بەریتانییــەکان ئــاگاداری ئەوەبــوون کــە شــەریف پاشــا ناتوانێــت نوێنەرایەتــی کــورد بــکات، لەبــەر ئــەوەی لەنــاو خێڵــە کــوردەکان نــاسراو نەبــوو، و جگــە لــەوەش خێڵــە کــوردەکان خۆیــان لەنێــو خۆیــان پارچــە پارچــەن، هەیانــە هاوشــانی ئەتاتــورک، هەشــیانە هاوشــانی دەوڵەتــی عوســمانی کــۆن تێدەکۆشــن، بەشــی هــەرە زۆریشــیان نازانــن پرســی نەتەوەیــی چیــە.

لەگــەڵ ئەوەشــدا دۆســیەی کــورد لــە کۆبوونــەوەکان تــا دەهــات بەگوڕتــر جێپێــی خــۆی دەکــردەوە، ئــەوەش لــە بەرژەوەنــدی هاوپەیمانــان. ئەمریکییــەکان بــە ســەرۆکایەتی ویلســۆن پێداگربــوون لەســەر هەبوونــی مانــدات[٢] بەســەر کوردســتان و ئەرمینیــا، بــۆ ئــەو مەبەســتە لیژنەیەکیــان دیارکــرد بەنــاوی "کینــگ-کرایــن" بــۆ شــەنوکەوی ناوچەکانــی خارپــوت و ئامــەد و وان و بەدلیــس و ئــەرزڕوم، تاکــو لــە دۆخــی کۆمەڵایەتــی و سیاســی کــورد و ئەرمەنــەکان تێبگــەن. بەریتانیــا و فەڕەنســییەکانیش بەربەســت نەبــوون لەبــەر دەمیــان، بــەڵام پلانەکــەی ســەرۆکی ئەمریــکا کــە بەرەبــەری کۆتایــی حوکمڕانیــی خــۆی بــوو، لــە لایــەن ئۆپۆزســیۆن لــە کۆنگرێســی ئەمریــکا ڕەت کرایــەوە.

بەریتانیــا و فەڕەنســا وەکــو دوو ئەکتــەری ســەرەکی لــە گۆڕەپانەکــە بــە تەنیــا مانــەوە، ئیتاڵیــاش زێــتر تەماشــاکەر بــوو، هەرچــی بڕیارێکیــش دەرچووایــە زوو پەســندی دەکــرد. بــە هــۆی ئــەوەی بەریتانییــەکان ئامادەیــی ســەربازی و سیاســییان هەبــوو لــە ناوچــەکان، لــە بڕیــارە چارەنوســازەکانیش پشــکی شــێر بــەر خۆیــان دەکــەوت. ئەوەتــا یەکــەم نوێنــەری بــاڵای بەریتانیــا لــە تورکیــا "کالتــڕوب" دەڵێــت: کوردســتان نابێــت جارێکــی تــر بکەوێتــە ژێــر دەســەڵاتی حوکمڕانــی تورکــەکان و هەروەهــا ناشــبێت لێیــان گەڕێیــن ســەربەخۆیی خۆیــان ڕابگەیەنــن، بەڵکــو دەبێــت ڕاســتەوخۆ لەژێــر پاراســتن و چاودێــری بەریتانیــا بــن.

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) ماندات: ئینتیداب.

لە هەمووشیان ڕوونتر پێشنیاری لۆرد کەرزۆن وەزیری دەرەوە بوو بۆ چارەسەری پرسی کورد. ئەو وای پێشنیارکرد:

”هیچ ماندانێکی بەریتانیا یان بەریتانی-فەڕەنسی لەسەر کوردستان نەبێت، جگە لە کوردستانی باشوور (ولایەتی مووسڵ). هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی تورکی لە کوردستان ڕەت دەکەینەوە. کوردەکان پەیوەندی ببەستن و ڕێکبکەون لەگەڵ ئەرمەن و ئاشورییەکان. واز لە کوردەکان بهێنین خۆیان بڕیار بدەن کە ئایا دەخوازن یەک وڵاتی یەکگرتوویان هەبێت یانیش چەند وڵاتۆچکەیەک کە سەرکردە ناوچەییەکان لە سەرخێل و ئاغاکان بەڕێوەی ببەن ئەوجا کات نیشانی دەدات کە ئایا دەتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن یان نا. گەرەنتی ئەوە بدرێتە کورد کە تورکەکان دەستدرێژییان نەکەنە سەر“.

ئەو پێشنیارانە سەرەتایی بوون، پرسی کوردستان دواخرا تا دوای یەکلایی کردنەوەی کێشەی مووسڵ.

لە مانگی یەنایەری ١٩٢٠ پرسی کوردستان دیسانەوە لە میانەی تاوتوێی ڕێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ تورکیا دێتەوە بەر باس، ئەوەش لە سەر خواستی فەڕەنسییەکان کە داوای دیارکردنی سنوری ئەرمینیایان دەکرد. بەریتانییەکان ئەمجارە جۆرێک لە خۆدزینەوەیان لێ بەدی دەکرا، ئەوان چاودێری دۆخەکەیان دەکرد بە ئاگاییەکی زۆرەوە، بۆ ئەوان دیاریکردنی سنوری باکووری کوردستان لەگەڵ باشووری کوردستانی ژێر ماندانی بەریتانیا پرسێکی زۆر هەستیاربوو. لەو ماوەیەدا کۆنگرەیەک لە لەندەن بەسترا کە لە ڕۆژی ١٠ی فبرایەرەوە دەستی بە کارەکانی کرد تا ١٠ی مارسی ١٩٢٠، تیایدا لۆرد کەرزۆن گرنگترین بەندەکانی ڕێککەوتنی لەگەڵ تورکیا باسکرد کە لە لایەن حکومەتی بەریتانیاوە بە پەسند دەزانرێت، لەوانە سەربەخۆیی هەموو گەلە ناتورکەکانی وەکو ئەرمینیا و فەڵەستین و سوریا و مێزۆپۆتامیا. بەڵام خۆی لە ناوی کوردستان بووارد[(١)]. فەڕەنسییەکان لە میانەی کۆبوونەوەکان پرسیان ئایا کوردستان وەکو هەرێمی تورکی دەمێنێتەوە یان دەکەوێتە ژێر ماندانی وڵاتێک

(١) گۆڕینەوەی نامەکان و تەلەگرامەکان لە نێوان لۆرد کەرزۆن و بەرپرسانی تری بەریتانی و فەڕەنسی.

یـان دوو وڵات؟ بەریتانییـەکان خۆیـان لـە وەڵامـی پرسـیارەکە دزییـەوە و لۆیـد جـۆرج سـەرۆکوەزیرانی بەریتانیـا ڕایگەیانـد کـە کێشـەی کوردسـتان سـەختە. وەڵامـی ئـەوەی بـە پرسـیارێکی تـر دایـەوە، کـە ئایا کوردسـتان بکرێتـە بەشـێک لـە تورکیـا یاخـود وەکـو ئازەربایجـان سـەربەخۆ بێـت؟ نوێنـەری فەڕەنسـی بـە باشـی زانـی پرسـەکە بـە کراوەیـی بەجـێ بهێڵرێـت. لـە لایەکـی تـر باڵوێـزی فەڕەنسـا لـە لەنـدەن "پـاوڵ کامبـۆن" پرسـیاری لـە کـەرزۆن کـرد بۆچـی پرسـی کوردسـتان ناخەیتـە نـاو خشـتەی کارەکانـی کۆنگـرە؟ بـۆ جارێکـی تـر کـەرزۆن نەیویسـت وەڵامێکـی ڕاسـتەوخۆ بداتـە دەسـت و گوتـی کـە لۆیـد جۆرجـی سـەرۆکوەزیران پێـی باشـە هەمـوو گەلـە ناتورکـەکان لـە تورکیـا جیابکرێنـەوە.

کێشـەی کوردسـتان لـە گفتوگـۆ و دانوسـتانەکانی نێـوان بەریتانیا فەڕەنسا جێگەیەکـی تایبەتـی هەبـوو، چ لـە کۆبوونـەوە ئاشـکراکان یاخـود نهێنییـەکان. کێشـەکە لەوەدابـوو پێشـتر لــە کاتــی ڕێککەوتننامــەی ســایکس-پیکۆ نــاوی کوردســتان نەهاتبــوو. دوای سـڕینەوەی حوکمـی عوسـمانییەکان، پرسـی کوردسـتان وەکـو واقیعێکـی نـوێ هاتـە نـاو گۆڕەپانـی سیاسـی و جیۆگرافـی. کوردسـتان هاوسـنور بـوو لەگـەڵ ناوچـەی کۆنترۆڵـی فەڕەنسـی لـە "کیلیکیـا" و هاوسـنور بـوو لەگـەڵ باشـووری کوردسـتان و ئەرمینیـا، بـە کورتـی ببـووە گەمـەی دیاریکردنـی بەرژەوەنـدی جیۆپۆلیتیـکای بەریتانیـا، بۆیـە خێـرا و دەسـتوبرد نەبـوون لـە چارەسـەری کێشـەی کـورد، بەڵکـو بـۆ داپچڕینـی زۆرتریـن بەرژەوەنـدی و سـوودی خۆیـان چاوەڕێـی سـاتەوەختێکیان دەکـرد، ئەنجـا گرنـگ نەبـوو بۆیـان کـە ئایـا کوردسـتان دووچـاری چ چارەنوسـێک دەبێتـەوە.

## کۆنگرەی سان ڕیمۆ

لـە ئـاداری ١٩٢٠ ئەنجومەنـی بـاڵای وڵاتانـی هاوپەیـمان لەپـاڵ تاوتـوێ کردنـی دامەزراندنـی وڵاتـی ئەرمینیـا، بڕیارێکیشـیان دەرکـرد بـۆ ئەگـەری دانپێدانانـی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ[1]. ڕێککەوتنیـش لەسـەر پـڕۆژەی پەیماننامـەی ئاشـتی لەگـەڵ تورکیـا لـە کۆنگـرەی هاوپەیمانـان لـە شـاری سـان ڕیمـۆی ئیتاڵیـا ئەنجامـدرا، کـە لـە نێـوان ١٨ - ٢٦ی ئەپریلـی ١٩٢٠ بەڕێوەچـوو. لـە سـەرەتای کۆبوونـەوەکان سـەرۆکوەزیرانی بەریتانیـا لۆیـد جـۆرج باسـی پرسـی کوردسـتانی کـرد. وەزیـری دەرەوەش لـۆرد کـەرزۆن شـیکارییەکی تێروتەسـەلی لەسـەر پرسـی کـورد خسـتەڕوو و بـە کێشـەیەکی قورسـی ناوبـرد، چونکـە گوایـا خێڵـە کـوردەکان لەژێـر کۆنـتڕۆڵ نیـن و دوژمنایەتـی دراوسـێکانیان دەکـەن، هەروەهـا کێشـەکە پەیوەنـدی بـە ئاساییشـی ئەوڕوپـاش هەبـوو، چونکـە کوردسـتان هاوسـنورە لەگـەڵ ئەرمینیـا و کەمینـەی ئاشـوری و نەسـتوریەکانیش لەپـاڵ ئـەوان دەژیـن. گوایـا دوودڵیـی بەریتانییـەکان لـەوەدا بـوو کـە کـوردەکان گروپـی پەرتـن و هـەر کەسـێک نوێنەرایەتـی خێـڵ و هۆزەکـەی خـۆی دەکات، لـە لایەکـی تریشـەوە دانیـان بـە شـەریف پاشـا نەدەنـا بەهـۆی نەناسراویـی لەنـاو کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان. لـە حاڵەتێکـدا ئەگـەر هیـچ کام لـە بـژاردەکان نەگونجـان، ئەوسـاکە وا باشـترە کوردسـتان بگەڕێندرێتـەوە ژێـر دەسـەڵاتی تورکـەکان کـە مـاوەی چەنـد سـەدەیەکە حوکمـی کـوردان دەکـەن و لەگـەڵ یەکـتر ڕاهاتـوون. خـۆ ئەگـەر هـات و کوردسـتانی سـەربەخۆ لـەو بەشـەی باکـووری کوردسـتان دروسـتبوو، ئەوجـارە نـۆرەی کێشـەی کوردەکانـی ولایەتـی مووسـڵ دێـت، کـە شـاری سلێمانی مەڵبەنـدی خواسـتی دەوڵەتداریـی بزووتنەوەکـەی بـوو. ولایەتـی مووسـڵ کەوتبـووە ژێـر مانداتـی بەریتانیـا، ئەگـەر کـورد لـەو بەشـەی کوردسـتان، واتـە باشـووری کوردسـتان، داوای لکانـدن بـکات بـە کوردسـتانی باکـوور، ئـەوا دەبێـت داواکەیـان پەسـند بکرێـت. بـەڵام ئایـا ئـەوە خزمـەت بـە بەرژەوەنـدی بەریتانییـەکان دەکات؟

(١) ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا، نامەکانی لۆرد کەرزۆن بۆ دی ڕۆبک.

لـۆرد کـەرزۆن شـارەزاترین کەسـایەتی بـوو لـە پرسـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و کوردسـتان، بـە وردی چاودێـری پێشـهاتەکانی دەکـرد، بـۆ یـەک خولەکیـش چـاوی نەنوقانـد لـە ڕووداوەکان و زیرەکانـە ئاڕاسـتەی بەرژەوەندییەکانـی بـۆ خزمەتـی بەریتانیـا دەچەمانـدەوە، هەمـوو هەوڵەکانیشـی بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان تەنهـا بەدەمـەوە هاتنـی ڕووکەشـانە بـوو بـۆ ڕاسـپاردەکانی "وودرۆ ویڵسـۆن"ی سـەرۆکی ولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا لەبـارەی پرسـی ڕزگاریخـوازی نەتـەوە ژێردەسـتەکانی دەوڵەتـی ڕووخـاوی عوسـمانی. مـاوەی نێـوان کۆنگرەکانـی پاریـس و لەنـدەن و سـان ڕیمـۆ تەنهـا بـۆ بەسـەربردنی کات و زانینـی نیـازی ئەوانـی تـر بـوو لەسـەر مێـزی گفتوگـۆکان. کاتێـک کار گەیشـتە لوتکـەی بەرژەوەندییـە نەتەوەییـەکان، ئیـدی شـتێک نەمـا بـە نـاوی پرسـی کـورد و کوردسـتان، ئـا ئـەوە بـوو بەتەنیـا جێهێشـتنی کـورد و سـەرەتای دەسـپێکی کۆمەڵکوژییـەکان.

شـایانی باسـە فەڕەنسـییەکان بـە گشـتی دژکاری پلانەکانـی بەریتانیـا نەبـوون، ڕاسـتتر وایـە بڵێیـن لـە ڕووی سـەربازییەوە توانایەکـی ئەوتۆیـان لەسـەر زەمینـی ڕووداوەکان نەبـوو، لـە کاتێکـدا بەریتانییـەکان ملیۆنێـک و چوارسـەد هـەزار سـەربازییان لـە بەرەکانـی جەنـگ بـوو. فەڕەنسـییەکان دڵگـران بـوون بـە لەدەسـتدانی ولایەتـی مووسـڵ بـێ ئـەوەی هیـچ سـودێکیان بەربکەوێـت. لـەو بارەیـەوە بەریتانییـەکان لـە بەرانبـەر ڕازی کردنـی فەڕەنسـییەکان ئامادەییـان بـە پێدانـی بـڕی ٢٥٪ لـە نەوتـی مووسـڵ بـە فەڕەنسـا دەربـڕی. دوای تەواوبوونـی گفتوگـۆکان، پـڕۆژەی ڕێککەوتننامـەی ئاشـتیان سـەبارەت بـە کوردسـتان لەگـەڵ تورکیـا لـە شـاری سـان ڕیمـۆ ئامادەکـرد کـە لـەو خاڵانـە پێکهاتبـوو:

**یەکـەم/** لیژنەیـەک لـە هەریـەک لـە وڵاتانـی بەریتانیـا و فەڕەنسـا و ئیتاڵیـا پێکدێـت لـە ئەسـتەمبۆڵ و لەمـاوەی شـەش مانـگ پلانـی بەڕێوەبردنـی ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان دادەڕێـژن لـەو خاکانـەی کـە دەکەوێتـە ڕۆژهەڵاتـی ڕووبـاری فوراتـەوە تـا دەگاتـە باشـووری سـنوری ئەرمینیـا، بـە ڕەچاوکردنـی مافـی ئاشـوری و نەسـتورییەکان، هەروەهـا ڕێکخسـتنەوەی سـنوری نێـوان تورکیـا و ئەرمینیـا و کوردسـتان و وڵاتـی فـارس.

**دووەم/** حکومەتی تورکیا پەیمان دەدات کە لە ماوەی سێ مانگ ڕاسپاردەکان پەسند بکات.

**سـێیەم/** ئەگـەر دوای سـاڵێک لـەو ڕێککەوتننامەیـە کـوردەکان گەڕانـەوە بـۆ ئەنجومەنـی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان "عصبە الأمـم" بـۆ داننـان بـە سـەربەخۆیی کوردسـتان و جیابوونـەوەی تـەواو لـە تورکیـا، هەروەهـا کۆمەڵـەی نەتـەوەکان دڵنیـا بێـت لـەوەی کـوردەکان توانـای بەڕێوەبردنـی خۆیـان هەیـە، ئـەوا تورکیـا دەبێـت دەسـتبەرداری هەمـوو مافەکانـی خـۆی بێـت لـە خاکـی کوردسـتان و کـوردەکان سـەربەخۆیی بەدەسـت دێنـن.

**چـوارەم/** دوای ئـەوەش وڵاتانـی هاوپەیـمان لارییـان نابێـت لـە لکاندنـی ولایەتـی مووسـڵ بـە باکـووری کوردسـتانەوە، ئەگـەر بێـت کـوردەکان خۆیـان داوای ئـەوە بکـەن.

هەرچـی پرسـی ئەرمینیـای گەورەبـوو کـە ناوچەکانـی کوردستانیشـی دەگرتـەوە، ئـەوا لۆیـد جـۆرج ڕەتـی کـردەوە کـە ئـەو بەرپرسـیارێتییە هەڵبگرێـت و ڕایگەیانـد کـە ئەگـەر ئەمریکییـەکان بـەو کارە هەڵنەسـتن ئـەوا بەریتانیـا خـۆی لـە قـەرەی ئـەو پرسـە نـادات، بە تایبەتـی دوای ئـەوەی ئەرمەنییـەکان بـە ژمـارە لـەو ناوچانـەدا بـە تـەواوی ڕەش ببوونـەوە.

شـایانی باسـە کوردسـتان کـە لـە سـەرەتای ڕێککەوتنـی سـایکس-پیکۆ هیـچ دەنـگ و ڕەنگێکـی نەبـوو لـە گـۆڕەپانی نێودەوڵەتـی و ململانێـی وڵاتانـی هاوپەیـمان، بـەڵام لـە بەرەبـەری کۆتایـی جەنگـی جیهانـی یەکـەم و دوای کۆتایـی جەنگیـش، بـووە پرسـێکی سـەرەکی کۆبوونـەوەکان وەکـو هـەر وڵاتێکـی تـری ڕزگاربـووی سـەدەی بیسـتەم. چیـتر پرسـی کـورد نهێنـی نەبـوو و نەناسـراو نەبـوو، بابەتێکـی گرنگـی بەرژەوەنـدی وڵاتـان و گەمـەی سیاسـی بـوو. بەدبەختانـە دوای سـەرکەوتنی تورکـە لاوەکان ئیـدی کـورد و پرسـی کـورد چوونـە نـاو لاپەڕەکانـی مێـژوو و باسکردنیشـی بـوو بـە تۆمـەت و بابەتـی دوژمنـکاری. ئـەوەش قورسـترین جـۆری پاکتـاوی نەژادییـە کـە جگـە لـە کـورد هیـچ میللەتێکـی تـری ئـەو جیهانـە بەسـەری نەهاتـووە.

بـەم شێـوە بڕیارەکانی کۆنگرەی پـاریـس و لەنـدەن و سـان ڕیـمـۆ کرایە پڕۆژەی پەیماننامـەی ئاشتی گشتگیر لەگـەڵ تورکیـا و لـە شـارۆچکەی سیڤـەر لـە نزیـک پاریسـی پایتەختـی فەڕەنسـا لـە سـاڵی ١٩٢٠ واژووکـرا. لێـرەدا ئـەوەی مایـەوە تەنهـا ناچارکردنـی

حکومەتـی ڕوخـاوی عوسـمانی بـوو لـە ئەسـتەمبۆل بـۆ واژووکـردن لەسـەری و هەروەهـا دامرکاندنـەوەی بزووتنـەوەی کەمالییـەکان لـە ئەنقـەرا. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش بەریتانیـا گلۆپـی سـەوزی بـۆ گریکـەکان (یۆنانییـەکان) هەڵکـرد بـۆ هێرشـکردنەوە سـەر سـمیرنا (ئیزمیـر) و ڕۆژئـاوای تورکیـا. سـوپای گریـک لـە شـاڵاوە سـەربازییەکەیدا توانـی ٢٥٠ کیلۆمەتـر بچێتـە نـاو خاکـی تورکیـا و سـەرکەوتنی یـەک دوای یەکـی تۆمارکـرد.

**نەخشەی ٧. نەخشەی سەربەخۆیی وڵاتان بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی سیڤەر**




سەرچاوە: کاری وەرگێڕ بە پشت بەستن بە سەرچاوە و نەخشە بیانییەکان.

## ڕووداوەکان لە سەروبەندی پەیماننامەی سیڤەر

ڕای گشتی کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتی بەریتانیا کەوتبووە ژێر پڕوپاگەندە و بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی "تایمز"، ئەوەش دڵەڕاوکێ و ترسی دروست کردبوو، بەوەی بەریتانیا بەهۆی جەنگەوە خۆی تووشی قەیرانێکی گەورە بووە و ئێستاش نایەوێت دەست لە مێزۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی تورکیا هەڵگرێ. ڕۆژنامەی تایمز لە یەکێک لە ووتارەکان ئاماژە بەوە دەدات کە گەلانی ئەو ناوچەیە لەمێژ نییە کۆمەڵکوژییان ئەنجامداوە، ناوچەکانی ترابزۆن و خارپوت و وان و بەدلیس تێکەڵەیەکن لە ڕەگەزی جیاواز، ئەوەش دەبێتە هۆی دووبارە خوێنڕشتن، هەروەها بەریتانیا بۆ پاڵپشتی کردنی پڕۆژەکانی لەو ناوچەیە پێویستی بە دابینکردنی ١٠ یەکەی گەورەی سەربازی هەیە. لە لایەکی تر لە باشووری مێزۆپۆتامیا شۆڕش بەرپابوو کە بە شۆڕشی بیست (ثوره العشرين) ناسرا و لە ساڵی ١٩٢٠ ڕوویدا، ئەوەش وایکرد خەڵک بێزاری خۆیان دەرببڕن لە بەردەوامی جەنگ و بەمەش تا دەهات فشارەکان زۆرتر دەبوون لە سەر لۆید جۆرج و وینستۆن چێرچڵ.

لە لایەکی دیکە، نوێنەری بەریتانیا لە تورکیای عوسمانی سێر کالتڕوب دوودڵیی و گومانی خۆی نیشاندا لە جێبەجێ کردنی پڕۆژەکانی سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان، بۆیە داوای لە شێخ عەبدولقادری شەمزینی و بەدرخانییەکان کرد ئەستەمبوڵ بەجێ بهێڵن و بچنە کوردستان بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی خێڵ و هۆزە لەدەست دەرچووەکان. کەمالییەکان ڕۆڵێکی خراپیان دەگێڕا لە هاندان و بەلاڕێدابردنی خێڵە کوردەکان هەم لە دژی حکومەتی ئەستەمبوڵ و هەم لە دژی پلانی بەریتانیا بۆ سەربەخۆیی کوردستان. کەمالییەکان لە یەک کاتدا لە دژی حکومەتی پاشماوەی عوسمانی و دژی هاوپەیمانان خەباتیان دەکرد.

لە نێوان نوێنەرایەتی بەریتانیا لە تورکیا و لە بەغدا لەسەر پرسی کورد ڕاوبۆچوونی جیاواز هەبوو. مێجەر نۆئیل بەردەوام بوو لە گەشت و هەوڵەکانی لەنێو خێڵە کوردەکان بۆ بڵاوکردنەوەی بیری سەربەخۆیی. نوێنەرایەتی بەریتانیا لە تورکیا دڵگران بوو بە کارەکانی مێجەر نۆئیل و بە لۆرانسی کورد یان پێغەمبەری کورد بانگیان

دەکرد. ئەدمیراڵ "ڕیتشارد وێب" کە وەکو نوێنەری نوێی بەریتانیا دەستنیشان کرا لە تورکیا، دژی ئەوەبوو پەلە بکرێت لە دروستکردنی وڵاتێک بۆ ئەرمەن لە ئەرزڕوم و ترابزۆن و وڵاتێکیش بۆ کورد لە چوار ولایەتی خارپوت و وان بەدلیس و ئامەد کە "ئارنۆڵد وێڵسۆن" لە بەغدا پەلەی لە دروستکردنی دەکرد. چونکە بە گوێرەی بۆچوونی ئەدمیراڵ پێکداپژان لە نێوان کورد و ئەرمەن ڕووداوێکی چاوەڕوانکراو و حەتمیە. جگە لەوەش ئەدمیڕال پێی وابوو دەبێت بەرژەوەندی بەریتانیا لەبەرچاو بگیرێت لە دروست کردنی سنوری نێوان مێزۆپۆتامیا و باکوور، باشتر وایە سنورەکە بە چیا سەختەکان تێپەڕ بێت نەك بە دەشتایی[1]. لەوەدا دەردەکەوێت کە دروستبوونی کوردستان هەموو ناوچە چیاییەکانی ئەمبەر و ئەوبەری کوردستانی دەگرتەوە، ئەوەش لەڕووی جیۆپۆلیتیکاوە بۆ وڵاتە تازە هەڵکەوتووەکەی بەریتانیا (واتە بۆ عێراق) مەترسیداربوو. بیرمان نەچێت بەریتانیا بۆ پاراستنی ناوچەکانی کۆنترۆڵ لە باکووری کوردستان پشتی خۆی بەستبوو بە حکومەتی ئەستەمبوڵ، خۆی ئامادە نەبوو نە سەرباز بنێرێت نە هیچ تێچوونێکی داراییش لە ئەستۆ بگرێت.

لەناوخۆی کوردستان بارودۆخەکە ئاڵۆز بوو، لۆرد کەرزۆن داوای ڕاوێژی لە "دی ڕۆبێک" دەکرد تاوەکو لە نزیکەوە هەواڵی ناوخۆی کوردستان بزانێت و لەگەڵ سەرکردە کوردەکان ئاخاوتن ئەنجام بدات. ناوبراو لە بارەی خێڵە کوردییەکان دەڵێت: "ڕایەکی گشتگیری نەتەوەیی نییە لە نێوانیان، زۆرینەی کورد هێشتا لە بیری خێڵایەتی و ناوچەگەری نەهاتۆتە دەر، جگە لە دەسەڵاتی شێخ و ئاغا هیچ دەسەڵاتێکی تر بە ڕەوا نابینن، دەبێت وریا بین و نەهێڵین دوژمنکاری لە نێوانیان ڕووبدات. هەرچی سەرکردە نەتەوەییەکانن ئەوا لەناوخۆی کوردستان هیچ پاڵپشتی و جەماوەریان نییە. هەرچی شەریف پاشایە ئەوا زێتر لە ناو تورکان ناسراوە نەك لەناو کوردان". لە هەمان کاتدا بۆچوونی فەرماندە سەربازییەکانی بەریتانیا لە تورکیا و دەریای سپی ناوەڕاست پڕ لە گومان بوو لەسەر پرسەکە، ئەوان پێیان باش بوو کە ئەو ناوچانە لێبگەڕین لەژێر دەسەڵاتی تورکیا بێت بەڵام بەچاودێری ئەوروپا

(١) لە ڕیتشارد وێبەوە بۆ لۆرد کەرزۆن، ئەرشیفی نامەکان.

تـا ئـەو کاتـەی دانیشـتوانی ناوچەکـە فێـری ژیانـی تـازە و شارسـتانی دەبـن و دەتوانـن کارگێـڕی کاروبـاری خۆیـان بکـەن. هەروەهـا فەرماندەیەکـی تـری سـەربازی بەنـاوی "لـۆک" گومانـی هەبـوو لـە بەڕێوەبردنـی وڵاتێکـی سـەربەخۆ لـە لایـەن کـوردەکان، پێـی وابـوو دەبێـت ئـەوان سـەرەتا لەژێـر چاودێـری هێزێکـی دەرەکـی ئۆتۆنۆمییـان بدرێتـێ تـا ئـەو کاتـەی لەسـەر پێـی خۆیـان دەوەسـتن لـە ئیدارەدانـی خۆیـان.

لـە لایەکـی تـر سـەدری ئەعـزەم فەریـد پاشـا لـە ئەسـتەمبۆڵ لەگـەڵ شـەریف پاشـا و عەبدولقـادر لـە پەیوەنـدی و دانوسـتان دابـوو لەسـەر پرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتان، ناوبـراو خـۆی دەستپێشـخەریی هەبـوو بـۆ قۆسـتنەوەی کـوردەکان دژی کەمالییـە ڕەگەزپەرسـتەکان، توانـی لـە ڕێگـەی چەنـد هێزێکـی خێڵـە کـوردەکان لـە شـارەکانی ئامـەد و خارپـوت و مـوش هێـرش بکاتـە سـەریان. شـێخ عەبدولقـادر لـە توانـای دا هەبـوو بەشـداری کارا و کاریگـەری هەبێـت لـە هێرشـەکان، بـەڵام نەیدەویسـت پەڵـە بخاتـە سـەر کەسایەتی خـۆی و نیـازی وابـوو هاوسـەنگی نێـوان هێـزەکان ڕابگرێـت. لـەو ئـان و سـاتەدا بەریتانییـەکان خوازیـاری ئـەوە نەبـوون ئاشـوب لـە باکـووری کوردسـتان (باشـووری ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا) دروسـت بێـت، چونکـە لایەنـە نەیارەکانـی، یـان بڵێیـن پێشـبڕکێکارەکانی لـە گۆڕەپانـی نێودەوڵەتـی، بـە تایبەتـی فەڕەنسـا، دۆخەکەیـان بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان ڕاکێـش دەکـرد. نوێنەرانـی بەریتانیـا پێیـان باشـبوو جـارێ دۆسـیەی کوردسـتان دوابخرێـت تـا دوای پەسـندکردنی مەرجەکانـی پەیماننامەکـە. داوا لـە هەریـەک لـە شـێخ عەبدولقـادر و فەریـد پاشـا کـرا ئـارام بگـرن و خێڵـە کـوردەکان جـارێ پەلکێشـی جەنـگ نەکـەن، چونکـە هەمـوو ئەوانـە پشـێوی دەخەنـە نـاو کۆنگرەکانـی ئاشـتی نێـوان هاوپەیمانـان. هـەر لەبـەر ئـەوە لـۆرد کـەرزۆن بروسـکەیەک بـۆ نوێنـەری بەریتانیـا لـە تورکیـا ئەدمیـڕاڵ دی ڕۆبێـک De Robeck دەنێرێـت تیایـدا دژایەتـی خـۆی نیشـان دەدات لـە ئاسـت هـەر جـۆرە ئاشـوبێک لـە نێـو کـوردەکان و هەروەهـا داوا دەکات تـا سـاتی نمایشـکردنی ئاشـکرای پەیماننامـەی ئاشـتی، پـڕۆژەی چارەسـەری کێشـەی کـورد لـە فەریـد پاشـا و شـێخ عەبدولقـادر بشـارنەوە[1].

(1) SalahiI R. Sonyel, M. A, The Secret of Anglo-ottoman Treaty of 1919 in The Light of

دەزگا دیپلۆماسی و سەربازییەکانی ئینگلیز لە هەوڵی ئەوەدا بوون قورسایی سەر شانیان کەم بکەنەوە بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بۆ ئەوەش لەگەڵ حکومەتی ئەستەمبۆڵ گەیشتبوونە لێکتێگەیشتن، بەڵام ئەوەی ئینگلیزەکان هەژماریان بۆ نەکردبوو، کەمالییەکان و حکومەتی تازە لەدایکبووی ئەنقەرا بوو، کە سەنگی خۆیان هەبوو و تەنانەت لەناو هەندێک لە خێڵە کوردەکانیش پشتیوانیان لێ دەکرا. حکومەتی ئەستەمبۆڵ نەیارێکی سەختی کەمالییەکان بوو، لە ڕێگەی "دی ڕۆبێک" نوێنەری بەریتانیا لە ئەستەمبۆڵ داوای لەناوبردنیانی دەکرد بە هاوکاری کوردەکان، چونکە بە گوتەی سەدری ئەعزەم، کەمالییەکان هاوپەیمانی بۆلشێڤییەکانی ڕوسیان و مەترسین بۆ سەر هەمووان. بەڵام بەریتانییەکان خواستی ئەوەیان نەبوو چیتر بەرەی نوێی جەنگ بکەنەوە و کێشەی نوێ بۆ خۆیان دروست بکەن. بەریتانییەکان ئەو لایەنەیان هەڵدەبژارد کە پارسەنگی هێزی بۆ خۆی کێش بکردایە.

دیوێکی دیکەی پرسی کورد بریتی بوو لە جیاوازی نێوان ڕوانگەی ئیدارەی بەریتانیا لە بەغدا لەوەی تورکیا و لەندەن. لۆرد کەرزۆن وەزیری دەرەوەی بەریتانیا وەکو نوێنەر لە دانوستان و گفتوگۆکان دەیخواست ناوچە تەواو کوردییەکانی سلێمانی، هەولێر و کەرکووک لە مووسڵ جیابکاتەوە و بیانخاتە پاڵ وڵاتی کوردستان، کەچی هەمان ئیدارەی بەریتانیا لە بەغدا بە نوێنەرایەتی ئارنۆڵد ویڵسۆن دژی ئەوەبوو، چونکە هەبوونی سلێمانی بۆ پاراستنی مێزۆپۆتامیا گرنگی هەبوو، واتە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە مووسڵ و باشووری عێراقی نوێ. کەرزۆن دەیویست بە تەواوی لە ناوچەکانی کوردستان بکشێتەوە و هیچ تێچوونێکی دارایی و سەربازی و سیاسی لە ئەستۆ نەگرێت، ئەگەر کوردەکان خواستی جیابوونەوەی تەواویان هەبێت بۆ جیابوونە لە تورکیا و داوای هاوکاری بکەن ئەوسا بەریتانیا ئامادە دەبێت هاوکارییان بکات.

مشتومڕی زۆر ڕوویدا لە نێوان لۆرد کەرزۆن و سێر ئارنۆڵد ویڵسۆن لەمەڕ

---

British Foreign Office Documents.

ناوچە کوردییەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک، تا ئاستی تووڕە بوون و دەنگ هەڵبڕین، تەنانەت بانگهێشت کردنی ئارنۆڵد ویڵسۆن لە لایەن لۆرد کەرزۆنەوە. کەرزۆن پێی وابوو عەرەبەکانی مێزۆپۆتامیا دژی دەسەڵاتی ئینگلیزەکانن و نابێت هەرێمە کوردییەکان بخرێنە ژێر ڕکێفی عەرەبەوە، بەڵکو سەربەخۆ بن و لە حاڵەتی پێویستدا دژی عەرەبەکان بەکار بهێنرێن. ویڵسۆن پێداگر بوو لەسەر هێشتنەوەی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک لە چوارچێوەی ولایەتی مووسڵ و وەکو بەشێک لە مێزۆپۆتامیا، ئەگەر نا، بە گوتەی ویڵسۆن، ئەوا نەک ولایەتی مووسڵ، بەڵکو هەموو مێزۆپۆتامیاش لەدەست دەدەن[1]. هەر بۆیە ویڵسۆن بروسکەیەکی نارد بۆ لەندەن دژایەتی سەختی خۆی بۆ پێشنیارەکانی شەریف پاشا ڕاگەیاند کە داوای لکاندنی کوردستانی باشوور بە کوردستانی باکورەوە دەکات لە چوارچێوەی پەیماننامەی سیڤەری ئاشتی. شەریف پاشا بەوە لەکەدار دەکات کە لەناو کوردەکان پێگەی نییە و کوردەکانیش زێتر مەیلیان بەلای تورکەکانەوەیە. شایانی باسە سێر پێرسی کۆکس، کە ئەوکاتە نوێنەری باڵای بەریتانیا بوو لە وڵاتی فارس، هاوبیری ئارنۆڵد ویڵسۆن بوو. لۆرد کەرزۆن هەرچەند بانگی ویڵسۆنی کردەوە بۆ گەڕانەوە، بەڵام ناوبرا بەهۆی لێهاتوویی لە کارەکانی و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی عەرەبەکان لە باشووری مێزۆپۆتامیا، لە شوێنەکەی خۆی هێڵرایەوە، ئەمەش وایکرد بۆچوونەکانی لە لایەن حکومەتی بەریتانیا لە هەمبەر دۆسیەی کورد پەسند بکرێن.

---

(١) بروسکە نامەکانی نێوان ئارنۆڵد ویڵسۆن و لۆرد کەرزۆن ڕێکەوتی ٢٥ی ئاداری ١٩٢٠.

## لە سیڤەرەوە تا لۆزان

ڕێککەوتننامـەی سـیڤەر لـە ١٠ی ئاب/ئۆگوسـتی ١٩٢٠ لـە شـارۆچکەی سـیڤەر (Sevres) واژوو کـرا. ڕێککەوتننامـەی سـیڤەر بڕیـاری لەسـێدرەدان بـوو بـۆ دەوڵەتـی عوسـمانی، وەلـێ کورتمـەودا بـوو، تەمەنـی تەنـێ سـێ سـاڵی خایانـد، تیایـدا بـۆ یەکەمیـن جـار بـوو پرسـی کوردسـتان بچێتـە نـاو نەریتـی یاسـایی لـە ڕێککەوتننامـە نێودەوڵەتییـەکان. پرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتان جیـاواز بـوو لـە سـەربەخۆیی ئەرمینیـا، چونکـە کـورد پێشـتر وڵاتـی خـۆی نەبـووە و تێگەیشـتنی بـۆ هەبوونـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی نەبـووە، هـەر بۆیـە ئـەو پەرتەوازەییـە و سەرلێشـیواوییەی کـورد لـە هەمبـەر سـەربەخۆیی کوردسـتان شـتێکی چاوەڕوانکـراو بـوو. ئەرمەنییـەکان دەمێـك بـوو چووبوونـە نـاو عورفـی دیپملۆماسـی نێودەوڵەتـی و هۆشـیاری نەتەوەییـان بـە دەیـان قۆنـاغ لـە پێـش هۆشـیاری نەتەوەیـی کـوردەوە بـوو.

ڕێککەوتننامـەی سـیڤەر لـە زۆر لایەنـەوە ئەگـەری شکسـتی نزیـک بـوو، پێـش هەمـوو شـتێک وڵاتانـی دانـەری ئـەو ڕێککەوتننامەیـە ئامانجێکـی فراوانخـوازی و تاکتیکانەیـان هەبـوو، لـە هەموویـان سـودمەندتر بەریتانییـەکان بـوون، ئەوانیـش لەگـەڵ هـەر گۆڕانێکـی دۆخـی سیاسـی، هەڵوێسـتی خۆیـان دەگـۆڕی. دکتـۆر فریتـز هێسـێ-ی ئەڵمانـی دووپاتـی دەکاتـەوە کـە ئامانجـی بەریتانیـا لـە دروسـتکردنی کوردسـتانی سـەربەخۆ تەنهـا بـۆ دروسـتکردنی لەمپەرێـک بـووە لـە بەرانبـەر سـۆڤیەت بـۆ پاراسـتی بەرژەوەندییەکانـی خـۆی لـە مێزۆپۆتامیـا[1]. ئـەوان ڕژد نەبـوون بـۆ جێبەجـێ کردنـی ماددەکانـی، ئەوەتـا سـەرکەوتنی هێـزی کەمالییـەکان بەسـەر ئەرمەنـەکان لـە سێپتێمبەری ١٩٢٠ مانگێـک دوای بەسـتنی ڕێککەوتننامەکـە، هەروەهـا بەرهەڵسـتی سـوپای کەمالـی لەبەرانبـەر گریکـەکان لـە یەنایـەری ١٩٢١ و سـەرکەوتن بەسـەریان، وا دەکات بەریتانیـا بـەرە بـەرە واز لـە ڕێککەوتننامەکـە بهێنێـت.

یەکێکـی تـر لـە هـۆکارە گەورەکانـی شکسـتی سـیڤەر، سـەرکەوتنەکانی ڕوسـیای سـۆڤیەتی بـوو لـە ناوچەکانـی ڕۆژهـەڵات و قەفقـاز و هەروەهـا دامرکانـەوەی جەنـگ

---

(1) Fritz Hesse, Die Mossul-Frage, Berlin-Grunewald 1925, p. 14.

لەگـەڵ پۆڵەندییـەکان، دواتـر دەستبەسـەر داگرتنـی جۆرجیـا و ئەرمینیـا، ئەمانـە هەمـوو بوونـە هـۆی گۆڕانـکاری خێـرا لـە سیاسـەتی وڵاتـان بەرانبـەر ڕوسـیا. لـە لایەکـی تریشـەوە کەمـال ئەتاتـورک لـە ناوەڕاسـتی ئەناتۆڵیـا بـە یارمەتـی کـوردەکان چەنـد بەرەیەکـی جەنگـی کـردەوە لـەدژی گریکـەکان و ئەرمەنـەکان و سەرکەوتنیشـی تۆمارکـرد. جگـە لەوانـەش، ئەتاتـورک پەیوەنـدی بەهێـزی دروسـت کـرد لەگـەڵ بۆلشـێڤییەکانی ڕوسـیا، ئەمـەش وایکـرد حکومەتـی ئەنقـەرا لـە گۆڕەپانـی نێودەوڵەتـی بـە فەرمـی بناسرێـت و ئەژمـاری بـۆ بکرێـت و حکومەتـی ئەسـتەمبۆڵیش ڕۆژ دوای ڕۆژ لاوازتـر دەرکەوێـت.

بەریتانییـەکان بەهـۆی ڕاپەڕینـی کـورد و ڕاپەڕینـی باشـووری مێزۆپۆتامیـا دۆخیـان شـلۆق ببـوو و بـەدوای ڕێگەچـارەی خێـرا دەگـەڕان. ئارنۆڵـد ویڵسـۆن پێـی وابـوو یـان دەبێـت بەریتانیـا بـە هێزێکـی زۆرتـرەوە لـە مێزۆپۆتامیـا ئامـادە بێـت یـان بـە تـەواوی بکشـێتەوە، ئۆفیسـی لەنـدەن بەهیـچ کام لـەو پێشـنیارانە ڕازی نەبـوو، بۆیـە ناوبـراو جێگۆڕکـێ کـرا بـە سـێر پێرسـی کۆکـس، کـە لـە تارانـەوە بانگکرایـە بەغـدا و لـەوێ دەسـتبەکاربوو. ناوبـراو لێهاتـوو و سیاسـەتمەدارێکی نەرمونیـان بـوو، توانـی تـا کۆتایـی سـاڵی ١٩٢٠ بـە تـەواوی کۆتایـی بهێنێـت بـە ڕاپەڕینـەکان. وەزیـری کۆلۆنیالیـزم وینسـتۆن چێرچـڵ هەسـتا بـە ڕێکخسـتنی کۆنفرانێسـک لـە قاهیـرە کـە مـاوەی ١٢ تاکـو ٣٠ی ئـاداری ١٩٢١ بـەردەوام بـوو و خـۆی سـەرۆکایەتی کـرد. تـۆڕی هەواڵگـری کـە پێکهاتبـوون لـە هەریـەک لـە لۆرانـس و مێجـەر نۆئێـل و گێرتـرود بێـل و چەندیـن ئەفسـەری تـر بەشـدارییان کـرد. هـەر لـەوێ بڕیـاردرا فەیسـەڵ بکەنـە پاشـای وڵاتـی تـازە بەرهەمهاتـووی بەریتانیـا، واتـا عێـراق و براکەشـی عەبـدوڵا بکەنـە پادشـای ئـوردن، کوردیـش هیـچ نوێنەرێکـی نەبـوو، یـان ڕاسـتتر بڵێیـن ڕێگـە بەهیـچ کوردێـک نـەدرا بەشـداری تێـدا بـکات. لـە کۆنفڕانسـەکە بـە بـاش زانـرا گۆڕانـکاری بکرێـت لـە ڕێککەوتننامـەی سـیڤەر و پرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتانیش جۆرەهـا بۆچوونـی جیـاوازی لـە دەوری خـۆی گەڵاڵەکـرد.

هەریـەک لـە پێرسـی کۆکـس و گێرتـرود بێـڵ پێیـان وابـوو کـە ولایەتـی مووسـڵ بـە شـاری سلێمانییەوە لـە لایـەن موتەسـەرفییەت بەڕێـوە ببرێـن بـە هـاوکاری ئەفسـەرانی

ئینگلیـز و کاربەدەسـتانی کـورد، بـەڵام دەبێـت بەشـێکی تـەواوکار بێت بـۆ عێـراق بەهـۆی لایەنـی ئابوورییـەوە، کـوردەکان نوێنەریـان هەبێـت لـە پەڕلەمانـی عێـراق، بـەڵام گومانیشـیان هەبـوو کـە سـلێمانی بـەوە ڕازی بێـت. لـە لایەکـی تـر سـەرهەنگ "یـانـگ" پێـی وابـوو خەمساردی نەکرێـت لـە دروسـتکردنی دەوڵەتـی کوردسـتان کـە هـەر بەنـاو سـەربەخۆ بێـت لـە حکومەتـی عێراقـی ژێـر دەسـەڵاتی نوێنـەری بـاڵای بەریتانیـا، پێویسـت نـاکا هیـچ هێزێکـی سـەربازی عەرەبـی بنێردرێتـە ئـەوێ، چونکـە کـوردەکان خۆیـان پارێـزگاری لـە خۆیـان دەکـەن.

لـە میانـەی کۆنفرانسـەکە، وینسـتۆن چێرچـڵ پرسـیارێک دەکات لـە مێجـەر نۆئیل لەسـەر ڕاوبۆچوونـی کـورد لەبـارەی ڕێککەوتنامـەی سـیڤەر، بـەڵام ناوبـرا هیـچ وەڵامێکـی پـێ نەبـوو، چونکـە ئاشکرایە کـە کـوردەکان هیـچ شـتێکیان لەبـارەی ڕێککەوتنەکـە نەدەزانـی و هـەر نەیانبیسـتبوو. نۆئێـل هۆشـداری دا لـە ئەگـەری ئاشـوبگێڕیی تورکـەکان لـە سـلێمانی و ڕایگەیانـد کـە کـوردەکان حەزدەکـەن ئۆتۆنۆمـی خۆیـان هەبێـت و لـە تواناشـیان دا هەیـە ئەگـەر پێویسـت بـکات، بەرەنـگاری حکومەتـی عێراقـی عەرەبـی ببنـەوە. بـۆ ڕاگرتنـی هاوسـەنگی لـە بەرانبـەر حکومەتـی عێراقـی پێویسـتە دەوڵەتـی کوردسـتان بوونـی هەبێـت. مێجـەر نۆئێـل داواشـی کـرد کـە دەڤـەری ئامێـدی بخرێتـە سـەر وڵاتـی باشـووری کوردسـتان. (بەگوێـرەی ڕێککەوتنامـەی سـیڤەر ئامێـدی بەشـێک بـوو لـە دەوڵەتـی کوردسـتان لـەو بەشـەی باکـوور). جگـە لـەوەش سـەرهەنگ لۆرانـس دژایەتـی خـۆی دەربـڕی بەرانبـەر ئـەوەی کـە کوردسـتان بخرێتـە ژێـر ڕکێفـی دەسـەڵاتی عەرەبـی عێراقـی، پێـی وابـوو یـەک کاربەدەسـتی کـورد بەسـە بـۆ کارگێـڕی و بەڕێوەبردنـی کوردسـتان.

چێرچـل ڕازی بـوو بـە دروسـتکردنی دەوڵەتێکـی کـوردی (لـەو بەشـەی باشـوور) کـە ببێتـە بەربەسـت لـە نێـوان تورکیـا و عێـراق و هـاوکاری پێشکەشـی ناودارتریـن سـەرکردی کـورد بکرێـت بـۆ بەڕێوەبردنـی، بـەڵام بـە هەمـوو شـێوەیەک دەبێـت هـەردوو بەشـی عەرەبـی و کـوردی ئـەو وڵاتـە لەژێـر دەسـەڵاتی بەریتانیـا بێـت. چێرچـڵ هەروەهـا ئامـاژەی دا بـە دەسـتەبەرکردنی مافەکانـی کـورد لـە لایـەن بەریتانیـا هاوشـانی دەسـتەبەرکردنی مافەکانـی عـەرەب، هەروەهـا دروسـت کردنـی

دوو یەکـەی سـەربازی گـەورە لـە کـوردەکان بـۆ کەرکـووک و سـلێمانی. دەبێـت کار بکرێـت بـۆ لێـک نزیککردنـەوەی هـەردوو بەشـی کـوردی و عەرەبـی و کۆکردنەوەیـان لـە وڵاتـی عێـراق. ولایەتـی مووسـڵیش بـێ هیـچ گومانێـک دەبێـت بەشـێک بێـت لـە عێـراق، هەرچـی سـنوری باکـورە دەبێـت هێزێـک لـە کـوردەکان دروسـت بکرێـت بـۆ پاراسـتنی. ئـەوەی جێـی سـەرەنجە، پێرسـی کۆکـس لـە ١٥ی ئـادار دەڵێـت" دەبێـت ئێمـە کوردسـتانێکی دۆسـت دروسـت بکەیـن لـە بەرانبـەر عەرەبـە نادۆسـتەکانی باشـوور". شـایانی باسـە کۆنفرانسـی قاهیـرە هیـچ کام لـە ڕاسـپاردەکانی لەسـەر پرسـی کـوردی وەکـو بڕیـار ڕانەگەیانـد، بەڵکـو پرسـەکەی هـەروا بەنیوەچڵـی هێشـتەوە.

لـە کۆنفرانسـی قاهیـرە دەرکـەوت کـە ڕێککەوتننامـەی سیڤەر جێبەجـێ ناکرێـت. یەکـەم حکومەتـی عێراقـی دامـەزرا بـە سـەرۆکایەتی عەبدولرەحمان ئەلنەقیب گەیلانی، گشتپرسـیش ئەنجامـدرا بـۆ هەڵبژاردنـی فەیسـەڵ وەکـو پادشـا. تەنهـا پیـاو ماقولانـی هەولێـر و بەشـێک لـە مووسـڵ دەنگیـان بـۆی دا بـەڵام بـە مەرجێـک مافەکانـی کـورد جێبەجـێ بـکات، کەرکـووک بـە دژ دەنگـی دا و سـلێمانیش بەشـداری گشتپرسـییەکەی نەکـرد. کـوردەکان ئامـادە نەبـوون لـە وڵاتێکـی عەرەبـی بـن و عـەرەب حوکمیـان بـکات. لێـرەدا ئەرکـی بەریتانییـەکان لـە بەغـدا دروسـتکردنی ئـاژاوە نانـەوە بـوو، چونکـە بەرهەڵسـتی کـورد پاسـاوێک بـوو بۆئـەوەی هێزەکانیـان لـە بەغـدا بهێڵنـەوە. کوردسـتان کرایـە چـوار بەشـی بەڕێوەبـردن، کۆیـە، هەولێـر، سـلێمانی، کەرکـووک، هەماهەنگـی هەبێـت لـە نێـوان ئەفسـەرانی ئینگلیـز و کاربەدەسـتانی کـورد بـۆ بەڕێوەبـردن. بـەڵام ئـەوە سـەری نەگـرت. لـە دۆڵـی شـارەزوور مەحمودخـان دیزڵـی بـۆ پشـتیوانی شـێخ مەحمـود جووڵانـەوەی چەکداریـی ڕاگەیانـد، جوڵانـەوەکان هەڵەبجـەی گرتـەوە، جافـەکان بـە فەرماندەیـی عادیلـە خانـم یاخـی بوونیـان دەسـتپێکرد، دواتـر ڕاپەڕیـن پشـدەر و ئاکرێ و ڕانییەشـی گرتـەوە. تورکـەکان دەسـتیان لـە پشـت زۆربـەی جوڵانـەوەکان هەبـوو، ئـەوان هێشـتا چاویـان لـە ولایەتـی مووسـڵ بـوو. شـێخانی بەرزنجـی ڕووبەڕووبوونـەوەی چەکدارییـان ڕاگەیانـد و داوای گەڕاندنـەوەی بـە پەلـەی شـێخ مەحمودیـان کـرد لـە مەنفـا. لـە کۆتایـی ١٩٢١ لـە هەولێـرەوە هـۆزی سـورچی ڕاپەڕینـی دەسـت پێکـرد. هێـزی ئاسـمانی شاهانەی بەریتانیـا بـە بەکارهێنانـی بۆمبـی

بەهێـز ڕاپەڕینەکـەی سـەرکوت دەکـرد. دواتـر خێڵـی هەمەوەندیـش هاتنـە نـاو ڕاپەڕینەکـەوە، جەنـگ بـەردەوام بـوو تـا نیـوەی یەکەمـی ١٩٢٢. تورکـەکان خۆیـان گەیانـدە ڕوانـدوز و کەسـانی سـەربەخۆیان کـردە قایمقـام، سـۆزی ئایینـی و خەلافەتیـان لای خەڵـک نـوێ کـردەوە و جۆشـیان دان بـۆ جیهـاد دژی ئینگلیـز. تورکـە کەمالییـەکان پێگـەی بەریتانیایـان لـە کوردسـتانی باشـوور لـەق کـرد. ئینگلیـزەکان ڕێگەچارەیەکـی تریـان گرتەبـەر، ئەویـش کڕینـەوەی هەندێـک لـە سـەرۆکهۆز و ئاغـاکان بـوو.

لـەو دۆخـە ئاڵـۆزەدا ئینگلیـزەکان ناچاربـوون لـە سـێپتێمبەری ١٩٢٢ شـێخ مەحمـود بهێننـەوە سـلێمانی، کـە مێجـەر نۆئیـل یـاوەری بـوو. شـێخی بەرزنجـی بـێ گوێدانـە بەریتانیـا و سیاسـەتەکەی، دووبـارە خـۆی وەکـو حوکمـداری کوردسـتان ڕاگەیانـد و ڕەفتاریشـی وەکـو نوێنەرێکـی وڵاتـی بێگانـە لەگـەڵ مێجـەر دەکـرد، نـەک وەکـو نوێنـەری وڵاتێکـی خـاوەن ئینتیـداب (مانـدات). ڕووداوەکانـی ئـەو ماوەیـە زۆر و چـڕن و بـە نەگەیشـتنە هیـچ ڕێککەوتنێـک لـە نێـوان ئینگلیـز و سـلێمانی کۆتایـی دێـت، دواجـار بەریتانییـەکان لـە سـەرەتای ئـاداری ١٩٢٣ بڕیـاری بۆمبـاران کردنـی شـاری سـلێمانی دەدەن و شـێخ و یاوەرەکانـی نوشوسـت دەهێنـن. شـێخ مەحمـود دوای سـێ مانـگ دووبـارە گەڕایـەوە سـلێمانی، بـەڵام ئینگلیـزەکان بازنـەی دەسـەڵاتییان تەسـک کـردەوە، لـە ڕێگـەی بەکرێگیراوانیـان ناوچەکانـی دیکـەی کوردسـتانیان بەڕێوەدەبـرد، بـەم شـێوەیە شـێخ مەحمـود گۆشـەگیرکرا. ئینگلیـزەکان دواتـر دان بـەوەدا دەنێـن کـە کـوردەکان کۆنـترۆڵ ناکرێـن، تەنانـەت خـودی چێرچـڵ دەڵێـت لـە مێـژوودا کـەس نەیتوانیـوە بەسـەر کـوردەکان زاڵ بێـت، ئێمـە چەنـد مانگێکـە بۆمبارانیـان دەکەیـن، ئایـا ئەوەیـە حوکمکردنـی کوردسـتان؟

بـەو شـێوەیە خەونـی کـوردەکان کـە لـە سـەر بنەمـای دۆسـتایەتی لەگـەڵ بەریتانیـا بونیادنرابـوو بـۆ دروسـتکردنی دەوڵەتـی کوردسـتان، هەروەکـو خـەون مایـەوە. بـەڵام تێکۆشـان و خـۆ بەدەسـتەوە نـەدان ئـەدگاری کـورد بـوو، بنەمایـەک بـوو بـۆ بەردەوامیدان بـە شـۆڕش و بزاوتـن لـە پێنـاوی ڕزگارکردنـی کوردسـتان لـە ژێـر چەپۆکـی بێگانـەکان.

## لــۆزان - لـەسێـدارەدانـی کـورد

وەکــو وەبیرهێنانەوەیــەک بــە گرنگــی دەزانیــن نەخشــەی هاوکێشــە سیاســییەکان بــە کورتــی بخەینــەوە ڕووو. بەریتانیــا باشــووری مێزۆپۆتامیــا و ولایەتــی مووســڵی بــە تــەواوی ناوچەکانــی باشــووری کوردســتانەوە بــۆ خــۆی دابڕیبــوو، فەڕەنســاش ســوریا و بەشــێکی باکــووری کوردســتان و ناوچــەی کیلیکیــا، گرێســیا و ئیتاڵییەکانیــش باشــوور و ڕۆژئــاوای ئەناتۆڵیــا. هاوپەیمانــان بــە تایبەتــی بەریتانیــا گرەویــان لەســەر ئەنجامــی جەنگێــک دەکــرد کــە هەریــەک لــە حکومەتــی تاشــناکی ئەرمەنــی لــە ڕۆژهــەڵات و گریکــەکان لــە ڕۆژئــاوا دژی هێــزی کەمالییــەکان بەرپایــان کردبــوو. ناوچەکانــی ژێــر دەســتی فەڕەنســا و ئیتاڵیــا لــە تورکیــا مەترســی ڕاســتەوخۆیان لەســەر بــوو لــە حاڵەتێك ئەگــەر تورکــەکان لــە بەرەکانــی جەنــگ ســەرکەوتنیان تۆمــار بکردایــە. هــەر بۆیــە کــەس ئامــادە نەبــوو کات بەفیــڕۆ بــدات، لەگــەڵ هــەر گۆڕانێــک لــە گۆڕەپانــی جەنــگ، ئەوانیــش ئامــادەی گۆڕینــی سیاســەتی خۆیــان بــوون بەرانبــەر حکومەتــی ئەنقــەرا. مســتەفا کەمــال بــەردەوام بــوو لــە تیژکردنــەوەی هەســتی ئایینــی لەنــاو کــورد و تۆقاندنیــان بــە نــاوی ئــەوەی ئەگــەر ئەرمەنــەکان لــە جەنگــدا ســەربکەون ئــەوا تــەواوی کوردســتان دەکەوێتــە ژێــر دەســتیان و چارەنووســی کــورد دەچێتــە تاریکییــەوە، لــە پــاڵ ئــەوەش بەڵێنــی دروســتکردنی دەوڵەتێکــی کوردســتانی ســەربەخۆی دابــوو. بــەو شــێوەیە کوردەکانــی لــە ڕیزەکانــی ســوپا کــردە ســەری ڕم بەرانبــەر ســوپای ئەرمینیــای تاشــناکی لــە ڕۆژهــەڵات و بەرانبــەر گریکــەکان لــە ڕۆژئــاوای تورکیــا. کــوردە ئــازاکان لــە بەرەکانــی جەنــگ ئەرمەنەکانیــان تێکشــکاند و لــە بەرەکانــی ڕۆژئــاواش بەرانبــەر گریکــەکان پێشــڕەوییان دەکــرد. بەڵــێ کــوردە ئــازاکان بــوون زۆربــەی یەکــە ســەربازییەکانی ســوپای ئەتاتورکیــان پێکهێنابــوو. ئــەوان تورکیایــان ئــازاد کــرد و دایانــە دەســت ئەتاتــورک، دواتریــش خۆیــان کۆمەڵکــوژ کــران.

لەولاشــەوە یەکێتــی ســۆڤیەت بەرەنــگاری هەمــوو ئاڵنگارییەکانــی ناوخــۆ بــووەوە و پلانــە فراوانخوازییەکانــی لــە وڵاتانــی قەفقــاز تــا دەگاتــە ئەرمینیــا ســەری گــرت. ڕوســیای ســۆڤیەت لــە ئەتاتــورک نزیــک بــووەوە دژی ئیمپیریالیزمــی بەریتانــی و فەڕەنســی،

هەمــوو ئەوانــە وایــان کــرد گۆڕانــکاری ڕیشــەیی دروســت بێــت لــە سیاســەتی دەرەوەی وڵاتانــی هاوپەیــمان بەرانبــەر تورکیــا. شــایانی گوتنــە فەڕەنســا و ئیتاڵیــا ڕاســتەوخۆ بەرژەوەندییەکانیــان کەوتــە مەترســییەوە، چونکــە ئــەوان لەنــاو جەرگــەی تورکیــا بــوون و خاوەنــی ئــەو هێــزە زۆرەش نەبــوون لــە ناوچەکــە. گریکــەکان پێویســتیان بــە هــاوکاری ســەربازی بەریتانیــا بــوو بــۆ بەردەوامــی لــە جەنــگ، بــەڵام وینســتۆن چێرچــڵ بــۆ ســەرۆکوەزیران دەنوســێت: کارێکــی هەڵــە دەکەیــن ئەگــەر هــاوکاری گریکــەکان بکەیــن، چونکــە ئــەوە وادەکات تورکــەکان بچنــە باوەشــی بۆلشــێڤییەکانی ڕوســیا، بەمــەش هەمــوو بەرژەوەندییەکانمــان لــە مێزۆپۆتامیــا و مووســڵ دەکەوێتــە مەترســییەوە و ئەرمەنەکانیــش دووبــارە تووشــی کوشــتوبڕی دەبنــەوە[1]. لێــرەدا ڕێککەوتننامــەی ســیڤەر بــە تــەواوی جێــی لــەق بــوو. بەریتانییــەکان پەنایــان بــرد بــۆ دان نــان بــە حکومەتــی ئەنقــەرا و دروســتکردنی پەیوەنــدی لەگەڵیــان. یەکەمیــن کاریشــیان بریتــی بــوو لــە قوربانــی دان بــە کوردســتانی ســەربەخۆ. ئەنجومەنــی بــاڵای وڵاتانــی هاوپەیــمان لــە مانگــی یەنایــەری ١٩٢١ (شــەش مانــگ دوای واژووکردنــی ڕێککەوتننامــەی ســیڤەر) بڕیاریــان دا کۆنفڕاس ئەنجــام بــدەن و پێداچوونــەوە بکــەن بــە ڕێککەوتننامــەی پێشــوو، هەروەهــا بانگهێشــتنامەش پێشکەشــی حکومەتــی ئەنقــەرا بکــەن بــۆ بەشــداری کــردن! ئەمەبــوو ســەرەتای گۆڕهەڵکەنیــن بــۆ کــورد.

کۆبوونــەوەکان لــە لەنــدەن لــە مــاوەی نێــوان ٢١ فبرایــەر تاکــو ١٤ی ئــاداری ١٩٢١ دەســتیان پێکــرد، تیایــدا داوای پێداچوونــەوە کــرا بــە پرســی کــورد و ئەرمــەن و ســنوری تورکیــا. نوێنــەری تورکیــا بەکــر سامی بەگــی وەزیــری دەرەوە، کەسێکی توندڕەوی شۆڤینی بــوو، داوای گەڕاندنــەوەی ســنورەکانی کــرد بــۆ ســنوری پێشــووی تــورک و فــارس. لۆیــد جــۆرج ڕایگەیانــد کــە ئیــتر کێشــەکان لــەو کۆنفڕانســە بــە تــەواوی چارەســەر دەکەیــن، پێــش هەمووشــیان پرســی کــورد و ئەرمــەن. وەک دەردەکەوێــت هاوپەیمانــان بــە ئاشــکرا ســازش دەکــەن بــۆ تورکیــا، بــەڵام لۆیــد جــۆرج جۆرێــک پێداگریــی پێــوە دیاربــوو لەســەر ئــەو دوو پرســە، نوێنــەری تورکیــا وەکــو هەمیشــە بەشــێوازی فێــڵاوی و درۆئامێــز گوتــی

(١) وینستۆن چێرچڵ، قەیرانی جیهانی، لاپەڕە٢٧١.

ئێمە هەر نوێنەری تورکەکان نین، بەڵکو نوێنەری کوردستانیش دەکەین. هاوپەیمانان بۆچوونەکانی ناوبراویان لا پەسند نەبوو، چونکە لە شاندە تورکییەکە هیچ ئەندامێکی ناوچە کوردستانییەکانیان لەگەڵ نەبوو.

لە ڕۆژی ٢٦ی فبرایەر لە کۆنفرانسەکە پرسی کورد بە تێروتەسەلی خرایەڕوو. وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لۆرد کەرزۆن داوای کرد بارودۆخی داهاتووی سیاسی لە کوردستان ڕوون بکرێتەوە، کە تورکیا چ نیازێکی هەیە لە بەڕێوەبردنی. نوێنەری شاندی تورکیا بەکر سامی بەگ گوتی ئێمە جیاوازی ناکەین لەنێوان هیچ کەسێک، ئەوەتا خۆم چەرکیسم و لە لایەن خەڵکی تورکەوە هەڵبژێدراوم، بە هەمان شێوە کوردەکان تورک هەڵدەبژێرن وەکو نوێنەریان لە ولایەتەکانیان. جگە لەوەش باسێکی نادروستی خستەڕوو لەسەر دۆخی ئیتنیی ناوچە کوردستانییەکان، دیاربەکر و چەند ناوچەیەکی کوردستانی بە تورک دانا و تەنێ بەدلیس و وان و مووسڵ نەبێت کە کوردی لێ دەژین بە تێکەڵاوی لەگەڵ نەتەوەی دیکە. هەرچەند لۆرد کەرزۆن داوای وردەکاری کرد، بەڵام نوێنەری شاندی تورکیا خۆی لە ڕاستییەکان دەبوارد. لۆرد کەرزۆن ڕایگەیاند کە حکومەتی تورکیا لەسەری پێویستە ئۆتۆنۆمی بداتە کوردەکان لەو ناوچانەی کە زۆرینەن. بەکر سامی بەگ وای نیشان دا کە کوردەکان و تورکەکان بران و هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ یەک، هەروەک چۆن ئینگلیز و سکوتلەندییەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ یەک. بەکر سامی بەگ ئەگەرچی لە سیاسەتی دەرەوە و زۆر پرسی دیکە دژی مستەفا کەمال ئەتاتورک بوو، بەڵام لە پرسە چارەنوسسازەکان هاودەنگی بوو، لەوانەش دژی پێدانی مافی سەربەخۆیی بوو بە کوردستان.

هاوپەیمانان خوازیار بوون دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان دامەزرێت، بەڵام لە بەرانبەر ئەوەشدا ڕێگەچارەی تریان نەبوو جگە لە پێشکەشکردنی سازش بە تورکیا، بە تایبەتی لەسەر هەردوو پرسی کورد و ئەرمەن. سیاسەتی دەرەوەی تورکیا گۆڕانکاری خێرای بەخۆیەوە بینی. حکومەتی ئەنقەرا لە سەروبەندی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی لەندەن هەستا بە دروستکردنی پەیوەندی و بەستنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ وڵاتان، لەوانە لەگەڵ فەڕەنسا وئیتاڵیا. حکومەتی ئەنقەرا تا دەهات زێتر لە گۆڕپانی نێودەوڵەتی

ناوودەنگی پەیدا دەکرد، ئەوەش ڕاستەوخۆ کاریگەری نێگەتیڤی هەبوو بۆ سەر پرسی کوردستان. لە هەمووشیان گرنگتر واژووکردنی پەیوەندی دۆستایەتی و برایەتی بوو لە نێوان تورکیای تازە و یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێکەوتی ١٦ی ئاداری ١٩٢١. زیانی زۆر چاوەڕێی بەریتانیا بوو، کە هەرچەند لە هەوڵی ئەوەدابوو پەیکەری ڕێککەوتننامەی سیڤەر نەڕوخێ، بەڵام وڵاتانی تری هاوپەیمان وەکو فەڕەنسا و ئیتاڵیا کە کەمتر قازانجیان لە ڕێککەوتنەکە کردبوو، گوێیان پێی نەدەدا، یان باشتر لەو پەندە کوردییە ڕوونی بکەینەوە: گوێ درێژ دەڵێ تۆپینی خۆم و زیانی خاوەنەکەم! ئەوان قازانجیان هەر نەکردبوو، بۆیە حەزیان دەکرد بەریتانیاش قازانج نەکات. بەم شێوەیە کۆنگرەی لەندەن شکستی هێنا و کێشەی کوردی هێنایەوە ناو بازنەی یەکەم. سەرەڕای ئەوەش بەریتانییەکان ئەوەندە زیانمەند نەببوون، چونکە مێزۆپۆتامیا و باشووری کوردستانیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردبوو. پرەنسیپی دوو هەنگاو سەرکەوە بۆئەوەی هەنگاوێک مسۆگەر بکەیت، داوای سەربەخۆیی بۆ باکووری کوردستان بۆ ئەوەبوو کە ببێتە بابەتی سازش لە دانوستانەکان، باشووری کوردستان و مێزۆپۆتامیاش مسۆگەر بکەن.

لە نۆڤێمبەری ١٩٢١ فەڕەنسا ڕێکەوتنێکی لەگەڵ ئەنقەرا بەناوی فرانکلین-بۆیۆن مۆرکرد، تیایدا کۆتایی بە جەنگ لەگەڵ تورکیا هێنا و پاشگەز بووەوە لە ڕێککەوتننامەی سیڤەر، هێزەکانی لە تورکیا کشاندەوە، ئەنتاکیای و کیلیکیای بەجێ هێشت، ئەسکەندەرۆنەش بۆ سوریا مایەوە. بەمەش تابوتی مەرگ بۆ کورد ئامادە کرا. بەریتانیا دژی ڕێکەوتنەکە بوو، ئەوەش نا لەبەر خاتری کورد، بەڵکو لەبەر کەوتنی مەترسی بەسەر ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی لە ولایەتی مووسڵ. بەریتانییەکان داوای گەڕاندنەوەی ناوچەی نەسیبین و جزیرو بۆتانیان کرد، بەڵام فەڕەنسییەکان دڵنیاییان دا کە ئەو ڕێککەوتنە هیچ مەترسی نابێت بۆ سەر ناوچەی هەژموونی بەریتانیا. لەو بارەیەوە نووسەرانی فەڕەنسی دڵگرانی خۆیان دەربڕی و پێیان وابوو ئەوە ناپاکییە کە فەڕەنسا لەگەڵ کوردە بە ئەمەکەکان کردوویەتی، لەوانە نووسەر ئۆگوست گۆڤین لە گۆڤاری "جۆرنا دی دیبا"[١].

---

(١) ژمارە١١٦، ١٧ی بفرایەری ١٩٢٢.

لە کۆتایی مانگی ئۆگوست و سەرەتای سێپتێمبەری ١٩٢٢ گریکەکان لە بەرەکانی جەنگ دۆڕانێکی گەورەیان بەخۆیانەوە بینی لە بەرانبەر هێزەکانی کەمالییەکان. دوای مانگێک لۆید جۆرج سەرۆکوەزیری بەریتانیا کە بە دانەری "ڕێککەوتننامەی سیڤەر" ئەژمار دەکرێت، بە تەواوی وازی لە کاری حکومی و سیاسی هێنا. ئیتاڵییەکانیش لە باشووری ئەناتۆلیا کەوتنە جموجوڵ بۆ کشاندنەوەی هێزەکان، چیتر بەریتانییەکان لە گۆڕەپانەکە ئەوەندە لە توانایان نەبوو هیچ فشارێک بکەنە سەر حکومەتی ئەنقەرا، کە تا دەهات بە گوڕوتینتر دەبوو، لە هەموو بوارەکان سەرکەوتن و بەرەوپێش چوونی تۆمار دەکرد.

کۆنگرەی لۆزان هەژدە مانگی خایاند، کۆبوونەوەکانی لە نێوان هەردوو ساڵی ١٩٢٢-١٩٢٣ بەردەوام بوو. پرسی کورد هاوشانی ولایەتی مووسڵ دەهاتە بەر باس، ئەوەش جۆرێک لە فێڵبازیی ئینگلیزەکانی تێدابوو، بۆئەوەی یەکێک لە پێناوی یەکێک بکەنە قوربانی، کە لێرەدا مەبەست قوربانی دان بوو بە سەربەخۆیی کوردستان لە پێناوی ولایەتی مووسڵ. تورکەکانیش بۆ فشار دروستکردن لەسەر سیاسەتی بەریتانیا، لە هاندان و دنەدانی کوردانی باشوور و چەکدارکردنیان بۆ ڕاپەڕین دژی ئینگلیزەکان بەردەوام بوون.

شاندی تورکی بە نوێنەرایەتی عیسمەت پاشا ناسراو بە عیسمەت ئینونو (بە ڕەگەز کورد) بوو، نوێنەری بەریتانییەکانیش وەزیری دەرەوە لۆرد کەرزۆن بوو. عیسمەت ئینونو پێشنیارێکی سەرەنجراکێشی خستەبەر دەم بەریتانیا بەوەی ئەگەر ولایەتی مووسڵ بدرێتە تورکیا، ئەوا حکومەتی تورکیا پەیوەندییەکان لەگەڵ سۆڤیەت دەپچڕێنێت و دێتە باوەشی ڕۆژئاوا. لۆرد کەرزۆن بەو پێشنیارە سەرسام بوو، داوای لە بەرپرسانی باڵای وڵاتەکەی کرد بۆ دەربڕینی بۆچوونیان. لۆرد کەرزۆن پێی وابوو ئەگەر بێت و کۆیە و ڕەواندوز و سلێمانی بدرێتە تورکیا، هەریەک لە هەولێر و مووسڵ و کەرکووکیش بۆ عێراق بهێڵرێنەوە، حکومەتی تازە لەدایکبووی عێراقیش لاری نابێت لەسەر ئەوە. لە وەڵامدا بەرپرسانی بەریتانیا لە هێزەکانی ئاسمانی و وەزیری کۆڵۆنیالیزم وینستۆن چێرچڵ و ئەوانی تریش دژکاری خۆیان بۆ ئەو پێشنیارە

دەربڕی و بە تەواوی ڕەتیان کردەوە[١]. مشتومڕی لەسەر مووسڵ لە کۆبوونەوەکان بەردەوام بوون، عیسمەت ئینونو پێداگری زۆری دەکرد و هەموو جۆرە تەڵەکە و ڕێگەیەکی بەکار دەهێنا، بەڵام لۆرد کەرزۆن ڕەتی دەکردنەوە تا ئاستی تورە بوون. کەرزۆن ئاماژەی دا کە بەدرێژایی مێژوو کوردەکان بە سەربەخۆی ژیاون و کەس نەیتوانیوە دەست بگرێت بەسەر ناوچەکانیان، هەرچی ولایەتی مووسڵیشە، ئەوا خۆیان داوایان کردووە ببنە بەشێکی عێراق و ئێمەش بەرپرسارێتی مۆڕاڵیمان لە پێشە کە داواکانیان جێبەجێ بکەین، چونکە پێش جەنگ بەڵێنمان دابوو بە هەموو نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی ستەمکاری عوسمانی کە ئازادیان بکەین و مافی خۆیان هەبێت لە دیاریکردنی چارەنوس. لە درێژەی بەڵگاندنی قسەکانی، کەرزۆن ئاماژەی دا کە کوردەکان لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو بەردەوام پەیوەندیمان پێوە دەکەن کە دان بنێین بە حکومەتێکی سەربەخۆ بۆیان، ئەوان ڕەگەزێکی جیان لە تورک، هەرچی کوردەکانی مووسڵە، ئەوا بەهۆکاری ئابووری دەبێت بەشێک بن لە حکومەتی بەغدا.

عیسمەت ئینونو لە وەڵامدا گوتی: کوردەکان لای ئێمە هەموو مافێکیان پارێزراوە، هیچ کوردێک نایەوێت لەژێر منداتی بەریتانیا بێت. ئەوان نوێنەریان هەیە لە ئەنجومەی باڵای نیشتمانی و هتد و داوای کرد گشتپرسی ئەنجام بدرێت لە کوردستان. بەڵام کەرزۆن بە توندی وەڵامی بانگەشەکانی دایەوە کە کوردەکان نوێنەری ڕاستەقینەیان نییە لە ئەنجومەنی باڵای نیشتمانی تورکیا. هەرچی گشتپرسییە، کەرزۆن گوتی، کوردەکان بەشێکی زۆریان کۆچەرن و لە ناوچەیەک نامێننەوە، ئەوانی تریش نەخوێندەوارن و ناتوانن بەشداری بکەن، ئەوانەش کە دەزانن و بەشداری دەکەن، ئەوا بێگومان کوردستانێکی سەربەخۆ هەڵدەبژێرن نەک ژیان لە تورکیا. کەرزۆن داوای کرد پرسی مووسڵ دوابخرێت و بدرێتە دەست کۆمەڵەی نەتەوەکان. لە سەر هەمان بابەت ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەیاننامەیەکی دەرکرد و تەواوی پشتیوانی خۆی بۆ لۆرد کەرزۆن دەربڕی. دواتر لەسەر پرسی مووسڵ بە درێژی ڕووداوەکان دەخەینەڕوو.

---

(١) لە لۆرد کەرزۆن-ەوە بۆ کراو، ڕێکەوتنی ٢٧ نۆڤێمبەری ١٩٢٢.

شـايانی ئاماژەيـە، بەريتانييـەکان ڕاسـتگۆ نەبـوون لـە بانگەشـەکانيان سـەبارەت بـە کـورد، ئەگـەر ڕاسـتگۆ بوونايـە، ئـێ خـۆ پرسـی کـورد لـە مووسـڵ نەبـوو، بەڵکـو لـە بەشـە گەورەکـەی کوردسـتان، واتـە باکـووری کوردسـتان بـوو، ئـەوە جگـە لـەوەی بەهيـچ شـێوەيەک بـەلای بەشـەکەی ڕۆژهـەڵات (کوردسـتانی فـارس) نەدەچـوون. تورکەکانيـش بـە يەکجـاری سـەربەخۆيی کوردسـتانيان لـە خشـتەی کارەکانـی کۆنگـرەی لـۆزان دەرهێنابـوو، ڕازی نەبـوون بەهيـچ شـێوەيەک باسـی سـەربەخۆيی کوردسـتان بکرێـت. سـەرەنجام دەردەکـەوێ کـە کوردسـتان تەنهـا بابەتـی گەمـەی سياسـی و دەسـتکەوت بـووە بـۆ بەرژەوەندييەکانيـان.

پەيماننامـەی لـۆزان لـە ڕێکەوتـی ٢٤ی يۆليـۆی ١٩٢٣ لـە نێـوان وڵاتانـی هاوپەيـمان و تورکيـا واژووکـرا، کـە تيايـدا هەمـوو مافێکـی کوردسـتان بـۆ سـەربەخۆيی ڕەت کرايـەوە و دابـەش کـرا بـۆ سـەر سـێ وڵاتـی دروسـتکراوی تورکيـا و عێـراق و سـوريا. بەشـەکەی ئێرانيـش دەمێـک بـوو دابڕێندرابـوو. لـۆزان چەنـد ماددەيەکـی تێدابـوو بـۆ پاراسـتنی هەمـوو کەمينـە نەتەوەيـی و ئايينييـەکان لـە ماددەکانـی ٣٨ تـا ٤٥، بـەڵام دواتـر دەردەکەوێـت تورکـەکان بـە چ ڕێگەيـەک کەمينـە نەتـەوەکان دەپارێـزن و چ جـۆرە دۆزەخێکيـان بـۆ سـاز دەکـەن.

مێژوونووسـی گـەورەی ئەرمەنـی ئارشـاک سافراسـتيان دەڵێـت: وڵاتانـی هاوپەيـمان بـە واژووکردنـی ئـەو پەيماننامەيـە ناپاکييـان لەگـەڵ کـوردەکان و ئەرمەنـەکان کـرد.

## ئەتاتورک و خەڵەتاندنی کورد

جارێ دەبێت بڵێین خۆنزیک کردنەوەی کورد لە ئەتاتورک بێ هۆ نەبوو. دوای ئەوەی بێ ئومێد بوون لە وەڵامی بەریتانییەکان بۆ داخوازییە نەتەوەییەکان. هەستکردن بەوەی وەکو کارتێک لە لایەن ئینگلیزەوە بەکاردێن، کوردەکان ویستیان بەختی خۆیان لای مستەفا کەمال ئەتاتورک تاقی بکەنەوە. مستەفا کەمال زانی ئۆتۆنۆمی بەڵێنپێدراوی بەریتانیا بۆ کوردەکان تەنها قسەیە و ڕاست نییە، بۆیە لە پەیامێکدا بۆ فەرماندەی سوپا دەنوسێت: بەڵێنی ئینگلیز بۆ کوردەکان پڕوپاگەندە بوو، کوردەکان ئیتر هاتوونەوە پاڵ تورکانەوە.

ئەتاتورک چەند کۆبوونەوەیەکی لە ئەرزڕوم ئەنجامدا لەگەڵ عەشیرەتە کوردەکان و پێی ڕاگەیاندن: "تەواوی دونیا ئاگادارە کە ئێوە چەند وەفاداری خەلافەتن. ئێمەش دەزانین کە ئێوە قبوڵ ناکەن ئەرمەنەکان بێن خاکی پیرۆزی نیشتمانمان داگیربکەن. من لە خەڵکی دیکە زێتر شارەزای جوامێریی ئێوەم. لەوە دڵنیام کە بەم زووانە لە پێشەوەی نیشتمانپەروەران دەتانبینم. هیوادارم خێرا هێزی میللیتان ڕێکخەن، بە هەموو تواناتان کۆتایی بە کاروکردەوەی خیانەتکاران بهێنن، بڕوای تەواوم بە نیشتمانپەروەری و ئەمەکیتان هەیە، چاوەڕێی بەرهەمی ڕێنوێنییەکانی ئێوەم"[1]. مستەفا کەمال ووریابوو لە هەڵسوکەوتی، لە گوتار و کردەوەکانیدا ناوی نەتەوەی تورکی نەدەهێنا، نەوەک گومانی کوردەکان بەدژی خۆی پەیدا بکات. ئەوە کوردەکان بوون، هەر لە ساتی دروستبوونی جەمعیەی ئیتیحاد و تەرەقییەوە،چ لە ڕووی سیاسی یان سەربازییەوە بوونە هۆی سەرکەوتنەکانی ئەتاتورک. ئەویش بۆ ڕاگرتنی دڵی کوردەکان پێداگری دەکرد لەسەر برایەتی گەلی کورد و تورک. کوردەکانیش ساویلکانە بە خەونی پێکەوەژیان و برایەتی لەبن نەهاتووی کورد و تورک ڕۆژیان دەکردەوە، بۆیە خۆیان کۆکردەوە بە هەزاران گەنج و لاو خۆیان چەکدارکرد، هاوشانی تورکە ناسیۆنالیستەکان

---

(١) هاکوپیان، حصارف، کردان گوران و مساله کرد در ترکیه، مترجم: سیروس ایزیدی، لا ١٠٣ و ١٠٤ : وەرگیراوە لە حوسێن مەدەنی: کوردستان لە ستراتیژی دەوڵەتان، لا ٢٢٨.

دەچوونە بەرەکانی جەنگ لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات. جێدەستی کوردەکان لە جەنگی یۆنانییەکان (گریکەکان) ئەوەندە بەرچاو بوو، دەگوترێت زێتر لە نیوەی سوپا لە سەربازانی کورد پێکهاتبوون کە عەشیرەتەکان ناردبوویانن. تەنانەت لە کاتی بەرزکردنەوەی مۆنومێنتی "سەربازی ون" و لابردنی پەردە لەسەری، ئەفسەرێکی تورک دەڵێت: "بە سەربەرزییەوە پەردە لەسەر سەربازی وون هەڵدەدەینەوە، هیچ گومان لەوە نییە کە ئەوە سەربازێکی کورد بووە"[1].

کاتێک عیسمەت ئینونوی بە ڕەگەز کورد، بە یاوەری دوو نوێنەری کورد دەچنە کۆنگرەی لۆزان، ئینگلیزەکان داوایان کرد کوردەکان وەڵام بدەنەوە کە ئایا دەخوازن لەگەڵ تورکیا بن یان جیاببنەوە. هەردووکیان بە نوێنەرایەتی کوردستان گوتیان ئێمە و تورک دوو گەلی براین، نامانەوێ لێکتر جیاببینەوە. هەر دوای ڕێککەوتنی لۆزان ئەتاتورک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکیا گوتی: ئەو نیشتمانەی دامانمەزراندووە، تەنها نیشتمانی تورکە.

(١) ڕەسول هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، لا ٢٩١. وەرگیراوە لە حوسێن مەدەنی.

## کێ زووتر دەوڵەتی دروست کرد، کورد یان خێڵەکانی باشووری مێزۆپۆتامیا - عێراقی ئێستا؟

دوای شۆڕشی ناوادەی ڕوسیا لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧ و گۆڕانی تەواوی سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە، سەرەنجام کاریگەری ڕاستەوخۆی کردە سەر جەنگ و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی جیهانی. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا سوپای ڕوسیا لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و قەوقاز و ئەرمینیا و ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئێستا دووچاری هەرەسهێنان بوویەوە، سەربازان یەکەکانی خۆیان جێدەهێشت، بەشێوەیەک تەرازووی جەنگ و هاوپەیمانێتییەکانی بەریتانیا لاسەنگ بوو.

سوپاسی ڕوسیای سیزار پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وورمێ و سابڵاغ وکرماشان، لە باکووری کوردستان ئەرزڕوم وئەرزنجان و ڤان و بەتلیس، لە باشووری کوردستانیش خانەقین و ڕواندوز و پێنجوینی لەبەردەست بوو، لەگەڵ بەریتانییەکان پلانی هاوبەشیان هەبوو بۆ حوکمڕانی ناوچەکە. لەشەو و ڕۆژێکدا گۆڕانی سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە هەموو پلانەکانی لەڕەگ و ڕیشە دەرهێنا. ئەگەر ئەو ناوچە کوردییانە لەژێر دەسەڵاتی ڕوسیا بمانایە، ئێستا حاڵی وەکو حاڵی هەر وڵاتێکی تازەی دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت دەبوو، خۆڕسکانە کوردستانی سەربەخۆ دەهاتە ئاراوە.

دوای شۆڕش، ڤلادیمێر لینین خۆی بەیانێکی دەرکرد و تیایدا گوتی: ”ئێمە ڕادەگەیەنین کە ڕێککەوتنی دابەشکردنی خاکی عوسمانی و دابەشکردنی ئەرمینیا ڕەت دەکەینەوە“. ڕوسیای سوور ڕێککەوتنی لەگەڵ تورکە لاوەکان ئەنجامدا، هاوکاری زۆری ماددی و سەربازی کردن لەوانە: یەک ملیۆن ڕوبلی زێڕ، ٣٩ هەزار پارچە چەک، ٦٣ ملیۆن فیشەک و گوللە، ٥٤ تۆپهاوێژ، ٢٠ هەزار دەمامکی دژە گازی کیمیایی، هەروەها بڕێکی زۆر سوتەمەنی نەفت. بێجگە لەوەش وڵاتی فەڕەنسا دوای جێهێشتنی ناوچەکانی باشووری تورکیا، هەموو چەک و جبەخانەی بۆ هێزەکانی مستەفا کەمال جێهێشت[١].

---

(١) سلام ناوخۆش، احتلال و تقسیم کوردستان، هەولێر ٢٠٠٢، لا ٧٢ (پەڕاوێز).

بەریتانییـەکان دەیانویسـت خۆیـان ئـەو بۆشـاییە پڕبکەنـەوە و نەهێڵـن هیـچ هێزێکـی دەرەکـی یـان تورکـی ناوچەکـە بگرنـەوە. لـە لایەکـی تـرەوە سـەرۆکی ولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا وودرۆ ویڵسـۆن لـە یەنایـەری سـاڵی ١٩١٨ بەیانێکـی مۆڕاڵییانەی دەرکـرد کـە لـە ١٤ خـاڵ پێکهاتبـوو، تیایـدا داوای پاراسـتنی ئـەو ناوچانـە دەکات کـە تـورک وەکـو نەتـەوە زۆرینەیـە لەچوارچێـوەی وڵاتێکـی خـاوەن سـەروەری، لـە هەمـان کاتـدا مافـی هەمـوو پێکهاتـە نەتەوەییەکانیـش بدرێـت کـە لەژێـر سـایەی ئـەو وڵاتـەدان. هەمـوو ئەوانـەش بـۆ تورکـەکان هەواڵـی دڵخۆشـکەربوون.

دوای ئـەو ڕووداوانـە و بـۆ ڕێگرتـن لـە مەترسـی دیکـە، بەریتانیـا و تورکـەکان ڕێککەوتنییـان مۆرکـرد کـە پێشـتر ئاماژەمـان پێـدا (ئاگربەسـتی مـودرۆس Mudros)، لەوێـدا ولایەتـی مووسـڵ کەوتـە ژێـر مانداتـی (ئینتیـداب)ی بەریتانیـا. گرنگـی ولایەتـی مووسـڵ بـۆ بەریتانییـەکان دەرکەوتبـوو، توێژینـەوە جیۆلۆجییـەکان ئاماژەیـان بـە هەبوونی سـەرچاوەی نەفـت کردبـوو، جگـە لـەوەش هۆکارێکـی گرنگـی تـر ئەوەبـوو کـە تورکـەکان دوور بخرێنـەوە بـۆ ئەودیوی چیـاکان، واتـا لـە داهاتـوودا لـە هـەر ئەگەرێکـی نەخـوازراو چیـاکان ببنـە سـنورێکی قایـم لەبـەردەم تورکـەکان.

شـایانی وردبوونەوەیـە، کـە یەکـەم حکومەتـی لۆکاڵـی و سـەربەخۆ لـە هاوینـی سـاڵی ١٩١٧ لـە لایـەن شـێخ مەحمـودی حەفیـد بەرزنجـی هاتـە دامەزرانـدن. دوای نەمانـی دەسـەڵاتی عوسـمانی شـێخ مەحمـود سـەردانی بەغـدای کردبـوو، چـاوی کەتبـوو بـە کاربەدەسـتانی بەریتانـی و ئـاگاداری ئەوەبـوو کـەوا بـە نیـازن حکومەتێکـی عەرەبـی لـە بەغـدا دروسـتبکەن، هـەر بۆیـە کـە گەڕایـەوە سـلێمانی ویسـتی لـە سـەر هەمـان ڕێچکـە وڵاتێـک بـۆ کـوردان بونیـاد بنێـت. شـێخ مەحمـود لـە دروسـتکردنی حکومەتـە ناوچەییەکـەی خوازیـاری پەیوەندییەکـی بـاش و درێژخایـەن بـوو لەگـەڵ بەریتانییـەکان. بـە تێپەڕبوونـی کات هەواڵـی بـۆ بەریتانییـەکان نـارد کـە ئـەو نوێنەرایەتـی هەمـوو کـورد دەکات. بەریتانییـەکان سـەرەتا بـە فۆرمێکـی نیمچـە سـەربەخۆی شـێوە کۆنفیدڕاڵـی ئـەو حکومەتـە ڕازی بـوون، کـە ببێتـە هـۆی سـنورێکی پارێـزەر بـۆ مێزۆپۆتامیـا لـە بەرانبـەر تورکـەکان

و بۆلشـێڤییەکان و وڵاتـی ئەرمێنیـا. دوای ئاگربەسـتی مـودرۆس لـە ئۆکتۆبـەری ١٩١٨ و کشـانەوەی سـەربازانی تـورک لـە تـەواوی سـنوری کارگێـڕی ولایەتـی مووسـڵ، بەریتانیـا بـووە تاکـە دەسـەڵاتداری ناوچەکـە، جگـە لـە کەرکـووک و کفـری، لـە تـەواوی ناوچەکانـی تـر تەنهـا بەنـاو ئامادەیـی هەبـوو. بـەڵام پەیوەندییـان هەبـوو لەگـەڵ سـەرۆک هـۆز و خێڵـەکان و هەماهەنگییـان سـەبارەت بـە دابەشـکردنی دەسـەڵات لەناوچەکـە لەگـەڵ یەکـتر دەکـرد.

**وێنەی (٤)**



شێخ مەحمود بەرزنجی لەناو سەربازانیدا

بەریتانییـەکان لـە نۆڤێمبـەری ١٩١٨ ڕازی بـوون شـێخ مەحمـود وەکـو حوکمـداری سـلێمانی پەسـند بکەن،چونکـە شـاری سـلێمانی بـە سـەرۆکایەتی شـێخ دۆخـی دیفاکتـۆی خۆسـەری پەیداکردبـوو. بـەڵام دەسـەڵاتی سـلێمانی لـەوە زێـتری دەویسـت، دەیوسـیت سـەربەخۆیی بەدەسـت بهێنێـت، لـەوەوە جارلەجـار زۆرتـر پشـتیوانی ناوچـە کوردییەکانـی تـری ڕۆژهەڵاتـی کوردستانیشـی بەدەسـت دەهێنـا. خەڵکـی ناوچەکـە بێزاربـوون لـە دەسـەڵاتی کارگێـڕی کۆلۆنیالیزمـی بەریتانـی لـە لایـەن ڕاوێـژکاران کـە پێکهاتبـوون لـە ئەفسـەرانی بەریتانـی و پیشـەیان کۆکردنـەوەی بـاج و سـەرانەی زۆر بـوو لـە خەڵکـی

ناوچەکە. شێخ مەحمود لە ٢٣ی مایسی ١٩١٩ شۆڕشێکی بەسەر ئەفسەرانی بەریتانی کرد و هەموویان لە شارەکە دەرپەڕاند، لەجێی ئاڵای بەریتانیا، ئاڵای خۆی هەڵواسی و جاڕی سەربەخۆیی کوردستانی دا. شێخی بەرزنجی هۆشیاری ئەوەی هەبوو کە لەو بارودۆخەدا سەربەخۆیی کوردستان خۆی ناگرێت، بۆیە داوای هاوکاری لە یەکێتی سۆڤیەت کرد و پەنای بردە بەر کۆنفرانسی ئاشتیپارێزی فەرەنسا، بەڵام داواکەی بێ وەڵام مایەوە. بەریتانییەکان دوای مانگێک بە هێزێکی توندوتیژەوە ڕاپەڕینی کوردستانیان سەرکوتکرد. شێخ ئەحمەدی بارزانیش هێزێکی بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی بۆ هاوکاری شێخ مەحمود نارد، بەڵام تەرازووی هێز جێگەی بەراوردکردن نەبوو. شایانی باسە، تاکو سەرەتای ساڵی ١٩٢٠ دەڤەرەکانی ئامێدی و بارزان و ڕەواندز لە دەرەوەی کۆنترۆڵی بەریتانییەکان مانەوە.

**وێنەی (٥)**



ئاڵای کوردستان لە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحمود بەرزنجی

دوای شۆڕشی بۆلشێڤییەکان لە ڕوسیا، پلانی بەریتانیاش گۆڕا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئینگلیزەکان دەیانویست لەنێوان سنوری کاریگەریی (نفوزی) تازەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یەکێتی سۆڤیەت قەلغانێک دروست بکەن. بۆ ئەو مەبەستە لۆرد کەرزۆن Lord Curzon لە کۆنفرانسی سان ڕیمۆ لە ساڵی ١٩٢٠ ڕەزامەندی هاوپەیمانانی وەرگرت بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکە، کە لە نێویان دامەزراندنی

ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کوردەکان لەو ناوچانەی کە زۆرینەن لەگەڵ مافی داواکردنی سەربەخۆیی تەواو لە کۆمەڵەی نەتەوەکان، ئەوەش لە ماوەی ساڵێکدا ئەنجام بدرێت. ئەوە بوو پەیماننامەی سیڤەر (Sevres)، کە مافی ئەوەشی دابوو ناوچەی ولایەتی مووسڵ (باشووری کوردستان) بلکێنرێ بەو وڵاتە، ئەگەر بێت و خەڵکی ولایەتەکە ئەوە بخوازن.

لەو کاتەدا دەسەڵاتدارانی تورک لە بارودۆخێکی مەترسیدار خۆیان دەدیتەوە، تەنانەت خودی پایتەختیش (ئەستەمبۆل) مەترسی لەسەر بوو. زۆربەی ناوچەکانی تورکیا دابەش کرابوو لە نێوان هاوپەیمانان (فەڕەنسا و ئیتاڵیا)، لە لایەکی تر یۆنانییەکان هەڵمەتێکی تازەیان دەست پێکرد لەبەشی ڕۆژئاوای ئەناتۆلیا. هەموو ئەو مەترسیانە تورکەکانی بزواند بۆ بەرەنگاری و کردنەوەی بەرەی جەنگ لە سێ لاوە، ڕۆژهەڵات و باشوور و ڕۆژئاوا. تورکە کەمالییەکان لە هەوڵی بەردەوام بوون بۆ سوود وەرگرتن لە پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان و زیرەکانە چەندین کۆبوونەوە و کۆنفرانسیان ئەنجام دا. لە ماوەی نێوان پەیماننامەی سیڤەر و لۆزان، لە مانگی مارسی ١٩٢١ کۆنفرانسێک بەسترا لە لەندەن، وەکو هەوڵێک بۆ ڕازی کردنی تورکەکان لە هەمبەر جێبەجێ کردنی پەیماننامەی سیڤەر، بەڵام بێ سوود بوو. تورکەکان سوڕبوون لەسەر داواکردنەوەی ولایەتی مووسڵیش نەک بەس ناوچەکانی تورکیای ئەمڕۆ. ئینگلیزەکانیش دەیانویست تورکەکان واز لە ولایەتی مووسڵ بهێنن – لە بەرانبەر ئەوە ئامادە بوون دەستبەرداری پەیماننامەی سیڤەر بن.

لەنێو ئەو هاوکێشە ئاڵۆزانەدا کوردەکان ببوونە کارتی فشار و هەڵقۆستنەوە. ئەتاتورک کردنی بە قەڵغان و لە جەنگەکان بەکاریهێنان، لە باشووری کوردستانیش لە لایەن بەریتانییەکانەوە سەرکوتکران. ئەوەی دەمێنێتەوە بیڵێین ئەوەیە، کوردەکان زۆر دەمێك بوو پێش خێڵە عەرەبەکانی باشووری مێزۆپۆتامیا (باشووری ئێستای عێراق)، هزری وڵاتسازی و سەربەخۆییان هەبوو.

## ئاوڕێک لە شۆڕشەکانی باکوور - شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران

لە باکووری کوردستان لە ئەنجامی هەڵسوکەتی خراپی حکومەتی تورکیای نوێ، شێخ سەعیدی پیران دەست بۆ شۆڕش دەبات. پێش بەرپاکردنی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٢٥، تورکیا دەستی کردبوو بە دوورخستنەوە (نەفی کردن)ی سەرۆکخێڵەکان و بیرمەندە کوردەکان، ئەوانەی بانگی نەتەوەیی و سەربەخۆی کوردستانیان دەکرد، بۆ ڕۆژئاوای ئەناتۆلیا. زمانی کوردی لە سەرانسەری کوردستان قەدەغەکرا، هاوکات لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی یاسا ئیسلامیەکان لەو وڵاتە. وەک دواتر لە یەکلایی کردنەوەی کێشەی مووسڵ ئاماژەی پێدەدەین، شۆڕشەکە لە ساتێکی زۆر هەستیار ئەنجامدرا، گرنگیی زۆری هەبوو بۆ بەریتانییەکان، چونکە ڕووی ڕاستەقینەی تورکەکانی بەرانبەر کورد ئاشکراکرد.

شێخ سەعید کە شێخێکی ڕێگەی دەروێشانی نەقشبەندی بوو، لە نێوەندی ئایینی و کۆمەڵایەتی کوردانی ناوچەکە کەسایەتییەکی کاریگەر و گرنگی هەبوو، نەک هەر لەبەر هۆکاری ئایینی، بەڵکو تێکەڵاوی ژن و ژنخوازی لەگەڵ خێڵ و هۆزەکانی دەوروبەری و هەروەها لەگەڵ خێڵەکانی زازا لە بەرزاییەکانی دەرسیم هەبوو[١]. هەرچەندە ڕێکەوتی ٢١ی ئاداری ١٩٢٥ دانرابوو وەکو ڕۆژی دەسپێکی ڕاپەڕینی سەرتاسەری، بەڵام زووتر ڕووداوەکە دەستی پێکرد، لە ٧ی ئادار، واتە چواردە ڕۆژ پێش وادەی خۆی. ئەوەش بووە هۆی تێکدانی پلانەکە، دەیان ئەفسەری کورد نەیانتوانی لە کاتی دیاریکراو و پێویست بگەنە بەرەکانی جەنگ. مێژوونوسان پێیان وایە، دەزگای سیخوڕی تورک دەستیان گەیاندە شۆڕشەکە و یەکەیەکی سەربازی سەر بە شێخ سەعید بە ئەنقەست لە لایەن گروپێکی سەربازانی تورک ئازرێندرا (استفزازکرا)[٢] و بووە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگ. شۆڕش پەرەی سەند،

---

(١) ئارنۆڵد توینبی: وەرگیراوە لە ودیع جویدە، تأریخ الحرکە الکردیە، لا ٤٨٥.

(٢) ئازراندن: استفزاز کردن – ئازرێندران: استفزازبوون.

زۆربەی ناوچەکانی گرتەوە، شاری ئامەد و مەلاتیە و ئەرگانە کەوتنە دەست شۆڕشگێڕانی کورد. لە ناوچە بەرزاییەکان بەهۆی بەفری زۆرەوە بەڕێوەبردنی جەنگ و هاتوچۆ زۆر زەحمەت بوو. تورکەکان نەیاندەتوانی هێزەکانیان بگەیەننە ناوچەکانی جەنگ بەهۆی سەختی ڕێگا چیاییەکان. دەبوایە سوود لە ڕێگەی هێلی ئاسنینی بەغدا ببینن، کە بەشێکی بە سوریا تێپەڕدەبوو. داوای پێدانی مۆڵەت لە دەسەڵاتدارانی فەڕەنسا کرا لە سوریا بۆ بەکارهێنانی ئەو ڕێگەیە، بەگوێرەی ماددەی ١٠ی ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا، ئەو مۆڵەتە درا بە تورکیا. لە ڕێکەوتی ٨ی ئەپریلی ١٩٢٥ سوپای تورکیا توانی شۆڕشی شێخ سەعید کپ بکات. تورکەکان بە هەلیان زانی داپڵۆسینی کوردان بکەنە وانەیەک بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێ بیر لە یاخی بوون دژی حکومەتی تورکیا بکەنەوە[١]. بە داخەوە کەس باسی ئەو جینۆسایدە تۆقێنەرە ناکات کە لە سەرەتای حوکمی ئەتاتورک بەرانبەر کورد ئەنجام درا. هەڵمەتێکی لەسێدارەدانی مەیدانی و ئاوارەکردنی کوردانیان دەست پێکرد کە پێشتر وێنەی نەبووە. ٤٢٠ گوندیان خاپور کرد، ١٥٢٠٦ (پازدەهەزار و دووسەد) کەسیان شەهیدکرد، نزیکەی ملیۆنێک کەسیان ئاوارە کرد[٢]. شێخ سەعید و هاوەڵەکانیشی لەشاری ئامەد بە بەرچاوی خەڵکی شارەکە لەسێدارە دران. دوای ئەوانیش شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخی ناودار شێخ عوبیدڵای نەهری لەگەڵ ٨٥ سەرۆکخێڵی کورد لەبەردەم مزگەوتی گەورەی ئامەد لەسێدارە دران. عوبیدڵای کوڕی شێخ عەبدولقادر، کە بەناو باپیری کرابوو، لە تۆڵەی ئەوە بەهێزێکەوە هێرشێکی کردە سەر سوپای تورکیا، بەڵام بێ سوود بوو، ناچار لەگەڵ ٢٠٠ خانەوادەی کورد ئاوارەی باشووری کوردستان بوون. دوو ساڵ دوای تاوانەکە، پورەیا بەدرخان ئاماژە بە ملیۆنێک کەس لە کوژراو و ڕاگواستراو دەدات. بلەچ شێرکۆ دوای پێنج ساڵ لە کارەساتە دژە مرۆییەکە، ئاماژە بەم

---

(١) هارۆڵد ئارمستڕۆنگ، الذئب الرمادي، مصطفی کمال: دراسه وثیقه لدکتاتور، ٢٦٥ (ئینگلیزی): ودیع جویده، تأریخ الحرکه القومیه الکردیه، لا٤٨٨.
(٢) شێرکۆ بلەچ، لا ٥٩-٥٢.

ژمارانە دەدات: لە زستانی هەریەک لە ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٦، ١٩٢٦-١٩٢٧، ١٩٢٧-١٩٢٨ پێنج سەد هەزار (٥٠٠،٠٠٠) کورد ڕاگوێزران بۆ ڕۆژئاوای ئەناتۆڵیا کە دووسەدهەزار (٢٠٠،٠٠٠) یان لە برسێتی و سەرما مردن. لە گۆڕەپانی جەنگ لە ڕیزەکانی کورد ٢٤٠٠ (دووهەزار و چوارسەد) شۆڕشگێڕی کورد کوژران، لە ڕیزەکانی سوپای تورکیا لەنێوان کوژران و بریندار ٥٠ هەزار کەس، هەروەها زیانی ماددی حکومەتیش ٦٠ ملیۆن لیرەی تورکی بوو[1]. "ئارنۆڵد توینبی مێژوونوس و هزرمەندی گەورە سەرەنج دەدات بەوەی کە دەسەڵاتدرانی تورکیا لە ڕەفتاریان لەگەڵ کورد نەزانی و نادانایی خۆیان سەلماند. ئەوان هیچ ویستێکی نەتەوەیی کوردیان لەبەرچاو نەگرت، بەڵکو ڕوویان دایە نەتەوەپەرستی و بەسەنتەرکردنی هەموو جومگەکانی وڵات".

تورکەکان دوای دامرکاندنەوەی شۆڕش و ئەنجامدانی کۆمەڵکوژیی دژی کورد، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە ئەوان دژی شێخانی ئایینی کۆنەپەرست ئەو کارەیان کردووە، گوایا ئەوانە چەند خێڵێکی ڕادیکاڵی و کۆنەپەرست بوون و دژی چاکسازییەکانی تورکیای سیکۆلاری (عەلمانی) بوون کە بیرۆکەی ئەتاتورک بوو. بەشێک لە نووسەرانی بێگانەش لەوانە گێنتیزۆن Gentizon هەمان بۆچوونیان هەیە. بەڵام نووسەر و مێژوونووسی دیکەش هەن کە پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنن. لەوانە ڕامبۆت Rambout ئاماژە دەدات بە قسەکانی سەرۆکی دادگای تورکیا لە کاتی دادگایی کردنی شۆڕشگێڕان. ڕامبۆت دەڵێت: ئایا گێنتیزۆن لە سەرۆکی دادگای تورکیا زێتر لەناو دۆسیەکەیە کە شۆڕشگێڕان تاوانبار دەکات بە تاوانی نەتەوەیی؟ لە لایەکی تر ئارنۆڵد توینبی دەڵێت، ئەگەر کۆنەپەرستی و هەستی ئایینی هۆکاری یاخی بوونی کوردەکان بوون، ئەی بۆچی تورکەکانی تەرابزۆن و سامسۆن، کە وەکو کوردەکان دواکەوتوو و ئاییندار بوون، بەشدارییان نەکرد لە یاخی بوونەکە؟ کاتێک شۆڕشگێرە کوردەکان دەچنە ناو شاری خارپوت کە زۆربەی دانیشتوانەکەی تورکن،

(١) سەرچاوی پێشوو.

شۆڕشگێڕە کوردەکان دەردەکەن لە شارەکە، ئەوەش واتای ئەوەیە کە شۆڕشی کوردان مۆرکی ئایینی نەبووە بەڵکو مۆرکی نەتەوەیی هەبووە[1].

**وێنەی (٦)**



شێخ سەعیدی پیران

(1) Toynbee Arnold, Kenneth Kirkwood P., Turkey, New York, Charles Scibner's Sons, 1927. P.208

## شۆڕشی ئاگری

دوای کپکردنی شۆڕشی ١٩٢٥، کورد لە خەبات نەوەستا، لە دەڤەرە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵات چالاکی بەردەوام هەبوو، بەڵام پەرت و بێ ڕێکخستن بوو. حکومەتی تورکیا بەردەوام بوو لە ڕاگواستن و چۆڵکردنی گوند و دێهاتەکان. لە چیاکانیش چەکدارانی شۆڕشگێر ئامادەی خۆ بەدەستەوەدان نەبوون. لە بەهاری ١٩٢٧ کۆنگرەی نیشتمانی کورد لە چیای ئاگری بەسترا، تیایدا شاندی کورد لە زۆربەی بەشەکانی کوردستان و دەرەوەش بەشدارییان کرد. بڕیاریان دا هەموو ڕێکخراوەکانی کە تا هەنوکە کاریان دەکرد، هەڵبوەشێننەوە، لەبری هەمووی ڕێکخراوی "خۆیبوون" دامەزرێنن. بەرنامەی ڕێکخراوەکە ئەوە بوو کوردستانێکی یەکگرتوو بهێننە کایەوە و سەرکردایەتی یەکگرتوو دروست بکەن و پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەرمەن چاک بکەنەوە، پەیوەندی باش لەگەڵ وڵاتی فارس و دەسەڵاتی مەندات (ئینتیداب)ی بەریتانیا لە عێراق و سوریا دروست بکەن. پێش هەموو شتێک، تێبکۆشن تا ئەو کاتەی دواهەمین سەربازی تورک دەردەکەن لە خاکی کوردان. کۆمەڵەکە بڕیاری دا جەلادەت بەدرخان (میر جەلادەت بەدرخان) وەک سەرۆکی خۆی دەستنیشان بکات.

**وێنەی (٧)**



جەلادەت بەدرخان (میر جەلادەت بەدرخان)

ڕێکخـراوی خۆیبـوون کەسـایەتی نـاودار و بەتوانـای لەخۆگرتبـوو، ئەفسـەرانی لێهاتـووی کـورد کـە پێشـتر لـە سـوپای عوسـمانی خزمەتـی سـەربازییان کردبـوو. لـە هەموویـان دیارتـر ئیحسـان نـووری پاشا بـوو، کـە ئەفسـەری بـاڵا بـوو لـە سـوپای عوسـمانی، لـە شۆڕشـەکەی شـێخ سـەعید فەرماندەیـی تیپێکـی سـەربازی پـێ سـپێردرابوو، لـە شۆڕشـی ئاگـری کرایـە فەرمانـدەی هـەرە بـاڵای هێزەکانـی کوردسـتان. هەرچـی پرسـی کارگێـڕی و بەڕێوەبردنـە، ئیبراهیـم پاشـا حەسـەکی تەللـو دەستنیشـان کـرا.

لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٢٨ بڕیـاری دروسـتکردنی وڵاتێکـی بچـووک لـە چیـای ئاگـری و سـوپایەکی بچـووک درا کـە ژمـارەی سـەربازانی خـۆی لـە چەنـد هەزارێـک دەدا، بـەڵام بەشـێوەیەکی تۆکمـە پـڕ چـەک کرابـوون، هەروەهـا دامەزراندنـی جبەخانـە و کـۆگای چـەک و بەرزکردنـەوەی ئـاڵای کوردسـتان وەکـو سـەرەتایەک بـۆ دەوڵەتـی کوردسـتان. حکومەتـی تورکیـاش وەک هەمیشـە لـە خەڵەتانـدن و فێـڵ و گـزی لـە کـورد، خـۆی

نزیـک کـردەوە لـە سـەرانی شـۆڕش و داوای دانوسـتانی کـرد، بڕیـاری هەڵگرتنـی سـزای بەکۆمەڵـی سـەر کـوردان بـۆ ماوەیـەک هەڵگـرت و یاسـای لێبوردنـی گشـتی دەرکـرد، بـەڵام ئەفسـەرانی کـورد ئیـتر بـە تـەواوی لـە نیـازە گڵاوەکانـی تورکـەکان گەیشـتبوون، چیـتر پاروویەکـی ئاسـان نەبـوون بـۆ قوتـدان.

**وێنەی (٨)**



سەرکردەی قارەمان ئیحسان نوری پاشا

شـایانی باسـە، حکومەتـی ئاگـری بـە سـەرۆکایەتی ئیحسـان نـوری پاشـا خێڵـە کوردەکانـی ناوچەکـەی یەکخسـتبوو، لەنێـو کـوردان هەسـتی یەکگرتوویـی و گیانـی سـەربەخۆیی چەکـەرەی کردبـوو. هێزەکانـی ئیحسـان نـوری پاشـا لـە مەڵبەنـدی ئاگـری تاکـو باکـووری شـاری وان و بەتلیسـیان لەبـەر دەسـتدابوو.

لـە مایسـی ١٩٣٠ سـوپای تورکیـا فەیلەقـی (لێگیـۆن)ی چـوار و شەشـی پڕچەکـی بـە فەرماندەیـی سـاڵح پاشـا نـارد بـۆ سـەرکوتکردنی جووڵانـەوەی ئاگـری. هێزەکانـی کوردسـتان لـە چەنـد قۆڵیکـی دیکـەوە هێرشـیان کـرد تاوەکـو ئاگایـی سـوپای تورکیـا

پـەرت بکـەن و لـە سـەنتەری چیـای ئاگـری دووریـان بخەنـەوە. سـوپای تورکیـا ناچاربـوو ناوچـەی ئاگـری بەجـێ بهێڵێـت و ڕووبکاتـە بەرەکانـی تـر. سـوپای تورکیـا زیانـی زۆری بەرکـەوت، ١٧٠٠ سـەرباز وەکـو دیـل کەوتنـە دەسـت هێزەکانـی کـورد، دەسـتگیرا بەسـەر ژمارەیەکـی زۆر پارچـە چـەک و تـۆپ، چەنـد فڕۆکەیـەک خرانـە خـوارەوە، ٢٤٠٠ سـەربازی تـورک کـوژران و زێـتر لـە چوارهەزاریـش برینداربـوون. لـە ڕیـزی هێزەکانـی کوردسـتانیش، ٩٠٠ شـەهید و ٢٤٠٠ برینـدار(١). جەنگـی ئاگـری لـە گۆڕەپانـی نێودەوڵەتیـدا ئابـڕووی سـوپای تورکیـای بـرد.

فەرماندەیـی حکومەتـی ئاگـری پەیامێکـی نـارد بـۆ هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان بـۆ بەشـداری کـردن لـە خەباتـی چەکـداری، لـە ڕێگـەی ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان پەیامیـان بـۆ هەریـەک لـە شـارەکانی پاریـس و بەیـروت نـارد، کـە ئەمــە دەقەکەیەتــی:

"برایانـی کـورد، ئێـوە شـیاوی ئـەوەن و ئەوەنـدەش بەنرخـن کـە ببنـە میللەتێکـی گـەورە، چـۆن بـە میللەتـی نەجیبـی کـورد ڕەوا دەبینـن کـە ببنـە کۆیلـەی تـورکان؟ وڵاتێکـی پـان و بەرینـمان هەیـە لـە نێـو عێـراق و ئێـران، یەکگرتـوو بـن و خەبـات بکـەن، هەتـا کەسـوکارمان لەژێـر دەسـەڵاتی تـورکان بێنینـەدەر و ئـەو ناوچانـە ڕزگاربکەیـن کـە سـەدان سـاڵە تێیـدا خودانـن(٢).

کەسـانێکی زۆر بــە پیــر بانگەوازەکــەوە چــوون، تەنانــەت لــە ناوچــە دورە دەسـتەکانەوە سـەدان کیلۆمەتریـان بڕیـوو بۆئـەوەی خۆیـان بگەیەننـە شـۆڕش. کوردانـی باشـووریش درێغیـان نەکـرد، شـێخ ئەحمـەدی بـارزان لـە ٢١ی یۆنیـۆی ١٩٣٠ هێزێکـی سـوارچاکی چەکـداری بـۆ باکـووری کوردسـتان پەڕانـدەوە بـۆ هاوکاریکردنـی شـۆڕش، ئـەو هێـزە لـە دەڤـەری ئورامـار هێرشـیان بـردە سـەر یەکەیەکـی سـەربازی سـوپای تورکیـا. شـێخ ئەحمـەد هاوکارییەکانـی چڕکـردەوە بـۆ شـۆڕش، بـەردەوام بـوو

(١) بلەچ شێرکۆ، لا٣٩، بەگوێرەی ئێلفنستۆن هێزەکانی ئیحسان نووری پاشا ٢٠٠٠ سەربازی تورکیایان پێکا.
(٢) حسـن ارفـع، کردهـا و یـک بررسـی تاریخـی و سیاسـی، لا ٤٤-٤٥: حوسـێن مەدەنـی، کوردسـتان لـە سـتراتیژی دەوڵەتـان، لا ٢٧٩.

لـە کۆکردنـەوەی هێـز و چـەک بـۆ کوردانـی ئاگـری. هاوکارییەکانـی شـێخ ئەحمـەد وایکـرد حکومەتـی تورکیـا بـە فەرمـی نارەزایـی خـۆی دەرببڕێـت و یاداشـتی دژی شـێخ ئەحمـەد گەیانـدە بەریتانییـەکان کـە دەسـەڵاتداری ڕاسـتەقینەی عێراقـی تـازە دروسـتکراو بـوون. بەمـەش بەریتانییـەکان دۆخێکـی خراپیـان بەسـەر ناوچـەی بـارزان سـەپاند[1].

هێزەکانـی کـورد دلێرانـە بەرەنـگاری سـوپای تورکیـا بوونـەوە، بـەڵام دواجـار هیـچ هێزێکـی دەرەکـی نەبـوو پاڵپشـت بێـت بـۆ دابینکردنـەوەی چـەک و پڕکردنـەوەی جبەخانـەکان. سـوپای تورکیـا لەمێـژ نەبـوو هێـزی ئاسمانیشـی پەیداکردبـوو، وڵاتانـی ئەوروپـا هـاوکاری زۆری تەکنیکـی تورکیایـان کـرد بـۆ دامەزراندنـی سیسـتەمی فڕۆکەوانـی جەنگـی، لەوانـە ئەڵمانیـا، پۆڵەنـدا، بەریتانیـا.

**وێنەی (٩)**



شێخ ئەحمەدی بارزان

(١) کریـس کۆچێـرا، مێـژووی کـورد لـە سـەدەی نـۆزدە و بیسـتدا، وەرگێڕانـی محمـد ریانـی، لا ١٦٨-١٦٩: حوسـێن مەدەنـی، لا ٢٨٠.

تورکیا نەیتوانی بە تەنیا شۆڕشەکەی ئاگری کپ بکات. لەبەر ئەوە پەنای بردە بەر وڵاتانی ئێران و ڕوسیا. لەگەڵ ئێران ڕێککەوت بۆ پەلاماردانی شۆڕش لە دیوی ئێرانەوە، ڕوسیای سۆڤیەتیش پشتیوانی تورکان بوو. شۆڕشگێڕانی کورد لە دیوی ئێرانەوە هێزەکانی خۆیان ڕێکدەخستەوە و کوردانی ئێران هاوکاری بێ شوماریان دەکردن. تورکیا هێزێکی گەورەی ئامادەکرد کە ژمارەی سەربازانی ٦٦ هەزار سەرباز دەبوو بە هەموو پێداویستییەکان و هەروەها ١٠٠ فڕۆکەی جەنگی، جیالەوەش سوپای سۆڤیەتیش تیپێکی سەربازی نارد بۆ هاوکاری کردنی تورکیا و لە خاکی ئێرانەوە هێرشیان کردە سەر ئاگری. سەرەڕای نابەرابەری توانا سەربازییەکان، شۆڕشگێڕانی کورد لە مانگی ئۆگەست و سێپتێمبەری ١٩٣٠ زنجیرەیەک هێرشی دیکەیان کردە سەر خاڵە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لە شارەکانی سیرت و ماردین و جولەمێرگ و ئورفە، لە هەموویان گەورەتر هێرشێک بوو بە ئاڕاستەی شاری ئامەد. لەو ماوەیەدا سێ جار بەرپەرچی هێرشی تورکیایان دایەوە و تێکیان شکاند. دواجار نەمانی فیشەک و چەک نیشانی دا کە ئەوە دواهەمین هێرش بوو، ئیتر لە ڕووی ژمارەی سەرباز و توانای سەربازییەوە بەدیارکەوت، کە شۆڕشەکە تووشی نسکۆ دەبێت. هاوشێوەی شۆڕشەکانی پێشوو سوپای تورکیا دەستی نەپاراست لە کاولکردنی هەموو ئەو ناوچانەی کە لە شۆڕشەکە بەشداربوون. لەبەرئەوەی کۆمەڵەی خۆیبوون لقی لە وڵاتانی دەرەوە هەبوو، توانی دەنگی کارەساتباوی بگەیەنێتە ناوەندەکانی جیهانی. لەو ساتەدا ڕێکخراوی سۆشیالیستی کرێکاری کە بارەگاکەی لە زوریخ بوو لە سویسرا، بڕیارێکی دەرکرد و پڕۆتستۆی کارە بەربەرییەکانی سوپای تورکیای بۆ سەر خەڵکی بێ تاوانی کوردستان کرد [١].

(١) وديع جويده، الحركه القوميه الكرديه، لا ٥٠٧.

## جینۆسایدی گەلی زیلان

گەلی زیلان لە ناوچەیەکی فراوان پێکدێت لە باکووری کوردستان، ژمارەیەکی زۆر گوند لەخۆ دەگرێت. لە سەروبەندی کپکردنی شۆڕشەکەی ئاگری، سوپای تورکیا بە دەرفەتی زانی پەلاماری بێ ویژدانانە بدا بە سەر هەر ناوچەیەک کە بۆنی جووڵانەوەی نەتەوەیی لێ بێت. کۆمەڵکوژی گەلی زیلان لە رۆژانی ١٢-١٣ی تەممووزی ١٩٣٠ ئەنجامدرا. لە بەڵگەنامەکانی کۆماری تورکیادا بە "ڕووداوی گەلی زیلان" تۆمارکراوە، تیایدا جەندرمەکانی سوپای تورکیا ٤٤ گوندیان سوتاند و وێرانکرد. گوندەکانی وەکو پەرتاخ، دۆڵی کوژراوان، حەسەن ئەڤدال، ملک، دۆڵی فەدێ، دۆڵی بەبۆ و چاقربەگ، ناوەندی کۆمەڵکوژییەکە بوون. بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکانی تورکیا، پازدە هەزار کەس کوژراون و بە سەتان ماڵ و گوند سوتێنراون و ڕوخێنراون، بەڵام گەواهیدەرانی ئەو کارەساتە دەڵێن، بە منداڵ و ژن و پیر و بەساڵاچووەوە کۆی گشتی ٤٥ هەزار کەس کوژراون و گوایا ئەوانەی لە کۆمەڵکوژییەکە ڕزگاریان بووە گەڕێندراونەتەوە شوێنی خۆیان. لە ڕاستیدا ئەو ناوچەیە دوای کۆمەڵکوژییەکە لە لایەن حکومەتەوە دەستی بەسەرداگیراوە و لەجێی کورد خەڵکی بێگانەی تورکزمانی قزقزی نیشتەجێ کراون. نیشتەجێکردنی بێگانەکان لە خاکی کوردانی باکوور زۆر دەمێکە دەستی پێکردووە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان، بەڵام تا ئێستا کەم لەو بارەیەوە گوتراوە و نووسراوە. گەلی کوردیش پەیتا پەیتا بەرەو ڕۆژئاوای تورکیا کۆچی پێکراوە بۆئەوەی تێکەڵی کۆمەڵگەی تورکی بکرێت و لە کوردبوون دابڕێنرێت، یانیش لە سەر خاکی خۆی کۆمەڵکوژکراوە.

## شۆڕشی دەرسیم

کوردانـی دەرسـیم و دەوروبـەری لـە شـیعەی عەلەویـن، وەکـو شـێوەزار زازان. بـە حوکمـی شـیعەبوونیان پەیوەسـت نەبـوون بـە سـوڵتانی عوسـمانی کـە مەزهەبگەرایـی سـوننە پاڵپشـت و پشـتیوانی بـوو. هـەر بۆیـە کوردانـی زازا دوور بـوون لـە هەمـوو جموجۆڵێکـی هـۆزە کـوردە سـوننییەکان کـە زۆربەیـان سـوڵتانیان بـە خەلیفـەی خۆیـان دەزانـی. دوای هاتنـی تورکـە لاوەکان بـۆ دەسـەڵات و بڵاوکردنـەوەی بیـری سـیکۆلاریزم و بەتورککــردن، لــە ســاڵی ١٩٣٧ کوردانــی دەرســیم ناڕەزایــی خۆیــان دەربــڕی. ناڕەزاییەکەیـان بـە نامەیـەک لـە ڕێگـەی شـاندێک گەیانـدە فەرماندەیەکـی سـەربازی بەشـێوەیەکی ئاشـتیخوازانە. ئەندامانـی شـاندەکە دەسـگیرکران و دوای چەنـد ڕۆژێـک لـە شـاری خارپـوت بـە خوێنـی سـارد لەسـێدارە دران. ئامانجـی تورکـەکان ئەوەبـوو کـوردان بوروژێنــن و تووشــی هەڵەیــان بکــەن، ئەنجــا بــە دەردی بــرا کوردەکانــی دیکەیــان لــە ئاگـری و شـۆڕشـەکەی شـێخ سـەعیدیان ببـەن. دەرسـیمییەکان وەکـو کاردانەوەیـەک پەلامــاری کاروانێکــی ســەربازییان دا و هەمــوو ســەربازەکانیان دەســگیرکرد. ئــەوەش دەنگـی دایـەوە لـە ناوچەکانـی کوردنشـینی زازایـی و شـێوەی ڕاپەڕینێکـی وەرگـرت و سـەید ڕەزا دەرسـیمی بـووە ڕێبـەری ڕاپەڕینەکـە کـە تەمەنـی ٨٢ سـاڵ بـوو. ڕاپەڕیـن هەمــوو گوندەکانــی گرتــەوە، ســوپای تورکیــاش لــە کۆمەڵکوژکردنیــان بەزەیــی و میهرەبانیـی نەبـوو [١]. تورکیـا نەیدەویسـت وەکـو ئەوانـی پێشـوو هەواڵـی کۆمەڵکوژیـی بچێتـە دەرەوە، بۆیـە سیاسـەتێکی نوێـی بەکارهێنـا لـە کوشـتن و شـاردنەوە. ناوچـەی دەرسـیم تـا سـاڵی ١٩٤٦ قەدەغـەی هاتوچـۆی تێـدا ڕاگەیەنـرا و خرایـە ژێـر چاودێـری زۆر تونـدەوە کـە تەنانـەت پیاوانـی سـەربازیش دەبووایـە مۆڵەتـی هەواڵگـری وەرگـرن. لـەو ماوەیـەدا بـە دڕندەتریـن شـێوە و بەکارهێنانـی هەمـوو ئامرازێکـی دژە مرۆیـی و دوور لـە هەمـوو پرانسـیپەکی ئاسـمان، مرۆڤـی کـورد کۆمەڵکـوژ کـرا.

(١) درێژیـی کۆمەڵکوژیـی دەرسـیم لـە پەرتوکـی "ئەمـە لـە دەرسـیم ڕوویـدا" لـە نوسـینی مونـزور چـەم و وەرگێڕانـی ئەحمـەد محمـد ئیسـماعیل باسـکراوە.

**وێنەی (١٠)**



دانیشتوو/ سەید ڕەزای دەرسیمی لەگەڵ دوو جوامێری کورد

## کۆمەڵکوژ کردنی ئەرمەن و کورد بە دەستی عوسمانییەکان و تورکە لاوەکان

لـەم خاڵـەدا چەنـد تەوەرێـک دەخەینـەڕوو، لەوانـە پەیوەنـدی کـورد و ئەرمـەن، کۆمەڵکوژیـی کـوردان بـە دەسـتی تورکـە عوسـمانی و دواتـر بـە دەسـتی تورکـە لاوەکان - ئیتیحادییـەکان. بـەڵام پێشـتر بـە گرنگـی دەزانیـن ئاماژەیەکـی کـورت بـە پەلامـاری عوسـمانییەکان بـۆ سـەر میرنشـینەکانی کـورد لـە بابـان و سـۆران و بادینـان و بۆتـان بدەیـن. بـۆ لەناوبردنـی ئـەو میرنشـینانە عوسـمانییەکان پەنایـان بـردە بـەر نامرۆڤانەتریـن ڕێوشـوێن، دوای ئـەوەی لـە گۆڕەپانـی جەنـگ سـەردەکەون بەسـەریان، دواتـر دەسـتە دەسـتە لاوان و گەنجـان لەسـێدارە دەدەن، ئەتکـی ناموسـی کچانـی پاکیـزە و ژنانـی کـورد دەکـەن. هەرچـی مـاڵ و سـامان هەیـە ئاگـری تێبـەر دەدەن، تەنانـەت خـۆراک و دانەوێڵـەش لـە دەسـتیان ڕزگاریـان نابێـت[1]. عوسـمانییەکان بـەو شـێوەیە دەیانویسـت هەمـوو جووڵانەوەیـەک ئەوهـا سـەرکوت بکـەن تاکـو ببێتـە وانـە بـۆ هەمـوو ئەوانـەی کـە بیـر لـەوە دەکەنـەوە لـەدژی وڵات ڕاپـەڕن یـان مەیلـی جیابوونەوەیـان هەبێـت. وەک ئەحمـەد خواجـە لـە پەرتوکـی "چیـم دی؟ ئامـاژەی پێـدەدات: "برسـێتی و قـات و قـڕی و نەخۆشـی باڵـی کێشـابوو بەسـەر سـلێمانی، ناڵـە و هـاواری خەڵکـی شـارەکە و دەوروبـەری دەگەیشـتە ئاسـمان، سـەرەڕای ئـەوەش سـەربازانی عوسـمانی چیـن چیـن لاوانیـان دەهێنـا و لەسـێدارەیان دەدان"[2]. چارەنووسـی هەمـوو میرنیشـنە کوردیـەکان بـەم شـێوەیە کۆتایـی هـات.

کـورد و ئەرمـەن، وەک دوو گەلـی هیندۆئەوڕوپـی، لـە هـەزارەی دووەمـی پێـش زایینـەوە، واتـا چـوار هـەزار سـاڵ پێکـەوە ژیـاون. نـەک ئەوەنـدە و بـەس، بەڵکـو ئـەوان پەیوەنـدی خوێـن لەنێوانیـان هەیـە و زۆر لـە شـارەزایان پێیـان وایـە گەلێـک جـار لـە سـەردەمی پێـش زاییـن وەکـو یـەک ئێتنـۆس (یـەک ڕەگـەز) دەرکەوتـوون. ئـەوەش بـە فاکتـەری نزیکایەتـی نـەژادی، دواتریـش بەهـۆی باڵادەسـتیی مـادەکان و

---

(١) باپیـری باپیـرم، مـەلا مەحمـود فقـی ووسـو نانەکەلـی بـۆ کوڕەکـەی (عبدالکریـم) دەگێڕێتـەوە، دەڵـێ تورکـەکان هاتـن ئـەوەی توانیـان بردیـان، ئـەوەی تریشـیان سـوتاند، ئەگـەر ئاگـر نەبووایـە، تێکەڵـی یەکتریـان دەکـرد، یـان هەموویـان دەخسـتە بیرەکانـەوە – نوسـەر.

(٢) بلەچ شێرکۆ، مێژینە و ئێستای کورد – بڕوانە سەلام ناوخۆش لا٥٤.

هەخامەنشییەکان، تەواوی ئەو گروپە ئیتنییانە لە ژێر یەک چەتری دەسەڵات لەنگەریان گرتبوو، هەمووشیان دوژمنێکی هاوبەشیان هەبوو، ئەویش ئیمپراتۆری ئاشوری بوو. هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن دووچاری هەمان هێرشی تورکە سەلجوقی و دواتر مەغۆلەکان بوونەتەوە، چارەنووسیان پێکەوە لە خوێن گەوزاوە، ماڵ و وڵاتییان لەدێر زەمانەوە وێران کراوە.

کاتێک ئەمیر بەدرخان لە ساڵی ١٨١٢ سەربەخۆییەك ڕادەگەیەنێت تا ساڵی ١٨٤٨ بەردەوام دەبێت، بانگی یەکڕیزی و پێکەوە ژیانی موسوڵمان و کریستیانی کورد و ئەرمەنی دەکات. لە وڵاتەکەی ئەمیر بەدرخان دا ئەرمەنەکان و کوردەکان پێکەوە خاوەنی وڵات بوون و پایتەختەکەشیان جزیرە - بۆتان بوو. سەرلەشکری چەند یەکەی سەربازی و چەند ڕاوێژکارێکی خودی ئەمیر بەدرخان ئەرمەنی بوون. ئەمیر بەدرخان پێی وابوو کورد و ئەرمەن یەک بنەچەیان هەیە. ئەرمەنەکان بۆ یەکەم جار بوو لە دوای داپڵۆسینی عوسمانییەکانەوە پڕ بە دەنگ شانازی بکەن بە نەتەوەی ئەرمەنییان. تا دوای ڕووخانیشی لە ساڵی ١٨٤٨، ئەرمەنییەکان پشتیان لە ئەمیر بەدرخان و خێزانەکەی نەکرد، بە توندی بەشدارییان لە ڕاپەڕینی یەزدان شێر کرد لە ساڵی ١٨٥٦ لە سەروبەندی سەرهەڵدانی جەنگی "کریم - قرم" لە نێوان ڕوسیا و عوسمانییەکان. بۆ زێتر خوێندنەوەی مێژووی ئەو دوو نەتەوە دێرینە سەرێک بدە لە پەرتووکی "الکرد والأرمن. العلاقات التأريخيە" ی نووسەر "فارس عوسمان"[1].

پێکەوەژیانی کوردەکان و ئەرمەنەکان بەدرێژایی مێژوو درزی نەژادپەرستی تێنەکەوتووە. هەردوو نەتەوە لەپاڵ یەک ژیانێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتییان هەبووە، هاوبەش بوون لە خۆشی و ناخۆشی و دەرد و قات و قڕی. ئەرمەنەکان لە زۆر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا و شارەکانی باکووری کوردستان و شارەکانی تر کە ئێستا تەنها تورکی لێ دەژییێت، هەبوون. هەرچی باکووری کوردستانە، ئەرمەنەکان هاوشانی کورد

(١) پەرتوکی "الکرد والأرمن. العلاقات التأريخيە" لە نوسینی فارس عوسمان، لە لایەن خالید هەرکی وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی.

لە هەریەک لە ولایەتەکانی وان، دیاربەکر، ئەرزڕوم، خارپوت، بەدلیس و سیواس دەژیان. هەرچەندە ژمارەی کورد لەو شەش ولایەتە زۆرینە بوو و ژمارەی ئەرمەنەکان تەنها ٢٠٪ بوون، بەڵام بە حوکمی ئەوەی لە سەردەمێکی زووی مێژوودا ئیمپڕاتۆری ئەرمێنیا لەو ناوچەیە باڵادەست بووە، بۆیە بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی ئەرمەنەکان بە ئەرمینیای ڕۆژئاوا ناوزەندیان دەکرد و خوازیاری ئەوەبوون کە ئەرمینیای گەورە لەسەر ئەو خاکە دروست بکەن، بێ گوێدانە خواست و ویستی کورد. لەوەدا نابێت ڕۆڵی مسیۆنێر - مژدەدەرە کریستیانەکانی ئەوروپا لەبیر بکەین، کە ئەرمەنەکانیان هان دەدا و بیری نەتەوەخوازی و دەوڵەتگەراییان لە هزریان سیخناخ دەکرد. هەر ئەو مژدەدەرانە بوون کە دەیانویست وێنەیەکی خراپی کورد نیشانی دونیا بدەن، وەکو پیاوکوژ و دز و جەردە ناوزەندیان بکەن، ئەوەش دەرەنجامی خراپی بۆ سەر هەردوو نەتەوە هەبوو.

گوزەران و ژیانی کۆمەڵایەتی کورد و ئەرمەنەکان هاوشێوەی یەکتربوو. جیاوازی ئەوەبوو، دەرەبەگ و سەرۆکهۆزە کۆچەرییە کوردەکان باڵادەست بوون و بەشێوەیەک گەندەڵ و بەرتیل خۆربوون و کاریان کۆکردنەوەی سەرانە بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی و چەوساندنەوەی جوتیاران. وەک چۆن جوتیارە کوردەکانیان دەچەوساندەوە، بە هەمان شێوەش جوتیارە ئەرمەنەکانیان دەچەوساندەوە و کاری سوخرەکێشییان پێدەکردن. بەڵام ئەرمەنەکان لێرەدا بە حوکمی ئەوەی کریستیانن و کەمینەن لەناو کوردان، هەستی چەوسانەوەیان دوو ئەوەندە زێتر پێوە دیاربوو. گرنگە بگوترێت کورد و ئەرمەنەکان ئەوەندە تێکەڵی یەکتر بوون لە کاری هەرەوەزی و ژیانی دێهاتی، هیچ ئەرمەنییەک نەبوو ماڵە دۆستێکی کوردی نەبێت، و بە پێچەوانەشەوە هیچ ماڵە کوردێک نەبوو دۆستێکی گیانی بەگیانی ئەرمەنیی نەبێت. کوردەکان ئەوەندە مرۆڤی ڕەسەن و جوامێربوون کە لە سەردەمی قات و قڕی بە هەموو شێوەیەک دەرگایان واڵاکردووە بۆ ئەرمەنەکان، لە برسێتی و نەخۆشی پاراستوویانن، لە کاتی ڕاوەدوونان و کۆمەڵکوژی بە شێوەی نهێنی هەزارانیان لە جینۆسایدە مەزنەکە شاردونەتەوە[1].

(١) محمد حمەساڵح تۆفیق، جینۆسایدی ئەرمەن و ڕۆڵی کورد تیایدا، لا ٤٠.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم (ساڵانی دوای ١٨٣٩) سوڵتانی عوسمانی لەژێر فشاری وڵاتانی بەریتانیا و فەڕەنسا بڕیاری دا چاکسازی بکات لەو ناوچانەی ئەرمەنی نشینن لە خزمەتگوزاری و گرنگی دان بە بارو بژێوی کۆمەڵایەتی خەڵکی. لەو ساوە ئەرمەنەکان داخوازییەکانیان زۆرتر بوون، لەوەشەوە چەند بزووتنەوەیەکی نەتەوەییان پێکهێنابوو، ناسراوترینیان پارتی "تاشناک" بوو. ویستی سەربەخۆیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەرمەنی لەوە ڕەگی گرتبوو کە وڵاتانی بەلکان و بولگاریا بە یارمەتی ڕوسیا توانیبوویان دژی عوسمانییەکان ڕاپەڕن و سەربەخۆیی بەدەست بهێنن. هەر لەگەڵ جموجۆڵەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ فراوانخوازی، ڕوسیای سیزاریش دەست دەکات بە پەلاماردان و دێتە ناو سنوری وڵاتی عوسمانی. لە ساڵانی ١٨٢٦-١٨٢٩ سوپای عوسمانی لە بەرانبەر سوپای ڕوسیا شکستی هێنا و لە ناوچەکانی ئەرمینیا پاشەکشەی کرد، دواتر لە ساڵانی ١٨٧٦-١٨٧٨ دیسانەوەی بەرانبەر سوپای ڕوسیا شکا، ئەمجارەیان ڕوسەکان بە قوڵایی ولایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی عوسمانی، واتە باکووری کوردستان هەنگاویان نا کە لە گۆشەنیگای ئەرمەنەکان ڕۆژئاوای ئەرمەنستان بوو. لە تەواوی ئەو جەنگانە ئەرمەنەکان پشتیوان و چەکداری ڕوسیا بوون.

سوڵتانی عوسمانی بە قینەوە لە ڕووداوەکانی دەڕوانی و دەستبەجێ سیاسەتی "پەرتکە و زاڵبە"ی دەست پێکرد لە نێو کوردان و ئەرمەنەکان. سوڵتان و داردەستەکانی خۆیان بۆ ڕۆژێك مەڵاس دابوو تاوەکو تۆڵەیەکی جەرگبڕ لە ئەرمەنەکان بکەنەوە. دوای شکستی عوسمانییەکان لە جەنگەکان، لە ساڵی ١٨٧٨ ڕێککەوتنی "سان ستیفانۆ" و ڕێککەوتنی "بەرلین" بۆ کورتکردنەوەی دەستی ڕوسیا لە ناوچەکە واژووکران، ئیتر بەریتانیا بووە سەرمەشقی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی ئەرمەنەکان. کێشەی نەتەوەی ئەرمەن لەو ساوە زێتر بووە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و پیاوانی ئایینی و پاتریارکەکان و هەروەها کەسایەتی ڕۆشنبیری ئەرمەنی ڕۆڵی زۆریان هەبوو لە بردنە پێشەوەی دۆسیەی سەربەخۆیی

و چاکسـازییەکانی ئیمپراتـۆری عوسـمانی لـە ناوچەکانـی نیشـتەجێی ئەرمەنـەکان[١]. هـەر کـوردەکان نەبـێ، هیـچ هاوەڵێکیـان لـە دەرەوە نەبـوو، خۆشـیان لەناوخـۆ هێزەکانیـان پـەرت و بـڵاو بـێ خـاوەن بـوون.

عوسـمانییەکان یەکـەم کاری کـە کردیـان بریتـی بـوو لـە بڵاوکردنـەوەی پڕوپاگەنـدە و بزواندنـی هەسـتی کـوردەکان دژی ئەرمـەن. لـە لایـەک سـەرخێڵەکان و لـە لایەکـی تریـش شـێخی تەریقـەت و مەلاکانیـان هـان دەدا بـۆ جیهـاد دژی ناپاکـی ئەرمەنـەکان لـە بەرانبـەر دەوڵەتـی ئیسـلامی عوسـمانی. لـە لایەکـی تریشـەوە خەڵکـی سـادەی کوردیـان بـەوە تۆقاندبـوو کـە ئەرمەنـەکان خاکـی ئێـوە داگیردەکـەن و ئێـوەی موسـوڵمان دەکـەن بـە کۆیلـەی وڵاتێکـی کریسـتیانی. جۆشـدانی کـورد لـە لایـەن عوسـمانییەکانەوە وەڵامێکـی گەرمـی نەبـوو لـە کوردسـتان، چونکـە کـوردەکان لـە فێـڵ و گزییەکانـی تـورکان تێگەیشـتبوون. ئەوانەشـی کـە پێشـتر و ئەوسـاکەش بـەدەم ئـەو قسـانەی عوسـمانییەکانەوە دەچـوون هـەر ئـەو هـۆزە کۆچەریـی و خۆفرۆشـانەبوون کـە لـە سـەردەمێکی زووەوە داردەسـتی عوسـمانی بـوون. بـە کورتـی هیـچ شـتێکی نـوێ و ئەوتـۆ لـە دۆخەکـە نەگـۆڕا. توێـژەری ئەرمەنـی پڕۆفیسـۆر مانۆڤیـل ئێرسـۆنۆڤیچ هێسرێتیـان دەڵێـت: "بـە گشـتی دەمارگـرژی ئایینـی هیـچ ڕۆژێـک لـە ڕۆژان لـە سـیفات و ئـەدگاری کـوردان نەبـووە".

باڵـی توندڕەوی ئەرمەنـەکان بـە تایبەتـی پارتـی "تاشـناک" ڕوانگەیەکـی دوورمـەودا و زیرەکانـەی نەبـوو لـە مـەڕ پەیوەندییـەکان لەگـەڵ کـورد، دەبـوو ئـەوە لەبـەر چـاو بگـرن کـە ڕووبـەڕووی وڵاتێکـی داپڵۆسـێنەری وەکـو عوسـمانی بوونەتـەوە، نەهێڵـن گەلانـی ژێردەسـتە پـەرت و بڵاوبێـت و دوژمـن بـە ئـارەزووی خـۆی دژی یەکـتر بەکاریـان بهێنێـت. پارتـی تاشـناک داوای سـەربەخۆیی ئەرمینیـای ڕۆژئـاوای دەکـرد، واتـا خاکـی شـەش ولایەتـی باکـووری کوردسـتان بـێ گوێدانـە مـاف و چارەنووسـی کـوردان بـۆ سـەربەخۆیی. هـەروەک پێشـتر ئاماژەمـان دا، ئـەو شـەش ولایەتـە زۆرینـەی کـوردی لـێ دەژیـا، ئەرمەنـەکان تیایـدا کەمینـەی نەتەوەیـی بـوون، بـەڵام

(١) فارس عوسمان، الكرد والأرمن. العلاقات التأريخيه.

دەگەڕانــەوە بــۆ ڕۆژگاری کۆنــی مێژوویــی و گوایــا ئــەو خاکــە بەشــێک بــووە لــە ئەرمینیــای گــەورە. ڕابەرانــی کــوردی باکــوور لــەو ســەردەمەدا لارییــان نەبــوو لەســەر ئــەوەی بــۆ نموونــە هــەردوو ولایەتــی قــارس و ئــەرزڕوم بدرێتــە ئەرمینیــا، بــەڵام بزووتنــەوەی ناسیۆنالیســتی ئەرمەنــی تــەواوی کوردســتانی خســتبووە نــاو نەخشــەکەی خــۆی. ئــەوەش لــە سیاســەتی ئــەو پارتــە نەتەوەپەرســتە هەڵەیەکــی گــەورە بــوو[١].

ئەڵبەتــە ســنوری قەڵەمــڕەوی جەنگەکانــی نێــوان ڕوســیا و عوســمانی هەڵکشــان و داکشــانی بەخۆیــەوە دەبینــی، گۆڕەپانــی جەنگەکانیــش ناوچەکانــی نیشــتەجێی هاوبەشــی ئەرمەنــی و کــورد بــوون لــەو شــەش ولایەتــەی ئاماژەمــان پێــدان. ئاســایی پەلامــاری ئەرمەنــەکان بــۆ ســەر موڵــک و ماڵــی خێڵــە کــوردەکان بــوو. خێڵــە کوردەکانیــش، بــە تایبەتــی ئەوانــەی ســەرانە و باجیــان کۆدەکــردەوە بــۆ دەوڵــەت، زیانــی زۆریــان بەرکــەوت. لــەوەدا هێــرش و پەلامــاری پێچەوانــە دروســت بــوو بــۆ ســەر ئەرمەنــەکان. ڕووداوەکان بــە دڵــی سوڵتانی عوســمانی بــوو، بۆئــەوەی لــە کۆتاییــدا هــەردوولا بکەونــە گیانــی یەکــتر و گــورگان خــواردوو بــن[٢]. لــە لایەکــی تــر ســەربازانی عوســمانی هــەر بەشــێکی زۆری لــە خــودی هــۆزە کوردییــەکان بــوون، لــەوەش بــەولاوە، ســوڵتان عبدالحمیــد کــە ئەوســا بــە ســوڵتانی ســوور ناسرابــوو بەهــۆی خوێنڕێژییەکــەی، هەســتا بــە دروســتکردنی یەکــەی ســەربازی لــە هــۆزە جیــاوازەکان لــە عــەرەب و کــورد و نەتــەوەی دیکــەش، بــەڵام زۆرینەیــان لــە هــۆزە کــوردە کۆچــەرەکان بــوون، بەنــاوی "ســوارەی حەمیدییــە" 'الفرســان الحمیدیــە"، کــە دەســتیان هەبــوو لــە دەربەدەرکردنــی ئەرمــەن و کــورد. ســوڵتانی ســوور دەیویســت کوشــتارەکە بــە دەســتی کــورد ئەنجــام بــدات و لای وڵاتانــی ڕۆژئــاواش ئۆباڵــی تاوانەکــە بخاتــە ئەســتۆی کــوردان، هەرواشــی کــرد. سیاســەتی دوو فاقییــەت و فرتوفێڵــی تورکــەکان ئەوهــا بــوو لــە لایــەک کــوردە کۆچەرەکانیــان بەنــاوی ئاییــن و جیهــاد هانــدەدا، لــە لایەکــی تریشــەوە لای نوێنەرانــی وڵاتانــی ئەوڕوپــا بــە پیاوکــوژ و دزو جەردەیــان پێنــاس دەکــردن و ئەســتۆپاکی میللەتــی

---

(١) محمد حەمەساڵح تۆفیق، جینۆسایدی ئەرمەن و ڕۆڵی کورد تیایدا.
(٢) سەرچاوەی پێشوو.

تورکیـان لـە پرسـەکە نیشـان دەدا. نـەک هـەر ئەوەنـدە، شـایەدحاڵەکان بـاس لـەوە دەکـەن، کـە چـۆن تورکـەکان جلـی کوردییـان دەکـرده بـەر تەرمـی ئەرمەنـەکان و وێنەیـان دەگرتـن، ئەنجـا نیشـانی خێڵـە کوردییەکانیـان دەدا، هەروەهـا زیندانییـە تاوانبارەکانیـان بـەردەدا و جلـی کوردییـان لەبـەر دەکـردن و چەکدارییـان دەکـردن، دواتـر وەکـو جەلـلاد دەسـتە دەسـتە ئەرمەنەکانیـان دەهێنـا و گوللەبارانیـان پێدەکـردن یانیـش دەیاننـاردن بـۆ سـوتاندن و کاولکردنـی گونـدی ئەرمەنـەکان. تورکـەکان هەمـوو ئـەوا کارە دڕندانـە و دوور لـە ئەخلاقـی مرۆییانەیـان وێنـە دەگـرت و بڵاوییـان دەکـردەوە بـۆ ناوزڕاندنـی کـوردان لـە بـەردەم نوێنەرانـی وڵاتانـی جیهـان[١].

بـەو شـێوەیە سـوڵتان دەیوسـت هـەردوو لا بەگژیەکـدا ببـات و لـە کۆڵیـان بکاتـەوە، تـا خـۆی لـە کۆتاییـدا زاڵ بێـت بەسـەریان. کـوردەکان وەکـو پەڕنـدەی باڵشکاو، باڵێکیـان بـۆ ئاییـنـی پـڕ لـە درۆییـنـی عوسـمانی شـکابوو، باڵێکیشـیان ئومێـدی چاکبـوون و چاکسـازی هەبـوو، لـە کۆتاییشـدا قڕانیـان تێکـەوت.

بیرمـان نەچێـت ئەرمەنـەکان جگـە لـە شـەش ولایەتەکـەی سـەرەوە، لـە شـارەکانی سامسـۆن، تەرابـزون، مەلاتیـە، مـوش، ئورفـە، ئەدەنـە و زۆر شـاری تـر دەژیـان. بـۆ عوسـمانییەکان مانـەوەی ئەرمەنـەکان واتـە لەناوچوونـی وڵات. لـەو ساتە مەترسیدارە، ئەرمەنـە خرۆشـاوەکان بـە بەڵێنـی ڕوسـیا و ڕۆژئـاوا دوای پەیمانـی بەرلینـی سـاڵی ١٨٧٨، لـە سـاڵانی ١٨٩٤-١٨٩٦ ڕاپەڕینێکـی گەورەیـان سـازکرد لـە چەنـد شـارێک، بـەڵام گۆمـی خوێنـی لێکەوتـەوە، بـێ سـڵەمینەوە هەموویـان کۆمەڵکوژکـران. کوشـتاری ئەرمنـەکان لـە سـەردەمی سـوڵتان عبدالحمیـدی دووەم بـە ٣٠٠ هـەزار (سێسـەد هـەزار) کـەس دەخەمڵێنرێـت[٢]. پشـکی بەرپرسیارێتی ئـەو تاوانـە دەکەوێتـە ئەسـتۆی خـودی ڕوسـیا و هەنـدێ وڵاتـی ئەوڕوپـا، چونکـە هاندەریـان بـوون بـۆ ڕاپەڕیـن دژی دەوڵەتـی عوسـمانی.

دوای هاتنەپێشـەوەی تورکـە لاوەکان "ئیتیحـاد و تەرەقـی"، ئەرمەنـەکان هاوشـێوەی

(١) فایز الغصین، مذابح الأرمن، حلب ١٩٢٠، ص ٢٨.
(٢) فارس عوسمان، الکرد والأرمن. العلاقات التأریخیه.

کـوردان بـە دڵگەرمییـەوە چوونـە نـاو کۆمیتەکـەوە، پشـتیان لـە کـورد کـرد. ئـەو دوو میللەتـە چەوسـاوەیە دەبـوو ڕیزەکانیـان یەکبخـەن و پێکـەوە خەبـات بکـەن، بـەڵام پێچەوانەکـەی ڕوویـدا. هەرچەنـدە پیـاوە گەورەکانـی ئەوسـای کوردسـتان، لەوانـە شـێخ عوبەیـدوڵا نەهـری و مـەلا سـەلیمی بەدلیسـی و حوسـێن بەدرخـان و عەبدولرەحـمان بەدرخـان، هەوڵـی زۆریـان دا ئاشـتەوایی و برایەتـی بچەسـپێنن لـە نێوانیـان بـەڵام سـوودێکی ئەوتـۆی نەبـوو. فێـڵ و تەڵەکـەی تـورکان لـە لایـەک و نەزانینـی سیاسـەت لـە لایـەن ئەرمـەن و هـۆزە کوردەکانـەوە، بـووە هـۆی کارەسـاتێك کـە لـە مێـژووی نوێـدا وێنـەی نەبـووە. تورکـە لاوەکان تەنـێ سـێ سـاڵ لەگـەڵ ئەرمەنـەکان هاریکارییـان کـرد تـا جێپێـی خۆیـان گـرت و دەسـەڵاتیان لـە سـوڵتانی عوسـمانی سـەند، ئەوجـا دەسـتیان کـرد بـە پاکتاوکردنـی چینـی ڕۆشـنبیر و لێهاتـووی ئەرمەنـەکان. لـە شـاری ئەسـتەمبۆڵەوە ٢٥٠ کەسـایەتی گرنگـی ئەرمەنییـان قۆڵبەسـت کـرد بـۆ ئەنقـەرا، لـەوێ هەموویـان هەڵواسـین، بـە دڕندەتریـن شـێوە پارچـە پارچەیـان کـردن. ئەگـەر لـە سـەردەمی عوسـمانییەکان تاوانەکانـی دەرهـەق بـە ئەرمەنـی دەشـاردرانەوە، ئەمێسـتا تورکـە لاوە ئیتیحادییـەکان بـە ئاشـکرا پاکتـاوی ڕەگەزییـان دەسـتپێکرد. هەرسـێ پلاندانـەر و تاوانبـاری سـەرەکی کۆمەڵکوژییـەکان، تەلعـەت پاشـا و ئەنـوەر پاشـا و جەمـال پاشـا بڕیـاری یەکلاکردنـەوەی کێشـەی ئەرمەنەکانیـان دا لـە ڕێگـەی لەناوبردنـی بەکۆمـەڵ. بـە پلانێکـی ورد و دژەمرۆڤانـە، لـە هەمـوو گونـد و شـارەکان ڕاگواسـتنی زۆرەملـێ دەسـتی پێکـرد، کـە پێـی دەگوترێـت "مارشـی مـەرگ"، لـە پرۆسـەی ڕاگواسـتندا برسـێتی و تینوێتـی دەیـان هـەزاری لەسـەر ڕێـگاکان کوشـت. تەلعـەت پاشـا، وەزیـری ناوخـۆ، هەمـوو تاوانبـاران و پیاوکوژانـی زیندانەکانـی ئـازاد کـرد و دەسـتەی سـەربازی لـێ دروسـت کـردن بەنـاوی "تشـکیلاتی مخصوصـە" بـۆ کوشـتن و بەتـاڵان بردنـی ئەرمەنـەکان، ئەوانـە ڕێگەپێـدراو بـوون هەمـوو ئامرازێـک بەکاربهێنـن لـە خنکانـدن، سـوتاندن، نقـوم کـردن هتـد.

تەلعـەت پاشـا لـە ڕێکەوتـی ١٦ی سـێپتێمبەری ١٩١٥ لـە بروسـکەیەک بـۆ کۆمیتـەی ڕاگواسـتن لـە شـاری حەلـەب فەرمانێـک دەنێرێـت، کـە ئـەوە دەقەکەیەتـی: "پێشـتر پەیوەندیـمان پێـوە کـراوە، سـەبارەت بـەوەی کـە حکومـەت بـە فەرمانـی کۆمەڵـەی

ئیتیحــاد و تەرەقــی بڕیــاری داوە، هەمــوو ئــەو خەڵکــەی کــە پێشــتر ئاماژەیــان پــێ دراوە لــە تورکیــا لەنــاو ببردرێــن. هەرکەســێک دژی ئــەو فەرمانــە بێــت لــە پۆســتەکەی لادەدرێــت. دەبێــت ئــەو خەڵکــە لەنــاو ببرێــن، تەنانــەت ئەگــەر لــە ڕێگــەی گرتنەبــەری ئامــرازی نامرۆڤانــەش بێــت. پێویســتە بــە هیــچ شــێوەیەک گــوێ نەدرێــت بــە تەمــەن و ڕەگــەز و ئــازاری ویــژدان".

لــەو لادێ و ناوچانــەی کــە ســوپای ڕووســیا داگیــری دەکــردن، ڕۆژنامەنووســەکان ڕووداوی کارەســاتباویان تۆمارکــردووە، کــە پێشــتر مەگــەر تەنهــا مەغۆلــەکان و تەیمورلەنــگ ئەنجامیــان دابــن. لــە شــاری وان یــەک کــەس بــە زیندوویــی نەمابــوو، لــە شــاری بەدلیــس لــە کــۆی ١٨ هــەزار کــەس، تەنهــا ٤٠٠ ژن و منــداڵ قوتاریــان ببــوو. کــەس نەیدەتوانــی بچێتــە شــارەکە لەبــەر لاشــەی گەنیــوی هــەزاران کــەس. لــە ئــەرزڕوم لــە کــۆی ٢٥ هــەزار ئەرمەنــی، تەنهــا ٢٠٠ کــەس مابــوون، لــە گوندەکانــی دەوروبــەری مــوش لــە کــۆی ٢٥ هــەزار کــەس، یــەک کەســی تیــا قوتــار نەبــوو. بەرپرســانی تــورک ئــەو کاتــە بــە ئاشــکرا بــە باڵوێــزی ئەمریکایــان ڕاگەیانــد، کــە لــە شــارەکانی وان و ئــەرزڕوم هیــچ ئەرمەنییەکــمان نەهێشــتووە، لێناگەڕێیــن لــە تورکیــا کەســیان بــە زیندوویــی بمێنــن[1]. لــە ســەر دەســتی تورکــە لاوەکان "ئیتیحادییــەکان" ملیۆنێــک و نیــو ئەرمەنــی کۆمەڵکوژکــران، ٨٠٠ هــەزاری تــر هەڵاتــن بــۆ قەوقــاز و ڕوســیا و وڵاتانــی عەرەبــی.

(١) سەلام ناوخۆش، احتلال و تقسيم كوردستان. لا ٥٣.

## پاکتاوی نەژادیی دژی کورد

قەتلوعامی کوردان لەوەی ئەرمەنەکان قوڵتر و فۆڕمێکی تری هەبوو. بەدرێژایی ٤٠٠ ساڵ حوکمی ئالی عوسمان، کورد خەڵوزی دەیان و سەدان جەنگی بێ واتا بووە لە پێناوی حەزی هەوەسبازی شێتانەی تورکە عوسمانییەکان و لەولاش فارسەکان. لە سەردەمی سوڵتان عبدالحمید و دواتر پەیدابوونی بیری نەتەوەپەرستی، ڕێڕەوی هەڵسوکەوتی وڵاتەکە بەرانبەر هەموو نەتەوە ژێردەستەکان گۆڕا. کورد، ئەرمەن، چەرکیس، لاز و جوو، ئەوانە هەموو کەمینەی ئیتنی و نەتەوەیی بوون، لە کۆتاییدا هەموو مەترسی بوون بۆ سەر دەوڵەتی نەتەوەپەرستی تورک. ڕاگواستنی کورد دەمێک بوو دەستی پێکردبوو، نزیکبوونەوەی ئیتیحادییەکان لە دەسەڵات پرۆسەکەی جۆراوجۆرکرد، واتا ڕاگواستن بەس نەبوو، کۆمەڵکوژیشی هاتەسەر.

وەنەبێت ڕقی تورکە لاوەکان بەرانبەر کورد کەمتر بووبێت، بەڵام ئاسایی کوردەکان لە پلانی دووەم دا بوون. جەلادەت بەدرخان کە ئەفسەرێک بوو لە سوپای عوسمانی لە ناوچەکانی ئازەربایجان لەگەڵ تیپێکی سەربازی کە تاوانباری مرۆڤکوژ "ئەنوەر پاشا" فەرماندەیی دەکرد. جەلادەت دەگێڕێتەوە دەڵێت: "تورکەکان بەنیازی تاوانێکی هاوشێوەی ئەرمەنەکان بوون لەدژی کورد دوای کۆتایی هێنان بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەن. ئەوکاتە لەگەڵ تیپی ئەنوەر پاشا لە باکۆ بووم، لە کاتی نانخواردن لەگەڵ ئەفسەرەکان کە ژمارەیان ٣٠ - ٤٠ کەس دەبوو، کۆدەبووینەوە. گوێم لێ بوو ئەوها بوو ئاخاوتنیان: لە ڕێگەمان بۆ ئێرە ZO مان لەناوبرد دواتریش LO لەناو دەبەین. مەبەستیان لە ZO ئەرمەنییەکان بوو و LO کوردەکان بوو"[1].

کوردەکان بە حوکمی ئەوەی موسوڵمان بوون، لەوەش بەولاوە سوننە مەزهەب بوون، دەستخەروو کردنیان بە دەمارگرژی ئایینی ئاسان بوو. لە هەنگاوی یەکەمدا دەبووایە بەگژ ئەرمەنەکانیان ببەن، کە لە ژمارەدا لە کوردەکان کەمتر بوون، کۆنترۆڵکردنیان ئاسانتر بوو. جگە لەوەش کوردەکان ئەوەندە مەترسیدار نەبوون، چونکە لە دەرەوە هیچ هاوەڵێکیان نەبوو داکۆکی لە مافەکانیان بکات. ئەوە

(١) ئەمیر جەلادەت بەدرخان، رساله الی رئیس جمهوریه ترکیا، لا١٨ - فارس عوسمان ... لا ١١٤.

ئەرمەنـەکان بـوون وڵاتانـی ئەوڕوپـی و ئەمریـکا ببوونـە داکۆکیـکار لـە مافەکانیـان.

لــەو ماوەیــەدا تورکــەکان بــە پلانێــک ڕاگواســتنی زۆرەملێــی کــوردان بــەرەو ناوەڕاسـتی ئەناتۆڵیـا و ڕۆژئـاوای تورکیـا تاوتـوێ دەکـەن، بەشـێوەیەک کـە لـە هـەر شـارێکی تورکنشـین ژمـارەی کـورد لـە ٥٪ (لەسـەدا پێنـج) زێـتر نەبێـت، تاوەکـو بـە تێپەڕبوونـی کات بـە تـەواوی لـە نـاو نەتـەوەی تورکـدا بتوێنـەوە. لـە پرۆسـەی ڕاگواستن دا ٥٠٠ هــەزار کــورد بــە ژن و منداڵــەوە لــە ڕێــگاکان لــە برســان و تینویتیــان گیانیــان لەدەسـتدا. ئەوەیـان هەمـان ئـەو "مارشـی مـەرگ"ی ئەرمەنەکانمـان بیـر دێنێتـەوە. لـە قۆناغـی دووەمـدا ٧٠٠ هــەزار کــەس لــە خەڵکــی بــێ گوناهــی کــوردان ڕادەگوێزرێــن بـەرەو ڕۆژئـاوای ئەناتۆڵیـا، بەشـێکی زۆریـان دەمـرن و بەشـێکیان دەگەنـە شـارەکان[١]. ئەڵبـەت ئامـاری ورد لەسـەر ژمـارەی تـەواوی مـردووان لەبـەر دەسـت دا نیـن، بـەڵام شـایەدحاڵەکانی ڕزگاربـوو زۆرتـر لـەوە دەخەملێنـن.

لــە کــۆی هەمــوو ئــەو تــاوان و کۆمەڵکوژییــەی دژی کــورد لــە باکــوور ئەنجــام دراون، نەتوانـراوە هیچیـان لەسـەر ئاسـتی جیهانـی بـە دۆکومێنـت و بەڵگانـدن بکرێـن. تەنانــەت لەناوخــۆی کوردســتانیش زانیارییــەکان و دۆکومێنتــەکان بەپێــی پێویســت گرنگییــان پــێ نــەدراوە. کوشــتوبڕی کــورد بەشــێوەیەکی ئاشــکرا و بــێ ســڵەمینەوە لــە چوارچێــوەی دامرکاندنــەوەی شۆڕشــەکەی شــێخ ســەعیدی پیــران دەردەکەوێــت. وردەکاری زێــتر لــە بــارەی شۆڕشــەکە و کوشــتارگەکەی ئەتاتــورک پێشــتر ئامــاژەی وردتـری پێـدراوە. بەرەنجامـی کۆمەڵکوژییەکـە خاپوورکردنـی ٤٢٠ گونـد بـوو لەگـەڵ بەکۆمەڵکوشـتنی تـەواوی خەڵکەکـەی. دوای لەسـێدارەدانی شـێخ سـەعید و ٥٢ کـەس لـە هـاوکار و هاوڕێیەکانـی، لـە ڕۆژی ٢٩ی مایسـی ١٩٢٥ هێـزە تایبەتەکانـی سـوپای تورکیـا شـێخ عەبدولقـادری شـەمزینی لەگـەڵ کوڕەکـەی و ٨٥ سـەرۆک هـۆزی کـورد لەبــەردەم مزگەوتــی گــەورەی ئامــەد لەســێدارە دەدەن[٢].

(١) بلەچ شێرکۆ، مێژینە و ئێستای کورد.

(٢) عبدالعزیـز یامولکـی، کوردسـتان و ڕاپەڕینـەکان، لـە یاخـی بوونـی شـێخ سـەعیدەوە تـا جەنگـی جیهانـی دووەم، چاپـی حەوتـەم، لا ٧٦-٨٠.

دوای سەرکوتکردنی شۆڕشەکەی شێخ سەعید، لە ساڵی ١٩٢٦ ئەنجومەنی باڵای نیشتمانی تورکیا بڕیاری ژمارە ٨٨ دەردەکات، کە ڕێگە دەدات بە هەموو شێوەیەک و بەکارهێنانی هەموو ئامرازێک پەلاماری کوردستان بدرێت، هیچ کەس لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ناکرێت لە کوشتنی کوردان، بەڵکو پاداشتیش دەکرێت، بەم شێوەیە هەموو تاکێکی کورد کرایە کۆیلە لەبەر دەستی هەر تورکێک، تەنانەت ڕق و قینی تاکە کەسییش کە کوشتنی کوردانی لێبکەوێتەوە، هیچ لێپرسینەوەی لەسەر نەبوو. ڕاگواستنی بەکۆمەڵی کورد بەرەو ناوچە تورکنشینەکان و بەکۆیلەکردنیان و سوکایەتی پێکردنیان بووە شتێکی ڕۆژانە.

دوای شکستی شۆڕشەکەی ئاگری، حکومەتی تورکیا یاسایەکی بۆ پاکتاوکردنی کورد لە ناوچەکە دەرکرد. یاساکە لە ٥ی مایسی ١٩٣٢ دەرچوو، سێ ناوچەی کوردستانی دیاریکرد و بەتەواوی بڕیاری چۆڵکردنی دان و قەدەغەی ژیانی لەو ناوچانە ڕاگەیاند. لە ناوچەکانی ئاگری و دەوروبەری ٢٢٠ گوند کاولکران، لەناوچەی تاندریک ٤٠٠ گوند و لە ناوچەکانی شاری وان ٨٢ گوند بە تەواوی سوتێنران و خەڵکەکەی کۆمەڵکوژ کران. لەماوەی نێوان ١٩٢٧ تاکو ١٩٣٠ زێتر لە ٩٠٠ گوند سوتێنران(١)، هەرچی ماڵباتە سوتاوەکانە، ئەوا ژمارەیان بە ٨٢٤٣ (هەشت هەزار و دووسەد و چل و سێ) ماڵبات خەملێنراوە(٢). ئەگەر بێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ماڵباتی کورد وەچە و منداڵیان هەردەم زۆر بووە، ئەوا ژمارەی کوژراوان ڕەنگە خۆی لە ٤٠ - ٥٠ هەزار کەس بدات. لەپاڵ ئەوانەش، زێتر لە ١٠٠ کەسایەتی گرنگ و بیرمەندی کورد دوای شۆڕشەکە، بە دەست و قاچ بەستراوی خرانە دەریاچەی وان و خنکێنران. ئەوە جگە لە ڕاگواستنی بەردەوام لە زستانی سەختی ساڵی ١٩٣٠ دا، کە سەدان و هەزاران کەس لە ڕێگەدا بەهۆی برسێتی گیانیان سپاردە یەزدان.

یەکێکی تر لە دڕندەترین شاڵاوی کۆمەڵکوژی دژی کورد بریتی بوو لە جینۆسایدی

(١) بلەچ شێرکۆ، مێژینە و ئێستای کورد.
(٢) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد، پشکنین، ئامار و زانیاری، دۆکومێنت،هەولێر ٢٠١٤، لا ١٣-١٤.

دەرسیم، ئەو شارەی کە گوناهی ئەوەبوو داوای مافی سەرەتایی و خوێندن بە زمانی کوردی دەکرد. دوای هەرەسهێنانی سەید ڕەزا دەرسیمی، ڕژێمی ئەتاتورک هەڵمەتێکی پاکتاوی ڕەگەزی دەستپێکرد بە پاڵپشتی فڕۆکە و تانک بۆ سەر خەڵکی ستەمدیدە و بێ گوناهی دەرسیم و دەوروبەری. گەرچی کوردەکانی شارەکە دەستی ئاشتییان درێژکرد و داوای بەزەیی پێداهاتنەوەیان کرد، بەڵام سوپای تورکیا دەرگاکانی داخست و دوور لە هەموو پرەنسیپێکی مرۆیی کەوتە گیانی ژن و منداڵ و گەنج و پیری دەڤەرەکە[1]. دوای ڕوخاندنیماڵەکان بەسەر خەڵکەکەی، لەسێدارەدانی سەرپێیی و خنکاندن و لە هەمووی دڵسوتێنەرتر سوتاندنی چەند خێزانێک بوو کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون لە ئەشکەوتەکانی دەوروبەری شارەکە. بیرمەند و شۆڕشگێر و نووسەری کورد نوری دەرسیمی دووپاتی دەکاتەوە کە سوپای تورکیا لە ڕێگەی فڕۆکە بۆمبی کیمیایی لە شارەکە بەکارهێناوە[2].

**وێنەی (١١)**



دایکان و منداڵانی کورد/ ئامادەکاری بۆ کۆمەڵکوژیکردنیان لە دەرسیم

(١) کریس کۆچێرا، مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، بەشی هەشت، شۆڕشی دەرسیم، لا ٢٠٤-٢٠٥: وەرگیراوە لە حوسێن مەدەنی، کوردستان لە ستراتیژی دەوڵەتان، لا ٢٩٦.

(2) Martin van Bruinessen, Kurdish ethno-nationalism versus nation-building states: collected articles, Isis Press, 2000, p. 116.

**وێنەی (١٢)**



سەربازانی تورک شانازی دەکەن بە سەربڕینی کوردێک

ئامـاری جیاجیـا لەبەردەسـت هـەن لەبـارەی کۆمەڵکوژییەکـەی دەرسـیم، تورکیـای نـوێ دوای ڕاگەیاندنـی پرۆسـەی ئاشـتی لـە دوای سـاڵی ٢٠٠٣، پـەردەی لەسـەر هەنـدێ ڕاسـتی لابـرد و ژمـارەی قوربانیـان بـە نزیکـەی ١٣١٦٠ (سـێزدەهەزار و سـەد و شێسـت) کـەس مەزنـدە دەکات. داڤیـد ماکدۆویـڵ ژمـارەی قوربانیانـی کۆمەڵکوژیـی دەرسـیم بـە ٤٠ هـەزار کـەس دەخەملێنێـت[1]. بـەڵام سـەرچاوە کوردیـەکان وای بۆدەچـن کـە ژمارەکـە زۆر لـەوە زۆرتـرە و دەگاتـە نزیکـەی ٦٠-٧٠ هـەزار کـەس. دەوڵەتـی نوێـی تورکیـا بـەوەش نەوەسـتا، ئـەو خەڵکـەی لـە شـارەکە مابـووەوە بـەرەو ڕۆژئـاوای تورکیـای ڕاگوێـزان، نـاوی شارەکەشـیان گـۆڕی بـۆ تونجەلـی. بـە کورتـی شـارەکە بـە تـەواوی چـۆڵ کـرا و مۆرکـی کوردبوونـی بـە تـەواوی لێسـەندرایەوە.

بـە پێچەوانـەی کۆمەڵکوژیـی ئەرمەنـەکان، کوشـتاری کـوردان بـە دۆکومێنـت نەکـراوە، تورکـەکان هیـچ بەڵگەیەکیـان نەداوەتـە دەسـت و کارەکانیـان هـەر بـە نهێنـی لـە ناوخـۆی تورکیـا تەپـس کـرد.

(1) McDowall, David (2007). A Modern History of the Kurds. London: Tauris & Co.

لە لایەکی ترەوە سیاسەتی لەبن هێنانی زمانی کوردی و قەدەغەکردنی پەیڤ و ناوی کوردی، هەروەها سوکایەتی کردن بە نەتەوەی کورد تا وای لێدێت تاکی کورد لای نەنگی و شەرم بێت کە بڵێت کوردم، لە قێزەونترین جۆرەکانی پاکتاوی نەژادین. نەتەوەی کورد بەو ژمارە زۆرەوە ئاوا بە ئاسانی بووەتە کاڵایەکی سادە و ئاسان بەدەستی تورکە عوسمانی و دواتریش تورکە لاوەکان. تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش کورد لە وڵاتی تورکیا تەنها کارتێکی هەڵبژاردنن و هیچی تر.

## ڕۆڵی کورد وەکو بکوژ یان ڕزگاکەر یانیش قوربانی گەلەکۆمەکێی تورک؟

بەدرێژایی تەمەنی دەوڵەتی ئالی عوسمان ژمارەی کوردان لە ڕیزەکانی سوپا لە ژمارەی تورک و عەرەب زێتر بوو. سوارەی حەمیدییە ڕۆڵی سەرەکییان دەگێڕا لە گۆڕەپانی جەنگدا. گوتمان کە ئەرمەنەکان بە تەواوی پاڵیان دابووە سوپای ڕوسیا و لە دەسپێکی جەنگی جیهانی یەکەم لە ١٩١٤ هێرشی بەرفراوانیان کردە سەر ناوچەکانی وان و چەندین ناوچەی تری باکووری کوردستان، کە بووە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆری کورد بکوژرێن و دەربەدەربن. ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ دروست کردنی ڕقی نەتەوەیی لەنێوان کوردەکان و ئەرمەنەکان. بەڵام سەرەڕای ئەوەش کورد پەلکێشی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان نەبوون. بەپێویستی دەزانین لە چوارچێوەی قسەکردن لەسەر کۆمەڵکوژی ئەرمەنی سێ خاڵی گرنگ بخەینە ڕوو وەکو بنەمای لێکدانەوەی کارەساتەکە:

**یەکەم/** ئەو کوردانەی کە بەشدارییان کرد لە ڕاگواستنی ئەرمەنەکان وەکو تاک و تەرا هەژمار دەکرێن نەک وەکو میللەت یان گەلی کورد، ئەوان لە هۆزە کۆچەرەکان پێکهاتبوون، کە لە یەکەی سوپای حەمیدییە کۆببوونەوە. ئەوان بریتی بوون لە کەسانی هەرچی و پەرچی و پاتاڵ، کەسانێک نەبوون خەڵکی شارەکان و گوندە ڕەسەنەکان بن، بەڵکو دەستەیەکی چریك بوون و هەردەم لە تاڵان و کاری دزێو و ڕاوڕووت بۆ دەوڵەتی عوسمانی لە خزمەتی ئالی عوسمان بوون.

**دووەم/** تەنانەت لە نێو هۆزە کۆچەرییەکانیش، بەشێکی زۆری کوردەکان ئامادەی کوشتنی ئەرمەنەکان نەبوون، بەڵکو زێتر مەبەستیان تاڵان کردن و دەستکەوتنی ماڵ و سامان بوو. ئەوەتا یەکێک لە سەرۆکهۆزەکان بە ڕوونی دەڵێت: "تورك ڕقیان لە ئەرمەنەکانە، ئێمە ڕقمان لێیان نییە، ئەوەی ئێمە دەمانەوێ تەنها پارە و پولە، بەڵام تورکەکان ڕوحیشیان دەکێشن"[1].

(١) حوسێن مەدەنی، کوردستان لە ستراتیژی دەوڵەتان.

**سێهەم/** ئەو هۆزە کوردانەی کە بەشدارییان کرد لە ڕاگواستن و لەناوبردنی ئەرمەنەکان هەر هەمان ئەو هۆزانە بوون کە بەشدارییان کرد لە کۆمەڵکوژی کورد و دامرکاندنەوەی هەموو شۆڕشەکانی کوردستان. هەروەک چۆن لە مێژووەکی نزیک، جاشە کوردەکانی سەردەمی بەعس بەشداری ڕاستەوخۆی پرۆسەی ئەنفال بوون و چاوساغی بەعس بوون و لە پێشەوەی سوپای عێراق دەڕۆیشتن بەرەو گوندەکان. ئەوە هەمان نموونەی هۆزە کۆچەرییەکانە و لە باشووری کوردستان لە ساڵانی هەشتاکان دووبارە بوویەوە. ئەوان بەهیچ شێوەیەک نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد ناکەن، بەڵکو هێزێکی سەربازی چریک و بەدڕەفتار بوون، دژی نەتەوەکەی خۆیان، ئەوجا چجای ئەوەی دژی نەتەوەی تر.

کورد لەبەر ئەوەی خاوەنی وڵاتی خۆی نەبووە، قەوارەی سیاسی و بڕیاردەری نەبووە، بۆیە لەدۆخی ئەوهادا نەیتوانیووە کۆنترۆڵی ڕووداوەکان بکات، چونکە سەرچاوەیەکی هێز و دەسەڵات نییە تاوەکو بۆی بگەڕێتەوە و بیکاتە مەرجەع و هەروەها دەسەڵاتێکی خاوەن هێزیش نییە تاکو بتوانێت سزای تاوانکاران بدات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پیاوە گەورەکانی کورد هەڵوێستیان ئاشکرابووە، لەوانە شێخ عبیدللەی نەهری لە ساڵی ١٨٨٥، کە سەرەتای دەسپێکی ڕاوەدوونانی ئەرمەنەکان دەستی پێکردبوو، لە ئاست ئەو پەلامارانە بەو شێوەیە دێتەگۆ: :" وادیارە ئێمەی کورد دەبێ قازانجمان هەر ئەوەندە بێت کە ببینە داردەستی تورك بۆ کوشتنی ئەرمەنییەکان. تورکەکان دوای قڕکردنی ئەرمەن ڕوودەکەنە گیانی ئێمەش".

گرنگە ئاماژە بدەین، بە گوێرەی سەرچاوەکان، کوردانی باکووری کوردستان ڕۆڵیان هەبوو لە ڕزگارکردنی پەنجا هەزار ئەرمەنی لە دەست سوپای تورک[1]. تەنانەت نموونەی زیندوومان لەنێو خودی سوارەی حەمیدییە هەیە، ئیبراهیم پاشا سەرکردەیەکی ناسراوی سوارەی حەمیدییە بوو و بە دڵسۆزیی بۆ سوڵتانی عوسمانی ناوبانگی هەبوو، کەچی لە قۆناغی یەکەمی پەلاماردانەکە ١٠ هەزار ئەرمەنی لە کوشتن ڕزگارکردووە.

(١) هیوا ئەمین، ناسیۆنالیستی تورک، لا ٤١.

لــە ســاڵی ١٨٩٤ کاتێــک ٢٥٠٠ ژن و منداڵــی ئەرمەنــی خۆیــان لــە کڵێســاکان حەشــاردابوو، ســوپای عوســمانی ئاگــری بەردایــە کڵێســاکان، ســێ جوامێــری کــورد بەنــاوی مســتەفا ئاغــا و دوو لــە براکانــی ئــەوەی پێیــان کــرا کردیــان بــۆ ڕزگار کردنیــان، دوای ئــەوەش تــەواوی ئەرمەنەکانــی گەڕەکەکــەی خۆیــان لــە شــارەکە ڕزگارکــرد پێــش ئــەوەی ســوپای دڕنــدەی عوســمانی دەســتی بیانگاتــێ[1]. کــە هەواڵــی ترســناکی کوشــتاری ئەرمەنــی دەگاتــە باشــوور، دەســتبەجێ شــێخ ئەحمــەدی بارزانــی هێزکــی چەکــدار دەنێرێــت کــە ژمارەیــان ٢٠٠ چەکــدار دەبێــت بــۆ یارمەتــی دان و ڕزگارکردنــی ئەرمەنــەکان، لــە نێــو ئەوانــەی کــە هێــزی ناوبــراو قوتــاری کــردن، خانــەوادەی "ئەندارتیــک پاشــا" بــوو، چــواردە کەســیش لــە هێزەکــەی شــێخ ئەحمــەد لــە ســاتی ڕووبــەڕوو بوونــەوە بەرانبــەر ســوپای تــورکان شــەهیدبوون[2].

هــەر لــە گەرمــەی جەنگــی یەکەمــی جیهانیــدا، ســوپای ڕوســیا هــەر ناوچەیەکیــان لــە چنگــی تــورکان دەردەهێنــا، دەیانبینــی کــە خێزانــە کــوردەکان چــۆن داڵــدەی ســەدان ئەرمەنییــان داوە. "تەهلیریــان" گەنجێکــی ئەرمەنــی بــوو لــە ســاڵی ١٩٢١ لــە بەرلیــن تەلعــەت پاشــای کوشــت. لــە کاتــی دادگایــی کردنــی ڕاشــکاوانە دەڵێــت، کاتــێ تورکــەکان دایــک و باوکــم و کەســوکاریان کوشــتم لــە ئەرزنجــان، ماڵباتێکــی کــورد منیــان لــە مــردن ڕزگارکــرد، جلــی کوردییــان لەبەرکــردم و بــە نهێنــی منیــان گەیانــدە قەفقــاز. "میشــێل بانۆشــیان" گەنجێکــی ئەرمەنــی لەدایکبــووی ١٩٠٦ لــە شــاری ئەدیامــان، دوای ئــەوەی تورکــەکان کەســوکارەکەی کۆمەڵکوژ دەکــەن، خێزانێکــی کــورد بەخێــوی دەکــەن و دواتــر دەینێــرن بــۆ ســوریا و لــە حەلــەب لــە باخچــەی هەتیــوان بەخێودەکرێــت، دواتــر دەچێتــە فەڕەنســا و لــەوێ لــە ســەروبەندی جەنگــی دووەمــی جیهــان دەبێتــە جەنگاوەرێــک دژی ئەڵمانــی نــازی، لــە ســاڵی ١٩٤٤ لــە لایــەن ســەربازانی ئەڵمانــی دەســگیردەکرێت و گوللەبــاران دەکرێــت[3].

---

(١) محمد حمەساڵح تۆفیقق، جینۆسایدی ئەرمەن و ڕۆڵی کورد تیایدا.

(٢) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ئازادی خوازی کورد، بەشی یەکەم، لا ٩٢.

(٣) علي الأسدي، أضواء على الإباده الجماعيه للأرمن عام ١٩١٥.

نموونەیەکی تری ناوازە کە شایانی باسە، بریتیە لە موزیکژەنی ئەرمەنی "ئارام دیکران"، لە دیمانەیەک لێی دەپرسن تۆ کورد نیت، بەڵام بۆچی گۆرانی کوردی دەچڕیت و موزیکی کوردەی دەژەنیت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: دایکم خەڵکی سامسۆنە و باوکیشم سلێڤانییە، لە ساڵی ١٩٢٣ خێزانەکەم لە تورکیا هەڵاتن بۆ سوریا و لە ساڵی ١٩٦٦ گەڕاینەوە ئەرمینیا. باوکم هەمیشە دەیگوت خۆتان لە کوردان جودا مەکەنەوە، ئەوان زۆر هاوکاری ئێمەیان کرد، ئێمە لە دێرزەمانەوە پێکەوە ژیاوین و هیچ دوژمنایەتییەک لە نێوانمان نەبووە. باوکم بە کوردی هۆنراوەی دەنووسی و هەردەم باسی چاکەی کوردانی دەکرد، بۆیە منیش هەمان ڕێچکەی ئەوم گرتووە و موزیک و سترانی من بە زمانی کوردی دێنەگۆ[1].

ئەمانە و سەدان نموونەی دیکەی هاوکاری و ڕزگارکردنی ئەرمەنییەکان لەدەستی تورک نیشانی ئەوە دەدەن گەلی کورد هەرگیز کەسی کۆمەڵکوژ نەکردووە و هەرگیز کورد میللەتێکی ئەوەندە بێ ویژدان نەبووە وەک ئەوەی تورکەکان دەیانووسیت وێنای بکەن لە جیهانی دەرەوە.

(١) محمد حمەساڵح تۆفیق، جینۆسایدی ئەرمەن و ڕۆڵی کورد تیایدا.

## مستەفا کەمال ئەتاتورک - ئەفسانەکەی تورکیا دروستکراوی دەستی ئینگلیزەکان بوو

لەناو هەناوی ئیتیحادییەکان، یان بڵێین تورکە لاوەکان، کەسێک دێتە پێش بەناوی مستەفا کەمال ئەتاتورک، کە ئەفسەرێک بوو لە سوپا. لەدوای شۆڕشی تورکە لاوەکان لە ساڵانی ١٩٠٧-١٩٠٨ ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی بەهێز لەو وڵاتە دەرکەوتن و ڕۆڵی گرنگیان گێڕا، لەوانە ڕەفعەت پاشا، تەلعەت پاشا، جەمال پاشا، عیسمەت پاشا ناسراو بە عیسمەت ئینونو و هتد. دوای کۆتایی هاتنی جەنگ لە نێو هەموویان کەسێکی کەمتر ناسراو هاتە پێشەوە، ئەویش مستەفا کەمال بوو. هۆکاری هاتنە پێشەوەی ئەو کەسە لەو ڕووداوانەی خوارەوە دەردەکەوێت.

پێش هەموو شتێک دەبێت تیشک بخەینە سەر ئەوەی کە وڵاتانی هاوپەیمان پلان و بەرنامەڕێژییان بۆ ئەوە بوو خەلافەتی تاودراو بە ئیسلام (عوسمانی) بە تەواوی بڕوخێنن، لەجێی ئەو، وڵاتێکی تازە و نزیک لە ڕۆژئاوا دروست بکەن. تورکە لاوەکان دەمێک بوو نیشانی وڵاتانی ڕۆژئاوایان دابوو کە ئامادەن بەو کارە هەستن، بەڵام ئەوەش زیرەکی و لێزانینی دەویست، دەبوایە کارێک بکرێت کە شەقامی عوسمانی تورکی-کوردی بەشێوەیەک چەواشە بکرێت تاوەکو هیچ هەستێک و دڵسۆزییەکیان بۆ دەسەڵاتی ئەستەمبوڵ نەمێنێت. بە کورتی گۆڕینی ڕای کۆمەڵانی خەڵک پێویستی بە کات و فرت و فێڵ هەبوو. لەولاشەوە ڕوسیا وەکو جەمسەرێکی هێز، هەمیشە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا جێگەی گومان بوو. دوای بەرپاکردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەریش گومانەکانی ڕۆژئاوا بوونە ڕاستی، کە دەبێت تەرازووی هێز نەدۆڕێنن، بە تایبەتی دوای کشانەوەی ڤلادیمێر لێنین لە هەموو ڕێککەوتنەکانی پێشوو و مۆرکردنی لێکتێگەیشتنی نوێ لەگەڵ تورکە لاوەکان لە مانگی ئاداری ١٩١٨ لە شاری بریست-لیتۆڤسک. ڕوسیای سوور لە تەواوی ناوچەکانی باکووری کوردستان (ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئێستا) کشایەوە و هاوکات لەگەڵ ئەڵمانیاش لێکتێگەیشتنی ئاشتیی مۆرکرد. لە لایەکی تر ئینگلیزەکان چاویان بڕیبووە ولایەتی مووسڵ، دەیانویست تورکەکان ڕازی بکەن تاکو سازش بکەن لەسەر ولایەتەکە و لە بەرانبەردا بۆ لەناوبردنی سیستەمی خەلافەت و دروستکردنی تورکیایەک بە دڵی تورکەکان هاوکارییان دەکەن.

هەمـوو ئـەو ڕووداوانـە ئینگلیزەکانیـان هێنایـە سـەر هێڵـی گـەرم بـۆ دروسـتکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ تورکـە لاوەکان و لـە نێویشـیان کەسـایەتییەکی سـێکولاری وەکـو مسـتەفا کەمـال. وەک سـێر هێـنری وۆڵسـن سـەرۆکی سـوپای بەریتانیـا لـەو بارەیـەوە دەڵێـت: لەبـەردەم دیپلۆماسـیەتی بەریتانیـا یـەک ئامانـج هەیـە، ئەویش دامەزراندنـی پەیوەنـدی دۆسـتایەتییە لەگـەڵ مسـتەفا کەمـال. هەروەهـا سـەرکردەیەکی تـری سـوپای بەریتانیـا دەڵێـت: چاکتریـن کار کـە پێـی هەسـتین بریتیـە لـە وازهێنـان لـە ئەسـتەمبۆڵ و ڕێککەوتـن لەگـەڵ مسـتەفا کەمـال[١]. بـەڵام بەئەنجـام گەیاندنـی ئەو سـیناریۆیە پێویسـتی بـە تاکتیکێکـی خێـرا و چاپوکانـە هەبـوو.

لـە ڤەکۆڵینەکانـی پێشـوو ئامـاژە درا بـە تورکـە لاوەکان لـە چوارچێـوەی جەمعییـەی ئیتیحـاد و تەرەقـی، دوای ئـەوەش بزووتنەوەیـەک لـە ناویـان پەیدابـوو بـە نـاوی کەمالییـەکان، ئامـاژە بـۆ مسـتەفا کەمـال ئەتاتـورک. سـەرهەڵدانی ئـەو بزووتنەوەیـەش بەهـۆی ئاگربەسـتی مـودرۆس بـوو کـە لـە ئۆکتۆبـەری ١٩١٨ لـە نێـوان ئیتیحادییـەکان و وڵاتانـی هاوپەیـمان واژووکـرا. ئاگربەسـتەکە مەرجـی زۆر سـەختی تێدابـوو بـۆ وڵاتـی تورکیـا، چونکـە بـەو پێیـە هاوپەیمانـان مافـی تەواویـان بەخۆیـان دابـوو دەسـتبگرن بەسـەر هـەر ناوچەیەکـی سـتراتیژی کـە حـەز بکـەن، هەروەهـا ناچارکردنـی کشـانەوەی سـوپای تـورک لـەو ناوچانـەی کـە گرنگـن بـۆ وڵاتانـی هاوپەیـمان. شـایانی باسـە هێشـتا دەسـەڵاتی فەرمـی و شـەرعی بەدەسـتی خەلیفـە بـوو لـە ئەسـتەمبۆڵ، محەمـەد ڕەشـاد بوکەڵـەی دەسـتی تورکـە لاوەکان، بـۆ ئـەوە هێڵرابـووەوە کـە وەکـو نموونـەی لاوازی دەوڵەتـی خەلیفـە نیشـانی شـەقامی تورکیـا و کـوردی بـدەن و لـەو نێوەندەشـدا شۆڕەسـوارێک پەیـدا دەبێـت، گوایـا شـەڕەف و پیاوەتـی خەڵکـی تـورک دووبـارە دەگەیەنێتـەوە لوتکـە. ئۆباڵـی هەمـوو ناگـزووری و دۆڕانـەکان خرایەپـاڵ خەلیفـەی عوسـمانی. هـەر لـە پارچـە پارچـە بوونـی وڵات و دابەشـکردنی، تـا ئـەوەی لـە ڕۆژهەڵاتـی وڵات ئەرمـەن و کـوردەکان لەدەسـت دەرچووبـوون. کـوردەکان بەشـێکیان داوای گەڕانـەوەی دەوڵەتـی ئیسـلامیان دەکـرد، بەشـێکیان بـە نوێنەرایەتـی

(١) سلام ناوخۆش، احتلال و تقسيم كوردستان، لا ٦٩.

بەدرخانییـەکان داوای ئۆتۆنۆمـی و بەشـێکی دیکەیـان بـە نوێنەرایەتـی شـێخ مەحمـود داوای سـەربەخۆیی، ئەرمەنەکانیـش داوای دامەزراندنـی ئەرمینیـای گەورەیـان دەکـرد.

لـە ڕاسـتیدا دەستنیشـانکردنی مسـتەفا کەمـال بـۆ ئەرکـی کۆنترۆڵکردنـی دۆخـی ڕۆژهـەڵات (باکـووری کوردسـتان و ئەرمینیـا) بـژاردەی خەلیفـەی بـێ دەسـەڵات و ئینگلیـز بـوو. وەک ڕەفعـەت پاشـا لـە ڕۆژنامـەی (جمهوریـەت) دەڵێـت: مسـتەفا کەمـال وەکـو نوێنـەری ئینگلیـزەکان چـووە ئەناتۆڵیـا، بەشـێوەیەکی فەرمـی کاری فەرماندەیـی سـوپای لـە ئەسـتۆ گـرت لـە شـاری سامسـۆن، شـاندێکی سـێ کەسـی ئینگلیزیـش یـاوەری بـوون. سـەرچاوەیەکی تـر دەڵێـت: هێزەکانـی ئینگلیـز بـوون مسـتەفا کەمالیـان نـاردە شـاری سامسـۆن بۆئـەوەی بـە ئەرکـی خـۆی هەسـتێت[١]. هـەر لـەو کاتـە بـوو سـوپای یۆنـان پەلامـاری تورکیـای دا و لـە ١٥ی مایسـی ١٩١٩ شـاری ئیزمیـری گرتـەوە. پەلامـاری یۆنـان بـۆ سـەر ئیزمیـر بـە پلانـی هاوپەیمانـان بـوو، ئامانـج لێـی نیشـاندانی بێهێزیـی خەلیفـە بـوو وەکـو دەسـەڵاتێکی بـێ سـوود و لـە بەرانبەریشـدا نیشـاندانی مسـتەفا کەمـال وەکـو ڕزگارکـەری تـورکان. لـەو ساتەشـدا مسـتەفا کەمـال لـە ڕۆژهـەڵات و ناوەڕاسـتی ئەناتۆڵیـا خەریکـی کۆبوونـەوە بـوو لەگـەڵ خێڵـە کـوردەکان و ڕازی کردنیـان بـۆ پـلان و بەرنامەکانـی خـۆی، بێگومـان دیسـان ئاییـن و سـۆزی ئایینـی و چەندیـن بەڵینـی تـر ڕۆڵـی خۆیـان هەبـوو.

هـەر لـەو کاتـەدا سـوپای ئینگلیـز لـە ئۆپەڕاسیۆنێکدا چەنـد پەڕلەمانتارێکـی تورکـی دەسـگیرکرد و بـەرەو دوورگـەی ماڵتـا دووری خسـتنەوە، هـاوکات هێزەکانـی سـەر بـە مسـتەفا کەمالیـش لـە ڕووداوێکی هاوشـێوەدا لە شـاری ئاسکی شـەهر چەند ئەفسـەرێکی سـوپای هاوپەیمانیـان دەسـگیرکرد وەکـو بارمتـە لـە بەرانبـەر ئازادکردنـی پەڕلەمانتـارە تورکـەکان. ئـەو سیناریۆیانە جەمـاوەری مسـتەفا کەمالییـان لـە نـاو کۆمەڵانـی خەڵـک زۆرکـرد، خەلیفـەش وەکـو ناپـاک و هاوپەیمانـی ڕۆژئـاوا ناوزەنـد کـرا. هـەر لەوسـاوە وڵاتانـی هاوپەیـمان دەسـتیان کـرد بـە پێشـبڕکێ بـۆ هـاوکاری دارایـی و سـەربازی تورکیـای

---

(١) د. کـمال مضهـر، أضـواء علـى قضايـا دوليـه في الـشرق الأوسـط، لا ١٢٧: سـلام ناوخـۆش، احتـلال و تقسـيم كوردسـتان، لا٨١.

نوێ کە تورکیایەکی کۆماری مۆدێرن بوو، تەنها وڵاتی تورکان بوو، ئیتر شوێنێک نەما بۆ کورد و چەرکیس و لاز و ئەرمەن و گریک و هیچ نەتەوەیەکی تر[١].

دوای ئەوانیش هەریەک لە ئیتاڵیا و فەڕەنسا هاوکاری سەربازییان پێشکەش کرد، فەڕەنسا هەموو چەک و تفاقی بۆ سوپای تورکیا جێهێشت، یۆنان وەکو کورد و ئەرمەن وەکو کارتێک بەکارهێنرا و لە ساڵی ١٩٢٢ بەبێ جەنگ سوپاکەی لە تورکیا کشاندەوە. پەڕلەمانی تورکیا لە ئەنقەرا جاڕی ڕاگەیاندنی وڵاتێکی سێکولاری ڕۆژئاوایی دا، هەموو یاسایەکی ئیسلامی ڕەشکردەوە، ئەوەش بەدڵی هاوپەیمان و ڕوسیای سۆڤیەتیش بوو. هەر لەو ساتەش بوو کەمالییەکان دەستیان لە ڕێککەوتننامەی سیڤەر وەردا و داوای ڕاستکردنەوەیان کرد، هەرچەندە کێشەکە دواخرا بۆ ساڵی ١٩٢٣، بەڵام مستەفا کەمال سەرکەوتوو بوو لە پەکخستنی. بەو شێوەیە فریادڕەسی تورکان مستەفا کەمال توانی لە ماوەیەکی کورتدا خەونی هەر سێ نەتەوەی کورد و یۆنان و ئەرمەن لەبارببات.

(١) کرمانج گوندی، ٣٠ خەبات و وڵاتێکی وێران، حیدر کاضم، الأکراد من هم و الی أین، لا ٥٧، جۆرج لینشۆڤسکی، الشرق الأوسط في الشؤون العالمیە، جزء الأول: سلام ناوخۆش، احتلال و تقسیم کوردستان، لا٨٣-٨٥.

# بەشی چوارەم

# دروستکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیا – سەردەمی پاشایەتی بنەماڵەی هاشمی لە عێراق

## بەرپرسیارێتی بەریتانیا لە دۆخی چارەنوسسازی کورد

گرنگە لەمەڕ ڕەفتاری بەریتانیا بەرانبەر جوڵانەوەکانی کورد چەند ڕووداوێک بەپەلە بخەینە بەر باس. لە مایسی ١٩١٩ موتەسەڕیفی مەڵاتیە خەلیل رەحیم بەدرخان (لە بنەماڵەی بەدرخانییەکان) کۆبوونەوەی لەگەڵ گەورە پیاوانی کورد ئەنجام دا، لەو کۆبوونەویە ناوبراو بە فەرەمانڕەوای کوردستان دیاریکرا، بە ناوی بەرگری لە مافی کوردان پەیامی ئازادیی کوردستانی ڕاگەیاند کە ئاڕاستەی هەموو ڕێبەرێکی کوردستانی کرد و تیایدا هاتبوو: "بەهۆی ستەم و زۆرداری حکومەتی تورکیا، کوردەکانی کوردستان تووشی ژیانێکی تاڵ بوون. بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە ڕۆژی ڕزگاربوونیان دەکەن. لەوڕۆڕا چیتر خەڵکی کوردستان لەژێر باری کۆیلایەتی نامێننەوە"[(١)]. دوای هەوڵ و تەقەلاییەکی زۆر، ڕێبەرانی کورد لە مەلاتیە خۆیان بۆ ڕاپەڕینی سەرتاسەری ئامادە دەکەن و دەیانووسیت بەرەنگاری سوپای تورکان ببنەوە، بەڵام ئینگلیزەکان پشتیان نەگرتن. ئەفسەری ئینگلیز بەناوی "بیل" کە لە حەلەب جێگیربوو، بەناوی حکومەتی بەریتانیا داوای لێکردن جەنگ نەکەن، گوایا وڵاتەکەی داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد بەجێ دەهێنێت[(٢)].

لەمانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢١، خەلیل رەحیم بەدرخان لەگەڵ یاوەرانی کوردی لە ئەستەمبۆڵەوە پەنای هێنایە بەغدا بۆ داوای هاوکاری لە بەریتانییەکان بۆئەوەی ڕێگە بدەن بە هێنانی چەک و جبەخانەی سەربازی یۆنانی لە ڕێگەی عێراقەوە. دڵنیاییان دا کە لەگەڵ گەیشتنی چەک لە دەرسیم و ئامەد و بەتلیس و ڤان دەست بە ڕاپەڕینی گەورە دەکەن. پێشتر لە مانگی یۆلیۆ (تەمووز) سوپای یۆنان هێرشی هێنایە سەر ئەنقەرا، بەڵام کەمالییەکان سەرکەوتن بەسەریان. بێلایەنیی بەریتانییەکان سوودی زۆری بە تورکە کەمالییەکان گەیاند، پێشنیاری کوردەکانیشیان بۆ هاوکاری ڕەتکردەوە –

(١) حوسێن مەدەنی، کوردستان لە ستراتیژی دەوڵەتان.
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٣٠

بە بڕیاری ڕاستەوخۆی وینستۆن چەرچڵ[١]. نەك ئەوەندە و بەس، بەڵکو لە جەنگەکانی لە بەرانبەر یۆنانییەکان پشتیوانیشیان لە حکومەتەکەی ئەتاتورك کرد. بەم شێوەیە دەبینین بەرژەوەندی بەریتانییەکان دەگۆڕێت، سەرەنجام پلانەکان و بەڵێنەکانیش لە ناوچەکە دەگۆڕێن. سەرکەوتنی کەمالییەکان بە سیناریۆیەکی زیرەکانەی بەریتانییەکان بوو.

لە لایەکی تر سمکۆی شکاک لە هاوینی ١٩٢١ هەرێمی سەربەخۆی ڕاگەیاند لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە ولایەتی مووسڵ دەنگێکی گەورەی دایەوە، دیسانەوە دەرفەتێک بوو بۆ بەریتانییەکان تاوەکو پشتگیری بکەن، بەڵام جارێکی تر بە باشیان زانی لەگەڵ کەمالیستەکان بگەنە ڕێککەوتن. کەمالییەکان زۆرینەی پەرلەمانییان پێکهێنابوو لە تورکیا، میساقی میللی-یان پەسندکردبوو، کە پێکهاتبوو لە ٦ خاڵ و چارەی ناوچە کێشە لەسەرەکانی گەڵاڵەکردبوو. بەو ڕێککەوتنە بەشی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەری باکوور- سنوری ئێستای تورکیا و ئێران - لەیەکتر جیاکرایەوە. دەتوانین ناوی بنێین تۆخکردنەوەی چاڵدێران. لە بەرەی ڕۆژئاواش، دوای ئەوەی سوپای تورکیا لە بەرانبەر گریکەکان (یۆنانییەکان) شکابوو، سوپای گرێسیا (یۆنان) ٢٥٠ کم بەرەو قوڵایی تورکیا پێشڕەوییان کردبوو، بەڵام هاوپەیمانان لە پشتیوانی بۆ یۆنان پاشگەزبوونەوە، چونکە لە ئەگەری بەردەوامیی پێشڕەوییەکانی، سوپای گریک کەمالییە ڕەگەزپەرستەکانی بەرەو ڕۆژهەڵات ڕادەماڵی. ڕوسیای بۆلشێڤی ڕووی دۆستایەتی لە تورکیا کردبوو، بەریتانییەکان ترسیان لە هەڵگەڕانەوەی دۆخەکە هەبوو. ئەوەبوو ئینگلیزەکان پشتیان لە گریکەکان کرد کە بووە هۆی ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٢ سوپای کەمالیستەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنن. سوپای بەریتانییەکانیش کە ئەوکاتە لە ئەستەمبۆڵ و گەرووی داردەنێل بوون بڕیاری ئاگربەستیان دا. هۆکاری ئاگربەستەکەش ئەوەبوو، ئینگلیزەکان سەرچاوەکانی نەفتیان بۆ خۆیان دەستەبەرکردبوو، لە لایەکی تریش ترسیان

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.

هەبــوو لــە خێــرا گوزەرکردنــی ڕووداوەکان. نــەک هــەر ئــەوە، بگــرە پشــتیوانی تورکیایــان دەکــرد بــۆ بەدەســتهێنانەوەی هەندێــک لــە ولایەتــە لەدەســتچووەکانی. یەکێتــی ســۆڤیەتی تازەلەدایکبــوو بەهەمــوو شــێوەیەک دژی بەریتانیــا و خۆرئــاوا بــوو. جگــە لەوانــەش ســوپای بەریتانیــا تــەواو مانــدوو ببــوو بەهــۆی جەنگــی چەنــد ســاڵەوە و حکومەتــی بەریتانیــاش کەوتبــووە ژێــر قەرزێکــی زۆرەوە. ئەوانــە و چەندیــن هــۆکاری تــر بوونــە هــۆی ئــەوەی بەریتانیــا بەزوویــی ئــەو دۆســیانە دابخــات و کــورد و گریــک و ئەرمەنیــش بکاتــە قوربانــی.

شــیاوی ئەوەیــە ئامــاژە بدەیــن بــە نووســەر و مێژوونــوس ماکمیــلان، کــە لــە پەرتووکەکەیــدا دەڵێــت: دوای ئــەوەی لــە بەهــاری (١٩١٩) هێزەکانــی گریــک بــۆ یەکەمیــن جــار لــە ئیزمیــر دژی هێزەکانــی ئەتاتــورك لــە قوڵایــی تورکیــا دابەزیــن، لــە هاوینــی (١٩٢٠) دا کــوردە "زۆر مووســڵمانەکان" لــەو بڕوایــەدا بــوون ئــەوە ململانێــی نێــوان ئیســلام و مەســیحییەکانە، ئەتاتورکیــش هێنــدە بلیمــەت بــوو، بــۆ ئــەوەی بانگــەوازی ئیســلام بەکاربێنێــت هەســتا بــە پەیوەنــدی کــردن بــە ســەرکردە کوردەکانــەوە و داوای پشــتیوانیی لێکــردن، بــە دەنگــۆی ئــەوەی کــە گوایــە بەریتانیــا پــلان دادەڕێژێــت بــۆ دەســتگرتن بەســەر ناوچــە کوردییەکانــی باشــوور، تەنانــەت کــوردە نەتەوەپەروەرەکانیشــی هانــدا کــە هێلکەکانیــان بخەنــە ســەبەتەی ئەتاتورکــەوە[1].

دوای ســڕینەوەی پاشــماوەی دەوڵەتــی عوســمانی، کەمالیســتەکان بــە تــەواوی خۆیــان ســەپاند بەســەر دەزگاکان و هەمــوو ڕێککەوتنەکانــی پێشــوویان خســتە ژێــر گڵــەوە. بەریتانییەکانیــش ئیــتر لــە توانایــان نەبــوو بــۆ جارێکــی تــر نوێنەرانــی ئەســتەمبۆڵ بانگهێشــتی کۆنفرانســی ئاشــتی بکــەن، بۆیــە لــە لــۆزان Lozanne لــە ٢٤ی یۆلیــۆی ١٩٢٣ بەتەنیــا لەگــەڵ ئەندامانــی شــاندی ئەنقــەرا (کــە تــازە کرابــووە پایتەخــت و ئەســتەمبۆڵ هیــچ پێگەیەکــی بڕیاردانــی نەمابــوو) پەیماننامەیەکــی تازەیــان مۆرکــرد.

---

(1) McDowall, p. 125–28, 132.

لـە بەشـەکانی داهاتـوو زێـتر لـە سـەر کێشـەی ولایەتـی مووسـڵ دەدوێیـن. بـەڵام لێـرەدا دەمانـەوێ تیشـک بخەینـە سـەر بەرپرسـیارێتییەکی دیکـەی بەریتانیـا و پشـتکردنی لـە کـوردان.

دوای شکسـتی هەوڵەکانـی شـێخ مەحمـود لـە دامەزراندنـی پاشـایەتی لـە سـلێمانی، ئینگلیـزەکان بڕیـاری کۆتایـی دەدەن. سـێر "پێرسـی کۆکـس" کۆمسـیاری بـاڵای بەریتانیـا لـە بەغـدا دژی سـەرهەڵدانی دەوڵەتـی کـوردی بـوو، بەنـاو پادشـای عێـراق فەیسـەڵی یەکەمیـش پشـتیوانی لـێ کـرد. وینسـتۆن چێرچـڵ کـە سـەرەتا پشـتیوانی دەوڵەتـی کـوردی بـوو، بـەڵام گوێـی بـۆ پێرسـی کۆکـس شـل کـرد و ڕازی بـوو بـە لکاندنـی باشـووری کوردسـتان بـە وڵاتـە نوێیەکـە، کـە نـاوی نـرا عێـراق. شـیاوی گوتنـە کـە دەسـەڵاتی پاشـایەتی عێـراق هیـچ ئامرازێکـی سیاسـی و سـەربازی لـە دەسـت نەبـوو بـۆ دەسـەڵات و حوکمڕانـی کـردن بەسـەر ئـەو وڵاتـە نوێیـە، ئـەوە ئینگلیـزەکان بـوون خەریـک بـوون نێرەموکیـان بـەزۆر دەکـرد بـە پیـاو.

## عێراق وەکو دەوڵەتی لەناکاوی بەریتانی - گرفتی بەریتانییەکان چی بوو؟

ئینگلیزەکان کە هاتنە ناوچەکە، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک خێڵ و هۆزی عەرەبی پەرشوبڵاو بوونەوە، کە هەر یەکەیان بۆ خۆیان حکومەتێک بوون، ناتەبا بوون، نەیاندەزانی حکومەت و دەوڵەتی نەتەوەیی چیە. ئینگلیزەکانیش پێویستیان بە سەرکردەیەک یان بڵێین حوکمڕانێکی ناوچەکە بوو، تا بتوانن لەگەڵی لەسەر کۆمەڵێک پرسی چارەنوسساز ڕێکبکەون. گرنگترین پرسەکانیش بریتی بوون لە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوە نەوتییەکان و بازرگانی بەگشتی، بەڵام هەلومەرجی خێڵەکی (عەشایەری) عەرەبی کە لە ناوچەکە بوونی هەبوو، ڕێخۆشکەر نەبوو بۆ ئەوە. بە وردی بڵێین، تەنگژەی بەریتانییەکان نەبوونی قەوارەیەک و سەرکردەیەکی بەهێز بوو لەناوچەکە، قەوارەیەک کە هەموو خەڵکی ناوچەکە لەسەری کۆکبن. لای ئینگلیزەکان گرنگ نەبوو کێ دەبێتە حاکم، گرنگ ئەوەبوو ئەوان بتوانن بەرژەوەندییەکانیان ڕێکبخەن و کارەکانیان ڕاهی بکەن. تاکە مەرج ئەوە بوو، کەسی حوکمڕان تەواو کەسێکی هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ خواستی بەریتانییەکان و ئەوانیش ئامادەن هەموو هێزێکی بخەنە بەردەستی. وەک لە نامەکەی لۆرد هاردینگ lord Hardinge هاتووە کە لە لەندەنەوە بۆ گێرترود بێل Gertrude Bell دەنوسێت: "هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نییە کە سێ کەسی قەڵەوی بەغدایی بکەینە حاکمی وڵاتەکە یان سێ کەسی ڕیش درێژ"[(١)]. بەریتانییەکان پێویستیان بە هەر کەسێکی حوکمڕان بوو کە بتوانێت لەگەڵیان پێکبێت و لەوە تێبگات کە چ سامانێک و خێرو بێرێک لەو دەڤەرە هەیە. ئینگلیزەکان ناوی "عێراق"یان کردبووە ناوی وڵاتێك و برەویان پێدابوو، تەنها مابوو کەسایەتییەک دابین بکەن بۆ سەرۆکایەتی ئەو وڵاتە.

لە مێزۆپۆتامیا کۆمسیاری باڵای ئینگلیز "پێرسی کۆکس" کە لە بەغدا دادەنیشت، بە قەڵەمی ڕەنگ سوور نەخشەی سنوری نێوان وڵاتی فارس و وڵاتی پاشماوەی عوسمانی ڕاکێشا، لەو ناوەندە وڵاتێکیان دروستکرد و ناویان

(1) Hardinge do Gertrude Bell, 27 March 1917, Hardinge MSS 30.

نــا عێــراق. عێراقــی تــازە بریتــی بــوو لــە تێکهەڵکێشــی بەڕێکەوتــی ســێ ولایەتــی عوســمانی (مووســڵ و بەغــدا و بــەسرا) کــە لــەڕووی جیۆگرافــی و مێژوویــی و کولتــوری و نەتەوەییــەوە تــەواو لێکجیــاواز بــوون[١]. ئــەو تێکهەڵکێشــییە بــە دڵــی کــەس نەبــوو جگــە لــە لەنــدەن نەبێــت. لەنــدەن پێــی وابــوو لەســەر فۆڕمــی ڕۆژئــاوا وڵاتــی ســڤیل (شارســتانی) دروســت دەکــەن، بۆیــە گرنــگ نییــە هــەر چ نەتــەوە یــان مەزهەبێکــی تێدایــە. عێــراق ئاڵایەکــی بــۆ دانــرا کــە خــودی "گێرتــرود بێــڵ - میــس بێــڵ" دیزاینــی کردبــوو[٢]. ئەوەیــە ئەوعێراقــەی کــە ئێســتا عــەرەب ئەوەنــدە شــانازی پێــوە دەکــەن و دەیپەرســتن ســنورەکەی و ئاڵاکــەی لــە لایــەن بەریتانیــاوە کێشــراوە.

(1) MacMillan M., Peacemakers: Six Months That Changed the World. London 2001, p. 408.

(٢) گێرتـرود بێـڵ کچـی دەوڵەمەندێکـی بەریتانی بوو، بەشـی خوێندنی مێژووی تەواوکردبوو، سـەرەتا لە وڵاتـی فـارس، دواتـر وەکو گەڕیدەیـەک بە وڵاتانی عەرەبی دەگـەڕا و زانیاری و یاداشـتەکانی تۆماردەکرد. ناوبـراو کـە لای عێراقییـەکان بـە خاتـوون نـاسراوە، چونکە دەسـتی هەبوو لە داڕشـتنی سـنوری کولتوری-نەتەوەیـی وڵاتەکـە، بۆچوونـی لەبارەی کـورد خراپ بوو و دژی سـەرهەڵدانی وڵاتێک بوو بـۆ کوردەکان.

## هاوردەکردنی پاشایەک لە حیجازەوە بۆ عێراق - قەیرانی سیمبولی نیشتمانی

دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕین کە بە شۆڕشی بیست (ثوره العشرین) ناسراوە، بەریتانییەکان کەسێکیان هێنا و کردیانە سەرۆکوەزیرانی عێراق بەناوی عەبدولرەحمان ئەلنەقیب. نوێنەرانی ڕاپەڕیوان لەنێو خۆیان گردبوونەوە بە ئامانجی دیاریکردنی کەسایەتییەک بۆ حوکمڕانی کردن. بیرمان نەچێت هەر ئەو سەردەمە سەرۆك خێڵەکانی دیکەی نیمچە دوورگەی عەرەبی، هەریەکە و لەلای خۆیەوە ناوچەیەکی دەستنیشانکردبوو و خۆی کردبووە دەسەڵاتدار، لەوانە شێخ مبارک الصباح دامەزرێنەری کوێت، عەبدولعەزیز ئال سعود لە نەجد، شەریفی مەککە حوسێن کوڕی عەلی لە شارە پیرۆزەکان و حیجاز، کە تازە ڕاپەڕیبوون دژی عوسمانییەکان و ناوچەکانیان کۆنترۆڵ کردبوو.

هۆز و خێڵەکانی باشووری مێزۆپۆتامیاش لەسەر هەمان ڕێچکە دەیانویست قەوارەیەک دابمەزرێنن، بەڵام ئاستەنگی بەردەمیان دووبەرەکی و ناکۆکی بوو لەسەر تەختی حوکمڕانی. سەرۆک خێڵەکان هەر یەکە و خۆی بە چاکتر دەزانی لەویتر بۆ تەختی پاشایەتی. سەرەتا چەند ناوێکیان لەنێو خۆیان پێشنیارکرد، بەڵام بێ سوود بوو، سەرەنجام گروپێک وەکو نوێنەرانی ڕاپەڕین چوونە حیجاز بۆ لای شەریفی مەککە، داوایان لێکرد یەکێک لە کوڕەکانی بنێرێت بۆئەوەی ببێتە پادشایان، بە دیاریکراویش شازادە عەبدوڵای کوڕی شەریفی مەککە. جێی باسە کوڕەکانی شەریف حوسێنی کوڕی عەلی هەر یەکە لە ناوچەیەک شانبەشانی بەریتانییەکان دژی عوسمانییەکان دەجەنگان. شازادە عەبدوڵا لە ناوچەکانی ئوردنی ئێستا و شازادە فەیسەڵ لە سوریا پێشڕەوی بەرەکانی جەنگییان دەکرد.

شەریفی مەککە حوسێنی کوڕی عەلی بە میوانەکانی گوت، ئێوە کاتی خۆی حوسێنی باپیری ئێمەتان پارچە پارچە کرد دوای ئەوەی هات بۆ ڕزگارکردنتان لە دەست یەزیدی کوڕی معاویە، ئێستا چۆن متمانەتان پێ بکەم کە هەمان شت لەگەڵ کوڕەکەی منیش ناکەن؟ سەرۆکخێڵەکان بەڵێنیان دا کە پشتیوانی بن و لێناگەڕێن ئەوە دووبارە ببێتەوە و بەڵکو خۆشیان لەپێناوی دەکەنە قوربانی. لە میانەی دانیشتنەکەدا شەریفی مەککە ڕازی بوو بۆ داواکەیان، بەڵام گوتی فەیسەڵی کوڕم دەنێرم نەك عەبدوڵا، بۆئەوەی ببێتە پادشای وڵاتەکەتان. شایانی گوتنە فەیسەڵ دوای شکستهێنانی لەگەڵ فەڕەنسییەکان

لەسـەر دەسـەڵاتدارێتی لە سـوریا، تەختی پاشـایەتی دۆڕاند، بۆیە باوکی ویسـتی بە تەختی پاشـایەتی عێـراق ئەو شکسـتەی بـۆ قەرەبـوو بکاتەوە.

فەیسـەڵی یەکـەم لـە سـوریا ئەزمونێکـی وەرگرتبـوو لەبـارەی چۆنییەتی سیاسـەتکردن و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی سیاسـی ناوچەکە، شـارەزابوو لە سیاسـەتی نێودەوڵەتی زلهێـزەکان و لـە مەبەسـتیان گەیشـتبوو. یەکـەم کاری وەکـو پاشـای عێـراق سـەردانیکردنی بەریتانیـا بـوو، بۆئـەوەی لـە نزیکـەوە لـە مەرامیـان تێبـگات و گوێڕایەڵییـان بێـت. لـەوێ گوێـی بـۆ سیاسییەکانی ئینگلیـز شـل کردبـوو کـە دەبێـت چـۆن وڵاتێکـی نـوێ بەنـاوی عێـراق بەڕێوەببرێـت. هـەر بۆیـە کـە گەڕایـەوە ویسـتی وڵاتێکی نیشـتمانی دروسـت بکات کـە هەمـوو کەسـێک ببێتـە هاوڵاتـی و هەسـتی هاوڵاتیبوونـی بـۆ عێـراق هەبێـت. ئەمەش بـوو کێشـە سـەرەکییەکە، ئـەو نەیتوانـی هەسـتی هاوڵاتیبـوون لە گیانـی هەمـوو تاکێک بە جیاوازیـی ڕەگەزییەکانیانـەوە بچێنێـت. هـەروەک لە دەستنوسـێکی نهێنـی دەردەکەوێت کە بـۆ کەسایەتییە دیـار و گرنگەکانـی ئـەو کاتـەی عێـراق ناردوویەتـی و دەڵێـت: شـتێک نییە بەنـاوی گەلـی عێـراق، بەڵکـو ئـەوەی هەیـە بریتیـە لـە گەلانـی عێـراق و پشتیوانیشـیان بـۆ عێـراق نییـە، چونکـە بیرۆکـەی نیشـتمانی بـوون یـان هاوڵاتیبـوون بوونـی نییـە لایان.

فەیسـەڵی یەکـەم بـە دامەزرێنـەری عێـراق دادەنرێـت، دوای دانیشـتنی لەسـەر تەخت، بە هـاوکاری بەریتانییـەکان پەرلەمانـی دروسـتکرد، دامـەزراوەی وڵاتـی لەسـەر بنەمـای وڵاتانـی ڕۆژئـاوا بونیادنـا، دەزگای پۆلیس و هێزی سـەربازی بـە هاوکاری ئەفسـەرانی مێزۆپۆتامیا کە لە سـوپای عوسـمانی خزمەتیـان کردبوو، داهێنا. لە گرنگترین ئەفسـەرەکان ئەوانـە بوون: جەعفەر پاشـای عەسـکەری، بەکـر سـدقی (دەگوترێـت کورد بوو)، نوری پاشـا سـەعید، عەلـی جەودەت ئەیوبـی، جەمیـل مەدفەعـی، یاسـین ئەلهاشـمی، تەهـا ئەلهاشـمی و هتـد. سـەرەڕای ئـەوەش، دامـەزراوەی دادوەری و داگاکان، دەزگای ڕۆژنامەوانـی و وەزارەتەکانـی بونیادنـا. هەمـوو ئـەو شـتانە نـوێ بـوون بـۆ وڵاتـە تازەلەدایـک بووەکە. جێـی ئاماژەیـە، ئەوانەی سـەرەوە هەموویان کەسـایەتی سـەربازیی بوون، دواتر دەسـەڵاتی سـەرۆکوەزیران و وەزارەتەکان دەگرنە دەسـت. شـتێکی نامـۆ نییـە کـە چارەنووسـی کورد بـە ئاقاری پڕ مەترسـی و کوشـتبوبڕی دەبـەن. عێراق لەوەتـەی هەبـووە لـە لایەن کەسـایەتی سـەربازی و ڕژێمـی عەسـکەرتاریەت بەڕێوەچووە.

## کێشـەی مووسـڵ - ململانێـی تورکیـا و بەریتانیـا - مامەڵەکـردن بـە دۆسـیەی کورد لە لایەن تورک و ئینگلیزەوە

دوای کودەتـای تورکـە ناسیۆنالیستـەکان بەسـەر سـوڵتانی عوسـمانی، حکومەتـی تـازە دروسـتبووی ئەنقـەرا بەرانبـەر ڕێککەوتننامـەی سـیڤەر خـۆی بـە پابەنـد نەدەبینـی. هەربۆیە عیسـمەت پاشـا (بەڕەگـەز کـورد) وەکـو نوێنـەری مسـتەفا کەمـال دەسـتی کـرد بـە دووبـارە دانوسـتان و گفتوگۆ لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان، لە پێش هەموویان لەگەڵ بەریتانیا. گفتوگۆکان کـە لـە چەندیـن کۆبوونـەوە پێکهاتبـوون، لـە شـاری لـۆزان Lozanne بەڕێـوە دەچـوون.

لـە کۆنفرانسـەکانی لـۆزان، نوێنـەری تورکیـا بـۆ داواکردنـی ولایەتـی مووسـڵ چەنـد بنهۆیەکـی دەهێنایـەوە، لەوانـە:

**یەکـەم:** ولایەتەکـە کەمینـەی عەرەبـی لێیـە، کـورد و تورکـمان زۆرینـە پێـک دەهێنـن و لەڕووی نەژادییـەوە هیـچ جیاوازییـان نییـە.

**دووەم:** لـە ڕووی ئابوورییـەوە زۆربـەی ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی ولایەتـی مووسـڵ لەگـەڵ ئەناتۆڵیایـە نـەك لەگـەڵ مێزۆپۆتامیـا.

**سـێهەم:** تورکـەکان پێیـان وابـوو کـە داگیرکردنـی ولایەتـی مووسـڵ ناشـەرعییە و دژی ڕێککەوتنـی مودرۆسـە کـە لـە سـاڵی ١٩١٨ لەنێوانیـان واژوو کـراوە.

**چـوارەم:** تورکیـا پڕوپاگەنـدەی ئـەوەی کـرد، کـە زۆربـەی دانیشـتوانی ناوچـەی جێناکـۆک (ولایەتـی مووسـڵ) دەیانـەوێ بگەڕێنـەوە نـاو باوەشـی تورکیـا نـەک وڵاتـی تـازە دروسـتبووی عەرەبـی عێراقـی. بـەڵام لـۆرد کـەرزۆن، نوێنـەری بەریتانیـا، دژی ئـەو بنهۆیانـە بـوو و وەڵامـی هەمـووی دایـەوە بـەو شـێوەیەی خـوارەوە:

**یەکـــەم/** زۆرینـــەی دانیشـــتوانی ولایەتـــی مووســـڵ کـــوردن - کـــە لـــە نـــەژادی هیندۆئەوروپییەکانـن - هیـچ پەیوەندییەکیـان بـە نەتـەوە تورکەکانـەوە نییـە کـە لـە نـەژادی ئـۆراڵ ئاڵتاییـن.

**دووەم/** لـە ڕووی ئابوورییـەوە زۆربـەی بازرگانییەکانـی ولایەتـی مووسـڵ لەگـەڵ مێزۆپۆتامیایـە نـەک لەگـەڵ ئەناتۆڵیـا. لـە ڕووی یاسـاوەش، بەریتانیـا لـە لایـەن

کۆمەڵـەی نەتـەوەکان ئـەو مافـەی پێـدراوە ئینتیدابـی (مانـدات)ی بـە سـەر عێـراق و ولایەتـی مووسـڵیش هەبێـت. جگـە لـەوەش شۆڕشـە یـەک لـەدوای یەکەکانـی کـورد لـە سـاڵانی ١٩٢٠ - ١٩٢٤ ئـەو پڕوپاگەندانـە بـەدرۆ دەخەنـەوە کـە بڵێـت کـوردەکان دەیانـەوێ بچنـەوە سـەر تورکیـا[1].

شـایانی باسـە چەنـد دامەزراوەیـەک و وەزارەتـی جیـای بەریتانیـا بەشـداربوون لـە پرسـی یەکلایـی کردنـەوەی ولایەتـی مووسـڵ، تەنانـەت لـۆرد کـەرزۆن بێـزاری خـۆی دەربـڕی لـە دەسـتوەردانی لایەنەکانـی تـری حکومـەت لـەو پرسـە. لـە دۆسـیەی ولایەتـی مووسـڵ هـەر سـێ وەزارەتـی دەرەوە و جەنـگ و وەزارەتـی کاروبـاری هیندسـتان بەشـداربوون، کـە هـەر یەکەیـان لـە گۆشـەنیگایەکی تایبەتـەوە لـە دۆسـیەکەیان دەڕوانـی و گرنگـی مووسـڵیان دەخسـتەڕوو.

ترسـی تـورک لـە ولایەتـی مووسـڵ بـە هـۆکاری ئەوەبـوو کـە کـورد زۆرینەیـە تیایـدا، ئـەو زۆرینەیـەش ڕەنگـە ببێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی وڵاتێکـی کـوردی سـەربەخۆ، ئـەوەش مەترسیە بـۆ سـەر ئاسایشـی نەتەوەیـی تورکیـا. پێویسـتە ئـەوە بزانیـن، دانوسـتانەکانی لـۆزان هـەر تەنهـا بـۆ ولایەتـی مووسـڵ نەبـوو، بەڵکـو بـۆ بەرپەرچدانـەوەی ڕێککەوتننامـەی پێشـوو - سـیڤەر بـوو. مسـتەفا کەمـال لـە میانـەی بەسـتنی لوتکـەی ئەنجومەنـی نیشـتمانی بـاڵا، بـێ پێـچ و پەنـا گوتـی: "بـا بـۆ هەمـووان زانـراو بێـت، کـە سـنوری ڕۆژهەڵاتمـان درێـژ دەبێتـەوە بـۆ سـلێمانی و هەولێـر و کەرکـووک لـە ولایەتـی مووسـڵ. زۆرینـەی دانیشـتوانی ئـەو ناوچەیـە کـورد و تورکـن، بـەڵام ئێمـە جیـاکاری ناکەیـن لـە نێوانیـان، کـورد و تـورک پەیوەنـدی هاوبەشـیان پێکـەوە هەیـە. گەلـی ئێمـە کـە قوربانـی زۆری دا لەپێنـاو پارێـزگاری کـردن لـە سـنورەکان کـە لـە "میسـاقی میللـی" ئامـاژەی پێـدراوە، لـە دووبارەکردنـەوەی هەمـان شـت بـۆ ولایەتـی مووسـڵ دوودڵ نییـە"[2]. جگـە لـەوەش، عیسـمەت پاشـا

---

(1) Great Britain, Foreign Office, Lausanne Conference on Near Eastern Affairs 1922-1923. Rewards of Proceedings and Draft Terms of Peace, London 1923.

(2) Ali Fuad Cebesoy, Misak-I Milli Istambul, 1982; Mustafa Kemal, Ataturken Soulev Ve Demecler: cilt. 5. (Ankara, Turk 10 Inklapi Tarihi Institusi, 1972.

دوو نوێنەری کوردی کردە یاوەری خۆی لە کۆنفرانسەکانی لۆزان. نوێنەرانی کورد پشتڕاستی قسەکانی عیسمەت پاشایان کردەوە بەوەی کورد و تورک دوو توخمی لێکدانەبڕاوی هەمان گەلن و دەنگۆی وڵاتانی ڕۆژئاوا کە باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن هیچ بنەمایەکی دروستی نییە.

لە ساڵانی ١٩٢٢ - ١٩٢٣ ئەنجومەنی باڵای نیشتمانی چەندین بابەتی پێشکەش کرد سەبارەت بە ولایەتی مووسڵ. لە خستنەڕووی بابەتەکان کێشەی مووسڵ وەکو کێشەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی ئەژمار دەکرا. نوێنەرانی ئەنجومەن فشاری زۆریان لەسەر حکومەت دەکرد بۆ گەڕاندنەوەی مووسڵ، تەنانەت ئەگەر پێویست بکات دەبێت بە هێز بگەڕێندرێتەوە باوەشی تورک. باوەڕی زۆر لە نوێنەران و بەرپرسانی تورک وابوو کە بەبێ ولایەتی مووسڵ مانەوەی تورکیا وەکو وڵاتێکی زیندوو و بەهێز ئەستەمە. لە مانگی فبرایەری ١٩٢٢ ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا بەیانێکی دەرکرد بۆ دروستکردنی ئەنجومەنێکی نەتەوەیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی وڵات، ئەوەش تەنها بۆ مەبەستی دەسکەوتنی پشتیوانی کوردەکان بۆ پرسی ولایەتی مووسڵ. لە یەنایەری ١٩٢٣ کاتێک گرژییەکانی نێوان تورکیا بەریتانیا گەیشتە لوتکە، مستەفا کەمال دووبارەی کردەوە کە ئامادەن ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان بدەن. هەموو ئەو بەڵێنانەی بە کورد درابوون بۆ ئۆتۆنۆمی، هیچ هەنگاوێکی ڕاستی نەنرا بۆ جێبەجێ کردنیان. مستەفا کەمال هێشتا بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە پێویستی بە کورد هەبوو.

دوای سەرکەوتنی بەسەر گریک لە بەرەکانی جەنگ، مستەفا کەمال سیاسەتی بەڕۆژئاواییکردنی پەیڕەوکرد، بەدامەزراوەکردن و هێنانی نموونەی ئەوروپایی لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی و هەڵوەشاندنەوەی نەریتی یاسایی ئیسلامی، هاوکات لەگەڵ سیاسەتی بەتورککردن. ئەتاتورک هەستی بە جیاوازی بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان دەکرد، دەیزانی کە زمانی کوردی و کولتوری کوردی تەواو جیاوازە لە هی تورکەکان، بۆیە وازی لە هەموو بەڵێنەکان هێنا کە دابووی بە کورد. لە هاوینی ساڵی ١٩٢٣ کۆماری تورکیا

قەدەغـەی بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی کـرد و وشـەی "کوردسـتان"ی لـە هەمـوو پەرتـوک و ئەتڵەسـی جیۆگرافـی سـڕییەوە، ڕایگەیانـد کـە دەبێـت دەسـەڵاتی کارگێـڕی بەسـەر شـارە کوردییـەکان بدرێتـە دەسـت تـورک یـان ئـەو کـوردەی کـە بەهەمـوو شـێوەیەک خـۆی لـە زمـان و نەتـەوەی کـوردی بێبـەری کـردووە و لەژێـر فەرمانـی ئەنقەرایـە. ناسیۆنالیسـتەکان دەسـتیانکردن بـە سیاسـەتی بەتورککـردن و شـیاندن (assimilation) یـان "الدمـج"ی سەرتاسـەری[1]. هـەروەک زیـاء گولکئـەپ کـە دانـەری نووسـینێکە بەنـاوی "بنەماکانـی تورکیـزم"[2] دەڵێـت:

"بـە پێـی ئـەوەی هیـچ پەیوەندییـەک نییـە لـە نێـوان نـەژاد و ئاسـەواری کۆمەڵایەتـی، بەهەمـان شـێوە ئـەو پەیوەندییـە بـۆ نەتـەوەش بوونـی نییـە، کـە بریتیـە لـە چەنـد تایبەتمەندییەکـی کۆمەڵایەتـی. پشـتیوانی کۆمەڵایەتـی بەنـدە بـە یەکێتـی کولتوریـی، کـە لـە ڕێگـەی پـەروەردە و فێرکـردن دەگوازرێتـەوە بـۆ نـەوەکان. مـن دوودڵ نیـم کـە دەڵێـم تورکـم، تەنانـەت ئەگـەر ڕۆژێـك لـە ڕۆژان بۆشـم ڕوون بێتـەوە کـە باوانـم کـوردن"[3].

هەڵوێسـتی عیسـمەت پاشـا لـە هەمبـەر سیاسـەتی بەتورککـردن بـەو ڕسـتەیە دەسـتپێدەکات کـە لەبـەردەم یانـەی "ئوجـاق بـۆ بڵاوکردنـەوەی تورکیـزم" پێشکەشـی کـرد:

"بەڕاشـکاوی دەیڵێیـن کـە ئێمـە نیشـتمانپەروەرین. نیشـتمانپەروەریی تاکـە بەسـتەرە لـە نێوانمـان. لـە ئاسـت زۆرینـەی تورکـی هیـچ کاریگەرییـەک بـۆ ئەوانـی

(1) Robert Olson, The Emergence of Kurdish National and Shaik Sa'id Rebellion 188 - 1925 (Austin: Univ. of TexasPress. 1989): P. 26 – 27.

(2) Ziya Gokalp, The Principles of Turkism tr. R. Devereux. (Ankara, 1968): 13 – 15.

(٣) بەگوێرەی زانسـتی ئەنترۆپۆڵۆگیای نەتەوەکان ئەو تیڕوانینە دوورە لە ڕاستییەوە. پەیوەندی زۆر هەیە لەنێـوان کاراکتـەری مرۆڤـەکان و نـەژاد، لە نێـوان تایبەتمەندی کۆمەڵایەتـی و نەتەوە. هەمـوو نەتەوەکان کۆمەڵێـک ئـەدگاری (صفـات)ی تایبـەت بەخۆیـان هەیـە کـە لـە نەتەوەیەکـی تـر جیایـان دەکاتـەوە. ئەم ئـەدگار و وێژگانـەی تایبەتـن بـە نەتەوەیـەک بـە درێژایی مێـژوو بناغەیان داگرتـووە بوونەتـە تایبەتمەندی نەتەوەیـەک کـە پێیـان دەناسرێتـەوە. ئەوەتـا بۆ نمونـە کورد بـەوە دەناسرێتەوە کـە میواندۆسـتە، تورکیش بـەوە دەناسرێتـەوە کـە توندڕەو و چاوچنۆکـە. ئەوەیان پرسـێکە شـایانی توێژینەوەی زێترە – نوسـەر.

تـر بوونـی نییـە. دەبێـت هەمـوو دانیشـتوانی تورکیـا بکەیـن بـە تـورک و بـە هـەر نرخێـک بێـت. هەمـوو ئەوانـەش پاکتـاو دەکەیـن کـە دژی سیاسـەتی بەتورککـردن بـن"[١]. ئـەوە قسـەی بیرمەنـد و هۆزانڤانـی عـەرەب "الجواهري"مـان بیـر دێنێتـەوە، کاتێـک باسـی کـوردی بەعەرەببـوو دەکات، دەڵێـت: لا تقتـل الحيـه والعقـرب واقتـل الكـورد اذا اسـتعرب". واتـا مـار و دووپشـک مەکـوژە، بەڵکـو کوردێـک بکـوژە کـە خـۆی دەکاتـە عـەرەب. ئـەو قسـەیە بـۆ ئـەو کوردانـەش ڕاسـتە کـە خۆیـان دەکـەن بـە تـورک یـان فـارس. عیسـمەت ئینونـو خـۆی کـورد بـوو، کەچـی بـەو بـێ شـەرمی و نامۆڕاڵییـەوە داوای بەتورککردنـی کوردسـتانی دەکـرد.

(١) عثمان علي، العامل الكردي في قضية الموصل.

## یەکلایی کردنەوەی کێشەی مووسڵ لە بەرژەوەندی عێراق - فاکتەری کورد لە چارەسەری کێشەکەدا

ئاشکرایە کە لە ولایەتی مووسڵ نەتەوەی کورد زۆرینەی پێکدەهێنا. لە ساڵی ١٩٢٠ دیپلۆماتکارانی بەریتانیا ئەو باوەڕەیان لا دروست بوو کە کورد گرنگترین فاکتەرە لە یەکلاکردنەوەی کێشەی ولایەتی مووسڵ لە بەرانبەر تورکەکان، کە لە ساڵی ١٩٢٢ەوە درێژەی کێشا تاوەکو ساڵی ١٩٢٥. دیارە کە جگە لە فاکتەری کوردی، فاکتەری جیۆپۆلیتیکی و ئابووری "پێترۆڵ" ڕۆڵیان هەبوو. گرنگیی مووسڵ بۆ عێراقی دەستکرد لە زۆر ڕووەوە خۆی نمایندە دەکرد، پێش هەموویان نەوت، هەروەها ڕەهەندی جیۆپۆلیتیکا ڕۆڵی گەورەی هەبوو. فەیسەڵی یەکەم لەبەردەم لیژنەیەکی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ئاداری ١٩٢٥ دەڵێت:

"هێنانە کایەوەی عێراقێکی پێکبەستوو و قایم کە بتوانێت بەردەوام بێت، پەیوەستە بە پارێزگاری کردن لە دۆخی ئێستای Status Quo، هەروەک پێم وایە ئەگەرێکی نادروستە کە حکومەتی بەغدا بتوانێت بە بێ مووسڵ خۆی بگرێت جا چ لەسەر ئاستی ئابووری یان ستراتیژی. ئەزموون و زانینی من لەسەر بیرکردنەوە و دەروونی میللەتی تورکی و تەماحکارییان لە داگیرکاری و فراوانخوازی، وای لێکردم ڕابگەیەنم کە مووسڵ بۆ عێراق وەکو سەر وایە بۆ جەستە"[(١)].

بە بڕوای مەلیک فەیسەڵ نەوتی مووسڵ گرنگی زۆری هەبوو بۆ بونیادنانی عێراق. لە لایەکی تر چیاکانی باشووری کوردستان بەربەستێکی گرنگ بوون لە دژی هەر ئەگەرێکی پەلاماری تورکەکان.

لە میانەی کۆبوونەوەکانی لۆزان، هەریەک لە تورکیا و بەریتانیا بەجیا سیاسەت و پڕوپاگەندەی خۆیان لە ناوچەکانی کوردستان لە ولایەتی مووسڵ بڵاودەکردەوە. لە کاتێک ئینگلیزەکان دەیانویست هۆزە کوردیەکان بۆ خۆیان ڕابکێشن و بەڵێنی

(1) League of Nations Question of Frontier Between Iraq and Turkey: Reports Submitted to the Council by the Commission Instituted by the Council Resolution of September 3ed 1924 (C. 400. N. 147. 1925 VII): 7.

پارێـزگاری کـردن لـە مافەکانیـان بـدەن لەچوارچێـوەی وڵاتێکـی تـازە، تورکـەکان بیـری ئایینـی و برایەتـی کـورد و تورکیـان لەسـەر بناغـەی ئیسـلامی بـە کـوردەکان دەفرۆشـت. لێـرەدا دووفاقـی تورکـەکان دەردەکەوێـت، لـە ئەنقـەرا و ڕۆژئـاوای تورکیـا سیاسـەتی بەئەوروپایـی کـردن و قەدەغەکردنـی بانگدانـی مزگـەوت پەیـڕەو دەکـرا و لـە ناوچـە کوردییەکانیـش سـاویلکەیی کوردەکانیـان بـە نـاوی ئیسـلام دەقۆسـتەوە.

ئینگلیـزەکان لەنـاو کوردەکانـی ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا بیـری سـەربەخۆییان بـرەو پێـدەدا بـۆ ناسـەقامگیرکردنی ڕەوشـی سیاسـی تورکیـا وەکـو فشـارێک تاوەکـو وازبهێنـن لـە ولایەتـی مووسـڵ، کەچـی لـە باشـووری کوردسـتان داوایـان دەکـرد لەژێـر فەرمانڕەوایـی مەلیـک فەیسـەڵ بـە گیانێکـی نیشـتماپەروەرانە بژیـن. ڕۆژنامـەی گاردیانـی بەریتانـی باسـی لـە مەترسـییەکانی کـورد دەکـرد لـە ولایەتـی مووسـڵ بـەوەی کـە لەوانەیـە لەژێـر دەسـەڵاتی ئینگلیـزەکان ولایەتەکـە بکەنـە مۆڵگـەی بیـری سـەربەخۆیی کوردسـتان، ئـەوەش بـۆ تورکـەکان مەترسـی گـەورە دروسـت دەکات، چونکـە کـوردەکان گەورەتریـن کەمینـە بـوون لـە سـنوری وڵاتـی تورکیـای تـازە. لـەو بارەیـەوە مێژوونووسـی بەریتانـی ئاڕنۆلـد توینبـی لـە سـاڵی ١٩٢٥ سـەردانی تورکیـا دەکات و چـاوی بـە بەرپرسـانی تورکیـا دەکەوێـت، دەڵێـت:

"تورکیـا ئامادەیـە واز لـە هەمـوو مافـە نەوتییـەکان لـە ولایەتـی مووسـڵ بهێنێـت بـۆ بەریتانیـا لـە بەرانبـەر تەسـلیم کردنـی کـوردەکان بـە تورکیـا"[١].

ئـەوە بـۆ بەرپرسـانی ئینگلیـز ڕوون بـوو کـە کێشـەی مووسـڵ بـۆ تورکیـا واتـا کێشـەی کـورد، چونکـە تورکـەکان بوونـی کوردییـان وەکـو هەڕەشـەیەکی گـەورە بـۆ سـەر ئاسایشـی نەتەوەیـی خۆیـان دەزانـی. عیسـمەت ئینونـو لـە لۆزانـەوە پەیامێـک دەنێرێـت بـۆ حوسـێن ڕەئـوف بێـگ جێگـری سـەرۆکوەزیران و دەڵێـت: "لـۆرد کـەرزۆن ئامادەیـە پشـکی نـەوت لـە ولایەتـی مووسـڵ بداتـە ئێمـە، ولایەتـی مووسـڵ بـۆ

(1) Arnold Toynbee, In Survey of International Affairs Vol. 25 (1927 The Islamic World Since Peace Settlement, London: 1928): 471 - 521.

ئێمـە پرسـێکی نەتەوەییـە بـەڵام بـۆ ئـەوان پرسـی نەوتـە"[١]. لـە چەندیـن دەرفەتـی دیکـەدا عیسـمەت ئینونـو و جێگـری سـەرۆکوەزیران و نوێنـەری شـارەکانی ئـەرزڕوم بـە ڕوونـی دەڵێـن:

"ئێمـە ئامادەیـن دەسـتبەرداری نەفـت بیـن بـەڵام ئامـادە نیـن دەسـتبەرداری کـورد بیـن، چونکـە کـورد و تـورک یـەک چارەنووسـیان هەیـە! کـەس ناتوانێـت کـورد و تـورک لێـک جیابکاتـەوە! ئەوانـەی دەیانـەوێ کوردەکانـی مووسـڵ سـەربەخۆ بـن، دواتـر کوردەکانـی ئێرانیـش بـۆ خۆیـان ڕادەکێشـن تاکـو لەگەڵیـان یەکبگـرن، سـەرەنجام دووبەرەکـی لەنـاو کوردەکانـی ئێمـەش دروسـت دەبێـت، بـەو شـێوەیە هەمـوو هەوڵەکانمـان بەفیـڕۆ دەچێـت کـە لـە ڕۆژانـی "سـیڤەر"ەوە تـا ئێسـتا کۆششـمان بـۆ کـردووە"[٢].

لـە گـەڕی یەکەمـی کۆبوونەوەکانـی لـۆزان هیـچ کام لـە بەریتانیـا و تورکیـا ئامـادەی سـازش نەبـوون لەسـەر ولایەتـی مووسـڵ، دواتـر پرسـی مووسـڵ لـە خشـتەی دانوسـتانەکان بـۆ ماوەیـەک دەرهێـنرا. لـە گـەڕی دووەمـی دانوسـتانەکان پرسـی مووسـڵ بەربەسـت بـوو لەبـەردەم واژووکردنـی ڕێککەوتنامـەی لـۆزان، بۆیـە هـەردوو لا بڕیاریـان دا مـاوەی نـۆ مانـگ چـاوەڕێ بکـەن تـا ڕێگەچارەیـەک دەدۆزنـەوە. بـەڵام دوای ئـەوەی لایەنـەکان نەگەیشـتنە ئەنجـام، لـە مانگـی ئـاب (ئۆگوسـت)ی ١٩٢٤ بەریتانیـا کۆمەڵـەی نەتەوەکانـی ئاگادارکـردەوە، لیژنـەی کۆمەڵـەی نەتەوەکانیـش بڕیـاری دا هێڵـی بڕۆکسـل (Brussels lineX) بـۆ دۆخـی هەنوکـە بکاتـە سـنوری نێـوان هـەردوو وڵاتـی عێراقـی تـازە و تورکیـای تـازە، تاکـو هـەردوولا دەگەنـە ڕێککەوتنـی کۆتایـی. هـەر لـە سـاڵی ١٩٢٤ کۆمەڵـەی نەتـەوەکان بڕیـاری دا بـە پێکهێنانـی لیژنەیـەک بـۆ سـەردانیکردنی ناوچـە جێناکۆکـەکان بـۆ کۆکردنـەوەی زانیـاری پێویسـت بـۆ چارەسـەری کۆتایـی پرسـەکە.

پێـش گەیشـتنی لیژنەکـە لـە مانگـی فبرایـەری سـاڵی ١٩٢٥ بـۆ ناوچەکـە، تـورک

---

(١) عثمان علي، العامل الكردي في قضيه الموصل.
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

و ئینگلیز دەستیان بە بڵاوکردنەوەی سیاسەتی خۆیان لەناو کورد کرد بۆئەوەی بە ئاڕاستەی خۆیان ڕایانکێشن. مانگێك زووتر واتە لە یەنایەری ١٩٢٥ وەزیری ناوخۆی عێراقی گەشتێکی کرد بۆ ناوچە کوردییەکان بۆ دڵنیایی پێدانیان لە دابینکردنی مافەکانیان. بەرپرسانی بەریتانیاش کۆنگرەیەکیان لە شاری هەولێر ئەنجام دا کە ئەو بڕیارانەی لێکەوتەوە:

**یەکەم/** پێشکەش کردنی هاوکاری زۆر بۆ هۆزە کوردییەکان، ئەوانەی کە پێشتر تووشی هێرشی تەمبێکردن هاتنەوە لە لایەن بەریتانییەکان لە ساتی سەرهەڵدانی پاشایەتی شێخ مەحمود.

**دووەم/** مەلیک فەیسەڵ هەستا بە گەشتێک بۆ ناوچە کوردییەکان و لە فەراهەم کردنی هەموو مافە کولتوری و نەتەوەییەکان دڵنیایی پێدان.

**سێیەم/** کاربەدەستانی شارۆچکە کوردییەکان بۆ ڕاهی کردنی کارەکانیان دەسەڵاتێکی زۆرتریان دەدرێتی.

**چوارەم/** پلانی خێرا ئەنجام دەدرێت بۆ ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی شەمەندەفەر بۆ قوڵایی کوردستان بۆ ڕازی کردنی کوردەکان بەوەی کە بەریتانیا کورد بەتەنیا جێناهێڵێت.

**پێنجەم/** ئەنجامدانی کۆمەڵێک ڕێکاری خێرا بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر دووبەرەکییەک کە تورکەکان بیانەوێ دروستی بکەن بۆ شێواندنی سەقامگیری ناوچەکە.

بێجگە لەوانەش وەك چۆن تورکەکان سیاسەتی پڕوپاگەندەیان لەناو خێڵە کوردییەکان بڵاو دەکردەوە، بە هەمان شێوە بەریتانییەکان خۆیان لە "کۆمەڵەی ئازادی" نزیک کردەوە کە لە یەکەی ١٨ی هێزی پیادە لە باکووری کوردستان بۆ یاخی بوون دژی تورکیا خۆیان ئامادەکردبوو، ئەوەش لێدانێکی بەهێز بوو لە سیاسەتی تورکەکان.

لە پاڵ ئەوەش ئینگلیزەکان ڕێگری تەواوی خۆیان نیشان دا بۆ ئەنجامدانی

گشتپرسـی (ڕیفرانـدۆم) لەناوچەکـە، کـە تورکیـا بـە هەمـوو هێزیـەوە داوای دەکـرد. ئینگلیـزەکان ئـاگاداری ڕەوشـی ناوچەکـە بـوون، پێیـان وابـوو هـۆزە کوردییـەکان زۆرینەیـان نەخوێنـدەوارن، فێڵ کـردن لێیـان ئاسـانە[١]. لـە لایەکـی تـر بەریتانییـەکان دەیانزانـی کـە ئەگـەر گشتپرسـی ئەنجـام بدرێـت، ئـەوا زۆرینـە دەنـگ دەدات بـە گەڕانـەوە بـۆ تورکیـا. ئـەوەش لەبـەر ئـەوەی کـوردەکان لـە زەبروزەنگـی تـورک دەترسـان و پێشـتر سـتەمی تورکانیـان دیتبـوو. بەرپرسـانی ئینگلیـز وایـان دەبینـی کـە کـوردەکان تەنهـا ڕێـز لـە هێـز و بنەچـەی خێـڵ دەگـرن. سێسـیل ئیدمۆنـدز پشتڕاسـتی ئـەوە دەکاتـەوە بـەوەی کـوردەکان دەزانـن ئەگـەر دەنـگ بـدەن لـە دژی بەریتانیـا ئـەوا تووشـی سـزادان نابنـەوە، بـەڵام ئەگـەر دژی تورکیـا دەنـگ بـدەن، ئـەوا تورکـەکان سـزای کەمەرشـکێنیان دەدەن. لـەوەوە لـۆرد تۆمپسـۆن دەڵێـت: کاتێـک کـوردەکان دەنـگ لـە دژی ئێمـە دەدەن، هۆکارەکـە ئەوەیـە کـە ئێمـە میهرەبانـی بەرانبەریـان دەنوێنیـن[٢].

بـەڵام بەرپرسـێکی تـری بەریتانـی بەنـاوی کلارک جۆنسـون بۆچوونێکـی تـری هەیـە لەمـەڕ ئـەو پرسـە و دەڵێـت: "دیـدگای بەریتانیـا لـەو پرسـە ناتەبایـە. سـەرەڕای ئـەوەی لـۆرد کـەرزۆن نایـەوێ باسـی بـکات، بـەڵام دەبێـت پـەی بـەوە بردبێـت کـە گشتپرسـی کارەسـاتە بـۆ بەریتانیـا، چونکـە ئەگـەر ئەنجـام بدرێـت ئـەوا زۆرینـەی کـوردەکان داوای سـەربەخۆیی دەکـەن، یـان هـەر نەبێـت داوای دەسـەڵاتێکی ئۆتۆنۆمـی دەکـەن و بـە هیـچ شـێوەیەک لەژێـر هیـچ فشـارێک نایانـەوێ عـەرەب حوکمڕانییـان بـکات!"[٣]. ئـەو بۆچوونـەی جۆنسـون بـە نامەیـەک پشـتڕات کرایـەوە کـە لـە لایـەن یاریـدەدەری ڕاوێـژکاری بەریتانـی نوسرابـوو کـە یاوەریـی لیژنـەی کۆمەڵـەی نەتەوەکانـی دەکـرد و دەڵێـت:

"ئەگـەر بێـت و خواسـتی کـورد ئەژمارێکـی بـۆ بکرێـت، ئـەوا ژمارەیەکـی زۆر

(1) Cecil. J Edmonds, Kurds Turks and Arabs (London, 1957), 402.

(2) Johnson C., "The Kurdish Question: A Study in Nationalism" unpub. M. A. Thesis, Georgetown Univ. 1954, 809

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لـە کـورد خواسـتی خۆیـان بـۆ وڵاتێکـی کـوردی خـاوەن ئۆتۆنۆمـی لەژێـر سـایەی بەریتانییـەکان یـان کۆمەڵـەی نەتـەوەکان دەربڕیـووە"[١].

تـورک و گروپەکانـی سـەر بـەوان دەسـتیانکرد بـە هەڵمەتێکی پڕوپاگەنـدە لەنـاو خێـڵ و هـۆزە کوردییـەکان بـۆ وەدەسـتهێنانی پشـتیوانییان. بـە فیتـی سـۆزداری ئایینـەوە دیسـانەوە کەوتنـە هاندانـی خەڵکـی سـادەی کـورد لـە دژی بەریتانیـا. هـۆزە کوردییەکانـی سـەر سـنوریش لـە ترسـی تۆڵـەی تورکـەکان لـە حاڵەتێـک ئەگـەر بەریتانییـەکان پشـتیان لـە کـورد کـرد، دەسـتیان کـرد بـە دژایەتـی ئینگلیـز و پاڵپشـتی خۆیـان بـۆ تورکـەکان دەربـڕی. تورکـەکان لـە ڕێگـەی تورکمانەکانـی هەولێـر و کەرکـووک بـە ناوەکانـی فەتـاح بێـگ و نـازم نەفتچـی زادە، کـە نوێنەرانـی ئەنقـەرا بـوون لـە ولایەتـی مووسـڵ، چالاکییەکانـی خۆیـان چڕکردبـووەوە. لـە بەیانێکـی تورکیـا کـە لـە هەولێـر هاتەبـڵاڤ کـردن، هەڕەشـەی ئاشـکرا لـە خەڵکـی کـورد دەکـرا کـە ئـەوە دەقەکـەی بـوو:

"ئـەی موسـوڵمانانی کـورد، ئەوانـە وا دەزانـن ئێـوە پیرۆزیـی و حورمەتـی دینـی محەمـەد نازانـن. لـە پێنـاوی دروسـتکردنی دوژمنایەتـی لـە نێـوان ئێمـەی کـورد و تـورک هەسـتان بـە دامەزراندنـی دەسـەڵاتی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان تەنهـا بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان، لەبیریـان کـردووە کـە کـورد و تـورک بـران لـە دیـن و یـەك ئوممەتـن. کاتێـک ئینگلیـزەکان ئـەو ڕاسـتییەیان زانـی ئۆتۆنۆمییـان ڕەت کـردەوە و شـاری سـلێمانییان دایـە بـەر تـۆپ و بۆمـب، منداڵانـی ئێوەیـان کوشـت و مـاڵ و سـامانیان وێـران کـردن. ئـەوە تورکـەکان دێنـەوە بـۆ ڕزگارکردنتـان لـە دەسـت کافـرەکان. بـە لیژنـەی ڕاسـپێردراو بڵێـن کـە ئێمـە موسـوڵمانین و لەگـەڵ بـرا تورکەکانمـان دەژیـن، ئەوانـەی خزمەتـی ئیسـلام دەکـەن، پێیـان بڵێـن نامانـەوێ لەگـەڵ عـەرەب و کافـرەکان بژیـن. خـۆ ئەگـەر پشـتیوانی حکومەتـی بەغـدا بکـەن، ئـەوا دەبـن بـە هاوپەیمانـی عـەرەب و کافـرەکان، ئەوسـاکە پەشـیمانی دادتـان نـادا"[٢].

(١) عثمان علي، العامل الكردي في قضية الموصل.
(٢) عوسمان عەلی، العامل الكردي في قضية الموصل، نامەکانی لیندسی بۆ چامبەرلین.

تورکـەکان لێهاتـوو بـوون لـە دروسـت کردنـی ناکۆکـی لـە نێـوان خـودی کـورد، لـە ڕێگـەی نانـەوەی پشـێوی و تـرس و تۆقانـدن، لـە لایەکـی تـرەوە پڕوپاگەنـدەی ئەوەیـان بڵاوکـردەوە کـە شـێخ مەحمـود دیسـان لـە دژی ئینگلیـزەکان شۆڕشـی کـردووە و وا خەریکـە سـەربازانی تـورک دەچـن بـۆ هـاوکاری کردنـی! مێـژووی تورکـەکان پڕواوپـڕە لـە بنکۆڵکردنـی نەتـەوەکان و پەرتەوازەکردنیـان. خێڵـە پەرتـەوازەکان و بـێ خاوەنەکانـی کوردیـش هەمـوو سـاتێک خۆراکێکـی ئاسـانی ئـەو مەبەسـتە بـوون.

لـە سـەروبەندی ئـەو ڕووداوانـە، شـێخ سـەعیدی پیـران ڕاپەڕینێکـی ئەنجامـدا دژی سیاسـەتی تـورکان، بـەو بیانـوەش مسـتەفا کەمـال هێزێکـی زۆری لـە ناوچەکانـی سـەر سـنور کۆکـردەوە بـە ئامانجـی ترسـاندنی ئینگلیـزەکان. شـایانی باسـە کۆکردنـەوەی هێـز و نمایـش کردنـی یەکێکـە لـە سیاسـەتەکانی تـورک بـۆ پەرتەوازەکـردن و شـلەژاندنی هێـزی بەرانبـەر، پێشـتر بـە هەمـان شـێواز تورکـەکان توانیـان هێزەکانـی فەڕەنسـا لـە غـازی عەنتـاب لـە ڕێگـەی کۆکردنـەوەی هێـز بـۆ پەلامـار و چاوسـوورکردنەوە وەدەرنێـن. ئامانجـی مسـتەفا کەمـال لێـدان بـوو لـە ورەی سـەربازانی ئینگلیـز و هاندانـی شـێخ مەحمـود بـۆ بەرپاکردنـی ڕاپەڕیـن. لـە بەرانبـەر ئـەوە، بەریتانییـەکان هانـی کوردەکانیـان دەدا دژی تورکیـا و بەڵێنـی دەسـتەبەرکردنی مافەکانیـان پێـدەدان، بـەو مەبەسـتەش پەیوەندییـان کـرد بـە ڕۆژنامـەی "ژیانـەوە" و لەڕێگەیـەوە باسـی مەرگەسـاتەکانی کوردیـان دەکـرد لـە دەسـت سـتەم و داپڵۆسـینی تـورکان، هەوڵیـان دەدا ئینگلیـز وەکـو دۆسـتی کـورد نیشـان بـدەن، ئـەوەش تـا ئاسـتێکی بـەرز ڕاسـت بـوو، بـەڵام لـە چوارچێـوەی وڵاتـە تازەکـە (عێـراق). جگـە لـەوەش بەریتانییـەکان دەسـتیان کـرد بـە هەڵمەتێکـی دەسـگیرکردنی هەمـوو ئـەو کەسـایەتی و گروپانـەی کـە خەریکـی هاندانـی خەڵـک و کۆکردنـەوەی پاڵپشـتی بـوون بـۆ تورکیـا.

هەمـوو ئـەو ڕووداوانـە لـە لایـەک، لـەو سـاتەدا ڕووە ڕاسـتەکەی تورکـەکان لـە پڕوپاگەنـدەی درۆیینـی برایەتـی بـۆ کـورد دەرکـەوت! هەمـوو ئـەو بانگـەوازەی تورکـەکان بـۆ برایەتـی لەگـەڵ کـورد لـە میانـەی کۆبوونەوەکانـی لـۆزان دەیانکـرد، کـە گوایـا بـرای یەکتـرن و بـۆ هەمیشـە یـەک چارەنووسـیان هەیـە، بـە ڕووداوێکـی

مەرگئامێـــز درۆ دەرچـــوون و ڕووە ڕاســـتەکەیان بـــۆ هەمـــوو لایـــەک دەرکـــەوت. دوای ئـــەوەی شـــێخ ســـەعید شۆڕشـــی ئەنجامـــدا لـــە مانگەکانـــی ئـــادار و ئەپریـــل لـــەدژی سیاســـەتەکانی تـــورک، مســـتەفا کەمـــال بەوپـــەڕی وەحشـــیگەری و بەربەرییانـــە شۆڕشـــەکەی ئاگرپێوەنـــا، وەک پێشـــتر ئاماژەمـــان پێـــدا، بـــە کورتـــی دووبـــارەی دەکەینـــەوە، نـــەك هـــەر لەســـێدارەدانی شـــێخ ســـەعید، بەڵکـــو کۆمەڵکوژییەکـــی بـــێ وێنـــەی لەنـــاو کوردانـــی ڕاپەڕیـــوو ئەنجامـــدا. ســـەربازانی ئەتاتـــورک ٤٣٠ گوندیـــان ســـوتاند، دوو هـــەزار کەســـیان لـــە ژن و منـــداڵ زینـــدە بەچـــاڵ کـــرد، پێنـــج ســـەد لاوی چەکداریـــان لەســـێدارەدا، نزیکـــەی ملیۆنێـــک کەســـیان ئـــاوارە و بـــێ مـــاڵ و حـــاڵ کـــرد، بەشـــێوەیەک مەگـــەر هـــەر لـــە کاتـــی ڕوودانـــی بومەلـــەرزەی سروشـــتی خەڵـــک بـــەم شـــێوەیە ئـــاوارە و بـــێ مـــاڵ بـــن. لـــە ڕۆژی ٤ی ســـێپتێمبەری ســـاڵی ١٩٢٥ شـــێخ ســـەعید و ٥٢ لـــە کەســـە نزیکەکانـــی لـــە شـــاری ئامـــەد لەســـێدارە دران.

ئـــەو ڕووداوە ڕاســـتیی بانگەشـــەکانی بەریتانیـــای بـــۆ کـــورد دەرخســـت، بـــەوەی کـــە تورکـــەکان هەرگیـــز بـــرای ئێـــوە نیـــن و بەڵکـــو ئامانجیـــان خەڵەتاندنتانـــە تـــا ســـاتی خـــۆی دێ. ئەمـــە وایکـــرد ســـەدان کـــورد بپەڕنـــەوە باشـــووری کوردســـتان و بـــاس لـــەو پەلامـــارە وەحشـــیگەرەی تورکـــەکان بکـــەن لـــە نـــاو کـــوردان. ئـــەوەش لێدانـــی بەهێـــز بـــوو لـــە پێگـــە و ئابـــڕووی تورکیـــای نـــوێ، کـــە لـــە ســـەرەتاوە پیشـــانی دا هیـــچ مۆرکێکـــی مرۆڤدۆســـتی و برایەتـــی بـــۆ کـــورد تێـــدا نییـــە.

## دیمۆگرافیای باشووری کوردستان و یەکلایی کردنەوەی کێشەی مووسڵ

لەبارەی دیمۆگرافیای ولایەتی مووسڵ، تورکەکان ڕاپۆرتی سەیروسەمەرەیان لەسەر ژمارەی کورد و تورک (تورکمان) پێشکەش دەکرد. تورکەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە تەنێ لە شاری سلێمانی سی و دوو هەزار (٣٢٠٠٠) تورکمان هەن، کەچی ڕاپۆرتی لیژنەی ڕاسپێردراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان باس لە هەبوونی تەنها دوو کەسی تورکمان لە شارەکە دەکات. تورکەکان لە مێژوودا بەوە ناسراون پڕوپاگەندەی زل و بێ بنەما دەکەن، بە سانەیی یان بە زۆر ئەو واقیعە دەسەپێنن کە خۆیان دەیانەوێ. سیاسەتی "درۆ بکە درۆ بکە تا باوەڕت پێ دەکەن" پەیڕەو دەکەن. ئەوان بەدرێژایی مێژوو توانیویانە دیرۆکی گەلان و ڕاستییەکان بشێوێنن لەو ناوچانەی خۆیان تیای باڵادەستن. بەڵام لە سیاسەتدا کارامەیی ئینگلیزەکان سنوری تەڵەکەبازی ئەوانی تر دەبەزێنێت. دوای ئەوەی تورکەکان ڕاپۆرتێک لەسەر ژمارەی کورد و تورک لە ولایەتی مووسڵ پێشکەش دەکەن، ئینگلیزەکان لە ڤەکۆڵینێکی مەیدانی شەنوکەوی دیمۆگرافیای ناوچەکە دەکەن.

لە میانەی کۆبوونەوەکانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢١ ڕاپۆرتی تورکەکان سەبارەت بە ژمارەی کورد و تورکمان لە ولایەتی مووسڵ بەم شێوەیە بوو[(١)]:

**ژمارەی کورد:** ٢٦٣٨٣٠ (دووسەدو شێست و سێ هەزارو هەشتسەدو سی)

**ژمارەی تورکمان:** ١٤٦٦٩٠ (سەدو چل و شەش هەزارو شەشسەدو نۆهەت)

بەڵام ڕاپۆرتی ئینگلیزەکان لەبارەی دیمۆگرافیای ولایەتی مووسڵ بەو شێوەیەی خوارەوە بوو:

**ژمارەی کورد:** ٤٢٣٧٢٠ (چوارسەدو بیست و سێ هەزارو حەفسەدو بیست)

**ژمارەی تورکمان:** ٦٥٨٩٥ (شێست و پێنج هەزارو هەشسەدو نۆهەت و پێنج)

(١) حەمە عەزیز، گرنگی جیۆستراتیژی باشوری کوردستان و کاریگەری لەسەر سیاسەتی بەریتانیا، چاپخانەی سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٨، لا ٦٩.

**خشتەی ١- ژمارەی دانیشتوانی کورد لە ولایەتی مووسڵ بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی بەریتانیا و تورکیا**

| ڕاپۆرتی تورکەکان لە لۆزان | ژمارەی کورد | ژمارەی تورکمان |
|---|---|---|
| | ٢٦٣,٨٣٠ | ١٤٦,٦٩٠ |

| ڕاپۆرتی ئینگلیزەکان لە لۆزان | ژمارەی کورد | ژمارەی تورکمان |
|---|---|---|
| | ٤٢٣,٧٢٠ | ٦٥,٨٩٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە حەمە عەزیز، گرنگی جیۆستراتیژی باشووری کوردستان و کاریگەری لەسەر سیاسەتی بەریتانیا، چاپخانەی سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٨، لا ٦٩.

"لیژنەی ڕاسپێردراو لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە مانگی یەنایەر تاکو ئاداری ساڵی ١٩٢٥ پشکنینی دیمۆگرافی ولایەتی مووسڵی کرد. لە ڕاپۆرتی کۆتایی لە مانگی یۆلیۆی هەمان ساڵ ئەنجامەکانی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: "ئەگەر بێت و پرسی ئیتنی-نەژادی لەبەرچاو بگیرێت، ئەوا بەرەنجامێکی سروشتیە کە بڵێین پێویست دەکات دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردەکان دابمەزرێت، چونکە کوردەکان ٨/٥ (پێنج لە هەشت)ی دانیشتوانی ناوچەکە پێکدەهێنن"[1].

ناوازەیی مێژوو لەوەدایە، یەک ساتەوەختی هەستیار و بچووك بڕیار لە چارەنوسێکی میللەتێک دەدات، بەڵام گەلی کورد لەو ساتەدا بێکەس و بێ پەروا بوو. پڕۆفیسۆر حەسەن جەمشیر لە زانکۆی وودجی پۆڵەندا دەڵێت: لە ڕاپۆرتەکەدا ئێزیدییەکانیان ئەژمار نەکردووە، خۆ ئەگەر ئێزیدییەکانیشی بخەینە سەر ئەوا کورد لە ولایەتی مووسڵ ٤/٣ (سێ لە چوار)ی دانیشتوانی ولایەتی مووسڵ پێکدەهێنن[2]. لیژنەکە بڕیاری دا کە:

(1) McDowall D., The Kurds. A Nation Denied, Minority Rights Group, Minority Rights Publications, London 1992, p. 81.

(2) Jamsheer Hassan Ali, Współczesna historia Iraku, Dialog, Warszawa 2007, s. 69.

**یەکـەم/** ولایەتـی مووسـڵ لەژێـر مانداتـی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان بێـت بـۆ مـاوەی ٢٥ سـاڵ (یـان تـا ئـەو کاتـەی عێـراق دەبێتـە ئەنـدام لـە کۆمەڵـەی نەتـەوەکان، واتـە تـا بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی لـە لایـەن عێـراق).

**دووەم/** دەبێــت داواکانــی کــورد لەبەرچــاو بگیرێــن لــە دامەزراندنیــان لــە دەســەڵاتەکانی کارگێــڕی لۆکاڵــی یاخــود ناوەنــدی، دام و دەزگای دادوەری، خوێنــدن و فێرکــردن (کــە زمانــی کــوردی زمانێکــی فەرمــی بێــت لەنــاو ئــەو دەزگایانــەدا)[1].

بەردەوامیـی کێشـەکانی سـەر سـنوری نێـوان تورکیـا و عێراقـی بەریتانـی وایکـرد کـە کۆمەڵـەی نەتـەوەکان پرسـەکە بخاتـە بـەردەم دادگای دادپـەروەری نێودەوڵەتـی بـۆ بڕیاردانـی کۆتایـی. لـە مانگـی نۆڤێمبـەری ١٩٢٥ دادگای نێودەوڵەتـی بڕیاریـدا سـنوری دانـراو لـە لایـەن کۆمەڵـەی نەتـەوەکان بچەسـپێنێت. کۆمەڵـەی نەتـەوەکان لـە مانگـی دیسـێمبەری ١٩٢٥ بڕیـاری لیژنـەی ڕاسـپێردراوی پەسـندکرد، دواتـر بەریتانیـا و تورکیـا لـە کۆبوونـەوەی دووقۆڵـی ڕێکەوتـی ٥ی یۆنیـۆی ١٩٢٦ بڕیـاری کۆمەڵـەی نەتەوەکانیـان وەرگـرت و پابەنـدی خۆیـان بـۆی دەربـڕی[2].

فاکتـەری کـورد لـە یەکلایـی کردنـەوەی کێشـەی مووسـڵ ڕۆڵـی سـەرەکی هەبـوو. بڕیارەکانــی لیژنــەی کۆمەڵــەی نەتــەوەکان پێداگــری دەکات لەســەر جێبەجێکردنــی هەمـوو خاڵـەکان کـە مافەکانـی کـوردی تێـدا بـە ئاشـکرا دیاربـوو. لیژنـەی پشـکنەر ئامـاژەی دا کـە ئەگـەر تـا سـاڵی ١٩٢٨، واتـا تـا کاتـی کۆتایـی هاتنـی ئینتدابـی بەریتانیـا لـە عێـراق، مافەکانـی کـورد دەسـتەبەر نەکرێـن، ئـەوا زۆربـەی کـوردەکان دەسـەڵاتی تورکـەکان هەڵدەبژێـرن نـەک دەسـەڵاتی عـەرەب. کاتێـک لـە سـاڵی ١٩٢٦ پەیماننامەیەکـی نـوێ لـە نێـوان بەریتانیـا و حکومەتـی عێـراق مـۆر کـرا بـۆ درێژکردنـەوەی وادەی مانـەوەی ئینگلیـزەکان، ڕاسـتەوخۆ بـە مەلیـک فەیسـەڵ گوتـرا ئەگـەر ڕازی نەبیـت بـە مەرجـەکان ئـەوا کوردسـتان لەدەسـت دەدەیـت. بـە ئاشـکرا دیـارە کـە ئینگلیـزەکان تاوێـک کوردسـتان بـۆ چاوترسـاندنی بەغـدا و تاوێکیـش لـەدژی

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٧٠.

تورکیـا بەکاردەهێنــن، تاوێــک بیــری نەتەوەییــان لا زینــدوو دەکەنــەوە، تاوێکیــش ڕێگــری دەکــەن لــە دروســتکردنی دەســەڵاتێکی ســەربەخۆ بــۆ باشــووری کوردســتان.

ســێ هەفتــە دوای ڕێککەوتــن لەســەر ولایەتــی مووســڵ، پەیماننامــەی ئینگلیــزی-عێراقــی واژووکــرا، لیژنــەی کۆمەڵــەی نەتــەوەکان بــۆ گرتنەبــەری ڕێــکارەکان لــە جێبەجێکردنــی خاڵەکانــی تایبــەت بــە مافەکانــی کــورد بەریتانیــای کــردە بەرپــرس. لــە خوانێــک لــە بارەگانــی نوێنەرایەتــی بەریتانیــا کــە بــە بۆنــەی پەیماننامــەی نــوێ ئامادەکرابــوو، نوێنــەری پایەبــەرزی کاتیــی بەریتانیــا "بوردلــۆن" وتارێکــی پێشــکەش کــرد و دەڵێــت:

"دەبێــت ئامانجــی حکومەتــی عێــراق بریتــی بێــت لــەوەی هەمــوو عێراقییــەکان بکاتــە هاوڵاتــی چــاك. پیــاوی کــورد نابێتــە پیــاوی عەرەبــی، هــەروەك چــۆن پیاوێکــی ســکوتلەندی نابێتــە پیاوێکــی ئینگلیــزی. بۆئــەوەی کــورد بکەیتــە هاوڵاتییەکــی عێراقــی بــاش، نابێــت ناچــاری بکــەی ببێتــە عــەرەب و وەکــو عــەرەب قســە بــکات و هەڵســوکەوت بــکات، بەڵکــو دەرفەتــی تــەواوی پــێ بدرێــت ببێتــە تاکێکــی کــوردی بــاش"[١]. لــە وەڵامــی ئەوەشــدا مەلیــک فەیســەڵ دەڵێــت:

"یەکــەم ئەرکــی هەمــوو عێراقییــەک ئەوەیــە هانــی بــرا کوردەکــەی بــدات ببێتــە هاوڵاتییەکــی عێراقــی نیشــتمانپەروەر، ببنــە ئەندامــی چــالاک لــە نیشــتمانێکی هاوبــەش و ســەرەنج خســتنە ســەر یەکگرتووییــان و هــاوکاری کــردن لەنێــوان یەکــتر"[٢].

شــیاوی باســە مەلیــک فەیســەڵ لــە نامەیەکــی نــووسراو و نهێنــی دا بــۆ ئەفســەرە بــالاکان دەنوســێت: "شــتێک نییــە بەنــاوی گەلــی عێــراق، بەڵکــو ئــەوەی هەیــە چەنــد گەلێکــە (گەلانــی عێــراق). هیــچ کامیــان وەلائیــان (پشــتیوانیان) بــۆ عێــراق نییــە. چــۆن بتوانیــن گیانــی هاوڵاتیبوونیعێراقــی لەدڵــی هەموویــان بچەســپێنین". لــە وتارێکــی ســەرۆکوەزیرانی ئەوســای عێــراق عەبدولموحســین ئەلســەعدون لــە بــەردەم ئەنجومەنــی

(1) Letter. H. B. Bourdillon to Amery Residency Baghdad, F O. 371/11460, Enclosure No. 3, Feb. 10, 1926.

(2) Letter. Feb. 10, 1926; Baghdad Times, F O. 371/11460, Enclosure No. 5, Jan. 22, 1926.

نوێنـەران هەمـان قسـەی نوێنـەری بەریتانـی و مەلیـك فەیسـەڵ دووبـارە دەكاتـەوە: "ئێمـە بـە ئاگایـن كـە حكومەتـی عێـراق سیاسـەتی خـۆی دیاركـردووە لـە بەرانبـەر كـورد. ئەركـی ئێمەیـە مافـی تـەواو بدەینـە گەلـی باكـوور (شـیمال) بەشـێوەیەك كـە هەمـوو ڕازی بـن و لەگـەڵ وڵاتمـان بگونجێـت. بەڕێـزان ئـەو وڵاتـە ناتوانێـت بـەردەوام بێـت ئەگـەر مافـی هەمـوو تاكێـك دەسـتەبەر نەكرێـت. هەمووـمـان دەزانیـن كـە حكومەتـی توركیـا تەنگـژە و ناكۆكـی زۆری دیـت بەهـۆی ڕەتكردنـەوەی مافـی پێكهاتەكانـی، بـا چارەنووسـی توركیـا ببێتـە وانەیـەك بۆمـان"[1].

لـەوەدا دەبینیـن، بەرپرسـیاری سـەرەكی لـە دۆسـیەی سـەربەخۆیی و چارەنووسـی كـورد بەریتانییـەكان بـوون، هیـچ پاراسـتنێكی دامەزراوەیـی و یاسـاییان بـۆ كـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە گشـتی و لـە عێـراق و توركیـا بـە تایبەتـی گەرەنتـی نەكـرد. كاتێـك عێـراق لـە سـاڵی ١٩٣٢ بـووە ئەندامـی كۆمەڵـەی نەتـەوەكان، واتـە سـەربەخۆیی خـۆی بەدەسـتهێنا و لەژێـر ئینتیدابـی بەریتانیـا هاتـەدەر، ئیـتر بەریتانییـەكان هیـچ ئامـراز و دەرفەتێكیـان بـۆ پاراسـتنی كـورد لەدەسـت نەما.عێراقیـش دوای بـە ئەنـدام بوونـی لـە كۆمەڵـەی ناوبـراو بـۆ جێبەجێكردنـی خواسـتە لۆكاڵییەكانـی كـورد، هیـچ ڕێكارێكـی ڕاسـتەقینەی نەگرتەبـەر. سـتەم و داپڵۆسـینی عێـراق دژی گەلـی كـورد، ئەمجـارە بـە ڕێبەرایەتـی شـێخ ئەحمـەدی بـارزان و دواتریـش جەنـەڕاڵ مسـتەفا بارزانـی بـرای، سـەردەمێكی نـوێ لـە جووڵانـەوەی نەتەوەیـی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی كوردسـتان دروسـت دەكات.

---

(١) دكتور عوسمان عەلی، العامل الكردي في قضية الموصل.

## خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ بێبەشکردنی کورد لە مافی سەربەخۆیی

جێی سەرەنجە، هەست و خواستی کوردی باکوور و کوردی باشوور (ولایەتی مووسڵ) جیاوازییەکیان هەبوو، کوردنی باکوور بە نموونە د. عەبدوڵا جەودەت و ئەمیر بەدرخان و شێخ عەبدولقادری شەمزینی، ئامانجیان دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبوو (بەلای کەم لە سەرەتای کاری نەتەوەخوازییان)، بەڵکو لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی داوای ئۆتۆنۆمییان دەکرد. ئەوان خۆیان پایەدار بوون لە دەوڵەتی عوسمانی، بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە پایەکانی دەسەلات لە سوپا و دیپلۆماسیەت جێپێی خۆیان گرتبوو. بە نموونە کاتێک کە تورکەکان لە جەنگی یۆنانییەکانەوە گلابوون شێخ عەبدولقادری شەمزینی دەڵێت: بۆ ئێمە کارێکی جوامێرانە نییە ئێستا لەو بارودۆخە کە برا تورکەکانمان خەریکی جەنگن، جیاببینەوە و دەوڵەت ڕابگەیەنین. کاتێکیش ئەتاتورک لە جەنگەکان سەرکەوتوو دەبێت، تاک بە تاکی سەرانی کورد خەڵتانی خوێن دەکات. هەڵوێستی شێخ عەبدولقادر جوامێرانە بوو، ئەگەرچی ساویلکانەش بوو. ئەتاتورکیش نەک هەر بێ ئەمەک بوو، بەڵکو لە مێژوودا ڕووی نەداوە بەم شێوەیە وەڵامی چاکەی نەتەوەیەک بدرێتەوە و ئەوهاماڵیان کاول بکرێت.

هەرچی سەرانی کوردی باشورە لە ولایەتی مووسڵ، شێخ مەحمود و هاوکارانی، داوای سەربەخۆیی تەواوی کوردستانیان لەعێراق دەکرد، بۆ ئەوان شتێکی نامۆبوو کە ببنە ژێردەستەی وڵاتێک کە عەرەب دەسەڵاتدار بێت تیایدا و پاشایەکیش کە لە دەرەوە هاوردە کرابێت و ببێتە حوکمداری کورد.

ژێدەرەکان دەڵێن لۆید جۆرجی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا هەوڵی دابوو لە ناخی کورد تێبگات دوای ئەو لێکۆڵینەوانەی لە بەغدا و کۆنستانتینۆپۆڵ و چەند ناوچەیەکی تر ئەنجامی دا، پێی وابوو زۆر مەحاڵە هیچ نوێنەرایەتییەکی کورد بدۆزێتەوە و پێی وابوو هیچ کوردێك نییە نوێنەری هیچ شتێك بێت بێجگە لە هۆز و تیرەکەی خۆی، لە لایەکی تریشەوە دیاربوو کوردەکان هەستیان کردبوو کە بەبێ پشتیوانی زلهێزەکان ناتوانن پارێزگاری لە

بوونـی خۆیـان بکـەن، بـەڵام ئەگـەر فەڕەنسـاو بەریتانیـای مـەزن بـەو ئەرکـە هەڵنەسـتن، کـە لۆیـد جـۆرج هیـوای ئـەوەی نەدەخواسـت، ئـەوا بۆیـان باشـترە لـە ژێـر پارێـزگاری تورکیـادا بـن.

ئێمـەش دەڵێیـن: "ئـەو قسـانەی لۆیـد جـۆرج تەنهـا خۆدزینـەوە لـە ڕاسـتییەکان و خاوێنکردنـەوەی پەرێـزی مۆڕاڵیانـەی خـۆی بـوو، تـا لـە ئاسـت پرسـیی کـورد لـە مێژوودا تاوانبـار نەکرێـت. ئەگـەر نـا کـورد کەڵـە پیـاوی بەهێـزی هەبـوو بۆئـەوەی ئەرکـی دەوڵەتداریـی کوردسـتان بخەنـە ئەسـتۆی خۆیـان".

بەریتانیـا تەنهـا هێـز بـوو کـە گرنگییەکـی سـەرپێیی لەسـەر نەخشـە بـە دیـدگای کـورد دەدا، ولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا کـە هاوسـۆز بـوون لەگـەڵ ئەرمـەن هیـچ سـۆزێکیان بـە ئاراسـتەی کـورد نەبـوو، فەڕەنسـاش داواکاریـی ئینتیدابـی بەسـەر کوردسـتان وەك ئامرازێکـی سازشـکردن دانابـوو. خـودی کوردەکانیـش دۆش دامابـوون، ئایـا دەبـوو متمانـە بـە تورکـەکان بکـەن یـان بەریتانییـەکان؟ دەبـوو پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ ئەرمـەن بـاش بکـەن؟ یـان داوای یارمەتـی لـە بۆلشـێڤییەکان بکـەن؟ لـەم هاوکێشـە ئاڵـۆز و قوڵـەدا ئایـا دەبێـت کـورد چـی بـکات و پـاڵ بـە کـێ بـدات؟

کـورد سـەرکردەی بوێـر و بەهێـزی هەبـوون بـۆ فەرمانڕەوایەتـی کوردسـتان، بـەڵام ڕاسـتی ئەوەبـوو دروسـتکردنی وڵاتـی کوردسـتان هیـچ سـودێکی بـۆ وڵاتانـی ڕۆژئـاوا بـە گشـتی و بەریتانیـا بـە تایبەتـی، نەبـوو.

سـەیری مێـژوو دەکەیـن و بەوپـەڕی متمانـەوە دەڵێیـن: لـە هەمـوو عەرەبسـتان و ئێـران و تورکسـتان پیـاوی ئـازا و مـەرد و جوامێـر وەکـو شـێخ عەبدولسـەلام بارزانـی و شـێخ مەحمـودی حەفیـد و شـێخ ئەحمـەدی بارزانـی و شـێخ عەبدولقـادر شـەمزینی و شـێخ عوبیـدڵای نەهـری، شـێخ سـەعیدی پیـران و سـەید ڕەزای دەرسـیمی، بوونـی نەبـووە لـە بەئەمەکـی و وەفـا بـۆ عەهـد و پەیـمان. بـۆ نموونـە ئەگـەر بـەراورد بکەیـن لـە نێـوان شـێخ مەحمـود و مەلیـک فەیسـەڵ، یـان شـێخانی بـارزان بـەراورد بکەیـن بـە حاکمانـی عێـراق و تورکیـا و ئێـران، ئـەوا لـە ئازایەتـی و چاونەترسـی، لـە

مەردایەتـــی و جوامێرایەتـــی هیـــچ ڕوویەکـــی بەراوردمـــان نییـــە. بـــەڵام ئـــەو ڕۆژگارە ڕەشـــەبوو کـــە پیـــاوە مەزنەکانـــی ڕەش کـــردەوە، ڕێـــوی و گورگەکانیشـــی کـــردە پادشـــا و دەســـەڵاتدار. هۆنراوەیەکـــی عەرەبـــی ڕێـــك دەردی دڵـــی کـــورد بـــاس دەکات:

تَمـــوتُ الأُســـدُ في الغابـــاتِ جوعـــاً
وَلَحـــمُ الضَـــأنِ تَأكُلُـــهُ الـــكِلابُ
وَذو جَهـــلٍ قَـــد يَنـــامُ عَـــلى حَريـــرٍ
وَذو عِلـــمٍ مَفارِشُـــهُ الـــتُرابُ

# بەشی پێنجەم

# شۆڕشـەکانی بـارزان و چەکەرەکردنی بزووتنەوەی نوێی ڕزگاریخوازی کوردسـتان

## شۆڕشی بارزانییەکان - سەرهەڵدانی سەرکردەیەکی نوێ

جووڵانـەوەی کـورد لـە ناوچەکانـی بـارزان سـەرەتایەکی تازەبـوو بـۆ واڵاکردنـەوەی بەرەیەکـی نـوێ دژی سـتەمکاری بەریتانیـا و حکومەتـی عێراقـی تـازە دروسـتکراو. دەڤـەری بـارزان چ لـە ڕووی کولتورییـەوە چ لـە ڕووی جیۆگرافییـەوە یـان لـەڕووی ئاینییـەوە تایبەتمەنـدی خـۆی هەبـوو، هۆزەکانـی ئـەو دەڤـەرە لەژێـر چەتـری شـێخانی بـارزان پابەنـد و ملکـەچ بـوون بـۆ نەریتـی بـەرزی کولتـوری و کۆمەڵایەتـی، ئـەوەش مرۆڤهایەکـی خـاوەن دیسـپلین و بەڵێنـی لێـی دروسـت کـردوون. ئـەو ناوچانـە لەنـاو دڵـی چیـا سـەختەکانی کوردسـتان بـوون، دەستگەیشـتن پێیـان ئاسـان نەبـوو. بارزانییـەکان هـەر لـە دێـر زەمانـەوە نەیانویسـتووە کـەس دەسـتوەردان لـە ژیانیـان بـکات و لـەو هۆزانـەن کـە هەرگیـز نەکەوتوونەتـە ژێـر باڵـی هیـچ دەسـەڵاتێکی بێگانـە. کاربەدەسـتانی ئینگلیـز کـە لـەو ماوەیـەدا لـە عێـراق کاریـان دەکـرد، ئـاگاداری سـۆزی کـورد بـۆ ئاییـن ببـوون، بۆیـە هەوڵـی زۆریـان دەدا لـە نووسـینەکانیان کەسایەتی شـێخانی بـارزان لەکـەدار بکـەن لـە ڕێگـەی دروسـتکردنی تۆمەتـی لەدیـن هەڵگەڕانـەوە و هتـد.، بـەڵام ڕاسـتییەکەی ئەوەبـوو دەڤـەری بـارزان وەکـو قەڵایـەک سـەربەخۆ مابوویـەوە و نەیدەهێشـت بکەوێتـە ژێـر ڕکێفـی سـوپای عێـراق[١]. نیـازی بەریتانییـەکان لـەوەدا ئاشـکرا دەبێـت کـە خوازیـار بـوون شـوێنێک بـۆ نیشـتەجێ کردنـی ئاشـورییەکان دابیـن بکـەن، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش لـە خۆیانـەوە ناوچەکانـی بارزانیـان دەستنیشـان کردبـوو. دەسـەڵاتی ئینگـلیز هیـچ ڕێزێکـی بـۆ ویسـت و ئیـرادەی خەڵکـی کوردسـتان نەبـوو، وەکـو خەڵکانێکـی ناشارسـتان ڕەفتـاری لەگـەڵ دەکـردن. دەیانویسـت بـە ئـارەزووی خۆیـان دەسـکاری سـنوری ئیتنـی و نەتەوەیـی بکـەن، ئەوەشـیان تـا ئاسـتێکی دوورمـەودا بـۆ چـووە سـەر.

---

(١) هەریـەک لـە ویڵسـۆن و لۆنگریـگ لـە نوسراوەکانیـان هەوڵـی ئەوەیـان داوە کەسـایەتی شـێخانی بـارزان کـە لەسـەر ڕێچکـەی نەقشـبەندی بـوون، لەکـەدار بکـەن:

Longrigg Stephen Hamsely, Iraq, 1900 – 1950. Political, Social and Economic History, Oxford University Press, 1953. Wilson W. C. F., Northern Iraq and Its People. Jornal of The Royal Central Asian Society 24, part 2, 1937.

نزیکبوونـەوەی سـوپای عێـراق بـۆ دانانـی خاڵـی پشـکنین و دانانـی سـەربازگە لـە دەڤـەری بـارزان و دەوروبـەری، هەروەهـا نیشـتەجێکردنی ئاشـوورییەکان دوو هـۆکاری سـەرەکی گــلەیی و دڵگرانـی شـێخ ئەحمـەدی بـارزان بـوون. شـێخی بـارزان ئـاگاداری تــەواوی هەبــوو لــە پلانــی هێنانــی ئاشــوورییەکان بــۆ بــارزان و جوڵــەی ســەربازیی سـوپای عێراقیشـی بـە پلاندانـان بـۆ ئـەو پرسـە لێکدەدایـەوە[1]. مێژوونووسـانی کـورد ئـەو ڕاسـتیە پشتڕاسـت دەکەنـەوە. محەمـەد بریفکانـی پێـی وایـە هێنانـی ئاشوورییەکان هاوکاتــە لەگــەڵ ویســتی بەریتانییــەکان بــۆ دەستبەســەرداگرتن و کۆنترۆڵکردنــی سـنوری باکـووری عێـراق[2]. شـایانی باسـە دوای جەنگـە یـەک لـەدوای یەکەکانـی ناوچــەی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــە گشــتی، ئاشــوورییەکان دووچــاری دەربــەدەری و کــۆچ بوونــەوە، لــە هەمــوو لایەکــەوە تەنگیــان پــێ هەڵچنرابــوو. بەریتانییەکانیــش دەیانویســت لەســەر ئەژمــاری خاکــی کــورد هەرێمێکیــان بــۆ دروســتبکەن.

---

(١) اسماعيل أردلان، أسرار بارزان، طهران ١٩٦٤، لا ٢٨٤.

(٢) محـمـد البريفـكاني، حقائـق تأريخيـه عـن القظيـة البارزانيـة، بغـداد مطبعـة شركـة الطباعـة والنـشر الأهليـه، ١٩٥٣.

## ئاشوورییەکان یان نەستورییەکان - فـەلـە

مەعـروف چیـاووک لـە پەرتوکەکـەی بەنـاوی "مأسـاه بـارزان المظلومـة" باسـێکی وردی پرسـی ئاشـورییەکان دەکات، پێـی وایـە ئەوانـە نەسـتورییەکانن و لـە بنەڕەتـدا کـوردن، بـەڵام دوای هاتنـی ئایینـی ئیسـلام ناوچەکانـی باشـووریان جێهێشـتووە و ڕوویـان لـە باکـوور و ناوچـە شـاخاوییە دورەدەسـتەکان کـردووە. نووسـەری ناوبـراو کـە خـۆی کاربەدەسـتێکی وڵاتـی عێـراق بـووە و کەسـێکی کوردپـەروەر بـووە، ڕاسـتەوخۆ ئـاگاداری ئـەو پرسـە بـووە و گەواهـی چەندیـن ڕووداوی تراژیـدی بـووە.

نەسـتورییەکان لەدێـر زەمانـەوە لـەو ناوچانـە بـە پـەرت و بـڵاوی هاوشـانی کـورد ژیـاون. دوای کۆمەڵکـوژی ئەرمەنـەکان بـە دەسـتی تورکانـی عوسـمانی و دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانـی، نەسـتورییەکانیش پشـکی خۆیـان لـە دەربـەدەری و ناخۆشـی بەرکەوت. جەنگـی دووەمـی جیهانیـی ئەوانـی زۆرتـر بـێ لانـە کـرد، بەریتانییەکانیـش لـە خەمـی ئـەوەدا بـوون لەسـەر ئەژمـاری خاکـی کـورد هەرێمێکیـان بـۆ دابیـن بکـەن. ژمارەیەکـی زۆری نەسـتورییەکان لـە ئێرانیشـەوە ئـاوارەی ئەودیـوی عێراقـی تازەدروسـتبوو ببـوون، دەسـەڵاتی ئینگلیزیـش لـە عێـراق نیـازی وابـوو بـە پلانێـک لـە دەڤەرەکانـی باکـووری دهـۆک و ئامێـدی و ناوچەکانـی بـارزان، هەرێمێکیـان بـۆ دابتاشـێت[1].

گرنگـە ئامـاژە بدەیـن، ئـەوە ئینگلیـزەکان بـوون نـاوی ئاشـوریيان خسـتەبەر گوێـی نەسـتورییەکان و بـە نـاوی قەبـە و گەڕانـەوە بـۆ مێـژووی مەزنـی پێـش زاییـن، هەسـتی خۆبەگەورەییـان لا دروسـت کـردن و تـاو دوای تـاو بەگـژ کوردانیـان دەبـردن. نـاوی ئاشـور لـە مێـژوودا ناوێکـی کۆنـە و گومانـی تێـدا نییـە، بـەڵام دوای ڕووخانـی دەوڵەتـی ئاشـوری بـە دەسـتی مـادەکـان، ئیـتر ناویـان لـە مێـژوو سـڕایەوە. ئاخـەر ئاشـورییە کۆنـەکان

---

(١) مەعروف چیاووک، مأساه بارزان المظلومة، دار أراس للطباعة والنشر، أربیل ٢٠٠١، صفحه ٣٥-٥٠.
مەعـروف چیاووک: کەسایەتی کوردپـەروەری کـورد لـە سـاڵی ١٨٨٥ لـە بەغـدا لەدایک بووە، بـە ڕەگەز سـەر بـە هـۆزی باڵەکـی گوندی سرێشـمەی سـەر بە شـاری هەولێرە. لـە بەغـدا خوێندنی تەواوکردووە. لـە سـاڵی ١٩٢٨ دەبێتـە ئەندامی ئەنجومەنـی نوێنەران لقـی لیوای هەولێر. دوای ئەوە دەبێتـە ئەندامی دادگای پێداچوونـەوە (التمییـز) و دواتریـش دەبێتە موتەسـەڕیفی لیوای سلێمانی. لە سـاڵی ١٩٥٨ کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکـەی لـە گۆڕستانی شـێخ چۆلی لە هەولێر بە خاک دەسـپێردرێت.

بتپەرست بوون، نەستورییەکانیش کریستیانی بوون، چ پەیوەندی هەیە لە نێوانیان؟!

ئەفسەرانی ئینگلیز و میسیۆنێرە کریستیانەکان کۆششی زۆریان کرد بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی ناوەکە بە ئامانجی دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی بۆیان لە سەر خاکی کوردان بۆ مەرامی سیاسی و قایمکردنی پێگەی خۆیان لە عێراق و لەسەر سنوری تورکیای نوێ. گەرچی بەریتانییەکان سەرەتا ئەو پلانەیان دەشاردەوە بەڵام ڕووداوەکان و جوڵەپێکردنی سوپا بۆ سەر دەڤەرەکانی بارزان و دهۆک و مووسڵ و هەولێر پەردەیان لەسەر نهێنییەکان هەڵماڵی. بەریتانییەکان بەنیازی ئەوەبوون بە درێژایی هێڵی بڕوکسێل لەنێوان تورکیا و عێراق هەرێمی ئاشوورییەکان-نەستورییەکان دروست بکەن. وەک "مەعروف چیاووک" ئاماژە دەدات، ئەفسەرانی ئینگلیز گروپێکی میلیشیاییان بەناوی سوپای "لێڤی" بۆ بەگژداچوونی کورد و ئەنجامدانی کۆمەڵکوژیی دروستکرد. لەو گروپە میلیشیاییەدا دەیان گەنج و لاوی کریستیانیان کۆکردبووەوە و مانگانەش بڕە پارەیەکی باش و چەک و تەقەمەنی پێویستیشیان بۆ دابین دەکردن، لە بەرانبەردا کوردەکان ژیانێکی پڕ لە هەژاری و نەبوونی هیچ پاڵپشتییەکی دارایی و سەربازی، لە هەموو کاتێکدا ئەگەری ئەوە هەبوو پەلاماریان بدرێت و لەسەر خاکی خۆیان لەناوببردرێن.

میلیشیاکانی لێڤی لە دەشتەکانی مووسڵەوە دەستیانکرد بە کۆچپێکردنی کوردان، دەیان گوندیان لە کوردان چۆڵ کرد، چیاووک باس لە پەلامارێکی ئەو گروپە میلیشیاییە تیرۆریستیە دەکات کە لە کەرکووک لە ڕێکەوتی ٤ی مایسی ١٩٢٤ بۆ سەر کورد ئەنجامیاندا کە بووە هۆی کوشتنی ٥٦ کەس و ٤٤ کەسی دیکەشیان بریندار کرد. لە هەمان ساڵدا سێر "پێرسی کۆکس" لە کۆنفرانسی ئەستەمبوڵ لەمیانەی وتووێژی ڕێککەوتن لەسەر ولایەتی مووسڵ، داوای دروستکردنی هەرێمێکی بۆ ئاشوورییەکان دەکرد. مەعروف چیاووک بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی کوردستان لەو مەترسیە و هەروەها لە ڕێگەی نووسینی نامەی ناڕەزایی بۆ حکومەتی عێراق و بۆ ئەفسەرانی بەرپرس لە کوردستان هەڵمەتێکی کرد. بەڵام هەروەک خۆی دەڵێت، لە پای ئەو هەموو تاوان و کوشتوبڕییەی لە دژی کوردان ئەنجام دەدرا بەریتانییەکان بێدەنگییان

دەنوانـد، کەچـی ئەگـەر کوردێـک بەرگـری بکردایـە یـان تۆڵـەی خـۆی بکردایـەوە ئـەوا دەیـان نامـەی سـکاڵا و تۆمەتـی گەورەیـان دروسـت دەکـرد[١].

لـە میانـەی هەوڵەکانـی، مەعـروف چیـاووک چـاوی بـە چەندیـن ئەفسـەری بـاڵای ئینگلیـز لـە ناوچەکـە کـەوت، بـەڵام وەک ئاشـکرایە، سیاسـەتی ئینگلیـزەکان هـەردەم بریتـی بـووە لـە دوو فاقیـەت و دووڕوویـی و شـاردنەوەی ڕاسـتییەکان. لـە درێـژەی سـەردانەکانی، ناوبـراو ئەمجـارە چـاوی دەکەوێـت بـە مسـتەر ئێدمونـدز کـە ئەوسـا یاریـدەدەری وەزیـری ناوخـۆی عێـراق بـوو لـە بەغـدا و بـەوە نـاسراو بـوو کـە هاوسـۆزی کـوردە. لـە دیدارەکـەدا لێـی دەپرسـێت ئاخـۆ مەبەسـتی نزیکبوونـەوەی سـوپای عێـراق چیـە لـە ناوچەکانـی دەڤـەری بـارزان. لـە وەڵامـدا ئێدمونـدز دەڵێـت: ڕەنگـە ئـەوە ڕاهێنانـی سـەربازی بێـت. چیاووك لێـی دێتـە وەڵام و پێـی دەڵێـت: پێـم وایـە دەتانـەوێ پەلامـاری بـارزان بـدەن. ئێدمونـدز دەڵێـت پێویسـتە ئـەو پرسـیارە لـە کاپـتن هۆڵـت Holt بکرێـت، چونکـە ئـەو سـکرتێری بازنـەی مانداتـی ڕۆژهەڵاتـە. چیـاووک لەدرێـژەی گێڕانەوەکـەی دەڵێـت: لـە ڕۆژی دووەم ڕووبـەڕووی کاپـتن هۆڵـت بوومـەوە و لێـم پرسـی کـە مەبەسـتیان لـە کۆکردنـەوەی سـوپا لەسـەر خاکـی کوردسـتان و لـە دەڤـەری بـارزان چیـە. هۆڵـت هـەردوو زمانـی فارسـی و کـوردی بـاش دەزانـی، وەڵامـی دایـەوە و گوتـی: حکومەتـی بەریتانیـا سیاسـەتێکی تایبەتـی هەیـە لـە عێـراق و ناتوانیـن بڕیارەکانمـان لەبـەر خاتـری کەمینـەی کـورد بگۆڕیـن! چیاووك دەڵێـت دووچـاری سەرسـوڕمان بـووم، چونکـە بـە دەگمـەن دەبینرێـت کـە کاربەدەسـتێکی بەریتانیـا ئـاوا ڕاسـتگۆیانە بـاس لـە نیـازی بۆگەنـی وڵاتەکـەی خـۆی بـکات. ئەوسـا بـۆم دەرکـەوت کـە چ پیلانگێڕییـەک و سـتەمکارییەک دژی کـورد و لەسـەر خاکـی کوردسـتان لـە ئارادایـە[٢].

لـە زسـتانی ١٩٣١ سـوپای عێـراق پەڕیـەوە ناوچەکانـی بـارزان، بـەڵام بەرگـری بەهێـزی چەکدارانـی کـورد ڕێگـری کـرد لەبـەردەم هـەر بەرەوپێشـچوونێکی سـوپا. لێـرەوە بـۆ جارێکـی تـر هێـزی ئاسـمانی شـاهانەی بەریتانیـا ڕۆڵـی یەکلاکـەرەوە

(١) سەرچاوەی پێشوو.
(٢) سەرچاوی پێشوو، لاپەڕە ٦٦-٦٨.

دەبینێـت و گوندەکانـی بـارزان بـە سـەختی بۆردومـان دەکـەن. لـە بەهـاری ١٩٣٢ بـۆ جارێکـی تـر سـوپای عێـراق پەلامـاری بـارزان دەدات. بەریتانییـەکان داوایـان لـە شـێخ ئەحمـەد کـرد کـە بەرگـری نـەکات، بـەڵام بـێ گوێدانـە ئـەو داوایـەی ئینگلیـزەکان، زیانێکـی زۆری بـە سـوپای عێـراق گەیانـد، ئـەوەش دووبـارە بـووە هـۆی ئـەوەی هێـزی ئاسـمانی بەریتانیـا بەهانـای سـوپای عێراقـەوە بێـت و بەوپـەڕی بەربەریانـە پەلامـاری خەڵکـی بـێ دیفـاع بـدات. گوندەکانـی بـارزان داگیرکـران و خەڵکێکـی زۆر شـەهید و برینـدار بـوون، مـاڵ و سـامانیان وێـران کـرا. دوای ئـەوەی شـێخی بـارزان هەمـوو هێڵێکـی هـاوکاری کردنـی لـێ پچڕێنـدرا، ناچـار ڕووی کـردە تورکیـا و داوای پەنابەرێتـی سیاسـی کـرد، دوای سـاڵێک حکومەتـی تورکیـا شـێخ ئەحمـەدی دایـەوە دەسـت سـوپای عێراقـی. شـێخ ئەحمـەد و مـەلا مسـتەفای بـرای سـەرەتا لـە مووسـڵ بەندکـران، دواتـر بـەرەو شـاری ناسرییـەی باشـووری عێـراق نەفـی کـران[1].

لـە سـاڵانی ١٩٣٤ - ١٩٣٥ جوڵانـەوەکان لـە دەڤـەری بـارزان دەسـت پێدەکەنـەوە، ئەوجارەیـان بـە فەرماندەیـی خەلیـل خۆشـەوی. دوای ماوەیـەک لـە ڕووبـەڕوو بوونـەوە حکومەتـی عێراقـی داوای دانوسـتان دەکات، لـە میانـەی لێکتێگەیشـتنی هـەردوولا حکومەتـی عێـراق لـە ١٣ی مایسـی ١٩٣٣ قایـل دەبێـت بارزانییـەکان ئـازاد بکرێـن، شێخ ئەحمـەد و مـەلا مستەفا بارزانـی لـە ناسرییـەوە بگوازرێنـەوە بـۆ شـاری سلێمانی، بـەڵام بـە مەرجێـک لەژێـر چاودێـری دەسـەڵاتی ناوەنـد (الإقامـە الجبریـە) بـن[2]. لـە سـاڵی ١٩٣٥ حکومەتـی عێـراق دەسـت دەکات بـە دانانـی بنکـەی سـەربازی و پۆلیـس لـە گونـدی بلـێ و دەڤـەری زێبـار بـە مەبەسـتی خنکاندنـی هەمـوو چالاکییـەک و ڕێگـری کـردن لـە هـەر جووڵانەوەیـەک. خەلیـل خۆشـەوی بـەرەو ئێـران ڕادەکات و دواتـر لـە زسـتان دەگەڕێتـەوە و دەسـت دەکاتـەوە بـە هەڵمەتـی سـەربازی بـۆ سـەر سـوپای عێـراق، توانـی چەندیـن خاڵـی سـەربازی کۆنتـرۆڵ بکاتـەوە، بـەڵام دواتـر لـە ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی نابەرابـەر لەگـەڵ سـوپای عێـراق ناچـار بـەرەو چیاکانـی سـەر

(١) بڕوانە بریفکانی و ئیسماعیل ئەردەلان.

(٢) دانا ئادامز شمیدت، رحله الی رجال شجعان في كردستان، ترجمه جرجیس فتح الله، بیروت ١٩٧٢، ص ١٤٦.

سـنوری باکـووری کوردسـتان دەکشـێتەوە، دواتـر هێزێکـی هاوبەشـی تورکـی و عێراقـی پەلامـاری دەدەن و تیایـدا خـۆی و براکـەی، سـەلیم خۆشـەوی شـەهید دەبـن[1].

جووڵانەوەکانــی دەڤــەری بــارزان هەوڵەکانــی ئینگلیــز پوچــەڵ دەکەنــەوە لــە داگیرکردنــی خاکــی کــورد کــە چیــا هەڵدێــرەکان پشــتیوانیان بــوون. بێشــەی شــێرانی کــورد ئــەوەی بــۆ ئینگلیــز و نیــازە گڵاوەکانــی ســەلماند کــە ئــەو ناوچەیــە بــە هیــچ کــەس کۆنــترۆڵ نەکــراوە و ناکرێــت.

(1) Longrigg, p.248.

## سەرهەڵدانی سەرکردەی مەزن مستەفا بارزانی

شـــایانی تێڕامانـــە، کـــە بزووتنـــەوەی نوێـــی ڕزگاریخـــوازی کوردســـتان لەگـــەڵ پەیدابوونـی مسـتەفا بارزانـی دەسـتپێدەکات، وەکـو سـەرکردەیەکی لێهاتـوو و خـاوەن کاریزمـا، سـەرکردەیەک جیـاواز لەوانـی پێـش خـۆی، بـە ئەزموونێکـی زۆری ڕووداوەکان تێپەڕیـوو، بزانێـت چـۆن سیاسـەت دەکات و چۆنیـش لـە بەرەکانـی جەنـگ دوژمـن بەزێنێـت. هـەروەک بیرمەنـدی کوردنـاس جەمـال نەبـەز پەسـنی دەکات: "مسـتەفا بارزانـی کەسـایەتییەکی سـاکار، بەرچاوتێـر، دلێـر، ئـازا، خۆڕاگـر، هێمـن، دووربیـن، خـاوەن توانـای سـەربازیی ورد بـوو". ڕۆژنامـەی New York Herald Tribune لـە پەسـنی ئـەودا دەڵێـت: "جەنگاوەرێکـی هەڵکەوتـوو و پاڵەوانـی کـوردە". جگـە لەوانـەش، بارزانـی مسـتەفا کەسـێکی بەگومانبـوو لـە دوژمنـان، ئاسـان نەدەکەوتـە ژێـر چەواشـەکاری فـرت و فێڵـەوە. لـەوەدا هەمـوو وێـژگ و سـیمای کەسـایەتییەکی سیاسـەتمەداری سـەرکەوتووی تێدابـوو. "ڕۆبێـرت ئویرتـل" لـە گوتارێـک لـە ڕۆژنامـەی Frankfurter Rundschau دەڵێـت: بارزانـی هەمیشـە کەمـی گوتـووە و زۆری کـردووە، بەڕاسـتی سـەرکردەیەکی میللـی و مێژوویيـە[١]. جەمـال نەبـەز دەڵێـت: "هـۆزی بارزانـی لـە بزووتنـەوەی ئازادیخوازانـەی کـورد جێگەیەکـی دیاریـان هەیـە، ئەندامانـی ئـەو هـۆزە بـە یەکسـانی دەژیـن، داخـراو و کەنارگیـرن، هیـچ ڕژێمێـک تـا ئێسـتا نەیتوانیـوە هیـچ بارزانییـەک بکڕێـت و بیکاتـە داردەسـتی خـۆی"[٢].

پرۆفیسـۆری ئێرانـی بـە ڕەگـەز فـارس "نـادر ئینتیسـار" لـە زانکـۆی باشـووری ئەلاباما، لـە پەرتوکـی ئیتنۆنەتەوەیـی کـورد دەربـارەی مسـتەفا بارزانـی دەڵێـت: "بەناوبانگتریـن و بەتواناتریـن سـەرکردەی نەتەوەیـی هاوچەرخـی کـورد بـوو و هەتـا کۆچـی دواییشـی کـرد لـە سـاڵی ١٩٧٩ وەکـو دیارتریـن سـیمبولی بزووتنـەوەی نەتەوایەتـی کـورد مایـەوە. سـەرکەوتنی مسـتەفا بارزانـی لـەوەدا بـوو، گـڕی بزووتنەوەیەکـی خەباتگێـڕی ئەوتـۆی

(١) جەمـال نەبـەز، کوردسـتان و شـۆڕشـەکەی، کۆبەرهـەم (٣)، زنجیرە سـیمینارەکان و کۆڕە زانسـتییەکان چاپـی یەکەم سـوید، ١٩٨٥، لاپـەڕە ١١٤.
(٢) سەرچاوەی پێشوو، لا ١١٥.

هەڵکرد کە هێزەکانی عێراقی سەرقاڵی جەنگی درێژخایەن کرد. دەرکەوتنی ئەو سەرکردەیە دەرەنجامی توانا و لێهاتوویی خۆی بوو بۆ یەکخستنی هێزی ئایینی و دونیایی لە سەرکردایەتییەکی کاریزمی بەرز و باڵادا، هیچ سەرکردەیەکی کورد لە سەدەی بیستەم نەیتوانیوە بەو شێوەیە کورد کۆبکاتەوە و یەکیان بخات وەکو ئەوەی مەلا مستەفا بارزانی کردی، ئەوەش هیوا و ئومێدی ئەو جۆرە کوردانەی ڕووخاند کە هیواخوازی ئەوە بوون بۆ هەتا هەتایە لەگەڵ دەسەڵاتداریێتی کۆنی تورک و عێراقدا بن"[١].

کەریم ئەحمەد خەباتکاری کورد و سکرتێری پێشووتری حزبی شیوعی عێراق لە باسی مستەفا بارزانیدا دەگێڕێتەوە:

"لە ساڵانی سییەکان، تەمەنم چوارده ساڵان دەبوو، لە خەڵکی گوێم لە یاخیبوونی بارزانییەکان دەبوو و لەو ناوەدا ناوی شێخ ئەحمەدی بارزانی و برا ئازاکەی مستەفا بارزانی دەبران. ڕۆژێکیان لە تاقە شەقامی گشتی هەولێر بووم، بینیم چوار لاو بە بەرگی بادینییەوە لە یانەی فەرمانبەران دەرچوون و لاوێکی بەهێزی باڵاناوەند لە پێشیانەوە دەڕۆیشت و خەڵکەکە لە هەردوو شۆستەی شەقامەمەکەوە بە بایەخەوە تەماشایان دەکردن، لە لاوێکم پرسی کە لەوێدا وەستابوو، ئەمانە کێن؟ گوتی ئەوە مەلا مستەفای بارزانییە. ئیتر زۆر بە سەرەنجێکی وردەوە تەماشام کرد، دوو هەنگاو لە پێشیانەوە دەڕۆیشت، وام هەست دەکرد کە دەڕوات و قاچەکانی لە سەر زەوی دادەنێ، زەوی دەلەرزێتەوە و بە هەنگاوی ڕێکوپێکی لەسەرخۆ دەڕۆیشت. جەمەدانییەکی ڕەشی لەسەرنابوو، وەک ئێستا سوور نەبوو ڕەنگی. کاتێ کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە بە کەسوکارم گوت من ئەمڕۆ مەلا مستەفای بارزانیم دیتووە، بەڵام باوەڕیان پێ نەکردم.

لە درێژەی باسەکەی، کەریم ئەحمەد دەڵێت: ڕۆژانێک بوو من چوومە بەغدا بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەم، لەوێ بیستم کە بارزانییەکان شۆڕشێکی دیکەیان ئەنجام

(١) نادر انتصار، ئیتنۆنەتەوەی کورد، وەرگێڕانی بۆ کوردی: عەتا قەرەداخی، سلێمانی ٢٠٠١، ل١٢٢-١٢٣.

پەرتوکی ناوبراو بە زمانی ئینگلیزی نوسراوە و ئەوە ناونیشانەکەیەتی: Kurdish Ethnonationalism.

داوە. لەوێ پۆلیسێک کە بەشداری لە بەگژداچوونی بارزانییەکان کردبوو، باسی ڕووداوەکەی دەکرد. منیش لێم پرسی ئەدی شەڕەکە چۆن بوو، هێزەکە ژمارەیان چەند بوو؟ ئایا کەستان لێ دیتوون بە کوژراوی یان بە برینداری؟ لە وەڵامدا پۆلیسەکە گوتی: ئەوانە شەڕکەری ئازان و وەکو ئاسک بە کێوەکانەوە سەردەکەون، ئەوان بە جۆرێک دەجەنگن کە نازانیت لە کام لاوە لە ناکاو هەڵمەتت بۆ دەهێنن[1].

مەلا مستەفا بارزانی بەدرێژایی هەموو ڕووداوەکانی پێشوو، یاوەری شێخ ئەحمەدی برای بوو. ئەو سەرەتایەک دێنێتە کایەوە بۆ فێربوونی کورد لە سیاسەت و دروستکردنی ڕێکخراو و بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات. لەبەر ئەوە بە هاتنی ئەو سەرکردە مەزنە، پەردەی شانۆی سیاسی نوێی کوردستان هەڵدەدرێتەوە و نەتەوەی کوردیش وردە وردە لەوە تێدەگات کە دەبێت فێری سیاسەت بێت و جیاوازیی خۆی لە نەتەوەکانی عەرەب و تورک و فارس بسەلمێنێت. مستەفا بارزانی کەسێکی ژیربێژ و هەردەم وەڵامی خێرای هەبوو لە کاتی گفتوگۆ، بیرتیژ بوو لە ناسینی کەسانی بەرانبەری و خێرا نیازی گڵاوی دوژمنی بۆ دەردەکەوت، هەربۆیە هەردەم بەگومانەوە لە سیاسەتی دوژمنەکانی دەڕوانی.

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٣ مەلا مستەفا بارزانی دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات و شاری سلێمانی بەرەو بارزان بەجێ بهێڵێت. بەگوێرەی هەندێک لە سەرچاوەکان، لەوەدا شێخ لەتیف بەرزنجی کوڕی شێخ مەحمودی حەفید هاوکاری کردووە، جگە لەوەش بە درێژایی ڕێگاکە هۆزی مەنگوڕ و مامەش لە سنوری عێراق و ئێران هاوکاربوون تاوەکو مستەفا بارزانی بە سەلامەتی پەڕیوەتەوە دەڤەری بارزان[2].

---

(١) کەریم ئەحمەد ڕێڕەوی تێکۆشان، لا ١٧٥-١٧٦.

(٢) وديع جويده، الحركه القوميه الكرديه، ص ٥٤٢.

**وێنەی (١٣)**



سەرۆکی نەتەوەیی کورد مستەفا بارزانی

دوای گەیشتنی مستەفا بارزانی بۆ دەڤەری بارزان، داوای لە حکومەتی عێراق کرد کە خانەوادەکەی ئازاد بکات لە مەنفا و بیانگەڕێنێتەوە زێدی خۆیان، هەروەها هاوکاری ئابووری دەڤەرەکەی بکات، کە دوای جەنگ تووشی قات و قڕی و نەهامەتی ببوو. بەغدا ئامادە نەبوو وەڵامی داواکانی بارزانی بداتەوە، بەڵکو پۆلیسیشی ڕاسپارد بۆ بەدواداچوون و دەسگیرکردنی. جگە لەوەش بۆ جارێکی تر حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی نوری سەعید، شێخ ئەحمەد بارزانی و هەژدە کەس لە خانەوادەکەی بەرەو شاری حیللە دوورخستەوە[١]. لە وەڵامی ئەوە، بارزانی هێزێکی کۆکردەوە و پەلامارەی خاڵەکانی پۆلیسی دا، هێزێکی سەربازی عێراقی بە تەواوی شکست پێهێنا و توانیشی ژمارەیەک چەک و تەقەمەنی بەدەست بهێنێت. بەغدا هێزی زێتری نارد بۆ ملکەچکردنی بارزانی، بەڵام دووبارە شکستیان هێنا و ناچاربوون پەنا ببەنە بەر بەریتانییەکان. باڵوێزخانەی بەریتانیا هۆشدارییەکی توندی بە بارزانی گەیاند کە واز لە کاری

(١) محمد سهيل الطقوش، تأريخ الأكراد (٦٣٧-٢٠١٥)، دار النفاس، بيروت ٢٠١٥، ص ١٨٨.

چەکـداری بهێنێـت، لـەو سـاتەش نـوری سـەعید حکومەتێکـی نوێـی پێکهێنـا و بەفشـاری بەریتانییـەکان وەزیرێکـی کـوردی بەنـاوی مەجیـد مسـتەفا بـۆ چارەسـەری پرسـی کـورد دەستنیشـانکرد. لێـرەدا مسـتەفا بارزانیـش نەرمیـی نوانـد[١]. جەنگـی مەیدانیـی حکومەتـی عێـراق دژی مـەلا مسـتەفای بـارزان، لاوازی و بێتوانایـی سـوپای عێراقـی دەرخسـت[٢]، ئەگـەر هێـزی ئاسـمانی بەریتانـی نەبووایـە هیـچ هێزێکـی زەمینـی توانـای بەزاندنـی شۆڕشـگێڕانی کـوردی نەبـوو، بـەڵام لـە هـەر حاڵەتێـك کـە عێـراق توانـای ڕووبەڕووبوونـەوەی نەبـوا، ئەوسـا بـۆ هـاوکاری کردنـی بانگـی هێـزی ئاسـمانی شـاهانەی بەریتانیـای دەکـرد. لەبـەر ئـەو هۆیـە لـە بەغـدا دەنگـی ناڕەزایـی پەیدابـوو و داوایـان لـە حکومەتـی عێراقـی کـرد ئیـتر واز بهێنێـت لـە بەدواکەوتنـی بارزانـی و جەنگـی کوردسـتان بەکۆتابهێنێـت. لـەوەدا هـەردوو حکومەتـی عێراقـی و بەریتانـی گەیشـتنە ئـەو بـاوەڕەی کـە ئیـتر پێویسـتە لەگـەڵ کـوردەکان گفتوگـۆ بکرێـت و مافەکانیـان بەگوێـرەی توانـا دەسـتەبەر بکرێـن. بیرمـان نەچێـت ئەوکاتـە بەریتانیـا لەنـاو جەنگـی دووەمـی جیهانـی گەوزابـوو، کاتـی ئـەوەی نەبـوو خەریکـی کێشـەیەکی تـر بێـت لـە عێـراق، چونکـە مەترسـی ئـەوە هەبـوو ئەڵمانییـەکان ئـەوە بقۆزنـەوە، یاخـود شـادەماری نەوتـی عێـراق بکەوێتـە مەترسـیەوە، کـە ئەوسـا کۆمپانیـای بەریتانیـا خەریکـی دەرهێنـان و گواسـتنەوەی نـەوت بـوو لێـی.

بارزانـی لـە میانـەی نامـە گۆڕینـەوە و دانوسـتانەکان، داواکانـی فـرە دەکات، چەنـد خواسـتێک دەخاتـەڕوو کـە گرنگترینیـان بریتـی بـوون لە: دروسـتکردنی هەرێمی کوردسـتان کـە هەمـوو کـوردەکان لەخـۆ بگرێـت لـە شـارەکانی کەرکـووک، هەولێـر، سـلێمانی، چەنـد ناوچەیەکـی ولایەتـی مووسـڵ و هەروەهـا خانەقیـن لـە باشـوور. دامەزراندنـی کاربەدەسـتانی کـورد بـۆ کارگێـڕی هەرێمـە کوردییەکـە. دانانـی یاریـدەدەری کـورد لـە هەمـوو وەزارەتـەکان. ئۆتۆنۆمـی کولتـوری و ئابـوری و کشـتوکاڵی بـۆ کوردسـتان، زمانـی کـوردی ببێتـە زمانێکـی فەرمـی، لادانـی کاربەدەسـتە گەندەڵـەکان[٣].

(١) وديع جويدة، الحركة الكردية، ص ٥٤٦.

(٢) محـمـد سهيل الطقوش، تأريخ الأكراد، ص ١٨٩.

(٣) البريفكاني، ئەردەلان. معروف جياووک، مأساه بارزان المظلومة، المطبعة العربية، بغداد ١٩٥٤.

وەزیــرە کوردەکــە ماجیــد مســتەفا گەشــتێکی ئەنجامــدا بــەرەو بــارزان، لــە مێرگەسـۆر چـاوی کـەوت بـە مـەلا مسـتەفا بارزانـی، هـەردوولا لەسـەر ئـەو خاڵانـە ڕێککەوتــن:

**یەکـەم/** ئازادکردنـی شـێخ ئەحمـەد و خانـەوادەی بارزانییـەکان کـە بـۆ شـاری حیللـە نەفـی کرابـوون.

**دووەم/** چوونی مەلا مستەفا بارزانی بۆ بەغدا و پابەندبوون بە حکومەتی ناوەندی.

**سـێهەم/** دەبێـت ئەوانـەی کارگێـڕی ناوچەکانـی بـارزان دەکـەن، کەسـانی پـاك و دادپـەروەر بـن و دەسـتیان لـە گەندەڵـی نەبوویێـت.

**چـوارەم/** دامەزراندنـی قوتابخانـە و دروسـتکردنی ڕێگاوبـان و خاڵـی پۆلیسـی، گرتنەبـەری هەمـوو هەنگاوێـک بـۆ ئاواکردنـەوە و گەشـەپێدانی ناوچەکـە.

هەرچەنــدە ســەرۆکوەزیرانی عێراقــی نــوری ســەعید تاڕاددەیــەک ژیرانەتــر لەوانیــتر دەیویســت هەڵســوکەوت بــکات و لەگــەڵ چارەســەرکردنی کێشــەکان و جێبەجێکردنـی خاڵەکانـی ڕێککەوتنەکـە بـوو، بـەڵام بەشـێکی زۆر لـە وەزیرەکانـی کابینەکـەی دژی ئەوەبـوون، بـە بیانـووی ئـەوەی جێبەجـێ کردنـی ئـەو خاڵانـە دەبنـە هـۆی بەهێزکردنـی بارزانـی، ئـەوەش مەترسـی هەیـە بـۆ داهاتـووی وڵاتـی عێـراق. بەبـێ ئامادەبوونـی سـەرۆکوەزیران نـوری سـەعید، ئەنجومەنـی وەزیرانـی عێــراق کۆبوونەوەیەکــی ئەنجامــدا بەســەرۆکایەتی تەوفیــق ئەلســویدي جێگــری سـەرۆکوەزیران، تیایـدا لایەنـی دژەکـورد باڵادەسـت بـوون و بڕیارەکانیـش پێچەوانـەی ڕێککەوتنـەکان دەرکـران، کـە ئەمانـە بـوون(١):

**یەکــەم/** دامەزراندنـەوەی سیسـتەمی کارگێـڕی لـە دەڤەرەکانـی زێبـار و ڕوانـدوز و ئامێـدی و دەڤەرەکانـی مێرگەسـۆر و شـێروان مـەزن و بـارزان. دەستنیشـانکردنی کاربەدەسـتانی ئەسـتۆپاک، ئەگـەر پێویسـت بـکات دانانـی ئەفسـەری سـوپا لـە کـورد و بریکارانــی حکومــەت و ئەفســەری پەیوەندییــەکان.

(١) وديع جويدة، الحركة القومية الكردية. ص ٥٤٦-٥٤٨.

**دووەم/** دانانــی خاڵــی پشــکنین و پۆلیــس لــە ســنورەکان و ڕێــگا گشــتییە دوردەســتەکان و ســەرڕێگای دەڤــەرەکان، هەروەهــا زۆرکردنــی خاڵــە ســەربازییەکان لــە نزیــک بــارەگا ســەرەکییەکانی پۆلیــس.

**ســێهەم/** دروســتکردنی ڕێگاوبــان و دانانــی خاڵــی پۆلیــس لــە خەلیفــان و ڕێــزان و ئامێــدی و بلــە و بــارزان و ئاکــرێ و مێرگەســۆر و شــێروان مــەزن و دیانــە و کانــی ڕەش.

**چوارەم/** گواستنەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە بارزان و نیشتەجێکردنی لە گوندی پیران.

**پێنجــەم/** گەڕاندنــەوەی شــێخانی بــارزان بــۆ ناوچەکانــی خۆیــان و ڕازی بوونــی حکومــەت بــە هاتنــی مــەلا مســتەفا بارزانــی بــۆ بەغــدا و ملکەچبوونــی.

**شەشــەم/** گەڕاندنــەوەی هەمــوو چــەک و تەقەمەنــی کــە چەکدارانی بارزان بەدەســتیان کەوتبــوو لــە کاتــی ڕاپەڕینــی چەکداری.

**هەفتــەم/** حکومەتــی ناوەنــدی لێبوردنــی گشــتی دەردەکات بــۆ هەمــووان جگــە لــە ئەندامانــی هێزەکانــی حکومــەت نەبێــت کــە چوونــە نــاو بــەرەی بارزانــی دژی حکومەتــی ناوەنــدی.

ناســیۆنالیزمی عەرەبــی تــازە چەکــەرەی دەکــرد، ئەویــش لەســەر ئەژمــاری کــورد، ئــەوان شاگەشــکە ببــوون بــە جووڵانــەوەی نەتەوەپەرســتی ئەڵمانیــای نــازی، پێیــان وابــوو گەلــی کــورد بــە زەبــری چــەک و خۆســەپاندن ملکەچــی دەســەڵاتی ناوەنــدی دەکــەن. بیســت ســاڵی پێــش، کۆمەڵــە خێڵێکــی پەرتــەوازە و دنیانەدیــوو بــوون، لــە نــاکاو بوونــە خاوەنــی وڵات و ئاغایەتیــان بەســەر کــورد تاقــی دەکــردەوە.

دوای گەیشــتنی شــێخ ئەحمــەد و خانەوادەکــەی بــۆ بــارزان، مــەلا مســتەفا بارزانــی بــە یــاوەری شــێخانی بــارزان و فەتــاح ئاغــای ســەرۆکهۆزی هەرکــی لــە مانگــی فبرایــەری ١٩٤٤ بــەرەو بەغــدا بەڕێکــەوت. لــە گەشــتەکەیدا ژمارەیەکــی بەرچــاو لــە چەکدارانــی کــورد یــاوەری بــوون. ڕێگێنــت (الــوصي) عبدالإلــە بــە نوێنەرایەتــی پاشــا و بەرپرســانی بــاڵای وڵات پێشــوازی گەرمییــان لــە بارزانــی و شــاندەکەی یــاوەری کــرد. ئــەو دیمەنــە تورەبــوون و ڕقــی زۆرتــری ڕەگەزپەرســتانی بەغــدای لێکەوتــەوە و هەمــوو هەولێکیــان

دا تـا بـە زووتریـن کات بارزانـی و شـاندەکەی بەغـدا بەجـێ بهێڵـن[١].

شـایانی باسـە، لەگـەڵ ئـەوەی ڕێککەوتنـەکان لەسـەر ئـەوە نەبـوون کـە کـورد داوای کردبـوو، بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەش بارزانـی ویسـتی نیازپاکـی نیشـان بـدات بـۆ بەرقـەرار کردنـی ئاشـتی و بەرەوپێـش بردنـی بارودۆخەکـە. هەڵوێسـتی بەغـدا نابەرپرسـانە بـوو لـە هەمبـەر گەلـی کـورد، بارزانیـش ئیـتر پاسـاوی بـۆ دروسـتبوو کـە متمانـەی بـە بەغـدا نەمێنێـت. هـەر بۆیـە دوای گەڕانـەوەی، هەڵمەتێکـی ئەنجامـدا لـە گەشـتکردن بـۆ لای هـۆز و خێڵـە کوردییـەکان، بـۆ بەهێزکردنـی پێگـەی سیاسـی و یەکخسـتنی هەڵوێسـتی کـوردان. شـایانی گوتنـە، ئـەوە کارێکـی قـورس بـوو، بەهـۆی ئـەوەی بەغـدا لـە هەوڵـی کڕینـەوەی سـەرۆکهۆزەکان و لەتکردنـی یەکگرتوویـی هـۆزە کوردییـەکان بـوو بـە ڕێگـەی جیـاواز.

هەرچەنـدە نـوری سـەعید هەوڵـی چاککردنـەوەی دۆخەکـەی دا لـە ڕێگـەی ڕاگەیاندنـی ناوچـەی کارگێـڕی دهـۆك و دامەزراندنـی فەرمانبـەری کـورد لـە چەنـد وەزارەتێـک و باشـترکردنی بـاری کشـتوکاڵی لەڕێگـەی پێدانـی قـەرز بـە جوتیارانـی کـورد، بـەڵام لـە لایـەن هاوکارانـی لەنێـو حکومـەت ڕەت کرایـەوە. هەوڵەکانـی نـوری سـەعید بوونـە هـۆی ئـەوەی ناوبـراو لـە مانگـی یۆنیـۆ دەسـت لەکاربکێشـێتەوە. هـەروەک "لۆنگرینـگ" دەڵـێ: هەسـتی دوژمنکارانـە لەنێـو لایەنـە عەرەبییـەکان تـا دەهـات زۆرتـر دەبـوو بەرانبـەر کـورد، پێیـان وابـوو ئـەو چاکسـازییانە دەبنـە هـۆی سـەربەخۆیی کوردسـتان و لـە خـوارووی وڵاتیـش شـیعەکان داوای چاکسـازی هاوشـێوە دەکـەن[٢].

ئەگەرچـی مسـتەفا بارزانـی کۆششـی زۆری کـرد بـۆ گەیشـتن بـە ئاشـتی و چارەسـەرکردنی تەنگـژەکان لەڕێگـەی لێکتێگەیشـتن، بـەڵام پێشـڕەوییەکانی سـوپای عێـراق هـەر بـەردەوام بـوون، پێشـتر بـە بیانـوی ڕاهێنانـی سـەربازی لـە چیـاکان، بەڵام ئێسـتا ئیـتر ئاشـکرا بـوو کـە مەرامیـان لێدانـی بـارزان و لەناوبردنـی بارزانییەکانـە.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو.

(٢) لۆنگرینگ، العراق، ٣٢٦.

حکومەتــی عێــراق بڕیــاردەدات هەمــوو بارزانییــەک دەســگیربکرێت کــە ســەردانی فەرمانگــە و دامودەزگاکانــی حکومــەت دەکــەن. ئــەو بڕیــارە دژەمرۆییــە کارەســاتی بــەدوای خــۆی هێنــا. ڕۆژی ١٠ی ئابــی ١٩٤٥ کاتێــک ئەســعەد خۆشــەوی ســەرۆکی هــۆزی مــزوری کــە یەکێکــە لــە هۆزەکانــی بــارزان، ویســتی بپەڕێتــەوە بــۆ ناوچــەی بــارزان، بــەڵام هێزێکــی پۆلیســی عێراقــی پەلامــاری دەدەن، ئەویــش بەشــێوەیەکی سەرســوڕهێنەر توانــی خــۆی لــە دەســتیان ڕزگاربــکات. ڕووداوی دووەم، لــە دەمێــک کــە عەلــۆ بــەگ ســەرۆکی هــۆزی شــێروانی و خاڵــی شــێخانی بــارزان، ســەردانی ســەنتەری مێرگەســۆر دەکات بــۆ وەرگرتنــی کەلوپەلــی خۆراکــی، بــەڵام لــە لایــەن فەرمانــدەی بنکــەی پۆلیــس بڕیــاری دەســگیرکردنی دەدرێــت، هــەر زوو لایەنگرانــی عەلــۆ بــەگ لێیــان دێنــە دەســت، بــەڵام بەداخــەوە خــودی عەلــۆ بــەگ شــەهید دەبێــت و پیاوەکانیشــی فەرمانــدەی پۆلیســی بنکەکــە و چەنــد پۆلیســێک دەکــوژن و بــە تەواویــش دەســت دەگــرن بەســەر بنکــەی شــارەدێی مێرگەســۆر[١]. ئــەو هەواڵــە دەبێتــە هــۆی دڵتەنگــی و توڕەیــی شــێخ ئەحمــەد، بــە گوێــرەی مێژوونــووس محەمــەد بریفکانــی، شــێخ بڕیــاری ڕاگەیاندنــی شــۆڕش دەدات[٢].

لــەو ســاتەی کــە ســوپای عێــراق لــە لایــەک و هەنــدێ هــۆزی کــوردی بەپــارە کــڕاوی ناوچەکــە لــە لایــەن حکومەتــی عێراقــەوە، خۆیــان خــۆش دەکــرد بــۆ پەلامــاردان، مــەلا مســتەفا بارزانــی خێــرا نامــەی ســکاڵا و گازنــدەی نــارد بــۆ باڵوێزخانــەکان و لایەنــی حکومەتــی عێــراق، بــەڵام هیــچ ســودێکی نەبــوو. لــە نامــەی ســکاڵاکەی، بارزانــی ئامــاژەی بــەو خاڵانــە دابــوو: ســەرۆکوەزیر نــوری ســەعید لــە ســاڵی ١٩٤١ بڕیــاری دابــوو کــە چاکســازی بــکات لــە دەڤەرەکانمــان، ســەرۆکوەزیری نوێــش پشــتیوانی بڕیــارەکان بــوو، بــەڵام لــە ڕاســتیدا هیــچ هەنگاوێکــی ڕاســتەقینە نەنــراوە لەگــەڵ ئــەوەی کــە ئێمــە ئامادەبوویــن ملکەچــی حکومــەت بیــن. حکومــەت

(١) مەعروف چیاووک، ص ١٣٧.

(٢) اسماعیل أردلان، أسراري بارزان، مطبعة مظهري طهران ١٩٤٦، ٣١.

محمــد بریفکانــی، حقائــق تأریخیــه عــن القظیــة البارزانیــة، مطبعــة شرکــة الطباعــة والنــشر الأهلیــه، بغــداد ، ١٩٥٣ص ٢٢.

نەک هەر هیچ ڕێکارێکی نەگرتەبەر بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکان، بەڵکو بنکەکانی پۆلیس و سوپای چڕترکردەوە لە دەڤەرەکەمان و فشاری زۆرتری هێنا بۆ سەرمان. کاتێک ویستم سەردانی خێڵ و هۆزەکانی دراوسێ بکەم وەکو نەریتێکی ئاسایی خۆمان، بەڵام حکومەت قەدەغەی ئەو سەردانانەی کردم. حکومەتی عێراقی بڕیاری داوە هەموو بارزانییەک دەسگیربکرێت لە هەر شوێن و دەزگایەکی حکومی بن. پۆلیسی وڵات پەلاماری عەلۆ بەگی خاڵی ئێمەی دا و شەهیدی کرد، لە کاتێکدا کە هاتبوو بۆ وەرگرتنی ئازوقەی بژێوی ژیانی و هەروەها پەلاماری ئەسعەد خۆشەوی دا، بەڵام توانی خۆی دەربازبکات. حکومەت سوپای کۆکردۆتەوە لە باشورەوە لە ئاکرێ و لە گوندی باپەشتیان لە ڕۆژهەڵات، پۆلیسی ناردووە لە دەڤەری ڕێکانەوە لە ڕۆژئاوا، بەبێ هەبوونی هیچ هۆکارێک و بێ ئاگادارکردنەوەی ئێمە. فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق هەموو ڕۆژێک بۆمبارانی گوند و دێهاتەکانمان دەکەن بێ گوێدانە ماڵ و خێزان و زارۆک و ژن و پیر و نەخۆش. ئێمە داوای نێوەندگیرییەک دەکەین بۆ ڕاگرتنی ئەو پەلامار و ستەمە بە گوێرەی میساقی ئەتلەنتی. ئومێدمانە هاوکاری ئێمەی بێ دەسەڵات و بێ تاوان بکەن(١).

حکومەتی پاچەچی لە بەغدا هیچ گرنگییەکی بۆ نامەکەی بارزانی دانەنا، ڕێکەوتی ٨ی ئۆگوست/ئابی ١٩٤٥ بڕیاری داگیرکردنی هەموو دەڤەری بارزانی دا، دوای هەڵبەستانی کۆمەڵێک تۆمەتی نابەجێ و دوور لە ڕاستی، لەوانە ناکۆکی لە ناوچەکانی زێبار و تاوانبارکردنی خودی مستەفا بارزانی - بەڵام بێ ئەوەی باسی جۆری تاوانەکە بکرێت.

سوپای عێراق بە هاوکاری چەند هۆزێکی ناوچەکە، دابەشبوون بەسەر چەند بەرەیەک بۆ ئابلۆقەدانی بارزان. مەعروف چیاووک لە پەرتوکەکەیدا بەم شێوەیە باسی پەلامارەکان دەکات(٢):

---

(١) معروف چیاووک، ص١٣٨-١٣٩.

(٢) سەرچاوەی پێشوو

جەنگی بادەلیان - هێزەکەی مەلا مستەفا بارزانی بە فەرماندەیی نورۆ شێروانی توانیان شکست بە پەلاماری سوپای عێراق و هێزە میلیشیاییەکانی سەر بە قەیسەر هورمز و چەکدارانی لاگیری حکومەتی عێراق بهێنن، تیایدا قەیسەر هورمز کوژرا و لە بەرەی بارزانیشدا شێخ سدیق برای مەلا مستەفا بارزانی بریندار بوو، دوای ئەوەش فەرماندەیی بارزان درایە دەست محەمەد ئاغای مێرگەسۆر.

جەنگی نەهلە - لە دۆڵی نەهلە یەکەی پێنجی سوپای عێراق دووچاری شکست بوو، بەڵام هۆزە کوردییە بەکرێگیراوەکان لە بەرژەوەندی دوژمن پارسەنگی جەنگەکەیان ڕاست کردەوە. دوای ئەوەی بەشێک لە بەکرێگیراوان کە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە خەڵاتی گەورەیان پێ درابوو، توانیان فەوجی پێنجی ئابلۆقەدراو لە دەست هێزەکانی بارزان ڕزگار بکەن. جگە لەوانیش بەشێکی دیکە لە هەندێ هۆزی بەکرێگیراو لەدژی بارزانی خۆیان کۆکردبووەوە، سەرەنجام بارزانی بە تەنیا لە چیای پێرس مایەوە.

جەنگی هاودیان و مەزنێ - لە ٢ی سێپتێمبەر/ئەیلوولی ١٩٤٥ یەکەی چوار و سێی سوپای عێراق لە دەستی ڕاست و چەپەوە لە باپشتیانەوە هێرشیان هێنا، بارزانی و هێزەکەی لەگەڵ خەڵکی ئاوارە و لێقەوماو لە ئەشکەوتەکانی هاودیان دوور لە مەزنێ خۆیان حەشاردابوو. هێزی بارزان بە فەرماندەیی نورۆ شێروانی و محەمەد ئاغای مێرگەسۆر توانیان دەستیان لێ بوەشێنن و پاشەکشەیان پێبکەن.

جەنگی هەرنێ - هۆزە بەکرێگیراوەکان بە فەرماندەیی سوپای عێراق هێزێکی ٧٠٠ کەسیان ئامادەکرد بۆ پەلاماردانی بارزانی و پێشمەرگەکانی. بارزانی بڕیاریدا زووتر هێرش بکاتە سەریان پێش ئەوەی ئەوان لە پشتەوە هێرش بکەن. هێرشەکە لە قازانجی سوپای عێراق کۆتایی هات و مەلا مستەفا بارزانی گەڕایەوە چیای پێرس.

جەنگ لە چیای پێرس - لە ٢٥ی سێپتێمبەر/ئەیلوولی ١٩٤٥ مەلا مستەفا بارزانی هێزەکانی دابەشکرد بە سەر چەند سەنگەرێکی بەرگریکردن. چەتەی هۆزە

بەکرێگیراوەکانیش لەپاڵ سوپای عێراق خۆیان بۆ پەلاماری بارزانی ئامادەکرد. کاتێک بارزانی ئەوەی بینی، تێگەیشت کە ئەو جەنگە لە بەرژەوەندی هێزەکەی ئەودا تەواو نابێت، بۆیە فەرمانی کرد بە گەڕانەوە بۆ دواوە تا گەیشتە گوندی هەرفتە. لەوێ هێڵێکی بەرگری دانا و هەواڵی ئەوەشی بە شێخ ئەحمەدی برای ڕاگەیاند. شێخیش پێشنیاری کرد کە هۆزی "بەڕووژی" بنەماڵەکەی ڕزگار بکات و گوندەکان چۆڵ بکەن، لە پشتی چیای شیرین خڕببنەوە لە دەڤەری هۆزی شێروان. لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ لە کاتێک کە بارزانییەکان بەوپەڕی نەبەردییەوە بەرگرییان دەکرد، خانەوادەکانی هۆزی بەڕووژی لەگەڵ ماڵ و سامانەکانیان گەیشتنە کانی ڕەش دواییش کێلەشێن، لەوێشەوە بەرەو ئێران. لە ١١ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ هەموو بارزانییەکان ئاوارەی ئێران بوون و ژیانی پەناهەندەییان دەستپێکرد. دوای ئەوەش هۆزە خۆفرۆشەکان بەیاوەری سوپای عێراق چوونە ناو هەموو گوندەکان و ئەشکەوتەکان بۆ دزین و تاڵانکردنی هەرچییەک کە بارزانییەکان دوای خۆیان جێیان هێشتبوو. ئەو کردارە یەکێك بوو لە پاکتاوە ڕەگەزییەکان لە دژی گەلی کورد لە سەدەی بیستەم و دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بوو لە سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد.

دواکەوتوویی و نەفامی ئەو هۆزە بەکرێگیراوانە لەوەدا بوو کە لە لایەک لەوە تێنەگەیشتبوون خۆیان نەتەوەن و بەشێوەیەکی سروشتی خودایی دەبێت برایەتی خوێن بخەنە پێش هەموو شتێکی دیکە، نەوەک ئاوا بۆ پارە و پول و ئافەرین خۆیان و ئابڕووی خۆیان هەرزانفرۆش بکەن. لە لایەکی دیکەوە هۆشیاریی ئەوەیان نەبوو کە بەو کارە دزێوەیان خۆیان دەکەنە مایەی گاڵتەپێکردن و دوژمن بەچاوێکی سوک و ڕیسوا سەیریان دەکات!

## بارزانی و کۆماری کوردستان لە مهاباد

ئەگەرچی سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان لە مهاباد بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد لە بەرەودان بە هۆشیاری نەتەوەیی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، گرنگیی بێ پایانی هەیە، بەڵام لەم بەشەدا بە پێویستی دەزانین باسی ڕۆڵی مستەفا بارزانی و بارزانییەکان بکەین لەو کۆمارە[١].

کاتێك بارزانییەکان لە سێپتێمبەر/ئەیلوولی ١٩٤٥ دەگەنە سنوری خۆرهەڵاتی کوردستان-کوردستانی ئێران، پێشەوا قازی بە سەرۆکایەتی شاندی کوردستان بۆ تاوتوێ کردنی پرسی کورد و هەوڵی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە شاری باکۆی ئازەربایجان دەبێت. لەو ساتەدا هەواڵی گەیشتنی بارزانییەکانی پێدەگات[٢]. بارزانییەکان لە بارودۆخێکی زۆر نەخوازراوی برسێتی و نەخۆشیدا بوون، سەرەتا لە لایەن حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و خودی قازی محەمەد ئاوڕییان لێ نەدرایەوە، ئەوەش بەهۆی بارودۆخی هەستیار و شلۆقی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو گەمەی سۆڤیەت-ئینگلیز-ئێران دا[٣]، پێشوازی کردنی فەرمی و ئاشکرا لە بارزانییەکان دوور نەبوو ببێتە هۆی وروژاندنی دوژمنایەتی زێتری لایەنە زلهێزەکان، بە تایبەتی بەریتانیا و حکومەتی ئێران.

شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود و چەندین کەسایەتی تری کورد ڕۆڵیان هەبوو لە گۆڕینی بیروڕای قازی محەمەد لەبارەی بارزانییەکان و ناساندنی بارزانی وەکو نوێنەری هەموو کوردانی عێراق. بۆیە پێشەوا قازی بڕیارێک دەردەکات بۆ پێشوازی کردن و پێشکەشکردنی هەموو جۆرە هاوکارییەک بۆیان و خودی مستەفا بارزانیش وەکو نوێنەری کوردانی عێراق سەیری بکرێت. لە پاڵ

---

(١) گەلێک نوسین و پەرتووک لەبارەی کۆماری مهاباد نوسراون، خوێنەر دەتوانێت دەستی پێیان بگات. یەکێک لەو توێژینەوە بەنرخانە کە لەم نوسینەم سودم لێ بینیوە پەرتوکێکە بەناونیشانی: جمهوريه كردستان، دراسه تأريخيه-سياسيه، نوسەر: هۆزان سلێمان دۆسکی، چاپخانەی: الدار العربيه للموسوعات، بيروت-لبنان ٢٠٠٦.

(2) William Eagleton, The Kurdish Republic of 1946, Oxford University Press, London 1963, p. 90-91.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان، کورد لە گەمەی سۆڤیەتی دا، چاپی دووەم، هەولێر ١٩٩٣، لا ١٧٥.
د. ئەفراسیاو هەورامی، مستەفا بارزانی لە هەندێک بەڵگەنامە و دۆکومێنتی سۆڤیەتی دا، ١٩٤٥-١٩٥٨، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٢، لا ١٧.

هۆزەکانی دیکەی کوردستان، خێڵی شکاک ڕۆڵی یەکەمی هەبوو لە کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ لێقەوماوانی بارزان و پشتیوانی کردنیان.

لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆماری کوردستان کە دەکاتە ٢٢ی یەنایەر/ کانونی دووەمی ١٩٤٦ پێشەوا قازی بۆ ڕێوڕەسمەکە بانگهێشتی مستەفا بارزانی دەکات. چەند ڕۆژێک دواتر بەفەرمی پێشوازی لە بارزانی دەکات و ڕۆژنامەی "کوردستان" کە زمانحاڵی کۆمار بوو، مستەفا بارزانی بە سەرکردەی نەتەوەیی کورد و خەباتکار لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان دەناسێنیت[1]. مستەفا بارزانی وەکو یەکێک لە چالاکترین سەرکردەکانی ناو کۆمارەکە دەردەکەوت، چاوپێکەوتن و دیداری بەردەوام بۆ هەموو دامودەزگاکانی کوردستان و پشتیوانی کردن و هاندانیان لە ئەنجامدانی کارەکانیان بە گیانی بەرپرسیارێتی و پێشکەش کردنی ڕاوێژی پێیان و هۆشیارکردنەوەیان دژی بێگانەکان و داگیرکەرانی کوردستان، لە کارەکانی ئەو بوون.

**وێنەی (١٤)**



پۆرترێتی شەهیدی پێشەوا قازی محەمەد

(١) هۆزان سلێمان دۆسکی، جمهوریە کردستان، دراسە تأریخیە-سیاسیە، دار العرب للموسوعات، بیروت ٢٠٠٦، ص١٠٥-١٠٨.

سەرۆک کۆمار قازی محەمەد بڕیاری دامەزراندنی سوپای کوردستانی دا بەهۆی ئەو شارەزاییە سەربازییەی کە هەیانبوو بارزانییەکانی کردە کرۆکی ئەو سوپایە و هەروەها خودی مستەفا بارزانی کردە سەرپەرشتیاری سوپا و نازناوی جەنەڕاڵی پێبەخشی. هەموو لاوانی بارزانی کە تەمەنیان لە نێوان ١٥-١٦ ساڵ و ژمارەیان ١٥٠٠ کەس دەبوون، چەکدارکران بە چەکی تازە، ١٥٠ چەکداری بەتوانای بارزانی کرانە پاسەوانی شەڕەفی سەرۆکی کۆماری کوردستان.

پێشمەرگەکانی بارزان دابەش کرانە سەر چوار یەکەی سەربازی، چوار ئەفسەری کوردی باشوور کرانە فەرماندەی ئەو یەکانە، کە کەسیان لە خێڵی بارزان نەبوون، تەنیا لە بواری سەربازی کەسانی لێهاتوو و شارەزابوون، خوێندنی سەربازییان لە بەغدا تەواو کردبوو، بریتی بوون لە هەریەک لە: میرحاج ئەحمەد، بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، مستەفا خۆشناو و نوری ئەحمەد تەها. ئەفسەرەکانی تریش لە دەستەی هێزی بارزان لەگەڵ خودی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی مانەوە، لەوانە: خەیروڵا عەبدولکەریم، عزەت عەبدولعەزیز، سەید عەزیزی شەمزینی، محەمەد مەحمود قودسی، عەبدولرەحمان موفتی، نوری ئەحمەد تەها، جەلال ئەمین بەگ، محەمەد ساڵح، ئەحمەد ئەفەندی کۆیی، شەوکەت ئەفەندی. جگە لەوەش، چەند کەسێک لە تێکۆشەرە ئازاکانی بارزانییەکان پلەی پێشمەرگایەتییان پێدرا و کرانە فەرماندەی تیپەکانی ئەو یەکە سەربازییانە، لەوانە: محەمەد ئەمین میرخان، مامەند مەسیح، فارس کانی بۆتی، سەعید وەلی بەگ، خۆشەوی خەلیل، مستەفا جانگیر، ساڵح کانیا لنجی، حەیدەر بەگ، عارف بەگ، وەهاب محەمەد عەلی ئاغای ڕەواندزی[١].

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان، کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا، لا ١٨٨-١٨٩.

**وێنەی (١٥)**



پێشەوا قازی و جەنەڕاڵ بارزانی لە مەهابادی پایتەختی کۆماری کوردستان

شایانی گوتنە، بارزانی و چەکدارانی، تاکە هێزی شەڕکەری کۆماری کوردستان بوون، کرۆکی سوپای کوردستانیان لە کۆماری کوردستان لە مهاباد پێکدەهێنا. خودی مستەفا بارزانی وەکو سەرکردەیەک و فەرماندەیەکی شۆڕشگێڕی سەربازیی چاونەترس ناوودەنگی زۆری پەیداکرد. نەوشیروان مستەفا لە پەرتوکەکەی بەناوی "حکومەتی کوردستان، کورد لە گەمەی سۆڤییێتیدا" دەڵێت: بارزانییەکان هێزێکی ئازا و ڕێکوپێک بوون، ڕووخانی کۆماری مهاباد نەیتوانی ببێتە هۆی تێکدانی ڕیزەکانیان و هەڵیانبوەشێنێت. دەسەڵاتی ئێرانی ئەژماری تایبەتی بۆ دەکردن و ترسی لێیان هەبوو. ئەوان بەهیچ شێوەیەک خۆیان نەدایە دەستی ئێرانییەکان و کاتیان بەسەر دەبرد بۆ خۆڕزگاکردن و بەردەوامیش لە پێکداداان بوون لەگەڵ سوپای ئێران[١].

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان، کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا، سەنتەری

هەر بۆیە بە فەرمانی کۆماریی، یەکەیەکی سوپای بارزان نێردرایە بەرەی جەنگ لە سەقز، بەهۆی ئەوەی کە ناوچەی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ بوو لەگەڵ سوپای ئێران و زۆرترین مەترسی لەسەربوو. لە یەکەم پێکداداندا لە گردی قاراوا هێزی بارزانییەکان پەلامارێکی سوپای ئێرانیان تێکشکاند و سەرکەوتنی مەزنیان تۆمارکرد[1]. ئەم سەرکەوتنە بووە هۆی سەرسامی هەموو لایەک، خودی قازی محەمەد بە یاوەری مستەفا بارزانی سەردانی بەرەکانی جەنگیان کرد بۆ پیرۆزبایی کردن و زێتر بەرزکردنەوەی ورەی جەنگاوەران. ڕۆژنامەی کوردستان کە زمانحاڵی کۆماری کوردستان بوو، وردەکاری جەنگی بڵاوکردەوە، تیایدا ئاماژەی دابوو، ژمارەی سەربازانی ئێرانی ٧٠٠ (هەفت سەد) کەس بوون، کەچی هێزەکەی بارزان تەنها ١٧٠ کەس بوو، سوپای ئێران بە چەک و تەقەمەنی نوێ و پاڵپشتی هێزی ئاسمانی، بارزانییەکان تەنها بە چەکی سادە و نیمچە قورس بەشداربوون، ژمارەی کوژراوان لە ڕیزی ئێرانییەکان ١٤٠ کەس بوو و ژمارەی دیلەکان ٤٠ کەس، بێ ئەوەی هیچ قوربانییەک لە ڕیزی بارزانییەکان بکەوێتەوە[2].

ئێرانییەکان داوای ئاگربەستیان کرد، هەردوولا پێویستیان بەکات هەبوو، کوردەکان کات لە بەرژەوەندییان نەبوو و دەیانویست بە هەر نرخێک بێت لە لایەن یەکێک لە زلهێزەکان پشتیوانییان بکرێت، ئێرانییەکانیش هێزەکانیان ڕێکدەخستەوە بۆئەوەی تۆڵە بکەنەوە و ئابڕووی سوپای بەزیوویان سپی بکەنەوە. نزیکەی دوای مانگ و نیوێک لە پێکدادانی یەکەم، لە ڕێکەوتی ١٥ی یۆنیۆ/حوزەیرانی ١٩٤٦ ئێرانییەکان پەلامارێکی فراوانیان بۆ سەر هێزەکانی لەشکری دووی بارزانییەکان لە گوندی مامەشا کە ١٠ کم دەکەوێتە ڕۆژئاوای سەقز دەستپێکرد. سەرەتا پارسەنگی جەنگ لە بەرژەوەندی ئێرانییەکان بوو، بەڵام بەرگریکردنی بەهێزی بارزانییەکان ڕێڕەوی جەنگی گۆڕی و بۆ جاری دووەم چۆکیان بە هێزەکانی ئێران دادا[3]. حکومەتی ئێران بۆ جارێکی تر داوای ئاگربەستی ئاشتیی کرد و جەنەڕاڵ

---

لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، چاپی سێهەم، سلێمانی ٢٠٠٧، لا ٢٨٣.

(1) Wiliam Eagleton, op.cit.

(٢) هۆزان سلێمان دۆسکی، جمهوریە کردستان، لا١٠٩.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، لا ١١٠.

"عەلی ڕەزم ئارا" وەکو نوێنەری سوپا کەوتە پەیوەندی کردن لەگەڵ سەرکردایەتی کورد. گیانی دلێرانەی هێزەکانی بارزان ترسی زۆری خستە دڵی دوژمنان، خودی جەنەڕاڵ عەلی ڕەزم ئارا لە میانەی گفتوگۆ بۆ ڕۆژنامەکان و وەڵامی ڕەخنەکان ئاماژە بە پاڵەوانێتی بارزانییەکان و ئازایی مستەفا بارزانی دەدات و دەڵێت: ئەوانەی لە تاران پشتی مێزەکانەوە دانیشتوون و چای دەخۆنەوە نازانن بارزانی چ هێزێکی چاونەترسی هەیە و چ توانایەکی ڕووبەڕوونەوەی سەربازی هەیە[1].

سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی و ئابووری کۆماری مهاباد، دەتوانین بڵێین کە ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو خراپتر دەچوو، بەهۆی ئابلۆقەدانی لە لایەن حکومەتی ئێرانی لەلایەک و سوپای عێراق و تورکیاش لەسەر سنور لە لایەکی تر. پێشەوا قازی لەگەڵ سەرکردایەتی لە کۆبوونەوەی بەردەوام دابوو کە ئاخۆ لەو ساتەوەختە پڕ لە مەترسی و ناڕوونییە چی بکەن. هۆز و خێڵە کوردییەکان لەنێوان خۆیان دابەش بوون، هەندێکیان زوو پشتیان لە کۆمار کرد و بێدەنگییان هەڵبژارد، هەندێکیشیان چوونە پاڵ هێزەکانی ئێران. لە کۆبوونەوەیەکدا قازی محەمەد ئاشکرای دەکات کە لە هەموو لایەکەوە بێ ئومێد کراون و تەنها ڕووسەکان نەبێت، ئەوانیش هیچ گرەنتییەک نادەن کە پشتیوانیمان بکەن. لە هەمان کاتدا ئازەربایجانیش هەمان دۆخی کۆماری کوردستانی هەبوو، لەناوخۆی شپرزە ببوو. حکومەتی ئێرانیش لەسەر چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکە ڕای جیاوازی هەبوو، خودی ڕەزا شا لەگەڵ چارەسەری سەربازی و کوشتوبڕی بوو. سەرەتا حکومەتی ئێرانی توانی کارێک بکات کە هەردوو حکومەتی کوردستان و ئازەربایجانی لێک دابڕێنێت و نەهێڵێت ببنە هێزێکی یەکگرتوو دژی تاران. بۆ ئەو کارەش چەند دانوستانێک ئەنجام دران لە نێوان تاران و تەبریز و تیایدا لەسەر کاغەز چەند مافێکیان دایە ئازەرییەکان بۆ ڕاکێشانیان بۆ لای خۆیان، بەڵام هیچ ئاماژەیەکیان بە مافەکانی کورد نەدا. لە کۆتایی دا بڕیار درا هێرش بکرێتە سەر هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان[2].

---

(١) غەنی بلووریان، ئاڵەکۆک، بەسەرهاتی سیاسی ژیانم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧: لە هۆزان سلێمان دۆسکی، جمهوریه کردستان، دراسه تأريخيه-سياسيه، دار العرب للموسوعات، بيروت ٢٠٠٦، ص ١١٢.
(٢) سەرچاوی پێشوو، ل ٢٢٣-٢٢٥.

## هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر کۆماری کوردستان

سوپای ئێران بە سەر چەند بەرەیەک بە ئاڕاستەی ئازەربایجان و کوردستان دابەشبوو. لە چەندین قۆڵەوە هێزەکانیان نارد بۆئەوەی لە هەموو لایەکەوە هێزەکانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان سەرقاڵ بکەن و نەتوانن بە هانای یەکتر بێن، بە نموونە زوو هێزێکیان نارده سەقز بۆئەوەی بارزانییەکان نەتوانن سەنگەرەکانی خۆیان چۆڵ بکەن و بە هانای ئەوانی تر بچن. سەرەتا سوپای ئێران چووە ناوی شاری زەنجانی ئازەری بێ ئەوەی هیچ بەرگرییەک بکرێت. دوای ئەوەش بە ئاسانی ڕووی کردە تەبرێز و لەوێش بە هەمان شێوە هیچ بەرگرییەک نەکرا و سەرکردەکانی ئازەری بەرەو ڕوسیا ڕایان کرد و خەڵکی ئازەریش پێشوازی گەرمیان لە سوپا کرد.

لە کاتێکدا سوپای ئێران بە فەرماندەیی جەنەڕاڵ "هومایونی" لە مهاباد نزیک دەبووەوە، قازی محەمەد و سەرکردایەتی کۆمار هێشتا لە کۆبوونەوە دابوون. مشتومڕی توند لە نێوان سەرکردایەتی لە ئارادا بوو، هەندێک خوازیاری بەرگری بوون و هەندێکیشیان خوازیاری خۆبەدەستەوەدان. قازی محەمەد باسی هەرەس هێنانی حکومەتی ئازەربایجانی کرد وئاماژەشی دا کە هێزەکانی عێراق و تورکیاش لەسەر سنورن و هەموو دەرگاکانیان داخستووە، ئێمەش ئەو بڕە پێویستییە لە چەک و تفاقمان نییە تاوەکو بتوانین بەرگری بکەین و سەربکەوین، جەنەڕاڵ هومایونیش چاوەڕیی وەڵامان دەکات، بۆیە یان خۆبەدەستەوەدان یان بەرگریکردن. لە وەڵامدا مستەفا بارزانی گوتی: هیچ گەلێک نییە لە دونیا مافەکانی بەدەست بهێنێت و قوربانیش نەدات[1]. بەڵام لە کۆتایی ڕای زۆرینە لەگەڵ ئەوەبوو خۆبەدەستەوە بدەن.

جەنەڕاڵ هومایونی خۆی و سوپاکەی لە دەڤەری میاندەوا جێگیربوون، لەو کاتەدا پێشەوا قازی بروسکەیەکی بۆ دەنێرێت و داوای واژووکردنی ڕێککەوتنی ئاشتی دەکات، لە وەڵامدا هومایونی دەڵێت: ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان وڵاتان

(١) سەرچاوی پێشوو، لا٢٢٤.

دەکرێت، ئێوە دەبێت خۆتان بدەن بەدەستەوە، هەتا زووش ئەو کارە بکەن ئەوەندە باشترە، بۆئەوەی ڕێگری بکەن لە ڕشتنی خوێن. دوای گۆڕینەوەی چەند نامە و بروسکەیەک، پێشەوا قازی پەیوەندی پێوە دەکات و دەڵێت: ئەگەر گەرەنتیم بدەیتێ ئەوا خۆم دێم بۆ خۆبەدەستەوەدان. هومایونی گەرەنتی ئەوەی پێدەدات. لە ڕێکەوتی ١٦ی دیسێمبەر/کانونی دووەمی ١٩٤٦ پێشەوا قازی بە یاوەری هەریەک لە حاجی بابە شێخ و محەمەد حوسێن سەیفی قازی دەچن بۆ میاندەوا خۆیان بەدەستەوە دەدەن. جەنەڕاڵ هومایونی پێیان ڕادەگەیەنێت کە بچنەوە بۆ مهاباد و ئەوەی پێویستە بیکەن تاوەکو سوپای ئێران بێتە شارەکەوە[1].

شایانی باسە، لە ڕۆژانی پێش ئەو ڕووداوانەی سەرەوە، چەند هۆزێکی کوردی لە مهابادەوە خۆیان گەیاندە جەنەڕاڵ هومایونی و پشتیوانی خۆیان بۆ حکومەتی تاران دووپات کردەوە[2]. عەلی کوڕی قازی محەمەد دەڵێت: خۆبەدەستەوەدانی باوکم بە جەنەڕاڵ هومایونی بۆ ڕێگری کردن بوو لە پەلاماری هەندێ هۆزی تالانچی[3] کە خۆیان بۆ ڕاوڕووتی و تێکدانی شارەکە مەڵاس دابوو. جگە لەوەش پێشەوا قازی نەیدەخواست هیچ بنهۆیەک بداتە دەست سوپای ئێران بۆ کوشتن و وێرانکردنی شاری مهاباد. هەربۆیە گەڕایەوە شارەکە و داوای کرد چەکدارەکان شارەکە بەجێ بهێڵن و چەکەکانیان بدەنە بارزانییەکان کە بڕیاریان دابوو خۆیان بەدەستەوە نەدەن[4]. پێشەوا قازی لە خەمی ئەوەدا بوو سوپا تۆڵە لە خەڵکی بێتاوانی شارەکە نەکاتەوە، بۆیە بڕیاری دا بمێنێتەوە و شار بەجێ نەهێڵێت. هەر لەو کاتەدا جەعفەر پیشەوەری سەرۆکی ئازەرییەکان بروسکەیەکی بۆ قازی

(١) ئەنوەری سوڵتانی، بیرەوەری دوو ڕۆژنامەنوسی ئیرانی لەمەڕ کۆماری کوردستان ١٩٤٦، گۆڤاری گەزەنگ، ژمارە ٢٤، سوید١٩٩٩، لا٢٢: وەرگیراوە لە هۆزان سلێمان دۆسکی، جمهوریە کردستان، دراسە تأریخیە-سیاسیە، لا ٢٢٥.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان، ڕێبەندانی ١٣٢٤-سەرماوەزی ١٣٢٥، کورد لە گەمەی سۆڤیێتی دا، چاپی دووەم، هەولێر ١٩٩٣، لا ٢٦٥.

(٣) جان دۆست، چاڤێ من گرێ نەدەن: بلا ئەز سبەها مەهابادێ ببینم. گۆڤاری مەتین، ژمارە١٠٨، دهۆک ٢٠٠١ لا ٥.

(٤) أيوب بارزاني، المقاومه الكرديه للأحتلال ١٩١٤-١٩٥٨، فەڕەنسا ٢٠٠٢، لا ٢٧٤.

محەمــەد نــارد کــە خــۆی قوتــار بــکات و کوردســتان بەجــێ بهێڵێــت، لــە وەڵامــدا پێشــەوا گوتــی: ئەگــەر مــن کوردســتان بەجــێ بهێڵــم، ئــەوا میللەتەکــەم باجێکــی قــورس دەدات، مــن ناچــارم بمێنمــەوە تەنانــەت ئەگــەر چارەنوســم لەســێدارەدانیش بێــت[١].

ڕۆژی ١٧ی دیسـێمبەر/کانونی یەکەمـی ١٩٤٦ سـوپای ئێـران چـووە نـاو شـاری مهابـاد و بـەم شـێوەیەش کۆمـاری کوردسـتان کۆتایـی هـات. خەڵکـی شـارەکە دەرگای ماڵەکانیـان لەسـەر خۆیـان داخسـت، کـەس پێشـوازی لـە سـوپا نەکـرد، بـە پێچەوانـەی ئازەرییـەکان کـە خۆیـان شـارەکانیان لـە دەسـتی دیموکراتیخـوازەکان دەرهێنـا و ڕادەسـتی سـوپای ئێرانیـان کـرد. ئـەوەش بـوو بـووە هـۆی ڕاکردنـی سـەرکردە ئازەرییـەکان و پەنابـردن بـۆ یەکێتـی سـۆڤییەت. سـەبارەت بـە بارزانییـەکان، جەنـەڕاڵ مسـتەفا بارزانـی پەیوەنـدی بـە جەنـەڕاڵ هومایونـی کـرد. هومایونـی پێشـنیاری کـرد کـە بارزانییـەکان بچنـە تـاران و لەگـەڵ حکومـەت بگەنـە ڕێککەوتنێـک. مسـتەفا بارزانـی و چەنـد فەرماندەیەکـی پێشـمەرگەکانی چوونـە تـاران، لـەوێ داوایـان لێکـرا کـە بارزانییـەکان چەکەکانیـان ڕادەسـت بکـەن و خەڵکەکەشـی لـە نزیـک دەماوەنـد نیشـتەجێ بـن. بـەڵام بارزانـی پێـی وابـوو کـە وا باشـترە ژن و منداڵـەکان بگەڕێنـەوە بـۆ عێـراق و پیاوەکانیـش پەناببـەن بـۆ یەکێتـی سـۆڤییەت[٢].

سـەبارەت بـە پێشـەوا قـازی، هەرچەنـدە جەنـەڕاڵ هومایونـی بەڵێنـی پـێ دابـوو کـە ئـازاری کـەس نەدرێـت، چونکـە قـازی بەرپرسـیارێتی هەمـوو شـتێکی خسـتبووە ئەسـتۆی خـۆی[٣]، بـەڵام هومایونـی جگـە لـە خـودی پێشـەوا و محەمـەد حوسـێن سـەیفی قـازی، بیسـت و هەشـت کەسـی تـری لـە حزبـی دیموکراتـی دەسـگیرکرد. هەرچـی سـەدری قازییـە، ئـەو کاتـە لـە تـاران بـوو داوای ئـازاد کـردن و لێخۆشـبوونی دەکـرد، بـەڵام هومایونـی داوای گەڕانـەوەی کـرد بـۆ مهابـاد و لـە سـاتی گەڕانـەوەی،

---

(١) هۆزان دۆسکی، جمهورية كردستان، لا ٢٢٦.

(٢) مسعود البارزاني، ثورة بارزان ١٩٤٥ – ١٩٥٨، ص ٤٩.

(٣) عبدالرحمن قاسملو، أربعون عاما من الكفاح من أجل الحريه، موجز من تأريخ حزب الديمقراطي الكردستاني الإيراني، ترجمة: عزالدين مصطفى رسول، الجزء الأول، الطبعة الثانية، بيروت ١٩٩٤، ص٩٤.

ئەویشـی دەسـگیرکرد[١]. جەنـەڕاڵ هومایونـی و جەنـەڕاڵ عەلـی ڕەزم ئـارا کۆنـە قینیـان لـە پێشـەوا قـازی و یاوەرانـی هەبـوو، بەهـۆی ئـەوەی لـە بەرەکانـی جەنـگ بەرانبـەر سـوپای بارزانییـەکان چەنـد جارێـک بـەزی بـوون، هـەر بۆیـە بـە ناشـیرینترین شـێوە هەڵسوکەوتیان لەگـەڵ سـەرکردە زیندانـی کـراوەکان کـرد. خێـرا دادگایەکـی سـەربازییان دامەزرانـد، گەرچـی ئـەوان کەسـانی سـڤیل بـوون و دەبوایـە دادگای سـڤیل بـە کاری دادگایـی کردنیـان هەسـتێت.

لـە هەمـووان ڕقئەسـتورتر خـودی ڕەزا شـا بـوو، کـە پێداگـری دەکـرد لـە لەسـێدارەدانیان و ڕاسـتەوخۆ فەرمانـی بـە جەنەڕاڵانـی سـەربازی دەکـرد. بـەڵام حکومەتـی ئێـران بۆچوونێکـی دیکـەی هەبـوو لەگـەڵ دادگایـی کردنـی سـەربازی و لەسـێدارەدان نەبـوو[٢]. لـە لایەکـی تـر شـای ئێـران بـە باڵوێـزی ئەمریکای ڕاگەیاندبـوو کـە خـودی هـۆزە کوردییـەکان داوایـان کـردووە قـازی محەمـەد لـە سـێدارە بدرێـت، بـەڵام ڕاستییەکان شـتێکی دیکـە دەڵێـن. هەمـوو هـۆزە کوردییـەکان بەوانەشـەوە کـە نەیـاری قـازی بـوون یـان دۆسـتی، دژی لەسـێدارەدانی قـازی بـوون. هـۆز و خێڵـە کـوردەکان لـە ماڵـی عومـەر خانـی شـکاک کۆبوونەوەیەکیـان ئەنجـام دا بۆئـەوەی شـاندێک ڕێکبخـەن بـۆ تـاران و داوای لێخۆشـبوونی قـازی لـە محەمـەد ڕەزا بکـەن. ئەوەبـوو شـاندەکە چـووە تـاران، بـەڵام داواکەیـان بـێ ڕێزانـە پشـتگوێ خـرا[٣].

---

(١) ئەنـوەری سـوڵتانی، بیـرەوەری دوو ڕۆژنامەنوسـی ئیـران لەمـەڕ کۆمـاری کوردسـتان ١٩٤٦، گۆڤـاری گەزەنـگ، ژمـارە ٢٤ سـوید، ١٩٩٩، لا٢٣.

(٢) عبدالرحمن قاسملو، أربعون عاما من الكفاح.. ص٩٧.

(٣) برهـان الديـن أبابكـر ياسـين، كردسـتان في سياسـه القـوى العظمـى ١٩٤١ - ١٩٤٧، ترجمـه: هـوراز، دهـوک ٢٠٠٢، ص ١٨٧.

## دوا دیداری پێشەوا قازی محەمەد و جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی

کاتێک سەرانی کۆماری کوردستان بەچاوی خۆیان دیتیان وا چۆن ڕوسەکان پشتیان لە ئازەربایجان کرد، ئیدی هێرش بۆ سەر کوردستانیش بووە ڕاستییەکی ئاشکرا. ئەوە بوو، وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، قازی محەمەد و یاوەرانی ڕۆژی ١٦ی دیسێمبەر/ کانونی یەکەمی ١٩٤٦ چوون بۆ میاندوا بۆئەوەی خۆیان بدەنە دەست هومایونی. دوای گەڕانەوەی بۆ مهاباد، پێشەوا قازی بۆ دواجار جەنەڕاڵ بارزانی بینی. مستەفا بارزانی تکای لێکرد کە مهاباد بەجێ بهێڵێت و لەگەڵ ئەو بڕوات، بەڵام قازی محەمەد بڕیاری خۆی دابوو کە لە مهاباد دەمێنێتەوە بۆئەوەی ڕێگە لە خوێنڕشتنی خەڵکی سڤیلی شارەکە بگرێت.

”پێشەوا قازی بە چاوی پڕ لە ئەشکەوە قسەی بۆ جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی دەکرد، پێی ڕاگەیاند، کە جگە لە خەڵکەکەی خۆی، متمانە بە کەس نەکات، ئەوەتا ئەوانەی سوێندی پشتیوانیان خوارد لە خێڵ و هۆزەکان، چۆن ئێستا هەموو پەشیمان بوونەوە و نامەی ملکەچی بۆ ڕژێمی شای ئێران دەنێرن، بۆیە تکات لێ دەکەم بە زووترین کات مهاباد بەجێ بهێڵە و خۆتان لە ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای ئێران بەدوور بگرن. دوای ئەوە هەڵسایەوە و ماچی کرد و ئەنجا گوتی: تکا لە یەزدان دەکەم بتپارێزێت و سەرکەوتووت بکات، بەڵکو مەرگی من ببێتە هۆی کەم کردنەوەی ئازاری میللەتەکەم. ئەنجا ئاڵای کوردستانی لە گیرفانی دەرهێنا و پێی بەخشی و گوتی: ئەوە ڕاسپاردەی منە و دەیخەمە ئەستۆی تۆ، چونکە لە تۆ چاکتر کەسێکی دیکە نابینم بۆ پاراستنی“[1].

بارزانی دەبوایە کۆمار بەجێ بهێڵێت، ئەو پرسێکی دیکەی لە ئەستۆ بوو. هەردوو حکومەتی عێراق و ئێرانیش خوازیاری ئەوە بوون، کە کۆتایی بە بارزانیش بهێنرێت، بۆئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بۆ هەمیشە کۆتایی بێت و دوژمنانیش پشوویەکی درێژ بدەن. خۆ ئەگەر لە گۆشەنیگای مێژووی ڕووداوەکان

---

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، الطبعة الأولى، كاوا للثقافة الكردية، بيروت ١٩٨٧، ص٢٢٩.

سـەیری پرسـەکە بکەیـن، ئـەوا دەبووایـە خـودی قـازی محەمەدیـش کوردسـتان بەجـێ بهێڵێـت، نـەوەک بهێڵرێـت بـەو شـێوەیە بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دووچـاری کـپ و خامۆشـی بێـت. سـەرکردایەتی کۆمـاری مهابـاد ڕێـك ئـەو کارەیـان کـرد کـە ڕژێمـی شـا دەیویسـت. شـا ددانەکانـی خـۆی لێـك دەخزانـد بـۆ تۆڵـە سـەندنەوە. خۆزگـە پێشـەوا قـازی خـۆی دەربـاز بکردایـە و ببووایـە چقڵـی چـاوی ئـەو دوژمنـە بـێ بەڵێـن و بـێ پەیمانانـە.

## لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و یاوەرانی

ڕۆژی ١٩ی یەنایەر/کانونی دووەمی ١٩٤٧ دادگایەکی سەربازی مەیدانی خێرا بۆ دادگایی کردنی پێشەوا قازی محەمەد و یاوەرانی ڕێکخرا. هەریەک لە ئەفسەران سەرهەنگ[١] "بارسی تبار" بۆ سەرۆکایەتی دادگا و سەرهەنگ "فیوزي" بۆ داواکاری گشتی دەستنیشان کران. دادگاکەش نهێنی بوو، ڕێگە نەدرا کەس ئاگاداری ناوەڕۆک و شێوازی دادگایی کردنەکە بێت. داوایان لە پێشەوا کرد دوو پارێزەر هەڵبژێرێت بۆ بەرگری کردن لەخۆی، ئەویش هەریەک لە مافناسان سەرتیپ "ئەسلانی" و سەرهەنگ "موسا شاقولی" هەڵبژارد کە دانیشتووی تاران بوون و لە نزیکەوە دەیناسین. دادگا ڕەتی کردەوە کە ئەوانە وەکو پارێزەی قازی محەمەد پەسند بکات و داوای کرد دوو ئەفسەر لە بەندینخانەی مهاباد بۆ ئەو ئەرکە دابین بکرێن. سەرۆکی دادگا بە گاڵتەوە دەپرسێت، بۆچی پارێزەرێک دەستنیشان ناکەیت لە لەندەن؟ پێشەوا قازیش لە وەڵامدا دەفەرموێ: "چیتان لە دەست دێت بیکەن، ئەگەر پەیوەندیم بە لەندەنەوە هەبووایە، ئەوا ئێستا نەدەگەیشتم بەو ڕۆژە"[٢].

تاران بڕیاری خۆی دابوو، دادگاکەش تەنها بۆ نمایشێک بوو بۆئەوەی نیشانی جیهانی بدات کە ئەوان ڕێز لە یاسا دەگرن. دادگای ناوبراو دەیان تۆمەتی جۆراوجۆری ئاڕاستەی سەرکردەی پێشەوا کرد و ئەویش بە توندی وەڵامی هەموو تۆمەتەکانی دایەوە، جگە لەوەش تانەی لە شەرعیەتی دادگا دا. بنهۆی پێشەوا قازی بۆ نەبوونی شەرعیەتی دادگایی کردنەکە ئەوەبوو کە ناوبراو کەسێکی سڤیل (مەدەنی) بوو نەك سەربازی، کەچی دادگای سەربازییان بۆی سازاندبوو. هەروەها دادگا دەرفەتی ئەوەی پێ نەدا بۆئەوەی بە سەربەستی پارێزەر بۆ

(١) سەرهەنگ: عقيد. ناوە سەربازییەکانی تر بە زمانی کوردی بەو شێوەیەی خوارەوەیە: جێدار: ملازم| جێداری یەکەم: ملازم أول | پێشکار: مقدم | پێشەنگ: نقيب | پێشڕەو: رائد | سەرتیپ: عميد | سەردار: جەنەڕاڵ: لواء.

(٢) رحيم سيف قاضی، أسرار محاكمه قاضي محمد و يارانش، ترجمه محمد رضا سيف قاضي، چاپ أول، تهران : وەرگیراوە لە: هۆزان دۆسکی: جمهوريه كردستان، دراسه تأريخيه، ص ٢٣١.

خۆی هەڵبژێرێت. دادگایی کردنەکە چوار ڕۆژی خایاند، ڕۆژی ٢٣ی کانونی دووەمی ١٩٤٧ بڕیاری لەسێدارەدانی خۆی و براکانی پەسند کرا. جەنەڕاڵ هومایونی دەیویست هەمان ڕۆژ بڕیارەکە جێبەجێ بکرێت، بەڵام بە بڕیارێکی تاران، وادەی لەسێدارەدان دواخرا بۆ کاتێکی تر، ئەوەش بەهۆی مەترسی ڕوودانی شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان[1]. سوپا ترسی لەوە هەبوو کە قازی محەمەد ڕابکات یاخود بارزانییەکان لە هەڵمەتێکدا ڕزگاری بکەن. هەروەک لە میانەی دادگایی کردنەکە، قازی محەمەد دەڵێت: ئەگەر نیازی ڕاکردنم هەبووایە ئەوا هیچ لەوە ئاسانتر نەبوو بارزانییەکان پەلاماری ئێرە بدەن و لەژێر دەستی ئێوە ڕزگارم بکەن، بەڵام خۆم پەیمانم پێتان دا کە خۆم دەدەمە دەست و ئێوەش دەست لە خەڵک بپارێزن و کوشتوبڕی خەڵکی کورد نەکەن[2].

هەرچەندە پێشەوا قازی داوای تیاهەڵچوونەوەی دادگایی کردنەکەی کرد، بەڵام تاران داواکەی ڕەت کردەوە. لەبری ئەوە، دادگایی کردنەکە دووبارە کرایەوە لە مهاباد، هەمان تۆمەت درایەوە پاڵ پێشەوا و بێجگە لەوەش داواکاری گشتی سوکایەتی بە گەلی کورد کرد، کە ئەوە بووە هۆی کاردانەوەی توندی پێشەوا قازی. دادگایی کردنەکە ٤٨ کاژمێری خایاند و هەمان بڕیاری پێشوو بۆ لەسێدارەدانیان دەرکرا. گۆڕەپانی چوارچرا دەستنیشان کرا بۆ ئەنجامدانی بڕیارەکە، ئەوەش هەمان ئەو شوێنەبوو کە پێشتر قازی محەمەد جاڕی سەربەخۆیی کوردستانی تیادابوو. ڕەزا شا واژووی لەسەر بڕیاری لەسێدارەدان کرد و دەقی بڕیارەکەش ڕۆژی ٢٩ی ئاداری ١٩٤٧ گەیەنرایە دەستی جەنەڕاڵ هومایونی. ڕۆژی ٣٠ی ئادار دەستنیشان کرا بۆ لەسێدارەدانی سەرکردەکانی سەربەخۆیی کوردستان. ئەو شەوە پێیان ڕاگەیەنرا کە بەیانی دەیانبەن بۆ تاران. پێشەوا قازی و براکانی دڵیان بەو هەواڵە خۆش بوو، چونکە ئەو واتایەی هەبوو کە ڕەنگە بکەونە بەر بڕیارێکی لێخۆشبوون، لە پاڵ ئەوەش

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤.

(٢) بهزاد خوشحالی، قاچی محمد و جمهوري در آينه اسناد، چاپ أول، تهران ١٣٨٠، ص ٢٥٩: لە هۆزان دۆسکی، جمهوریە کردستان، دراسە تأریخیە، ص ٢٣٥.

حکومەتی تاران جیا لە دامەزراوەی سەربازی و ڕەزا شا، نەرمتر لەگەڵ دۆخەکە مامەڵەی دەکرد. بەیانی هەر یەکەیان بە ئۆتۆمبێلی جیا نێردرانە گۆڕەپانی چوارچرا، لەوێ لە هۆڵی بیناکە قازی محەمەد بینی کە داواکاری گشتی و "مەلا محەمەد سدیق سدقي" ئیمام و وتاربێژی مزگەوتی عباس ئاغا لە مهاباد ئامادە بوون و هەروەها بەڕێوەبەری تەندروستی لە تارانەوە تازە گەیشتبووە ئەوێ، سەیری کرد لەسەر مێزێک قورئانێک دانرایە، ئەوجا پێشەوا تێگەیشت کە ئێستا لەسێدارە دەدرێن[١]. داواکاری گشتی داوای لە قازی کرد وەسیەتنامەی بنوسێتەوە. پێشەواش دوو وەسیەتنامەی نووسییەوە، یەکیان بۆ خانەوادەکەی، ئەوی تریش بۆ نەتەوەی ستەملێکراوی کورد. بەڵام بەداخەوە ئەوەی بۆ نەتەوەی کوردی نووسی شاردرایەوە و هەرگیز نەکەوتە دەست میللەتەکەی. دوای تەواوبوونی نووسینەوەی وەسیەتنامە، پێشەوا نوێژی "صلاە القیام"ی کرد کە ماوەی دوو کاژمێر و نیوی خایاند. دوای تەواو بوونی نوێژەکەی، فەرمووی من ئامادەم بۆ لەسێدارەدان، بەڵام لە ئیسلام لە سێدارەدان مەکروهە، پێشنیاردەکەم بە گوللە بمکوژن. داواکاری گشتیش گوتی تۆ کەسێکی سەربازی نیت تاوەکو بە گوللە بتکوژین، پێشەوا قازیش لە وەڵامدا فەرمووی، ئەگەر کەسێکی سەربازی نیم چۆن لە لایەن دادگای سەربازییەوە دادگایی کرام؟[٢].

پێشەوای نەبەرد قازی محەمەد لە گۆڕەپانی چوارچرا بەوپەڕی ئارامی و چاونەترسیەوە بەرەو پەتی لەسێدارەدان کەوتەڕێ. کاتێک ویستیان چاوەکانی ببەستن، ڕەتی کردەوە و فەرمووی: "من شتێکی نەنگی و شەرمئامێزم ئەنجام نەداوە تا چاوەکانم ببەستن، نامەوێ چاوم ببەستن، دەمەوێ جوانی کوردستان و میللەتەکەم ببینم". لە ساتی لەسێدارەدانی هاواری کرد: بژی میللەتی کورد، بژی ئازادیی کوردستان، ئەنجا کورسی ژێرپێی لادرا، گیانی پاک و بەرزەفڕی بەزیندوویی بۆ هەمیشە مایەوە.

---

(١) سید محمد صمدی، نگاهی به تأریخ مهاباد، چاپ أول، تبریز ١٣٧٣، ص ١٨٠: وەرگیراوە لە: هۆزان دۆسکی، جهموریه کردستان، دراسه تأریخیه، ص ٢٣٧.

(٢) کریم حسامی، قافله من شهداء کردستان إیران، ترجمه نزار محمود،١٩٧٣، ص٢٦.

دوای ئەویش هەریەک لە سەیفی قازی و سەدری قازی بردرانە بەردەم پەتی سێدارە و شەهید کران. دوای ئەوانیش هەریەک لە پیاوە مەردەکانی وەکو: عەبدوڵا روشنفکر، حمید مازوجی، محەمەد نازمی، محەمەد رسول نغدیان لەسێدارە دران. لە شارەکانی دیکەش، هەموو ئەوانەی پەیوەندی نزیکیان بە کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی هەبوو یەک لەدوای یەک لەسێدارە دران و چوونە کاروانی نەمرانەوە[1].

وەک پێشتریش ئاماژەمان دا، بارزانییەکان خۆیان نەدایە دەست، کاتێک مهابادیان بەجێ هێشت ٣ هەزار تفەنگ و ١٢٠ ڕەشاش و دوو تۆپی جبەخانەی کۆماری ئێرانییان لەگەڵ خۆیان بردبوو[2]. بارزانییەکان کاتیان دەکوشت لە بەرژەوەندی خۆیان، لە لایەکیش لە پەیوەندی بوون لەگەڵ دەسەڵاتی شاهانەی ئێران بۆ ڕێککەوتن، تا لە کۆتاییدا بڕیاریان دا ژن و منداڵ و پیرەکان بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەد بگەڕێنەوە زێدی خۆیان و خۆیان بدەنەوە دەست عێراق، پێشمەرگە و چەکدارەکانیش بەڕێگەیەکی سەخت ڕوویان لە یەکێتی سۆڤییێت کرد و لەوێ بوونە پەناهەندە.

شایانی باسە، مستەفا بارزانیش خوازیاری ئەوە بوو بگەڕێتەوە زێدی خۆی، بەڵام دوای گەیشتنی شێخ ئەحمەد بۆعێراق کە چوار ئەفسەرەکە یاوەری بوون: خەیروڵا عەبدولکەریم و عیزەت عەبدولعەزیز و محەمەد مەحمود و مستەفا خۆشناو، سوپای عێراق چوار ئەفسەرەکەی دەسگیرکرد و لە مانگی یۆنیۆ/حوزیرانی ١٩٤٧ لەسێدارەی دان. بەو هۆیە مستەفا بارزانی هیچی بۆ نەمایەوە جگە لە گرتنەبەری ڕێگەی تاراوگە. بە درێژایی ڕێگایان بەرەو ڕوسیای سۆڤییێتی لە جەنگی بەردەوام بوون لەگەڵ سوپای فشۆڵی ئێرانی و زیانی زۆریان پێ گەیاندن. خێڵی شکاک ڕۆڵی هەبوو لە چاوساغی کردن بۆئەوەی بارزانییەکان بتوانن بە تەناهی بگەنە ڕوسیا.

---

(١) علاء الدین سوجادي، مێژووی ڕاپەرینی کورد، چاپی دووەم، ئیران ١٩٩٦.

(٢) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم دا، وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف، چاپی چوارەم، هەولێر ٢٠٠٧، لا٢٣٠.

بارزانی و یاوەرانی کە ژمارەیان ٥٢٣ کەس بوو، ڕێگەی هەندەرانیان گرتە بەر، لەسەر سنوری ئێران و تورکیا ڕێگەیان بەست، لەشکری ئێرانی بەدوایانەوە بوون، ڕەزا شا فەرمانی دەرکردبوو کە بارزانییەکان دەسگیربکەن و هەر ئەفسەرێک دریغی بکات ڕاپێچی دادگای سەربازی دەکرێت. بەم شێوەیە مستەفا بارزانی و هێزە ٥٠٠ کەسییەکەی بەرەو ئاراس و دواتریش یەکێتی سۆڤیەت دەربازیان بوو، ٣٥٠ کیلۆمەتریان لە ڕێگا سەخت و دژوارەکان بە چواردە ڕۆژان بڕی[1].

(١) کریس کوچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم دا، وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف، چاپی چوارەم، هەولێر ٢٠٠٧، لا ٢٣٢.

## دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کورد – پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق

لە سەروبەندی حوکمڕانی کوردستان لە مهاباد لە فبرایەر/شوباتی ١٩٤٦ قازی محەمەد پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی ڕاگەیاند. ماوەیەک دوای ئەوە، بارزانی مستەفا، هەمزە عەبدوڵای ڕاسپارد بۆئەوەی سەردانی باشووری کوردستان بکات و لە دۆخی عێراق بکۆڵێتەوە و هەروەها پرسی دامەزراندنی حزبێکی سیاسی هاوشێوە تاوتوێ بکات[١]. ناوبراو گەڕایەوە باشووری کوردستان و پەیوەندی کرد بە سەرانی حزبی "شۆڕش و ڕزگاری" کە دوو ڕەوتی چەپ بوون. سەرەتا ناوی "حزبی دیموکراتی کورد" پێشنیار کرا. لە سەر ڕاسپاردەی بارزانی، شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود بکرێتە جێگری یەکەمی سەرۆک، محەمەد زیاد بکرێتە جێگری دووەم. هەروەها لەو ماوەیەدا گۆڕانی گەورە ئەنجام نەدرێت لە پەیڕەو و پرۆگرامی حزب و خۆبەدوور بگرن لە هێرشکردنە سەر دامودەزگاکانی سەر بە بەریتانیا بۆ ماوەیەکی کاتی[٢].

سنوری داڕێژراوی سایکس پیکۆ و لەتکردنی کوردستان لە نێوان وڵاتانی داگیرکاری ناوچەیی، بووە هۆی ئەوەی خەباتی کوردیش بەجیا گەڵاڵە بکرێت. دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان لە عێراق واتای ئەوە بوو کە تێکۆشان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی لە هەر پارچەیەکی کوردستان تایبەتمەندییەکی خۆی وەرگرتووە و جیاوازە لە پارچەکانی دیکە. ئەوە بەشێک بوو لە ناکۆکییەکانی نێوان سەرکردەکان، ئەوەتا ئیبراهیم ئەحمەد کە ئەوسا بەرپرسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو لە لقی سلێمانی، سەرەتا ڕازی نابێت بەوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق دروست بێت[٣]. هەر لەبەر ئەوەش لە میانەی یەکەم کۆنگرەی ئەو حزبە کە لە ڕێکەوتی ١٦ی ئۆگوست/ئابی ١٩٤٦ لە بەغدا ئەنجامدرا، ڕێگەی پێ نەدرا بەشداری کۆنگرە بکات. دواتر خودی ئیبراهیم

---

(١) پرسی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق بە تێروتەسەلی باسکراوە لە پەرتوکی: مسعود البارزاني، البارزاني والحركە التحرريە الكرديە، بەشی یەکەم.

(٢) مسعود البارزاني، البارزاني والحركە التحرريە الكرديە... ص ٢١٨.

(٣) کریس کوچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم،... لا٢٤٤-٢٤٥.

ئەحمەد لە ساڵی ١٩٤٧ دوای ڕووخانی کۆماری مهاباد، پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە دەکات[١].

هەمزە عەبدوڵا وەکو نوێنەری بارزانی لە مهابادەوە دەچێتە بەغدا بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرەکە، تیایدا مستەفا بارزانی وەکو سەرۆکی حزبی دیموکراتی کورد دەستنیشان دەکرێت، شێخ لە تیفی شێخ مەحمود وەکو جێگری یەکەمی، هەروەها هەمزە عەبدوڵا وەکو سکرتێری گشتی حزب. زۆربەی ئەندامانی حزبی ڕزگاری و شۆڕش دەچنە ناو حزبەکە و بەشێکی بچووکیان دەچێتە ناو حزبی شیوعی عێراقی. حزبی دیموکراتی کورد کە دواتر دەبێتە پارتی دیموکراتی کوردستان لەڕووی پەیکەر و کارگێڕییەوە لەسەر شێوازی حزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت دامەزرا، هاوشێوەی حزبی شیوعی عێراقی. ئەوە یەکەمین ئەزموون بوو لە کاری حزبی و ڕێکخراوەیی، حزبی کۆمونیستی سۆڤیەتی نموونەیەکی ئیلهامبەخشی دەیان و بگرە سەدان حزبی لەو شێوەیە بوو لە سەرتاسەری جیهان[٢].

گرنگە سەرەنجێک بدەینە پەیام و ڕاسپاردەکانی ئەو حزبە تازەیەی کورد. بنەماکان و ئەو مافانەی کە داکۆکی لێ دەکردن دەبێتە هەوێنی لێکنزیکبوونەوەی ڕەوتە ئازادیخوازەکانی عێراق، لەوانە حزبی شیوعی عێراقی و دواتریش پشتیوانیی عەبدولکەریم قاسم بۆی. لە پەیامەکانی ئەو حزبە: مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و ئازادی و دیموکراتی بۆ عێراق، مافی زەویوزاری جوتیار و چاککردنی ڕەوشی کرێکاران، چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی، خۆماڵی کردنی سەرچاوە سروشتییەکان، بەربەرەکانێی داگیرکاری کۆڵۆنیالیزم (ئیستعماری). ئەو پەیامانەش لە زۆر ئاستی جیاواز یەکیان دەگرتەوە لەگەڵ ویست و ئامانجەکانی حزبی شیوعی عێراقی[٣]. هەرچەندە سەبارەت بە بۆچوونی حزبی شیوعی عێراقی لەسەر دۆسیەی گەلی کورد هەندێک ناتەبایی هەبوون لە سەرەتادا، بەڵام دوایی گۆڕانکاری دروست دەبێت و لە بەشەکانی داهاتوودا باسی لێوە دەکەین.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، لا٢٤٧.

(٢) سەرچاوی پێشوو، لا ٢٤٦-٢٤٧.

(٣) هەمان سەرچاوی پێشوو.

## بارزانی مستەفا لە لایەک و پارتی دیموکراتی لە لایەکی تر

ئەو حزبەی کە لە باشوور دامەزرا لەسەر دەستی چینێک، هەروەکو جەمال نەبەز ناویان دەنێت "وردە بۆرجوازی"، کەسانێکی خوێندەوار بوون، بەڵام باوەڕ و متمانەیان بەخۆیان نەبوو و لە کۆمونیستەکان دەترسان. ترسەکەش ئەوەبوو، نەبادا تۆمەتی کرێگرتەییان بخرێتە پاڵ. ئەوان خۆیان بە شوێنکەوتەی مارکسیزم و لینینیزم دادەنا. ئێ دیارە کە لە وڵاتێکدا نابێت دوو حزبی کۆمونیستی پێکەوە هەبن. بزووتنەوەی کۆمونیستی لەسەر بنەمای خەباتی چینایەتی دادەمەزرێت نەك نەتەوەیی. گەر حزبێکی دیکەی هاوشێوە هەبوو، ئەوا دیارە یەکێکیان ناپاک و نیشتمانفرۆشە. ئەم "وردە بۆرجوازانە" لە دووری بارزانیدا، لە گۆڕەپانی سیاسی و نەتەوەسازی کوردستان و عێراق هیچیان بەهیچ نەکرد. سەرکردە سیاسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدا بوون ببنە سەرانی کورد و ببنە فریادرەسی نەتەوەیەک، وەلێ وەکو ئاشی ئاو لێ بڕابوون. ئەوان و بە تایبەتی ئیبراهیم ئەحمەد، لە پشتی بارزانییەوە بازووی خۆیان نیشان دەدا و لە هەمان کاتیشدا دەیانووسیت بەربەرەکانێی بکەن. بارزانی کە کەسایەتییەکی تایبەت و هەڵاوێری هەبوو، لە توانای کەسدا نەبوو زەفەری پێ ببا. هەربۆیە باڵی مەکتەبی سیاسی کە ویستیان بارزانی سەرۆکیان لە دەسەڵات و سەرکردایەتی شۆڕش سڕ بکەن، سەرەنجام خۆیان سەرانگرێ بوون[١].

مەلا مستەفا بارزانی بەهۆی کۆچە مێژووییەکەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت بۆ ماوەی هەشت ساڵ (لە ماوەی ١٩٤٧ تاوەکو ١٩٥٥) لە حزبی دیموکراتی کورد - پارتی دیموکراتی کوردستان دابڕا. لەو ماوەیەدا چەند گۆڕانکارییەک ڕوودەدەن، لەوانە کۆنگرەی دووەم و سێهەمی ئەو حزبە بەبێ ئامادەیی و ئاگاداری بارزانی، تیایدا ئیبراهیم ئەحمەد دەبێتە سکرتێری گشتی حزب و هەمزە عەبدوڵا وەلادەنرێت. لەو ساتەوە دوو بەرە دروست دەبن، بەرەی ئیبراهیم ئەحمەد و بەرەی پێشکەوتنخواز بە سەرۆکایەتی هەمزە عەبدوڵا[٢]. هەر لە سەرەتاوە ئەوان خەریکی باڵباڵێن بوون، تەنێ

(١) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی، کۆبەرهەم (٣)، چاپی یەکەم سوید ١٩٨٥، لا ١١٩-١٢٠.
(٢) سەرچاوی پێشوو، لا ٢٥٢-٢٥٣.

هـۆکاری کەسیی (شەخسـی) لـە پشـتی ئـەو دەسـت شـکاندنەوەیەی یەکـتر بـوو. جەمـال نەبـەز وەکـو گەواهیدەرێکـی ئـەو مێـژووە دەگێڕێتـەوە، کـە سـەرانی ئـەو حزبـە (دوور لـە بارزانـی) خـودان ئایدیۆلۆژیایەکـی دیاریکـراو نەبـوون. کاتێـک مارکسـیزم و کۆمونیـزم لـە بـرەو دا بـوون ئەوانیـش مارکسـی بـوون، کـە ڕەوتـی دیموکراتـی و نەتەوەیـی لـە بـرەودا بـوو ئەوانیـش نەتەوەیـی بـوون. ئـەوان دەیـان بۆچوونـی جیاوازیـان هەبـوو، لـە هەمـوو کۆنگرەیـەک پڕۆگـرام و بیـروڕای خۆیـان دەگـۆڕی. ئـەو گروپـە هەمیشـە کوتەکـی دەسـتی داگیرکـەران بـوون، ئـەوان وردە بۆرجـوازی بـوون، کەچـی لـە ڕیزەکانیشـیان جوتیـار و کرێکاریـش هەبـوون. سـەرەڕای ئـەوەش خۆیـان دەخسـتە ژێـر چەتـری سـەرکردەیەکی شۆڕشـگێڕی وەکـو بارزانـی.

***

"شرۆڤـەی ئێمـە بـۆ ئـەو پارادۆکسـە ئەوەیـە، کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان پ.د.ک وەکـو توێژاڵێکـی سیاسـی هەبوونـی نیازمەندبـوو، چ لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان، یاخـود لەسـەر ئاسـتی عێـراق بـۆ پیشـاندانی ویسـت و خواسـتی نەتـەوەی کـورد لەسـەر شـانۆی سیاسـی عێـراق. ئـەو حزبـە ئیلهامـی لـە حزبـی کۆمونیسـتی یەکێتـی سـۆڤیەت وەرگرتبـوو وەکـو ڕێکخسـتن و کارگێـڕی و کارکردنـی گشـتی. بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئـەو حزبـە بەبـێ مسـتەفا بارزانـی هەبـوون و نەبوونـی وەکـو یـەک بـوو، بگـرە هەبوونـی خراپـتر بـوو لـە نەبوونـی (ئەگـەر بێـت و هەڵسـوکەتی دەسـتەی مەکتەبـی سیاسـی و ئـەو ڕۆڵـە خراپـەی کـە لـە سـەروبەندی شـۆڕش گێڕایـان، لەبەرچـاو بگریـن). لـە پـەڕاوی مێـژووەوە دەردەکەوێـت، کـە شۆڕشـی کوردسـتان هاوتەبایـە لەگـەڵ بوونـی گەورەپیـاوی وەکـو مسـتەفا بارزانـی. لێـرەدا نەتەوەگەرایـی کـورد لـە شۆڕشـێکەوە بڵێسـە دەگرێـت کـە لـە لایـەن کەسـایەتییەکی کاریزمایـی ڕابەرایەتـی دەکرێـت نـەک حزبێکـی سیاسـی، لەلایـەن مرۆڤێکـی خـودان بەهـا و ئـاکاری خۆگـر نەوەکـو پڕۆگـرام و پەیـڕەو و کارنامـەی دوور و درێـژی حزبێکـی سیاسـی وەکـو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئەوسـا، کـە خەڵکی سـادەی ئـەو سـەردەمە هیچـی لـێ تێنەدەگەیشـت. سـەردەمی پەناهەندەیـی بارزانـی لـە یەکێتـی سـۆڤیەت، واتـا سـەردەمی کڵـۆڵ بوونـی بزووتنـەوەی سیاسـی کوردسـتان و سـەردەمی ناکارایـی هـزری نەتەوەیـی. لەگـەڵ ئـەوەی لـەو کاتـەدا ئـەو هەمـوو گـروپ و ڕێکخـراو

و چەندین حزبی جۆراوجۆر دادەمەزرێن، بەڵام بێجگە لە بەربەرەکانێی یەکتر و بێ توانایی و بەفیڕۆدانی تواناکانیان هیچی تری لەجێ شین نابێت. تا ساتی هاتنەوەی بارزانی مستەفا شانۆی سیاسی کورد بێ ئەکتەر و بێ نمایش دەمێنێتەوە".

دوای چەندین ساڵ دابڕان جەلال تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٥٥ لە کاتی بەشداری کردنی لە کۆنگرەی یەکێتی لاوانی جیهانی، نامەیەکی بۆ سەرۆک مستەفا بارزانی نووسی، باس و خواسی تەواوی بارزانییەکانی پێڕاگەیاند، هەروەها نامەیەکی دیکەشی لە ساڵی ١٩٥٧ بۆ نارد، دوای ئەوەش دیدارێکیان لە شاری مۆسکۆ ئەنجام دا[١]. لێرەدا پەیوەندی بارزانی مستەفا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دروست دەبێتەوە. ئەنجا پەیوەندی کردن و چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ کەسایەتی سیاسی و حزب و ڕەوتە کۆمونیستییەکانی جیهانی عەرەبی و عێراقی بەردەوام دەبن.

مام جەلال بەم شێوەیە باسی دیداری خۆی لەگەڵ سەرۆک مستەفا بارزانی دەکات و دەڵێت: "مستەفا بارزانی سیمبولی ڕزگاریخوازی شۆڕشگێڕانەی نیشتمانی و داکۆکیکاری مافەکانی گەلی کورد بوو، هەروەها یەکێک بوو لە کۆڵەگەکانی دەوڵەتی کوردی لە مهاباد".

کاتێک تاڵەبانی دەگاتە مۆسکۆ لە وێستگەی شەمەندەفەر چەند کوردێک چاوەڕێی شاندەکەی دەکەن، کە جلی کوردییان لەبەر بووە و بەهۆی جلە کوردییەکەوە ناسراونەتەوە. لەوێ عەبدولعەزیز شەمزینی دەبینێت، کە سەرەتا خۆی ناناسێنێت لەبەر هۆکاری تەناهی (ئەمنی)، داوای لێ دەکات کە بیباتە لای بارزانی، بەڵام تا ڕەزامەندی سۆڤیەت وەرنەگرێت ناتوانرێت ئەو دیدارە ئەنجام بدرێت. مام جەلال بێ ئومێد نەبوو و هەموو هەوڵێکی دا بۆئەوەی سەرکردەی گەلەکەی و حزبەکەی ببینێت. جارێکی دیکە چاوی دەکەوێت بە عەبدولعەزیز شەمزینی، ئەوجارە بە تاڵەبانی ڕادەگەیەنێت کە بارزانی دەخوازێت بتبینێت. بۆیە شوێنێکی بۆ دەستنیشان کرد تاوەکو ڕۆژانە لەوێ چاوەڕێ بکات تاوەکو کەسانێک دێن و لەگەڵ خۆیان دەیبەن. تاڵەبانی دەڵێت: ڕۆژێکیان دوو کەس هاتن کە سیمای کوردییانم ناسییەوە،

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، جزء الأول، ص٢٧٨.

دوای سڵاوکردن یەکێکیان لێی پرسیم کە ئایا لەگەڵ شاندەکەی عێراقم، گوتم: بەڵێ. ئەویش گوتی: ئێمە بە دوای هاوڕێیەکمان دەگەڕێین، ئەگەر بکرێت هاوکاریمان بکەیت تاوەکو بیبینین. گوتم: فەرموون بە دوای کێدا دەگەڕێن؟ گوتیان: بە دوای جەلال تاڵەبانی دەگەڕێین. منیش گوتم: من جەلالم. بەڵام ئەوان دڵنیا نەبوون. پرسیارم کرد گوتم: ئێوە بارزانین وانییە؟ یەکێکیشیانم دەناسی کە ناوی ئەسعەد خۆشەوی بوو، سەرکردەیەکی ناسراوی بارزانی بوو. پاشان داوای وشەی نهێنی لێ کردم کە پێشتر پێم درابوو. منیش وشە نهێنییەکەم درکاند. ئەویش گوتی: بەڵێ تۆ تاڵەبانیت. ئەسعەد خۆشەوی گوتی: مەلا مستەفا بارزانی دەیەوێت بتبینێت، وەرە لەگەڵمان. منیش زۆر دڵخۆش بووم. لە درێژەی باسەکەدا مام جەلال دەڵێت: تەمەنم ٢٤ساڵ بوو، ڕوومان کردە ئەو باڵەخانەیەی کە بارزانی تێدا نیشتەجێ بوو. کە گەیشتینە نهۆمەکە، یەکێک لە هاوەڵانی زەنگی لێدا، لای من شتێکی سەیربوو کە بارزانی خۆی دەرگای کردەوە. سڵاوم لێ کرد و بارزانی باوەشی پێدا کردم و لە خۆشیان لە هۆش خۆم چووم. تاڵەبانی ئەشک لە چاوانی دێتەخوار و دەڵێت: ئەوە لەبەرئەوەیە کە بارزانی لای من سیمبولێکی گەورە و ئەفسانەیەکە لە خەباتی کورددا. ئاگاداری ئەو نامەیە بوو کە پێشتر بۆم ناردبوو بەوەی ئەندامی مەکتەبی سیاسیم لە حزبەکەی ئەودا[1].

---

(١) مەعد فەیاز، بەشێک لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال، وەرگێڕانی سۆران عومەر، کۆمەڵەی ڕووناکبیری خەڵک، کەرکوک ٢٠٠٩، لا ١٦٠-١٦٢.

## مەلا مستەفا بارزانی و هاوەڵانی لە تاراوگە

پـاش ئـەوەی ماڵباتـی بارزانییـەکان بـە ڕابەرایەتـی شـێخ ئەحمـەد لـە ئێرانـەوە دەگەڕێنـەوە باشـووری کوردسـتان و لـە دیانـا جێگیردەبـن، مسـتەفا بارزانـی و پێشـمەرگەکانی وەکـو چاودێـر و پارێـزەر یاوەرییـان دەکـەن. لـە مانگـی مایسـی ١٩٤٧ مـەلا مسـتەفا بارزانـی بڕیـاری کۆچکـردن دەدات بـەرەو یەکێتـی سـۆڤیەت. ئەڵبـەت حکومەتـی عێراقـی خـۆی مـەڵاس دابـوو بـۆ دەسـگیرکردنی، هـەروەک پێشـتر چـوار ئەفسـەرەکەی دەسـگیرکرد، بـەڵام بارزانـی دەیزانـی حکومەتـی عێـراق نیـازی پـاک نییـە. دانوسـتانەکانی نێـوان بارزانـی و حکومەتـی عێراقـی هیـچ ڕێککەوتنێکـی لـێ نەکەوتـەوە، چونکـە بەغـدا داوای خۆبەدەسـتەوەدانی بـێ مەرجـی دەکـرد، بارزانیـش هەرگیـز بـەوە ڕازی نەبـوو.

ڕێڕۆیشـتنی مسـتەفا بارزانـی و یارانـی بـە یەکێـک لـە داسـتانە مەزنەکانـی گەلـی کـورد دادەنرێـت و لەسـەر ئاسـتی جیهانیشـدا وێنـەی نییـە، مەگـەر تەنهـا کۆچـی بەنـو ئیسرائیـل لـە مێـژوودا ئەوەنـدە تراژیـدی و سەرسـوڕهێنەر بێـت. ڕێگـەی سـەخت و هـەوراز، ڕاوەدوونانـی سـوپای ئێـران و عێـراق، گرتنـی سـنور لـە لەلایـەن تورکـەکان، هەروەهـا ناپاکـی بەشـێک لـە هـۆزە کوردییـەکان، برسـێتی و نەخۆشـی و مەترسـی بەدرێژایـی ڕێـگا سـەختەکە، لـە ئەفسـانە دەچـێ. ئـەوەش ئـەو ڕاسـتییە دەردەخـات کـە بارزانـی و یاوەرانـی خـودان چ کەسـایەتییەکی بەهێـز و ویسـتێکی پتـەو و نەبەزیـون.

بارزانـی و یاوەرانـی لـە ڕێکەوتـی ١٨ی حوزەیرانـی ١٩٤٧ لـە ڕووبـاری ئـاراس پەڕینـەوە بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت، ڕۆژێـک دواتـر چـوار ئەفسـەرەکە کـە بریتـی بـوون لـە: خەیـروڵا عەبدولکەریـم، عیـزەت عەبدولعەزیـز، مسـتەفا خۆشـناو، محەمـەد محمـود قودسـی، لـە بەغـدا لـە سـێدارە دران.

سـەرەتا بارزانییـەکان لـە ئەرمینیـا لـە کامپێـک دەستبەسـەرکران، لـە دۆخێکـی خراپـی تەندروسـتی و برسـێتیدا، دوای ئـەوە گوازرانـەوە بـۆ ئازەربایجـان. لـەوێ مسـتەفا بارزانـی چـاوی کـەوت بـە ئەفسـەری بـاڵای سـۆڤیەتی باقـرۆف. لـە باکـۆی

ئازەربایجـان لەسـەر بنەمـای ڕێنمایـی مۆسـکۆ، گرنگـی زۆر درا بـە بارزانییـەکان، دابەشـکران بـۆ سـەر چەنـد یەکەیەکـی سـەربازی بـۆ ڕاهێنـان، جگـە لـەوەش ڕۆژانـە چەنـد کاژمێرێـک بـۆ فێربـوون و نووسـین بـە زمانـی کـوردی. لـە مانگـی یەنایـەر/ کانونـی دووەمـی ١٩٤٨ کۆنفرانسێک ڕێکخـرا و هەمـوو کوردەکانـی ئێـران و عێـراق کـە لـەوێ پەنابـەر بـوون، بەشـداریيان کـرد، خـودی بارزانـی ووتارێکـی گرنگـی پێشـکەش کـرد. ئەنجامـی کۆنفرانسـەکە بریتـی بـوو لـە پێکهێنانـی دەسـتەیەک بـۆ ڕێڤەبـەری بزاڤـی ئازادیخـوازی کوردسـتان. دوای ئـەو ڕووداوە حکومەتـی ئێرانـی دڵگرانـی خـۆی دەربـڕی و داوای لـە یەکێتـی سـۆڤیەت کـرد، کـە بارزانـی و یاوەرانـی بداتـە دەسـت، بـەڵام حکومەتـی سـۆڤیەت ئـەو داواکارییـەی ڕەت کـردەوە[١].

باقـروڤ وەکـو نوێنـەری تایبەتـی سـتالین و خزمـی وەزیـری ناوخـۆ "بێریـا"، لەمپـەری لەبـەردەم پێشـکەوتنەکانی پەیوەندییـەکان و بارزانییـەکان دروسـت دەکـرد. دوای ماوەیـەک بارزانـی داوای لـە دەسـەڵاتدارانی مۆسـکۆ کـرد کـە بیانگوازنـەوە بـۆ وڵاتێکـی تـری یەکێتـی سـۆڤیەت، ئـەوە بـوو بڕیـاردرا کـە بـەرەو کۆمـاری ئوزبەکسـتان بنێردرێـن. بـەڵام لەوێـش باقـروڤ لـە کـرداره دوژمنداریيەکانـی نەوەسـتا. ئـەوە بـوو خـودی مسـتەفا بارزانـی بـە فێڵێـک نێردرایـە ناوچـەی ئـۆڕاڵ و ئەوانـی تریـش هـەر گروپـە و نێردرانـە شـوێنێکی دوور لـە یەکـتر، بەشـێوەیەک کـە هیـچ پەیوەندییەکیـان بـە یەکترییـەوە نەمـا. لەگـەڵ ئەوەشـدا، یاوەرانـی بارزانـی لـە هەمـوو ئـەو شـوێنانەی کـە تێیـدا نیشـتەجێ کرابـوون، هـەر گروپـە بەجیـا، دەسـتیان کـرد بـە مـان گـرت و خۆپیشـاندان، داواکاری هەمووشـیان ئەوەبـوو "ئێمـە بارزانی سەرکردەمان دەوێت"[٢].

مسـتەفا بارزانـی بـەردەوام لـە کۆشـش دابـوو بۆئـەوەی دەنگـی خـۆی و یاوەرانـی بەشـمەینەت و سـتەملێکراو بگەیەنێتـە کۆشـکی کرێملـن، بـەڵام بەداخـەوە هەمـوو ئـەو نامانـەی کـە دەینـاردن، لـە لایـەن پۆلیسـی لۆکاڵییـەوە دەسـتیان بەسـەر دەگیـرا.

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، جزء الأول، ص٢٥٨-٢٦٢.
(٢) هەمان سەرچاوە، لا ٢٦٥.

تـا جارێکیـان لـە ڕێگـەی کەسـێکەوە نامـە دەنێرێـت بـۆ خـودی سـتالین و تیایـدا باسـی هەمـوو ئـەو دەردەسـەرییانە دەکات کـە خـۆی و هاوەڵانـی تووشـی بـوون، لـە ناوەڕۆکـی نامەکـەدا هاتبـوو: ئێمـە نوێنـەری میللەتێکـی سـتەمدیدە و بـێ کەسـین، لـە هەمـوو لایەکـەوە پەلامـار دەدرێیـن. نامەکـەش بـە سـەرکەوتوویی دەگاتـە کۆشـکی کرێملـن. ئەوەبـوو دەسـەڵاتدارانی کرێملـن کاریـان لەسـەر داواکارییەکـە کـرد و بۆیـان ڕوون بـووەوە کـە کۆچبـەران مامەڵـەی خراپیـان لەگـەڵ کـراوە. ئەوەبـوو "گـڕادۆڤ" وەکـو نوێنـەری مۆسـکۆ گەیشـتە تەشـقەندی پایتەختـی ئوزبەکسـتان و لـە ئەیلوولـی ١٩٥١ فڕۆکەیەکـی نـارد بـۆ هێنانـەوەی بارزانـی مسـتەفا، دوای ئـەوەی خـۆی پێشـوازی لێـدەکات و داوای لێبوردنیشـی لـێ دەکات بـەوەی لەگەڵـی کـراوە، گـرادۆڤ بەڵێنـی بـە بارزانـی دا کـە چاوخشـاندنەوە بکرێـت بـە بارودۆخـی بارزانییـەکان و ئـەوەی لەگەڵیـان کـراوە وەکـو تـاوان سـەیری دەکـەن. هەروەهـا داوای لێکـرد کـە نامەیـەک بنوسـێت بـۆ هاوەڵانـی و بـەو زووانـە هەمـوو ڕێکارێـک دەگیرێتەبـەر بۆئـەوەی هەمـوو بەیەکـتر شـاد ببنـەوە. ئەوەبـوو لـە مانگـی نۆڤێمبەر/تشرینـی دووەمـی ١٩٥١ هەموویـان گەیشـتنەوە یەکـتر[١].

دوای مردنـی سـتالین و کرانـەوەی یەکێتـی سـۆڤیەت بـەڕووی ئـازادی و نەمانـی دەزگای پۆلیسـی داپڵۆسـێن، بارزانـی توانـی سـەردانی مۆسـکۆ بـکات و لەوێـش داوای بینینـی خروشـۆڤ بـکات. دوای لێکۆڵینەوەیەکـی چەنـد ڕۆژە و میوانداریکردنـی بارزانـی لـە هۆتێلێکـی مۆسـکۆ، خرۆشـۆڤ پێشـوازیی لێکـرد. لـە دیدارەکـە خرۆشـۆڤ داوای لـە بارزانـی کـرد باسـی بارودۆخـی خـۆی و هاوەڵانـی بـکات لـە سـەرەتاوە تاکـو کۆتایـی. دوای باسـکردنی وردەکاری چیرۆکـی ئاوارەبـوون و کارەسـاتی میللەتەکـەی، بارزانـی گوتـی: ڕووبـەڕووی حەفـت وڵات بوومەتـەوە تـا گەیشـتوومە مۆسـکۆ. خرۆشـۆڤ پرسـیاردەکات: کامانـەن ئـەو وڵاتانـەی لەگەڵیـان جەنـگاوی؟

بارزانـی دەڵێـت: ئەمریـکا، بەریتانیـا، عێـراق، ئێـران، تورکیـا، ئازەربایجـان، ئوزبەکسـتان.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٦٦-٢٧٠.

لـە درێـژەی قسـەکانی، بارزانـی ئاماژەیـدا کـە ئێمـە پەنامـان بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت هێنـا، چونکـە ئێمـە نوێنـەری میللەتێکـی سـتەملێکراوین، بـەڵام ئـەو ڕەفتـارەی لەگەڵـمان کـرا لـە ئازەربایجـان و ئوزبەکسـتان بەهیـچ شـێوەیەک لەگـەڵ پڕانسـیپ و بەهاکانـی یەکێتـی سـۆڤیەت ناگونجێـت.

خروشـۆڤ گوتـی: ئێمـە هەمـوو نامەکانـی ئێوەمـان بەدەستهێنایەوە دوای ئـەوەی لەلایـەن باقـرۆڤ و وەزیـری ناوخـۆ "بێریـا" زەوت کرابـوون. تەنێ ئێـوە بـە دەسـتی ئـەو بانـدە تونـدڕەوە ئازارتـان نەکێشـابوو، خەڵکانێکـی زۆر چەندیـن سـاڵە بـە دەسـت ئەوانـەوە دەیانناڵانـد.

ئـەوە بـوو بارزانـی لـە مۆسـکۆ جێگیربـوو، ڕەفتـاری سـەرانی یەکێتـی سـۆڤیەت بـە سـەرۆکایەتی خرۆشـۆڤ زۆر مرۆڤانـە و ڕێکوپێـک بـوو، ماڵێـک بـۆ بارزانـی تەرخـان کـرا لەگـەڵ ئۆتۆمبێـل و ڕێگـەی بـۆ کرایـەوە بچێتـە ئەکادیمیـای سیاسـییەوە. بێریـای وەزیـری ناوخـۆ و باقـرۆڤ بـە تۆمەتـی چەندیـن تـاوان ڕەوانـەی دادگا کـران و بڕیـاری لەسـێدارەدانیان بـۆ دەرچـوو[١].

(١) سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٧٠-٢٧٣.

## حزبی شیوعی عێراق و دۆسیەی نەتەوەی کورد

حزبی شیوعی عێراق لە ساڵی ١٩٣٤ لە لایەن یوسف سەلمان یوسف ناسراو بە "فەهد"، لەسەر شێواز و بنەمای حزبی کۆمونیستی سۆڤیەتی دامەزرا. ئەو حزبە لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە دژی ئیمپریالیزمی بەریتانی و دەسەڵاتی قۆرخکاری پادشایی عێراق تێدەکۆشا، ئامانجی بریتی بوو لە ئازادی و سەربەخۆیی گەلانی عێراق و ڕزگارکردنی چینی زەحمەتکێشی کرێکاران و جوتیاران لە دەستی دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکان.

لەسەر پرسی کورد، هەروەك سەرکردە کەریم ئەحمەد سکرتێری پێشووی حزبی شیوعی عێراق و دوابیش سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان دەڵێت: حزبی شیوعی عێراقی و سەرکردەکانی ئەوەندە لە دۆخی ڕاستەقینەی کورد و دۆسیە نەتەوەییەکەی شارەزا نەبوون، هۆشیارییەکی ئەوتۆیان نەبوو لە هەمبەر مافی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی کوردستان[1].

لە یەکەمین کۆنگرەی ئەو حزبە، بەم شێوەیە باس لە مافەکانی کورد کراوە: "ئێمە خەبات دەکەین لە پێناو هێنانەدی یەکسانییەکی ڕاستەقینە لە مافەکان بۆ کەمەنەتەوەیی کورد لەگەڵ ڕەچاوکردنی مافەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ڕەگەزییە بچووکەکانی وەکو تورکمان و ئێزیدییەکان". کەریم ئەحمەد ئاماژە دەدات،کە ئەو جۆرە تەماشاکردنە لە پرسی کورد گونجاو و تەواو نەبوو، چونکە کورد نابێت وەکو نەتەوەیەکی قەتیسی نێو دەوڵەتی عێراق یان ئێران یان تورکیا سەیربکرێت، بەڵکو دەبێت وەکو میللەتێکی پارچە پارچە کراوی دابەشکراو بەسەر چوار وڵاتدا سەیری بکرێت، بەمەش دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە کورد میللەتێکی گەورەی مێژووە و ئیمپیریالیزمی بەریتانی و فەڕەنسی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ستەمیان لێکردووە، هەروەها ئێزیدییەکان کەمینەی نەتەوەیی نین، بەڵکو کوردن و سەر بە پێکهاتەیەکی ئایینی جیاوازن[2].

---

(١) کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان، بیرەوەرییەکانی کەریم ئەحمەد، وەرگێڕانی جەلال دەباغ، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی ٢٠٠٧، لا ١٨٥-١٨٦.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، لا ١٨٦.

ئەوەبوو حزبی شیوعی عێراق گۆڕانکاری کرد لە پەیامەکانی لەمەڕ دۆسیەی چارەنوسسازی نەتەوەی کورد، لە ڕۆژنامەی "کفاح الشعب" دروشمی مافی چارەنووسی بەرزکردەوە، دواتر لە ڕۆژنامەی ناوەندی حزب "القاعدە" وتارێکی بڵاوکردەوە و داوای لە گەلی کورد کرد کە حزبێکی دیموکراتی نەتەوەپەروەری جەماوەری پێکبهێنن بۆ داکۆکی کردنی لە گەلی کورد و مافەکانی بە هەموو چین و توێژەکانەوە. لە کۆنگرەی دووەمی ئەو حزبە، پێناسەی وردتری دۆخی نەتەوەی کورد و وڵاتی عێراقی دروستکراوی دەستی ئیمپیریالیزمی بەریتانی کرا. حزبی شیوعی ڕایگەیاند، کە عێراق لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی عەرەبی کە تەواوکاری نیشتمانی عەرەبە، هەروەها کوردستان کە پارچەیەکە لە پارچەکانی کوردستانی دابەشکراو بۆ سەر چوار وڵات. لەمەوە عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی و خاوەن ناسنامەی سەربەخۆ پێکهاتووە(1). جێگەی تێڕامانە، ئەو جۆرە پێناسەیە بۆ دۆخی گەلی کورد پێناسەیەکی تەواو ئامانجپێکە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان پێویستە بەم شێوەیە باسی دۆخی کوردستان بکرێت بۆئەوەی لایەنەکانی عەرەبی عێراقی لە هەستی کورد و بارودۆخی ڕاستەقینەی کوردستان تێبگەن. چونکە گەلی کورد لە سەر خاکی خۆیەتی و کەمینەی نەتەوەیی نییە، بەڵکو بە زۆرداری دابڕودۆبڕ کراوە.

لەوساوە حزبی شیوعی عێراق بەڕاشکاوی پشتیوانی خۆی بۆ نەتەوەی کورد دەربڕی لە ویست و خواستی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەم شێوەیە: "یەکێتی ئارەزوومەندانە یان جیابوونەوە لە هەر کاتێک کە عێراق لە کۆتوبەندی ئیمپریالیزم ڕزگاری بوو یان لە هەلومەرجێکدا کە بۆ گەلی کورد گونجاو بێت و لە بەرژەوەندی جەماوەرە زەحمەتکێشەکەی بێت"(2). سکرتێری حیزبی شیوعی هاوڕێ فەهد (یوسف سەلمان یوسف) داوا دەکات گەلی کورد بزووتنەوەیەک یان حزبێکی سیاسی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن کە داکۆکیکار بێت لە مافەکانی کورد. لەوەوە پشتیوانی تەواوی دروستکردنی

(1) جیرارد جالیاند، شعب بدون وطن، الکرد و کردستان، ترجمە الی العربیە: عبدالسلام النقشبندي، مطبعة ئاراس، هولیر ١٩٩٨، ص ٢٣٤.
(2) کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان، بیرەوەرییەکانی کەریم ئەحمەد، وەرگێڕانی جەلال دەباغ، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی ٢٠٠٧، لا ١٨٦-١٨٧.

حزبێکی کوردستانی دەکات، کە خۆی لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەبینێتەوە. کەریم ئەحمەد سەرەنجی ئەوە دەدات، کە حزبی شیوعی عێراق یەکەم حزبە، تەنانەت تاکە حزبی سیاسی عێراقییە کە پرسی نەتەوەی کورد بەشێوەیەکی مەبدەئی و جێگیر پەسند کردووە و هەڵوێستی ڕوونی خۆی بۆ مافی سەربەخۆیی کوردستان داڕشتووە. حزبی شیوعی پێی وایە کە چارەسەری پرسی کورد تەنها لەژێر سایەی حوکمڕانییەکی دیموکراتی ئەو وڵاتانەوە دێتەدی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، و مافی نەتەوەیی کورد هەرگیز لە سایەی ڕژێمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرە شۆڤینییەکان نایەتەدی.

لێرەدا دەبینین، کە حزبی شیوعی عێراقی ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە برەودان و پشتیوانی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و شان بەشانی گەلی کورد تێکۆشاوە و خەباتی کردووە دژی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لە سەردەمی پاشایەتییەوە تا کۆتایی هاتنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣.

**وێنەی (١٦)**



یوسف سەلمان یوسف ناسراو بە هاوڕێ فەهد، دامەزرێنەری حزبی شیوعی عێراق

# بەشی شەشەم
# چواردەی تەمووز - سەردەمی کۆماری کودەتاکان

## چواردەی تەمووز و شۆڕشی نوێی کورد

دوای ئـەوەی هێزێکـی سـەربازی بـە فەرماندەیـی جەنـەڕاڵ عەبدولکەریـم قاسـم و ژمارەیـەک لـە ئەفسـەران، لەنێویـان چەنـد ئەفسـەرێکی بـاڵای کـورد، بـۆ هـاوکاری کردنـی سـەربازی شانشـینی ئـوردن دژی ئیسرائیـل کەوتبـووە ڕێ، شـەوی ١٤ی یۆلیـۆ/ تەمـووزی ١٩٥٨ ڕێگاکـەی دەگۆڕێـت و دەچێتـە بەغـدا. لـە کودەتایەکـدا دەسـت بەسـەر دامـودەزگای ڕاگەیانـدن دەگرێـت و کۆشـکی پاشایەتی ئابلۆقـە دەدات. حکومەتـی نـوری سـەعید دەڕوخێنـن و ڕێگێنتـی سـەر تەخـت (الـوصي علـى العـرش) عبدولئیـلا و پادشـا فەیسـەڵی دووەم دەکـوژن، بەمـەش ڕژێمـی پاشـایەتی دەڕوخێـت و ڕژێمـی کۆماریـی ڕادەگەیەنرێـت. دوای پەخشـکردنی هەواڵـی ڕووداوەکـە بـە دەنگـی عەبدولسـەلام عـارف، خەڵکێکـی زۆر دێنـە سـەر شـەقامەکانی بەغـدا و ئاهەنـگ دەگێـڕن و لاشـەی نوری سـەعید بـەدوای خۆیانـەوە ڕادەکێشـن[1]. دواتـر لـە پەخشـی تەلەڤزیۆنیـدا عەبدولکەریـم قاسـم و عەبدولسـەلام عـارف پێکـەوە دەردەکـەون، مـوژدەی ئـازادی و سـەرفرازی و دەرچـوون لـە کۆتـی ئیمپریالیـزم و دەرەبەگایەتـی ڕادەگەیەنـن. ئـەو ڕاگەیاندنـە دەرەنجامـی چاکـی لێکەوتـەوە، کۆمەڵانـی خەڵـک بـە هـەردوو نەتـەوەی کـورد و عـەرەب توێـژە کۆمەڵایەتییەکانـەوە بەپیریـەوە هاتـن، دەتوانرێـت بگوترێـت کـە کودەتاکـە وەکـو شـۆڕش هاتـە ئەژمارکـردن، دوای ئـەوەی پێشـوازیی گەرمـی خەڵـک و لایەنـە سیاسییەکانی وەکـو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حزبـی شـیوعی عێراقـی و حزبـی نیشـتمانی و حزبـی بەعسـی عەرەبـی لێکەوتـەوە.

بـۆ یەکەمجـار دوای دامەزراندنـی وڵاتـی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٢١، لـە دەسـتوری قاسـم دا کـورد وەکـو پێکهاتەیەکـی عێـراق ناوزەنـد کـرا شانبەشـانی پێکهاتـەی عەرەبـی. دیاربـوو عەبدولکەریـم قاسـم پێویسـتی بـە پێزانینێکـی خێـرای هەمـوو لایـەک بـوو بـۆ قایمکردنـی جێپێـی خـۆی لـە حوکمڕانـی وڵاتـدا، بەدەسـتهێنانی پشـتیوانی کوردیـش یەکێـک بـوو لـە سـتونە گرنگەکانـی دەسـەڵات بـۆی لـە عێراقـی دوای کودەتـا. سـەرکردایەتی کـورد پشـتیوانی تـەواوی خـۆی ڕاگەیانـد، شـاندێکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ڕێکەوتـی

(١) محمد سهيل طقوش، تأريخ الأكراد (٦٣٧-٢٠١٥)، دار النفاس، بيروت ٢٠١٥، ص٢٠٦.

٢٧ی یۆلیۆ/تەمووز بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد چووە بەغدا، لەوێ وتارێکی درێژی لەبەردەم سەرۆکایەتی تازەی کۆماری عێراق پێشکەش کرد. لە وتارەکەدا ئاماژەی دا بە مێژووی خەباتی کورد دژی ئیمپریالیزمی بەریتانی و پێشتریش دژی ڕاوڕووت و داپڵۆسینی تورکە عوسمانییەکان و هەوڵ و خەباتی کوردان لەپێناوی بچووکترین دەستکەوتی مرۆیی و نەتەوەیی. هەروەها ئاماژەدان بە ستەمی حکومەتی پاشایی لە بەرانبەر هەموو دەنگێکی ئازاد و سەرکوتکردنی بزووتنەوە سیاسییەکانی وەکو حزبی شیوعی عێراقی کە تەواوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەسێدارە دران، هەروەها ئاماژەدان بە پاکتاوی ڕەگەزی دژی کورد و دەربەدەر کردنی بارزانییەکان و بۆمبارانکردنی سروشتی جوانی کوردستان. هەموو ئەوانە دەربڕی هەستی ناڕەزایی کورد و عەرەبیش بوون لەدژی ڕژێمی پاشایەتی[1].

گرنگە بگوترێت، کە سەرکردایەتی شۆڕش لەنێوان دوو جەمسەردا دابەش ببوو، جەمسەرێکی چەپگەرا بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم کە شیوعییەکان و کوردەکان لەگەڵی بوون، جەمسەرێکیش بە سەرۆکایەتی عەبدولسەلام عارف کە عەرەبی نەتەوەپەرست و شۆڤینی لە پشتی بوون. کێشەی قاسم ئەوە بوو سەر بە هیچ حزبێکی سیاسی نەبوو، ئامادەش نەبوو بچێتە ناو ڕێکخستنی یەکێک لە حزبە گرنگەکانی وەکو حزبی شیوعی بۆ نموونە، یاخود هاریکاریکردن لەگەڵیان. هەرچی بەرەی عەبدولسەلام عارفە، کە پێکهاتبوون لە بەعسییەکان و عروبەچییەکان، زێتر تینوی دەسەڵات بوون، لەمەشەوە زێتر گرنگییان بەکاری ڕێکخستن و هەماهەنگی دەدا.

لە چوارچێوەی کارە ئازادیخوازەکانی عەبدولکەریم قاسم، بڕیاردرا ڕۆژی ٢١ی تەمووز شێخ ئەحمەد بارزانی لە زیندان ئازاد بکرێت، دوای ئەوەش بەوپەڕی ڕێزەوە لە لایەن خودی قاسمەوە پێشوازی لێکرا. سەرکردەی تاراوگە مەلا مستەفا بارزانی دوای پێگەیشتنی هەواڵی ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی، نامەی

(١) حامد محمود عيسى علي، المشكله الكرديه في الشرق الأوسط منذ بدايتها الى ١٩٩١، مكتبه مدبولي، جامعه بور سعيد ١٩٩٢، ص ٢٠٨-٢٠٩. مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، الجزء الثاني، لا ٣٧-٤٢.

پیرۆزبایی خۆی بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد و پشتیوانی تەواوی خۆی دووپات کردەوە بۆی. مەلا مستەفا بارزانی گەشتی گەڕانەوەی دەستپێکرد بەرەو ڕۆمانیا و دواتریش بۆ چیکۆسلۆڤاکیا، لەوێ نامەیەکی نارد بۆ عەبدولکەریم قاسم، بەڵام وەک بەڵگەکان ئاماژە دەدەن، عەبدولسەلام عارفی شۆڤینی نامەکەی شاردبووەوە، لەبەر ئەوە بارزانی ماوەی مانگێک لەچاوەڕوانی وەڵامی عەبدولکەریم قاسم مایەوە. دواتر عەبدولکەریم قاسم نامەکەی بەدەست دەگات و وەڵامی دەداتەوە، تیایدا هەموو ڕێ و شوێنێک دەگرێتەبەر بۆ گەڕانەوەی بارزانی و هاوەڵانی. پارتی دیموکراتی کوردستانیش، شاندێک ڕێکدەخات بۆ شاری پراگ بۆ یاوەری کردنی بارزانی، کە پێکهاتبوون لە: ئیبراهیم ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها، سادق بارزانی، عوبەیدوڵا بارزانی. لە وێستگەی دواتری، بارزانی گەیشتە قاهیرە لەوێ لە لایەن جەمال عەبدولناسر پێشوازی لێکرا و دووپاتی برایەتی کورد و عەرەب کرایەوە. ئێوارەی ڕۆژی ٦ ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ بارزانی لە پێشوازییەکی جەماوەری گەورەدا گەیشتە بەغدا. ڕۆژی دواتر چاوی کەوت بە عەبدولکەریم قاسم و پێی ڕاگەیاند: من خۆم بە سەربازێک دەزانم لە سەربازەکانی شۆڕش و لەژێر فەرماندەیی ئێوەی سەرکردە[١]. حکومەتی عێراقی بڕیاریدا کۆشکی نوری سەعید بکاتەماڵی بارزانی و هەموو پێداویستییەکی بۆ دابین بکات. ڕێگە بە بارزانی و حزبەکەی درا بە ئازادی بەرەو بە کاری سیاسی خۆیان بدەن لە چوارچێوەی عێراق و خزمەتی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب، چەندین ڕۆژنامە و بڵاوکراوە بە زمانی کوردی هاتنە بڵاڤ کردن، لەوانە ڕۆژنامەی خەبات کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هەروەها ڕۆژێ نوێ لە کەرکووک، هیوا، پێشکەوتن، شەفەق و بەیان[٢].

جێگەی باسە، کە هاتنەوەی بارزانی مشتومڕی دروست کرد لە نێوان حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر یەکەیان دەیانووسیت

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، الجزء الثاني، ل٤٥-٤٧.

(٢) حامد محمود عيسى علي، المشكله الكرديه في الشرق الأوسط، مكتبه مدبولي، بورسعيد ١٩٩٢، ص ٢٠٨.

بـــەلای خۆیـــان ڕاببکێشـــن. کاتێـــک بارزانـــی وەکـــو ســـەرۆکی پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان ناســـێنرا، شـــیوعییەکان کەوتنـــە هێرشـــی تیـــژ بـــۆ ســـەری و هەوڵیـــان دەدا قاســـمی لـــێ ڕووهـــەروو بکـــەن، بـــەڵام بارزانـــی بـــە کارامەیـــی و زیرەکیـــی خـــۆی، توانـــی پەیوەندییەکانـــی چـــاک ڕابگرێـــت.

بارزانـی وەکـو سیاسـییەکی ژیـر، بـە چاوێکـی گومـان لـە هەمـوو بێگانەیەکـی دەڕوانی، دیاربـوو لـە سـەرەتاوە پـەی بـە تاکتیـک و فێڵـی قاسـم بردبـوو. جەمـال نەبـەز دەڵێـت: دۆسـتێکی نزیکـی بارزانـی بـۆی گێڕامـەوە کـە بارزانـی ئەوسـاکە ڕێجیمـی دەکـرد و برنجی نەدەخـوارد. پرسـیم ئاخـۆ بۆچـی ڕێجیـم دەکات، لـە وەڵامـدا بارزانـی گوتـی: "حـاڵ و بارەکـە لەقـە، بەزوویـی ناچـار دەکرێـن پارێـزگاری لـە مافـی خۆمـان بکەیـن. پیـر بـووم و ئەگـەر ورگ و گیپاڵـم هەبێـت ئیتـر ناتوانـم بچمـە شـاخ"[1].

باڵێکـــی پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان کـــە دیارترینیـــان هەمـــزە عەبـــدوڵا بـــوو، دەیویســـت بـــەلای کۆمونیســـتەکان بیشـــکێنێتەوە، لـــە هەمـــان کاتـــدا لەگـــەڵ ئیبراهیـــم ئەحمـــەد و جـــەلال تاڵەبانـــی لـــە دوژمنداریێتـــی ســـەختدا بـــوو. بارزانیـــش چـــاک لـــەوە تێگەیشـــتبوو ئەگـــەر دەســـەڵاتەکانی خـــۆی بـــەکار نەهێنێـــت ئـــەوا پارتـــی دیموکراتـــی هیچـــی لەجـــێ ســـەوز نابێـــت. بۆیـــە لـــە ڕێکەوتـــی ٣٠ی یونیۆ/حوزەیرانـــی ١٩٥٩ بـــە هێزێکـــەوە هەڵـــی کوتایـــە ســـەر بـــارەگای حیـــزب لـــە بەغـــدا و هەمـــزە عەبـــدوڵای دەرکـــرد. شـــایانی باســـە کـــوردە شۆڕشـــگێڕە سۆشیالیســـتەکان کـــە لـــە حزبـــی "کاژیـــک" خۆیـــان ڕێکخســـتبوو، پشـــتیوانی ئـــەوە بـــوون کـــە کەســـانی هەلپەرستـــی وەکـــو هەمـــزە عەبـــدوڵای دووربخرێنـــەوە، بـــەڵام لـــەوەش ڕازی نەبـــوون کـــە ســـەرکردایەتی پـــارت بدرێتـــە دەســـت وردە بۆرجـــوازی وەکـــو ئیبراهیـــم ئەحمـــەد و جـــەلال تاڵەبانـــی.

---

(١) جەمال نەبەز، کورد و شۆڕشەکانی، کۆبەرهەم، سوید ١٩٨٥، لا ١٣٢.

**وێنەی (١٧)**



پێشوازی جەمال عەبدولناسر لە مستەفا بارزانی

**وێنەی (١٨)**



پێشوازی عەبدولکەریم قاسم لە مستەفا بارزانی

**وێنەی (١٩)**



یەکەم دیداری سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم سەرۆکی عێراق

شایانی باسە وڵاتانی دەرەوە لە وانە یەکێتی سۆڤیەت و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بە سەرۆکایەتی جەمال عەبدولناسر، پێشوازییان لە هاتنەوەی بارزانی کرد، بە پێچەوانەوە هەریەک لە بەریتانیا و ئێران و تورکیا دژی ڕێپێدان بە هاتنەوەی بارزانی بوون. ئەوەبوو هەریەک لە تورکیا و ئێران کەوتنە جموجۆڵ دژی ڕووداوەکان، ئێران گەڕانەوەی بارزانی ناوزەند کرد بەوەی عێراق بووەتە سەنتەری پیلانگێڕی دژی وڵاتەکەی. تورکیاش هێزێکی سەربازی نزیککردەوە لە سنورەکان، بەڵام کاردانەوەی یەکێتی سۆڤیەت خێرابوو، هێزەکانی سوپای سووری سۆڤیەتی لە گۆشەی ئەرمینیا کۆبوونەوە، خۆیان بۆ هەر ئەگەرێکی هێرشی تورکیا یان ئێران بۆ سەر عێراق ئامادەکرد(١). سۆڤیەتی هاوسۆزی گۆڕانەکانی عێراق بوو بە سەرۆکایەتی قاسم، ئاگاداری ئەوەبوو کە کەسێکی چەپگەرایە و دژی ئیمپریالیزمە.

لە ناوخۆی کوردستان لەڕووی جەماوەرییەوە، بە تایبەتی خەڵکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو بە کەسایەتی خاوەن کاریزما و کاریگەری مستەفا بارزانی سەرسام بوون. هەروەک کەسایەتی خەباتکاری شاری سلێمانی، کە لە وڵاتی پۆڵەندا ژیانی پێکهێنا و تا

---

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، الجزء الثاني.

ڕۆژی وەغـەرا دواییشـی هـەر کوردپەروەرێکـی بـێ وێنـە بـوو، خوالێخۆشـبوو "عەلی سـاڵح غەفـور"[١] دەڵێـت: لـە سـلێمانی خەڵکـی هوتافیـان دەکێشـا و دەیانگـوت: "کێتـان دەوێ لـە کـوردان - مـەلا مسـتەفای بـارزان". بارزانـی مسـتەفا ئیلهامبەخشـی نەتەوەیـی هەمـوو کوردانـی ژێردەسـتە بـوو. خەڵکـی کـورد بـە ئومێـدی ئەوەبـوون کوردیـش ببێتـە خاوەنـی سـەرکردەیەکی مـەزن و لەڕێگەیـەوە بتوانێـت بگاتـە ئـازادی و سـەربەخۆیی خـۆی.

جێـی باسـە، گۆڕانـی ڕژێمـی پاشـایەتی بـۆ ڕژێمـی کۆمـاری بـە سـەرۆکایەتی قاسـم ئومێدێکـی گـەورەی بـە گەلـی کـورد و سـەرکردایەتییەکەی بەخشـی بەوەی ئیتر سـەردەمی داپڵۆسـین و نکۆڵـی لـە مافەکانـی کورد گوزەشـت، بەڵام لـە ماوەیەکی کورتدا هاوکێشـەکان سـەرەونگوم دەبنـەوە و خەونـی کـورد بۆ ئـازادی و ئۆتۆنۆمی هەروەکو خـەون دەمێنێتەوە.

دەتوانیـن بڵێیـن سـەرەتای ئاڵنگارییـەکان لـەوەوە دەسـتپێدەکەن، کـە ئەفسـەرانی هەسـتاو بـە کودەتـای چـواردەی تەمـووز لـەڕووی بۆچوونـی سیاسـییەوە پـەرت و بـڵاو بـوون. باڵـی بەهێـز لەنێویـان بەعسـییەکان و ناسـرییەکان بـوون. عەبدولسـەلام عـارف کـە نوێنەرایەتـی باڵـی عروبـە و نەتەوەپەرسـتی عەرەبیـی دەکـرد، لـە وتارەکانیـدا کـە لـە شـارەکانی عێـراق پێشکەشـی دەکـرد، وای نیشـان دەدا کـە ئـەو داڕێـژەری کودەتـا و شـۆڕش بـووە و بەهیـچ شـێوەیەک نـاوی عەبدولکەریـم قاسـمی نەدەهێنـا، هەروەهـا هـەر لەخۆیـەوە بانگـی یەکگرتنـی سـێ وڵاتـی سـوریا و عێـراق و میـسری دەکـرد، بـێ گەڕانـەوە بـۆ بیـروڕای قاسـم. ئـەوەش بـووە هـۆی تورەکردنـی قاسـم و دروسـتبوونی قەیرانـی سـەرکردایەتی شـۆڕش. قاسـم پێویسـتی بـە بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد بـە سـەرکردایەتی مسـتەفا بارزانـی بـوو کـە سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیش بـوو، هەروەهـا پێویسـتی بـە پاڵپشـتی گـەورەی حزبـی شـیوعی عێـراق بـوو بـۆ لێـدان لـە باڵەکانـی نەتەوەپەرسـتان و عروبەچییـەکان. ئەوەبـوو توانـی عـارف لـە دەسـەڵاتەکان پەڕپـووت بـکات و دووری بخاتـەوە[٢].

(١) عەلـی سـاڵح غەفـور لەدایکبـووی سـاڵی ١٩٣٩ لـە شـاری سلێمانی، کەسـێکی نیشـتمانپەروەر بـوو، ئەندامێکـی کارای حزبـی شـیوعی عێراق بـوو، لـە سـاڵانی شەسـتەکان هاتبـووە ئەوروپـا و لـە وڵاتـی پۆڵەندا خوێندنـی تەواوکردبـوو و ژیانـی هاوسـەرگیری پێکهێنابـوو. ناوبـراو گەنجینەیـەک بـوو لـە مێـژوو و خەبات و تێکۆشـان بـۆ کورد و کوردسـتان و عێراق. لە سـاڵی ٢٠٢٠ لە شـاری ئۆڵشـتن لـە باکوری پۆلەنـدا ماڵئاوایی کرد.

(٢) دريه عوني، العرب و أكراد، خصام أم وئام، منتدى سور الأزبكيه، دار الهلال، ص ٨٣.

پاش دوورخستنەوەی نەتەوەپەرستەكان، هەندێ لە ئەفسەران بڕیاری بەرەنگاربوونەوەی حكومەتیان دا بە سەرۆكایەتی عەبدولوەهاب الشواف كە پێشتر بە بڕیاری عەبدولكەریم قاسم و بە پیلانی عەبدولسەلام عارف بۆ مووسڵ دوورخرابووەوە. هەرچەندە عەبدولوەهاب ئەلشەواف لە بنەڕەتدا دیموكراتخواز بوو، بەڵام دوژمنداریێتی سەختی بۆ قاسم هەبوو، لە لایەكی دیكەشەوە بەعسییەكان و نەتەوەپەرستەكان و بەشێك لە هۆزە كوردییەكان لە دەوری كۆبوونەوە و پاڵیان پێوەنا بۆ ئەنجامدانی كودەتا لەدژی حكومەتەكەی قاسم. ئاغا و دەرەبەگی هۆزە كوردییەكان بەهۆی یاسای چاكسازی كشتوكاڵی زیانیان بەركەوتبوو و لە ناخەوە ڕقیان بەرانبەر قاسم هەبوو. ئەوە بوو بزووتنەوەكەی الشواف دوای ٤٨ كاژمێر كپ كرا و خۆیشی كوژرا[١]. حزبی شیوعی عێراق و بەشێك لە لقی پارتی دیموكراتی كوردستان لە لقی مووسڵ لەو ڕووبەڕووبوونەوەدا لە پشتیوانی عەبدولكەریم قاسم دا بوون، یەكەكانی بەرگری حزبی شیوعی عێراقی لە مووسڵ كەوتنە تۆڵەسەندنەوە لە ئەندامان و لایەنگرانی الشواف، ئەوەش ناڕەزایی لێكەوتەوە[٢]. بەشێك لە مێژوونووسانی عەرەب ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگی كورد دەكەن لە پشتیوانی سەربازی بۆ قاسم لە سەركوتكردنی كودەتاكە، بە جۆرێك كە جوتیارانی گوندەكانی مووسڵ ڕاپەڕین و دەستیان بەسەر ماڵ و حاڵی ئاغاكان دا گرت و ئاگریان تێپەردان. هێزی بەرگری میللی سەر بە حزبی شیوعی و چەكدارانی كورد گەڕەك بە گەڕەكی شاری مووسڵیان لە كودەتاچییەكان پاك كردەوە، دواهەمین موڵگەش مزگەوتێك بوو كە نزیكەی ٤٠٠ كەس لە بەرەی شەوواف خۆیان تێدا حەشاردابوو، لە هێرشێكی چەكدارانی سەر بە شۆڕش هەموویان كوژران. لە هەمان سەردەم دا لە كەركووك كێشە دەكەوێتە نێوان كورد و توركمانەكان، وەك مێژوونوسان ئاماژە دەدەن، بە پیلان و ئاژاوەی توركیا و ئێران. لە گرژییەكانی كەركووك ژمارەیەك لە خەڵك كوژران، پارتی دیموكراتی كوردستان و حزبی شیوعی لە وەڵامدا پەلاماری توركمانەكانیان دا. مستەفا بارزانی بە نیازی ئاشتكردنەوەی لایەنەكان ڕوو لە شارەكە دەكات، بەڵام

(١) فايز عبدالله العساف، الدوله والأقليه الكورديه، دراسه ماجستير، جامعه الشرق الأوسط، ص١١٠.
(٢) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، جزء الثاني، ص ٨٨-٨٩.

ئەفسـەرێکی تورکـمان بۆمبێـک دەخاتـە نـاو هێلیکۆپتەرەکـەی بارزانییـەوە، کـە دوایـی لـە لایـەن ئەفسـەرێکی کـوردەوە ئاشـکرا دەکرێـت، بەمـەش گرژییـەکان زۆرتـر دەبـن و بەمـەش لایەنگرانـی پارتـی هێرشـەکانیان بـۆ سـەر تورکمانـەکان قوڵـتر کـردەوە[1].

لـە دوای ئـەو ڕووداوانـە هەرسـێ حزبـی عێراقـی: حزبـی نیشـتمانی، حزبـی شـیوعی عێراقـی و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەبنـە سـێکوچکەی پاڵپشـت بـۆ قاسـم و شۆڕشـەکەی، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا قاسـم هەسـت بـە نائارامـی دەکات لـە دۆخەکـە و نازانێـت بەدروسـتی سـودیان لـێ وەربگرێـت.

قـــاسم هەنـگاو بـە هەنـگاو دۆستەکانی خـۆی ڕاوەدوو دەنـا و بچووکـی دەکردنـەوە، ئەوەتـا ئەوجـارە نـۆرەی شـیوعییەکان هـات، تۆمەتـی دەخسـتنەپاڵ کـە گوایـا نیـازی کودەتایـان لـەدژی هەیـە. بەرانبـەر کوردیـش تـا دەهـات زێـتر لـە بەڵێنەکانـی پەشـیمان دەبـووەوە و ترسـی ئـەوەی هەبـوو کـە بارزانـی نیـازی هەیـە سـەرکردایەتی عێـراق لـە قاسـم بسـەنێت. سـەرۆکی عێـراق ڕۆژ دوای ڕۆژ تـرس و گومانەکانـی زۆرتـر دەبـوون و ئیـتر نەیدەزانـی دۆسـت و دوژمنـی لێـک جیابکاتـەوە.

دوای کوشـتوبڕییەکەی کەرکـووک، قـاســم ڕووی کـردە شـیوعییەکان و هەوڵـی دا پەرتیـان بـکات لـە سـەر بنەمـای "پـەرت بکـە و زاڵ بـە". قــاســم لای وابـوو بـەو شـێوەیە دەتوانێـت سـود لـە دوژمنداریێـی حزبـەکان و کەسـایەتییەکان وەربگرێـت بۆئـەوەی لـە کۆتاییـدا خـۆی دەسـەڵاتی ڕەهـای بەسـەر هەمـوو لایـەک هەبێـت. حزبـی شـیوعی عێـراق لـە کارەکانـی قەدەغـە کـرا و دوای ئەویـش نـۆرەی حزبـی نیشـتمانی دیموکراتـی هـات. هەرچـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە، پارووەیەکـی ئاسـان نەبـوو، قاسـم نەیتوانـی ئـەو شـتە بـکات بەرانبـەر تاکـە حزبـی کـوردی، وەک ئـەوەی کـردی بەرانبـەر حزبەکانـی تـر. لـە لایەکـی دیکـەوە، عـارف و بەعسـییەکان کاری سیاسـییان بـردە چوارچێـوەی ڕێکخسـتنی نهێنییـەوە، سـودییان لـە سیاسـەتەکانی قاسـم وەرگـرت کـە بوونـە هـۆی ئـەوەی بەشـێک لـە شـیوعییەکان و لایەنەکانـی دیکـە بچنـە پاڵیـان. بـە پێچەوانـەوە بارزانـی مسـتەفا

---

(١) مـحمد سـهيل طقوش، تأريخ الأكراد (٦٣٧-٢٠١٥)، دار النفاس، بيروت ٢٠١٥، ص٢١١-٢١٢، مسعود البـارزاني، البـارزاني والحركـه التحرريـه الكرديـه الـخ، دريـه عـوني، العـرب و أكراد، خصام أم وئـام، ص ٨٣.

بەردەوام لە هەوڵی ئەوەبوو نەهێڵێت جومگەکانی شۆڕشی چواردەی تەمووز بلەرزن و نەهێڵێت نەتەوەپەرستەکان کودەتا بکەن.

یاسای چاکسازی کشتوکاڵی کە دەرهاویشتەی شۆڕشی چواردەی تەمووز بوو، ئاغا و سەرۆک هۆزەکانی دڵتەنگ کردبوو، بەشێکی زۆریان دژی یاساکە بوون و سۆزیان بۆ حکومەتەکەی قاسم نەبوو. بەشێکیان ڕوویان لە ئێران و تورکیا کردبوو، ئەوەش دەرفەت بوو بۆ هەر یەک لە وڵاتانی دراوسێ تاوەکو دوژمنانی قاسم و حکومەتەکەی زێتر جۆش بدەن، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ڕقی هەریەک لە ئێران و تورکیا لە خودی بارزانی، چەکدارکردنی ئەو ئاغا و دەرەبەگانەی لێکەوتەوە بۆئەوەی لە دۆخی پێویستدا ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی دژی بارزانی و حکومەتی قاسم بن. گەرچی قاسم لە ڕێگەی بارزانی هەوڵی ئاشتکردنەوەی دان، بەڵام دیاربوو هاوکارییەکانی وڵاتانی دراوسێ زێتر ئومێدبەخش بوو بۆیان. ئەوەشمان لەبیر نەچێت بەشێک لە ئاغا و سەرۆک هۆزەکان چوونە پاڵ بەعسییەکان، وەکو دووپاتکردنەوەی ڕکوکینەیان لە بارزانی و قاسم.

لە ڕێکەوتی ٧ی ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ بەعسییەکان لە پەلامارێک لە شەقامی ڕەشید هەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم دەدەن، بەڵام بە تەناهی لێی دەردەچێت. بەعسییەکان ئیتر بە ئاشکرا هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵاتیان دەدا، پاساویشیان ئەوەبوو کە قاسم لەبەردەم پلانی یەکگرتنی عەرەب (مەبەست لە یەکگرتنی هەرسێ وڵاتی عێراق و سوریا و میسرە) ڕێگرە، بەڵام دوایی دەردەکەوێت، کاتێک بەعسییەکان دەسەڵات دەگرنە دەست، ئیتر پرسی یەکگرتنی سێ وڵاتەکە لە ئەجینداى کارەکانیان نامێنێت[1]. وەک عەرەب دەڵێت: "قميص عثمان كلمە حق، يراد بها الباطل". دوای هەوڵی تیرۆرکردنەکە، ئەنجامدەران ڕایانکردە وڵاتانی سوریا و میسر، لە نێویان سەدام حوسێن. بەشێکیشیان دەسگیر دەکرێن و ڕەوانەی دادگا دەکرێن، بەڵام قاسم سزای توندیان نادات و بەڵکو دەڵێت: "عفا الله عما سلف" (خوا لە ڕابردووی هەمووان خۆشبێت).

---

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، جزء الثاني، ص ٩٥-٩٧.

قـاســـم کەوتبـووە ژێـر هەژموونـی ڕاگەیانـدن و میدیـای بەعـس. بەعسـییەکان زیرەکانـە و سیاسـییانە قاسـمیان دەخسـتە نـاو گێـژاوی فێـڵ و تەڵەکەبازییـەوە، بـە شێوەیەک ئەوەیـان بـڵاو دەکـردەوە کـە سـەرۆکی وڵات لـە ڕێـگادا دەڕوات بـە کۆمەڵێـک کـەژاوەی پاسـەوانانەوە. ئـەوە وایکـرد ئیـتر بـە یـەک ئۆتۆمبێـل بڕواتـە دەرەوە. قاسـم سـاکارانە بیـری دەکـردەوە، زوو دەکەوتـە ژێـر کاریگەریـی زمانـی فێڵاوییانـەی بەعـس.

دەزگای هەواڵگـری بەریتانـی و ئێرانـی و تورکـی دۆخەکەیـان بـە هـەل زانیبـوو، دەسـتیان دایـە بـەدکاری و دروسـتکردنی ئاشـوب لـە نێـوان توێـژە سیاسـییەکان و ئاغـا و هـۆزەکان. بەریتانییـەکان بـەوەوە نەوەسـتان کـە دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانـی چ بەڵایەکیـان بـۆ میللەتـی کـورد هێنـا، دیسـان دەسـتیان کـردەوە بـە دزەکردنـە نـاو سیاسـەتی عێـراق و دروسـتکردنی بەڵایەکـی گەورەتـر بـۆ کـورد و عێراقیـش کـە لـە خـودی دیکتاتـۆر سـەددام خـۆی دەدۆزییـەوە. ئەوەتـا پرۆفیسـۆر پیتـەر فرانکۆپـان دەڵێـت: "بەریتانییـەکان لـە سـەرەتای سـاڵانی شەسـتەکان پێیـان وابـوو سـەدام حوسێن کەسێکە دەکرێـت بەرژەوەنـدی و بازرگانـی لەگـەڵ ئەنجـام بدەیـن"[1].

لـە کۆتایـی ١٩٥٩ عەبدولکەریـم قاسـم وردە وردە پشـتی لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و خـودی مسـتەفا بارزانـی کـرد. دەسـەڵاتی زۆری بەخشـییە پارێـزگاری هەولێـر و بەڕێوەبـەری پۆلیسـی مووسـڵ، لـە لایەکـی دیکەشـەوە هەندێـک لـە هۆزەکانـی لـە دژی بارزانـی ڕپچـەک کـرد. دوای ئـەوە چەکـدارە بەکرێگیـراوەکان پەلامـاری گوندێکـی بـارزان دەدەن، بـەڵام جەنـگاوەرە شۆڕشـگێڕەکان لێیـان دێنـە دەسـت و پەلامارەکەیـان شکسـت پێدەهێنـن. لەگـەڵ ئەوەشـدا بارزانـی هەوڵـی هێورکردنـەوەی دۆخەکـە دەدا و شـێخ ئەحمـەدی بارزانـی سـەردانی بەغـدا دەکات بـۆ دیـداری قاسـم و دووپاتکردنـەوەی پاڵپشـتی تـەواو بـۆ شۆڕشـەکەی، بـەڵام وادیاربـوو کـە قاسـم بڕیـاری دووبەرەکیـی دابـوو. پۆلیـس بەربـووە دەسـگیرکردنی ئەندامـان و لایەنگرانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، هـۆزەکان دەسـتیان بـە پەلامـاردان کردبـوو بـۆ سـەر ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی پارتـی

(1) Peter Frankopan, The Silk Roads. A New History of the World, Bloomsbury Publishing, UK 2015, p 512-513.

دیموکراتـی کوردسـتان، قاسـم دیموکراتخـواز و شـیوعییەکانی لەخـۆی دوورخسـتەوە، هەوڵـی نزیککردنـەوەی بەعسـییەکانی بـەلای خۆیـدا دەدا. بیرکردنـەوەی سادەی قاسـم تـا ئاسـتێکی وەهـا بـوو کـە پێـی وابـوو بەعسـییەکان دەسـت دەخەنـە نـاو دەسـتی بـێ ئـەوەی دەسـەڵاتی لـێ بسـەنن. لـە هەمـووی سـەیرتر، ڕۆژنامـەی شـۆڕش "الثورة"ی سـەر بـە قاسـم، لەسـەر زاری قاسـمەوە داوای تواندنـەوەی گەلـی کـوردی دەکـرد لەنـاو نەتەوەی عـەرەب. بـەڵام لـە ڕێکەوتـی ٩ی ئۆکتۆبـەری ١٩٦٠ ڕۆژنامـەی خەباتـی سـەر بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی وتارێکـی تێروتەسـەل وەڵامـی ئـەو داواکارییـە ڕەگەزپەرسـتییە دەداتـەوە. وەکـو بەرپـەرچ دانـەوەش، ئیبراهیـم ئەحمـەد سـکرتێری مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەسـگیرکرا و ڕەوانـەی دادگا کـرا[١].

قـاسـم لـە پەیامەکانـی خـۆی هەڵگەڕایـەوە کـە پێشـتر و بەنـاوی شـۆڕش بانگەشـەی بـۆ دەکـرد. دەرکردنـی ئەفسـەران و فەرمانبەرانـی کـورد لـە کارەکانیان و پێدانی دەسـەڵاتی تـەواو بـە ئاغـاکان و هـۆزە خۆفرۆشـەکان، لـە کارە دژبەیەکەکانـی حکومەتەکـەی قاسـم بـوون. لـەوەوە ئاغـاکان وەکـو سـەردەمانی پێشـوو گەڕانـەوە سـەر هەمـان ڕێچکـەی سـتەمکاری لـە جوتیـار و چینـی هـەژاران و بگـرە دەسـتیان کـرد بـە تۆڵەکردنـەوەی بـێ بەزەییانـە لـەوەی لەمـاوەی دوو سـاڵی ڕابـردوو بەهـۆی چاکسـازییەکانی شۆڕشـەوە بەسـەریان هاتبـوو. بەعسـیەکانیش لـە جێـگای خۆیانـەوە ددانیـان تیژدەکـردەوە بـۆ توندوتیـژی زۆرتـر، ئـەوان کـە دەسـتیان گەیشـتبووە هەمـوو جومگەکانـی حکومـەت، توانیـان بـە ئاسـانی پـەروەردە و فێرکـردن بـە زمانـی کـوردی نەهێڵـن.

لـە لایەکـی دیکـەوە سـەردانی مسـتەفا بارزانـی بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت لـە ڕێکەوتـی ٥ی نۆڤێمبـەری ١٩٦٠ و پێشـوازی لێکردنـی لـە لایـەن خرۆشـۆڤەوە، قاسـمی زێـتر تورەکـرد. لـە سـەردانەکەیدا بارزانـی ئامانجـی چاککردنـەوەی پەیوەندییـەکان بـوو لەگـەڵ قاسـم. لـە هەنـگاوی یەکەمـدا توانـرا هەمـوو سـاردی و ناخۆشـییەکانی نێـوان هـەردوو حزبـی شـیوعی عێراقـی و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان چارەسـەر بکرێـت. دوای گەڕانـەوەی بارزانـی بـۆ بەغـدا، دوای هەفتەیـەک لـە چاوەڕوانـی چـاوی

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، جزء الثاني، ص ٩٧-١٠٢.

بە عەبدولکەریم قاسم کەوت. لە دیدارەکە بارزانی تێگەیشت کە ئیتر هیچ ڕێگەیەکی دیالۆگ و ئاشتی نەماوە بۆ چارەسەر کردنی قەیرانەکان، بۆیە مستەفا بارزانی بە یەکجاری گەڕایەوە بارزان.

حکومەتی قاسم بڕیاری داخستنی ڕۆژنامەی خەباتی دا. ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوونە ئامانجی پۆلیس. لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان جەلال تاڵەبانی ناردە بارزان بۆ تاوتوێ کردنی پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی. ئەوەبوو بارزانی بڕیاریدا هەموو ئامادەکارییەک بکرێت بۆ هەر ئەگەرێکی پەلاماری دوژمندارانە لە لایەن حکومەتەوە. بارزانی سەرەنجی دا کە کورد دەستپێشخەر نابێت لە جووڵانەوەی سەربازی، بەڵام ئەگەر هێرشمان بکرێتە سەر، ئەوا پێشمەرگەی کوردستانیش بەربەپەرچی هەر هێرشێک دەداتەوە[١].

سەرەڕای ئەوەی دەرفەتێکی زێڕین هاتبووە پێشەوە بۆ دروستکردنی عێراقێکی سەقامگیر و ئاشتیخواز، بەڵام قاسم نەیتوانی سودی لێ ببینێت. ڕەنگە بە پلەی یەک هۆکار ئەوە بووبێت کە قاسم کەسێکی سەربازی بوو، لە سیاسەت شارەزا نەبوو. لەبەر ئەوەی جەنەڕاڵێکی سەربازی باڵابوو، حەزی بە تاکڕەوی و باڵادەستی دەکرد. جگە لەوەش، لە فرتوفێڵی بەعسییەکان نەگەیشتبوو، بە ئاسانی گەمەیان بە ڕەفتار و سیاسەتەکانی دەکرد. ڕێتۆریکی بەعسییەکان تژی بوو لە نەتەوەپەرستی و یەکگرتنی عەرەب، شەقامی عێراقی عەرەبییان جۆشدابوو بە بیرۆکەی دروستکردنی عێراقێکی نەتەوەپەرست و شۆڤینی، قاسمیش پێیان سەرسام بوو، وایدەزانی ئەگەر بێت پاڵپشتی بیرۆکەکانیان بکات بەعسییەکان وازی لێ دەهێنن، نەیزانی ئامانجیان لەناوبردنیتی.

(١) سەرچاوی پێشوو، لا ١١١-١١٧.

## شۆڕشی مەزنی ئەیلوول

سەرهەڵدانی شۆڕش لە ئەیلوولی ١٩٦١ وەرچەرخانی نوێ بوو لەکۆی بزووتنەوەی سیاسی ڕزگاریخوازی کوردستان، جیاوازبوو لە هەموو جوڵانەوە و خەباتەکانی پێشووی خۆی، چونکە یەکەم جار بوو شۆڕشێک سنوری لۆکاڵی (ناوچەیی) خێڵەکی ببەزێنێت و باڵ بکێشێت بەسەر هەموو کوردستانی باشوور، یەکەم جار بوو کورد لەڕێی ئەو شۆڕشەوە هەست بە بوونی یەکانگیری نەتەوەیی-نەژادی خۆی بکات، بۆی ڕوون ببێتەوە کە دۆسیەیەکی نەتەوەیی گەورەی هەیە، و لەپاڵ هەموو نەتەوەکانی جیهان مافی هەبوونی زمان و کولتوری خۆی لەسەر جوگرافیای خۆی هەیە.

بۆیە ئەستەم بوو ئەو هەموو گروپە جیاوازە، کە هەر یەکە و بیری لای هۆز و خێڵ یان شێخ و ئاغای خۆیەتی، پێکەوە کۆبکرێنەوە و لەژێر یەك چەتری نەتەوەیی هەستی گیانبەخشی و بەرخودان بۆ نەتەوەیان لەلا بوروژێنرێت. ئەوە یەکێک بوو لە هەرە قورسترین ئەرکەکان، ئەوەی بەو ئەرکە قورسەش هەڵدەستێت جەنەڕاڵی چیاکان مستەفا بارزانی بوو. شۆڕشی سەرتاسەری لە نێو کوردان شتێکی نوێ بوو، لە خەیاڵی کەس نەبوو کە هۆزە دووبەرەکەکانی کورد بۆ یەک ئامانجی نەتەوەیی دژی دوژمنێکی هاوبەش بجەنگن. نامۆ نەبێت بۆ کەس کە لە سەرەتای دەسپێکی شۆڕش، لە نێو کورد ژمارەی جاش و خۆفرۆشەکان و هۆزە بێباک و دواکەوتووەکان زۆرتربن لە پیاوە مەرد و کوردپەروەرەکان. بەڵام ئەو هاوکێشەیە لەگەڵ پێداگری بارزانی مستەفا و چۆکپێدادانی جاشەکان و سەرۆکهۆزەکان دەگۆڕێت. بۆیە دەبینین لەگەڵ تۆمارکردنی سەرکەوتنەکان لە لایەن شۆڕشەوە، وردە وردە بەشێکی زۆر لە خۆفرۆش و هۆزە دواکەوتووەکان دێنە ڕیزی شۆڕشەوە.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لە سەردەمێکی وا شۆڕشی کورد بەرپابوو، کە جیهانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی، ببوو بە دوو بەرەی کێبڕکێکاری دژبەیەک و جەنگی سارد لە بەرزترین ئاست خۆی دەدۆزییەوە. هەردوو جەمسەری جیهانی، یەکێتی سۆڤیەت و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمیرکا، دوو جیهانی دژ بەیەکیان دروست کردبوو، هەموو

ڕووداو و گۆڕانە سیاسییەکانی جیهان بەند بوون بەو دوو زلهێزەوە، بە کورتی هەموو نەتەوە ستەملێکراوەکان لە نێو گەمەی نێوان ئەم دوو زلهێزە دا چارەنووسیان یەکلایی دەکرایەوە. گەلی کورد و دۆسیە ڕەواکەی یەکێک بوو، ئێستاش یەکێکە لەوانە. هاوکاری کردنی یەکێتی سۆڤیەت بۆ کورد تا ساتی واژووکردنی پەیماننامەی لێکتێگەیشتن بوو لە نێوان بەغدا و مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٧٤، هاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیشی بۆ کورد تا ساتی پشت تێکردنی شای ئێران بوو لە کورد و واژووکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥. دەگوترێت کە هێنری کێسینجەر وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئەمریکا گوتوویەتی ئێمە سەرسوڕماووین بەرانبەر هەڵوێستەکەی شای ئێران، بەڵام دواتر دەردەکەوێت کە لە ڕاستیدا کێشەکانی نێوان دوو زلهێزە مەزنەکە لە هەمبەر عێراق چارەسەر کراوە، بۆیە چیتر پێویستیان بە کورد نەما و هەرزان فرۆشیان کرد.

دوای ئەوەی پەیوەندییەکانی حکومەتی بەغدا و سەرکردایەتی کورد گەیشتنە بنبەست و بارزانی گەڕایەوە زێدی خۆی، ڕوون بووەوە کە جاڕی جەنگ لە لایەن بەغداوە تەنها پرسی کاتە. قاسم دەستی کرد بە تۆمەت بەخشینەوە، بەوەی بارزانی بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمی بەریتانیا و ئەمریکایە. ئەوە لە کاتێکدا بارزانی پەیوەندی چاکی هەبوو لەگەڵ ڕوسیای سۆڤیەتی و لەمێژ نەبوو لە ڕوسیا گەڕابووەوە. جیا لەوەش هەموو دەزانین بەریتانیا چ ڕۆڵێکی خراپی هەبوو لە بەرانبەر کورد و دۆسیە ڕەواکەی. کۆمپانیای نەوتی بەریتانیا ببووە ماکینەی بەرهەمهێنانی نەفتی کوردستان لە کەرکووک و دابینکردنی پارە و چەکی ئاسمانی و زەمینی بۆ حکومەتی عێراق. بەڵام وەک هەمیشە دەسەڵاتدارانی بەغدا پیشەیان بوختان و ناوزڕاندنی کورد بوو تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت. ئینجا بەوەش نەوەستان، قاسم ئەمجارە شۆڕشی کوردی بەوە تاوانبارکرد کە لە لایەن تورکیاوە ڕێنوێنی دەکرێن، ئەوە لە کاتێکدا سەرۆککۆماری ئەوکاتی تورکیا "جەمال گیورسێل" دەڵێت بارزانییەکان و تاقمەکەی لەلایەن دەستێکی بێگانەوە دروستکراون! ڕۆژنامەی "الثورة" ی زمانحاڵی حکومەتی بەغدا ئەمجارەیان کورد تاوانبار دەکات بەوەی دروستکراوی دەستی زایۆنیزم و ئیسرائیلن، لە کاتێکدا ڕادیۆی ئیسرائیل پیسترین زمانی دژی کورد و شۆڕشەکەی بەکاردەهێنا[1]. لەگەڵ ئەو هەموو بوختان و زمانە شڕەی هەموو لایەک کە بەرانبەر

(١) جەمال نەبەز، کورد و شۆڕشەکانی، کۆبەرهەم، چاپی یەکەم، سوید ١٩٨٥، ل١٤٢-١٤٦.

شۆڕش بەکاردەهاتن، بەڵام کورد و پێشمەرگەکانی سەرکەوتنی بەردەوامیان تۆماردەکرد، وەک دواتر بە کورتی ئاماژەیان پێدەدەین.

بارزانی فەرمانی دەرکرد کە بە هیچ شێوەیەک بەگژ دام و دەزگای حکومی و سوپای عێراقەوە نەچن و دەستپێشخەر نەبن لە هەڵگیرساندنی پشێوی و پێکدادان، چونکە حکومەتی بەغدا خۆی لە بەهانەیەک دەگەڕا بۆ پەلاماردان. ئەوەبوو جەلال تاڵەبانی وەکو نوێنەری لیژنەی ناوەندی لە بارزانەوە ئەو فەرمانەی سەرکردایەتی گەیاندە هەموو بەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوە. هاوڕێ کەریم ئەحمەد پشتڕاستی ئەو فەرمایشتانەی بارزانی دەکاتەوە و ئەوەشی دەخاتە سەر کە دەزگای هەواڵگری ئێرانی و بەریتانی چاک خزابوونە ناو عێراق و کوردستان، حەزیان دەکرد زوو ئاگری شەڕ گڵکۆ بگرێت. بە گوتەی کەریم ئەحمەد بەشێک لە هۆزەکانی کوردستان لە دەڤەری نێوان کەرکووک و سلێمانی هێرشیان کردە سەر سوپای عێراق، ئەوەش بە پیلانگێڕی ئێران بوو بۆ بەرپابوونی جەنگ[1].

**وێنەی (٢٠)**



کەریم ئەحمەد سکرتێری پێشووتری حزبی شیوعی عێراق و حزبی شیوعی کوردستان

(١) کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان، لا ١٩٠.

کەریم ئەحمەد دەڵێت، حزبی شیوعی بەیاننامەی دەرکرد و حکومەتی عێراقی ئاگادار کردەوە لە هێزە ناسیۆنالیست و شۆڤینییەکان و هەروەها دزەکردنی هەواڵگریی ئیمپریالی بۆ ناو بنجوبنەوانی عێراق بۆ هەڵکردنی ئاگری ئاشوب لە نێوان گەلی کورد و عەرەب و تێکدانی ئاشتی و ئارامی و پیلانگێڕی لە دژی حکومەتەکەی قاسم و شۆڕشەکەی، بەڵام بە پێچەوانەوە قاسم نەک هەر گوێی نەگرت، بەڵکو دەستی دایە ڕاوەدوونان و دەسگیرکردنی ئەندامانی حزبی دیموکراتخواز و نیشتمانپەروەر، لە هەمان کاتدا بواری دایە شۆڤینییەکان بە ئارەزووی خۆیان گەمە بە دەسەڵات بکەن و دژی گەلی کورد و مافە ڕەواکانی و حکومەت هان بدەن بۆ تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی نێوان چینەکانی وڵات بە کورد و عەرەبەوە. سەرەڕای ئەوانەش، بارزانی و سەرکردایەتی کوردستان دانیان بەخۆ گرت و لایەنگری هیچ بزووتنەوەیەکی چەکدارییان نەکرد دژی حکومەتەکەی قاسم. لەم ساتەوەختە پڕ لە گرژیەدا بەبێ ئاگاداری سەرکردایەتی کورد، هێزێکی سەر بە ئاغاکان پەلاماری یەکەیەکی سەربازی عێراقیان دا لە دەربەندی بازیان، لە وەڵامی ئەوەش قاسم فەرمانی دا بە فڕۆکە هێرش بکرێتە سەر گوندەکانی کوردستان و بە تایبەتی ناوچەی بارزان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی درانە بەر بۆمبارانکردن[1]. دوای ئەو ڕووداوە، بارزانی هەریەک لە جەلال تاڵەبانی و عومەر دەبابەی نارد بۆ شوێنی پەلاماردانەکەی سوپای عێراق لە دەربەندی بازیان، چونکە ئەوە ڕووداوێکی لەناکاو و بێ ئاگاداری هیچ لایەک بوو.

مستەفا بارزانی لە پەیوەندی بەردەوام بوو لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێگەی باڵوێزخانەی ئەو وڵاتەوە، بۆ ئامادەکاری و کڕینی هەرچی پێداویستی سەربازییە لە چەک و جبەخانە بۆ حاڵەتی پێکدادان لەگەڵ سوپای عێراق. ئەوە بوو ئەو بڕە پارەیەی هەبوو تەرخان کرا بۆ کڕینی ژمارەیەکی زۆر لە پارچە چەک و بەشێوەیەکی ڕێکخراو و ڕێکوپێک دابەشکرانە سەر بەرەکانی جەنگ[2]. بێجگە لە لایەنی سەربازی، ڕێنمایی گەیەنرایە هەموو پێشمەرگەیەک، کە پابەند بن بە ئاکار و

(١) سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩٠.

(٢) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، الجزء الثالث، ص ٢٣.

ڕەوشتی جەنگ و تا دەتوانن دوور بکەونەوە لە خوێنڕشتن و لە کاتی ئاشتی و جەنگدا قەبارەی توندووتیژی سنوردار بکەن، کەسی بێ تاوان و دەرەوەی سیستەمی سەربازی ئازار نەدەن، بە پێچەوانەی حکومەتی بەغدا کە هەڕەمەکی گوند و دێهاتەکانی دەکردە ئامانجی کوێرانەی بۆمب، دەبێت پێشمەرگەی کورد نموونەی جوامێری و شۆڕەسواری بێت نەوەک وەکو سوپای عێراق بەربەریانە ڕەفتاربکات.

یەکێک لە تەنگژە سەرەکییەکانی بەردەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە گشتی و لە سەروبەندی شۆڕشی ئەیلوول بە تایبەتی، هەڵوێستی ناتەبا و بگرە ناپاکانەی بەشێک لە هۆزەکانی کورد بوو. هەندێک لە هۆزەکان دابەش ببوون، نەدەکەوتنە ژێر باڵی شۆڕش و بزووتنەوەی کوردپەروەری، بەڵکو ئامانجی تەسکی خۆیان هانی دەدان کە ئایا پشتیوانی شۆڕش و سەرکردایەتییەکەی بن یاخود پاڵ بدەنە پشت حکومەتی عێراق بۆ پارەوپول و چەک. ئەو پرسەش تا کۆتا جەنگی کورد لەگەڵ سوپای عێراق لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەردەوام تەگەرە و کۆسپ بووە لەبەردەم ڕێڕەوی سەربەخۆییخوازی کوردستان و دۆسیە ڕەواکەی. ئا لەو سەردەمەدا بوو کە زاراوەی جاش پەیدابوو و بەوانە دەگوترا کە دژی خواست و ئازادی کورد هەڵسوکەوتیان دەکرد، لە هەمان کاتدا زاراوەی پێشمەرگە بووە سیمبولی بەرخودان و گیان فیدایی پیاوە مەرد و مەزنەکانی مێژووی نوێی گەلی کوردستان. جاشەکان ڕۆڵی زۆر خراپییان دەگێڕا، حکومەتی عێراق پارەی بۆ هەڵڕشتبوون، ئامادەبوون ماڵ و ئابڕووی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان ئەتک بکەن. یەکێک لە نموونەکان، جاشەکان پەلاماری گوندی دۆڵەمەڕی و گەردی و شێروانییان دا، بەڵام بەخۆشحاڵییەوە خەڵکەکەی ئەوێیان جێهێشتبوو و پەنایان بردبوو بۆ مێرگەسور.

دوای پەلامارەکەی هەندێ هۆز و چەکداری ئاغاکان لە دەربەندی بازیان، سوپای عێراق بە فڕۆکە هێرشی کرد، دەرکەوت کە ئەو چەکدارانە بە ئاسانی پەرش و بڵاو بوونەوە و دیارنەمان، چونکە سەر بە سەرکردایەتی کورد نەبوون. ئەوەبوو سوپای عێراق دەستی کرد بە پێشڕەوییەکان و ڕێگای نێوان کەرکووک

و سلێمانی کەرت کرد[١]. دوای ئەوە سوپای عێراق لە هەموو بەرەکان پێشڕەوی کرد، جگە لە ناوچەی بارزان لە مێرگەسور، کە بارزانییەکان بە فەرماندەیی خودی مستەفا بارزانی بەرگری قایمیان کرد، سوپای عێراق نەیتوانی ئابلۆقەی هێزەکەی بارزانی بدات، هەر بۆیە شەڕەکە وەستا. دوای ئەوەش عەبدولکەریم قاسم لە بەرواری ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٦١ لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، کە یاخیبوونەکە (وەک خۆی ناوی برد) بە تەواوی دامرکایەوە. بەڵام لە ڕاستیدا هێشتا هێرشی چەکداری کور دەستی پێنەکردبوو[٢].

لە یەکەمین هەوڵیدا، مستەفا بارزانی هێزە جەنگاوەرەکەی کۆکردەوە کە دوو هەزار کەس دەبوون، ناوچەکانی بارزانی لە خڵتی جاشەکان پاك کردەوە. لەبەر ئەوەی جاشەکان هیچ مەبدەء و پرەنسیپێکیان نەبوو بۆی بجەنگن، بەڵکو تەنێ بۆ پارە و ڕاوڕووتی هاتبوون، خۆیان لەبەردەم هێزەکەی بارزانی نەگرت و ڕێی ڕاکردنیان گرتەبەر. هێزە عێراقییەکانیش کە ئەوساکە بە گوێرەی ڕێککەوتننامەیەکی نێوان شێخ ئەحمەد و عەبدولکەریم قاسم لە ناوچەکە مابوونەوە، بە ئاسانی دەبوونە نێچیری پێشمەرگەکانی مستەفا بارزانی، بەڵام بەهۆی ڕێککەوتنەکە پەلاماریان نەدرا. قاسم بۆی ڕوون بووەوە کە زاڵ بوون بەسەر بارزانی ئاسان نییە، سوپاکەشی ئەو ڕاستییەیان بۆی درکاندبوو، کە سەربازانی عێراقی لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزێکی بەزیون، بەشێوەیەک: ٥٠ سەربازی عێراقی بەرانبەر ١ پێشمەرگەی کوردستانە. چونکە کوردەکان بۆ مافێکی ڕەوای خۆیان دەجەنگن، بەڵام سەربازی عەرەبی عێراقی وەکو دەستدرێژیکار چووەتە سەر ماڵ و حاڵی کورد. هەر بۆیە قاسم جارجار لێبوردنی گشتی دەردەکرد، بەڵام جێگەی باوەڕی کەس نەبوو.

پێویستە ئاماژە بە هەڵوێستی مەردانەی دیموکراتخوازەکانی عێراق بە تایبەتی شیوعییەکان بدەین، کە چۆن کۆششیان کرد بۆ بەرهەڵستی کردن لە دوژمندارێتی حکومەتی عێراق بەرانبەر خواستەکانی کورد. کورد و سەرکردایەتییەکەی هیچیان

(١) سەرچاوی پێشوو، لا ٢٦.
(٢) سەرچاوەی پێشوو.

نەدەویست جگە لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ عێراق، لە کاتێکدا قاسم وای دەبینی کە بارزانی دەیەوێت جێگەی ئەو بگرێتەوە. ئەوەبوو حزبی شیوعی عێراقی بە خودی کەریم ئەحمەد ڕاپۆرتێکی لەسەر دۆخەکە نووسی بۆ سەلام عادلی نارد کە ئەوساکە لە مۆسکۆ بوو. تیایدا ئاماژەی دابوو بە پەلاماری دوژمندارانەی سوپای عێراق بۆ سەر گوند و لادێی بێتاوانی کوردستان. کەریم ئەحمەد پێی وابوو دەبێت حزبی شیوعی پشتیوانی کورد بێت و ڕێگر بێت لەبەردەم دەستدرێژییەکانی قاسم. سەلام عادل پشتیوانی ڕاپۆرتەکە بوو، نامەی بۆ هەموو بزووتنەوە و حزبە سیاسییە چەپەکانی ناوچەکە و یەکێتی سۆڤیەتیش نارد کە ڕێگری بکەن لە قاسم و حکومەتەکەی. بەڵام وەک دەردەکەوێت قاسم کاری سیاسی حزبی شیوعیشی قەدەغە کرد، ڕۆژنامەی "اتحاد الشعب" ی حزبەکە و ڕۆژنامەی "ئازادی" کوردستانی بە یاسا قەدەغەکرد. حزب داوای کرد حکومەتی قاسم دەست لە ناردنی سوپا و جەنگ هەڵگرێ. سەرکردە عەزیز محەمەدیش یەکێک بوو لەوانەی واژووی کۆدەکردەوە دژی جەنگ و خەڵکی هان دەدا لە بەغدا و ناوچەکانی دیکە بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان دژی شەڕ. بە گشتی حزبی شیوعی عێراقی کە تاکە هێزی دیاری گۆڕەپانی سیاسی عێراقی بوو، دژی شەڕ بوو و پشتیوانی لە ڕاگرتنی جەنگ دەکرد[١]. شایانی ئاماژە پێدانە، کە خودی کەریم ئەحمەد وەکو سەرکردەیەکی مەزنی کورد لە ناو حزبی شیوعی عێراقی، لە مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە ئاماژە بەوە دەدات کە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەربڕی تەواوەتی مافەکانی کورد نییە و کەمترە لە ویستی نەتەوەیی گەلی کورد، چونکە کورد کەمینەی نەتەوەیی نییە، بەڵکو نەتەوەیەکی دابەشکراوە لە نێوان چوار وڵات. ئەوە جیاوازییەکەیە. هەر بۆیە دوو پرۆژەی لەو بارەیەوە پێشکەش کرد، کە لە فیدراڵی کەمتر بۆ کوردستان دانەنرێت، چونکە نەتەوەی کورد خواستی سەربەخۆیی هەیە و درەنگ یان زوو دەبێت ئەو خواستەی بێنێتەدی[٢].

---

(١) کەریم ئەحمەد، ڕێڕەی تێکۆشان، لا ١٩٠-١٩٦.
(٢) سەرچاوەی پێشوو.

دوای سـەرکەوتنی پێشـمەرگەکانی مستەفا بارزانـی بەسـەر جاشـەکان، ئەنجا نـۆرەی پاککردنـەوەی گونـد و دەڤەرەکانـی کوردسـتان هـات لـە دەسـتی سـوپای عێـراق. هێـزی نەبـەردی بارزانـی بـووە هـۆکاری ئـەوەی ڕۆژبـەڕۆژ زێـتر گەنجـان و لاوان بێنـە ڕیـزی شۆڕشـەوە. هێـزی بارزانـی تـا دەهـات تـاوی زۆرتـر دەبـوو. لـە هەمـوو بـەرەکان ڕووبەڕووبوونـەوەی سـەخت لـە نێـوان پێشـمەرگە و سـوپای عێـراق ڕوویانـدا، تاوەکـو لـە جەنگـی زاوێتـە پێشـمەرگە سـەرکەوتنێکی مێژوویـی تۆمارکـرد و قاسـم و حکومەتەکـەی تووشـی شـۆک هاتـن. لـە جەنگـی زاوێتـە سـوپای عێـراق ٦٠٠ کـوژراو و ٥٠٠ دیلـی کەوتـە دەسـت پێشـمەرگە، ٧٦ ئۆتۆمبێلـی سـەربازی سـوتان و ١٥٠٠ پارچـە چـەک کەوتنـە دەسـت هێـزی پێشـمەرگە. لـە بەرانبـەردا ٦ شۆڕشـگێڕ شـەهید بـوون و ١٩ ی دیکـەش برینـدار[1].

لـەدوای شکسـتەکانی سـوپای عێـراق و جاشـەکان و خۆنەگرتنیـان بەرانبـەر پێشـمەرگەکانی شـۆڕش، قاسـم پەیامـی دانوسـتان و ڕێککەوتنـی گەیانـدە سـەرکردایەتی شـۆڕش و بـۆ ئـەو مەبەسـتەش سـەرتیپ (العمیـد) "حەسـەن عەبـودی" نـارد و شـوێنێکی لـە نزیـک سەرسـەنگ دیـاری کـرد وەکـو شـوێنی کۆبوونـەوەی سـەرتیپی ناوبـراو لەگـەڵ مستەفا بارزانـی. بـەڵام بارزانـی لـەوێ ئامادە نەبـوو، بەڵکـو شـوێنێکی دیکـەی دیاریکـرد. کاتێـك سـەرتیپ حەسـەن عەبـود گەیشـتە شـوێنی مەبەسـت، هێنرایـە ئـەو شـوێنەی کـە بارزانـی دەستنیشـانی کردبـوو. هـەر دوای چەنـد خولەکێـک چـوار فڕۆکـەی سـوپای عێراقـی دەرکەوتـن و ئـەو شـوێنەی حکومـەت دەستنیشـانی کردبـوو بـۆ دیـدار بـە توندی بۆمبـاران کـرا. سـەرتیپ حەسـەن عەبـود ئـەوەی بەچـاوی خـۆی بینـی و تووشـی سەرسـوڕمان بـوو و هەسـتی بـە شـەرمەزاری زۆرکـرد. دوای بۆردومانەکـە، بارزانـی بـە میوانەکـەی گـوت: "دەبینـی ئـەوە بەنیـاز بـوو تـۆش و منیـش پێکـەوە لەنـاو ببـات. بـا قاسـم مافـی کـورد بـدات، مـن ئامـادەم تەنانـەت کوردسـتانیش بەجـێ بهێڵـم"[2].

---

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، ص ٤٤-٤٦.

(٢) سەرچاوی پێشوو، لا٤٩-٥٠.

مەسعود بارزانی لە پەرتوکە مێژووییەکەی ئاماژە دەدات، کە لە سەرەتای دەسپێکی شۆڕشەوە تاوەکو ئەپریل/نیسانی ١٩٦٢ لە ڕیزەکانی پێشمەرگە ٤٠ شەهید و ٧٨ زامدار کەوتنەوە، لە ڕیزەکانی سوپا و جاش و پۆلیسی عێراقیش ١٢٢٥ کوژراو و ١٤٥٠ بریندار و ١٣٢٦ دیل کەوتنە دەستی هێزەکانی شۆرش، کە هەموویان ئازادکران. لەو ماوەیەدا سوپای عێراق سەدان ئۆپەڕاسیۆنی بچووک و گەورەی ئەنجامدا، سەدان هەڵمەتی سەربازی بە هەرچی توانای هەیبوو، کردە سەر کوردستان. دوای ئەوەی لە هێرشی زەمینی شکستی تەواویان بەرکەوت، فڕۆکەکانی سوپای عێراق لە ئاسمانەوە کەوتنە خاپوورکردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان، گوند و خەڵکی بێتاوانیان دەکردە ئامانج، هەزاران کەسیان بێ ماڵ و حاڵ کرد، زیانی تەواویان بە ئابووری و کشتوکاڵی کوردستان گەیاند.

ساڵی ١٩٦٢ ساڵی سەرکەوتنە مەزنەکان بوو. لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکووک، لە شەڕەکانی گەرمیان و شێخ بزێنی و دەشتی هەولێر و تەقتەق و شارباژێر و شلێر بە فەرماندەیی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کە چالاکترینیان جەلال تاڵەبانی بوو، لەدەستی سوپای عێراق بە تەواوی پاک کرانەوە. تاوەکو ٨ی فبرایەر/شوباتی ١٩٦٣ (بەرواری ڕووخانی حکومەتەکەی قاسم و کوژرانی بە دەستی بەعسییەکان) شۆڕش بە سەرکردایەتی بارزانی لەهەموو بەرەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا، توانیان بە تەواوی جاش و خۆفرۆشەکان بەچۆک دادەن و چیاکانی ڕواندوز و بارزان و بادینان و دەیان ناوچەی دیکەیان بە تەواوی کۆنترۆڵ کرد، بنکە سەربازییەکانی سوپا و پۆلیسی عێراقییان دەستبەسەر داگرت، تا لە کۆتاییدا توانا سەربازییەکانی شۆڕش گەیشتنە ڕووبەری هەرچوار شاری هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و خانەقین(١). بەمەش بەشێوەیەکی دیفاکتۆ کوردستانی باشوور بە تەواوی لە دەستی حکومەتی بەغدا ئازاد کرا.

حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی قاسم، دووبارە سوپاکەی کۆکردەوە بۆ دووبارە دەستگرتنەوە بەسەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، بەڵام بێ هودە بوو. لە بەرەی

(١) الطقوش، تأريخ الأكراد ٦٣٧-٢١٥، ص ٢١٧.

زاخۆ چەند هێرشێکی ئەنجامدا، بەڵام هێزی پێشمەرگە لە سەرەتا بەرگرییەکی توند، دواتر هێرشی پێچەوانەیان ئەنجام دا و هێزە عێراقییەکانیان بە تەواوی تێکشکاند. دوای ئەوەش لە عەین زالە هەڵمەتێکی دیکەی پێشمەرگە بۆ سەر کێڵگە نەوتییەکان و کۆمپانیای بریتیش پێترۆلوم و دەستبەسەرداگرتنی، بە یەکجاری هەموو تواناکانی حکومەتی عێراق و سوپاکەی خستە ژێر پرسیارەوە. بەم شێوەیەش شۆڕشی کورد لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی زێتر دەنگی دایەوە، سەرەنجی ڕاگەیاندن و میدیاکانی جیهانی بەرەو ڕووی خۆی ڕاکێشا.

**وێنەی (٢١)**



مام جلال تاڵەبانی لە سەردەمی پێشمەرگایەتی شاخ

شایانی باسە، بە درێژایی قۆناغەکانی شۆڕش، دەیان ئەفسەری باڵا و سەربازانی عێراقی بۆ ناو یەکەکانی شۆڕش ڕایانکرد، ئەوە جگە لە ئەندامانی حزبی شیوعی عێراقیش. قاسم بە تەواوی تووشی شلەژان هاتبوو، نەیدەزانی چی دەکات. گەلێک جار بە ڕۆژنامەکانی ڕادەگەیاند کە بارزانی کوژراوە و یاخیگەری کوردان سەرکوتکراوە، لە ڕۆژنامەکانی "عهد الجدید" و "الثورة" بڵاوی دەکردەوە کە گوایا ئەمریکا و تورکیا و کۆمپانیای نەفتی ئینگلیز کۆمەک بە بارزانی دەدەن. هەروەک جەمال نەبەز دەڵێت، قاسم ئەوەندەی درۆ کرد کە چیدی ڕۆژنامەنوسانی بیانیش بڕوایان پێ نەدەکرد.

وەک ڕۆژنامـەی New York Herald Tribune بەشـێوەیەکی گاڵتەئامێـز وتەیەکـی قاسـمی وەکـو سـەردێر بڵاوکردبـووەوە نووسـیبووی: شۆڕشـی کـورد کۆتایـی هـات، کەچـی جەنـگ هـەر بەردەوامـە. لـە درێـژەی گێڕانەوەکانـی، جەمـال نەبـەز دەڵێـت: جارێکیـان کەسـێک لـە ڕادیـۆی ئیسرائیـل پرسـیاری کردبـوو کـە ئاخـۆ مـرۆڤ دوای مـردن چـی بەسـەر دێـت؟ بێـژەری ڕادیـۆ لـە وەڵامـدا پێـی دەڵێـت: بەداخـەوە ناتوانـم وەڵامـی ئـەو پرسـیارەت بدەمـەوە، چونکـە تـا ئێسـتا کـەس زینـدوو نەبووەتـەوە تاوەکـو هەواڵـی ئەودیـو دونیامـان پـێ بگەیەنێـت، بـەڵام ئەگـەر هـەر پێداگـری لەسـەر دەسـتکەوتنی وەڵام، فەرمـوو بـڕۆ بـۆ کوردسـتان، لـەوێ لـە سـەرکردەی کـورد بارزانـی بپرسـە، چونکـە ئـەو تـا ئێسـتا گەلـەک جـار کـوژراوە و زینـدوو بۆتـەوە[1].

(١) جەمال نەبەز، کورد و شۆڕشەکانی...، لاپەڕە ١٤٦.

## کودەتای شوباتی ١٩٦٣ و شۆڕشی کورد

شۆڕشی کورد حکومەتەکەی قاسمی ماندووکرد و خودی قاسمی هێنایە لەرزە، ڕێخۆشکەر بوو بۆئەوەی شۆڤینی و قین لەدڵەکان پیلانگێڕی خۆیان بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەن. قاسم هەموو جۆرە ئەدگارێکی سەرکردایەتی و متمانەی کورد و عەرەبیشی لەدەستدا. ئیتر دەرفەتی ئەوە دروستبوو کە دوژمنانی قاسم خۆیان تەرخان بکەن بۆ لێدانی و کودەتا کردن بەسەری. ئەوەبوو عەبدولسەلام عارف بە یارمەتی بەعسییەکان و ئەفسەرانی سوپای سەر بە ڕەوتی ناسری، لە ڕێکەوتی ٨ی فبرایەر/شوباتی ١٩٦٣ کودەتایەکیان ئەنجام دا و حکومەتیان ڕووخاند، عەبدولکەریم قاسمیان دەسگیرکرد و بەشێوەیەکی دڕندانەی دوور لە ئاکاری شارستانی گوللەبارانیان کرد.

گەلی کورد و سەرکردایەتییەکەی هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان نەبوو، جگە لە پێشوازی کردن لە کودەتای عەرەبە نەتەوەپەرستەکان، بەڵام ئەو واتایەش ناگەیەنێت کە خۆشحاڵ بووبن بەوەی بەرانبەر عەبدولکەریم قاسم کرا. دەسەڵاتی نوێ بە سەرۆکایەتی عەبدولسەلام عارف و أحمد حەسەن بەکر دامەزرا. گاهر یەحیا کە سەرۆکی تازەی سوپای عێراق بوو، دەستنیشانکرا بۆ ووتوێژ و دانوستان لەگەڵ کورد. گەرچی سەرەتا حکومەتەکەی عارف پشتیوانی خۆی بۆ مافەکانی کورد دەربڕی و بەڵێنی دا لەگەڵ سەرکردایەتی کورد ڕێکبکەوێت، بەڵام پرسەکە تەنها یاری کردن بە کات بوو، لە بەرژەوەندی ئەوان بوو جارێ کوردەکان بخەوێنن بە بەڵێنی جوان. دەرکەوت کە ئەوان نەک هەر لەگەڵ مافی ئۆتۆنۆمی نەبوون، بەڵکو ڕوانگەیەکی دیکەیان بۆ خەڵکی عێراق دەنەخشاند بەوەی کوردەکان بە ڕەسەن خەڵکی ئەو ناوچەیە نین، بەڵکو هاتوونەتە سەر خاکی عێراق. بە وردی بڕوانن، تا ئێستاش لە سەدەی بیست و یەکەم ئەو مێنتاڵی بیرکردنەوەیە لەنێو خەڵکی عێراق بوونی هەیە و زۆرێک لە عەرەب بڕوایان وایە کە کورد خاکی عەرەبی داگیرکردووە.

مستەفا بارزانی داوای کۆنگرەیەکی سەرتاسەری کرد کە هەموو پیاوماقولان و کەسایەتی کوردستان بەشداری بکەن، ئەنجا بڕیارێکی پێکەوەیی بدەن لە سەر

چۆنییەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ حکومەتی نوێی بەغدا. لە کۆنگرەکە بڕیار درا جلال تاڵەبانی وەکو نوێنەری کورد سەرکردایەتی شاندی کوردستان بکات. ئەوە بوو دانوستانەکان لەگەڵ بەعسییەکان دەستی پێکرد لە بەغدا، بەڵام دیاربوو بەعسییەکان لە پرسە گرنگەکانی وەکو سنوری ئۆتۆنۆمی کوردستان خۆیان دەدزییەوە، ئامادە نەبوون کەرکووک و خانەقین و زومار بخەنە ناو پلانی ڕێککەوتنەکان. مستەفا بارزانیش سنورێکی زەمەنیی دانابوو، کە ئەگەر حکومەتی عێراقی ملکەچی مافەکانی کورد نەبێت، ئەوا هیچ پێویست بە چاوەڕوانی ناکات و شۆڕش دەستپێدەکەینەوە.

لە لایەکی تر پشتیوانانی عەبدولکەریم قاسم و شیوعییەکان دژی بەعسییەکان لە خەبات دا بوون، بەعس بڕیارێکی دەرکرد بە کۆمەڵکوژکردنی شیوعییەکان و هەموو هێزە دیموکراتیخوازەکان. ئەوەبوو سکرتێری حزبی شیوعی سەلام عادل دەسگیرکرا و بەشێوەیەکی دڕندانە لەناوبرا، هەروەها لە ماوەی گرتنە دەستی دەسەڵاتی عارف نزیکەی ٧٠٠٠ ئەندام و لایەنگری حزبەکەی کۆمەڵکوژ کران. دوای ئەو پاکتاوکردنە، شیوعییەکان پەنایان بۆ کوردستان هێنا. لێرەدا بەرەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد ڕەفتاری ناشایستەی بەرانبەریان نیشان دا، بەڵام بارزانی بە پێچەوانەوە، بە هەموو شێوەیەک داکۆکی لێکردن و فەرمانی دا کە شوێن و پاراستنی شیوعییەکان بکرێتە ئەرکی هەموو کوردێکی دیموکراتخواز و ئازادیخواز(١). هاوڕێ عەزیز محەمەد ، سکرتێری پێشووی حزبی شیوعی عێراقی یەکێک بوو لەوانەی کە تووشی ڕەفتاری نابەجێی مەکتەبی سیاسی ببووەوە، بەڵام لە لایەن سەرۆک مستەفا بارزانییەوە ئەوپەڕی ڕێزی لێ گیرا. ئەوەبوو هاوڕێ کەریم ئەحمەد بەیاوەری جەلال تاڵەبانی چووە دیداری مەلا مستەفا بارزانی کە ئەوسا هاتبووە قەڵادزێ، لەوێ چاوی پێ دەکەوێت و باسی ئەو نەهامەتی و ئابلۆقەدانە دەکات کە حزبی شیوعی لە لایەن باڵی مەکتەبی سیاسییەوە لەگەڵی تووشی بووە. بارزانی فەرمانی دەرکرد بۆ هەموو تیپەکانی پێشمەرگە لە هەموو کوردستان، کە

(١) حامد محمود عيسى، المشكله الكرديه في الشرق الأوسط، ص ٢١٧-٢١٩. مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، الجزء الثالث، ص٨٧-٨٨.

هەمـوو جـۆرە دژایەتـی کردنێکـی شـیوعییەکان قەدەغەیـە. لـەوەوە شـیوعییەکان بوونـە پشـتیوانی شـۆڕش و لـە کوردسـتان بـارەگای خۆیـان کـردەوە. ئـەو هەڵوێسـتە مەردانـەی بارزانـی گرنگـی خـۆی هەبـوو لە گۆڕەپانـی نێودەوڵەتـی هەموو وڵاتـە سۆشیالیسـتەکان، لە سـەرویانەوە یەکێتـی سـۆڤیەت. هـەر بۆیـە دەبینیـن یەکێتـی سـۆڤیەت پشـتیوانی شـۆڕش دەکات بـە هـاوکاری سیاسـی و مـاددی. ئـەوەش ڕێگـەی خۆشـکرد تاوەکـو شـیوعییەکان هێزێـک لـە پێشـمەرگە پێکبهێنـن و بێنـە پـاڵ هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و لـە شـارو دێهاتـەکان شـانەی نهێنـی دامەزرێنـن. هـەروەک هـاوڕێ کەریـم ئەحمـەد باسـی دەکات، خـۆی و هـاوڕێ عەزیـز محەمـەد و عومـەر عەلـی شـێخ، تیپەکانـی هێـزی پێشـمەرگەیان لەنـاو شۆڕشـی کـورد دروسـت کـرد و بوونـە بەشـێك لـە شۆڕشـەکە(١).

لـە سـەروبەندی ڕووداوە گەرمـەکان، شـاندێکی کـورد بـە سـەرۆکایەتی جـەلال تاڵەبانـی چـووە قاهیـرە و لەگـەڵ جەمـال عەبدولنـاسر کۆبوونـەوە، بـەڵام لـە گۆڕەپانـی عێراقـی هیـچ ئەنجامێکـی لـێ نەکەوتـەوە، نـەك هـەر ئەوەنـدە، بەڵکـو لـە کاتـی گەڕانـەوەی شـاندەکە، حکومەتـی عێـراق تـەواوی ئەندامانـی دانوسـتانی کـوردی دەسـگیرکرد، تەنهـا تاڵەبانـی لێدەرچێـت کـە لـە ڕێـگادا گەشـتێکی بـۆ ئەوڕوپـا ئەنجـام دا، دوایـی لەڕێگـەی ئێرانـەوە گەڕایـەوە کوردسـتان.

عەبدولسـەلام عـارف سـوپای عێراقـی نـاردە سـەر کوردسـتان، لـە ٩ی یۆنیـۆ/ حوزەیرانـی ١٩٦٣ ئەفسـەرە بەعسـییەکان لـە شـاری سـلێمانی ٢٦٧ کـەس و لـە کۆیـە ٢٥ کـەس و لـە بێتوێـن ٧٣ کوردیـان بـێ هیـچ هۆیـەک و بەشـێوەیەکی هەڕەمەکـی گوللـە بـاران کـرد. لـە ١٠ی یۆلیۆ/تەمـووز ڕادیـۆی بەغـدا ئاگاداریـی بڵاوکـردەوە، پێشـمەرگەی کوردسـتانی بـە جوداخـواز و کۆمونیسـت و زایۆنیسـت ناوبـرد، هەڕەشـەی لـە هـەر یەکێـک دەکـرد کـە چـەک هەڵبگرێـت و پشـتیوانی لـە بارزانـی بـکات، خەڵاتێکـی ١٠٠ هـەزار دینـاری بـۆ سـەری بارزانـی تەرخـان کـرد. لـە هەمـان کاتـدا هەڕەشـەی خاپورکردنـی گوندەکانـی هەولێـر و سـلێمانی و کەرکووکـی دەکـرد، کـە ئەگـەر بێـت

(١) کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان، لا ٢١٢-٢١٣.

لەوێـوە هـەر تەقەیـەک لـە سـوپا یـان گاردی کۆماری-حـەرەس قەومـی بکرێـت[١].
ماکینـەی ڕاگەیاندنـی بەعسـی شـۆڤینی دژی کـورد کەوتـەکار، بـە هەرچـی ناووناتـۆری ناشـیرین هەبـوو باسـی کـورد و سـەرکردایەتییەکەیان دەکـرد. عەبدولسـەلام عـارف و بەعسـییەکان دوو گرووپیـان لـە جاشـە کـوردەکان و هـۆزە عەرەبییـەکان دروسـتکرد بـۆ پەلاماردانـی کوردسـتان. جاشـە کوردەکانـی لەژێـر نـاوی "فرسـان سـەلاح الدیـن" کۆکـردەوە و پـارە و چەکـی باشـی پێـدان، هـۆزە عەرەبەکانیـش لەژێـر نـاوی " فرسـان خالیـد". ئـەوە سـەرەتایەکی قێـزەون بـوو بـۆ بەعەرەبکردنـی کوردسـتان. بەنـاوی "فرسـان خالیـد ئیـبن ئەلوەلیـد" چەنـد هۆزێکـی عەرەبـی خێڵەکـی دواکەوتـووی بەربـەری هێنرانـە کوردسـتان، لەوانـە دوبـز و حەویجـە. ئەوەبـوو حـەرەس قەومـی پەلامـاری کوێرانـەی دەسـت پێکـرد بـۆ سـەر کوردسـتان بـێ گوێدانـە ویژدانـی مرۆڤایەتـی و بـێ ڕێزگرتـن لـە هیـچ پەیامێکـی ئاسـمان و زەوی.

شـایانی تێڕامانـە، بەعسـییەکان بـە گشـتی دواتریـش سـەدام حوسـێن بـە تایبەتـی، شـارەزا بـوون لـە هێنانـی دواکەوتووتریـن و دڕندەتریـن جـۆری هـۆزە عەرەبـەکان، ئەوانـەی هیـچ شـتێکیان لـە شارسـتانی و مرۆڤایەتـی نەدیتبـوو، ئەوانـەی هیـچ پەیامێکـی ئاسـمانی و زەمینـی لەخـۆی نەدەگرتـن.

"سـەر بـۆ مـن مـاڵ بـۆ ئێـوە" دروشـمی حـەرەس قەومـی "پاسـەوانی نەتەوەیـی" بەعسـی بـوو. هـۆزە عەرەبییـە بەربەرییـەکان کەوتنـە پەلامـاری گونـد و دێهاتـی کـوردان، وەک ئـەوەی جیهـاد بکـەن، مـاڵ و سـامان و خوێنـی کوردیـان بـۆ خۆیـان بـە حـەڵاڵ زانـی. ئـەوە لـە کاتێکـدا کـە حەزرەتـی محەمـەد (د.خ) دەفەرموێـت: هـەر کەسـێک گوتـی" لا الـە الا أللە...محەمـەد رسـول أللـە" مـاڵ و خوێنـی حـەڕام دەبێـت لەسـەر موسـوڵمانان. ئـەوان بـێ بەزەییانـە ٤٠ هـەزار کـوردی دەوروبـەری شـاری پڕنەفتـی کەرکووکیـان دەرپەڕانـد، گونـد و دێهاتـە کوردنشـینەکانی ئـەو مەڵبەنـدە ڕاگوێـزران و خانـووی کـوردان بـە بلـدۆزەر تەخـت کـران، عارەبـی خێڵەکـی

(١) جەمـال نەبـەز، کوردسـتان و شۆڕشـەکانی، زنجیـرە گوتـار و سـیمینارەکان، کۆبەرهـەم، چاپـی یەکەم، سوید ١٩٨٥، لا١٥٠.

لـە جێگایـان نیشـتەجێ کـران. هەمـوو چالاکییەکـی کـوردان یاسـاغ کـرا. خوێنـدن و نووسـین بـە کـوردی قەدەغـە کـرا. هـەر شـتێکی نـاوی کوردیـی بەسـەرەوە بووایـە، دەسڕایەوە، لـە جێگایـان نـاوی عەرەبییـان دادەنـا. مـاڵ و سـامان و مێگەلـی ئـاژەڵ و بێسـتان و کشـتوکاڵ هەمـووی لـە شـەو و ڕۆژێکـدا بوونـە موڵکـی عارەبـان[1].

خـۆم وەکـو نـەوەی قوربانییەکـی حـەرەس قەومـی ئـەو مێـژووە ڕەشـە لـە باوانمـەوە دەگێڕمـەوە. "مـەلا حەسـەنی باپیـرم (باوکـی دایکـم)، کـە یەکێـک بـوو لـە پیـاوە ئایینییەکانـی گونـدی دووگـوردکان لـە دەشـتی قەراجـی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی هەولێـر، کەوتنـە بـەر شـاڵاوی هـۆزە عەرەبییـە بـێ بەزەییـەکان. خۆشـبەختانە زووتـر خـۆی و منداڵەکانـی قوتارکـرد و خۆیـان گەیانـدە شـارۆچکەی مەخمـور. مـەلا حەسـەنی باپیـرم، کـە مەلایەکـی ئایینیـی گـەورە بـوو، بـۆ مـاوەی چەندیـن سـاڵ لەگـەڵ دراوسـێ عەرەبەکانیـان پێکـەوە ژیابـوون، کەچـی خـودی ئـەو دراوسـێیانە مـاڵ و موڵکیـان بـە تـاڵان بـرد. دروشـمی حـەرەس قەومـی ئەوەبـوو: "سـەر بـۆ مـن مـاڵ بـۆ ئێـوە". واتـە کـورد بکـوژن و مـاڵ و حاڵیـان بـۆ خۆتـان بێـت. دوای دەرکردنـی لێخۆشـبوون لـە لایـەن حکومەتـی بەغـدا و گەڕانـەوەی باپیـرم بـۆ گوندەکـە، سـەیردەکا، دراوسـێ عەرەبەکانـی لەبـەر چـاوی ئـەو، هەمـوو کەلوپـەل و مـاڵ سـامان و مەڕوماڵاتەکەیـان دەسـت بەسـەرداگرتووە بـێ ئـەوەی یـەک تـۆز شـەرم بیانگرێـت بەوپـەڕی بـێ ئابڕوویـی لەبـەر چـاوی خـۆی بەکاریـان دەهێنـا".

عەبدولسـەلام عـارف هاوشێوەی پێشـینەکانی خـۆی، پێداگر بـوو لەسـەر ملهوڕییەکانی، دانوسـتانەکان هیچیـان لـێ نەهاتـە ئەنجـام. عـارف بـە ڕۆژنامەکانـی ڕاگەیانـد کـە شـەڕی شـیمالی عێـراق هـەر دوو مانـگ بـۆ سـێ مانـگ دەخایەنێـت و هەموویـان لەنـاو دەبەیـن. لـە ڕۆژنامـەی "Le Soir"ی لوبنانـی دەڵێـت: بـەو زووانـە کێشـەی کـورد کۆتایـی پـێ دێـت، سـەردەمی دان بەخۆداگرتـن و گفتوگـۆ بەسـەرچوو[2]. ئەمـە لـە کاتێکـدا کـە بارزانـی بڕیـاری خۆکۆکردنـەوەی هێزەکانـی دابـوو، تیپەکانـی بەشـێوەیەکی ڕێکوپێـک لـە زاخـۆوە

(١) سەرچاوەی پێشوو، لا١٥٠-١٥١.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥١.

تـا دەگاتـە خانەقیـن جێگیرکـرد. هێزەکانـی حزبـی شـیوعی عێراقیـش بەشـێک بـوون تیایـدا. لـە لایەکـی دیکـەش، حکومەتـی بەغـدا جاشـەکانی لە سنوری بـارزان کۆکـردەوە، وا تێگەیشـتبوو کـە داگیرکردنـی بـارزان کۆتایـی بـە شـۆڕش دەهێنێـت، بـێ ئـەوەی ئـاگاداری ئـەوە بێـت وا کوردسـتان یەکپارچـە بـەرەو ڕووی سـوپای عێـراق لـە ئامادەباشـیدایە.

وێـرای پەلامـاری هـۆزە عەرەبـە بەربەرییـەکان بـۆ سـەر گوندەکانـی دەشـتی هەولێـر، حکومەتـی عێـراق سـوپای نـارد بـۆ ئابلۆقـەدان و برسـیکردنی خەڵکـی کوردسـتان. سـوپای عێـراق لـە شـاری سـلێمانی بەشـێوەیەکی هەڕەمەکـی ژمارەیەکـی خەڵکـی دەسـگیرکرد، داوای جنێـودان و تـف کردنیـان کـرد لـە شۆڕشـی کـورد و لـە وێنـەی مسـتەفا بارزانـی، بـەڵام خەڵکـی بەجەرگـی سـلێمانی ڕەتیـان کـردەوە ئـەو کارە بکـەن. لەپـای ئـەوە هەشـتاو شـەش کەسـیان بـە زیندوویـی خسـتە ژێـر خۆڵـەوە، دەیانـی تریـان پەلکێشـی زینـدان کـرد. ئەمـە و جگـە لـە تێکدانـی گونـدەکان، بـە تایبەتـی ئەوانـەی بـە ئاشـکرا پشـتیوانی شـۆڕش بـوون. شـۆڤینییەکان جۆرێکـی نـوێ لـە سیاسـەتی پاکتـاوی ڕەگەزییـان بەرانبـەر کـورد دەسـتپێکرد، ئەویـش تێکدانـی گونـدەکان بـوو. بەعسـییەکانی سـوریاش هـاوکاری بەغـدا بـوون، لیوایەکیـان بەنـاوی "ئەلیەرمـوک" نـارد بـە فەرماندەیـی فەهـد ئەلشـاعر، کـە یەکێـک بـوو لـە بەعسـییە ناسراوەکانـی سـوریا. وڵاتانـی ڕۆژئـاوا بـە تایبەتـی بەریتانیـا چەکیـان بـە عێـراق دەفرۆشـت بـێ گوێدانـە ئـەوەی کـە حکومەتـی بەغـدا چ هەڵمەتێکـی دژە مرۆڤانـەی بەرانبـەر کـورد دەسـتپێکردووە. بەریتانیـا پشـتیوانی بەعسـییەکانی دەکـرد، چونکـە دژی کۆمونیـزم بـوون و حکومەتـی قاسـمیان ڕووخاندبـوو[١]. هەریـەک لـە وڵاتانـی ئیسـپانیا و پاکسـتان تۆپهاوێـژ و بۆمبـی ناپاڵمیـان دایـە عێـراق، تورکیـا و ئێرانیـش لەگـەڵ عێـراق ڕێککەوتـن تـا فڕۆکەکانیـان سـنورەکان ببەزێنـن بـۆ چاودێـری و ڕاوەدوونانـی کـورد[٢]. میللەتـی کـورد بـۆ جارێکـی تـر جگـە لـە خـودا و چیـاکان هیـچ پشـتیوانییەکی دیکـەی نەمـا.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥٢.

(٢) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، الجزء الثالث، ص ٩٨-١٠٠.

وەکو پەرچەکردار دژی هاوکارییەکانی بەریتانیا بۆ سوپای عێراق، پێشمەرگەی کوردستان لە ڕۆژی ١٨ی یۆنیۆ/حوزەیرانی ١٩٦٣ دوو بۆڕی نەفتی کۆمپانیای IPC سەر بە بەریتانیا تەقاندەوە و پێنج کارمەندی کۆمپانیاکە کوژران. ڕۆژنامەی Sunday Express ئەو نەفتەی بە نەفتی ئینگلیز ئەژماردەکرد. بارزانی هەڕەشەی دەستوەشاندنی زێتری دەکرد لە کۆمپانیای ئینگلیز، کە پارەیان بە عێراق دەدا تا خوێنی کوردی پێ شەلاڵ بکەن. جەلال تاڵەبانیش وەکو نوێنەری شۆڕش هەڕەشەی دەکرد، دەیگوت جەنگی بەعسی دژ بە کورد ڕەفتارێکە هاوشێوەی کۆمەڵکوژی جووەکان بە دەستی هیتلەری نازییەوە. تاڵەبانی دەیگوت: بۆئەوەی لەنێو نەچین، ئامادەین هاوکاری لەگەڵ هەموو لایەک بکەین، تەنانەت لەگەڵ شەیتانیش[١].

لە مانگی تەمووزی ١٩٦٣ وڵاتی مەنگۆلیا سکاڵایەکی پێشکەشی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی عێراق کرد، داوای کرد ڕێگە لە عێراق بگرێ لە قڕکردنی کورد. لە هەمان کاتدا لە مۆسکۆ خۆپیشاندان کرا دژی عێراق و سیاسەتە دژەمرۆییەکانی لە هەمبەر کورد. لە کاتێدا ساڵح مەهدی عەمماش وەزیری دەرەوەی عێراق، هێرشەکانی سوپای عێراقی بە سەیران و خۆشی ناودەبرد لە شیمال. ڕادیۆی مۆسکۆ هێرشی توندی کردە سەر ئەمریکا و بەریتانیا چونکە پشتیوانی حکومەتی عێراقیان دەکرد بە هەموو شێوەیەک. مۆسکۆ هۆشداری دایە باڵوێزی عێراق لە وڵاتەکەی، کە واز لە کوردکوژی بهێنێت. بەڵام لە پڕێکدا سیاسەتی وڵاتان گۆڕا و مەنگۆلیا سکاڵاکەی لە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان کێشایەوە. دەرکەوت کە مەنگۆلیا لەژێر فشار و هەڕەشەی وڵاتە عەرەبییەکان پەشیمان بووەتەوە[٢].

هاوینی ١٩٦٣ یەکێک بوو لە پڕکارەساترین سەردەمەکانی گەلی کورد لە باشوور، حکومەتی بەغدا بڕیاری جەنگی چارەنوسسازی دابوو، کە ئیتر شۆڕشی کوردستان لەبارببات. وەکو باسمان کرد، سوپای عێراق سەرەنجی تەواوی لەسەر بارزان بوو، چۆن بگاتە چیای پێرس و لەوێشەوە بارزان بگرێت. لەبەر ئەوە،

(١) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی، کۆبەرهەم، لا١٥٢.
(٢) سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥٣-١٥٤.

هەمــوو بەرەکانــی دیکــەی جەنگــی فەرامــۆش کردبــوو. ســوپا بــە یــاوەری پێنــج هــەزار جــاش بــەرەو ســەری ئاکــرێ هەنگاویــان نــا، پێــش ئــەوەش فڕۆکــە عێراقییــەکان لەجــۆری مێگــی ڕوســی و هەنتــەری بەریتانــی ناوچەکەیــان بــە خەســتی بۆردومــان کــرد، دواتــرش تۆپهاوێــژەکان "مدفــع" بســت بــە بســتی چیــای ئاکرێیــان ســوتاند. دەســگرتن بەســەر چیــای ئاکــرێ گرنگییەکــەی لەوەدابــوو، بۆئــەوەی بگــەن بــە چیــای پێــرس و لەوێشــەوە بــەرەو بــارزان، لــە نێوانیشــیان دەبوایــە دۆڵــی نەهلــە داگیربکــەن. بەهــۆی ئــەو بۆردومانــە ســەختەی لــە ســەریان بــوو، پێشــمەرگە ناچاربــوون بگەڕێنــەوە دواوە، ئەوجــارە چیــای پێــرس بکەنــە هێڵــی بەرگــری، ئــەو پاشەکشەشــیان ئــاوا بــە ئاســانی نەبــوو، ژمارەیەکــی بەرچاویــان لــە ســەربازانی عێــراق و جــاش کوشــت. لیوایەکــی دیکــەی ســوپا نیــازی هەبــوو بــەرەو مێرگەســور هەنــگاو بنــێ. مســتەفا بارزانــی کــە بــارەگای خــۆی لــە برادۆســت دانابــوو، بڕیــاری دا بــەرەو چیــای پێــرس بەهێزێکــەوە بێتــە پێشــەوە. بارزانــی پلانێکــی ئامادەکــرد، هێزێکــی لــە پشــت چیــای ئاکــرێ بســوڕێتەوە لــە دوژمــن، چیــای ســپیلکیش قایمــتر بکرێــت و ســوپای عێــراق گەمــارۆ بــدات. ســوپای عێــراق هەمــوو جیهــان چەکــی پێــدەدا و هەمــوو هاوکارییەکــی لۆجیســتی دەکــرا، پێشــمەرگەش جگــە لــە چەکــی ســوك و چیــاکان هیچــی تــری نەبــوو.

ڕۆژی ٢٥ی یۆنیۆ/حوزەیرانــی ١٩٦٣ ســوپای عێــراق بــێ ویژدانانــە کەوتــە پەلاماری چیای پێــرس، فرقــەی یــەک و لیــوای چوار لە فرقــەی دوو و هەزاران جاش، بەشــداربوون لە جەنگ. جیــاوازی لەوەدابــوو، کــە پێشــمەرگە بــۆ پرســێکی ڕەوا و حــەق دەجەنــگا، بــەڵام ســەربازی عێراقــی لەســەری ســەپێندرابوو، جاشــەکانیش بــۆ مــاڵ و سامان هاتبــوون و جگە لــە ناپاکی هیــچ پرەنســیپێکی دیکەیــان نەبــوو. فڕۆکــەکان لــە ئاســمانەوە گوندەکانیــان ئاگــر تێبــەردا، تەنانەت دەســتیان لە مەڕومالات نەپاراســت. دوای پێشــڕەویکردنی ســوپا و جاش، هێزەکانی پێشــمەرگە لێیان هاتنە دەســت، لە ســێ بەرەی جەنگ لە چیای پێرس شکســتیان بە ســوپای عێــراق هێنــا و ناچاریــان کــردن ڕابکــەن و چەندیــن تەرمیــش لــە دوای خۆیان بەجــێ بهێڵن. ســوپا لــە هەریــەک لــە هەیبەت ســوڵتان و چیای ســپیلک پێشــڕەوی کــرد، بەشــێکی گەورەی ســوپای عێــراق لــە خەلیفان لە لایــەن پێشـــمەرگەوە گەمارۆدرابــوون، زۆری نەمابــوو خۆیان بدەنــە دەســتەوە بەهــۆی برســێتی و تینوێتــی، بــەڵام جاشــەکان زوو بــە دەمیانــەوە چوون و

ڕێگەیـان بـۆ خـۆش کـردن تاوەکـو هاوکاریـان بۆ بچێـت و لـە گەماڕۆکـە ڕزگاریان بکـەن[١]. سـوپا بەهـاوکاری جاشـەکان توانـی چیای سـپیلک و کـۆڕەک و گەلی عەلی بـەگ داگیربکات و پێشـمەرگەش بـۆ هاودیـان و برادۆسـت پاشەکشـەی کرد.

پـاش ئـەو نیمچـە سـەرکەوتنانەی کـە سـوپای عێـراق تۆمـاری کـرد بەسـەر پێشـمەرگە، ئەوجارە پلانێکی گەورەیان داڕشـت بۆ پەلاماردانی بارزان. لە پاش هێرشـی ئاسمانی خەسـت و تۆپهاوێـژەکان بـۆ سـەر چیای پیرس، جاشـەکان بـە ژمارەیەکی زۆرەوە لەگەڵ سـوپای عێراق پێشـڕەوییان کـرد تـا لـە ڕووبـاری نزیـک گونـدی بلێ پەڕینـەوە، جاشـەکان دابەش بـوون بۆ سـەر هـەردوو بـەری ڕووبارەکـە. ڕۆژی ٤ی ئەیلوولـی ١٩٦٣ دوای بۆمبارانی زەوی و ئاسـمان بـۆ سـەر بـارزان، هەفـت هـەزار جـاش لەگـەڵ سـوپا هەنگاویـان هەڵهێنا بـۆ بـارزان. خودی مسـتەفا بارزانـی فەرماندەیـی جەنگێکـی جانفیدایی گرتە ئەسـتۆ. لە پێکدادانێکـی بێ وێنەدا گەورەترین سـەرکەوتنیان بەسـەر جاش و سـوپا بەدەسـتهێنا. دواتر لە چەمی ڕێزانیش هەمان شکسـتیان بـە سـوپا و جـاش هێنـا. لـە کاتێکـدا کـە پێشـمەرگە کێشـەی کەمیـی تەقەمەنـی هەبـوو، مسـتەفا بارزانـی شـاعیری گـەورەی کـورد هـەژاری موکریانـی کـە پێشـمەرگەیەکی بەجەرگـی شـۆڕش بـوو، ڕاسپارد تاوەکـو هـەوڵ بـدات چـەک و تەقەمەنـی پەیـدا بـکات یان بیانکڕێت، ئەویش بەو ئەرکەی خۆی هەسـتا و لەگەڵ هەندێ سـەرۆکجاش کە هاریکاربوون لەگـەڵ شـۆڕش، ڕێککەوت بۆ بەدەسـتهێنانی پێداویسـتی چـەک و تەقەمەنی بـۆ تەواوکردنی سـەرکەوتنەکان. ئەوەبوو لە گوندی هۆسـتانیش بە هەمان شـێوە سـوپای عێراق پاشەکشـەی کـرد دوای ئـەوەی شکسـتی هێنـا بەرانبەر پێشـمەرگەی پاڵـەوان و جانفیدا.

لــە "ئیبراهیــم فەیســەڵ ئەنســاری" فەرمانــدەی فرقــەی دووی ســوپای عێــراق دەگێڕنــەوە، کــە دەیگــوت "بەداخــەوە بــۆ ئێمــە کــە کەوتووینەتــە گیانــی ئــەو پاڵەوانانــە و دەیانکوژیــن، دەبــا وازیــان لــێ بهێنیــن". دوایــن جەنگیــش کــە سـەرکەوتنێکی گـەورەی پێشـمەرگەی تۆمارکـرد بەسـەر دوژمنـان، جەنگـی مێرگەسـور بـوو، کـە ئیبراهیـم ئەنسـاڕی خـۆی فەرماندەیـی سـوپای عێراقـی دەکـرد. تـەواوی تیپـە سـەربازییەکەی سـوپای عێـراق لەناوچـوو، ١٢٠ تەرمیـان دوای خۆیـان جێهێشـت،

(١) سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٧-١٠٨.

لــە ڕیــزی پێشــمەرگەش یــەک شــەهید و ٢٠ برینــدار کەوتنــەوە. خــودی ئیبراهیــم ئەنســاڕیش کەوتبــووە دەســتی پێشــمەرگە، بــەڵام نەیانناســیبووەوە. پێشــمەرگەش لــە لایــەن بارزانــی مســتەفاوە فەرمانیــان پێکرابــوو کــە دیلــەکان یەکســەر ئــازاد بکــەن[١]. ئــەوە ڕەوشــتی بــەرزی پێشــمەرگە و ســەرکردایەتییەکەی بــوو، کــە لەژێردەســتەیی دەناڵێنــن، لــە بەرانبــەردا ســوپای عێــراق خەڵکــی ئاســایی کوردیــان دەســگیردەکرد و ئەشــکەنجەیان دەدان تاوەکــو شــوێنی پێشــمەرگەیان بــۆ ئاشــکرا بکــەن، ئەوەیــە ڕەوشــتی نامــەردان کــە خاوەنــی هێــزو ســوپان و بوونەتــە دەســەڵاتدار بەســەر کــورد.

لـە چیـای مەتیـن، سـوپای عێـراق کـە تیپێکـی سـوپای سـوریای ناردبـوو بـە فەرماندەیی فەهـد ئەلشـاعر، لـە جەنگێکـی بـێ وێنـەدا پێشـمەرگە بـۆ مـاوەی ٤٥ ڕۆژ بەرگرییـان کـرد، دواتـر دوژمـن دەسـتی بەسـەر چیاکە داگرت کە کـلیلی ناوچـەی بادینانە. بەڵام لـە ئێوارەی ٤-٥ی ئۆکتۆبەر/تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٣ پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە جەنگێکـی قارەمانانـە تاوەکـو بەرەبەیـان هەمـوو هێزەکانـی تیپـە سـەربازییەکەی سـوپای سـوریای ڕاونـا و چیـای مەتینـی لـە دوژمـن پـاك کـردەوە. سـەدان سـەرباز و جـاش لـە شـەڕەکەدا کـوژران، بـەڵام پێشـمەرگەش ٣٦ شـەهید و ٧٨ برینـداری هەبـوو. دوای ئـەوەش هـەردوو چیـای هندرێـن و زۆزک لـە دەسـتی سـوپا هێنرانـە دەرەوە، شـیوعییەکان ڕۆڵـی زۆر گرنگیـان تێـدا گێـڕا. ئەو سـەرکەوتنە مەزنانـە دەنگیـان دایـەوە لـە هەمـوو بسـتێکی کوردسـتان. شـەقامی عێراقـی شـلەژا و ناکۆکـی لـە نێـوان حکومەت و سـوپای عێراق دروسـتبوو[٢]، بەڵام لایەنـی مەکتەبی سیاسـی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان بـە سـەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد بێدەنگـی هەڵبژارد و لـەو سـاتەوەختە جەرگبـڕە بـە دەم داواکارییەکانـی سـەرکردایەتی شـۆڕش نەچـوو کـە بـۆ هێـزی پێشـمەرگە داوای کۆمەکیـی کردبـوو.

پێویسـتە ئـەوەش بگوترێـت، هەموو ئەو وڵاتانەی کە بانگەشـەی ئایدیای بەرز و پرانسـیپی مرۆییـان دەکـرد، بۆنـی نەفتـی عێراق ووڕی کردبـوون. وڵاتـی کۆمونیسـتی "چینـی میللـی" لە بەیانێکـدا پشـتگیری عێراقـی کـرد و دژی جووڵانـەوەی کورد وەسـتایەوە. حزبی شـیوعی عێراق

(١) سەرچاوی پێشوو، لا ١١٣-١١٤.

(٢) هەمان سەرچاوە، لا ١١٤-١١٦.

لە وەڵامێکدا ئەو هەڵوێستەی وڵاتی چینی پرۆتستۆ کرد و پێی ڕاگەیاندن ئەوە دژی ئەو ئایدیا و هزرانەیە کە سەرکردەکانی چین بۆ ئازادی نەتەوەکان بانگەشەی بۆدەکەن. وڵاتی پاکستان کە ساڵانە هەزاران کەس لە برسان ناڵەیان دەهات و دەمردن، کەچی هەزاران گوللە تۆپی بە دیاری بەخشیە بەغدا بۆ جەنگی دژبە کورد. بەریتانیا بەردەوام بوو لە پێگەیاندنی فڕۆکەوانانی عێراقی و ئامادەکردنیان بۆ بەرەکانی جەنگ دژی کورد. لە ٢٦-٧-١٩٦٣ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کە ئەوسا کۆنراد ئادێناوەر ڕاوێژکار بوو، پازدە ملیۆن مارکی ئەڵمانی وەکو کۆمەک دایە عێراق. لەگەڵ ئەو هەموو پشتیوانییە دارایی و سەربازییەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بۆ ڕژێمی تازەپێگەیشتووی دژەمرۆڤی بەعسی بەغدا، کەچی نەیانتوانی کڵپەی شۆڕش خامۆش بکەن، بگرە بە گوڕ و تینی زۆرترەوە تەشەنەی دەکرد[١].

لەولاوە جەمال عەبدولناسر دژی بەعسییەکان وەستایەوە، ئەویش نەک لەبەر خاتری کورد، بەڵام سودیشی بۆ کورد هەبوو. وادیار بوو عەبدولناسر لە بەعسییەکان گەیشتبوو، هەستی کردبوو کە کەسانی بەدڕەوشت و لادەر و پاتاڵن و پەروەردەی سەر شەقامەکانن. عەبدولناسر لە ٢٤-٧-١٩٦٣ ڕایگەیاند کە دۆستایەتی لەگەڵ بەعسی فاشیست ناکرێت. بەعسییەکان لە بەرانبەر عەبدولناسر دۆخیان خراپ بوو، چونکە ناوبراو بۆ یەکگرتنی خاکی عەرەب هەڵوەشاندنەوەی هەموو حزبێکی سیاسی بە مەرج دانابوو. لە لایەکی تر، بەعس و عارف دووچاری شکست بوون لە هەموو بەرەکانی جەنگ، حکومەتی عێراق کەنەفت و شلەژابوو. میشێل عەفلەقی دامەزرێنەری بەعس خۆی گەیشتە بەغدا بەڵکو چارەسەرێک بۆ دۆخەکە بکات. عارف لەوپەڕی لاوازی خۆی دەدیتەوە، بۆیە دەستی کرد بە ئەنجامدانی کودەتایەک و بەعسییەکانی لە دەسەڵات هەڵتەکاند[٢].

بە ئاشکرا دەبینرێت کە ئەوانەی دەیانەوێ حوکمی عێراقی دروستکراوی دەستی بەریتانییەکان بکەن، هیچ وێژگێکی دەسەڵاتداریێتی ژیر و شارستانانەیان نەبوو، بەڵکو گروهێکی کودەتاچی و مافیایی بوون، خوێنگەرم بوون بۆ دەسەڵات و بەس. ئەوانە هۆکارێک بوون بۆ نەهامەتی دەیان ساڵەی عێراق بە کورد و عەرەبیشەوە.

---

(١) هەمان سەرچاوە، لا ١٥٤-١٥٦.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، لا١٥٧.

## کودەتای عەبدولسەلام عارف بەسەر بەعسییەکان

بەعسییەکان بە تەواوی لەدەست دەرچوو بوون، بە دامەزراندنی هێزی پاسەوانی نەتەوەیی "الحرس القومي" و ژووری لێکۆڵینەوە، بوونە سەرچاوەی تۆقاندن و ئەشکەنجەدانی خەڵکی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی. "نازم گزار" کە بەرپرسی ژووری لێکۆڵینەوە بوو بۆ چاوترساندن و تۆڵەکردنەوە، دڕندەترین شێوازی ئەشکەنجەدانی بەکار دەهێنا. بەعسییەکان لە نێوخۆش ناکۆک بوون، لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا یەکتریان خەڵتانی خوێن کرد. عەبدولسەلام عارف نەتەوەپەرست بوو، بەڵام بەعسی نەبوو. لە ڕێکەوتی ١٨ی نۆڤێمبەر/ تشرینی دووەمی ١٩٦٣ لە کودەتایەکدا بە یارمەتی ئەفسەرانی سوپا، ئەحمەد حەسەن بەکری لادا و بەعسییەکانی دوور خستەوە و بەدوایانەوە بوو تاوەکو یەک بەیەک لەناویان ببات. لە پێکدانانی سوپا لەگەڵ حەرەس قەومی، سوپاکەی عارف توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. عارف تاڕاددەیەک لەژێر کاریگەری جەمال عەبدولناسر بوو، کە ئەویش لەگەڵ پێدانی مافی کوردەکان بوو بە مەرجێک جیابوونەوەی لە عێراق تێدا نەبێت.

دانوستانەکان لەگەڵ کورد دەستیان پێکردەوە، ئەمەش دوای ئەوەی حکومەتی بەغدا تێگەیشت کە بۆی نالوێ بەسەر شۆڕشی کورد سەرکەوێ و چارەسەری پرسی نەتەوەی کورد بە ڕێگەی سەربازی ناگاتە هیچ ئەنجامێک. کورد ئاگربەستی ڕاگەیاند، خەڵکی عێراق شادومان بوون بەو ڕێکارە. "خروشۆف" سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت لە بروسکەیەکدا گوتی: پێشکەوتنی عێراق بە دەستەبەرکردنی مافەکانی کوردەوە بەندە[1]. هەردوو لا گەیشتنە لێکتێگەیشتن، لە ڕێکەوتی ١٠ی فبرایەر/شوباتی ١٩٦٤ ڕێککەوتنێک واژوو کرا، بەڵام بارزانی چاک دەیزانی ئەوە کوشتنی کاتە و بەغدا دەیەوێ خۆی ڕێکبخاتەوە بۆ هێرشی سەربازی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لاری نەبوو لە بەڕێوەچوونی دانوستانەکان و واژووکردنی ڕێککەوتن. لایەنی کوردی پێداگر بوو لەسەر مافە نەتەوەییەکان، لەولاوەش بەغدا دەیویست لە ڕێککەوتنەکە بنوسێت مافی هاوڵاتیانەی کورد! شاندە کوردییەکە، کە جەلال تاڵەبانی ڕۆڵی گەورەی

(١) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی، کۆبەرهەم، لا ١٥٧.

تێداهەبوو، بە پێداگریی بارزانی دەستەواژەی "مافە نەتەوەییەکانی" جێگیرکرد. بەغدا پێداگری دەکرد لە بەدەستەوەدانی چەک و تفاق، بەڵام بارزانی هەرگیز بواری بەوە نەدا. یەکێکی تریش لە مەرجەکانی عارف، ڕادەستکردنی شیوعییەکان بوو کە پەنایان بردبوو بۆ کوردستان و لەژێر سایەی شۆڕشی کوردی گیرسابوونەوە. ئەوەشیان بۆ بارزانی مایەی قبوڵ کردن نەبوو، چونکە لە نەریت و ڕەوشتی کوردان نییە پەنابەران و لێقەوماوان دەربکرێن و ڕادەستبکرێن[1]. ئەوە بەهانەیەکی دایە دەست باڵی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی تاوەکو بارزانی بەوە تۆمەتبار بکەن کە شیوعییەکان داڵدە دەدات و ئۆباڵی شکستی دانوستانەکان بخەنە ئەستۆی.

لە ڕێکەوتی ٤-٤-١٩٦٤ حکومەتەکەی عارف دەستوری کاتی بڵاوکردەوە، تیادا گەلی عێراقی بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب و ئامانجی گەلی عێراقی بە یەکگرتنی نەتەوەی عەرەب لەقەڵەمدا. ئەوەی پێشتر لە دەستورەکەی سەردەمی قاسم هاتبوو لەبارەی هاوبەشێتی کورد و عەرەب لە عێراقدا، هەڵگیرا. عارف لە تەلەڤزیۆنەوە بە شێوازە شەقامییەکەی هاواری دەکرد، کە کورد لە ڕەچەڵەکی عەرەبن و ئەوانەی وا یاخی بوون، بەکرێگیراوی ئیمپیریالیزمن. ئەو سنوربەزاندنەی عارف و حکومەتە شۆڤینییەکەی وای کرد، کە کامل چادرچی سەرۆکی "حزب الوطني الديمقراطي" بێتە وەڵام و پەیامێک بۆ عارف بنێرێت لەسەر پێدانی مافی کورد و جێکردنەوەی لە دەستوری عێراق[2]. لە مانگی ئابی ١٩٦٤ نوێنەرێکی حکومەتی عارف لە چوارتا لەگەڵ سەرانی شۆڕش کۆبووەوە، داوا لە لایەنی کورد کرا زوو چەکەکانیان دابنێن، گوایا تەنها پەرلەمانی عێراق بۆی هەیە دەربارەی مافی کورد بڕیار بدات. سەیرە! وەک ئەوەی عارف سێ کودەتا سەربازییەکەی لەڕێگەی پەرلەمانەوە کردبێت، یان بە پرسی پەرلەمان دەستوری نوێی داڕشتبێت! ئەوانە یاسایان بە دڵی خۆیان دادەڕشت و بێ گوێدانە بۆچوونی کورد، خۆیان دەکردە دادوەر لە پرسی چارەنووسی کورد.

ئا لەو ساتەوە لە عێراقی عارفیدا ڕەوتێکی چالاک لە بەناو خوێنەوارانی عەرەبی

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، الجزء الثالث، ص١٢٨-١٣١.
(٢) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی،... ل١٥٨.

عێراقی دروست دەبن کە بە ئارەزووی خۆیان درۆ بۆ مێژوو هەڵدەبەستن، دیرۆکی هەزاران ساڵەی نەتەوەی کۆنی کورد لەسەر خاکی کوردستان دەشێوێنن. تا زەمانی ئەمڕۆش بەشێکی بێشوماری خەڵکی عێراق پێی وایە کە کورد یان لە ڕەچەڵەکی عەرەبە یانیش هاتووە ئەو ناوچەیەی لە عەرەب داگیرکردووە.

دوای ئەوەی دانوستانەکان وەک ئەوەی بارزانی پێشبینی کردبوو، تەنها بەسەربردنی کات بوو، حکومەتی عێراق دەستی کردەوە بە شەڕ فرۆشتن. هۆکاری گەورە لە پشتی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژمارە زۆرەی نەتەوەپەرستە توندڕەوەکان لە حکومەتەکەی عارف و ئەو ژمارەی زۆرەی ئەفسەرانی سوپا لە ناو وەزارەتەکانی وڵات. ئەفسەرانی پلە بەرزی سوپا، سودی زۆریان دەبینی لە بەردەوامیدان بە جەنگ، چونکە لە گرێبەستی کڕینی چەک و ئیمتیازاتی سەربازی قازانجی زۆریان دەست دەکەوت. بارزانی وەکو هەمیشە، بانگەوازی هەموو لایەکی کرد کە پێشمەرگە دەستپێشخەر نابێت لە شەڕ، بەڵام هەموو ئامادەییەکی دەبێت بۆ وەڵامدانەوەی دەستدرێژی سوپای عێراق. پاش ئەوەی بارزانی شۆڕشی پاکژکردەوە لە دوژمنەکانی ناوخۆ، ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی بۆ شۆڕش لە ٦٣ کەس پێکهێنا. ئەنجومەنەکە لە نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان پێکهاتبوو، لە جوتیار و کرێکار و سەرۆکهۆز و نوێنەری کریستیان و تورکمانەکان. ئەنجومەن یاسایەکی تایبەتی بۆ کوردستان داڕشت، پێشمەرگە بووە هێزی پارێزەر تیایدا. لە ٩-١٠-١٩٦٤ دەسەڵاتی شۆڕش جێگەی دەسەڵاتی ڕژێمی عێراقی گرتەوە لە کوردستان. دوای دوو ڕۆژ بارزانی بروسکەیەکی نارد بۆ حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی تاهیر یەحیا و داوای چەسپاندنی مافی ئۆتۆنۆمی کوردستانی کرد. لە ٣ی دیسێمبەر/کانونی یەکەمی ١٩٦٤ "صبحي عبدالحميد" نامەیەکی نارد بۆ بارزانی و داوای هەڵوەشاندنەوەی لەشکری کوردستانی کرد. بارزانی لە وەڵامدا داوایکرد پێشمەرگە بکرێتە یاساوڵ و هێزی پارێزەری کوردستان، زمانی کوردی بکرێتە زمانی فەرمی کوردستان، ئەو کوردانەی لە ساڵی ١٩٦٣ لە دەوروبەری کەرکووک دەربەدەر کران و عارەبی خێڵەکی لەجێگەیان نیشتەجێ کراون، زوو بگەڕێنرێنەوە ماڵ و حاڵی خۆیان و عەرەبەکانیش بگەڕێنەوە شوێنی پێشتری

خۆیـان، هەروەهـا جاشـەکانیش چـەک بکرێـن. لـە هەمـان کاتـدا باڵـی ئیبراهیـم ئەحمـەد و جـەلال تاڵەبانـی لـە بەغـدا خۆیـان وەکـو نوێنـەری شـۆڕش دەناسـاند، لـە ٥-١٢-١٩٦٤ بروسـکەیەکیان نـارد بـۆ عـارف وەکـو نوێنەرانـی شـۆڕش خۆیـان لەقەڵەمـدا، ڕۆژنامەیەکیشـیان دەرکـرد هـەر بەنـاوی خەبـات[١]. ئەمـە وایکـرد عـارف سـود لـە تابـوری پێنجـەم وەربگرێـت و هەمـوو داخوازییەکانـی کـورد بداتـە دواوە. دوای ئـەوەی شـاندی کـوردی لەگـەڵ عـارف لەسـەر پرسـی گۆڕینـی دەسـتور نەگەیشـتنە هیـچ ڕێککەوتنێـک و حکومەتـی عێـراق بـە ئاشـکرا گوتـی ئێمـە مافـی ئۆتۆنۆمـی بـە هیـچ پارچەیەکـی عێـراق نادەیـن، ئەوسـاکە لـە ١٠-٢-١٩٦٥ سـەرکردایەتی پارتـی داوای مانگرتنـی سەرتاسـەری کوردسـتانی کـرد. مانگرتنەکـە سـەرکەوتوو بـوو، حزبـی شـیوعی و حزبـی کاژیـک پشـتیوانی مانگرتنەکـە بـوون. سـکرتێری حزبـی شـیوعی "عزیـز ئەلحـاج" کـە ئـەو کاتـە لـە هەنـدەران بـوو، ڕایگەیانـد کـە جگـە لـە مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان، هیـچ ڕێکارێکـی دیکـە چارەسـەری کێشـەی کـورد نـاکات[٢].

لـە مانگـی فبرایەر/شـوباتی ١٩٦٥ بارزانـی هەوڵـی دا پەیوەنـدی بـکات بـە وڵاتانـی جیهانـەوە، بـۆ ئـەوەش نامـەی بـۆ هەریـەک لـە سـەرۆکانی وڵاتـی ئەڵمانیـا، ئەمریـکا، بەریتانیـا، فەڕەنسـا، سـەرۆکوەزیری یەکێتـی سـۆڤیەت، سـەرۆکی هیندسـتان و سـەرۆکی میـسر جەمـال عەبدولنـاسر نووسـی. بێجگـە لـە عەبدولنـاسر سـەرجەمیان داواکـەی بارزانییـان پشـتگوێ خسـت. عەبدولنـاسر لـە ڕقـی عـارف پێشـوازی کـرد لـە شـاندێکی کـورد، لـە هەمـان کاتـدا دژی هەڵگیرسـانەوەی جەنـگ بـوو لـە نێـوان کـورد و بەغـدا، چونکـە داوای دەکـرد هێزەکانـی عـەرەب دەبێـت لـە ئـان و سـاتی ئێسـتادا یەکگرتووبـن دژی ئیسرائیـل[٣].

بارزانـی سـوڕ بـوو لەسـەر داواکارییەکانـی، ملـی بـۆ بەغـدا شـل نەکـرد. هێزەکانـی لەشـکری پێشـمەرگەی خسـتە ئامادەباشـییەوە. باڵـی ئیبراهیـم ئەحمـەد کـە بەوەیـان

(١) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی، کۆبەرهەم، لا١٦٢-١٦٣.
(٢) سەرچاوەی پێشوو، لا١٦٣-١٦٤.
(٣) هەمان سەرچاوە، لا١٦٥.

زانـی بارزانـی ناکەوێتـە ژێـر بـاری بەغـدا و لـە مافـە نەتەوەییـەکان سـڵ ناکاتـەوە، هـەر بۆیـە خێـرا نامەیەکیـان بـۆ بارزانـی نووسـی و داوای لێکنزیکبوونەوەیـان کـرد. بـەڵام بارزانـی پێداگـر بـوو لەسـەر ئـەوەی کـە دەبێـت بـە نووسراوێکـی فەرمـی داوای لێبـوردن بکـەن و دان بنێـن بـە ناپاکـی لـە بەرانبـەر شۆڕشـی کـورد. ئـەو ڕووداوە بـووە هـۆی لێکترازانـی کـورد لـە هەندەرانیـش، یەکێتییەکانـی قوتابیـان و ڕێکخراوەکانـی کـورد دووچـاری دژکاری یەکـتر بوونـەوە.

جارێکـی تـر سـوپای عێـراق هێرشـی هێنـا. سـاڵی ١٩٦٥ پـڕ بـوو لـە جەنگـی بچـووک و مـەزن کـە هەمـوو خاکـی کوردسـتانی گرتـەوە. گرنگترینیـان جەنگەکانـی چیـای سـەفین و پیرەمەگـرون و قـەرەداغ و ئەزمـەڕ و چوارتـا و زەنبـور و بـەرەی ڕوانـدوز و کێـوەڕەش بـوون. گەرچـی هێـزەکان نابەرابـەر بـوون، بـەڵام پێشـمەرگە توانـی لـە زۆربـەی بـەرەکان سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنێـت، بـە تایبـەت لـەو ساتەش کـە حکومەتـی شـای ئێـران بـە تـەواوی گەیشـتە ئـەو بڕوایـە کـە شۆڕشـەکەی بارزانـی ڕەگـی تونـدی داکوتیـوە و چیـتر کوردەکان ئەوەنـدە پارچـە پارچـە نیـن وەکـو سـەردەمی پێشـوو. بارزانـی بـە کاریزمـا و کەسـایەتی تونـدو پتـەوی خـۆی توانـی زۆربـەی هـۆزە کوردییـەکان کۆبکاتـەوە و بیـری نەتەوەییـان تیایـدا ببزوێنێـت.

جێگـەی باسـکردنە، لـە یەکێـک لـە بەرەکانـی جەنـگ، مەبەسـت بـەرەی کێوەڕەشـە، لە کاتێکـدا پێشـمەرگە خەریکـی جەنـگ بـوو لـە بـەرەی ڕوانـدوز، سـوپای عێـراق بـە هەلـی زانـی پەلامـاری کێـوەڕەش بـدات و لـە لایەکـی تـر فەرماندەیەکـی پێشـمەرگە بـووە هـۆی ئـەوەی سـوپا سـەرکەوتوو بێـت، پێشـمەرگەش تـا گوندەکانـی بنـاری مامەنـد و هەڵشـۆ پاشەکشـە بـکات. دوای ئـەوەش چیـای قـەڵادزێ کەوتـە دەسـت سـوپای عێـراق، عەبدولسـەلام عـارف خـۆی هاتـە ناوچەکـە بـۆ پیرۆزبایـی کـردن و سـەرکەوتن بەسـەر پێشـمەرگە. لـە وتارێکـی ناشایسـتەدا عـارف دەڵێـت: ئـەوە خاکـی عەرەبـە ئـەوەی ڕازیـش نییـە بـا سـەری خـۆی هەڵگرێـت. ئـەوە سیاسـەتی ئـەو حکومەتـە شـۆڤێنییە بوو کـە خاکـی کوردانـی بـە خاکـی عـەرەب دەزانـی، بۆیـە تـا ئەمـڕۆش ئـەو وڵاتـەی نـاوی عێراقـە ئارامـی و ئـازادی بەخۆیـە نەدیـوە. وڵاتێـک لەسـەر بنچینـەی نکۆڵیکـردن لـە مافـی گەلـی کـورد

دروست بوو‌بێت هەرگیز ئارام نابێت. شۆڤینییەکان، نەک هەر ئەفسەرانی سوپا و کەسایەتی حکومی، بەڵکو ئەوانەی خۆیان بە ڕۆشنبیر و خوێندەوار دادەنا، وێنایەکی مێژوویی وا درۆیینیان لە هزری عەرەب دروستکردبوو، کە خاکی عەرەب دەگاتە ئەسکەندرۆن و دیاربەکری باکووری کوردستانیش. ئەو جۆرە سەرکێشییە بێجگە لە ماڵوێرانی هیچی تری بۆ عێراق نەهێنا.

شایانی ئاماژەیە، حکومەتی عێراق ڕێگەی بە هەموو جۆرە ئامرازێکی سەربازی دژە مرۆڤایەتی دا بوو بۆ خاپوورکردنی کوردستان. سوپای عێراق سیاسەتی "خاکی سوتێنراو"ی پەیڕەو دەکرد، هەموو گوندێکی کوردستانی دەسوتاند و هەموو مەرجێکی ژیانی لێ سڕ دەکرد. بێجگە لە ئابلۆقەی ئابووری، ڕێگە نەدان بە گەیشتنی هیچ داوودەرمانێک بۆ کوردستان، بەکارهێنانی هەرچی چەکی بەردەستی ئەوسا کە کوشندەیە دژی خەڵکی بێ تاوانی کورد. بارزانی لە ڕێکەوتی ١-١-١٩٦٦ پەیامێکی نارد بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرژمێری تاوانەکان و کوشتن و خاپوورکردنی ٢٦٨ گوندی گەیاندە کاربەدەستانی ڕێخکراوەکە. داوای لێکردن کە لیژنەیەک بنێرن و بەچاوی خۆیان ببین کە عێراق چ ڕەفتارێکی نامرۆڤانە دژی گەلی کورد جێبەجێ کردووە. لە ڕێکەوتی ٣-١-١٩٦٦ وەزیری جەنگی عێراق "ئەلعوقەیلی" گوتی: ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا یارمەتی جەردەکان دەدەن تاوەکو ئیسرائیلێکی نوێ لە شیمالی عێراق دروست بکەن، هەروەک چۆن لە ساڵی ١٩٤٨ ئیسرائیلیان دامەزراند(١). ئەو قسە نەشیاوە بووە کاڵایەکی بەهەرمێن بۆ سەرانی سیاسی عێراق، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش کوردستان بە ئیسرائیلی دووەم لە قەڵەم دەدەن و مێشکی عەرەبی نەزانی عێراقی دژی گەلی کورد پێ جۆش دەدەن. بە ئیسرائیلدانانی کوردستان لێدانێکی نامەردانە بوو لە گەلی کورد بە درێژایی شەست ساڵی ڕابردوو. تەنانەت لە سەردەمی نوێدا نوری مالیکی سەرۆکوزیرانی عێراق لە سەروبەندی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەمان قسە دووبارە دەکاتەوە و کوردستان بە ئیسرائیل دەچوێنێت.

(١) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی، کۆبەرهەم، لا١٦٨-١٦٩.

## درزکەوتنە نێو ڕیزەکانی شۆڕش

سەرکەشی کردن و خستنە مەترسی چارەنووسی میللەتێک مایەی لێخۆشبوون نییە و مێژوو لەیادی ناکات، جا ئەو کەسە هەر پلە و پایەیەکی هەبێت. بارزانی لەسەر ئەرزی واقیع بۆ هەموو لایەکی سەلماندبوو کە تاکە سەرکردەی مەیدانی شۆڕشە، ئەوەندەی لایەنەکان کۆکبوون لەسەر ئەو، لەسەر هیچ کەسایەتییەکی دیکە کۆک نەبوون، باڵەکەی ئیبراهیم ئەحمەد بە گەواهیدانی هەریەک لە سەرکردە مەزنەکانی وەکو "کەریم ئەحمەد" و "عەزیز محەمەد " و بیرمەندی وەکو جەمال نەبەز و چەندانی تر، بە کەڵکی ئەوە نەدەهاتن جڵەوی شۆڕش بگرنە دەست. لە لایەکی دیکەش تاوانبارن لە ئاست ئەو پشێویەی کە دروستبوو لەنێوان مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیدا. دوای ئەوەی کەریم ئەحمەد دەچێتە لای بارزانی بۆئەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ بەیەکگەیاندنی هەردوولا بدۆزێتەوە و نەهێڵێت درز بکەوێتە ناو جەرگی شۆڕش، بارزانی گوتی: فەرموو ئەوەتا ئەوان بێ ئاگاداری من، منیان لە سەرۆکایەتی حزب سڕکرد و بە ئارەزووی خۆیان بڕیار دەردەکەن. کەریم ئەحمەد لە درێژەی قسەکانی دەڵێت، بارزانی هێزێکی ئامادەکرد و کەوتە دوایان، ئەوانیش تا ناو خاکی ئێران ڕایان کرد. دەبێت ئەوە بگوترێت، کە زۆرینەی ڕەهای پێشمەرگە و کوردستان لەگەڵ سەرکردایەتی بارزانی بوو، جگە لە گروپێک نەبێت کە حەزی دەسکەوتنی دەسەڵاتیان هەبوو و تینوێتی بۆ دەسەڵات و ڕقوکینەیان بەرانبەر سەرکردایەتی شۆڕش وایلێکردن بکەونە بەربەرەکانێ و هەوڵ بدەن خۆیان بکەنە شۆڕەسواری شۆڕش کە لە ڕاستیدا لە توانایان دا نەبوو ئەو ئەرکە قورسە بگرنە ئەستۆ، چونکە ئەوانە لای هێزەکانی کوردستان متمانە و کاریزمایان نەبوو، وەک ئەوەی بارزانی هەیبوو. بەداخی زۆرەوە کە تا ڕۆژانی ئەمڕۆمان هەمان دەرد بەرۆکی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان بەرنادات. ئیبراهیم ئەحمەد نووسەر و ڕۆشنبیری نەتەوەیی بوو، بەڵام هیچ توانایەکی سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی سیاسی و سەربازیی نەبوو. ئەگەر ئیبراهیم ئەحمەد ئەرکی خۆی وەکو نووسەری نەتەوەیی بە تەواوی بەجێ بهێنایە و دەستی نەخستبا ناو فەرماندەیی و کاری مەیدانیی

شۆڕش، دوور نەبوو هاوکێشەکان بەجۆرێکی دیکە بگۆڕێن کە زێتر لە قازانجی کورد بێت. مرۆڤ پێش ئەوەی کارێک بکات پێویستە خۆی بناسێت و بە پرەنسیپی "نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب"، هەڵسوکەوت بکات.

ناوودەنگی بارزانی گەیشتبووە وڵاتانی عەرەب و ڕۆژئاواش. بێجگە لە پەیوەندییەکانی ئێران، هەریەک لە بەریتانیا و دەسەڵاتی پاشایەتی ئوردنیش پەیوەندییان کرد بە بارزانی. وڵاتان گەیشتبوونە ئەو ڕایە کە بەبێ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد توانای گۆڕانی سیاسی لە عێراق ئەستەمە. بارزانی مستەفا ئەو سەرکردە پۆڵایینەی شۆڕش بوو کە بتوانێت ئەو ڕوانگەیە دروست بکات سەبارەت بە کورد. ئەگەر ئەو نەبوایە، دەمێک بوو بزووتنەوەی سیاسی کورد لە هاوڕکی و ڕکابەریکردن و دوژمنداری کردنی یەکتر خۆی لەناوبردبوو. مێژووی کورد پڕیەتی لە بەربەرەکانێی نێوان هۆزەکان و لەناوچوونی ئەو هەموو توانا زۆرەی کوردانی ئازا. ئەوە مستەفا بارزانی بوو دەیویست سنورێک بۆ بەربەرەکانێ دابنێ، جا ئەگەر بە زەبری هێزیش بێت.

ئەوەتا شاعیری گەورەی عەرەب محەمەد مەهدي ئەلجەواهیری، دوای هۆنینەوەی قەسیدەیەک لەسەر کورد و کوردستان و پێداهەڵگوتنی، بەو شێوەیە باسی بارزانی دەکات: "کان البارزاني کل الکرد، فلیکن کل کردي هو البارزاني - واتە بارزانی هەموو کورد بوو، با هەموو کوردێک خودی بارزانی بێت".

با سەرەنجێک بدەینەوە جەمال نەبەز وەکو گەواهیدەرێکی ناو ڕووداوەکان، کە دەڵێت: ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بە دەرفەتیان زانی ڕێککەوتنی نێوان عارف و شۆڕش بکەنە کەرەستەیەک بۆ ناوزڕاندنی بارزانی و بە خائین و ناپاک تاوانباری بکەن. وەک گومان بارزانی خۆی متمانەی بە ڕێککەوتنەکە و بەڵێنەکانی عارف نەبوو. ئەوەبوو وەک ئاماژەمان پێدا، باڵی ئیبراهیم ئەحمەد لە ماوەت کۆنگرەیەکیان لە ٩-٤-١٩٦٤ گرێدا، تیایدا ڕێککەوتنی نێوان عارف و بارزانییان ڕەتکردەوە، جگە لەوەش مستەفا بارزانییان لە سەرکردایەتی شۆڕش سڕکرد. کێشەکە ئەوە بوو، لە لایەکەوە عارف بەڵێنەکانی سەبارەت بە مافی کورد نەدەهێنایە دی، لە لایەکی دیکەش باڵی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی بەردەوام خەریکی پڕوپاڵانتە دژ بە

بارزانی بوون و بە میللەت فرۆش ناوزەندیان دەکرد. لە ڕێکەوتی ٣٠ی مارس/ئاداری ١٩٦٤ حزبی "کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەی یەکێتیی کورد -کاژیک[١] بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، تیایدا هاتبوو کە کێشەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هەمان کاتدا ڕەتی کردەوە کە بارزانی خائین بێت یان بەکرێگیراوی بێگانە بێت. هەروەها بە توندی ڕەخنەی لە دەستورەکەی عارف گرت و داوای کرد کە کورد متمانە بە حکومەتەکەی عارف نەکەن[٢].

دیارە هەوڵەکان بۆ نزیککردنەوەی گروپی مەکتەبی سیاسی و بارزانی بێ سوود بوون، لە ئەپریلی ١٩٦٤ پاش نێوەندگیرییەکان لە ڕێگەی زۆر کەسایەتییەوە، بارزانی داوا دەکات تاڵەبانی و گروپەکەی بە نووسراو داوای لێبوردن بکەن و دووبارە داوای متمانە پێدانەوە بکەن. لایەنەکانی تر داوای کۆبوونەوەی گشتییان کرد بۆئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێن. بارزانی لە ١٠-٦-١٩٦٤ ڕایگەیاند کە زۆرجار بانگی هەمووانی کردووە بۆ ئەنجامدانی کۆنگرەیەک تاوەکو گرفتەکان چارە بکرێن، بەڵام بە دەنگییەوە نەهاتوون.

عارف ئەو ناکۆکییەی نێوخۆی شۆڕشی هەڵقۆستەوە و ویستی زێتر ئاگرەکە خۆش بکات. لە ١٣-٦-١٩٦٤ لە ڕۆژنامەی Lo Monde چەند وتەیەکی بڵاوکردەوە، تیایدا هاتبوو: کوردی عێراق وەکو هاونیشتمانییە عەرەبەکانیان موسوڵمانن. ئێمە ڕێز لە مافەکانیان دەگرین، دەتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن، ژمارەیەکی زۆر کاربەدەستانی وڵات لە شیمال کوردن. ئیدی چیتریان گەرەکە؟ لەگەڵ بارزانی سەرۆکیان ڕێککەوتووین، بەڵام ئەندامانی پارتی دیموکرات بازرگانی شەڕن و جاسوس و بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمن[٣]. ئەو وتانەی عارف تەڵەکەبازی و قوڵکردنەوەی ئاشوب بوو لە نێوەخۆی کوردستان، بەهانەیەکی دایە باڵی تاڵەبانی پەیامی دژ بە بارزانی بڵاوبکەنەوە.

---

(١) کاژیک: کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد، لە لایەن دەستەیەک لە ڕۆشنبیرانی کوردەوە لە ساڵی ١٩٥٩ دامەزرا کە دیارترینیان، جەمال نەبەز، کامیل ژیر و ئەحمەد هەردی بوون.

(٢) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی،.. لا ١٥٩.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦٠.

لـە مانگـی یۆلیۆ/تەمـووزی ١٩٦٤ پارتـی دیموکـرات شەشـەم کۆنگـرەی خـۆی گرێـدا، لەوێـدا ١٤ ئەندامـی سـەرکردایەتی حـزب دەرکـران، لەوانـە: ئیبراهیـم ئەحمـەد، جـەلال تاڵەبانـی، عومـەر دەبابـە، حیلمـی عەلـی شـەریف، عەلـی عەبـدوڵا، نـوری شـاوێس و هـی تریـش. لـە مانگـی ئۆگوسـت/ئابی هەمـان سـاڵ، باڵـی دەرکـراو، بەیاننامەیەکیـان بڵاوکـردەوە، دووبـارە بارزانییـان وەکـو بەکرێگیـراوی ئیمپریالیزم و پشـتیوانی کۆنەپەرسـتان لەقەڵەمـدا، گوایـە بڕیـاری داوە لەگـەڵ عـارف پێشـمەرگە هەڵوەشـێنێتەوە و شـۆڕش لـە ناوببـات. لـە وەڵامـدا بارزانـی لـە گوتەیەکـدا بـۆ پەیامنێـری Neue Zurcher Zeitung گوتـی: "سـەرکردە کۆنەکانـی پارتـی بـەلای نیشـتمانپەروەرانەوە ناپـاک بـوون، ئەوانـە جـەردە و خوێنڕێـژ بـوون، زۆر سـتەمیان لـە میللەتەکـە دەکـرد و پـارەی شـۆڕشـیان دەدزی و بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بەکاریـان دەهێنـا. زۆرجـار بـە ئـاگام هێنانـەوە، بـەڵام سـودی نەبـوو، بۆیـە ناچاربـووم هەڵوێسـت لـەو بـارە بنوێنـم".

باڵەکـەی مەکتەبـی سیاسـی پێـی وابـوو بـەو زووانـە کۆتایـی بـە بارزانـی دەهێنـن، بـەڵام لەیادیـان کردبـوو کـە بارزانـی لەشـکری پێشـمەرگەی کوردسـتانی لـە پشـت بـوو، حزبـی شـیوعی عێراقـی لـە پشـت بـوو، کۆمەڵـەی ئـازادی و ژیانـەوەی یەکێتـی کـوردی لـە پشـت بـوو. ئەوەبـوو باڵـی دەرکـراو دەسـتمایە پـوچ بـوون و ناچـار ڕایانکـرد بـۆ هەمـەدان و دواتریـش بـۆ تارانـی پایتەختـی ئێـران. لـەوێ پەیوەندییـان دروسـت کـرد لەگـەڵ دەزگای سـیخوڕی سـاڤاک-ی ئێرانـی. جەمیـل ڕۆژبەیانـی یەکێـک بـوو لـەوان، بـەڵام کـە ئـەو گروپـە ڕوویـان لـە ئێـران کـرد، وازی لـێ هێنـان[1].

وەک دەبینرێـت، یەکێتـی سـۆڤیەت لـە هەمـوو وڵاتێـك زێـتر لـە نـاو پرسـە گەرمەکانـی عێراق بوونـی هەبـوو. ڕۆژنامـەی "پراڤـدا" لـە ڕۆژی ٧ی یەنایەر/کانونـی دووەمـی ١٩٦٦ وتارێکـی لەسـەر بارودۆخـی عێراق بڵاوکـردەوە و داوای لـە ڕژێمـی عێراق کـرد کێشـەی کـورد بەشـێوەیەکی دیموکراسیانە چارەسـەر بـکات. سـەرۆکوەزیرانی عێـراق "بـەزاز" گوتی ئامادەیـن کێشـەی کـورد چارەسـەر بکەیـن، بـەڵام بـە مەرجـی چەکدانـان. باڵـی مەکتەبـی سیاسـی بـە هەلیان زانی بۆئەوەی دیسـان بازرگانی بە دۆسـیەکەوە بکـەن، هەوڵیان دا ڕژێم

(١) هەمان سەرچاوە، لا ١٦٠-١٦١.

رازی بکەن کە ئەوان وەکو نوێنەری شۆڕش ئەژمار بکەن. دەستیان کردەوە بە جنێودان بە بارزانی و وەکو بەکرێگیراوی ئێران ناوزەندیان کرد[١]. عارف و بەزاز بڕوایان بەخۆیان هێنا کە ڕەنگە ئەوە کێشەیەکی سیاسی بێت نەک سەربازی، بۆیە گرنگی زۆریان دا بە باڵی دژە شۆڕش و پەیوەندییان لەگەڵ توندکردن. لە ١٨ی مارس/ئاداری ١٩٦٦ ڕۆژنامەی البلد دەنوسێت: ئەو کوردانەی لە بارزانی جودا بوونەوەتەوە، لە پێش هەموویانەوە جەلال تاڵەبانی ئامادەیی خۆی دەربڕیوە لەگەڵ حکومەتی نیشتمانی ڕێکبکەون کە هێمنی و ئاساییشی شیمال بگەڕێننەوە[٢]. عارف هەرگیز ناوی کوردستانی نەدەهێنا. لە ساڵی ١٩٦٦ گروپەکەی سەر بە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بە ڕاست و چەپ خزانە ناو حکومەتی عێراق و بە ئاشکرا بوونە دژکاری شۆڕش و داردەستی سوپای عێراق.

لەولاوەش، عەبدولرەحمان ئەلبەزاز هەوڵی خۆ نزیککردنەوەی لە وڵاتە عەرەبییەکان و وڵاتانی هەرێمی و بەریتانیا و ئەمریکا دەدا بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی و کۆمەک لە پرۆسە سەربازییەکانی دژی کورد. وڵاتی میسر کە پێشتر لە ساڵی ١٩٦٤ دوازدە هەزار سەربازی بۆ عێراق ناردبوو، ئەمجارە لە ساڵی ١٩٦٦ ئامادەی ئەو جۆرە هاوکارییە سەربازییە نەبوو. هەوڵەکان لەگەڵ تورکیا ئەنجامی باشیان بۆ بەغدا هەبوو، تورکەکان ئامادەبوون سنورەکانیان دابخەن و نەهێڵن هیچ یارمەتییەک بە کوردەکان بگات. بەڵام شای ئێران ئامادەی کردنەوەی بەرەی دژ بە کورد نەبوو لەبەر خاتری بەغدا. حکومەتەکەی بەزاز هەوڵی دا لە ڕێگەی پادشایانی سعودیە و ئوردن و هەروەها ئەمریکاوە باوەڕ بە شای ئێران بهێنێت، بەڵام بێسوود بوو. بەزاز دوای ئەوەی لە هەموو لایەک بێ هیوابوو، ئەنجا بەلای کورد بای دایەوە. پێویستە ئاماژە بدرێت بە هەڵوێستی شیوعییەکانی وڵاتانی عەرەب، لە ئەپریل/نیسانی ١٩٦٦ لە کۆنگرەی کۆمونیستانی عەرەب، نوێنەرانی بەشداربوو بە تێکڕا پێیان وابوو کە شەڕی دژ بە کورد زیانی بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی عەرەب هەیە. کۆنگرەکە داوای لە ڕژێمی عێراق کرد کێشەی کورد بە شێوەیەکی دیموکراتیخواز و ئاشتیانە چارەسەر بکات[٣].

(١) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی، کۆبەرهەم، لا١٧١.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، لا١٧٢.

(٣) ڕۆژنامەی "النهار"، ژمارە ٩٣٤٤، بەیروت، ٢٢-٥-١٩٦٦ وەرگیراوە لە جەمال نەبەز، کوردستان

بەغدا دیسانەوە داوای دانوستانی کرد و چەند نوێنەرێکی ناردە لای بارزانی. سەرکردایەتی شۆڕش بە ڕاشکاوی گوتیان دەبێت جاشەکان چەک بکرێن و هەر ڕێککەوتنێکیش لە داهاتوودا ئەنجام بدرێت، دەبێت لە وڵاتێکی دەرەوەی بۆ نموونە میسر، واژوو بکرێت. بەغدا ئەو داوایەی خستە دواوە بە پاساوی ئەوەی لەگەڵ سەروەری عێراق نایەتە ڕێ. کاتێک عارف و بەزاز لەو کۆششانە بێ ئومێد بوون، دوو ملیۆن دیناریان تەرخان کرد بۆ لەناوبردنی بارزانی بە هەر جۆرێک بێت، بەڵام لەوەشدا سەرکەوتوو نەبوون. جاشەکانیش لەگەڵ عەبدولسەلام عارف ڕێککەوتن تاوەکو بەهاوبەشی هێرش بکەنە سەر پێشمەرگە، بەڵام تەقینەوەی فڕۆکەکەی عەبدولسەلام عارف لە ١٣ی ئەپریل/نیسانی ١٩٦٦ کە بووە هۆی کوشتنی خودی عارف، پلانەکەی هەڵوەشاندەوە. عەبدوللەتیف ئەلدەراجی وەزیری ناوخۆش کە بەڵێنی بە عەرەب دابوو لەم بەهارە کوردەکان ڕادەماڵێت، خۆشی لە فڕۆکەکە سوتا و تیاچوو[١].

دوای لەناوچوونی عەبدولسەلام عارف بە ڕووداوی تەقینەوەی فڕۆکە، عەبدولڕەحمان عارفی برای بووە سەرۆککۆمار، کە کەسێکی شەڕخواز نەبوو، بەڵام خاوەن بڕیاری بەهێز نەبوو و لەژێر کاریگەری ئەفسەرانی سوپا بوو. عەبدولڕەحمان عارف بانگەوازێکی نارد بۆ سەرانی کورد بۆ لێکتێگەیشتن و بەردەوامیدان بە دانوستانەکان. بەڵام سوپا پێداگر بوو لەسەر پلانەکەی کە لەسەردەمی عەبدولسەلام عارف دایاننابوو. لە کۆتاییدا توانیان بڕوا بە عەبدولڕەحمان بهێنن بۆ دەسپێکردنەوەی شەڕ. ئەوە لە کاتێکدا کە سەرکردایەتی کوردستان چاوەڕێی دانوستان بوون.

ئەفسەرانی سوپا لەو بڕوایەدابوون کە ئەمجارە بەهاوکاری گروپە جیابووەکەی سەر بە ئیبراهیم ئەحمەد دەتوانن ئاگری شۆڕش بکوژێننەوە. بەم پێیە سوپا پلانێکی جیاوازتری داڕشت و ناویان نا "توکلت علی اللە"، ئەمجارەیان ویستیان خاکی کوردستان لە ڕێگەی پەلاماری سەربازی بکەنە دووبەش و تاوەکو بتوانن شۆڕشگێڕان لە یەکتر دابڕن، بۆ ئەو مەبەستەش پلانێکیان داڕشت کە سەرەنج

و شۆڕشەکانی،...لا ١٧٣.

(١) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی، لا١٧٤

بخاتە سەر چیاکانی هندرێن و زۆزک. دوای داگیرکردنی ئەم دوو چیایە، دەرگەڵە و دواتریش گەڵاڵە داگیربکەن، دوای ئەوێش دەستیان بگاتە حاجی ئۆمەران کە دوا بارەگای بارزانی تیا بوو[١].

بەزاز لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ڕێکەوتی ٢٢-٤-١٩٦٦ هێرشی توندی کردە سەر کورد و گوتی "یاخیبووەکان لایان وایە وڵاتێک بەو هەموو هێزەوە دەهێننە سەر چۆک! سوپاس بۆ خودا ئێمە گەلێکی بەهێزین، برا عەرەبەکانمان کۆمەکمان دەکەن، سوپایەکی قارەمانمان هەیە، گەر پێویست بێت شەڕی درێژخایەن دەکەین. ئێمە بە کەرتکردن ڕازی نابین، بەڵام هەر داوایەک تایبەتمەندێتی کوردی تێدا بێت ڕەوایە"[٢]. بەزاز جاشەکانی لەخۆی کۆکردەوە، لە ٢٣ی ئەپریل چاوی کەوت بە سەرۆکجاش حاجی برایمی چەرمەگا، کە یەکێك بوو لە ئەندامانی کۆنی پارتی دیموکراتی و سەر بە باڵی تاڵەبانی بوو. عارف بە پشتیوانی تاڵەبانی لە ڕێکەوتی ٢٨ی ئەپریلی ١٩٦٦ ئاشکرای کرد کە ڕژێمەکەی ئۆتۆنۆمی بە کورد نادات[٣].

تیپ و لەشکرە جۆراجۆرەکانی سوپا بە یاوەری ١٥ هەزار جاش هەڵیانکوتایە سەر کوردستان، لە ئاسمانیشەوە بۆردومانی خەست و یەکەی تۆپهاوێژیش لە زەوییەوە دەستیان کرد بە ئاگرباران کردنی هندرێن و زۆزک. ئەوە لە کاتێکدا کە پێشمەرگە بێ ئاگابوو لەو پەلامارە. ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی Rene Mauries وەکو گەواهیدەرێکی جەنگەکە، دەڵێت سەرەتا سەربازانی سوپای عێراق دەیانشیراند: قیامەتە قیامەت! لە دۆڵی ئاکۆیان و زۆزک سوپا و جاشەکان شکستی گەورەیان هێنا، بەڵام لە بەرەی هندرێن هەندێک سەرکەوتنیان تۆمارکرد، ئەوەش لەبەر ئەوەی پێشمەرگە پێشتر بەرەکانی بەرگرییان بەجێ هێشتبوو بەهۆی زەماوەندی یەکێک لە پێشمەرگەکان و ئاگاداری پلانی سوپای عێراق نەبوون. قورسایی هەرە گەورە لە چیای هندرێن لەسەر شانی یەکینەکانی حزبی شیوعی بوو، هێزەکانی پێشمەرگەش لەوێدا بە هانایانەوە

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، الجزء الثالث، ص ١٧٢-١٧٧.

(٢) ڕۆژنامەی "الجمهوریە" ژمارە ٨٢٢، بەغدا، ٢٣-٤-١٩٦٦: لە پەرتوکی جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی، لا١٧٥.

(٣) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی، لا ١٧٥.

چوون بۆئەوەی ڕێگری لە هاتنە پێشەوەی زێتری سوپا و جاش بگیرێت. ڕۆژی ٢ی ئایاری ١٩٦٦ لەگەڵ قوربانیدانێکی زۆر بەهۆی ئەو بۆرودمانە خەستەی لەسەریان بوو، بەڵام توانیان جاش و سوپا تەفروتونا بکەن. لە ڕێکەوتی ٣ی ئایار شەڕی گەورە لە چیای زۆزک بەرپادەبێت، پاش ئەوەی سوپا هەندێ پێشڕەوی دەکات و چەند سەنگەرێک داگیردەکات، بەڵام زوو لێیان دەسەنرێتەوە و پاشەکشەیان پێدەکەن[1].

ڕێکەوتی ١١ی ئایاری ١٩٦٦، بارزانی مستەفا لەگەڵ فەرماندەکانی پێشمەرگە پلانی هێرشی پێچەوانەیان دارشت. توانیان لەشکرانی سوپای عێراق پەرتەوازە بکەن و دەستبگرن بەسەر هەموو تۆپهاوێژەکانیان. ڕۆژی ١٢ی ئایار لە چیای هندرێن داستانی ڕاستەقینە تۆماردەکرێ. پێشمەرگەکانی شۆڕش لەگەڵ پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراقی، دڵی سوپای عێراقیان شکاند، ژمارەیەکی زۆر لە تۆپهاوێژ و هاوەن و تەقەمەنیان دەستکەوت، سەدان کوژراو و بریندار لە ڕیزەکانی سوپا کەوتنەوە. چیتر سوپا لە توانایدا نەبوو بیر لە داگیرکردنی گەلاڵە بکاتەوە، کە بارەگای پۆڵایینی سەرکردەی مەزن بارزانی تیابوو[2]. ڕۆڵی جاشەکان مەترسیداربوو، چونکە ئەوان دەستیان نەدەگەیشتە بارزانی و پێشمەرگە، بەڵام دەستیان دەگەیشتە گوند و دێهاتەکان کە خێزان و کەسانی نزیکی پێشمەرگەی لێبوون، بەم جۆرە ئازاردان و سوتاندنی ماڵان لە لایەک، لە لایەکی تر چاوساغی کردن بۆ سوپای عێراق لە ڕێگەی فڕۆکەوە تاوەکو بتوانێت ئامانجەکانی بپێکێت لە لێدانی پێشمەرگە.

سەرۆکوەزیرانی عێراق کەوتە درۆ و گزی، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی "الصفاء" دەڵێت کوڕەکەی مەلا مستەفا بارزانی، لوقمان بارزانی کوژراوە. ڕۆژێک دواتر ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی گفتوگۆی لەگەڵ لوقمان بارزانی ئەنجام دا درۆکانی سەرۆکوەزیران ساغ بوونەوە[3]. بەزاز لە ڕێگەی تورکیاوە ویستی دووبارە هەوڵی

(١) سەرچاوەی پێشوو، لا ١٧٧.

(٢) هەمان سەرچاوی پێشوو.

(٣) ڕۆژنامەی الصفاء، بەیروت، ژمارە ١٢٦٤، ٢٠-٥-١٩٦٦.

Rene Mauries, Le – Verdun Kurde, in "La Depeche", nr 6545. Paris, 21.Juni.1966.

وەرگیراوە لە جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی.

ڕازی کردنی ئێران بدات بۆ هاوکاری کردن، بەڵام بێ سود بوو. لە تۆڵەی ئەوەش سەربازانی عێراقی لە ٢٥ی مایس/ئایاری ١٩٦٦ هەفتاوسێ کوردیان گوللەباران کرد کە زۆربەیان ژن بوون[١]. پێشمەرگە لە تۆڵەدا چەند بۆڕییەکی نەوتی کەرکووکی تەقاندەوە، ئەوەش وایکرد ڕۆژنامە ئەوڕوپییەکان لە سەر ڕووداوەکە بنوسن. چاپەمەنی جیهانی گرنگی زێتری بە کورد و دۆسیەکەی دا. حکومەتی عێراق لە هەموو لایەکەوە شکستی هێنابوو، لە گۆڕەپانی جەنگ لەگەڵ ئەو هەموو هاوکارییە سەربازییەی وڵاتانی جیهان، بەڵام هەر شکست دوای شکستی تۆماردەکرد. بۆ مێژوو دەڵێین، ئەگەر هاوکاری سەربازی وڵاتانی ئەوڕوپا و ئەمریکا نەبووایە، ئەگەر تانک و زریپۆش و بۆمبی ناپاڵمی خاپورکەری ئەوڕوپا نەبووایە، زۆر دەمێك بوو هەموو کوردستانی باشوور ئازاد ببوو.

سوپای عێراق نەیتوانی کورد ملکەچ بکات، حکومەت جارێکی تر بۆی دەرکەوت کە کێشەی کورد لە ڕێگەی سەربازییەوە چارەسەر ناکرێت. بەزاز خۆی ئاشکرای کرد کە بودجەی وڵاتەکەی کەمی هێناوە بەهۆی جەنگی پڕتێچووی کوردستان. ڕۆژانە چارەگە ملیۆنێك دیناری عێراقی ئەوسا بۆ جەنگ تەرخان دەکرا[٢]، ئەمە لە کاتێک کە دەتوانرا دوو وڵاتی تەواوی پێ بونیاد بنرێت. دیسان بەغدا داوای دانوستانی کردەوە و هەردوو لا گەیشتنە ڕێککەوتنێک، کە خودی مستەفا بارزانی بڕوا و متمانەی پێ نەبوو. بارزانی بە وریاییەوە ئاگاداری فرت و فێڵەکانی بەزاز بوو، کە چۆن خەریکی تەنینی داوی پیلانگێڕییە لەدژی کورد، چۆن لە پەیوەندی بوو لەگەڵ جاشەکان و هەندێ هۆزی کوردی کە لە کۆنەوە جاشایەتییان بۆ بەغدا دەکرد، بەڵام چاری ناچارە لەگەڵ کورد دانوستان بکات. یەکێک لە مەرجەکانی شۆڕشی کورد لە ڕێککەوتنەکە بریتی بوو لە داماڵینی چەک لە جاشەکان، کە بە جاشی شەشت و شەش (٦٦) ناسران، بەڵام

---

(١) ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەستەی بارزانی، ژمارە ٤٨٨، مانگی یۆنیۆ ١٩٦٦.

(٢) ڕۆژنامەی "العرب"، ژمارە ٦٠١ ساڵی سێهەم، بەغدا ١٦-٦-١٩٦٦: وەرگیراوە لە جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی، لا١٧٧.

بە پێچەوانەوە چەکی زۆرتریان پێدراو ڕێگەیان بۆ خۆشکرا تا بەردەوام بن لە کاری تێکدەرانە لەناو کوردستان. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو لە ناو شارەکانی کوردستان بارەگایان بۆ کرایەوە و بە ئاشکرا هەموو پێداویستییەکیان بۆ دابین دەکرا. کاریان بووە تێکدان و تیرۆرکردنی ئەندامانی شۆڕش، جگە لەوەش لە گوندەکان دەستدرێژی کردنە سەر خەڵکانی پشتیوان لە شۆڕش و دزین و تاڵانکردنی ماڵەکانیان.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ڕێککەوتن کرا لەسەر پرۆگرامێك کە لە دوانزە خاڵ پێکهاتبوو لە ڕێکەوتی ٢٩ی یۆنیۆ/حوزەیرانی ١٩٦٦ بڵاوکرایەوە. ڕێککەوتنی حوزەیران هیچ شتێکی نوێتری لە مافە سەرەتاییەکان تێدا نەبوو لەوەی کە پێشتر کورد لە سەردەمی پاشایەتی داوای کردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سەرکردایەتی شۆڕش پێی ڕازی بوو.

هەر لەگەڵ ڕێککەوتنەکە و دوای ڕێککەوتنەکەش، سەرۆکوەزیرانی عێراق سەردانی تورکیای کرد و دڵنیایی پێدان کە هیچ خاڵێکی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ ناکات، دوای ئەوەش سەردانێکی فەرمی بۆ مۆسکۆ کرد تاوەکو پێیان ڕابگەیەنێت کە هەموو شتێکی لەگەڵ کورد بڕاندۆتەوە و کوردەکان ڕازی بوون بە ڕێککەوتنەکە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە پەیوەندی دروست بکەین و مۆسکۆ ئامادەیی دەرببڕێت بۆ پڕچەککردنی سوپای عێراق[1]. بەهۆی گوشارەکان لە مانگی ئابی ١٩٦٦ بەزاز دەستی لەکارکێشایەوە، لەجێگەی ئەو ناجی تالیب وەکو سەرۆکوەزیران دەستبەکاربوو. حکومەتی نوێ هیچی لە ڕێککەوتنەکە جێبەجێ نەکرد. دەستەی تاڵەبانییش لە کۆنگرەی "تیمار"، کە لە ڕێکەوتی ٢٨ی ئاب تاوەکو ٢ی ئەیلوولی ١٩٦٦ بەڕێوەچوو، لە ڕاگەیاندنی کۆتایی گوتیان: پشتگیری تەواو لە کۆمارەکە و ڕژێمە نیشتمانپەروەرەکەی عەبدولرەحمان عارف دەکەین. بە هەموو توانایەکەوە دژی بارزانی دەوەستینەوە، هەرکاتێک

(1) Le Monde, Paris, 24 Marz 1966.

وەرگیراوە لە جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی، ل١٨٠.

بە فیتی ئیمپیریالیزم شەڕ هەڵگیرسێنێتەوە(١). حکومەتی عێراق دڵخۆش بوو بە پاڵپشتییەکانی باڵی تاڵەبانی، بۆیە هەوڵی دەدا سوود لە کات ببینێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی باش بۆ خۆپڕچەککردن. لەم سەین و بەینەشدا دەیویست شۆڕشی کورد بە ڕێککەوتنێکی درۆیینانە دەستخەرۆ بکات.

بۆ بەرجەستەکردنی بڕیارەکانی ڕێککەوتنەکە، وەزیری بەرگری عێراق لە ڕێکەوتی ٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٦ وەکو نوێنەری حکومەت سەردانی گەلاڵەی کرد و داوای لە بارزانی کرد کە سەردانی بەغدا بکات. بەڵام بارزانی ڕەتی کردەوە بچێتە بەغدا. ئەوەبوو ڕێکەوتی ٢٨ی ئۆکتۆبەر سەرۆککۆماری عێراق عەبدولرەحمان عارف خۆی هاتە کوردستان و لەگەڵ بارزانی کۆبووەوە.

**وێنەی (٢٢)**



سەردانی عەبدولرەحمان عارف بۆ لای سەرۆک مستەفا بارزانی

هەم شەقامی کوردی و هەم سەرکردایەتی شۆڕش بێزار بوون لەدەست درۆ و بەڵێنە بێ بنەماکانی بەغدا و حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش، سەرکردایەتی شۆڕش نیازپاکی خۆی پیشاندا و بۆ بەرجەستە کردنی ئاشتەوایی ئامادەیی دەربڕی. سەرەڕای ئەوەش بەغدا خاڵەکانی ڕێککەوتنەکەی جێبەجێ نەکرد.

---

(١) ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی دەستەی تاڵەبانی، ژمارە ٤٧٦، ئەیلولی ١٩٦٦. وەرگیراوە لە جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی، لا١٨١.

بارزانی لە ڕێکەوتی ٢٨ی نۆڤێمبەر/تشرینی دووەمی ١٩٦٦ بەغدای ئاگادارکردەوە لە پابەندبوونی بە ڕێککەوتنەکە، بەڵام وەڵامی نەدرایەوە. یەکێتی سۆڤیەتیش بە هیوای ئاشتەوایی، هاوکاری دارایی بۆ کوردستان بە بڕی ٢٠ ملیۆن مارک نارد، کە تەرخان بکرێت بۆ ئاوەدان کردنەوەی دێهات و ژێرخانی ئابووری[1]. سەرکردایەتی شۆڕش لە چاوەڕوانی بەردەوام بوو تاوەکو ڕێککەوتنەکە بێتە واری جێبەجێ کردن، بەڵام بەغدا خەریک بوو تەونی ناپاکی و پیلانگێڕیی دەچنی. عارف لە ڕێکەوتی ١٤ی ئاداری ١٩٦٧ بە سەردانێک گەیشتە تاران و چاوی بە شای ئێران کەوت. لەگەڵ ئەوەی پێشوازییەکی گەرمی لێکرا و هەردوو لا لەسەر ئەوە کۆک بوون کە سنورەکانی یەکتر بپارێزن و هاوکاری یەکتر بکەن، بەڵام بە سەردانێکی دوای ئەوە، عارف ڕووی کردە میسر و لەوێ داوای کرد ناوی "کەنداوی فارسی" جێگۆڕ بکرێ بە "کەنداوی عەرەبی. ئەوەش حکومەتی ئێرانی توڕە کرد[2]. لەولاوەش باڵی تاڵەبانی زێتر لە سەرکردایەتی شۆڕش دورەپەرێز دەبوو، لە کۆنگرەیەکی نوێدا لە مانگی ئاداری ١٩٦٧ داوای دروستکردنی وڵاتێکی سۆشیالیستیان بۆ عێراق کرد، وەک ئەوەی سۆشیالیزم هەر تەنها ناوێک بێت و ئەگەر بلکێنرێت بە عێراقەوە ئەوا لە شەو و ڕۆژێکدا هەموو کێشەکان چارە دەکرێن. ئەوان لە یادیان کردبوو کە سۆشیالیزم پێش هەموو شتێک دان نانە بە مافی نەتەوەیی کورد و فەراهەمکردنی هەموو داواکارییەکانی، نەک تەنها قسەیەکی بە باق و بریق. ئەڵبەت بەکارهێنانی دەستەواژەی ئاوها باشترین چەک بوو تاوەکو خەڵکی پێ فریو بدەن و سەرسامیان بکەن بەخۆیانەوە.

لە ڕێکەوتی ٧ی مایس/ئایاری ١٩٦٧ سەرۆکوەزیران ناجی تالیب دەستی لەکار کێشایەوە، دووبارە تاهیر یەحیا کرایەوە سەرۆکوەزیران. ئەویش وەکو نیشاندانی نیازپاکی بەرانبەر کورد، عەبدولعەزیز العقیلي وەزیری بەرگری و دوژمنی باوک کوشتەی کوردی دوورخستەوە. گرنگترین داواکاری سەرکردایەتی شۆڕش ئەوەبوو، ئەو عارەبە خێڵەکییانەی کە لە ساڵی ١٩٦٣ حکومەتی بەعس هێنانی بۆ دوبز کە سەر بە شێخ حەواس ئەلسەدید

---

(1) Le Monde, Paris, 22 Decembre 1966.

هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) هەمان سەرچاوە، لا١٨٣.

بوون لەگەڵ بەکرێگیراوانی گروپی خالید ئیبن ئەلوەلید دەستیان گرتبوو بەسەر ٣٠ گوندی کوردان، بەزوویی دەربکرێن بگەڕێنرێنەوە ناوچەکانی خۆیان و کوردە دەربەدەرەکانیش بێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. ئەوەبوو تاهیر یەحیا ئەو بەڵێنەی جێبەجێ کرد، تاوەکو ساڵی ١٩٧٤ کە هەڵمەتی بەعەرەبکردنی مەزن دەستی پێکرد[١]. عارفیش بەردەوام بوو لە کارکردن بۆ خەنجەر لەپشتدان، بەو مەبەستە بانگهێشتی سلێمان دەمیرەل-ی سەرۆکوەزیرانی تورکیای کرد بۆ بەغدا. هەروەها سەردانێکی فەڕەنسای کرد بۆ واژووکردنی گرێبەستێک بۆ کڕینی دەستەیەک لە فڕۆکەی پێشکەوتووی جەنگیی میراژ، لە بەرانبەردا لە مانگی فبرایەری ١٩٦٨ مستەفا بارزانی نامەیەکی نارد بۆ جەنەڕاڵ دیگۆل تیایدا ناڕەزایی خۆی نیشاندا بەرانبەر ئەو گرێبەستە و ڕوونی کردەوە کە حکومەتی عێراق نیازی وایە بەو چەکانە جەنگی ڕەگەزپەرستانە دژی نەتەوەی ستەملێکراوی کورد بەرپا بکات[٢]. نامەکە دەنگی دایەوە و قوتابیان و ڕێکخراوانی نزیک لە کورد و دۆستانی فەڕەنسی گردبوونەوەیان ڕێکخست لە میانەی سەردانی عارف بۆ پاریس، تیایدا هاواریان دەکرد: چەک نەدرێت بەوانەی خوێنی نەتەوەی کورد دەڕێژن، بەڵێ بۆ ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان[٣]. ڕۆژنامە فەڕەنسییەکان ڕۆڵی ئەرێنییان بینی لە پێناوی گۆڕینی بۆچوونی حکومەتی فەڕەنسا بەرانبەر کورد، لەوانە ڕۆژنامەی Le Combat لە ڕێکەوتی ٧-٢-١٩٦٨ ڕەخنەی توند لە حکومەتی فەڕەنسی دەگرێت بەهۆی ناردنی چەک. ئەوەبوو حکومەتی فەڕەنسا لە ناردنی چەک بۆ حکومەتی بەغدا پاشگەز بووەوە و بەمەش نیازی گڵاوی حکومەتی عێراقی عەرەبی چووە ناو گۆڕ.

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه القوميه الكرديه، الجزء الثالث، ص١٩٦.

(2) The Times, Barzani's Open Letter to President "De Gaulle", London, 8.2.1968.

هەروەک سەرچاوەی پێشوو، لا ١٨٦.

(3) Kurdish Facts, Organ der "International Society Kurdistan, 68/2. Le Figaro, Paris, 9.2.1968.

وەک سەرچاوەی پێشوو، لا ١٨٦.

## کودەتای دووەمی بەعسییەکان - ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام

دوای ئــەوەی کودەتــای یەکەمــی بەعــس لــە فبرایەر/شــوباتی ١٩٦٣ ئەنجامــدرا و دواتــر عەبدولســەلام عــارف لێیــان هەڵگەڕایــەوە، ئەمجارەیــان بەعســییەکان چاکــتر لــە جــاران خۆیــان ئامادەکــرد، بــە ســەرکردایەتی ئەحمــەد حەســەن بەکــر و ســەدام حوســێن لــە ڕێگــەی چەنــد ئەفســەرێکەوە کــە بریتــی بــوون لــە عەبدولرەحــمان داود ســەرۆکی گاردی کۆمــاری (الحــرس الجمهــوري) و عبدالــرزاق نایــف بەرپرســی دەزگای هەواڵگــری ســەربازی و ســعدون غیــدان ســەرۆکی تیپــی تانــک لــە ســوپا، کۆتاییــان بــە دەســەڵاتی عەبدولرەحــمان عــارف هێنــا، بــەڵام بــێ ئــەوەی هیــچ ئازارێکــی پــێ بگەیەنــن. لــە خــەو بێداریــان کــردەوە و پێیــان ڕاگەیانــد کــە کودەتــای بەســەردا کــراوە، ئەویــش ئاشــتییانە وازی لــە دەســەڵات هێنــا و ڕەوانــی دەرەوەی وڵات کــرا[١]. دوای ئــەوەی ئەحمــد حەســەن بەکــر و ســەدام پەنجــەی خۆیــان لــە دەســەڵات گیــر دەکــەن، هەریــەک لــە ئەفســەرانی ناوبــراو نایــف و داود دوور دەخەنــەوە، چونکــە گوایــا لایەنگــری ئەوەبــوون لەگــەڵ خۆرئــاوا هاوپەیمانــی دروســت بکــەن و بــەلای یەکگرتوویــی نەتەوەیــی عــەرەب نەبــوون، بــە پێچەوانــەی بەعســییەکان کــە شــۆڤینی و ڕەگەزپەرســت بــوون بانگەشــەی یەکگرتنــی عەرەبیــان دەکــرد. تەنهــا ســعدون غیــدان وەکــو ســەرۆکی هێــزی گاردی کۆمــاری هێڵرایــەوە.

پێــش هەمــوو لایــەک ئاژانس و دەزگاکانــی حکومەتی بەریتانیا پێشــوازییان لەو کودەتایە کــرد و بــە شــان و باڵــی بەعســییەکانیان هەڵــدەدا. لێــرەدا پیتــەر فرانکۆپــان لــە پەرتوکە بەپێزەکەیــدا ئامــاژە دەدات بــەوەی بەرپرســانی بەریتانیــا بــە خۆشــحاڵییەوە دەیانگــوت: ســەدام کەســێکە کــە دەتوانیــن لەگەڵیــدا پــەرە بــە بەرژەوەندییەکانمــان بدەیــن[٢].

ئەوەبــوو ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی شــۆڕش دامــەزرا و ئەحمــەد حەســەن بەکــر

---

(١) عـمار عـلي السـمر، شـمال العـراق ١٩٥٨ – ١٩٧٥، دراسـه سياسيه، المركـز العـربي للأبحـاث و دراسـه السياسـات، الدوحـه ٢٠١٢، ص ٣٤٢.

(2) Peter Frankopan, The Silk Roads, A New History of the World, Bloomsbury Publishing, UK, 2015, p. 512-513.

بـووە سـەرۆککۆماری عێـراق. بەعسـییەکان پێـش هەمـوو شـتێک سـوپایەکی عەقائیـدی تونـدڕەوی شـۆڤینی نەتەوەپەرسـتیان پـەروەردە کـرد. هەسـتان بـە بەعسـیکردنی هەمـوو دام و دەزگایـەک، حزبـی بەعـس دەسـتی بـردە نـاو هەمـوو پایەکانـی دەزگای کارگێـڕی و دادگا و قوتابخانـە و زانکـۆ هتـد، بەشـێوەیەک ئـەو حزبـە بـە درێژایـی مـاوەی دەسـەڵاتی ژیانـی خەڵکیـان بـە تـەواوی هەراسـان کـرد. لـە هەمـان کاتـدا بـە تایبـەت لـە مـاوەی سـەرۆکایەتی ئەحمـەد حەسـەن بەکـر ڕێڕەوێکـی دیکـەی کارگێڕییـان گرتەبـەر لـە عێـراق، یاسـای چاکسـازی کشـتوکاڵییان بەشـێوەیەکی زۆر بـاش جێبەجـێ کـرد، مافـی جوتیـار و کرێکارییـان دابیـن کـرد، لە لایەنـی ڕۆشـنبیری و تەندروسـتییەوە گرنگی زۆریـان بە خەڵکی دێهاتـەکان دا، بەمـەش سـۆزی خەڵکێکـی زۆریـان بـەلای خۆیانـدا ڕاکێشـا، بـە تایبەتـی خەڵکـی نەخوێنـدەواری لادێـکان[1]. بەعـس توانـی شـیوعییەکان و شۆڕشـی کوردیـش لەخـۆی نزیـک بکاتـەوە. لـە ٢٠ی تەمـووز حکومەتـی بەعـس نامەیەکـی لـە ڕێگـەی سـاڵح یوسـفی بـۆ بارزانـی نـارد، بۆئـەوەی بەشـداری کارایـان هەبێـت لـە حکومـەت و داوایـان کـرد دوو وەزیـر دەسـتنیشـان بـکات. هەریـەک لـە موحسـین دزەیـی و ئیحسـان شـێرزاد نێردرانـە بەغـدا بـۆ دەسـتبەکاربوون لـە پۆسـتی وەزیـر. لـە هەمـان کاتـدا حکومەتـی بەعـس لەگـەڵ تاقمـی تاڵەبانیـش پەیوەنـدی چاکیـان هەبـوو، لەوانیـش وەزیرێکیـان بەنـاوی تەهـا محێدیـن مەعـروف دانـا، بـەڵام بارزانـی دژی ئەوەبـوو، پێشـنیاری کـرد ئـەو وەزیـرە لابـدرێ، ئەگـەر نـا ئـەو وەزیرەکانـی خـۆی دەکێشـێتەوە. بەعـس ڕازی نەبـوو تەها محێدیـن لاببـات، بۆیـە هـەردوو وەزیرەکـەی سـەر بـە شۆڕشـی کوردسـتان گەڕانـەوە[2]. لـە ڕێکەوتـی ٥-٨-١٩٦٨ لێبوردنـی گشـتی بـۆ پێشـمەرگە دەرکـرا، کـۆڕی زانیاری کـورد دامەزرا، گفـت درا زانکۆیـەک لـە شـاری سـلێمانی دامەزرێنرێـت، جەژنـی نـەورۆز کرایـە جەژنـی فەرمـی لـە هەمـوو عێـراق و ڕۆژێکیـش بـەو بۆنەیـەوە کرایـە پشـوو. حزبـی شـیوعی عێـراق کـە ئەوسـا درز کەوتبـووە نـاو ڕێکخسـتنەکانی، باڵـی دژە بەعسـی ڕاگەیانـد، پێـی وابـوو کـە مافـی نەتەوایەتـی کـوردان ناکرێـت تەنهـا لـە مـەودای زمـان و ئاهەنـگ گێڕانـی

(١) عمار علي السمر، شمال العراق ١٩٥٨ – ١٩٧٥، دراسه سياسيه، ص ٣٤٥.
(٢) مسـعود البـارزاني، البـارزاني والحركـه القوميـه الكرديـه، الجـزء الثالـث، ص٢٠٤-٢٠٥. جەمـال نەبـەز، کوردسـتان و شۆڕشـەکانی، کۆبەرهـەم، لا١٩٠.

جەژنێکی نەتەوایەتیدا کورت بکرێتەوە، کورد مافی هەیە ژیان و بوونی نەتەوایەتی خۆی لە پاڵ مافێکی ئۆتۆنۆمیدا بەدەست بهێنێت[(١)]. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبینین، عەزیز ئەلحاج سکرتێری حزبی شیوعی باڵی سەرکردایەتی ناوەندی "القیاده المرکزیه" سەر بە حزبی شیوعی چینی میللی، لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی بەغداوە بە شان و باڵی بەعسی هەڵدەگوت و بارزانیشی بە بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم لەقەڵەم دەدا. هەرچی باڵی لیژنەی ناوەندیە "اللجنه المرکزیه" بە سەرۆکایەتی عەزیز محەمەد، کە پشتیوانی حزبی شیوعی سۆڤیەتی بوو، بارەگاکەی لە کوردستان بوو، دژی بەعس بوو و لە ژێر ئالای شۆڕشی کوردستان خەباتی هاوبەشی لەگەڵ کورد دەکرد[(٢)]. حزبی شیوعی بە هەردوو باڵەکەیەوە، خاوەن ڕێکخستنێکی بێ هاوتا بوون لە عێراق، سەنگی خۆی هەبوو لە یەکلاکردنەوەی کێشەکان. بەڵام گرنگە سەرنج بدەین، حزبی بەعس توانی جیاکاری و دووبەرەکی بخاتە نێو خودی حزبەکە و هەروەها نێوان حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستانیش. هەر نزیک بوونەوەیەکی بەعس لە پارتی دیموکراتی واتە دوژمنایەتی بەعس و شیوعی، دوژمنایەتی شیوعی و پارتی، هەر نزیکبوونەوەیەکی بەعس و شیوعی، واتە دوژمنایەتی بەعس و کورد، دوژمنایەتی شیوعی و کورد. ئەوە ئەو هاوکێشەیە بوو کە بەعس یاری پێوە دەکرد. سەرەنجام ڕووداوەکان بە قازانجی بەعس و دۆڕانی کورد و شیوعییەکان کۆتاییان هات. ئەوەش لە ساڵانی حەفتا بەدەر دەکەوێت، کاتێک حکومەتی بەعس لە بواری نەفت چەند ڕێککەوتنێک لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت مۆر دەکات، حزبی کۆمونیستی سۆڤیەت داوا لە بەعس و شیوعییەکان دەکات، لەگەڵ یەکتر ڕێکبکەون و پێکەوە حکومەت پێکبهێنن[(٣)]، ئەمە وادەکات شیوعییەکان بەشێکی زۆر لە ڕێکخستنەکانیان ئاشکرا بکەن کە دواجار بەعسییەکان لە هەڵمەتێکی فراواندا هەموویان دەسگیردەکەن و بە قێزەونترین شێوە پاکتاویان دەکەن.

---

(١) حول مسأله الکردیه، من منشورات اللجنه المرکزیه للحزب الشیوعي العراقي، بدایه أوکتوبر: جەمال نەبەز، ل١٩١.

(٢) مذکرات عزیز الحاج، الحلقه الثانیة، صوت دمشق، العدد ٦٨، ٤ نیسان ٢٠٠٩.

(٣) عمار علي السمر، شمال العراق ١٩٥٨ – ١٩٧٥، دراسه سیاسیه، ص٣٥٠.

لەولاشەوە تاقمی تاڵەبانی ڕۆژنامەی "النور" یان دامەزراند لە بەغدا، کە بە مۆسیقای بەعس دەکەوتە سەما. ئیتر شتێک نەمابوو بیشارنەوە، بە ئاشکرا شۆڕشی کوردیان بە جووڵانەوەی کۆنەپەرستی پێناس دەکرد[١].

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی حکومەتی بەعس ڕێککەوتنی ئابووری لەگەڵ ئەڵمانیای دیموکراسی کرد، لەگەڵ وڵاتی پۆڵەندا لە بواری وەبەرهێنانی گۆگرد ڕێککەوتنی ئەنجامدا، هەروەها لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت لایەنی ئابوری و هونەری پەرە پێدا[٢]. لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبیش، هەڵوێستی خۆی ڕوونکردەوە لەمەڕ کێشەی فەڵەستین. پشتیوانی تەواوی خۆیان بۆ فەڵەستین دەربڕی و پێیان وابوو کە نابێت ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل بکرێت، بەڵکو دەبێت بەربەرەکانێی بکرێت تا لەناوبردنی[٣].

لەناوخۆدا، بەعس سیاسەتی پەرتکردنی خستەناو هەموو حزبەکانی عێراق، لە پێش هەمووشیان حزبی شیوعی عێراق و شۆڕشی کوردستان. بەعس باوەڕی بە هەبوونی تاک حزب هەبوو، کە ئەویش تەنها حزبی بەعس بوو. دەبوایە کارێک بکات هەموو حزبە سیاسییەکانی تر سەرەنگوم بکات. گرنگی زۆریشی دا بە جاشەکانی کورد، هیوایەکی زۆری لەسەر هەڵچنین بۆئەوەی کورد بەگژ یەکدا ببات و خۆشی لە دورەوە تەماشاکەر بێت. بێگومان جاشەکان بە گوڕ و تینەوە، بە پارە و توانای ماددی زۆرەوە کە بەعس خستبوویە بەر دەستیان، دەستیان بە پەلاماردانی پێشمەرگە و شۆڕش لە هەموو لایەکەوە کرد. جاشەکان دڵخۆش بوون بە حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی، کە گوایا ئەوە حزبێکی سۆشیالیستیە و ئامانجی هەموو عێراقییەکان بەدی دەهێنێت بە کوردیشەوە[٤]. حزبی بەعس دەیویست خاڵی قورسایی شۆڕش بکاتە ئامانج و لاوازی بکات، مەبەست لاوازکردنی خودی بارزانی بوو. بەڵام سەرکردایەتی شۆڕش زوو بڕیاری دا سنورێکیان بۆ دابنێت. ئەوەبوو لە ڕێکەوتی ١٢ی ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەمی

(١) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی، کۆبەرهەم، لا١٩٠.
(٢) کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان، لا ٢٥٠.
(٣) عمار علي السمر، شمال العراق ١٩٥٨ – ١٩٧٥، دراسه سياسيه، ص٣٤٥.
(٤) الطقوش، تأريخ الأكراد، ص٢٣٣.

١٩٦٨ لیواکانی خەبات و ڕزگاری و دەشتی هەولێر بەڕێکەوتن بۆ قەرەداغ، لەوێ هەڵمەتێکیان بۆ سەر جاشەکان ئەنجامدا، لە ماوەی شەش ڕۆژدا تەواوی ناوچەکە خاوێن کرایەوە، ٧٠ کەسیان لێ کوژراو ١٢٠ یان وەکو دیل کەوتنە دەست پێشمەرگە، ئەوانی تر هەڵاتنە کەرکووک[١].

حزبی بەعسی سەدامی یەکێک بوو لە لاسارترین حزب لە مێژووی ئەو وڵاتە دەستکردەی بەریتانیا. حکومەتی بەغدای بەعسی بە سەرۆکایەتی بەکر و، لە تەنیشتەوەش سەدام حوسێن وەکو دووەم کاریگەرترین کەس لەو حکومەتەدا، بڕیاری دا هەموو شتێک بە داپڵۆسین و لێدانی جەرگبڕ چارەسەربکات.

دوای ئەوەی شێخ ئەحمەدی بارزانی لە بەغدا کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی دەگەڕێنرێتەوە کوردستان، بارزانی لە ڕێگەی ساڵح یوسفی نامەیەک دەنێرێت بۆ وەزیری بەرگری حەردان تکریتی، چونکە پێشتر ئەو هاوکاریی کردبوو لە ڕێکارەکانی تایبەت بە هێنانی شێخ ئەحمەد بۆ نەخۆشخانەی بەغدا و دواتریش بردنەوەی تەرمەکەی بۆ کوردستان. لە نامەکەدا بارزانی سوپاس و پێزانینی خۆی نیشان دەدات بۆ ئەو هاوکارییە. بەڵام بەعس بە هەلی دەزانێت هەر کەسێک کە بۆنی شۆڕشی کوردی لێبێت دەسگیری بکات و لەناوی ببات، وەک چۆن دەستی کردبوو بە لەناوبردنی شیوعییەکان. ساڵح یوسفی لەو هەوڵی دەسگیرکردنە ڕزگاری دەبێت و دەگەڕێتەوە کوردستان.

لە مانگی فبرایەر/شوباتی ١٩٦٩ ەوە سوپای عێراق و جاشەکان لە هەموو بەرەکانەوە هێرشیان دەستپێکرد. فەرماندەی تیپی دوو لە سوپای عێراق، اسماعیل ئەلنعێمي لە بیرەوەرییەکانی لە پەرتووکی "تجربتي في القيادە" دەڵێت: تاقمی کوردە دژە شۆڕشەکان هاوکاری زۆر پێویستی ئێمەیان دەکرد لە هێرشەکان، ئەوان لەگەڵ فڕۆکەوانی ئێمە سواری فڕۆکە جەنگییەکان دەبوون و لە ئاسمانەوە ڕێبەرییان دەکردین بۆ بۆردومانکردنی شوێنی پێشمەرگە"[٢].

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه القوميه الكرديه، ص٢٠٦.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٣.

پێش ئەوەی باسی هێرشەکانی سوپای عێراق و جاش بکەین، گرنگە ئاماژە بدەین بەوەی حکومەتی بەعسی بەغدا هیوایەکی زۆری هەڵچنی لەسەر تاقمی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد. ماکینەی ڕاگەیاندن و پارەی تەرخان کرد بۆیان، ویستی وەکو تاکە حزبی شەرعی کورد بیانناسێنێت و لەناو کورد برەویان پێ بدات، تاوەکو زۆرترین ژمارەی کوردان لە دەوری کۆببنەوە و شۆڕشی کوردیش بە سەرۆکایەتی بارزانی پەرت و پارچە بکات. هەر لە چوارچێوەی ئەو ڕێکارانە، حکومەتی بەعس ڕایگەیاند کە هەموو مافێکی ڕۆشنبیری و زمانەوانی دەداتە کورد، زانستگە و قوتابخانە بە زمانی کوردی، نووسەران و هۆزانڤانانی کورد دەتوانن ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان دامەزرێنن، ڕۆژنامە و گۆڤاری مانگانە بە زمانی کوردی، تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ بە زمانی کوردی. هەموو ئەو گفت و بەڵێنانە نەبوونە هۆی ئەوەی کورد پشت لە شۆڕش بکات، تاڵەبانی بەهیچ شێوەیەک نەیتوانی جێدەست و کاریزمای بارزانی بۆ خۆی کێش بکات. میللەتی کورد تروسکەی هیوای ئازادی لە ڕێچکەی تاڵەبانی نەدەدیت[١].

مانگی ئاداری ١٩٦٩ سوپای عێراق ٦٠ هەزار سەرباز بۆ بەرەکانی جەنگ دەنێرێتە سەر کوردستان، فڕۆکەکانی عێراق کوردستان دەدەنە بەر بۆردومانی ناپاڵم، جاشەکانی شەست و شەشیش بێ شەرمانە چاوساغیان بۆ بەعس دەکرد[٢]. سەرکردایەتی شۆڕش بڕیار دەدات هێرش بکات سەر کۆمپانیای نەفتی کەرکووک. ئەو نەفتەی هەموو جیهان سوودی لێ دەدیت تەنێ کورد نەبێت. ئەوەبوو لە ڕێکەوتی ٢/١ی ئاداری ١٩٦٩ هێزێکی پێشمەرگە پاش بەرنامە و پلانێکی ورد، دامەزراوەکانی کۆمپانیای نەفت لە بابەگوڕگوڕی کەرکووک دەدەنە بەر ڕێژنەی تۆپهاوێژەکان و زیانێکی وا گەورەی لێدەدەن کە لە هەموو جیهان دەنگی دایەوە. شایانی باسە پلانەکە بە فەرماندەیی سامی عەبدولرەحمان ئەنجام درا. ئاگری تەقینەوەکان ئەوەندە گەورە بوو، حکومەتی عێراق وایزانی ناوچەکە کەوتۆتە بەر هێرشێکی ئاسمانی دەرەکییەوە[٣].

(١) عمار علي السمر، شمال العراق ١٩٥٨ – ١٩٧٥، دراسه سياسيه، ص٣٥٤-٣٥٦.
(٢) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی، کۆبەرهەم، لا١٩٣.
(٣) هەمان سەرچاوە، لا٢٠٩-٢١١.

دوای بابە گوڕگوڕ، پێشمەرگە لە بەرەکانی شارەزوور و هەڵەبجە لە ٢٠ی مایس/ ئایاری ١٩٦٩ هێرشی پێچەوانە دەکات، دوای ئەوە هێزەکانی جاش و سوپای عێراق چیای شنەروێ دەکەنە ئامانج. جاشەکانی شەست و شەش بەجۆشتر بوون لە سوپای عێراق، بەڵام متمانەیان بەخۆیان و کارەکانیان نەبوو، بۆیە لە هەموو ساتێکدا ڕووبەڕووی دۆڕان و شکست دەبوونەوە. لەو ماوەیەدا پێکدانانی بەردەوام ڕوویان دا لە نێوان پێشمەرگەی شۆڕش و سوپای عێراق. بەعسییەکان تادەهات زێتر ڕۆدەچوونە ناو سوپا و کەسانێکی بێ ویژدانی ئەوتۆیان پەروەردە کردبوو کە تاوانەکانیان بۆکاسای ئەفریقا و پۆلپۆتی کامبۆدیا بیر دێننەوە. دوای ئەوەی سوپای عێراق لە گۆڕەپان هەرەسی هێنا بەرانبەر پێشمەرگە، تیپی چوار لە هێزەکانی عێراقی بە فەرماندەیی عبدالجبار الأسدي و بەهاوکاری سەرۆکجاشێک، پەلاماری دوو گوندی بێ تاوانی ئاشورییەکانی دا، یەکەمیان گوندی "دەکان" لە شێخان، ئەوی تریش گوندی "سوریا" لە زاخۆ. دوای ئەوەی خەڵکی گوندی دەکان لە ترسی تۆپباران خۆیان لە ئەشکەوتەکان حەشاردابوو، سوپا پێی دەزانێت و بڕیار دەدات ئاگریان تێبەر بدات، ژنێکی دووگیان هاوار دەکات و دەپاڕێتەوە کە ئەوهایان لێ نەکەن، ئەفسەرێکی عەرەب لێی نزیک دەبێتەوە بە چەقۆ سکی ژنەکە دەدڕێت و منداڵەکە نەخەمڵاوەکەی لە سکی دەردەهێنێت. دوای ئەوەش پوش و پەلاش کۆدەکەنەوە و ئاگر لە ئەشکەوتەکە بەردەدەن تیایدا ٦٧ کەس لە ژن و منداڵ و پیر دەسوتێنن. لە گوندی سوریا بە هەمان شێوە، هێزێکی سوپای عێراق بە فەرماندەیی ئەفسەری پلەیەک عەبدولکەریم الجحيشي، ٣٩ کەسیان لە ژن و منداڵی گوندەکە گوللەباران کرد[1]. سەرکردایەتی شۆڕش ئەو هەواڵەی دڵتەزێنەی گەیاندە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام بێ وەڵام مایەوە. ئەمانە و دەیان و سەدان ڕووداوی دیکە کە بەسەر گەلی کورد و کوردستان دێن، کەس خۆی ناکاتە خاوەنی، ئەو میللەتە دووڕووانەی کە خۆیان بە پارێزەری مافەکانی مرۆڤ دەزانن، بەڵام لە ئاست کۆمەڵکوژیی کوردان پیشەیان هەڵبژاردنی بێ دەنگییە.

(1) Hamola, Pressedienst GMBH (Orient Press), nr 13, Hamburg, November 1969.
لە جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی، لا ١٩٣، هەروەها بڕوانە مسعود البارزاني، البارزاني والحركة... ص٢١٥.

لــە هاوینــی ســاڵی ١٩٦٩ جاشــەکانی تاقمــی دژە شــۆڕش کــە ژمارەیــان ٩ هــەزار کــەس دەبــوو پێشــڕەوی ســوپای عێراقیــان دەکــرد بــۆ جەنگــی سەرتاســەری بــۆ ســەر کوردســتان و شۆڕشــەکەی. لــە چەنــد ناوچەیــەک نیمچــە ســەرکەوتنیان تۆمارکــرد، بــەڵام دواتــر لەلایــەن هێــزی پێشــمەرگەوە ڕاماڵــران. پیلانــی ئــەوان وابــوو، کــە ناوچەکانــی گەرمیــان و شــێخ بزێــن و قــەرەداغ و ئاغجەلــەر و شــوان و پیرەمەگــرون و کێــوەڕەش و ئاســۆس و ســورداش و دوکان و دۆڵــی شــەهیدان داگیربکــەن، دوای ئــەوەش دەشــتی هەولێــر و پشــدەر و ناودەشــت و دواتریــش بگەنــە بــارەگای بارزانــی لــە دیلمان. چەنــد ســەرکەوتنێکی ســەرەتایی لــە دوکان توشــی لوتبەرزیــی کــردن، بــەڵام زوو پێشــمەرگە لێیــان هاتــەوە دەســت و هەمــوو ناوچەکانــی لەژێردەســتیان هێنایــەوە دەر. گرنگتریــن شــەڕەکان، داســتانی گەرتــک و پیرەمەگــرون و مەرگــە و ســورداش، تیایــدا پێشــمەرگەکانی شــۆڕش نموونــەی پاڵەوانێتــی بــێ وێنەیــان نیشــاندا، جــاش و ســوپای عێــراق ســەدان تەرمیــان دوای خۆیــان بەجــێ هێشــت و دەیــان پارچــە چەکــی بچــووک و مامناوەنــد و گــەورە کەوتــە دەســت هێزەکانــی شــۆڕش[1].

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، الجزء الثالث، ص ٢١٥-٢٢١.

## دەسپێکی دانوستان لەگەڵ بەعس - بەرەو ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار

لە کاتێکدا ڕژێمی شاهانەی ئێران دەستی گرت بەسەر دورگەکانی تونبی بچووک و تونبی گەورە و ئەبو موسا لە کەنداوی فارسی، ئێران هاوکاری شۆڕشی کوردیشی دەکرد و دەیویست لەو ڕێگەیەوە فشار لە بەغدا بکات بۆ سازش کردن لەسەر بەشێک ئاوی شەتولعەرەب. حکومەتی بەعس یان دەبوایە لەگەڵ ئێران دانوستان بکات و پێک بێت یان دەبوایە لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان دابنیشێت. بەڵام بڕیاریدا لەگەڵ ئێرانییەکان گفتوگۆ بکات، شاندێکی نارده تاران بۆئەوەی پشت لە شۆڕشی کورد بکەن لە بەرانبەردا بەغدا لە زۆر پرسدا سازش بۆ ئێران دەکات. بەڵام حکومەتی تاران ڕەتی کردەوە وا بە ئاسانی لەگەڵ بەغدا پێک بێت، ئەوەش بەعسییەکانی ناچارکرد پەنای گفتوگۆ بۆ کوردستان بهێنن و لەگەڵ مستەفا بارزانی لەسەر مێزی دانوستان دابنیشن[١]. ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆککۆماری عێراق گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە شۆڕشی کورد ناوەستێت و باڵی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد ناتوانن ببنە خاوەنی کێشەی کورد. هەروەک مێژوونووسی بەریتانی "چارڵس تریپ" لە کتێبەکەی بەناوی "مێژووی عێراق - A history of Iraq" دەڵێت: "سەرۆککۆماری عێراق تێگەیشت کە تاقمی دژە شۆڕش ناتوانن نوێنەرایەتی کورد بکەن. دۆسیەی کورد واتا مستەفا بارزانی. تاوەکو لەگەڵ مستەفا بارزانی دانوستان نەکەین و نەگەینە ڕێککەوتن، نە کێشەی کورد چارەسەر دەبێت و نە شۆڕشی کوردیش کۆتایی دێت"[٢].

ئەوەبوو ئەحمەد حەسەن بەکر بانگهێشتی دۆستی نزیکی بارزانی عەزیز شەریفی کرد، کە ئەوکات لە دەرەوە نیشتەجێ بوو، بۆئەوەی بە نهێنی بچێتە لای بارزانی و پەیامی سەرۆککۆماری لەبارەی دیالۆگ و دانوستانی پێ بگەیەنێت. دەبێت ئەوەش لە یاد نەکەین، یەکێتی سۆڤیەت دەستی هەبوو لە هاندانی مستەفا بارزانی بۆ دانوستان. نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت "یێڤگینی پریماکۆڤ" لە ڕێکەوتی ٨ی دیسێمبەر/کانونی یەکەمی ١٩٦٩ بەسەردانێک لە بەغداوە هاتە لای بارزانی و

(١) الطقوش، تأريخ الأكراد، ص٢٣٥.

(2) Charles Tripp, History of Iraq, Cambridge University Press, London 2014, p. 238.

ڕایگەیاند یەکێتی سۆڤیەت پشتیوانی دەکات لە دانوستانی ئێوە و بەغدا، هەموو کارێکیش دەکات بۆئەوەی بگەنە ڕێککەوتن[١].

شاندەکان لە هەردوو لاوە سەردانی یەکتریان دەکرد، شاندی کوردی دارا تۆفیقی نارد بۆ بەیروت تاوەکو چاوی بکەوێت بە میشێل عەفلەق. ناوبراو چاوی کەوتبوو بە زۆر بەرپرسی عێراقی، دەگێڕێتەوە کە کەسێک لەناویان خاوەن کاریگەری و فەرمانی بەهێزە و ناوی سەدام حوسێن تکریتییە، جێگری نهێنی فەرماندەیی وڵات و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕشە. دارا تۆفیق دەڵێت لە یەکێک لە دیدارەکان لەناکاو سەدام لێی پرسیم بۆچی ناوی ئۆتۆنۆمی ناهێنی؟ لە وەڵامدا دارا تۆفیق گوتی: ئەدی ئێوە نین بەناوهێنانی وشەی ئۆتۆنۆمی تێکدەچن؟ دواى ئەوەش لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ شاندی بەغدا گەیشتە کوردستان و لە دەڤەری ناوپردان لەگەڵ لایەنی کورد کۆبووەوە[٢].

چیرۆکێک مایەی باسکردنە لێرەدا، یەکێک لە فڕۆکەوانەکانی سوپای عێراق کە لە بەرەکانی جەنگ بە فڕۆکەیەکی جۆری مێگی ڕوسی گوندەکانی تۆپباران دەکرد، بەڵام پێشمەرگە توانیان بیخەنە خوارەوە و دەسگیری بکەن بەناوی حمید شعبان. دادگای شۆڕش بە تاوانی بۆردومانی خەڵکی سڤیل تاوانباری کرد و سزای مەرگی بەسەر سەپاند، بەڵام سزاکەی جێبەجێ نەکرد. لە میانەی دانوستانەکان، شاندی بەغدا داوای بینینی فڕۆکەوانە دیلەکەی کرد. ئەوە بوو بارزانی ڕێگەی دا بیهێنن. لە کاتی هێنانی وایزانی سزاکەی بەسەر دەسەپێنن و لە ترسا زۆر نەمابوو ببوورێتەوە. بارزانی فەرمانی کرد لەگەڵ شاندەکەی بەغدا بگەڕێتەوە ناو کەسوکاری. شاندەکە سەرسوڕمانی خۆیان بۆ گەورەیی و میهرەبانی سەرانی شۆڕش و خودی بارزانی دەربڕی. هەر لەو کاتەدا بارزانی پرسیاری لێکردن، چۆن ئێوە دکتۆر کازم شوبەر-تان دەسگیرکرد تەنها لەبەر ئەوەی جارێک لە جاران پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ من هەبوو و بەو شێوە دڕندانەیە خراپترین جۆری ئەشکەنجەتان دا؟ ئەندامانی شاندەکە شەرم دایگرتن. دواى گەڕانەوەیان

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه،...ص٢٢٦-٢٢٩.
(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٩.

ئازادییـان کـرد. کـە دکتـۆری ناوبـراو گەیشـتە کوردسـتان ئەوەتـا گیانـی لەبـەر مابـوو، مانگێـک زێـتری پێویسـت بـوو تاوەکـو برینەکانـی جەسـتەی سـاڕێژ بـن[١].

لـەو کاتـەی کـە شـاندی کـوردی لـە بەغـدا دەبێـت، سـەدام بـێ ئاگادارکردنـەوە دەگاتـە ڕوانـدوز، لـەوێ مەسـعود بارزانـی دەچێتـە پێشـوازی و دەیبـات بـۆ لای ڕابـەری شـۆڕش مسـتەفا بارزانـی. سـەدام وەکو سروشـتی هەمیشـەیی کەسـێکی بەگومـان بوو، گەشـتەکەی بـۆ لای بارزانـی بەشـێوەیەک بـوو کـە ئەگـەر بێـت و ڕووبـەڕووی مەترسـییەک ببێتـەوە، ئـەوا شـاندی کـوردی لـە بەغـدا وەکـو بارمتـە دەستبەسـەر دەکرێـن. ئـەوە لـە کولتـور و نەریتـی کـوردان نییـە کـە خەنجـەر لـە میـوان بدرێـت، بـەڵام ئـەوە پێـوەری مرۆڤـی ناپاکـە و لـە گۆشـەنیگای ناپاکـی خۆیـەوە سـەیری دەوروبـەری خـۆی دەکات.

لـە دیدارێکـی تایبـەت خـۆی و بارزانـی گفتوگۆیـان لەسـەر چەنـد پرسـێکی گرنـگ کـرد، لەوانـە پێدانـی دەسـەڵاتی ئۆتۆنۆمـی بـە کـورد و داماڵینـی جاشـەکان لـە چـەک، لـە بەرانبـەردا سـەرکردایەتی شـۆڕش و بارزانـی پشـتیوانی سـەدام بکـەن لـە توندکرنـی جێپێـی خـۆی لـە حکومەتـی عێـراق، هەروەهـا ئـازار نەگەیەنـن بـە جاشـەکان، چونکـە ئـەوان خزمەتـی زۆری بەعـس و حکومەتەکەیـان کـردووە. جگەلـەوەش، ڕادەسـتکردنەوەی چەکـی قـورس بـە سـوپای عێـراق، ڕێگـەدان بـە بەشـێک لـە پێشـەرگە وەکـو پاسـەوانی سـنور لـە کوردسـتان[٢].

---

(١) سەرچاوی پێشوو، لا٢٣٤.

(٢) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، الجزء الثالث، ص٢٣٥.

**وێنەی (٢٣)**



سەردانی سەدام حوسێن بۆ لای سەرۆک مستەفا بارزانی لە ڕێکەوتی ١٢ی یەنایەر/کانونی دووەمی ١٩٧٠

**وێنەی (٢٤)**



ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی یازدەی ئادار. لە وێنەکەدا دیارە سەدام دەستی سەرکردە بارزانی بەرز دەکاتەوە. بارزانی ئەوەندە حەماسەت و دڵگەرمی پێوە دیار نییە.

بارزانی پێداگر بوو لەسەر ئەوەی دەبێت حزبی شیوعی عێراق بەشدارێکی کارا بێت لە دانوستانەکان و ڕێککەوتنەکان، چونکە شیوعییەکان لە هەموو جەنگ و بەرەکانی تێکۆشان هاوبەشی شۆڕشی کورد بوون، بەڵام بەعس بە هیچ شێوەیەک بە بەشداریکردنی شیوعییەکان ڕازی نەبوو، بیانووی بەعس ئەوەبوو کە ئەوە شۆڕشی نەتەوەیی کوردە و پەیوەندی بە شیوعییەکان نییە. لە پەیامێکدا عەزیز محەمەد سکرتێری حزبی شیوعی داوا لە بارزانی دەکات کە بەردەوام بێت لە گفتوگۆکان و حزبی شیوعی نایەوێ بەهۆی ئەوانەوە دانوستانەکان شکست بهێنن و ڕایدەگەیەنێت: ئێمە وەکو حزبی شیوعی دڵنیاین لەوەی کە شۆڕشی کورد و سەرکردایەتییەکەی پشت لە ماف و دەستکەوتەکانی ئێمە ناکەن[١].

لەو ساتە ناسکەدا، شای ئێران بە جوڵەی ئەمریکییەکان بانگهێشتی بارزانی دەکات بۆ ئێران[٢]. ئەمریکییەکان ئاگاداری ئەوەبوون کە ڕوسیای سۆڤیەتی کاری ڕژد دەکات بۆئەوەی بەغدا لەگەڵ کورد ڕێکبکەوێت و ئاشتی بەرقەرار بێت، لەوەشەوە عێراق ببێتە وڵاتێکی سەر بە یەکێتی سۆڤیەت. ڕێکەوتی ١٥ی یەنایەر/کانونی دووەمی ١٩٧٠ بارزانی بەرەو تاران گەشت دەکات. لەوێ ڕەزا شا تکا لە مستەفا بارزانی دەکات لەگەڵ بەغدا نەگاتە ڕێککەوتن، لە بەرانبەردا ئێران هەموو هاوکارییەکی سەربازی و دارایی بۆ شۆڕشی کورد فەراهەم دەکات. بەڵام نەدەکرا بارزانی بەوە ڕازی بێت، چونکە لە پەیڕەوی شۆڕشی کورد هاتبوو، کە داوای دیموکراتی بۆ عێراق و مافی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی دەکەن بۆ کوردستان. ئەگەر بێت و بەغدا ئەو مافانە جێبەجێ بکات و بارزانیش ڕەتی بکاتەوە، کەوایە بارزانی خۆی لە داواکارییەکانی خۆی پاشگەزبووەتەوە. ئەوە بوو وەڵامی بارزانی بۆ شای ئێران.

پێش ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕش ڕێککەوتن واژوو بکات لەگەڵ بەغدا، بە دەرفەت زانرا هێرشێکی پاکسازی بکرێتە سەر جاشەکان و مەترسییەکانیان کەم بکرێنەوە، چونکە بەعس مەرجی پاراستنی جاشەکانی لە ڕێککەوتنەکەدا

(١) کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان.

(٢) عمار علي السمر، شمال العراق ١٩٥٨ – ١٩٧٥، دراسه سياسيه، ص٣٥٩.

جێگیردەکــرد. ئــەوە بــوو لــە مانگــی یەنایەر/فبرایــەری ١٩٧٠ ســەرکردایەتی شــۆڕش تاوتوێــی هێرشــی بــۆ ســەر جاشــەکان کــرد. دوای قســەکردن لــەو بارەیــەوە، دوا بڕیاریـان لـە مسـتەفا بارزانـی سـەرۆکی شـۆڕش وەرگـرت، ئەویـش لای خۆیـەوە گوتـی: دوو دڵ مەبــن و هێــرش بکەنــە ســەریان. هێزەکانــی پێشــمەرگەی کوردســتان پلانێکــی سەرتاسـەرییان داڕشـت و ئـاگاداری هەمـوو یەکەکانـی پێشـمەرگە کرایـەوە کـە بـە هیـچ شـێوەیەک لەگـەڵ سـوپای عێـراق نەکەونـە پێکـدادان، و ئەگـەر جاشـەکان ڕوویـان کــردە بارەگاکانــی ســوپا، ئــەوا وازیــان لــێ بهێنــن. پلانــی هێرشــکردن بــەم شــێوەیە بــوو: هێــزی کاوە و هێــزی ســەفین: دۆڵــی خەلــەکان پــاك بکەنــەوە، هێــزی ڕزگاری: ناوچەکانـی شـوان و شـێخ بزێـن، هێـزی قـەرەداخ و خەبـات: گەرمیـان و قـەرەداخ پـاک بکەنـەوە. هێرشـەکە دەسـتی پێکـرد و ڕۆژی ٢٦ی کانونـی دووەم ناوچـەکان بـە تـەواوی پـاك کرانـەوە لـە جـاش. شـاندی بەغـدا لـە گەیشـتنیان بـۆ کوردسـتان ناڕەزایـی خۆیـان دەربــڕی بەرانبــەر بــەو کارە، خــودی ســەدام تورەببــوو، بــەڵام ئیدریــس بارزانــی لــە وەڵامــدا گوتــی: ئێمــە هیــچ بەڵێنێکــمان نەدابــوو بــە بەغــدا لــەو بارەیــەوە، لێــرە بــەدواوە ڕێنمایــی دەدەیــن کــە چیــتر پێشــمەرگە ڕاوەدووی جاشــەکان نەنێــن[1].

ڕۆژی ٢٨ی کانونـی دووەمـی ١٩٧٠ شـاندی بەغـدا بـە سـەرۆکایەتی حـەردان تکریتـی سـەردانی کوردسـتانی کـرد و لەگـەڵ بارزانـی کۆبـووەوە. لـە گفتوگۆکانـدا بەغـدا ڕازی نەبـوو بـەوەی کەرکـووک بەشـێک بێـت لـە ناوچـەی دەسـەڵاتی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان، بـەڵام بارزانـی پێداگربـوو لەسـەر ئـەوەی کەرکـووک بەشـێکی دانەبـڕاوە لـە کوردسـتان. پرســی کەرکــووک ســاردی و ســڕی دروســت کــرد لــە دانوســتانەکان، ســەرکردایەتی بەعـس لەنێوخۆشـیان لەسـەر زۆر پـرس ناکـۆک بـوون، یەکێـک لـەو پرسـانە چۆنییەتـی چارەسـەرکردنی دۆسـیەی کـورد بـوو.

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٨-٢٣٩.

## ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ١٩٧٠

ئـەو هۆکارانـەی لـە پشـت ئامادەیـی و بەجۆشـیی بەعـس و خـودی سـەدامەوە بـوون بـۆ ڕێککەوتـن لەگـەڵ کـورد بـە کورتـی ئەوانەبـوون:

**یەکـەم/** ناڕەزایـی خەڵکـی عێـراق لـە شـەڕی کوردسـتان، چونکـە بودجـەی وڵات و ئابـووری عێراقـی داتەپاندبـوو.

**دووەم/** بەعـس دەترسـا ئـەو جەنگـە درێژخایەنانـە ببنـە هـۆی ئـەوەی سـەرانی سـوپا و هەنـدێ ئەندامانـی بەعـس ڕێکبکـەون بـۆ کودەتایەکـی دیکـە و خـودی سـەدام بکرێتـە ئامانـج. لەبـەر ئـەوە دەبینیـن سـەدام لـە هەموویـان بـە گوڕتـر و ڕۆڵـی یەکەمـی هەبـوو لـە ڕێککەوتنەکـە.

**سێیەم/** دوژمنایەتـی ئێـران بەرانبـەر بەغـدا تـا دەهـات تینی زۆرتـر دەهێنـا. حکومەتی بەعـس ترسـی نزیکبوونـەوەی کـوردی هەبـوو لـە شـای ئێـران، کـە ئەگـەری ڕووخانـی بەعسـی لـە حکومـەت بەئامانـج دەگـرت. بـە کورتـی بەعـس ڕێگەچـارەی دیکـەی نەبـوو. هـەر بۆیـە ئـەو سازشـانەی کـرد، کـە لـە ڕاسـتیدا ئەندامانـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی بەعـس بڕوایـان بـە ناوەڕۆکـی ڕێککەوتننامەکـە نەبـوو، بەڵکـو یـاری کـردن بـە کات بـوو تـا تاقمەکـەی سـەدام بـە تـەواوی جێپێـی خۆیـان لـە جومگەکانـی دەسـەڵات دادەکوتـن، ئەوسـا ڕووی ڕاسـتەقینەی شـۆڤێنیزمی بەعـس دەردەکەوێـت.

وەکو پێشـتر خسـتمانەڕوو، دوای ئەوەی ساردوسـڕی هاتـە پێش دانوسـتانەکان، تەنانەت دوور نەبـوو دووبـارە پێکـدادان ڕووبداتـەوە، بـەڵام بـۆ جارێکـی تـر هـەردوو لا لەیەکـتر نزیکبوونـەوە. لـە ٩ی مارس/ئاداری ١٩٧٠ شـاندێکی بـاڵای بەغـدا بـە سـەرۆکایەتی سـەدام حوسـێن گەیشـتە ڕوانـدوز، لەوێـش شـاندی کـوردی پێشـوازییان لێ کـردن و بـەرەو بارەگای بارزانـی ڕێیـان کـرد. لـە مـاوەی دوو شـەو و دوو ڕۆژ دیالـۆگ لە نێوان هەردوولا بـەردەوام بـوون، تاوەکـو لـە ڕێکەوتـی ١١ی ئـادار ڕێککەوتننامەکـە ئامادە کـرا و هەریەک لـە ڕابەری شـۆڕش مسـتەفا بارزانـی و سـەدام حوسـێن واژوویان لەسـەر کـرد[١].

(١) مسـعود البـارزاني، البـارزاني والحركـه التحرريـه الكرديـه،..ص٢٤٣. جەمـال نەبـەز، کوردسـتان و

شـایانی گوتنـە بـۆ یەکـەم جاربـوو لـە مێـژووی گەلـی کـورد، ڕێککەوتننامەیەکـی یاسـایی لـەم شـێوەیە ئەنجـام بدرێـت، کـە وڵاتێـک بـە فەرمـی دان بـە مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد بنێـت. بێگومـان سـەرکەوتنێکی سیاسـی بـوو بـۆ گەلـی کوردسـتان، خەڵکـی عێراقیـش خۆشـحاڵی خۆیـان دەربـڕی پێـی، چونکـە هەمـوو لایـەک وەڕس ببـوون لـە جەنگـی خوێنـاوی و بەفیـڕۆ دانـی ئـەو هەمـوو توانـا دارایـی و مرۆییانـە بـۆ مـاوەی نـۆ سـاڵ.

دوای ئـەوەش سـەدام حوسـێن بانگـی شـاندی کـوردی کـرد بەیـاوەری هەریـەک لـە ئیدریـس بارزانـی و مەسـعود بارزانـی، هەروەهـا دکتـۆر مەحمـود عوسـمان و سـامی عەبدولڕەحـمان و دارا تۆفیـق و چەندانێکـی دیکـە. لـە گۆڕەپانـی ئـازادی (التحریـر) سـەرۆککۆماری عێـراق ئەحمـەد حەسـەن بەکـر وتـاری خوێنـدەوە و ناوەڕۆکـی بەیاننامـەی یـازدەی ئـاداری خسـتەڕوو. شـایانی باسـە، بەغـدا نـاوی لـێ نەنـا ڕێککەوتننامـە، چونکـە پێیـان وابـوو ڕێککەوتننامـە لەگـەڵ وڵات دەکـرێ نـەوەک لەگـەڵ لایەنـی ناوخـۆ. دوای سـەرۆککۆماریش، دکتـۆر مەحمـود عوسـمان وتـاری بەنـاوی سـەرکردایەتی شـۆڕش خوێنـدەوە، ئـەوەش بـە ئامادەبوونـی جەماوەرێکـی زۆر لـە کـورد و عـەرەب[1].

شۆڕشەکان، ل١٩٧-٢٠١.

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، ص٢٤٣-٢٤٥.

**وێنەی (٢٥)**



ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار لە بەغدا. خوێندنەوەی وتاری سەرۆککۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر بە بۆنەی واژووکردنی بەیاننامەی یازدەی ئادار بە ئامادەبوونی هەریەک لە ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی لە گۆڕەپانی ئازادی لە بەغدا

دوابەدوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار، سەرانی شۆڕشی کورد دەستیان کرد بە گەڕێک بۆ هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان، تاوەکو لە نزیکەوە ئەو ڕووداوە گرنگە بۆ خەڵک شی بکرێتەوە و دڵگەرم بکرێن بە سەرکەوتنی ئاشتی بەسەر شەڕدا. لە یەکێک لە کۆبوونەوەکان لە شاری کەرکووک بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، لە وەڵامی پرسیاری کوردانی کەرکووک کە ئایا کەرکووک دەکەوێتە سنوری ئۆتۆنۆمی کوردستان؟ و ئایا بەشێک دەبێت لە کوردستان؟ لە وەڵامدا مەسعود بارزانی دەڵێت بەڵێ کەرکووک بەشێکی دانەبڕاوە لە خاکی کوردستان. لە کۆبوونەوەکەدا تەها جەزراوی ئامادە دەبێت و مڕۆمۆچیی نیشان دەدات. دوای ئەوە شاندێک لە بەغداوە بە سەرۆکایەتی سەدام و بە یاوەری حەردان تکریتی خۆیان دەگەیەننە لای سەرۆک مستەفا بارزانی و دڵگرانی و گلەیی خۆیان نیشان دەدەن، گوایا ئێستا کاتەکەی ناسکە و پێویستە باسی کەرکووک نەکرێت لەبەر خاتری بەرژەوەندی گشتی

وڵات. ئەو گلەییەش بە ئامادەیی مەسعود بارزانی هاتە کردن. شایانی باسە، پرسی کەرکووک لە بەیاننامەی یازدەی ئادار دواخرا تاوەکو چوارساڵ بەسەر دەچێت[١]. بە گوێرەی سەدام و بەعس، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان و ڕێککەوتن لەسەر بەندەکانی بەیاننامەکە دوای چوارساڵ ئەو پرسە جێگیر دەکرێت. لە گفتوگۆیەکی مەسعود بارزانیدا لەگەڵ کەناڵی تەلەڤزیۆنی "ئێم بی سی" لە بەرنامەی السطر الأوسط، ڕایگەیاند، کە دەبوایە ڕاستەوخۆ یەکسەر پرسی کەرکووکیش جێگیربکرێت و دوانەخرێت، بەڵام بەعس پێداگری کرد لە دواخستنی.

هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ هەریەک لە جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەیان هاتنەوە لای ڕابەری شۆڕش مستەفا بارزانی و داوای ئاشتبوونەوەیان کرد. بارزانیش لێیان خۆش بوو و فەرمانی کرد بە هەموو لایەک کە هیچ لایەنێک بۆی نییە ئازاریان بدات و دەبێت بە دڵێکی گەورە قبوڵ بکرێنەوە.

**وێنەی (٢٦)**



خوێندنەوەی وتاری سەرکردایەتی شۆڕش لە لایەن مەحمود عوسمان بە بۆنەی واژووکردنی بەیاننامەی یازدەی ئادار لە بەغدا

(١) سەرچاوی پێشوو، لا٢٥١.

**وێنەی (٢٧)**



هاتنی سەدام و حەردان تکریتی بۆ لای سەرۆک مستەفا بارزانی

لەسەر پرسی کەرکووک لەجێی خۆیەتی ئەگەر ئاماژەیەک بدەین بە کاردانەوە هەرێمی و نێونەتەوەییەکان لە هەمبەر ڕاگەیاندنی بەیاننامەی یازدەی ئادار. هەریەک لە وڵاتی تورکیا و ئێران هیچ بەیاننامەیەکی فەرمییان نەخستەڕوو. ڕۆژنامەنوسانی تورکیا لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی لە بەغدا لە بەکریان دەپرسی، ئاخۆ ئەو ڕێککەوتنە کاریگەری هەیە بۆ سەر کوردەکانی ئێران و تورکیا. ئەویش لە وەڵامدا گوتی ئەوە کێشەی ناوخۆیی عێراقە و پەیوەندی بە کوردانی وڵاتانی دیکەوە نییە. پرسیارێکی تری ڕۆژنامەنووسی تورک لەسەر مافی تورکمان بوو لە عێراق، وەڵامی سەرۆککۆمار ئەوەبوو کە مافەکانیان لە عێراقدا پارێزراو دەبێت. هەرچی ڕۆژنامە ئێرانییەکانە، بەجیا و بەڵام لە ناوەڕۆکدا هاوشێوە باسی ڕووداوەکەیان دەکرد. بە نموونە ڕۆژنامەی "آیندگان" دەڵێت: "ئێرانییەکان بە سەرکەوتنی برا ئاریە کوردەکانیان شادومانن، بەڵام بەهیواین بەعسییەکان خاوەنی قسەی خۆیان بن". ڕۆژنامەی "پارس" دەنوسێت: ئێمە بە سەرکەوتنی کورد بەختەوەرین، چونکە برامانن، بەڵام ترسی ئەوەمان هەیە، ئاخۆ ڕژێمی عێراقی ڕێزی ڕێککەوتنەکە دەگرێت؟ یاخود ئایا ئەو هەموو بەڵێنانە نادات بەدەم شەپۆلی دیجلەوە؟"[(١)].

(١) ڕۆژنامەی پارس، ژمارە٣٣٨٤، شیراز ١٦ی مارس ١٩٧٠. ڕۆژنامەی آیندگان، تەهران ١٢ی مارس

وڵاتانی ڕۆژئاوا یان بێ دەنگ یان ناڕەزایی نیشان دەدەن سەبارەت بە ڕێککەوتنەکە. ڕۆژنامەی The Observer لە ١٥ی مارس دەنوسێت: "کانە نەوتەکانی باکووری عێراق کە ملیۆنەکان پاوەند نرخیانە، ڕەنگە بە پێی ئەو ڕێککەوتنە بکەونە ژێر دەسەڵاتی کوردەکان. بانگی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت بە گورجی فریاکەون، وا دیارە چارەنووسی کەرکووک یەکێکە لەو کێشە سەرەکییانەی کە لە نێوان کورد و بەغدا بێ چارەسەر دەمێنێتەوە". ئەوە دەربڕی سیاسەتی دژە کوردی بەریتانیا بوو، کە تا ڕۆژانی ئەمڕۆش بوونەتە بەربەستی سەرەکی لەبەردەم ئازادی کورد. مەینەتی سەد ساڵی ڕابردووی کوردستان پشکی هەرە سەرەکی لە ئەستۆی ئینگلیزی دڵڕەقدایە. شتێکی سەیر نییە، ئەوەتا سیسیل ئێدموندزی نوێنەری ئینگلیز لە کوردستان لە ساڵی ١٩٦٦ دەڵێت: هەر ڕژێمێکی عێراقی کەرکووک بخاتە ژێر دەسەڵاتی کورد، ئەوا دەسەڵات لەدەست دەدات. بەریتانییەکان بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هاندەری حکومەتی عێراق بوون بۆ دەربەدەرکردنی کورد لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی کوردستان لە کەرکووک و خانەقین و مووسڵ.

بەڵی ئەوە ئینگلیزەکان بوون لە ڕێگەی ڕاپۆرتی نهێنی و کۆبوونەوە و کۆڕ و سیمینارەکانیان ئاماژەیان دەدایە حکومەتە فاشییەکانی عەرەبی عێراقی تاوەکو کورد کۆمەڵکوژ بکەن و لەسەر خاکی خۆیان ئاوارەیان بکەن. تەنێ مستەفا بارزانی لە سەردەمی خۆی لەو ڕاستییە گەیشتبوو، هەر بۆیە لەسەر کەرکووک ئاوەهای دەگوت: کەرکووک کورد بووە و کوردە و بە کوردی دەمێنێتەوە، ئەگەر هەموو دانیشتووە کوردەکانیشی بە زۆر دەرپەڕێنن"[1]. بارزانی مستەفا بەوپەڕی دڵنیاییەوە کەرکووکی لەدەست بەعس و ڕژێمەکانی عێراق دەسەندەوە، بەڵام ئەوە وڵاتانی ڕۆژئاوابوون چەکی پێشکەوتوویان دەدایە بەغدا، دواتر یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٧٣-١٩٧٤ سوپای لەرزیوی عێراق پڕچەک دەکات و کورد دەکاتە قوربانی بەرژەوەندی پارە و سامانی نەفت. ئەگەر نا دەمێك بوو شۆڕشی

١٩٧٠. وەرگیراوە لە جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی، کۆبەرهەم، لا٢٠٧.

(١) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکانی، لا ٢٠٧.

کوردستان بەو توانا سەربازییە کەمەی کە هەیبوو، دەیتوانی قەوارەیەکی ئازاد بۆ کورد فەراهەم بکات.

هەریەک لە میدیا ئەوڕوپییەکان بە جیا لە ڕووداوەکە دەدوێن. ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا لەوانە Die Zeit پێی وایە ئەوە تەنها فریودانی کوردە و کات کوشتنە تا بەغدا خۆی ڕێکدەخاتەوە. ڕۆژنامەی Financial Times ی بەریتانیا بە گومانەوە دەڵێت:ئاخۆ ڕێککەوتنەکە ئاشتەواویی هەمیشەیی دێنێتە کایەوە؟ ڕۆژنامەی تایمزی ئەمریکی پێی وایە ئەوە مەترسییە بۆ سەر ئیسرائیل. لە هەموو ڕۆژنامەیەک زێتر کە چووبێتە قوڵایی کێشەی کوردەوە، ڕۆژنامەی Neue Zurcher Zeitung بوو کە دەیگوت: ئەوە ڕێککەوتنێکی تاکتیکی عێراقە بۆ فریودانی کوردانی ئێرانی، تاوەکو ئەوانیش داوای مافی ئۆتۆنۆمی بکەن و بەمەش کێشەی گەورە بۆ ئێرانی شاهەنشایی دروست دەبێت[1]. نابێت ئەوەش لە یادبکەین، دۆستێکی ئینگلیزی وەکو ئەندازیار هاملتۆن لەو ساتەدا لە حکومەتی وڵاتەکەی دەخوازێت کە هاوکاری پێشکەشی کوردستان بکات[2].

هەمیشە کێشەی میللەتانی چەوساوە لە لایەن زلهێزانەوە وەکو کارت بەکار دەهێنرێت دژی لایەنێکی دیکە. دۆسیەی نەتەوەی کورد هەڵقوڵاوی ئازار و مەینەتی گەلی کورد بوو، کە لەسەر خاکی خۆی دەربەدەر و هەنجن هەنجن کرابوو. ئێرانییەکان و ئیسرائیل و ئەمریکا ئەوەندە لە خەمی کورد نەبوون کە هاوکاری سەربازییان پێشکەش دەکرد، بەڵکو هۆکارەکە ئەوەبوو بەغدا لە یەکێتی سۆڤیەت نزیک دەبووەوە و ئەوەش بەرەی جەنگی دژی ئیسرائیل بەهێز دەکرد، لەولاوەش ئێران دەیویست هەرچی سوودی زۆرە هەڵیپچڕێنێت بۆ خۆی و ترسیشی هەبوو لە زیندووکردنەوەی دەنگی نەتەوەیی لە نێو کوردەکانی ڕۆژهەڵات. دەنگی دۆستەکانیشمان ئەوەندە بڕی نەدەکرد کە ببێتە فاکتەرێک بۆ ڕێگری لە کۆمەڵکوژی و دابین کردنی پاراستنی کوردستان و خاکەکەی.

(١) سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٠٩.

(2) A. H. Hamilton, British help is needed by the Kurds, The Daily Telegraph, 19.03.1970.

## هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی و ئیدریسی کوڕی

سەدام و بەعسییەکان ببوونە هەڵگری دروشمی درۆ و پیلانگێڕی و ناپاکی. ئەوان هەموو ئامانجیان دەسەڵات بوو، ئەوجا بە هەر شێوەیەک بێت. لە یەکێک لە گفتوگۆکان لەگەڵ عەزیز محەمەد سکرتێری حزبی شیوعی عێراق، سەدام ڕاشکاوانە دەڵێت: ئێمە دەسەڵاتمان دەوێت، ئێوەش دەتانەوێ پشکدار بن لە دەسەڵاتدا، ئەوەش بۆ ئێوە ناچێتە سەر[1]. بەعس لەگەڵ کورد بە ئاسانی بۆی نەلوا ڕاستەوخۆ ئەو زمانە بەکاربهێنێت، بۆیە ناچار بە دانوستان و ڕێککەوتن بوو، بەڵام تا ساتێک!!!

کاتێک ئیدریس بارزانی سەبارەت بە چۆنییەتی پەیڕەوکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنەکە لەگەڵ شاندێک لە بەغدابوو، دوای ئەوەی ئۆتۆمبیلەکەی دەباتە گەراج بۆ چاککردنەوە، لەوێ بەجێی دەهێڵێ. دەمەو ئێوارە هەریەک لە حەمید بەرواری و محەمەد عزیز کە یاوەری ئیدریس بارزانی بوون لە بەغدا، ئۆتۆمبێلەکە دەبەن و لە ڕێگا دەکەونە بۆسەی چەکداران و پەنجا گوللەیان لێدەدرێت. ئەوانەش لە پشتی ئەو تیرۆرکردنەوە بوون، هەریەک لە "لەتۆ زێباری و موحی هەرکی" بە هاوکاری "نازم گزار" سەرۆکی دەزگای ئاساییشی گشتی، بوون. خۆشبەختانە کەس نەکوژرا، بەڵام حەمید بەرواری بە سەختی بریندار بوو. بکەرانی ئەو کارەش بەرەو هۆتێل ئامباسادۆر چوون بۆ ئاهەنگ گێڕان، بێ ئەوەی بزانن کە ئیدریس بارزانی لە ناو ئۆتۆمبێلەکە نەبووە. دوای ئەوەش سەدام داوای کرد هەموو زانیارییەک کۆبکرێتەوە تاوەکو بەدواداچوون بکرێت و تاوانباران سزا بدرێن. بەڵام هیچ شتێك نەکرا.

ڕێکەوتی ١٥ی سێپتێمبەر/ئەیلوولی ١٩٧١ هەریەک لە پیاوانی ئایینی عەبدولجەبار ئەعزەمی (سوننە) و عەبدولحوسین ئەلدەخیلی (شیعە) بە سەردانێک هاتن بۆ لای مستەفا بارزانی بە مەبەستی چاککردنی پەیوەندییەکان و بڵاوکردنەوەی هەستی برایەتی لای گەلی عەرەب و کورد لە مینبەری مزگەوتەکانەوە. ئەو شوفێرەی

---

(١) کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان.

لەگەڵیان بوو کەسێکی سەر بە دەزگای هەواڵگری بوو، زانیاری لەسەر شوێن و چۆنییەتی دانیشتنی بارزانی کۆکردەوە. شاندێکی دیکە لە ٢٩ی مانگ سەردانی بارەگای بارزانییان کرد کە پێکهاتبوون لە دوو ئۆتۆمبێل و ژمارەیەک پیاوی ئایینی تێدابوو. وا دیار بوو پاسەوانانی بارەگا ڕێگرییان کردبوو لە دەرچوونی ئۆتۆمبێلەکان لە سنوری خاڵی پشکنین، بەڵام یەک لە مەلاکان هەڕەشەی کردبوو کە لای بارزانی سکاڵا دەکات ئەگەر ڕێگری لێ بکەن، بۆیە پاسەوانەکە ڕێگەی پێدان بێنە پێشەوە. مستەفا بارزانی زووتر لە کاتی دیاریکراوی دیدارەکە چووە لای میوانەکان، لە کاژمێر چوار و پەنجاو پێنج خولەک تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا. خۆشبەختانە سەرۆک مستەفا بارزانی بە تەناهی لە تەقینەوەکە دەرچوو[1].

ڕووداوەکە بەم شێوەیە بوو: کاتێک بارزانی دەچێتە لای میوانەکان و بەخێر هاتنیان دەکات، چایچییەکەی لە کاتی دانانی چا دەکەوێتە نێوان مستەفا بارزانی و ئیبراهیم ئەلخوزاعي کە پشتێنی "تی ئێن تی" هەڵگرتبوو (لەوە دەچێت نەیزانیبێت کە ئەوە بۆمبی خۆکوژییە)، لەو کاتەدا بە ئامێری ڕیکۆردەر کە لە گیرفانی ئیبراهیم ئەلخوزاعي بەسترابوو، تەقینەوەکە ئەنجام دەدرێت. چایچییەکەی بارزانی شەهید دەبێت، بەڵام خودی بارزانی بێجگە لە پارچە ساچمەیەک بەر ڕوومەتی دەکەوێت، هیچ زیانێکی پێ ناگات. مەحمود عوسمانیش کە لای بارزانی دەبێت هیچی لێ بەسەر نایەت. هەر لەو کاتەدا دوو شوفێری ئەمن کە لە دەرەوە دەبن، بە نارنجۆک پەلامار دەدەن، بەڵام پێشمەرگەکان ئاگری گوللەیان بەڕوودا دەتەقێنن و هەردووکیان دەکوژن. دواتر دەردەکەوێت کە ئۆتۆمبێلی دووەم موشەکی لێ بەستراوە، لە دۆخێک ئەگەر تەقینەوەی یەکەم سەری نەگرت، ئەوجا بە موشەک بۆردومانی بارەگای بارزانی بکرێت، بەڵام زوو پێشمەرگە دەیاندەنە بەر گوللە و دەیانکوژن. دوو پێشمەرگە شەهید دەبن بە ناوەکانی سەلیم زوبێر بارزانی و مەحمود شریف نزاری. میوانەکانیش نۆ مەلای ئایینی، هەموویان بەر تەقینەوەکە کەوتن و کەسیان ڕزگاریان نەبوو لەگەڵ ئەو

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، الجزء الثالث، ص٢٦٢-٢٦٤.

دوو ئەفسەرەی هەواڵگری بەعس. لە هەمان کاتدا بەعس بروسکە دەنێرێت و سەرۆککۆمار دڵگرانی خۆی نیشان دەدات و بێ ئاگایی خۆی لە ڕووداوەکە ڕادەگەیەنێت[١]. لیژنەیەک ڕادەسپێرن بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی تیرۆرکردنەکە، بەڵام دووبارە هیچ شتێک لەو بارەیەوە نەکرا.

مەسعود بارزانی لە زاری جەلال تاڵەبانییەوە دەگێڕێتەوە، کاتێک لە ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ حکومەتی بەغدا لە دانوستان بوو، پرسیاری لە سەدام حوسێن کردبوو لەبارەی هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی. سەدام دان دەنێت کە خودی خۆی لە پشتی هەوڵەکانی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانیی کوڕی بوو[٢].

یەکێتی سۆڤیەت نامەی هاوخەمی بۆ هەوڵی تیرۆرکردن و لە هەمان کاتدا خۆشحاڵی خۆی دەنێرێت بەبۆنەی ڕزگاربوونی بارزانی بە تەناهی لە کردەوە تیرۆریستییەکە. ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩٧١ شاندێکی سۆڤیەت بە سەرۆکایەتی باباجان گەفورۆڤ لەگەڵ ئەندامانی باڵوێزخانەی یەکێتی سۆڤیەت هاتنە لای بارزانی، کە ئەو کارەیان بە پلانی وڵاتانی ئیمپریالی دانا و داوایان کرد هەموو لایەک دان بەخۆیان بگرن و لە پێکدادانی چەکداری دوور بکەونەوە. دوای ئەوانیش شاندی حزبی شیوعی عێراقی بە سەرۆکایەتی عەزیز محەمەد سەردانی بارزانیی کرد، وێڕای دەربڕینی بەختەوەرییان بە دەرچوونی بارزانی بە تەناهی لە ڕووداوەکە، داوای دان بەخۆ گرتنیان کرد. پاش ئەوانیش شاندێکی سەرۆککۆماری عێراق وەکو نوێنەری ئەحمەد حەسەن بەکر گەیشتە بارەگای بارزانی و گازندەی لەوە کرد کە بەرپرسان گوێی بۆ ناگرن و ئاگای لەوە نەبووە کە پیلانگێڕی دژی بارزانی کراوە[٣].

ڕێککەوتن لەگەڵ کورد بۆ بەعس و سەدام مایەی ئارامی نەبوو، چونکە ئەوان لە لایەک هەستیان دەکرد سازشیان کردووە، لە لایەکیش ڕێککەوتن

(١) سەرچاوەی پێشوو.
(٢) هەمان سەرچاوە، لا٢٦٠.
(٣) سەرچاوەی پێشوو، لا٢٦٧.

و ئۆتۆنۆمـی واتـا ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان، چاککردنـەوەی جـادە و بانـەکان و ژێرخانـی ئابـووری کـە بـە هـۆی جەنگـەوە وێـران ببـوون، دەبوایـە حکومـەت گونـد و دێهاتـە کاولبـووەکان ئـاوەدان بکاتـەوە. حکومەتـی بەعـس دەبوایـە خانـەوادەی پێشـەرگە شـەهیدبووەکان قەرەبـوو بکاتـەوە، مانگانـە ١٥ دینـار مووچـە بـۆ ٢١ هـەزار هاوڵاتـی کـورد ببڕێتـەوە. قوتابخانـە و نەخۆشـخانە دروسـت بـکات، زانکـۆ و زاسـتگا دروسـت بـکات و هتـد[١]. حکومەتـی عێـراق هەرگیـز ئامـادە نەبـووە خزمەتـی کـورد بـکات، بـە گوناحـی زانیـوە پـارە بـۆ ئـاوەدان کردنـەوەی کوردسـتان تەرخـان بـکات. ئـەوە لـە کاتێـکدا هەمـوو شـارێکی عێـراق بـە نەفتـی کەرکووکـی کـوردان دروسـت بـووە. بیرمـان نەچێـت تـا سـاڵی ١٩٥٣ نەفتـی کەرکـووک تاکـە سـەرچاوەی داهاتـی عێـراق بـوو، دواتـر کانـە نەوتەکانـی تـر دەدۆزرێنـەوە لـەم وڵاتـە[٢].

تیـرۆری بەعـس تـا دەهـات بەگوڕتـر دەبـوو. ئـەوان خانـەی نهێنـی سیخوڕییان لـە هەمـوو شـوێنێک چەسـپاندبوو، بەشـێک لـە کوردانیـش ببوونـە جـاش و سـیخوڕییان بەسـەر برادەرانـی خۆیانـەوە دەکـرد. لـەو ماوەیـەدا لەیـلا قاسـم و هاوڵەکانـی لەسـێدارە دران. هـەر ئـەو سـاتانە بـوون کـە کوردانـی فەیلـی ڕووبـەڕووی دڕندەیـی بەعسـییەکان بوونـەوە. کوردانـی فەیلـی لـە دەوڵەمەنـدان و بازرگانانـی بەغـدا و دەوروبـەری بـوون، بەعسـییەکان بـە پاسـاوی هەبوونـی پشـتیوانی بـۆ ئێـران کـە نـاوی نابـوون (التبعیـە - شـوێنکەوتەیی)، دەسـتی کـرد بـە دەرکـردن و دەسـتگرتن بەسـەر سـامانی فەیلییـەکان، دواتریـش ئەشـکەنجەدانی لاوان و کوشـتنیان بـە خوێنـی سـارد، لـە کۆتاییـدا دەرکردنـی هـەزاران خانـەوادەی بەڕێـزی ئـەو توێـژە گرنگـەی گەلـی کـورد. هەرچەنـدە سـەرکردایەتی شۆڕشـی کوردسـتان و پارتـی دیموکراتـی توانیـان بەعـس ڕازی بکـەن کـە مافـی هاوڵاتیبـوون بـە فەیلییـەکان بدرێـت، بـەڵام وەکـو هەمیشـە بەعـس بەڵێنەکانـی نەبـردە سـەر.

یەکێکـی تـر لـە داوا هـەر گرنگەکانـی مسـتەفا بارزانـی کشـاندنەوەی هێزەکانـی

---

(١) ڕۆژنامەی التآخي، ژمارە ٤٣٥، بەغدا، ١٣ی مایس ١٩٧٠.: جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، لا ٢١٦.
(٢) دکتۆر ئازاد نەقشبەندی، وتاری دەزگای باسنیوز، عێراق لەسەر نەفتی کوردستان بونیادنراوە.

نزیک کەرکـووک و ئـەو ٣٠ هـەزار خێزانـە عەرەبـە بـوو کـە بەعـس هێنابوونـی بـۆ ئەوێنـدەر. نـەك هـەر گـوێ بـۆ ئـەو داوایـە نەگیـرا[1]، بەڵکـو هێنانـی عەرەبـی دڵسـۆزی بەعـس کـە لـە هـۆزە خێڵەکـی و بەربـەری و بـێ ویژدانـەکان بـوون، بـەردەوام بـوو بـۆ کەرکـووک و ناوچەکانـی نیشـتەجێبوونی کوردانـی ئێزیـدی. بەعـس سـوودی لـە سـەرچاوە ئـاوەکان وەردەگـرت، کەناڵـی ئـاوی دروسـت دەکـرد و تاوەکـو گونـد و ئاوەدانـی بـۆ عـەرەب دروسـت بـکات. بەعـس بـەزۆر عەرەبـی کۆچـەری نیشـتەجێ دەکـرد، لـە کاتێکـدا کـە پیشـەی بنەڕەتـی خۆیـان کۆچـەری و گـەڕان بـوو بـەدوای لـەوەڕگا. شـارۆچکەی ئێسـتای حەوێجـە یەکێـک لـە نموونـە زەقەکانـی پڕۆسـەی دژە کـوردی عەرەباندنـە. حەوێجـە خاڵـی قوڕسـایی پڕۆسـەی داگیـرکاری کوردسـتان بـوو، لەوێـوە بەعـس بـە نیـاز بـوو شـارێکی گـەورەی عەرەبـی شـۆڤینی دروسـت بـکات کـە ببێتـە هەوێنـی باڵانمـای تەوژمـی عەرەبـی و زاوزێ کردنیـان و خسـتنەوەی ژمارەیەکـی زۆری منـداڵ و نـەوەی عـەرەب. دروسـتکردنی بەنـداوی دوبـز و ڕاکێشـانی ئـاو بـۆ ناوچەکانـی دەوروبـەری بەعقوبـە و دروسـتکردنی کەناڵـی ئـاو گەورەتریـن پڕۆسـەی نیشـتەجێکردنی عەرەبـی بـەدوای خـۆی هێنـا. لـە هەمـان کاتـدا دەیـان گونـدی کـوردی ئـەو ناوچانـە بـە تـەواوی لەسـەر نەخشـە ڕەشـکرانەوە.

(١) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، کۆبەرهەم، لا ٢١٨.

## نزیکبوونەوەی بەعس لە یەکێتی سۆڤیەت - ناپاکیی بەعس

سیاسەتی بەعسی سەدامی وابوو کە پەیوەندی نێوان شۆڕشی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق تێکبدات، هەر بۆیە لە دانوستانەکانی نێوان بەغدا و بارزانی، شیوعییەکانی دوورخستەوە. بەڵام حزبی شیوعی لەگەڵ دوورخرانەوەشی، پاڵپشتی خۆی بۆ ڕێککەوتنەکە نیشاندا. بەعس پێویستی بە کات بوو، پێویستی بەوەش بوو لەگەڵ زلهێزێکی جیهانی لە پێناوی بەدەستهێنانی چەکی پێشکەوتوو پەیوەندی ستراتیژی دوورمەودا ببەستێت.

شاندێک بە سەرۆکایەتی سەدام بەنیازی سەردانی کردنی مۆسکۆ بوو، بۆ ئەم مەبەستەش داوای لە بارزانی کرد کە ئیدریسی کوڕی بنێرێت لەگەڵی، چونکە بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت سەنگی سیاسی تایبەتی هەبوو. باڵوێزخانەی یەکێتی سۆڤیەت لە بەغدا وای لە بارزانی کرد کە ڕازی نەبێت بەوە، چونکە بەعس شیوعییەکانی پەراوێز خستبوو. ئەوەبوو سەردانەکەی سەدام بۆ مۆسکۆ سارد و سڕ بوو، دەرکەوت کە خۆشحاڵ نەبوون بە هاتنی. ئەمجارەیان بەعس و سەدام زیرەکانە ویستیان هاوکێشەکە پێچەوانە بکەنەوە. دەستیان کرد بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی، کە دۆستی یەکێتی سۆڤیەت بوو. دەستیان کرد بە دروستکردنی بەرەی هاوبەش بەناوی بەرەی نیشتمانی پێشکەوتووخواز. بەعس دەیویست ئەوجارە سەرکردایەتی شۆڕش پەراوێز بخات، هەرچەند حزبی شیوعی عێراقی داوای کرد لە بارزانی کە بەشداری بکەن لە بەرەکەدا، بەڵام بارزانی لەبەر چەند هۆیەک ڕەتی کردەوە، لەوانە جێبەجێ نەکردنی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار، زاڵ بوونی بەعس بەسەر بەرەکە کە تیایدا تاکڕەوی خۆی دەسەپاند بەسەر حزبی شیوعی و بەسەر بەرەی شۆڕشی کوردستان. لە لایەکی دیکە دووبەرەکی لە نێوان پارتی دیموکراتی و حزبی شیوعی دروست بوو، کە بووە هۆی پێکدادانی هەردوو لا و کوشتنی ژمارەیەک لە شیوعییەکان[1]. ئەو ڕووداوانە بەعسی خستە ئاهەنگ گێڕان. ئەوە ئامانجی بەعس بوو.

---

(١) عمار علي السمر، شمال العراق ١٩٥٨-١٩٧٥، ص٣٨٠-٣٨٧.

حکومەتـی بەعـس جگـە لەچاککردنـەوەی پەیوەنـدی لەگـەڵ حزبـی شـیوعی عێراقـی، چەندیـن گـفتـی ئابـووری و بازرگانـی گـەورەی دەخسـتە بـەردەم یەکێتـی سـۆڤیەت، وەکـو کارکـردن لـە کێڵگـەی نەفتـی ڕومێلـە، بەکارهێنانـی ئاوەکانـی عێـراق لـە لایـەن کەشـتیگەلی سـۆڤیەتی، لـە هەمووشـی مەترسـیدارتر، گرێبەسـتی کڕینـی ژمارەیەکـی ئێجـگار زۆر لـە چەکـی پێشـکەوتووی ڕووسـی. ئـەوە بـوو لەسـەردانی دووەم بـۆ مۆسـکۆ، بارزانـی و مۆسـکۆ حەزیـان دەکـرد ئیدریـس بارزانـی یـاوەری سـەدام حوسـێن بـکات، بـەڵام ئەوجـارە سـەدام ڕەتـی کـردەوە. ئەوەبـوو سـەدام گەشـتێکی سـەرکەوتوو و بەرهەمـداری بـۆ مۆسـکۆ ئەنجـام دا، تیایـدا فڕۆکـەی پێشـەکەوتووی جـۆری TU٢٢ و هەروەهـا فڕۆکـەی سـوخۆی و میـگ ٢٥، تۆپهاوێـژی ١٣٠ ملـم و ١٥٢ ملـم، ڕۆکێتـی ژەهـراوی، ڕۆکێتـی فۆسـفۆری، تانکـی جـۆری T٦٢ و سـەدان پارچـە چـەک و هـەزاران تەقەمەنـی جۆراوجـۆر[١]. لـە مانگـی یۆنیۆ/حوزەیرانـی ١٩٧٣ سـکرتێری یەکەمـی باڵوێزخانـەی سـۆڤیەت لـە بەغـدا سـەردانی حاجـی ئۆمـەران دەکات و لەگـەڵ بارزانـی کۆدەبێتـەوە، داوای لێـدەکات کـە بچێتـە نـاو بـەرەی حزبـی بەعـس و حزبـی شـیوعی عێراقـی، لـە بەرانبـەردا بەڵێنـی هەمـوو شـتێکت پـێ دەدەیـن. بارزانـی لێـی دەپرسـێت، ئایـا یەکێتـی سـۆڤیەت گەرەنتـی ڕێزگرتـن و پابەندبوونـی بەعـس بەڕێککەوتـن دەگرێتـە ئەسـتۆی خـۆی؟ ئەگـەر دەتوانێـت ئـەو کارە بـکات، ئـەوا بـا مۆسـکۆ بـە نووسراوێکـی فەرمـی ئـەو پابەندییـە ئەنجـام بـدات. بـەڵام مۆسـکۆ خـۆی لـە پرسـەکە بـووارد[٢].

لەمیانـەی ڕێککەوتـن لـە نێـوان حکومەتـی عێـراق و یەکێتـی سـۆڤیەت، هەروەهـا سـەردانیکردنی سـەرۆکوەزیرانی ئـەو وڵاتـە بـۆ عێـراق لـە نیسـانی ١٩٧٢ بـۆ واژووکـردن لەسـەری، ئەمریـکا و تـاران بـە گومانـەوە لێیـان دەڕوانـی، بۆیـە هەوڵـی خۆنزیککردنەوەیـان دا لـە بارزانـی و شۆڕشـی کـورد. سـەرۆکی ئەمریـکا لـە ڕێکەوتـی ٣٠ی مایسـی ١٩٧٢ بـە یـاوەری هێـنری کیسـینجەر بـە سـەردانێکی کـورت گەیشـتە تـاران و لـەوێ پرسـی کـوردی بـە ئاشـکرا لەگـەڵ حەمـەڕەزا شـا هێنایـە گـۆڕێ. سـوپای

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، ص٣٨٢-٣٨٣.
(٢) هەمان سەرچاوە.

ئەمریکا سەری بە شەڕی ڤیێتنام قاڵ بوو، ئێرانیش حەزی نەبوو لەگەڵ وڵاتانی عەرەب پەیوەندییەکانی تێک بدات، بەڵام گەشەی سەربازی و سیاسی عێراقی بەعسی و نزیکبوونەوەی سەدام لە سۆڤیەت بۆ هەردوولایان مایەی دڵخۆشی نەبوو. ئێران و ئەمریکا بە هەلیان زانی لە ڕێگەی بەڵێنی زل و درۆیینەوە کوردەکان بکەنە بریکاری خۆیان بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێی و کێشکردنی تەرازووی هێز بە ئاڕاستەی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کورد خاوەنی دۆسیەی ڕەوای خۆی بوو، بەڵام وڵاتانی ناوبراو خودان ئەجیندای خۆیان بوون. ئێران بە شێوەیەکی پەنهان بووە نوێنەری ئەمریکا لەسەر ئەو پرسە. پەیوەندییە نهێنییەکان لە گەشەکردن دابوون. ئێران ڕێگەی کردبووەوە بۆ گەیاندنی چەک و تەقەمەنی بۆ شۆڕشی کورد، لەوانە دژە فڕۆکە و دژە تانک[1]. ئەو هاوکارییە سەربازییانە سەرکردایەتی شۆڕشیان تاودا تاوەکو سڵ نەکەنەوە لە هەڕەشە کردن لە عێراق، و بە ئاشکرا ڕایانگەیاند کە ئەگەر بەغدا ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ جێبەجێ نەکات ئەوا ڕووبەڕووی جەنگ دەبێتەوە[2].

بارزانی زیرەکانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ڕووداوەکان دەکرد، زامەکانی بووری لە یاد نەکردبوو، دەیزانی کە زلهێزەکان و وڵاتانی دەوروبەر لە هەر کاتێکدا ئەگەر هەیە ڕوویان وەرگێڕن و بادەنەوە بە لایەکی تردا. بارزانی بەعسییەکانی ناونابوو "بەعسی غەددار و گڵاو"، چونکە ئەوەندە ناپاکی و گزی و نامەردیی لێ دیتبوون. بارزانی هیچ متمانەیەکی بە هیچ بەڵێنێک و قسەیەکی بەغدای بەعسی نەمابوو. هەرچی شای ئێرانە، بارزانی بە هەمان شێوە گومانی لە ڕەفتارەکانی دەکرد. گەرچی کاربەدەستانی شا لەو ماوەیەدا ڕێزی زۆریان لە پێشمەرگە و نوێنەرانی شۆڕش دەگرت لە میانەی سەردانیکردنیان بۆ تاران، بەڵام بارزانی پەی بەوە بردبوو کە شا ڕژد و ڕاستگۆ نییە. ڕاستیش ئەوەیە کە شا نەیدەویست بە هیچ شێوەیەک شۆڕشی کورد سەربکەوێ، چونکە دەبووە مایەی وروژاندنی

(١) عمار علي السمر، شمال العراق ١٩٥٨-١٩٧٥، ص٢٩٢.

(٢) گونتەر دێشنەر، کورد، گەلی لەخشتەبرا، ل٢٣٨.

چـوار ملیـۆن کـوردی ئێـران. جیـا لـەوەش بارزانـی بێویژدانیـی شـــای لـە یادمـا بـوو کـە چـۆن کۆمـاری کوردسـتانی لـە مهابـاد داپڵۆسـی، ئاخـۆ بـۆ دەبـێ ئێسـتا ئەوەنـدە چاکەخـواز بێـت بـۆ کـورد؟ هــەر بۆیـە بارزانـی داوای دەکـرد لـە هەمـوو وتوویـێـژ و دانوسـتانەکان نوێنـەری وڵاتانـی وەکـو ولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا ئامادەبـن. دیاربـوو کـە ئەمریکییـەکان بەڵێنـی گەورەیـان پێدابـوو، وایـان کردبـوو کـە متمانـەی بارزانـی بەدەسـت بهێنـن و پاڵـی بنێـن بـۆ شـەڕ. ئەوەبـوو لـە هاوینـی ١٩٧٣ شـەش هـەزار پێشـمەرگەی پاڵـەوان ئامـادەی جەنـگ بـوون. دکتـۆر گونتـەر دێشـنەر دەڵێـت، ”ئـەو هێـزە ئەوەنـدە گـەورە و ترسـێنەر بـوو، کـە دەکـرا گەورەتریـن جەنگـی لـە ڕێگەیـەوە بەرپـا بکرێـت و سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنێـت“.

لـەم نێوەنـدەدا نـازم گـزار سـەرۆکی دەزگای ئاساییشـی گشـتی هەوڵـی ئەنجامدانـی کودەتایەکـی دا بـۆ گرتنەدەسـتی دەسـەڵات. لـە کاتێـکدا کـە سـەرۆککۆماری عێـراق ئەحمـەد حەسـەن بەکـر بـە سـەردانێک لـە بولگاریـا بـوو، نـازم گـزار لەگـەڵ گروپەکـەی وا ڕێککەوتبـوون هـەر کـە سـەرۆککۆمار گەیشـتە فڕۆکەخانـە و دابـەزی، دەسـترێژی لـێ بکـەن و لەنـاوی ببـەن. فڕۆکەکـەی سـەرۆککۆمار کاژمێرێـک دواکـەوت لـە وادەی خـۆی، ئەمـەش وایکـرد پیلانەکـە تێـک بچێـت و کودەتاکـەران دەسـگیربکرێن و لەنـاو ببردرێـن. سـەدام بـە دەرفەتـی زانـی هەمـوو کار و پیلانگێڕییـەکان بخاتـە ملـی نـازم گـزار، لەوانـە پیلانـی تیرۆرکردنـی بارزانـی. هەروەهـا بـە دەرفەتـی زانـی ژمارەیەکـی زۆر لـە ئەفسـەران و کەسـانی دڵسـۆزی وەکـو عبدالخالـق السـامرائي بخاتـە نـاو لیسـتی تاوانبارانـەوە و لەناویـان ببـات. ئـا ئەوەبـوو سیسـتەمی بەعـس، کـە کوشـتن لـە پێنـاوی دەسـەڵات پیشـەی یـەک بـە یەکیـان بـوو. سـەرانی بەعـس تـا کۆتاییهاتنـی دەسـەڵاتیان ڕۆژێـک بـە ئارامـی نەخەوتـوون لـە ترسـی پیلانـی کودەتـا لـە لایـەن دۆسـتەکانی خۆیـان.

بەعـس چەندیـن ڕێـکاری جۆراوجـۆری دەگرتەبـەر بـۆ فـرت و فێـڵ، بـۆ خۆدزینـەوە لـە پرسـە سـەرەکییەکان، لـە هەمـان کاتـدا پێشـنیاری ئـەوەی دەکـرد نەفتـی کەرکـووک

بــە هاوبەشــی دابــەش بکرێــت لــە نێــوان کــورد و عــەرەب[١]. ئــەوە لــە کاتێکــدا کــە پرۆســەی عەرەباندنــی کوردستانیشــی دەســت پێکردبــوو، دەرکــردن و دزینــی ســامانی فەیلییەکانــی دەســت پێکردبــوو. ســەدام دەیوســت خــۆڵ بکاتــە چــاوی هەمــوو لایــەک، لــە لایــەک نیشــانی بــدات کــە خوازیــاری ڕێککەوتنــە و داوای ئاشــتی دەکات، لــە لایەکیــش خــۆی پــڕ چــەک دەکــردو ئامادەســازی دەکــرد بــۆ هێرشــێکی سەرتاســەری بــۆ ســەر کوردســتان. لــە لایــەک بانگەشــەی پێدانــی مافــی زمانەوانــی و شــتی سادەی دەکــرد، لــە لایەکیــش گوندەکانــی کوردســتانی بــە چۆڵکــردن دەدا و لەجێگەیــان عەرەبــی بــەدو و خێڵەکــی بەربــەری دەهێنایــە ســەری.

بارزانــی لــە دیمانەیــەک دەڵێــت: "ئێمــە ناچاربوویــن ١٠ ســاڵان شــەڕ بکەیــن، داوا لــە ڕۆڵەکانــی گەلەکەمــان بکەیــن کــە مەینەتــی دونیایــان بەســەرهاتبوو، بــە هەمــوو قوربانییــەک ڕازی بــن تاکــو حکومــەت ناچــار بکەیــن ئــەو ڕێککەوتننامەیــە مــۆر بــکات، بۆیــە ناتوانیــن چاوپۆشــی لــە حکومــەت بکەیــن لــەو بەڵێــن و گفتانــە پاشــگەز بێتــەوە کــە لــە ئــاداری ســاڵی ١٩٧٠ پەیمانــی دا جێبەجێیــان بــکات و ئاشــتی بــۆ خــۆی پــێ دەســتەبەر بــکات"[٢]. میــر بەدرخانیــش کــە لــە تاراوگــە لــە پاریــس نیشــتەجێ بــوو، ئامــاژە بــە چەواشــەکارییەکانی حکومەتــی بەعــس دەدات و دەڵێــت: حکومەتــی بەعــس کــە بــۆ تاقــە جارێکیــش دوژمنایەتــی خــۆی لــە هەمبــەر کــورد نەشــاردۆتەوە، ئەمجــارە ڕەفتارێکــی زیرەکانــە و درۆیینــی ئاشــکرای بەکارهێنــا، ئەوەبــوو یاســای بەنــاو ئۆتۆنۆمــی لــە کوردســتان دەرکــرد، کــە لــە ڕاســتیدا بریتییــە لــە ژێردەســتە کردنــی هەمــوو ناوچەکانــی کوردســتان بــۆ ژێــر دەســتی بەعــس. هــەر یــەک لــە ڕۆژنامەکانــی سویســڕا و ئەڵمانیــا و فەڕەنســا ئامــاژە بــەوە دەدەن کــە ئــەو ئۆتۆنۆمییــە ڕێککەوتنێکــی ڕواڵەتیانەیــە و بــێ گوێدانــە ویســت و خواســتی کــورد ئەنجــام دراوە، ئــەوەش لــە داهاتــوودا دەبێتــە هــۆی هێنانــە کایــەوەی دۆخێکــی مەترســیدار[٣].

---

(١) عمار علي السمر، شمال العراق ١٩٥٨-١٩٧٥، ص٣٩٢.

(٢) گونتەر دێشنەر، کورد، گەلی لەخشتەبرا، لا ٢٤٧.

(٣) هەمان سەرچاوە، لا ٢٤٨.

## مەردایەتی کورد لە جەنگی نێوان عەرەب و ئیسرائیل

سەبارەت بە جەنگی عەرەب دژی ئیسرائیل، لە نێو کورد دا کەسانێک هەبوون کە بڕوایان بە مافی عەرەب هەبوو لە خاکی فەڵەستین. لە ڕۆژنامەکان گفتوگۆی هەندێک لە سەرانی کورد دەهاتنە بڵاوکردن لەو بارەیەوە. لەوانە دکتۆر مەحمود عوسمان وساڵح یوسفی دەبێژن کە کورد لە کێشەی فەڵەستین دا پشتیوانی لە گەلی عەرەب دەکەن[١]. سەرۆک مستەفا بارزانی لەو بارەیەوە هیچ ڕایەکی نەدابوو، تا لە مانگی ئایاری ١٩٧٠ بە کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسی ئەردەنی ڕاگەیاند کە کورد لە کێشە چارەنوسسازەکانی عەرەب یارمەتی عەرەب دەدەن[٢]. ئەمە لە کاتێکدا کە فەڵەستینییەکان هەمیشە پشتیوانی سەدام بوون و سەرەڕای ئەو مەردایەتییەکی کوردیش، هەرگیز پشتیوانی نەتەوەی کوردیان نەکردووە.

لە جەنگی عەرەب و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧ عەرەب داوایان لە بارزانی کرد هێزێکی سیمبولیانە بنێرێت بۆ شەڕ لەدژی ئیسرائیل، بارزانی لە وەڵامدا گوتی من باوەڕم بە سیمبول و قسەی گەورەی بێ ناوەڕۆک نییە. عەرەبەکان دوای ئەو ووتانە بارزانییان بە چەتە و بەکرێگیراو لەقەڵەم دا. بارزانی ئامۆژگاری کردن کە ئەو جەنگە نەکەن، چونکە جگە لە ماڵوێرانی بۆ فەڵەستینییەکان هیچی تر لەگەڵ خۆی ناهێنێت، بەڵام دایانە سەرەڕۆیی. ئەوەبوو هێزەکانی عەرەب دووچاری دۆڕانێکی گەورە و ئابڕووبەرانە بوونەوە. ئەفسەرانی سوپا هاتنەوە لای بارزانی و داوای ڕێنماییان لێکرد، ئەویش لە وەڵامدا گوتی: کە پێتانم گوت لە جەنگی ئیسرائیل دەدۆڕێنن، باوەڕتان پێ نەکردم و بە چەتە ناوتان بردم، ئێستاش دەتانەوێت "چەتەیەک" ڕێنوێنیتان بکات؟[٣].

یەکێکی دیکە لە ڕووداوەکانی تایبەت بەو پرسە ئەوە بوو، عەرەب پێش جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ بە سەرۆکایەتی ئەنوەر سادات نامەیان بۆ بارزانی نارد کە لەو ساتە ناسکەدا شەڕ لەگەڵ سوپای عێراق نەکات و بەرەی دژی ئیسرائیل لاواز نەکات،

---

(١) ڕۆژنامەی الثورة، هەردوو ژمارەی ٤٥٧، بەغدا ڕێکەوتی ٢٢ی ئاداری ١٩٧٠، هەروەها ژمارە ٤٨٧، بەغدا، ڕێکەوتی ٥ی ئایاری ١٩٧٠. وەرگیراوە لە جەمال نەبەز، کورد و شۆڕشەکانی، کۆبەرهەم، لا ٢١٠.

(٢) ڕۆژنامەی التآخي، ژمارە ٤٤٨، بەغدا ٢٨ی ئایاری ١٩٧٠.

(٣) جەمال نەبەز، کورد و شۆڕشەکانی، کۆبەرهەم، لا ٢١١.

بە تایبەت لە کاتێکدا کە سەدام خۆی لە شەڕی ئیسرائیل دەدزییەوە بە پاساوی هەبوونی شەڕ لەگەڵ کورد. بارزانی بەڵێنی دایە ئەنوەر سادات کە شەڕ نەکات، بە ڕاستیش بەڵێنەکەی بردەسەر. ئەنجا دوایی دەردەکەوێت کە سەرانی عەرەب چەند کەسانێکی بێ پەیمان و بێوەفا و سپڵە بوون لە ئاستی سەرڕاستی و مەردایەتی کورد!

کاتێك لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ سوپای میسر و سوریا چەند سەرکەوتنیان بەسەر ئیسرائیل تۆمار دەکرد، جووەکان داوایان کرد لە مستەفا بارزانی کە هێرش بکاتە سەر سوپای عێراق تاوەکو بەرەی جەنگ پەرت بکات و ئاگایی عەرەب پەرش بکات. هەرچەندە سەرکردایەتی شۆڕش لەگەڵ ئەوە بوون هێرش بکات، بەڵام بارزانی ڕەتی کردەوە، چونکە پێی وابوو ئەگەر لەو کاتە ناسکەدا لەگەڵ عێراق بجەنگین، ئەوە واتای ئەوەیە ئێمە بەرەی ئیسرائیلمان هەڵبژارد دژی هەموو گەلی عەرەب. ئەوەش هەڵەیەکی مێژوویی گەورەیە، چونکە ئێمە جەنگمان لەگەڵ ڕژێمێکە نەک لەگەڵ گەلی عەرەب[1].

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، الجزء الثالث، ص٢٨٩.

## پاشگەزبوونەوەی بەعس لە ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار

وەکو لە خاڵەکانی پێشوو ئاماژەمان دا، بەعس هەرگیز باوەڕی بە مافی سیاسی نەتەوەی کورد نەبوو، باوەڕی بەوە نەبوو کورد قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی لە چوارچێوەی عێراق هەبێت، بە پێچەوانەوە مستەفا بارزانیش نەیدەویست مافی ئۆتۆنۆمی کوردستان تەنها لە مافی کولتوری و زمانەوانی و چەند پۆستێکی وەزارەت و کارگێڕی کورت بکرێتەوە. بارزانی پێی وابوو ئەوانە هەنگاوێکن بۆ مافە ڕاستەقینەکانی گەلی کورد، بەڵام پرسی بناغەیی نین، چونکە بەبێ هەبوونی قەوارەی سیاسی مەحاڵە ئەو مافە کولتوری و زمانەوانیانە و هتد جێگیر بن و بگرە لەناویش دەچن. واتە دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی کوردستان لە دەست خودی کورد بێت لەچوارچێوەی سنورێکی جیۆگرافی دانپێدانراو. خاڵێکی سەرەکی دژبەرێتی نێوان کورد و بەعسی عەرەبی بریتی بوو لەوەی بارزانی پێداگری لەسەر ئەوە بوو هەر چوار شاری هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و دهۆک لەگەڵ ناوچەکانی وەکو خانەقین و شەنگال و شێخان بکەونە سنوری قەڵەمڕەوی ئۆتۆنۆمی کوردستان، هەروەها کەرکووک ببێتە سەنتەری ئۆتۆنۆمییەکە. بارزانی داوای دەکرد سەرژمێری دانیشتوانی ئەو ناوچانە بکرێت بۆئەوەی بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بێت کە ئایا ژمارەی کورد لەو ناوچانە چەندە. بەعسیش چاک دەیزانی ئەو ناوچانە زۆرینەی کوردی تێدا دەژی و ئەنجامدانی سەرژمێری واتا لێدان لە سەروەری عێراق، بە گوتەی بەعس[1].

خانەقین و کەرکووک و شەنگال و هەموو ئەو گوند و دێهاتانەی دەکەوتنە ناو قەڵەمڕەویانەوە، جێگەی ناکۆکی بوون لە نێوان حکومەتی ناوەندی و سەرکردایەتی شۆڕش. ئەو ناوچانە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان سەرچاوە و کانگای نەفت و دەوڵەمەندیی عێراقن، بۆیە حکومەتی بەعس خۆی دەدزیەوە لە ئەنجامدانی سەرژمێری و داواکانی بارزانی بۆ گەڕاندنەوەی گوندە کوردییەکان

---

(١) عمار علي السمر، شمال العراق ١٩٥٨-١٩٧٥، ص٣٧٤.

بۆ ناوچەکانی خۆیان و دەرکردنی عەرەبەکانیش بۆ شوێنی پێشووی خۆیان. بەعس بەوەش نەوەستا، بەڵکو ئەو ناوچانەی وەکو ناوچەی قەدەغەکراو (محرمە) ناوزەند کرد، لەو نێوەندەشدا دەسکاری سنوری کارگێڕیی دەڤەرەکەی دەکرد، شارۆچکەکانی لە کەرکووک دادەبڕی و دەیخستنە سەر سلێمانی، گوند و دەڤەرە عەرەبییەکانی دەخستە سەر کەرکووک. وەزارەتی ناوخۆی عێراق هەندێ کۆمپانیای درۆیینی دروست کرد و لەژێر ناوی کارکردن هەزاران دۆنم زەوی لە دەرەبەگە کوردەکان کڕییەوە، یەك لەو بریکارانەی کۆمپانیا ناوی "عەلی دەحام" بوو کە زەویوزاری یازدە گوندی کوردی کڕییەوە. دواتریش گرێبەستی کڕینەکەی هەڵوەشاندەوە و کوردەکانی بەزۆرەملێیی دەربەدەر کرد، لەجێی ئەوان دەیان خێزانی عەرەب نیشتەجێ کران[1].

لە سەرەتای هاوینی ١٩٧١ کۆمپانیای نەفتی عێراق وەکو بەشێک لە پڕۆسەی ڕاگواستنی کوردان، هەستا بە ڕاگوێزانی ٤٠٠ کرێکاری کورد لەگەڵ تەواوی خانەوادەکانیان، کە ژمارەیان دەیکردە ٢٠٠٠ کەس، بۆ باشووری عێراق، لە جێی ئەوان کرێکاری عەرەب بە خانەوادەکانیانەوە جێگیرکران. لە ماوەی نێوان ١٩٦١ تاوەکو ١٩٧١، ٢٠ هەزار کورد لە ناوچەکانی کەرکووک و دەوروبەری دەرکران، لەجێیان ٣٠ هەزار عەرەب ئاکنجی کران. دکتۆر گونتەر دێشنەر لە ساڵی ١٩٧٣ لە میانەی دیمانەیەک لەگەڵ سەرکردە بارزانی، ئەو پرسە دێنێتە باس، ئەویش بە شێوازێکی توند دێتەگۆ:

"هەر خوێندەوارێک بگری لە هەر سوچێکی ئەو جیهانە زۆر شت دەزانێت لەسەر قڕاندنی ئەرمەنەکان بە دەستی تورک، یان جووەکان بە دەستی ئەڵمان، کەچی بەغدا بە ئاشکرا هەرچییەکی بوێت دەیکات بەرانبەر ئێمە، کەسیش ئەو زەحمەتییە ناکێشێت ئاماژەیەک بۆ ئەو ڕەفتارانە بکات یان کارێک بکەن سنورێک بۆ ئەو کارانە دابنێن. مادامێکی نەفت هەبێت و بگاتە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان، ئەوا هیچ کەسێک ڕۆژێ لە ڕۆژان بیر لەو ڕاستییە ناکاتەوە کە ئەو نەفتە تێکەڵ

(١) گونتەر دێشنەر، کوردەکان، گەلی لەخشتەبراو، ل٢٣٠.

بــە خوێنــی ڕۆڵەکانــی گەلەکــەم بــووە، ئــەو خوێنــەی کــە دەســەڵاتدارانی بەغــدا ڕشــتویانە. ئــەو خوێنــەش لەگــەڵ ئــەو نەفتــەدا بــۆ هــەر شــوێنێک بــڕێ، دەڕوات. نەفتــی ئێمــە لــە هــەر شــوێنێک بێــت، خوێنــی ڕۆڵەکانــی ئێمــە لەوێیــە"[١].

تــا ڕۆژگاری دوای ڕووخانــی ڕژێمــی بەعســی ســەدام، هێشــتا عێراقییــە تــازەکان کــە گوایــا دۆســتی کــورد بــوون و لــە زەمەنــی پێشــوودا لــە چیاکانــی کوردســتان نــان و نمەکــی کوردیــان کردبــوو و لــە گوندەکانــی کوردســتان حەوێنرابوونــەوە، ئامــادەی ئــەوە نیــن دان بــەوە بنێــن کــە بەعــس ئــەو ناوچانــەی عەرەبانــدووە، بەڵکــو پەســندی ئــەو کارانــەی حکومەتەکانــی پێشــووی عێــراق دەکــەن و بــە دەســتکەوتی سیاســی بــۆ خۆیــان دەزانــن. تــا ئێســتا حکومەتــی عێــراق ئامــادەی کردنــەوەی ئــەو دۆســیەیە نییــە، زێــتر بــەولاوە، عەرەباندنــی کوردســتان لــە ناوچەکانــی کەرکــووک و خانەقیــن و شــەنگال و توزخورماتــو لــە بەردەوامــی دایــە، بــە تایبەتــی دوای شــازدەی ئۆکتۆبــەری ٢٠١٧، پارێزگارێــک بەنــاوی ڕاکان الجبــوري بــەزۆر ســەپێنراوە بەســەر کەرکــووک و ئــەوەی بیــەوێ دەیــکات، کەســیش ناڵێــت ماڵــت لــە کوێیــە. ئــەوە دەرەنجامــی نەبوونــی ســنوری نەتەوەییــە، ســنورێک کــە مافــە نەتەوەییــەکان بپارێزێــت. مافــە نەتەوەییــەکان پێــش هەمــوو شــتێک بــە واتــای پاراســتی خاکــی کــورد دێــت. بــەڵام کاتێــک ســنوری نەتەوەیــی لــە ســەر جوگرافیــا بوونــی نەبــوو، عەرەبانــدن و ڕاگواســتنیش بــەردەوام دەبێــت تــا بــە تــەواوی کــورد لــە خاکــی خــۆی ڕەش دەکرێتــەوە.

(١) گونتەر دێشنەر، کورد گەلی لە خشتەبراو، ل٢٣١.

## درێژەدان بە دانوستان

لـە نێـوان هــەردوولا کۆبوونــەوە و گفتوگــۆکان بــەردەوام بــوون. بارزانــی داوای گفتوگـۆی ئاشـتیخوازنە و دوور لـە بەکارهێنانـی شـێوازی تونـدی لـە نوێنەرانـی کـورد دەکـرد. بارزانــی بــە وردی ئــاگاداری هەڵگەڕانــەوە و دووبــارە داڕشــتنەوەی هاوکێشــە سیاسـییەکانی جیهانـی بـوو. ئـاگاداری ئـەوە بـوو کـە ئەمریـکا و ڕۆژئـاوا و ئیسرائیـل بـە لێکنزیکبوونــەوەی بەغــدا و مۆســکۆ و خۆماڵــی کردنــی نەفــت و هەروەهــا دەنگــۆی یەکگرتنـی عێـراق و سـوریا و میـسر دڵتەنگـن. بارزانـی دەیزانـی کـە ئەمریکییـەکان بـەم زووانـە پەنـای بـۆ دەهێنـن. لـە لایەکـی دیکـەوە ڕژێمـی شاهەنشـای ئێران هەڕەشـەی لـە کەنـداو و عێـراق دەکـرد و بەشـێوەیەک خـۆی نمایندە دەکـرد کـە دوای دەرچوونـی هێزەکانـی بەریتانیا ئـەو دەبێتـە زلهێـز و پارێـزەری ناوچەکانـی کەنـداو. لـە هەمـووی گرنگـتر، خاڵـی وەرچەرخـان بریتـی بـوو لـە ڕێککەوتنـی نهێنـی ئەمریکـی، کـە تیایـدا سـەرۆکی ولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا ڕیچـارد نیکسـۆن و وەزیـری دەرەوە هێـنری کیسـینجەر ڕێککەوتـن لەسـەر پێدانـی چـەک و تفـاق بـە شۆڕشـی کـورد(١).

سـەدام دڵنیـا ببـوو کـە بـەرەی ناوخـۆی لـە بەرژەوەنـدی خـۆی جێگیرکـردووە بـە ڕاکێشـانی حزبـی شـیوعی بـۆ لای خـۆی. هەروەهـا لـە سـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی یەکێتـی سـۆڤیەت پاڵپشـتی تـەواوی دەکات، هــەر بۆیـە گەشـتێکی کـرد بـۆ سـوریا و میـسر و فەڕەنسـا بـۆ دەسـکەوتی سیاسـی و سـەربازی. سـەدام لەبـارەی بارزانـی بەهەڵـەدا چـوو، هەسـتی بـەو هێـزە گەورەیـە نەکردبـوو لـە پشـتی بارزانییـەوە بـوو. ڕۆژنامـەی "التآخي" پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە زمانحاڵـی شـۆڕش بـوو، ڕەخنـەی تونـدی ئاراسـتەی ڕژێمـی بەعـس کـرد و تاوانبـاری کـرد بـە کۆمەڵێـک پێشـێلکاری بەرانبـەر نەتـەوەی کـورد(٢). ڕۆژنامـەی "الثـورة"ی سـەر بـە حزبـی بەعسـیش لـە وەڵامـدا کۆمەڵێـک تۆمەتـی وەک هەمیشـە نابەجێـی خسـتەپاڵ شۆڕشـی کوردسـتان و

---

(1) Saad Jawad, Iraq and the Kurdish Question 1958-1970, Ithaca, London 1981, p. 312

(٢) صـلاح الخرسـان، التيـارات السياسـيه في كردسـتان العـراق، قـراءه في ملفـات الحـركات والأحـزاب الكرديـه في العـراق ١٩٤٦-٢٠٠١، مؤسسـه البـلاغ، بيـروت ٢٠٠١، ص٢٠٠-٢٠١.

بـە کرێگرتەیـی بـۆ وڵاتانـی بێگانـە تاوانبـاری کـردن. ئەمانـە لـە کاتێکـدا کـە حکومەتـی بەعـس ٧٥ هـەزار سـەربازی بـەرەو بەرەکانـی کوردسـتان ناردبـوو. هەرچەنـدە ئەحمـەد حەسـەن بەکـر هەوڵـی هێورکردنـەوەی دۆخەکـەی دەدا، بـەڵام وا دیاردەکەوێـت کـە دەسـەڵاتداری ڕاسـتەقینە سـەدام بـوو نـەک ئـەو.

پێویسـتە ئـەوە بگوترێـت بارزانـی بـڕوا و متمانـەی تـەواوی بـە خـۆی و هێزەکانـی پێشـمەرگەی کوردسـتان هەبـوو. تـا ئەوکاتـە لـە هەمـوو جەنگـەکان بەرانبـەر حکومەتـە یـەک لـەدوای یەکەکانـی عێـراق، پارسـەنگی سـەرکەوتنەکان بـەلای شۆڕشـی کورد بـوو. ئەو هێزانـەش کـە پێشـتر جـویێ ببوونـەوە، مەبەسـت باڵەکانـی تاڵەبانـی و ئیبراهیـم ئەحمـەد بـوو، گەڕابوونـەوە نـاو شـۆڕش، هەمـوو ئەوانـە متمانـەی زۆریـان دابـووە سـەرکردایەتی کـورد. لـە سـەر گـۆڕەپانـی سیاسـی لـە کوردسـتان، دەسـەڵاتی ڕاسـتەقینە "دیفاکتـۆ – *De Facto*" لـە دەسـت کـورد بـوو.

لـە مانگـی ئـاداری ١٩٧٣ شـاندی کـوردی بـە ئامادەیـی ئیدریـس بارزانـی سـەردانی بەغـدا دەکات. کۆبوونەوەکـە بـە سـەرۆکایەتی سـەدام بەڕێـوە دەچێـت. سـەدام هەنـگاو بـە هەنـگاو زمانـی گفتوگـۆی دەگـۆڕێـت بـەرەو زمانێکـی هەڕەشـە ئامێـز[1]. سـەدام ڕوو لـە ئیدریـس بارزانـی دەکات و بـە زمانێکـی زبـر دەڵێـت: لەگـەڵ باوکـت ڕێککەوتیـن کـە دوای تێپەڕبوونـی چـوار سـاڵ یاسـای دەسـەڵاتی ئۆتۆنۆمـی ڕابگەیەنیـن و بیخەینـە واری جێبەجـێ کردنـەوە. ئـەو پڕۆژەیـەی بـۆ ئێوەمـان ناردووە، دواهەمیـن فۆڕمـە و دەمانـەوێ لەسـەری کـۆک بـن. بـە باوکـت بڵـێ: ناچارمـان مەکـەن سـازش بـۆ شـای ئێـران بکەیـن. ئەگـەر عێـراق توشـی مەترسـی بێـت و سـازش بکەیـن لـە سـەر شـەتتولعەرەب، ئـەوا دڵـمان برینـدار دەبێـت و ئێـوەش ئـەو بەرپرسـیارێتییە هەڵدەگـرن و باجـە گەورەکـەی دەدەن.

لـە وەڵامـدا ئیدریـس بارزانـی دەڵێـت: بـۆ ئێـوە شایسـتەترە سـازش بـۆ گەلـی خۆتـان بکـەن نـەک بـۆ شـای ئێـران. چاکـتر وایـە بـە ویژدانتـان دابچنـەوە پێـش ئـەوەی داوای جەنـگ بکـەن، ئەگـەر نـا متمانـەی هەمـوو عێراقییـەکان لەدەسـت دەدەن. ئێمـە ناتوانیـن

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، الجزء الثالث، ٢٦٩-٢٧١.

سازش بکەین لەسەر کەرکووک و خانەقین و شەنگال. ئیدریس بارزانی لە درێژەی قسەکانی دەڵێت، ڕوانینی ئێمە لە پرسی ڕێککەوتنەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**یەکەم/** دەرکردنی یاسای دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی لە ١١ی ئاداری ١٩٧٤ لە ماوەی شەش مانگ تا ساڵێک، لە میانەیدا کۆشش دەکەین بۆ دۆزینەوەی چارەسەریەک بۆ پرسەکە.

**دووەم/** ڕاگەیاندنی ئەو ناوچانە وەکو بەشێک لە کوردستان، بەڵام بە هۆکاری ستراتیژی جارێ لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ناوەندی دەبێت.

**سێیەم/** دانانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردن و کارگێڕی لەو ناوچانە، ئەنجامدانی سەرژمێری لەو ناوچانە لە سەر بنەمای سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧، بەو مەرجەی ئەو ساختەکارییانە وەلابنرێت کە لە نێوان ئەو ساڵە و ساڵی ١٩٦٣ هاتوونە ئەنجامدان.

لە وەڵامدا سەدام دەڵێت: ئەو پێشنیارانە نە پەسند دەکەین نە وەریان دەگرین. تاکە ڕێگە لە بەردەمتان ڕازی بوونە بەو پرۆژەیەی کە ئێمە پێشنیارمان کردووە و ماوەی ١٥ ڕۆژتان دەدەینێ بۆ بڕیاردان لەسەری.

ئیدریس بارزانی: بە باوکم ڕادەگەیەنم و وەڵامت دەدەینەوە.

گەر تەماشا بکەین، دەبینین سەدام و بەعسییەکان مەرجەکانی خۆیان دەسەپێنن و ئەو شێوە ڕێککەوتنە پەسند دەکەن کە لەگەڵ ئارەزووی تەسکی شۆڤینی خۆیان دەگونجێت. لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیان بڵاویان کردەوە کە لەگەڵ کورد ڕێککەوتوون و بەندەکانی ڕێککەوتنەکەشیان بڵاوکردەوە. ڕاگەیاندنی شۆڕشی کوردستان دژی وەستایەوە، چونکە بەندە گرنگەکانی تایبەت بە پرسە چارەنوسسازەکانی تێدا نەبوو، لەوانە کەرکووک و خانەقین و شەنگال بەشێک نەبوون لە ئۆتۆنۆمییەکە. بەعس توانی ژمارەیەکی زۆر لە کوردە خۆفرۆشەکان بۆ خۆی کێش بکات، ژمارەیەکی زۆر لە دەرەبەگ و جاشەکان، ئەوانەی برسی پارە و پوول بوون، ئەوانە هەر ڕۆژە ڕەنگێک بوون و وەکو گولەبەڕۆژە لەگەڵ خۆر دەسوڕان. بەعس دەیویست لە ڕێگەی جاشەکان و پڕوپاگەندەی گەورە بۆ چارەسەری کێشەی کورد ڕەگی بنچینەیی شۆڕشی کورد بقرتێنێت و سەرانی شۆڕش

گۆشـەگیربکات و لـە جەمـاوەری کوردسـتان جیایـان بکاتـەوە. تاکـە ڕێگـەی بەعـس بـۆ لەناوبردنـی کێشـەی کـورد بریتـی بـوو لـە دابڕاندنـی حـزب و لایەنـەکان لـە سـەنتەر، واتـە لـە خـودی مسـتەفا بارزانـی، چونکـە تەنهـا بـەم شـێوازە دەیتوانـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد لەبارببـات. بەعسـی سـەدام لـە لایەکـەوە هەنـدێ مافـی سـەرەتایی و ڕۆشـنبیری دەدایـە کـورد، هەنـدێ قوتابخانـە و زانسـتگا و نەخۆشـخانە و شـەقامی دروسـت دەکـرد، لـە لایەکـی دیکەشـەوە بـە پلەیەکـی خێـرا کوردسـتانی بەعـەرەب دەکـرد و کوردەکانـی لـە خـاک و نیشـتمانی خۆیـان دەردەکـرد، فەرمانبـەرە کوردەکانـی لـە کارگـە و کۆمپانیـای نەفـت دوردەخسـتەوە. تەنانـەت زمانـی کوردیشـی نەکـردە زمانـی فەرمـی لـە دامودەزگاکانـی کوردسـتان. بەعـس کـە ژێرخانێکـی لـە شـارە کوردسـتانییەکان بودنیـاد دەنـا، بـەو هیوایـە بونیـادی دەنـا کـە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان هەمـووی بـەر پڕۆسـەی تەعریـب و ڕاگواسـتن دەکەوێـت و هەمـووی بـۆ عـەرەب دەمێنێتـەوە. بۆیـە جاشـەکان و ئـەو مرۆڤـە گەمژانـەی بڕوایـان بـە پڕوپاگەنـدەی بەعـس دەکـرد وەکـو ئـەو پەنـدە کوردیـە دێنـە پێـش چـاو کـە دەڵێـت: خەڵکـی گوندێـک مێـوژ و قالۆچـە تێکـەڵ دەکـەن، گـەورەی گوندەکـە دەڵێـت: "بـە پـا بخـۆن و بـێ پـا هـەر هـی خۆمانـە".

## ناوازەیی شۆڕشی ئەیلوول لەچاو هەموو جوڵانەوەکانی پێشوو

چـی وا دەکات شۆڕشـی ئەیلـوول جیـاواز بێـت لـە هەمـوو شۆڕشـەکانی پێـش خـۆی؟ بـە سـەرەنجدان لـە ڤەکۆڵینـی بیرمەنـدی گـەورە جەمـال نەبـەز، کورتەیـەک دەخەینـەڕوو و هەندێکـی دیکەشـی دەخەینـە سـەر.

شۆڕشـەکانی پێشـوو زۆربەیـان لەژێـر سـایەی سـەرۆکهۆز یـان دەرەبـەگ یـان شـێخەکان بـوون، کـە لـە ڕێکخسـتن و تاکتیکـی مۆدێـرن سـەریان دەرنەدەکـرد، هەروەهـا سنوری ناوچەیـی (لۆکاڵی)یـان تێنەدەپەڕانـد. تـا ئـەو سـاتە ئایدیۆلۆژیایـەک یـان هزرێکـی مەزنـی نەتەوەیی-جەمـاوەری نەبـووە کڕۆکـی یەکگرتـن و سـەرچاوەی بزووتنـەوە و کۆکردنەوەیـان، کـوردەکان تەنهـا گوێڕایەڵـی کوێرانـەی سـەرۆکهۆزەکانیان بـوون، هـەر کاتێـك سـەرۆکەکەیان مـردووە، بزووتنەوەکـەش یـان جوڵانەوەکـەش لەگـەڵ ئـەو مـردووە. هەنـدێ حـزب هەبـوون کـە شۆڕشـیان بەرپاکـردووە، بـەڵام نەیانتوانیـوە ببنـە دەمڕاسـت و ڕێبـەری جەمـاوەری خەڵـك، چونکـە ئـەو حزبانـە خۆیـان بۆرجـوازی بـوون و لـە مافـی ڕاستەقینە و ویسـتی نەتەوەیـی تێنەگەیشتبوون. ئەوانـە لـە سیاسـەت سـاکار و لـە ڕێکخسـتن بـێ شـیرازە بـوون. کەسـایەتییە بۆرجـوازەکان نەیانتوانیـوە لەگـەڵ ویسـتی گـەل بـڕۆن، چونکـە ئـەوان لـە کۆتاییـدا کەسـانی هەلپەرسـتن و بەرژەوەنـدی خۆیـان لەپێـش دەگـرن. لەبـری ئـەوەی ئـاوەزی پتـەو ئاڕاسـتەیان بـکات، بـەدوای دروشـمی سـۆزدار کەوتـوون و بـێ ئـاگا بـوون لـە بیرکردنـەوەی ژیرانـە و بیرکردنـەوەی دوورمـەودا. لەجیاتـی ئـەوەی پشـت بـە هێـزی گـەل و خەڵـک ببەسـتن، پشـتیان بـە بەڵێـن و قسـەی ئـەم و ئـەو دەبەسـت. بـۆ نموونـە حزبـی خۆیبـوون لـە سـاڵی ١٩٢٧ تاکـو ١٩٣١ خەباتێکـی چەکـداری بـێ وێنەیـان کـرد، بـەڵام بەداخـەوە پشـتیان بـە ویژدانـی ساردی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا بەسـت. ڕۆژئـاواش چەکـی بـە تورکـەکان دا و کـوردی کـردە قوربانـی بەرژەوەندییـە نامرۆییەکانـی. حزبـی هیـوا نموونەیەکـی دیکـە بـوو، نەیتوانـی شۆڕشـی کوردسـتانی عێـراق ڕێکبخـات، چونکـە خاوەنـی هزرێکـی نەتەوەیـی و ئایدیۆلۆژیایەکـی پتـەو نەبـوو. هەمـوو حزبەکانـی دیکـە لـە کوردسـتانی عێـراق دامـەزران، وەکـو حزبـی

زەردەشــت، برایەتــی، پێشــکەوتن، شــۆڕش، پشــتیوانی و هتــد، هیــچ جیاوازییــەکان لەگــەڵ حزبــی هیــوا نەبــوو. هەمــوو خێــرا دامــەزران و بــە ئاســانی هەڵوەشــانەوە، بــێ ئــەوەی جــێ پەنجەیەکــی دیــار لەپــاش خۆیــان بەجــێ بهێڵــن[١].

ئاغــا و دەرەبــەگ و ســەرۆکهۆزی کــورد هەمیشــە دۆخێکــی دەروونــی شــڵۆقیان هەبــوو، چونکــە ئــەوان بــۆ بەرژەوەنــدی بــاڵای نەتەوەیــی کاریــان نەکــردووە، بەرژەوەندییــان لــە کــوێ بووبێــت، ئەویــان هەڵبــژاردووە. کاتێــک پرســیار لــە دەرەبەگــی کــورد "کــۆر ڕەشــید پاشــا" دەکــەن کــە ئایــا ڕای چیــە لەســەر ئۆتۆنۆمــی بــۆ کــورد لــە ســوریا؟ ئەویــش دەڵێــت ئایــا نیــوەی شــاری حەلــەب دەگرێتــەوە یــان نــا؟ ئەوانیــش دەڵێــن نەخێــر، چونکــە حەلــەب شــارێکی عەرەبییــە. لــە وەڵامــدا دەرەبــەگ دەڵێــت: کەوایــە دژی ئــەو ئۆتۆنۆمیــە دەجەنگــم، چونکــە مــن حەلــەب شــوێنی حەوانــەوەی خانەوادەکەمــە و پەیوەندیشــم لەگــەڵ کچانــی حەلــەب زۆر خۆشــە[٢].

هەرچــی شۆڕشــی ئەیلوولــە، لــە بناغەیەکــی پتــەو ســەرهەڵدەدات، لــە ڕەگێکــی قــوڵ داکوتــاوی چیاکانــی کوردســتانەوە، کــە تیایــدا دەســتگرتن بــە پرەنســیپی تونــدی کولتــوری و دابونەریتــی جوامێرانــە و پەیوەنــدی بەهێــزی خوێــن دەبنــە مۆرکــی داهاتــووی بزووتنەوەکــە و ســەرەنجام شۆڕشــێکی ڕەســەنی لــێ دێتــە کایــەوە. بۆیــە نــاوی دەنێیــن شۆڕشــی ڕەســەن، چونکــە لــە ناوەندێکــی بچووکــی ڕەســەن پــەرە دەســێنێت و هەمــوو هــۆزە کوردییــەکان بــۆ خــۆی ڕادەکێشــێت. ڕەســەنایەتی لەوەدایــە کــە هۆشــیاری پەیوەنــدی خوێــن لــە نێــوان هــۆزە کوردییــەکان دەبزوێنێــت و پێیــان دەڵێــت ئێمــە یــەک نەتەوەیــن و هەمــان خوێــن لــە ڕەگ و دەمارەکانمــان هاتوچــۆ دەکات.

هــەردەم کەســانێکی دوور لــە مێــژوو، ناتێگەیشــتوو لــە دیرۆکــی کۆنــی نەتــەوەکان بــە زمانێکــی درێــژ، بــەڵام نەزانانــە، بۆمــان دێنەگــۆ، گوایــا ئــەو شۆڕشــە مۆرکێکــی خێڵەکــی هەبــووە و دوایــی باڵــی کێشــاوە بەســەر هەمــوو کوردســتان. ئێمــەش

---

(١) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، کۆبەرهەم، لا٢٢٠-٢٢١.
(٢) هەمان سەرچاوە، لا ٢٢٣.

لـە وەڵامـدا دەڵێیـن، ئەگـەر ئـاگاداری مێـژووی وڵاتـان بـن، سـەرەتای هەمـوو نەتـەوەکان بـە هـزری یەکبوونـی خێـڵ و هـۆزەکان دەسـت پێـدەکات. پڕۆفیسـۆری نـاوداری پۆڵەنـدی "هێنریـک سامسـۆنۆڤیچ" دەڵێـت: کاتێـک لـە سـاڵی ٩٦٦ پادشـای پۆڵەنـدا ئایینـی کریسـتیانی وەردەگرێـت و خـۆی وەکـو پادشـای هەمـووان دەناسـێنێت، هۆزەکانـی ئەمبـەری ڕووبـاری ڤیسـوا (ڤیسـتولا) نەیاندەزانـی پۆڵەنـدی بـوون چیـە! ناوبـراو ئامـاژە بـە زۆر گـروپ و هـۆز دەدات کـە ئەوسـاکە هـەر یەکەیـان خۆیـان بـە پادشـا زانیـوە لـەو ناوچـە تەسـکەی کـە لێـی ژیـاون. دوای تێپەڕبوونـی چەندەهـا سـاڵ و بەرپاکردنـی چەندیـن جەنـگ لەسـەر ئـەو خاکـەدا، ئەنجـا هەسـتێك چەکـەرەی کـردووە و نەتـەوەی پۆڵەندیـش هۆشـیاری ئـەوەی لا دروسـت بـووە کـە پۆڵەندییـە[1]. ئـەو لێکدانەوەیـە بـۆ هەمـوو نەتەوەیەکـی سـەر زەمینـمان ڕاسـتە. بـەڵام کـە بـاس دێتـە سـەر نەتـەوەی کـورد، بەڵـێ ئـەو هـزری نەتەوەییـە کەمێـک دواکەوتـووە لەچـاو نەتەوەکانـی تـر، کـە هۆکارەکانیـش زۆرن. لەبـەر ئـەوە سـەرهەڵدانی مسـتەفا بارزانـی و پاڵپشـتی هۆزەکانـی بـارزان بـۆ جوڵانەوەکـەی، دواتریـش لەخۆگرتنـی جـار دوای جـار زۆرتـری هۆزەکانـی بادینـان و سـۆران و سـلێمانی و هەولێـر، تەنانـەت کوردانـی پارچەکانـی تـر بـۆ نـاو جەرگـی شـۆڕش، باڵگرتنـی پرۆسـەیەکی حەتمـی مێژوویـی بـوو لـە چەکەرەکردنـی هـزری نەتەوەیـی گەلێـک، کـە هـەزاران سـاڵ بـوو هەبـوو، بـەڵام تـا ئەوسـاکە لـە ئاگایـی هەبوونـی خـۆی بـێ خەبـەر بـوو.

جەمـال نەبـەز دەڵێـت: شۆڕشـی ئەیلوولـی درێژخایـەن، تاکـە شۆڕشـێکە لـەو بزووتنـەوە چەکدارانـەی مێـژووی کـورد، کـە مـرۆڤ دەتوانێـت نـاوی لـێ بنێـت شـۆڕش. لـە هەمـووی گرنگـتر ئەوەیـە، سـەرهەڵدانی شـۆڕش لـە نـاو چیـاکان ئەوەنـدە بـێ دەنـگ بـوو، کـە هیـچ وڵاتێکـی جیهانـی ئـاگاداری نەبـوو، بێجگـە لـە دوژمنانـی دراوسـێی کـورد. شۆڕشـی ئەیلـوول هیـچ یارمەتییەکـی بێگانـەی نەبـوو، بۆیـە هەمـوو پڕوپاگەندەیـەک و بوختانێـک بـەوەی کـە ئـەو شۆڕشـە گەمەیەکـی

(١) هێنریک سامسۆنۆڤیچ، کۆوانەی مێژووی سەرهەڵدانی پۆڵەندییەکان، زانکۆی وارشۆ.
Prof. Henryk Samsonowicz, początki narodu polskiego, UW.

ئیمپریالیزمــە، بێجگــە لــە درۆ و قســە هەڵبەســتان هیچــی تــر نییــە. تاکــە شــۆڕش بــوو کــە بناغەیەکــی جەمـاوەری گـەورەی هەبـوو، پشـت بەسـتوو بـوو بـە کۆمەڵانـی خەڵکــی کوردســتان و هێــز و ووزەی لــە چینــی هــەژار و جوتیــاران وەرگرتبــوو. بــە نزیکەیــی هەمــوو ڕێکخــراو و حزبەکانــی لــە پشــت بــوون و بەشــداری کارایــان هەبــوو، لەوانــە پارتــی دیموکراتــی، حزبــی شــیوعی عێراقــی و کاژیــک. پەیوەنــدی بــە لایەنــی ئۆپۆزســیۆنەوە هەبــوو، ئەژمــاری بــۆ دۆخــی جیهانــی دەکــرد و ڕووداوەکانــی دەرەکــی دەخوێنــدەوە. شۆڕشــێک بــوو لــە پــاڵ خەباتکــردن بــۆ مافەکانــی نەتــەوەی کــورد، هــاوکات مافــی کەمینــە نەتەوەیــی و پێکهاتەکانــی دیکەشــی لــە بەرنامەڕێــژی دا هەبــوو. هەمــوو ئــەو مافانــەی کــە تــا ئێســتا دراون بــە تورکــمان و ئاشــورییەکان، ئەنجامــی ڕێککەوتنــی ١١ی ئــادارن. ئــەم شۆڕشــە جگــە لــە مافــی ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتان، داوای دیموکراســی بــۆ عێراقیــش دەکــرد. شۆڕشــی کــوردی چەقبەســتوو نەبــوو، هەمــوو ئــەو مەرجــە ســەرەکی و گشــتیانەی تێــدا بــوو کــە لــە شۆڕشــی میللــی گەلانــی پێشــکەوتووخوازی جیهانــدا هەبــوو. وەک ئــەوەی دژی ئیمپیریالیــزم و ئاغایەتــی و چەوســاندنەوەی چینــی هــەژار بــوو، بــەڵام تایبەتمەندێتــی کــوردەواری و نەریتــی کۆمەڵایەتــی لەبەرچــاو گرتبــوو[1].

(١) جەمال نەبەز، کورد و شۆڕشەکانی، لا٢٢٠-٢٢٥.

## دیسانەوە جەنگ - بەرەو ڕێککەوتننامەی شومی جەزائیر

وەکـو پێشـتر لـە گفتوگۆکانـی نێـوان سـەرکردایەتی شۆڕشـی کوردسـتان و سـەدام دەردەکەوێـت، بەغـدا ئامـادە نییـە هەنـدێ مافـی سـەرەتایی بـە کـورد بـدات، چونکـە پێـی وایـە سازشـکردنە، لەوەشـڕا دەیەوێـت بـە گوتـەی خـۆی ڕێگـری بـکات لـە دروسـتبوونەوەی جەنـگ، کـە لـە مـاوەی یـازدە سـاڵدا بێجگـە لـە ماڵوێرانـی هیچـی دیکـەی لـێ نەڕسـکا. سـەدام ئامادەبـوو سـازش بـۆ شـای ئێـران بـکات لـە پێنـاو لەباربردنـی هیـوا و ئاواتـی گەلـی کـورد لـە مافـی ئۆتۆنۆمـی. ئـەوەش بەڕوونـی ئـەوە دەسـەلمێنێت کـە سـەدام و بەعـس نـەک هـەر بڕوایـان بـە مافـی نەتـەوەی کـورد نەبـووە، بەڵکـو لـە پلانیـان بـووە کـورد بـە تـەواوی ڕەش بکەنـەوە و عێراقیـش بکـەن بـە وڵاتێکـی تـاک ڕەگـەزی عەرەبـی.

دوای بێئومێـد بوونـی کـورد، هەڵمەتێکـی پەیوەندیکردنـی خەڵکـی کوردسـتان بـە شـۆڕش دەسـتپێدەکات کـە پێشـتر وێنـەی نەبـووە. لـە مانگـی نیسـانی ١٩٧٤، ١٣٠ هـەزار کـورد بـەرەو پیلـی شـۆڕش چـوون، لـە مانگـی مایـس هەفتـا هـەزار کەسـی تـر پەیوەندییـان بـە ڕیزەکانـی شـۆڕش کـرد. خەڵکـی بـە مـاڵ و منداڵـەوە بـەرەو سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە دەچـوون، لـە شـارەکانی کەرکـووک و هەولێـر و سـلێمانی، تەنانـەت ئـەو کوردانـەش کـە دوورخرابوونـەوە بـۆ شـارەکانی بـەسرا و باشـووری عێـراق بـە هـەر ڕێگەیـەک بێـت خۆیـان گەیانـدە چیـا. پارێزگارانـی شـارەکانی سـلێمانی و هەولێـر بـە مـاڵ و منداڵـەوە، هـەزاران قوتابـی و مامۆسـتا، ٦٠ پزیشـک و سـەدان فەرمانبـەر و کرێـکار، چەندیـن خانـەوادەی دەوڵەمەنـدی کـورد لـە بەغـداوە دەسـتیان لـە خۆشـگوزەرانی تایبەتـی خۆیـان هەڵگـرت و بـەرەو شـاخ هەڵکشـان، گەنجانـی خوێنگەرمـی قارەمـان ئامـادەی هەڵگرتنـی چـەک بـوون لـەدژی ستەمکاری حکومەتـی عێراقـی. دکتـۆر گونتـەر دێشـنەر کـە خـۆی لـەو سـاتەدا لـە بـارەگای بارزانـی بـووە و سـەردانی بەرەکانـی جەنگـی کـردووە، بـاس لـەو ژمـارە زۆرەی کەسـانی خوێنـدەوار دەکات کـە لـە وڵاتانـی ئەوڕوپـا گەڕابوونـەوە بۆئـەوەی لـە پـاڵ بارزانـی سـەرکردەیان بجەنگـن، لەوانـە پزیشـکان کـە لـە ئەڵمانیـاوە، ئەندازیـاران لـە ئەمستردامەوە، پسـپۆڕی

یاسایی شـەفیق قـەزاز کـە لـە زانکـۆی هارڤـارد مامۆسـتا بـوو، نـاز و خۆشـی خۆیـان جێهێشـتبوو بـۆ خۆبەخـت کـردن لـە پێنـاوی کوردسـتان[1]. ئـەوە یەکگرتنێکـی بـێ وێنـەی کـورد بـوو لـە ژێـر یـەک ئـاڵا و سـەرکردایەتی دژی سـتەم و داپڵۆسـینی ڕژێمـی بەعسـی عەرەبـی سـەدام.

هاوینـی سـاڵی ١٩٧٤ پڕبـوو لـە جەنگـی وێرانکـەر. سـەدام سـەرەتا بەختـی خـۆی تاقـی دەکاتـەوە لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی نوێتریـن چـەک و جبەخانـە، فڕۆکـەی جەنگـی نوێـی ڕوسـی و تانـک و بۆمبـی وێرانکـەر. لـە بارێکـدا ئەگـەر سـوپا لـە زاڵبـوون بەسـەر شۆڕشـی کـورددا سـەرکەوتوو بووایـە، ئـەوا بەغـدا پێویسـتی بـەوە نەبـوو لەگـەڵ محەمـەد ڕەزا شـا ڕێکبکەوێـت. سـەدام ئامادەبـوو هەمـوو شـتێک بـکات بۆئـەوەی کـورد و شۆڕشـەکەی لەنـاو ببـات.

سـوپای بەعسـی سـەدام هێرشـەکانی لـە ناوچـەی باڵـەك چـڕ کـردەوە، بەهـۆی ئـەوەی کـە بـارەگای سـەرەکی بارزانـی لـەوێ بـوو، هەروەهـا ڕێگـەی گەیشـتنی هاوکارییـەکان بـوو لـە ئێرانـەوە. سـوپای عێـراق بـە هەمـوو توانایـەوە پەلامـاری ڕوانـدزی دا، هەمـوو فڕۆکەکانـی کـە لـە ڕوسـیا بەدەسـتی هێنابـوو، لەگـەڵ نوێتریـن تانـک و زرێپۆشـەکان و تۆپهاوێـژەکان، کەوتنـە بۆمبارانـی کوردسـتان. یەکەمیـن جـار بـوو کوردسـتان بـەو شـێوەیە بۆمبـاران بکرێـت و هیـچ پرەنسـیپێکی مرۆیـی لەبـەر چـاو نەگیرێـت. لـە ڕۆژی ٢٤ی نیسـانی ١٩٧٤ قـەڵادزێ کەوتـە بـەر شـاڵاوی نەگریسـی ناپاڵـم، تۆپبارانەکـە ناوەنـدی زانکـۆی قەڵادزێـی گرتـەوە کـە بـووە هـۆی شـەهیدبوونی ١٢٣ قوتابـی زانکـۆ و برینداربوونـی زێـتر لـە ٤٠٠ کـەس. ڕۆژی دواتـر هێرشـی هاوشـێوە کرایـە سـەر شـاری هەڵەبجـە و ٥٧ کـەس تیایـدا کـوژران و ٨٠ کەسـیش برینـدار بـوون[2].

نوێنەرایەتـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە هەنـدەران لـە مانگـی ئابـی ١٩٧٤ ڕاگەیاندنێـک بـە زمانـی ئینگلیـزی بڵاودەکاتـەوە لەسـەر هێرشـەکانی سـوپای عێـراق

(١) گونتەر دێشنەر، کورد، گەلی لەخشتەبراو، لا ٢٥٣.
(٢) مسعود البارزاني، البارزاني والحركە التحرریە الكردیە، الجزء الثالث، ص٣٣٣-٣٣٤.

بۆ سەر کوردستان. تەنها لە ماوەی ١٥ی ئەپریل/نیسان تاوەکو ١٥ی یۆلیۆ/تەمووزی ١٩٧٤ فڕۆکەکانی سوپای عێراق ١٥٤٢ جار هێرشیان کردووە و لە میانەیدا ٤٣٣ گوندیان بۆمباران کردووە، ٤٨٥ کوردیان شەهید کردووە، ڕۆژانە سوپا نیو ملیۆن دیناری عێراقی (بە نرخی ئەوکات) بۆ شەڕەکە خەرج کردووە، ٢٥ تیپی تانک لەگەڵ لەشکرانی ١،٢،٤،٦،٨ و بەشێکی لەشکرانی ٣ و ١٠ لەگەڵ سەرجەم فڕۆکەکانی بەردەستی سوپا، بەشدارییان لە شەڕەکان دەکرد[1].

**وێنەی (٢٨)**



دیمەنی وێرانکاری دوای هێرشی ناپاڵمی فڕۆکەکانی سوپای عێراق بۆ سەر قەڵادزێ

لە یەکێک لە هێرشە ئاسمانییەکان، ڕۆژی ٢٣ی ئابی ١٩٧٤ فڕۆکەوانی عێراقی بە ناوی "صفاء شلال" کە بە فڕۆکەیەکی میگی ڕوسی لە فڕۆکەخانەی مووسڵەوە بەرەو بۆردومانکردنی کوردستان دەفڕێت، لە دەڤەری باڵەکایەتی بەنیاز دەبێت

(١) نەوشیروان مستەفا، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان ١٩٧٥-١٩٧٨، لا ٢١-٢١.

چەند سەنگەرێک لەسەر ڕێگای هامیلتۆن بپێکێت، سەرەنجام لە لایەن دۆشکەی پێشمەرگە دەخرێتە خوارەوە و خودی فڕۆکەوان ڕزگاری دەبێت. چەند شوانێک بە بەرد و دار دەسگیری دەکەن و ڕادەستی هێزی پێشمەرگەی دەکەن. هەرچەند لە سەرەتا ئامادە نابێت هیچ شتێک بدرکێنێت، بەڵام دواتر ڕازی دەبێت و باس لەوە دەکات کە ئەندازیاران و دەستەی ئەفسەرانی ڕوسی بەشداری ڕاستەوخۆ دەکەن لە بەڕێوەبردنی هێرشەکان بۆ سەر کوردستان، تەنانەت هەندێ جار فڕۆکەوانی ڕوسی خۆیان بە هێرشەکان هەڵدەستن[1]. ڕوسەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو هاوکاری سوپای عێراقیان دەکرد، جگە لە پێدانی چەک و تەقەمەنی، ڕاوێژی سەربازی و چۆنییەتی ڕێکخستن و هەماهەنگی نێوان هێزی ئاسمانی و زەمینی وانەی تازەی سەربازی بوون بۆ سوپای عێراق. لە دیمانەیەکدا کە گونتەر دێشنەر لەگەڵ ئیدریس بارزانی ئەنجامی داوە، دەڵێت: ئەو جارە سوپای عێراقی تاکتیکێک بەکار دەهێنێت کە هی ئەڵمانییەکانە و سوپای سوری سۆڤیەت لێیانی وەرگرتووە. سوپای عێراق ئێستا بەشێوەیەکی زۆر جیاواز لە جارانی پێشوو پەلامارەکانی بەڕێوەدەبات، هاوئاهەنگی تەواو هەیە لە نێوان هێزی ئاسمانی و یەکەی تۆپهاوێژ و پیادە. وێڕای ئەو چەکە پێشکەوتووانەی کە سوپا بەدەستی هێنابوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بەرەکانی جەنگ هێشتا تای تەرازوو بەلای هێزی پێشمەرگە بوو. ئەوەش بە پلەی یەک دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی شاخاوی و دۆڵ و نشێوی کوردستان، هەروەها جموجۆڵی خێرا و لەناکاوی پێشمەرگە، وەک یەکێک لە ئەفسەرانی عێراقی دەگێڕێتەوە دەڵێت: کاتێ دەگەیشتینە کوردستان لە بەرزاییەکان دوای چەند هەنگاوێک هێنکە هێنکی ماندوێتیمان دەهات، کەچی نەماندەزانی چۆن و لە ناکاو پێشمەرگەکان لە بەر چاومان وون دەبوون، دواتریش لە ناکاو نەماندەزانی چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە خۆیان هەڵدەدا سەرمان و شاڵاویان بۆ دەهێنایەن.

پاش هەندێ وردە پێشکەوتنی سوپای عێراق، سەرۆکی کۆمار ڕایگەیاند بەو

(١) گونتەر دێشنەر، کورد، گەلی لەخشتەبرا، لا ٢٥٧.

زووانە کۆتایی بە چەتە و ڕێگرەکان دەهێنین و مانگی نیسانی دیاری کرد وەکو ڕاگەیاندنی ڕۆژی سەرکەوتن. پاشان گۆڕەپانی جەنگ قسەکانی سەرۆک کۆماری عێراقی بەدرۆ خستەوە، ئەمجارەیان مانگی ئاب و دوایی مانگی ئەیلوول، پاشانی مانگی کانونی یەکەمی دیاریکردن. هەموویان قسەی فشۆڵ و بێ بنەما دەرچوون.

لە ئەیلوولی ١٩٧٤ هێرشێکی فراوانی سوپای عێراق بۆ چیای گورەز لە باڵەک و چیای کۆڕەک بەرەو بێخاڵ دەستی پێکرد، بەڵام نەکەوتنە فریای خۆیان تووشی دۆڕانێکی بێ وێنە هاتن. لە هێرشەکەدا ٤٠٠ سەربازی عێراقی کوژران، لە لایەنی هێزی پێشمەرگەوەش، شەش شەهید هەبوون. لە ١٩ی ئەیلوول سوپا پلانێک دادەنێت بۆ ڕێکردنی تیپێکی تانک، ئەوەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی بلدۆزەر بۆ لابردنی بەردەشاخەکان لەبەردەم سوپا. ئەوە بوو توانیان بە نهێنی ڕێگە بۆ تیپی تانکەکان خۆش بکەن و هێزی پێشمەرگەش چەکی وا پێشکەوتووی دژەتانکی نەبوو کە بتوانێت بەر بە هێرشەکە بگرێت. هێزەکانی شۆڕش ناچاربوون بەرەو دواوە پاشەکشە بکەن. دوای ئەوە ئێران تیپێکی تۆپهاوێژی بە پێوەری ١٣٠ ملم نارد، بەڵام سودێکی ئەوتۆی نەگەیاند، چونکە ئامانجەکانی بە وردی نەدەپێکا. لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگە توانیان سێ فڕۆکەی عێراقی لە جۆری سوخۆی و هەنتەر و بادجەر بخەنە خوارەوە[1].

سوپای عێراق دووچاری بێهیوایی و سەرلێشێوان بووەوە، بە درێژایی ئەو هەموو پەلامار و هێرشە ئاسمانی و زەوییە نەیتوانی سەرکەوتنێک تۆمار بکات کە شایانی باسکردن بێت، بێجگە لە چیای زۆزگ، نەیتوانی هیچ بستێکی دیکەی ئەو ناوچانە داگیر بکات کە پلانی بۆ دانابوون. هەروەک دواتر سەرانی بەعس ڕایدەگەیەنن، لە هێرشەکانی ساڵی ١٩٧٤ تاوەکو واژووکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، ٦٠ هەزار کەس لە ڕیزی سوپای عێراق پێکران بە کوژراو و بریندارەوە. فڕۆکەکانی عێراق تەنها چەند موشەکێکیان لا مابووەوە. هەروەک ڕاپۆرتی هێزەکانی پاراستنی سەر بە شۆڕشی کوردستان دەریدەخات،

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٣٤-٣٣٦.

سـوپای عێـراق و سـەرانی بەعـس بـە تـەواوی شـلەژابوون، سـەدام لـە سـوپا تۆقیبـوو، ترسـی لـە ئەفسـەرانی سـوپا هەبـوو کـە کودەتـای بەسـەردا بکـەن، هـەر بۆیـە دەیویسـت لـە شـەڕ بـەردەوام بـن و نەگەڕێنـەوە بەغـدا. سـەدام ویسـتی خـۆی بەرپرسـیارێتی وەزارەتـی بەرگـری عێـراق بگرێتـە دەسـت، بـەڵام سـەرۆککۆمار ئەحمـەد حەسـەن بەکـر ڕێگـری لێکـرد. لـە لایەکـی دیکـەوە ڕووسـەکان بـەردەوام بـوون لـە ناردنـی هێـز و پێداویسـتی سـەربازی لـە جلوبەرگـی زسـتانە و بەفریـن بـۆ سـەربازانی عێـراق، سـەدام دەیویسـت سـوپا بـە هیـچ شـێوەیەک نەگەڕێتـەوە بەرەکانـی پێشـوو. ڕاپۆرتەکـە هەروەهـا باسـی ئـەوە دەکات کـە ئەفسـەرانی فڕۆکەوانـی ڕوسـی خۆیـان سەرپەرشـتی ڕاسـتەوخۆی هێرشـەکانی سـەر کوردسـتانیان کـردووە، هەندێکیـان خۆیـان هێرشـەکانیان ئەنجـام داوە بـۆ سـەر سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە[١]. ڕوسـەکان دەیانویسـت سـەدام بخەنـە نـاو بازنـەی هاوپەیمانـی خۆیـان، وڵاتانـی ڕۆژئـاواش بـە هەمـان شـێوە. بـە کورتییەکـەی جیهانـی چاوچنۆکـی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا شـەڕیان بـوو لـە سـەر سـامانی نەفتـی عێـراق. ناردنـی چـەک و تەقەمەنـی ئابـوری وڵاتانـی خـاوەن چەکـی دەوڵەمەندتـر کـرد، ئـەوەش لەسـەر ئەژمـاری مـاڵ و حـاڵ و گیانـی هـەزاران کـورد.

گـەر بەراوردێکـی سـەرپێی بکەیـن بـۆ جیـاوازی هێـزەکان لـە نێـوان پێشـمەرگە و سـوپای عێـراق، ئـەوا هیـچ ڕەهەندێکـی وێکچـوون نابینیـن. هـەروەک لێکۆڵیـاری ئەڵمانـی "گونتـەر دێشـنەر" لـە بەرەکانـی جەنـگ ڕوونـی دەکاتـەوە: پێشـمەرگە چەنـد دۆشـکەیەکی دژە فڕۆکـە و چەنـد تۆپێکـی هەبـوو، سـوپای عێراقیـش سـوپایەکی سیسـتەمیانە و دابینکـراو بـە چەکـی پێشـکەوتوو و پاڵپشـت بـە چەکـی ڕوسـی و بەریتانـی. کەچـی لەگـەڵ ئـەوەش پێشـمەرگە سـەرکەوتن دوای سـەرکەوتنیان تۆمـار دەکـرد و پاشەکشـەیان بـە سـوپای عێراقـی دەکـرد. سـوپای عێـراق تانـک و فڕۆکـە و موشـەکی زەوی-زەوی، هێـزی پێشـمەرگەش هیـچ. سـوپا لـە هەمـوو ئـەو ئامـرازە سـەربازییانە ٢٠٠ – ٥٠٠ – ١٠٠٠ دانـەی هەبـوو، پێشـمەرگەش هیـچ. کەواتـە دەبێـت

(١) سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٣٦-٣٤٢.

پێشـمەرگە چەنـد بەهـرەدار و ئـازا و فەرهـاد بـن تاوەکـو ئـاوا سـوپای عێراقـی داگیرکـەر ببەزێنـن. لـەو ماوەیـەی شـەڕدا، پێشـمەرگە زێـتر لـە ٣٥ فڕۆکـەی عێراقـی خسـتە خـوارەوە، تەنهـا یـەک فڕۆکـەوان بـە زیندوویـی دەرچووبـوو، کـە بـە دیلـی کەوتبـووە دەسـت پێشـمەرگە[١].

هێـزی پێشـمەرگە قوتابخانەیەکـی کردبـووەوە بەنـاوی قوتابخانـەی "تۆپخانـە" بـۆ ڕاهێنـان لەسـەر چۆنییەتـی بەکارهێنانـی چـەک و تفـاق، مامۆسـتاکانیان ئـەو ئەفسـەرانەی کـورد بـوون کـە سـوپای عێراقیـان جێهێشـتبوو، بـە سیمای ڕێکوپێـک و شیکپۆشـیان دەناسرانـەوە. ئـەو ئەفسـەرانە لـە کاتێکدا لـە ژیـان و دۆخێکـی خۆشـدا بـوون و بـەڵام بـەو پـەڕی شـادی و دڵگەشـییەوە بـەرەو کوردسـتان گەڕابوونـەوە بۆئـەوەی پشـکی مەردایەتـی بەرگـری لـە خاکـی کوردسـتانیان بەربکەوێـت. یەکێـک لەوانـە قوتابـی بەشـی کشـتوکاڵ بـوو، حـەزی ئـەوەی هەبـوو ببێتـە ئەندازیـاری ئاودێـری، مەشـقی لەسـەر ئـەو تۆپهاوێژانـە دەکـرد کـە لەبـەر دەسـتی پێشـمەرگە بـوون. مامۆسـتاکەی سـەری دەلەقانـد بـە سەرسـامییەوە دەیگـوت: لـە ڕیزەکانـی سـوپای عێـراق پێویسـتم بـە ٣ هەیڤـان هەبـوو تاوەکـو عەرەبـەکان فێربکـەم چـۆن ئـەو تۆپهاوێژانـە بەکاربهێنـن، کەچـی ئـەو قوتابییـە بـە سـێ هەفتـە فێـری بـووە[٢].

لـە گەشـتێکی بەنـاو بەرەکانـی جەنگـدا، ئەمجارەیـان بـۆ لای عەبـدوڵا پشـدەری فەرمانـدەی هێـزی ڕوانـدز، گونتـەر دێشـنەر دەیـەوێ لەمـەڕ پرسـی شـەڕەکان قسـەی بـۆ بـکات، کەچـی ئـەو بەوپـەڕی هێمنـی و ئارامییـەوە داوا لـە دێشـنەر دەکات باسـی سـەرداری سـوپای ئەڵمانـی "ئیرڤیـن ڕۆمێـل"ی بـۆ بـکات. پشـدەری پرسـیاری ئـەوەی لێکـرد ئایـا ئەگـەر ڕۆمێـل لـەو دۆخـەی ئێسـتای کوردسـتان بووایـە چـی دەکـرد بـۆ دەرکردنـی سـوپای عێـراق لـە حـەوزی ڕوانـدز؟ ئەویـش لـە وەڵامـدا دەڵـێ جیـاوازی زۆر هەیـە، چونکـە عێـراق سـوپایەکی تـەواوی هەیـە، ئێـوەی هێـزی پێشـمەرگەش چەنـد چەکێکـی سـادە و سـوک. پشـدەری گوتـی: زانیومـە ئەڵمانیـا

(١) گونتەر دێشنەر، کورد، گەلی لەخشتەبرا، لا ٢٦٢.
(٢) سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٦٣.

موشەکی دژە تانکی پێشکەوتووی هەیە، ئەگەر ١٠٠ یان ٥٠ دانە، کاکە ٢٠ دانەم بە دەست بگەیشتایە، ئێستا ئاڕاستەی شەڕەکەم بە تەواوی دەگۆڕی. پرسیاری ئەوەی دەکرد بۆچی ڕۆژئاوا چەک بۆ کورد نانێرێت کە دژی هێزێکی هاوپەیمانی سۆڤیەت دەجەنگن. دوای ئەو قسانە، پشدەری بانگی کردین تاوەکو بچین سەردانێکی بەرەکانی پێشەوە بکەین، گوتمان چەند لێرەوە دورە، گوتی زۆر نییە هەر یەک کاژمێر دورە، چەند دۆڵ و نشێوێکە و تەواو. گونتەر دێشنەر دەڵێ ڕێگامان کرد، دوای کاژمێرێک من و پاسەوانەکانم لە ماندوێتی ئامانمان لەبەر بڕا، دیسان پرسیارمان کردەوە، ئەرێ زۆر ماوە؟ یەکێك لە پێشمەرگەکان هەمان وەڵامی پێشووی دایەوە. من و پاسەوانەکانم ئیتر ڕاهاتین لە نێوان خۆمان دەمانگوت یەک کاژمێر بەکاتی پێشمەرگە. کە گەیشتینە شوێنی مەبەست لاقمان کەوت و هەناسەمان بڕا لەبەر ماندوێتی. ئەو ڕێگەیەش بۆ پێشمەرگە هیچ زەحمەتیەکی تێدا نەبوو. ئەو شوێنەی ئێمە چووبووین بۆی، ڕۆژێك لەمەو پێش لە لایەن سوپای عێراقەوە داگیرکرابوو، بەڵام بۆ شەو هێزێکی جانفیدای پێشمەرگە لێیانی سەندبووەوە. لەوێ بینیمان کە چۆن تانکەکانی جۆری تی ٥٥ و تی ٧٢ ی ڕوسی بەرەو بەرەکان دەهاتن. فەرماندەی پێشمەرگە پەیوەندی کرد بە تۆپخانەکانی شۆڕش کە لە دیوی پشتەوە خۆیان مەڵاس دابوو، بۆئەوەی تۆپبارانی تانکەکان بکەن. دوای ماوەیەک لە تۆپباران، تانکەکانی عێراق پاشەکشەیان کرد[1].

(١) هەمان سەرچاوە، لا ٢٦٩-٢٧٠.

## ڕێککەوتننامەی شوومی جەزائیر

سەدامی کینەباز و ڕقهەڵگر بەرانبەر کورد وەکو مارمیلکە دەستی بۆ هەموو دزێوی و ناپاکییەک درێژ دەکرد تاوەکو لە شۆڕشی کوردستان بدات. شای ئێرانیش خەریکی گزی و گەلەکۆمەکێ بوو لە کورد، ئەو نیازی ئەوەی هەبوو ناوچەی شەتتولعەرەب بخاتە ناو سنوری قەڵەمڕەوی ئێران، بەلای شای ئێران گرنگ نەبوو کورد چی بەردەکەوێت یان نا، زیانمەند دەبێت یان نا. محەمەد ڕەزا شا یەکێک بوو لە نامەردترین مرۆڤەکان، کە مێژووی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە دیتبووی، سەدامی بەعسیش هاوتاکەی بوو.

ئەگەر قەدەری کورد بریتیە لە گەلەکۆمەکێ و فێڵکردن لێی، ئەگەر بڕیار وایە سەدام و شا ڕێکدەکەون لەگەڵ یەکتر، سەدام پێی باشترە خاکی عێراق بداتە ئێران بەڵام سازش نەکات بۆ کورد، ئەوا دوایی ئایەتوڵڵا خومێنی محەمەد ڕەزا شا ڕاوەدەنێ بۆ میسر و ڕژێمی شاهانە دەڕوخێ و چارەنوسێکی ئابڕووبەرانەش بۆ خودی حەمەڕەزا شا دیاری دەکرێت. سەدامیش بە عەقڵی بچووک و ملهوڕی خۆی لە ڕێککەوتنی جەزائیر پەشیمان دەبێتەوە و پەلاماری ئێران دەدات، سەرەنجام تەواوی عێراق نغرۆی جەنگی خوێناوی هەشت ساڵە دەکات و یەک ملیۆن کەس بەکوشت دەدا. ئەو جەنگە خوێناوییەی کە دەکرا بەرپانەکرێت، ئەگەر بهاتایە ئەو بەناو سەرۆکەی عێراق حەکیمانە بیری بکردایەوە و لەگەڵ کورد ڕێککەوتایە، نەوەک خاک و ئاوی عێراق بداتە ئێران. عێراق، ئەو وڵاتە دەوڵەمەندەی کە تا ئێستاش بەهۆی ئاسەواری جەنگ بە خاك و خەڵکەوە بوونەتە جێ گاڵتەی هەموو جیهان و بوونەتە یەکێک لە هەژارترین و گەندەڵترین وڵاتی دونیا.

سەرۆک بارزانی لە ساڵی ١٩٧٢ دڵنیایی لە ئەمریکییەکان و خودی دەزگای ”سی ئای ئەی“ وەرگرتبوو، کە ئەمریکا بە هەموو توانایەکەوە لە پشتی شۆڕشەکەیەتی. هەرچەند بارزانی گومانی خۆی گەیاندە بڕیاربەدەستانی ئەمریکا لەوەی کە نابێت جڵەوی هاوکارییە سەربازییەکان لە بەردەستی شای ئێران بێت، چونکە بارزانی دەمێک بوو ئەزموونێکی تاڵی لەگەڵ ئەو مرۆڤە نامەرد و بەدڕەفتارە هەبوو و

دەیزانی لە هەموو چرکەساتێکدا ئامادەی ناپاکی و خەنجەر لەپشت دانە. بەڵام ئەمریکییەکان دڵنیاییان دایە بارزانی کە هەموو شتێک لەبەر دەستی ئەوانە و خۆیان کۆنترۆڵی گۆڕەپانەکە دەکەن نەک شا[١].

دوای ئەوەی ڕاگەیاندنی بەعس لە تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و میدیاکانی، دەقی بەیاننامەی ١١ی ئاداریان بڵاوکردەوە، ئەو فۆڕمەی کە تەنها بەعس و هەندێ لایەنی کوردی سەر بە بەعس پەسندیان کرد، بارزانی و سەرکردایەتی کوردستان بە تەواوی ڕەتیان کردەوە. لەبەرئەوەی هیچ مافێکی ڕاستەقینەی کوردی تێدا نەبوو، هیچ دەسەڵاتێکی واقیعییانەی بە کورد نەدابوو، نە لە پایە بەرزەکانی دەسەڵات، نە لە پایەکانی دەسەڵاتی دادوەری، ئەوە جگە لە دیارنەکردنی سنوری ڕاستەقینەی کوردستان، نە سەرژمێری کردن و نە پرسی کەرکووک و چارەسەرکردنی و نە دەیان پرسی تر. ئەوەبوو هەزاران کورد بەدەم بارزانییەوە چوون، شوێنی کار و دەزگاکانی حکومییان لە شارەکانی کوردستان بەجێ هێشت. قوتابیان و مامۆستایان، پزیشکان و ئەندازیاران، تەنها لە زانکۆی سلێمانی ٢٣ مامۆستای زانکۆ کە خاوەنی پلەی دکتۆرا بوون، ١٠ خاوەن ماستەر، ١٧ خاوەن بەکالۆریوس، ١٥٠٠ قوتابی زانکۆ، ٥٥٠٠ مامۆستای قوتابخانە، ٢٩٨ پزیشک، بەپیلی بارزانی و شۆڕشی کوردستانەوە هاتن[٢].

شایانی ئاماژە پێدانە، سوپای عێراقی بەعسی بە پشت بەستن بە پارەی نەفتی کەرکووک و وەرگرتنی بڕێکی زۆر لە قەرز لە یەکێتی سۆڤیەت، چەکێکی زۆری کڕی کە زۆربەیان ڕوسی بوون. تاوەکو ساڵی ١٩٧٥ بەهای ئەو چەکانەی کە عێراق کڕیبوونی گەیشتە ملیارێک و نیو ملیۆن دۆلار. بەهای ئەو پارەیە لە ساڵی ١٩٧٣ بە نزیکەیی دەکاتە نۆ ملیار و نۆسەد ملیۆن دۆلار (٩،٩٠٠،٠٠٠،٠٠٠) بە بەهای دۆلار لە ساڵی ٢٠٢٢[٣]. سوپای عێراق بەو پارەیە بووە خاوەنی ١٢٠٠ تانک، ١٣٠٠ زرێپۆش

---

(١) شلومو نكديمون، الموساد في العراق و دول الجوار، ص ٢٨٢-٢٨٣، وەرگیراوە لە: عمار علي السمر، شمال العراق، دراسه سياسيه ١٩٥٨-١٩٧٥، ص ٣٩٦-٤٠١.

(٢) صلاح الخرسان التيارات السياسيه في كردستان العراق، قراءه في ملفات الحركات والأحزاب الكرديه في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، ص ٢١٥: صحيفه خەبات، العدد ٧٨٦ بتأريخ ٤-٥-١٩٩٦.

(٣) بگەڕێوە بۆ ئەژمارکردن لە ڕێگەی Consumer Price Index بۆ ساڵانی پێشوو.

و ٢٤٥ فڕۆکە. لە جەنگی کوردستان ٦٠٠ دانە لەو تانکانەی خستبووەگەڕ. ژمارەی سەربازانی عێراقیش خۆیان لە سەد هەزار سەرباز دەدا، هاوکات نزیکەی ١٠-٢٠ هەزار جاشی کوردیش هاوکار و چاوساغی سوپای عێراق بوون[1].

ڕاستییەک هەیە، لە جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ کاتێک میسر و سوریا پێکەوە پەلاماری ئیسرائیلیان دا و بۆ ماوەی بیست ڕۆژ جەنگەکە بەردەوام بوو، لە ئەنجامدا ئیسرائیل سەرکەوتنی بێ وێنەی تۆمارکرد بەسەر عەرەب. جیهان ببووە دوو جەمسەری سەرەکی، یەکیان جەمسەری ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا کە هاوکاری ئیسرائیل بوون، ئەویتر جەمسەری یەکێتی سۆڤیەت کە هاوکاری عەرەب بوو. وەک گوتمان کورد لەو ماوەیەدا دانی بەخۆداگرت لە پەلاماردانی سوپای عێراق، سەرەڕای ئەوەش کە ئیسرائیل و ئەمریکا داوایان لێکردبوو. ئەوەش بۆ ڕەوشت بەرزیی ڕەگەزی کوردی دەگەڕێتەوە کە نەیویست ببنە لایەنداری ئیسرائیل دژی عەرەب. بەڵام ئایا عەرەب ئەوەی لەبەرچاوە؟! دوای ئەو تێکشکانەی سوپای عەرەب، ئەمریکا هەوڵی هاوسەنگکردنی هاوکێشەکانی دەدا، نەیدەویست پەیوەندی لەگەڵ عەرەب تێکبدات، لە کاتێکدا کە یەکێتی سۆڤیەت بە پانی و بە درێژی خۆی کردبوو بە دۆستی عەرەب و هاوکاری بێشوماری دەنارد و چەکی پێشکەوتووی دەفرۆشتە عێراق. دوای جەنگەکە کارتەکان دەرکەوتن، عەرەب جارێکی تر دۆڕا. ئەوەی مابووەوە کارتی کورد بوو کە دەبێت بەشێوەیەک لە شێوەکان چارەسەر بکرێت و بێ ئەوەی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت تووشی دۆڕانی دیپلۆماسی و سیاسی و ئابوری بن.

لە هاوینی ١٩٧٤ سەرکردایەتی شۆڕش پەی بەوە دەبات کە دانوستان هەیە لە نێوان بەغدا و تاران. وەزیرانی دەرەوەی هەردوو وڵات لە ئەستەمبۆل کۆبوونەتەوە. سەرکردایەتی شۆڕش بە پەلە پەل نامەیەکی نارد بۆ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ داواکردن لێیان کە پەیمان نەشکێنن و بەڵێنی خۆیان ببەنە سەر

---

(١) دینیس کوماروف، البارزاني و نضال الأکراد الجنوبيين؛ البارزاني و شهاده التأريخ، مجموعه أبحاث وانطباعات للمؤلفين الکرد و الروس، ترجمه: بافي نازي و عبدي حاجي، دار العربيه للموسوعات، بيروت ٢٠٠٦، ص٩٨.

کــە بــە شۆڕشــی کوردیــان داوە. ئەوەبــوو نامەیــان نــاردەوە و ڕەتیــان کــردەوە کــە هیــچ ڕێککەوتنێکــی ژێربەژێــر لــە ئــارادا بێــت، نامەیەکیشــیان بــۆ شــا نــارد لەســەر تــرس و دڵەڕاوکێــی کــورد. ئــەوە بــوو شــا نامەیەکــی دڵنیایــی دیکــەی نــاردەوە بــۆ ســەرکردایەتی و دووپاتــی کــردەوە کــە پشــت لــە شۆڕشــی کــورد نــاکات و پەیڤــی بەڵێنــی خــۆی دەباتــە ســەر. نــەک ئەوەنــدە، بەڵکــو شــا بــۆ ئارامکردنــەوەی کــورد، هەســتا بــە ناردنــی هــاوکاری ســەربازی زۆرتــر، لەوانــە یەکــەی تۆپهاوێــژی پێشــکەوتوو، ســنوری وڵاتەکــەی کــردەوە بــەڕووی خێزانــە لێقەومــاوەکان و بــۆ حەواندنــەوەی پێشــمەرگە و چارەســەرکردنی برینــداران و هتــد ســەربازگەی دامەزرانــد(١).

دواتــر ســەرکردایەتی کوردســتان نامــە بــۆ هەریــەک لــە پادشــای ئــوردون و ئەنــوەر ساداتی ســەرۆکی میسر دەنێرێــت بــۆ ڕۆڵ بینیــن لــە ئاشتەوایی نێــوان کــورد و بەغــدا. ســادات بەڵێنــی دا بــەو کارە هەســتێت، بــەڵام وەک دواتــر دەردەکەوێــت، هەموویــان ئــاگادار و پشــکدار بــوون لــە لێدانــی قــۆرت بــۆ کــورد و شۆڕشــەکەی.

بارزانــی داوا لــە وەزارەتــی دەرەوەی ئەمریــکا دەکات کــە ڕێگــەی پــێ بدرێــت ســەردانێکی ئەمریــکا بــکات و لەگــەڵ بەرپرســان کۆبێتــەوە. بــەڵام هێــنری کیســینجەری وەزیــری دەرەوە داواکــەی ڕەت دەکاتــەوە و تەگــەرە دەخاتــە بەردەمــی.

لــەو ساتەدا شــا بانگهێشتی بارزانــی دەکات بــۆ ســەردانیکردنی تــاران لــە ڕێکەوتــی ٢٦ی فبرایەر/شــوباتی ١٩٧٥. شــا هەموو شــتێکی بڕاندبووەوە لەگەڵ بەغدا و لە جەزائیر بــە هــاوکاری و نێوەندگیــری ســەرۆکی ئەو وڵاتە "هــاواری بومدیەن". بانگهێشــتی بارزانی تەنهــا بــۆ دەردانــی کۆڵــی ڕق و بێبەزەیــی ڕەزا شــا بــوو. هــەر لــەو ســاتەدا کــە بارزانی لە تــاران بــوو، شــا فەرمانــی دا کــە یەکەکانی تۆپهاوێــژ لە کوردســتان بکشــێننەوە بــۆ ئێران. لە ڕۆژی ١١ی ئاداری ١٩٧٥ شــا لەگەڵ بارزانی کۆبووەوە. لە دانیشــتنەکە ڕەزا شــا ڕووی لــە بارزانــی کــرد و گوتــی: مــن ناچاربــووم ئــەو ڕێککەوتنــە لەگــەڵ بەغــدا واژوو بکــەم، ئەگــەر نــا ڕووبەڕووی جەنگێکی وێرانکەر دەبوومەوە لەگەڵ بەعسییەکان و ســۆڤیەتیش بــە هەمــوو هێزییــەوە پشــتیوانی عێراقــی دەکــرد و چەکــی پێدەدان. ڕێککەوتنەکــە لــە

(١) مسعود البارزاني، البارزاني..... ص٣٤٤.

بەرژەوەندی گەلی ئێرانە، هەروەک چۆن ئێوە پێتان وابوو کە ڕێککەوتنتان لەگەڵ بەعس لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە بەرژەوەندیتانە. ئێستاش تاوەکو کۆتایی ئەو مانگە سنورمان کراوەیە و مۆڵەتتان پێدەدەین ئەگەر بخوازن وەکو ئاوارە بێنە وڵاتەکەمان، چونکە دوای ئەوە سنورەکان دادەخەین[1]. شا بەم شێوەیە تۆڵەی خۆی لە بارزانی و شۆڕشەکەی کردەوە. سەیرەکە لەوەدا بوو کە سەدامیش دەیگوتە کورد ئێوە ئێمەتان ناچارکرد سازش بکەین بۆ ئێران، شای ئێرانیش هەمان قسەی بە کورد دەگوت!

بارزانی کە گەیشتەوە گەلاڵە، نامەیەکی هەست بزوێنی بۆ بەرپرسی سی ئای ئەی CIA لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران نارد. لە نامەکەدا نووسیبووی:

"شپرزەیی و داڕوخان کەوتۆتە ناو گەلەکەمان و هێزی چەکدارمان. هەڕەشەی قڕکردنی سەرتاسەریمان لەسەرە، هیچ تەفسیرێک نابینین بۆئەوەی کە ڕوویداوە. بۆیە ئەو داوایە دەکەین و داوا لە حکومەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەین کە پابەند بێ بەو گفت و بەڵێنانەی کە پێی داوین، داوای لێدەکەین بلەز فریامان بکەوێت و نەهێڵێت شۆڕشەکەمان هەرەس بهێنێ و بڕوخێ و وەکو دۆست مامەڵەمان لەگەڵ بکات. جەنابی وەزیر، عێراق و ئێران لەسەر ئەژماری کورد ڕێککەوتوون، یەکێک لە بەرەنجامە ترسناکەکانی ئەم ڕێککەوتنە لەناوبردنی گەلی ئێمەیە، کە ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات و هەرگیز هێندەی ئێستا بێ توانا و دەستەوەستان نەبووە. چونکە ئێرانی دۆستتان سنورەکانی داخستووە، لە کاتێکدا کە عێراق کەوتووەتە هێرش و پەلاماری بێ وێنە. ئەگەر کار وا بڕوات بزووتنەوەکەمان سەرکوت دەکرێ و گەلەکەمان بەشێوەیەک قڕ دەکرێ کە لە وێنای کەس دا نییە، بێ ئەوەی کەس ناڕەزایی دەرببڕێ. ئەمریکا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەرپرسیارە لەو دۆخە و پێمان وایە ولایەتە یەکگرتووەکان ئەرکی ئەخلاقی و بەرپرسیارێتی سیاسییان دەرهەق بە گەلی کورد لە ئەستۆیە، حکومەتەکەتان خۆی بەڵێنی داوە وابێ، هەر لەو پێودانگە تکا لە بەڕێزتان دەکەین بەزووترین کات کارێک بکەن و فریامان بکەون"[2].

کاربەدەستەکەی "سی ئای ئەی" تێبینی خۆی لەسەر نامەکە دەنوسێت

(١) سەرچاوەی پێشوو، لا٣٤٦.

(٢) گونتەر دێشنەر، کورد، گەلی لەخشتەبرا، لا ٢٩٥-٢٩٦.

بەوەی کە شای ئێران پشتی لە کورد کردووە، هەزاران کورد ئاوارەبوون، لیستێکی خستەڕوو بۆ هاوکاری کردنی خەڵک، ئینجا لە کۆتاییدا دەنوسێت: شتێکی ڕەوایە کە حکومەتی ئەمریکا لەم بارەیەوە شتێک بکات. بەڵام هێنری کیسینجەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، قڕوقەپی لە نامەکە کرد. کاربەدەستی ناوبراوی سی ئای ئەی ئاگادار کرایەوە، کە چیتر ڕێگە نەدات سەرکردایەتی کورد پەیوەندی پێوە بکەن. ئەوەش بووە هۆی توڕەبوونی. هەر بۆیە دوای ماوەیەک هێرشی کردە سەر بەرپرسەکەی خۆی، هەڵوێستی وڵاتەکەی بە شەرمەزارانە لەقەڵەم دا. لە بروسکەیەک دەنوسێت: ئەگەر حکومەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەخوازێت قەسابخانە ڕوونەدات، ئەوا لە سەریتی بێ گوێدانە حەمەڕەزا شای هاوپەیمان کارێك بکات. بەڵام وەک دواتر دەبینرێت، واشنتۆن بڕیاری داوە پشتیوانی لە هەڵوێستەکەی شا بکرێت و کورد بە تەنیا جێ بهێڵرێت[1].

هەرچەندە ئیسرائیل بەڵێنی دابوو، کە ئەگەر ئێرانیش سنور دابخات، ئەوا ئەوان بەردەوام دەبن لە هاوکاری کردنی کورد لە ڕێگەی ئاسمانییەوە چەک و پێداویستی فڕێ دەدەنە کوردستان. بەڵام ڕاستگۆ نەبوون.

ڕاستی ئەو گەلەکۆمێیە لە کورد ئەوەیە: جڵەوی سەربازیی کورد لە دەست شای ئێران بوو، شای نۆکەری ئەمریکا و ئیسرائیل! کورد کارتی ئیسرائیل بوو لە دژی عێراق، ئەگەر بێت و عێراق بیر لە جەنگ دژی ئیسرائیل بکاتەوە، ئەوا لە ڕێگەی ئێرانەوە هەموو هاوکارییەکی سەربازی پێشکەشی کوردەکان دەکرێت! عەرەب لە جەنگی میسر و سوریا تووشی دۆڕانێکی ئابڕووبەرانە ببووەوە، ئەگەر عێراق بیر لە شەڕ دژی ئیسرائیل بکاتەوە ئەوا کوردەکان پڕچەک دەکەین و ئابڕووی سەدامیش لە بەرەکانی جەنگ دەبەین و ئەمەش وا دەکات دەسەڵاتی سەدام بە کودەتایەک کۆتایی بێت. لەو نێوانەشدا ڕەزا شا قازانجێکی دەستکەوت، ئەویش ئاو و خاکی شەتتولعەرەب بوو. پرسیار، کەواتە خۆدزینەوەی سەدام چی بوو لە جەنگی دژ بە ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٧٣؟ وەک لە نامەکەی سادات

(١) سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٩٧.

دەردەکەوێـت، کـە داوا لـە بارزانـی و سـەرانی شـۆڕش دەکات لـەو ماوەیـە بـە گـژ سـوپای عێراقـدا نەچـن، چونکـە سـەدام بیانـووی شـەڕی کـورد دەهێنێتـەوە و نایەوێـت بەشـداری جەنگەکـە بـکات! مەگـەر لـەوە ئاسـانتر هەبێـت کـورد بکرێتـە بیانـوو بـۆ درۆ و ترسـنۆکی و حـەزی مانـەوەی سـەدام بـۆ دەسـەڵات؟! لـەوەدا دەردەکەوێـت کـە سـەدامی ترسـنۆک هەرگیـز کێشـەی لەگـەڵ ئیسرائیـل نەبـووە، بەڵکـو تاکـە خەمـی مانـەوە بـووە لـە دەسـەڵات و کـوردی بـۆ کردووەتـە بەهانـە و قوربانـی.

سـەدام لـە دیدارەکانـی لەگـەڵ شـاندی کـوردی، دەڵێـت ناچارمـان مەکـەن لەگـەڵ شـا ڕێکبکەویـن! دەپرسـین، مەگـەر چـۆن و بـە چ ڕێگەیـەک کـورد سـەدام ناچـار بـە ڕێککەوتـن لەگـەڵ شـا دەکات؟ ئەمـە لـە کاتێکـدا کـە بەعـس بـە فیتـی سـەدام هەڵمەتـی تیـرۆر و ئـاژاوە دەسـت پێدەکـەن لـە کوردسـتان تاوەکـو سـەرانی شـۆڕش ناچـار بـە هەڵگیرسـاندنی شـەڕ بکـەن، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش، سـەرکردایەتی داوای دان بەخۆداگرتـن دەکات، تاوەکـو بەڵێنـی کـە داویەتـی بـە سـادات و عـەرەب بیباتەسـەر.

کەوایـە دەردەکەوێـت، ئـەوە سـەدامە دەیەوێـت خـۆی لـە جەنگـی ئیسرائیـل بدزێتەوە و بـە زۆری زۆریـش کـورد بکاتـە بیانـووی ئـەوە. ژێربەژێـر دەزگای سـی ئـای ئـەی ئەمریکیـش داوا لـە سـەدام دەکات دژی ئیسرائیـل نەجەنگێـت و لـە بەرانبـەر ئـەوەش ئەمریـکا پاڵپشـتی سیاسـی و سـەربازی و هەواڵگری سـەدام دەکات. ئـەوە ڕاسـتییەکەیە. سـەدام دەیتوانـی لەگـەڵ کـورد پێـک بێـت و سـازش بـۆ شـای ئێـران نـەکات، ئـەو کاتـە هەمـوو کێشـەکانی ناوخـۆی سـفر دەکـردەوە و ئێرانیـش لـە شـەتتولعەرەب هیـچ مافێکـی نەبـوو. بـەڵام هـەر ئـەو کاتـەش دەسـتی بەتـاڵ دەبـوو بـۆ شـەڕی ئیسرائیـل، واتـا هیـچ بیانـووی نەدەمـا بـۆ بەشـداری کـردن لـە جەنگـی عـەرەب و ئیسرائیـل! بـەڵام چیکـرد؟ کـوردی کـردە بیانـوو، سازشـی بـۆ ئێـران کـرد، تەنهـا بۆئـەوەی بەشـداری شـەڕی ئیسرائیـل نـەکات! ئـەوە بـوو پاڵەوانـە نەبەزیوەکـەی میللەتـی عەرەبـی.

هەمـوو خەمـی سـەدام مانـەوە بـوو لـە دەسـەڵات، نـە جەنگـی ئیسرائیـل بـەلای ئـەو بابەتێکـی گرنـگ بـوو، نـە ناچاریش بـوو لەگەڵ شـا ڕێکبکەوێـت دژی کورد. ئەگەر سـەدام پیـاوی ئەمریـکا نەبوایـە و شـۆڤینییەکی ترسـنۆک نەبووایە، ئـەوا لەگەڵ کـورد ڕێکدەکەوت

و بەرەنگاری ئیسرائیلیش دەبووەوە. بەڵام وەک عەرەب دەڵێت: قمیص عثمان كلمه حق يراد بها الباطل. سەدام لە دەرەوە ڕێوی بوو لە ناوەوەش وەک گورگەهار دەردەکەوت. بەرانبەر دەرەوە لەرزۆک و تۆقیو، کەچی بەوپەڕی بەربەریەت و وەحشیگەری کەوتبووە گیانی کوردی بێ کەس و بێ حاڵ. ئەوە ئەدگاری هەموو مرۆڤێکی سایکۆپات و نەخۆشە، کە تۆڵەی گرێ دەروونییەکانی لە کەسانی لاواز و بێ توانا دەکاتەوە.

ڕێککەوتننامەی جەزائیر هەر تەنها ناپاکییەک نەبوو لە بەرانبەر کورد ئەنجام درا، بەڵکو واتای پشت شکاندنی نەتەوەی کورد بوو، واتای ئەوەبوو ئیتر سەدام و بەعس دەستیان واڵاکرا بۆ لەڕەگوڕیشە دەرهێنانی ڕەگەزی کوردی لە کوردستان. لایەنەکانی ڕێککەوتنەکە ئەوەندە بەدڕەفتار بوون بەرانبەر کورد، وە نەبێت پێشنیارێکی ئاشتیخوازانە بخەنە بەردەم عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەڵکو لێگەڕان و کوردیان کردە بارمتەی دەست سەگەهار و کەمتیارەکانی بەعسی عەفلەقی سەدامی. خۆشبەحاڵ، هەلومەرجی تۆپۆگرافی و جیۆگرافی کوردستان ئاستەنگی گەورە بوون لەبەردەم حکومەتی عێراقی بەعسی، گەرنا تا ئێستا ئەو بستە خاکەش بۆ کورد نەدەما. لە بەشەکانی داهاتوو بە نەخشە ئەو پیلانە نەگریسەی بەعس بە سەرۆکایەتی سەدام دەخەینەڕوو.

دوای ماچ و موچی جوتەبرا کە تا دوێنێ تینووی خوێنی سەری یەکتر بوون، ئێران تۆپهاوێژەکانی کشاندەوە، ئەو ساتە هێزی پێشمەرگە شۆک دایگرت و خەڵکی کەوتنە دۆخێکی شپرێو، خەڵکی کورد دەیانپرسی ئاخر چ گوناهێکمان کردووە تا ئەوهامان لێ بکرێ؟ ڕۆژی ٧ی ئادار هێرش بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد، سوپای عێراق سەرەنجی خستە سەر ڕواندز و هاملتۆن بەرەو بارەگای بارزانی، بەڵام بێ هودە بوو، هێزی پێشمەرگە پێشڕەوییەکانی سوپای ڕاگرت. هێزی پێشمەرگە بەبێ هاوکاری ئێرانی ئەو سەرکەوتنانەی بەدەست دەهێنا. پێشمەرگە ئەوەندە دڵگەرم بوو بۆ جەنگ، بەڵام شادەماری هاوکارییەکان کە ئێران بوو، بە تەواوی سڕکرا. پێشمەرگە بەو حاڵەشەوە توانی سوپای بەعس لە جموجۆڵ بخات، نەک ئەوەندە، گەر چەکی لێ نەبڕایە ئەوا ڕاوەدووی هەموو

تیپ و لەشکرە لەرزیوەکانی بەعسی دەنا[١]. بەڵام ئیتر قەدەری کورد ئاوا ڕەشە، دیسانەوە کورد بە تەنها لەگەڵ خودا و چیاکان مایەوە.

دواهەمین ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سوپای عێراق ڕۆژی ١٣ی ئاداری ١٩٧٥ بوو لە دۆڵی ئاکۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ڕواندوز، کاتێک لیوایەکی سوپای عێراق هەڵمەتی هێنا، بەڵام دووچاری دۆڕانێکی بێ وێنە بوونەوە، دەیان کوژراویان بەجێ هێشت لە دوای خۆیان. لە بەرەکەدا یەکێک لە فەرماندەکانی پێشمەرگە بەناوی ساڵح ئاکۆیی شەهید بوو. "کوینس ڕۆبێرتس" ڕۆژنامەڤانی بەریتانی کە ئەو شەڕانەی بە چاوی خۆی دیتبوو، لە ڕۆژنامەی فایانشیال تایمز نووسیبووی: شەڕی ئەم هەفتەیە وەکو شانازی پێشمەرگە دەچێتە مێژووی گەلی کوردەوە، شۆڕشگێڕانی کورد هێرشی بوێرانە و نائومێدانە دەکەنە سەر سەنگەر و پێگە گرنگەکانی سوپای عێراق، بەو هیوایەی گۆڕانکارییەک بەسەر ڕەوشی هیوابڕاویان بێت[٢].

تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان پرسیاری ئەوە دەکرێ، یاخود گلەیی ئەوە دەکرێت کە بۆچی سەرکردایەتی کورد درێژەی بە خەباتی چەکداری نەدا و ڕووی کردە ئێران و چەکی دانا. پێویستە لێرەدا هەڵوەستەیەک بکەین و بە پێوەری ئیمڕۆ سەیری ئەو ڕۆژگارە نەکەین کە کوردستانی هەژار و پڕ مەینەتی، جگە لەوەی لە سەردەمی دروستبوونی ئەو عێراقی ئیمپیریالیزمەوە هیچی بۆ نەکرا بوو و هیچ خزمەتگوزارییەکی پێ نەگەیشتبوو، بەڵکو شەڕ و پەلاماردانی بەردەوام و تێکدانی گوندەکان و عەرەباندن و کوشتن و بڕین بە تەواوی هەناسەبڕی کردبوو. سەرەڕای ئەوەش خەڵک ئامادەی خۆبەخت کردن و بەرخودان بوون، ئامادە نەبوون سەر شۆڕ بکەن بۆ وڵاتێکی دروستکراوی بەریتانیا کە گرووپێک لە مرۆڤی شۆڤینی سەر جادەکان جۆشدراو بە شۆڤینیزمی پان-عەرەبیزم بەڕێوەی دەبەن. ئەنجا کاتێک شای ئێران بڕیاری ڕاگرتنی هاوکارییە سەربازییەکان دەدات، ئیسرائیل ئاشکرای دەکات کە بەڵێنی درۆیینی بە کورد داوە، ئیدارەی ئەمریکا دەرگاکانی بەڕووی کورد دادەخات،

(١) گونتەر دێشنەر، کورد، گەلی لەخشتەبرا، لا ٢٩٣.
(٢) هەمان سەرچاوە، لا ٢٩٣.

دەبێ لێرەدا سەرکردایەتی کورد چی بکات؟ ئایا دەبێت قەدەری خۆی بداتە دەست دڕندەیەکی بەربەری بەعسی عەرەبی؟ یان ئەوەتا مەترسییەکان کەم بکاتەوە؟ دوای ئەوەش لە سەردەمی چەکی پێشکەوتووی ڕوسیا و ڕۆژئاوا، ئاخۆ دەبێت کورد بە چ چەکێک بەرەنگاری سوپای عێراق بێتەوە؟

خودی بارزانی مستەفا ژیرانە هەڵسوکەوتی کرد لەگەڵ دۆخەکە، ئەوەش بە گەواهی توێژەران و سیاسەتوانانی ئەو سەردەمە. لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی نەیگوت چەک دابنێن، بەڵکو داوای کرد لەگەڵ دۆخەکە بزانن چۆن ڕەفتار دەکەن و هەر کەس خۆی بڕیار دەدات چی دەکات.

لەجێی خۆیەتی ئەگەر ئاماژەیەکیش بدەین بە ژمارەی قوربانییەکان لەوەتەی شۆڕشی کوردستان لە ساڵی ١٩٦١ تاوەکو ١٩٧٠ دەستی پێکرد. هەندێك لە سەرچاوەکان دەڵێن: کۆی هەموو کوژراوەکان لە هەردوو لایەنی کوردی و عێراقی دەگاتە ١٠٠ هەزار کەس، کە پشکی گەورەی قوربانی بەر کورد دەکەوێت[(١)]. مێژوونووس "سەلاح خەرسان" پێی وایە تەنها لە شەڕەکانی ساڵانی ١٩٧٣-١٩٧٥ چل هەزار کەس لە ڕیزەکانی سوپای عێراق کوژراون[(٢)]. خودی سەدامیش لە میانەی یەکێک لە گەشتەکانی بۆ ناوچەکانی کوردستان باسی لەوە کردووە کە سوپای عێراق ٦٣ هەزار کەسی لە ماوەی یەك ساڵی ١٩٧٥/١٩٧٤ لە کوژراو و بریندار هەبووە[(٣)]. بەڵام ڕاپۆرتی فەرمی حکومەتی عێراق لە زاری سەرۆکی سوپا عبدالجبار شنشل بڵاودەکاتەوە: ژمارەی کوژاوان لە ڕیزەکانی سوپا نزیکەی ١٦٠٠ کەس و بریندارەکانیش ٧٠٠٠ کەس دەبن، لە ڕیزەکانی شۆڕشی کوردستان ژمارەکە بە ٥٠ هەزار کوژراو و ١٠٠ هەزار بریندار دەخەمڵێنێت[(٤)]. دیارە کە ئەو ژمارەیە چەواشەکاری تێدایە بۆ بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی خەڵکی عێراق و بۆئەوەی وڵاتانی دراوسێ بە چاوێکی سوکەوە سەیری سوپا فشۆڵەکەی عێراق نەکەن.

---

(1) Ciment J., The Kurds. State and Minority in Turkey, Iran and Iraq, facts on file. Conflict and Crisis in the Post-Cold War World, New York 1996, p. 58-61.

(٢) صلاح الخرسان، التيارات السياسيه في كردستان العراق، ص ٢٣٥.

(٣) صبحي ناظم توفيق، العراق الحديث، الفصل الرابع، ص ٤٠.

(٤) صلاح الخرسان، التيارات السياسيه...، ص٢٣٥.

**وردەکاری و ڕێکاری ڕێککەوتننامەی جەزائیر بەم شێوەیە بوو:**

تالیب شەبیب نوێنەری هەمیشەیی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری نیویۆرک دیدارێک لەگەڵ هێنری کیسینجەر ئەنجام دەدات و داوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان بەغدا و ئەمریکا دەکات. (پێویستە ئەوەشی بخەینەسەر، پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا، واتا پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل، ئەمریکا پارێزەری ئیسرائیلە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست). کیسینجەریش بە دەرفەتی زانی مەرجەکانی خۆی بسەپێنێت، لە بەرانبەردا ئەمریکا خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێت بۆ پەیوەندی گرنگی ئابووری لەگەڵ عێراق. مەرجە ئاشکرا کراوەکان ئەوانە بوون: دوور کەوتنەوە لە یەکێتی سۆڤیەت، پاراستنی ئاسایشی کەنداو، بەردەوام بوونی ناردنی نەوت بۆ ڕۆژئاوا، کردنەوەی بازاڕی عێراق لە بەردەم بازاڕ و کاڵای ئەمریکایی، پاراستنی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئەوەی ناگوترێت پاراستنی ئیسرائیل). هەروەک غانم عبدالجلیل ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعس و بەڕێوەبەری نووسینگەی سەدام سەردانی ئەمریکا دەکات. دوای ئەوەش نوێنەری کیسینجەر دێتە بەغدا و لەگەڵ سەدام لە سەر مەرجەکان ڕێکدەکەون(١). هەر لەبەر ئەو هۆکارەش چیتر یەکێتی سۆڤیەت هاوکاری سەربازی نانێرێت بۆ بەردەوامیدان بە هێرشەکانی بۆ سەر کورد، وەک ئەوەی پێشتر لە ساڵی ١٩٧٢-١٩٧٣ بەخشییە عێراق.

ئەمریکییەکان گلۆپی سەوزیان بۆ بەغدا و تاران پێکرد تاوەکو لەگەڵ یەک دابنیشن. ئەوەبوو پادشای ئوردن حوسێنی کوڕی تەلاڵ، دوای بەستنی لوتکەی کۆنگرەی عەرەبی لە رباتی مەغریب، دیدارێکی ڕێکخست بۆ نوێنەرانی عێراق و ئێران، دوای ئەوە لەسەر ئاستی وەزارەتەکان، هەردوو وەزیری دەرەوەی عێراق سەعدون حەمادی و وەزیری دەرەوەی ئێران عەباس خەلعەتبەری بە نهێنی لە ئەستەمبۆڵ لە مانگی کانونی یەکەمی ١٩٧٤ کۆبوونەوە، پاشان هەردوو وڵاتی میسر و جەزائیر بە قوڵی هاتنە ناو بابەتەکەوە.

ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر ڕۆڵی گرنگی هەبوو، گەرچی پێشتر نامەی بۆ

---

(١) عمار علي السمر، شمال العراق، ١٩٥٨-١٩٧٥، ص٤١٥.

بارزانی نارد تاوەکو ئاگربەستێت و لە سوپای عێراق نەدات لەبەر شەڕی ئیسرائیل. بارزانی بەڵێنی مەردانەی خۆی بردە سەر، عەرەبیش بێ بەڵێن و بێ پەیمان بوون بەرانبەر کورد. لەوەش هێوەتر، سادات بانگی شاندی کوردی دەکات بە سەرۆکایەتی سامی عەبدولرەحمان، تیایدا شاندی کوردی ئامادەیی هاریکاری دەردەبڕێت لەگەڵ میسر دژی بەعس، بەڵام سادات دیدارەکە تۆمار دەکات و بۆ شای ئێرانی دەنێرێت و پێی ڕادەگەیەنێت کەوا کوردەکان لە پشتی ئەو خەریکی وازی کردنن، ئەوەش بووە هۆی تورەبوونی شا. دیارە ئامانجی سادات ئەوەبوو خێرا باوەڕ بە تاران بهێنێ تاوەکو بچێتە سەر مێزی گفتوگۆ، کێشەی کوردیش لای ئەو هیچ گرنگییەکی نەبووە[1]. لە ماوەی بەڕێوەچوونی گفتوگۆکان حکومەتی ئێران بانگهێشتی بارزانی دەکات بۆ تاران. لەو کاتەش ڕەزاشا بە سەردانێك دەگاتە سویسرا تاوەکو لەگەڵ کیسینجەر کۆببێتەوە. دەکرێ بڵێین کە بە دەستی ئەنقەست و بە درۆ و گزی بانگهێشتی بارزانییان کرد و لەوێش ڕێگرییان لێکرد لە گەڕانەوەی تاوەکو حەمەڕەزا کارەکانی بە ئەنجام دەگەیەنێت. ئەحمەد چەلەبی دەڵێت: لەو کاتەدا پێش ئەوەی حەمەڕەزا بەڕێ بکەوێت بۆ جەزائیر بۆ واژووکردنی ڕێککەوتننامە، بە بارزانیی ڕاگەیاند کە دەچێت بەو کارە هەڵدەستێت و شۆڕشی کورد لەبار دەبات[2].

---

(١) حامد محمود عيسى علي، القضية الكرديه في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الأمريكى، ١٩١٤-٢٠٠٤، مكتبه مدبولي، القاهره ٢٠٠٥، ص ٣٧٢

(٢) عمار علي السمر، شمال العراق، ١٩٥٨-١٩٧٥، لا٤١٨.

**وێنەی (٢٩)**



سەدام و شای ئێران دوای ڕێککەوتنی جەزائیر تۆقە و دەست لەملانێ دەکەن

دواتـر لـە بـەرواری ٦ی ئـاداری ١٩٧٥ لـە کۆبوونـەوەی وڵاتانـی ئۆپیـک، بـە ئامادەیـی سـەرۆکی جەزائیـر "هـاواری بومدیـەن" هەریـەک لـە سـەدام و محەمـەد ڕەزا پەهلـەوی دووجـار یەکتریـان بینـی، کـە دواتـر لەسـەر واژوو کردنـی پەیماننامەیـەک ڕێککەوتـن.

ناوەڕۆکـی ڕێککەوتننامـەی جەزائیـر: ڕژێمـی شـا واز دەهێنێـت لـە هـاوکاری کردنـی سـەربازی و واڵاکردنـی سنورەکانی بـەڕووی کـورد، لـە بەرانبـەردا عێـراق دەسـتبەرداری پەیمانـی سـەعدئابادی سـاڵی ١٩٣٧ دەبێـت لەسـەر پرسـی سـنورەکانی نێـوان هـەردوو وڵات. بـە گوێـرەی ئـەوە، عێـراق دەسـتبەرداری گرنگتریـن ناوچـەی سـنوری وڵاتەکـەی دەبێت،کـە دەکاتـە نیـوەی شـەتتولعەرەب، کـە تاکـە دەرچەیـە بـۆ سـەر دەریـا و شـادەماری ئابـوری عێراقـە[1].

(١) الطقوش، تأريخ الأكراد ٦٣٧-٢٠١٥، ص٢٥٣-٢٥٤.

شـــایانی باســـە، هێـــنری کیســـینجەری وەزیـــری دەرەوەی ئەمریـــکا لـــە ڕاپۆرتێـــک دان بـــەوە دەنێـــت کـــە ناپاکییـــان بەرانبـــەر کـــورد کـــردووە و دەڵێـــت: سیاســـەتی ئێمـــە بەدڕەوشـــتانە بـــوو بەرانبـــەر کـــورد، نـــە هاوکاریـــمان کـــردن، نـــە هێشـــتمان لەگـــەڵ حکومەتـــی عێراقـــی بگەنـــە ڕێککەوتـــن، هاتمـــان دان بـــۆ جەنـــگ و دواییـــش بەتەنیـــا جێـــمان هێشـــتن[1]. دەگوترێـــت ئیسرائیلییـــەکان تووڕەیـــی خۆیـــان دەربڕیـــوە بـــەوەی کـــە ئەمریـــکا ئـــاگاداری نەکردوونەتـــەوە لـــەو ڕێککەوتنـــە و، بەهـــۆی داخســـتنی سنوری ئێـــران و ڕێگـــری کردنـــی تورکیـــا لـــە ســـنورەکانی، حکومەتـــی ئیسرائیـــل نەیتوانیـــوە هـــاوکاری بـــۆ کـــورد بنێرێـــت[2]. ئەوەیـــان هـــەر درۆیەکـــی زۆر زەقـــە، چونکـــە ئەمریـــکا خەریکـــی چاککردنـــەوەی پەیوەنـــدی ئیسرائیـــل و میـــسر بـــوو، لەولاشـــەوە ســـوریای دوژمنـــی سەرسـەختی سـەدام دەبوایـە بەشـێوەیەک بوەسـتێنرێ، ئـەوەش تەنهـا ئـەو کاتـە دەکـرا کـە ئەمریـکا پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ سـەدام چـاک بکاتـەوە و بیکاتـە دوژمنێکـی بەهێـز لـەدژی سـوریا. ئامانـج لـەوە دیسـان پاراسـتنی ئیسرائیـل بـوو، چونکـە سـوریاش مەترسـی بـوو بـۆ سـەر ئیسرائیـل. هەمـوو ئـەو تەڵەکـە و فێڵانـە وەدیهاتـن، کەواتـە ئیـتر چ پێویسـت بـە بوونـی کـورد دەکات لـە هاوکێشـەکە؟! هیـچ.

”کـورد کرایـە قوربانـی لـە پێنـاو مانـەوەی ئیسرائیـل“، حکومەتـی بەعـس دوای ڕێککەوتننامـەی جەزائیـر، لەگـەڵ تورکەکانیـش گەیشـتە لێکتێگەیشـتن سـەبارەت بـە خنکاندنـی شۆڕشـی کـورد[3]. ئـەوە یەکـەم جـار بـوو وڵاتانـی ناوبـراو کۆدەنـگ بـن لەسـەر پرسـی لێدانـی کـورد و هەمـوو کێشـەکانی دیکەیـان وەلانێـن، ئەمـەش دواتـر دەبێتـە سیاسـەتێکی کارپێکـراو لـە لایـەن وڵاتانـی داگیـرکاری کوردسـتان (عێراق|ئێران|تورکیا|سـوریا)، کـە ئەگـەر لـە سـەر هەمـوو پرسـێک ناکـۆک بـن، بـەڵام لـە پرسـی خنکانـدن و لێدانـی کـورد یەکگرتـوو بـن.

---

(١) محـمـد حسنين هيكل، الحل والحرب، شركه مطبوعات، بيروت ١٩٨٨، ص ١٣٧-١٤٠.

(٢) عمار علي السمر، شمال العراق، ١٩٥٨-١٩٧٥، ص٤٢٤.

(٣) عـلي سـنجاري، القضيـة الكرديـه و حـزب البعـث العـربي الاشـتراكي في العـراق، مطبعـة حاجـي هاشـم، أربيـل ٢٠٠٦، ص٧٢.

## هەڵسەنگاندنێکی خێرا بۆ شۆڕشی کوردستان

شۆڕشی درێژخایەنی کوردستان کە سەرەتاکەی لە شۆڕشی ئەیلوولەوە هەڵچنی، لەچاو هەموو شۆڕش و جوڵانەوە نەتەوەییەکانی پێش خۆی لە کوردستان، لە ڕووی شێواز و میکانیزمەوە جیاوازبوو، لەڕووی هەستی نەتەوەییەوە نوێ بوو، گیانی هاوسۆزی نەتەوەیی پشکوتو ببوو، هاوبەشیی لە نەژاد و خاک و زمان پێکڕا لە جەواڵی نەتەوەییدا ئاوێتەی یەک ببوون. ئیدی شۆڕشی نەتەوە بوو، نەوەک یاخیبوونی هۆزێک یان خێڵێک دژی بارودۆخی تایبەتی هۆزەکە یان خێڵەکەی، یاخود ئاغایەک کە ئیمتیازی زۆری پێ نەدراوە لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە. شۆڕشی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی مستەفا بێ کەموکوڕی نەبوو، بەڵام نموونەیەکی بێ هاوتا بوو، پەروەردەکاری هەموو نەوەیەک لە سیاسەتمەداران بوو کە دوایی دەبنە سەرکردەی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان لە باشوور و تەنانەت لە بەشەکانی تری کوردستانیش. لە هەناوی ئەم شۆڕشەدا چەندین حزبی دیکە سەرهەڵدەدەن، کە دواتر بە باش یان بە خراپ لە پێناوی ئازادی کوردستان تێدەکۆشن.

دەکرێ و پێویستە ڕەخنەی بابەتی و بونیادگەرانە لە شۆڕش و سەرکردایەتی بگرین، بەڵام ناکرێ بە لاساری و بێ ویژدانانە بکەوینە پێداهەڵدانی و دوژمنئاسا بە زمانێکی هەراش و ڕقهەڵگر تۆمەتی درۆیینی پێدا هەڵبەستین، وەک ئەوەی هەندێ لە سیاسەتمەدارانی کینەباز لە کتێبە قەبەکانیان کۆتایی شۆڕش بە ئاشبەتاڵ ناودەبەن، بێ ئەوەی بتوانن ڕق و قینیان وەلا بنێن و باس لە هەلومەرجە سەختەکانی ئەو سەردەمە و گەلەکۆمێی نامرۆڤانەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بکەن لەدژی کورد، باس لەوە بکەن کە چۆن سەدام تکریتی لە لایەن وڵاتانی زلهێزی جیهانی و ناوچەییەوە دەستی واڵا دەکرێت بە ئارەزووی خۆی چی دەیەوێت بەرانبەر گەلی کورد بیکات. کاتێک کە جیهان هەموو دەرچەیەک دەگرێت بۆ ناردنی چەک، ئاخۆ پێشمەرگەی کوردستان چۆن و بە چی بەرەنگاری هێزێکی چەکدارکراو بە پێشکەوتووترین چەکی ڕوسی و ئەمریکایی و ئەڵمانی و هۆڵەندی و بەرازیلی و ئەرجەنتینی و ئیسپانی و پاکستانی و هتد، بێتەوە؟ چۆن بەرەنگاری بۆمبی ناپاڵم و بۆمبی فۆسفۆری ببێتەوە؟ چ عەقڵێک بە چاکی دەزانێت

کوردستان زێتر بخرێتە مەترسییەوە لەوەی هەیە؟ لەوەی کە حکومەتی بەعس وەکو گورگی برسی ددانەکانی تیژ دەکردەوە بەرانبەر میللەتێکی بێ کەس و بێ دیفاع و پشت شکاو؟ بەڵێ سەرکردایەتی شۆڕش دوای ئەو خەنجەرەی لە پشتی درا دەبوایە بڕیارێک بدا، ئایا بەردەوام بێت لە شەڕێک کە ئەنجامەکەی دۆڕانە یان وازهێنان بۆ ماوەیەکی کاتی، تا ئەو کاتەی دەرفەتێکی دیکە بۆ ئەو گەلە دێتە پێشەوە؟

دەکرێت ئەو پرسە بە چاکی ڤەکۆڵینی بۆ بکرێت و خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بۆئەوەی واقیعیانە ڕاستی و چەوتی بڕیاری وەستاندنی شەڕ هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، نەک بە بیری تەسک و کۆنە قینەوە قسەی ڕۆژنامەوانی و پۆپولیستی لەسەر بکرێت. لە هەمان کاتدا ئەوەش بخرێتە واری لێکۆڵینەوە کە ئایا دەستپێکردنەوەی خەباتی سەربازی پێشمەرگایەتی لە دوای هەرەسهێنانی شۆڕش، واتا دوای ساڵی ١٩٧٥ تاوەکو ڕاپەڕینی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١، هیچ سودێکی ڕاستەقینەی بە میللەتی کورد لە باشوور گەیاند؟ یان هەر بە ڕاستی برینەکانی کوردستانی قوڵتر کردەوە؟ یان ڕاستەوخۆ بووە هۆی ئەوەی سەدامی وەحشیگەر، ئەنفالی کوردستان بکات و کیمیایی و ژەهر بڕژێنێت بەسەر زێتر لە ١٥٠ گوند و دێهات کە لە هەمووشیان گەورەتر هەڵەبجە بوو؟ دەڵێن یەکێک لە سەرکردەکان ئەوساکە گوتوویەتی ئەگەر دوو سێ هەڵەبجەی دیکە لە کوردستان ئەنجام بدرایە ئێستا کێشەکەمان لە جیهان دەنگی دەدایەوە! هەر بەڕاست چ سەرکردەیەک ئەوها لە میللەتی خۆی دەڕوانێت؟ مەگەر خەباتی نەتەوەیی بۆ ئەوە نییە کە نەهێڵرێت خوێنی زۆرتری هاونەتەوەکە بڕژێت؟! دەبێت لە هەموو ئان و زەمانێک نموونە بە تورکەکان بهێنینەوە، ئەوان کاتێک کە چارەنووسیان لە لێژی دابێت، ڕاستەوخۆ پەنایان بۆ کۆیلایەتی بردووە بۆ نەتەوەی سەردەست، بۆئەوەی خۆیان قوتار بکەن لە دەست کۆمەڵکوژی و لەناوچوون! تورکەکان هەرگیز لێنەگەڕاون هەستی نەتەوەییان بپوکێتەوە، بەڵام هەردەم زیرەکانەش توانیویانە لەگەڵ بارودۆخی سەردەمەکان خۆیان بگونجێنن، لەناو نەتەوەکان خۆیان بشێێنن و ببن بە ژێردەستە بەڵام هۆشیار، تا ئەو ساتەی کە سەردەمێکی نوێ و ژینگەیەکی سیاسی لەبار دێتە کایەوە، بۆئەوەی سەرلەنوێ خەباتی سیاسی و سەربازی کە ئەگەری سەرکەوتنی مسۆگەر بێت، دەست پێبکەنەوە.

## دوای نسکۆی شۆڕش - سەردەمی قوڵبوونەوەی ناکۆکی ناوخۆیی

ناپاکی وڵاتان بەشێوەیەک کاری نەرێنی کردە سەر خەباتی چەند ساڵەی کوردستان، کە لە سەرکردایەتییەوە تا دەگاتە پێشمەرگەکان و خەڵکی ئاسایی کوردستانیش، تووشی شڵەژانی دەروونی و سەرلێشیواوی بوون. سەرکردایەتی شۆڕش و هەزاران پێشمەرگە و خانەوادەکانیان لە وڵاتی ئێران لە دۆخێکی واق وڕمان دابوون، بێ ئومێدی سەرتاپای هەمووانی داگیرکردبوو. بە دوای ئەوە بوون بەخۆبێنەوە و دووبارە توانا و هەستی بەرگری کردن لە خاک و نیشتمان ڕایانچڵەکێنێتەوە. سەرکردایەتیش پێویستی بە کات هەبوو تاوەکو جڵەوی دەروونی بگرێتەوە دەست و مەعنەویاتی پێشمەرگەکانی بگەڕێنێتەوە دۆخی جارانی.

ئەم دۆخە جۆرێک لە پەرتوبڵاوی لە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگە دروستکرد، بەشێوەیەک هەندێک بەرگەی شکستیان نەگرت و خێرا بڕیاری دووبارە چەکهەڵگرتنیان دا. کەسایەتیە گرنگەکانی شۆڕش پەرت بوون، بەشێکیان گەڕانەوە کوردستان، بەشێکیان بەرەو وڵاتانی دراوسێ و هەندێکیش بۆ ئەوروپا سەری خۆیان هەڵگرت. لە گرنگترین ڕووداوەکانی دوای هەرەسهێنانی شۆڕش، دامەزراندنی چەند حزبێکی نوێی سیاسی بوو لە کوردستان، لە هەموویان گرنگتر یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لە وڵاتی سوریا لە لایەن جەلال تاڵەبانییەوە. ناوبراو توانی ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە و کەسایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕش بۆ خۆی کێش بکات. تاڵەبانی پێشتر توانیبووی لەگەڵ حافز ئەسەدی سەرۆکی سوریا کە خۆی بە دوژمنی سەدام دەزانی، ڕێکبکەوێت. جگە لەوەش توانی مانگانە بڕە پارەیەکی باش بەدەست بهێنێت لە وڵاتی لیبیاوە، ئەوەش بە بڕیاری خودی موعەمەر قەزافی کە مانگانە بڕی ٥٠ هەزار دیناری لیبی دەنارد، ئەوەش بڕە پارەیەکی زۆر بوو.

جێی داخە کە دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەبێتە هۆی هەراشبوونی دژبەرێتی و کڵۆڵی ناوخۆیی، لە بری ئەوەی ببێتە فاکتەری هێز و فرەجەمسەربوونی بیروڕای سیاسی. یەکێتی نیشتمانی کوردستان بریتی بوو لە کەڵکەڵەبوون و ئاوێتە بوونی دوو ڕێکخراو یان نیمچە حزبی وەکو: کۆمەڵەی ڕەنجدەران و بزووتنەوەی

سۆشیالیستی کوردستان. کۆمەڵەی ڕەنجدەران ڕەوتێکی لینینی مارکسی بوو لەژێر سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا بە نهێنی کاری دەکرد. بزووتنەوەی سۆشیالیستیش سەر بە عەلی عەسکەری، فەرماندەیەکی دیاری هێزەکانی پێشمەرگە بوو لە شۆڕشی ئەیلوول و دۆستی نزیکی جەلال تاڵەبانی بوو.

جەلال تاڵەبانی لە یادەوەرییەکانی دەڵێت ئێمە هەرگیز لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان دانەمەزراوین، بگرە بارزانی مستەفا بە ڕێبەر و سەرکردەی نەتەوەیی گەلی کورد دەزانین. تاڵەبانی دەڵێت: لەو ڕوانگەیەوە سەیری یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەم کە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە من خۆم ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووم لەو حزبە لە ماوەی نێوان ١٩٤٧ تاوەکو ١٩٧٥. ئەگەر پتر بکۆڵینەوە، دەبینین خواستە سیاسییەکانی یەکێتی نیشتمانی لە پرسی نەتەوەی کورد، هەمان خواستی پێشووی شۆڕشی ئەیلوول و مستەفا بارزانییە. گرنگترین دروشمی یەکێتی نیشتمانی لە بەرنامەکەی بریتی بوو لە: دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان، بە واتای کارکردن بۆ ئازادی کوردستان شان بەشانی دۆستانی عەرەبی عێراقی بۆ ئازادکردنی وڵاتەکەیان لە ستەمی دیکتاتۆری تاکڕەوی[1]. لە کتێبی دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، نەوشیروان مستەفاش قسەیەکی نزیک لەوە دەکات، بەڵام ڕووداوەکانی دواتری کوردستان ئەوەمان پیشان دەدەن، کە ڕکی لەمێژینەی لایەنەکان باڵ دەکێشێت بەسەر خەباتی چەکداری، بەمەش ئەو خەباتەی کە لە ساڵی ١٩٧٥ەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ١٩٨٧ پڕ دەبێت لە براکوژی و دژکاری کردنی یەکتر و سەنگەر لێک گرتن. هەر بۆیە ئەگەر سەیری ڕۆژژمێری ئەو ماوەیەی خەباتی پێشمەرگەی کوردستان بکەین، دەبینین ئەوەندەی زیانی هێنا سودێکی ئەوتۆی بە کورد نەگەیاند، هەموو ئەوەش بەهۆی ناتەبایی و نەبوونی پلان و بەرنامەیەکی ژیرانە بوو بۆ پرسەکە. لە ساڵی ١٩٨٧ هەردوو حزب، واتە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پەیمانێک دەدەن لەژێر یەک چەتر کۆببنەوە و بەرەی کوردستانی پێک بهێنن، هێزی

---

(١) مەعد فەیاز، بەشێک لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال، وەرگێڕانی سۆران عومەر، لا ٢٠٠-٢٢٠.
الطقوش، تأريخ الأكراد، ص٢٦٨-٢٦٩.

پێشـمەرگە یەکبخـەن[1]، جگـە لەوانیـش حزبەکانـی دیکـەی کوردسـتانیش چوونـە نـاو بەرەکـەوە. ئـەو یەکگرتنـە خزمەتێکـی زۆری دۆخـی چارەنوسسـازی کوردسـتانی کـرد.

دەبـوو زووتـر پـەی ببرێـت بـەوە کـە سـەدام بەربەرییـە، نەفتـی هەیـە، تەکنۆلۆژیـای پێشـکەوتووی سـەربازی بەدەسـتهێناوە، دەبـوو بزانرێـت میتـۆدی کۆنـی ڕووبەڕووبوونـەوە بـاوی نەمـاوە. ئەوەتـا دەبینیـن چـۆن لـەو ماوەیـەدا بەغـدای بەعسـی بەربـەری وەکـو سـەگە هـارە بەردەبێتـە گیانـی کوردانـی بەشـمەینەت. بـە تایبەتـی دوای هەڵگیرسـانی جەنگـی عێـراق و ئێـران، دەکـرا حزبەکانـی کوردسـتان زیرەکانەتـر دۆخەکەیـان تاوتـوێ بکردایـە، کـە بەشـێوەیەک لـە شـێوەکان ڕێگـری بـکات لـە بەرپاکردنـی ئۆپەڕاسـیۆنی ئەنفـال و کیمیابـاران و قڕکردنـی گەلێـک بـە تـەواوی. هەرچۆنێـک بێـت، پرسـی خەباتـی سـاڵانی ١٩٧٥-١٩٩١ واتـە شـازدە سـاڵ خەباتـی چەکـداری هێزەکانـی پێشـمەرگەی کوردسـتان بـە هەمـوو حزبەکانـەوە، پێویسـتە بخرێتـە بـەر بـاس و لێکۆڵینـەوە، چونکـە هەمـوو سـەردەمێکی مێـژوو گرنگـی خـۆی هەیـە و درەنـگ یـان زوو دەبێـت بخرێنـە بـەر تـەرازووی ڤەکۆڵیـن و بخرێنـە بـەردەم گـەل بـۆ هەڵسـەنگاندنی، تاوەکـو سـود وەربگیرێـت لـە هەڵـە کوشـندەکان و دووبـارە نەکردنەوەیـان.

---

(١) الطقوش، ص٢٧٠-٢٧١.

## کۆچی دوایی ڕێبەری شۆڕش مستەفا بارزانی

لە مانگەکانی کۆتایی شۆڕش، مستەفا بارزانی چەند نیشانەیەکی نەخۆشی لە جەستەیدا پەیدا دەبن. نسکۆی شۆڕش دەرکەوتنی نیشانە ترسناکەکانی نەخۆشییەکەی خێراتر کرد. لەوێ سەردانی پزیشک لە تاران دەکات، بەڵام ئەنجامی پشکنینەکانی نازانرێت، چونکە بارزانی ڕەتی کردەوە کە پزیشکانی ئێرانی پشکنینی بۆ بکەن. ئەو کاتە دکتۆر مەحمود عوسمانیش وەکو پزیشکی تایبەتی بارزانی، یاوەری دەبێت. پاش هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر، ئەنجا بڕیار دەدرێت بەرەو ئەمریکا بنێردرێت بۆ پشکنین و چارەسەری. لەوێ دەرکەوت کە تووشی شێرپەنجەی سییەکان بووە. دوای پێدانی دەرمانی کیمیۆتێراپی، دۆخی بارزانی بەشێوەیەکی خێرا بەرەو باش بوون دەچێت. لەوێ چەندین کەسایەتی گرنگ دێنە سەردانی بارزانی، لەوانە جۆرج سیسکۆ، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا "هێنری کیسینجەر". بارزانی حەز دەکات لە یەکێک لە وڵاتانی ئەوڕوپا بەردەوامی بە چارەسەرییەکانی بدرێت، حەزی بە مانەوەی لە ئەمریکا نەدەکرد، بەهۆی ئەو ناپاکییەی کە لە ڕێککەوتننامەی جەزائیر لێی کرا و ئەمریکاش پشکی سەرەکی تێدا هەبوو. بەڵام هیچ وڵاتێکی ئەوڕوپی ئامادەی وەرگرتنی بارزانی نەبوو، نەبادا حکومەتی ئێرانی و عێراقی لەخۆیان زویر بکەن. بۆیە لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٥ گەڕایەوە ئێران. شکستی شۆڕش و بارودۆخی ناهەمواری گەلی ستەملێکراوی کورد کاریگەری زۆر نێگەتیڤیان لەسەر بارزانی هەبوو. ئێران دەستوپای شۆڕشی کوردی بەست، عێراق و ئەمریکا ئاماژەی خۆشەویستییان بۆ یەکتر لێدەدا، ئەمانە و کۆچی دوایی کردنی شێخ بابۆی برای، کاریگەری خراپیان لەسەر تەندروستی بارزانی دروست کرد. هەستێکی بێ وێنە و ناخۆشە، کاتێک دەستەوەستان ناتوانی شتێک بکەی بۆ ڕزگارکردنی میللەتەکەت، لە کاتێکدا هەمووان چاویان لە دەستی تۆیە[1].

دووبارە دۆخی تەندروستی بەرەو تێکچوون دەچێتەوە، بۆ جارێکی تر هەوڵ دەدرێت گەشتێک بۆ ئەمریکا بکرێت، بەڵام دەزگای ساڤاکی ئێرانی و ئەمریکییەکان لەمپەریان دروست دەکرد. دواتر لە ڕێگەی محەمەد سەعید دۆسکی کە لە ئەمریکا

---

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، جزء الثالث، ص ٤٠٢-٤١٨.

بـوو پەیوەنـدی کـرا بـە پزیشـکەکەی بارزانـی بۆئـەوەی ڕاپۆرتێـک لەسـەر تەندروسـتی بارزانـی ئامـادە بـکات، لەوەشـەوە پەیوەنـدی کـرا بـە سـەرۆکی کۆمیتـەی کرێکارانـی ئەمریکا جـۆرج مینـی و هـەردوو سـیناتۆر هێـنری جاکسـۆن و دیـک سـتۆن، هەروەهـا ڕۆژنامەنوسـانی هاوسـۆزی کـورد وەکـو "ولیـەم سـاڤایر". ئەوانەش فشـاریان خسـتە سـەر وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا و هەڕەشـەی بڵاوکردنـەوەی ناپاکییەکانـی بەرپرسـانی ئەمریکایـان کـرد لـە کـورد و شۆڕشـەکەی. ئەوەبـوو ڕێگـە درا جارێکـی تـر لـە مانگـی حوزەیرانـی ١٩٧٦ بارزانـی گەشـت بـکات بـۆ ئەمریـکا بـە یـاوەری هەریـەک لـە مەسـعود بارزانـی، محەمـەد سـەعید دۆسـکی، موحسـین دزەیـی، دکتـۆر نەجمەدیـن کەریـم، هەروەهـا ئەفسـەرێکی ساڤاکی ئێـران بەنـاوی جەمـال موبینـی. مەرجـی ڕێپێـدان بـۆ گەشـتەکەی بارزانـی ئەوەبـوو، لێـدوان بـۆ هیـچ لایەنێکـی سیاسـی و ڕۆژنامەوانـی نـەدات[١].

تەندروسـتی بارزانـی دیسـان بـەرەو باشـتر چـوو. دەزگای سـیخوڕی سـاڤاکی ئێـران و "CIA" ڕێککەوتـن لەسـەر ئـەوەی دەبێـت بارزانـی بگەڕێتـەوە ئێـران. بەڵام خێـرا نامەیەک بـۆ سـەرۆکی کۆمـاری ئەمریـکا نـوسرا، ئـەوەش وایکـرد ڕێگە بـە بارزانـی بدرێـت بمێنێتەوە. نامەیـەک لە شـای ئێرانەوە نێـردرا بۆ باڵوێزخانەی وڵاتەکەی و تێیدا پێداگری دەکات لەسـەر گەڕانـەوەی بارزانـی و پەیـمان دەدات کـە هـەر کاتێـک پێویسـتی بـە چارەسـەر بـوو، هیـچ بەربەسـتێک دروسـت نەکرێـت لەبـەر دەمـی و هـەر کاتێـک بخوازێـت دەتوانێـت گەشـت بکاتـەوە بـۆ ئەمریـکا. دوای پێگەیاندنی نامەی شـا بە مستەفا بارزانی، ئەفسـەری ساڤاک جەمـال موبینـی بـە توڕەیـی و شـپرزەییەوە لـە ژورەکەی بارزانـی هاتە دەرەوە، لـەو کاتەش مەسـعود بارزانـی چـاوی پێدەکەوێـت و لێـی دەپرسـێت، چـی ڕوویـداوە؟ جەمـال موبینـی دەڵێـت: باوکتـان جنێـوی بـە خاوەن شکـۆ دا. ئەویش چـووە ژورەوە بـۆ لای بارزانی باوکی، تاوەکـو ڕاسـتی ئـەو ڕووداوە بزانێـت، چونکە جنێـودان لە ڕەفتـاری باوکیدا نییـە. لە وەڵامدا مسـتەفا بارزانـی گوتـی: نـە جنێوم بە کـەس داوە و نە سوکایەتیشـم بە کەس کـردووە، تەنها هەڵوێسـتم لەسـەر نامەکـەی شـا وەرگـرت و گوتم: خاوەن شـکۆ ڕاسـت نـاکات![٢]

---

(١) سەرچاوەی پێشوو.
(٢) هەمان سەرچاوە.

لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٩٧٧ تەندروستی بارزانی بەرەو چاکبوونەوەی خێرا چوو. چیدی پێویستی بە وەرگرتنی چارەسەری نەما. لەو کاتەش دۆخی ئابووری و سیاسی ئێران بەرەو تێکچوون ڕەوی دەکرد. ڕوحوڵلا خومێنی لە پاریسەوە ڕێبەریّتی جووڵانەوەیەکی گەورەی دەکرد لە ئێران، کە دواتر گۆڕا بۆ شۆڕشێکی سەرتاسەری. خەڵکی ئێران تەواو وەڕس ببوون لە سیاسەتی محەمەد ڕەزا شا. گەندەڵی و شوێنکەوتەیی ڕەزاشا بۆ ئەمریکا لە دیارترین هۆکارەکانی توڕەیی خەڵک بوون. چەرخی زەمەن گۆڕا، خەڵکی ئێران داوای ملپەڕاندنی شا-یان دەکرد. بارزانی بەچاوی خۆی بینی، وەک چۆن چارەگە سەدەیەک زووتر، محەمەد ڕەزاشا بارزانییەکانی دەربەدەر کرد و بەوپەڕی بێ ویژدانییەوە کۆماری کوردستانی ئاگرتێبەردا. ئەمڕۆ ئێرانییەکان شایان دەرپەڕاند و حکومەتەکەیان ڕووخاند. شا بە شێوەیەکی شەرمەزارانە ئێرانی بەرەو قاهیرە بەجێ هێشت و هەر لەوێش لە مانگی یۆنیۆ/حوزەیرانی ١٩٨٠ لە تاراوگە مرد.

لە کانونی دووەمی ١٩٧٩ تیمێکی تیرۆریستی عێراقی بە سەرۆکایەتی بەرزان تکریتی لە شاری ڤیەننا هەوڵی تیرۆرکردنی مەسعود بارزانی دەدەن، بەڵام بەختیارانە ڕزگاری دەبێت. دیاربوو سەدام بڕیاری دابوو بە هەر چۆنێک و نرخێک بێت، پاکتاوی سەرانی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بکات. ئەوە شتێکی ئاساییە بۆ مرۆڤێکی دڕندە کە بڕوای بە مافی گەلی کورد نەبێت، بگرە پێی وا بێت کوردەکان لەو عێراقە بەریتانییە میوانن و لە شوێنێکی دیکەوە هاتوون. سەدامێک کە هیچ بەهایەکی ئەخلاقی ئاسمانی و زەمینی تێدا نەبوو، خەنجەر لە پشتدان ببووە ئەدگاری ڕۆژانەی.

لەو ساتەوەختە پڕ لە نەهامەتی و پیلانگێڕییەدا ڕەوشی تەندروستی مستەفا بارزانی دیسان بەرەو خراپتر ڕۆیشت. لە ١ی ئاداری ١٩٧٩ بارزانی گەڕایەوە بەر بارەگای خودا، پاش تەمەنێکی پڕ شکۆمەندی خەبات و تێکۆشان و دروستکردنی گیانی کوردایەتی بە جەستەی هەموو کوردێکی باشوور. شایانی گوتنە کاربەدەستانی فەڵەستین و کۆماری ئیسلامی هاوکاربوون لە هێنانەوەی تەرمی بارزانی و لە تەنیشت شێخ بابۆی برای لە شاری شنۆ بەخاکی کوردستان سپێردرا.

ڕێوڕەسمی ناشتنی ڕابەری کورد مستەفا بارزانی لە خەیاڵی مەردوم بەدەرە، نەک تەنێ لەبەر ئەوەی دەیان هەزار کەس کۆبوونەتەوە لە دەوری، بەڵکو ئەو هەستە خەمناکەی کە هەموو کوردی داگرتووە، کوڕانی میللەتێک بێ باوک مانەوە، پێشمەرگەکان بەبێ ڕابەر و سەرکردەیان نازانن ڕوو لە کوێ بکەن. گونتەر دێشنەر دەڵێت: جەماوەری ماتەمگێڕ تەنها بۆ ئەوە لەوێ نەبوون کە بۆ دواجار نیگای سەرکردەکەیان بکەن، بەڵکو ئەوانماڵئاوایی لە گرنگترین کەسایەتی سیاسی و سەربازی بە درێژایی مێژوو لەوەتای سەلاحەددینی ئەیوبییەوە، دەکەن. ئەوە ماڵئاوایی بوو لە ڕەوتێکی نەتەوەیی کە بارزانی گەڵاڵەی کردبوو، کە بارزانی گیانی بە بەردا کردبوو، ماڵئاوایی بوو لە یەکخەری کوردان و ڕزگارکەری کوردستان. بارزانی بوو وایکرد، چەپ و ڕاست، سۆشیالیست و فیوداڵ، دەرەبەگ و گەدا، جوتیار و دەوڵەمەند، جیاوازەکانیان وەلا بنێن و ئامانجی سەرەکییان بکەنە ڕزگارکردنی کوردستان. بارزانی توانیبووی ئەو هەموو ناکۆکی و دووبەرەکییە لەناو ببات و بتەنێ دروشمی "ئازادی بۆ کوردستان" بکاتە ڕێبەرێك کە هەموو لە سەری کۆک بن[1].

(١) گونتەر دێشنەر، کورد، گەلی لەخشتەبرا، ل٣٣٧.

# بەشی هەفتەم
# گێـهـێـنـنـا – دۆزەخـی کـورد - پاکتـاوی نـەژادی دژی گەلـی کـورد

## جینۆساید - پاکتاوی ڕەگەزی چیە؟

لە ڕووی ئێتیمۆلۆگییەوە[(١)] چەمکی جینۆساید لە دوو بڕگەی گریکی پێکدێت، کە ئەوانەن: نەژاد Genos و پاکتاوکردن یان کوشتن Caedo. ئەم چەمکە بۆ یەکەمجار لە لایەن یاساناسی پۆڵەندی "ڕافائیل لێمکین" لە پەرتوکی "دەسەڵاتی وڵاتانی ناوەند (چەق) لە ئەوروپای داگیرکراودا" بەکارهات کە لە ساڵی ١٩٤٤ لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەچاپی داوە[(٢)]. دروستترین دەربڕینیش لە زمانی کوردی بۆ چەمکی جینۆساید بریتیە لە "پاکتاوی نەژادی" یان "پاکتاوی ڕەگەزی". چەمکی "کۆمەڵکوژی" لە زۆر زمان لەجێی "پاکتاوی ڕەگەزی - جینۆساید" بەکاردێت، لەوانە لە زمانی عەرەبی "الإبادە الجماعیە" و لە زمانی پۆڵەندی "Ludobójstwo"، لە زمانی ئەڵمانی "Völkermord". "ڕافائێل لێمکین" لە پەرتوکەکەیدا باس لە چۆنییەتی جێبەجێکردنی سیاسەتی نازیەکان لە ئەوروپای داگیرکراو و بەکۆمەڵکوشتنی نەتەوەکان دەکات. هەر لە چوارچێوەی پەرتوکەکەی، دوای خستنەڕووی بابەتی "کوشتنی تەلعەت پاشا" ئەندازیاری جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە لایەن چالاکوانی ئەرمەنی "سۆغۆمۆن تێهلیریان"، لێمکین پرسیار لە پرۆفیسۆرەکەی دەکات، کە بۆچی یاسایەک نەبوو تاوەکو بتوانرێت لەژێر سێبەریدا "تەلعەت پاشا" تۆمەتبار بکرێت و ڕاپێچی دادگا بکرێت؟ دواتر لێمکین ئاماژە دەدات و دەڵێت: من وەکو یاساناسێک بە دروستی دەزانم کە تاوانبار لە لایەن خودی قوربانییەوە سزا نەدرێت، بەڵکو پێویستە لە لایەن دادگاوە سزا بدرێت.

هەرچەندە چەمکی جینۆساید یان "پاکتاوی نەژادی" لە کاتی تۆمەتبارکردنی سەرکردەکانی ئەڵمانیای نازی لە دادگای نۆرینبێرگ بەکارهات، بەڵام هێشتا لە کارتەکانی دادگای سەربازیی نێودەوڵەتی لە نۆرینبێرگ وەکو چەمکێکی یاسایی بەرجەستە نەببوو، لەجێی ئەوە دەستەواژەی "تاوانی دژە مرۆڤایەتی" بوونی هەبوو. چەمکی پاکتاوی ڕەگەزی دواتر لە میانەی کۆنگرەی "ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی بەرپێگرتن (ڕێ لێگرتن)ی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و سزادانی تاوانباران"

---

(١) ئێتیمۆلۆگیا: زانستێکە لە ڕەگوڕیشەی ووشەکان دەکۆڵێتەوە.

(2) Raphael Lemkin, Axis Rule in Occupied Europe, 1944.

لـە ٩ی دیسـێمبەری ١٩٤٨ لـە سـەر بنەمـای پـڕۆژە یاسـایەک جێگیرکـرا کـە یاساناسـی پۆڵەنـدی "ڕافائێـل لێمکیـن" یەکێـک بـوو لـە دانەرانـی.

پاکتـاوی نەژادیـی: بریتیـە لـە لەناوبردنـی بەشـێک یـان گشـت ئەندامانـی گروپێکـی ئیـتنـی یـان ئایینـی، یانیـش لەناوبردنـی بەشـێک یـان گشـت ئەندامانـی نەتەوەیـەک یـان گەلێـک، یـان ئازاردانیـان، دروسـتکردنی کەشـێکی خـراپ و مەترسـیدار لەسـەر ژیانیـان، بەکارهێنانـی هـەر ئامرازێـک بـۆ کەمکردنـەوەی ژمارەیـان، دابڕاندنیـان لـە یەکـتر و لێسـەندنەوەی منـداڵان لێیـان[١].

ڕافائێـل لێمکیـن چەنـد جۆرێـك لـە تەکنیکـی جینۆسـاید دەخاتـەڕوو، کـە لـە لایـەن دەسـەڵات یـان حکومەتـی جینۆسـایدکار دژی نەتەوەیـەک دەگیرێنەبـەر، کـە ئەمانـەن:

**یەکـەم/** تەکنیکـی سیاسـی: ئـەم جـۆرە تەکنیکـەی حکومەتـی جینۆسـایدکار ئامانجـی ئەوەیـە نەتـەوەی داگیرکـراو لێـک جیـا بکاتـەوە بـۆ دوو یـان چەنـد چینێـک لـە پێنـاو هەڵتەکاندنـی پەیوەنـدی نێـوان تاکـەکان و دابڕودۆبڕکردنیـان لـە سـەر زۆر ئاسـتی جیـاواز، تیژکردنـەوەی چینێـک دژی چینێکـی دیکـە و گرنگیـدان بـە لایەنێـک دژی لایەنێکـی دیکـە، ئامانجیـش لـە کۆتاییـدا هـەر یـەک ئامانجـە، ئەویـش پـەرت کـردن و دواتریـش لەنـاو بردنـی هەمـوو بیرۆکەیەکـی یەکگرتنـی سیاسـییە لـە نێـوان تاکەکانـی ئـەم نەتەوەیـە. بـەم شـێوەیە پاکتاوکردنیـان ئاسـان دەبێـت. (هـەروەک بـە درێژایـی تەمەنـی عێـراق، حکومەتـە یـەک لـەدوای یەکـەکان لـە بەرانبـەر گەلـی کـورد دەیکـەن).

**دووەم/** تەکنیکـی کۆمەڵایەتـی: دەوڵەتـی جینۆسـایدکار چینـی بەتوانـای کۆمەڵایەتـی (ئێلیـت – نوخبـە) بـە ئامانـج دەگرێـت، چونکـە لـەم چینـەدا کەسـایەتی سیاسـی هەڵکەوتـوو و ڕابەرانـی نەتەوەیـی دروسـت دەبـن. (هـەروەک چـۆن حکومەتـی ئێرانـی و تورکـی بـە درێژایـی مێـژووی سـەت ساڵەیان بـە هەمـوو شـێوەیەک کەسـایەتی بەتوانـا و سەرڕاسـتی گەلـی کوردیـان تیرۆرکـردووە. حکومەتـی بەغـداش دەیـان هەوڵـی لـەم جـۆرەی داوە بـەڵام لـە هەموویـان سـەرکەوتوو نەبـووە).

(١) توێـژەر «ئـاوارە حوسـێن» لـە پەرتوکـی «جینۆسـاید و ڕاگەیاندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆ» چەنـد ئاماژەیەکـی بـە پرسـی جینۆسـاید داوە.

**سـێهەم/** تەکنیکـی کولتـوری: ڕەشـکردنەوەی هەمـوو هێمایـەک و سـیمبولێکی نەتەوەیـە لـە لایـەن دەسـەڵاتی جینۆسـایدکار. نموونـەی زەق لـە باشـووری کوردسـتان، قەدەغەکردنـی بەکارهێنانـی وشـەی "کوردسـتان" و دانانـی دەسـتەواژەی شـیمالی عێـراق لـە جێگەیـدا، هەروەهـا گۆڕینـی نـاوی هەمـوو ئـەو گونـد و دێهاتانـەی کـە حکومەتـی داگیـرکاری بەغـدا تەعریبـی دەکـردن. تەنانـەت شـوێنە دوردەسـتەکانیش، هـەروەک دوای هەرەسـهێنانی شۆڕشـی کوردسـتان، بەغـدا نـاوی حاجـی ئۆمەرانـی گـۆڕی بـە "ئەلنـەسر"، نـاوی خانەقینـی کـردە "ئەلعروبـە" و سـەدانی دیکـەش. لـە تورکیـاش هەمـوو شـتێکی کـوردی قەدەغـە و حەڕامـە. لەوەتـای ئەتاتـورک دەوڵەتـی نوێـی تورکیـای دروسـتکردووە نـاوی کوردسـتان و زمانـی کـوردی قەدەغـە کـراوە، نـاوی شـارەکان گـۆڕاوە، لـە ڕێگـەی پـەروەردەوە کوردبـوون کراوەتـە سیمبولی نەنگـی و خراپـە و هتـد. گۆڕینی ناوی دەرسیم بـۆ تونجەلـی دوای ئەنجامدانـی کۆمەڵکـوژی کوردانـی زازا یەکێکـە لـە نموونـەکان.

**چـوارەم/** تەکنیکـی ئایینـی: گۆڕیـن یـان ڕەشـکردنەوەی بـاوەڕی ئایینـی نەتـەوەی داگیرکـراو. سـەپاندنی بیروڕایەکـی ئایینـی بەسـەر گروپێکـی ئیتنـی.

**پێنجـەم/** تەکنیکـی مۆڕالی: سـوکایەتی پێکـردن و بەکەمزانینی نەتەوەیـەک، ڕەفتارکردن لەگەڵـی وەکـو جۆرێـک لـە ئـاژەڵ. زۆرلێکـردن لـە ئەندامانـی نەتـەوە بـۆ کردنـی کاری بەدڕەوشـتی و ناچارکردنیـان بـۆ سـوکایەتی کـردن بـە پیرۆزییەکانـی نەتەوەکـەی خۆیـان. (لـە یەکەمیـن کاری بەعـس لـە شـاری سلێمانی لـە سـەرەتای سـاڵی هەفتـاکان، زۆرکـردن لـە کەسـانێک کـە سـوکایەتی بـە سـەرکردەی شـۆڕش بکـەن، بـەڵام ڕەتیـان کـردەوە ئـەو کارە بکـەن، لەبـەر ئـەوە هەموویـان گولـلەباران کـران). لـە زیندانەکانی عێراق بـەزۆرداری کچانـی کوردیـان ناچـار دەکـرد بـە کردنـی کاری بەدڕەوشـتی لـە ڕێگـەی پێدانـی دەرمانـی هۆشـبەر و بەرزکـەرەوەی حـەزی سێکسـی، ئەنجـا وێنەگرتنیـان و پیشـاندانیان وەکـو مرۆڤـی بەدڕەوشـت، تاوەکـو پیاوانـی ئایینـی فتـوا دژی کـورد بـدەن.

**شەشـەم/** تەکنیکـی ئابـووری: ئـەم تەکنیکـە ئامانجییەتـی ژێرخانـی ئابـووری گەلـی داگیرکـراو لـە بنوگۆپکـەوە دەربهێنێـت. داگیـرکاری و بەعەرەبکردن و سـوتاندنی کوردسـتان هـەر لـە سـەردەمی دروسـتبوونی عێراقـەوە، لـە سـەردەمی پاشـایەتییەوە تـا دەگاتـە

حکومەتەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، گەواهی ئەو ڕاستیەن.

**هەفتەم/** تەکنیکی بیۆلۆجی: سیاسەتی کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی گەلی داگیرکراوە بە هەر جۆرێک بێت، ڕێگری کردن لە منداڵ بوون، بڕینی داوودەرمان و تێکدانی کەرتی تەندروستی و ئابلۆقەی ئابووری و دارایی و هتد. نموونەی ئەوەش، بۆمباران کردنی هەموو وێژگێکی شارستانی و ئابووری کوردستان، لە ڕێگەی بۆمبارانکردن لە ئاسمانەوە لەپەلوپۆخستنی کەرتی تەندروستی و نەهێشتنی خزمەتگوزاری تەندروستی. لە کوردستان منداڵان بەهۆی نەبوونی نەخۆشخانە و نەبوونی خزمەتی تەندروستی گیانیان لەدەست دەدا، کەچی دەسەڵاتی جینۆسایدکاری بەغدا لە ناوەڕاست و باشووری عێراق بە پلەی یەکەم گرنگی بە کەرتی تەندروستی خەڵکی خۆی دەدا و کە ئەمەش بەشێوەیەکی سروشتی دەبووە هۆی ڕێگری کردن لە مردنی منداڵان و لەوەوەش زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی عەرەب.

**هەشتەم/** تەکنیکی فیزیکی: ئەوەیان دیارترین جۆری تەکنیکە، کە تیادا ئەندامانی نەتەوەی داگیرکراو ڕاستەوخۆ دەبنە قوربانی، لە ڕێگەی کوشتنی ڕاستەوخۆ و لەناوبردنی جەستەیی.

## قۆناغەکانی جینۆسایدکردن

لە چوارچێوەی توێژینەوەکان لەسەر چۆنییەتی ڕێگریکردن لە بەرپابوونی تاوانی دژە مرۆڤایەتی و جینۆساید، چەندین هەوڵی زانستی و یاسایی جۆراوجۆر خرانەڕوو، تاوەکو لە کۆتاییدا دکتۆر گریگۆری ستانتۆن لە ساڵی ١٩٩٦ پەڕاوێکی نمایش کرد بەناوی "هەشت قۆناغی جینۆساید". دواتر لە ساڵی ٢٠١٢ دوو خاڵی تریشی خستەسەر و بوون بە ١٠ قۆناغ.

پاکتاوی نەژادی - جینۆساید: پرۆسەیەکە بە ١٠ قۆناغ تێپەڕ دەبێت، قۆناغەکان مەرج نییە هەمووی یەک بەدوای یەک بێن، دەشێ هەمووی پێکەوە بێن، بەڵام پەیوەندییەکی لۆژیکی هەیە لە نێوانیان، واتا کە قۆناغێک دەست پێدەکات، ئەوا دوای ئەوە قۆناغێکی دیکە بەدوای خۆی دەهێنێت. پێویستە ئەوەش بگوترێت، هەر قۆناغێک پرۆسەیەکی سەربەخۆ و تەواوە. دەکرێ ڕاددەی هەر قۆناغێك بەرز و نزمی بەخۆیەوە ببینێت، بەگوێرەی ئەو دۆخەی کە دەسەڵاتی جینۆسایدکار دروستی دەکات. هەروەک بۆ نموونە لە کاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، حکومەتی عێراق لە ڕێگەی میدیاکانەوە کوردستانی بە ئیسرائیل ناوزەند دەکرد بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕق و کینەی ئاپۆڕەی عێراقی دژی خەڵکی کوردستان. لەو حاڵەتەدا لەتوانادا نییە کۆنترۆڵی ئاپۆڕەی خەڵك بکرێت، میللەتی ژێردەستە ساکارانە دەبێتە قوربانی بەکۆمەڵ. عێراقی نوێ لەتوانایدا نەبوو، ئەگەر نا وەکو ڕژێمی پێش خۆی هەمان تاوانەکانی دووبارە دەکردنەوە. ئەوەی لە توانایدا بوو بریتی بوو لە ئابلۆقەی ئابووری و داخستنی ڕێگەی ئاسمانی و زەمینی، برسیکردنی خەڵک و سوکایەتی و دەیانی دیکە، کە دەچنە چوارچێوەی قۆناغەکانی جینۆسایدکردن، هەروەک لە خوارەوە باسیان دەکەین.

خۆ ئەگەر بێت و نیشانەکانی جینۆساید کردن فەرامۆش بکرێن، ئەوا درەنگ یان زوو قۆناغی کۆمەڵکوژی-پاکتاوی نەژادیی لێ دێتەکایەوە. هەر بۆیە دەکرێ لە هەشت قۆناغەکانی سەرەتا ڕێگری بکرێت و ڕێ نەدرێت بگاتە قۆناغی لەناوبردنی جەستەیی.

**قۆناغەکانی جینۆساید ئەمانەن:**

**یەکـەم/** پۆلێـن کـردن: لـە یەکـەم قۆناغـدا دەسـەڵات یـان دەوڵەتـی جینۆسـایدکار دەسـت دەکات بـە پۆلێـن کردنـی خەڵـک بـۆ سـەر دوو چیـن: ئێمـە و ئـەوان. لـەو وڵاتانـەی کـە لـە دوو نەتـەوە یـان زێـتر پێکهاتـوون پۆلێـن کـردن بـە سـاکاری دەردەکەوێـت. هـەروەک لـە عێـراق و تورکیـا و ئێـران و سـوریا، نەتـەوەی عـەرەب و تـورک و فـارس دەبنـە دەسـەڵاتدار (بـە حوکمـی زۆرینـە) – کوردیـش پێکهاتەیەکـی داپڵۆسـێنراو (بەحوکمـی کەمینـە). یەکێـک لـە وێژگەکانـی پۆلێـن کـردن بـە نموونـە لـە وڵاتـی سـوریا، بریتـی بـوو لـە بێبـەش کردنـی کـورد لـە مافـی هاوڵاتیبـوون. لـە تورکیـا مافـی هاوڵاتیبـوون تەنهـا هاوڵاتیبوونـی تورکیـە. لـە عێـراق ڕژێـم مافـی هاوڵاتیبوونـی دابـوو بـە کـورد بـۆ پەردەپـۆش کردنـی کـرداره قێزەونەکانـی دیکـەی بەرانبـەر ئـەو نەتەوەیـە.

**دووەم/** بەسـیمبول کـردن – سـیمبۆلیزەکردن: لـەم قۆناغـەدا دەسـەڵاتی جینۆسـایدکار لـە ڕێگـەی نـاو و ناتـۆره و هێـمای تایبـەت نەتـەوەی پۆلێـن کـراو دەستنیشـان دەکات. بـۆ نموونـە لـە تورکیـا بـە کـورد دەگوترێـت تورکـە چیاییـەکان و دز و جـەردە و ڕێگـر. لـە عێراقیـش کـوردەکان دەکەنـە دۆسـتی جـووەکان، کوردسـتانیش بـە ئیسرائیـل ناودەبـەن، یانیـش دەیانگـوت یاخیبـووەکان، بـۆ خاتـری ئـەوەی بیانخەنـە قالبێکـی تایبەتـەوە. جیـا لەوانـەش ئێسـتا کـە لـە سـەردەمی سۆشـیال میدیـا زێـتر شـتەکان بەرچـاو دەکـەون، دەبینیـن چـۆن گەنجانـی عێـراق تاکـی کـورد بـە گەمـژه و نەفـام ناوزەنـد دەکـەن، ئـەوەش لـە ڕێگـەی دابەزاندنـی بڵاوکـراوەی جۆراوجـۆر. گـەر سـەیرکردنی کۆمێنتـەکان بکەیـن ئەنجـا دەزانیـن چـۆن کۆمەڵگەیەکـی جنێـودەر و زمانپیـس دژی کـورد پەروەردەکـراوە.

**سـێیەم/** جیـاکاری نەژادیـی: دەسـەڵاتی جینۆسـایدکار جیـاکاری دەکات لـە مافەکانـی نەتـەوەی ژێردەسـت، بێبەشـیان دەکات لـە مافـە سـەرەتاییەکان، بڕینـی سـەرچاوەکانی ژیـان و فەرامۆشـکردنی پێداویسـتییەکانیان. لـە قۆناغـی ئێسـتا لـە عێـراق کـورد بـە بیانـوی بردنـی نـەوت تۆمەتبـار دەکرێـت، هـەر بۆیـە بڕینـی

بەشـە مافـی خەڵکـی کوردسـتان لـە بودجـەی عێـراق بووەتـە شـتێکی ئاسـایی و هەمـوو خەڵکـی عەرەبـی عێراقیـش پشـتیوانی دەکات، تەنانـەت ڕۆشنبیرەکانیشـیان کـە لـە وڵاتانـی دەرەوەی وەکـو ئەوڕوپـا و ئەمریـکا دەژیـن، پێیـان باشـە پـارە و مافـی خەڵکـی کوردسـتان ببڕدرێـت. لێـرەدا دەبینیـن کـە ڕق و کینـەی دژ بـە نەتـەوەی بەرانبـەر هەمـوو سنورێکی ڕۆشـنبیرێتی و بڕوانامـەی بـەرز دەبەزێنێـت.

**چـوارەم/** نامرۆکـردن - داماڵیـن لـە مرۆڤبـوون: لـەم قۆناغـە ترسـناکەدا دەسـەڵات لـە ڕێگـەی پڕوپاگەنـدەی ئاشـکرا و نهێنـی، لـە ڕۆژنامـە و میدیـاکان، نەتـەوەی ژێردەسـت لـە ئـەدگاری مرۆڤبـوون دادەماڵێـت. دەسـت دەکات بـەوەی ئەندامانـی نەتـەوەی ژێردەست بـە ئـاژەڵ و نەخۆشـی و ڤایـرۆس و هتـد ناوزەنـد بـکات. سـەرەنجام ڕای گشـتی نەتـەوەی سەردەست یەکانگیـر دەبێـت لـە ئاسـت نامرۆکردنـی نەتـەوەی ژێردەسـت. لـە عێـراق بـە نموونـە گوێـمان لـێ دەبێـت: کـوردەکان شـێرپەنجەیەکن بەریتانیـا بـۆ عێراقـی هێنـاوە. ئەمانـە و دەیـان ناتـۆرەی دیکـە دژی گەلـی کـورد لـەم سـێ وڵاتـە نەتەوەپەرسـتانە بـەکار دەهێنرێـن.

**پێنجـەم/** ڕێکخسـتن: ئـەم قۆناغـە بـە ڕێکخسـتنی دەزگای پۆلیسـی و گروپـی میلیشـیایی دەسـت پێـدەکات بـۆ پەلاماردانـی نەتـەوەی ژێردەسـت. سانسـۆری کـردن، ڕاوەدوونـان، دەسـگیرکردن، ئەشـکەنجەدان و ڕەشـەکوژی کـردن لـە وێژگـە دیارەکانیـن.

**شەشـەم/** جەمسـەرگیری کـردن - کەنارگیـری کـردن: لێـرەدا نەتـەوەی سەردەسـت و دەسـەڵاتدار دەسـت دەکـەن بـە کەنارگیرکردنـی نەتـەوەی ژێردەسـت. گۆشـەگیرکردن و پەراوێـز خسـتن، قەدەغـەی هاموشـۆکردنیان و خوازبێنـی کـردن و قەدەغـەی بازرگانـی کـردن لەگەڵیـان لـە ڕێگـەی یاسـا یاخـود لـە ڕێگـەی چاوترسـاندنیان، دیارتریـن سـیماکانی ئـەو قۆناغـەن. بەشـێک لـە مێژوونوسـان و زانـا ئایینییەکانـی شـیعە کـورد بـە نـەوەی جنۆکـەکان دەناسـێنن و پێیـان وایـە نابێـت لەگەڵیـان ژن و ژنخـوازی بکرێـت.

**هەفتەم/** ئامادەکاری: لەم قۆناغەدا دەسەڵاتی جینۆسایدکار پلانی چارەسەری یەکجارەکی دادەنێت. دەسەڵات بۆئەوەی پلانە نامرۆڤانەکەی پەردەپۆش بکات، پەنادەبات بۆ بەکارهێنانی چەمک و دەستەواژەی جۆراوجۆر بۆئەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە دڵی خەڵکی خۆی دروست بکات بەوەی ئەو نەتەوەیە مەترسیە بۆ سەر ئێمە و دەبێت لەناوببرێت. دیارترین نموونە بەکارهێنانی پەیڤی "ئەنفال" بوو وەکو ناوی سورەتێکی قورئان، بۆ ڕەوایەتی دان بە کارە قێزەونەکانی حزبی بەعسی شۆڤینی لە بەرانبەر گەلی بێ توانای کورد.

**هەشتەم/** داپڵۆسین-ستەملێکردن: لێرە قوربانییەکان جیادەکرێنەوە لەسەر بنەمای ئیتنی-نەژادی. لەم قۆناغەدا خەڵکی بە کۆمەڵ دەسگیردەکرێن، دەربەدەر دەکرێن، ڕاپێچ دەکرێن، ئەشکەنجە دەدرێن، لیستی ناوەکان ئامادە دەکرێت، لە دەرەوەی دادگا یان دادگای سەرپێیی بڕیاری بەکۆمەڵکوشتن دەدرێت. ماڵ و سامانیان دەستی بەسەر دادەگیرێت، گروپ گروپ دەبردرێن بۆ کۆمەڵگەی زۆرەملێ و زیندانییە دوردەستەکان، لە برسان و شەکەت بوون بەکۆمەڵ دەمرن.

**نۆیەم/** قەڵاچۆکردن – Extermination: دەسەڵاتی جینۆسایدکار لەم قۆناغەدا چەمکی قەڵاچۆکردن بەکاردەبات، چونکە پێی وا نییە ئەوانەی دەیانکوژێت مرۆڤ بن، بەڵکو ئاژەڵن یان جۆرێک نەخۆشی پیسن دەبێت قەڵاچۆ بکرێن. لێرەدا پاکتاوی نەژادیی بە تەواوی دەچێتە ئاستی بەرجەستەبوون. لە کوشتنی تاک و گروپی بچووکەوە دەگۆڕێت بۆ بەکۆمەڵکوشتن و نابوتکردنی نەتەوەیەک. لەم قۆناغەدا منداڵ و بەتەمەن و ژن و پیاو لێك جیا ناکرێتەوە، بەڵکو هەموویان وەکو یەک دەبنە قوربانی. دەسەڵات بە تەنها پشت نابەستێت بە یەک دەزگای سەربازی، بەڵکو چەندین دەزگای جیاواز، بۆ نموونە لە عێراق، جاشەکان و گاردی کۆماری (الحرس الجمهوري)، دەزگای هەواڵگر و سوپای وڵات پێکەوە بەشدارییان دەکرد. دەسەڵاتی عێراق هەوڵی دەدا کارە قێزەونەکان لە سوپا لە چینی سەربازان بشارێتەوە.

**دەیەم/** نکۆڵی کردن: ئەمە دواهەمین قۆناغە و بەردەوام لە ئارادایە.

لێرە لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی جینۆسایدکار نیازی نییە واز لە پاکتاوی نەژادیی بهێنێت لە ئاست نەتەوەی ژێردەست، بۆیە ئامادە نییە دان بنێت بە تاوانەکانی کە دژی نەتەوەی ژێردەست ئەنجامی داون. هەروەک تورکەکان و عێراق ئامادە نین دان بنێن بە جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکان و کوردەکان. چونکە دانپێدانان ملکەچیان دەکات بۆ پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکان لە هەمبەر تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و هەروەها ڕێگرییان لێ دەکات لە دووبارەکردنەوەی. دەسەڵاتی جینۆسایدکار هەموو هەوڵێك دەدات بۆ شاردنەوەی تاوانەکانی و لەناوبردنی گەواهیدەر و بەڵگەنامەکان. ئەمە جگە لەوەی عێراق بە هەموو شێوەیەک نکۆڵی دەکرد لە ئاست تاوانەکانی دژی گەلی کورد، ئەنجا لە کەناڵەکانیش بەناو ڕۆشنبیرەکان دژی ئەوە بوون عێراق تاوانبار بکرێت بە تاوانی پاکتاوی نەژادیی دژی گەلی کورد. یەکێک لەو نموونە دیارانە کە لەم پەرتوکە زۆرجار ئاماژەم پێداوە، وائل عبداللطیف. ئەو مرۆڤە دڵ پڕلە قینە لە ئاستی داواکاری ڕۆژنامەنوسێکی کورد بۆ ناساندنی کۆمەڵکوژی کردنی کورد وەکو جینۆساید و قەرەبووکردنەوەی کوردستان، دەڵێت: دەبێت پێشمەرگە قەرەبووی عێراق بکاتەوە بە درێژایی ٦٠ ساڵ هێرشکردنە سەر سوپای عێراق!!! ئا لەگەڵ ئەو بیچمە و هاوشێوەکانی میللەتی کورد هەردەم لە لێواری کۆمەڵکوژی خۆی دەبینێتەوە.

ئەگەر سەیری قۆناغەکانی سەرەوە بکەین، دەبینین هەموو قۆناغەکان لە میانەی جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد جێبەجێ کراوە و (جێبەجێ دەکرێت). گەلی کورد هەرگیز ئارامی بەخۆیەوە نابینێت لە چوارچێوەی وڵاتانێک کە هزری بەربەری و ناشارستان ڕێنوێنییان دەکات.

## بەرەو جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد

بـە گرنگـی دەزانیـن چەنـد دێڕێـک لەسـەر هـۆکاری ئـەو قیـن و ڕکـەی عـەرەب لـە عێـراق و سـوریا دژ بـە گەلـی کـورد گەڵاڵـە بکەیـن، کـە ئایـا هـۆکار چـی بێـت و سـەرچاوەی ئـەو نەژادپەرسـتییەی عـەرەب لـە کوێـوە هاتبێـت. لـە سـەرەتای پەرتوکەکـە شـۆڤۆنیزمی تورکـەکان بەرانبـەر بـە کـورد ڕوونکرایـەوە، بـەڵام ئـەدی شـۆڤینیزمی عەرەبـی لـە سـوریا و عێـراق لـە سـەر چـی بنەمـای گرتـووە؟

بەشـێوەیەکی گشـتی پێویسـت دەکات دوو ڕەهەنـدی ئـەو پرسـە بخەینـەڕوو. یەکەمیـان خوێندنـەوەی نادروسـت و درۆئامێـزی مێـژووە لـە لایـەن چینـی بەنـاو خوێنـەواری عەرەبـەوە، لەسـەر ئـەوەی ئاخـۆ کـێ میراتگـری ئـەو خاکـەی ئێسـتایە؟ هەریـەک لـە تورکـەکان و فـارس بانگەشـەی مێژوویـی خاوەندارێتـی خـاک دەکـەن، ئـەدی شـوێنی عـەرەب لێـرە دەکەوێتـە کوێـی هاوکێشـە مێژووییەکانـەوە؟ بـۆ هەمـوو لایـەک ڕوونـە، وەک لـە سـەرەتای ئـەو پەرتوکـە باسـمان کـرد، تەنهـا دوو نەتـەوەی ئەمـڕۆ کـە میراتگـری گەلانـی پێـش خۆیـان بـن لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، کـورد و فارسـەکانن، بـەو واتایـەی کـە کـورد و فـارس درێژکـراوەی پێشـینەکانی خۆیانـن لـە ناوچەکـە و سـەرەداوی ئێسـتا و ڕابـردووی کۆنیـان پێکـەوە بەسـتراوە. هـاوکات لەگـەڵ تێبینـی کردنـی ئـەوەی کـە کـورد لـەو هاوکێشـەیەدا بـزرە! بزربـوون، وون بـوون، واتـای ئـەوە ناگەیەنێـت کـە نەبـووە، بەڵکـو جڵـەوی دەسـەڵاتی سیاسـی خـۆی لەسـەر بنەمـای دەسـەڵاتی نەتەوەیی-زمـان نەگرتۆتـە دەسـت و نەبووەتـە "تەنێکـی سیاسـی" خـاوەن سـنور و هێـز و حوکمڕانـی و ڕێکخسـتنی نەتەوەیـی و دەوڵەتـداری. ئـەو وردەکارییـە لـە بەشـی یەکەمـی پەرتوکەکەمـان تاوتـوێ کـراوە.

لێـرەدا دەمانـەوێ باسـی عـەرەب بکەیـن کـە چـۆن دەخـوازن جێـگای خۆیـان بکەنـەوە لـەو مێـژووەی کـە ئەوانـی تێـدا نییـە! بەڵـێ مێـژووی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، مەبەسـتمان خاکـی ئێسـتای ئێـران و عێـراق و تورکیـا و سـوریایە، عـەرەب و تـورک بەشـێک نەبـوون تیایـدا! لەوەشـەوە مافـی مێژووییـان تێیـدا نییـە. جـا بۆئـەوەی ئـەو مافـە مێژووییـە بـۆ خۆیـان دروسـت بکـەن، هـەر ئەوەنـدە بـەس

نییـە کـە مێـژوو بـە دڵـی خۆیـان دەنوسـنەوە، بەڵکـو دەبێـت لـە سـەر ئەژمـاری میللەتێکـی دیکـەوە بێـت، ئەویـش بـۆ بەدبەختـی خـۆی، میللەتـی کـوردە! چونکـە هەبوونـی کـورد لەسـەر ئـەم خاکـە بنەمـای هەبوونـی ئـەوان لـەق دەکات، مێـژووی دەسـکردی ئـەوان بـەدرۆ دەخاتـەوە.

عـەرەب ئاگـری گڕگرتـووی ڕەگەزپەرسـتانەی لەسـەر کـورد تاقـی دەکاتـەوە و دەیکاتـە پەڵەیەکـی ڕەش لـە مێـژووی خۆیـدا. گەرچـی لـە قسـان دەیانـەوێ پەرێـزی خۆیـان پاکبکەنـەوە و بڵێـن ئەوانـە بەعسییەکان بـوون ئـەو کارەیـان کـرد نـەك عـەرەب. کەچـی تـا ئێسـتا سـەدام و بەعـس بـە پاڵەوانـی عروبـە دەزانـن و ئامـادە نیـن بیدەنـە بـەر نەفرەتـی مێـژوو، لـە کاتێکـدا کـە سـەدام و هاوبیرەکانـی هۆکارێـک بـوون لـە تێکدانـی ناوچەکـە و ناشـیرین کردنـی ڕووی هەمـوو عـەرەب. جگـە لـەوەش ئامـادە نیـن دان بنێـن بـەوەی بەسـەر کـورد هاتـووە و ئامادەنیـن قەرەبـووی مـاددی و واتایـی ئـەو گەلـە سـتەمدیدە بدەنـەوە، بەڵکـو دەیانـەوێ ئۆباڵەکـە بخەنـە ئەسـتۆی حزبێـک یـان کەسێـک و خۆشـیان بـە تەناهـی لـێ بهێننـە دەر. هەڵوێسـت و بیروڕاکانیـان دەربـڕی هەمـان هەسـتی دوژمنکارانـەی بەعـس و سـەدامن بێئـەوەی خۆیـان ئـاگاداری ئـەوە بـن، چونکـە لـە بناغـەوە لەسـەر ئـەم پەروەردەیـە جۆشـدراون.

## پەرچەکرداری مێژوونووسانی عەرەب چۆن دەبێت؟

دەروونی مرۆڤ ئەوە پەسند ناکات کە پێی بگوترێت داگیرکار، بۆیە لە سۆنگەی ڕەواندنەوەی ئەو هەستە دەروونییە ئاڵۆزەوە دێن و دەسکاری مێژوو دەکەن بە جۆرەها شێوە. هەریەک لە عەرەب و تورک و فارسەکان کار و کۆششی زۆریان لە سەر گۆڕینی مێژوو کردووە. هەرچی فارسەکانن، نکۆڵی لە بوونی کورد ناکەن، بەڵکو پێیان وایە کە کوردەکان لەوانەوە سەریان هەڵداوە، ئێمەش ئەو پرسەمان لە سەرەتای پەرتوکەکە کەڵکەڵە کرد و ناچینەوە سەری.

لەم بەشەدا ئاخافتنەکانمان لە سەر عەرەب دەخەینەڕوو، وەکو بەرپرس لە کۆمەڵکوژی گەلی کورد لەچوارچێوەی عێراقی دروستکراوی دەستی ئینگلیز. عەرەبەکان بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان لە خاکی مێزۆپۆتامیا تیۆرێک دەخەڕوو، گوایا ئەوان میراتگری ئاشوریەکان و بابلییەکانن، و مێژوویان زۆر لە مێژووی کورد و فارس کۆنترە. سەرەنجام ئەو هزرە ساختەیە دەئاخنرێتە مێشکی هەموو تاکێکی عەرەب و لە قوتابخانە فێردەکرێت، کە عەرەب خاوەنی ئەو خاکەیە و تەنها ئەوان مافی خاوەندارێتی زەوییەکانی مێزۆپۆتامیایان هەیە. ئەنجا بە گوێرەی ئەو تیۆرە نارەسەنە، کورد هاوردەن و خەڵکی عێراق و سوریا نین، بۆیە دەبێت لەناو ببرێن یانیش دەبێت بێنە ژێر ڕکێفی عەرەب و بەعەرەب بکرێن.

ڕەهەندی دووەم، تیۆرێکی تایبەتی نەژادپەرستە نوێیەکانی عەرەبە بە تایبەت بۆ نەتەوەی کورد. سەرنج بدە، عەرەبەکان ناتوانن دەست بۆ تورک و فارس ببەن، چونکە ئەوان خودان وڵاتی گەورە و بەهێزن و سەروەریی خۆیان هەیە. سادەترین میللەت کە بتوانین پێی بوەستن و پەلاماری بدەن، گەلی بێ کەسی کوردە. ئەو گەلەی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان ئەو مێژووە پڕ لە ستەمە ناخوێنێتەوە و لێی تێناگات. نموونەی ئەو تیۆرە نەژادپەرست و دژە کوردە بریتییە لە نووسینی ئەفسەرێکی عەرەبی سوری دژە کورد بەناوی "محەمەد طلب هیلال". هیلال لە پەرتوکێك بەناوی "دراسە عن محافظە الجزیرە من النواحي القومیە، الإجتماعیە والسیاسیە، کە لە ڕێکەوتی ١٣ی نۆڤێمبەری ١٩٦٣ لە نووسینی بووەتەوە، پرسی

دانیشـتوانی جزیـرەی ڕۆژئـاوا دەخاتـەڕوو. ناوبـراو ئەفسـەری سـەربازی بـە پلـەی جێـداری یەکـەم بـووە لـەو ناوچـە کوردییانـە. لـە پەرتوکەکـەی ئامـاژەی بـە هیـچ سـەرچاوەیەک نـەداوە، بەڵکـو ئەزموونـی خـۆی و چەنـد کەسانێکی دیکـە دەخاتـەڕوو، بـە پێویسـتی دەزانێـت کـە ناوچەکـە لـە نەتـەوەی "ناعـەرەب" پـاک بکرێتـەوە، لـە سـەرووی هەمووشـیان لـە نەتـەوەی کـورد. هیـلال دەڵێـت:

"کـورد نەتـەوە نییـە و نیشـتمانی نییـە و ڕەگـەزی نییـە، بەڵکـو وڵاتانـی ئیمپریالیـزم بیـری نەتەوەییـان لا دروسـت کـردووە. کـوردەکان وەکـو گرێیەکـی شـێرپەنجەیین، تاکـە چارەسـەر ئەوەیـە لـە جەسـتەی خۆمانیـان بکەینـەوە".

لـە بەشـێکی دیکـەدا دەڵێـت: کـوردەکان ئاینیـان نییـە و سـەر بـە ئایینـی شـەیتانن. ئەنجـا دێـت پرسـی کـورد بـەراورد دەکات بـە پرسـی ئیسرائیـل و دەڵێـت: "بلۆکـی ڕۆژئـاوا و ڕۆژهـەڵات لـە سـەر هیـچ شـتێک کـۆک نەبـن، لەسـەر پرسـی کوردسـتان و ئیسرائیـل کۆکـن بـۆ پارچەکردنـی نیشـتمانی عـەرەب. هیـلال داوا دەکات، کـوردەکان بـەزۆر کۆچیـان پـێ بکرێـت، بەشـێکیان دەربکرێـن بـۆ تورکیـا، هەروەهـا حکومـەت نابێـت قوتابخانەیـان بـۆ بکاتـەوە و فێـری خوێندنـەوە و نووسـینیان بـکات. نابێـت مافـی ڕەگەزنامـەی وڵاتیـان پـێ بدرێـت. نابێـت هیـچ کارێکیـان بدرێتـێ. هەروەهـا هەڵمەتێکـی بانگەشـەیان لـە دژی بەرپـا بکرێـت و خەڵکـی عـەرەب ئـاگادار بکەنـەوە لـە دژیـان. هەرچـی پیاوانـی ئایینـی و شـێخی کـورد هەیـە لەنـاو ببرێـن یـان وەکـو عـەرەب لەقەڵـەم بدرێـن، چونکـە مەلاکانـی کـورد دژی بارزانـی قسـە ناکـەن، بەڵکـو تەنهـا داوای ڕاگرتنـی کوشـتن و خوێـن ڕشـتن دەکـەن. دەبێـت کـوردەکان لـەدژی یـەک هـان بدەیـن تاوەکـو دژی یەکـتر بجەنگـن. دەبێـت عـەرەب لـە جێـی ئـەوان نیشـتەجێ بکرێـن. دەبێـت بەشـی باکووری جەزیـرە، واتـا سـنورەکان بکرێنـە ناوچـەی سـەربازی کـە ئەرکیـان نیشـتەجێ کردنـی عـەرەب و ڕاگواسـتنی کـورد بێـت. دەبێـت بـاخ و بێسـتان و کشـتوکاڵ بـۆ عەرەبـەکان چێبکرێـن و بـە چـەک پارێزگارییـان لـێ بکرێـت.

لـە درێـژەی نووسـینەکانی بـاس لـە هاتـن و نیشـتەجێکردنی خێڵـە عەرەبـەکان دەکات بـۆ ناوچەکـە بـەم شـێوەیە: هـۆزی شـەممەر لـە مـاوەی ٣٠٠ سـاڵی ڕابـردوو

لە نەجد و حیجازەوە هاتوون و لە بەغداوە تاکو ڕەققەیان داگیرکردووە. هۆزی گەی لە حیجازەوە هاتوون لە چەند تیرەیەک پێکهاتوون کە ئەمانەن: العساف، الحویت، الجوالە، حرب، راشد، بني سبعە، الیسار، الزبید، البوعاصي، الغنامە، المعامرە، البکارە، لە مالیکییە لە حەسەکە جێگیر بوون. هۆزی "شرابي" لە دیرکی و قامیشلی و حەسەکە و عەفرین نیشتەجێن. هۆزەکانی جبور لە کەناری خابوور ٢٠ کیلۆمەتر خوارووی حەسەکە نیشتەجێن و پێک دێن لە تیرەکانی: ملحم، سلطان، الهزیم، المحاسن، المحەمەد ، الحوي، الریت، البومهنا، الجحیش، البقە، العلی، البومانع، العامر، البری، البوعمرە، الحلیون، البوریاش، البوسلامە. هەرچی هۆزەی "البکارە" یە لە بناری چیای عەبدولعەزیزی سەرەوە دەژین. هیلال پێشنیار دەکات کوردەکان لە هەموو مەرجێکی ژیان داببڕێن و لە بەرانبەردا گەنجانی عەرەب لە هۆزە عەرەبییەکان بکرێنە سەرقافلەی هەموو خێر و بێری وڵات، بنێردرێنە دەرەوە بۆ خوێندن و پڕۆژەی کشتوکاڵییان بۆ ئەنجام بدرێت. هیلال دان بەوە دەنێت کە کوردەکان خەڵکی زۆر بەهێز و جەنگاوەری ئازان، بۆیە دەبێت هۆزە عەرەبییەکانیان بەگژدابەن[١].

ئێستا خوێنەری کورد بۆی ڕوون بووەوە کە چۆن هزری ڕەگەزپەرستی عەرەب خراوەتەکار دژی کورد. ئەوەی محەمەد طلب هلال لە پەرتوکەکەی باسی دەکات، هەمان ئەو سیاسەتەیە کە دوایی بەعسی سەدام لە عێراق دژی گەلی کورد پەیڕەوی دەکات. مێژووی بەعەرەبکردن و بچووککردنەوەی گەلی کورد یەکێکە لەو کارەساتانەی کە مرۆڤایەتی بەخۆیەوە دیتووە، بەڵام بەداخەوە جیهان چاوپۆشی لێکردووە.

ڕێککەوتننامەی شومی جەزائیر دەستی سەدام و بەعسییەکانی واڵاکرد بێ لێپرسینەوە پاکتاوی ڕەگەزی گەلی کورد بکەن. تۆزێک ڕامێنین لە گوێنەدانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی کە خۆیان بە دیموکراتیخواز و ئازادیخواز و مرۆدۆست دەزانن، دەبینین چ بێ ویژدانییەک لە مرۆڤی ساختە و درۆزندا هەیە، تا ئەوەی ژن و زارۆکی ئێمەی کورد بێ پەروا دەربەدەر بکرێن و بخنکێنرێن، وەک ئەوەی مرۆڤ نەبن و بوونیان لە ژیان هیچ واتایەکی نەبێت. ئینجا بزانین ئەوانەی بە قسەی

---

(١) محمد طلب هلال، دراسە عن محافظة الجزیرە من النواحي القومیە، الإجتماعیە والسیاسیە.

خۆیـان موسـوڵمانن و خودایـان هەیـە و تۆزقالێـك باوەڕیـان بـە ئایینەکـەی حەزرەتـی محمــەد هەیــە، چــۆن مرۆڤێکــن. ئــەوان نــەک هــەر باوەڕیــان نییــە، بەڵکــو ڕۆڵــی خــودا بەســەر کــوردەوە دەبینــن و بــە ئــارەزووی خۆیــان ژیــان و مــردن بەســەر کــورد دابــەش دەکــەن. ئەوانــە مــرۆڤ نەبــوون، بەڵکــو شــێوەمرۆ بــوون.

ئەنجـا لـە هەمـووی سـەیرتر، تەنانـەت دەستپێشـخەرییەک لـە لایـەن ئـەو وڵاتانـەوە نابیسـترێت بـۆ چارەسـەری ئاشـتی، هـەر چـی نەبێـت بـۆ گەرەنتـی دەسـتدرێژی نەکردنـە سـەر کوردسـتان ڕێکارێـک یـان یاسـایەک دابنرێـت. تەنانـەت ئـەو بەریتانیایـەی کـە لـە سـاڵی ١٩٣٢ بـە تـەواوی کۆنترۆڵـی عێـراق لەدەسـت دەدات، پـاش ئـەوەی عێـراق دەبێتـە ئەندامـی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان، هیـچ وورتەیەکـی لێـوە نایـەت بڵێـت ئـەرێ ئێمـە نەمانهێشـت ئـەو میللەتـە ببێتـە خاوەنـی وڵاتـی خـۆی، دەبا هەرچـی نەبێت بەرپرسـیارێتی پاراسـتنی بخەینـە ئەسـتۆی خۆمـان! بـەڵام کوردیـان بـۆ بەردەمـی سـەگەهار جێهێشـت.

دوای نسـکۆی شـۆڕش و ڕاگەیاندنـی وەسـتاندنی جووڵانـەوەی چەکـداری لـە لایـەن سـەرکردایەتی کوردسـتان بـە ڕابەرایەتـی بارزانـی، هـەزاران کـورد ڕوویـان لـە ئێـران کـرد. بـە گوێـرەی سـەرچاوە جیـاوازەکان، جگـە لـە هێزەکانـی پێشـمەرگە، ١٨٠ هـەزار کـورد سـنورەکانی ئێرانیـان بەزانـد و بـە دوای سـەرکردەکەیان، هیـچ ئومێـد و تروسـکاییەکیان لـە حکومەتـی بەغـدا نەدەبینـی بـۆ ژیـان. ئـەو پشـت تێکردنـەی جیهـان لـە کـورد ئەوەنـدە سـەیربوو، کـە کـەس نەیدەتوانـی بـاوەڕ بـکات، لـە شـەو و ڕۆژێکـدا هەمـوو پەیوەندییەکـی کـورد بـە دەرەوە پچڕێنـدرا. دوای داخسـتنی سـنورەکانی ئێـران، بەغـدا لەگــەڵ تورکیــاش ڕێککــەوت بــۆ داخســتنی ســنورەکان و ســود وەرگرتــن لــە لایەنــی ســوپای هــەردوولا بــۆ بەزاندنــی ســنور ئەگــەر پێویســتی کــرد بــۆ بەدواچوونــی پێشـمەرگە. لـەو کاتـەوە بەغـدا و ئەنقـەرە لەسـەر لێدانـی کـورد پێکدێـن.

لێـرەدا بەغـدا لـە شـارەکان پڕوپاگەنـدەی جێبەجێکردنـی بەیاننامـەی ١١ی ئـادار بڵاودەکاتـەوە، وەکـو کردنـەوەی قوتابخانـە و دروسـتکردنی نەخۆشـخانە و هتـد، لە لایەکی دیکەشـەوە بـە ئاشـکرا هەوڵـی سـڕینەوەی ناسـنامەی کـورد دەدات. یەکـەم هەنـگاوی حکومەتـی بەعـس بریتـی بـوو لـە دروسـتکردنی پشـتێنەی ئاسایش لـە سـەر سـنورەکان

بە ڕووبەری ٥ تاوەکو ٣٠ کیلۆمەتر، لەوەشدا ڕاگواستنی کوردان دەست پێدەکات، چۆڵ کردنی لادێکانی سەر سنوری نێوان سوریا و عێراق، تورکیا و عێراق، ئەنجا ڕاگواستنی ناوچەکانی کەرکووک و خانەقین و هتد، کە دواتر باسیان دەکەین[1]. لە قۆناغی یەکەم پێویستی بەوە بوو کە پێنجسەد گوندی کورد بە تەواوی ڕەش بکاتەوە لەسەر زەوی. تاوەکو ساڵی ١٩٧٨ ژمارەی ئەو گوندانەی کەوتنە بەر پشتێنەی ئاساییش لە سەر سنورەکان، گەیشتە ١٤٠٠ (هەزارو چوارسەد) گوند و بە تەواوی سڕانەوە. ڕاگواستنی ٦٠٠ هەزار کورد و نیشتەجێ کردنیان لە کۆمەڵگەی زۆرەملێ، بەشێکی زۆریان ڕاگوێزران بۆ شارەکانی ڕومادی، دیوانییە، ناسڕیە، ژیقار، موسەنا، بە ئامانجی تواندنەوەیان لەناو کۆمەڵگە و زمانی عەرەبی. لە ڕەگوڕیشە دەرکێشانی میللەتی کوردی چیایی و نیشتەجێ کردنی لە بیابانەکانی باشوور کە جیهانێکی ووشک و پێچەوانەی کەشوهەوای کوردستانە، چ کارەساتێکی ژیاریی و دەروونی دەکاتە سەر کەسایەتییان و چ تاوانێکە لە ئەستۆی شۆڤینیزمی عەرەبی بەعسییەوە.

عەرەباندنی شارەکانی کوردستان وەکو کەرکووک، خانەقین، شەنگال و زومار بە هەموو گوند و دێهاتەکانەوە، تێکدانی دیمۆگرافیای شارە دەوڵەمەندەکان بە نەفت، گۆڕینی ناوی خانەقین بە ناوی "عروبە"، گۆڕینی ناوی حاجی ئۆمەران بە "النصر"، قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ناوی کوردستان و لەبری ئەو "شیمالی حەبیب" یان "منطقة الحكم الذاتي"، سڕینەوەی ناوی کورد و کوردستان لە هەموو پەرتوک و نووسراوەکانی قوتابخانەکان و زانکۆ و پەیمانگاکان، هێنانی مامۆستای عەرەبی میسری و فەڵەستینی لەجێگای مامۆستای کورد لە شارەکانی کوردستان،هەموو ئەوانە سیما دیار و زەقەکانی پیسترین جۆری جینۆساید بوون لە بەرانبەر گەلی کورد ئەنجام دران. کردنەوەی لقی حزبی بەعس لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان و بە بەعسکردنی کورد، دروستکردنی گروپی جاش و جیش ئەلشەعبي لە کورد، بەزۆر کردنیان بە چەتە و ڕێگر لە گوندەکانی کە پێشتر پشتیوانی شۆڕشی کورد بوون، ڕێگری کردن و ئاژاوە دروستکردن لەبەردەم ئەو کوردانەی کە نەیاندەویست

(١) نەوشیروان مستەفا، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، بەشی یەکەم، لا ٧٩.

ببنە بەعسی، تێکدانی ژیانی خەڵکی و سانسۆری کردن بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، دۆزەخێکی ڕاستەقینەی لە شارەکانی کوردستان چێکردبوو[١].

لەو بەشەدا قۆناغەکانی عەرەباندنی خاکی کوردستان و قۆناغەکانی کۆمەڵکوژی پێکەوە دەهێنینە بەر باس. سەرەتا دەچینەوە بۆ قۆناغەکانی زوو، واتا سەردەمی پێش دروستبوونی وڵاتی عێراقی دەستکردی بەریتانی، سەردەمانی عوسمانی، ئەنجا سەردەمی پاشایەتی عێراق و کۆماری یەک دوای یەک دەخەینەڕوو.

(١) محمد سهيل الطقوش، تأريخ الأكراد، ص٢٥٧-٢٥٨.

## تێکدانی دۆخی دیمۆگرافیای کوردستان لە سەردەمی عوسمانییەکان

توێـژەری کۆشـکار «دەرسیم دیبەگەیـی» لـە ڤەکۆڵینێکـی درێژڕایـی بەناونیشـانی «مێـژووی کوردسـتانێتی شـاری مووسـڵ» کـە شـایانی پێزانیـن و ستاییشـی بـێ پایانـە، ورد ورد عەرەباندنـی کوردسـتان لـە سـەردەمانی زووەوە گەڵاڵـە دەکات. ئـەو کۆششـە زانسـتییە مەزنـەی نووسـەری ناوبـراو، کـە لـە سـەرو هـەزار لاپـەڕە پێکهاتـووە، دەوڵەمەنـدە بـە سـەدان سـەرچاوەی گـەورەی عەرەبـی و کـوردی و جیهانـی، پسـپۆڕانە بـە پەیـژەی مێـژوودا سـەردەکەوێت و ئـەو ڕاسـتییە نیشـان دەدات کـە شـاری مووسـڵ شـارێکی تـەواو کوردییـە و بەڵگـەی گومانبـڕ دەخاتـەڕوو بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی تێزەکانـی و پوچکردنـەوەی قسـەی زلـی دوژمنـان[1]. گرنگـی ئـەو پەرتوکـە لەچیدایـە؟ لەوەدایـە، کـە دەیسـەلمێنێت ولایەتـی مووسـڵ بـە مێـژووە درێژەکـەی لـە باکـووری مێزۆپۆتامیـا، بەشـێکی خاکـی کوردسـتان بـووە، دوای ئـەوەی ئیمپڕاتـۆری مـەزن کیاکسـار یاخـود «کـی ئاخسـار» بـۆ هەمیشـە دەسـەڵاتی ئاشـوورییەکانی لەناوبـرد، هـۆزە کـوردەکان لـە بـەری چیاکانـی زاگرۆسـەوە بـەرەو ڕۆژئـاوا، واتـا بـۆ ناوچەکانـی ئاڕراپخـا و هەولێـر و نەینـەوا پـەل دەهاوێـن، دەشـتەکانی هەولێـر و گەرمیـان و نەینـەوا دەکەنـە ناوچـەی لـەوەڕگا و لـە وەرزەکان بەگوێـرەی پێداویسـتی ژینـوار بەکاریـان دەهێنـن. هیـچ مێژوویـەک لـە هیـچ پەرتوکێکـی زانسـتی نـاوی یـەک دانـە عـەرەب یاخـود تـورک لـەو ناوچـە فراوانـە نابـات. پەرتوکـی دەرسـیم دیبەگەیـی قۆنـاغ بـە قۆناغـی ئـەو مێـژووە تـا ڕۆژگاری هاتنـی عەرەبـەکان بەنـاوی ئیسـلام دەخاتـەڕوو. ئەنجـا بـۆ خوێنـەری کـورد دەردەکەوێـت، کـە ئـەو مووسـڵەی عوسـمانییەکان و بەریتانییـەکان لـە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم لەسـەری دەجەنـگان، خاکـی کـورد بـوو، کـە کەرکـووک و هەولێـر و سـلێمانی لەخـۆی گرتبـوو، بـە زۆرینـەی کوردییـەوە خرایـە سـەر عێراقـی عەرەبـی بەریتانـی. هـەر دەسـکارییەکی خاکـی ولایەتـی مووسـڵ واتـا دەسـکاری کردنـی خاکـی کوردسـتانی باشـوور، بـەڵام کارەسـاتەکە لەوەدایـە،

---

(١) ئامـۆژگاری خوێنـەر دەکـەم بگەڕێتـەوە سـەر ئـەو پەرتوکـە و ڕاسـتییەکان بخوێنێتـەوە. ئـەوەش ناونیشـانی تـەواوی پەرتوکەکەیـە و بەشـێوەی ئەلیکترۆنـی دەسـت دەکەوێـت: دەرسـیم دیبەگەیـی، مێـژووی کوردسـتانێتی شـاری موسـڵ، بەرگـی یەکـەم و دووەم.

کێشەی مووسڵ لە سەردەمێک ڕۆژەڤی ناوچەکە بوو، کە هێشتا کورد هەست و نەستی نەتەوەیی تیایدا چەکەرەی نەکردبوو، نەتەوە سەردەستەکانی وەکو تورک و بەریتانی و عەرەب، بە ئارەزووی خۆیان گەمەیان بە چارەنووسی دەکرد. دوای ئەوانەش، عێراقێکی عەرەبی شۆڤینی و ڕەگەزپەرستیان دروستکرد، عەرەبی خێڵەکی و بەربەرییان کردە ئاغا و دەسەڵاتدار بەسەر کوردان.

گرنگە ئەوە بیری خوێنەری خۆمان بهێنینەوە، کە گۆڕینی دۆخی کارگێڕی/ئیداری شاری کەرکووک هیچ نییە جگە لە لەبەرگرتنەوەی هەمان ڕەفتاری پێشووتری حکومەتی عێراقی لەگەڵ شاری مووسڵ. حکومەتی بەغدا لە ساڵانی هەفتاکان ناوچەکانی دهۆک و دەوروبەری لە مووسڵ جیادەکاتەوە و دەیکاتە ستانێك/پارێزگایەکی سەربەخۆ. ئەوەش بە قسەی بەغدا بۆ خاتری کوردە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە بارودۆخی کارگێڕی و دیمۆگرافی مووسڵ بشێوێندرێت و ژمارەی کورد لەو شارە کەم بکرێتەوە. هەروەک چۆن دواتر لەگەڵ شاری کەرکووکیش هەمان شت ئەنجام دەدرێت. ئامانج لەوانە کەم کردنەوەی ژمارەی کوردانە لە دوو گەورەترین و گرنگترین شاری کوردستان. ئەوەش بێ گومان یەکێکە لە قێزەونترین وێژگەکانی پاکتاوی نەژادی دەرهەق بە گەلی کورد. پەرتوکەکەی «دەرسیم دیبەگەیی» ئەو زنجیرە دیرۆکە بەوپەڕی متمانەی زانستییەوە نمایش دەکات، پێمان دەڵێت گەلی کورد خەڵەتێندراوە و ناپاکی لەگەڵ کراوە.

وەکو ئەزموونێکی تایبەتی بە گرنگی دەزانم ئەوە بگێڕمەوە. کاتێک قوتابی بووم لە زانکۆی وارشۆ بۆ زانستەکانی ژیان، چەند دۆستێکی عەرەبی عێراقی هەبوون کە لە کۆلێژی ئارکیۆلۆژی/شوێنەوارناسی لە زانکۆی وارشۆ، لە نزیکەوە دۆستایەتیمان پەیداکردبوو. لە دانیشتنەکانمان گەلێک گفتوگۆی نەتەوەییمان دەهێنایە سەر مێز، لەوانە مێژووی هاتنی عەرەب بۆ مێزۆپۆتامیا (وڵاتی نێوان دوو ڕووبار - عێراقی ئێستا). لە قسەکانمان، قوتابییە عەرەبەکانی بەشی شوێنەوارناسی بە پێکەنینەوە دەیانگوت، ئێمەی عەرەب هیچ کاتێک لە مێزۆپۆتامیا بوومان نەبووە و دوای هاتنی ئیسلام لە ڕێگەی فتوحاتی

ئیسلامییەوە بەرەو عێراق هەڵکشاین، بەڵام ئیدی ئێستا ئەوە بووە بە خاک و وڵاتی ئێمە و نایدەینەوە کەس.

پرسی نەبوونی عەرەب لە عێراق لە دەیان سەرچاوەی جۆراوجۆری جیهانی ئاماژەی پێدراوە. بە گرنگی دەزانم ئاماژە بە توێژینەوەیەکی دیکەی زۆر گرنگ بکەم لەسەر عەرەباندنی کوردستان، کە نووسەرەکەی «غەفور مەخمورییە»[١]. ناوبراو درێژەی مێژووی ڕاگواستن و کۆچپێکردنی کوردان یەک لەدوای یەک دەخاتەڕوو، کە لەم پەرتوکەمان پشتی پێ دەبەستین، هاوکات لەگەڵ ئاماژەدان بە سەرچاوەی تریش.

شایانی ئاماژەی قوڵە، دەسەڵاتی عوسمانی میرنشینە کوردییەکانی بە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر خۆی دەزانی. عوسمانییەکان ئەزموونیان لەگەڵ کوردەکان زۆر بوو. کوردەکان بە ژمارە زۆر و بە سیاسەت ناپێگەییو بوون. هیچ کام لە نەتەوەکانی ناوچەکە هێندەی کورد منداڵی نەخستۆتەوە، سەرەڕای ئەو هەموو هێرشەی عوسمانی و فارسی، سەربازیکردنی زۆرەملێ بۆ تورکە عوسمانییەکان، بەڵام هەر هێشتا گەشەی کورد لە کوردستان گەلێک بەرز بوو. ئەوەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کاری هۆزە کوردییەکان لە دەشت و کێوە سەختەکان، هەروەها ململانێی نێوانیان و پێشبڕکێ لە زۆری ژمارە بۆ نیشاندانی زاڵییەتی بەسەر هۆزەکانی دیکەدا. کاربەدەستانی عوسمانی دوای نزیکبوونەوەی ئەورووپاییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی ڕوسەکان لە باکوور و بەریتانییەکان لە بەری هیندستانەوە، پەییان بەوە بردبوو کە دەبێت ئاگاداری پەلهاویشتنی کوردەکان بن، لە دۆخێک ئەگەر هێزە ڕۆژئاواییەکانی ئەوروپا بگەنە ئێرە، کوردەکان یەکەم کەس دەبن لە عوسمانییەکان هەڵدەگەڕێنەوە. ئەو کوردانەی بە درێژایی ٥٠٠ ساڵ مێژووی عوسمانییەکان هەرگیز نەتوانراوە بەسەریان دا زاڵ بن و سنورێکیان بۆ دابنرێت. تایبەتمەندی گەلی کورد هەمیشە

---

(١) غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان، بەعەرەبکردن-مەترسییەکانی-بەرەنگاربوونەوە، چاپی سێهەم، هەولێر ٢٠١٠.

لـەوەدا بـووە کـە ناکەوێتـە ژێـر باڵـی هیـچ هێزێکـی بێگانـە. تەنانـەت ئەگـەر نەتوانێـت هیـچ شـتێکیش بەدەسـت بهێنێـت و دڵنیـا بێـت لـەوەی دەدۆڕێنێـت، هـەر ئامـادەی خۆڕادەسـت کـردن نییـە.

گـەر بگەڕێینـەوە بـۆ مێـژووی دوور، دەبینیـن یەکەمیـن هـۆزی عـەرەب کـە هاتبێنـە خاکـی بەپیتـی نەینـەوا لـە دوای شـاڵاوەکانی فتوحاتـی عەرەبی-ئیسـلامی، هـۆزی خـەزرەج بـووە. بـەڵام هاتنـی هـۆزە عەرەبییـەکان کەوتۆتـە بـەر بەرپەرچدانـەوەی کـورد و، کۆچـی ئـەو هۆزانـە بـۆ ناوچەکانـی کوردسـتان دووچـاری بەرەنـگاری بووەتـەوە و لـە چەنـد زەمەنێکـی جـودا بـووە. کارەسـاتەکە لەوەدایـە هـەردەم سـەنتەرێکی دەوڵـەت هەبـووە پاڵپشـتی لـە عـەرەب کـردووە وەکـو دەسـەڵاتی هاوناسـنامەی نەتەوەیـی، هـەر لـە ئومەویەکانـەوە تـا دەگاتـە عەباسـییەکان. لـە بەرانبـەردا کـورد نـە خاوەنـی سـەنتەرێکی دەوڵەتگەرانـەی نەتەوەیـی بـووە، نـە سـەرکردەیەکی هاوبیـری نەتەوەیـی یـان ئایینـی هەبـووە تاوەکـو هەمـوو کـوردان لـە ژێـر چەتـری خـۆی ڕێکبخـات و سـەرەنجام دژی هـەر خشـانێکی بێگانـە بوەسـتێتەوە، بۆیـە بـەردەوام لـە پاشەکشـەدا بـووە بـەرەو قوڵایـی دۆڵـەکان و بەرزایـی چیـاکان. بـە تێپەڕبوونـی زێـتر لـە ١٠٠٠ سـاڵ ئـەو پرۆسـەیە بـەردەوام بـووە، تـا ئـەوەی ئەمـڕۆ بـەو ڕۆژگارە دەگەیـن، کـە تیایـدا سـنوری جیۆگرافـی کوردسـتان قەتیـس کـراوە و بەردەوامیـش لـە پوکاندنـەوە دایـە.

لـە دەورانـی مەمالیـک لـە سـاڵانی ١٧٥٠ - ١٨٣١ چەنـد هۆزێکـی عەرەبـی وەکـو تـەی و جبـور لـە لایـەن عوسـمانییەکانەوە دەهێنرێنـە ولایەتـی مووسـڵ. دوای ئـەوەش مەدحـەت پاشـا والـی عوسـمانی لـە بەغـدا ١٨٦٩ - ١٩١٤ ژمارەیـەک هـۆزی عەرەبـی هانـدا بۆئـەوەی بێنـە سـەر خاکـی بەپیتـی کوردسـتان، بـە گوتـەی خـۆی ئـەو خاکانـە هـی دەوڵەتـن. ئـەو هۆزانـەش بریتـی بـوون لـە: شـەممەر، عنـزە، دلێـم و کەعـب. کارەکانـی مەدحـەت پاشـا لـە پلانێکـی بەرنامـە داڕێـژراو دەچـوو، نـەوەک شـتێکی هەڕەمەکـی. ئەوەتـا دابەشـکردنی هـۆزە عەرەبـە خێڵەکیـەکان بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دادەڕێژێـت: هۆزەکانـی ”ڕەبیعـە و ئیبـن ئـەوس و جبـور“ لـە دەشـتەکانی مەندەلـی

و بەلـەدڕوز و قزڵبـات، هـۆزی "بەیـات" لـە نێـوان کفـری و دوزخورماتـو، هۆزەکانـی "کرێـوی و لهێـب" لـە دەشـتەکانی قەرەتەپـە، هـۆزی "عوبێـدی" لـە حەویجـە لـە نێـوان زێـی بچـووک و ئاوەسـپی. هۆزەکانی"شـەممەر و ئالبوحەمـدان و تـەی و جبـور" لـە دەشـتەکانی قـەراج و شـەرگات و گەیـارە و دەشـتی مووسـڵ نیشـتەجێ کـران[1].

وەک دیاردەکەوێـت، داگیرکردنـی دەشـتەکانی مووسـڵ و باشـووری کەرکـووک و خانەقیـن ئاسـانتر بـوو، چونکـە لـە لێژایـی و دەشـتایی دان. دوای ئـەو داگیرکارییـە، هـۆزە عەرەبـەکان بەنیـازی دەسـتگرتن بەسـەر دەشـتی هەولێـر و قـەراج و کەندێنـاوە و مرکیـە و شـەمامک و کەرکـووک و گەرمیـان، شـاڵاو دەهێنـن، بـەڵام کـورد بەرەنگارییـان دەبێتـەوە و ئـەو هەوڵەیـان شکسـت پـێ دەهێنێـت. بـا بـۆ خوێنـەری کـورد ڕوون و ئاشـکرا بێـت، عـەرەب لـە هیـچ بسـتێکی خاکـی بەعقوبـە و تکریـت و بـەدرە و جەسسـان و کـوت بوونـی نەبـووە، تـا سـەردەمی دروسـتبوونی عێراقـی بەریتانـی. تـا ئـەو کاتـەی پێویسـت بـوو لەژێـر نـاوی ئایینـی ئیسـلام تەشـەنەیان دەکـرد، ئەمێسـتا پێویسـتییان بـە ئاییـن نییـە، بەڵکـو لەژێـر نـاوی نەتـەوە و نیشـتمان پـەل دەهاوێـن[2]. شـایانی باسـە ئـەو دەشـتانەی کوردسـتان بەپیتتریـن ناوچەکانـی کوردسـتانن بـۆ لـەوەڕگا و بەروبوومـی دانەوێڵـە، ئـەوە جگـە لـە سـەرچاوەی گـەورەی کانـە نـەوت و سـەرچاوەی دیکـەی سروشـتی وەکـو گۆگـرد.

(١) غەفـور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردسـتان، بەعەرەبکردن-مەترسییەکانی-بەرەنگاربوونەوە، چاپی سێهەم، هەولێـر ٢٠١٠، ل١٧-١٨: بەپشـت بەسـتن بـە سـەرچاوەکانی: خلیـل اسـماعیل محمـد، اقلیم کردسـتان العـراق، مطبعـة اوفیسـت کریسـتال، أربیـل ١٩٩٨. کاوە نـادر، کۆڵۆنیالیزمی عێراقی و ڕاگواسـتن و بەعەرەبکردنـی باشـوری کوردسـتان، گۆڤـاری سـەربەخۆبوون، ژمارەی هەفتـەم و هەشـتەم، ٢٠٠١.
(٢) سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٠-٢٢ بـە پشتبەسـتن بـە عبداللطیـف بامۆکـی، تەعریـب سـەرچاوەی هەمـوو تاوانـەکان، گۆڤـاری خـۆری ئیسـلام، سـاڵی چـوارەم، ژمـارە ١٦، جۆزەردانـی ٢٧٠٢.

## بەعەرەبکردنی کوردستان لە چوارچێوەی عێراق - سەردەمی پاشایەتی

عێراق، وڵاتێکی سەنتەرگەرایی بەهێز و خودان دەسەڵاتدارێتی نەتەوەیی عەرەبی دواکەوتوو، ئاخۆ دەبێت بەچ پێودانگێک تیایدا وڵات بەڕێوەببرێت و بەچ چاوێک سەیری گەلی کورد بکرێت. پێشتر ولایەتی بەغدای عوسمانی کە گوایا خەلافەتی موسوڵمان بەڕێوەی دەبرد، چۆن کوردیان هەراسان دەکرد و پاڵیان پێوەدەنان بۆ سەرەوە، ئەدی دەبێت ئێستا لەژێر ڕەحمەتی نەتەوەپەرستی عەرەبی، چۆن و چ بەڵایەک بەسەر گەلی کورد بهێنن! بەریتانیا ولایەتی مووسڵی وەکو پارچە کێك خستەسەر عێراق و بەردەمی عەرەب بێ ئەوەی هیچ ڕێزێک و بەهایەک بۆ میللەتی کورد دابنێت، ئەوە لە کاتێک کە لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕاپۆرتەکەی دەڵێت، ئەگەر بێت و ڕەچاوی ڕەهەندی نەتەوە بکەن، ئەوا بە شێوەیەکی سروشتی دەبێت دەوڵەتێک بۆ کورد دابمەزرێنن، چونکە ئەوان نە تورکن و نە عەرەب. کەچی کورد لە ولایەتی مووسڵ کرایە نێچیرێکی بێ شوان لەبەردەم چڕنۆکی ڕەگەزپەرستانی عەرەبی.

ململانێ لە سەر دۆسیەی ولایەتی مووسڵ ئەوەی بۆ ڕژێمی پاشایەتی و چینی ڕەگەزپەرستی سەربازی عێراقی ڕوونکردەوە، کە کوردەکان لەم ولایەتە زۆرینەن و دەبێت کارێک بکەین مەترسی گەشەکردنیان کەم بکرێتەوە. کورد بەرهەڵستی ئاشکرای خۆی نیشاندا لەوەی ناخوازێت عەرەبی خێڵەکی ببنە دەسەڵاتدار بەسەریانەوە. لە هەموو وتووێژ و دانوستانەکان، مەلیک مەحمود و سەرانی کورد ئەوەیان بە ئاشکرا بە ئینگلیزەکان گوتبوو، کە ئێمەی کورد بەمە ڕازی نابین و هەروەها بەبێ بەرجەستەکردنی ویستی نەتەوەیی کورد ئاشتی لەو ناوچەیە بەرقەرار نابێت. هەمیشە ئامادەین لە بەرانبەر عەرەبان پارێزگاری لە نیشتمانی خۆمان بکەین[1]. ڕەگەزپەرستانیش لە عێراقی دەستکردی بەریتانیا تازە بیری نەتەوەییان لەلا چەکەرەی دەکرد و سیخناخ ببوون بە هزری نەتەوەپەرستی ڕژێمەکانی ئەوڕوپا،

(١) نامەی شێخ مەحمودی حەفید بۆ سەرۆکی کۆمەڵەی نەتەوەکان. ئاڵا-ئۆرگانی پارتی سەربەخۆی کوردستان، ژمارە پێنج ساڵی هەفتەم، ڕەشەمێ ١٩٩٣: وەرگیراوە لە غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان....، ل٢٤-٢٥.

ئـەوەش وایكـرد تیـن و زەبـری كوشـندەی نەژادپەرسـتانەیان پـەرە بسـێنێت و بەسـەر گەلـی كـوردی تاقـی بكەنـەوە.

لـە سـاڵی ١٩٢٥ لـە سـەروبەندی یەكلایـی كردنـەوەی پرسـی ولایەتـی مووسـڵ، وەزیـری ناوخـۆی عێـراق بەنـاوی مسـتەفا عومـەر كـە خەڵكـی مووسـڵ بـوو، دەسـتی بـە هێنانـی هـۆزە عەرەبـە كۆچەرییـەكان بـۆ دەشـتەكانی مووسـڵ و قـەراج كـرد. تاوەكـو سـاڵی ١٩٣٥ هێنانـی هـۆزەكان بـەردەوام بـوون، ئەمـە و هـاوكات لەگـەڵ دروسـتكردنی چەنـد پڕۆژەیەكـی ئاودێـری گـەورە بـۆ ئـەو هۆزانـە و نیشـتەجێ كردنیـان، چونكـە لـە ڕاسـتیدا ئەوانـە هـۆزی كۆچـەر و بـەدو بـوون و بـەدوای لـەوەڕگا دەگـەڕان، لـە كاری كشـتوكاڵییان نەدەزانـی، بـەڵام حكومەتـی بەغـدا نیشـتەجێی كـردن و فێـری كاری كشـتیاری كـردن[1]. یەكێـك لـە گەورەتریـن پڕۆژەكانـی نیشـتەجێكردنی عـەرەب بریتـی بـوو لـە دروسـتكردنی شـارۆچكەی حەویجـە و ڕاكێشـانی ئـاو بـۆی لـە زێـی بچووكـەوە، ئـەو زێیـەی كـە بەنداوی دوكانـی لەسـەر بونیـاد نـراوە. هـەر بۆیـە نـاو لـەو شـارە دەنێـم "شارۆچكەی تەعریـب"!

هـەر لەگـەڵ دۆزینـەوەی نـەوت لـە دەشـتەكانی كەركـووك و گەرمیـان، حكومەتـی عەرەبـی بەغـدا ڕووی كـردە ئـەو ناوچانـە و پیلانـی داڕشـت بـۆ هێنانـی زۆرتـری عـەرەب و هەڵتەكاندنـی كـورد لـەو شـارەدا. ئەوەبـوو لـە سـاڵی ١٩٣٦ زێـتر لـە ٢٠ هـەزار خێزانـی عەرەبـی كۆچـەری هێنایـە ئـەو ناوچەیـە و هۆزەكانـی تـەی و عوبێـد و كرێـوی و لهێبـی نیشـتەجێ كـردن و ماڵـە كوردەكانیشـیان بـە زۆر یـان بـە خۆشـی دەردەكـرد، ئـەوەی كـە دواتـر مسـتەفا بارزانـی كردیـە مەرجـی ڕێككەوتـن لەگـەڵ حكومەتـی بەعـس، بـەڵام نـەك عەرەبەكانیـان نەگەڕانـدەوە، بەڵكـو بـەردەوام بـوون لـە هێنانیـان. جگـە لـەوەش لـە هەمـان ئـەو سـاتانەدا بـوو كـە پەلامـاری بـۆ سـەر ناوچەكانـی بـارزان دەسـت پێكـرد و لـە دەڤەرەكانـی مـزور و شـێروان مـەزن و بـەڕۆژی ٧٩ گوندیـان وێـران كـرد، ژمـارەی ئـەو خانوانـەی كـە سـوپای عێـراق بـە پاڵپشـتی هێـزی ئاسـمانی بەریتانیـا ئاگریـان تێبـەردا ١٣٦٥ مـاڵ بـوون كـە دەكاتـە ٦٠٪ خانـوی ئـەو دەڤـەرە[2]. ئـەو بـێ ویژدانییانـە لـە لایـەن

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

(٢) خليل اسماعيل محمد، مؤشرات سياسه التعريب في اقليم كردستان العراق، ص ١، مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی

عەرەبی موسوڵمانەوە بە پاڵپشتی بەریتانیای کافر ئەنجام دران!

لە ساڵانی ١٩٤٠-١٩٥٠، لە سەروبەندی ڕاپەڕینەکانی بارزان، حکومەتی عێراق لیژنەیەکی دامەزراند بەناوی "لجنە تصفیە الأراظي" کە سەرۆکوەزیران "ڕەشید عالی گەیلانی" ڕایسپاردبوو بۆ دەستبەسەرداگرتن و تەخشان و پەخشان کردنی زەوی و زاری جوتیاران و گوندنشینانی کورد. وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتی "مدیریە العشائر العامە" و هۆبەیەکی بەناوی "الإسکان الریفي" ڕاگەیاند، کە لە ڕێگەیدا چەندین نشینگەیان بۆ هۆزە عەرەبە بەدووەکان لە ناو خاکی کوردان لە تەلەعفەر و شەنگال و حەزەر دروستکرد[1]. ئەوجارەیان پیلانی داگیرکردن قەراجی گرتەوە، چونکە گرنگترین ناوچەیە نەک هەر لە ڕووی کشتیاری و نەوتەوە، بەڵکو لە ڕووی بایەخی جیۆسیاسی کوردستانەوە، چونکە کەرکووک و هەولێر پێکدەبەستێتەوە. حکومەتی عێراق بەردەوام لە هەڵکشاندنی خاکی عەرەب دابوو، تا لە توانای بووایە دەشتەکانی کوردستانی داگیردەکرد. لەبەر ئەوەی کورد توانای بەرگری سەربازی نەبوو، بۆیە ئەو کارانەی حکومەتی بەغدا ئاسان دەچوونە سەر.

لە قۆناغی یەکەمی تەعریب دوای دروستبوونی عێراق، حکومەتی ناوەندی بناغەیەکی گرنگی دامەزراند کە سەرەنجام دەبێتە هۆی ئەوەی حکومەتەکانی دواتریش لاسایی هەمان پەیڕەو و سیاسەتی دژەهەبوونی کورد بکەنەوە. لەو قۆناغەدا چەندین پڕۆژەی ئاودێری و چەند شارۆچکەیەک و سەدان گوندی عەرەبی بونیاد نران لەسەر خاکی کوردان، لە بەرانبەردا کوردی ئەو ناوچانەیان سەرگەردان کرد و کۆچی بەزۆریان پێکردن. لە ساڵانی ١٩٤٥ تاوەکو ساڵی ١٩٥٨ تەعریبی کوردستان بێ ووچان ئەنجام درا، لە ئەنجامدا هۆزە کۆچەرییەکانی وەکو حەمدان و کلێبات لە حەویجە و شەنگال و حەزەر نیشتەجێ کران، ٤٠٠ گوندیان بۆ دروستکرا یان لە جێی گوندەکانی کورد نیشتەجێ کران، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا تا ساڵی ١٩٥٨ هێشتا ژمارەی کورد لەو ناوچانە زۆرتر بوون لە ژمارەی عەرەب[2].

---

گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، لە چاپکراوەکانی یانەی کوردی میدیا، ئەمستردام، هۆڵەندا ١٩٩٧، ل٢٢: وەرگیراوە لە: وەرگیراوە لە غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان....، ل٢٦-٢٧.

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

(٢) غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان....، ل٣٠.

## بەعەرەبکردن لە عێراقی کۆماریی - سەردەمی قاسم

سروشتی وڵاتە دەستکردەکە ئەوهایە، هەر سیاسەتوانێکی عەرەبی دێتە سەر تەختی دەسەڵات، دوای ئەوەی خۆی لێخۆش دەکات و هەندێ بەڵێنی درۆیین بە کورد دەدات، دەست دەکات بە تەواوکردنی سیاسەتی پێشینەکانی خۆی. کورد بڕوای وابوو کە عەبدولکەریم قاسم سەرکردەیەکی دادپەروەرە و مافەکانی کورد لەسەر دەستی ئەو نافەوتێن، بەڵام زوو نیشانەی تاکڕەوی لەو کەسایەتییەدا دەرکەوتن. سەردەمی ئاشتی زۆری نەخایاند و سەرۆک کۆمار خۆی لێ بووە فەرماندە و تاکە سەرکردەی خاوەن مافی حوکمڕانی.

تا دەهات گرنگیی کەرکووک و ناوچە کوردنیشنە دەوڵەمەندەکان زۆرتر دەکەوتنە ژێر چاوتێبڕینی حکومەتی بەغدا. ئەوە بوو هاندانی عەرەبی خێڵەکی تینی زێتر دەهێنا بۆئەوەی بەرەو کەرکووک و دەشتەکانی قەراج هەنگاو هەڵبڕن. لە کاتێکدا کە پڕۆسەی بەعەرەبکردن لە کەرکووک بەردەوام بوو، دەشتی قەراجیش هاتە نێو پیلانڕێژی ئەو سیاسەتە چەپەڵەوە. گوندەکانی: کودیلە، کەبەڕۆک، سەیداوە، شێرکوژرای، ئۆمەراوە، خڕەبەردان، ڕواڵە، لاکەچە، بندیان، دۆرەنگێو، پاشبەند، دۆمەدریس، خەڕابەزەرد و دەیان گوندی دیکە ڕاگوێزران و هۆزە بەدوەکانی عەرەبیان لێ نیشتەجێ کردن. قاسم بڕیاری دا پڕۆسەکە خێرا بکرێت و کەرکووک بە زوویی بکرێتە شارێکی عەرەبی. لە هاوینی ١٩٦١ دوای ئەوەی بەغدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی پچڕاند، سوپای بەگژ خەڵکی ناوچەکانی کەرکووک و دەوروبەری وەنا، ئەوەبوو شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسا وەکو بەرپەرچدانەوەی ئەو سیاسەتە شۆڤێنییە دوور لە مۆراڵی مرۆڤایەتییە، کە بووە هۆی ئاوارەبوونی ١٠٠ هەزار کەس لە خەڵکی خێرلەخۆ نەدیوی کورد، ١٥٠ شار و شارۆچکە و گوندی کوردستان کەوتنە ژێر پەلاماری سوپای عێراق و کوردستانی لە ڕووی ئابووری و تەندروستی و گوزەرانی گشتی خەڵک دەیان ساڵی تر گەڕاندەوە دواوە[1]. ئەوە لە کاتێکدا کە باشوور و ناوەڕاستی عێراق خزمەت دەکران و هەموو پێداویستییەکی ئەو

(١) مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی...، ل٢٢-٢٣: وەرگیراوە لە غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان...، ل٣١.

سەردەمی لە خۆراک و داوودەرمان و کەرتی تەندروستی و کەرەستە و ئامرازی کشتوکاڵ و پیشەسازی پێ دەگەیشت، کوردیش سەرەڕای ئەو هەژاری و نەهامەتییانەی کە تێیدا گەوزابوو ، هێشتا بە بۆمبا و تۆپ ماڵی وێران دەکرا و ئەوەی کە هەشیبوو دەسوتێنرا. ئەنجا عەرەبیش دەهێنرایە سەر ماڵ و حاڵ و خاکی بەپیت و کشتوکاڵ و ڕانە پەز و ماڵاتی وەکو دیاری پێ دەدرا. لەوەدا لە درێژەی ئەو توێژینەوەیە دەرەنجام دەردەکەوێت کە بۆچی ژمارەی کورد بەردەوام لە کەمبوون و عەرەبیش بەردەوام لەزۆر بوونە.

## بەعەرەبکردن لە عێراقی کۆماریی - سەردەمی بەعسی یەکەم

بەعسییەکان بە سەرۆکایەتی عەبدولسەلام عارف کودەتایان ئەنجام دا و قاسمیان کوشت. کورد و سەرکردایەتییەکەی دیسانەوە بە ئومێدی ئاشتی کەوتنە دانوستان لەگەڵیان. بەڵام بەعس سروشتێکی بۆگەنتری هەبوو، ئەوان لە بناغەوە بڕوایان بە هەبوونی کورد نەبوو. ئەوان کۆمەڵێکی چەقۆهەڵگربوون و پەروەردەی سەر شەقامەکان بوون، هەموو شتێکیان بە زەبری کوشتن و بڕین چارەسەر دەکرد. یەکێک لە سامناکترین گروپی ڕەگەزپەرستی ئەو حکومەتە نوێیە حەرەس قەومییەکان بوون "پاسەوانی نەتەوەیی". لە ساڵی ١٩٦٣ دەستە دەستەی ئەو گروپە نامرۆڤانەیە دەستیان والاکرد لە کوشتنی کورد لەسەر بنەمای ناسنامە لە شاری کەرکووک و دەشتی قەراج و کەندێناوە و خانەقین و دەشتی مووسڵ و شەنگال. لە ڕێکەوتی نێوان ١١ی حوزەیرانی ١٩٦٣ تاوەکو ٢٣ی تەموزی ١٩٦٣، سوپای عێراقی بەعسی تێکڕا ٨٧٥ گوندی خاپورکرد[١]. هێرشی حەرەس قەومی بەهاوکاری عەرەبی خێڵەکی دڕندە کەوتنە گیانی هەزاران خەڵکی کوردستان لە دەشتەکانی قەراج و کەندێناوە، ماڵ و مزگەوتیان بەسەر خەڵکەکەدا ڕووخاند. لە کەندێناوە لە کۆی ٧٢ گوند، ٣٢ گوندیان تاڵانکرد و دواییش سوتاندیان، هەروەها عەرەبی خێڵەکی شەممەریان لە ٢٥ گوند نیشتەجێ کرد. سەرۆکهۆزی تەی بەناوی شێخ حەنەش خۆی و چەکدارەکانی پەلاماری گوندەکانی قەرەچووخیان دا، لە گوندی دارەخورماوە دەستیان بە سوتاندن کرد، دواتر گوندەکانی: خدرجیجە، خۆشاو، لاوەر، کەندارەقەل، گێسمە، جاستان، دەربەند، سەربەشاخ ئاگریان تێبەردرا و تێکدران[٢].

ئەمجارە حەرەس قەومی چوون بەگژ کوردانی ئێزیدی. لە قۆناغی یەکەمدا لە ساڵی ١٩٦٣ دەزگایەکیان دامەزراند بەناوی یەزیدی کوڕی معاویە، تاکو ئەوە لە هزری ئێزیدییەکان بڕوێنن کە گوایا عەرەبن و لە نەوەی یەزیدی کوڕی معاویەن. بکەرانی چەپەڵ لەبەر ئەوەی نیازیان خراپ بوو، بەوە نەوەستان، ئەوەبوو ١١ گوندی کوردانی

(١) جەمال نەبەز، کورد و شۆڕشەکانی....، ل٢٣٤.
(٢) کاوە نادر، کەندێناوە لە نێوان ڕاگواستن و بەعەرەبکردندا....، ل٤٩: غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان....، ٣٣، هەروەها شایەتحاڵ "ئیسماعیل عبدالوەهاب دارەخورمایی پشتڕاستی ئەو کارەساتە دەکاتەوە..

ئێزیدییان لە سەر سنوری سوریا بە تەواوی چۆڵ کرد و خەڵکەکەیان ڕاگواست. لە قۆناغی داهاتوودا ١٣٢ گوندی ئەو توێژەی کوردییان ڕاگواست و لە ١١ کۆمەڵگەی زۆرەملێ نیشتەجێیان کردن. تاوەکو ساڵی ١٩٦٥ چوارسەت ناوچەی نشینگەیان "مستوگنات" بۆ عەرەبی هاوردە لەسەر خاکی کوردان لە نێوان شەنگال و حەزەر دروست کرد[1]. بەعس چاک دەیزانی کە ئێزیدییەکان ڕیشە و نەژادی کوردن، هەر بۆیە هەمان کرداری لەگەڵ ئەنجام دان، وەک ئەوەی لەگەڵ هەموو کوردێکی موسوڵمان ئەنجام دەدرا. جێگەی داخە کە لە ڕۆژانی ئەمڕۆماندا ئەو ڕاستییانە تا ڕاددەیەکی زۆر لە کوردانی ئێزیدی شاراوەن و تا ئێستاش چەواشەی بەعس ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەریان هەیە. دەبێت بیری برایانی کوردمان لە ئێزیدییەکان بهێنینەوە کە خوێنی ئێمە پێکەوە و لەسەر هەمان هۆکار ڕژاوە.

دوای ساڵی ١٩٦٥ حکومەتی بەعسی عەبدولسەلام عارف سیاسەتی خاکی سووتاو پەیڕەو دەکات، واتا سوپای عێراق و حەرەس قەومی هەموو شتێک لە پاش خۆی بسوتێنێت. ئەوەبوو ڕابەری کورد مستەفا بارزانی نامەیەکی هۆشداری بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان نارد و داوای ناردنی لیژنەی لێکردن تاوەکو بێن و ببینن چۆن کورد بووەتە نێچیری دەست بێویژدانترین تاقمی دەسەڵاتدار لە بەغدا. لە نامەکەدا ئاماژەی بە ژمارەی گوندی سوتێنراو و خەڵکی دەربەدەر و شەهید و بریندار کردبوو. ئەمە لە کاتێکدا کە پێشمەرگەکانی شۆڕش لە هەموو بەرەکانی جەنگ زاڵ بوون بەسەر سوپای عێراق، ئەوە سەرەڕای هەبوونی ئەو جیاوازییە گەورەی چەک و تەقەمەنی نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان. حکومەتی بەغدا وەکو لە بەشەکانی پێشوو ئاماژەمان پێدا، هەر کاتێک لاواز بووبێت، داوای ئاشتی لە کورد کردووە تا ئەو ساتەی جێپێی خۆی قایم کردووە، دووبارە هەڵساوەتەوە و پەلاماری کوردستانی داوە.

لە ساڵی ١٩٦٦ باڵی جەلال تاڵەبانی دەچنە بەغدا و لەگەڵ بەعسییەکان پێکدێن، بە گوتەی خۆیان بەو ڕێککەوتنە دەگەنە ئامانج و ئەنجام، لەوێشەوە ئۆباڵی هەموو کارەساتێکیان خستەسەر شانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و

(١) هەمان سەرچاوە.

خودی مستەفا بارزانی. بەڵام هەڵەیەکی مێژوویی کوشندەیان کرد. چونکە بەعسییەکان بەردەوام بوون لە سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن. لەو ماوەیە تاوەکو کودەتای بەعسی دووەم لە ساڵی ١٩٦٨، ژمارەی گوندانی بەعەرەبکراو لە کەرکووک و دوبز گەیشتە ٢٢٠ گوند و ٢٥ گوندی دیکە لە قەراج و دواتریش پەڕینەوە سەر ناوچەکانی شوان و شێخ بزێنیش، ئەوانیشیان بەعەرەبکرد[1].

(١) کاوە نادر، کۆڵۆنیالیزمی عێراقی و ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی باشوری کوردستان، گۆڤاری سەربەخۆبوون، ژمارە هەشت و هەفت، ل ٣: غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان...، ل٣٦.

## بەعەرەبکردن لە عێراقی کۆماری - سەردەمی بەعسی دووەم

ئەم قۆناغەی حوکمڕانی عێراق بە خوێنڕێژترین سەردەم دەژمێردرێت لە ماوەی سەت ساڵ تەمەنی ئەو وڵاتە لە دژی کورد، ئەوەش دوای ئەوەی گروپێکی دیکەی بەعس بە فەرماندەیی ئەحمەد حەسەن بەکر کودەتایەکیان بەسەر عەبدولڕەحمان عارفی برای عەبدولسەلام عارف کرد و ناردیانە دەرەوەی وڵات. لایەنگرانی بەعس بێ ئەوەی هیچ لەمپەرێکیان بێتە پێشەوە، دەستیان بەسەر دەزگا سەربازی و حکومییەکانی عێراق گرت. دەسەڵاتی بەعسی دووەم لە ساڵی ١٩٦٨ دەست پێدەکات تا دەگاتە ٢٠٠٣، واتا ٣٥ ساڵ سەرکوتکردن و ڕاوەدونان و ڕاگواستن و کۆمەڵکوژیی. لە ماوەی ٢٣ ساڵ دا، واتا لە نێوان ١٩٦٨ تاوەکو ١٩٩١ بەعەرەبکردن و کۆمەڵکوژیکردنی کوردان بەردەوام بوو، دوای ١٩٩١ دۆخەکە گۆڕانی زۆری بەسەرداهات، بەڵام لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی ئازادکراو، واتا کەرکووک و خانەقین و مووسڵ، بەعەرەبکردن هەر بەردەوام بوو.

بەعسییەکان وەکو پێشینەکانی خۆیان پێویستیان بەوە هەبوو جارێ کورد دەستخەڕۆ بکەن و بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکانیان پێ بدەن. یەکەم داوای کورد و سەرکردەی شۆڕش مستەفا بارزانی ڕاگرتنی سیاسەتی ڕاگواستن و تێکدانی گوندی کورد بوو. دۆخی سەربازی سوپای عێراق ئەوەی دەخواست کە جارێ لایەنەکان هێور بکەنەوە، تا ئەو کاتەی حزبی بەعس و خودی سەدام خۆیان ڕێکدەخەن بۆ هاوکاری سەربازیی و دۆستێکی دەرەکی دەدۆزنەوە.

لە ساڵی ١٩٦٨ پڕۆسەی بەعەرەبکردن ژمارەیەکی دیکەی گوندەکانی دەوروبەری کەرکووکی گرتەوە، کە ١٣ گوند بوون لەوانە: سۆنە گولی، یاروەلی، هەنجیرە، قوتان، قوشقایە، شوڕاو، باجوان. گوندەکانی دۆبزیش کەوتنە بەر هەمان شاڵاو، لە لایەن سەرۆکهۆزێکی بەدو بەناوی عواس سەدید سەرپەرشتی دەکران[١]. سەدام و بەعس لە ڕێککەوتننامەی ئادار بەڵێنی درۆیینیان دا بۆ

(١) نوري الطالباني، منطقة كركوك و محاولات تغيير واقعها القومي، لندن ١٩٩٥، ص ٥٦-٥٧: غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان....، ل ٣٦.

جێبەجێکردنــی خواســتەکانی کــورد، لــە پێــش هەموویــان گەڕاندنــەوەی کوردانــی ئــاوارە بــۆ ســەری زێــدی خۆیــان و دەرکردنــی عەرەبــی هــاوردە بــۆ شــوێنەکانی پێشــووی خۆیــان. بارزانــی پێداگــری دەکات لەســەر کەرکــووک و ناوچــە داگیرکــراوەکان. بەعــس و ســەدام بەڵێنــی گــەورە دەدەن بــۆ جێبەجێکردنــی خاڵەکانــی ڕێککەوتنەکــە، بــەڵام بــە گوتــەی خۆیــان پێویســتیان بــەکات هەیــە و گوایــا حکومەتــی عێــراق پێویســتی بــە چارەســەرکردنی کێشــە ناوخۆییــەکان و دەرەکییەکانــی هەیــە. بەعــس بــۆ ماوەیەکــی کاتــی دەســتی هەڵگــرت لــە عەرەبانــدن و دەرکردنــی کــورد لــە ناوچەکانــی ئاماژەپێــدراو. ئــەوە بــوو چــوار ســاڵیان دانــا بۆئــەوەی ڕێککەوتنەکــە بخەنــە واری جێبەجێکردنــەوە.

هــەر ئەوەنــدەی حکومەتــی بەغــدای بەعســی لێکتێگەیشــتنی لەگــەڵ ڕوســیای ســۆڤیەتی واژووکــرد، خــودی ســەدام دووجــار ســەردانی مۆســکۆی کــرد، ئیــتر لوتیــان لەبەرانبــەر کــورد بەرزکــرد و هەمــان سیاســەتی بێــزراو و ڤێزەونــی ڕەگەزپەرســتانەیان دەســت پێکــردەوە. لــە ســاڵی ١٩٧٤ شــەڕ دووبــارە خرایــەوە نــاو ماڵــی کــورد، ســوپای عێراقــی بەعســی هەمــوو هێــزی خــۆی بەرانبــەر کــورد جوڵانــد. ســەدام ڕێککەوتننامــەی جەزائیــری واژوو کــرد و گەلــی کــورد بــە تەنیــا جێهێڵــرا.

پلانــی ئەوجــارە درێژخایــەن و تۆکمەتربــوو. کوردانــی فەیلــی پێشــبەند بــوون لــە پڕۆســەی ڕاگواســتن و کوشــتوبڕی، چونکــە ئــەوان لــە ڕووبەرێکــی گــەورە و دەوڵەمەنــد لــە بەغــدا و دەوروبــەری و خانەقیــن و مەندەلــی و بــەدرە و جەســسان و هتــد، نیشــتەجێ بــوون. دەبێــت ئامــاژە بــەوە بدەیــن کــە کوردانــی فەیلــی لــە ســەردەمی زووتــر لــە لایــەن حکومەتــەوە بــە شــوێنکەوتەی ئێــران ناوزەنــد کرابــوون، ئــەوەش بــە پێــی یاســای ڕەگەزنامــەی عێراقــی بــۆ ســاڵی ١٩٢٥ مافــی هاوڵاتیبوونــی لێســەندبوونەوە. کوردانــی مــەردی فەیلــی نیشــتەجێی بەغــدا و دەوروبــەری و خانەقیــن و مەندەلــی، شــارەبان و بــەدرە و جەســسان و گوڵاڵــە و قەرەخــان و ســەعدییە و نەفتخانــە و قزانییــە و قزڵبــات بــوون، ئــەوان گرنگتریــن و دەوڵەمەندتریــن خاکیــان لەژێــر پێیــەکان بــوو. هــەر بۆیــە حکومەتــی عێــراق زوو بناغەیەکــی دانــا بــۆ

لـە ڕەگ و ڕیشـە هەڵتەکاندنیـان[١]. عـارف قوربانـی توێـژەری بـواری جینۆسـاید و بەعەرەبکردنـی کوردسـتان دەڵێـت: لـە سـاڵی ١٩٧١ حکومەتـی بەعسـی فەرمانـڕەوای عێـراق ٤٠ هـەزار ماڵباتـی کـوردی فەیلـی کـە ژمارەیـان ١٨٠ هـەزار کـەس دەبـوو ئاودیـوی ئێـران کـرد و دەسـتی بەسـەر مـاڵ و سـامان و خانوویـان داگـرت[٢]. کوردانـی فەیلـی لـە دوو سـەرەوە بەدبەخـت بـوون، لـە لایەکـەوە کـورد بـوون، لـە لایەکـی تـر سـەر بـە مەزهەبـی شـیعە بـوون. سـەیر لەوەیـە، ئـەوان زێـتر خەریکـی کاری بازرگانـی و کاری پیشـەیی بـوون و دوور بـوون لـە سیاسـەت، بـەڵام بەعسـی سـەدام نیـازی ئـەوە بـوو خـۆی و ئەندامانـی حزبـە نەگریسـەکەی لەسـەر ئەژمـاری ئـەوان دەوڵەمەنـد بـکات و بەشـێکی گرنگـی نەتـەوەی کوردیـش لەنـاو ببـات، کـە یەکێکـە لـە ئامانجـە سـەرەکییەکانی. بۆیـە بـە شـوێنکەوتەی ئێرانـی لەقەڵەمـدان و هەزارانـی لـێ ڕاگواسـتن و سـەدان لاو و گەنجـی شـوێنبزر کـرد و دەسـتی بەسـەر مـاڵ و سـامانیاندا گـرت.

قۆناغـی دووەمـی ڕاگواسـتنی کوردانـی فەیلـی لـە سـاڵی ١٩٨٠ ئەنجامـدرا. ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش لـە ڕێکەوتـی ٧ی ئایـاری ١٩٨٠ لـە سـەر پرسـی کوردانـی فەیلـی بڕیـاری ٦٦٦ دەردەکات. سـەرچاوەکان ئامـاژە دەدەن بـە ژمارەیەکـی سەرسـوڕهێن کـە حکومەتـی بەعـس بڕیـاری دا ڕەگەزنامـەی عێراقییـان لـێ بسـێنێتەوە و بـەرەو ئێـران دەربەدەریـان بـکات. هەنـدێ سـەرچاوە ئامـاژە بـە پێنجسـەد هـەزار دەدەن، بـەڵام ئـەوەی زێـتر لەبـەر دەسـت دایـە بریتیـە لـە سێسـەد هـەزار کـەس، لـە نێویشـیان ١٥ هـەزار گەنـج و خـۆرت کـوژران و بـێ سەروشـوێن کـران. جێگـەی باسـە، ئـەم توێـژەی کـورد، پێکهاتبـوون لـە هـەزاران ماڵباتـی خـاوەن کار و بازرگانـی، سـەدان ئەندازیـار و پزیشـک و پیشـەکار. حکومەتـی بەعـس بـەو کارەی برینێکـی گـەورەی خسـتە لاشـەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی نەتـەوەی کـورد لـەو بەشـەی

(١) غـەفور مەخـموری، بەعەرەبکردنـی کوردسـتان...، ل ٢٨، خلیـل اسـماعیل محـمد، مؤشرات سیاسـه التعریـب....ص ١٨.
(٢) تەهـا سـلێمان، جینۆسـایدی گەلـی کـورد، پشـکنین، ئامـارو زانیـاری، دۆکومێنـت، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی بینایـی، هەولێـر ٢٠١٤، ل ٣٢.

کوردســتان[١]. لەجێــگای کــوردی دەربەدەریــش، وەک پیشــەی هەمیشــەیی، ســەدان خێزانــی عەرەبــی هێنایــە ســەر مــاڵ و موڵکیــان و هەمــوو زەوی و ســامانەکانی بەنــاوی هــۆزە عەرەبییــەکان کــرد.

(1) Awara Hussein, Genocide and The Declaration and Independent Country, Jamal Erfan Culural Organization, Slemani 2014, p. 50.

## سەردەمی قڕکردنی سەرتاسەری

مەحمود عوسمان سیاسەتوانی دیاری کوردستان لە دیمانەیەک دەڵێت: ”ڕژێمی سەدام بەنیاز بوو ڕەگەزی کورد لە عێراق نەهێڵێت، گوند بە گوند و شار بە شاری کوردستان بەعەرەب بکات و کوردەکانیش یان ئاوارە بکات و یانیش بەکۆمەڵ بکوژێت“. بۆ گەلی کورد هیچ تروسکاییەک نەمابوو ئیتر. زۆر دەبیستین جاشەکان و نەوەکانیان قسەیەکی نامەردانە دووبارە دەکەنەوە، گوایا سەدام هەر مەبەستی لەناوبردنی پێشمەرگە بووە و هیچ کێشەی لەگەڵ کورد نەبووە. بەشێکی دیکەش لە خەڵکی کەمزان و بەسەزمان هەمان قسە دووبارە دەکەنەوە. ئەوەش داخێکی زۆر هەڵدەگرێت، کە گەلی ئێمە تا ئەو ڕاددەیە ناهۆشیار بێت لە ئاست ئەو هەموو مەرگەساتەی کە بەسەر گەلەکەی خۆی هاتووە و پەی بەوە نەبات، ئەو هەموو بەعەرەبکردن و ڕاگواستن و کیمیابارانکردن و سوتاندنی تەڕ و ووشکی کوردستان، تەنها مەبەست لێی لەناوبردنی گەل و نەتەوەی کورد بووە. بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە جاشەکان و نەوەکانیان مەبەستیان لەو جۆرە قسەلۆکانە پاساو هێنانەوەیە بۆ ناپاکی و خیانەتیان لە لایەک و ترسنۆکییان لە لایەکی ترەوە.

لە ساڵی ١٩٧٥ و ١٩٧٨ حکومەتی عێراق دوو بڕیاری مەترسیدار دەردەکات بۆ ئەنجامدانی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن، ئەنجا نیشتەجێکردنیان لە ئۆردوگای زۆرەملێ، کە حکومەت ناوی نابوون ”گوندی هاوچەرخ“. بڕیاری یەکەم ژمارە ٧٩٥ی ساڵی ١٩٧٥ لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قیادە الثورة) و بڕیاری دووەمیش ژمارە ٣٥٨ لە ساڵی ١٩٧٨ لە هەمان ئەنجومەنەوە. ڕژێمی بەعس بڕیارەکانی لە هیچ دەستور و یاسایەکی مرۆیی و نێودەوڵەتییەوە سەرچاوە نەگرتبوو، بەڵکو لە گیانێکی ڕقئامێز و ڕەگەزپەرستانەی دەستەیەک لە چەتە و چەقۆکێشی سەرجادەکان سەرچاوەی گرتبوو کە دەبنە بەڵا و کارەسات بۆ سەر گیانی هەزاران مەردومی بێ تاوانی کورد.

دوای دەرچوونی بڕیارەکان، پەلامارەکان بۆ سەر گوندەکانی کەندیناوە و باکوور و ڕۆژئاوای مووسڵ دەستی پێکرد. لەو ساڵەدا چەندین گوندی وەکو: جاستان، دەربەندی گۆم، سەربەشاخ، پەلکانە، عەولا فات، دەربەندی سارەلوو، خاپوورکران. لە باکووری

مووسڵیش دەستکرا بە پڕۆژەی دروستکردنی "بەنداوی سەدام" و تیایدا ٦٠ گوندی کورد کەوتە ژێر ئاوەوە. حکومەتی بەغدا گوندەکانی دەوروبەری تەلەعفەری ڕاگواست و ٣٨ گوندی لە دەڤەری شێخان بەعەرەبکرد و زەوی و زارەکەشی بەدیاری بەخشیە هۆزەکانی حەدید و لهێب. لەناو خودی شاری شەنگال، ٦ گەڕەکی کوردی وێرانکران بەناوەکانی برج، کەلا، بەرسی، بەربەڕۆژ، کۆرا ستی، سەرا. هەروەها گوندەکانی دەوروپشتی شەنگالیش ناوەکانیان کرایە عەرەبی وەکو ئەوانە: گۆهبەل دەکرێتە الأندلس، زۆراڤا دەکرێتە العروبە، دووگور دەکرێتە حطین، خانەسۆر دەکرێتە التأمیم، دهۆلا دەکرێتە القادسیە، گرزەرک دەکرێتە عدنانیە و هتد[1].

لە ساڵی ١٩٧٦ بەولاوە بەعس بڕیاری نەهێشتنی کورد دەدات بە هەموو شێوەیەک کە لە توانا دا بێت، بە مەرجێک جیهان لێی ئاگادار نەبێت و بەشێوەیەکی ئەوهاش نەبێت کە کار بکاتە سەر دۆخی ئابووری و سیاسی وواڵت. حکومەتی بەعس پێنج ساڵی دانابوو بۆ ئەنجامدانی پلانەکانی پاکتاوی نەژادیی بەرانبەر گەلی کورد. وەکو پێشتر ئاماژە درا، سەرەتا بە ناوچە دەوڵەمەند و نەوتییەکانی کەرکووک و خانەقین و مەندەلی و مووسڵ دەستی پێکرد. ئەو ناوچەیە دوای ئەو هەموو بەعەرەبکردن و ڕاگواستنە، هێشتا زۆرینە تیایدا خەڵکی کورد بوون. هەر لە ساڵی ١٩٧٦ بەپێی فەرمانێکی کۆماری ژمارە ٤١ ناوی پارێزگای کەرکووکی گۆڕی بۆ "التأمیم" و بەگوێرەی هەمان فەرمان شارۆچکەی دوزخورماتوشی خستە سەر پارێزگای نوێی سەلاحەدین (تکریت)[2]. گوندی سەرگەڕان لە دیبەگە دابڕێنرا و خرایە سەر شارۆچکەی دوبز و ناوی نرا ناحیەی قودس، دواتر گوندی سەربەشاخ و ٢٩ گوندی تر خرانە سەر سەرگەڕان، گوندی پەلکانە و ٢٦ گوندی دیکەی دیبەگە خرانە سەر کەرکووک و هۆزی عەرەبی شەممەری هاتە سەر. ئەوجارە هۆزی عەرەبی جبور هێنرایە سەر گوندەکانی کە پێشتر تێکدرابوون لەوانە جاستان، دەربەند، سەربەشاخ، پەلکانە، عەوڵا فات، سارەلو، شەنەعە، دڕکەی گەورە،

(١) غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان...، ل ٤٠، بەپشت بەستن بە: أبو رۆژ، نبذە تأریخیە حول قصبە عین سفني – الشیخان، مجلە لالش، العدد ١٢ – کانون الثاني ٢٠٠٠، ص ١٤٠.

(٢) غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان...، ل ٤١: بەپشت بەستن بە: وریا الجاف، کرکوک دراسە سیاسیە اجتماعیە، مطبعة وزارە الثقافة، ص ١٥٦.

دڕکەی گچکە، چەرت، گێسمە، گەزوەشان، گڕاو، تەل هەلالە[١].

پێشتر ئاماژەمان دا کە حکومەتی عێراق لەگەڵ تورکیا لە ساڵی ١٩٧٧ڕێککەوتنی کردبوو لەسەر کۆنترۆڵ کردنی سنورەکان و چۆڵکردنی گوندەکان بە ڕووبەری ٣٠ کیلۆمەتر. هەر لەو ساڵەدا سەرژمێری کرا و ڕژێمی بەعس کوردانی ئێزیدی و شەبەک و ئاشورییەکانی بە عەرەب ناونوس کرد[٢]. لە لایەک بەعەرەب ناونووسی دەکردن و لە لایەکیش گوندەکانی لێ تێکدەدان. عەرەبی شۆڤینی بەعسی پێی وابوو دەبێت کورد لە ڕەگ و ڕیشەوە دەربهێنێت.

لە ساڵی ١٩٧٤ تاوەکو ساڵی ١٩٧٩ لە ڕۆژئاوای مووسڵ، ٧٠ هەزار کوردی ئێزیدی و موسوڵمان ڕاگوێزران و لە ١١ ئۆردوگای زۆرەملێ نیشتەجێ کران، بەم شێوەیەش ناوچەکە بە تەواوی کرایە ناوچەیەکی عەرەبی. لە ساڵی ١٩٧٤ - ١٩٧٥ سەد و سی و هەفت (١٣٧) گوندی ئێزیدییەکان بەعەرەبکرا، لە ساڵی ١٩٧٥ وەک پێشتر باسمان کرد، چەند گەرەکێک لەناو شاری شەنگال تەخت کران، لە هەمان ساڵدا گرێبەستی ٤١٣ جوتیاری کوردی ئێزیدی و موسوڵمان هەڵوەشێنرایەوە بە دیاری پێشکەشی هۆزە عەرەبەکان کران. لە شێخان لە ساڵی ١٩٧٥ لە کۆی ١٨٢ گوند، ١٤٧ گوندیان بە زەبری هێز چۆڵکران لە کورد، لە بەرانبەردا ٦٤ گوند تەسلیمی هۆزە عەرەبەکان کرا[٣]. شایانی باسە لە هەردوو سەرژمێری ١٩٧٧ و ١٩٨٧ کوردانی ئێزیدی و بەشێکی زۆری کوردانی کەرکووک ناچارکران خۆیان بە عەرەب ناونوس بکەن، ئەوەش بۆ شێواندنی دۆخی دیمۆگرافیای ناوچەکە. هەر لە ساڵی ١٩٧٧ دوانزە گوندی کریستیانەکان لە سنوری بادینان لەگەڵ زەوی تەخت کران.

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(٢) جەزا تۆفیق تالیب، پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە ٢، مایسی ١٩٩٩، ل ٩: غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی....، ل ٤١.

(3) Eva Savelsberg, Siamend Hajo, Irene Dulz. “Effectively Urbanized - Yezidis in the Collective Towns of Sheikhan and Sinjar”. Etudes rurales 2010/2 (n .186). Farouk-Sluglett، M.(July–September 1984).”Not Quite Armageddon: Impact of the War on Iraq”. Rimki Basu (2012). International Politics: Concepts, Theories and Issues. p. 103. Francis Kofi Abiew, The Evolution of the Doctrine and Practice of Humanitarian Intervention, 1991, p. 146. UNAMI, “Disputed Internal Boundaries: Sheikhan district”, Volume 1, 2009, pp. 2–3.

پرۆسەی لەناوبردن و ڕاگواستنی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ تا ١٩٧٨ لە خشتەیەکدا دەخەینەڕوو. ئەو گوند و دێهاتە تێکدراوانە ئەو ناوچانەی گرتەوە: لە سلێمانی گوندەکانی نزیکی هەڵەبجە، پێنجوین، شارباژێر، پشدەر. لە پارێزگای دهۆک: گوندەکانی ئامێدی و زاخۆ. لە پارێزگای هەولێر: گوندەکانی چۆمان، ڕواندز، زێبار.

**خشتەی ٢**

ژمارەی گوند و خەڵکی ڕاگوێزراوی کورد لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ – ١٩٧٨

| ستان/پارێزگا | ژمارەی گوندی تێکدراو | ژمارەی خەڵکی دەربەدەر یان ڕاگوێزراو | ژمارەی ئۆردوگا لە هەر ستانێک |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٥١٧ | ١٨٥٩٩ | ٢٩ |
| دهۆک | ٢٠٧ | ٧٨٢٨ | ١٤ |
| هەولێر | ١٤٨ | ٤٣٨٧ (تەنها ژمارەی خەڵکی ١٣٢ گوند زانراوە) | ١٦ |
| سەرجەم | ٨٧٢ | ٣٠٨١٤ | ٥٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان، بەعەرەبکردن-مەترسییەکانی-بەرەنگاربوونەوە، چاپی سێهەم، هەولێر ٢٠١٠، ل٤٢.

لە ساڵی ١٩٧٩ پرۆسەی بەعەرەبکردنی دەگاتە ناوەڕاستی شاری کەرکووک، لەگەڵ دەرکردنی هەر چینێکی خەڵکی کورد و کرێکارانی کورد لە ناوچە گرنگ و پیشەسازییەکانی نەوت، حکومەتی عێراق ژمارەیەکی زۆری عەرەبی دەهێنایە جێگایان. ئەوەش لە خشتەیەکدا دەخەینەڕوو. بڕیاری ڕاگواستن بە پلەی یەک لەو کوردانە دەستی پێکرد کە کرێکاری کارگەی گۆگرد و پیشەسازی نەوت بوون لە کەرکووک و دەوروبەری. مایەی سەرەنجدانە، کە ئەو ناوچەیە تا دەگاتە شاری هەولێر، جگە لە سامانی نەفت، دەوڵەمەندە بە گۆگرد.

**خشتەی ٣**

ژمارەی خانوی دروستکراو بۆ عەرەبی هاوردە لە ساڵی ١٩٧٩ لە شاری کەرکووک و ڕێگاکانی دەوروبەری

| گەڕەک | ژمارەی خانوی دروستکراو بۆ عەرەبی هاوردە |
|---|---|
| كركوك الجديده | ٢٠٠٠-٤٠٠٠ |
| عەرەفە | ١٠٠٠ |
| تسعين | ٨٠٠ |
| ڕێگای بەغدا | ١٢٠٠ |
| حي غرناگە | ١٦٠٠ |
| ڕێگای لەیلان | ١٠٠٠ |
| حي العروبە | ١٥٠٠ |
| حي الوحدە | ٣٠٠ |
| دور الأمن | ٢٢٠ |
| دور الضباط الصف | ١٠٠ |
| حي قتيبيە | ٧٥٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان، بەعەرەبکردن-مەترسییەکانی-بەرەنگاربوونەوە، چاپی سێهەم، هەولێر ٢٠١٠، ل٤٣.

لە ساڵی ١٩٨٠ ڕژێمی سەدام پەلاماری ئێران دەدات، بەمەش جەنگێکی خوێناوی بەرپا دەبێت کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەردەوام دەبێت. جەنگی عێراق و ئێران دەبێتە مایەی مەرگەساتی زۆر بۆ گەلی کورد، دەرفەتێک بۆ ڕژێمی بەعس دەستەبەر دەکات بۆئەوەی لە تەمومژاویی جەنگدا کۆمەڵکوژییەکان بە ئاسانی بزربکات یانیش بیانداتە پاڵ وڵاتی ئێران. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی جەنگ، پاساوی جۆراوجۆر بەخۆی دەدات تاوەکو پاکتاوی نەژادیی دژی گەلی کورد ئەنجام بدات. ئەوەش کە مەترسییەکان قوڵتر دەکاتەوە ئەوەیە وڵاتانی ڕۆژئاوا پشتیوانی سەدام دەکەن بەهۆی دوژمنایەتیان بۆ ڕژێمی تازەی ئێرانی دامەزراو لە لایەن خومێنییەوە.

لە ڕێکەوتی ١١ی ئەپریل/نیسانی ١٩٨١ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قیادە الثورة) بڕیاری ژمارە ٤٨٩ دەردەکات سەبارەت بە داگیرکردنی زەوی و زاری کورد لە خانەقین و دەوروبەری کە پێشتر لە چەندین هەڵمەت ڕاگوێزرابوون. لە ساڵی ١٩٨٢ هەردوو گوندی حاجی شێخان و لاوەر خاپوور کران و باخ و بێستانەکانی ڕادەستی هۆزی عەرەبی هاوردە کرا. لە ساڵی ١٩٨٣ ڕژێمی بەعسی عێراقی دووبارە ڕێککەوتنێکی دیکەی لەگەڵ حکومەتی تورکیا واژوو کرد بە مەبەستی ڕێگەپێدان بۆ بەزاندنی سنوری یەکتری و هاتنە ناوەوەی سوپای هەردوو وڵات بۆ ڕاوەدوونانی شۆڕشگێڕانی کورد[1].

(١) غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان....، ل٤٥.

## کۆمەڵکوژیی بارزانییەکان

دەڤەری بارزان لانکی هەڵقوڵانی شۆڕشی نوێی گەلی کوردە. لانکەی پیاوانی مەزنی وەکو شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ ئەحمەدی برای و ڕابەری مەزن مستەفا بارزانییە. ئەو ماڵباتە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە ویستی خۆسەریی سەربەخۆیان هەبووە و لە شاڵاوەکانی دژی ئەرمەنەکان هاوکاریی لێقەوماوانیان کردووە. دواتریش لەعێراقی دەستکردنی بەریتانی، بەهیچ شێوەیەک قبوڵیان نەبووە هۆزی عەرەبی ناشارستان دەسەڵاتیان بەسەردا بسەپێنن لەوەشەوە پشتیوانی شێخ مەحمودی نەمریان کردووە. دواتریش خۆیان جڵەوی هەستانەوەی نەتەوەی کوردیان لە ئەستۆ گرتووە و بە درێژایی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو بوونەتە چقڵی چاوی دوژمنان لە ڕژێمە یەک لەدوای یەکە داگیرکەرەکانی بەغدا. بە گەواهی شارەزایانی ئەوڕوپایی و عەرەبی، ئەوە ماڵباتی مستەفا بارزانی بوو کە دژی تاکڕەوی عەرەبی بەغدا هەستانەوە و گوتیان نا بۆ زۆرداری و ژێردەستەیی. ئەوەش بێ قوربانی دان نەبوو. ئەوەتا هەر لە ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ بارزانییەکان دەربەدەر بوون و ماڵ و سامانیان سوتێنرا، دواتریش پیاوانی مەزن بە ڕابەرایەتی مستەفا بارزانی بەرەو تاراوگە کۆچیان کرد. دوای گەڕانەوە بۆ کوردستان، دووبارە دەست دەکەنەوە بە شۆڕش و خەو لە چاوی دەسەڵاتی سەپێنراوی عێراقی لە بەغدا تاڵ دەکەن. لەبەر ئەوە بیری تۆڵەکردنەوە لێیان لە لایەن ڕژێمی بەعسی عەرەبی ببووە بەشێک لە پلانەکانی حکومەتی بەغدا.

جینۆسایدی بارزانییەکان لە سەر بنەمایەکی هاوشێوەی ئەوەی ئەڵمانییە نازییەکان کردیان بەرانبەر جووەکان هاتە ئەنجامدان. هەروەک توێژەر ڕاول هێلبێرگ Raul Hilberg مێژوونووسی ئاوسترییایی بەڕەگەز جوو، دەربارەی جینۆسایدی هۆلۆکۆست ئاماژەی پێدەدات[1]، کۆمەڵێکی پەرت و بڵاو بە سێ هەنگاوی سادە بەشێوەیەکی کاریگەر لەناو دەبرێن، ئەوانیش ئەو هەنگاوانەن:

دەستنیشان کردن – بەکۆمەڵ گرتن – پاکتاوکردن (لەناوبردن)

(1) Raul Hilberg, The Destruction of the European Jews, Holmes and Meier, New York 1985, p 267.

بەعسییەکان شارەزاییان پەیداکردبوو لە کۆمەڵکوژییەکانی ئەڵمانیای نازی دژی جووەکان و کۆمەڵکوژییەکانی تورکیای عوسمانی دژی ئەرمەنەکان و کوردەکان. بەعس پێی وابوو کەس ئاگاداری ئەو کارە قێزەونانە نابێت، چونکە لە لایەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنێکی داخراوە، لە لایەکی تریش هەموو ڕۆژئاوا پشتیوانی بەعس دەکات لە جەنگی دژ بە ئێران، و لە لایەکی دیکەش وەک چۆن کۆمەڵکوژی کورد و ئەرمەن بۆ تورکەکان چووە سەر، ئەوهاش بۆ بەعسییەکانی عێراق دەچێتە سەر و کەس لێپرسینەوەیان لەگەڵ ناکات. ئەنجامی سزانەدان ئەوەیە کە تاوانباران بە بەرزەکی بانان بۆی دەرباز دەبن.

ڕژێمی بەعسی عێراقی ڕقئامێز دەمێک بوو خۆی بۆ تۆڵەکردنەوە لە بارزانییەکان ئامادە کردبوو و لە دەرفەتێک دەگەڕا بۆ ئەنجام دانی پاکتاوییەک کە وێنەی نەبێت. دوای نسکۆی شۆڕش، لە ساڵی ١٩٧٥ حکومەتی بەعسی سەدام هۆزەکانی نزاری و بەڕۆژی نەفی کرد بۆ سنوری پارێزگای دیوانییە، لە ساڵی ١٩٧٨ هۆزەکانی مزوری و شێروانی و گەردی بۆ ئۆردوگاکانی بەحرکە و دیانا و هەریر و کۆرەتوو لە سنوری هەولێر ڕاگواست، لە ساڵی ١٩٨٢ دانیشتوانی شێروان مەزنی بۆ ئۆردوگای زۆرەملێ سێبیران ڕاگواست. نوکە دوای ئەوەی بارزانییەکان بە تەواوی کەوتنە ژێر وێزەی ڕژێمی داگیرکاری بەعس، ئەنجا فەرمانی کۆمەڵکوشتنیان درا. بەپێی سەرچاوەی توێژەر ”تەها سلێمان“ شاڵاوە کۆمەڵکوژییەکە بە چوار قۆناغ هاتە ئەنجام دان، کە وەکو خۆی لێرە دەیانگوازینەوە:

**قۆناغی یەکەم:** لە ٢٩ تاوەکو ٣٠ی تەموزی ١٩٨٣ کەسایەتییە دیارەکانی بارزانییەکان دەسگیرکران و بردران بەرەو نادیار.

**قۆناغی دووەم:** لە ٣١ی تەموزی ١٩٨٣ دەسگیرکردنی هەموو نێرینەکان لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی قودس و قادسیە.

**قۆناغی سێهەم:** لە ١٠ی ئابی ١٩٨٣ گرتنی هەموو نێرینەی بارزانییەکان لە ئۆردوگاکانی هەریر و بەحرکە و دیانا.

**قۆناغی چوارەم:** ڕاوەدوونان و گرتنی ئەو بارزانییانەی کە بە جۆرێک توانیبوویان خۆیان ڕزگار بکەن.

سـەرەنجام هەموویـان کـە ژمارەیـان ٨٠٠٠ کەسـی بـێ تـاوان بـوو، برانـە بیابانـی "البوصـە الجنوبیـە" لـە باشـووری عێـراق، لـەوێ بەوپـەڕی نامرۆڤانـە زینـدە بەچـاڵ و کۆمەڵکـوژ کـران[١].

نموونەیەکـی مەرگەسـات لـە هــەزاران دەگێڕینــەوە لــە زاری ڕاپۆرتـی هیومـان ڕایتـس ووچــەوە. کاتێـک هێزەکانـی سـوپای عێراقـی پەلامـاری ئـۆردوگای قوشـتەپە دەدەن، بـەدوای هەمـوو نێرینەیـەک دەگەڕێـن کـە تەمەنیـان لـە ١٣ سـاڵ بەسـەرەوە بێـت. کاتێـک هەموویـان ڕاپێـچ دەکـەن، دایـکان بـە هـاوار و گریانـەوە قورئـان بـەرز دەکەنـەوە، ڕجایـان لـێ دەکـەن و دەپاڕێنـەوە کـە کوڕەکانیـان بەربـدەن، بـەڵام سـەربازان پاڵیـان پێـوە دەنێـن! دایکێکـی بارزانـی بـە گریانـەوە هـاوار دەکات و تـکا دەکات بـەس ئـەو تاقـە کـوڕە بچووکـەی بـۆ بهێڵنـەوە چونکـە نەخۆشـە و بـێ توانایـە. هـاوار دەکات و دەڵێـت: ئێـوە سـێ کـوڕی دیکەتـان بـردووم، بـۆ خاتـری خـوا تەنهـا ئەمـەم بـۆ جێبهێڵـن. سـەربازەکان پێـی دەڵێـن: ئەگـەر چیـتر لەسـەری بـڕۆی دەتکوژیـن. پاشـان بـە قۆنداخـی تفەنـگ لـە سـنگی دایکەکـە دەدەن و کوڕەکـەی دەبـەن. کوڕەکـە قوتابـی پێنجـی سـەرەتایی بـوو. ئـەدی دەبێـت چەنـد مەرگەسـاتی دیکـە ئەوهـا ڕوویدابێـت، کـە جگـە لـە خـودا کـەس ئـاگای لـێ نییـە!

(١) تـەهـا سلێـمان، جینۆسایدی گەلی کورد...، ل ٣٦-٣٨.

## پرۆسەی خاپوورکردن و ڕاگواستن پێش پەلاماری ئەنفال

شالاوەکانی سالانی ١٩٨٤ - ١٩٨٥ - ١٩٨٦ هێشتا پێش دەسپێکی ئەنفالی گەورەن. لەم سێ ساڵەدا بەشێوەی پچڕ پچڕ پرۆسەی ڕاگواستن ئەنجام دەدران، تا دواتر لە ساڵی ١٩٨٧ دەبێتە پلانێکی گشتگیر و سەرتاسەری قڕکردنی نەتەوەی کورد. فاشیزمی عەرەبی عێراقی لە ساڵی ١٩٨٥ لە دەشتی مەخمور زێتر لە ١٠ گوندی تێکدا، هەر لەو ساڵەدا فڕۆکە عێراقییەکان چەند بوکۆکەی یاری مندالانیان هەڵدایە ئامێدی کە مینڕێژ کرابوون، بەهۆیەوە دوو مندال شەهید بوون. هەر لەو ساڵەدا ڕژێمی عێراق ٧٧٦ قوتابخانەی لە کوردستان داخست و مندالانی کوردی بێبەش کرد لە خوێندن، کە ٢٠٨ قوتابخانە لە دهۆک، ٢٠٠ قوتابخانە لە هەولێر، لە کەرکووک و سلێمانی ٣٤٠ قوتابخانە بوون. تاوەکو ساڵی ١٩٨٧ لە سنوری شارۆچکەی مەخمور ١٤١ گوندی دیکە وێران کران. تەنها لە ساڵی ١٩٨٦ زێتر لە ١٨٩٥ گوند و شارۆچکەی کوردی درانە بەر شالاوی نەگریستی خاپوورکردن و بەعەرەبکردن، کە ژمارەی خێزانی ١٤٧٦ گوند زانراون کە دەکاتە ٨٤٨٧٧ خێزان، ژمارەکانی دیکە بە نەزانراوی ماونەتەوە. تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ ڕووبەری کوردستان بەرەو پوکانەوەی مەترسیدار چوو. ڕووبەری کوردستان بە نزیکەی ٩٠ - ٩٥ هەزار کم² دەخەمڵێنرێت، لەم ژمارەیە زێتر لە ٤٢ هەزار کم² بە تەواوی لە کوردستان دابڕێنرا و بەعەرەبکرا[1].

دەرفەتە لێرە ئاماژەبدەین بە جینۆسایدی گوندی زێوێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، کە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ببووە ئۆردوگایەک بۆ کوردی دەربەدەر و ئاوارە. ئەمە ئۆردوگایەک بوو لە نزیک گوندی زێوێ و دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لە لایەن حکومەتی ئێران و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دروستکرابوو. توێژەر تەها سلێمان دەڵێت ئەگەر بنەما و یاسا نێودەوڵەتییەکان ڕەچاوبکەین، ئەوا دەبێت کارەساتەکانی ئەو ئۆردوگایە وەکو جینۆساید لەقەڵەم بدەین، چونکە لە مێژووی دروستبوونییەوە تا کۆتایی جەنگ، چوارجار ڕووبەڕووی بۆردومانی هێزی ئاسمانی

(١) غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان....، ل ٤٥-٤٦.

عێراقـی بووەتـەوە. بۆردومانـی یەکـەم لـە سـاڵی ١٩٨١ لـە سـاتی دەسـپێکی جەنگـی نێـوان ئێـران و عێـراق، بۆردومانـی دووەم لـە ٦ی نیسـانی ١٩٨٥،کـە زیانـە گیانـی و ماددیەکانـی نازانرێـت. بۆردومانـی سـێهەم لـە ٩ی حوزەیرانـی ١٩٨٥ بـوو، فڕۆکـە عێراقییـەکان بێبەزەییانـە بۆمبایـان بـە سـەر خەڵکـی خێـر لەخـۆ نەدیـوو دابارانـد، کـە بـووە هـۆی شـەهید بوونـی ١٥٠ کـەس و زامداربوونـی ٣٧٣ کـەس، هەمـوو قوربانییەکانیـش خەڵکـی باشـووری کوردسـتان بـوون. بۆردومانـی چـوارەم لـە ١ی ئابـی ١٩٨٥ بـوو، بـێ ئـەوەی زیانـەکان بزانرێـت. شـایانی باسـە لـە هەمـوو بۆردومانـەکان، فڕۆکـە عێراقییـەکان بۆمبـی قەدەغەکـراوی ناپاڵمیـان بەکارهێنـاوە(١).

دەڤەرێکـی دیکـەی هەڵمەتەکانـی بەعەرەبکـردن و شـێواندنی دیمۆگرافیـا ، کـە کەمـتر باسـی لێـوە دەکرێـت، شـارۆچکەی مەخمـور و شـارەدێی دیبەگـە و گوێـڕ و دەشـتی کەندێنـاوە و قەراجـن. هـەر لـە سـەرەتای هاتنـی ڕژێمـی کۆماریـەوە ئـەو ناوچانـە کەتوونەتـە بـەر هەڵمەتـی بەعەرەبکـردن و ڕاگواسـتن. ڕژێمەکانـی عێـراق ئامانجیـان ئـەوە بـووە کەلێنێـک دروسـت بکـەن لـە نێـوان هەولێـر و کەرکـووک، تاوەکو ئـەم دوو شـارە لێـک دابـڕن. جێگـەی گومـان نییـە کـە شۆڕشـی کـورد لـە سـەرەتای سـەهەڵدانییەوە لـە مەڵبەنـدی بارزانـەوە بەڕێـگای هەولێـر کاریگـەری زۆری هەبـوو بـۆ سـەر کەرکـووک، بەغـداش دەیویسـت ئـەو نێوانـە بگرێـت و کۆنترۆڵـی بـکات.

هەڵمەتەکانـــی بەعەرەبکـــردن و ڕاگواســـتن لـــە دەڤـــەری مەخمـــور و قـــەراج و کەندێنـــاوە لـــە ســـاڵی ١٩٥٧ دەســـت پێدەکـــەن، ئەوســـا ٢٣٤ گونـــد چۆڵکـــران و ڕووخێـنران، لـە سـاڵی ١٩٧٧ دووسـەت و شـەش "٢٠٦" گونـد ڕوخێـنران، لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٨٥ - ١٩٨٧ لـە سـنوری شـارۆچکەی مەخمـور ١٤١ گونـد بـە تـەواوی ڕاگوێـزران و زەوییەکانیـش بـە عەرەبـی هـاوردە بەخـشران. ڕژێمـی بەعـس بەدرێژایـی حوکمڕانـی کردنـی، جگـە لـە تێکدانـی گونـدەکان، چەندیـن کۆمەڵـگای بـۆ عەرەبـی هـاوردە لـەو ناوچانـە دروسـت کـردووە و هەمـوو مەرجەکانـی ژیانـی بـۆ دەسـتەبەرکردوون. هـۆزە عەرەبییەکانـی وەکـو لهێـب و شـلیلە و شـێخ زێـدان

(١) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد...، ل ٧٧.

و سـەبعاوی و تـەی و شـەممەر و سـنبس و جومەیلـی و سـدید و جوالـە و دلێمـی و جبـوری و حەدیـد و نعێـم و موریدینـی هێنـاوە بـۆ سـەر خاکـی کـورد. لـە سـنوری شـارۆچکەی مەخمـور ١٨٥ هـەزار دۆنـم و لـە سـنوری شـارۆچکەی گوێـڕ ٣٠٢ هـەزار دۆنـم و لـە سـنوری قـەراج ٤٢٧ هـەزار دۆنـم کـە هەمـووی دەکاتـە ملیۆنێـک و سـەدو شێسـت و سـێ هـەزار (١١٦٣٠٠٠) دۆنـم زەوی کـوردان لـە لایـەن عەرەبـی هـاوردەوە داگیرکـراوە و بەناویـان کـراوە[١].

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧-٧٩.

## پەلاماری ئەنفال - جینۆسایدی سەرتاسەری گەلی کورد

وا دیاربـوو ڕژێمـی بەعسـی عەرەبـی بڕیـاری دابـوو نەتـەوەی بـێ پشـتیوان و بـێ ئەنـوای کـورد لـە ڕەگ و ڕیشـەوە دەربهێنێـت و پاکتـاوی نەژادیـی بـکات. هاوشـێوەی هۆڵۆکۆسـتی جـووەکان، گەلـی بەشـخوراو و بـێ کەسـی کـورد بـووە یەخسـیر بـە دەسـتی دڕندەتریـن و ناڕەسـەنترین چینـی دەسـەڵات لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و لـە مێـژووی مرۆڤایەتـی. جـووەکان دەڵێـن: "ئـەوەی دژی ئێمـە کـراوە، دژی هیـچ میللەتێـک و ڕەگەزێکـی تـر نەکـراوە، چونکـە گوناحـی ئێمـە شـتێک بـوو کـە لـە توانامـان نەبـوو بیگۆڕیـن، ئەویـش ئـەوە بـوو کـە ئێمـە "جـوو" بوویـن. "جووبـوون" وەکـو نەفرینێـک کـە ناتوانیـن خۆمانـی لـێ قوتـار بکەیـن". بـەڵام ئایـا ئـەوەی بەسـەر کـورد هێـنراوە هیچـی کەمـترە لـە هۆڵۆکۆسـت؟ خوێندنـەوەی مێـژووی سـەت سـاڵ سـتەم و زۆرداری لـە کـورد لـە باشـووری کوردسـتان پـەردە لەسـەر ئـەو ڕاسـتیە هەڵدەداتـەوە.

هۆڵۆکۆسـت پەیڤێکـی گریکـی کۆنـە لـە دوو بڕگـە پێکهاتـووە، کـە ئەوانـەن: - Holo Kautoo واتـا: "قوربانییەکـەم بـە تـەواوی دەسـوتێنم". سـوتاندنی خەڵکانێـک کـە مافـی ئەوەیـان نەبـووە گۆڕیـان هەبێـت، لە شـوێنێک کـە پێی گوتـراوە "گێهێننا". "گێـهـێـنـنـا" یـان دۆڵـی هیننـۆم Hinnom دەکەوێتـە قەراخـی شـاری ئۆرشـەلیم، دەرگایەکـی هەیـە بەنـاوی "هێرسـیت". هێرسـیت دەرگای چوونـە ژورەوە بـووە بـۆ گێهێننـا، تیایـدا ئـەو خەڵکانەیـان سـوتاندووە کـە مافـی هەبوونـی گـۆڕ و ئارامگایـان نەبـووە. ئاگر لەو شـوێنەدا نەکوژاوەتـەوە، بـەردەوام زبـڵ و مرۆڤـی تێدا سـوتێنراوە. گێهێننـا لـە ڕووی زمانەوانییـەوە، پەیڤێکـی عیبرییـە و لـە زمانـی عەرەبیـدا گـۆڕاوە بـۆ گەهەننـەم = جهنـم (دۆزەخ).

گەلـی کـورد ئەنفـال دەکرێـت و دەنێردرێـت بـۆ گێهێننـا لـە باشـووری عێـراق و لـە بیابانـە گەرمـەکان سـەدان هـەزار مرۆڤـی بـێ تاوانـی کـورد تەنانـەت مافـی ئەوەشـیان پـێ نادرێـت ئارامگایـان هەبێـت، وەک ئـەوەی مـرۆڤ نەبـن، دەدرێنـە بـەر دەسـتی کەسـانی "شـێوەمرۆ"ی دابـڕاو لـە مرۆڤایەتـی. لاشـەی هـەزاران کـورد تـوڕ دەدرێتـە بـەر دەمـی گـورگ و سـەگی بیابـان بۆئـەوەی ئاسـەواریان بـۆ هەمیشـە ڕەش بێتـەوە. سـەدام و ڕژێمـی فاشـیزمی بەعسـی دۆزەخـی ڕاسـتەقینە بـۆ گەلـی کـورد سـازدەکەن، کـە کیمیابـاران و

زیندەبەچاڵکردن لە بیابانەکان ئەدگاری زەقی ئەو مەرگەساتانە بوون.

لە ڕێکەوتی ٢٩ی ئاداری ١٩٨٧ تاوەکو ٢٣ی نیسانی ١٩٨٩ بە بڕیاری کۆماری ژمارە ١٦٠، سەدامی بەعسی دەسەڵاتی ڕەها و بێ لێپێچینەوە دەداتە عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای بۆ حوکمڕانی کردنی کوردستان. ئەوانەی ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان هەبوو لە شاڵاوەکەی ئەنفال بریتی بوون لە: فەیلەقەکانی یەک و پێنجی سوپای عێراق، بەڕێوەبەرێتی گشتی (مدیریه الأمن العامه)، دەزگای هەواڵگری (استخبارات)، هەروەها چەند دەستەیەک لە جاش. وەک ڕاپۆرتی هیومان ڕایتس وۆچ ئاماژە دەدات، شاڵاوەکە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدابوو: لەسێدارەدان و گوللەباران کردنی تاک و بەکۆمەڵ، بێسەروشوێن کردنی سەدان و هەزاران هاوڵاتی سڤیل (بێ چەک)، زۆرینە منداڵ و ژن و پیر. بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەشێوەیەکی بەرفراوان، لەوانەش گازی خەردەل، تابون، سارین، سیانید، VX. وێرانکردنی سەرجەم گوندەکان، تەخت کردن و خاپوورکردن. بەئامانج گرتنی شوێن و دەزگا شارستانەییەکان، وەکو مزگەفت، قوتابخانە، کڵێسا، نەخۆشخانە، بیری ئاو، کارەبا. تاڵانکردنی ماڵ و سامانی خەڵکی کورد لە لایەن سوپا و هێزە تایبەتەکانەوە. گرتنی هەڕەمەکی خەڵکی بێتاوان و ناوزەند کردنی گوند و دێهاتەکانیان وەکو ناوچەی قەدەغەکراو. دەسگیرکردن و ڕاگواستنی هەزاران ژن و منداڵ و برسیکردنیان. تێکدانی ماڵ و خانوو و هەڵتەکاندنیان لە ڕەگەوە، خاپوورکردنی سەرچاوەکانی ئاو و بناغەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیی(١).

لە ڕۆژی ٢٠ی یۆنیۆ/حوزەیرانی ١٩٨٧ عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە عەلی کیمیاوی، بڕیاری ژمارە ٤٠٠٨ دەردەکات سەبارەت بە وردەکاری ئەنجامدانی ئۆپەڕاسیۆنی ئەنفال دژی گەلی کورد. ئێمە لەو پەرتوکەماندا ناچینە ناو وردەکاری قۆناغەکان، بەڵکو ئاماژە بە گرنگترین پرسەکان دەدەین. بۆ زانیاری ورد بگەڕێوە سەر سەرچاوەکانی کە لە پەراوێز ئاماژەیان پێ دەدەین(٢).

---

(١) هیومان ڕایتس وۆچ/ میدڵ ئیست وۆچ، جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی: محمد حەمە ساڵح تۆفیق، چاپی سێهەم ٢٠١٣، ل ٥٢-٥٤.

(٢) هیومان ڕایتس وۆچ/ میدڵ ئیست وۆچ، جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی: محمد حەمە ساڵح تۆفیق، چاپی سێهەم ٢٠١٣. تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی

ئۆپەراسیۆنی ئەنفال بە گوێرەی سەرچاوەکانی توێژەرانی کورد بە هەشت قۆناغ ئەنجام درا، بەڵام نزار خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی ئەوسای سوپای عێراق دەڵێت پرۆسەکانی ئەنفال نۆ قۆناغ بوون. ئەنجا ئەو تاوانبارە نەگریسە بۆ پاککردنەوەی ئەستۆی خۆی، دەڵێت ئەنفالی یەک و دوو و سێ و نۆ (کۆتایی) ئێمە وەکو سوپا ئەنجامـمان دا، بەڵام ئەنفالی چوار هەتا هەشت، هێزی تایبەت ئەنجامی داوە بە فەرماندەیی عەلی حەسەن مەجید. ئاشکرای دەکات کە عەلی حەسەن مەجید کەسی کارە قورسەکان بوو و هەندێک دڵڕەق بوو، سەدام پشتی پێ دەبەست لە پرسە تەمومژاوی و قورسەکان. خەزرەجی بەم قسانە دەیەوێ خۆی لە کۆمەڵکوژییەکە بباتە دەر.

سوپای عێراق لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال بەشێوەیەکی پلان بۆدارێژراو، هەموو ئامرازێکی سەربازی بەکارهێنا. کوردستانی کردە هەشت ناوچە، کە لە نەخشەکاندا نمایشی دەکەین. فڕۆکەی میگ و سوخۆی، هێلیکۆپتەری سمتی و تانک و تۆپهاوێژ ئەرکیان بۆردومانی هەڕەمەکی و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بوو، بێ ئەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ لێک جیا بکەنەوە.

سەرەتای دەستپێکی جینۆسایدی سەرتاسەری بە ئەنفال و کیمیاباران لە ساڵی ١٩٨٧ دەستپێدەکات، کاتێ فڕۆکە عێراقییەکان ناوچەکانی بالیسان و شێخ وەسانان کیمیاباران دەکەن بۆ چەندین جار و لە ڕێگەی کامێراوە وێنەی دەگرن. ژمارەی شەهیدانی هێرشە کیمیاوییەکە بە تەواوی نازانرێت، بەڵام ژمارەکە لە نێوان ٣٥٠ – ٤٥٠ کەس دەبێت. ئەو ناوچانە لە ژمارەیەکی زۆر گوند پێک دێن. ڕژێمی بەعس چەندین پەلاماری کیمیاوی دەکاتە سەریان، لەوانە: ١٦ی ئاداری ١٩٨٧ کیمیابارانی شێخ وەسان و بالیسان و گوندەکانی کانی بەرد و باڵۆکاوە و زنجیرە چیای دەرە شێر و ناوچەکانی ساوسێکان. هێرشی کیمیاوی دووەم لە ٢١ی نیسانی ١٩٨٧ بۆ سەر بالیسان. هێرشی کیمیاوی سێهەم لە ٢٣ی ئایاری ١٩٨٧ بۆ سەر گوندەکانی

---

کورد، پشکنین، ئامار و زانیاری، دۆکومێنت، هەولێر ٢٠١٤.

Awara Hussein, Genocide and The Declaration and Independent Country, Jamal Erfan Culural Organization, Slemani 2014, p. 50.

کوڕە شێر، کەندول، بلێ. هێرشی کیمیایی چوارەم لە ٢٧ی ئایاری ١٩٨٧ بۆ سەر گوندەکانی مەلەکان، بلەی خواروو، بلەی سەروو، تارینان، دۆڵی سماقولی. دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر شەهید و بریندار دەبن، بریندارەکان دەهێنرێنە نەخۆشخانەی هەولێر، دواتر بە پاس دەبرێن بەرەو چارەنوسێکی نادیار. هێرشی کیمیاوی پێنجەم لە ٢ی تەموزی ١٩٨٨ بۆ سەر گوندەکانی سەروچاوە، سماقولی، گەناو، شارسینە، خەتێ، دەراش، بالیسان، نازەنین، گەروان. هێرشی کیمیاوی شەشەم لە ٣١ی تەموزی ١٩٨٨ دیسان بۆ سەر سماقولی، بالیسان، هیران. هێرشی کیمیاوی حەفتەم لە ٢٥ی ئابی ١٩٨٨ بۆ سەر گوندەکانی خەتێ، وەرێ و ڕواندوز.

## قۆناغەکانی ئەنفال و بەکۆمەڵبردن

**ئەنفالی یەکەم/** ٢٢ی شوبات تاوەکو ١٩ی ئاداری ١٩٨٨، ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و سەرگەڵو و بەرگەڵوی گرتەوە.

**ئەنفالی دووەم/** ٢٢ی ئادار تاکو ١ی نیسانی ١٩٨٨، ناوچەکانی بازیان لە سنوری چەمچەماڵ و قەرەداخی لە سنوری پارێزگای سلێمانی گرتەوە.

**ئەنفالی سێهەم/** ٧ تاوەکو ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨، ئەوەیان گەورەترین شاڵاوی ئەنفالە، تیایدا زۆرترین ژمارەی سەربازی و چەک و هێزی زەمینی و ئاسمانی بەکارهێنرا. دەشتی فراوانی گەرمیانی گرتەوە: سنوری جیۆگرافی لە بەشی باکورەوە ڕێگای چەمچەماڵ و کەرکوک، لە بەری ڕۆژئاواوە ڕێگای کەرکووک و خورماتووی گرتەوە، لای باشووریش هەرسێ ڕێگای شارەکانی کەلار و کفری و باوەنوری گرتەوە، لای ڕۆژهەڵاتیش زنجیرە چیاکانی قەرەداخی گرتەوە. ناوەندی هێرشەکە گوندی قادر کەرەم بوو، ئەنجا قۆڵەکانی نەوجوڵ و خورماتو، شێخ تەویل و باوەنور، سەرقەڵا و کفری، گوندی قوریچایی و کفری، سەنگاو و دەربەندیخانی گرتەوە.

**ئەنفالی چوارەم/** لە ٣ تاوەکو ٨ی ئایاری ١٩٨٨، ناوچەکانی سنوری کەرکووکی گرتەوە، لەوانە تەق تەق، ئاغجەلەر، شوان، قەرەهەنجیر، چەندین گوندی نێوان کۆیە و چەمچەماڵ.

**ئەنفالی پێنجەم و شەشەم و هەفتەم/** لە ١٥ی حوزەیران تاوەکو ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ بەردەوام بوو، بالیسان، هیران، نازەنین، شەقلاوە، خۆشناوەتی، ڕواندوز، چۆمان و سۆرانی گرتەوە. ئەو قۆناغە ماوەیەکی زۆری خایاند، بەهۆی هەلومەرجی شاخاوی ناوچەکە و بەرگری پێشمەرگە، پەلامارەکەی سوپای عێراق لەسەرخۆ بوو.

**ئەنفالی هەشتەم/** لە ڕێکەوتی ٢٦ی ئاب تاوەکو ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨. هەموو ناوچەکانی بادینان و دەوروبەری گرتەوە، زێتر لە ١٦٣ گوند بەر پەلامارەکە کەوتن، بەشێک لە خەڵکەکە توانیان بپەڕنەوە سنوری تورکیا و ئێران، ئەوانی تر هەموویان گیران و بێسەروشوێن کران. هەرچەندە ناو لەو قۆناغە نرا کۆتایی ئەنفال (خاتمە

الأنفال)، بەڵام ڕژێمی بەعس و سوپا داگیرکارەکەی بەردەوام بوون لە تێکدانی گوند و کوشتنی خەڵکی بێتاوانی لادێکان و لەسێدارەدانی گەنجانی بێ تاوان لە شارەکان.

تەنها لە چوارچێوەی ئەو هەشت شاڵاوەی ئەنفال بۆ کوردستان، ژمارەی ئەو گوند و شارۆچکە و شارەدێیانەی کە کەوتنە بەر پەلاماری ڕاستەوخۆ، بریتی بوون لە ٣٥٣٤ (سێ هەزار و پێنجسەد و سی و چوار) گوند لە هەر چوار پارێزگای کەرکووک و هەولێر و سلێمانی و دهۆک. ژمارەی قوربانیانی کورد لەو گوندانە بە ١٨٢ هەزار کەس دەخەمڵێنرێت. بەگوێرەی سەرچاوەگەلی دیکە ژمارەی کوردانی قڕکراو لە هەشت قۆناغی ئەنفال بە ٢٥٠ هەزار کەس دەخەمڵێنرێت. سەرجەم ژمارەی گوندی خاپوورکراو لە ساڵی ١٩٧٥ ەوە تاوەکو کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ دەگاتە زێتر لە ٥٠٠٠ گوند.

بۆ زێتر ڕوونکردنەوە و بەرچاوڕوونی خوێنەر، چەند نەخشەیەکی پەلامارەکان دەخەینەڕوو، کە لە پەرتوکی "ئەتڵەسی کوردستان، عێراق و جیهان" نەخشێنراوە و لە لایەن هەریەک لە توێژەران هاشم یاسین حەمەدئەمین حەداد، سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هۆشیار محەمەد ئەمین خۆشناو ئامادە کراوە. لە نەخشەکان وێرای نیشاندانی ناوچەکانی هەشت قۆناغەکەی ئەنفال، هەروەها ئۆردوگا زۆرەملێکانی نیشتەجێکردنی خەڵکی ڕاپێچراوی گوندەکان پێش ناردنیان بۆ بیابانی باشووری عێراق و نەخشەیەک کە دۆخێکی مەترسیدار نمایش دەکات، ئەویش هێشتنەوەی ئەو ڕووبەرە تەسکەیە کە تەواوی خەڵکی کوردستانی باشووری لێ قەتیس کراوە، نیشانی دەدات کە چۆن سنوری ژیان بۆ خەڵکی کوردستان تەسک کراوەتەوە و پلانی تەواو داندراوە بۆ پاکتاوکردنی تەواوی نەتەوەی کورد. ئەو نەخشەیە ئەوەمان نیشان دەدات کە ڕژێمی بەعسی عەرەبی عێراقی پلانی تەواوی داڕشتبوو بۆ نابوتکردن و لەناوبردنی میللەتی کورد لەو بەشەی کوردستان و دابەشکردنی خاکە پیرۆزەکەی بەسەر عەرەبی خێڵەکی بەدەوی داگیرکەر.

## نەخشەی ٨




ناوچەکانی هەشت قۆناغی شاڵاوی ئەنفال

سەرچاوە: هاشم یاسین حەمەدئەمین حەداد، سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هۆشیار محەمەد ئەمین خۆشناو، ئەتڵەستی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩.

## نەخشەی ٩

ئۆردوگا (کۆمەڵگە) زۆرەملێکان




سەرچاوە: هاشم یاسین حەمەدئەمین حەداد، سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هۆشیار محەمەد ئەمین خۆشناو، ئەتڵەستی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩.

## کیمیابارانی هەڵەبجە بە چەکی قەدەغەکراو

هەڵەبجە یەکێکە لە شارە گرنگ و دێرینەکانی کوردستان، لانکەی پێگەیاندنی سەدان کەڵەپیاو و جوامێر و هۆزانڤان و زانای کورد بووە. لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای سلێمانی بووە و ٨٤ کیلۆمەتر لێیەوە دورە. لە سەرژمێرییەکانی سەدەی بیستەم، ژمارەی دانیشتوانەکەی بەم شێوەیە بووە:

١٩٤٦ – ٤٧٠ خێزان، ژمارەی دانیشتوانەکەی ٢٣٠٠ کەس

١٩٧٧ – ژمارەی دانیشتوانەکەی بووەتە ٩١٩٣٧ کەس

١٩٨٧ – ژمارەی دانیشتوانی گەیشتووەتە ١١٥٥٤٠ کەس

لە ساڵی ١٩٨٨ پێش ئەوەی پەلاماری کیمیاوی بکرێتە سەر، سەنتەری هەڵەبجە ٧٠ هەزار کەسی لێ ژیاوە، ٤٥ هەزاریش لە شارەدێ و گوندەکانی دەوروبەری ژیاون[(١)].

هەڵەبجە لەبەر ئەوەی شارێکی سەر سنور بووە و ڕێگەی بەستنەوەی نێوان چەند شاری باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، هەروەها زۆر دەوڵەمەند بووە بە سەرچاوە کشتوکاڵییەکان، بۆیە گەشەکردنی دانیشتوانی خێرا بووە. بەڵام مەخابن هێرشی کیمیایی قڕکەر ئایندەی دیمۆگرافی و ئابووری ئەو شارەی بە تەواوی شێواند، کە دواتر لە بەراوردکردنی ژمارەی دانیشتوان لە ئێستا و ئەوسادا ڕوونی دەکەینەوە کە دیمۆگرافیای شارەکە چۆن دەبوو ئەگەر ئەو هێرشە نەبووایە.

دەگوترێت کیمیابارانی هەڵەبجە بەشێک نەبووە لە پلانی ئۆپەڕاسیۆنی ئەنفال، بەڵام دەرفەتێکیش بوو بۆ بەعس تاوەکو ئەوێندەریش پاکتاوبکات. هێزەکانی ئێران لە ڕۆژی ١٣ی ئاداری ١٩٨٨ لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە شاری هەڵەبجە دەگرن، هەر ئەو ساتە یەکەکانی سوپای عێراق کە لە هەڵەبجە جێگیر بوون، بە تەواوی لە ناوچەکە دەکشێنەوە، بە گوتەی نزار خەزرەجی لە دەربەندیخان چاودێری ڕەوشەکەیان دەکرد. ئێوارەی ڕۆژی ١٣ی ئادار هێزەکانی ئێران شارەکەیان بە تالان

(١) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد، پشکنین، ئامار و زانیاری، دۆکومێنت، چاپخانەی بینایی، هەولێر ٢٠١٤، ل٣٨-٣٩.

بـرد. هەرچـی ئامـراز و کەلوپەلـی دام و دەزگاکان و پۆسـتە و نەخۆشـخانە و قوتابخانـە و بانـک هەبـوو، هـەر هەموویـان ئاودیـوی ئێـران کـرد، لەوانـە: کارگـەی توتـن بـە هەمـوو ئامێرەکانـەوە، وێسـتگەی سـەرەکی کارەبـای هەڵەبجـە کـە ٥٥ بگـۆڕ (محاویلـە) و ٥٠ کیلۆمەتـر سـیمی کارەبـای تێدابـوو، فەرمانگـە کشـتوکاڵییەکان بـە هەمـوو ئامێرەکانـەوە، گەنـم و جـۆی سـایلۆکان، کتێبخانـەی گشـتی هەڵەبجـە بە ١٧ هـەزار پەرتوکـەوە، کەلوپەلی ٢٥ قوتابخانـە، کەلوپەلـی ٢١ مزگـەوت[1]. جگـە لەوانـەش شـکاندنی بانکـی هەڵەبجـە، کـە بـڕە پارەیەکـی زۆری تێدابـوو، هەرچەنـدە ئێرانییـەکان پێشـمەرگەکانی یەکێتـی نیشـتمانی تاوانبـار دەکـەن بـە شـکاندنی، بـەڵام زێـدەرەکان وای بۆدەچـن کـە دەرگای بانکەکـە ئەوەنـدە قایـم بـوو پێویسـتی بـە تەقەمەنـی تایبـەت بـووە بـۆ تەقاندنـەوەی، ئـەو تەقەمەنییـەش تەنهـا هێزەکانـی ئێـران هەیانبـووە.

ئێـران بەچـاوی "غەنیمـەی جەنـگ" تەماشـای شـارەکە و هەموو ئـەو شـوێنانەی دەکرد کـە داگیـری دەکـردن، چونکـە ئـەوان پێیـان وابـوو شـەڕی کافرێـک دەکـەن بەناوی سـەدام و هەرچـی دەسـتیان بکەوێـت غەنیمـەی جەنگـە و حەڵاڵـە، کەچـی قۆچـی قوربانییەکـە گەلـی خێـر لەخـۆ نەدیـوی کـورد بـوو.

داخەکـە لەوەدایـە، نەتـەوەی کـورد ببـووە کاڵای هەرزانـی دەسـتی هـەردوو حکومەتـی ناپەسـەندی ئێـران و عێـراق، ئێرانییـەکان حەزیـان دەکـرد کـە سـەدام کارێکـی ئەوهـا بـکات بۆئـەوەی لـە کۆمەڵگـەی نێونەتەوەیـی ئابـڕووی ببـەن. پێشـتر سـوپای عێـراق لـە زۆربـەی هێرشـەکانی بـۆ سـەر بەرەکانـی جەنگـی ئێـران چەکـی کیمیـاوی بەکارهێنابـوو، وڵاتـان نەیاندەویسـت ئـەو بابەتـە قەبـە بکـەن و بـڕوا بـە ئێـران بکـەن، بۆیـە بۆمبـاران کردنـی هەڵەبجـە بـۆ ئێـران دەرفەتێکـی چـاک بـوو، هـەر بۆیـە یەکسـەر دوای بۆردومانـە کیمیاویەکـە دەیـان ڕۆژنامەنـوس و کامێرایـان هێنایـە نـاو شـارەکە بـۆ گەیاندنـی ئـەو مەرگەسـاتە بـێ وێنەیـەی کـە حکومەتـی عێـراق بەسـەر گەلەکـەی خـۆی هێنـاوە.

ڕۆژی ١٤ و ١٥ی مانـگ فڕۆکەکانـی حکومەتـی عێـراق نـاوە نـاوە دەهاتنـە سـەر شـارەکە و چاودێرییـان دەکـرد، هەروەهـا فڕۆکـەی هێلیکۆپتەریـش لـە پشـت چیاکانـەوە

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٤١-٤٢.

جار جار دەردەکەوتن بەڵام نزیک نەدەبوونەوە لە ترسی پێکانیان لە لایەن تیپەکانی سوپای ئێرانەوە. خەڵکی شارەکە پێشتر دڕندەیی حکومەتی عێراقیان دیتبوو، بۆیە ژمارەیەکی زۆر شارەکەیان بەجێ هێشت، هەندێکیان بۆ گوندەکان و هەندێك بەرەو شاری سلێمانی، بەشێکی زۆریش بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچیان کرد. بەرەبەیانی ١٦ی ئاداری فڕۆکەکانی سوخۆی و میگی عێراقی کە لە فڕۆکەخانەکانی کەرکووک و تکریتەوە دەفڕین، شارەکەیان دایە بەر هێرشی ناپاڵم و چەکی ئەوها بەهێز، مەگەر هەر لە جەنگی جیهانی دووەم ئەو چەکانە بەکارهێنرابن. گەواهیدەران کە لە هێرشەکە بە تەناهی دەرچوون، باس لە دڕندەیی و بێبەزەیی فڕۆکە عێراقیەکان دەکەن. پێش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ فڕۆکەکان دەستیان کرد بە بۆردومانی کیمیاوی. شارەکە دابەش کرابوو بۆ چەندین کەرت، کە هەر یەکەیان بە جۆرێکی تایبەت لە کیمیاوی ژەهراوی دەکرا. بە گوێرەی ئەو ئاسەوارەی کە کیمیاویەکە لە شارەکە و لەسەر جەستەی خەڵک بەجێی هێشت، دەردەکەوێت فڕۆکەکان بە ٦ جۆری ژەهر لە شارەکەیان داوە، لەوانە: خەردەل (موستارد)، XV، (گازی دەمار، تابون، سارین)، سیانید، کە کوشندەترین جۆری ماددەی کیمیاوین، ئاسەواری کوشندە دوای خۆشیان بەجێ دەهێڵن بۆ سەر زەوی، بە گوێرەی قسەی زاناکان، دوای هەفت نەوە ئەنجا بە تەواوی کاریگەرییە خراپەکانی نامێنێت. ژمارەی قوربانییەکان لە هێرشی ڕاستەوخۆی کیمیاوی بریتی بوو لە ٥٠٠٠ شەهید و ٨٠٠٠ بریندار، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، ژمارەی شەهیدەکان زۆر بەرزتر بووەوە، ئەمە جگە لەوەی کە شارەکەش بە تەواوی وێران بوو و هیچ سیمایەکی ژیانی تێدا نەما.

بۆئەوەی بۆ خوێنەر ئاشکرا و ڕوون بێت، هەر تەنها شاری هەڵەبجە بەر هێرشەکە نەکەوت، بەڵکو دەیان گوند و دێهاتیش لە دەوروبەری شارەکە کیمیاباران کران، لەوانە: زەڵم، ئەحمەداوە، خورماڵ، گردەگۆ، سەرکەن، گوڵپ، خێڵی حەمە، زەردەماڵ، بیارە، خەرپانێ، پیاوێڵە، عەنەب، دەرە شیش، زەمەقی، حەسەناوە، بەڵخەی سەرو، تەوێڵە، پەلانیان، تاوێرە، جەلیلە، عەبابەیلێ، بامۆک، هانە سورە، دەلەمەڕ، شینیرۆێ، هەواری کۆن، گریانە، ڕێشاو، بۆیین، شەمێران، دولف، کۆکۆی. فڕۆکەکانی عێراق لە سنوری شارەکە پەڕینەوە بەدوای خەڵکی ڕاکردوو، بە درێژایی ڕێگاکە بەرەو

ئێران بۆمبی کیمیاویان فڕێ دایە خوارەوە، تەنانەت دواتر ڕوو دەکەنە سەردەشت و گوندەکانی کوردستانی ئێرانیش بۆردومانی کیمیاوی دەکەن.

بە هەلی دەزانین ئاماژە بە تەواوی گوندەکانی دیکەی کوردستان بدەین کە بەر پەلاماری کیمیاباران کەوتن. ئەوانەی سەرەوە ناویان هات لە سنوری پارێزگای سلێمانین، بەڵام هەموو نین. ئەوەی دەمێنێتەوە لەو پارێزگایە ئەم گوندانەشن: کانی تو، حەمەی کەرەمهەنار، سێوسێنان، تازەدێ، دالوجە، چەمی سمۆر، ئەستێل ئاشان، قەرەداخ، هۆمراغ، پرکە، قەیوانی بچووک، چاڵگە، قولوقولە، مارە ڕەش، سەنگەر، مێولەکە، قولەجاخ، قزلەر، چۆخماخ، زێویە، ماوەت، بەردبەرد، شانەخسێ، مێرگەپان، یاغسمەر، گوێزلە، هەڵەدن، شادەڵەی سەروو، شادەڵە، سەرگەلو، چاڵاوە، سێکانیان، شاقولی، ماولان، هەڵوانە، بێوەکە، ئاواژێ، پاشکێش، مەلا سافی، بێگمە، هەوارە بەرزە، شارستێنە. سەرجەم ئەو گوندانەی لە پارێزگای سلێمانی لە شاڵاوەکانی ئەنفال بەر پەلاماری کیمیاوی کەوتن ژمارەیان هەفتا و پێنج (٧٥) گوندن.

لە پارێزگای دهۆک ئەو گوندانەی کەوتنە بەر هێرشی چەکی کیمیاوی قەدەغەکراو، ئەمانەن: چەم چالی، چەم شرتێ، ئێکمالە، شێرانە، زێوکە، گێرگەش، سپیندار، میژێ، کەڤنە میژێ، دێرێ، گەرەگۆ، سێری، زێوە حەلان، زێوە شێخان، زێوە، هێسێ، ئێکمالە، مێرکەجێ، بیگدەدە، بێتنورێ، یاتێ، دورێ، کانی ماسی، ئورماداوە، دێریشك ئیسلام، مایێ ناسەرە، بێدوحێ، سەرەرۆ، ئادین، دێریشک، کای سەرک، بێقولکێ، ئالکیشک، قومری، گیرکە، تێشیش، جێدیکێ، خیشخاش، ئاسیحێ، زەکەریا، چەمی سەیدا، چیم بیلکێ، میسکا، دەرگەلێ، بێشیلێ، کانی مەزن، بازێ، هاتیرشێ، بابیر، بێلوزان، کانی بەلاڤ. سەرجەم گوندانی کیمیابارانکراو لەو پارێزگایە پەنجاو یەک (٥١) گوندن.

لە پارێزگای هەولێر: بالیسان، کانی بەرد، گورگان، شێخ وەسان، توتمە، بالورکاوە، بێروی، شێرەی سەروو، بێرەوا، شیرەی خواروو، دەڕەش، شاچک، مەلەکان، مەلەکانی سەروو، گۆڕەشێر، خەتێ، ئەشکەفتە، سارتکە، هەڕۆتە کۆن، توتمەرە، شارسینە، بناوی سەروو، بناوی خواروو، تالینان، تارینای سەروو، تارینای خواروو، کەندۆر، بەردۆک، بلەی خواروو، ئیسۆکە، زێلکان، گەروانی سەروو، گەروانی خواروو، بنمێرد، فەقێیان،

بەرەکـە، کەورتیـان، ئەسـپینداره، کاموسـەک، کۆلکـەڕەش، نازەنیـن، سـماقولی سـەروچاوە، سـماقولی گرتـک، سـماقولی گەلـی، سـماقولی سـینان. کـۆی گونـدە کیمیابارانکراوەکانـی پارێـزگای هەولێـر چـل و پێنـج (٤٥) گونـدن.

لـە پارێـزگای کەرکووک ژمـارەی گونـدە کیمیابارانکـراوەکان کەمترن، بەڵام ڕاگواسـتنەکان زۆرتـرن. هۆکاریـش ئەوەیـە، بەعـس نەیدەویسـت کیمیابـاران مەترسـی تەندروسـتی بـۆ سـەر خەڵکـی عـەرەب دروسـت بـکات، بۆیـە ئـەو ناوچانـەی کیمیابـاران دەکـرد، کـە لـە ماوەیەکـی زوودا ناکەونـە بـەر دەسـتی عـەرەب بـۆ ژیـان. گونـدە کیمیابارانکراوەکانیـش ئەوانـەن: تۆمـار، گـورگان، سـۆتکە، مەیلـە، حەیـدەر بـەگ، عەسـکەر، سورقاوشـان، گۆپتەپە، کـە ژمارەیـان هەشـت (٨) گونـدن.

بـە گوێـرەی ئـەو زانیارییانـەی کـە تـا ئێسـتا دەسـت کەوتـوون، کـۆی سـەرجەم گوندەکانـی باشـووری کوردسـتان کـە بـەر هێرشـی چەکـی قەدەغەکـراوی کیمیـاوی کەوتـوون سـەت و هەفتـا و نـۆ (١٧٩) گونـدن.

جێگـەی خۆیەتـی ئەگـەر ئاماژەیەکیـش بدەیـن بـەو کۆمپانیـا و وڵاتانـەی کـە چەکـی کیمیاویـان بـە عێـراق فرۆشـتووە. بەگوێـرەی ئـەو زانیارییانـەی کـە توێـژەر ”چنـار نامـق“ لـە کتێبەکـەی بەناونیشـانی ” جنۆسـاید و ئەنفالـی کـورد“ نووسـیویەتی، توێـژەری بـواری جینۆسـایدی کوردسـتان، تەهـا سـلێمان لـە پەرتوکەکـەی خـۆی ئامـاژەی پێـداوە، ئـەو کۆمپانیایانـە ١٩٦ کۆمپانیـان و لـە ١٩ وڵاتـەوە کەرەسـتەی کیمیـاوی بـۆ عێـراق نێردراوە[١]. بـە پشـت بەسـتن بـەم توێژینەوەیـە ژمـارەی کۆمپانیـاکان و نـاوی وڵاتەکانیـان دەخەینەڕوو.

دوای ڕاپەڕینەکـەی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٩١ لـە سـەرژمێرییەکی سـەرپێی دەردەکەوێـت کـە ژمـارەی دانیشـتوانی شـاری هەڵەبجە کـەم بووەتـەوە بـۆ ٤٣٠٠ کـەس.

لـە بەشـی کارەسـاتی دیمۆگرافیـا ژمـارەی ڕاسـتەقینەی دانیشـتوانی شـارەکە و کوردسـتانیش دەخەینـەڕوو لـە بارێکـدا ئەگـەر چارەنووسـی کوردسـتان نەکەوتبایـە ژێـر دەسـتی دوژمنـان و پاکتـاوی نەژادیـی دژی گەلـی کـورد ئەنجـام نەدرابـا.

(١) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد....، ل٤٣-٤٤.

**خشتەی ٤**

ناوی وڵات و ژمارەی کۆمپانیاکانیان کە کەرەستەی سەرەتایی کیمیاویان بە عێراق فرۆشتووە.

| وڵات | ژ. کۆمپانیا | وڵات | ژ. کۆمپانیا | وڵات | ژ. کۆمپانیا |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەڵمانیا | ٨٢ | فەڕەنسا | ١٣ | مۆناکۆ | ٢ |
| بەریتانیا | ١٧ | ئیتاڵیا | ١٢ | بەڕازیل | ١ |
| ئاوستریا (نەمسا) | ١٧ | سویسڕا | ١١ | میسر | ١ |
| ئەمریکا | ١٤ | ئەرجەنتین | ٥ | یۆنان | ١ |
| بەلجیکا | ١٢ | ئیسپانیا | ٣ | هیندستان | ١ |
| ژاپان (یابان) | ١ | پۆڵەندا | ١ | سوید | ١ |
| جێرسی (سەر بە بەریتانیایە) | ١ | | | | |

سەرچاوە: چنار نامق، جینۆسایدی و ئەنفالی کورد.

## نەخشەی ١٠

ناوچەکانی کیمیاباران بە گشتی




سەرچاوە: هاشم یاسین حەمەدئەمین حەداد، سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هۆشیار محەمەد ئەمین خۆشناو، ئەتڵەستی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩.

## نەخشەی ١١

پەلاماری کیمیایی لە پارێزگای کەرکووک




سەرچاوە: هاشم یاسین حەمەدئەمین حەداد، سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هۆشیار محەمەد ئەمین خۆشناو، ئەتڵەستی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩.

## نەخشەی ١٢

پەلامارە کیمیاییەکان بۆ سەر پارێزگای هەولێر




سەرچاوە: هاشم یاسین حەمەدئەمین حەداد، سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هۆشیار محەمەد ئەمین خۆشناو، ئەتڵەستی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩.

**نەخشەی ١٣**

پەلاماری کیمیایی بۆ سەر پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە




سەرچاوە: هاشم یاسین حەمەدئەمین حەداد، سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هۆشیار محەمەد ئەمین خۆشناو، ئەتڵەستی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩.

## نەخشەی ١٤

پەلاماری کیمیایی بۆ سەر پارێزگای دهۆک




سەرچاوە: هاشم یاسین حەمەدئەمین حەداد، سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هۆشیار محەمەد ئەمین خۆشناو، ئەتڵەستی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩.

حکومەتـی داگیرکـەری بەعـس ڕووبـەری هەناسـەی ژیانـی بـۆ کـورد نەهێشـتبووەوە. بەعـس و سـەدام ئەوهایـان داڕشـتبوو، کـە کیمیابارانـی گونـدەکان و قەڵاچۆکردنـی کـورد و ڕاگواسـتن بـەرەو بیابانەکانـی باشـووری عێـراق و زیندەبەچـاڵ کـردن و گوللەبـاران کردنیان، کێشـەی کورد بە تەواوی چارەسـەر دەکات. شـتێکی هاوشـێوە بەناوی "چارەسـەری کۆتایی" کە نازییەکانی ئەڵمانیا لە سـاڵی ١٩٤٢ لە کۆنفرانسـێک لە ناوچەی "ڤانێسـی - Wannesee" لـە خـوار بەرلیـن بـە سەرپەرشتی ئەفسـەری بـاڵا "ڕاینهـارد هایدریـخ" سـازیان کـرد، کە لە چوارچێـوەی پلانێکـی ورد، لـە مـاوەی سـاڵێکدا ١١ ملیـۆن جـوو لەناوببـەن. هەرچەنـدە لـە هەمـوو ئەوڕوپـا ژمـارەی جـووەکان زۆر لـەوە کەمتربـوو، بـەڵام پلانەکـە دەری دەخسـت، کـە چەنـد وردە و چ جـۆرە تەکنیکێـک بەکاردەهێنرێـت بـۆ خێـرا بەکۆتاهێنانـی دۆسـیەی جـووەکان[١]. بەعسـییەکانیش پلانێکـی هاوشـێوەیان داڕشـت، بەرپرسـانی ڕاسـتەوخۆش هەریـەک لە عەلی حەسـەن مەجید، سـوڵتان هاشـم وەزیری بەرگری و نـزار الخزرجي بوون، ئەمە بێجگە لە بەشـداری کردنی سـەدان ئەفسـەری دیکە بە پلەی جیاواز. شـایانی باسـە لە سـاتی دادگایـی کردنی سـەرانی بەعس لـە بەغدا لـە سـاڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٦، دوو تاوانبارەکەی یەکـەم حاشـایان لـەو کارە دڕندەیـە کرد. نـزار خەزرەجیش کە خاوەنـی بەکارهێنانی "چەکی تایبـەت - العتـاد الخـاص" بـوو، بـە بەرزەکـی بانـان بـۆی دەرچـوو. خەزرەجـی لـە کەناڵـی "العـربي" یوتیـوب دەڵێـت ئێمـە نـۆ قۆناغـی ئەنفالمـان ئەنجامـداوە، لـە قۆناغـی نۆهەم ١٧ فرقـەی سـەربازی بەشـدارییان کـرد و بـە تـەواوی کوردەکانمـان دەرکرد.

لـە نەخشـەی ژمـارە ١٥ دەردەکەوێـت کـە هیـچ بوارێـک و ڕووبەرێـک بـۆ مرۆڤـی کـورد لـە خـودی کوردسـتانیش نەهێڵراوەتـەوە بـۆ ژیـان. لـەم نەخشـەیەدا سـەرەنج بـدە کـە ڕەنگـی قاوەیـی زەردبـاو تاکـە شـوێنێکن کـە خەڵکـی کـورد مافـی نیشـتەجێ بوونـی تێـدا هەبێـت، ئەوانـی دیکـە یـان ڕاگوێـزراون، یـان کیمیابـاران و بـەر پڕۆسـەی ئەنفـال کەوتـوون، یانیـش ناوچـەی قەدەغەکـراون. مرۆڤـی کـورد ئیـتر تەنـێ لـە چاوەڕوانـی دلۆڤانییـەک بـوو لـە ئاسـمانەوە دابەزێـت.

(1) Christopher Browning: Geneza "ostatecznego rozwiązania", Wydawnictwo Uniwersytetu Jagiellońskiego, 2012.

## نەخشەی ١٥

کۆتا سنوری ژیان بۆ مرۆڤی کورد لە ڕەنگی قاوەیی زەردباو دەردەکەوێت




سەرچاوە: هاشم یاسین حەمەدئەمین حەداد، سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و هۆشیار محەمەد ئەمین خۆشناو، ئەتڵەستی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩.

## دوا قۆناغەکانی بەعەرەبکردن و کۆمەڵکوژی

پاش کۆتاییهاتنی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران، لە کاتێکدا هەموو وڵاتان دڵخۆشی خۆیان نیشاندەدا، بەڵام نەتەوەی کورد بە دەردی نامرۆڤانەترین جۆری جینۆساید دەیناڵاند. حکومەتی داگیرکاری بەعسی عێراقی ئەوەی پێشتر پێی تەواو نەکرابوو، ئێستا دوای جەنگ دەرەفەتی زۆرتری بۆ ڕەخسا بۆ ئەنجامدانی، چونکە سوپاکەی دەستبەتاڵ مابووەوە. ئەوەبوو هێزەکانی بەرەی جەنگی ئێرانی کۆکردنەوە و بەرەو کوردستان ناردنی. نزار خەزرەجی دەڵێت بە ١٧ فیرقەی سەربازی لە زێتر لە نۆهەت بەرەوە هێرشمان کردە سەر کوردستان بۆ ڕاماڵینی یاخیبووەکان! ئەڵبەت یاخیبووەکان لە ڕوانگەی ئەو نامرۆڤەدا هەموو نەتەوەی کورد دەگرێتەوە.

شارۆچکەی قەڵادزێ و گوندەکانی دەوروبەری و ناوچەی پشدەر دیسانەوە کەوتنەوە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و تەقاندنەوەی هەموو خانووەکان بە دینامیت و تی ئێن تی. لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٩ سوپای عێراق تەواوی قەڵادزێ و پشدەری ڕاگواست و ماڵ بە ماڵی خاپوورکرد، ناوچەکانیشی بە ناوچەی قەدەغەکراو ناوزەندکرد، واتا هەر کەسێک تیایدا دەسگیر بکرایە، ڕاستەوخۆ گوللەباران یان بێسەروشوێن دەکرا. بێجگە لە قەڵادزێ، تەواوی گوندەکانی دەوروبەری و گوندەکانی پشدەر کە ژمارەیان ١٢٥ گوند بوون، بە تەواوی لە ڕەگەوە هەڵتەکێنران و خاپوورکران، خەڵکەکەشی هەموو ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی ڕۆژئاوای هەولێر و ڕۆژئاوای سلێمانی، لەوانە ئۆردەگای کۆمتان، ئێنزێ، بەستەسێن، تووە سوران، پێماڵك، ژاراوە و هتد[1].

هەموو ئەو ڕووداوانە بە بەرچاوی وڵاتانی بەناو مرۆڤدۆستی ڕۆژئاوا ئەنجام دەدران، ئەوەتا لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٨ پیشانگای سەربازی و تەقەمەنی لە بەغدا بەڕێوە دەچێت و هەموو وڵاتانی وەکو بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەمریکا و هتد بەشداری تێدا دەکەن. بەرژەوەندی کڕینی نەفت و فرۆشتنی چەکی گرانبەها چاوی ئەو وڵاتە بەناو دیموکراتخوازانەی ئەوەها کوێر کردبوو کە گرنگ نییە ئەگەر ملیۆنێک کورد بنە خۆڵەمێشی کیمیاباران یانیش لە بیابانەکانی باشووری

(١) تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد...، ل ٣٥-٣٦.

عێراق لاشەیان بدرێتە بەر دەمی سەگ و گورگ، گرنگ ئەوەیە ئەوان پیشەسازییان بەردەوام بێت و قازانجی خۆیان بەردەوام بکەن.

لە گاڵتەجاڕییە گەورەکانی حوکمڕانە بەدخووەکانی عێراقیش ئەوەیە، هەموو ئەو تاوانە دژە پەیامی ئاسمانییە داوە موویەک لە جەستەیان ناجوڵێنێت، هەروەک سەدامی شێوەمرۆ دەڵێت، ئامادەم هەمووان بکوژم بە دەستی خۆم بێ ئەوەی داوە موویێک لە لەشم بجوڵێت! کە چارەنووسی گەلێکی وەکو کوردی خاوەن ڕەوشتی بەرز و دڵپاك و بێگەرد دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی ئەو دڕندانە، چاوەڕوانی چیتری خراپتر لەوانە ناکرێت و دواتریش دوای ڕووخانی ئەو ڕژێمە بۆگەنە بەشی هەرە زۆریان بە مردنی خۆیان دەمرن و ڕووبەڕووی دادگاش ناکرێنەوە. یەکێك لەو بەدڕەوشتانە وەزیری دەرەوەی ئەوساکە تاریق عەزیز لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی ”دێر شپیگل“ی ئەڵمانی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٨، کە لەبارەی چارەنووسی کوردان پرسیاری لێوە دەکرێت، بەم شێوەیە لە بری شەیتان دێتەگۆ:

تاریق عەزیز: ئێمە هەر ئەوەندەمان کردووە کە کۆتاییمان بەو یاخیبوونە هێنا کە لەمێژ بوو سەری هەڵدابوو.

دێر شپیگل: ئەدی بۆچی هەزاران کورد بۆ وڵاتانی دەوروبەر هەڵاتن؟

تاریق عەزیز: بارزانی پڕۆسەیەکی هەڵاتنی دەستە جەمعی سازکرد تا سەرەنجی ڕای گشتی جیهان ڕابکێشێت!

دێر شپیگل: ئەدی بۆچی ئەو کوردانەی ماونەتەوە، هەمووتان لە شوێنی خۆیان ڕاگواست بۆ ناوچەکانی دیکە بۆ ئۆردوگاکان؟

تاریق عەزیز: ئەوە بۆ قازانجی ئەوانە، چونکە لە گوندەکانی خۆیان کارەبایان نەبوو، ڕێگاوبانیان نەبوو، ئاویان نەبوو، ئێستا دەچنە گوندی هاوچەرخەوە و ژیانێکی خۆشتر دەست پێدەکەن.

دێر شپیگل: ئەدی بۆچی چەکی کیمیاویتان بەرانبەر کوردان بەکارهێناوە؟

تاریق عەزیز: هەڵاتوان وا پڕوپاگەندە دەکەن کە چەوساوەن و ڕاوەدوو دەنرێن،

بەڵام کەسیان تا ئێستا نەیانتوانیوە تا ئێستا ئەو پڕوپاگەندانە بە بەڵگە بسەلمێنن. تا ئێستا نەیانتوانیوە بیسەلمێنن کە تاقە چۆلەکەیەک بە گازی ژەهراوی مردبێت[١].

ئەمە ئەو تاریق عەزیزەی لە کاتی دادگایی کردنەکەی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، وەکو ترسنۆکترین کەس دەپاڕێتەوە و داوای بەزەیی دەکرد. ئەوە ئەدگاری هەموو مرۆڤێکی نارەسەن و ترسنۆکە، کە کاتێک دەستی خۆی دەبینێت ئا بەم شێوەیە پەلاماری خەڵکی بێ دیفاع و بێ کەس دەدات. ئەوە ڕێك لەم ئایەتە پیرۆزەوە پێناسی ئەو جۆرە مرۆڤانەمان بۆ دەردەکەوێت: وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ ۗ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ.

ئەنجا کاتێکیش ئەو نارەسەنانە دەکەونە داوی دادگا و لێپێچینەوە، ئەوا وەکو لەرزۆکترین و ترسنۆکترین جانەوەر ڕەفتار دەکەن. پاک و بێگەردی بۆ ئەو خودایەی کە ئیسپاتی کرد، سەرانی بەعس چ مرۆڤهایەکی ترسنۆک و بەدڕەوشت بوون. سەدام لەناو کون و زێرابی جورجان دۆزرایەوە، عەلی حەسەن مەجید لە ناو ئافرەتانی سۆزانی لەشفرۆش خۆی حەشار دابوو. ئەوە چارەنووسی شێوەمرۆی پیس و پۆخڵ و نارەسەن و چەپەڵ بوو کە ئەو بەڵا و کارەساتەیان بەسەر کورد هێنا.

---

(١) گونتەر دێشنەر، کورد، گەلی لەخشتەبراو....، ل ٥-٦.

# بەشی هەشتەم
# دیمۆگرافیای باشووری کوردستان – ژمارەی دانیشتوان و کارەساتی مەزن

## دیمۆگرافیا چیە؟

چەمکی دیمۆگرافیا لە دوو بڕگە پێکهاتووە: دێمۆ: گەل، مەردوم، خەڵک، و گرافیا: وەسف، پێوان، نووسین. کەواتە چەمکی دیمۆگرافیا بە واتای وەسفکردنی مەردوم دێت. ئەوە لە ڕووی ئێتیمۆلۆگیاوە[١]. پێناسەکردنی ئەو چەمکە لە ڕووە زانستییە فراوانەکەی بۆ تێگەیشتنە لە ڕەهەندێکی هەرە گرنگی وڵات-نەتەوە، وەکو پێکهاتەیەکی سەرەتایی و داڕشتنی سیاسەتی نەتەوەیی و ئاساییشی نەتەوەیی، کارێکی پێدڤییە[٢]. دیمۆگرافیا بە کورتی، لقێکە لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ڤەکۆڵین لە سەر دیاردە دانیشتوانییەکان دەکات بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕێساگەلێک کە کاریگەری لە سەر ئەو دیاردانە دروست دەکەن. بابەتی سەرەتایی دیمۆگرافیا بریتییە لە دانیشتوان، واتە مەردومی نیشتەجێی ناوچەیەکی "تێریتۆری" دیاریکراو. دانیشتوان: واتە ژمارەی هەموو ئەو کەسانەی کە نیشتەجێی ناوچەیەکن (یەکەیەکی کارگێڕی - ئیداری)[٣].

لەم دەرفەتەدا ئامانجی ئێمە ناساندنێکی کورت و خێرای دیمۆگرافیای ە بە خوێنەر، تاوەکو لە ڕەهەندەکانی تێبگات و هەر کە گوێبیستی ئەو چەمکە بوو، بزانێت مەبەست چیە. پێناسەگەلێکی زۆر لە سەرچاوەکان لە سەر ئەو چەمکە دەست دەکەون، کاکڵەی هەمووشیان لەوەدا هاوشێوەن، کە دیمۆگرافیا ئەو خاڵە گرنگانە لەخۆ دەگرێت: ڕەوش و گۆڕانی ژمارەی دانیشتوان (وڵات، هەرێم، یەکەی کارگێڕی/ئیداری، یەکەی جیۆگرافی)، پێکهاتەی دانیشتوان بە گوێرەی ڕەگەزی نێر و مێ، بە گوێرەی تەمەن، هەروەها هەندێ تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی وەکو دۆخی هاوسەرگیری، جوڵەی سروشتی (هاوسەرگیری، لێکجیابوونەوە، لەدایکبوون و مردن)، هەروەها کۆچکردن (کۆچ بۆ دەرەوە، کۆچ بۆ ناوەوە)[٤].

---

(١) ئێتیمۆلۆگیا: زانستێکە لە ڕەسەنایەتی و بنەچەی ووشە دەکۆڵێتەوە.

(٢) پێدڤی: ضروري.

(3) Marek Okólski, Demografia, podstawowe pojęcia, procesy i teorie w encyklopedycznym zarysie, Scholar, Warszawa 2005, s. 9.

(٤) سەرچاوەی پێشوو.

لەو پەرتوکەماندا پرسی دیمۆگرافیا لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی سیاسی تایبەتی کوردستان دەخەینەڕوو، کە بریتییە لە گۆڕینی سروشتی دانیشتوانی کورد لە ڕێگەی ڕاگواستن (کۆچپێکردنی زۆرەملێ) و بەکۆمەڵکوشتنی نەتەوەی کورد و شێواندنی یەکەی کارگێڕی بە مەبەستی تێکدانی بارودۆخی دیمۆگرافیای ناوچەیەکی فراوان و ئەوجا نیشتەجێکردنی عەرەب لە جێگایاندا.

## ژمارەی دانیشتوانی کوردستان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی

هیچ نەتەوەیەک لەو جیهانە هێندەی کورد دووچاری ماڵوێرانی و کۆچ کردن و ئاوارەبوون نەبووەتەوە. هۆز و خێڵە کوردییەکان لە هەموو جەنگەکانی ناوچەکە ببوونە خەڵوزی جەنگ، گەنجانی کورد وەکو سەرباز، جا بە زۆرەملێ یان بە ئارەزووی خود، لە ڕیزەکانی سوپای عوسمانی و فارسیدا شەڕی سەختیان کردووە. تورکەکان هەرچی لە دەستیان هاتبێت کردوویانە بۆئەوەی کورد سەربازییان بۆ بکات بە خاتری ئەوەی خۆیان پارێزراو بن و خێزان و منداڵیان بە ئارامی و تەناهی لە ماڵەکانیان بخەون. فارسەکانی ئێرانیش بە هەمان شێوە. ئەگەر داتایەک لەبەر دەست بووایە کە مێژووی شەڕ و کوشتاری هەزار ساڵمان پیشان بدات، ئەوا دەمانزانی چ کارەساتێک ڕووی لە گەلی کورد کردووە. ئەوەی ئێمە لەو خاڵەدا ڕوونی دەکەینەوە، تەنێ سەد ساڵی ڕابردووە، ئەنجا بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، کە نەتەوەکەی چ مەرگەساتێکی بەسەر هاتووە.

ژمارەی کورد لەو وڵاتانەی کە داگیری کوردستانیان کردووە، ژمارەیەکی ناڕێکە و ئامارێکی ورد نادەنە دەست. لێرەدا چەند خەمڵاندنێک دەخەینەڕوو، کە توێژەری عێراقی دکتۆر شاکر خصباک لە پەرتوکەکەی خۆیدا کۆی کردووەتەوە، بەڵام بە وردی هەموویان دیارنین کە بەرواری ئەنجامدانی ئەو سەرژمێری و ڕاپۆرتانە چ ساڵێکە،ئەوانیش لە خوارەوە لە چەند خشتەیەک دەخەینەڕوو. خەمڵاندنەکان دەگەڕێنەوە بۆ هەریەک لە کۆمەڵەی نەتەوەکان، توێژینەوەی محەمەد ئەمین زەکی بەگ، دیپلۆماتکاری بەریتانی سیسیل ئێدمۆندز، کۆنسوڵی ڕوسی ڤاسیل نیکیتین و کۆمەڵەی خۆییبوون.

**خشتەی ٥**

ژمارەی کورد بە گوێرەی خەملاندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ساڵی ١٩٢٥

| | |
|---|---|
| تورکیا | ٢٠٠٠٠٠٠ (دوو ملیۆن) |
| ئێران | ٧٠٠٠٠٠ (هەفسەد هەزار) |
| عێراق | ٥٠٠٠٠٠ (پێنجسەد هەزار) |
| سەرجەم | ٣٢٠٠٠٠٠ (سێ ملیۆن و دووسەد هەزار) |

سەرچاوە: شاکر خصباک

زانای گەورەی کورد محەمەد ئەمین زەکی بەگ، کە پێشتر ئەفسەرێکی پایە بەرزبووە لە سوپای دەوڵەتی عوسمانی، ڕەخنە لەو ژمارانە دەگرێت و پێی وایە لە توانا دا نییە ژمارەی ڕاستەقینە بزانین، ئەوەش بە هۆی جەنگی درێژخایەتی عوسمانی و ڕوسیای سیزاری لە لایەک و جەنگی یەکەمی جیهانی لە لایەکی تر کە هۆز و خێڵە کوردییەکان تووشی گەورەترین کۆچکردن بوونەوە. ناوبراو ئاماژە دەدات بە ژمارەی کورد پێشی جەنگ، لەوانە پەرتوکی "زەرد" کە لە ساڵی ١٨٩٢ لە لایەن حکومەتی فەڕەنسییەوە دەرچووە، تیایدا هاتووە ژمارەی کورد لە دەوڵەتی عوسمانی سێ ملیۆن و دوازدە هەزار و هەشسەد و نۆهەت و هەفت کەسە (٣،٠١٢،٨٩٧). ئەم ژمارەیە بۆ ئەو سەردەمە ژمارەیەکی مەزنە. ئەوە جگە لە کوردانی ئێران و ئەرمەنستان و ڕوسیا. بە ئاماژە دان بە هەریەک لە سێر مارک سایکس و دکتۆر فریدج، کوردەکان بە ڕێژەیەکی زۆر لە ناوچە تورکییەکانی دەرەوەی کوردستان بوونیان هەیە. بە گوێرەی "دائره المعارف الإسلامیه" پێشی جەنگ تەنها لە چوار ولایەتی باکووری کوردستان، واتا لە ئەرزڕوم، وان، بەدلیس و خارپێت، ژمارەی دانیشتوان دوو ملیۆن و شەشسەد و بیست و چوار هەزار (٢٦٢٤٠٠٠) کەس بووە، کە ملیۆنێک و هەشتسەد هەزاریان موسوڵمان بووینە[١]. موسوڵمان بووینە واتا کورد بووینە، بیرمان نەچێت لەو ولایەتانە کورد و ئەرمەن بە تێکەڵاوی ژیاون. موسوڵمانەکان کوردەکانن و کریستیانەکانیش ئەرمەنەکان. شایانی باسە بە مەبەست یان بێ مەبەست، نەویستراوە شوناسی کوردبوون بە کورد بدرێت، نەبا ببێتە هۆی

(١) محمد أمین زکي بگ، خلاصه تأریخ الکرد و کردستان، ص٨٢.

دروستکردنی یەکێتی نەتەوەیی، بۆیە وەکو موسوڵمان تۆمارکراون نەك کورد.

بە هەمان شێوە زەکی بەگ ژمارەی کوردانی عێراق دوای جەنگی یەکەمی جیهان بە شەشسەد هەزار (٦٠٠،٠٠٠) دەخەملێنێت، ئەوەش دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ورد و دەستنیشانکردنی کوردەکانی دیالا و بەغدا و بەدرە و مەندەلی. ئەو ئاماژە دەدات بە هەبوونی ژمارەیەکی زۆری کوردی فەیلی لە بەغدا و جگە لەوەش، کوردانی ئێزیدی دەخاتە ناو پۆلێنەکە. لە کۆتاییدا محەمەد ئەمین زەکی بەگ ژمارەی گشتی کورد لە هەموو کوردستان بە چوار ملیۆن و هەشتسەد و شێست هەزار (٤،٨٦٠،٠٠٠) دەخەملێنێت[١].

دکتۆر شاکر خصباک پێی وایە خەملاندنەکەی سیسیل ئێدمۆندز لە هەموویان دروستتر بێت، چونکە ئامارگەلی زۆری لەبەر دەست بووە، بەڵام لە خاڵێکدا کەمتەرخەم بووە، ئەویش ئەژمار نەکردنی لوڕەکانە و بە ڕای زۆری نووسەران لوڕەکان کوردن ژمارەشیان لە نیو ملیۆن کەس کەمتر نییە. شاکر خصباک پێی وایە کە ژمارەی کورد لە پێنج ملیۆن کەس کەمتر نییە. جیا لەوەش ئاماژە بە کوردانی دەرەوەی خاکی کوردستان دەدات، لەوانە ئەوانەی کە لەسەردەمی شاعەباسی سەفەوی و نادرشا بەزۆر کۆچیان پێ کرا بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بۆ پاراستنی سنورەکان لە پەلاماری تورك. ئەوەش هەمان سیاسەتی سوڵتان سلێمانی عوسمانی بوو کە لەگەڵ کوردان پەیڕەوی دەکرد[٢].

**خشتەی ٦**

خەملاندنی سیسیل ئێدمۆندز

| | |
|---|---|
| تورکیا | ٢،٠٠٠،٠٠٠ (دوو ملیۆن) |
| ئێران | ١،١٠٠،٠٠٠ (ملیۆنێک و سەد هەزار) |
| عێراق | ٩٠٠،٠٠٠ (نۆسەد هەزار) |
| دەرەوەی کوردستان | ٥٠٠،٠٠٠ (پێنجسەد هەزار) |
| سەرجەم | ٤،٥٠٠،٠٠٠ (چوار ملیۆن و پێنجسەد هەزار) |

---

(١) شاکر خصباک، کورد و مەسەلەی کورد، وەرگێڕانی: ئەمجەد شاکەلی، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٥، ل ٢٤.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣-٢٤.

**خشتەی ٧**

خەمڵاندنی کۆمەڵەی خۆیبوون

| | |
|---|---|
| تورکیا | ٤،٠٠٠،٠٠٠ (چوارملیۆن) |
| ئێران | ٣،٠٠٠،٠٠٠ (سێ ملیۆن) |
| عێراق | ١،٢٠٠،٠٠٠ (ملیۆنێک و دووسەد هەزار) |
| سەرجەم | ٨،٢٠٠،٠٠٠ (هەشت ملیۆن و دووسەد هەزار) |

**خشتەی ٨**

خەمڵاندنی باسیل نیکیتین

| | |
|---|---|
| تورکیا | ٢،٩٨٧،٠٠٠ (دوو ملیۆن و نۆسەد و هەشتاو هەفت هەزار) |
| ئێران | ١،٣٠٠،٠٠٠ (ملیۆنێک و سێسەد هەزار) |
| عێراق | ٧٤٩،٠٠٠ (هەفسەد و چل و نۆ هەزار) |
| سوریا | ٢٨٩،٤٩٠ (دووسەد و هەشتاو نۆ هەزار و چوارسەد و نۆهەت) |
| ئەرمینیا | ٦٠،٠٠٠ (شەست هەزار) |
| سەرجەم | ٥٣٨٧٢٨٠ (پێنج ملیۆن و سێسەد و هەشتاو هەفت هەزار و دووسەد و هەشتا) |

شایانی ئاماژەیە، دەیان سەرچاوەی دیکە ژمارەی کورد لە توێژینەوەکانیان گەڵاڵە دەکەن، هەر یەکەیان پشت دەبەستێت بە پێوەری خۆی و زۆرجاریش سیاسەتی لایەنەکان باڵ دەکێشێت بەسەر ژمارەکان و لە بەرژەوەندی خۆ ژمارەکان دەخەمڵێنن.

## دانیشتوانی باشووری کوردستان

پڕۆفیسۆری جیۆگرافیناس عەبدالله غەفور لە توێژینەوە گرنگەکەیدا بەناونیشانی ئەتنۆ-دیمۆگرافیای باشووری کوردستان، ئاماژە دەدات بەوەی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٣١ عوسمانییەکان بە مەبەستی باج وەرگرتن و سەربازی پێکردن، سەرژمێرییان ئەنجام داوە و تەنها ناوی ڕەگەزی نێریان تۆمارکرووە، دەرکەوتووە ژمارەی دانیشتوانی ولایەتی مووسڵ چەند سەد هەزارێکە. سەرژمێری دووەم لە ساڵی ١٨٤١ ئەنجام دراوە و لە ئەنجامدا چەند هەزار کەسێک زێتربووە. دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی لە لایەن هەرسێ زلهێزی فەڕەنسی و بەریتانی و ڕوسی لە ڕێککەوتننامەی نهێنی سایکس پیکۆ و سان ڕیمۆ، هەروەها دامەزراندنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە، لە ساڵی ١٩٢٧ بۆ یەکەم جار سەرژمێری ئەنجام دەدرێت و بڕیار دەدرێت هەموو ١٠ ساڵ جارێک دووبارە بکرێتەوە[١].

تاکە سەرچاوەی بەردەست لە بارەی ژمارەی دانیشتوانی باشووری کوردستان، لە دوای دروستبوونی عێراق، دەگەڕێتەوە بۆ ڕاپۆرتە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتناسان و حکومەت و وڵاتانی ئەوروپایی، لە هەمووشیان بەرچاوتر ڕاپۆرتی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە میانەی پرسی یەکلاکردنەوەی ولایەتی مووسڵ لە ساڵی ١٩٢٥ پێشکەش کراوە. دوای ئەویش پەرتوکی تەها ئەلهاشمي بەناونیشانی "مفصل جغرافيه العراق" کە تیایدا ژمارەیەکی هاوشێوە پیشان دەدات.

لیژنەی ڕاسپێردراو بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی ولایەتی مووسڵ بەم شێوەیەی لە خشتەی ٩ ئاماژەی بۆ دراوە ژمارەی کورد دیاری دەکات:

(١) عبدالله غفور، ئەتنۆ-دێمۆگرافیای باشوری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاکی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٦، ل٩.

**خشتەی ٩**

ژمارەی کورد لە عێراق (باشووری کوردستان) لە لایەن لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان-١٩٢٥

| | |
|---|---|
| ژمارەی کورد لە ناوەندی شاری مووسڵ | ٨٣٠٠٠ (هەشتاو سێ هەزار) |
| هەولێر | ١٧٠٦٥٠ (سەت و هەفتا هەزار و شەشسەد و پەنجا) |
| سلێمانی | ١٨٩٩٠٠ (سەت و هەشتاو نۆ هەزار و نۆسەد) |
| کەرکووک | ٤٧٥٠٠ (چل و هەفت هەزار و پێنج سەت) |
| کۆی گشتی | ٤٩٦٠٥٠ (چوارسەت و نۆهەت و شەش هەزار و پەنجا) |

محەمەد ئەمین زەکی بەگ ڕەخنە دەگرێت لە هەردووکیان، چونکە خێڵە کۆچەرەکانی کوردستان و کوردانی ناوچەکانی ناوەڕاست، واتە بەغدا و دیالا، هەروەها ئێزیدییەکانیان ئەژمار نەکردووە. تەها ئەلهاشمي دێت هەرچی کەمینەی ئاشوری و کلدانی و جووەکان هەیە کە لە ناوچەی زۆرینەی عەرەبی دەژین، دەیانخاتە ناو چوارچێوەی نەتەوەی عەرەب و بە عەرەب ئەژماریان دەکات، کەچی لە کوردستان دێت ئێزدییەکان و ئاشوری و کلدانییەکان و جووەکان جیا دەکاتەوە وەکو نەتەوە و گروپی ئیتنی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. لە درێژەی ڕەخنەکانی، زەکی بەگ دەڵێت: دەبووایە ئەوان ئاماژە بدەن بە ڕاپۆرتی سێر مارک سایکس، کاتێک توێژینەوەیەک دەکات لەناو کوردانی ئێزیدی و پێی وایە بەشێکی بێگەردی کوردەکانن. ئایینەکەیان بە زمانی کوردییە و پێیان وایە لە دوا ڕۆژیشدا خوا بە زمانی کوردی دەدوێت. جگە لەوەش مارک سایکس لەڕووی هەیئەت و ئەدگارەکانی جەستەییەوە دەڵێت ئێزیدییەکان و کوردە موسوڵمانەکان تەواو هاوشێوەی یەکترن[1]. پەرتوکی "دائره المعارف الإسلامیه"

(١) محمد أمین زکي بگ، خلاصه تأریخ الکرد و کردستان، ص٨٨-٨٩ وەرگیراوە لە: مارک سایکس، آخر میراپ الخلفاء، ص ٥٥٣-٥٥٨.

دەڵێت خەڵکی شەنگال کوردی بێگەردن، لەگەڵ شەبەک و هۆزەکانی دیکەی وەکو سارلی و کاکەیی و باجۆران، ژمارەیان ٢٦٠٠٠ (بیست و شەش هەزار کەس) دەبێت.

زەکی بەگ ئاماژە بە بەغدا دەدات و ژمارەی کوردانی ئەوێندەر بە نزیکەی ٣٠ هەزار کەس دەخەملێنێت (ئەوەش ژمارەیەکی زۆرە لەو سەردەمەدا). هەروەها ژمارەی کوردانی دیالا لە ژمارەی ئەوانی تر زۆرترە لە شارەکە. خەڵکی هورین و شێخان و قوڕەتو هەموویان کوردن. زۆرینەی خەڵکی خانەقین و شارەبان و قزل ریبات و مەندەلی کوردن. هۆزە کوردییەکانی ئەو ناوچەیە بریتین لە قەرە ئولوس کە لە ٥٠٠ خێزان پێک دێت، لە شارەدێی قازانییە هۆزە لوڕییەکان و هۆزی باجەلان هەن و گوندی "دی شێخ" و گوندی "درو" کوردن. هەروەها هۆزەکانی دیکەی وەکو دەلۆ و زەرگوش و سورەمیری لە دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو ناوچانەن. شایانی گوتنە خانەقین ئەگەر تەعریب و ڕاگواستن نەبووایە، یەکێک دەبوو لە شارە گەورەکانی باشووری کوردستان هاوشانی سلێمانی و هەولێر. ئەو شارە لە ساڵانی سەرەتای بیستەکان، ژمارەی دانیشتوانی ٢٦ هەزار کەس بووە و ٢١ هۆزی کوردی تێدا ژیاوە.

گوندەکانی عەلیاوە، باوە بلاوی، دەککە، کارێز، حاجی قەرە و قولە،هەموویان کوردن. لە پاڵ ئەوانیش چەند هۆزێکی لوڕەکان لە بەدرە و شارەدیی زڕباتیە و لە شارەدێی شێخ سەعد و گوندی باغی شاهی نیشتەجێن و ژمارەیان لە ٤٠ هەزار کەس کەمتر نییە[١]. زەکی بەگ ڕەخنەی دیکەش ئاراستەی نووسەری پەرتوکی "مفصل جغرافیە العراق" دەکات سەبارەت بە سنوری ئێتنۆگرافی نەتەوەی کورد لە باشوور، کە نووسیویەتی هێڵی زاخۆ-ڕۆژهەڵاتی هەولێر-کەرکووک-کفری سنوری کوردستانە. ئەوەش یەکناگرێتەوە لەگەڵ نەخشەی توێژەرانی مەیدانی ڕۆژهەڵاتناسانی وەکو مارک سایکس و کاپتن های[٢] و هەروەها نەخشەی ئێتنی ئەفسەری بەریتانی مێجەر "لۆنگریگ"[٣]، تەنانەت لەگەڵ نەخشەی کۆمەڵەی نەتەوەکانیش دژیەکە. کاپتن های

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠-٩٢.
(٢) پشکنەری کارگێڕیی هەولێر، خاوەنی پەرتوکە بەناونیشانی: دوو ساڵ لە کوردستان ١٩٢١.
(3) Stephen Hemsley Longrigg, Four Centuries for Modern Iraq.

لە پەرتوکەکەیدا دەڵێت هەموو دانیشتوانی لیوای هەولێر کوردن لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی کەمینەکان. جگە لەوەش، ئەوەی گەشتێکی کردبێت بۆ دەشتەکانی مەخمور و هەولێر و کەندێناوە و قەراج، دەبینێت کە هەموویان کوردن و ژمارەیان زێتر لە ٣٠ هەزار کەس دەبێت. لەوەوە زەکی بەگ ژمارەی کورد لە باشووری کوردستان لە سالانی سەرەتای بیستەکان واتە دەوروبەری ١٩٢١-١٩٢٥ بە ٦٠٠،٠٠٠ (شەشسەد هەزار کەس) دەخەملێنێت[١].

لە پێشینەدا گرنگە سەرەنج بدەینە لێک جیاکردنەوەی دوو دەستەواژە لە کاتی پیشاندانی ژمارەی دانیشتوان، ئەوانیش دەستەواژەی باشووری کوردستان و هەرێمی کوردستانە. باشووری کوردستان: هەموو ناوچە کوردستانییەکان دەگرێتەوە، واتا جگە لە سێ شارەکەی هەولێر، سلێمانی و دهۆک، هەریەک لە کەرکووک، خانەقین، مەندەلی، گولالە، بەدرە، جەسسان، مووسڵ، زومار، شەنگال، مەخمور، پردێ، بە هەموو گوند و دێهاتەکانەوە. خۆ ئەگەر بڵێین کوردەکانی عێراق، ئەوا هەموو ئەو کوردانەش دەگرێتەوە کە لە ناوەند و دەوروبەری بەغدا و شارەکانی باشووری عێراق نیشتەجێن. هەرچی دەستەواژەی هەرێمی کوردستانە، واتا هەرسێ شاری هەولێر، سلێمانی و دهۆک، کە لەچوارچێوەی دەسەلاتی ئۆتۆنۆمی سالی ١٩٧٥ بەعس تاکلایەنە دیاریی کرد، هەروەها لە سالی ٢٠٠٥ پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، دەستوری نوێی عێراق چەسپاندی.

(١) محمد أمين زكي بگ، خلاصه تأريخ الكرد و كردستان، ص٩٢-٩٣.

## حکومەتی عێراق و جەنگی دیمۆگرافیا دژی کورد

گرنگـە ئەگـەر لێـرەدا لـە پرسـیارێکەوە دەسـت پێبکەیـن، کـە ئایـا بۆچـی دەسـەڵاتی عەرەبـی عێراقـی وازناهێنێـت لـە کـورد و بەنیـازە چـی لەگـەڵ کـورد بـکات؟

لـە وەڵامـی ئـەوەدا دەبێـت بڵێیـن وڵاتـی عێراقـی دەسـتکردی بەریتانـی لـە ڕۆژی لەدایکبوونییـەوە قەیرانـی ناسـنامەی هەبـووە. هـۆزە عەرەبییـەکان کـە جۆش و خرۆشـییان لـە لایـەن ئینگلیزەکانـەوە وەرگرتبـوو، بڕوایـان بەخۆیـان هێنابـوو کـە نەتـەوەی دەسـڕۆن و لـە ڕێگـەی هزرێکـی خەیـاڵاوی سـاختە ئەوەیـان لـە مێشـکی عەرەبـی عێراقـی ئاخنـی، کـە ئـەو عێراقـە خاکـی هـەزاران سـاڵەیانە و ئـەوان نـەوەی ئاشـوری و بابلـی و سـۆمەری و ئەکەدییەکانـن! هەمـوو ئـەو درۆ ئابڕووبەرانـە جێـی خۆیـان گـرت. بـەڵام ئـەو ناسـنامە ساختەیەی عێراقییـەکان بەرکەوتـەی لەمپەرێـک ببـووەوە، ئەویـش کـورد بـوو. حکومەتـی بەغـدا دەبووایـە شـتێک بـکات کـە ئـەو لەمپـەرە نەهێڵێـت. وەک لـە بەشـەکانی پێشـوو باسـمان کـرد، جۆرەهـا چارەسـەری ئابڕووبەرانـە بـۆ کـورد دەدۆزنـەوە، هـەر لـە ئەفسـەرە ڕەگەزپەرسـتە سـورییەکەوە بەناوی محەمـەد طلب هیلال بگرە کە دەڵێ کـورد نەتەوە نییە، بەڵکـو پارچەیـەک شـێرپەنجەیە دەبێت بنەبڕ بکرێت، دواتر میشـێل عەفلەقی دامەزرێنەری بەعـس هەمـان قسـە دووبـارە دەکاتـەوە، دەڵێـت کـوردەکان نەتـەوە نیـن، بەڵکـو وڵاتانـی داگیـرکاری ئیمپیریالیـزم بیـری نەتەوەییـان بـە مێشـک دا کـردوون. هەر ئەوەش هـۆکارە کە دواتـر عەبدولکەریـم قاسـم دێـت و دەڵێـت پێویسـتە کـوردەکان لەنـاو نەتـەوەی عـەرەب بتوێنینـەوە، سـەرەنجام شـۆڕشـی مەزنـی ئەیلـوول سـەرهەڵدەدات. دواتـر بەعسـییەکان بەوپـەڕی بەربەریـەت و دڕندەیـی پەلاماری کورد دەدەن و دەگەنـە ئەو ڕێکارەی کە دەبێت کـوردەکان بنەبـڕ بکرێـن لـە ڕێگـەی پاکتـاوی نەژادی-جینۆسـاید، بۆئـەوەی عێـراق تەنهـا و تەنهـا ببێتـە وڵاتێکـی تـاک نەتـەوەی عەرەب. ئـەوەش دەسـپێکی قۆناغێکی مەترسـیدار بوو لـە پەیڕەوکردنـی جەنگـی دیمۆگرافیـای درێژخایـەن دژی نەتـەوەی کـورد لـە چوارچێـوەی عێراقـی عەرەبـی شـۆڤینی کـە تـا ڕۆژگاری ئەمـڕۆش بەردەوامـە.

کەواتـە دەبێـت خوێنـەر ئـەوە بزانێـت کـە ئـەم وڵاتـەی عەرەبـەکان تیایـدا دەسـڕۆن هێشـتا نەبـووە بـە وڵات، بەڵکـو لـە واری بـوون بـە دەوڵەتدایـە.

پرسیار: چۆن دەبێت بە دەوڵەت؟

وەڵام: نابێـت بـە دەوڵـەت، تاکو نەبێت بـە دەوڵەتـی تـاک نەتـەوە! (ئـەوە ویسـتی نەتـەوەی عەرەبـە بەرانبـەر کورد، مێژووی سـەت سـاڵ لەم وڵاتـە دەسکردەی بەریتانیا ئەو ڕاسـتییەی بـە تـەواوی ئاشـکراکردووە). خـۆ ئەگەر بێنە گۆ لەسـەر ئـەم بابەتـە، دەڵێن ئێمە عـەرەب نیـن و عێراقیـن ، بـەڵام سـەیر لەوەدایـە کـە تەنها عەرەببوونیـان لا پەسـندە، هیچ باڵادەسـتییەکی کوردییـان لا پەسـند نییـە، چونکـە لـە بنەمـادا کـورد بەشـایانی باڵادەسـتی و دەسـڕۆیی نازانـن بەسـەر خۆیاندا.

حکومەتـی عێـراق تـا ئێسـتا هەفـت جـار سـەرژمێریی کـردووە کە ڕەگـەزی کـوردی تێدا بەشـدار پێکردبێت، ئەوانیش بریتین لە سـەرژمێرییەکانی ١٩٢٧، ١٩٣٥، ١٩٤٧، ١٩٥٧، ١٩٦٥، ١٩٧٧، ١٩٨٧. لـە پـاش ئەوانـە لـە هیـچ سـەرژمێرییەک ئامـاژەی بـە دانیشـتوانی کوردسـتان نەکـردووە. پێـش ئـەوەی بچینـە نـاو ژمـارەکان، دەمـەوێ ئـەوە بڵێـم، وەکو توێژەرێـک، ئەو سـەرژمێریەی تاڕاددەیـەک بـاوەڕ پێکـراو بێـت بـە بـڕوای ئێمە، بریتیـن لە چوار سـەرژمێری یەکـەم، واتـا سـەرژمێریی ١٩٢٧ تاوەکو سـەرژمێری سـاڵی ١٩٥٧. خۆ لەگەڵ ئـەوەش تارمایی گومانمـان ناڕەوێنێتـەوە، بەڵکـو لـە زۆر بـاردا دەکرێـت چەندیـن ڕەخنـەی بەهێـزی ئاڕاستە بکەیـن، بـەڵام سـەرژمێرەکانی سـاڵانی دواتـر، واتـا سـاڵی ١٩٦٥ بـەولاوە هیچیـان جێگـەی باوەڕ و متمانەی ئێمە نین، چونکە لە سـەردەمی پرۆسـەی ڕاگواسـتنی مەزن و جینۆسـایدی بەرنامەڕێـژ ئەنجام دراون، بە دەسـتی ئەنقەسـت و ئامانجدار ژمارەی کـورد پوکێندراوەتەوە لـە شـارەکانی کەرکـووک، خانەقیـن، مەندەلـی، گولاڵـە، دیالا، مووسـڵ و هتد.

لـە خـوارەوە چەنـد خشـتەیەک دەخەینـەڕوو لـە سـەر ژمـارەی دانیشـتوانی باشـووری کوردسـتان، نـەک هەرێمـی کوردسـتان. وەک پێشـوو ئاماژەمـان پێـدا، باشـووری کوردسـتان وەکـو ڕووبـەری جیۆگرافـی و ژمـارەی دانیشـتوان جیـاوازە لـە هەرێمـی کوردسـتان. هەرێم سێ شـار لەخـۆ دەگرێـت، هـاوکات لەگـەڵ داپچڕاندنـی بەشـێکی زۆری ناوچەکانـی سـەر بـە شـارەکانی هەولێـر و دهـۆک. حکومەتـی عێـراق لەناواخنـی ئـەو شـارانەش کـە تـەواو کوردیـن، داپچڕینـی کارگێـڕی و عەرەباندنـی ئەنجـام داوە.

پرۆفیسـۆر عەبـدوڵا غەفـور ڤەکۆڵینکـی وردی کـردووە لـە نیشـاندانێکی ژمـارەکان بـە

پشتبەستن بە داتا فەرمییەکانی حکومەتی ناوەندی عێراق و بەدواداچوونەکانی، ئێمەش وەکو خۆی لە چەند خشتەیەک دەیانخەینەڕوو بە هەندێ دەستکارییەوە (مەبەست خستنەسەری خولەکانی ١٩٩٧ و ٢٠٠٧ تن). لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، کە ژمارەکانی گەشەکردنی دانیشتوانی کوردستان هەڵبەز و دابەزی لەناکاو دەکەن. سیاسەتی دیمۆگرافیای حکومەتی ناوەند و دەسکاری کردنی ژمارەکان و لادانیان لە دۆخی سروشتی گەشەی دانیشتوانی باشووری کوردستان، بە ئاشکرا دیارە. ئێمەش دوای ئەوە خوێندنەوەیەکی وردیان بۆ دەکەین و چەند ئەگەرێکی گەشە و پوکانەوەی ژمارەی کورد لە باشووری کوردستان گەڵاڵە دەکەین.

**خشتەی ١٠**

گەشەی ژمارەی دانیشتوانی باشووری کوردستان (هەموو کوردستانی عێراق) لە ساڵەکانی ١٩٢٧ تاوەکو ٢٠٠٧.

| خولەکان (چەند ساڵێک) | ژمارەی دانیشتوان | جیاوازی خولەکان بە ژمارە | ڕێژەی زۆربوون ٪ (لەسەت) |
|---|---|---|---|
| ١٩٢٧ | ٦١٣٣٤٧ | - | - |
| ١٩٣٥ | ١٠١٠٩٠٥ | ٣٩٧٥٥٨ | ٦٤،٨ |
| ١٩٤٧ | ١٣٨٣٣٧٨ | ٣٧٢٤٧٣ | ٣٦،٨ |
| ١٩٥٧ | ١٨٢٢٣٩٠ | ٤٣٩٠١٢ | ٣١،٧ |
| ١٩٦٥ | ٢٢٧٢١٠٩ | ٣٩٤٧١٩ | ١٧،٨ |
| ١٩٧٧ | ٣٣٠٣٣١٠ | ١٠٨٦٢٠١ | ٤٨،٩ |
| ١٩٨٧ | ٤٣٨٦٦٩٧ | ١٠٨٣٣٨٧ | ٣٢،٨ |
| ١٩٩٧ | ٥٩٠٨٠٠٠ | ١٥٢١٣٠٣ | ٣٤،٧ |
| ٢٠٠٧ | ٨٠٠٧٠٠٠ | ٢٠٩٩٠٠٠ | ٣٥،٥ |

سەرچاوەکان: عەبدوڵڵا غەفور، ئەتنۆدیمۆگرافیای کوردستان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٢. عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی ٢٠٠٨.

ئەگەر سەیری نەخشەی ژمارە ١٠ بکەین دەبینین ڕێژەی زۆربوون لە ساڵی ١٩٣٥ بریتییە لە ٦٤،٨٪ بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٩٢٧، واتا تەنها لە ماوەی ٨ ساڵدا ڕێژەی دانیشتوانی کورد نزیکەی ٤٠٠ هەزار کەس زێدەبووە، کە ساڵانە دەکاتە ٨،١٪. دەبێت ئەوەش بگوترێت، کە خێل و هۆزە کۆچەرەکان و بەشێکی زۆر لە گوند و دێهاتە دوردەستەکان بەشداریی ئەو سەرژمێرییەیان نەکردووە. خانەوادەی کورد بەوە ناسراون کە زارۆی زۆر دەخەنەوە، کچان زوو شو دەکەن و کوڕانیش زوو ژن دەهێنن. خانەوانەی کورد پێویستیان بە دەستی کار هەبووە بۆ کاری کشتیاری لە دێهاتەکان، لەو سەردەمانەدا کە نەخۆشی زۆربەی منداڵانی لە ماوەی کۆرپەیی لەناو دەبرد، بۆیە دایکان و باوکان ئەوەندەی لە دەستیان بهاتایە منداڵیان دادەنا، بەڵکو لەو ژمارە زۆرەی مردن چەند منداڵێکیان بۆ بمێنێتەوە. پرۆفیسۆر عەبدوڵڵا غەفور هەروەها ئاماژە بە شێوازی بیرکردنەوە و کولتوری کوردەواری دەدات بەوەی هەر منداڵێك کە دێتە دونیا ڕسق و خۆراکی لەگەڵ خۆیەتی و خوا دابینی دەکات، بۆیە نابێت ڕێگری بکرێت لە منداڵبوون. ژنانی کورد، وەکو پرۆفیسۆر ئاماژەی پێدەدا، توانای بڕشتی منداڵبوونیان زۆرە، لە هەزار ژنی تەمەن نێوان (١٤-٤٥) ساڵ ٨٠٠ منداڵیان دەبێت[1].

قۆناغی دووەم، واتە خولی نێوان ساڵەکانی ١٩٣٥-١٩٤٧، واتە لە ماوەی دوانزدە ساڵدا، ژمارەی دانیشتوانی باشووری کوردستان ٣٦،٨٪ زێدەبووە، کە دەکاتە زێتر لە ٣٧٢ هەزار کەس، ساڵانە دەکاتە ٣،٠٦٪. ئەوەش دابەزینێکی بەرچاوە لە ئاست ڕێژەی پێشوو کە بڕەکەی ٨،١٪ بوو ساڵانە. جیاوازیەکە زۆرە لەچاو خولی پێشوو. پێشتر لەماوەی هەشت ساڵدا ٤٠٠ هەزار کەس زێدە ببوو، کەچی ئێستا لەماوەی ١٢ ساڵ ٣٧٢ هەزار کەس هاتۆتە دونیاوە. ئەمە دوای شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و شێخ ئەحمەدی بارزان، بەغدا بۆی ڕوون دەبێتەوە کە دەبێت دەستوەردانێک بکات لە ژمارەی ڕاستەقینەی کوردان و دەربەدەرکردنیان و کۆچکردنی بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئەو گوندانەی کە هاوکاری ڕاپەڕینەکان بوون بەرەو شوێنی نادیار. لە

---

(١) عبداللە غفور، ئەتنۆ-دێمۆگرافیای باشوری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاکی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٦، لا ١٢.

توێژینـەوەی ئـەو ژمارانـە دەردەکەوێـت کـە دەمێـک زووتـر، واتـە پێـش سـەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ بەغـدا یـاری بـە ژمـارەی کـورد دەکات لـە عێـراق. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا کـورد پێـی وایـە سـەرژمێری ١٩٥٧ شـەفافترینە بـە بـەراورد لەگـەڵ هەمـوو ئـەو سـەرژمێریانەی دواتـر ئەنجـام دراون.

لـە خشـتەی خـوارەوە بـۆ بەرچاوڕوونـی خوێنـەر، وردەکاری زۆرتـری ژمارەی دانیشـتوان بـە گوێـرەی شـارەکانی کوردسـتان دەخەینـەڕوو. ئەگـەر سـەرەنج بدەینـە شـاری کەرکووک، لەنـاکاو ژمـارەی دانیشـتوانی کـورد لـە شـارەکان زۆردەبـن، ئـەوەش نابێـت مایـەی دڵخۆشـی بێـت، دەبێـت مایـەی سەرسـوڕمان بێـت، چونکـە هـۆکاری ئـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆچپێکردنـی کـورد لـە دێهاتەکانـی دەوروبـەری شـاری کەرکـووک، ئـەو دێهاتانـەی کـە سـامانی دەوڵەمەنـدی نەفتـی تێـدا گـڵبووەتەوە. ئەڵبـەت ئـەوە بـۆ شـارەکانی دیکـەش ڕاسـتە، چونکـە تەنـگ پێهەڵچنیـن و تۆپبارانـی سـوپای عێـراق شانبەشـانی هێـزی ئاسـمانی بەریتانیـا، دانیشـتوانی دێهاتەکانـی ناچـار بـە کۆچـی بـەردەوام دەکـرد. دەشـتەکانی نەینـەوا و گەرمیانـی کەرکـووک پـڕ بـوون لـە گونـد و دێهاتـی کـورد، چـڕی ژمـارەی کـورد لـەو ناوچانـە گەلێـک بـوون و دەکرێـت بگوترێـت زۆرتـر بـوون لـە دانیشـتوانی ناوچـە شـاخاوییەکانی باشـووری کوردسـتان. هەروەهـا ناوچەکانـی سـەر بـە بەغـدا و دیـالا و کـوت، بەشـی هـەرە زۆریـان لـە کـوردی فەیلـی پێکهاتبـوون، ئـەوان دەوڵەمەنـدەکان و بازرگانانـی ئـەو ناوچانـە بـوون.

## خشتەی ١١

ژمارەی دانیشتوانی باشووری کوردستان بە گوێرەی ستانەکان/پارێزگاکان لە سالانی ١٩٢٧-٢٠٠٧ (بە هەزار)، واتا هەر ژمارەیەک جارانی هەزار دەکرێت.

| ستان/ پارێزگاکان | هەولێر | کەرکووک | دهۆک | سلێمانی | مووسڵ | دیالا | گشت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٢٧ | ١٧٣ | ٨٠ | - | ٦٩ | ١٨٤ | ٩٢ | ٦١٣ |
| ١٩٣٥ | ٢٠٦ | ١٨٣ | - | ١٤٨ | ٣٣٩ | ١١٩ | ١٠١١ |
| ١٩٤٧ | ٢٤٠ | ٢٨٥ | - | ٢٢٦ | ٤٧٣ | ١٥٢ | ١٣٧٥ |
| ١٩٥٧ | ٢٧٣ | ٣٨٩ | - | ٣٠٥ | ٦٤٨ | ١٩٠ | ١٨٢٢ |
| ١٩٦٥ | ٣٦٠ | ٤٦٢ | - | ٤٠٨ | ٨٢٥ | ٢١٧ | ٢٢٧٢ |
| ١٩٧٧ | ٥٤١ | ٥٧١ | ٢٥١ | ٦٩١ | ٩٤٨ | ٣٠١ | ٣٣٠٣ |
| ١٩٨٧ | ٧٧١ | ٦٨٧ | ٢٩٣ | ٩٥٢ | ١٣٥٦ | ٣٢٨ | ٤٣٨٧ |
| ١٩٩٧ | ١٠٩٦ | ٨٦٥ | ٤٠٣ | ١٣٦٣ | ١٧٥٧ | ٤٢٤ | ٥٩٠٨ |
| ٢٠٠٧ | ١٥٤٢ | ١٠٦٥ | ٥٠٥ | ١٨٩٢ | ٢٤١٨ | ٥٨٣ | ٨٠٠٧ |

سەرچاوە: هەروەک خشتەی پێشوو.

لە خشتەی ژمارە ١٢ کە توێژەر "هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین"[١] ئامادەی کردووە، بەپشت بەستن بە توێژینەوەی "جەزا تۆفیق تالیب"[٢] و بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، دەردەکەوێت ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە بەرانبەر ژمارەی دانیشتوانی عێراق دەخاتەڕوو. پێمان وایە ئەوە ژمارەی تەنها سێ شارەکەی باشوور، هەولێر، سلێمانی، دهۆک بێت، نەوەک هەموو باشووری کوردستان، چونکە جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ ئەوەی پێشووتر پیشانمان دا و ژمارەی کوردانی کەرکووک و مووسڵ

(١) هاوڕێ یاسین محمدئەمین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠١٤، لا ٢١٧.

(٢) جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٠،لا ٣٧.

و دیالا و بەغدا و ناوچەکانی دیکەی ڕەچاو نەکردووە. لەپاڵ ئەوانەش کۆکردنەوەی ڕێژەکانی گەشە (٪) و دواتر دابەشکردنیان بەسەر ژمارەی ڕێژەکان، بەهەڵەمان دا دەبەن. بۆئەوەی بەرەنجامێکی دروستمان بکەوێتە دەست پێویستە ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ١٩٥٧ بەراورد بکەین بە ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ٢٠٠٠، ئەوساکە ڕێژەیەکی دروستمان دەکەوێتە بەردەست. ئەگەر بێت و بۆ ئەو مەبەستە سود لە خشتەی ژمارە (١٢) وەربگرین، ئەوا ئەو بەرەنجامەمان دەست دەکەوێت: ژمارەی دانیشتوانی سێ شارەکەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٧ بریتییە لە ١٥٣٠٠٤٣ (ملیۆنێک و پێنجسەدو سی هەزارو چل و سێ) کەس، لە ساڵی ٢٠٠٠ ئەو ژمارەیە دەبێتە ٥٢٥٧٣٢٤ (پێنج ملیۆن و دووسەت و پەنجا و هەفت هەزار و سێ سەت و بیست و چوار) کەس. لە ئەنجامی بەراورد بۆمان دەردەکەوێت کە لە ماوەی ٤٣ ساڵ (١٩٥٧-٢٠٠٠)، ژمارەی کورد لە هەرێم بە ڕێژەی ٢٤٣،٦٪ زێدە بووە، کە ساڵانە دەکاتە ٥،٦٦٪.

**خشتەی ١٢**

ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) لە ساڵانی ١٩٥٧ – ٢٠٠٠.

| خولەکان | ژمارەی دانیشتوانی سێ شارەکەی هەرێم | ڕێژەی کوردی هەرێم لە کۆی ڕێژەی دانیشتوانی عێراق (٪) | ژمارەی دانیشتوانی عێراق | ڕێژەی زۆربوونی دانیشتوانی کوردی هەرێم (٪) |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١٥٣٠٠٤٣ | ٢٤،٢ | ٦٢٩٨٩٧٦ | - |
| ١٩٦٥ | ١٨٣٠٩٦٥ | ٢٢،٦ | ٨٠٩٦٢٣٠ | ٢،٤ |
| ١٩٧٧ | ٢٧٣٢٦٨٣ | ٢٢،٧ | ١٢٠٠٠٤٩٧ | ٣،٨ |
| ١٩٨٧ | ٣٥٢٥٤١٥ | ٢١،٥ | ١٦٣٣٥١٩٩ | ٣،١ |
| ٢٠٠٠ | ٥٢٥٧٣٢٤ | ٢٢،٦ | ٢٣٢٠٩٣٢٦ | ٣،٢ |

سەرچاوە: هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠١٤، لا ٢١٧.

لە خشتەی ژمارە (١٣) تایبەتمەندی دابەشبوونی دانیشتوانی شار و دێهات دەخەینەڕوو بۆ ساڵانی ١٩٥٧، ١٩٨٧، ٢٠٠٧. ئەو دابەشبوونە مایەی سەرەنج ڕاکێشانە، لەبەر ئەوەی کوردستان بە سروشتی خۆی واتا دێهاتی زۆر و خەڵکی کوردیش واتا هۆز و خێڵی شوانکار و جوتیار و کشتیار بە پلەی یەک. لەو خشتەیەدا هەست بەکارەساتێک دەکرێت، کە چۆن و لە ماوەیەکی کورتدا دانیشتوانی لادێنشینی کوردستان دەگۆڕدرێت بە شارنشین. شتێکی ئاساییە لە هەموو وڵاتانی جیهانی سێیەم، کە ژمارەی دانیشتوانی دێهات زۆرتر بێت لە ژمارەی دانیشتوانی شارەکان، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ژیاری ئابوری و کشتیاریی/کشتوکاڵیی بوونی شێوازی ژیان. گوندەکانی کوردستان شادەماری ژیان و سەرچاوەی دروستبوونی تاکی کوردن لە سەدەی بیستەم. هەموو سەرچاوەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد پشت ئەستور بوون بە دێهاتەکان، کە کەڵەپیاو و جوامێری کوردپەروەریان دەبەخشیە نیشتمان. حکومەتەکانی بەغدا دێن بە پیلان ئەوە لەناودەبەن.

**خشتەی ١٣**

دابەشبوونی دانیشتوانی باشووری کوردستان بۆ سەر شار و دێهات لە ساڵەکانی ١٩٥٧، ١٩٨٧ و ٢٠٠٧ بە ڕێژەی سەتی (٪)

| ستانەکان/ پارێزگاکان | ١٩٥٧ | | ١٩٨٧ | | ٢٠٠٧ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | گوند | شار | گوند | شار | گوند | شار |
| هەولێر | ٧٣ | ٢٧ | ٢٣ | ٧٧ | ٢٧ | ٧٣ |
| کەرکووک | ٦١ | ٣٩ | ٢٦ | ٧٤ | ٣١ | ٦٩ |
| سلێمانی | ٧٤ | ٢٦ | ٧١ | ٢٩ | ٣٢ | ٦٨ |
| دهۆک | ٨٣ | ١٧ | ٢٥ | ٧٥ | ٢٩ | ٧١ |
| مووسڵ | ٧٢ | ٢٨ | ٥٨ | ٤٢ | ٣٩ | ٦١ |
| خانەقین | ٦٨ | ٣٢ | ٤٧ | ٥٣ | ٥٤ | ٤٤ |
| **سەرجەم** | **٧١** | **٢٩** | **٣٣** | **٦٧** | **٣٤** | **٦٦** |

سەرچاوە: عەبدوڵڵا غەفور، ئەتنۆ-دیمۆگرافیای باشووری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاکی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٦، لا ١٧. جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٠،لا ٣٧. هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠١٤، لا ٢٢٤.

نەخشەی ژمارە (١٣) قەبارەی ئەو کارەساتە نیشان دەدات، کە دووچاری باشووری کوردستان بووەتەوە. کارەساتێک کە بۆ هەمیشە گوندەکانی کوردستانی لەکارخست و گەورەترین زیانی لە ئاسایشی نەتەوەیی و ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلی کورد دا. جێگەی داخی زۆرە کە دوای ئازادی کوردستان لە ڕاپەڕینی ١٩٩١، هیچ کردەیەکی ڕژد نەکرا بۆئەوەی هەرچی نەبێت، بەشێک لە قەبارەی ئەو کارەساتە گەورەیە کەم بکرێتەوە. نیشتەجێ بوونی ئەو ژمارەی زۆرەی دانیشتوان لە شارەکان هەر بەتەنێ لەناوچوونی بەرهەمی کشتوکاڵی و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و کولتوریی نەبوو، بەڵکو لێدانێک بوو لە دیمۆگرافیای کوردستان کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆرتر هەستی پێدەکرێت. ئەوەتا ژمارەی کورد لە باشووری کوردستان لە کەم بوونەوەی بەردەوام دایە. توێژەری کورد، دکتۆر شێرکۆ کرمانج پێشبینی لەناوچوونی کورد لە باشووری کوردستان دەکات لە ماوەی سەت ساڵی داهاتوودا، واتا تا ساڵی ٢١٠٠ لە باشووری کوردستان ژمارەی کورد دێتە قڕان.

دەستەی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئابی ٢٠١٤ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە کە تیایدا مەزندەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەکات. تکا لە خوێنەر دەکەم سەرەنج بدات، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، نەك باشووری کوردستان یان کوردستانی عێراق. چونکە مەزندەکان تەنها سێ پارێزگای هەولێر و دهۆک و سلێمانی دەگرنەوە. گەرچی وەزارەتی پلاندانانی حکومەت دڵشادی خۆی نیشان دەدات لە ئاستی داتاکان، بەوەی کە خەڵکی ئێستا هۆشیاریان لا دروست بووە و ژمارەیەکی کەمی منداڵ دەخەنەوە، بێ ئەوەی ڕەچاوی پرسی دیمۆگرافیای کورد لە چوارچێوەی عێراق لە لایەک و ڕەچاوی ڕوانگەی پرسی نەتەوەیی نەتەوەیەکی هێشتا ژێردەستە بکەن. لە بەشەکانی تری کوردستان کێشەی هاوشێوە و مەترسیدارتر لە ئارادان. ئێمە لێرەدا پرسی کورد لە چوارچێوەی عێراقی عەرەبی دەخەینەڕوو. عێراقێک کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش لە بەعەرەبکردن نەوەستاوە و ناوەستێت. تاکە چارەسەریش بۆ ڕاگرتنی ئەوە هەبوونی قەوارەیەکی سیاسی کوردستانی بەهێزە.

## خشتەی ١٤

ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩ - ٢٠٢٠ لەگەڵ هەندێ تایبەتمەندی

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی گەشەکردن | ڕەگەزی نێر | ڕەگەزی مێ | ژمارەی لەدایکبوون | مردن | پێشبینی درێژیی ژیان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٤,٦٦٢,٢٦٦ | - | ٢,٣٤١,١٠٢ | ٢,٣٢١,١٦٤ | - | - | ٧٤,٢ |
| ٢٠١٠ | ٤,٧٩٣,٢٩٢ | ٢,٨ | ٢,٤٠٦,٩٠٩ | ٢,٣٨٦,٣٨٣ | ١٣٨,٣٩٣ | ٢٠,٣٨٦ | ٧٤,٢ |
| ٢٠١١ | ٤,٩٢٥,٦٢٩ | **٢,٧** | ٢,٤٧٣,٣٧٣ | ٢,٤٥٢,٢٥٦ | ١٣٩,٧١١ | ٢٠,٣٩١ | ٧٤,٣ |
| ٢٠١٢ | ٥,٠٥٩,٠١٠ | **٢,٧** | ٢,٥٤٠,٣٦٠ | ٢,٥١٨,٦٥٠ | ١٤٠,٨٢٤ | ٢٠,٤٦٢ | ٧٤,٥ |
| ٢٠١٣ | ٥,١٩٤,٧٣٢ | **٢,٦** | ٢,٦٠٨,٥٢٣ | ٢,٥٨٦,٢٠٩ | ١٤٣,٣٤٠ | ٢٠,٦٣٧ | ٧٤,٦ |
| ٢٠١٤ | ٥,٣٣٢,٦٠٠ | **٢,٦** | ٢,٦٧٧,٧٦٤ | ٢,٦٥٤,٨٣٦ | ١٤٥,٧٣٧ | ٢٠,٨٨٥ | ٧٤,٨ |
| ٢٠١٥ | ٥,٤٧٢,٤٣٦ | ٢,٦ | ٢,٧٤٧,٩٩٢ | ٢,٧٢٤,٤٤٤ | ١٤٨,٠١١ | ٢١,١٩٣ | ٧٤,٩ |
| ٢٠١٦ | ٥,٦١٤,٠٧٠ | **٢,٦** | ٢,٨١٩,١٢٣ | ٢,٧٩٤,٩٤٧ | ١٥٠,١٥٧ | ٢١,٥٤٠ | ٧٥,١ |
| ٢٠١٧ | ٥,٧٥٥,٠٤٣ | **٢,٥** | ٢,٨٨٩,٩١٦ | ٢,٨٦٥,١٢٧ | ١٥٠,٠١٩ | ٢٢,٠٦٧ | ٧٥,١ |
| ٢٠١٨ | ٥,٨٩٥,٠٥٢ | **٢,٤** | ٢,٩٦٠,٢١٩ | ٢,٩٣٤,٨٣٣ | ١٤٩,٦٣٦ | ٢٢,٦٤٥ | ٧٥,٢ |
| ٢٠١٩ | ٦,٠٣٣,٨١٤ | **٢,٣** | ٣,٠٢٩,٨٨٩ | ٣,٠٠٣,٩٢٥ | ١٤٩,٠١٠ | ٢٣,٢٦٦ | ٧٥,٣ |
| ٢٠٢٠ | ٦,١٧١,٠٨٣ | ٢,٢ | ٣,٠٩٨,٨٠١ | ٣,٠٧٢,٢٨٢ | ١٤٨,١٦٩ | ٢٣,٩٢١ | ٧٥,٤ |

سەرچاوە: ڕاپۆرتی دەستەی ئاماری هەرێم، وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئابی ٢٠١٤.

لە خشتەی ژمارەی ١٤ ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە لە کەمبوونەوەی بەردەوام دایە (بە ڕەنگی تۆخ دیارکراوە). ژمارەی دانیشتوانی هەرێم لە ماوەی نێوان ساڵی ٢٠٠٩ - ٢٠٢٠، واتا لە ماوەی ١١ ساڵ نزیکەی ملیۆنێک و نیو زۆربووە بە ڕێژەی ٢,٥٪ ساڵانە. ئەم بڕە زۆربوونەش کەمە بەڕەچاوکردنی ئەوەی ئێمە لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقین و مەترسی لەناوچوونمان لەسەرە. ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ساڵانە تا ئەو ساتەی قەوارەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆ دروست دەکەین، نابێت لە ٣٪ کەمتر بێت. بە پێچەوانەوە نەتەوەی کورد لە عێراق بە تەواوی لەناودەچێت.

ئـەو مەزەندانـە جێگـەی دڵخۆشـی نیـن، بـەڵام دەسـتەی ئامـاری وەزارەتـی پلاندانانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە ڕاپۆرتێکـی نوێـدا ڕاپۆرتێکـی مەترسـیدارتر بڵاودەکاتەوە لەسـەر ژمـارەی کـورد لـە عێـراق و کەمبوونـەوەی بەردەوامـی بـە بـەراورد لەگـەڵ ژمـارەی عـەرەب لـە وڵاتەکـەدا. هەرچەندە ڕاپۆرتەکانی ئەوسـا و ئێسـتاش مەزندەن، بـەڵام فاکتەکان ئـەو ڕاسـتییەمان پـێ نیشـان دەدەن کە دانیشـتوانی هەرێمی کوردسـتان بە بـەراورد لەگەڵ ناوچەکانـی دیکـەی عێـراق زارۆ ناخەنەوە.

**خشتەی ١٥**

ژمـارەی دانیشـتوانی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان لـە مـاوەی سـاڵانی ١٩٧٧-٢٠٣٠ بـە ملیـۆن و ڕێـژەی سـەدی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتان و ڕێـژەی کـورد لـە باشـوور (کوردسـتانی عێراق)

| | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ١٩٩٧ | ٢٠٠٣ | ٢٠١٩ | ٢٠٣٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| عێراق بە ملیۆن | ١٢ | ١٦ | ٢٢ | ٢٣ | ٣٩ | ٥١ |
| ژمارەی کورد لە هەرێمی کوردستان (سێ پارێزگاکە) بە ملیۆن | ١,٥ | ٢ | ٢,٩ | ٤,٣ | ٥,٨ | ؟ |
| هەرێمی کوردستان بە ڕێژە (٪) | ٪١٢,٥ | ٪١٢,٥ | ٪١٣,١٨ | ٪١٨,٦٩ | ٪١٤,٨ | ؟ |
| کورد لە ناوچە جێناکۆکەکان (داگیرکراوەکان) بە ملیۆن | ١,٨ | ٢,٣ | ٣ | ٢,٤* | ٢ | ؟ |
| هەموو کورد لە باشووری کوردستان) کوردستانی عێراق (بە ملیۆن | ٣,٣ | ٤,٤ | ٥,٩ | ٦,٧* | ٧,٨ | ؟ |
| ڕێژەی گشت کورد لە عێراق | ٪٢٧,٥ | ٪٢٧,٥ | ٪٢٦,٨ | - | ٪٢٠ | ؟ |

سـەرچاوە: کاری توێـژەر بـە پشـت بەسـتن بـە دەسـتەی ئامـاری هەرێمـی کوردسـتان و وەزارەتـی پلاندانانـی عێـراق، عەبدوڵـڵا غەفـور، ئیتنۆ-دیمۆگرافیای باشـووری کوردسـتان.

*خەمڵاندنی توێژەر.

ژمــارەکان و ڕێژەکانــی دانیشــتوانی هەرێمــی کوردســتان لــە عێراقــدا، خۆیــان دەدوێــن. ئــەوە ســەرەڕای ئــەوەی کــە ژمــارەی کــورد لــەو وڵاتــە هەرگیــز زیــادی نەکــردووە، بەڵکــو هــەر لــە کەمبوونــەوەش دا بــووە، ئــەوەش بــە هــۆی کارەســات و جینۆسایدەکان کـە بـە سـەر کـورد هێـنراون، لـە سـاڵانی دوای ڕووخانـی ڕژێمـی بەعـس لــە ســاڵی ٢٠٠٣ ڕێــژەی ژمــارەی کــورد بەشــێوەیەکی سروشــتی ڕوو لــە کەمبوونــەوە دەکــەن. دەســتەی ئامــاری هەرێمــی کوردســتان ئامــاژە دەدات، کــە لــە نێــوان ســاڵانی ٢٠٠٣ تاوەکـو ٢٠١٩، واتـا لـە مـاوەی شـازدە سـاڵدا، ژمـارەی دانیشـتوانی عێـراق چـواردە ملیــۆن و نیــو زێــدە بــووە، لــە کاتێکــدا لــە هەرێمــی کوردســتان تەنهــا ملیۆنێــک و نیــو زێدەبــووە. گــەر ســەیری خشــتەی ســەرەوە بکەیــن، دەبینیــن ڕێــژەی دانیشــتوانی هەرێمــی کوردســتان لــە مــاوەی ئــەو شــازدە ســاڵە ٣،٨٩٪ کەمــی کــردووە[١].

لــە ســاڵی ٢٠٣٠ ژمــارەی دانیشــتوانی عێــراق دەگاتــە ٥١ ملیــۆن کــەس، ئەگــەر ڕێــژەی دانیشــتوانی هەرێــم بــۆ ئــەم ســاڵە بــە ١٤٪ بخەمڵێنیــن، ئــەوا ژمــارەی کــورد لــە هەرێــم لــەم ســاڵەدا بریتــی دەبێــت لــە ٧ ملیــۆن و ســەت و چــل هــەزار کــەس (٧١٤٠٠٠٠)، لـە بەرانبـەردا ژمـارەی عـەرەب بریتـی دەبێـت لـە ٤٣ ملیـۆن و هەشسـەد هــەزار کــەس. دەســتەی ئامــار هۆشــداری دەدات لــەوەی ژمــارەی کــورد لــە ســاڵی ٢٠٥٠ لــە عێــراق بــۆ تەنهــا ٧٪ نــزم دەبێتــەوە. بــەو واتایــەی ئــەوەی ئەنفــال و جینۆسـاید پێـی نەکـرا لەگـەڵ کـورد، ئێسـتا بـە سـانایی دێتـە ئەنجام. ئـەوە سـەرەڕای ئــەوەش کــە پڕۆســەی بەعەرەبکــردن هــەر بەردەوامــە، ئەوەتــا لــە ســاڵی ٢٠١٨ ەوە ١٢ هــەزار خێزانــی تــازەی عــەرەب لــە کەرکــووک نیشــتەجێ کــراون. جگــە لــەوەش ڕێــژەی لەدایــک بــوون لــە نێــو عەرەبەکانــی کەرکــووک و دەوروبــەری چەندیــن جــار زۆرتــرە لــە ڕیــژەی لەدایکبــوون لــە نێــو کــورد و تورکــمان.

لـە نوێتریـن ڕاپـۆرت دەرکەوتـووە، کـە ڕێـژەی لەدایکبـوون لـە هەرێـم زۆر کەمـترە لــە بەشــەکانی دیکــەی عێــراق، بــە جۆرێــک ڕێژەکــە لــە نــاو کــورد ٢،٢٪ و لــە نێــو عەرەبیــش ڕێژەکــە دەگاتــە ٢،٥٪. قەبــارەی خێزانــی کــورد لــە پێنــج کــەس پێکدێــت و

(١) دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، ٢٠١٩.

قەبـارەی خێزانـی عەرەبیـش لـە ٧ کـەس پێکدێـت. کەمتریـن ڕێـژەی لەدایکبوونیـش لـە سـەر ئاسـتی عێـراق دەکەوێتـە شـاری سـلێمانی و زۆرتریـن لەدایکبوونیـش دەکەوێتـە پارێزگاکانـی عیـمارە و موسـەننا. ئـەوەش زەنگێکـی مەترسـی گەورەیـە، چونکـە دیمۆگرافیـا گەورەتریـن بناغـەی نەتەوەیـە لەپـاڵ خـاک و زمـان. لەباربردنـی دیمۆگرافیـای نەتەوەیـەک بەهـۆی کەمبوونـەوەی ژمـارەی دانیشـتوان بـە شـێوەیەکی سروشـتی، کارەسـاتێکە چارەسـەرکردنی زۆر زەحمەتـە.

## کەی گۆڕان لە دیمۆگرافیا لەناوچوونی نەتەوەی لێدەکەوێتەوە؟

لـــە دۆخـــی سروشـــتیدا، واتـــا دوور لـــە جەنـــگ و بەکۆمەڵکوشـــتنی ئامانجـــدار، هاوکێشـــەیەکی ماتماتیکـــی هەیـــە پێـــمان نیشـــان دەدات ئایـــا ئـــەو نەتەوەیـــە لـــە گەشـــەدایە یانیـــش بـــەرەو دوابـــڕان هەنـــگاو دەنێـــت. ئـــەم هاوکێشـــەیەش پێـــی دەگوترێـــت "ڕێـــژەی لەدایکبـــوون". شـــایانی باســـە ڕێـــژەی لەدایکبـــوون جیـــاوازە لـــە هاوکۆلکـــەی بڕشـتی ژنـان. ڕێـژەی لەدایکبـوون ئـەو ژمارەیەیـە کـە هەیـە، واتـا ژمـارەی لەدایکبـوون لـە ئـەرزی واقیعـدا. هەرچـی هاوکۆلکـەی بڕشـتییە، بریتیـە لـە توانـای ژنـان بـۆ لەدایکبوونـی منـداڵ لـە مـاوەی تەمەنـی منـداڵ دروسـتکردن، واتـا توانـای هـەر ژنێـك بـۆ خسـتنەوەی منـداڵ لـە تەمەنـی ١٥ تاوەکـو ٥٠ سـاڵ.

ڕێـژەی لەدایکبـوون: بریتییـە لـە پەیوەنـدی نێـوان ژمـارەی لەدایکبـوون بـۆ ژمـارەی ئـەو ژنانـەی کـە لـە تەمەنـی منـداڵ دروسـتکردن دان (بـۆ نموونـە لـە سـاڵێکدا). واتـا ژمـارەی مامناوەنجـی منـداڵ بـۆ هـەر ژنێـك. ڕێـژەی لەدایکبـوون ڕێبەرێکـی ستاتیسـتیکی-ئامارییە و بەکاردێـت بـۆ پێوانـی ئـارەزووی دانیشـتوان بـۆ گەشـەکردنی سروشـتی یـان کـەم بوونـەوەی. بـە گوێـرەی ئـەو یاسـایەی دیمۆگرافیـا ، بۆئـەوەی گەلێـك بـۆ مـاوەی ٢٥ سـاڵ بمێنێتـەوە، دەبێـت ڕێـژەی لەدایکبـوون تیایـدا زێـتر بێـت لـە ٢،١١٪، ئەگـەر کەمـتر بێـت لـەو ڕێژەیـە ئـەوا نەتـەوە دێتـە دوابـڕان (انقـراض). هیـچ نەتەوەیـەک ناتوانێـت بەردەوامـی بـە بوونـی بـدات ئەگـەر ڕێـژەی لەدایکبـوون تیایـدا بـۆ نموونـە ١،٩٪ بێـت، خـۆ ئەگـەر ڕێژەکـە دابەزێـت بـۆ ١،٣٪، ئـەوا هـەر ئەسـتەمە ئـەو نەتەوەیـە جارێکـی تـر خـۆی بگرێتـەوە. لـە دۆخێـك ئەگـەر ڕێـژەی لەدایکبـوون تـا ئەوەنـدە دابەزێـت ئـەوا نەتـەوە پێویسـتی بـە ٨٠ - ١٠٠ سـاڵ هەیـە بۆئـەوەی لـە دوابـڕان (قـڕان) ڕزگاری بێـت، ئـەوەش پێویسـتی بـە پلانـی بەرنامەڕێـژی تونـد دەبێـت. ئێسـتا ڕێـژەی لەدایکبـوون لـە هەرێمـی کوردسـتان ٢،٢٪، واتـا تەنهـا یـەک خـاڵ مـاوە بۆئـەوەی بگەینـە ئاسـتی مەترسـیدار، کـە تیایـدا گەشـەی دانیشـتوان بـەرەو نزمبوونـەوە بـڕوات و نەتـەوەی کـورد لـە عێـراق بـۆ هەمیشـە لەنـاو بچێـت.

چـۆن ڕێـژەی لەدایکبـوون بزانیـن؟ ڕێـژەی لەدایکبـوون بریتیـە لـە دابەشـکردنی

سەرجەم ژمارەی منداڵانی لەدایکبوو بەسەر ژمارەی ئەو ژنانەی کە لە تەمەنی منداڵدروستکردن دان، واتا ئەو ژنانەی کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ – ٤٩ ساڵ یان ١٥-٥٠ ساڵە، ئەنجا ژمارەکە جارانی هەزار دەکرێت بۆ دەرکەوتنی ڕێژەی سەدی (٪). لە خوارەوە بەشێوەیەکی ماتماتیکی هاوکێشەکە دەخەینەڕوو:

ڕێژەی لەدایکبوون= سەرجەم ژمارەی منداڵانی لەدایکبوو/ ژمارەی ژنان لە تەمەنی منداڵ دروستکردنX١٠٠٠

با نموونەیەک بهێنینەوە تاوەکو وێنەکە لای خوێنەر ڕوونتر بێت. گریمان ژمارەی لەدایکبوونی منداڵان لە شارێک ٣٠٠ منداڵە، بەڵام ژمارەی ئەو ژنانەی کە لە تەمەنی منداڵدروستکردن دان بریتییە لە ١٠٠٠٠ (دە هەزار) ژن. ئەوا هاوکێشەکە بەم شێوەیە دەبێت:

ڕێژەی لەدایکبوون= ٣٠٠/١٠٠٠٠*١٠٠٠ = ٣٪. واتا ڕێژەی لەدایکبوون لەو شارەدا بریتییە لە ٣٪.

هەرچی هاوکۆلکەی بڕشتییە، ئەوە پەیوەستە بە توانای سروشتی ژنانی تەمەن ١٥ بۆ ٥٠ ساڵ بۆ منداڵبوون. ژنان لە سەردەمی ئێستادا وەکو جاران توانای ڕاگرتنی منداڵیان نەماوە لە منداڵدان، ژمارەیەکی زۆریان دووچاری لەبارچوون و نەخۆشی دەبنەوە. هەروەکو ڕاپۆرتێک دەری دەخات لە هەرێمی کوردستان ئەو توانایەش لە کەمبوونەوەیە.

## ئایا لە بێ دەوڵەتیدا وجودی نەتەوە دەمێنێت؟

کە دەگوترێت نەتەوە، یەکسەر بیرمان بۆ سێ شتی پێکەوە گرێدراو دەچێت، ئەوانیش بریتین لە مەردوم و زمان کە لە سەر خاکێکی دیاریکراو مێژووەکی تایبەت بەخۆیان تۆمار کردووە. ئەمە سادەترین پێناسی نەتەوەیە. لە لیتراتوری زانستی تێمایەکی دیکەشی دەخرێتە سەر بۆئەوەی پێی بگوترێت نەتەوە، ئەویش بریتیە لە هەبوونی هەستی نەتەوەیی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی گروپی ئیتنی خاوەن هەمان نەژاد. زۆربەی زانایانی ئێتنۆلۆگیا پێیان وایە کە نەبوونی هەستی نەتەوەیی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵێك مەردوم هۆکارێکە بۆئەوەی ئەو کۆمەڵەیە لە ڕیزی نەتەوە پۆڵێن نەکرێت. بیروڕای خۆم وەکو توێژەر لەم پرسە جیاواز دەبینم، ئەم جۆرە پێناسەیە تا ڕادەیەکی زۆر ستەمکارە، لەبەر ئەوەی ڕەهەندی دەرەکی لەبەرچاو ناگرێت، کە مەبەست دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەستە. گەلانی دونیا بە هۆکاری جیاواز لە ڕێچکەی مێژوو دواکەوتوون. یەکێك لەو هۆکارانەی کە گەلی کورد بەسەری هاتووە بریتیە لە داپڵۆسینی ئامانجداری سێ نەتەوەی دەسڕۆی عەرەب و تورک و فارس بەسەریدا. چۆنییەتی دابڕینی کورد لە ڕێچکەی پێگەیشتنی هەستی نەتەوەیی و داماڵینی لە بیروهۆشی نەتەوەیی، پێویستە ببێتە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی هەمەلایەن. لەم پەرتوکەمان دەرفەتی ئەوەمان نابێت لێی قوڵ بینەوە. کاتێک نەتەوەیەک بەم شێوەیەی کورد داپڵۆسێنراوە و هەستی نەتەوەیی لاوازە، واتای ئەوە ناگەیەنێت کە نەتەوە نییە.

مەردوم یان خەڵك، لە کۆمەڵێک هۆزی دێرین پێکهاتوون کە پەیوەندی خوێن لە نێوانیان هەیە و بە درێژایی کات و بە هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری تەشەنەیان کردووە و لق و تیرەیان لێ جیابووەتەوە و دوابەدوای ئەوەش لە ڕێگەی کۆچکردن ڕووبەرێکی فراوانیان لە دەوروبەری خۆیان بەگوێرەی پێویست تەنیووە. لە کۆتاییدا ئەوان یەک تۆرەمەی هاوخوێنن و هەمان نەژاد کۆیان دەکاتەوە. کەوایە نەتەوە پێکهاتەی کۆمەڵێک هۆزی خاوەن یەک بنەچەی هاوبەش و پەیوەندی خوێنە، بەدرێژایی مێژووی دێرین زمانێکی سروشتی لە نێوانیان نەشونومای کردووە.

لــە قۆناغــی پاشــتر، واتــا دوای ئــەوەی گروپێکــی ئیتنــی هەســت و هۆشــی جیاوازبوونی لـە ئاست گروپێکی دیکـەی ئیتنـی بـۆ دەردەکەوێـت، لێـرەدا قۆناغـی بەردەوامیـدان بـە نەتـەوە و خۆگریـی دەسـت پێـدەکات. واتـا هـەر ئەوەنـدە بـەس نییـە کـە وەکـو نەتـەوە هەیـە، بەڵکـو دەبێـت پارێـزگاری بـکات لـە نەتـەوەی خـۆی (لـەو هەبوونـەی کـە جیـای دەکاتـەوە لەوانـی تـر).

لـە سـەردەمی پێشـکەوتنی میللەتـان "ژمـارە دانیشـتوان" ڕۆڵـی بنچینەیـی دەبینێـت. بەدرێژایـی مێـژوو میللەتـان توانیویانـە پـەل بهاوێـن و گەشـە بکـەن، ئەنجا خاکێکـی زۆرتـر بخەنـە ژێـر ڕکێفـی خۆیـان، سـەرەنجام توانیویانـە ببنـە خـاوەن دەسـەڵات و پێگـەی ئابـووری و سـەربازی و سیاسـی، کە ئێسـتا لـە چوارچێـوەی وڵاتانی نەتەوەیـی بەهێز خۆیان دەدۆزنـەوە. بـەڵام لـە بابەتـی گەلـی کـورد، ڕووداوەکان جیـاوازن، جگـە لـەوەی هەبوونـی هەسـتی نەتەوەیـی لای کـورد لاواز بـووە، نەتـەوە دەسـەڵاتدارەکانیش بـە ئامانـج ژمـارەی کوردیـان بەوپـەڕی نامیهرەبانـی کـەم کردووەتـەوە. ئەوەش لـە ڕێگـەی ڕاگواسـتن و تێکدانی گونـد و کوشـتنی بـە کۆمـەڵ و بەکارهێنانـی ئامـرازی دەروونـی بـۆ دروسـتکردنی هەسـتی بێـز و قێزکـردن لـە خـود. بەهۆی نەبوونـی پێگە و سـنوری جیۆسیاسـی، پەلاماردانـی دێهاتە کوردییـەکان ئاسـان بووە، هەر پەلامارێکیش بووەتە هـۆی دابڕودۆبڕکردنی خێڵە کوردییەکان و کۆچپێکردنیـان. نموونـە هـەزاران ئەندامـی خێڵـی زەنگەنـە و نانەکەلـی و کەلهـوڕ و لـەک لـە وڵاتـی ئێـران لـە شـارەکانی کاشـان و ئەسـفەهان و تـاران و هتـد گیرساونەتەوە بوونەتە بەشـێک لـە نەتـەوەی فـارس. چەندیـن خێڵـی دیکـەی کـورد کۆچیـان کـردووە یـان کۆچیان پێکـراوە بـۆ ناوچـە عەرەبییـەکان لـە نـاو نەتـەوەی عـەرەب تواونەتەوە.

لــە خاڵەکانــی داهاتــوو ئــەو مەرگەســاتە گەورەیــە گەڵاڵــە دەکەیــن کــە بەسـەر میللەتـی کـورد هاتـووە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، بـەڵام سـەرەنجەکانمان لەسـەر باشـووری کوردسـتان (کوردسـتانی عێـراق) چـڕ دەکەینـەوە. لەوێـدا بۆمـان دەردەکەوێـت کـە نەبوونـی وڵاتـی نەتەوەیـی چ کارەسـاتێکی بەسـەر ژمـارە و بوونـی گەلـی کـورد هێنـاوە. دوای ئـەم توێژینـەوە خوێنـەر خـۆی دەتوانێـت سەربەسـتانە پێناسـی نەتـەوەی خـۆی بـکات.

## کارەساتی دیمۆگرافیا وەکو دەرەنجامێکی تراژیدیانەی بێدەوڵەتیی

لەم خاڵەدا یەکێک لە گرنگترین تێمای پەرتوکەکە دەخەینە بەر باس، چونکە بۆمان دەردەخات کە بەریتانییەکان بوونەتە هۆی چ مەرگەساتێک بۆ سەر گەلی کورد، نەک هەر لە عێراقە دواکەوتووەکە، بەڵکە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. خۆ ئەگەر بێت و هەمان توێژینەوە لەسەر باکووری کوردستان بکرێت، کارەساتەکە زۆر گەورەتر دەبێت، بەڵام ئێمە لێرە تەنها لە سەر باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق) ڤەکۆڵینەکە ئەنجام دەدەین.

لەماوەی سەت ساڵ تەمەنی عێراقی دەستکردنی بەریتانی، هەر ئەوەندە نا کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان پلانیان قاودان و گۆشەگیرکردن و پەراوێز خستنی کورد بوو لەو وڵاتە، بەڵکو ستەمکاری و داگیرکاری خاکەکەیان کردبووە پیشەی ڕۆژانەیان و کاری لەپێشینەیان، ئەوەش لە چوارچێوەی ڕاگواستنی زۆرەملێ و بەعەرەبکردن و ئەنجا بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێک کە بەردەست بووە، پەلاماردانی گوندان و لێدان لە ژێرخانی کشتوکاڵی کوردستان، پاشان کیمیاباران کردن و ئۆپەڕاسیۆنەکانی ئەنفال وەکو دوا هەوڵی حکومەتەکانی عێراق بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد بە یەکجاری.

جا لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، هەر حکومەتێک هاتبێت سەرکۆنەی ستەمکارییەکانی حکومەتەکەی پێشووی خۆی کردووە، کەچی دوای ماوەیەک خۆشی هەمان مەرگەساتەکانی بەرانبەر کورد دووبارە کردووەتەوە. دیسانەوە سەیر لەوەدایە، کە عێراقییەکان دەیانگوت و دەڵێن ئەوەی دژی کورد کرا بەعسییەکان کردیان، ئێمەی عەرەب لێی بێبەرین! وەلێ لە ڕاستیدا هەموو ئەوانەی کرا دژی کورد، عەرەبە شۆڤینییەکان کردیان، بەڵام هەر جارە لەژێر ناونیشانێک و بەناوی دروشمێکی تر و هەر جارە کەسایەتییەکی دیکە، یەکەمجار هەشتا ساڵی ڕەبەق دەسەڵاتی پاشەیەتی و کۆماری سوننی مەزهەبی عەرەبی، دووەمجاریش بیست ساڵ دەسەڵاتی عەرەبی شیعە مەزهەب. ئیدی دوای ئەو هەموو تاوانەی لە سەر دەستی نەتەوەی سەردەستی عەرەب لەدژی کورد کراوە، ئایا ئیتر دەرفەتی ئەوە دەمێنێت بڵێین ئەوە عەرەب نەبووە ئەو مەرگەساتانەی بەسەر کورد هێناوە؟ ئەی گوایا ئەوانە لە کوێ هاتبوون؟

مەگەر هەر عەرەبی عێراقی نەبوون؟ خۆ لە سەر مەریخەوە نەهاتبوون؟

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، شیعە عێراقییەکان هاتن و هەمان کاریان کرد و دژی بەعس و حوکمی عەرەبی سوننی جاڕیان دا، کەچی بەرانبەر کورد ئەوەی پێیان کرا هەر ئەوە بوو قوتی خەڵک ببڕن و داعش بنێن بەگژ هەرێمی کوردستان و دواتریش بەردەوامی بدەن بە پڕۆسەی عەرەباندن لە کەرکووک و دەوروبەری. ئەگەر فڕۆکەی پێشکەوتوو و چەکی ناپاڵم و کیمیاویان هەبووایە دوور نەبوو وەکو ڕژێمی بەعسیان دەکرد. لەوەدا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە کێشەی ئێمە کێشەی نەتەوەییە نەك کێشەیەکی دیکە، کێشەی ئێمەی کورد نەبوونی قەوارەی نەتەوەییە لەچوارچێوەی سنورێکی سیاسی. هەر نەتەوەیەک جڵەوی دەسەڵات بەسەر خۆیدا بداتە دەست نەتەوەیەکی دیکە چارەنووسی خۆی دەداتە بەر شەپۆلی وێرانکاری و پاکتاوی نەژادیی.

پێویستە ئەوە بڵێم کە لەم لقەی توێژینەوەکەم، سەرەنج دەدەمە گرنگترین پرسی نەتەوەی کورد، ئەویش ئەو کارەساتانەیە کە بە سەر دیمۆگرافیای دانیشتوانی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا هاتووە. هەر یەک لە بەشەکانی دیکەی چوار پارچەی کوردستان تووشی هەمان دۆخی مەرگئامێز بوونەتەوە و پێویستە هەمان ڤەکۆڵین لە سەر دیمۆگرافیای ئەوانیش ئەنجام بدرێت، تاوەکو بزانرێت ئایا ئەوەی بەسەر کورد هاتووە لە ئەنجامی نەبوونی دەوڵەت، بە سەر هیچ نەتەوە و گەلێکی تر هاتووە؟

بە پشت بەستن بەو داتایانەی کە لەبەر دەستمان دان لەسەر ژمارەی دانیشتوانی کورد لە عێراق، واتا هەموو باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق)، لێکۆڵینەوەیەک ئەنجام دەدەین بۆ دەرخستنی ژمارەی ڕاستەقینەی کورد لەو وڵاتە لە دۆخێکدا ئەگەر ئەو هەموو نەهامەتیە و مەرگەساتە بەسەر ئەو میللەتە نەهاتبایە. واتا لێکۆڵینەوە لەوە دەکەین کە ئێستا دەبوایە ژمارەی دانیشتوانی کورد لە عێراق چەند بێت، ئەگەر جەنگ و کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و هتد دژی کورد ئەنجام نەدرابان.

سەرەتا ئەو خشتەیە دووبارە دەخەینەوەڕوو بۆ بەرچاو ڕوونیمان ئینجا چەند هاوکێشەیەکی ماتماتیکی بەکار دەهێنین هاوشێوەی ئەوەی لە وڵاتانی زیانلێکەوتووی ئەوروپا بەکارهێنراون بۆ زانینی ژمارەی دانیشتوان لە ئەگەری ڕوونەدانی جەنگ.

وەک پێشتر ئاماژەمان دا، ئێمە تەنها و تەنها متمانەمان بە سەرژمێری دانیشتوانی کوردستان هەیە بۆ خولەکانی ١٩٢٧ تاوەکو ١٩٥٧، کە لە لایەن حکومەتی عێراق ئەنجام دراون، سەرەڕای هەبوونی تێبینی زۆرمان کە پێشتریش ئاماژەمان پێدان. لە دوایین ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی ژمارەی دانیشتوانی باشووری کوردستان[1] بۆ ساڵی ٢٠١٩، ژمارەی کورد لە عێراق بە ٧٨٠٠٠٠٠ (هەفت ملیۆن و هەشتسەد هەزار) دەخەمڵێنێت، لە کاتێکدا ژمارەی عەرەب لە هەمان ساڵدا بووەتە ٣١،٥ (سی و یەک ملیۆن و پێنجسەت هەزار) کەس. لە خشتەی خوارەوە گەشەکردنێکی سەیرو سەمەرە دەبینرێت لە نێوان ژمارەی کورد و عەرەب لە عێراقدا. کوردەکان زۆر بەکاوەخۆ ژمارەیان گەشە دەکات، عەرەبەکانیش بەشێوەیەکی خێرا.

**خشتەی ١٦**

گەشەی دانیشتوانی کورد لە عێراق (باشووری کوردستان) بە بەراورد لەگەڵ گەشەی عەرەب

| خولەکان | هەموو عێراق | ژمارەی کورد | ژمارەی عەرەب |
|---|---|---|---|
| ١٩٢٧ | ٣,٥٠٠,٠٠٠ | ٦١٣,٣٤٧ | ٢,٨٨٦,٦٥٣ |
| ١٩٣٥ | ٤,١٥٠,٠٠٠ | ١,٠١٠,٩٠٥ | ٣,١٣٩,٠٩٥ |
| ١٩٤٧ | ٥,٣٤٠,٠٠٠ | ١,٣٨٣,٣٧٨ | ٣,٩٥٦,٦٢٢ |
| ١٩٥٧ | ٦,٨٠٠,٠٠٠ | ١,٨٢٢,٣٩٠ | ٤,٩٧٧,٦١٠ |
| ١٩٦٥ | ٨,٣٨٠,٠٠٠ | ٢,٢٧٢,١٠٩ | ٦,١٠٧,٨٩١ |
| ١٩٧٧ | ١٢,٤٦٠,٠٠٠ | ٣,٣٠٣,٣١٠ | ٩,١٥٦,٦٩٠ |
| ١٩٨٧ | ١٦,٢٦٠,٠٠٠ | ٤,٣٨٦,٦٩٧ | ١١,٨٧٣,٣٠٣ |
| ١٩٩٧ | ٢١,٤٤٠,٠٠٠ | ٥,٩٠٨,٠٠٠ | ١٥,٥٣٢,٠٠٠ |
| ٢٠٠٧ | ٢٧,٩١٠,٠٠٠ | *٦,٩٠٠,٠٠٠ | ٢١,٠١٠,٠٠٠ |
| ٢٠١٩ | ٣٩,٣٠١,٠٠٠ | ٧,٨٠٠,٠٠٠ | ٣١,٥٠١,٠٠٠ |

سەرچاوە: statista.com و کاری توێژەر.

*خەمڵاندنی توێژەر.

(١) دووبارە تێبینی/ هەموو کوردستانی عێراق، نەوەك بەس هەرێمی کوردستان.

ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە ١٦ بکەین، تێبینی دەکەین کە ژمارەی دانیشتوانی کورد لە خولەکانی سەرەتا لەچاو دانیشتوانی عەرەب بەڕێژەیەکی زۆرتر گەشەدەکات. تکایە سەرەنج بدە، دەڵێین ڕێژەی زۆربوون نەوەک ژمارەی دانیشتوان. ئەوەتا لە نێوان ساڵی ١٩٢٧ تاوەکو ١٩٥٧ ڕێژەی کورد لەو وڵاتە لەسەدا ١٩٧٪ گەشەی کردووە و لە هەمان کاتدا ڕێژەی عەرەب لەسەدا ٧٢،٣٪ گەشەی کردووە لە هەمان ماوەدا. بەڵام لە ماوەی نێوان ساڵی ١٩٥٧ تاوەکو ٢٠١٩ ژمارەی کورد بەڕێژەی لە سەدا ٣٢٨٪ گەشەی کردووە لە بەرانبەردا ژمارەی عەرەب بە ڕێژەی لەسەدا ٥٣٣٪ گەشەی کردووە. خۆ ئەگەر ژمارەی کورد لە ساڵانی ١٩٥٧ تاوەکو ٢٠١٩ بەهەمان ڕێژەی گەشەی عەرەب زیادی بکردایە، واتە بەڕێژەی لە سەدا ٥٣٣٪، ئەوا ئێستا ژمارەی کورد لەو وڵاتە دەبوو بە ٩٧١٣٠٠٠ (نۆ ملیۆن و هەفتسەد و سێزدەهەزار) کەس.

تکا لە خوێنەر دەکەم دووبارە سەرەنجێک بداتەوە خشتەی ١٦. دەبینین لە سەرژمێری ساڵی ١٩٩٧ و ساڵی ٢٠٠٧ دەرەنجامە جەرگبڕەکەمان بۆ دەردەکەوێت. دەرەنجامی چی؟ دەرەنجامی کارەساتەکانی ساڵانی جەنگ، بە تایبەت لە هەرسێ دەیەی هەفتاکان و هەشتاکان و نۆهەتەکان. دەبینین لە ساڵی ١٩٩٧ ژمارەی کورد نزیکی شەش ملیۆنە کەچی ژمارەی عەرەب بووەتە زێتر لە پازدە ملیۆن، و لە ساڵی ٢٠٠٧ ژمارەی کورد نزیکی هەفت ملیۆنە کەچی عەرەب بووەتە زێتر لە ٢١ ملیۆن!!!

ئەگەر بگەڕێینەوە ساڵانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەم، بە هەموو شێوەیەک ڕێژەی گەشەکردنی کورد زۆرتر بووە لە ڕێژەی گەشەی عەرەب، چونکە سروشتی ژیان لە ناوچە شاخاوییەکان و بەهۆی هەلومەرجە سەختەکانی ژیان، وایکردبوو تاکی کورد جەستەیەکی بەهێز و بەتواناتری هەبێت لە تاکی عەرەبی باشووری عێراق. هەروەها بڵاوبوونەوەی پەتا بەهۆی گەرماوە لە باشوور زۆرتر بوو تا لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان. کەچی لەگەڵ ئەوەش سەیر دەکەین دواتر ژمارەی کورد لە عێراقدا بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی عەرەب گەشەیەکی هێور و لەسەرخۆ دەکات. ئەڵبەت تەواوی ئەو مێژووە پڕ کارەسات و ستەمکارییەی دژی گەلی کورد ئەنجام دراون و کە لەم پەرتوکەدا باسکراون بۆ ئەوەیە کە ئێستا ئەو

دەرەنجامە سەختە و مەترسیدارەی لێ هەڵێنجین، کە دووچاری نەتەوەی کورد بووەتەوە و ئەنجامەکەشی لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە مەرگئامێز و کارەساتباوییە بۆ هەموو کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەر لەو ڕوانگەیەوە هاوکێشەیەکی ماتماتیکی بەکار دەهێنم کە پێشتر لە وڵاتی پۆڵەندا بەکارهێنراوە بۆ زانینی ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتوان لە ئەگەری سەرهەڵنەدانی جەنگی جیهانیی خوێناوی دووەم. هەمان هاوکێشە لەسەر دانیشتوانی کورد لە عێراق (باشووری کوردستان) دەسەپێنم تاوەکو بزانین چ کارەساتێک ڕووبەڕووی گەلەکەمان بووەتەوە.

بۆ زانینی ژمارەی دانیشتوانی کورد لە باشووری کوردستان لە ئەگەری سەرهەڵنەدانی جەنگەکان و تاوانەکان، دەتوانین دوو یاخود سێ گریمانە بخەینەڕوو بە پشتبەستن بە داتاکانی سەرژمێری عێراق تاوەکو ساڵی ١٩٥٧. بۆ دووبارە سەرەنج ڕاکێشانی خوێنەر، هەر لە ساڵانی بیستەکان، دواتریش سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی بارزان لە ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٣ و ١٩٤١-١٩٤٤، حکومەتی عێراقی پەلاماری گوندەکانی کوردستانی داوە و خەڵکی ڕاگواستووە و ئابلۆقی ئابووری خستۆتەر سەر کوردستان، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئێمە سەرژمێرییەکانی ساڵانی ١٩٢٧ و ١٩٣٥ و ١٩٤٧ و ١٩٥٧ پەسند دەکەین و لە سەر بنەمای ئەو سەرژمێرییانە گریمانەکانمان دەخەینەڕوو.

## گریمانەی یەکەم

لەم گریمانەیە داتای هەر خولێک بەجیا لێکدەدەینەوە، ئەوجا ڕێژەی سەدی دەردەهێنین، بەسوود وەرگرتن لەم خشتەیەی خوارەوە:

| خولەکان | ژمارەی دانیشتوانی کورد لە عێراق | گەشەی دانیشتوان بەراورد بە خولی پێشوو، بە ژمارە | گەشەی دانیشتوان بەراورد بە خولی پێشوو، بە ڕێژە (٪) |
|---|---|---|---|
| ١٩٢٧ | ٦١٣,٣٤٧ | - | - |
| ١٩٣٥ | ١,٠١٠,٩٠٥ | ٣٩٧,٥٥٨ | ٪٦٤,٨١ |
| ١٩٤٧ | ١,٣٨٣,٣٧٨ | ٣٧٢,٤٧٣ | ٪٣٦,٨٤ |
| ١٩٥٧ | ١,٨٢٢,٣٩٠ | ٤٣٩,٠١٢ | ٪٣١,٧٣ |

**لێکدانەوە:**

- لە نێوان ساڵانی ١٩٢٧ تاوەکو ١٩٣٥، واتا لە ماوەی هەشت ساڵدا ژمارەی کورد بە ڕێژەی ٦٤،٨١٪ زێدەبووە، کە ساڵانە دەکاتە ٨،١٪.
- لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥ تاوەکو ١٩٤٧، واتا لە ماوەی دوازدە ساڵدا ژمارەی دانیشتوانی کورد بە ڕێژەی ٣٦،٨٤٪ زێدەبووە، کە ساڵانە دەکاتە ٣،٠٧٪.
- لە ماوەی نێوان ١٩٤٧ تاوەکو ١٩٥٧، واتا لە ماوەی ١٠ ساڵدا ژمارەی کورد بە ڕێژەی ٣١،٧٣٪ زێدەبووە کە ساڵانە دەکاتە ٣،١٧٪.

ئێستا هەر سێ ڕێژەکە کۆدەکەینەوە و دابەشی سێی دەکەین تاوەکو ئەنجامێکی مامناوەنجیمان بۆ دەربچێت، کە ئەوەیە:

٨،١ + ٣،٠٧ + ٣،١٧ = ١٤،٣٤÷٣ = ٤،٧٨

ئێستا ڕێژەی ٤،٧٨ دەکەینە بنەمای گەشەی ساڵانە لە ماوەی ٣٠ ساڵ. واتا لە ساڵی ١٩٢٧ تاوەکو ١٩٥٧ لە سەر بنەمای ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ٤،٧٨٪ دەمانەوێ بزانین لە ماوەی نێوان ١٩٥٧ تاوەکو ٢٠١٩ دەبووایە ژمارەی کوردی باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق) چەند بێت؟

**ئەژمارکردن:**

ژمارەی ساڵانی نێوان ١٩٥٧ تاوەکو ٢٠١٩ دەکاتە ٦٢ ساڵ.

ڕێژەی گەشەی مامناوەنجی ساڵانە: **٤،٧٨٪**.

ئەو ڕێژەیە بۆ ٦٢ ساڵ واتا ٤،٧٨*٦٢ = ٢٩٦٪

ژمارەی ئێستای دانیشتوانی کورد لە باشوور ( هەموو کورد لە عێراق) بۆ ساڵی ٢٠١٩ بریتییە لە ٧٨٠٠٠٠٠ کەس (هەفت ملیۆن و هەشتسەد هەزار).

ڕێژەی ٢٩٦٪ لە ٧٨٠٠٠٠٠ دەکاتە: ٢٣ ملیۆن، ئەوەش ژمارەی دانیشتوانی لەدەستچووە!

ئێستا هەردوو ژمارە کۆدەکەینەوە:

ژمارەی دانیشتوانی لەدەستچوو + ژمارەی دانیشتیوانی ئێستا

٢٣٠٠٠٠٠٠ + ٧٨٠٠٠٠٠ = ٣٠٨٠٠٠٠٠

واتا ژمارەی دانیشتوانی باشووری کوردستان لە سەر بنەمای گریمانەی یەکەم بۆ ساڵی ٢٠١٩ دەبووایە:

٣٠٨٠٠٠٠٠ (سی ملیۆن و هەشسەد هەزار کەس) بێت!

**گریمانەی دووەم**

لەم گریمانەیەدا ڕاستەوخۆ بەراوردی نێوان ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ١٩٢٧ دەکەین لەگەڵ ساڵی ١٩٥٧.

گەشەی نێوان ١٩٢٧-١٩٥٧، واتا ماوەی ٣٠ ساڵ بریتیە لە ١٢٠٩٠٤٣ کەس، کە دەکاتە ڕێژەی ١٩٧،١٢٪. ئەو ڕێژەیەش دابەشی سەر ٣٠ ساڵ دەکەین بۆئەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەمان دەست کەوێت، کە دەکاتە ٦،٥٧٪.

**ئەژمارکردن:**

ژمارەی ساڵانی نێوان ١٩٥٧ تاوەکو ٢٠١٩ دەکاتە ٦٢ ساڵ.

لە سەر بنەمای ڕێژەی گەشەی ساڵانە کە **٦،٥٧٪** بووە،

ڕێژەکە جارانی ٦٢ ساڵ دەکەین بۆئەوەی تێکڕای گەشەی نێوان ساڵانی ١٩٥٧ بۆ ٢٠١٩ مان دەست بکەوێت:

٦،٥٧ * ٦٢ = ٤٠٧٪. ئێستا دەمانەوێ بزانین ژمارەی دانیشتوانی کورد بۆ ماوەی ٦٢ ساڵ بەڕێژەی ٤.٧٪ دەکاتە چەند؟

ژمارەی دانیشتوانی کورد لە باشوور بۆ ساڵی ٢٠١٩ بریتییە لە ٧٨٠٠٠٠٠ کەس (هەفت ملیۆن و هەشسەد هەزار).

ڕێژەی ٤٠٧٪ لە ٧٨٠٠٠٠٠ دەکاتە: ٣١٧٤٦٠٠٠ (سی و یەک ملیۆن و هەفتسەد و چل و شەش هەزار)، ئەوەش ژمارەی دانیشتوانی لەدەستچووە.

کەواتە بە گوێرەی ئەم گریمانەیە ژمارەی دانیشتوانی باشووری کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٩ دەبووایە: ٣١٧٤٦٠٠٠ + ٧٨٠٠٠٠٠ = ٣٩٥٤٦٠٠٠ (سی و نۆ ملیۆن و پێنجسەد و چل و شەش هەزار) کەس بووایە.

**گریمانەی سێهەم:**

ئەگەر تەنها خولی نێوان ١٩٤٧-١٩٥٧ وەکو بنەمای گەشەکردن وەربگرین، کە ماوەیەکی کورتە و لەڕووی زانستییەوە پەسند نییە، ئەوا بە ئەنجامێکی دیکە دەگەین.

**ئەژمارکردن:**

گەشە لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٧ تاوەکو ١٩٥٧ واتا لە ماوەی ١٠ ساڵ بریتیە لە ٣١،٧٣٪، کە ساڵانە دەکاتە ٣،١٧٪.

ئەو ڕێژەیە بۆ ماوەی ٦٢ ساڵ دەکاتە ١٩٧٪.

گەشەی دانیشتوانی باشووری کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٩ بریتییە لە ٧٨٠٠٠٠٠ کەس.

ڕێـژەی ١٩٧٪ لـە ٧٨٠٠٠٠٠ دەکاتـە: ١٥٣٦٦٠٠٠ (پـازدە ملیـۆن و سێسـەد و شەسـت هـەزار)، ئـەوەش ژمـارەی دانیشـتوانی لەدەسـتچووە.

لە سەر ئەو بنەمایە: ڕێژەی کورد بۆ ساڵی ٢٠١٩ دەبووایە:

١٥٣٦٦٠٠٠ + ٧٨٠٠٠٠٠ = ٢٣١٦٦٠٠٠ کەس (بیسـت و سـێ ملیۆن و سـەت و شەسـت و شـەش هەزار).

بـە گوێـرەی ئـەم گریمانەیـە ڕێـژەی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان بـۆ سـاڵی ٢٠١٩ دەبووایـە بیسـت و سـێ ملیـۆن و سـەت و شەسـت و شـەش هـەزار کـەس بێـت.

ئـەو سـێ گریمانەیـەی سـەرەوە بـۆ خەمڵاندنـی ژمارەی دانیشـتوانی کـورد لە باشـووری کوردسـتان (کوردسـتانی عێـراق)، هەواڵێکـی جەرگبـڕن بـۆ گەلـی کـورد، چونکـە پێـمان دەڵێـن کـە چـۆن بوونـی کـورد کەوتووەتـە ژێـر مەترسـی و چـۆن عێراقـی دروسـتکراوی بەریتانـی هەڕەشـەی لەسـەر مـان و نەمانـی گەلێکـی مەزنـی مێژوویـی هەبـووە. لـەو سـێ گریمانەیـەی سـەرەوە دەکـرێ کەمترینیـان پەسـند بکەیـن، کـە گریمانـەی سـێهەمە: ٢٣ ملیـۆن. خـۆ ئەگـەر بـە هەڕەمەکـی و لەخۆمانـەوە گریمانـەی ڕێژەیەکـی کەمـی گەشـە بکەیـن، بـۆ نموونـە ٢،٢٪. ئـەوا لـە مـاوەی ٦٢ سـاڵدا، واتـا لـە سـاڵی ٢٠١٩ دا گەشـەی دانیشـتوانی کـورد لـە عێراقـدا دەبوایـە نزیکـەی ١٨ ملیـۆن کـەس بێـت.

لـەو گریمانانـە بۆمـان دەردەکەوێـت کـە بەڵایـەک بـە سـەر کـورد هێـنراوە، پێشـتر و ئێسـتاش مەگـەر تەنهـا بـە سـەر گەلـی جـوو هاتبێـت. تەنانـەت جووەکانیـش سـنورێکیان بـۆ مەرگەسـاتەکان دانـا و چیـتر جینۆسـاید ناکرێـن، بـەڵام گەلـی کـورد هێشـتا لەژێـر هەڕەشـەی مـەرگ و جینۆسـاید دا شـەو و ڕۆژ دەکاتـەوە.

لێـرەدا دەمێنێتـەوە پرسـیاری ئـەوە لـە خوێنـەر بکەیـن، کـە بۆچـی ژمـارەی دانیشـتوانی عەرەبـی عێراقـی لـە کەمـتر لـە سـێ ملیۆنـەوە لـە سـاڵی ١٩٢٧ بەرزدەبێتـەوە بـۆ ٣٩ ملیۆن کـەس لـە سـاڵی ٢٠١٩، کەچـی ژمـارەی کـورد لـەو وڵاتـە لـە زێـتر لـە ٦٠٠ هـەزارەوە لـە سـاڵی ١٩٢٧ تەنهـا بـۆ ٧ ملیـۆن بەرزبووەتـەوە لـە سـاڵی ٢٠١٩؟

## گریمانە بۆ ژمارەی دانیشتوانی هەڵەبجە

وەک لـە باسـی کارەسـاتی جینۆسـایدی هەڵەبجـە گفتمان دا کـە گریمانەیەکی هاوشـێوە لەبـارەی ژمـارەی دانیشـتوانی ڕاسـتەقینەی شـارەکە دەیخەینـەڕوو لە بارێک ئەگەر هێرشـی کیمیایـی نەکرابـا سـەر ئەو شـارە. بۆ ئەم مەبەسـتەش جارێکی تر خشـتەی گەشـەی ژمارەی دانیشـتوانی شـارەکە دەخەینـەوە ڕوو. بـەڵام پێـش ئـەوەی گریمانەکـە ئەنجام بدەیـن، سـەرەتا تێبینـی ئـەوە دەکەیـن کە ژمارەی دانیشـتوانی شـاری هەڵەبجـە دوای کیمیابارانەکە بەشـێوەیەکی سـامناک نـزم بووەتـەوە، لەبەر ئـەوە بەراوردی ژمارەی دانیشـتوانی ئەم شـارە ناکەین بە ژمارەی دانیشـتوانی سـاڵی ١٩٩١، چونکە ئەوە دۆخێکی هەڵاوێرە (شـازە)، بەڵکو بـەراوردی گەشـە دەکەیـن لـە نێـوان سـاڵی ١٩٨٧ بۆ سـاڵی ٢٠٢٠، واتـا بۆ ماوەی ٣٣ سـاڵ.

**خشتەی ١٧**

ژمارەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦-٢٠٢٠

| ساڵەکان | ژمارەی دانیشتوان | گەشەی دانیشتوان بە ڕێژەی سەدی (٪) |
|---|---|---|
| ١٩٤٦ | ٢٣٠٠ | |
| ١٩٧٧ | ٩١٩٣٧ | ٪٣٨٩٧ |
| ١٩٨٦ | ١١٥٥٤٠ | ٪٢٥،٧ |
| ١٩٩١ | ٤٣٠٠ | ٪٩٦،٣- |
| ٢٠٢ | ٢٤٥٧٠٠ | ٪١١٢،٧ بەراورد بە ساڵی ١٩٨٧ |

سەرچاوە: تەها سلێمان، جینۆسایدی کوردستان.

لـە بـەراوردی سـاڵی ١٩٨٧ بـۆ سـاڵی ٢٠٢٠، واتـا بـۆ مـاوەی ٣٣ سـاڵ ژمـارەی دانیشـتوان بـە ڕێـژەی ٪١١٢،٧ زیدەبـووە، کـە سـاڵانە دەکاتـە ٪٣،٤. بـەڵام ئێمـە دێیـن گریمانـەی پێشـوومان لێـرەش جێبەجـێ دەکەیـن، تاوەکـو ژمـارەی دانیشـتوانی خەملێـنراو بـۆ شـارەکە بخەینـەڕوو. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش گەشـەی نێـوان سـاڵی ١٩٧٧ بـۆ سـاڵی ١٩٨٧ وەکـو نموونـە وەردەگریـن، دەبینیـن ڕێـژەی گەشـەی دانیشـتوان بریتـی بـووە لـە ٪٢٥،٧ کـە سـاڵانە دەکاتـە ٪٢،٦.

**ئەژمارکردن:**

لە ساڵی ١٩٨٧ تاوەکو ساڵی ٢٠٢٠ دەکاتە ٣٣ ساڵ.

ڕێژەی گەشەی ساڵانە ٢،٦٪

٣٣ * ٢،٦ = ٨٦٪.

ژمـارەی دانیشـتوانی شـاری هەڵەبجـە بـۆ سـاڵی ٢٠٢٠ بریتیـە لـە ٢٤٥٧٠٠ کـەس (دووسـەت و چـل و پێنـج هـەزار و هەفتسـەت کـەس).

ڕێژەی ٨٦٪ لە ٢٤٥٧٠٠ دەکاتە: ٢١١٣٠٢ کەس.

ژمارەی دانیشتوانی هەڵەبجە ئەگەر هێرشی کیمیایی نەکرابا سەر بریتی دەبوو:

٢٤٥٧٠٠ + ٢١١٣٠٢ = ٤٥٧٠٠٢ کەس (چوارسەد و پەنجاو هەفت هەزار).

کەواتـە هێرشـی کیمیایـی بـۆ سـەر شـاری هەڵەبجـە و دەربەدەربوونـی خەڵکەکـەی بووەتـە هـۆی ئـەوەی شـارەکە نیـوەی ژمـارەی دانیشـتوانی لەدەسـت دابێـت.

تێبینـی/ هـەروەک لـە خاڵـی پێشـوو گوتمـان، وەرگرتنی ١٠ سـاڵ بـۆ بەراوردکردن لـە ڕووی زانستییەوە پەسـند نییـە. بەڵام نەبوونی داتایەکی دروسـت بۆ سـاڵانی نێوان ١٩٤٦ تاکو ١٩٧٧ لەمپەر دروسـت دەکات لەبەردەم وردبینیمان لە توێژینەوەکە. شـایانی باسـە لە ساڵانی چلەکان و پەنجـاکان ژمـارەی دانیشـتوانی شـاری هەڵەبجـە هـەروەک سـەرچاوەکان باسـی دەکـەن، لـە ژمـارەی دانیشـتوانی شـاری هەولێـر زۆرتر بـووە. بۆیە بە پێویسـتی دەزانـم گریمانەیەکی دیکە بخەینـەڕوو، ئەمجـارە ڕێـژەی گەشـەی ماماوەند وەردەگریـن بە گوێرەی ئەو هاوکێشـەیە:

لـە نێوان خولـی سـاڵانی ١٩٤٦ بـۆ ١٩٧٧ واتـا بـۆ مـاوەی ٣١ سـاڵ ژمـارەی دانیشـتوانی هەڵەبجـە بەڕێـژەی ٣٨٩٧٪ زۆربـووە، لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٧٧ بـۆ ١٩٨٧ واتـا لـە مـاوەی ١٠ سـاڵ بەڕێـژەی ٢٥،٧٪ زۆربـووە.

ڕێـژەی ئـەم دوو خولـە کۆدەکەینـەوە و دابەشـی دووی دەکەیـن بۆئـەوەی ژمـارەی ماماوەندمـان بداتـە دەسـت، کـە ئەوهـا دەکات: ٢٥،٧+٣٨٩٧ = ٣٩٢٢٪. ئەنجا ٢/٣٩٢٢ = ١٩٦١،٣٪ بـۆ مـاوەی چـل و یـەک سـاڵ، کـە دەکاتـە ڕێـژەی ٤٧٪ بـۆ هـەر سـاڵێك.

**ئەژمارکردن:**

ڕێــژەی گەشــەی دانیشــتوانی هەڵەبجــە لــە نێــوان ســاڵانی ١٩٨٧ تاوەکــو ســاڵی ٢٠٢٠ دەکاتــە ٣٣ ســاڵ.

ڕێــژەی گەشــەی ســاڵانە بــە ٤٧٪ دەخەمڵێنیــن، وەک لــە هاوکێشــەکەی ســەرەوە دەســتمان کــەوت. ٣٣ ســاڵ جارانــی ٤٧٪ دەکەیــن:

٣٣ * ٤٧٪ = ١٥٥١٪

ژمــارەی دانیشــتوانی شــاری هەڵەبجــە بــۆ ســاڵی ٢٠٢٠ بریتییــە لــە ٢٤٥٧٠٠ کــەس (دووســەت و چــل و پێنــج هــەزار و هەفتســەت کــەس).

ڕێــژەی ١٥٥١٪ لــە ٢٤٥٧٠٠ دەکاتــە: ٣٨١٠٠٠٠ (ســێ ملیــۆن و هەشــت ســەت و دە هــەزار)، ئــەوەش ژمــارەی دانیشــتوانی لەدەســتچووە.

ژمارەی دانیشتوانی هەڵەبجە ئەگەر هێرشی کیمیایی نەکرابا بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بریتی دەبوو لە:

٢٤٥٧٠٠ + ٣٨١٠٠٠٠ = ٤٠٥٥٧٠٠ (چــوار ملیــۆن و پەنجــاو پێنــج هــەزار و هەفــت ســەت کــەس).

هەڵەبجــە شــارێکی ســەر ســنور و دەوڵەمەنــد بــە هەموو ســەرچاوەکان، بە گوێــرەی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئێســتا یەکەم شــاری باشــووری کوردســتان دەبوو لە ڕووی ژمارەی دانیشــتوان.

**بەراوردێک لە نێوان باشووری کوردستان و ئیماڕاتی عەرەبی**

بەراوردکردنـی دیمۆگرافیـای دانیشـتوانی کـورد لـە عێـراق بـە قـەوارەی دیکـەی جیهانی وێنەیەکـی ڕوونترمـان دەداتـێ. بۆئـەوەی فەرامۆشـکارانە بـە سـەرمان تێنەپەڕێـت، دەبێـت لاوان و گەنجانـی ئێمـە ووشـیارتر ببنـەوە لـەوەی بـە سـەر گەلەکەیـان هاتووە. با بـۆ نموونە دیمۆگرافیـای باشـووری کوردسـتان بـەراورد بکەیـن بـە دیمۆگرافیـای ئیماڕاتـی عەرەبی.

ژمـارەی دانیشـتوانی وڵاتـی ئیماڕاتـی عەرەبـی یەکگرتـوو بـۆ سـاڵی ٢٠٢٠ گەیشـتە نزیکـەی ١٠ ملیـۆن کـەس، بـەڵام زۆربەیـان هاوڵاتییانـی بیانیـن و ژمارەی خەڵکی ڕەسـەنی ئـەو وڵاتـە نزیکـەی ٢٩٠٠٠٠٠ (دوو ملیـۆن و نۆسـەد هـەزار) کەسـە.

گـەر بگەڕێینەوە سـاڵانی پێشـوو، لە سـاڵی ٥٥٩١ ژمارەی خەڵکی عەرەبـی ئیماڕات تەنها ٠٧ هـەزار کـەس بـووە، ژمـارەی کـوردی عێراقیـش لـە سـاڵی ٧٥٩١، ٠٠٠٢٢٨١ (ملیۆنێـك و هەشتسـەد و بیسـت و دوو) هـەزار کـەس بـووە، واتا لە سـاڵانی پەنجاکان ژمـارەی کوردانی عێـراق نزیکـەی ٦٢ جـار لـە ژمـارەی ئیماڕاتـی عەرەبـی زۆرتر بووە. لـە سـاڵی ٠٢٠٢ ژمارەی عەرەبـی ئیماڕاتـی دەگاتـە دوو ملیـۆن و نۆسـەد هـەزار کەس، ئەگـەر سـەیربکەین دەبینین ڕێـژەی گەشـە لـەم وڵاتـە لـە سـاڵی ٥٥٩١ تاوەکـو ٠٢٠٢ بریتـی بـووە لـە ٨،٢٤٠٤ ٪. بـە واتایەکـی دیکـە دانیشـتوانی ئیماڕات لـە مـاوەی ٥٦ سـاڵدا ١٤ جـار زێـدە بووە.

ئـەدی ژمـارەی کـورد لـە عێـراق لـە مـاوەی ٢٦ سـاڵ، واتـا لـە سـاڵی ٧٥٩١ تاوەکـو ٩١٠٢ چەنـد جـار زێدە بـووە؟

وەڵام: ژمـارەی کـورد لـە کوردسـتانی عێـراق لـە مـاوەی ٢٦ سـاڵ نزیکـەی چـوار جـار زێـدەی کـردووە! ژمارەکـە لـە ٠٠٠٢٢٨١ (ملیۆنێـك و هەشتسـەد و بیسـت و دوو هـەزار کـەس) بووەتـە ٠٠٠٠٠٨٧ (هەفـت ملیـۆن و هەشتسـەد هـەزار کـەس).

ئـەی ئێسـتا ژمـارەی دانیشـتوانی کـورد لـە عێـڕاق چەنـد جـار زێـترە لـە ژمـارەی دانیشــتوانی ئیماڕاتــی عەرەبــی؟

وەڵام: ژمارەی دانیشـتوانی کـوردی عێـڕاق لـە سـاڵی ٠٢٠٢ تەنهـا سـێ جـار زێترە لە دانیشـتوانی ئیـماڕات!!!

ئیماراتی عەرەبی لە ماوەی ٥٦ ساڵ ١٤ جار زۆرتر بووە، کەچی لە هەمان ماوەدا ژمارەی کورد لە کوردستانی عێراق ٤ جار زۆرتر بووە لەوەی پێشووی خۆی. خۆ ئەگەر گریمانەی گەشەی دیمۆگرافیای کوردستان بکەین بەلەجێدانانی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ئیمارات، واتا بە ڕێژەی ٢٤٠٤٪، ئەوا دەبینین ژمارەی کورد لە عێراق بۆ ساڵی ٩١٠٢ دەبووایە بگاتە زێتر لە ٠٧ (حەفتا) ملیۆن کەس.

ئەوە پێی دەگوترێت مەرگی نادیار. گەلی کورد دووچاری مەرگێکی نادیار کراوەتەوە و کەسیش ناپرسێت و کەسیش خۆی لێ ناکات بە خاوەن. ئەوە مەرگەساتێکە کە برای عەرەبی موسوڵمان بەسەر کوردی موسوڵمانی هێنا.

ئەوە مەترسیدارترین ئاماژەیە بۆ گەلی کورد، کە تا ئێستا ناسنامەکەی لەچوارچێوەی وڵاتێکی نەتەوەیی نەپارێزراوە کە خۆی خاوەنی سەروەریی نیشتمانی و سیاسیی خۆی بێت. ئەنجا لەگەڵ ئەوەش پرۆفیسۆری ناوداری پۆڵەندی "ئاندژێی پیسۆڤیچ" لەبارەی زمانی کورد دەڵێت: ئەگەر دامەزرانی قەوارەی هەرێمی کوردستان نەبووایە لە ساڵی ١٩٩١، ئەوا ئێستا زمانی کوردی بە تەواوی دووچاری لەناوچوون دەبووەوە[1]. ناوبراو ئاماژە دەدات، کە زمانی کورد لە باشووری کوردستان نەک هەر پارێزراو مایەوە، بەڵکو گەشەی زۆریشی بەخۆیەوە بینی و بەردەوام لە گەشەکردن دایە، وردە وردە بووەتە زمانێکی تەواو پێگەیشتوو.

هەموو ئەوانەی پێیان وایە لە ڕێگەی دیمۆکراتیزەکردن و بڵاوکردنەوەی بیری تۆلێرانس و بەخشندەیی دەتوانن شتێک بۆ میللەتی کورد بکەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا لە خەیاڵی ژەهراوی دەژین. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێو کەڵبی تیژی گورگ ژیانی گوزەر دەکات و هیچ هیوایەکیش نییە کە پێمان بڵێت تورک و عەرەب و فارس بەرەو هزری کرانەوەی نەتەوەیی و لێبوردەیی بۆ نەتەوەکانی تر هەنگاو دەنێن. ئەدی کەوایە ئێوە ئەی بەناو ڕۆشنبیرانی کورد بۆچی چارەنووسی کورد دەخەنە مەترسییەوە؟ مەگەر لەوە خراپترمان بەسەر بێت کە بەسەرمان هاتووە؟

(1) Pisowicz Andrzej, na końcu języka, wywiad prowadzili: Kornelia Mazurczyk i Zbigniew Rokita, wyd. Fundacja Sąsiedzi, Białystok 2015, s. 22.

هەندێـک بەنـاو هزرمەنـدان و ڕۆشـنبیران، بـە تایبەتـی ئەوانـەی لـە تاراوگـە لەنێـو ژیانـی خۆشـگوزەرانی ئەوڕوپا مەسـت و نێوتـراڵ بوونـە، نـەک هـەر ئـەوەی هیچیـان بـۆ دۆسـیەی گەلـی کـورد پـێ نییـە، بەڵکـو ئەوەتـا چەندیـن بیرۆکـەی دژە کۆمەڵگـە و دژبـە پڕانسـیپی خێـزان بـۆ کوردسـتان هـاوردە دەکـەن. کەچـی گەلـی کـورد لەهەمـوو کات زۆرتـر ئێسـتا پێویسـتی بـە بنەماکانـی نەریتـی کـوردەواری و پتەوڕاگرتنـی خێـزان هەیـە تاوەکـو لـەڕووی ژمـارەوە لەنـاو نەچێـت. بەڵـێ سـەردەمێک بـوو هـۆزەکان بەڵابـوون بـۆ سـەر چەکەرەکردنـی هـزری نەتەوەیـی، ئەمێسـتا هـۆزەکان هۆشـیارییەکی دیکەیـان پەیـدا کـردووە دەکرێـت لەژێـر ڕۆشـنایی قـەوارەی سیاسـی کوردسـتاندا پـەروەردە بکرێـن هـەروەک چـۆن هـۆزە عەرەبـە عێراقییـەکان بیـر و هـزری عێراقچێتـی لە پێشـەوەی هەموو شـتێک دادەنێـن. ناتێگەیشـتوویە کـە هەمـوو ڕەهەندێکـی خێڵەکـی وەلاوە بنێیـن و بـە دواکەوتـوو ناوزەندیـان بکەیـن. بوونـی داب و نەریتـی خێڵایەتـی بـۆ کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت پرسـێکی پێدڤییـە پێـش هەمـوو شـتێك لـە دوو ڕوانگـەوە: یەکەمیـان بـۆ پاراسـتنی پرانسـیپ و نەریتـی خێـزان، دووەم بـۆ پـەرەدان بـە ژمـارەی دانیشـتوان. کـورد تـا نەبێتـە خاوەنـی سـەروەریی نەتەوەیـی لـە چوارچێـوەی وڵاتێکـی نەتەوەیـی خـاوەن سـنوری نێودەوڵەتـی، تارمایـی جینۆسـاید بەرۆکـی بەرنـادات. لـە کاتێکدا کە دوژمـن نیازی وایـە ژمـارەی کـورد کـەم بکاتـەوە، دەبێـت ئامانـج و سـتراتیجی ئێمـە بریتـی بێـت لـە پەرچەکـردار و هەمـوو هەوڵێـك بدەیـن بـۆ بەرزکردنـەوەی ژمـارەی دانیشـتوان، تەنانـەت ئەگـەر ئـەوە لەسـەر ئەژمـاری خۆشـگوزەرانی و کاتیشـمان بێـت.

# بەشی نۆیەم
# ڕووخانــی ڕژێمــی بەعــس - ســەردەمی عێراقــی تایەفەگــەری شــیعە

## هەرێمی کوردستان دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١

هەرچەندە ئامانجی ئێمە نییە لەم پەرتوکەدا باسی وردەکاریی کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان بکەین پاش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، بەڵام لەگەڵ ئەوەش پێویستە سەرەنج بدەینە هەندێ خاڵی گرنگ، کە دواتر کاریگەرییان دەبێت لە سەر دۆخی سیاسی و پەیوەندییەکانی کوردستان بە عێراق و بە وڵاتانی دەرەوەش.

پێویستە کەمێک لەبارەی ڕووداوەکانی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بدوێین. هێزە سیاسی و سەربازییەکانی باشووری کوردستان لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، بڕیاری یەکگرتنیان دا و بەرەی کوردستانیان دامەزراند. حکومەتی سەرەڕۆی بەعسیش دوای کۆتایی جەنگی ئێران، پەلاماری وڵاتی کوێتی دا و بەتاڵانی برد و وەک پیشەی هەمیشەیی سوپا بەدناوەکەی ئابڕووی خەڵکەکەی هەتک کرد و پایەختی وڵاتەکەی ئاگرتێبەردا. وڵاتانی هاوپەیمانیش بە ڕابەرایەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا داوایان لە سوپای عێراق کرد بێ مەرج ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێت و دەست هەڵگرێت لە داگیرکاری. دوای ڕەت کردنەوەی داواکە، هاوپەیمانان بڕیاریان دا هێرشی تێکشکێنەر بکەنە سەر سوپای عێراق و لە کوێت وەدەری نێن. ئەوە بوو سوپای عێراق بەشێوەیەکی ئابڕووبەرانە تێکشکا بەرانبەر هاوپەیمانان، ئەو سوپایەی کە تەنها دەسەڵاتی بەسەر میللەتی بێ چەکی وەکو کورد هەبوو. بەرەی کوردستانیش خۆی بۆ ڕاپەڕین ئامادەکرد و خەڵکی کوردستانیش ڕاپەڕینەکەیان لە شاری ڕانییەوە دەست پێکرد، کە بووە بڵێسەی شۆڕش و سوپای تاوانکاری عێراق لە کوردستان وەدەر نرا. لە خوارووی عێراقیش شیعەکان هەمان کاریان ئەنجام دا. ڕووداوەکە زۆری نەخایاند، تاوەکو سوپای ئەمریکا ناپاکییەکی ئەنجام دا و پشتی ڕاپەڕیوانی بەردا. دووبارە کورد کەوتەوە بەر دەمی سەگە هارەی بەعس. ڕژێمی سەدام هێزی گاردی کۆماری (الحرس الجمهوري) ناردە سەر شیعەکان لە باشووری عێراق و سەرکوتی کردن. گەرچی سەرەتا بەهۆی ئەو ئابلۆقە سەربازییەی هاوپەیمانان لە جەنگی کوێت بەسەر سوپای عێرقیان سەپاندبوو، فڕۆکەکانی عێراقی بۆیان نەبوو بە سەر ناوچەکانی باشوور و باکوور بفڕن، بەڵام بەغدا داوای کرد کە

ڕێگەیـان پـێ بـدەن بـۆ بەکارهێنانـی ئاسـمان بـە بیانـووی ئـەوەی پـردەکان و ڕێـگاکان وێـران بـوون و پێویسـتیان بـە بەکارهێنانـی فڕۆکـە هەیـە. گومانیـش لـەوەدا نییـە کـە ئەمریکییـەکان مەبەسـتیان ئەوەبـوو ڕژێمـی سـەدام ڕاپەڕینـەکان سـەرکوت بـکات، چونکـە جووڵانـەوەی شـیعەکان و دەسـتگرتنی کـورد بەسـەر کەرکـووک ئەوسـاکە لەگـەڵ بەرژەوەنـدی ئەمریـکا و بەریتانیـا یەکـی نەدەگرتـەوە. هۆکارەکانـی ئـەوەش لـە گەلێـك پەرتـوک و نووسـین بـاس کـراون.

پـاش تەواوبوونـی ئۆپەڕاسـیۆن دژی شـیعەکان، ڕژێمـی بەغـدا سـوپای گاردی کۆمـاری نـاردە سـەر کوردسـتان بـۆ سـەرکوتکردنی ڕاپەڕیـن. ئەڵبـەت سـوپای گاردی کۆمـاری (الحـرس الجمهـوري) باشـترین یەکـەی سـەربازی سـوپای عێـراق بـوو، بـە هـاوکاری فڕۆکـەی جەنگـی توانیـان کوردسـتان کۆنـترۆڵ بکەنـەوە، ئـەوەش بـووە هـۆی کۆچـی بەکۆمەڵـی خەڵکـی کوردسـتان بـەرەو چیـاکان و وڵاتانـی دراوسـێ. کۆچڕەویـی گەلـی کـورد بـووە هـۆی ڕاکێشـانی سـەرەنجی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و هەروەهـا تووڕەکـردن و تـرس لێنیشـتنی تورکیـا، چونکـە ڕەنـگ بـوو ئـەوە ببێتـە هـۆی بزواندنـی هەسـت و سـۆزی کوردانـی باکـوور و کاریگـەی نێگەتیڤـی بـۆ سـەر ئاساییشـتی نەتەوەیـی تورکیـا دروسـت بـکات. ئـەوە بـوو هەریـەک لـە تورکیـا و بەریتانیـا و ئێـران داوایـان کـرد سـنورێک بـۆ ئـەوە دابنرێـت و ڕێـڕەوی هـاوکاری مرۆیـی بکرێتـەوە و خەڵکـی ڕاکـردوو لـە ئـۆردوگاکان نیشـتەجێ بکرێـن تـا سـاتی دۆزینـەوەی ڕێگەچارەیـەک.

بـە بڕیـاری ئەنجومەنـی ئاساییشـی نێودەوڵەتـی ناوچـەی دژە فڕیـن تـا هێڵـی ٣٦ بـۆ سـوپای عێـراق دیاریکـرا. خەڵکـی کوردسـتان توانیـان بگەڕێنـەوە ماڵەکانـی خۆیـان و ژیانێکـی ئـازاد و دوور لـە داپڵۆسـینی بەعـس دەسـتپێبکەن. بـۆ یەکـەم جـار بـوو لـە مێـژوو بڕیارێکـی فەرمـی نێودەوڵەتـی لـە سـەر پرسـی کـورد دەربچێـت، کـە ئەویـش تەنهـا مۆرکێکـی مرۆیـی هەبـوو، نـەک سیاسـی. وڵاتانـی زلهێـزی وەکـو بەریتانیـا و فەڕەنسـا و ئەمریـکا خوازیـاری دروسـتکردنی کێشـەی دیپلۆماسـی نەبـوون لەگـەڵ تورکیـا و ئێـران و حەزیشـیان بـە دابەشـکردنی عێـراق نەبـوو، بۆیـە ڕێگەیـان نـەدا هیـچ مۆرکێکـی سیاسـی بـەو بڕیـارە بدرێـت، هـەر هاوکارییەکیـش بـۆ کـورد لـە عێـراق لـە چوارچێـوەی

هـاوکاری مرۆیـی بـوو نـەوەک هـاوکاری سیاسـی. لـە ڕاسـتیدا ئـەوەش هـەر بـاش بوو،لـەو سـەردەمەدا دەکـرێ بگوترێـت لـەوە چاکـتر بـۆ کـورد لـە توانـا نەبـوو بکرێـت.

لـەو سـاتەوە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق لـە سـنورێکی جیۆگرافـی قەتیـس کـراو جۆرێـک ئـازادی دەسـتەبەرکرد. وە نەبێـت ئـەو بڕیـارەی ئەنجومەنـی ئاسـاییش بـۆ خاتـری چاوەکانـی کـورد بـن، بەڵکـو ئـەوە باشـترین ڕێگـە بـوو بـۆ لاوازکردنـی عێـراق و فەراهەمکردنـی ئاساییشـی زۆرتـر و کەمکردنـەوەی مەترسـی بـۆ سـەر ئیسرائیـل. ئەنجـا سـەرەنج بدەیـن، هەرێمـی کوردسـتان لـە یـەک دۆخـی جیۆپۆلیتیکـی نەگـۆڕ ماوەتەوە،بـە کورتییەکـەی بەرژەوەنـدی ڕۆژئـاوا ئەوهـا دەخوازێـت. تێگەیشـتن لـە ڕۆژئـاوا (بـە تایبـەت وڵاتانـی ئەنگلۆسـاس) لـە چۆنییەتـی سیاسـەتکردن گرنگییەکـی هەنووکەیـی هەیـە، تاوەکو کـورد بزانێـت چـۆن مامەڵـە بـکات لـە مـاوەی چەنـد دەیـە یاخـود سـەدەی داهاتـوو. ئـەوان هەرگیـز ڕێزێـک دانانێـن بـۆ قوربانـی دان و خۆبەختکردنـی شـەرەفمەندانە، بەڵکـو تەنهـا و تەنهـا بـە لۆژیکـی پـارە و سـامان سیاسـەت دەکـەن.

دوای ڕاپەڕینـە مەزنەکـە ڕژێمـی بەعـس هەمـوو یەکـە کارگێڕییەکانـی لـە هەرێمـی کوردسـتان کشـاندەوە، موچـەی هەمـوو دامودەزگاکانـی بـڕی، ئابلۆقـەی ئابوریشـی خسـتە سـەر کوردسـتان. ئـەوەش وێـڕای ئابلۆقـەی ئابـوری نێودەوڵەتـی کـە بـە سـەر عێـراق سـەپێنرابوو دوای پەلاماردانـی کوێـت. هێـزە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان دەستەوەسـتان نەبـوون، خێـرا پەنایـان بـردە بـەر هەڵبژاردنـی پەڕلەمـان و لـە سـاڵی ١٩٩٢ بـۆ یەکـەم جـار پەڕلەمانـی کوردسـتان هەڵبژێـردرا، ئـەوەش وەرچەرخانێـک بـوو لـە ژیانـی سیاسـی کـورد، فاکتەرێکـی گرنگیـش بـوو بـۆ سـەرەنج ڕاکێشـانی نێودەوڵەتـی، کـە گەلـی کوردیـش هاوشـانی گەلانـی دیکـەی جیهـان توانـای خۆبەڕێوەبەریـی هەیـە.

هەرسێ سـتانەکە/پارێزگاکەی هەولێـر و سـلێمانی و دهـۆك کەوتنـە ژێـر گوشـاری دوو ئابلۆقـە، یەکیـان لـە لایـەن حکومەتـی بەغـدا و ئـەوی تریـش نێودەوڵەتـی. گەلـی کـورد دووچـاری ڕەوشـێکی ئابـوری زۆر سـەخت بـووەوە. ئەڵبـەت ئامانجـی حکومەتـی بەعـس ئەوەبـوو خەڵکـی کـورد بێـزار بێـت لـە دەسـەڵاتی خۆسـەری کـورد و داوای ڕزگارکـردن لـە بەغـدا بـکات. لـە سـەرەتای ڕووداوەکان هەندێـک لـە خەڵکـی کوردسـتان دەسـتیان

بەخۆپیشاندان کرد لە هەندێ شار و شارۆچکە، بەڵام دەسەڵاتی کوردی خێرا ڕێکاری پێویستی گرتەبەر بۆ نەهێشتنی بەشێک لە کەموکوڕییەکان. ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم بۆ گەلی کورد لە باشووری کوردستان سەختترین سەردەم بوو لە هەژاری و برسێتی. بەڵام لە هەمووی جەرگبڕتر شەڕی براکوژی بوو، کە ئابڕووی سیاسی هەرێمی کوردستانی لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زڕاند. ئەو جەنگەی نەدەبوو هەرگیز ڕووبدات. ئەو جەنگەی وایکرد هەرێمی کوردستان چەند هەزار گەنجێک لەدەست بدات و ژێرخانی داڕماوی ئابووری کوردستان زێتر وێران بکات. وڵاتانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە خۆیان بە پارێزەری هەرێمەکەمان دەزانی، لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی زمانیان کورت بوو، ئیتر نەیاندەتوانی وەک پێویست پاڵپشتی سیاسی و دیپلۆماسی لە گەلی کورد لە باشووری کوردستان بکەن.

ئەلبەت ئەمە لە زۆر ڕووەوە کێشەی سەت ساڵەی کوردە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا. هەروەک لە بەشی دووەمی ئەو پەرتوکە ئاماژەمان دا، وڵاتانی زلهێزی ڕۆژئاوا لە سەرویانەوە بەریتانیا و ئەمریکا، تەنها لەگەڵ قەوارەی سیاسی پتەو و خۆگر ڕەفتار دەکەن، نەك لەگەڵ چەند گروهێکی پەرتەوازە و فشۆڵ. کورد دەبوایە (تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش) ئەوە پیشانی دونیا بدات کە پیاوی حوکمکردن و دەسەڵاتە، تاوەکو متمانەی وڵاتانی خاوەن دامەزراوە بەدەست بهێنێت، ئەگەر نا دووبارە دەماندەنەوە بەر دەستی وڵاتانی بەهێزی نەتەوەپەرستی وەکو تورکیا و ئێران و عێراق.

ئەرکی ئەم پەرتوکە نییە باسی جەنگی خوێناوی براکوژی بکات. ئەوەی دەمانەوێ بیخەینە بەر باس ئەوەیە، کە دەسەڵات کردن لە چوارچێوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە و پابەند بوون بە یاسا و بەندەکانی دەستور و کارکردن بە دەسەڵاتی دادوەری و هەبوونی یەک هێزی سەربازی (پێشمەرگە)، تاکە هۆکارن بۆ پێدانی ڕەوایەتی بە خود (هەبوونی شەرعیەت) تاوەکو وڵاتانی خاوەن دامەزراوەی بەهێزی ئەوڕوپایی و ئەمریکا بتوانن مامەڵەمان لەگەڵ بکەن. ئەوسا و ئێستاش زۆر لە سیاسییەکانی دەسەڵاتی عێراق ئەو تۆمەتەیان دەخستە پاڵ کورد، کە ماڵ و چەک دەدزن و ئاودیوی ئێرانی دەکەن، یاخود کوردەکان خێڵەکین (عەشایەرن) بە کەڵکی

بەڕێوەبردن نایەن. نەدەبوو حزبەکانی کوردستان ئەو تۆمەتانە لە سەر ئەرزی واقیع لەسەر خۆیان ساخ بکەنەوە، نەدەبوو ئەو پاساوە بدەنە دەستی دوژمن تاوەکو ئابڕووی کورد ناشیرین بکەن لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی.

جەنگی خوێناوی ناوخۆیی شەش ساڵی خایاند. هەوڵی زۆر درا بۆ دامرکاندنەوەی و بەرقەرار کردنی ئاشتی. چەندین کۆششی جیا جیا دران، بەڵام زۆربەیان لە سەرەتا شکستیان هێنا. ئەمریکا گرنگییەکی ئەوتۆی نەدەدا بە شەڕەکە، چونکە هەمیشە وەکو کارت سەیری پرسی کوردی دەکرد لە دژی ڕژێمی بەعس لە بەغدا. چەندین کۆبوونەوە کران لە لایەن نوێنەرانی هەردوو حزبی شەڕکەر لە وڵاتانی تورکیا و ئێران و بەریتانیا، بەڵام بێ هودە بوون.

بۆ تۆمارکردنی مێژوو ئەو دەقە ووتەیەی ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی کوردستان "ئەبو کاروان" لە بارەی هەوڵەکانی بەڕێز عەزیز محەمەد وەکو خۆی دەخەمەڕوو:

لە ٢٩ی دیسێمبەری ١٩٩٧ لەگەرمەی شەڕی ناوخۆدا هاوڕێ عەزیز محەمەد لە سلێمانی هاتە بارەگای کۆمیتەی پارێزگای کەرکووک و دوای وچانێک و هەندێ گفتوگۆی نێوانمان وتی دەمەوێ سەردانی مام جەلال بکەم، منیش پەیوەندیم کرد بەسکرتاریەتەوە و دوای چەند خولەکێک وەڵامیان داینەوە کە مام جەلال خۆی سەردانی هاوڕێ عەزیز دەکات، هەرواش بوو لەکاتی خۆیدا گەیشت و دوای چا خواردن و چەند خولەکێک من داوای ڕوخسەتم کرد و وتم: (دەچمە دەرەوە بۆئەوەی هەردووکتان پێکەوە گفتوگۆ بکەن) هەردوو بەڕێزیان پێکەوە گوتیان مەچۆ دەرەوە ولێرەبە و ئاساییە.

هاوڕێ عەزیز بەوردی باسی شەڕی ناوخۆ و زیانەکانی کرد و کە چۆن پێویستە ڕابگیرێ و هەر کەس و لایەنێک دەستپێشخەری بکات ئەوا مێژوویەکی گەورە تۆمار دەکات.

مام جەلال زیاتر لە هاوڕێ عەزیز گفتوگۆی کرد و وردتر گفتوگۆکانی چڕکردەوە،

باسی گرفتەکان و کێشەکانی کرد لەگەڵ پارتیدا، دواتریش وتی "ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و فەرماندە سەربازییەکان زۆر توندن بەرانبەر پارتی بەتایبەتی لەدوای ۳۱ی ئابەوە، بەڵام هاوڕێ عەزیز منیش لەگەڵ ئاشتبوونەوم".

هاوڕێ عەزیز گوتی: کەواتا با هەنگاو بنێین، چی بکەین؟

لەوەڵامد تاڵەبانی گوتی "من پێم باشە تۆ هاوڕێ عەزیز چاوپێکەوتن و سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بکەیت و منیش ئامادە نابم و بەڵام مەوعیدی کۆبونەوەکە دیاریدەکەم. هاوڕێ بەزمانە پاراو و دیپلۆماسیەکەی لە وەڵامدا گوتی تۆ دەتەوی من لەگەڵ ( کۆسرەت ڕەسوڵ، جەبار فەرمان، ئەرسەلان بایز ، دکتۆر کمال...) دابنیشم، بەبێ تۆ قەت ئەوەم پێناکرێت، مام جەلالیش وتی: تۆ موافەقە بکە و منیش بەهەموو توانامەوە پشتگیریت دەکەم. مام جەلال ڕۆیشت و دوای ماوەیەک تەلەفۆنیان کرد و ئاگاداریان کردینەوە کە کاتژمێر(٦)ی ئێوارە چاوەڕوانی هاوڕێ عەزیز دەکەن. هەرواش بوو هاوڕێ عەزیز ڕۆیشت و بەبێ مام جەلال سەرپەرشتی کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کرد و گفتوگۆیان لە سەر کێشە و چارەسەرەکان کردبوو.

کاتژمێر(١٠)ی بەیانی ڕۆژی ۳۱ی دیسێمبەری ١٩٩٧ جارێکی تر هاوڕێ عەزیز لەگەڵ مام جەلال کۆبوونەوە و لە ئەنجامدا مام جەلال نامەیەکی ئاراستەی کاک مەسعود بارزانی کرد و تێیدا باسی بارودۆخی ناوچەکە وعێراق و کوردستان تاوتوێ کرا. جگە لەوە داوای دانیشتن و گفتوگۆی کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی شەڕی ناوخۆ، نامەکەش بووە بنەمایەکی باشی گفتوگۆی نێوان پارتی و یەکێتی .هاوڕێ عەزیز گەڕایەوە بۆ لای ئێمە و پرسیارم کرد: خواردنت بۆ بێنن و چیت پێباشە؟ وەڵامی دامەوە گوتی خواردنی چی من دەمەوێ بەپەلە ئەم نامەیەی مام جەلال بگەیەنمە کاک مەسعود، بەپەلە ڕۆیشت و بە گەیشتنی بۆ سەری ڕەش و دوای گفتوگۆکردن لەنێوانیاندا، کاک مەسعود ئازادکردنی چەند کادر و پێشمەرگەی دیلی یەکێتی ڕاگەیاند وەک وەڵامێک بۆ دەستپێشخەریەکەی مام جەلال. لەئەنجامی ئەو دەستپێشخەریانەدا پرۆسەی ئاشتبوونەوە و کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی هەردوو حیزب بەسەرپەرشتی

هاوڕێ عەزیز دەستی پێکرد و زیاتر لە چل کۆبوونەوە ئەنجام دران، کاتێک دەوڵەتان هەستیانکرد کە چارەسەری شەڕو کێشەکان لە ناوخۆی کوردستان چارەسەر دەکرێت، خێرا هاتن و بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان چەند موبادەرەیەکیان کرد و شەڕ کۆتایی هات و ئاشتی بەرقەرار بوو لە کوردستان. عەزیز محەمەد خۆی ڕۆیشت، بەڵام خەبات و تێکۆشانی، هزر و دیدەکانی لەکاتی موقاوەمەت و ئاشتیدا لەپێناو مرۆڤ و گەلەکەمان هەرگیز لە لەنگەر ناکەوێت[١].

ئەم مرۆڤە مەردە هەموو تەمەنی کردە قوربانی و خەبات لە پێناوی وەدی هێنانی ئاشتی لە نێوان لایەنەکان، نەک ئەوەندە، بەڵکو دەستێکی باڵای هەبوو لە کێش کردنی ژمارەیەکی زۆر لە دۆست و تێکۆشەرانی عەرەب بۆ کوردستان تاوەکو شانبەشانی پێشمەرگە شەڕی دژ بە بەعس بکەن. هاوڕێ عەزیز محەمەد لە پای ئەو ژیانە پڕ لە خەبات و تێکۆشانە بێ ووچانەی بۆ ئازادی کوردستان و عێراق پێشکەشی کردبوو، لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی چەند ساڵێك پێش کۆچی دوایی کردنی مەدالیای ڕێزلێنانی بارزانیی پێ بەخشرا.

---

(١) ئەبو کاروان، ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی کوردستان.

**وێنەی (٣٠)**

پێشمەرگەی خەباتکار و ئاشتیخواز، عەزیز محەمەد، سکرتێری حزبی شیوعی عێراق و کوردستان



## وێنەی (٣١)

سـەرۆک مەسـعود بارزانـی لـە سـاتی پێشکەشـکردنی خەڵاتـی ڕێزلێنـان بـە هاوڕێـی خەباتگێـر عەزیـز محەمـەد سـکرتێری گشـتی حزبـی شـیوعی عێـراق و کوردسـتان



## ڕووخانی ڕژێمی بەعس – سەرهەڵدانی کۆماری تایەفەگەری شیعە

واشنتۆن هەر لە ساڵی ١٩٩١ نیازی ڕووخانی ڕژێمی بەعسی هەبوو، بەڵام بەو هیوایەی کە ئەوە لە ڕێگەی ئەنجامدانی کودەتایەک لە نێوخۆی ڕژێم بکرێت و کۆتایی بەو گروپە دیکتاتۆرە بهێنێت. وەک دیارە، ئەوە ڕووی نەدا. لە ساتەوەختی وەدەرنانی سوپای عێراق لە کوێت، دیسانەوە ئەو نیازەی واشنتۆن لە ئارادابوو، بەڵام دیسانەوە دەسوەردانی زەقی ئێران و ترس لە دووبارە کردنەوەی نموونەی دەسەڵاتی شۆڕشی ئیسلامی، وایکرد کاربەدەستانی ئەمریکا پاشگەز ببنەوە. ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش بە درێژایی دوازدە ساڵ کارکردن لە دەرەوە، هیچ توانایەکی نەبوو جووڵانەوەی سەربازی لە ناوخۆ ئەنجام بدات کە ئامانج لێی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بێت. ئەو ڕژێمە بەشێوەیەک پێچکەی خۆی قایم کردبوو، کە بەبێ دەسوەردانی دەرەکی وڵاتانی هاوپەیمان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، تەنانەت ئەستەم بوو بیریش لە ڕووخانی بکرێتەوە. تاکە شت کە ئۆپۆزسیۆن توانی بیکات بریتی بوو لە کۆنگرە و کۆبوونەوەی بەردەوام بۆ یەکخستنی بۆچوونە سیاسییەکانی لایەنەکان، بە تایبەتی کورد و شیعە، بۆ پێدانی ڕەوایەتی (شەرعیەت) بە هەر کردەیەکی سەربازی دژی بەغدا و هێنانی گروپێکی تازە بۆ سەر تەختی دەسەڵات.

لەم نێوەندەدا ڕووداوی یازدەی سێپتێمبەری ساڵی ٢٠٠١ ڕوویدا کە تیایدا دوو تاوەری بازرگانی World Trade Center لە شاری نیویۆرك لە لایەن گروپی تیرۆریستی قاعیدەوە کرانە ئامانج، ئەمەش وای لە جۆرج دەبلیو بۆش کرد کە لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ئیتر بە ئاشکرا پەنجەی تۆمەت بۆ عێراق ڕابکێشێت.

بەڵام ئاشکراشە، کە ڕکابەرێتی نێوان وڵاتانی جەمسەرگیری وەکو ڕوسیا و هاتنی هەریەک لە وڵاتانی چین و هیندستان بۆ ناو گۆڕەپانی ململانێ مەزنەکان و ناو هاوکێشەی ئابووری و سیاسی بڕیاردەر، وایان لە ئەمریکا کرد دەستپێشخەریی بکات لە هەنگاونان بەرەو دەوڵەمەندترین ناوچە، کە ماوەی سەت ساڵی ڕەبەقە کێبڕکێی لەسەر دەکرێت، ئەویش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بە وردیش کەنداوی فارس (عەرەب پێی دەڵێت کەنداوی عەرەب). کەنداوی فارس شادەماری هەناردەی نەوتە، بەم

ساڵانەی دواییش بەهۆی دەوڵەمەندبوونی بێ وێنەی هەریەک لە ئیماڕاتی عەرەبی و قەتەر و کوێت، زێتر بووەتە جێی چاوتێبڕینی زلهێزانی ڕۆژئاوا.

ڕاستییەکی گومانبڕ هەیە ئەویش پێگە و گرنگیی نەوتە بۆ ئابووری بە گشتی و پیشەسازی بە تایبەتی، لە پێش هەمووشیان پیشەسازی پترۆکیمیایی و سەربازی. نەوت وەک ڕاپۆرتە جیهانییەکان ئاماژەی پێدەدەن، هێشتا بۆ ماوەی نیو سەدەی دیکە بێ پچڕان گرنگیی خۆی هەیە و هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی ووزە ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە(١). جیهان هیچ کاتێک ئەوەندەی ئێستا پێویستی بە گەشەی خێرا و لەناکاو نەبووە، هیچ کاتێک وەکو هەنووکە جەمسەرەکان ئاوا قۆڵیان لێک هەڵنەکردووە، بەشێوەیەک کێ بتوانێت بە زووترین کات دەست بە سەر سەرچاوە سروشتییەکان بگرێت، ئەوا ئایندەی خۆی مسۆگەر دەکات.

وەک پێشتر ئاماژەمان دا، ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە کوردستان و لە چەند وڵاتێک کۆبوونەوەی زۆریان ئەنجامدا، کە لایەنی کوردستانی بەشێکی پتەو بوون تیایدا. هەریەک لە سەرکردەکانی کورد مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی ڕۆڵی گەورەیان گێڕا لە ڕێکخستنی لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی عێراقی. سەرکردایەتی کورد جەختیان دەکردەوە سەر ئاشتەوایی دوای جەنگ و بیرنەکردنەوە لە تۆڵەسەندنەوە. مەسعود بارزانی پێداگری لە سەر ئەوە دەکردەوە کە ئەگەر شیعەکان دەست بە تۆڵە سەندنەوە بکەن، ئەوا عێراق کەسی تێدا نامێنێت(٢). ئەو هەستەی بارزانیش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە شیعەکان نیازی تۆڵەیان لە سوننە هەبوو. وەک ڕووداوەکان دواتر دەریان خست، لە ساڵانی ٢٠٠٥ تاوەکو ٢٠٠٨ شەڕی تایەفی نێوان شیعە و سوننە گەیشتە لوتکە.

سەرکردایەتی کورد لە کۆنگرەی لەندەن لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٢ لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراق جەختیان کردەوە لە سەر کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ

(1) Potocki Wojciech, Ropa naftowa a wzrost gospodarczy. Teoria i praktyka, wyd. Poltext, Warszawa 2014, s. 20-40.

(٢) مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، چاپی دووەم هەولێر ٢٠٢٠، لا٤٦.

لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق دوای سـەدام، عێراقێـک کـە گەلـی کـوردی وێـل و سـەرگەردان کـرد، کـە گەلـی کـوردی پارچـە پارچـە کـرد، کـە کیمیابـاران و ئەنفالـی کـرد، کـە ڕۆڵەکانـی لـە بیابانـەکان زیندەبەچـاڵ کـرد، کـە گوندەکانـی تێکـدا، کـە سـەرچاوەکانی ئـاوی ووشـک کـرد، کـە دەیـان گەنـج و لاوی لـە زیندانـەکان لەژێـر ئەشـکەنجە شـەهیدکرد، عێراقێـک کـە بـووە هـۆی وەدەرنانـی سـەدان هـەزار کـورد بـۆ هەنـدەران و دەیـان گونـد و شـارۆچکە و شـاری کەرکووکـی بەعەرەبکرد،بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش نیازپاکیـی کـورد دووبـارە دەسـتی خسـتە پێـش بـۆ تەوقەکـردن و چەسـپاندنی ئاشـتی و کردنـەوەی لاپەڕەیەکـی نـوێ لەگـەڵ عەرەبـی عێراقـی دروسـتکراوی بەریتانیـا. بـەڵام ئایـا تاکـی عەرەبـی عێراقـی هیـچ ڕێزێکـی بـۆ تاکـی کـورد وەکـو تاکێکـی خـاوەن دەسـەڵات و ناسـنامە هەیـە؟ ئایا بـڕوای بـە شـەراکەت و هاوبەشـی نیشـتمانی هەیـە؟ ئایا پێـی وایـە کـە کوردیـش بـۆی هەیـە هاودەسـەڵات بێـت؟ یانیـش هەروەکـو پێشـینەکانی خۆیـان سیاسـەتی نکۆڵیکـردن و بەپاشـکۆدیتنی کـورد پەیـڕەو دەکـەن؟ بـا سـەیر بکەیـن.

لـە کۆنگرەکـەدا، هـەروەک بارزانـی لـە پەرتوکەکـەی بۆمـان دەگێڕێتـەوە، ئۆپۆزسـیۆنی عێراقـی ڕازی بـوو بـەوەی عێراقـی داهاتـوو سیسـتەمێکی فیدڕاڵـی دیموکراتیخـوازی هەبێـت، هەروەهـا هەمـوو ئاسـەوارەکانی بەعەرەبکردنـی لـە شـار و شـارۆچکە و گوندەکانـی کوردسـتان لـە دوای سـاڵی ١٩٦٨ ەوە نەهێڵرێـن و قوربانیانـی کوردسـتانیش قەرەبـوو بکرێنـەوە، ئۆپۆزسـیۆنی عێراقـی دانـی نـا بـە جیۆسـایدی کـورد و بەڵێنـی دا هەمـوو مافەکانـی کـورد لـەم چوارچێوەیـە فەراهـەم بـکات. شـایانی باسـە، بیرۆکـەی فیدڕاڵـی پێشـتر لـە پەرلەمانـی کوردسـتان بەشـێوەی پڕۆژەیاسـا چەسـپێنرا. مەسـعود بارزانـی ئامـاژە دەدات، کـە پرسـی فیدڕاڵـی دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆتاییەکانـی شـۆڕشـی ئەیلـوول و پێشـتر لـە لایـەن خـودی سـەرکردەی مـەزن مسـتەفا بارزانییـەوە گەڵاڵەکـراوە و ئەوسـا هەریـەک لـە ئیبراهیـم ئەحمـەد و جەرجیـس فەتحوڵـڵای ڕاسـپاردبوو بۆئـەوەی کار لەسـەر ئـەو پڕۆژەیـە بکـەن[١].

(١) هەمان سەرچاوە، لا ٤٨.

لە مانگی ئاداری ٢٠٠٣ هاوپەیمانان هێرشی موشەکییان کردە سەر بەغدا و ئۆپەڕاسیۆنی سەربازی بەناوی "ئازادی عێراق" بۆ سەر وڵاتەکە دەستی پێکرد. هێزەکانی پێشمەرگە لە باکورەوە پێشڕەوییان کرد و کەرکووک و مووسڵیان لێکدابڕی. دواتر بەرەو کەرکووک پێشڕەوییان کرد و سوپای عێراق هەرەسی هێنا. هێزەکانی حەرەس جمهوری "گاردی کۆماری" سەر بە سەدام لە فڕۆکەخانەی بەغدا هەندێ بەرگرییان کرد، بەڵام بە چەکی لێزەر لەناوبران و سوتێنران. لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ پەیکەری سەدام لە بەغدا ڕووخێنرا و ئەو ڕۆژە بە فەرمی کرایە ڕۆژی ئازادی عێراق.

ئەمریکییەکان دەستیان بەسەر عێراق داگرت، بەڵام چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد خەڵکی عەرەب بەم شێوەیە چەک لە دژیان هەڵگرن و جووڵانەوەی چەکداری ئەنجام بدەن. یەکێک لە کارە مەترسیدارەکان ئەوەبوو کە ئەمریکییەکان سوپا و پۆلیسی عێراقیان هەڵوەشاندەوە، ئەفسەر و سەربازانیان ڕەوانی ماڵەوە کردەوە. ئامانج لەو کارە لەبەریەکهەڵوەشاندنی تەواوی عێراق بوو. ئەمریکییەکان بێ هۆ نەبوو کە سوپا و پۆلیسی عێراقیان هەڵوەشاندەوە، ئەوان ئامانجیان ئەوەبوو ئیتر عێراق دروست نەبێتەوە. کورد دەڵێت گۆم تا قوڵتر بێت مەلەی خۆشترە.

مەسعود بارزانی پێش ڕووخاندنی بەعس لە ڕێکەوتی ٧ی کانونی دووەم ٢٠٠٣ داوای لە ئەمریکییەکان کرد کە ڕاستەوخۆ دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، پێویستە حکومەتێکی نوێ دابمەزرێت و ڕێگری بکرێت لە دروستبوونی بۆشایی و فەوزا. بەڵام مانگێک دوای تەواوکردنی کردنی ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییەکە لە ڕێکەوتی ٢٢ی ئایار/مایسی ٢٠٠٣ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارەی ١٤٨٣ی دەرکرد و تیایدا ئازادکردنی عێراقی ناونا داگیرکردن[1]. داگیرکردن واتای خۆسەپاندنی دەبەخشی. سەرکردایەتی کورد ڕازی نەبوو بە سەپاندنی هیچ فەرمانێک کە دژی خواستەکانی گەلی کورد و ئازادیخوازانی عێراق بێت. ئەوەبوو ئەمریکییەکان بڕیاریان دا فەرمانڕەوایەک (حاکمێک) بسەپێنن. سەرەتا بڕیاربوو "جای گارنەر" بکەنە فەرمانڕەوا، بەڵام لەبەر ئەوەی نزیکایەتی و سۆزی بۆ ئازارەکانی گەلی کورد زۆربوو، بڕیارەکەیان گۆڕی

(١) الطقوش، تأريخ الأكراد، ص ٣١١.

و کەسێکی دیکەیان بەناوی "پۆل بریمەر" بە سەر عێراق سەپاند. پۆل بریمەر کاربەدەستێکی خۆبەزلزان و ناتێگەیشتوو لە ڕەوشی عێراق بوو، دژی خواستەکانی گەلی کورد بوو، بەڵام خۆشبەختانە سەرکردایەتی کورد، بە تایبەتی خودی سەرۆک مەسعود بارزانی فەرهادانە و ئازایانە ڕووبەڕووی بڕیار و فەرمانە نارەواکانی لەمەڕ هێزی پێشمەرگە و قەوارەی هەرێمی کوردستان وەستایەوە.

شایانی ئاماژەپێدانە، کە هەردوو سەرکردەی کورد ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان هەبوو لە توندڕاگرتنی بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی ئاشتەوایی لە عێراق. مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی توانیان دەست بخەنە ناو دەستی یەک و بە یەک ئاراستە و ستراتیژ ڕووبکەنە بەغدا. ئەو یەکگرتووییەی نێو ماڵی کورد پێگەی کوردی بەهێزکرد، لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکان، بەڵام بووە هەوێنی چەسپاندنی سیستەمی فیدڕالیزم لە عێراقی دواکەوتووی شەڕەنگێز. دەستوری عێراق لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٥ دەنگی گەلی لەسەر درا و جێگیرکرا، کە بۆ یەکەم جار بوو بەم شێوەیە مافەکانی کوردی تێدا دەستەبەر بکرێت و فیدڕالیزم بکرێتە بنەمای دەسەڵاتداریتی وڵات.

## وێنەی (٣٢)

جەلال تاڵەبانی سەرۆککۆماری عێراق و مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان



## سەرەتای ناکۆکییەکانی کورد و بەغدا

لە ڕاستیدا گەلی کورد هەر لە دوای ڕاپەڕینی مەزنی ئاداری ١٩٩١ ئازادی تەواوی خۆی بەدەستهێنابوو، هەموو جومگەکانی هەرێم لە دامودەزگاکان تا ڕادەیەک سیمبول و نەریتی کولتوری و کۆمەڵایەتی و مۆرکی نەتەوەیی کوردییان وەرگرتبوو. نەوەیەک پەیدابببوو کە ژێردەستەیی بەعسی نەدیتبوو، چیتر شتێک نەبوو بەناوی عێراق و سیمبولی عەرەبی سەپێنراو، بەڵکو بە هاتنی ناوی عێراق و عەرەب جۆرێک لە هەستی قێزەون دەروونی خەڵکی دادەگرت. لەگەڵ هەموو ئەوانەش، سەرکردایەتی کورد دەستی بۆ عێراقی داتەپیوو درێژکرد و ویستی لاپەڕەی نوێ بکاتەوە لەسەر بنەمای فیدڕالیزم و دانان بە مافەکانی گەلی کورد. حوکمڕانانی ئەمجارە لە تایەفەی شیعە بوون، دژە سوننە بوون، دەسەڵاتی شیعەی ئێران ئاڕاستەی دەکردن. بەشێکی زۆر لەوان ڕۆژێک لە ڕۆژان لە چیاکانی کوردستان لای پێشمەرگە دەحەوانەوە و نانی گوندەکانی کوردستانیان خواردبوو، بەڵام لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا هەڵگەڕانەوە و بۆ یەکەم جار دەستوری عێراقیان پێشێل کرد. یەکێک لە دژایەتییە دیارەکانی شیعەکان و حکومەتی نوێی بەغدا ئەوەبوو کە نابێت فیدڕاڵی لە سەر بنەمای نەتەوە بێت، بەڵکو دەبێت لە سەر بنەمای جیۆگرافی بێت، ئەمەش بۆئەوەی بەهیچ شێوەیەک کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکان و بەعەرەبکراوەکان ڕادەست نەکەنەوە. باشووری کوردستان لە وەتەی دروستبوونی عێراقەوە نیوەی ڕووبەرەکەی خۆی لەدەست داوە بەهۆی عەرەباندن و ڕاگواستن. شیعەکان ناوچە بەعەرەبکراوەکانیان وەکو دەسکەوت دەبینی نەک وەکو داگیرکراو. گەرچی لە سیاسەت و مەزهەب دژی حوکمی بەعس و سەدام بوون، بەڵام لە ڕوانگە نەتەوەییەکە هەمان بیر و هەمان ئاڕاستەیان هەبوو و هەیە. تەنانەت نزیکترین دۆستانی کورد لە عێراق، باوەڕی بەوە نییە کە کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان خاکی زەوتکراوی کورد بن. بە نموونە "فائق الشيخ علي" سیاسەتمەداری دیاری عێراق لە دواهەمین دیمانەی لەگەڵ کەناڵی anb، دەڵێت من بە کوردەکان دەڵێم: "عێراقییەکان کەرکووکتان نادەنێ"! وەک ئەوەی کەرکووک مولکی باوکیان بێت و بیانەوێ بیکەنە دیاری و بە کوردی بدەن. ئەوەیە بیرکردنەوەی فراوانخوازی عەرەبی، جا چ سوننە بێت یان شیعە!

شـیعەکان لەگـەڵ ئـەوەی بەهاوبەشـی کـورد دەسـتورییان نووسـیبووەوە، لـە ماددەی ١٤٠ دا بەڵێنـی یاسـاییان لـە ڕێگـەی دەستورەوە دابـوو کـە ئاسـەواری بەدنـاوی بەعەرەبکـردن ڕەش بکەنـەوە و کـورد بگەڕێننـەوە بـۆ سـەر خـاک و زەوی خـۆی، دوای ئـەوەش سـەرژمێری بکرێـت و ئەنجـا خەڵکـی ئـەو ناوچانـە کـە لـە دەسـتوردا بـە ناوچـەی جێناکۆکـەکان ناویـان هاتـووە، بڕیـار بـدەن کـە ئایـا دەخـوازن بێنـە سـەر سنوری جیۆگرافـی هەرێمـی کوردسـتان یـان وەکـو بەشـێک لـە عێـراق بمێننـەوە.

زوو ئاماژەکانـی خۆدزینـەوە لـە جێبەجێکردنـی بەندەکانـی دەسـتور دەرکەوتـن، کـە دەبووایـە تـا سـاڵی ٢٠٠٧ حکومەتـی ناوەنـدی ڕێـکارە یاسـاییەکان بەگوێـرەی دەسـتور پەیـڕەو بـکات. حکومەتـی نـوری مالیکـی بـڕە بودجەیەکـی تەرخانکـرد بـۆ خانەوادەکانـی سـنوری ناوچـە جێناکۆکـەکان، بـەڵام ئەوەیـان وەکـو دەستپێشـخەرییەک بـوو بـۆ خەڵەتاندنـی کـورد. لەیـادی نەکەیـن ئەوسـا عێـراق پارەیەکـی زۆری لـە ڕێگـەی فرۆشـتنی نەوتـەوە بەدەسـت دەهێنـا، بۆیـە ئـەو بـڕە بودجەیـە شـتێکی ئەوتـۆ نەبـوو کـە ببێتـە مایـەی مەترسـی بـۆ سـەر کورتهێنانـی بودجـە. مالیکـی پێویسـتی بـە دەنگـی کـورد بـوو بۆئـەوەی جارێکـی تـر لـە سـاڵی ٢٠١٠ ببێتـەوە سـەرۆکوەزیرانی عێـراق. هـەر ئەوهـاش بـوو.

گرنگـە ڕووداوەکـە لـە ئاوێزەیەکـی جیۆپۆلیتیکیانـە سـەیربکەین. بـۆ تورکیـا و ئێـران کوفـر بـوو کـە کـورد دەسـتی بگاتـەوە کەرکـووک. لەوانیـش بـەولاوە، ئەمریـکا و بەریتانیـا خۆشـحاڵ نەبـوون بـەو هەنـگاوەی کـورد بـۆ گەڕاندنـەوەی کەرکـووک بـۆ باوەشـی کوردسـتان. لـە ڕووداوێکـدا کـە کوردانـی کەرکـووک ئـاڵای کوردسـتان لـە پارێـزگای شـارەکەیان هەڵدەکـەن، تیپێکـی هێـزی ئەمریکـی خێـرا دەچـن ئاڵاکـە دەهێننـە خـوارەوە و هۆشـداریش دەدەن لـە کاری لـەم جـۆرە. ئـەوان چـاک لـە دڵگەورەیـی و ڕێزداریـی کـورد گەیشـتبوون، دەیانزانـی کـورد پەرچەکـردار نانوێنێـت وەکـو عـەرەب، هـەر ئەوەشـە لـە مێـژوودا کـورد دەخاتـە پەراوێـز ەوە. عـەرەب لـە عێراقـدا زێـتر لـە ٤ هـەزار سـەربازی ئەمریکییـان کوشـت، بـەڵام تاقـە یـەک سـەربازیش لـە کوردسـتان نەکـوژرا.

بەریتانییەکان وەک چۆن سەد ساڵ پێش ئێستا عێراقێکیان لەسەر هەوەسی خۆیان دروست کرد و عەرەبیان کردە نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی کوردیشیان کردە قوربانی بەردەم گورگەکانی بیابان، بێ ئەوەی سڵ لە ویژدان و مێژوو بکەنەوە، دیسانەوە بڕیاری بێ ویژدانانە بە هاوکاری ئەمریکا لەدژی کورد دەدەن و کەرکووک لە کورد حەرام دەکەن. کۆمپانیای "بریتیش پێترۆلوم" بە هەمان پێوەرەکانی سەت ساڵی پێش ڕەفتار لەگەڵ کورد دەکات، لای ئەوان کوردەکان شایانی دەسەڵات و پشت پێ بەستن نین. میدیاکانی عێراقی سەردەمی بەعسیش درێغیان نەکرد لە ناشیرین کردنی وێنەی کورد لە گۆڕەپانی ئەوڕوپا بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکان. لە یەکێک لە سیمینارەکانم لە دیسێمبەری ساڵی ٢٠١٤ لە زانکۆی وارشۆ بۆ زانستەکانی ژیان بەشی ئابووری، یەکێک لە پڕۆفیسۆرەکان کە ژنێکی بە تەمەن بوو بە ناوی "یانینا ساڤیچسکا" گوتی: من ئاگاداری بارودۆخی کەرکووکم لە ساڵانی هەفتاکان و هەشتاکانەوە، هەندێک لایەن کاری تیرۆریستیان ئەنجام دەدا لە ناوچە نەفتییەکان! پڕۆفیسۆرەکە بە ئاشکرا ناوی کوردی نەهێنا بەهۆی ئامادەیی من، بەڵام لێی بێدەنگ نەبووم و ڕاستییەکانم ڕوون کردەوە. بەڵێ میدیاکانی عێراقی کاری ئەوتۆیان لەسەر کورد کردبوو وەکو خراپترین نەتەوە ناوی دەبردن. جگە لەوەش بەردەوام کەسایەتی سیاسی و ڕۆژنامەڤانیان بانگهێشتی ناوچەکە دەکرد تاوەکو وێنەیەکی درۆیین و ساختە لەسەر کورد نیشانی دەرەوە بدەن. نوکەژی ئەرکی میدیاکانی کوردستانە کە ئەو چەوتیيانە ڕاست بکەنەوە. هەرچەند کاری زۆر کراوە و دۆستی زۆریشمان هەبووە و هەیە، بەڵام هێشتا زۆر کەمە و نەمانتوانیوە شەقامی دەرەوە لە خزمەتی بەرژەوەندی سیاسی کورد کێش بکەین.

سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقی دوای سەدام بریتی بوو لە بڕینی دەست و پێی کورد لە دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا. هەروەک مەسعود بارزانی ئاماژە دەدات بەوەی ئەمریکییەکان حەزیان بەوە نەبوو کە جەلال تاڵەبانی دووبارە ببێتەوە سەرۆک کۆمار، نەک ئەوەندە، بەڵکو نەیاندەویست ئەو پۆستە هەر بۆ کوردیش بێت[1]. لە

(١) مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، لا ٥٠.

زۆربەی کاتەکاندا خواستەکانی ئەمریکا لەگەڵ خواستی وڵاتی ئێران یەکی دەگرتەوە. بۆ نموونە بەلاوەنانی ئەیاد عەلاوی کە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ زۆرینەی دەنگی هێنا،هەروەها پشتگوێخستنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و دووبارە دانانەوەی نوری مالیکی وەکو سەرۆکوەزیرانی عێراق. ئەمەش لەگەڵ خواست و حەزی هەریەک لە ئێران و ئەمریکا یەکی دەگرتەوە. دووبارە دانانەوەی مالیکی وەکو سەرۆکوەزیرانی عێراق، حزبی دەعوەی ئیسلامی کردە کەڵەگا بەسەر هەموو عێراق. ئەو حزبەی دواتر دەبێتە یەکەمین بەرپرسی هەموو تالان و دزی و گەندەڵییەکان لە عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ تاوەکو ئێستا. هەشت ساڵ حوکمڕانی نوری مالیکی، چوار ساڵی حەیدەر عەبادی، جگە لە تێکدانی هەموو دۆخێکی دامەزراوەیی و ئابووری و سیاسی، هەروەها تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و تیژکردنەوەی دوژمنداریێتی نێوان پێکهاتەکانیشی لێکەوتەوە. سیاسەتە چەوتەکانی ئەو حزبە تاکڕەوەی سەر بە ئێران بووە هۆی سەرهەڵدانی داعش و سوتاندنی دەیان شارو گوند و کوشتنی سەدان گەنج و لاو لە باکوور هەتا باشوور.

هەندێک لە دیارترین کەسایەتی حزبی دەعوە و هەندێکی دیکەش کە لە شەقامەکان گەورە ببوون، ڕۆژ تا ئێوارە بەڕووی خواستەکانی گەلی کورد هەڵدەشاخان و قین و دڵپیسی خۆیان لەشێوەی وەڕین دەردەبڕی. لەوانەش، عەلی ئەلئەدیب و سام ئەلعەسکری، لە سەردەمی حەیدەر عەبادیش هەریەک لە بێ پەروەردەکانی ناو جادە وەکو حەنان ئەلفەتلاوی و کازم ئەلسەیادی و هەیسەم ئەلجبوری. ئەوانە بەشێک بوون لە گروپێکی ڕاسپێردراو بۆ وەڕین بەگیانی کورد و میدیاکانی عێراقی و شەقامی عێراقی شیعەیان تەنی بوو بە دوژمنداری دژی کورد و خراپتر لە سەردەمی بەعس بێ ڕێزییان بەرانبەر گەلی نەبەردی کورد دەکرد. ئەوانە ئاپۆڕەیەکی گەمژە و دڕندەی پێ پەتییان جۆشدا دژی کورد، تاوەکو هەر کاتێک جەنگ دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان هەڵگیرسا، ئامادەبن بۆ کوشتنی کورد. لە بەرامبەر ئەوەدا ڕاگەیاندنی کوردی سیاسەتی پێچەوانە یان ڕاستکردنەوەی دۆخەکەی نەگرتەبەر، یانیش ئەوەندە لاواز بوو کە دەنگی نەدەبیسترا.

سەیر لەوەدایە هەر ئەوانەی ئاوا دژی کورد و خواستەکانی دەکەوتنە قڕە و دەنگ هەڵبڕین، هەر ئەوان بوون لە ساڵی ٢٠٢٢ گەندەڵی گەورەیان ئاشکرا بوو. یەک لەم زمانشڕانە هەیسەم ئەلجبوری بوو، کە قین لە دڵ بوو دژی کورد، کەچی ئاشکرا بوو کە دەستی هەیە لە دزینی ٣ ملیار دیناری عێراق و ئاودیوکردنی بۆ وڵاتانی دەرەوە.

لە عێراقی بەریتانیدا هەرگیز وڵاتێکی خودان دامەزراوە و ڕەسەن دروست نابێت، چونکە لە بناغەدا ئەو وڵاتە ڕەسەنایەتی مێژوویی نییە، بەڵکو تێکهەڵکێشکردنی دوو نەتەوەی جیاوازە لەناو یەک سنوری داخراو، تیایدا عەرەب سەردەست و فەرمانڕەوایە.

بە گرنگی دەزانم ئاماژە بدەم بە گفتوگۆیەکی نێوان خۆم و پڕۆفیسۆرەکەم لە زانکۆی ئابووری وارشۆ دەربارەی عێراق. "پڕۆفیسۆر ڕیشارد بارتکۆڤیاک لە سەروبەندی نووسینی تێزی دکتۆراکەم داوای دەکرد لە نووسینەکانم وشەی دەوڵەت لەپاڵ ناوی عێراق بەکارنەبەم، بەڵکو بنوسم قەوارەی عێراق، یان وڵاتۆچکەی عێراق. ئەمەش لێم بووە پرسیار کە ئایا بۆچی ئەوها بنوسم؟ پڕۆفیسۆر گوتی: ئەگەر لە دەوڵەتێکدا دوو نەتەوە بوونیان هەبوو، یەکێکیان ستەمکار و ئەویتریش چەوساوە و ستەملێکراو، ئەوا پێی ناگوترێت دەوڵەت. چونکە ئەم دوو نەتەوەیە تیایدا لە ژین و بووندا یەکسان نین". لەم دۆخەدا یان دەبێت بن بە دوو دەوڵەت، یانیش ئەوەتا مافەکان و ئەرکەکان یەکسان بن لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا.

ئەو وڵاتە لەوەتەی هەیە مرۆڤی بەربەری و دڕندە بەرهەم دەهێنێت. پەروەردەی ئەو مرۆڤانە ئێستاش لەبەر دەستی بەناو ڕۆشنبیرانی بەعسە کە بۆ ماوەی چڵ ساڵ خەریکی شێواندنی مێژوو و نووسینی درۆ و دەلەسە بوون لە پەرتوکەکان و پڕۆگرامی خوێندنی منداڵان و قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی و زانکۆکان. هەر بۆیە هەر تاکێکی عەرەبی عێراقی دەدوێنی لەناکاو پێستی پڕبا دەبێت و هاوار دەکات: عراق العظیم! ئەو عێراقەی هەرگیز عەزیم نەبووە و ناشبێت، مەگەر بۆ کۆمەڵکوژی کوردان نەبێت.

کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا تا دەهات قوڵتر دەبوونەوە تا ئەوەی بوون بە قەیران. چاوسورکردنەوەی بەغدا لە کورد بە پلەی یەک بەهۆی کەرکووک بوو، چونکە هێزەکانی پێشمەرگە دەستی کاریگەریان لەسەر شارەکە هەبوو. بەغدا بە فیتی ئێران، فشاری لە کورد دەکرد کە کەرکووک بەجێ بهێڵن. حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی کوردستان دۆستی نزیکیان هەبوو لە ناوەندەکانی بڕیاردانی وەکو ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا، بۆیە ئاگاداری ئەوەبوون کە بەغدا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی نیازیان پاك نییە. وەک لە دیمانەیەک خۆی باسی دەکات، نوری مالیکی لە سەردانێکی بۆ ئەمریکا چاوی کەوتبوو بە چەند سیناتۆرێکی ئەمریکی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێدانی فڕۆکەی سەربازی F-١٦، بەڵام سیناتۆرەکان پێیان گوتبوو، ئەگەر ئەم فڕۆکانە بفرۆشینە عێراق، ئێوە دژی کورد بەکاری دەهێنن! مالیکی بە دڵێکی سوتاوەوە ئەو قسانەی بۆ کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکەی عێراق دەگێڕایەوە. ئەوە ڕاستی بوو، پێشتر لە دانیشتنە داخراوەکان مالیکی گوتبووی ئارام بگرن هەتا فڕۆکەی ئەمریکاییم بەدەست دەگات، ئەوجا دەبینن چۆن پێشمەرگە لە کەرکووک دەردەکەم. لە درێژەی قەیرانەکان، حکومەتی نوری مالیکی فیرقەیەکی سەربازی بەناوی ئۆپەڕاسیۆنەکانی دیجلە بە فەرماندەیی عەبدولئەمیر زەیدی نارده نزیک کەرکووک، ئەو کاتە هێزی پێشمەرگەش بەرانبەری وەستابوو، کە ئەوساکە مەلا بەختیاری ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ناوی لە فەرماندەکە نا "تەپڵەک لەسەر"، وەکو ئاماژەیەک بۆ ئەو فەرماندە سەربازییانەی کاتی خۆی ڕژێمی بەعس دەیناردن بۆ پەلاماردانی کوردستان.

**وێنەی (٣٣)**

عەبدولئەمیر الزيدي فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە



دوای ئـەوەی مالیکـی بـێ هیوابـوو لـە پڕچەککردنـی سـوپاکەی بـەو شـێوەیەی کـە خـۆی دەیخواسـت، سـەرکردە سـەربازییەکانی ڕژێمـی ئێـران بوونـە چاوسـاخ و ڕێنیشـاندەری لـە چۆنییەتـی ڕووبەڕووبوونـەوەی کوردسـتان. قینـی بەغـدا تـا دەهـات لـە حکومەتـی کوردسـتان زۆرتـر دەبـوو، سـوپای عێـراق یـەک ملیـۆن پارچـە چـەک و پێداویسـتی سـەربازی ئەمریکـی و ڕووسـی کـڕی، لـە نێویـان گرنگتریـن شـت کڕینـی ٧٥ تانکـی پێشـکەوتووی جـۆری ئەبرامـس M١ بـوو، کـە هـەر دانەیـەک بایـی ٩ ملیـۆن دۆلار بـوو. مالیکـی نەیتوانـی هێـزی ئاسمانی عێراق چـاک بکاتـەوە. لـە ڕاسـتیدا ڕژێمـی ئێرانیـش حـەزی بـەوە نەبـوو و ئێسـتاش نییـە کـە عێـراق خاوەنـی هێزێکـی سـەربازی گـەورە بێـت. ئێـران جارێکـی تـر نایـەوێ عێراقێکـی بەهێـز دروسـت بێتـەوە. تورکیـاش بەهەمـان شـێوە. لـە هەمـان کاتیـش ئـەم دوو وڵاتـە نایانـەوێ عێـراق ئەوەنـدە بـێ هێزیـش بێـت کـە ڕێگـە خـۆش بـکات بۆئـەوەی هەرێمـی کوردسـتان لـە گەشـەی بـەردەوام دابێـت. ئـەوان دەیانـەوێ عێـراق و کوردسـتان وەکـو "گیسـکی هەیـاس" یـان "بزنـی هەیـاس" بـن، نانیـان بدەنـێ و جـار جاریـش گورگیـان پـێ نیشـان بـدەن.

کار گەیشـتە ئـەوەی لـە سـاڵی ٢٠١٤ حکومەتـی مالیکـی بەشـە بودجـەی هەرێمـی

کوردســتان ببڕێــت، بــە بیانــووی ئــەوەی حکومەتــی هەرێــم تاکلایەنــە وەبەرهێنــان لــە بــواری نەفــت دەکات و هەنــاردەی دەرەوەی دەکات. ســەرانی هەرێمــی کوردســتان پەییــان بــەو ڕاســتییە بردبــوو کــە حکومەتــی عێــراق تۆزێــک هەســتێتە ســەر پــێ، دەســت دەکات بــە لاوازکردنــی قــەوارەی هەرێــم. ئــەوەش بیرکردنەوەیەکــی ڕاســت بــوو. هــەر کاتێــک بەغــدا بەهێــز بێــت، هەرێمــی کوردســتان لاواز دەبێــت. بڕینــی بودجــە تاکــە چــەک بــوو بــە دەســتی بەغــدا بــۆ لێــدان لــە ئابــوری کوردســتان و پەکخســتنی بژێــوی ژیــان، ســەرەنجام دروســتکردنی پشــێوی کۆمەڵایەتــی و سیاســی و ســەرهەڵدانی خۆپیشــاندان و ناڕەزایــی خەڵکــی کــورد دژی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان.

شــایانی لێوردبوونەوەیــە، ڕژێمــی بەعــس لــە ســاڵانی نــەوەدەکان هەمــان ڕێــکاری گرتەبــەر دژی هەرێمــی کوردســتان، کاتێــک ســەرەڕای ئابلۆقــەی ئابــووری نێودەوڵەتــی، ئابلۆقەیەکــی دیکەشــی خستەســەر کوردســتان، بــە ئامانجــی ئــەوەی خەڵکــی کــورد برســی بکرێــن و دژی حکومەتــی کــوردی ڕاپــەڕن، ئەنجــا ئــەوەش ببێتــە هــۆی دروســتکردنی دەنگــی دژبــە دەســەڵاتی خۆســەریی کــورد و پەنابردنــە بــەر بەغــدا بــۆ بەهاناوەچــوون. وەکــو چــۆن بــە ئاشــکرا دەبینیــن مالیکــی ئــەو هەنــگاوەی نــاو و چەنــد لایەنێکــی سیاســیش لــە کوردســتان ئاگرەکەیــان بــۆ ئــەوە خۆشــتر کــرد. بەڵــێ حکومەتــی هەرێمیــش بــێ هەڵــە نەبــوو، زۆرێــك نەزانــی و ناکارایــی دەبیــنرا لــە چۆنییەتــی قۆســتنەوەی ســەرچاوە سروشــتییەکان و خــراپ بەکارهێنانیــان، بــەڵام نابــێ ئەوەمــان لــە یــاد بچێــت کــە حکومەتــی بەغــدا نیــازی گڵاوە. بەغــدا بــۆ خاتــری چاوەکانــی کــورد نییــە کــە ئــەم گۆبەنــدە دەگێڕێــت. حکومەتــی بەغــدا لەوەتــەی بەریتانیــا دروســتی کــردووە بەرانبــەر کــورد نیــازی گڵاوە و هــەرواش دەمێنێتــەوە. مەگــەر چ گەواهییــەک لــەو مێــژووە پــڕ لەخوێنڕێژییــە دیارتــر و زەقــتر بێــت، کــە بــە درێژایــی ســەت ســاڵ حکومەتــی عێــراق دژی کوردســتان پەیــڕەوی کــردووە و دەکات. سیاســەتی خەڵەتانــدن و بەهەڵەدابردنــی کــورد، پێشــتر خەڵەتاندنــی هــۆزەکان و ئێســتاش هەنــدێ لایەنــی سیاســی، ئەنجامەکــەی ئەوەبــوو کــە حکومەتــی عەرەبــی عێراقــی بــووە هــۆی دابڕینــی ٤٢٪ ڕووبــەری کوردســتان و بەعەرەبکردنــی! ئایــا ئــەوە بــەس نییــە بــۆ تێگەیشــتن؟! لــە لایــەک بەنــاوی مافەکانــی خەڵکــی کوردســتان قســە دەکــەن، لــە لایەکــی دیکــەش

بەردەوامـن لـە عەرەباندنـی خاکـی کوردسـتان، بگـرە هـەر بـە خەیاڵیـش بیـر لـەوە ناکـەوە بـەدەم داوای کـورد بێـن بـۆ گەڕاندنـەوەی خـاک و سـامانی کـورد لـە کەرکـووک و خانەقیـن و زومـار و شـەنگال و هتـد.

بێگانـەکان هـەر وەکـو بێگانـە دەمێننـەوە! هەرگیـز دەسـەڵاتداری عـەرەب نابێتـە خاوەنـی کـورد، و کـورد بـە گەلـی خـۆی نازانێـت. گەنجـان و لاوانـی ئێمـە کـە دوای سـاڵانی نۆهەتـەکان لەدایکبـوون، کەمـتر لـەو ڕاسـتیە تێدەگـەن. بەعسـییەکان بـە قسـەی پـڕ لـە بـاق و بریـق بەسـەر خەڵکـی کوردیـان هەڵدەگـوت و وەکـو گەلـی خۆیـان ئەژماریـان دەکـردن، کەچـی پڕۆسـەی بەعەرەبکـردن و ڕاگواسـتن گەیشـتبووە لوتکـەی خـۆی. حکومەتەکانـی عێـراق هـەردەم خۆشـباوەڕیی خەڵکـی کوردیـان قۆسـتۆتەوە بـۆ تێکدانـی نێوماڵـی کـورد. ئەوانـەی ببوونـە جـاش ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت ئـەو قسـەیە دەکـەن، دەڵێـن ئەگـەر کەسـێک حەقـی لـە سیاسـەت نەبووایـە حکومەتیـش حەقـی بەسـەریەوە نەبـوو. ئـەوە قسـەی گەمژەترینەکانـە! بەعـس جـارێ بەپاکانـی لەناودەبـرد، چونکـە دەیزانـی بـێ پـاکان هـەر بـۆ خۆیەتـی. جـاش و لایەنگرانـی بەعـس بـێ پـاکان بـوون و ڕۆژێـک لـە ڕۆژان نۆرەیـان دەهـات.

## سەرهەڵدانی داعش

دەرکەوتـن و داگیرکارییەکانـی ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی بەنـاو دەوڵەتـی ئیسـلامی داعـش لـە عێـراق و شـام، زۆر بابـەت و ڕاڤـەی جیـاواز هەڵدەگرێـت، ئێمـە ئامـاژە بـە هەندێکیـان دەدەیـن. دیـارە کـە گروپـە تیرۆریسـتییەکان دوای ڕووخانـی ڕژێمـی بەعس لـە عێراقیـان ورده ورده گەرایـان دادەنـا. ئـەوان بەشـێکی زۆریـان لـە کۆنـە ئەفسـەر و بەعسـییەکان بـوون کـە دوای جەنـگ بێـکار مابوونـەوە، بەشێکیشـیان بەهـۆی دارمانـی سیسـتەمی سـوپا و پۆلیسـی عێـراق و نەمانـی سـنوری ڕاسـتەقینە، لـە هەمـوو وڵاتانـەوە بـەرەو عێـراق کۆچیـان دەکـرد، وەکـو شـوێنێکی گونجـا بـۆ جیهادکـردن. بەعسـییەکان نەیاندەویسـت بـڕوا بـەوە بکـەن کـە ئیـتر دەسـەڵاتیان نەمـاوە، ئـەوان مـاوەی نزیکـەی چـوار دەیـە بـوو لـە دەسـەڵات بـوون، بێجگـە لـە بەعسـی عەرەبـی سـوننی، هیـچ دەسـەڵاتێکی تریـان هـەرس نەدەکـرد. سـەرەنجام هەمـوو ڕێچکەیەکیـان دەگرتەبـەر بـۆ لێـدان لـە ئەمریکییـەکان و لـە دەسـەڵاتی شـیعە و هەروەهـا لێـدان لـە کوردیـش. سـەرەتای کارە تیرۆریسـتییەکان لـە بەغـدا سـەریان هەڵـدا، کـە زێـتر وەکـو شـەڕی نێـوان شـیعە و سـوننە دەهاتنـە پێـش چـاو، بـەڵام دواتـر تەشـەنەی سـەند و گروپـی جۆراوجـۆر دەرکەوتـن، لـە هەمووشـیان دیارتـر ڕێکخـراوی "ئەلقاعیـدە" بـوو. هیـچ لایەنێـک لـە دەسـتی ئەوانـە تەناهیـی نەبـوو. هەمـوو کـەس و دامەزراوەیەکیـان دەکـردە ئامانـج کـە دەسـتی لەگـەڵ دەسـتی ئەمریکییـەکان تێکـەڵ کردبێـت.

لـە بەغـدا کوشـتوبڕی خەڵـک لەنـاو شـەقامەکان و گەڕەکـەکان دەهاتـە ئەنجامـدان. سـاڵانی ٢٠٠٥ - ٢٠٠٧ خوێناویتریـن سـاڵەکانی ئـەم شـارە بـە تایبەتـی و ناوچەکانـی عێـراق بەگشـتی (بێجگـە لـە هەرێمـی کوردسـتان) بـوون. ئەنجامدانـی تەقینـەوە تەنانـەت کوردستانیشـی گرتـەوە، دیارترینیـان دوو تەقینەوەکـەی مانگـی شـوباتی سـاڵی ٢٠٠٤ بـوون کـە هـەردوو بـارەگای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتانی کـردە ئامانـج. بـۆ بەراوردکـردن، بـە گوێـرەی هەریـەک لـە ئاژانسـی میدیایـی بـی بـی سـی و ماڵپـەڕی ستاتیسـتا، لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ٢٠٠٣ بـۆ ٢٠١٨ لـە عێـراق زێـتر لـە ٤٥ هـەزار تەقینـەوە ئەنجـام دراون، بـەڵام لـە هەرێمـی کوردسـتان لـەو ماوەیـەدا

تەقینـەوە تیرۆریسـتییەکان بـە پەنجـەی دەسـت دەژمێردرێـن[1].

شـایانی باسـە زۆربـەی تەقینـەوەکان لـە ناوچـە شـیعیەکان ئەنجام دەدران، ئەمـە بووە هـۆی دروسـتکردنی گروپـی میلیشـیایی شـیعی کـە ئێرانییـەکان ئەندازیارییـان بـوون. پێـش هەموویـان گروپـی "جەیـش ئەلمەهـدي" کـە لـە لایـەن موقتـەدا سـەدرەوە ڕێبەرایەتـی دەکـرا، دواتریـش چەندیـن گروپـی دیکـە سـەریان هەڵـدا بـە نـاوی جۆراوجـۆر، کـە کاریـان تۆڵەسـەندنەوە بـوو لـە سـوننەکان. هـەر لـەو ماوەیـەدا سـەدان خێزانـی عەرەبـی سـوننە مەزهـەب لـە بەغـدا یـان هەڵاتـن یانیـش دەربـەدەر کـران، کـە زۆربەیـان ڕوویـان لـە هەرێمـی کوردسـتان و وڵاتانـی وەکـو تورکیـا و ئـوردن و سـوریا و وڵاتانـی کەنـداو کـرد.

هەمـوو ئەمانـە بـۆ کوڵانـی چێشـتێک بـوو کـە بڕوبەرەنجامـی قیـن و ڕکـی سـوننەکان بـوو. شـاری مووسـڵ هـەر بەنـاو لەژێـر دەسـتی سـوپای عێـراق بـوو، سـوپایەک کـە خاوەن دیسـپلینی سـەربازی و نیشـتمانی نەبـوو، بەڵکو لە لایەن نـوری مالیکییەوە دروسـت کرابوو و ئاڕاسـتە دەکـرا. سـنوری نێـوان عێـراق و سـوریا لـە بـەری ڕەبیعـەوە بـەرەو باشـوور ببووە شـوێنگەیەکی چاکی هاتوچۆکردنی گروپە تیرۆریسـتییەکان. دەسـەڵاتی هەرێمی کوردسـتان چەنـد جارێـک بەغـدای ئـاگادار کـردەوە لـە مەترسـییەکان و داوای ڕێـکاری بەپەلـەی لـێ کـردن، بـەڵام نـوری مالیکـی هەواڵی ناردبـوو با دەسـەڵاتدارانی کوردسـتان ئـاگاداری خۆیان بـن و ئێمـە لـە بەغـدا خۆمـان دەزانیـن چـۆن مشـوری خۆمـان دەخۆیـن. ڕووداوەکـە زێـتر وەکـو تاکتیـک و فێـڵ دەهاتنـە بـەر چـاو، چونکـە ئەوەی لە مووسـڵ ڕوویـدا بریتـی بوو لە هەرەسـهێنانێکی سـەیری سـوپایەکی گـەورەی چەکـدار بـە نوێتریـن چەکـی ئەمریکی.

ڕووداوەکان لێک نزیک بوون، لە مانگی شوباتی ٢٠١٤ حکومەتی مالیکی بەشە بودجەی هەرێمـی کوردسـتانی بـڕی، لـە مانگـی حوزەیـران هەمان سـاڵ هـەروەک حەیـدەر عەبادی سـەرۆکوەزیران دەڵێت: دوو سـەد کەس لە تیرۆریسـتان بەرەو مووسـڵ هێرشـیان هێنا، ئەوە بوو سـوپاکەی عێراق لە شـارەکە شـڵەژا و سـەربازگەکانی بەجێهێشـت. تیرۆریستان دەستیان بەسـەر شـارەکە داگـرت و تـەواوی سـەربازگە و چەکـە پێشـکەوتووەکانیان گرتەدەسـت.

(1) Rebaz Nanekeli, Doctoral Thesis, Warsaw University of Economics, Economics and Finanse, p. 97.

لێرەدا گومان دروست دەبێت، کە نوری مالیکی بە ئەنقەست بڕیاری کشانەوەی سوپا و جێهێشتنی ئەو بڕە زۆرەی چەکی دابێت، تاوەکو تیرۆریستان چەکدار بکات و بەرانبەر کوردستان هانیان بدات. هەر لە مانگی یۆنیۆی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش کەوتنە گیانی کوردانی ئێزیدی و کۆمەڵکوژییان کردن و کچانی پاکیزەیان ئەتک کردن، کوڕان و پیاوانیان گوللەباران کرد لە گوندی کۆچۆ و چەندین گوندی دیکە، شاری شەنگالیان وێران کرد و هەزاران کەس لە برسان و تینوێتیان لە چیای شەنگال گیانیان سپارد.

لە کاتێکدا کە داعش لە پێشڕەوی بوو بەرەو بەغدا، لەناکاو ڕێڕەوی پەلامارەکانی گۆڕی و بەرە کوردستان پەلاماریان هێنا. لە مانگی ئاب داعش گوڕوتینی زۆرتری پەیداکرد، نیازی ئەوە بوو پەلاماری کوردستان بدات، شارۆچکەی مەخموری گرت، لە شارەدێی گوێر یەکەیەکی تۆپهاوێژیان جێگیرکرد بۆ بەئامانج گرتنی هەولێر، لەو ساتە ناسکە بوو هێزی ئاسمانی ئەمریکا بە پاساوی پاراستنی گیانی دەستەی دیپلۆماتی خۆیان و کۆمپانیا نەوتییەکانیان، ناوچەی گوێریان پاک کردەوە لە تیرۆریستان، لەو ساتەوە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پێکهات بۆ لێدانی داعش. بەڵێ ئەو ڕاستیە هەیە، کە خودی مەسعود بارزانی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە هێنانە سەر هێڵی ئەمریییەکان، بە تایبەت ئەوسا کە باراک ئۆباما سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، جۆزێف بایدن جێگری بوو. ئیتر لەو کاتەوە هاوکێشەی جەنگ بە تەواوی گۆڕانی بەسەر هات. وەک هادی ئەلعامري سەرۆکی میلیشیای بەدری ئەوسا دەڵێت هاوپەیمانی جیهانی پێکنەهات تاوەکو داعش هێرشی نەکردە سەر هەولێر.

شایانی باسە، هێزی پێشمەرگە هیچ چەکێکی لەبەر دەست نەبوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە، تانکەکانی هی سەردەمی سوپای بەعس بوون، جبەخانەی نەبوو، هیچ گوللە و باروتیشی نەبوو. وێرای داواکردنی چەک لە بەغدا، بەڵام حکومەتی مالیکی ڕەتی کردەوە چەک بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بنێرێت، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو ئابلۆقەی سەربازیشی لە سەر کوردستان دانا. لێرەدا نیازە گڵاوەکەی نوری مالیکی و حکومەتی بەغدا بۆجارێکی تر دەردەکەوێت. هێشتا لەگەڵ ئەوەشدا سەرانی بەغدا گلەیی ئەوەیان دەکرد، کە هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان هاوکاری عێراقیان نەکردووە،

لـە کاتێـک کـە داعـش نزیکـی بەغـدا بـوو، کەچـی هـاوکاری کوردسـتانیان کـرد.

هەمـوو ئەمانـە پێـمان دەڵێـن کـە گەشـەی ئابـووری کوردسـتان جێگـەی ئیرەیـی و دڵپیسـی سـەرانی بەغـدا و وڵاتانـی ناوچەکـە بـوو. نـوری مالیکـی کـە خـۆی عێراقـی لـە گۆمـاوی گەندەڵـی گەوزاندبـوو، دەبوایـە ئـەو گەشەسـەندنەی کوردسـتان یـان تێکبـدات یـان بیوەسـتێنێت. هاتنـی داعشـیش باشـترین دەرفـەت بـوو بـۆی، بـەڵام خۆشـبەختانە وەکـو دەڵێـن "ئـەوەی قـۆرت بـۆ خەڵـک لێبـدات خـۆی دەکەوێتـە نـاوی". شـەڕی داعـش بـووە هـۆی بەهێزکـردن و ناسـاندنی کـورد و کوردسـتان بەشـێوەیەک کـە پێشـتر وێنـەی نەبـووە، میدیاکانـی ئەوڕوپـا و جیهـان، باسـی پاڵەوانێتـی کوردیـان دەکـرد و ترسـنۆکی و هەڵاتنـی سـوپای عێراقیشـیان سەرزەنشـت و جنێوبـاران دەکـرد. کوردسـتان گەرچـی لەڕووی ئابوورییـەوە زۆری زیـان دیـت، بـەڵام لـە ڕووی سـەربازی و دیدگـەی دیپلۆماتـی و سیاسـی قازانجـی زۆری کـرد. سـەرۆک و وەزیرانـی وڵاتـان سـەردانی هەولێریـان دەکـرد. لەوانـە سـەرۆکی وڵاتـی زلهێـزی فەڕەنسـا و جێگـری سـەرۆکی ئەمریـکا و زۆر لـە وەزیرانـی بەرگـری وڵاتـان، بـە تایبەتـی وەزیـری بەرگـری ئەڵمانیـا و فەڕەنسـا و چەندیـن وڵاتـی تـر.

دوای دروسـتبوونی هاوپەیمانـی نێودەوڵەتـی، هەندێ چەکی پێشـکەوتوو لە جۆری میلانۆ گەیشـتنە دەسـت پێشـمەرگە، بـەڵام هیـچ تانکێـک یـان چەکێکـی قورسـی پـێ نـەدرا. لەگـەڵ هەمـوو ئەوانـەش پێشـمەرگە توانـی ڕووبـەڕووی تیرۆریسـتانی داعـش بێتـەوە، ئەمـەش بـە بەخشینی خوێنی نزیکەی ٢٠٠٠ ڕۆڵەی پاڵەوان و برینداربوونی نزیکەی ١١ هەزار پێشمەرگە. هێزەکانـی پێشـمەرگە وردە وردە هەمـوو ناوچەکانـی لـە داعـش سـەندەوە، پێشـتریش شـاری کەرکووکـی پاراسـت لـە کەوتـن. سـەرەڕای ئـەوەش، سـەرانی بەغـدا پەنجـەی تۆمەتیـان درێژ دەکـرد و دەیانگـوت کـورد کەرکووکـی داگیرکـرد و کەرکووکمان لەدەسـت چوو. کوردسـتان بە درێژایـی هـەزار و پەنجا کیلۆمەتـر سـنوری لەگـەڵ داعـش هەبـوو، ملیۆنێـک و هەشتسـەت هـەزار ئـاوارەی عەرەبـی عێراقـی و سـوری لەخـۆی گرتبـوو، ئەنجا سـەرەڕای ئـەوەش بەغـدا ئامـادە نەبـوو هیـچ هاوکارییەکـی مرۆییـش بنێرێـت نـەک سـەربازی. ئـەم ڕەفتـارەی بەغـدا جگـە لـە دوژمنـداری بەرانبـەر قـەوارەی کوردسـتان هیـچ ڕاڤەیەکـی دیکـەی نەبوو.

سـوپای عێـراق بـە هـاوکاری ئێـران و ئەمریـکا دووبـارە ناوچەکانـی عێراقـی دەگرتـەوە

دەست. چاودێران و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بە گومانەوە دەیانڕوانییە جموجۆڵەکانی سوپای عێراق، چونکە لە هێنانی داعش بۆ سەر کوردستان نەک هەر شکستیان هێنا، بەڵکو داعش بووە هۆی زێتر کرانەوەی کوردستان بەڕووی جیهان. هەموو ئەوانە ڕق و کینەی عەرەبە شۆڤینییەکانی لە بەغدا تیژتر کردەوە. لە سەروبەندی جەنگ لە ئایاری ٢٠١٥ مەسعود بارزانی، کە ئەوسا سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە واشنتۆن و لەگەڵ هەریەک لە باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا و جێگرەکەی جۆزێف بایدن کۆبووەوە. لە سەردانەکەیدا، هەریەک لە قوباد تاڵەبانی و دەرباز کۆسرەت و مستەفا سەید قادر یاوەری بوون. پێشتر سەرۆک بارزانی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی ئەنجام دابوو، پرسی سەربەخۆیی کوردستانی لەگەڵیان گەڵاڵە کردبوو. بارزانی تەواوی مێژووی خوێناوی سەت ساڵی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا و جێگرەکەی هێنایە بەر باس. باراک ئۆباما لەگەڵ دەربڕینی پشتیوانی بۆ شاندی کورد، ئاماژەی دا کە لەبارەی مێژووی کورد زۆری خوێندووەتەوە و داوایکرد کە ئەو پرسە بە تێروتەسەلی لەگەڵ جۆزێف بایدنی جێگرەکەی زێتر تاوتوێ بکەن. لە دانیشتنی تایبەتی سەرۆک بارزانی لەگەڵ جێگری سەرۆکی ئەمریکا جۆ بایدن، وردەکاری زۆرتر لەبارەی کێشەی سەت ساڵی عێراق لەگەڵ کورد خرایە بەر باس. لە کۆتاییدا جۆ بایدن بە بارزانی ڕاگەیاند: ئێمە هەردوکمان لە تەمەنی خۆمان دەوڵەتی کوردی دەبینین[١].

---

(١) مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، لا ٧٠-٧٣.

## ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی

ئەڵبەت دەبێت ئەوە بگوترێت کە سەرهەڵدانی داعش ڕێخۆشکەر بوو بۆ حکومەتی عێراق تاوەکو ڕێگەی پێ بدرێت خۆی پڕچەك بکات، لە لایەکی دیکەشەوە میلیشیای بیانی سەر بە ئێران، تەنانەت فەیلەقی قودس و پاسدارانی ئێرانی لەژێر ناوی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی بە ئاشکرا بێنە ناو گەمەکەوە. هەموو ئەو میلیشیا و هێزانە بوونە پاڵپشتێک بۆ حکومەتی بەغدا تاوەکو ئەوەی دەیخوازێت ئەنجامی بدات. شەڕی داعش بووە هۆی کڕینی دەیان تانک و زرێپۆش و تۆپهاوێژ و جبەخانە بۆ سوپای عێراق، کە هێزی پێشمەرگەی لێ بێبەش کرا.

سەرانی دەروون نەخۆشی بەغدا ددانی خۆیان لێك دەخزاند بۆ ئەو ڕۆژەی کە نۆرەی کورد دێت، مەگەر لەوە کوفرێکی گەورەتر هەیە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بچێتە کەرکووکەوە! ئەوان بۆ دەرفەتێک دەگەڕان تاوەکو کەرکووک داگیربکەنەوە. تاکە بەربەستێک لەبەر دەمیان جەنگی پاشماوەی داعش بوو. ئێران ئەندازیاری سەرەکی پلانەکان بوو بۆ سەر کەرکووک و پێشمەرگە. نیازیان ئەوەبوو دەسەڵاتی کوردستان تەمبێ بکەن، تاوەکو جارێکی دیکە بیر لە کەرکووک نەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەی پێشمەرگە و سەرکردایەتی کوردستان لە هاوکاری و هەماهەنگی تەواودابوون لەگەڵ سوپای عێراق بۆ ڕزگارکردنی مووسڵ و ناوچەکان لە دەستی داعش، لەو ماوەیەدا چەندین ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتن ئەنجام دران لە نێوان هەردوولا، بەڵام حکومەتی عێراق و سوپاکەی پێشێلی هەموو ڕێککەوتنەکانیان کرد. لووتبەرزی سوپای عێراق دووبارە گەیشتەوە لوتکە، دیسان ویستیان لۆژیکی هێز لە بەرانبەر کوردستان بەکار بهێنن، ئەمجارە بە هاوکاری ڕاستەوخۆی ئێران و گڵۆپی سەوزی تورکیا و وڵاتانی وەکو ئەمریکا و بەریتانیا. دۆخەکە بۆ کورد سەختتر ببوو، چونکە لە ئەمریکا لە مانگی یەنایەری ٢٠١٧ ەوە ئیتر دۆناڵد ترەمپ سەرۆکایەتی ئەو وڵاتەی گرتبووە دەست. ئەو سەر بە کۆمارییەکان بوو، دژی هەڵوێستەکانی حکومەتی پێش خۆی بوو.

سەرکردایەتی کوردستان، لە پێشی هەموویانەوە سەرۆک مەسعود بارزانی پەیان بەو ڕاستییە برد، هەر بۆیە کۆبوونەوەی خێرای لایەنەکان و گفتوگۆ دەستی پێکرد. ڕۆژی

چوارشەممە ٧ی حوزەیران ٢٠١٧ بڕیاردرا کە ڕیفراندۆم/گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام بدرێت و ڕێکەوتی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ دەستنیشان کرا بۆ ئەنجامدانی لە هەرێمی کوردستان و هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم، بە واتایەکی دیکە، لە هەموو کوردستانی عێراق/باشووری کوردستان. ڕەوایەتی بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی لەوەدا ڕەگی گرت کە هەموو لایەنەکانی کوردستان کۆکبوون لەسەری. هەموو گەلی کوردستان پشتیوانی ڕیفراندۆم بوو، ئەوەش تاکە سەرچاوەی ڕەوایەتی/شەرعییەت دانە بە پرسەکە، وەکو بنەمایەک بۆ بڕیاردان لە مافی چارەنووسی نەتەوەیەک.

میدیا عێراقییەکان دوابەدوای ئەم بڕیارە دەستیان کردن بە نیشاندانی کورد وەکو ئەهریمەن. حزبی دەعوەی ئیسلامی لە ڕێگەی توتکەکانییەوە دەیانگوت دەبێت کورد بگەڕێنینەوە چیاکان و لەعێراق دەریان بکەین. گەورەترین بێ ڕێزی ئەنجام دەدرا لە تیڤی و کەناڵەکانی سۆشیال میدیای عەرەبی عێراقی. ڕۆژێک پێش ئەنجامدانی گشتپرسی، نوری مالیکی دەڵێت: ”مەسعود بارزانی ئامانجی دروستکردنی کیانی سەهیۆنی ئیسرائیلی دووەمە لە باکووری عێراق، سەیرکەن چۆن ئالای ئیسرائیل بەرزدەکەنەوە و ئالای عێراق دەسوتێنن و عەگاڵی عەرەب دەسوتێنن، کوردەکان دوژمنایەتی و ڕقی دژی ئێمە بڵاودەکەنەوە“![1]

هەموو ئەو درۆ و چەواشەکارییانە بۆ هاندانی خەڵکی بەربەری و هەمەجی عێراق بوو دژی کوردستان. کە سەیری ئەو ئاپۆڕە قین لەدڵ و ناڕەسەنە دەکەیت، لەخۆتەوە دەپرسیت، مەگەر گوناهی گەلی کورد چی بێت کە تووشی بووە بە تووشی ئەوانە! ئاخەر هیچ وێژگێکی مرۆڤبوونیان تێدا نەبوو. بەڵام بەداخەوە ئەوان چەکیان هەبوو، کوردستانیش قورسترین چەکی چەند تۆپهاوێژێکی کۆنی سەردەمی بەعس بوو. سەرەڕای ئەوانەش، هێشتا حکومەتی عێراق داوای ڕادەستکردنەوەی چەکەکانی دەکرد.

وڵاتانی دراوسێ چاویان سوور دەکردەوە لە کورد، ئەمریکا و بەریتانیاش وەکو هەمیشە گوشاریان کرد لە کورد تا واز لە بیرۆکەی گشتپرسی سەربەخۆیی بهێنێت. ئەوە

(١) دەقی تۆماری ڤیدیۆکە لای نوسەر پارێزراوە.

لە کاتێکدا کە پرسەکە لە کوردستان بە تەواوی یەکلاکرابووەوە، خەڵکی کوردستان بە جۆش و خرۆشەوە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەی دەکرد. ئەمریکییەکان بە نوێنەرایەتی برێت مەکگۆرک کە بۆ شەڕی داعش ڕاسپێردرابوو، گوشاریان لە سەرکردایەتی کوردستان دەکرد. وایان نیشان دا کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا تیلەرسن داوای ئەوە دەکات گشتپرسی دوابخرێت بۆ ماوەی دوو ساڵ، ئەگەر لە ماوەی ئەم دوو ساڵە حکومەتی عێراق بە پیل داواکانی کورد نەهات، ئەو کات کورد مافی خۆیەتی گشتپرسی ئەنجام بدات و ئەمریکاش "ڕێز" لە ئەنجامەکەی دەگرێت. سەرۆک بارزانی داوای کرد لە بری وشەی ڕێزگرتن وشەی پاڵپشتی دابنرێت، بەڵام لایەنی ئەمریکی ڕەتی کردەوە ئەو بەڵێنە بدات. سەرۆک بارزانیش ڕایگەیاند، ئەگەر ئێوە یەک وشە نەگۆڕن، ئەی بۆچی و لەسەر چ بنەمایەک ئێمە لە ڕیفراندۆم پاشگەزبینەوە؟

بەدرێژایی مێژوو، دوژمنانی کورد لە ڕێگەی چاوسووورکردنەوە و ترساندن، گەلی کوردیان لە زۆر بڕیار لە چرکەساتی چارەنوسساز پاشگەز کردۆتەوە. ئەوان هەمیشە ویستوویانە گەلی کورد خاوەن ویست و ئیرادەی خۆی نەبێت و بکەوێتە ژێر باڵی ئەوان. دوای ئەوەش بە هەموو شێوەیەک مافەکانیان پێشێل کردووە و هەموو ئامرازێکیشیان بەکارهێناوە بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنی. گەلی کورد و سەرکردایەتییەکەی وەکو وەرچەرخانێکی مێژوویی دەبووایە لەسەر بڕیاری خۆی پێداگر بێت، دەبوایە خۆگر بێت بەرانبەر ئالنگارییەکان، ئەگەر نا مێژوو بەچاوێکی ترسنۆکانە لە لاپەڕەکانی خۆی دەینوسێتەوە.

هەریەک لە ئەمریکا و بەریتانیا و تورکیا و ئێران یەك بۆچوونیان هەبوو، ئەویش وازهێنان بوو لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، ئەوەش لەسەر ئەژماری مافەکان و ویستی نەتەوەیی گەلی کوردستان بوو. بەڵام سەرکردایەتی کوردستان و گەلی نەبەردی کورد پێداگربوون لەسەر ئەنجامدانی، چونکە لێرەدا پرسیارێک سەربەخۆ دێتە ئاراوە، ئەگەر ئێستا ڕیفراندۆم نەکرێ، کە ناوچە داگیرکراوەکان لەدەست کوردە، ئەدی کەی بکرێت؟ کەس ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە. لەگەڵ ئەوەش بۆ ئێمەی کورد وەڵامەکەی ئاسانە: هەرگیز! حکومەتی عێراق خوازیارە

بە زەبری چەک بگەڕێتەوە کەرکووک، ئەوساکە نەک ڕیفراندۆم، بەڵکو لێناگەڕێ کورد بە سروشتی خۆی لە شارەکە مافە نەتەوەییەکانیشی جێبەجێ بکات. هەر واش بووە لە ڕابردوو، لە ئاییندەش هەر وا دەبێت.

ئەوە بوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بە پشتیوانی گەلەکەی پێداگری خۆی دووپات کردەوە بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی سەربەخۆیی، لەمەوە داواکاری هەموو وڵاتانی وەکو بەریتانیا و ئەمریکا و ناوچەکە و سەرۆکی جامیعەی عەرەبی أبوئەلغەیث ڕەتکردەوە. بارزانی ڕایگەیاند چیدی بڕیارەکە لە دەستی من نەماوە، بەڵکو لە دەستی گەلی کوردە، ئەو مافە بەخۆم نادەم لەبری ئەوان بڕیار بدەم. لێرەدا شار بە شاری کوردستان گەڕا، وتاری پێشکەشی پیر و گەنج و لاوانی کوردستان دەکرد. ڕێکەوتی ٢٢ی سێپتێمبەر/ئەیلوولی ٢٠١٧ لە یاریگای شەهید فرانسۆ هەریری وتارێکی بۆ خەڵکی هەولێر پێشکەش کرد، تیایدا پەیڤێکی مێژوویی ڕاگەیاند کە ئەمە بوو: **ئەوە سەد ساڵە گەلی کورد سزا دەدەن، ئەرێ تێر نەبوون؟**

ئەو ڕستەیە لە ناخێک هەڵقوڵابوو، کە بۆ ماوەی شێست ساڵ لەناو دەردەسەری و کۆمەڵکوژی و دەربەدەربوونی گەلەکەی ژیانی بەڕێ کردبوو. ئەوانەی کینە لەدڵن و ڕق ئاڕاستەیان دەکات، ناتوانن بۆ ساتێکیش ڕاستییەکان وەکو خۆی ببینن. مۆری ڕق چاوەکان کوێر دەکات و دڵەکانیش ساردوسڕ. ئەوە مێژووە دواتر بەراوردی نێوان ڕووداوەکان دەکات و ئەنجا بڕیار لەسەر ڕاست و دروستیی گشتپرسی سەربەخۆیی دەدات، نەوەکو هاشوهوشی لەناکاو و بێ بەها. بارزانی شاهیدی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار بوو، کە ئێستاش عێراقییەکان پێیان خۆش نییە ناوی بنێن ڕێککەوتننامە، بەڵکو دەڵێن بەیاننامە. ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە خودی سەدام و نزیکەکانی واژوویان کرد و بە فڕۆکە هاتن بۆ لای بارزانی مستەفا لە بێشەی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان ملیان بۆ داواکانی کورد کەچ کرد. ئەو مێژووە بەس بوو بۆئەوەی دەمهەراشەکان بزانن کە حکومەتی عێراقی هەر هەمان حکومەتەکەی پێشووە و تەنها دەموچاوەکان گۆڕاون. بەڵام کەسانێک کە ئاگاداری مێژوو نەبن و دوور بن لە خوێندنەوەی

ڕووداوە پڕزامەکانی نەتەوەکەیان، چۆن دەتوانن ئەزموون لە مێژوو وەرگرن؟ چۆن دەتوانرێ کەسانێک بهێنییە باوەڕ کە نازانێت مێژوو و خوێندنەوەی مێژوو چیە؟

ڕێکەوتی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ خەڵکی باشووری کوردستان لە کەشێکی ئازاد و ئاشتەواییدا دەنگی خۆیان دا. ڕەوشەکە بەجارێک مایەی دڵخۆشی بوو، چونکە هەموو لایەنەکانی کوردستان پشکداربوون لێی، ئەمە ئەو ڕۆژە بوو کە هەموو گەلی کورد کۆک بوو لە سەری، ئەو ڕۆژە بوو بانگەشەی هەموو حزب و لایەنەکان یەك بانگەشە بوو، چونکە ئامانج یەک ئامانج بوو، ئەویش بڕیاردان بوو لە چارەنووسی گەلێک کە ماوەی سەت ساڵە لەژێردەستەیی و کیمیاباران و ڕاگواستن و دەربەدەری و ئەنفال و کوشتوبڕی دەناڵێنێت.

گەلی کورد لە باشووری کوردستان دەنگی بۆ ڕیفراندۆم دا، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن ئەنجامەکانی ئاشکرا کرد، تیایدا ٩٢،٧٣٪ لە کورد بە بەڵێ دەنگیان دا بۆ سەربەخۆیی کوردستان و جیابوونەوە لە عێراق. ئەوە نیشانی دەدات کە گەلی کورد چەند تینووی ئازادی و سەربەخۆییە، وەک هەموو میللەتێکی دیکە خاوەنی دەنگی جیاوازی خۆیەتی، دەیەوێ لە چوارچێوەی سنورێکی نێونەتەوەیی تایبەت بەخۆی ژیان بکات و سەروەری خۆی هەبێت و ڕێزی لێ بگیرێت، نەوەک لەژێر دەستی حکومەتی عەرەبی بێت، کە هەر ڕۆژە بڕیارێک لە چارەنووسی بدات و بە ئارەزووی خۆی یاری بە ژیان و چارەنووسی بکات.

هەر دوای دەرچوونی ئەنجامی گشتپرسی، حکومەتی عێراق کەوتە دۆخی شێواوی، لە ڕاستیدا سەرەتا کاربەدەستانی بەغدا نەیاندەزانی چۆن مامەڵە بکەن لەگەڵ دۆخەکە، بەڵام ئەوەی دۆخەکەی بۆ کوردستان سەراونگوم کرد، هەڵوێستی ناشیرینی بەریتانیا و ئەمریکا بوو. عێراق کە وڵاتێکی دەستکردە چاوەڕێی دەمی کاربەدەستانی وڵاتانی زلهێزی ئەمریکا و بەریتانیای دەکرد. کە سەرانی عێراق بینیان ئەوان دژی سەربەخۆیی کوردستانن و گلۆپی سەوزیشیان هەڵکردووە بۆ حکومەتی عێراق، ئەوجا شۆڤینیزمی عەرەبی عێراق بە هەردوو دیوی شیعە و سوننە دەرکەوت. پەڕلەمانی عێراق کە سەرۆکەکەی سەلیم جبوری بوو، لە تایەفەی سوننە بوو، بەوپەڕی بێ

ویژدانـی و نامیهرەبانـی دژی کوردسـتان کەوتـە بڕیـاردان. لـەو ڕۆژەدا عەرەبـی شـیعە و عەرەبـی سـوننە دژی کـورد یەکیـان گـرت. خـۆ زۆر لەمێـژ نەبـوو سـوننەکان بـە سـەدان هـەزار لـە دەسـتی داعـش ڕایانکردنبـوو بـۆ کوردسـتان و گەلـی کورد لـە باوەشـی گرتبوون، بـەڵام کاری چـاک لەگـەڵ مرۆڤـی ناڕەسـەن وەڵامـی بـە چاکـە نادرێتـەوە. هـل جـزاء الإحسـان إلا الإحسـان؟ بەڵـێ، بـەڵام مرۆڤـی ناڕەسـەن لـەو عیبارەتـە تێنـاگات، ئەگـەر چـی قورئانەکـە بـە زمانـی ئەویشـە.

ئـەوە بـوو سـەلیم جبـوری سـەرۆکی پەرلەمـان بەبـێ ئامادەیـی نوێنەرانـی کـورد، ١٣ بڕیـاری نامرۆڤانەیـان دژی گەلـی کوردسـتان دەرکـرد، لەوانـە داخسـتنی سـنوری ئاسـمانی و ووشـکانی، ئابلۆقـەی دیپلۆماتـی و سیاسـی و ئابـوری و هتـد. ئـەوە مێنتاڵـی ئاژەڵئامێـزی ئـەو تاقمـە دەسـەڵاتدارەی عێراقـی بـۆ جارێکـی تـر دەرخسـت، ئەوانـە بـە لۆژیکـی هێـز مامەڵـە لەگـەڵ کـورد دەکـەن، ئـەو زنجیرەیـەش هـەر وا بـەردەوام دەبێـت تـا ئـەو کاتـەی قـەوارەی سـەربەخۆ بـۆ کوردسـتان دێتـە ئاواکـردن. جگـە لـەوەش، پەڕلەمـان دەسـتی حکومەتەکـەی حەیـدەر عەبـادی واڵا کـرد بـۆ بەکارهێنانـی هێـز لـە ناوچـە داگیرکراوەکانی کەرکـووک و گەرمیـان و شـەنگال و هتـد. حەیـدەر عەبـادی سـواری شـەپۆڵەکە بـوو بـە گـڵۆپی سـەوزی ئەمریـکا و بەریتانیـا، ئەگـەر نـا خـۆی هیـچ بیرۆکەیەکـی نەبـوو بـۆ چۆنییەتـی ڕەفتارکـردن لەگـەڵ دۆخەکـە.

شـایانی باسـە، یەکێـک لـەو قسـانەی کـە زۆر برەوی پێـدرا و تا ئێسـتاش بووەتە بنێشـتە خۆشـەی سـەر زاری هەندێـک، ئەوەبـوو، گوایـا ئەنجامدانـی گشتپرسـی سـەربەخۆیی بـووە هـۆی پەلاماردانـی سـوپای عێـراق بـۆ سـەر کەرکـووک و لەدەسـتدانی ٤٢٪ خاکـی کوردسـتان. کەسانێك ئـەو قسـانەیان دەکـرد و دەکـەن کـە هەسـتی بەرپرسـیارێتییان نییـە و بەشـێکن لـە سیاسـەتی پشـت شـکاندن و بـەو قسـانە دەیانەوێـت شکسـتەکە بکەنـە تۆمـەت و بیخەنـە ئەسـتۆی لایەنێـک و خۆشـیان وەکـو ڕێـوی زیرەکانـە بـۆی دەرچـن. جێگـەی داخ و پەژارەیەکـی زۆرە، کـە دیسـانەوە لـەو سـاتەوەختە مێژوویـە، لایەنێکـی سیاسـی کوردسـتان لـە ناسکترین چرکەسـات هاوکێشـەکە دەقۆزێتـەوە بـۆ لەکەدارکـردن و لەناوبردنـی لایەنەکـەی تـر. دیسـانەوە دوژمنیـان خسـتەوە سـەما.

ئەگـەر تۆزقالێـك ئـاگاداری مێـژووی سـەت سـاڵی ڕاپـەردووی کـورد بوونایـە لـەو عێراقـە، ئـەوا هەرگیـز ئـەو قسـە پوچانەیـان نەدەکرد. ئایا ئەوانـە وەکـو مـاسی مـەودای بیرکردنەوەیـان کورتـە، یاخـود بەڕاسـتی بـێ ویژدانـن و ئامانجیـان تێرکردنـی هەسـتی ڕقئامێـزی خۆیانـە؟ سـەیرەکە لەوەدایـە بۆچـی میللەتـی ئێمـە بـۆ جارێـک ناتوانێـت دەسـتبەرداری ڕق و کینـە بێـت بـۆ بەرژەوەنـدی میللەتەکـەی کـە هەمـوو چارەنووسـی کوردسـتانی پێـوە بەنـدە؟

بـۆ هەمـوو لایـەک ئاشـکرا بـوو کـە حکومـەت و سـوپای عێـراق بـە ئەندازیارێتـی ئێـران، بۆچـی پێشـتر شـارۆچکەی حەوێجەیـان بـۆ کۆتایـی شـەڕەکە جێهێشـت! حەوێجـە کرایـە دەرگایـەک بـۆ چوونـە نـاو کەرکـووک. بیرمـە ئـەو سـاتە هەمـوو عێراقییـەکان ترسـیان لـێ نیشـتبوو، کـەوا سـوپای عێـراق و حەشـدی شـەعبی لـە کەرکـووک ئەگـەر ڕوبـەڕووی پێشـمەرگە ببنـەوە ئـەوا زیانێکـی نـەک زۆر دەکـەن، بەڵکـو دووچـاری شکسـتی گـەورە دەبـن. بـەڵام ئـەوە ڕووی نـەدا. لایەنێکـی سـەر بـە یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان ژێربەژێـر لەگـەڵ حەشـدی شـەعبی و سـوپای پاسـدارانی ئێـران ڕێککەوتبـوو. ئامانجیـش لـەو ڕێککەوتنـە بـە پلـەی یـەک لێدان بـوو لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان. ئـەو تاقمـە هیچیـان لەبـارەی مێـژووەوە نەدەزانـی، یاخـود ڕقـی کوێرانـە ڕێگاکـەی لـێ وونکردبـوون، یانیـش کرێگەرتـەی ئێـران بـوون، ئەگـەر نـا دەبـوو بـۆ هەمـوو لایـەک ئاشـکرا بێـت کـە دوژمـن یـەک ئامانجـی هەیـە، ئەویـش پەرتکردنـی کـوردە، دوای پەرتکـردن نـۆرەی پەلامـاردان دێـت. دوژمـن هەمـوو سـاتێک دەزانێـت جەنـگ لەگـەڵ کـوردی یەکگرتـوو ئەسـتەمە.

لەنـاو یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان باڵـی پشـتیوانی سـەربەخۆیی بریتـی بـوون لـە زۆربـەی ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـی. بەڕێـز کـۆسرەت ڕەسـول عەلـی بـەو تەمەنـەوە لەگـەڵ هێزێکـی گـەورە لـە بەرەیەکـی جەنـگ بـوو لـە کەرکـووک و ئـاگاداری ناپاکییەکـە نەبـوو. دکتـۆر نەجمەدیـن کەریـم وەکـو پارێـزگاری کەرکـووک لەنـاو شـارەکە بـوو تـا دوا سـات، بـەڵام دوایـی دەرکـەوت هەوڵـی تیرۆرکردنـی درابـوو. دیـار بـوو هەندێـک لـە گەنجەکانـی نـاو باڵەکـەی یەکێتـی نیشـتمانی هەرزەکارانـە پێیان وابـوو بە ئاسـانی دەتوانن

ئامانجـە سیاسـییەکانیان بپێکـن و پارتـی دیموکراتـی لەنـاو ببـەن، دواییـش حکومەتـی عێـراق کەرکووکیـان بـە خـەڵات پـێ دەبەخشـێت. ئایا ئـاگاداری ئـەوە نەبـوون کـە ئـەوە یەکـەم جـار نییـە حکومەتـە یـەک لـەدوای یەکـەکان لایەنێکـی سیاسـی دەخەڵەتێنێـت بـۆ لێـدان لـە لایەنەکـەی دیکـە و بـەڵام سـەرەنجام بـە دۆڕانـی هەمـوو کـورد کۆتایـی دێـت؟! تاکـەی ئـەو گەمژییـە کـە ئاوێتـە بـووە بـە ڕق و کینـە؟

زمانـی هەڕەشـە و بـێ ڕێـزی و شـۆڤینیزمی عەرەبیـش تـا دەهـات پـەرەی دەسـەند، تـا ئـەوەی کار گەیشـتە نـاو ڕۆشـنبیرە بیربۆگەنـەکان، ئەوانـەی لـە وڵاتانـی ئەوڕوپـا لـە ئـازادی و دیموکراتـی دەخـۆن و دەخۆنـەوە و ئەوەنـدە میهرەبانـن بوونەتـە خاوەنـی ڕەگەزنامـەی وڵاتانـی ئەوڕوپـی، کەچـی بەرانبـەر کـورد هەمـان کەمتیـاری کێویـن ئامـادەن بـۆ وورگ دڕیـن. یـەک لەوانـە نووسـەرێک بـوو بەنـاوی سـائیب خەلیـل. ئـەو نووسـەرە دەیگـوت وا دێینـەوە کەرکـووک و پـەت دەخەینـە ملتـان و لەسـەر زەوی ڕاتـان دەکێشـین! ئـەم بەدڕەوشـتە لـە وڵاتـی سـوید لـە نـاز و نیعمەتـی ئەوڕوپـا دەژیـت و داوای کوشـتنی کـورد دەکات.

**وێنەی (٣٤)**

نووسەری عێراقی سائب خەلیل، هاندەر بۆ کوشتنی کورد



هەرچەنـدە لـە دەسـتوری عێـراق هاتـووە کـە نابێـت هێـزی چەکـداری بەکاربهێنرێـت بـۆ یەکلاکردنـەوەی پرسـە ناوخۆییـەکان، بـەڵام حەیـدەر عەبـادی بـە پشـتیوانی دەنگـی پەرلەمـان کەوتـە پەلاماردانـی کوردسـتان. هێـزی دژە تیـرۆر و حەشـدی شـەعبی ڕۆڵـی سـەرەکییان هەبـوو لـە پەلامـارە داگیرکارییەکـە بـۆ سـەر کەرکـووک و ناوچەکانـی ماددەی ١٤٠. ئـەو هێزانـە بەقسـەی خۆیـان دژی تیرۆریسـتان دەجەنـگان، کەچـی خۆیـان کاری تیرۆریسـتیان دژی کـورد ئەنجامـدا و هیچـی کەمـتر نەبـوو لەوانـەی داعـش. گروپـە میلیشـیاییەکانی شـیعە و ئێرانـی کارێکیـان کـرد بـە کـورد کـە مێـژوو لەیـادی نـاکات.

حەیـدەر عەبـادی ئیـتر دەسـتەواژەی هەرێمـی کوردسـتانی بەکارنەدەهێنـا لـە بەڵکـو دەیگـوت باکـووری عێـراق، ڕێـک هاوشـێوەی بەعسـییەکان. عەبـادی بـێ ئـەوەی شـەرم لەخـۆی بـکات کـە بوکەڵـەی دەسـتی ئێرانـە، پەلامـاری کەرکووکـی دا. عەبـادی خـۆی نقومـی گەندەڵـی دارایـی و ئیـداری ببـوو، توانـای ئـەوەی نەبـوو یـەک یاسـاش لـە بەغـدا و ناوچەکانـی دیکـە جێبەجـێ بـکات، کەچـی بـۆ گیانـی کـورد بـووە پاڵەوانێکـی عەرەبـی هاوشـێوەی سـەدام. بەڵـێ مرۆڤـە ناڕەسـەنەکان تەنهـا بەرانبـەر لاوازەکان هێـز و بازویـان نیشـان دەدەن. تـا ڕۆژگاری ئەمڕۆشـمان هاوڵاتیانـی عەرەبـی عێراقـی بۆچوونیـان لەسـەر حەیـدەر عەبـادی باشـترە لەچـاو سـەرۆکوەزیرانەکانی دیکـە، چونکـە بـە قسـەی خۆیـان عەبـادی عێراقـی لەدەسـت داعـش و لە دەسـت ئینفیسـالی و ڕیفراندۆمچییـەکان ڕزگارکرد.

سـوپای عێـراق و حەشـدی شـەعبی و دژەتیـرۆر تینیان دەهێنـا، هێزەکانی پێشـمەرگەش بـە ڕێککەوتنـی هـەردوو حزبـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان دابەشـی سـەنگەرەکانی دەوروبـەری کەرکـووک ببـوون. ڕۆژانـی ١٢ و ١٣ی ئۆکتۆبـەری ٢٠١٧ لەشـکرەکانی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان بـە بڕیـاری لەنـاکاو و بـێ هەماهەنگـی لەگـەڵ وەزارەتـی پێشـمەرگە، سـەنگەرەکانیان جێدەهێشـت و ڕادەسـتی حەشـدی شـەعبییان دەکـرد. ئـەو ڕووداوە گومانـی تەواوی دروسـت کرد، کـە ڕێککەوتنێکی ژێربەژێـر کـراوە لـە لایـەن باڵێکـی نـاو یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان، تەنانـەت بەشـێک لـە ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـی حزبەکـە ئـاگاداری نەبـوون. تاوەکـو ڕۆژی ١٥ی ئۆکتۆبـەر هەمـوو سـەنگەرەکانی باشـوور و ڕۆژهەڵاتـی کەرکـووک ڕادەسـتی حەشـد و هێـزە

ئێرانییەکان کران. شایانی باسە بەشێکی هێزی پێشمەرگەی سەر بە کاک کۆسرەت ڕەسول عەلی ئاگاداری ئەوە نەبوون و لەگەڵ بەشەکانی دیکەی پێشمەرگە لێکدابڕان. کۆسرەت ڕەسول عەلی پشتیوانێکی ڕاستگۆی گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان بوو، بۆیە خواستێکی ئێرانی و عێراقی هەبوو بۆ لەناوبردنی!

ڕۆژی ١٥ی ئۆکتۆبەر کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدرا، کە خودی سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێم نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی و بافێل تاڵەبانی و تەواوی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەردوو لا ئامادەی بوون. لە کۆبوونەوەکە جەخت لەسەر یەکڕیزی کرایەوە. بەڵام وەک دواتر دەردەکەوێت خەنجەرێکی ژەهراوەی ئامادە کرابوو بۆ مەبەستێکی تایبەت! هەر لەو ڕۆژە شای ئوردن پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی ئەنجام دا، تیایدا دەستپێشخەری کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی کرد لای خۆی کە هەر یەک لە سەرۆک بارزانی و حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق و شای ئوردن پێکەوە دانیشن بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان. سەرۆک بارزانی ئامادەیی نیشان دا، بەڵام ئیتر بەغدا فڕۆکەخانەکانی داخستبوو. شا عەبدوڵا ئامادەیی نیشاندا کە خۆی فڕۆکەیەکی تایبەت بنێرێت بەدوایدا، بەڵام حەیدەر عەبادی دووچاری نەخۆشی مێگالۆمانیا ببوو، بەو مەرجە بەشداری لە کۆبوونەوەکە دەکرد کە سەرۆک بارزانی لە تەلەڤزیۆن ئەنجامی هەڵبژارد هەڵوەشێنێتەوە. ئامانجی عەبادی نەک بەس سوکایەتی، بەڵکو شکاندنی ئیرادەی نەتەوەیی و لەکەدارکردنی گیانی شۆڕشگێڕی کورد بوو.

بەچاودێری ئەمریکا و بەریتانیا کە تا دوێنێ موزیکیان بۆ گیانبازی و جەنگی فەرهادانەی پێشمەرگە دەژەنی، کەچی ئەمڕۆ قڕوقەپیان لێ کردووە و چارەنووسی کوردستانیان دیسانەوە دایەوە دەست هێزە بەدڕەوشتە هەرێمییەکان، بە زەقە زەقی چاوی ئەمریکییەکان تانک و زرێپۆش و جبەخانەی ئەمریکییان بەکاردەهێنا دژی کوردستان. ئەوە سەت ساڵە و بەرەو ژوورەوە، هێشتا هەر خوێنێکی ئێمەی کورد دەڕژێت، ئینگلیزەکان بە پلەیەک و ئەمریکییەکان بە پلەی دوو لێی بەرپرسیارن.

پرۆفیسۆری پۆڵەندی "زبیگنییێڤ دیلێڤسکی" دەڵێت: "لەوەتەی هەیە ڕۆژئاوا نەتەوەکان نابوت دەکات، ئینگلیزەکان تەنها لە یەک لۆژیک تێدەگەن، ئەویش لۆژیکی پارە و هێزە! ئەوان ئامادەن هەموو نەتەوەکان بۆ پارە بفرۆشن".

شایانی تێبینییە، لە سەروبەندی ڕووداوەکانی شازدەی ئۆکتۆبەر هەریەک لە باڵیۆزی بەریتانیا فرانک بەیکەر لە عێراق، باڵوێزی ئەمریکا دۆگلاس سلێمان، ڕۆڵی زۆر خراپیان گێڕا. ئەوان ئاگاداری پلان و ئاشوبەکانیش بوون، بەڵام ڕاستییەکانیشیان بە حکومەتی کوردستان نەدەگوت، چونکە ئەوان چاویان بڕیبووە نەوتی کەرکووک، هەر لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت، ڕاستەوخۆ دوای داگیرکردنی کەرکووک، کۆمپانیای مشەخۆری بەریتانی بریتیش پێترۆلوم دەست دەکات بە وەبەرهێنان لە کێڵگەکانی کەرکووک. ئەوان بە ئەنقەست تانکی ئابڕامسیان دایە دەست گروپی تیرۆریستی ئێرانی و حەشدی شەعبی بۆ پەلاماردانی کوردستان. ئەو هێزە لەرزۆکانەی دوژمن هەرگیز بەبێ چەکی پێشکەوتوو لە بەرانبەر پێشمەرگە پیاوەتی ئەوەیان تێدا نییە خۆبگرن، بەڵام داخی کورد و هێزی پێشمەرگە بە درێژایی مێژووی ٧٠ ساڵ نەبوونی چەکی هاوشێوەی چەکی دوژمنە.

هێزە بەدڕەوشتەکان بە هاوکاری ئێران چەندین گروپی دیکەی دژە کوردیان دروستکرد، لەوانە حەشدی تورکمانی. ئەوانە لە ناوچەکانی دوزخورماتو و کەرکووک و گوندەکان کارێکی ئەوها نامەردانەیان بە کورد کرد، مەگەر تەنها بەعسی سەدامی ئەو کارەی کردبێت. هەزاران خێزانی کورد ئاوارە بوون، دەیان گەنج شەهیدکران، لە پشتەوە خەنجەر لە هێزەکەی کۆسرەت ڕەسول عەلی درا، بەڵام خۆشبەختانە خۆی بە تەناهی بۆ دەرچوو. هەوڵی تیرۆرکردنی دکتور نەجمەدین کەریم درا، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە توانیان دەربازی هەولێری پایتەختی بکەن.

**وێنەی (٣٥)**




دوای شەهیدکردنی گەنجی بێ گوناحی کورد، شەهید هاڕون، لەلایەن هەرزەکارێکی حەشدی تورکمانی سوکایەتی بە تەرمی پیرۆزیی دەکرێت. گوناحی شەهید هاڕون ئەوەبوو ئاڵای کوردستان پێبوو، چەکدار نەبوو. درود بۆ شەهید هاڕونی نەمر و نەفرین بۆ ئەو هەرزەکارە و ئەوەشی دەستی هەبوو لە شەهیدکردنی هاڕون و گەنج و لاوی کورد.

**وێنەی (٣٦)**



چەکدارانی حەشدی تورکمانی دوای سەربڕینی پێشمەرگەیەک، یەکیان بە دەست ئاماژەی تۆرانی پیشان دەدات، وەک ئاماژەیەک بۆ گورگە بۆزەکان

مێژوو جارێکی تر بەربەرێتی دوژمنانی بۆ وەدەرخستین، کۆمەڵێک هەمەجی وەحشی پەلاماری نەتەوەی کوردی بێکەسیان دا، ئا لەو ساتەدا مرۆڤی ناڕەسەن دەردەکەوێت، کاتێک هەست دەکات بەرانبەرەکەی بێ توانا و بێ کەسە. مرۆڤی باڵا و ڕەسەن هەرگیز پەلاماری لەخۆی لاوازتر نادات. ئەوانە کۆمەڵانێک بوون دوور بوون لە هەموو عورف و نەریت و ئەخلاقێکی ئاسمانی و زەمینی،ئەوانە لەژێر ناوی جیا جیا و دروشمی جیاجیا وەکو ڕەوە گورگ هەڵمەتیان هێنا، ئەوان ئاپۆڕەی بەربەری بوون.

وادیار بوو خوێنگەرمیی داگیرکردنی کەرکووک، حەشدی شەعبی و گروپە تیرۆریستییەکانی تەنی بوو، لوتبەرزی حەیدەر عەبادیی ، کە نانی کوردستان لە سکی بوو، گەیشتبووە لوتکە. ئەوەی ئاگرەکەی زێتر خۆشکرد، پەیامی باڵوێزی ئەمریکا دۆگلاس سلێمان بوو، کە بۆ سەرکردایەتی کوردی ناردبوو، تیایدا هاتبوو: ”ئەمڕۆ وەکو دوێنێ نییە و دەبێ بەخۆتان دا بچنەوە“. بۆیە دوای کەرکووک

چەکدارە بەربەرییەکان بە چەکی ئەمریکایی بەنیاز بوون بێنە هەولێر و ئیرادەی گەلی کورد بشکێنن و ئاڵای کوردستان بسوتێنن و لاوانی کورد بکوژن. زۆر جێگەی داخە کە هەندێک لایەنی کوردی پاڵپشتی ئەوەبوون، نەخۆشیی ڕق و کینە بەرچاوی تاریک کردبوون، چونکە کەسانی ژیر نەبوون دوور لێکیان نەدەدایەوە. ئەوان بە بیریان نەهاتبوو، یان نەیاندەزانی کە دوژمن ئامانجی ڕووخاندنی کوردستان و قەوارەکەیەتی، بەڵام لەژێر ناو و دروشمی دیکە.

چەکدارانی میلیشیای حەشد و هێزەکانی ئێرانی بەرەو هەولێر هەڵکشان و دڵخۆشی و خەندە لە سەر لێوانیان بوو، دیار بوو بەو ئامانجە بوون بچن ئەنجامدەرانی گشتپرسی سەربەخۆیی لەدار بدەن و دوایی هەموو هەرێمی کوردستان بە کەرکووکەوە بدەنە دەست تاقمێکی خۆفرۆش. بەڵام درۆ و ساختەکاری بەغدا هەر لەوەدا دەرکەوت کە تا ئێستاش دوای شەش ساڵ لە داگیرکردنی کەرکووک، هێشتا شارەکە لەژێر دەسەڵاتی ناڕەوا و خۆسەپێنەری کەسێکە بەناوی ڕاکان جبوری. تاقمی خۆفرۆش تا ئێستا کەرکووکیشیان نەهاتەوە دەست، چجای ئەوەی بە تەمای ئەوە بووبن حکومەتی عێراق کوردستانیان بۆ داگیربکەن و ئەنجا بەدیاری بیدەنە دەستیان. ئەوە خەونێکە بەردەوام جاشەکان دەیبینن و وانەش لە مێژوو وەرناگرن. ئەوە یەکەم جار و دووەم جار نییە بەغدا دەیەوێ چینێک بکڕێتەوە و دواتریش توڕیان هەڵداتە دواوە. جاشەکان لە ساڵانی شەستەکانەوە بۆ جاری پێنجەم و شەشەم ئەو کارە دەکەن، سەرەنجام بەس ڕووڕەشییان بۆ دەمێنێتەوە.

میلیشیاکانی عێراق و ئێران ئەوەی چاوەڕێیان نەدەکرد ڕوویدا. ڕۆژی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ پێشمەرگەی نەبەرد و قارەمانی کوردستان سەرەڕای ئەو چەکە سادانەی کە هەیبوو، بەرانبەر ئابرامزی ئەمریکی و یەکەی تۆپخانەی ئێرانی وەکو قەڵایەکی پۆڵایین لە شارۆچکەی پردێ لەنگەریان گرت، وانەیەکیان دایە حەشد و تیرۆریستانی ئێرانی و عەبادی، کە بۆ مێژوو لەیادی ناکەن. دوای شکانی سوپای عێراق لە پردێ، سەرکردەکانی عێراقی داوای بەخۆداچوونەوەیان کرد، چونکە لە پردێ ١٥٠ کوژراویان لێکەوتەوە. من ئەوساکە لە وڵاتی پۆڵەندا

بووم، برادەرانی شیعەی باشووری عێراق، هاواریان لێ هەستابوو، دەیانگوت کوژراو و برینداری زۆرمان لە شەڕی کوردستان هەیە با چیتر شەڕ نەکەین و برا بین. ئەوەیە، کاتێک لە ماڵ و منداڵی ئێمە دەکوژرێت، کەس ورتەی لێوە نایەت و کەس دڵی بۆمان ناسوتێ، بەڵام کاتێک ئەوان تیادەچن، ئەوا جیهان دەهەژێنن و دەنگیان دەگاتە ئەوسەری جەمسەری زەوی. هەروەک پرسی فەڵەستین، عەرەب کردوویەتی بە کارەساتێکی ئەوها گەورە، تەنانەت لە هەموو وڵاتانی ئەوڕوپا پشتیوانییەکی زۆر خەڵکی سادەی ئەوڕوپاشیان بۆ خۆیان بەدەستهێناوە، لەگەڵ ئەوەش کە دەزانین دەسەڵاتی ئیسرائیل بەرانبەر فەڵەستینییەکان دڕندە نییە. کەچی ئێمەی کورد هیچ کارێکی خراپ نەما لە بەرانبەرمان نەکرێ، کەسیش خۆی لێمان ناکاتە خاوەن.

دوای تێکشاندنی چەکدارانی حەشد و سوپاکەی عەبادی و سوتاندنی تانکی ئابرامزی ئەمریکی بەدەستی پێشمەرگەی کوردستان، لەرزۆکانە وەستان و توشی شۆک ببوون. دوای ئەو سەرکەوتنە مەزنەی پێشمەرگە بەسەر چەکدارانی حەشد، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بارزانی پەیامێکی ناردەوە بۆ باڵوێزی ئەمریکا و پێی ڕاگەیاند: "ئەمڕۆ دوێنێ نییە و سبەیش وەک ئەمڕۆ نابێت"[1].

بەزینی حەشدی شەعبی هەر تەنها لە پردێ نەبوو، بەڵکو لە بەرەکانی مەحمودییە و سحێلاش دووچاری شکستی گەورەتر بوون. لە سحێلا هاوکێشەکان بە یەکجاری گۆڕان، چونکە لەوێدا چەکدارانی حزبوڵلای لوبنان و ئێرانیش برینداربوون. عەبادی سواری ملی خۆی ببوو، لوتبەرزی دایگرتبوو بە تیخ تیخەی ئێرانی. ئەو مرۆڤە ناکەس بەچەیە بێ ئەوەی شەرم بکا کە خۆی هیچ بەهایەکی نییە، بەڵکو ئەوە ئێرانە دەیجولێنێت. ئەو ڕاستییەش ئەوکاتە بە تەواوی دەرکەوت لە میانەی دانوستانەکان، کە تیایدا فەرماندە ئێرانییەکان لەجیاتی عێراقییەکان دەهاتنە قسە و عێراقییەکانیش سەیری دەمی ئەوانیان دەکرد. ئا ئەوانە بوون دەسەڵاتدارانی ناڕەسەنی بەغدا.

---

(١) مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، ل١١٧.

دوای ئەو شکانەی سوپای عێراق و حەشدی سەر بە ئێران، ڕێڕەوی ڕووداوەکان بە ئاڕاستەیەکی دیکە گۆڕان. خۆ ئەگەر هێزە جیاوازەکانی کورد لە کەرکووکیش یەکگرتوو بوونایە، بە دڵنیاییەوە بەشێوەیەکی دیکە بارودۆخی کەرکووک چارەسەر دەکرا، نەک بەم شێوەیە بە تەواوی ڕادەستی بەغدا و ئێران بکرێت و بەچکەیەکی نەوەی تەعریب بەناوی ڕاکان سەعید جبوري بێت حوکمی سەربازی لە شارەکە جێبەجێ بکات.

ئابلۆقە ئابووری و سیاسییەکان بەردەوام بوون تا ئەو کاتەی وڵاتی فەڕەنسا دەستپێشخەریی کرد و بانگهێشتی سەرۆکی حکومەتی هەرێم نێچیرڤان بارزانی کرد بۆ پاریس و لەوێ داوای هێورکردنەوەی دۆخەکە کرا و عێراقیش ملی بۆ داواکانی سەرۆکی فەڕەنسا ئیمانوێل ماکرۆن شۆڕ کرد. باشووری کوردستان دیسانەوە گەڕایەوە دۆخی پێش ساڵی ٢٠٠٣، بەڵام نابێت ئەوەش لەیاد بکرێن، لە سنورەکانی هەولێر لە بەری پردێ و لە چەند شوێنیکی دیکە خاڵی نوێ بۆ سوپای عێراق دانران و نەهێڵرا وەکو جاران نزیک هەولێری پایتەخت لەنگەر بگرن.

## بەردەوامی تەنگژەکان دوای ساڵی ٢٠١٧

حکومەتــی عێراقــی شکســتخواردوو چیــتر وەکــو جــاران لەســەرپێی خــۆی نەوەســتابوو، چیــتر نەیتوانــی ببێتــەوە هەمــان وڵاتــی ســەنتەرگەرای ســەردەمی پێشــووی، ئــەوەی دەیکــرد بــە پاڵنانــی ئێــران و بەریتانیــا بــوو. شــایانی باســە وڵاتــی ئێرانیــش چیــتر نەیدەویســت عێراقێکــی بەهێــز دروســت بێتــەوە، ئێرانییــەکان هەرگیــز نایانــەوێ جارێکــی تــر عێــراق خاوەنــی ســەروەریی خــۆی بێــت. وردبوونــەوە لــە ڕووداوەکان ئــەو ڕاســتیانەمان بــۆ دەردەخــەن. لــە بەرژەوەنــدی ئێــران بــوو کــە هــەردوو حکومەتــی عێــراق و هەرێمــی کوردســتان لــە بەرانبــەر یەکــتر بوەســتن و بــەردەوام ببنــە ســەرچاوەی کێشــە و لاوازی بــۆ یەکــتری.

چینــی دەســەڵاتداری شــیعەی عێراقــی چــاک ئــەو ڕاســتیانە دەزانــن، بــەڵام هیــچ دەرفەتێکیــان نییــە بــۆ دەنــگ هەڵبڕیــن و دەربڕینــی بۆچوونــی ئــازاد. تاکــە شــت کــە ئــەم چینــە بەکرێگیــراوەی بەغــدا بیکــەن دژایەتــی کردنــی هەرێمــی کوردســتانە و درێژکردنــی پەنجــەی تۆمەتــە بــە ئاڕاســتەی قــەوارەی هەرێــم. هــەر بۆیــە دەبینیــن هــۆکاری هەمــوو کێشــەکانی ئــەو عێراقــە نادەوڵەتــە دەخەنــە ملــی کــورد، هــەر جــارە و بــە تۆمەتێــک. حکومەتەکانــی بەغــدا ئەمێســتا چیــان لەبــەر دەســت نییــە بۆئــەوەی کــورد و قەوارەکــەی لەناوببــەن، بۆیــە پەنایــان بردووەتــە بــەر بڕینــی بەشــە بودجــەی خەڵکــی خێــر لەخــۆ نەدیــووی کوردســتان، ئەمــە دوای ئــەو هەمــوو ماڵوێرانــی و تێکدانــی گونــد و دەربــەدەری و ئەنفــال و کیمیابــاران کــە دژی ئەنجــام دران. ئەنجــا ســەرەڕای هەمــوو ئەمانــەش بەغــدا دادگایەکــی بەنــاوی دادگای فیدڕاڵــی کــە گوایــا بەرزتریــن دەســەڵاتی یاســایی ئــەو وڵاتەیــە، ســازکردووە بۆئــەوەی مافەکانــی کــورد بــە تــەواوی لەبنوگۆپکــەوە دەربهێنــن. ئــەو دادگایــەی کــە خــۆی لــە ســەدان پرســی گەندەڵــی و تاوانــی دژە وڵات دەبوێرێــت کەچــی خــۆی تەرخــان کــردووە بــۆ ڕیشــەکێش کردنــی هەمــوو خێرێــک کــە بــۆ کــورد دابیــن کرابێــت.

نەبوونــی قــەوارەی ســەربەخۆ و خــاوەن ســەروەری واتــا خۆدانــە دەســت قــەدەری بێگانــە. لــە تــەواوی مێــژووی جیهــان دا نەبــووە و نییــە میللەتــی

بێگانــە ببێتــە زمانحــاڵ و مافپارێــزی میللەتێکــی دیکــە. ئــەوەی هەیــە جگــە لــە درۆیەکــی ڕووپۆشــکراو هیچــی دیکــە نییــە. گەلــی کوردیــش هەرگیــز ناگاتــە مافــی سروشــتییەکانی خــۆی ئەگــەر بێــت و قەوارەیەکــی سیاســی ســەربەخۆی خــاوەن ســەروەریی نێودەوڵەتــی نەبێــت.

ئەوانــەی پێیــان وایــە کێشــەکە ئیــدی کێشــەی نەتەوەیــی نییــە، وادیــارە ئامادەییــان تێــدا نییــە فێــری مێــژوو بــن. کێشــەی هەمــوو گەلانــی دونیــا پێــش هەمــوو شــتێک کێشــەی جیــاکاری نەتەوەییــە. نەتــەوە (زمــان، پەیوەنــدی خوێــن، خــاک، هەســتی نەتەوەیــی) هــۆکاری یەکەمــی کێشــەکانە. تــا نەتــەوە ئــازاد نەبێــت لــە بەرانبــەر نەتــەوەی بەرانبــەر، هیــچ شــتێک لــە ئــارادا نییــە بــۆ مانــەوە و گەشــەکردن. نەتــەوەی کــورد پێــش هەمــوو شــتێك دەبێــت ئــازاد بێــت لــە کۆتوبەنــدی نەتەوەپەرســتی عــەرەب و تــورک و فــارس، ئەنجــا نــۆرەی ئــەوە دێــت باســی دیموکراتــی و ئاشــتی نێــوان گــەلان بکرێــت.

## بەر لە پەیڤی کۆتایی

ڕامان لە مێژووی سەت ساڵ ستەمکردن و داپڵۆسینی گەلی کورد هیچ نییە جگە لە دڵۆپێک لە دەریایەکی سامناکی پڕ لە خوێن. گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەکورتی و دەستبردن بۆ سەرچاوەگەلی مێژوویی بە ئامانجی گەیشتن بە چەند ڕاستییەک، تەنها و تەنها بۆ بیرهێنانەوەی لاوان و گەنجانی کوردە، بۆئەوەی بزانن ئەوەی بەسەر ئەوان هاتووە، پێشتر بەسەر هیچ میللەتێک نەهاتووە.

گەلی نەبەردی کورد، لە دوژمنداریتی و دڕندەیی و دڵڕەقیی بێگانەکان تێنەگەیشتبوو. کوردە میواندۆستەکان ئەوەندە ڕێزی میوانەکانیان دەگرت، تاڕاددەی شەرم لێکردن لێیان. لای کورد ڕێسایەک هەیە دەڵێت: میوان سێ ڕۆژ میوانە، دوای ئەوە دەبێتە بەشێک لە خانەوادە! ئەو هەستە مەزنە تەنها مرۆڤی مەزن هەیەتی، وەک ئەوەی سروشی خودا لە نزیکەوە بەر هەموو تاکێکی کورد کەوتبێت. جێبەجێکردنی فەرمایشتێکی دەقاودەقی ئایینییە کە دەفەرموێ: "من کان یؤمن بالله واليوم الآخر فليكرم ضيفه". فارسەکان دەڵێن: کوردها مهمانپرستن! واتە کوردەکان میوان پەرستن. گەڕیدەکان زۆریان لەمەڕ میواندۆستی و دڵگەورەیی کورد نووسیووە، کە لە نووسراوە کوردییەکان ئاماژە بە زۆریان دراوە. یەکێکی تر لەوانە کە تا ئێستا لە گۆڕەپانی وێژەیی و مێژوویی کوردستان ناوی نەهاتووە، گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسی پۆڵەندییە بەناوی "ڤیتۆلد ڤلادیسلاف ڕایکۆڤسکی". وەک لە پەرتوکێک کە بۆ ژیاننامەی ناوبراو تەرخانکراوە، هاتووە: ڤیتۆلد ڕایکۆڤسکی لە نێو هەموو نەتەوەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست زۆرترین دۆستی لە نێو کوردان هەبوو. ئەو دەڵێت کوردەکان میوان دۆستن و خۆشەویستن[1]. لە باسی هۆز و خێڵە کوردەکان دەیان نووسەر و گەڕیدەی تر پەیڤی هاوشێوە دەربارەی مەردایەتی و میواندۆستیان لە پەرتوکەکان باس دەکەن. ئەمانە تەنها یەك شتمان پێ دەڵێن کە لە دەماری خوێنی کوردا شتێک نییە بەناوی نەژادپەرستی و لەوەتەی هەیە ئەو میللەتە لەسەر بنەمای نەژاد

---

(1) Antoni Przemysław Kosowski, Witold Władysław Rajkowski, podróznik i orientalista, Kraków 2017, s. 31.

جیاکاری دەگەڵ هیچ گەل و میللەتێکی دیکە نەکردووە. بە پێچەوانەوە هەموو بە دەماری نەژادپەرستی و درۆ و گزی مامەڵەیان لەگەڵ کورد کردووە.

مەگەر ئەوە یەکێک لە هۆکارەکان نەبوبێت کە کوردی لەماڵی خۆی کردووە بە میوان و میوانیش بووەتە خاوەن ماڵ؟ ئەنجا سەرەڕای ئەوەش، لەلایەن ئەو میوانەوە ناپاکی لەگەڵ کراوە، بەو هەموو دڵڕەقی و بەربەرێتییە دەست و چاقی بڕراوە و چاوی کوێر کراوە. هەڵسوکەوتی نەتەوەکانی دیکە بۆ تاکی کورد نامۆ بوو، چونکە سروشتی کورد هەمیشە متمانە کردن بوو بە بەرانبەر، کەچی ئەوان کەمتیارئاسا کەوتنە کەوڵکردنی جەستە و سوتاندنی ئێسکی کورد و هوردوخاش کردنی ئاو و خاکی کورد.

لەم بەشەی کوردستان کە پێی دەگوترێت کوردستانی عێراق، بەریتانیا هەموو ئامرازێکی دەسەڵات و هێزی دایە دەست عەرەب و کردنی بە کەڵەگا بەسەر کوردەوە، لە شەو و ڕۆژێکدا کورد بوونە یەخسیر و ژێردەستەی عەرەبەکان، ئەو عەرەبانەی کە گوایا قورئانیان هەیە و خاوەنی بەرزترین پەیامی ئاسمانین. لەوەدا عەرەبەکان دووجار تاوانبارن دەرهەق بە گەلی کورد، چونکە بەپاڵپشتی ئیسلام و بەزمانی قورئان بەرانبەر کورد هاتوونەتە گۆ. کورد درەنگ لەوە گەیشت کە عەرەبیش وەک هەر میللەتێکی تر ئارەزووی سیاسی و نەتەوەیی خۆی هەیە، ئەوە تەنها میللەتی کورد بوو خۆی ڕادەستی فەرمایشتی ئاسمان دەکرد بێ مەرج، تەنها کورد بوو سیاسەتی نەدەزانی بەڵکو بە مۆراڵی ئاسمان و بەرزترین بەهاکان دەیڕوانییە ئەویتری بێگانە. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەویتری بێگانە هیچ بەهایەک بۆ فەرمایشتی ئاسمان دانانێت. کورد لە پەرستش و نزاکانی ئەوەندە ڕاستوڕەوان و ڕاستگۆیە کە خودا یونسی پێغەمبەریان بۆ دەنێرێت و ئەوانیش بە تێکڕا شوێنی دەکەون. ئەوەتا خودا لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێ: فَلَوْلَا كَانَتْ قَرْيَةٌ آمَنَتْ فَنَفَعَهَا إِيمَانُهَا إِلَّا قَوْمَ يُونُسَ لَمَّا آمَنُوا كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ الْخِزْيِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَتَّعْنَاهُمْ إِلَىٰ حِينٍ. بەڵێ قەومی یونس تاکە قەومن کە باوەڕەکەیان سودی پێ گەیاندن لە نێو هەموو قەومەکانی دیکە. یونسی پێغەمبەر بە گوێرەی ئەو شوێن و ناوچەیەی کە لێی ژیاوە و پەیامەکەی گەیاندووە، لە خاکی کورد و کوردستان بووە.

## چۆن کورد بناسێنین؟ چۆن پێناسی ئەو نەتەوە مەزنە بکەین؟

بەدرێژایی ڕۆژگار، بە وردبوونەوە لە دیرۆک و شەنوکەوی ڕووداوەکان، بەم ئەنجامە دەگەم کە کورد نەتەوەیەکی سروشتییە نەوەک سیاسی. بەلایەنی کەمەوە تاوەکو ئێستا ئەوها بووە. خۆ ئەگەر ئێستا شتێک گۆڕابێت و گەلی کورد بیەوێت بێتە ناو گەمەی سیاسەت و شتێکی لێ فێربێت، ئەوە مایەی تێڕامانە. چونکە بەسیاسیبوون واتا ڕزگاربوونی نەتەوەیەک، ڕزگاربوونی زمانێک، ئەگەر نا میللەتێکی خودایی وەکو کورد بەبێ هودە بەدەستی مرۆڤهایەکی بێ ویژدان و دژە پرەنسیپی ئاسمان لەناودەچێت.

ببینن، سەرەڕای ئەوەی لە چاخی بیست و یەک دەژین، لە قسان یاساکان گەیشتوون بە پلەی باڵا، مافەکانی مرۆڤ لە ترۆپکی گەشەکردن دان، بەڵام ڕەفتاری وڵاتان و نەتەوە سەردەستەکان بەردەوام بۆمان دەسەلمێنن کە هەمان درندە و بونەوەرە دواکەوتووەکانی سەردەمی زوون. لە ڕەفتاری نەتەوە سەردەستەکانی دراوسێ بڕوانن، چۆن و بە چ ڕێکارێک لەگەڵ گەلی کورد مامەڵە دەکەن. با واز لە تەکنۆلۆژیای نوێ بهێنین، واز لەو هەموو پێشکەوتنانە بهێنین کە جیهان بەخۆیەوەی دیتووە لە مافەکانی مرۆڤ و تێڕوانینی لێبوردەییانە و هتد، سەیری ئەو نەتەوانە بکەن، خۆیان بە خاوەنی پاکترین پەیامی ئاسمان دەزانن کە ئیسلامە، بەڵام لێ وردبەوە چۆن سواری ملی ئایینەکە بوون و بۆ مەرامی تەسکی سیاسی-نەتەوەیی خۆیان بەکاری دەهێنن، سەیربکە چۆن گاڵتە بە ئایین و پیرۆزییەکان دەکەن هەر لە ڕێگەی ئایینەکەش.

گرنگە تێڕامانێک لە سەر تورکەکان بکەین وەکو گروپێکی ئێتنی، کە من ناویان دەنێم نەتەوەی سیاسی، وەک ئەوەی سیاسەت لەناو دەمارەکانیان لەگەڵ خوێن هاتوچۆ بکات. ئەوان لە چیاکانی ئۆراڵەوە لێژبوونەوە بەرەو دەوڵەتی غەزنەوەی. لەوێ نەوەستان تاوەکو دەوڵەتەکەیان بنکۆڵ کرد، دواتر لە خوراسان کۆمەڵکوژییەکی بێ وێنەیان ئەنجامدا، بەڵام لەوێش خۆیان نەگرت. دوایی هاتنە ناو دەوڵەتی عەباسی و لەناکاو هەموو موسوڵمانبوونی خۆیان ڕاگەیاند بۆ جێکردنەوەی خۆیان و بە نانە

سکە لـە نـاو جومگەکانـی وڵاتـی ئیسـلامی عەباسـی وەکـو سـەرباز پەرتوبـڵاو بوونەوە. تورکـەکان لەوێـش ئـارام نەبوون، لە سـاڵی ١٠٧١ لە دەریاچەی ڤانی باکووری کوردسـتان دەپەڕنـەوە بـەرەو ئەناتۆلیـا، لـەوێ دەیـان هـەزار چەکداری سـەلجوقی نیشـتەجێ دەبـن. لەوێنـدەر چاکتریـان دەسـت ناکەوێـت! بۆچـی؟ لـەوێ کـوردەکان هەبـوون، کـە میللەتـی سروشـتی بـوون و ئاشـنای سیاسـەتی نەتەوەکانـی دیکـە نەبـوون. تورکـەکان بەناوی ئیسـلامبوون چوونە سـەر شـانی کـوردان، کوردەکانیـش لەباوەشـیان گرتن. تورکە سـەلجوقییەکان دوای داگیرکردنـی ئەناتۆڵیـا، هەمـوو خێزانەکانی خۆشـیان هێنایە ئەوێ.

سـەیرکە، سروشـتیبوونی کـورد بـەو ژمـارە زۆرەوە، دەبنـە خۆراکـی ئاسـان بـۆ تورکـە سیاسـییەکان کـە بـە ژمـارە زۆر کەمـتر بـوون. سروشـتیبوون ئەوەیـە تـۆ ناسـنامەیەکی سیاسـی بـۆ خـۆت جاڕنادەیـت، جیـاکاری ناکەیـت لـە سـەر بنەمـای نـەژاد، گەرچـی بـە ژمـارە زۆریشـیت. سیاسـیبوونیش ئەوەیـە جیـاکاری نـەژادی دەکەیتـە بنەمـای ناسـنامە و شـوناس، گەرچـی بـە ژمـارە کەمیـش بیـت. ئەنجـا سـەیربکەن، کـێ بـووە سـەرکەوتووی مێـژوو و کێـش بـووە دۆڕاوی مێـژوو؟

بۆئـەوەی میللەتێـک سیاسـی بێـت، دەبێـت ڕێکخـراو بێـت! ڕێکخراوبـوون واتـا هەبوونـی ڕێسـاگەلی کارگێـڕی، هەبوونـی پایـەی دەسـەڵاتداری و پابەندبـوون بـە نەریـت و ڕێسـای خێڵەکـی. نەریتـی خێڵەکـی تەنهـا لـە دۆخێکـدا بـە قازانـج تەواودەبێـت ئەگـەر لـە سـەر بنەمـای زمانـی هاوبـەش و خاکـی هاوبـەش کەڵکەڵـە بووبێـت. بنەمـای زمـان و خاکـی هاوبـەش واتـا نـەژادی هاوبـەش و بنەچـەی هاوبـەش، ئـەوەش بـە واتـای جاڕدانـی شـوناس دێـت و ئەنجـا لێـرەدا جیـاکاری نەژادیـی دێتـە بـوون. خێڵـە تورکـەکان هـەر لـە کاتـی جەنگـی ناوخۆییـان لەگـەڵ مەغۆلـەکان، لـە سـەر بنەمـای نـەژاد خۆیـان لەوانـی تـر جیاکردووەتـەوە، خـۆ ئەوانیـش وەکـو مەغۆلـەکان بتپەرسـت بـوون، بـەڵام بـەلای تورکـەکان بتپەرستی وەکـو ئاییـن گرنگـتر نییـە لـە نـەژاد. لەمـەوە، تورکـەکان هەموو ڕێسـا و ئایینێکـی ئاسـمان و زەوی لەپێنـاوی نـەژادی ئیتنـی تورکبـوون بەخـت دەکـەن. ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت تورکـەکان ئاییـن و شوێنکەوتوانیشـی دەکەنـە قوربانـی نەژادیـان. ئـەوە پێناسـێکی کورتـی نەتـەوەی سیاسـییە.

**کەواتە نەتەوەی سروشتی چیە؟**

سێ هـەزار ساڵ بـوون لـە نێـو چیـا و دۆڵ و نشـێوەکان، دوور لـە ڕێگـەی دەریایـی، گۆشـەگیربوون لـە ناوچەیەکـی جیۆگرافـی داخـراو و دورەدەسـت، نەتەوەیەکـی دروسـت کـرد کـە هاوئاهەنـگ بێـت لەگـەڵ سروشـتی خۆڕسـک، هاڕمۆنیـای هەبێـت لەگـەڵ دار و درەخـت، ئـاو و کانـی و ڕووبـار، بـەرد و چیـا و بێدەنگـی، نەتەوەیـەک کـە نەتوانێـت ئاشـنایەتی لەگـەڵ گروپـە بێگانەکانـی دیکـەدا دروسـت بـکات، نەتوانێـت فێـری بازرگانـی و سـەوداکردن بێـت، سـەرەنجام نەیتوانـی فێـری سیاسـەتیش بێـت. ئـەو نەتەوەیـە فێـری ئـەوە نەبـوو ڕق لـە نەتەوەیەکـی دیکـە هەڵگرێـت، چونکـە لـە بنەڕەتـدا ئاشـنایەتی لەگـەڵ میللەتـی دیکـەدا پەیدانەکردبـوو.

لـە ئەنجامـی بەریەککەوتنـی دوو نـەژادی جیـادا بەشـێوەیەکی ئاسـایی ڕق دروسـت دەبێـت، کەچـی لـە باتـی ئـەوە، خێڵـە کـوردەکان دژی یەکـتر ئـەو جـۆرە ڕقەیـان بـۆ یەکـتر پەیدادەکـرد. خێـڵ و هـۆزە کـوردەکان نەیانتوانـی یەکگرتـوو بـن، چونکـە بەریەککەوتنیـان لەگـەڵ فاکتـەری سـێهەم کـە مەبەسـت نـەژادی جیـاوازە، نەبـوو. خێڵـە کـوردەکان بیریـان بـۆ ئـەوە نەدەچـوو کـە ئـەوان لـە ڕیشـەی هەمـان ڕەگـەز و بنەچـەوە هاتـوون و زمانـی هاوبـەش و خاکـی هاوبـەش کۆیـان دەکاتـەوە، بۆیـە یەکتریـان بـە بێگانـە دەبینـی.

سـەرەنج بـدە کاتێـک دوو ئامـۆزا هـەن، کـە کەسـی سـێهەم لـە دەرەوەی خانەوادەکەیـان دەبێتـە دژی یەکێکیـان، بەشـێوەیەکی سروشـتی دوو ئامۆزاکـە بەهـۆی پەیوەنـدی خوێنـەوە یەکدەگـرن. فاکتـەری سـێهەم واتـا بێگانـە کـە پەیوەنـدی خوێنـی نەبێـت لەگـەڵ تـۆ، سـەر بـە خاکـی تـۆ نەبێـت، جیـاواز بێـت لـە کولتـوری تـۆ، جیابێـت لـە دابونەریتـی تـۆ، سـەرەنجام هەسـت و خۆشەویسـتی نەبێـت بـۆ ئـەو بەهایانـەی کـە لای تـۆ مایـەی هەسـت و خۆشەویسـتی و خۆبەخـت کردنـن.

لـەدوای پەیدابوونـی ئایینـی ئیسـلام و موسـوڵمانبوونی کـورد، دیسـانەوە گەلـی کـورد بـە ئاسـانی دەسـتخەرۆ بـوو. ئایینـی ئیسـلام دەسـتی هەبـوو لـە فێرکـردن و خوێندنـی کـورد، بـەڵام نـەوەک ئـەوەی کـە هـزری ئیسـلامی لـە ناخـی کـورد بـە

کــوردی بهۆنرێتــەوە، بەڵکــو کــورد ببــوو بــە قوتابییــەک کــە وانــە ئیسـلامییەکانی لــە فــارس و عــەرەب وەردەگـرت. ئیسـلام ئایینێـک نییـە دژی نەتـەوە، بـەڵام ئـەوە نەتـەوە سەردەسـتەکانی وەکـو عـەرەب و فـارس و تورکـن دێـن ئاییـن تەوزیـف دەکـەن بـۆ مەرامـی سیاسـی نەتەوەکانـی خۆیـان.

نەتــەوە ڕێکخــراوەکان و خــاوەن بیــری سیاســی زیرەکانــە ئاییــن دەکەنــە ئــەو ئامــرازە بــۆ خۆدروســت کــردن و دەســەڵاتدارێتی کــردن بەســەر ئەوانــی تــر. ئــەوان خێــرا خۆیــان لەچوارچێــوەی وڵات ڕێکخســت، لەســەر بنەمــای نــەژاد و زمــان ســنوری وڵاتیــان بــۆ خۆیــان کێشــا، ئایینیــش تاکــە ئامــرازی کاریگــەر بــوو لــە دەســتیان بــۆ ئــەم پرســە. هەریــەک لــە عــەرەب و فــارس و تورکــەکان ئایینیــان هەڵقۆســتەوە، هــەر بۆیــەش دەســتیان کــرد بــە دوژمنــکاری کردنــی یەکــتر و دژی یــەک جــاڕی دەوڵەتیــان دا. ئەوەبــوو فارســەکان دووبــارە ئیمپڕاتۆرییــان دروســتکردەوە لەســەر بنەمــای ئایینــی، تورکەکانیــش بــە هەمــان شــێوە ســودیان لــە ئاییــن وەرگــرت. تەنهــا کــوردەکان تەماشــاکەر بــوون و نەیاندەزانــی سیاســەتی نەتەوەیــی چیــە. کــوردەکان دوور لــە هــزری سیاســی-نەتەوەیی لــە دۆڵ و نشــێو و چیــاکان هــەر لەســەر شــێوازی کۆنــی خێڵایەتــی، کــە فــرت و فێڵــی ئایینیشــی هاتەســەر، هەریــەک بــۆ خــۆی میــر و ئاغــا بــوو لــە ناوچەکــەی خــۆی، پشــتیوانیان بــۆ ســوڵتانی عوســمانی یــان پادشــای فارســی هەبــوو، بــێ ئــەوەی بزوێنەرێکــی دەرەکــی هەســتی یەکبوونیــان لا دروســت بــکات و کۆیــان بکاتــەوە. ئەمــەش بارودۆخێکــی گونجــاوی ســازاند بــۆ دوژمــن تاوەکــو بەوپــەڕی بلیمەتانــە ئــەو نەتەوەیــە بــۆ مەرامــی سیاســی خــۆی بەکاربهێنێــت.

ئەمــڕۆ ئیــدی لــە ســەردەمی پێشــکەوتن و زانیــاری، لــە ســەردەمی تەکنۆلۆژیــا و دیجیتــاڵ، هیــچ شــتێک لەبەردەمــی گەلــی کــورد نەمــاوە جگــە لــە یەکگرتــن. دەوڵەتــی نەتەوەیــی لەنــاو ناچێــت تاکــو زمانــی میللەتــان لەنــاو نەچێــت. هیــچ نەتەوەیەکیــش ئامــادەی قوربانیــدان بــە زمانــی خــۆی نییــە لــە پێنــاو زمانێکــی دیکــە، تەنانــەت ئەگــەر تەکنۆلۆژیــاش ئــەو بــارە بســەپێنێت. ئەمــڕۆ زمانــی ئینگلیــزی بووەتــە زمانــی لێکتێگەیشــتن لــە نێــوان هەمــوو نەتــەوەکان، بــەڵام بــەو واتایــە نایــەت کــە

نەتەوەکانی دیکە دەستبەرداری زمانەکانی خۆیان بن. بە پێچەوانەوە لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپا هەوڵی کۆپی کردنی هەموو تەکنۆلۆژیا لە ئارادایە لەپێناوی ئەوەی زمانی نەتەوە پارێزراو بێت. ئێستا جیهان لە دۆخێکدا خۆی دەبینێتەوە کە دووچاری ئاڵنگاریی زمان بووەتەوە، بەهۆی ئەوەی نەوەی نوێ و منداڵان لە تەمەنی زووەوە بە زمانی ئینگلیزی ئاخافتن دەکەن. وەلێ ئەوە دۆخێکی کاتییە و بەزوویی چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە. زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی کە دووچاری هەمان ئاڵنگاری بووەتەوە. لەسەر هەموو لایەک پێویستە هۆشیاری ئەوەیان هەبێت کە زمان تاکە ناسنامەی گەلی کوردە و هەموو دەستبەرداربوونێک لێی بە واتای خۆلەناوبردن دێت. مەگەر کەسێک نەبێت کە بڕیاری داوە دەست لە نەتەوەی ڕەسەنی خۆی هەڵگرێت و ناسنامەی نەتەوەیەکی دیکە بۆ خۆی هەڵبژێرێت، ئەوەش دژکاری کردنی قەدەری ئاسمانە و ڕازی نەبوونە بە سروشتی داهێنەرانەی خودا، چونکە ئەوە خودایە داهێنەری زمان.

## دوا پەیام

پەیامـە ئاسـمانییەکان ئامـادەن، مێـژووی میللەتـان و مێـژووی خۆمـان وانـەن بۆمـان، پێـمان دەڵێـن کـە تاکـە فاکتـەری سـەرکەوتن تەنهـا و تەنهـا لـە یەکگرتـن و برایەتـی و خۆشەویسـتی نێـوان ئەندامانـی نەتـەوە خـۆی بەرجەسـتە دەکات.

ئەوەتـا خـودا لـە قورئـان دەفەرموێ: وَإِن يُرِيـدُوا أَن يَخْدَعُـوكَ فَـإِنَّ حَسْـبَكَ اللَّـهُ ۚ هُـوَ الَّـذِي أَيَّـدَكَ بِنَصْـرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِـينَ * وَأَلَّـفَ بَـيْنَ قُلُوبِهِـمْ ۚ لَـوْ أَنفَقْـتَ مَـا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًـا مَّـا أَلَّفْـتَ بَـيْنَ قُلُوبِهِـمْ وَلَٰكِـنَّ اللَّـهَ أَلَّـفَ بَيْنَهُـمْ ۚ إِنَّـهُ عَزِيـزٌ حَكِيـمٌ.

لـەم دوو ئایەتـەی سـورەتی ئەنفـال دوو شـتی گرنـگ تێبینـی دەکەیـن، یەکەمیـان سـەرکەوتن بـە پاڵپشـتی کۆمەڵانـی خەڵـک، دووەمیشـیان پێکهاتنـی تاکـەکان لەگـەڵ یـەک و چاکبوونـی دڵـەکان لەگـەڵ یەکـتر.

لـە ئایەتێکـی دیکـە لـە سـورەتی محەمـەد : فَهَـلْ عَسَـيْتُمْ إِنْ تَوَلَّيْتُـمْ أَنْ تُفْسِـدُوا فِي الْأَرْجِ وَ تُقَطِّعُـوا أَرْحامَكُـمْ• أُولئِـكَ الَّذِيـنَ لَعَنَهُـمُ اللّـهُ فَأَصَمَّهُـمْ وَ أَعْمـى أَبْصارَهُـمْ.

لـەم دوو ئایەتـەش بە ئاشـکرا وێرانـکاری و تێکچوونی شـیرازەی کۆمەڵگە بەسـتراوەتەوە بـە بڕینـی پەیوەنـدی نزیـکان و دوژمنداریێتـی کردنـی یەکـتری، بەشـێوەیەک کـە خـودا نەفرەتیـان لـێ دەکات و چاوەکانیـان کوێـر و گوێکانیـان کـەڕ دەکات.

لـە فەرموودەیەکـی حەزرەتـی پێغەمبەریـش کـە زوبێـری کـوڕی عـەوام دەگێڕێتـەوە، دەڵێـت: ((دبَّ إليكـم داء الأمـم قبلكـم: الحسـد والبَغْضَـاء، هـي الحالقـه، لا أقـول تحلـق الشِّـعر، ولكـن تحلـق الدِّيـن، والـذي نفسـي بيـده لا تدخلـوا الجنَّـه حتـى تۆمنـوا، ولا تۆمنـوا حتـى تحابُّـوا، أفـلا أُنبِّئكـم بمـا يثبِّـت ذلـك لكـم؟ أفشـوا السَّـلام بينكـم)).

واتـا نەخۆشـی میللەتانـی پێشـین تووشـی ئێـوەش بـووە کـە بریتیـن لـە حەسـودی و ڕق (دوژمنداریێتـی کردنـی یەکـتر)، ئەوەشـیان بـڕەڕە، مەبەسـتم بـڕەڕی قـژ نییـە، بەڵکـو دینتـان دەبڕێـت. سـوێند بـەوەی نەفسـی منـی بەدەسـتە ناچنـە بەهەشـت تاوەکـو بـاوەڕ نەهێنـن، وە باوەڕیـش ناهێنـن تاوەکـو یەکترتـان خـۆش نەوێـت، دەتانـەوێ پێتـان بڵێـم چـۆن ئـەو کارە دەکـەن؟ ئاشـتی لـە نێوانتـان بـڵاو بکەنـەوە.

لـە فەرموودەیەکـی دیکـە دەفەرموێـت: إياكـم و سـوء ذات البيـن فإنهـا الحالقـە. (الترمـذي). واتـا: ئاگاداربـن لەتێکچوونـی پەیوەنـدی نێوانتـان، چونکـە ئـەوە بـڕەڕە، واتـا ئاییـن و باوەڕتـان دەبڕێـت.

لـەم ئایـەت و فەرموودانـەی سـەرەوە دەردەکـەون کـە ئەگـەر هەرچـی عیبـادەت هەیـە بیکـەی بـەڵام پەیوەنـدی نێـوان خەڵـک و خزمـان خـراپ بێـت، ئـەوا هیـچ سـوودی نییـە. لێـرەدا هیـچ لـەوە ڕوونـتر نییـە بڵێیـن کـە سـەرکەوتن تەنهـا بـە برایەتـی دەسـتەبەر دەبێـت. مێـژووی میللەتـان گەواهـی ئـەو ڕاسـتیەن کـە ئـەوە برایەتـی و کۆکییـە وا دەکات بەسـەر هەمـوو دوژمنـان و دەسـتدرێژیکاران سـەربکەون. ئەوەتـا تورکـەکان بـە برایەتـی نێوانیـان سـەرکەوتن و زاڵبوونـی خۆیـان مسـۆگەر کـردووە، فارسـەکانیش بـە هەمان شـێوە. پرسـەکە پەیوەنـدی بـەوە نییـە کـە ئایـا ئەوانـە موسـوڵمانن یـان نـا، ئایـا موسـوڵمانی ڕاسـتەقینەن یـان نـا، بەڵکـو تەنـێ پەیوەنـدی بـە هەبوونـی خۆشەویسـتی و برایەتـی ڕاسـتەقینەی نێـوان ئەندامانـی کۆمەڵگـە و نەتـەوە هەیـە.

# نەخشەکان

١. سەرهەڵدانی مادەکان........................................................................٥٤
٢. شاڵاوی مادەکان و بابیلۆن بۆ سەر وڵاتی ئاشور........................................٦٥
٣. فراوانخوازی ئیمپراتۆریی مــاد.........................................................................٦٦
٤. نیشتمانی هۆزە تورکەکان لە ئاسیای ناوەڕاست...........................................٧٧
٥. خاکی سەرەتایی هۆزە عەرەبەکان لە نیمچە دوورگەی عەرەبی (یەمەن و عومانی ئێستا..٩٢
٦. نەخشەی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ...................................................١٤٥
٧. نەخشەی سەربەخۆیی وڵاتان بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی سیڤەر..........................١٧٣
٨. ناوچەکانی هەشت قۆناغی شاڵاوی ئەنفال..........................................................٥٠٥
٩. ئۆردوگا (کۆمەڵگە) زۆرەملێکان.........................................................................٥٠٦
١٠.ناوچەکانی کیمیاباران بە گشتی......................................................................٥١٣
١١.پەلاماری کیمیایی لە پارێزگای کەرکوک...............................................................٥١٤
١٢.پەلامارە کیمیاییەکان بۆ سەر پارێزگای هەولێر.....................................................٥١٥
١٣.پەلاماری کیمیایی بۆ سەر پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە.......................................٥١٦
١٤.پەلاماری کیمیایی بۆ سەر پارێزگای دهۆک............................................................٥١٧
١٥.کۆتا سنوری ژیان بۆ مرۆڤی کورد لە ڕەنگی قاوەیی زەردباو .............................٥١٩

# وێنەکان

١. شێخ عبدالسلامی بارزانی...........................................................................١٠١
٢. فیـڵدمارشاڵ هێلموت کارڵ بیرنارد ڤۆن مۆڵتکێ.........................................١٠٧
٣. جەنەڕاڵ محمد شەریف پاشا، ناسراو بە شەریف پاشا.................................١٣٤
٤. شێخ مەحمود بەرزنجی لەناو سەربازانیدا.....................................................١٩٥
٥. ئاڵای کوردستان لە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحمود بەرزنجی......................١٩٦
٦. شێخ سەعیدی پیران......................................................................................٢٠١
٧. جەلادەت بەدرخان (میر جەلادەت بەدرخان)...................................................٢٠٣
٨. سەرکردەی قارەمان ئیحسان نوری پاشا.........................................................٢٠٤
٩. شێخ ئەحمەدی بارزان.....................................................................................٢٠٦
١٠.دانیشتوو/ سەید ڕەزای دەرسیم لەگەڵ دوو جوامێری کورد...............................٢١٠
١١.دایکان و منداڵانی کورد/ ئامادەکاری بۆ کۆمەڵکوژیکردنیان لە دەرسیم...............٢٢٣
١٢.سەربازانی تورک شانازی دەکەن بە سەربڕینی کوردێک......................................٢٢٤
١٣.سەرکردەی نەتەوەیی کورد مستەفا بارزانی.......................................................٢٧٩
١٤.پۆرترێتی شەهیدی پێشەوا قازی موحەمەد........................................................٢٨٩
١٥.پێشەوا قازی و جەنەڕاڵ بارزانی لە مەهابادی پایتەختی کۆماری کوردستان.............٢٩١
١٦.یوسف سەلمان یوسف ناسراو بە هاوڕێ فەهد، دامەزرێنەری حزبی شیوعی عێڕاق...٣١٧
١٧.پێشوازی سەرۆکی میسر جەمال عبدالناصر لە سەرکردەی نەمر مستەفا بارزانی.......٣٢٥
١٨.پێشوازی سەرۆککۆمار عبدالکریم قاسم لە سەرکردەی نەمر مستەفا بارزانی............٣٢٥
١٩.یەکەم دیداری سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ عبدالکریم قاسم...........................٣٢٦
٢٠.کەریم ئەحمەد سکرتێری پێشووتری حزبی شیوعی عێڕاق و حزبی شیوعی کوردستان...٣٣٦

٢١.مام جلال تاڵەبانی لە سەردەمی پێشمەرگایەتی شاخ.............................٣٤٣

٢٢.سەردانی عبدالرحمن عارف بۆ لای سەرکردە مستەفا بارزانی..................................٣٧٢

٢٣.سەردانی سەدام حوسێن بۆ لای سەرکردە مستەفا بارزانی لە ڕێکەوتی ١٢ی یەنایەر/ کانونی دووەمی ١٩٧٠.....................................................٣٨٦

٢٤.ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی یازدەی ئادار..................................................٣٨٦

٢٥.ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار لە بەغدا.......................................٣٩١

٢٦.خوێندنەوەی وتاری سەرکردایەتی شۆڕش لە لایەن مەحمود عوسمان بە بۆنەی واژووکردنی بەیاننامەی یازدەی ئادار لە بەغدا...............................................٣٩٢

٢٧.هاتنی سەدام و حەردان تکریتی بۆ لای سەردار مستەفا بارزانی لەسەر پرسی کەرکوک...٣٩٣

٢٨.دیمەنی وێرانکاری دوای هێرشی ناپاڵمی فڕۆکەکانی سوپای عێڕاق بۆ سەر قەڵادزێ.................................................................................٤٢١

٢٩.سەدام و شای ئیران دوای ڕێککەوتنی جەزائیر تۆقە و دەست لەملانێ دەکەن.........٤٣٩

٣٠.پێشمەرگەی خەباتکار و ئاشتیخواز، عەزیز محەمەد، سکرتێری حزبی شیوعی عێڕاق و کوردستان......................................................................................٥٧٦

٣١.سەرکردە مەسعود بارزانی لە ساتی پێشکەشکردنی خەڵاتی ڕێزلێنان بە هاوڕێی خەباتگێر عەزیز محەمەد سکرتێری گشتی حزبی شیوعی عێڕاق و کوردستان......٥٧٧

٣٢.جەلال تاڵەبانی سەرۆککۆماری عێڕاق و مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان...٥٨٣

٣٣.عبدالأمير الزيدي فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە...................................٥٩٠

٣٤.نوسەری عێراقی صائب خليل، هاندەر بۆ کوشتنی کورد..................................٦٠٥

٣٥.دوای شەهیدکردنی گەنجی بێ گوناحی کورد، شەهید هاڕون،................................٦٠٩

٣٦.چەکدارانی حەشدی تورکمانی دوای سەربڕینی پێشمەرگەیەک، یەکیان بە دەست ئاماژەی تۆرانی پیشان دەدات، وەک ئاماژەیەک بۆ گورگە بۆزەکان...................٦١٠

# هێڵکارییەکان

١. هاوسەرگیری کچی ئاستیاگۆ پاشای مـاد لەگەڵ کامبیزی یەکەمی هەخامەنشی........٦٧

# خشتەکان

١. ژمارەی دانیشتوانی کورد لە ولایەتی موسڵ بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی بەریتانیا و تورکیا....٢٥٩
٢. ژمارەی گوند و خەڵکی ڕاگوێزراوی کورد لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ – ١٩٧٨..................٤٩٠
٣. ژمـارەی خانـوی دروسـتکراو بـۆ عەرەبـی هـاوردە لـە سـاڵی ١٩٧٩ لـە شـاری کەرکـوک و ڕێگاکانـی دەوروبـەری...........................................................................٤٩١
٤. نـاوی وڵات و ژمـارەی کۆمپانیاکانیـان کـە کەرەسـتەی سـەرەتایی کیمیاویـان بـە عێـڕاق فرۆشـتووە...........................................................................٥١٢
٥. ژمارەی کورد بەگوێرەی خەمڵاندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ساڵی ١٩٢٥.................٥٢٨
٦. خەمڵاندنی سیسیل ئێدمۆندز...........................................................................٥٢٩
٧. خەمڵاندنی کۆمەڵەی خۆیبوون........................................................................٥٣٠
٨. خەمڵاندنی باسیل نیکیتین.............................................................................٥٣٠
٩. ژمارەی کورد لە عێڕاق (باشوری کوردستان) لە لایەن لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان....٥٣٢
١٠.گەشـەی ژمـارەی دانیشـتوانی باشـوری کوردسـتان (هەمـوو کوردسـتانی عێـڕاق) لـە سـاڵەکانی ١٩٢٧ تاوەکـو ٢٠٠٧............................................................٥٣٧
١١.ژمـارەی دانیشـتوانی باشـوری کوردسـتان بـە گوێـرەی سـتانەکان/پارێزگاکان لـە سـاڵانی ١٩٢٧-٢٠٠٧ (بـە هـەزار)، واتـا هـەر ژمارەیـەک جارانـی هـەزار دەکرێـت..............٥٤٠
١٢.ژمـارەی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتان (هەولێـر، سـلێمانی، دهـۆك) لـە سـاڵانی ١٩٥٧–٢٠٠٠..........................................................................٥٤١

١٣.دابەشبوونی دانیشتوانی باشوری کوردستان بۆ سەر شار و دێهات لە ساڵەکانی ١٩٥٧، ١٩٨٧ و ٢٠٠٧ بە ڕێژەی سەتی (٪)..................................................................٥٤٢

١٤.ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩ - ٢٠٢٠ لەگەڵ هەندێ تایبەتمەندی..................................................................................٥٤٤

١٥.ژمارەی دانیشتوانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٧-٢٠٣٠ بە ملیۆن و ڕێژەی سەدی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و ڕێژەی کورد لە باشور (کوردستانیعێراق)...............................................................................٥٤٥

١٦.گەشەی دانیشتوانی کورد لە عێراق (باشوری کوردستان) بە بەراوورد لەگەڵ گەشەی عەرەب..................................................................................٥٥٤

١٧.ژمارەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦-٢٠٢٠............................٥٦١

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان:

١. سۆران حەمەڕەش، کورد کێیە.

٢. ئەردەشێر خودادادیان، ئارياییەکان و مادەکان.

٣. عەبدولرەحمان قاسملو، کوردستان و کورد.

٤. عومەر ئیسماعیل مارف، دەوڵەتی ماد، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی ٢٠١٠.

٥. ڕێباز جلال ئەحمەد نانەکەلی، هەلومەرجەکانی هەناردەکردنی نەوت لە هەرێمی داخراو، هەرێمی کوردستانی عێراق بە نموونە (نامەی دکتۆرا).

٦. داریوش کۆلۆجێیچک: پرۆفیسۆری ئەکادێمیای زانستی پۆڵەندایە، ئوستادە لە زانکۆی وارشۆ. یەکێکە لە زانایانی بواری مێژوو لەم وڵاتە.

٧. ئیسماعیل بێشکچی، تێزی تورک بۆ مێژوو، وەرگێڕانی: ئاسۆس هەردی.

٨. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم ١٩٣١-١٩٥٨، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٩. مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢٠.

١٠.لازاریڤ، کێشەی کورد.

١١.حوسێن مەدەنی، کوردستان لە ستراتیژی دەوڵەتان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠٠٩.

١٢.ئەحمەد خواجە، چیم دیت؟ یاداشتەکانی سوپاسالار و فەرماندەی ئەڵمانی فێڵدمارشاڵ هێلموت ڤۆن مۆڵتکێ.

١٣.گونتێر دێشنەر، کورد، گەلی لەخشتەبراو، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: عەبدولسەلام بەرواری، بۆ کوردی: حەمە کەریم عارف، چاپی دووەم، سلێمانی ١٩٩٩.

١٤.هیوا ئەمین، ناسیۆنالیستی تورک.

١٥.لازاریڤ، ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا.

١٦.نامەکانی لۆرد کەرزۆن بۆ دی ڕۆبک، ئەرشیفی نامەکان.

١٧.لە ڕیتشارد وێبەوە بۆ لۆرد کەرزۆن، ئەرشیفی نامەکان.

١٨.بروسکەنامەکانی نێوان ئارنۆڵد ویڵسۆن و لۆرد کەرزۆن ڕێکەوتی ٢٥ی ئاداری ١٩٢٠.

١٩.وینستۆن چێرچڵ، قەیرانی جیهانی.

٢٠.لە لۆرد کەرزۆنەوە بۆ کـراو، ڕێکەوتنی ٢٧ نۆڤێمبەری ١٩٢٢.

٢١.ڕەسول هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم.

٢٢.کریس کۆچێرا، مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، وەرگێڕانی محمـد ریانی.

٢٣.مونزور چەم، ئەمە لە دەرسیم ڕوویدا، وەرگێڕانی: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل.

٢٤.بلەچ شێرکۆ، مێژینە و ئێستای کورد.

٢٥.محەمەد حمەساڵح تۆفیق، جینۆسایدی ئەرمەن و ڕۆڵی کورد تیایدا.

٢٦.عەبدولعەزیـز یامولکـی، کوردسـتان و ڕاپەڕینـەکان، لـە یاخی بوونی شـێخ سـەعیدەوە تا جەنگـی جیهانـی دووەم، چاپـی حەوتەم.

٢٧.تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد، پشکنین، ئامار و زانیاری، دۆکومێنت،هەولێر ٢٠١٤.

٢٨.کرمانج گوندی، ٣٠ خەبات و وڵاتێکی وێران.

٢٩.حەمە عەزیز، گرنگی جیۆسـتراتیژی باشـووری کوردسـتان و کاریگەری لەسـەر سیاسـەتی بەریتانیا، چاپخانەی سـەنتەری توێژینەوەی سـتراتیژی کوردسـتان، سـلێمانی ٢٠٠٨.

٣٠.جەمـال نەبـەز، کوردسـتان و شۆڕشـەکەی، کۆبەرهـەم (٣)، زنجیـرە سـیمینارەکان و کۆڕە زانسـتییەکان چاپـی یەکەم سـوید، ١٩٨٥.

٣١.نادر انتصار، ئیتنۆنەتەوەی کورد، وەرگێڕانی بۆ کوردی: عەتا قەرەداخی، سلێمانی ٢٠٠١.

٣٢.کەریم ئەحمەد ڕێڕەوی تێکۆشان.

٣٣.نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن، حکومەتـی کوردسـتان، کـورد لە گەمـەی سـۆڤێتی دا، چاپی دووەم، هەولێـر ١٩٩٣.

٣٤.ئەفراسیاو هەورامی، مستەفا بارزانی لە هەندێک بەڵگەنامە و دۆکومێنتی سۆڤییەتی دا، ١٩٤٥-١٩٥٨، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٢.

٣٥.غەنی بلووریان، ئاڵەکۆک، بەسەرهاتی سیاسی ژیانم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧.

٣٦.ئەنوەری سوڵتانی، بیرەوەری دوو ڕۆژنامەنووسی ئێرانی لەمەڕ کۆماری کوردستان ١٩٤٦، گۆڤاری گەزەنگ، ژمارە ٢٤، سوید١٩٩٩.

٣٧.جان دۆست، چاڤێ من گرێ نەدەن: بلا ئەز سبەها مەهابادێ ببینم. گۆڤاری مەتین، ژمارە١٠٨، دهۆک ٢٠٠١.

٣٨.علاء الدين سوجادي، مێژووی ڕاپەرینی کورد، چاپی دووەم، ئێران ١٩٩٦.

٣٩.مەعد فەیاز، بەشێک لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال، وەرگێڕانی سۆران عومەر، کۆمەڵەی ڕووناکبیری خەڵک، کەرکووک ٢٠٠٩.

٤٠.ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەستەی بارزانی، ژمارە ٤٨٨، مانگی یۆنیۆ ١٩٦٦.

٤١.ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی دەستەی تاڵەبانی، ژمارە ٤٧٦، ئەیلوولی ١٩٦٦.

٤٢.دیمانەی دکتۆر ئازاد نەقشبەندی، ئابووریناس و مامۆستای زانکۆ.

٤٣.نەوشیروان مستەفا، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان ١٩٧٥-١٩٧٨.

٤٤.دەرسیم دیبەگەیی، مێژووی کوردستانێتی شاری مووسڵ، بەرگی یەکەم و دووەم.

٤٥.غەفور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان، بەعەرەبکردن-مەترسییەکانی-بەرەنگاربوونەوە، چاپی سێهەم، هەولێر ٢٠١٠.

٤٦.کاوە نادر، کۆڵۆنیالیزمی عێراقی و ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی باشووری کوردستان، گۆڤاری سەربەخۆبوون، ژمارەی هەفتەم و هەشتەم، ٢٠٠١.

٤٧.عبداللطیف بامۆکی، تەعریب سەرچاوەی هەموو تاوانەکان، گۆڤاری خۆری ئیسلام، ساڵی چوارەم، ژمارە ١٦، جۆزەردانی ٢٧٠٢.

٤٨.مارف عومەر گوڵ، جینۆسـایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشـنایی یاسـای تازەی نێودەوڵەتاندا، لـە چاپکراوەکانی یانەی کوردی میدیا، ئەمسـتردام، هۆڵەندا.

٤٩.کاوە نادر، کەندێناوە لە نێوان ڕاگواستن و بەعەرەبکردندا.

٥٠.جـەزا تۆفیـق تالیـب، پێکهاتـەی نەتەوەیـی دانیشـتوانی کوردسـتان، گۆڤـاری سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیژی، ژمـارە ٢، مایسـی ١٩٩٩.

٥١.هیومـان ڕایتـس ووچ/ میـدڵ ئێسـت ووچ، جینۆسـاید لـە عێراقـدا، پەلامـاری ئەنفـال بـۆ سـەر کـورد، وەرگێڕانـی: محمــد حەمـە سـاڵح تۆفیـق، چاپی سـێهەم ٢٠١٣.

٥٢.چنار نامق، جینۆسایدی و ئەنفالی کورد.

٥٣.هاشـم یاسـین حەمەدئەمین حەداد، سـەردار محەمەد عەبدولرەحمان، هۆشـیار محەمەد ئەمیـن خۆشـناو، ئەتڵەسـی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، عێـراق وجیهان، چاپـی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩.

٥٤.شاکر خصباک، کورد و مەسەلەی کورد، وەرگێڕانی: ئەمجەد شاکەلی، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٥.

٥٥.عەبدوڵا غفور، ئەتنۆ-دیمۆگرافیای باشـووری کوردسـتان، چاپخانـەی وەزارەتی پەروەردە، چاکی یەکـەم، هەولێر ٢٠٠٦.

٥٦.عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی ٢٠٠٨.

٥٧.هـاوڕێ یاسـین محەمـەد ئەمیـن، لێکۆڵینەوەیـەک لـە جوگرافیـای هەرێمـی کوردسـتان، چاپخانـەی کارۆ، سـلێمانی ٢٠١٤.

٥٨.جـەزا تۆفیـق تاڵیـب، بایەخـی جیۆپۆلەتیکـی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، چاپـی دووەم، سـلێمانی ٢٠٠٠.

٥٩.ڕاپۆرتی دەستەی ئاماری هەرێم، وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئابی ٢٠١٤.

٦٠.دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، ٢٠١٩.

٦١.مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، چاپی دووەم هەولێر ٢٠٢٠.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

1. Arshak Safrastian, Kurds and Kurdistan, The Harvill Press LTD., London 1948.
2. Marc Van De Mieroop, Gutians.
3. Jack David Eller, Kurdish History and Kurdish Identity.
4. Georges Roux, Mesopotamia.
5. Wigram William. A., Edgar T. A. Wigram, The Cradle Of Mankind: Life In Eastern Kurdistan, CreateSpace Independent Publishing Platform, Princeton New Jersey 2013.
6. Partington J. A History of Greek Fire and Gunpowder, Cambridge 1960.
7. Ferrier R., Bamberg J. The History of British Petrolum.
8. Major E. B. Soane (Great Britain Office of the Civil Commisioner). Notes on the Tribes of Southern Kurdistan. Baghdad: Government Press, 1918.
9. Ahmed Emin Yalman, Turkey in the World War, New Haven, Yale University Press 1930.
10. Cemal Ahmad Pasha, Memories of the Turkish Statement, 1913-1919, Hutchinson, London 1922.
11. Major Noel. Special Duty in Kurdistan, from June 14 to September 21 1919. Basra, Government Press, Iraq 1920.
12. Great Britain. Report to the Council of the League of Nations on the Administration of Iraq for the Year 1929, H.M. Stationary Office, London 1930.
13. Kenneth Mason, Central Kurdistan, Geographical Journal 54, no 6 (1919).

14.Getrude Bell, (Great Britain, Office of the Civil Commisioner, Iraq), Review of the Civil Administration of Mesopotamia, 1914-1920. H.M. Stationary Office, London 1920.

15.Seymour J. The Intimate Papers of Colonel House, Cambridge, MA 1928.

16.Slade, The Political Position in the Persian Gulf at the End of the War, 4 November 1916.

17.Hankey Papers, Churchill Archives Centre, Cambridge 2018.

18.Fitzgerald E.P., France's Middle Eastern Ambitions, The Sykes-Picot Negotiations and The Oil Fields of Mosul, 1915-1918, "Jornal od Modern History" 66.4 (1994).

19.Lord Balfour, House of Lords, 21 June 1922, "Hansard".

20.Arnold Wilson, Mesopotamia, 1917.1920: A Clash of Loyalties. A Personal and Historical Record, London 1931.

21.Longrigg Stephen Hamsely, Iraq, 1900 – 1950. Political, Social and Economic History, Oxford University Press, 1953.

22.Howard H., The Partition of Turkey: A Diplomatic History, 1913-1923.

23.SalahiI R. Sonyel, M. A, The Secret of Anglo-ottoman Treaty of 1919 in The Light of British Foreign Office Documents.

24.Toynbee Arnold, Kenneth Kirkwood P., Turkey, New York, Charles Scibner's Sons, 1927.

25.Martin van Bruinessen, Kurdish ethno-nationalism versus nation-building states: collected articles, Isis Press, 2000.

26.McDowall, David (2007). A Modern History of the Kurds. London:

Tauris & Co.

27.Hardinge do Gertrude Bell, 27 March 1917, Hardinge MSS 30.

28.MacMillan M., Peacemakers: Six Months That Changed the World. London 2001.

29.Great Britain, Foreign Office, Lausanne Conference on Near Eastern Affairs 1922-1923. Rewards of Proceedings and Draft Terms of Peace, London 1923.

30.Robert Olson, The Emergence of Kurdish National and Shaik Sa'id Rebellion 188 - 1925 (Austin: Univ. of Texas Press. 1989.

31.Ziya Gokalp, The Principles of Turkism tr. R. Devereux. (Ankara, 1968.

32.League of Nations Question of Frontier Between Iraq and Turkey: Reports Submitted to the Council by the Commission Instituted by the Council Resolution of September 3ed 1924 (C. 400. N. 147. 1925 VII): 7.

33.Arnold Toynbee, In Survey of International Affairs Vol. 25 (1927 The Islamic World Since Peace Settlement, London: 1928.

34.Cecil. J Edmonds, Kurds Turks and Arabs (London, 1957).

35.Johnson C., "The Kurdish Question: A Study in Nationalism" unpub. M. A. Thesis, Georgetown Univ. 1954.

36.McDowall D., The Kurds. A Nation Denied, Minority Rights Group, Minority Rights Publications, London 1992.

37.Wilson W. C. F., Northern Iraq and Its People. Jornal of The Royal Central Asian Society 24, part 2, 1937.

38.William Eagleton, The Kurdish Republic of 1946, Oxford University

Press, London 1963.

39.Peter Frankopan, The Silk Roads. A New History of the World, Bloomsbury Publishing, UK 2015.

40.The Times, Barzani's Open Letter to President "De Gaulle", London, 8.2.1968.

41.Kurdish Facts, Organ der "International Society Kurdistan, 68/2. Le Figaro, Paris.

42.Charles Tripp, History of Iraq, Cambridge University Press, London 2014.

43.Hamilton, British help is needed by the Kurds, The Daily Telegraph.

.44 Saad Jawad, Iraq and the Kurdish Question 1958-1970, Ithaca, London 1981.

45.Ciment J., The Kurds. State and Minority in Turkey, Iran and Iraq, facts on file. Conflict and Crisis in the Post-Cold War World, New York 1996.

.64 Awara Hussein, Genocide and The Declaration and Independent Country, Jamal Erfan Culural Organization, Slemani 2014.

47.Eva Savelsberg, Siamend Hajo, Irene Dulz. "Effectively Urbanized - Yezidis in the Collective Towns of Sheikhan and Sinjar". Etudes rurales 2010/2 (n .186).

48.Farouk-Sluglett ،M. (July–September 1984)."Not Quite Armageddon: Impact of the War on Iraq".

49.Letter. H. B. Bourdillon to Amery Residency Baghdad, F O. 371/11460, Enclosure No. 3, Feb. 10, 1926.

50.Letter. Feb. 10, 1926; Baghdad Times, F O. 371/11460, Enclosure No. 5, Jan. 22, 1926.

51.Rimki Basu, International Politics: Concepts, Theories and Issues (2012

52.Francis Kofi Abiew, The Evolution of the Doctrine and Practice of Humanitarian Intervention, 1991.

53.UNAMI, "Disputed Internal Boundaries: Sheikhan district", Volume 1, 2009.

54.Paul Kennedy, The Rise and Fall of the Great Powers.

55.Raphael Lemkin, Axis Rule in Occupied Europe, 1944.

56.Raul Hilberg, The Destruction of the European Jews, Holmes and Meier, New York 1985.

57.Christopher Browning: Geneza "ostatecznego rozwiązania", Wydawnictwo Uniwersytetu Jagiellońskiego, 2012.

58.Samuel Noah Kramer, The history begins at Sumer.

59.Stephen Hemsley Longrigg, Four Centuries for Modern Iraq.

60.Y.-S. Yu, Trade and Expansion in Han China: A Study in the Structure of Sino-Barbarian Economic Relations, Berkeley 1967.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١. ابـن خلـدون، كتـاب العـبر، وديـوان المبتـدأ والخـبر في أيـام العـرب والعجـم والبربـر، ومـن عاصرهـم مـن ذوي السـلطان الأكـبر.

٢. ابن إسحاق، تأريخ العرب.

٣. محەمەد ئەمین زەکی بەگ، خلاصه تأريخ الكرد و كردستان.

٤. محەمەد سيد طقوش، تأريخ الأكراد،(٦٣٧-٢٠١٥)، دار النفاس، بيروت ٢٠١٥.

٥. ڤاسيلى نيكيتين، الكرد، دراسه سوسيولوجيه و تأريخيه.

٦. محەمەد ابن جرير الطبري، تأريخ الطبري. تأريخ الأمم و الملوك، الجزء الأول.

٧. گفتوگۆکانی سیاسەتڤانی عێراقی فائق الشيخ علي لەگەڵ کەناڵی القبس.

٨. سلام ناوخۆش، احتلال و تقسيم كردستان، هەولێر ٢٠٠٢.

٩. ويليام ويگرام، ئدگار ويگرام، مهد البشريه. الحياه في شرق كردستان، ترجمه فتح الله جرجيس.

١٠.صلاح بدرالدين، غرب كردستان.

١١.گوستاڤ ديمورنيى، المسأله الفارسيه والحرب، التنافس الأنكلو-روسي في بلاد فارس.

١٢.وديع جويده، الحركه القوميه الكرديه، نشأتها و تطورها.

١٣.بلەچ شيرکۆ، المسأله الكرديه.

١٤.کارڵ سوسهايم، عبدلله جودت في الموسوعه الإسلاميه، مجلد ٩.

١٥.فارس عوسمان، الكرد والأرمن. العلاقات التأريخيه.

١٦.توريگيان شاوارش، القضية الأرمنيه.

١٧.هارۆڵد ئارمسترۆنگ، الذئب الرمادي، مصطفى كمال: دراسه وثيقه لدكتاتور.

١٨.فايز الغصين، مذابح الأرمن، حلب ١٩٢٠.

١٩.علي الأسدي، أضواء على الإباده الجماعية للأرمن عام ١٩١٥.

٢٠.كمال مظهر، أضواء على قضايا دوليه في الشرق الأوسط.

٢١.حيدر كاظم، الأكراد من هم و الى أين.

٢٢.جۆرج لينشۆڤسكى، الشرق الأوسط في الشؤون العالمية، جزء الأول.

٢٣.عثمان علي، العامل الكردي في قضيه الموصل.

٢٤.اسماعيل أردلان، أسرار بارزان، تەهران ١٩٦٤.

٢٥.محمد البريفكاني، حقائق تأريخية عن القضية البارزانية، بغداد مطبعة شركة الطباعة والنشر الأهلية، ١٩٥٣.

٢٦.مەعروف چياووک، مأساه بارزان المظلومه، دار أراس للطباعه والنشر، أربيل ٢٠٠١.

٢٧.دانا ئادامز شميدت، رحله الى رجال شجعان في كردستان، ترجمه جرجيس فتح الله، بيروت ١٩٧٢.

٢٨.هۆزان سلێمان دۆسكى، جمهوريه كردستان، دراسه تأريخيه-سياسيه، الدار العربيه للموسوعات، بيروت-لبنان ٢٠٠٦.

٢٩.مسعود البارزاني، ثوره بارزان ١٩٤٥ – ١٩٥٨.

٣٠.عەبدولرەحمان قاسملو، أربعون عاما من الكفاح من أجل الحريه، موجز من تأريخ حزب الديمقراطي الكردستاني الإيراني، ترجمه: عزالدين مصطفى رسول، الجزء الأول، الطبعه الثانية، بيروت ١٩٩٤.

٣١.برهان الدين أبابكر ياسين، كردستان في سياسه القوى العظمى ١٩٤١ – ١٩٤٧، ترجمه: هوراز، دهوک ٢٠٠٢.

٣٢.مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، الطبعه الأولى، كاوا للثقافه الكرديه، بيروت ١٩٨٧.

٣٣.أيوب بارزاني، المقاومه الكرديه للأحتلال ١٩١٤-١٩٥٨، فرنسا ٢٠٠٢.

٣٤.جيرارد جاليان، شعب بدون وطن، الكرد و كردستان، ترجمه الى العربيه: عەبدولسەلام

النقشبندي، مطبعة ئاراس، هولير ١٩٩٨.

٣٥.حامد محمود عيسى علي، المشكله الكرديه في الشرق الأوسط منذ بدايتها الى ١٩٩١، مكتبه مدبولي، جامعه بور سعيد ١٩٩٢.

٣٦.دريه عوني، العرب و أكراد، خصام أم وئام، منتدى سور الأزبكيه، دار الهلال.

٣٧.فايز عەبدوڵا العساف، الدوله والأقليه الكورديه، دراسه ماجستير، جامعه الشرق الأوسط.

٣٨.ڕۆژنامەی "النهار"، ژماره ٩٣٤٤، بەيروت، ٢٢-٥-١٩٦٦.

٣٩.ڕۆژنامەی "الجمهوريه" ژماره ٨٢٢، بەغدا، ٢٣-٤-١٩٦٦.

٤٠.ڕۆژنامەی الصفاء، بەيروت، ژماره ١٢٦٤، ٢٠-٥-١٩٦٦.

٤١.ڕۆژنامەی "العرب"، ژماره ٦٠١ ساڵی سێهەم، بەغدا ١٦-٦-١٩٦٦.

٤٢.ئەمير جەلادەت بەدرخان، رساله الى رئيس جمهوريه توركيا.

٤٣.ڕۆژنامەی التآخي، ژماره ٤٣٥، بەغدا، ١٣ی مايس ١٩٧٠.

٤٤.عمار علي السمر، شمال العراق ١٩٥٨ – ١٩٧٥، دراسه سياسيه، المركز العربي للأبحاث و دراسه السياسات، الدوحه ٢٠١٢.

٤٥.مذكرات عزيز الحاج، الحلقه الثانية، صوت دمشق، العدد ٦٨، ٤ نيسان ٢٠٠٩.

٤٦.ڕۆژنامەی التآخي، ژماره ٤٤٨، بەغدا ٢٨ی ئاياری ١٩٧٠.

٤٧.ڕۆژنامەی الثورة، هەردوو ژمارەی ٤٥٧، بەغدا ڕێکەوتی ٢٢ی ئاداری ١٩٧٠، هەروەها ژماره ٤٨٧، بەغدا، ڕێکەوتی ٥ی ئاياری ١٩٧٠.

٤٨.صلاح الخرسان، التيارات السياسيه في كردستان العراق، قراءه في ملفات الحركات والأحزاب الكرديه في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، مؤسسه البلاغ، بيروت ٢٠٠١.

٤٩.شلومو نكديمون، الموساد في العراق و دول الجوار.

٥٠.دينيس كوماروڤ، البارزاني و نضال الأكراد الجنوبيين.

٥١.البارزاني و شهاده التأريخ، مجموعه أبحاث وانطباعات للمؤلفين الكرد و الروس، ترجمه: بافي نازي و عبدي حاجي، دار العربيه للموسوعات، بيروت ٢٠٠٦.

٥٢.صبحي نازم توفيق، العراق الحديث، الفصل الرابع.

٥٣.حامد محمود عيسى علي، القضية الكرديه في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الأمريكى، ١٩١٤-٢٠٠٤، مكتبه مدبولي، القاهره ٢٠٠٥.

٥٤.محمد حەسەنين هيكل، الحل والحرب، شركه مطبوعات، بيروت ١٩٨٨.

٥٥.علي سنجاري، القضية الكرديه و حزب البعث العربي الاشتراكي في العراق، مطبعة حاجي هاشم، أربيل ٢٠٠٦.

٥٦.محمد طلب هلال، دراسه عن محافظه الجزيره من النواحي القوميه، الإجتماعيه والسياسيه.

٥٧.خليل اسماعيل محمد، اقليم كردستان العراق، مطبعة اوفيست كريستال، أربيل ١٩٩٨.

٥٨.خليل اسماعيل محەمەد ، مؤشرات سياسه التعريب في اقليم كردستان العراق.

٥٩.نوري الطاليباني، منطقة كركوك و محاولات تغيير واقعها القومي، لندن ١٩٩٥.

٦٠.أبو رۆژ، نبذه تأريخيه حول قصبه عين سفني – الشيخان، مجله لالش، العدد ١٢ – كانون الثاني ٢٠٠٠.

٦١.وريا الجاف، كركوك دراسه سياسيه اجتماعيه، مطبعة وزاره الثقافه.

٦٢.مارك سايكس، آخر ميراث الخلفاء.

٦٣.طه باقر، مقدمه في تأريخ الحضارات القديمه، جزء الثاني.

## سەرچاوە پۆڵەندییەکان:

1. Pisowicz Andrzej, na końcu języka, wywiad prowadzili: Kornelia Mazurczyk i Zbigniew Rokita, wyd. Fundacja Sąsiedzi, Białystok 2015.
2. Jadwiga Łuczakowa, Adam Mickiewicz w listach Ludwika Zwierkowskiego (Lenoira) do Władysława Zamoyskiego. Pamiętnik Biblioteki Kórnickiej Z. 6, Kórnik 1958.
3. Herodot, Dzieje , wyd. Seweryn Hammer, Warszawa 2008.
4. Bogdan Składanek: Historia Persji. T 1, Od czasów najdawniejszych do najazdu Arabów. Warszawa: Wydawnictwo Akademickie Dialog, 2004.
5. Piotrowicz Ludwik, Upadek Asyrii w świetle nowo odkrytej kroniki babilońskiej, Kraków 1928.
6. Dariusz Kołodziejczyk, historia Turcji.
7. Francis Joannes: Historia Mezopotamii w I. tysiącleciu przed Chrystusem, Wydawnictwo Poznańskie, 2007.
8. Hasan Jamsheer, historia nowoczesnego Iraku, Dialog, Warszawa 2007.
9. Bielawski J., Historia literatury arabskiej. Zarys, Wrocław 1968.
10. Henryk Samsonowicz, początki narodu polskiego, wykład UW.
11. Księga Judyty, Izajasz, Jeremiasz.
12. Marek Okólski, Demografia, podstawowe pojęcia, procesy i teorie w encyklopedycznym zarysie, Scholar, Warszawa 2005.
13. Antoni Przemysław Kosowski, Witold Władysław Rajkowski, podróznik i orientalista, Kraków 2017.

14.Potocki Wojciech, Ropa naftowa a wzrost gospodarczy. Teoria i praktyka, wyd. Poltext, Warszawa 2014.

15.Zbigniew Dylewski, Turcy, czyli gbury u bram.

16.Jerzy Topolski, Metodologia historii, Warszawa: Państwowe Wydawnictwo Naukowe, 1968.

**سەرچاوەی فارسییەکان**

١. بابطاهر نامه، پرویز اژکایی: دیاکونوڤ، تاریخ ماد

٢. عبدالعظیم رضایی، تاریخ ده هزار ساله ایران، ، چاپ ١٦، جلد اول، تهران.

٣. دکتۆر ناصر انقطاع، توێژەری مێژووی فارس.

٤. مرتضی نصیری، اسناد و مکاتب تاریخ ایران دوره قاجار.

٥. سفرنامەی هینری بیندر، کوردستان بین النهرین و ایران، ترجمه کرامت الله افسر.

٦. هاکوپیان، حصارف، کردان گوران و مساله کرد در ترکیه، مترجم: سیروس ایزیدی.

٧. حەسەن ارفع، کردها و یک بررسی تاریخی و سیاسی.

٨. رحیم سیف قاضی، أسرار محاکمه قاضي محمد و یارانش، ترجمه محمد رضا سیف قاضي، چاپ أول، تهران.

٩. بهزاد خوشحالی، قاضی محەمەد و جمهوري در آینه اسناد، چاپ أول، تهران ١٣٨٠.

١٠.سید محمد صمدی، نگاهی به تأریخ مهاباد، چاپ أول، تبریز ١٣٧٣.

١١.کریم حسامی، قافله من شهداء کردستان إیران، ترجمه نزار محمود،١٩٧٣.

١٢.ڕۆژنامەی پارس، ژماره٣٣٨٤، شیراز ١٦ی مارس ١٩٧٠.

١٣.ڕۆژنامەی آیندگان، تاران ١٢ی مارس ١٩٧٠.

## سەرچاوە ئەڵمانی و فەڕەنسییەکان:

1. Henry Binder, Au Kurdistan: En Mesopotamie Et en Perse (1887), Kessinger Publishing, 2010.
2. Basile Nikitine, Les Kurdes: Etude sociologique et historique. Imprimerie Nationale Librairie C. Klincksieck, Paris 1956.
3. Rene Mauries, Le – Verdun Kurde, in "La Depeche", nr 6545. Paris, 21.Juni.1966.
4. Le Monde, Paris, 24 Marz 1966.
5. Le Monde, Paris, 22 Decembre 1966.
6. Fritz Hesse, Die Mossul-Frage, Berlin-Grunewald 1925.
7. Hamola, Pressedienst GMBH (Orient Press), nr 13, Hamburg, November 1969.

## سەرچاوەی تورکی

1. Ali Fuad Cebesoy, Misak-I Milli Istambul, 1982; Mustafa Kemal, Ataturken Soulev Ve Demecler: cilt. 5. (Ankara, Turk 10 Inklapi Tarihi Institusi, 1972.

## نوسەر لە چەند دێڕێکدا

دکتۆر ڕێباز جەلال ئەحمەد نانەکەلی لەدایکبووی شاری هەولێرە.

خوێندنـــی ســـەرەتایی و ناوەنـــدی و دواناوەنـــدی لـــە هەولێـــر تەواوکـــردووە، لەپـاڵ ئەوانە،هـەر لـە منداڵیـدا زانسـتەکانی قورئـان و فیقهـی ئیسـلامی لـە مزگـەوت خوێنـدووە.

لـە زانکـۆی سـەلاحەددین لـە بەشـی کیمیـا لـە کۆلیـژی زانسـت وەرگیـراوە، دوای سـاڵێك خوێنـدن لـەو بەشـە یەکـەم دەبێـت، بـەڵام خوێندنەکـە تـەواو نـاکات و بـۆ خوێنـدن ڕوو لـە وڵاتـی پۆڵەنـدا دەکات.

**لەوێ ئەم بڕوانامانە بەدەست دەهێنێت:**

- دیپلۆم لە زمانی پۆڵەندی
- بەکالۆریۆس لە زانستە ئابوورییەکان لە زانکۆی وارشۆ بۆ زانستەکانی ژیان
- ماستەر لە بواری زانستە ئابوورییەکان لە زانکۆی وارشۆ بۆ زانستەکانی ژیان
- ماستەر لە فەلسەفە لە زانکۆی وارشۆ
- بڕوانامـەی دکتـۆرا لـە زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان، پسـپۆڕی ئابـووری و دارایـی، لـە زانکـۆی "قوتابخانـەی بـاڵای ئابـووری لـە وارشـۆ".

لـە سـاڵانی ٢٠١٣ – ٢٠١٦ مامۆسـتا بـووە لـە زانکـۆی وارشـۆ بـۆ زانسـتەکانی ژیـان، لـە سـاڵانی ٢٠١٨-٢٠٢٠ کۆڕسـی زمانـی کوردیـی بـۆ قوتابیـان و مامۆسـتایانی پۆڵەنـدی کردووەتـەوە. لـە سـاڵی ٢٠٢٣ گەڕاوەتـەوە کوردسـتان و ماوەیـەك لـە زانکـۆی جیهـان مامۆسـتا بـووە، ئێسـتاش لـە زانکـۆی نۆلـج لـە هەولێـر مامۆسـتایە لـە بەشـی زانسـتەکانی دارایـی و کارگێـڕی.

**ئەمانەش بەشێکن لە بەرهەمەکانی نوسەر:**

- دانانـی یەکـەم فەرهەنگـی زمانەوانـی پۆڵەندی-کـوردی، سـاڵی ٢٠١٣ (چاپـی یەکـەم: وەزارەتـی ڕۆشـنبیری حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان).
- لەچاپدانـی فەرهەنگـی زمانەوانـی پۆڵەندی-کـوردی، سـاڵی ٢٠١٩ (چاپـی دووەم دوای دووبـارە چاککـردن و دەوڵەمەندکردنی: لە چاپخانەی ئەکادێمیی ئادام مارشـاڵ لە شـاری تـۆڕون لـە وڵاتـی پۆڵەندا).
- وەرگێڕانـی پەرتووکـی "مارکسـیزم لـە کـردار"ی نوسـەری ئینگلیـزی کریـس هارمـان لـە سـاڵی ٢٠١٦.
- وەرگێڕانـی "پوختـەی ڕەخنـەی ئابـووری سیاسـی" فەیلەسـوفی ئەڵمانـی فریدریـك ئێنگڵـس، ٢٠٢١.

دوا بەرهەمی کتێب: "ڕامان لە مێژووی سەت ساڵ ستەم لە گەلی کورد".

جگـە لەوانـە، نوسـەر خاوەنـی چەندیـن ووتـاری زانسـتییە کـە لـە گۆڤـارە زانسـتییە جیهانییـەکان بڵاوکراونەتـەوە.

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA